هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١١٤

ساڵی/ ٢٠٢٠ – بەرگی سەدو چواردە

---

چاپی یەکەم/ ساڵی ٢٠٢٢

له بڵاوكراوەكانی پەرلەمانی كوردستان - عێراق

ناوی كتێب: پرۆتۆكۆڵەكانی ساڵی(٢٠٢٠)ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق
بەرگی: ١١٤
چاپی یەكەم: ٢٠٢٢
تیراژ: ٢٥٠
پێداچوونەوەونەخشەسازی: سنوبر صابر حسن
ئینصات كردن: نەورۆز شێرزاد، دلێر اكرم، شوان محمد، كۆڤان خسرو، تارا رشاد، رێبین رشاد، ارام كمال، شیلان ملاعباس، رەنجدەر رقیب.
ژمارەی سپاردنی بە كتێبخانەی نیشتمانیی هەرێمی كوردستان:

پێڕیست


| | |
|---|---|
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠٢٠/٣/١ | ل٥ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٠/٣/٤ | ل٦٣ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٠/٥/٦ ` | ل٩٧ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٠/٥/٧ | ل ١٦٥ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٠/٦/٢٩ | ل ١٧٧ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٠/٧/٢٧ | ل ٢١٧ |
| پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٠/٧/٢٨ | ل ٤٢٩ |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێک
یەك شەممە رێکەوتی ١\٣\٢٠٢٠
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەسپێك
# یەك شەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی یەك شەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/٣/١ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. رێواز فائق حسین سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی دەسپێکی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی دەسپێکی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی یەك شەممە رێکەوتی (٢٠٢٠/٣/١) بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ رێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.

دووەم: کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان_عێراق، لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە پێی حوکمی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

سێیەم: گوتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان_عێراق.

چوارەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای بەرنگاربوونەوەی بەقاچاخ بردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان_عێراق، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان_عێراق.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (١)ی وەرزی بەهارە لە ساڵی دووەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەکەینەوە، سەرەتای دانیشتنەکەمان بە یەك دەقیقە بە بێ دەنگی وەستان بۆ رێزلێنان بۆ گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەل مارشی نەتەوەیی دەست پێدەکەین، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین کە بەرنامەی کاری ئەم دانیشتنەمان بۆ بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی یەکەم لە ماددەی حەوت، بڕگەی (١، ٢، ٣) لە ماددەی (١٦)، بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)، ماددەکانی (٤٧، ٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان_عێراق، دەستەی

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ، ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/١)، بەم شێوەیە بێت:
یەکەم: یەك دەقیقە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی شەهیدانی کوردستان و عێراق لەگەڵ مارشی نەتەوەیی.
دووەم: کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان _عێراق، لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە پێی حوکمی بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
سێیەم: گوتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەبۆنەی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان_عێراق.
چوارەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازی یاسای بەرنگاربوونەوەی بەقاچاخ بردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان_عێراق، بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان _عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەست بەجێبەجێکردنی بەرنامەی کار دەکەین، ئەمڕۆ دانیشتنی ژمارە (١)ی وەرزی بەهارە لە ساڵی دووەم دەکەینەوە، بە خوێندنەوەی گوتارێك دەست پێ دەکەین.
بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەمڕۆ (٢٠٢٠/٣/١) کردنەوەی وەرزی تەشریعی بەهارە لە ساڵی دووەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، لە کاتێکدا رادەگەیەنین کە هاووڵاتیانی قاوەرەی هەرێمی کوردستان لەبەردەم تەحدی و پێشگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنادایە کە بە شێوەیەی ڕێژەیی زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە و هاوکات لەبەردەم ئیستیحقاقێکی سیاسیشدایە کە پێکهێنانەوەی کابینەیەکی تری حکومەتی عێراقی ئیتیحادیە، سەبارەت بە تەحدی یەکەم ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان لە ڕوانگەی ئەرکی نوێنەرایەتیمان پشتگیری خۆمان بە هەر ڕێکار و ڕێوشوێنێکی زانستی و ئیداری و پێویست رادەگەیەنین کە دامەزراوەو دەزگاکانی هەرێم بڕیاری لەبارەوە دەدەن، هاوکات داوا لە هاووڵاتیان و تەواوی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکەین کە هاوکاری و دەستداری ڕاسپێردراوانی بە ئەرکی ڕێگرتن و پێشگری لە بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە بکەن و، لە ئێستاشەوە دەستی ماندووبوونی سەرچاوەی مرۆیی دامەزراوە تەندروستییەکان دەگوشین و سوپاسگوزاری هەموو ئەو کارمەندانەی کە ئەرکی تێپەڕاندنی دۆخەکەیان لە ئەستۆیە، هاوکات حکومەتی هەرێم رادەسپێرین بە چاودێری توندی دەروازە سنوورییەکان و فرۆکەخانەکان و بازاڕەکان، یەکەمیان: بۆ بەرێگرتنی لە گواستنەوەی نەخۆشیەکە، دووەمیان: بۆ ڕێگری لە ئیستیغلاکردنی ئەم هەلومەرجە و پێداویستی هاووڵاتیان لەلایەن بەشێك لە بازرگانانەوە، سەبارەت بە ئیستیحقاقی هەرێمی کوردستان لە کارنامەو پێکهاتەی کابینەی حکومەتی عێراقی ئیتیحادی پەرلەمانی کوردستان، سەرەڕای مکوڕبوون لەسەر پاراستنی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسیەوە هاوئاهەنگ لەگەڵ دامەزراوە دەستوورییەکانی تر،

جەخت لە تایبەتمەندی قەوارەی هەرێم و مافە دەستوورییەکانی لە چوارچێوەی عێراقدا دەکاتەوە و پێداگیری دەکەین لەسەر دۆسیە هەڵپسێردراوەکانمان لەگەڵ بەغدا، بەجۆرێك کە روون و ئاشکرا و لە نێو کارنامەی کابینەدا جێگەی بکرێتەوە، بۆ ئەمەش دەبێت پشکی لە پێکهاتەی وزاری حکومەتەکە لەلایەن هەرێمی کوردستان و دامەزراوە دەستوورییەکانەوە دیاری بکرێت، هاوکات دەبێ شاندی دانووستکاری هەرێم ئەو کاتە خۆی بە سەرکەوتوو بزانێت کە کوتلە پەرلەمانییەکانی پشتیوانی لە سەرۆك وەزیرانی راسپێردراو ئامادەبن، خاوەنداری لەو بەڵێنانە بکەن کە (محمد توفیق عەلاوی) بە هەرێمی کوردستانی دەدات، چونکە زۆرینەی ماف و شایستەییەکانی هەرێم لە بواری بوودجە و شایستەیی دارایی جوتیاران و پێشمەرگە و ژێرخانی ئابووری و ئاساییکردنەوەی دۆخی ئەمنی ناوچە کێشە لەسەرەکان بەبێ رازامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران ئاسان نییە، بگرە لایەنی کەمیشی نایتە دی، سەرۆك وەزیران خودی خۆی ناتوانێ بەڵێنەکانی جێ بەجێ بکات، بەڵکو دەبێ ئەو بەڵێن و رێکەوتنانە لەلایەن کوتلە پەرلەمانییەکانی تر خاوەنداری و تەبەنی بکرێت، ئەندامانی بەرێزی پەرلەمان، سەبارەت بە وەرزی تەشریعی بەهارە هاوکات لەگەڵ جەخت کردنەوەمان لە میکانیزمی کاری پێکەویی و دەستە جەمعی دەمانەوێت بەڕێزتان بەرچاو روون بن سەبارەت بەو پێشنازە یاسا و بڕیارانەی کە ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستانتان کردبوو، بۆ ئەو مەبەستە چەند خشتەیەکمان بۆ زانیاری و ژمارە و هەنگاو و ئاستی کارکردن لەسەر هەر پێشنیازێك ئامادەکردووە و لە چەند رۆژی ئایندەدا ئاڕاستەی سەرجەم فراکسیۆنەکانی دەکەین، لەو روانگەیەی هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کە واژوویان لەسەر پێشنیازی یاسا و بڕیارێك کردووە مافی خۆیانە لە چارەنووسی پێشنیازەکە بپرسنەوە، بەڕێزان، وەك هەموو لایەکیش ئاگادارن لە کۆی ئەو بابەتانەی وەرزی پێشوو لە کارنامەمان بوو، بۆ ئەوەی بیانکەین بە یاسا یان بڕیار سەرەڕای ئەوەی رەنگە لە ئاست و خواستیان نەبووبێ، بەڵام توانیمان یاسای چاکسازی، یاسای بەرنگاربوونەوەی ماددەی هۆشبەر، یاسای بە خاوەنکردنی زەوییە زێدەڕۆکان، چەند یاسا و بڕیارێکی تری گرنگ پەسەند بکەین، بۆ ئەم وەرزەش بە هاماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بابەتەکانی وەبەرهێنان، پاراستنی مافی نەخۆش، پاراستنی سامانی ئاو، پاراستنی شوێنەوار، دەروازە سنوورییەکان، پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، ئەنجومەنی دەرمان و خۆراك، قەدەغەکردنی بە قاچاخ بردنی نەوت، رێکخستنی فرۆشتنی هەناردە کردنی دەرهێندراوەکانی نەوت، ئەولەوییەتی کاری تەشریعی پەرلەمان دەبن، بەو هیوایەی بە هاوئاهەنگی نێوان سەرۆکایەتی و فراکسیۆن و لیژنەکانی پەرلەمان کوردستان و بە هاوکاری راوێژکاران بتوانین زۆربەی ئەو بابەتە گرنگانە بە یاسا و بڕیار رێك بخەین، هەورەها داواکارین حکومەتی هەرێمیش هەرچی زووە ئامادەکارییەکانی بۆ پڕۆژە یاسای خانەنیشینی یەکگرتووی هەرێم و پڕۆژە یاساکانی تەواوکاری لە بواری چاکسازی تەواو بکات، بۆ ئەوەی دادپەروەری بۆ خانەنیشینان بگەڕێتەوە، هەمووان بە هەمان پێوەر و بە پێی ئیستیحقاق مافی خۆیان وەربگرن، وەك چۆن پێویستە پەرلەمان لە بواری چاودێری کاراتر ئەرکی خۆی جێ بەجێ بکات، دەبێت ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکانیش لە وەڵامدانەوەی پرسیار و بەدواداچوونەکانی پەرلەمانتاران و لیژنەکانی پەرلەمان بە تەواوی پابەندی ئەو ماوە زەمەنییە رێکخراوانە بن کە لە یاسا بەرکارەکانی

پەیـڕەوی نـاوخۆدا هـاتووە، بـۆ ئەوەی هەردوو دامەزراوە دەسـتوورییەکە تەواوکـاری کـار و بەرپرسیاریەتی یەکتربن و نـاڕوونی و گومـان لەسـەر دۆسیەکانی نەوت و داهات و خەرجـی و وەبەرهێنان و ئیدار و سێکتەرەکانی کەرتی گشتی نەمێنێت، لە کۆتاییـدا هیـوادارم کە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دانیشتوانەکەی پارێزراوبن لە قەیران و دەرد و بەڵا، زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، دەسـت بە جێبەجێکردنـی بـڕگەی چـوارەمی بەرنـامەی کـار دەکەیـن کە خوێنــدنەوەی دووەمــی پێشــنیازە یاســای بەرنگــاربوونەوەی بە قاچــاخ بردنــی نەوت و لە دەرهێندراوەکانییەتی لە هەرێمی کوردستان_عێراق، بە پێی حوکمی ماددەکـانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە هەردوو لیژنەی پیشەسـازی و وزە و سەرچاوە سرووشتییەکان لەگەڵ کاروبـاری یاسـایی دەکەیـن کە بفەرمـوون بـۆ شـوێنی خۆیان، کاك د. ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزتان دەزانن بۆ ماددەی (٦٠) بڕگەی (١، ٢، ٣) هەرچی نووسراوێك یان پرسـاندنێك ئاڕاسـتەی وەزیرێکی بەڕێـز دەکرێـت، پێویسـتە لە مـاوەی حەفـتەیەك یـان لە زۆرتـرین حاڵەتـدا (٢١) ڕۆژە، مانگی (١٢/ ٢٠١٩) چەنـد پرسـیارێکم ئاڕاسـتەی بەڕێـز وەزیـری گواسـتنەوە و گەیانـدن کـردووە، بەداواداچــوون بــۆ بــوونی و نەبــوونی خزمەتگــوزاری ئینتەرنێتــی هەنــدێك دەڤەری ســەر بە مێرگەسۆر و بارزان، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا وەڵامەکانم بەدەست نەگەیشتووە، تکـادەکەم بەدواداچوونێك بۆ ئەم بابەتە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، مـن دڵنیـام بەشـێکی زۆر لە خـاڵە پەیڕەوییەکـانی بەڕێزتـان کە ئاڕاستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەن، پەیوەندی بە بابەتی وەڵام نەدانەوەی پرسیارەکانتان هەیە لەلایەن ئەنجـوومەنی وەزیـران و وەزیـرە بەڕێزەکـان، ئـێمە ئەرکـی خۆمـان لە دەسـتەی سەرۆکایەتی ڕاپەڕاندووە بەوەی کە پرسیارەکانتان لە وەختـی خۆیـدا ئاڕاسـتە دەکەیـن، ئەگەر وەڵامـی نەداتەوە جەخـت کـردنەوە دەکەیـن، ئـێمە لە ئێسـتادا زیـاتر لە (١١٥) پرسـیاری وەڵام نەدراوەمـان هەیە، بە گـوێرەی ئەو پەیــڕەوەی لەبەر دەسـتی بەڕێزتانـدایە و بە گـوێرەی یاسـا بەرکارەکانیش نکۆڵی حکومەت و ئینکاری حکومەت، وەزیرێك، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، جێگـری سـەرۆکی ئەنجـوومەنی وەزیـران لە جـێ بەجێکردنـی ئەو یاسـایانەی لەبەر دەسـتی بەڕێزتانە خۆی هەنگاوی تری هەیە، لەبەر ئەوە چیتر لە ناو هۆڵی پەرلەمان بە داوای لێبـوردنەوە وا دەڵێـین دەرفەتـی ئەوە نـادەین ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان بـاس لەوە بکـات کە وەڵامـی پرسیارەکەی نەدراوەتەوە، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی ئەوەی لە ئەستۆمانە کردوومانە، ئێستا ئێوە بۆخۆتان هەنگاوەکانی تر دەست پێ بکەن، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە گوێرەی ماددەی (٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەسـەر دوو خـاڵ قسـە دەکەم، یەکەمیان: لە (٢٠١٩/١١/١١) واتە سێ مانگ و بیست ڕۆژ دروست پێش ئێسـتا، بەڕێـز بەڕێـوەبەری

گشتی گومرگەکانی هەرێمی کوردستان، لەبەردەم لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان دانی بەوەدا نا کە بەڵێ لە گومرگەکانی باشماخ و پەرویزخان باری قاچاخ داخیل دەبێت، پێش ئەوەی کۆبوونەوە لەگەڵ بەڕێزیان ئەنجام بدەین و دوای ئەوە خۆی کە گوتی کە هێلکە و گەڵێك بابەتی تر لە نێو گومرگەکان بە قاچاخ داخیل دەبن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێستاشی لەگەڵ بێت هێلکە بە قاچاخ بە بەردەوامی داخیلی هەرێمی کوردستان دەبێت، فەرموون ئەوە وێنەکانی دوێنێ، نوقتە نیزامییەکە ئێستا دێمە سەری، ئەوە وێنەکانی دوێنێن، نوقتە نیزامیەکە ئەوەیە یەعنی ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان نەتوانین بانگی وەزیرێك بکەین کە چۆن دەتوانێت لەم وەڵاتە شتی قاچاخ داخیل دەبێت، لە هەمووی مەترسیدارتر هێلکە ئێستا بە بەڵگە لە ناو موبایلم هەیە بە بێ تاریخ داخیل بووە، لێرە مۆری لێ دەدرێن و هەم بۆ بازاڕەکانی عێراق دەنێرن، هەم بۆ بازاڕەکانی هەرێمی کوردستان سومعەی بەرهەمی خۆماڵیش دەشکێنن، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، بابەتی دووەم: لەو مانگەی کە پشووی پەرلەمان بوو من بەدواداچوونی زۆرم کردووە بۆ گەلێك بابەت کە هەندێکیان زۆر مەترسیدارن لەسەر هەرێمی کوردستان بە تایبەت لە رووی کشتوکاڵی و بابەتی ئابوورییەوە.....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزت دەتوانی بە یاداشت ئاڕاستەی سەرۆکایەتی بکەی، دەرفەتی خۆتت وەرگرت، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی هەموومان بزانین دنیا بە گشتی لە قەیرانی تەندروستیدایە بە هۆی ئەم نەخۆشیە، خوای گەورە هەموومان دوور بکات لە بەڵا، بەڵام ئێمە قەیرانێکی گەورەترمان هەیە دڵنیام هەمووومان هەستی پێ دەکەین، بێ مووچە بێ پارەیی ئەم میللەتە، تکام وایە ئیشێکی گەورەی لەسەر بکرێت، لەبەر ئەوەی کە ئەگەر لە کاتێکدا ئێستا لەگەڵ وا بەستەی ئەوەین حکومەتی بەغدا، وەزیرە بەڕێزەکان و ئەندامانی دانووستانکاری بەغدا و کوردستان هاتن لێرە بۆیان باسکردین، تاوەکو ئێستا پلانی (ب) یەعنی ئەلتەرناتیفی پلانی (ب) ئەگەر هاتوو بەغدا سەرکێشی کرد یان نەیان نارد، وەك هەمووومان دەزانین کە دەڵێین کە بەڕێوەبەرێکی گشتی ئەم پارەی ناردووە، ئەلتەرناتیف چیە ئەگەر وا هاتوو نەی نارد، حکومەتی هەرێم بەڵێنی دا کە هەموو (٣٠) رۆژ جارێك مووچەی خەلك بدات، یەعنی من پێموایە ئەوە لە هەموو شتێك گرنگترە دوای ئەوەی کە خوای گەورە ئەو بەڵا و موسیبەتەی لەسەر هەموو لایەك لا بدات، تکام وایە کارێکی جدی لەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان و دڵنیام ئەوە رەئی هەموو ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستانە، هەمووومان خواستمان ئەوەیە مووچە لە کاتی خۆیدا بدرێت، هەمووومان خواستمان ئەوەیە کە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە دەست بێ مووچەییەوە نەناڵێنن، بەڵام ئەمە دۆسیەکە کە راستەوخۆ پەیوەندی بە حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەر قسەیەکیان لەو بارەیەوە هەیە دەتوانن لە شێوەی یاداشت ئاڕاستەی دەستەی

سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکەن، ئێمە لەو بارەیەوە قسەی خۆمانمان دەبێت دەست بە جێ بەجێکردنی بەرنامەی کار دەکەین، پێش ئەوە بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، فەرموون.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای بەرنگاربوونەوەی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی لە هەرێمی کوردستان_عێراق.

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە.

یەکەم: وەزارەت/ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان.

دووەم: هۆکارەکانی گواستنەوە/ ئەو بارهەڵگر و بەلەم و ئامرازە ووشکانی و ئاوییانە دەگرێتەوە کە بۆ گواستنەوەی مرۆڤ یان کەلوپەل بەکار دێت.

سێیەم: دادگا/ دادگای گومرگی لە هەرێمی کوردستان.

چوارەم: نەوت/ هەر هایدرۆکاربۆناتێکی سرووشتی یان هەر هایدروکارۆناتێکی تێکەڵکراوی سرووشتیە لە دۆخی گازی یان شلی دەبێت.

پێنجەم: لێدەرهێندراوەکانی نەوت/ (بەنزینی ئۆتۆمبێڵ، گازوایل، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر و گریس بە هەموو جۆرەکانییەوە، گازی شل، غازی چێشت لێنان، نەوتی سپی (کیرۆسین)، قیر، نەوتی رەش، نەفتە) دەگرێتەوە.

شەشەم: بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی/ بەکارهێنانی هەر رێ و شوێنیکی نا رەوا بەدەر لە یاسایە بۆ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکان یان رێژەیەك لە بەرهەمە نەوتییە تەرخانکراوەکان بۆ فەرمانگەی حکومی و نا حکومییەکان، فرۆشتنیان بە تۆڕەکانی قاچاخ بردن بە مەبەستی هەناردەکردنیان بۆ دەرەوەی هەرێم یان خستنە بازاڕی رەشەوە، یان زیادکردن و کەم کردنی ئەو بڕانەی هاوردەیان هەناردەکراوە بە شێوەیەکی کردارەکی یان تەنها لەسەر پسوولەکان نووسراوە.

ماددەی دووەم:

یەکەم: گوڕانکاری کردن لە تانکەری سووتەمەنی، هۆکارەکانی گواستنەوە بە مەبەستی بە قاچاخ بردنی قەدەغەیە، ئەگەر گۆڕانکارییەکە ببێتە هۆی زیادکردنی توانای لە خۆگرتنی سووتەمەنی زیاتر لەو رێژەیەی کە بنەڕەتدا بۆی دیزاین کراوە.

دووەم: رێگا بە هاتنە ژوورەوەی هۆکارەکانی گواستنەوەی بیانی یان هاوردەکراو کە حوکمی بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە لەسەر جێ بەجێ دەکرێت نادرێت.

سێیەم: رێگا بە هیچ جۆرە هۆکارێکی گواستنەوە نادرێت نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بار بکات، تەنها بە رێ پێدانی فەرمی وەزارەت و بە پێی ئەو نموونانە نەبێت کە وەزارەت ئامادەیان دەکات.

ماددەی سێیەم:

١- کەسی تۆمەتبار بە ئەنجامدانی تاوانی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی جا چ شۆفێری هۆکارەکانی گواستنەوە بێت یان ئەوانەی کە لە تاوانەکەدا لەگەڵیدا بەشداربوون دەدرێتە بەردەم دادگا بۆ گرتنەبەری رێ و شوێنی دادبینی کردن.
٢- تۆمەتباری دەستگیرکراو بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە قۆناغەکانی لیکۆڵینەوە و دادگایی کردندا ئازاد ناکرێت تا حوکمی کۆتایی بنبڕ لەلایەن دادگاوە.
٣- دادگا بە شێوەی بە پەلە لەو داوایانە دەڕوانێت کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئاڕاستە دەکرێت.

ماددەی چوارەم:

١- هەر کەسێك سەرپێچی حوکمەکانی ماددەی (١، ٢)ی ئەم یاسایە بکات بە بەندکردن لە ساڵێك کەمتر نەبێت یان زیندانی کردنی پێ بژاردنی چوار هیندەی بەهای کەرستە بە قاچاخ براوەکە سزا دەدرێت، جا چ بکەری سەرەکی یان هاوبەش بێت لە ئەنجامدانی تاوانەکە.
٢- لە بارودۆخی جەنگ و باری تەنگە تاوی و روودانی قەیرانی سووتەمەنیدا ئەنجامدانی ئەم تاوانەیە بە باری توندکراو هەژمار دەکرێت.

ماددەی پێنجەم:

١- هۆکاری گواستنەوە و کەرەستە بارکراوەکەی کە لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە ئاماژەی پێدراوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت ئەگەر لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا بگیرێت.
٢- حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر هۆکارێکی گواستنەوە کە تاوانی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی پێ ئەنجام بدرێت جێ بەجێ دەکرێت جا چ تۆمەتبار خاوەنی بێت یان بە کرێ گرتبێت.

ماددەی شەشەم:

یەکەم: وەزارەتی دارایی ئەو هۆکاری گواستنەوەی کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستی بەسەردا دەگیرێت لە زیادکردنێکی ئاشکرادا بە پێی حوکمەکانی یاسای فرۆشتنی بەکرێدانێکی دەوڵەت ژمارە (٣٢)ی ساڵی (١٩٨٦)ی هەموارکراو دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕ لەلایەن دادگاوە دەفرۆشێت.

دووەم: هەواڵدەر: ئەو کەس و لایەنانەی هاوکاربوون لە ئاشکراکردن و دەستگیرکردنی هۆکاری گواستنەوەی بەکارهێنراو لە تاوانی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی لە دوای فرۆشتنی هۆکاری گواستنەوە بە بڕی لە (٢٥%)ی نرخی فرۆشراوکەیە پاداشت دەکرێن بە مەرجێك لە هیچ حاڵەتێکدا (١٥٠٠٠٠٠)ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت و ئەوەشی دەمێنێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی هەرێم دەگەڕێتەوە.

سێیەم:

١- دوای دەرچوونی حوکمی بێ تاوانی تۆمەتبار ئەوە هۆکاری گواستنەوەی دەست بەسەر داگیراوەکە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێندرێتەوە، بەهای کەرستە بارکراوەکە بە هەمان نرخی فرۆشراو لە رێکەوتی دەست بەسەرداگرتنی دەدرێتەوە خاوەنەکەی.
٢- وەزارەتی دارایی مافی رەفتارکردنی یاسایی بۆ بارکراو و دەست بەسەرداگیراوانەدا هەیە کە مواسەفاتی هونەری وەزارەتی تێدانییە و خاوەنەکەشی قەرەبوو ناکرێتەوە.

چوارەم: دەزگای ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و دەستەی گشتی گومرگ ئەرکی دەست بەسەر داگرتنی ئەو نەوت و لێدەرهێندراوانەی کە ئامادەکراوە و بۆ بە قاچاخ بردنی لەلایەن تۆمەتبارانەوە، راگیرکردنی هۆکاری گواستنەوەی بەکارهاتوو و روانەکردنی دۆسیەی تۆمەتبار بۆ دادگا دەگرنە ئەستۆ.

ماددەی حەوتەم:

یەکەم: هەر کەسێك دامەزراوە نەوتیەکان کە بینا، باڵخانە، چاڵە نەوت، بۆری گواستنەوە، کۆگای ئەمبارکردن لە خۆ دەگرن، لە رێگەی تەقاندنەوە، کونکردن یان هەر کارێکی دیکە کە مەبەست لێی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بێت تێك بدات بە پێی حوکمەکانی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) سزا دەدرێت.

دووەم: هەر کەسێك بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی لە رێگەی هۆکارە سەرەتاییەکانی گواستنەوە ئەنجام بدات حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیگرێتەوە، حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسە سرووشتیە مەعنەویانەش دەگرێتەوە کە بە کردارەکانی هەناردەکردن و هاوردەکردنی نا دروست هەڵدەستن، ئەوانەشی کە دەستکاری بڕیارەکانی هاوردەکردن و هەناردەکرنی دەکەن بە زیاد و کەم کردن ئەوانەشی ئاسانکارییان بۆ دەکەن یان هاوبەشیانن.

ماددەی هەشتەم:

وەزیری دارایی بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری سامانە سرووشتییەکان رێنمایی پێویست بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە دەردەکات.

ماددەی نۆیەم.

کار بە هێچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

ماددەی دەیەم:

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچوواندنییەوە جێ بەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بەڵاو دەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لەبەر ئەوەی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی لەو تاوانانەیە کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ئابووری کوردستان_عێراق، لە پێناو رێگریکرن لە کار و کردەوەی قاچاخی بە تاڵان بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی و بەرنگاربوونەوەی ئەو تاوانە و پاراستنی سامانی نەوت و سەپاندنی سزایەك کە گونجاوبێت لەگەڵ مەترسیداری ئەو تاوانە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەوەی گوێتان لێبوو بەڕێزان ئەوە ئەسڵی پێشنیازە یاساکەیە، ئێستا دەرفەت دەدەین بە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی کاروباری یاسایی بۆ ئەوەی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند راستێنراو لەلایەن لیژنەی یاساییمان بۆ بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەڕێز/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی سێشەمە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٢/٢٥)، کاتژمێر (١٢) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە دژ نەوبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٨٥) بڕگەکانی (١، ٢، ٣)یەم، سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی ووزە و سامانە سرووشتییەکان و پیشەسازی و بازگانی تایبەت بە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای بەرنگاربوونەوەی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە.

پێشنیازی یاسای بەرنگابوونەوەی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی لە هەرێمی کوردستان_عێراق:

ماددەی (١):

مەبەست لەم زاراوەنەوەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریانە:

یەکەم: هەرێم/ هەرێمی کوردستان_عێراق.

دووەم: وەزارەت/ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێم.

سێیەم: وەزارەتی دارایی/وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم.

چوارەم: هۆیەکانی گواستنەوە/ هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی ووشکانی و ئاوی و ئاسمانی دەگرێتەوە کە بۆ گواستنەوەی نەوت و لێدەرهێندراوەکان یان مرۆڤ کەلوپەلەکانیان بۆ هەردووکیان بە کار دەهێندرێن.

پێنجەم: دادگا/ دادگاکانی گومرگ لە هەرێمی کوردستان.

شەشەم: نەوت/ هەر هایدرۆکاربۆناتێکی سرووشتی یان هەر هایدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵە و سرووشتی چ لە دۆخی گازی یان شڵی بێت، وە ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ حەشارگەکان.

حەوتەم: لێدەرهێندراوەکانی نەوت/ هەموو لێدەرهێندراوێك وەك بەنزینی ئۆتۆمبێڵ، گازۆلین، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر، گریس بە هەموو جۆرەکانیەوە، گازی شڵ، نەوتی سپی، کیرۆسین، قیڕ، نەوتی ڕەش، نەفتە، هەر بەرهەمێکی پترۆکیمیاوی کە لە نەوت یان لە گاز دروست بێت دەگرێتەوە.

هەشتەم: مۆڵەت/ ئەو ڕێگە پێدانە فەرمیەیە کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەدرێت بە کەسێك کە بازرگانی نەوت یان هاوردە و هەناردەی لێدەرهێندراوە نەوتییەکان دەکات.

ماددەی (٢)

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوان ئەژمار دەکرێن:

یەکەم: بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی:-

١- فرۆشتن و گواستنەوەی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بە ڕێگای نا یاسایی بەدەر لەو ڕێژە دیارکراوانەی کە ڕێگە پێدراوە بە پێی یاسا و ڕێنمایە کارپێکراوەکان بە مەبەستی هاوردەکردن بێت یان هەناردەکردن بێت بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

٢- بردنـی فرۆشـتنی هەر ڕێـژەیەك لە نەوت و لێدەرهێنـدراوەكان كە تەرخـان كـراون بـۆ پێداویستی فەرمانگەی حكومی و نا حكومییەكان جا لە بازارەكانی ناوخۆ دابێت یان هەنـاردەی دەرەوە بكرێت.

دووەم: ساختەكردنی دەستكاریكردنی مۆڵەت یان بەڵگەنامەی فەرمی بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم تاوانانەی لە بڕگەی یەكەم خاڵی یەك و دووی ئەم ماددەیە دەق نووسكراون.

سێیەم: هەرجۆرە ئاسانكاریەك لە بەكرێـدانی عەمبـار و كەرەسـتە و شـوێن، دابینكردنـی پـارە بە مەبەسـتی ئەنجامـدانی ئەو تاوانـانەی لە بڕگەكـانی یەكەم و دووەمـی ئەم مـاددەیە دەق نووسكراون.

ماددەی (٣):

یەكەم: دەزگاكـانی ئاسـایش و هێزەكـانی نـاوخۆ و بەڕێـوەبەرایەتی گشـتی گـومرگ بـۆ جـێ بەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە ئەم ئەركانەی دەكەوێتە ئەستۆ.

١- داگیركردنی هۆیەكانی گواستنەوە و دەست بەسەرداگرتنی ئەو نەوت و لێدەرهێنـدراوانەی كە ئامادەكراون بۆ بە قاچاخ بردنی لەلایەن تۆمەتبارانەوە.

٢- دەسـت بەسـەرداگرتنی هۆیەكـانی گواسـتنەوەی بیـانی یـان هـاوردەكراو كە گۆڕانكـاری لە قەبارەی دیزانیكراوی تەنكی هەڵگرتنی سووتەمەنییەكانیاندا كراوە بە مەبەستی بە قاچـاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەكانی بەكار دەهێندرێت.

٣- ئامادەكردن و ڕەوانەكردنی دۆسیەی تۆمەتباران بۆ دادگاكان.

٤- پێشكنین و بەسەرداداني هەر هۆیەكی گواستنەوە عەمبار نووسـینگەكانیان هەر شـوێنێكی دیـكە لە كـاتی بـوونی گوومـانی ئەنجامـدانی یەكێـك لەو تاوانـانەی كە لەم یاسـایەدا دەق نووسكراون.

دووەم: بــۆ ڕێگریكــردن لە ئەنجامــدانی ئەو تاوانــانەی لە مــاددەی دووی ئەم یاســایە دەق نووسكراون كارمەنـدی ڕێگەپێـدراو مـافی بە كارهێنـانی هێـز و ڕووبەڕووبوونەوەیـان هەیە بـۆ مەبەسـتی ڕاوەسـتاندنی هەر هـۆیەكی گواسـتنەوە یـان كەسـێك لە كـاتی سـەرپێچی كـردن لە فەرمان.

ماددەی (٤):

یەكەم: كەسـی تۆمەتبـار چ ئەنجامـدانی سـەرەكی تـاوانەكە بێـت یـان شـوفێری هۆكارەكـانی گواستنەوە یان ئەوانەی لە تاوانەكە بەشدارن بە مەبەستی لێكۆڵینەوە و دادگاییكردن حەواڵەی دادگای ئەو سنوورە دەكرێت كە نەوت و لێدەرهێندراوەكانی بە قاچاخ بردراوە.

دووەم: تۆمەتباری دەستگیركراو بەپێـی حوكمەكـانی ئەم یاسـایە لە قۆناغەكـانی لێكـۆڵینەوە بە دەستەبەری ئازاد ناكرێت تا دەرچوونی حوكمی كۆتایی بنبڕ لەلایەن دادگاوە.

سـێیەم: دادگـا خەسـڵەتی بە پەلە دەدات لەو داوایـانەی كە بەپێـی حوكمەكـانی ئەم یاسـایە ئاڕاستەی دەكرێن.

ماددەی (٥):

یەكەم: هەر كەسـێك یەكێـك لەم كـردەوانە ئەنجـام بـدات كە لە مـاددەی دووی ئەم یاسایە دەق نووسـكراون بە بەنـدكردن كە لە سـێ سـاڵ كەمتـر نەبێـت و لە حەوت سـاڵ زینـدانیكردن زیـاتر

نەبێت، بە پـێ بژارکردنێـك کە چـوار هەنـدەی بەهـای کەرەسـتەی بە قاچـاخ بـراوەکە بێـت سـزا دەدرێت.
دووەم: لە بارودۆخی جەنگ و تەنگەتاوی رووداني قەیراني سووتەمەنیدا ئەنجامـداني هەر یەك لەو تاوانانەی لە ماددەی دووی ئەم یاسایە دەق نووسکراوە بە باری توندکراو ئەژمار دەکرێت.
سێیەم: حوکمەکاني ئەم یاسایە لەسەر هەر هۆکـارێکی گواسـتنەوە کە تـاواني بە قاچـاخ بردنـی نەوت و لێدەرهێنـدراوەکاني پـێ ئەنجـام دەدرێـت جـێ بەجـێ دەکرێـت جـا چ تۆمەتبـار خـۆی خاوەنی بێت یان بە بکرێی گرتبێت.
ماددەی (٦):
یەکەم: هۆکاری گواستنەوە و کەرەستە بەرکراوەکان ئەگەر ئەو کردەوانەی پـێ ئەنجـام درابێـت کە لە مـاددەی دووی ئەم یاسـایە دەق نووسـکراون هەر کاتێـك کە لە نـاو خـاکی هەرێـم بگیـرێن دەستیان بەسەردا دەگیرێت.
دووەم: هەر هۆکارێکی گواستنەوە کە بەپێی حوکمەکاني ئەم یاسایە دەستی بەسەردا دەگیرێت دوای دەرچووني حوکمی بنبڕی دادگا لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بە زیادکردني ئاشـکرا بەپێـی حوکمەکـاني یاسـای فرۆشـتن و بەکرێـداني موڵکەکـاني دەوڵەتـی بەرکـار لە هەرێـم بە بارەکەوە دەفرۆشرێت.
سێیەم: هەواڵبەر بۆ کەس و لایەنـانەی هاوکـاربوون لە ئاشـکراکردن و دەسـتگیرکردني هۆکـاری گواسـتنەوەی بەکـارهێنراو لە تـاواني بە قاچـاخ بردنـی نەوت و لێدەرهێنـدراوەکاني لە دوای فرۆشتني هۆکاری گواستنەوەکە بە رێژەی (٢٥%) کۆی بڕی نەوتی فرۆشراوەکە دەبەش دەکرێن بە مەرجێك لە هیچ حاڵەتێکدا لە (١٥٠٠٠٠٠)ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت.
چـوارەم: ئەو بـڕە پـارەیەی دوای جـێ بەجێکردنـی بڕگەکـاني دووەم و سـێیەمی ئەم مـاددەیە دەمێنێتەوە دەکرێتە داهات بۆ گەنجینەی گشتی هەرێم و دەبێتە داهاتی کۆتایی.
ماددەی (٧):
دوای دەرچووني حوکمی کۆتایی بنبڕ بەبێ تاواني تۆمەتبار ئەوە:
یەکەم: هەر هۆکارێکی گواستنەوە کە دەستی بەسەرداگیراوە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێندرێتەوە.
دووەم: کەرسـتە بـارکراوەکە یـان بەهـاکەی بە هەمـان نرخـی فرۆشـراو لە رێکەوتـی دەسـت بەسەرداگرتني دەدرێتەوە خاوەنەکەی.
سێیەم: مافی قەرەبووکردنەوەی پارێزراو بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.
ماددەی (٨):
هەر کەسێك دەمەزراوە نەوتییەکان، باڵاخانەکان، چاڵە نەوتییەکان، بـۆڕی گواسـتنەوە، کۆگـاو و ویسـتگەکاني عەمبـارکردن لە رێـگەی تەقانـدنەوە و کـوونکردن، یـان هەر کـارێکی دیـکە کە مەبەسـتی بە قاچـاخ بردنـی نەوت و لێدەرهێنـدراوەکاني بێـت تێـك بـدات بەپێـی حوکمەکـاني یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە سێی ساڵی (٢٠٠٦) سزا دەدرێت.
ماددەی (٩):
حوکمەکـاني ئەم یاسـایە ئەو کەسـە و سرووشـتی و مەعناوییـانە دەگـرێتەوە کە کردارەکـاني هەنـاردەکردن و هـاوردەکردني نـا دروسـت ئەنجـام دەدەن، وە ئەوانەشـی دەسـتکاری بڕیـار و

بەڵگەنامەکــانی هــاوردەکردن و هەنــاردەکردن دەکەن بە زیــاد و کەم کــردن، وە ئەوانەشــی ئاسانکاریان بۆ دەکەن یان بەشدارن.

ماددەی (١٠):

ڕێگە بە هیچ هۆکارێکی گواستنەوە نادرێـت کە نەوت و لێدەرهێنـدراوەکانی بـار بکـات تەنهـا بە ڕێگە پێدانی فەرمی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و بەپێی ئەو بڕ و نموونە و پێوەرانە بێت کە وەزارەت ئامادەیان دەکات.

ماددەی (١١):

وەزیـری سـامانە سرووشـتییەکان بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزیـری دارایـی و ئـابووری ڕێنمـایی پێویست بۆ جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

ماددەی (١٢):

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.

ماددەی (١٣):

ئەم یاسـایە لە ڕۆژی بەڵاوکـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی کوردسـتان جـێ بەجـێ دەکرێت.

هۆیەکانی دەرچوواندن

لەبەر ئەوەی بە قاچــاخ بردنــی نەوت و لێدەرهێنــدراوەکانی لەو تاوانــانەیە کە دەبێــتە هــۆی تێکدانی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان_عێراق، لە پێناو ڕێگەگرتن لە کاروکردەوەکانی بە قاچــاخ بــردن و بە تــاڵانبردنی نەوت و لێدەرهێنــدراوەکانی، بەرنگــاربوونەوەی ئەم تــاوانە و پاراستنی سامانی نەوت و سەپاندنی سزایەك کە گونجاوبێت لەگەڵ مەترسیداری ئەو تاوانە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان، بەر مەبنــای مــاددەی (٨٧) لە پەیــڕەوی نــاوخۆی پەرلەمــانی کوردستان ئێستا ئێمە پێشنیازە یاساکەمان وەکو خۆی لەبەر دەستدایە لەگەڵ ڕاپۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد ڕاسـتێندراوە لەلایەن لیـژنەی یاسـایی، یەك بە یەك دەیـانخەینە دەنگـدان بـۆ ئەوەی بڕیار بدەین کامیـان دەکەیـنە بنەمـای گفتوگـۆکردن، سـەرەتا ئەوەی کە بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی ووزە خوێندیەوە، پێشنیازە یاساکە وەکو خۆی چەند ئەندامی بەڕێزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوە کە ئەو پێشنیازە یاسایە وەکو خۆی بکرێتە بنەمای گفتوگۆکردن؟ تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەسـی لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، دووەم: کێ لەگەڵ ئەوەدایە کە ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند ڕاستێنراو لەلایەن لیژنەی یاسایی بکرێتە بنەمای گفتوگۆکردن؟ تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ (٩٣) ئەنـدامی بەڕێــزی پەرلەمــان لەگەڵ ئەوەدایە کە ڕاپــۆرتەکە بکــرێتە بنەمــای گفتوگــۆکردن، پــێش ئەوەی دەست بە گفتوگۆ بکەین نوقتەی نیزامی هەیە، فەرمووو کاك سۆران.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشە کە ڕاستێندراوە لەلایەن لیژنەی یاسایی، بەڵام ڕای لیژنەی سامانە سرووشتییەکان کە لیژنەی تایبەتمەندە پێوەی نییە، یەعنی ئەوە نەقسە بۆ ڕاپۆرتەکە کە

دەچێتە پرۆتۆكۆڵ و دواتر وا دەزانرێت لیژنەی سامانە سرووشتییەكان ئەم راپۆرتەی ئامادە نەكردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرەنجێكی بە جێیە، بۆ لەمەودوا راستە راپۆرتی راستێندراو لەلایەن لیژنەی یاسایی دەخەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای گفتوگۆكردن، بەڵام بۆ پاراستنی مافی لیژنە تایبەتمەندەكان داوا دەكەین كە ئەسڵی راپۆرتی لیژنە تایبەمەندەكان پێوەی بلكێندرێت و بهێندرێتە ناو هۆڵی كۆبوونەوە، فەرموون گفتوگۆكردن بە ناونیشانی پێشنیازە یاساكە دەست پێدەكەین وەك ئەوەی كە لە ناو راپۆرتەكەدا هاتووە، ناونیشانەكە بخوێننەوە.

**بەڕێز سەركۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای بەرنگابوونەوەی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێ دەرهێندراوەكانی لە هەرێمی كوردستان _ عێراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، داواتان لێدەكەین كە پابەندی كات بن لە كاتی قسەكردن، بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەكە یان پێشنیازەكە ماددەكانی زۆرن، بتوانین دەست بە گفتوگۆ كردن بكەین لە بارەیەوە، هەر ئەندامێكی بەڕێز پەرلەمان لەسەر ئەو ناونیشانە قسەیەكی هەیە بفەرمووێت ناوی خۆی بنووسێت، د.محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە یەك ئیزافەی پێویستە تێدا بكرێت، هەم ژمارەی یاساكە، هەم ساڵی دەرچوواندنی یاساكە پێویستە ئیزافە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەر ووشەی بەرنگاربوونەوە قسەم هەیە، دیارە جەنابت دەزانی ئەگەر تاوانێك هەبێت، وەكو چۆن لە پرۆژە یاسایە بۆ نەهێشتنی تاوان، حەق وایە لە بڕی ووشەی بەرنگاربوونەوە بنووسین نەهێشتنی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەكانی، چونكە ئەسڵ ئەوەیە نەهێشتن بێت نەك رووبەرووبوونەوە و بەرنگاربوونەوە، لە رووی زمانی عەربیشەوە بەڕێزتان دەزانن جیاوازی هەیە لە نێوان (المواجهە و المكافحە)، مواجهە رووبەرووبوونەوەیە، موكافحە نەهێشتنە، دەكرێت بڵێی بۆ نموونە رووبەرووبوونەوە بۆ ڤایرۆس و كۆرۆنە بن، بەڵام بۆ نەهێشتن یاسا بۆ نەهێشتنی تاوانە نەك بۆ رووبەرووبوونەوەی تاوان، بۆیە پێشنیاز دەكەم كە لە بڕی ووشەی بەڕنگاربوونەوە بنووسن نەهێشتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وێڕای پشتیوانی کردن لە بۆچوونەکەی کاك د.ڕێبوار، هەر هەمان سەرەنجم هەبوو، بەرنگاربوونەوە مەرج نییە سەرکەوتووبێت، زۆرجار بەرەنگاری شتێك دەبیتەوە، بەڵام لە نەتیجەدا جێبەجێ نابێت، بۆیە منیش پێشنیاری ئەوە دەکەم ڕێگری کردن یان نەهێشتنەکە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز کاك د.شێرکۆ فەرموو.
**بەڕێز د. شێرکۆ جودت مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
من لەگەڵ ئەوەدام ڕێگری کردنەکە بێت جێگەی بەرنگاربوونەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئیزافەی گازیش بکرێت بۆ بەقاچاخ بردنی، چونکە لە قۆناغی رابردوودا گازیش بە قاچاخ براوە، لەبەر ئەوە گاز لێدەرهێندراوی نەوت نییە، لەبەر ئەوە نەوت و گاز و لێدەرهێندراوەکان لە هەرێمی کوردستان، پێموایە ئەوها بنووسرێت جوانترە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
ماددەی یەکەم بخوێننەوە.
**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (١):
مەبەست لەم زاراوانەوەی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەریانە:
یەکەم: هەرێم/ هەرێمی کوردستان_عێراق.
دووەم: وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان/ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانی هەرێم.
سێیەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری/وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم.
چوارەم: هۆیەکانی گواستنەوە/ هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی ووشکانی و ئاوی و ئاسمانی دەگرێتەوە کە بۆ گواستنەوەی نەوت و لێدەرهێندراوەکان یان مرۆڤ کەلوپەلەکانیان بۆ هەردووکیان بە کار دەهێندرێن.
پێنجەم: دادگا/ دادگاکانی گومرگ لە هەرێمی کوردستان.
شەشەم: نەوت/ هەر هایدرۆکاربۆناتێکی سرووشتی یان هەر هەر هایدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵە و سرووشتی چ لە دۆخی گازی یان شلی بێت، وە ئەوانەش دەگرێتەوە کە دەتوانرێت بگەڕێندرێتەوە بۆ حەشارگەکان.
حەوتەم: لێدەرهێندراوەکانی نەوت/ هەموو لێدەرهێندراوێك وەك بەنزینی ئۆتۆمبێل، گازۆلین، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر، گریس بە هەموو جۆرەکانییەوە، گازی شل، نەوتی سپی، کیرۆسین، قیر، نەوتی رەش، نەفتە، وە هەر بەرهەمێکی پترۆکیمیاوی کە لە نەوت یان لە گاز دروست بێت دەگرێتەوە.

هەشتەم: مۆڵەت/ ئەو ڕێگە پێدانە فەرمیەیە کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەدرێت بە کەسێك کە بازرگانی نەوت یان هاوردە و هەناردەی لێدەرهێندراوە نەوتییەکان بکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە، هەر ئەندامێکی پەرلەمان دەیەوێت قسە بکات لەسەر ماددەی یەك فەرمووناوی خۆی تۆمار بکات، ئەم بەڕێزانە ناوی خۆیان تۆمارکردووە (د.ڕێبوار، کاك مەم، کاك ابوبکر، کاك شێخ ظاهر ، کاك مسلم، کاك حاجی سفین، کاك لقمان، سلمە خان)، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی بڕگەی شەشەمیان لە کۆتاییدا باس لە حەشارگە دەکات، عادەتەن حەشارگا وەکو مۆڵگەی تیرۆرستان بەکار دەهێندرێت، لێرەدا لە نەوتدا هەست دەکەم یەعنی گەنجینە شیاوترە، پێموایە تەرجومەکەی حەشارگە نییە چاکی بکەن، پێویست ناکات لەم جەلسەیدا موناقەشە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم لە ناو یاسای نەوت و گاز ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) بەو جۆرە هاتووە، یەعنی بەو ناوە هاتووە، بەو شکلە هاتووە، ڕێك دەقی ئەو یاسایە هێنراوە و لێرە دانراوە، بە عەرەبیەکەی (ممكن)ە، ئەگەر پێنشیازێکی باشترت هەبێت بێگومان وەری دەگرین، بۆیە دەپرسم و بیری لێ بکەیتەوە، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیزافەیەکم هەیە، هەشت بڕگەی تێدایە، من بڕگەیەك پێشنیاز دەکەم بۆ ئەوەی لە ماددەی دووەمدا دواتر لە موناقەشە من بتوانم دەوڵەمەندتری بکەم و مەبەستمان لە شتێکە، لێرە پێشنیازێك دەکەم ئێمە باس لە بە قاچاخ بردنی نەوت دەکەین، یەعنی من پێموایە مەسەلەی بردنی بە قاچاخ بردنی نەوت چەندێك کاراساتە لە وڵاتی ئێمەدا هەیە ئەوەندەش نا شەفافیەت لە نەوتدا کارەساتە، ئاشکرا نەکردنی داهاتەکانە، هەر وڵاتێکی دیموکراسی لە شەفافییەتەوە دەست پێ دەکات، بۆیە بڕگەی نۆیەم پێشنیاز دەکەم ئیزافە بکرێت، دەستەواژەی شەفافیەت مەبەست لێی ئاشکراکردنی مانگانەی داهاتی نەوتی فرۆشراو و لێدەرهێندراوەکان و بەرهەم هێندراوەکان و ڕێژەی هەناردەکراوە، کە پاڵپشت بێ بە داتا و دۆکیۆمێنتی یەکلاکەرەوە، لە پێناسەیەك ئەو بڕگەیە جێگیر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت ئەم چاپتەرە گرنگە، لەبەر ئەوەی ناساندنی موفرەداتەکانە خۆی لە خۆیدا دەرگا واڵا دەکات بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان، چەند ئیزافەیەك و تێبینیەکم هەیە، لە تێبینیەکانەوە دەست

پێ دەکەم، لە خاڵی چوارەم نووسراوە هۆیەکانی گواستنەوە، لە ئەساسدا هۆی نییە، ئامرازەکانی گواستنەوەیە، هۆیەکان ناکرێ بڵێی بە هۆیەکانی گواستنەوە، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم بکرێتە ئامرازەکانی گواستنەوە، ئێزافەکەشم ئەوەیە کە وەزارەتی ناوخۆش ئیزافە بکرێت بۆ ئەو بابەتە، چونکە وەزارەتی ناوخۆش مەعنیە، لەگەڵ موستەڵەحێك هەیە هەواڵدەر یان هەواڵبەر کە لە ماددەکانی دواتردا هەیە، زۆر گرنگە ئەو موستەڵەحەیە ئەو موفرەدەش لێرە ئیزافە بکرێت، پێناسە بکرێت، بۆ ئەوەی لە ماددەکانی دواتر پێویستیمان بە پێناسەی نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی حەوتەم کە دەڵێ لێدەرهێندراوەکانی نەوت، هەموو لێدەرهێندراوێك خۆی بەنزین، گازۆلین، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر، گریس و بە هەموو جۆرەکانییەوە، من پێشنیار دەکەم ئەم هەموو ناو ڕێزکردنە تەسەور دەکەم زیاد بێت، چونکە لە داهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە بەرهەمی تریشی لێ دەربهێنرێت، بۆیە وا پێشنیار دەکەم کە ئەم بڕگەیە وای لێبکرێت هەموو لێدەرهێندراوێك لە نەوت و گاز یان هەر بەرهەمێکی پترۆکیمیایی کە لە نەوت یان گاز دروست دەبێت دەگرێتەوە، ئەمە شاملتر و گشتگیرترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی یاساکە بەرنگاربوونەوەی بە قاچاخ بردنی نەوتە، بۆیە پێم باشە بڕگەی نۆیەم پێناسەی بە قاچاخ بردن بکەین، چی دەگرێتەوە، چونکە لە ماددەی یەکەمدا دەڵێ ئەو کردەوانەی خوارەوە بە تاوان ئەژمار دەکرێن، واتە پێناسەیەك بۆ پرۆسەی بە قاچاخ بردن بکەین کە من ئەوەم نووسیووە، هەر پرۆسەیەکی دەرهێنان و فرۆشتنی گواستنەوەی نەوت و لێدەرهێندراوەکانییەتی بە ڕێگەی نا یاسایی و لە دەرەوەی یاسا بەرکارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی چوارەم هۆیەکانی گواستنەوە، منیش پێشنیار دەکەم هۆیەکانی گواستنەوە بکرێتە ئامرازەکانی گواستنەوە، ئەگەر لە رووی زمانەوانی عەرەبیش سەیر بکەین (وسائل) دەبێتە ئامراز، خاڵی تریش، خاڵی هەشتەم، مۆڵەت ئەو ڕێگە پێدراوە فەرمیەیە کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەدرێت بە کەسێك کە بازرگانی نەوت یان هاوردە و هەناردەی لێدەرهێندراوە نەوتییەکان بکات، پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت، مۆڵەت ئەو ڕێگە

پێدانە فەرمیەیە کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و لایەنی پەیوەندیدار دەدرێت بە هەر کەسێکی سرووشتی و مەعنەوی کۆمپانیا کە بازرگانی نەوت یان هاوردە و هەناردەی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سلمە خان فەرموو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی قسەکانی کاك لقمان و د.ڕێبوار دەکەم، منیش هەمان تێبینیم لە بڕگەی هەشتەمدا هەبوو، کەسەکە لێرە تەنها بەس کەس نییە وەکو شەخص مۆڵەتی پێ بدرێ، لەوانەیە کۆمپانیایەك بێت یان دەزگایەك بێت و شەخصی یەکەمەکەی گۆڕانکاری بەسەردابێت، لەبەر ئەوە منیش هەمان بۆچوونم هەیە لە خاڵی هەشتەم و پشتیوانی ئەو بەڕێزەی پێش خۆم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان رەئی د.ڕێبوارم هەیە، کە پێم باشە وەزارەتی ناوخۆ زیاد بکرێت بۆ گرتنەبەری ئیجرائاتی ئەمنی، بۆ دەست بەسەرداگرتنی هۆی گواستنەوە یان ئەو کەسەی کە سەرپێچی دەکات، پشتگیری لە د.ڕێبوار و کاك لقمان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە خاڵی چوارەم پشتگیری لە د.ڕێبوار دەکەم کە هۆیەکانی گواستنەوە بکرێتە ئامرازی گواستنەوە، تێبینی دووەمم ئەوەیە گواستنەوە و ووشکانی و ئاوی و ئاسمانی، ئەوەیان پەیوەندی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیە، ئێمە خەتی ئاوی و ئاسمانیمان نییە، بۆ گواستنەوەی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بکرێتە پێکهاتەکانی نەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم یاسایە بۆ نەهێشتنی بە قاچاخ بردنی نەوتە، بۆیە کەرتی نەوت لە هەرێمی کوردستان قسە و موناقەشەی زۆری لەسەرە بە تایبەت لە مەسەلەی شەفافیەت لە داهاتەکانی نەوت، لەبەر ئەوە ئێمە لێرە ئەو موناقەشانە هەڵدەگرین بۆ یاساکانی تەواوکاری چاکسازی لە داهاتووی ئابووری هەرێم لەوێدا موناقەشەی جدی دەکەین، بەڵام کە لێرە وەك تێبینیەك دەمەوێت بیڵێم

له خاڵی هەشتەم کە باسی مۆڵەت دەکات، من پێشنیاز دەکەم ئەو ڕێگە پێدانە فەرمییە کە لەلایەن ئەنجومەنی هەرێمی بۆ نەوت گاز زائیدەن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دەدرێت بە کەسێك کە بە بازرگانی نەوت یان هاوردە و هەناردەی لێدەرهێندراوە نەوتییەکان، مەبەستەکە ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە زیاتر لە لای ئەنجومەنی هەرێمی بێت بۆ نەوت گاز، جگە لەوەی کە لە خاڵی حەوتەم هەڵەی زمانەوانی هەیە دواتر هیوادارم چاك بکرێت، پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا ابوبکر دەکەم لە پێناسەی بە قاچاخ بردنی نەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی ووزە و لیژنەی کاروباری یاسایی تکایە وەڵامەکان ئەگەر بدەنەوە، کاك علی حەمە صالح فەرمووو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بە پێناسەی بە قاچاخ بردنی نەوت لە ماددەی دووەمدا هاتووە، ئەگەر ماددەی دووەم بخوێندرێتەوە بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی چییە، فرۆشتنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بە ڕێگەی نا یاسایی بەدەر لەو ڕێژەیە دیاریکراوانەی کە ڕێگەی پێدراوە، واتە لەو ماددەدا هاتووە، ئەوەی کە دەڵێ ڕەنگە ڕاست بێت، لە ئایندەدا دۆزینەوەیەکی تر بکرێت بۆ موشتەقاتی نەوتی بەرهەمێکی تر دەکرێت، بنووسرێت هەر بەرهەمێکی تر ئەوەی بۆ زیاد بکەین، ئەوەی بنووسین کە کاك لقمان باسی کرد، هەر بەرهەمێکی دیکەی کە سەرچاوەکەی نەوت و گاز بێت، بەڵام لە ئێستادا ئەمە هەیە کە لێرە باسمان کردووە، سەبارەت بەو بەشەی زمانەوانییەوە بوو هۆکار و هۆ، ڕاستە، مولاحەزەیەکی دەقیقە، دەیکەن هۆ یان ئامراز، ئەوە سەرەنجەکانی ئێمە بوو، سەبارەت بەوەی کە کاك مەم گوتی بڕگەیەکی تر زیاد بکەین پەیوەندی بە شەفافیەتەوە هەیە، بە دەقیقی شوێنی شەفافیەتی نەوت دروستکردنی سەندوقی داهاتی نەوتە، کە یاسای خۆی هەیە لەوێ بەپێی یاساکە پێت دەڵێت ئەوەندە نەوت فرۆشرا و لە دەرەوەی ئەم سەندوقە هیچ سەرفێك نییە پێشتر بیکات، بۆیە ئێمە وەکو لیژنەی سامانە سرووشتییەکان داوامان کردووە، پێشنیارمان کردووە، جوهدیشمان تێدا کردووە کە پێویستە لە زووترین کاتدا ئەو ئەنجومەنەی کە پێویستە بۆ بەڕێوەبردنی سەندوقی داهاتی نەوت دروست بکرێت و بنێردرێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی متمانەی پێبدرێت، واتە ئەگەر لێرە بە دێڕێك بینووسی کارەکەی خۆی سەندوقی داهاتەکانی نەوتە، نەك یاسای بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی هەر لە بڕگەی حەوتەمیش هاتووە دەڵێ هەر بەرهەمێکی پترۆکیمیایی کە لە نەوت یان گاز دروست ببێت، یەعنی زۆر بە وازحی وا دەڵێت، بڕوا ناکەم پێویست بکات هیچ ئیزاف بکەین، بۆ ئەوەی کە کاك لقمان داوا دەکات، بەڕێز د.ڤالا وەزیری هەرێم قسەتان هەیە فەرمووو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەستە بە عینوانەکان رەنگە قەدەغەکردن واتە (منع) کردن شیاوترین موستەڵەح بێت بۆ ئەوەی بەکاری بێنین لە جیگای بەرنگاربوونەوە، چونکە یان موکافحە بەکار دێت یان (یمنع) قەدەغەکردن بەکار دێت، بەرنگاربوونەش لێرە یەعنی موتەداولە لە عورفی قانوونی، چونکە راستە ئێمە دەمانەوێت مەنع بکەین و نەهێڵین، بەڵام بۆ هەموو تاوانەکان ئەوە راستە، یەعنی نەتوانراوە تاوەکو ئێستا بە دەق دەقت کردووە تەجریمی تاوانێکت کردووە، بەڵام ئەو تاوانە بنبڕ بکەی و نەیهێڵی، هەم بەرنگاربوونەوە راستە، هەمیش قەدەغەکردن راستە، ئەگەر بۆ بە قاچاخ بردنی نەوت، بە نیسبەت ئەوەی کە پەیوەستە بە تەعریفەکان دیارە ئەسڵی یاساکە خۆی یاسای ژمارە (٤١)ی ساڵی (٢٠٠٨)ی مەجلیسی نوابی عێراقیە، لێرانە لە تەعاریفەکان زۆر لە بابەتەکان ئیهمالکراون، نازانم هەندێك لە تەعاریف تەعریف نەکراون، دواجار ئەوەی پەیوەستە بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی موشەریعی عێراقی، ئەگەر دیقەت بدەن لە تەعاریف هێناویەتی، بۆ ئەوەی خۆی نەجات بدات لە بابەتی تەجریم کردن، لەبەر ئەوەی تەجریم کردن کە لەو راپۆرتەدا هاتووە لە ماددەی دووەمدا هاتووە ساڵانێکی زووە مەسەلەی بە قاچاخ بردنی نەوت تەجریم کراوە لە قانونی عقوبات، وە نصوصەکانیشی وازحن لەوێ، بۆیە لە ناو قانونە تازەکەی ساڵی (٢٠٠٨)ی عێراقی باس لە تەجریم ناکات، لەبەر ئەوەی تەجریم کردن و بە جەریمەکردنی بە قاچاخ بردنی نەوت ساڵانێکی زووە لە عێراقدا تەجریم کراوە، بەڵام هاتووە لە ناو تەعاریف هێناویەتیەوە بۆ ئەوەی (استذکار) بکات، ئایا بە قاچاخ بردنی نەوت چۆنە، لە پێشنیازی یاساکەش کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە بە هەمان شێوە تەعاریفەکە تێیدایە، بۆیە منیش پشتگیری لە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کاك ابوبکر و کاك بەڵێن دەکەم لەوەی کە پێویستە بۆ تەعریفەکە بگێڕدرێتەوە و خۆیان لە تەجریم کردنەکە رزگار بکەن کە لە ماددەی دووەمدا هاتووە، خاڵی یەکەم و دووەم، دووەمیش کە بابەتی ساختەکردن باس دەکات ئەویشیان بابەتی تەزویرکردنی بەڵگەنامەکانە، ئەویش هەر تەجریم کراوە لەناو قانوونی عقوبات، سێیەمیشیان باس لە ئاسانکاری دەکات رەنگە مەبەستیان شەریك بێت ئەویشیان دووبارە تەجریم کراوە، بۆیە دەتوانرێت لیژنەی یاسایی لە خاڵی دوو یان خود لە ماددەی دووەم هەر هەڵیبگرێت بە تەواوی، بەوەی کە تەعریفێك بۆ بە قاچاخ بردنی نەوت زیاد بکات، بەڵام لە تەعریفی نەوت و هۆیەکانی گواستنەوە و بابەتی تەزویر و ئەوانەش نازانم زۆری هەڵگیراوە، هەندێکیشیان وەکو خۆی تەعاریفەکانی نەهاتۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەین بۆ خوێندنەوەی ماددەی دووەم، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢):

ئەم کردەوانەی خوارەوە بە تاوان ئەژمار دەکرێت:-

یەکەم: بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی:

١-	فرۆشتنی گواستنەوەی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بە ڕێگای نایاسایی و بەدەر لەو ڕێژە دیاریکراوانەی کە ڕێگە پێدراوە بەپێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان بە مەبەستی هاوردەکردن بێت یان هەناردەکردن بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

٢-	بردن و فرۆشتنی هەر ڕێژەیەك لە نەوت و لێدەرهێندراوە نەوتییەکان کە تەرخانکراون بۆ پێداویستی فەرمانگە حکومی و نا حکومییەکان جا لە بازاڕەکانی ناوخۆ بێت یان هەناردەی دەرەوە بکرێت.

دووەم: ساختەکردن یان دەستکاریکردنی مۆڵەت یان بەڵگەنامەی فەرمی بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی کە لە بڕگەی یەکەم و خاڵی یەك و دووی ئەم ماددەیە دەقنووسکراون.

سێیەم: هەر جۆرە ئاسانکاریەك لە بەکرێدانی عەمبار کەرەستە و شوێن، دابینکردنی پارە بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لە بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە دەقنووسکراوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆکردن دەکەینەوە لەسەر ئەم ماددەیە، کێ قسە دەکات دەستی بەرزکاتەوە؟ ئەم بەڕێزانە دەیانوێت گفتوگۆ لەسەر ئەم ماددەیە بکەن ( کاك مەم، د.کازم، کاك بەڵێن، کاك عبدالستار، کاك د.هەورامان، کاك دابان، کاك زیاد، کاك د.ڕێبوار، کاك نزار، کاك شێخ ظاهر )، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دوو لە خاڵی سێیەم، دەڵێ هەر جۆرە ئاسانکاریەك لە بەکرێدانی عەمبار و کەرستە و شوێن و دابینکردنی پارە بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لە بڕگەکانی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە دەقنووسکراون، مەبەستی من لێرە ئەوەیە هەر جۆرە ئاسانکارییەك، ئەگەر بکرێتە هەر کەسێك لە جیاتی هەر ئاسانکارییەك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.کازم فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بەم ماددەیە، ئێمە تێبینیمان هەیە لەسەر ئەوەی کە بەڕاستی ئەگەر نەوتی قاچاخ نەبێت ئەی چۆنە، چونکە ئەوە تاوانەکانی دیاریکردووە، بەڵام ئەوەی باس نەکردووە، یەعنی ئێستا لێرەدا مەسەلەن نەوتی قاچاخ نەبێت ئەوەیە کە نازانی کێ دەریدەهێنێت؟ بڕەکەی چەندە؟ بە کێ دەفرۆشرێت؟ پارەکەی چەندە، داهاتەکەی چەندە و چی لێدەکرێت، بەڕاستی ئێمە خۆمان نازانین ئێستا نەوت بە فەرمی چەند دەفرۆشرێت تا بزانین بە قاچاخ چی لێدەکرێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی بەپێی ئەمە بێت یەعنی پێمان باشە بڕگەیەك زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی ئەوە بەسەر حکومەتدا نەسەپێندرێت کە بەپێی ئەم یاسایە ئەوە بەسەر حکومەتدا

تەتبیق نەبێت کە حکومەت خۆی نەوت بە قاچاخ دەفرۆشێت، چونکە لە ئێستادا ئێمە وەکو پەرلەمانیش ئەم پەرلەمانە بەڕێزەش نازانێ، لێرەدا دەمەوێت تەوزیح بدەم بۆ ئەوەی بۆچی دەمەوێت ئەو نوقتەیە ئیزافە بکەین، چونکە ئێمە خۆشمان ئەم پەرلەمانە بەڕێزەش نازانێ حکومەت نەوت چەند دەفرۆشێت بڕەکەی، بە کێی دەفرۆشێت؟ داهاتەکەی چەندە؟ داهاتی مانگانەی و پارەکەی چی لێدەکات، لەبەر ئەوە بەڕاستی پێمان باشە نوقتەیەك ئیزافە بکرێت لەم بڕگەیە، بنووسرێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە پێدانی راپۆرتی مانگانە بە پەرلەمانی کوردستان، دەربارەی ئەو بڕە نەوت و گازەی کە دەرهێندراوە و فرۆشراوە، وە لایەنی کڕیاری دیاری بکات و کۆی داهاتەکەی چەندە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە بۆ رای گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لەم ماددەیە باسکراوە زیاتر باسی کەسەکان کراوە کە نەوت بە قاچاخ دەردێنن و بە قاچاخ دەیبەن و دەیفرۆشن، بەڵام بە رەئی خۆم لەوانە بەرپرسیارتر ئەو کۆمپانیا و گروپانەن کە پشکی گەورەیان بەردەکەوێت، یان ئەوان سەرپەرشتی دەرهێنانی نەوت و گاز دەکەن بە شێوەیەکی قاچاخ و دەشی فرۆشن، بۆیە بە رای من ئێمە خاڵێکی تر بۆ ئەم ماددەیە ئیزافە بکەین بڵێین هەر کۆمپانیایەك هاوکار بێت بە کڕین و گواستنەوە و فرۆشتنی، چ ئەو کۆمپانیایەی کە دەردەهێنن و چ ئەوەی لەولا دەیکڕێتەوە، ئەوانەش سزا بدرێن بە لایەنی کەم بخرێنە لیستی رەشەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر بە کورتی دووبارەی دەکەمەوە ئەم یاسایە بۆ نەهێشتنی بە قاچاخ بردنی نەوتە یان لەسەر کەرتی نەوت و مەسەلەی شەفافیەت لە داهاتوودا وەکو باسمکرد گفتوگۆی زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام پەیوەندی بە دەرچوواندن یان موناقەشەکردنی ئەم پرۆژە یاسایە نییە، بۆیە لە کاتی خۆی لە یاسای چاکسازی لە داهاتووی ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەکرێت موناقەشەی بکرێت، بەڵام ئەوەی کە من تێبینیم کرد هەمان رەئی د.ڤالام هەبوو، پشتیوانی لە قسەکانی دەکەم کە ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت و بکرێت بە ماددەیەکی تەعریفی لە ماددەی یەکەم بۆ مەسەلەی بە قاچاخ بردنی نەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم ساختەکردن یان دەستکاریکردنی مۆڵەت یان بەڵگەنامەی فەرمی بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە، لە بڕگەی یەکەم خاڵی یەك و دوو ئەم ماددەیە دەقنووسکراوە، پێشنیاز دەکەم لەبەر ئەوەی لە قانونی عقوباتی عێراقیش ژمارە (١١١)ی ساڵی (١٩٦٩) لە ماددەی (٢٨٩)، باسی تەزویر و ساختەکردنی موحەرراماتی رەسمی کردووە، عقوبەی داناوە، عقوبەکەی لە (١٥) ساڵ زیاتر نەبێت، لەو عقوبەیە زیاترە کە لەو یاسایە هاتووە، پێشنیاز دەکەم ئەو بڕگەیە لابرێت، یان کار بە قاعیدەی (الخاص قید العام) دەکرێت، هەروەها پشتیگیری لە بەڕێز د.ڤالاش دەکەم ئەو ماددەیە بەڕاستی ماددەکە هەمووی زیادە، بەس تەنها بە قاچاخ بردنی نەوت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەم خاڵی یەك لێرە ئیشارەت بەوە دراوە بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان، لە کاتێکدا هەموومان دەزانین کڕین و فرۆشتن لە ناوخۆی هەرێمی کوردستانیش هەیە بۆ موشتەقاتی نەوت، پاڵاوگەی نا یاسایی هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، لەبەر ئەوە لە کاتێکیشدا لەم خاڵەدا لە هەر شوێنێکدا لەسەر سنوورەکان نەبێت ناتوانی هیچ ئیجرائاتێکی لەگەڵ بکەی، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم ناوەوە و دەرەوەی هەرێمی کوردستانی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەنجێکی پەیڕەوی دەدەم، لە ناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان نەهاتووە کە پەرلەمانتار پشتگیری لە رای وەزیرێك بکات، بۆیە دەکرێت را وسەرەنجەکانی لە رێگەی لیژنەی تایبەتمەندەوە وەربگیرێت، بەڕێز كاك د. هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د. هەورامان حەمە شەریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەنجم ئەوەیە کە پرسیارێك دەکەم لە لیژنەی تایبەتمەند ئایا بە قاچاخ بردن تەنها لەم رێگایانەوەیە کە دەقنووسی لەسەرکراوە لەم ماددەیە یان دەروازەی تریش هەیە بە قاچاخ بردن؟ بۆیە ئاماژەی پێ نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێز لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر را و سەرەنجێکتان هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئەڤ ماددەی گرێدای بە سزایێ بە قانونا عقوباتا عێراقیڤە، راستە قانونا عقوباتا عێراقێ بەرکارە ل هەرێمێ، قانونا عقوبات قانونەکە عامە لە عێراقێ و ل هەرێما کوردستانێ ژی بەرکارە، بەس ل ڤێرێ ئەڤ مەعنا ناگەهینیت کو هەر تشتەك یان هەر ماددەیەك ل قانونا عقوباتدا هەبت ڤێرێ ئەم شول ل سەر نەکەین، ئەڤە پەرلەمانێ کوردستانێیە دەمێ یاسایەکێ ب گرنگی دزانیت ڤی ئاڕاستەی کو بزانیت ڤی یاسایێ دگەل پەرلەمانێ کوردستانێ یاسایەکا کوردستانی دەربکەڤیت، ئەم موشرعا یاسایێ دشێت ل ڤێرێ یان پشت بەستنێ ل قانونا عقوباتێ عێراقێ بکەت، مە ژی گەر پێتڤی بیت سزایەکێ دانێت، یەعنی چ قەیدێت قانونی نینە، سەبارەت بە پرسیارا کە هاتە ئاڕاستەکرن، ل دیڤ ئەڤ هەڤاڵێت پێشکەش کرینە پێشنیازا یاسایێ هەروەسا ل لیژنەیا تایبەتمەند دیڤدا ل لیژنەیا قانونی، ئەڤە ل بەر دەستێ مە یا محاولە هاتیە کرن ئەڤ تاوانانە هاتیتە دەست نیشان کرن کو ئەڤ کافیە بۆ بە قاچاخ بردنی نەوت، هەر ئەندامێکێ پەرلەمانی ئازادە فکرەیەکا دی هەبت، هزرەکا دی یا هەبت، کردەوەیەکا دی کو شهەژی بت ل ڤێرێ ئیزافە بیت، دشێت وەکو ئەندام پەرلەمان پێشکەش بکات و ئەم ژی دێ وەربگرین، یاسایەکا دێ مە ل هەرێمی کوردستانێ یا هەی یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵا (٢٠٠٧)ێ، یاسایەکا شاملە گەلەك گشتگیر هاتیە بەحس کرن، ئەڤ یاسایە موتەعەلیقە ل سەر یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان_عێراق، داهات و چاوانیا داهات و خرڤەکرنا داهاتی و تەفاسیلا گرێدای ل ڤی کەرتێ نەوت و گازی ڤە ل هەرێما کوردستانێ تێدا هاتیە بەحس کرن، ئەڤ پێشنیازە یاسایە تایبەتە بە بەرنگاربوونەوەی بە قاچاخ بردنی نەوت، ژبەر هەندێ ئەم ل ڤێ چوارچێڤەیی دا گفتوگۆیێ ل سەر ڤی پێشنیازێ یاسایێ بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش ئەوەی دەرفەت بدەین بە بەڕێز کاك مەم بەپێی ماددەی (٩١)، بڕگەی سێیەم لە کاتی خستنە دەنگدان، رایەکان پێویستە ئەو رایەی دەخرێتە دەنگدان بە لایەنی کەم سێ ئەندام پشتگیری لە رایەکەی کردبێت، جا بۆیە پێشنیار لێرە خرانە روو، سێ ئەندام لێرە پشتگیری نەکردووە، بۆیە لە کاتی دەنگدان گلەیی ئەوە نەکرێ کە لیژنەی تایبەتمەند ئەو رایانەی نەخستۆتە ناو راپۆرتەکە، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گرنگی خاڵی یەکەم لە وڵاتی ئێمەدا، ئەوەی کە بە قاچاخ بردنی نەوت یەکێکە لە نەهامەتییەکانی وڵاتی ئێمە، لە نەگبەتییەکان کە کارەساتێکی گەورەی خوڵقاندووە لە تاڵان کردنی سامانە سرووشتییەکانی وڵاتی ئێمە، بەشێکیش لەو کێشەیە پەیوەندی بە نا شەفافییەتەوە هەیە، ئەوەشی کە لەلایەن دەوڵەتەوە دەفرۆشرێت ئەو تێبینیەیان نییە، بۆیە بۆ ئەوەی سەرەڕای ئەو سەندوقەی کە باسکرا کە کاك علی پێشتر تەوزیحێکیدا، لەو سەندوقەی کە پێویست دەکات سەندوقی سەرچاوە داهاتی سامانی سرووشتییەکان، لێرەدا من پێشنیاز دەکەم

بڕگەیەك ئیزافە بكرێت، بڕگەی چوارەم: پابەند نەبوون بە شەفافیەت ببێت بە یەكێك لە تاوانەكان لە هەرێمی كوردستاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دابان فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەسپێك بریا بەڕێزانی لیژنەی سامانە سرووشتیەكان لە ئاستێكی فراوانتردا قسەیان لەسەر كەرتی نەوت و شەفافیەتی داهاتی نەوت و ئەوانە بكردایە، چونكە مەسەلەی دەرهێنان و هەناردەكردنی بە گشتی پڕۆسەی نەوت لە كوردستاندا بە یاسایی كراوە و لە چوارچێوەی بڕیار و ڕێنماییەكانی وەزارەتی سامانە سرووشتییەكانە، بەشێكی ئەمە بە یاسایی كراوە و ئەوەی پەیوەندی بە قاچاخ بردنەوە هەیە رەنگە لە چەند حاڵەتێك بێت، رەنگە هەر بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران و بڕیاری وەزارەتی سامانە سرووشتییەكان حەل بكرایە، ئەوەی پەیوەستە بەو كردەوانەی خوارەوە كە بە تاوان ئەژمار دەكرێت، من هەست دەكەم ئاڵۆزییەك هەیە لە بەینی دزیكردن و بە قاچاخ بردن، یەعنی جیا نەكراوەتەوە مەسەلەی دزیكردن و مەسەلەی بە قاچاخ بردن، چەند حاڵەتێك هەیە لێرە لە ناو ئەو قانوونەدا باس نەكراوە، لەم هینەدا باسی كونكردنی بۆری نەوت نەكراوە، یەعنی لە ماددەیەكی تردا باسكراوە، لە ماددەی (٨)، لە تەعریفەی تاوانەكە هیوادارم بەڕێزان ئەو ماددەیەش بخەنە ناو بە تاوان ئەژمار بكرێت، چونكە كونكردنی بۆریش هەر لێرەدا جێگای بكرێتەوە، یەك حاڵەتی تر هەیە پرسیار لە بەڕێزان لە لیژنەی سامانە سرووشتییەكان دەكەم كە وەڵام بدەنەوە، بەشێكی بە قاچاخ بردنی نەوت ئەوەیە كە بە یاسای مەعامل و شەرێكاتێك یان مولیدەكان ئەم نیسبەیە وەردەگرێت، بەڵام ئەوە بە قاچاخ بردنەكە دەست پێ دەكات، لێرەدا تەعریفی بۆ نەكراوە ئەمەیان چۆن حەل دەكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راستیدا من سەرەنجێكی زمانەوانی و لەگەڵ ئیزافەیەكم هەیە، سەرەنجە زمانەوانییەكە لەسەر خاڵی دووەم، بردن و فرۆشتنی هەر ڕێژەیەك بۆ رەوانكردنی هەموو شلەمەنییەك، دیارە ڕێژە بەكار نایەت، ڕێژە بە عەرەبی یەعنی نیسبە، بەڵكو بڕ بەكاردێت بە عەرەبیەكەیان كە دەكاتە كەمییە، بۆیە من پێشنیار دەكەم لە بڕی ڕێژە بكرێتە بڕێك، سەبارەت بە ئیزافەكە ئەوەیە كە پێشنیار دەكەم كونكردنی بۆڕی نەوتیش بە تاوان ئەژمار بكرێت و یەكێك بێت لەو حاڵەتانەی كە ئەم یاسایەی لەسەر جێ بەجێبكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگەر ڕا و سەرەنجێكتان هەیە، ئینجا دواتر بەڕێز وەزیری هەرێم قسە بكات، كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم لیژنەیە ئەم پێشنیازە کە دێت دەبێت لە چوارچێوەی ئەم پێشنیازە راپۆرتەکە ئامادە بکـات، ناتوانێـت بچێـتە دەرەوەی سـنوورێکی قـانوونی کە لە دەرەوەی ئەمەیە، سـەبارەت بەوەکەی تر بۆ خۆم، ئینجا هەمووومان پێویستە لەسەرمان چۆن پەیڕەوی نـاوخۆ دەخـوێنینەوە یاسای نەوت و گازیش بخوێنینەوە، لە یاسای نەوت و گازدا زۆر بە جوانیش ئەگەر یاسـاکە جێ بەجێ بکرێت تەبعەن، شەفافیەتی نەوت لەوێوەیە، بۆ نموونە سـەندوقی داهـاتی نەوت دەبێـت دروسـت بکـرێ،ت کـۆی پارەکـانی نەوت پـێش ئەوەی دینـارەکی لـێ خەرج بکرێـت دێـتە ئەو سەندوقە، دواتـر بە راپـۆرت پەرلەمـان ئاگـادار دەکـرێتەوە، چـاودێری دارایـی وردبینـی دەکـات، (کۆمـۆ) دروسـت دەکرێـت، کۆمپانیـای بە بـازاڕکردنی نەوت ئەوەی پێشـتریش، بەڕێـزان پەرلەمانتـاران، (کۆمـۆ) قەرار دەدات نەوت بە کـێ بفرۆشـرێت و چەنـد بفرۆشـێت، کۆمپانیـای نیشیتمانی نەوت دروسـت دەکرێـت، ئێسـتا لیـژنەکەی ئـێمە لەو سـتراتیژیەی دامـان رشـتۆتەوە ئەوەیە کە کار بکەین، بۆ ئەوەی ئەو موئەسەساتانە دروست ببێت، واتە دەبێت قانوونی تـایبەت قانوونێك بێـت بـۆ بە بـازاڕکردنی نەوت، سـەندوقی داهـاتی نەوت تەفعیـل بکرێـت، کۆمپانیـای نیشتیمانی نەوت، قانوونی بۆ نەوت و پاڵاوتن و پاشکۆکانی نەوت، واتە هەر یەکە لەمانە دەبێت قانوونی تایبەتی خۆیانی هەبێت، ئێستا ئەگەر سەندوقی داهاتی نەوت دروست بکرێت بەشێکی گەورەی گرفتەکە حەل دەبێت، سەبارەت بەوەی کە گوتیان رێگای تری قاچـاخ هەیە، ئەمە ئەگەر رێیەکی تر هەیە ئێمە درکمان پێ نەکـردووە و نەکـراوە دەبێـت لەمەدا بگوترێـت، ئەوەکەی تـری بەڵـێ ئـێمە وەکـو لیـژنە بەدوادچـوونی ووردمـان کـردووە لەسـەر ئەوەی پـارەی نەوت چەنـدە، راپۆرتەکەی چەندە، بەڵام ئەوە یەکسـان نییە بەوەی کە حکومەت بە شـێوەی فەرمـی خـۆیەوە ئیعلانی دەکات، مەسەلەن ئەمڕۆ ئێمە چووین بۆ وەزارەتی دارایی کە (٣٠٠٠٠٠٠٠) ملیـۆن دۆلاری داهـاتی نەوتـی وەرگرتـووە، مەسـەلەن ئجـوری بـۆری نەوت چەنـدە، پرسـیارمانکردووە، ئەی ئیستیحقاقی شەریکە چەندە، کام شەریکە چەند وەردەگرێت، ئەمانە هەمـووی بە دروسـتکردنی سەندوقی داهاتی نەوت چارەسەر دەبێـت کە لە سـەندوقەکەدا پێـت دەڵێـت ئەوە کـۆی داهـاتی نەوتە و ئەوەش کۆی مەساریفەکانیەتی، ئەگەر یاساکە بخوێنیتەوە راپۆرتەکە لە یاسـاکە زۆر بە روونی هیچ کەلێنکی نەهێشتۆتەوە کە بلێت پـارەیەکی نەوت سـەرف دەکرێـت و لەم سـەندوقە دێـتە دەرەوە راپـۆرتی مانگـانەیە، رەقـابەیە، هەمـووی دەستنیشـان کـراوە، بـۆ ئەوەکەی تـریش (کۆمۆ) زۆر گرنگە دەستکاری بکرێت، سەبارەت بەوەی کە کۆمپانیـایەك تێـوە دەگلێـت کێـیە، کە دەڵێـی هەر کەسـێك واتە کەسـی مـاددی و مەعـنەوی، هەر کەسـێك لەم پرۆسـەیە تێوەبگلێـت شەخصێکە، کۆمپانیـایەکە، موئەسەسـەیەکی گەورەیە، هەر کـێ تێوبگلێـت ئەوە زۆر بە روونـی لەسەری نووسراوە، سەبارەت بە کونکردنی بۆری نەوت لەم یاسایە هەیە بە تیـرۆر ئەژمـارکراوە، یەك مـولاحەزەم هەیە زۆرجـار بابەتێـك موناقەشـە دەکرێـت هـی ماددەکـانی دواتـرە، یەعنـی راپۆرتەکە ئەگەر باشتر بخوێنینەوە هەمووومان هەمووی تێدایە، کونکردنی بۆری نەوت بە تیـرۆر ئەژمارکراوە و زۆر بەروونی، سەبارەت بەوەی کە کاك دابان گوتی، من وا تێگەیشتووم بۆ نموونە دەعمـی شـوێنێك دەکرێـت، موئەسەسـەیەك دەکرێـت، مەعمەلێـك دەکرێـت، نەوتێکـی رەشـی

دەدرێتـی یـان گـازوایلێکی دەدرێتـێ، بەڵام ئەو بەکـاری ناهێنێـت و دەیفرۆشـێتەوە، ئەمەش دەچێتە چوارچیوەی قاچاخ، ئەمە قاچاخە، هەرچەندە لە ئێستادا دەعم نەماوە، بەڵام تۆ قانوون بۆ ئایندە دەردەکەی بۆ بە بەردەوامی دەری دەکەیـت، بەڵام بەڵـێ ئەم قـانوونە شمولی دەکـات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان وەکو ئەندامی لیژنە فەرمووە.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیـزافەتەن بـۆ قسـەکانی کـاك علـی وەکـو سـەرۆکی لیـژنە، چەنـد وەڵامـێکم هەیە وەکـو روونکردنەوەش، هەڵبەتە ئێمە لە ماددەی دووەم کاتێـك بـاس لە سزاکان دەکەیـن بـاس لە کـۆی سـزاکانی ئەم پرۆسسـە نـاکەین، ئەمە تەنهـا بەشـێکە، بەشـەکانی تـری لە مـاددەی سـێیەم و لە مـاددەی هەشـتەم روونکـراوەتەوە کە چـۆن تەعـامول لەگەڵ ئەم بـابەتە دەکرێـت، بەشـێك لەو موناقەشەتانەی کە دەکرێن وەکو کاك علی ئامـاژەی پێکـرد پەیوەسـتن بە ماددەکـانی دواتـرەوە، حەقە چـاوەڕوان بکەیـن بـۆ ئەوەی لە ماددەکـانی دواتـر باسـی لێـوەبکەین، بە تـایبەتی بـابەتی کونکردنی بۆری و تەعامولکردن لەگەڵ ئەم پرسە بە شێوەیەکی زۆر نـا قـانونی بە یاسـای تیـرۆر مەعامەلەی لەگەڵدا دەکرێت کە ئەمە خۆی لە خۆیـدا ووردەکـاری زۆر باشـی تێـدایە، بەشـێك لە قسەکان پەیوەستن بە یاسای ژمـارە (٢٢)ی سـاڵی (٢٠٠٧) کە تەمانـا دەکەم ئەوانەی کە تێبینیـان لەسەر ئەمە هەیە خۆیان یاداشتێك بنووسن بۆ تەفعیلی یاساکە، کە لەوێ زۆر بە روونی باس لە دەرهێنـان و گەڕان و لە تەسـویقی نەوتـیش دەکرێـت، ئەم یاسـایە بە وازحـی رێگەگـرتنە لە بە قاچاخ بردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان، واتە ئێمە لەم یاسایە تەنها باسمان لەوەکردووە چۆن بتـوانین ئەمەی کە بە قاچـاخ دەبرێـت رێـگەی لـێ بگـرین بە یاسـا، کـۆی پرۆسـەی نەوت، کـۆی شەفافییەتی نەوت هەم لە یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠٠٧) روونکراوەتەوە، هەمـیش دەتـوانین یاسای تەکامولی بۆ دەربکەین، واتە یاسا پرۆسەسی بۆ دەربکەین بـۆ ئەوەی کە ئەم چینـە تەواو بکات بەدوایدا، بۆیە تەمەنـا دەکەم کە چـاوەڕوان بکەیـن تـاوەکو ماددەکـانی تـریش موناقەشـە دەکرێن، بۆ ئەوەی کە کۆی ماددە سزاکان وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری هەرێم فەرمووە.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تێبینی و سەرەنجمان ئەوەیە، ئەو تێبینی و سـەرەنجە بـوو کە لە رووی یاسـاییەوە دامـان، پێمـان باشـە کە مـاددەی دووەم لە نـاو یاسـاکە هەڵبگیرێـت، وە ئیکتیفـا بکرێـت بە تەعریفـی بە قاچاخ بردنی نەوت و تەعریفەکەش بە دزینی نەوت دەست پێ بکات وەکو ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز ئیشارەتی پێدا، لەبەر ئەوەی بابەتی تەجریمکردن لە ساڵی (١٩٦٩)وە کراوە، ئەو تەجریمە و بە قاچاخ بردنە تەعقیب و تەجریمەی کە لە ناو قـانوونی عقوبـات کـراوە وەکـو قواعیـدی عـامە سەیری دەکرێ، بۆ قانوونی بە قاچاخ بردنی نەوتیش راستە، بۆ قانوونی بە قاچاخ بردنی هەموو

کەل و پەلەکانی تریش راستە، یەعنی بەیانی (١٠) قانوونی تر پەرلەمان دەری بکات لەسەر بابەتی قەدەغەکردنی بە قاچاخ بردن هەمان ئەو قواعیدی عامەی کە لە ناو قانوونی عقوباتدا هەیە تەتبیق دەبێت بەسەر هەموو ئەو ئەفعالانەی کە پەرلەمان تەعریفی دەکات، تەعریفی بە قاچاخ بردنەکە دەکات، بۆیە تکا دەکەم ئەو قواعیدە عامانە هەموو موشەرعێك بۆی دەگەڕێتەوە، بۆ ئەسڵی یاساکەش بگەڕێنەوە کە لە ساڵی (٢٠٠٨)ی عێراقی دەرچووە، لە عێراقدا خۆی پاراستووە لە تەجریمکردن، بۆ خۆی پاراستووە، لەبەر ئەوەی دەزانێت قواعیدی عامەك هەیە تایبەتە بە قاچاخ بردن لە ناو قانوونی عقوباتدا لە ساڵی (١٩٦٩)، محاکم هەمووی بۆ ئەوە دەگرێتەوە یاساکانیش خۆی لێ دەپارێزن، تکا دەکەم ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت بە تەعریفکردن کۆتایی پێ بێت، نەبێتە هۆکارێك بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی یاساکە، چونکە یەکێك لەو هۆکارانەش کە یاسای ماددە هۆشبەرەکان دووبارە پێی گەڕاوەتەوە لە سەرۆکایەتی هەرێم ئەوەیە کە تەعریفی عەود کراوە، وە عەود لە ساڵی (١٩٦٩) لە قانوونی عقوبات تەعریفکراوە، بۆیە تکا دەکەم ئەو ماددەیە هەڵبگیرێت بۆ مەتانەت و بۆ مەبادیئی یاسا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز لیژنەی تایبەتمەند فەرموو ماددەی سێ بخوێننەوە.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

یەکەم: دەزگاکانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆ جێ بەجێکردنی حوکمەکانی یەم یاسایە ئەم ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆ:-

١- راگیرکردنی هۆیەکانی گواستنەوە و دەست بەسەرداگرتنی ئەو نەوت و لێدەرهێندراوانەی کە ئامادەکراون بۆ بە قاچاخ بردنی لەلایەن تۆمەتبارانەوە.

٢- دەست بەسەرداگرتنی هۆیەکانی گواستنەوەی بیانی یان هاوردەکراو کە گوڕانکاری لە قەبارەی دیزاینکراوی تانکی هەڵگرتنی سووتەمەنییەکاندا کراوە بە مەبەستی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بەکار دەهێندرێت.

٣- ئامادەکردن و رەوانەکردنی دۆسیەی تۆمەتباران بۆ دادگاکان.

٤- پشکنین بۆ بەسەرداناني هەر هۆیەکی گواستنەوە عەمبار، نووسینگەکان، یان هەر شوێنێکی دیکە لە کاتی گومانی ئەنجامدانی یەکێك لەم تاوانانەی کە لەم یاسایەدا دەقنووسکراوە.

دووەم: بۆ رێگریکردنی لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لە ماددەی دووی ئەم یاسایە دەقنووسکراون کارمەندی رێگە پێدراو مافی بەکارهێنانی هێز و رووبەڕووبوونەوەی هەیە بۆ مەبەستی راوەستاندنی هەر هۆیەکی گوستنەوە یان کەسێك لە کاتی سەرپێچیکردن لە فەرمان.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ موناقەشەکردن لەسەر ئەم ماددەیە، کێ دەیەوێت قسە بکات دەستی بەرزبکاتەوە؟ ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەیانەوێت موناقشە بکەن (کاك مەم،

کاك بەڵێن، کاك عثمان ، کاك گۆران، کاك شێخ ظاهر ، کاك ابوبکر، کاك لقمان، نجات خان، کاك جەلال، کاك د.هەورامان)، نجات خان فەموو.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵی سێیەم: ئامادەکردن و رەوانکردنی دۆسیەی تۆمەتباران بۆ دادگاکان، لە زاراڤەی پێناسەکان کیش دادگایە، ژبەر هەندێ دادگاکان ببیتە ل دادگاکانی گومرگ لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عثمان سێدەری فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی سێ بڕگەی یەکەم دەزگاکانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆ جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم ئەرکانەیان دەکەوێتە ئەستۆ، بە بۆچوونی من هێزەکانی پاسەوانی سنووریشی بۆ زیاد بکرێت باشە، لەبەر ئەوەی پاسەوانی سنووریش ئەرکێکی زۆریان هەیە، سنوورەکانی ئێمە بە دەرەجە یەك پاسەوانی سنووری لێیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر هەڵەدەنی فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێموایە ئەم ماددەیە هەر زیادە هەڵبگیرێت، لەبەر ئەوەی کە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بڕیارەکانی دادگا جێ بەجێ دەکەن، لەبەر ئەوە هەموو ئەوە پرۆسانەی کە لێرەدا رەوانەکردنی دۆسیە دەکرێت بۆ دادگا، وە قەراری دەست بەسەرداگرتنی راگیرکردنی هەمووی بە ئەمری حاکم دەبێت، بۆیە بە رای من ئەم ماددەیە زیادە، بڕگەی دووەمیشی هەر بەپێی یاسا ئەعزائی زەبتی قەزائی بۆ خۆیان بۆیان هەیە کە ئەو رێکارانە بگرنە بەر بەمەبەستی راوەستاندنی ئەو تاوانەی ئەنجام دەدرێت، بۆیە من داوای هەڵگرتنی ماددەکە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لەبەر ئەوەی نەوت ئەمڕۆکە لە بەشە هەر سەرەکییەکانی داهاتی هەرێمی کوردستانە، هەمووومان دەزانین بەشێکی زۆری بودجەی فەرمانبەران لە نەوت تەرخان دەکرێت، بۆیە وەکو نجات خانیش گوتی پێشنیار دەکەم دادگایەکی تایبەت هەبێت بۆ ئەو تاوانبارانەی کەوا نەوت بە قاچاخ دەبن، دادگایەکی تایبەت هەبێت بۆ ئەوەی قەزیەکانی تر تێکەڵ نەبێت، هەست دەکەم

ئاسانکاری دەکرێت بۆ تاوانباران، بۆیە پێشنیار دەکەم دادگایەکی تایبەت بەو قاچاخ بردنە هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك هەورامان فەرموو.

**بەڕێز د.هەورامان حەمە شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی مامۆستا ابوبكر هەڵەدنی دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێ دەزگاکانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسایە دەگرنە ئەستۆ، وەکو برای بەڕێزم کاك عوسمان سێدەری ئاماژەی پێدا، لە ئێستادا هێزەکانی پۆلیسی پاساوانی سنوور و گومرگ ئەرکە ئەساسیەکە دەگرنە ئەستۆی خۆیان و چاودێری سنوورەکان دەکەن، پێشنیاز دەکەم ئەوە ئیزافە بکەن، سەبارەت بە خاڵی یەکەم راگیرکردن، نازانم راگیرکردن بۆ راگرتن نەبێت، یەعنی کۆڵەکە، تەسەور دەکەم ئەم ووشەیە لە جێگای خۆی نییە، پێشنیاز دەکەم وای لێبێت راگرتنی هۆیەکانی گواستنەوە و دەست بەسەرداگرتنی نەوت و لێدەرهێندراوەکان کە ئامادەکراوە بۆ بە قاچاخ بردن لەلایەن تۆمەتبارانەوە، سەبارەت بە خاڵی دووەم دەست بەسەر داگرتنی هۆیەکانی گواستنەوەی بیانی و ناوخۆش ئیزافە بکرێت، چونکە هۆی گواستنەوەی ناوخۆمان هەیە، دەیان کۆمپانیای ناوخۆیی هەیە کە نەوت دەگوازنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی سێیەم، ئامادەکردنی رەوانەکردنی دۆسیەی تۆمەتباران بۆ دادگاکان، ووشەی دادگاکان لێرە بە جەمع هاتووە، هەرچەندە لە یاساکان پێناسەکراوە کە دادگای گومرگی تایبەتمەندە، بۆیە پێشنیاز دەکەم بکرێتە دادگای تایبەتمەند کە دادگای گومرگییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی تایبەتە بە ماددەی سێیەم، لە راستیدا ئەگەر ماددەکە سەیر بکەین لە خاڵی چوارەم بڕگەی یەکەم باسی پشکنینی بەسەرردانی هەر هۆیەکی گواستنەوە عەمبار یان نووسینگەکان یان شوێنیکی دیکە لە کاتی بارکردنی گومانی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی کە لەم یاسایە

دەقنووسکراوە، دیارە ئەمانە دەبن بە ئەمری حاکم بتوانن ئەم ئەرکە بکەن، هەرچەندە وەکو مامۆستا ابوبکر باسیکرد کۆی ئەو بڕگانەی لەم ماددەیە هاتووە تەحسیل حاسڵە، یەعنی ماددەکە تەقریبەن وەکو تیکرارە، بۆ ئەوە پشتیوانی لەوە دەکەم کە ماددەکە کامل لابرێت، بەڵام ئەگەر لا نەبرا پشتیوانی لە قسەکانی کاك عوسمان سێدەری دەکەم کە هێزەکانی پاسەوانی سنوور تێیدا جێگەی بکرێتەوە، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ڕوونکردنەوەیەك بدەن لەسەر خاڵی چوارەم، ئایا بەبێ ئەمر حاکم ئەم هێزانە بۆیان هەیە پشکنینی بەسەردادان بدەن بەسەر هۆیەکانی گواستنەوە یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئەو دەسەڵاتانەی کە لە بڕگەی یەکەم لە چوار خاڵ دراوە بە هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، منیش هەمان پرسیاری کاك بەڵێن لە ئەندامانی بەڕێزی لیژنە دەکەم، لێرەدا باس لە دادوەر ناکات، حاڵەتی کت و پڕ دێت، تانکەرێك نەوت دەبینرێت کە قاچاخە هێزەکانی ئاسایش ئەو دەسەڵاتەیان پێدراوە کە دەستی بەسەردا بگرن، واتە گەڕانەوە نییە بۆ بڕیاری دادوەر، بە خێرایی کارێکی لەو جۆرە جێ بەجێ بکەن، مادام بەم شێوەیەیە، من پێموایە بەندی دووەمیان کە دەڵێ هێزەکانی ئاسایش بۆیان هەیە هێز بەکار بێنن، خۆ لە ڕێگای هێزەوە ئەوە دەکەن، یەعنی تەحسیل حاسڵە، مادام لە بڕگەی یەکەمدا لە چوار خاڵدا ئەم دەسەڵاتە دراوە بە هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ پێویست بە بڕگەی دووەم ناکات، هەر زیادە لابرێت، پێشنیار دەکەم هەر لابرێت پێویست بەوە ناکات، بە نیسبەت ئەو پێشنیازەی کاك عوسمان سێدەری باسی کرد، بێگومان هێزەکانی پاسەوانی منیش پشتیوانی دەکەم کە پێویست دەکات ئەوانەش ئیزافە بکرێت، داڕشتنەوەی خاڵی یەکەم پێشنیاز دەکەم بۆ ئەندامانی بەڕێزی هەردوو لیژنە بەم شێوەیە داڕشتنەوەی خاڵی یەکەم لە بڕگەی یەکەم: ڕاگیرکردن لابرێت دەست بەسەرداگرتنی هۆیەکانی گواستنەوە و ئەو نەوت و لیدەرهێندراوانەشی کە ئامادەکراون بۆ بە قاچاخ بردنی لەلایەن تۆمەتبارانەوە، سیاغی نەسەکە باشتر دەبێت، بۆیە تەئکید دەکەمەوە بڕگەی دووەم بە زیادی دەبینم، لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم خاڵی سێ، ئامادەکردنی ڕەوانەکردنی دۆسیەی تۆمەتباران بۆ دادگاکان، لە ڕاستیدا تاوەکو خەڵکی کوردستان ئاگادار نەبێت لە فرۆشتنی نەوت و بازاڕیکردنی نەوت، هەروەها شەفافییەتی داهاتی نەوت لە هەرێم خەڵکی کوردستان ئەوەشی کە بە یاسای ڕەوانە دەکات بە قاچاخ ئەژماری دەکات، چونکە کە داتاکان نەبێت لای خەڵکی هەر وەکو ئەوە وایە کە ئەوەشی بە یاسایی دەڕوات هەر قاچاخە لای خەڵکی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز پێشنیارێت دكەم ماددەیا سێ بڕگەیا یەكەم وەكی خۆ بمێنێتن، بەڵام بڕگەیا دووەم بە من وایە ئەڤ زێدەیە، چونكە قواعدی عامە ل قانونێ عقوباتێ هاتیە و تیكرار وە لێدكەت كو قانون لاواز بیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لیژنەی تایبەتمەند كاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵا چوارێ پشكنین، خۆ نموونەیەكی بینین ئەگەر سەعات دووی شەڤێیە تانكەرەك یان سەیارەیەكا بار هەڵگر قاچاخ یا لە مەنتەقەیەكا دیریش ل سەنتەری باژێری یەعنی یا بەرەڤ ب قاچاخ بردنی ڤە دچیت، یەعنی ل وێرێ سەعات دووی شەڤێ مەعقولە پیویستی بە ئەمر وەرەقا حاكمی بیت دا كو ئەڤ تانكەرە بێتە پشكنین كرن، ئەڤ ئیجرائاتە هەبن دائیمەن تاوانبار ل دەستێ دەسەڵاتی رەڤیت، پێتڤیە ئەڤە تێدابیت، ئەگەر سیەفەتا مەشهود بیت سیفەی ئیستیعجال پێتڤیە ئەڤ ئیجرائاتە، ئەڤ خاڵە وەكو خۆی بمینیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جەلال وەكو لیژنەی قانوونی ئێوە با تەواو ببن، ئینجا لیژنەی ووزە روونكردنەوە بدەن.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی كە كاك بژار روونكردنەوەی لەسەریدا دیارە دروستە، ئێمە لە ئسولی مەحاكماتی جەزائی ئەندامانی زەبتی قەزائی تەحدیدكراوە كە پیاوی پۆلیس وەك یەكە لە ئەندامی زەبتی قەزائی ئیتر هەر فیئەیەكی پۆلیس بێت، پیاوی پۆلیس سەڵاحیەتی هەیە لە كاتی بوونی تاوان راستەوخۆ كۆنترۆڵی تاوانەكە بكات، دواتر نەتیجەی تاوانەكە دادوەر رادەگەیەنێت و دادوەر ئیجرائاتە ئسولییەكان دەكات كە بریتیە لە مەرحەلەی تەحقیق، مەرحەلەی تەحقیق مەرحەلەی جەمعی ئەدیلە، ئەدیلەكان كۆ دەكاتەوە كێ دەیكات پیاوی پۆلیس دەیكات، لە زەمنی ئەدیلە كۆكردنەوەی چی هەیە زەبتكردنی دەست بەسەرداگرتنی ئەو بار و شتە قاچاخانە كاری پۆلیسە، بۆیە راستەوخۆ زەبتی دەكات دواتر پەیوەندی بە دادوەر دەكات ئەگەر دادوەر لە زەمنی پەیوەندی ئیتساڵاتا بێت، ئەگەر دادوەر ناوچەكە وجودی هەبێت واتە مەحەلی حادیسەیە بنكەیەكی پۆلیسی لێدێت، دواتر بەپێی قانوونەكە بنكەیەكی ئاسایشی لێدێت ئەوان پەڕاوی لێكۆڵینەوەی بۆ رێك دەخەن و ئاڕاستەی دادوەری بەڕێزی دەكەن، دادوەر خەتەواتەكان ئاشكرا دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە کاك عوسمان گوتی پاسەوانی سنوور دەقیقە، بەڵام پاسەوانی سنوور جا لێرەبێت یان لە عێراق لە زمنی وەزارەتی ناوخۆدایە، لە زمنی هێزەکانی ناوخۆدایە، کە دەڵێی هێزەکانی ناوخۆ هەمووی دەگرێتەوە، هەر هێزێکی ناوخۆ هەبێت مەشمول دەبێت بەوە، ئەم ماددەیە زۆر موناقەشەکرا، یەعنی فکرەکە ئەوەیە لە بەشێکی ناگەڕێیتەوە بۆ حاکم چۆن؟ بۆ نموونە تانکەرێکت گرت گەورەتر لە حەجمی خۆی دیزاین کراوە، قەبارەی هەیە، ئەو موەزەفەی لەوێیە ئۆتۆماتیکی دەزانێت ئەمەیە، بۆ نموونە (٣٠) تەنە (٤٠) تەنی تێکراوە ئۆتۆماتیکی ئەم موەزەفە دەزانێت خۆی رای دەگرێت، بەڵام لەوێ حوکمی نادات، لە نەتیجە رەوانەی دەکات بۆ دادگا، بۆیە تۆ هەر بارهەڵگرێك کتابێك ناکەی بۆ دادگا بەپێی تەعلیمات (٣٠) تەنە و ئەمە (٤٠) تەنی هەڵگرتووە، بۆیە دەڵێین رای دەگرێت، حوکمی بەسەردا نادات، دەسبەسەری ناکات، نایخاتە مەزادەوە، نایفرۆشێت، هەموو ئەو قەرارانە ئیجرائاتەکانی دواتر دادگا دەیدات، بەڵام ئەم دەستی بەسەردا دەگیرێت، رێگەی لێدەگیرێت و رێگە بە تێپەڕبوونی نادات بەپێی ئەو تەعلیماتانەی کە هەیە، نەك ئەوەی کە راستەوخۆ خۆی بۆ هەموو حاڵەتێك کە رۆژانە، لەوانەیە چەندین حاڵەت دووبارە بێتەوە بێی هەمووی کیتابونا کیتابوکم بچیتە دادگا و بێتەوە و چەند مانگیکی پێ بچێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روونکردنەویەك بۆ ئەو هاوڕێیانەم ئیزافە دەکەم بۆ قسەکانی کاك علی، بۆیە پاسەوانی سنووری تێدا جێ نەکرایەوە، ئەم دەسەڵاتی دەست بەسەرداگرتنەکە دراوە بە ئەنجومەنی ئاسایش و لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، پاسەوانی سنوور دەسەڵاتێکە کە تەنها دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتە فیدراڵییەکان، ئەم یاسایە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانە و دەسەڵاتە تەنفیزیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جێ بەجێی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمانی:**

بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان ئەگەر تێبینی و سەرەنجێکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ کۆکردنەوەی رای لیژنەی تایبەتمەند و رای بەڕێزان لە ئەندامانی پەرلەمان دیارە رایەکان هیچ وەکو وەڵام نەبوو، هەمووی تەئیدکردن بوو بۆ یەکتری، بەڵام من پێم باشە ماددەی سێیەم بە تەواوی ئەو برگانەی لێ هەڵگیرێت و بەو شێوەیە سیاغە بکرێتەوە، دەزگاکانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گومرگ (تتولى مهمه چبگ النفگ و مشتقاته المعد للتهريب من قبل المجرمين وحجز المركبه أو ايه واسگه نقل المستخدمه وتحويل المجرمين الى المحكمه الخاصه لاتخاذ الاجرائات القانونيه اللاحقه بشانهم). تەعریفیشی کردووە ئەو مەحکەمەیە کام

مەحكمەیە لە ماددەی یەكدا، ئەو بڕگانە هەڵبگیرێت بەو شێوەیە سیاغە بكرێتەوە باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی چوار، فەرموون.

**بەڕێز سەركۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٤):

یەكەم: كەسی تۆمەتبار چ ئەنجامدەری سەرەكی تاوانەكە بێت یان شۆفێری هۆكارەكانی گواستنەوە یان ئەوانەی لە تاوانەكەدا بەشدارن، بە مەبەستی لێكۆڵینەوەی دادگایی كردن حەواڵەی دادگای ئەو سنوورە دەكرێت كە نەوت و لێدەرهێندراوە نەوتییەكانی تێدا بە قاچاخ بردراوە.

دووەم: تۆمەتباری دەستگیراكراو بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوە بە دەست بەری ئازاد ناكرێت تا دەرچوونی حوكمی كۆتایی و بنبڕ لەلایەن دادگاوە.

سێیەم: دادگا خەسڵەتی بە پەلە دەدات بەو داوایانەی كە بەپێی حوكمەكانی ئەم یاسایە ئاراستەی دەكرێن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز ئێستا دەرگا گفتوگۆ دەكەینەوە لەسەر ماددەی چوار، كێ دەیەوێت قسە بكات؟ ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت لەسەر ماددەی چوار قسە بكەن (كاك دیاری، كاك محی الدین، گولیزار خان، كاك عوسمان، شیرین خان، كاك د. ڕێبوار، كاك جەلال، نجات خان)، كاك د. ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د. ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێموایە ماددەی چوار بە هەر سێ بڕگەی پێكەوە، جورێك لە تێك هەڵكێشی دروست دەكات لەگەڵ قانوونی عقوباتی عێراقی، جارێكیش دەست تێوەردان لە ئیختیساسات و دەسەڵاتی سوڵتەی قەزائی، بۆیە من داوای ڕوونكردنەوە لە لیژنەی یاسایی دەكەم كە ئەم ماددەیە ئەو هۆكارانەی كە ئاماژەم پێكرد هیچ كێشەیەك دروست ناكات لەگەڵ دەقی قانوونی عقوباتی عێراقی و لەگەڵ دەسەڵاتەكانی سوڵتەی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

نجات خان فەرموو.

**بەڕێز نجات شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم گەر بەرێ خۆ بدەینێ كە خالا سێ ل ماددەیا چوار دا كەسی تۆمەتبار چ ئەنجامدەرێ سەرەكی تاوانەكان بیت یان شۆفێری هۆكارەكانی گواستنەوە یان ئەوانەی لە تاوانەكان بەشدارن بە مەبەستی لێكۆڵینەوە حەواڵەی دادگای ئەو سنوورە دەكرێت كە نەوت و لێدەرهێندراوە نەوتیەكان تێدا بە قاچاخ بردراوە، لێرە جارەكا دی بێتە دادگایی كرن ل دادگای

تایبەت، یەعنی دادگای گومرگ ل هەرێما کوردستان، هەر وەك چاوە هاتیە پێناسەکرن، نابیت لێرە دوو دادگا هەبیتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری فەرمووو.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم، بڕگەی یەکەم: کەسی تۆمەتبار چ ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە بێت یان شۆفێری هۆکارەکانی گواستنەوە، راستە زۆرجار شۆفێری گواستنەوەی تانکەرەکانی نەوت یان موشتەقاتەکانی گواستنەوە هەندێکیان خۆیان ئەو تانکەرانەیان هەیە، یان با بڵێین خیبرەیان هەیە و شتێکی دیکەیان هەیە، بەڵام زۆرجار هەندێکیش بەڕاستی شۆفێرن یان رەنگە نەزانن کە بارەکە قاچاخە، یان بۆ نموونە ئەم کەسانە پێشنەیان نەبێت یان رەنگە لیترێك لەو نەوتە، لەو بەنزینە، یان سەنتێك دۆلارێك بۆ ئەوان نەبێت، بۆیە من پێشنیاز دەکەم بڕگەیەکی بۆ زیاد بکرێت، بۆ نموونە بڕگەی چوارەم، یان بڕگەی دووەم بکرێت بەوەی کە شۆفێر لە جاری یەکەمدا بۆ نموونە تەعاهودی پێ پڕبکرێتەوە، ئەگەر بۆ نموونە جاری دووەم دووبارەی کردەوە غەرامەیەکی سزایی بدرێت، جاری سێیەم بۆ نموونە بە هەمان شێوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عوسمان سێدەری فەرمووو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوار، بڕگەی یەکەم من تەحفوزم لەسەر لێکۆڵینەوەی دادگایی کردن نووسراوە هەواڵەی دادگای ئەو سنوورە، ئەگەر بکرێت بە رەوانەی دادگا نەك هەواڵە، هەروەها بڕگەی دووەمیش تۆمەتباری دەستگیرکراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لە قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە بە دەستەبەری ئەگەر بکرێت بە کەفالەت، کەفالەت لەوانەیە کەلیمەیەکی عەرەبی بێت، بەڵام خەڵکی ئێمە لەو کەلیمەیە خراپ تێدەگات، ئازاد ناکرێت بە دەستەبەری یان بە کەفالەت ئازاد ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئەو موناقەشە لوغەویانە بوو وەختێکی تر لێگەڕێن باشترە بە رای خۆم، بەڕێز شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەبەست لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی چوارەم لە ناساندنی، یاخود دیاریکردنی تۆمەتبارانی بە قاچاخ بردنی نەوتە، بە قاچاخ بردنی نەوتیش روونە لای هەمووان ئەمە بە تاکە کەسێك مەحاڵە ئەنجام بدرێت، زۆرجار ئەم کەسانە کەسانی مەعنەوی یاخود هێزی ئەمنیان لە پشتەوەیە، یاخود کەسانی باڵا لە ئاستی بەرپرسیاریەتی، بۆیە من بۆ ئەم بڕگەیە پێشنیاز دەکەم

بەم شێوازە دابڕژرێتەوە تۆمەتبار ئەو کەسەیە کە ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکەبێت، یان هاوکار، یان شۆفێری ئامرازەکانی گوستنەوە، یان ئەوانەی لە تاوانەکەدا بەشدارن تا کۆتایی بڕگەی یەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محی الدين فەرموو.

**بەڕێز محی الدين حسن يوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی یەکەمی ماددەی چواردا هاتووە کە کەسی تۆمەتبار چ ئەنجامدەری سەرەکی تاوانەکە بێت، یان شۆفێری هۆکارەکانی گواستنەوە، یان ئەوانەی لە تاوانەکە بەشدارن بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردن هەواڵەی دادگای ئەو سنوورە دەکرێت کە نەوت و لێدەرهێندراوە نەوتیەکانی تێدا بە قاچاخ دەبرێن، رەنگە لە هەموو شوێنەکان ئێمە ئەو دادگایەمان نەبێت، چونکە باسی ئەوەم کرد دادگامان هەیە دادگاکانی گومرگی هەرێمە، رەنگە لە قەزایەك و ناحییەیەك ئەو دادگایە نەبێت، بۆیە پێم باشە دادگای تایبەتمەند دەست نیشان بکرێت لەوێندەرێ، خاڵی دووەم: بڕگەی دووەم کە پەیوەندی بە ئازاد نەکردنی تۆمەتبارە، ئەمە پێچەوانەی سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەریە، تاوانبار یاخود کەسی تۆمەتبار تا ئەو کاتەی لەلایەن دادگاوە بڕیاری تۆمەتباری بەسەردا دەدرێت بێ تاوانە، هەروەها مەسەلەیەکی ترمان هەیە ئێمە ماددەی نوزدە بڕگەی یەکەم و ماددەی هەشتا و هەشت و چل و حەوت لە دەستووری عێراقی ئاماژەی بە سەربەخۆیی دادگاکان کردووە و ئێمە فەسڵی سلوتاتمان هەیە کە دەسەڵاتەکان لە یەکتری جیا دەکاتەوە، بۆیە لەگەڵ ئەوەدام بڕگەی دووەم لە ماددەی چوارەم لابدرێت، چونکە ئێمە وا دەکەین دەسەڵاتی تەقدیری بۆ دادوەرە بەڕێزەکان ناهێڵینەوە، تەدەخول بە کاروباری دەسەڵات دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی چوار بڕگەی یەکەم باسی رەوانەکردنی تاوانبار بۆ ئەو سنوورە، بەڕاستی بە مەزەندەی من ئەوە زۆر بە راشکاوی دەڵێت هاوکاری ئەو تاوانبارە بکەن بە خزم خزمێنە و مەحسوبیەت بەرەڵلای بکەن، چونکە زۆرجار دەزانین ئەوانەی لەو سنوورە جاری وا هەیە ئەو موەزەفەی تەقیمی ئەو سێکتەرە دەکات (٤٠) تەنی بەڕێ دەکات، یاخود پۆلیسەکەیە، یاخود یەك لەوانەیە کارمەندە لەگەڵیان و شەبەکەیەکی گەورە دروست دەکەن، بەڕاستی ئەوە وەکو ئەوەی لێدێت دز و ساحێب ماڵ یەك و هەموو شتێك وا لێدەکەن، پێم باشە دادگای تایبەتمەند هیچ کەسێك تەحویلی سنووری خۆی نەکرێت، چونکە ئاسانکاری دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بۆ تەوزیح کرنا ڤی بابەتێ کو قسەکانی د. رێبواری وازح نەبی، ئەڤ ماددەیە بەحسێ دیارکرنا ئیختیساسی تەحریکی شەکوا دکەتن، هیچ تەناقوزەك دگەل قانونا عقوباتێ دانینە، بەڵام من تێبینەیەك هەبی ل لیژنەیادا ژی بەحسکر ئەو بڕگەیا دووێ بی قەرارا مەحکەمەیا ئیتیحادی دەست من هەیە لە تاریخا (٣/ ٤/ ٢٠١٩)، ئیشارەت بە هەندێ دەدات بڕگەیا دووەم نا دەستووریە، ئەز حەزی دکەم هەمی هاریکاربن دگەل من ئەڤی بڕگەی ئەم لادەین دا تەناقوز دگەل دەستوورێ نەبیتن، چونکە ل ڤێرێدا ئەم تەقیدێ دکەین سەڵاحیەتا حاکمی لە ڤێرێدا تەنها مەسەلەن مەخسەدا من بەس بۆ ماددەیا دوویێە نابیتن ئەم تەقیدا ئیلزام بکەین، قازی کو دەست بەسەر یا تاوانباری بکەت هەتا حوکما نیهائی بێتن، ئەو سەڵاحیەت دەڤ حاکمیە، ئەو دێ تەقدیر کەتن ئایا بەربیتن یان نا تەنێ بۆ بڕگەیا دووەم، ئەوەی بۆ بڕگەیا هەشتەم بەحسێ تیرۆر دکەت ئەو ڤێرێدا تەنی دەبیت هەتا حوکمی دوماهیکێ، بەڵام بڕگەیا دووەم ل ڤێرێدا بەس تەنی دێ سەڵاحیەتێ دینە، حاکمی قەزائی ئەو دی دیارکەتن کو ئایا بمینیتن تاوانبار یان نا، ئەڤە ل ڤێرێدا مەحکەیا ئیتیحادی ئیشارەتێ پێدایە یا دیارکر کو ئەڤ بڕگەیە یا دووماهیکێ، چونکە مە یا تەرجومەکر ل قانونا عێراقیدا تەبعەن ل ڤێرێدا ژی تاریخێ (٤/٣/ ٢٠١٩)، ئیشارەتێ پێدایە دبێژیت ئەڤە نە دەستووریە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**
سەرەنجێك ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کە لە لیژنەی تایبەتمەند بەشداری گفتوگۆکان دەکەن بۆ ئامادەکردنی راپۆرت لەوێ گفتوگۆ و سەرەنجەکانی خۆیان دەخەنە روو، کە راپۆرت بە ناوی لیژنە ئامادەکراو و ئیمزاکرا ئەندامانی لیژنە لەوێ وەکو ئەندامی لیژنە ناتوانن روونکردنەوەکانی خۆیان کە لە ناو کۆبوونەوەکانی لیژنە هەیان بووە دیسان بێن لێرە لە ناو لیژنە لەبەردەم پەرلەمانی کوردستاندا بیخەنە ڕوو، بۆیە داواتان لێدەکەین بۆ سوود وەرگرتن لە کات، بۆ سوود وەرگرتن لە گفتوگۆکان، ئەو گفتوگۆیانەی لە ناو لیژنەی خۆتان کردوتانە مەیهێنەوە ناو هۆلی پەرلەمان کە لێرە وەکو لیژنەی تایبەتمەند لێرە لە شوێنی خۆتان دانیشتوون، ببوورە گولیزار خان، کاك بژار فەرموو.
**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەمەوێت تەوزیحەکی بدەم ل سەر بابەتەکی، ئەز حەز دکەم جێی رازەمەندی لە لەلایەن ئەندام پەرلەماناڤە، دەستووری عێراقی ل سەرێ هەرەمێ قانونیە، ل سەران سەرێ عێراق و هەرێمی کوردستانی ژی ڤە، دەستوورێ عێراقی هاتیە حەقی دا پەرلەمانی کوردستانێ تەشریعا دانێت و بۆ خۆ دەربکەت ل دیڤ مەسەلەحەتا وەقیع و ژینگەیا خەڵکی کوردستانێ، ل ڤێرێ مە چ قەیدێت قانونی نینە مە قانونا عقوباتا عێراقێ ڤە گرێدات، یان مە ب قانونا ئەسول مەحاکمات ڤە گرێدات، ما عدا ئەو نەە فەقەرەیەت ماددەیا (١١٠)دا ل دەستوورێ عێراقێدا هاتی ئەو قەیدە بەر دەستێت مە کو ئەمە نەشێین چ پێنکاڤە باڤێین، بەراستی نابیت ئەم هەندە ئەگەر هەر یاسایەك، هەر پێشنیازە یاسایەك ئەم دبێژین ئەڤە ل فلان قانونا هەندە هەی، ئەڤە ل فلان قانونا

هەی، کەواتە پێشنیازە یاسا بـۆ چـنە، هەمـی قانونێـت عێراقـی شـاملن هەمـی مە ل هەرێمـی چ فەراغێت قانونی نیە کەواتە، کایە ل دەستووری عێراقێ ئەڤ حەقە دایە پەرلەمانێ کوردستان، پەرلەمـانێ کوردیسـتانێ نوێنەریـاتیە خەڵکـی خـۆ بـکەت یاسـایێت کوردسـتانێ دەربێخیـت، تەئکیدیت دکەمەڤە چ قەیدێت قانونی و چ مەخالفێت قانونی دەستووری بەر سینگی مە نیـنن، سەبارەت ب ئازادکرنا موتەهەمی چ خیلافی دەستووری نینن، دەستوور ب سـەراحەت دبێـژیتن یێ بەریئە نایەتە ئیدانەکرن هەتا ئیدانا وی تێدا تەسبیت کرن، ل ڤێرێ مە نەگوتیە ئەنگۆ حـوکم بدەن، ل ڤێرێ نـاهتیە ئەڤ کەسـە تۆمەتبـارە دێـتە حـوکم کـرن، ئەڤە ئیجـرائەکە تەدابیـریە، بـۆ هەندێ ئەڤ کەسە کو ختورەتا ل ڤێ جەریـمەدا هەیە یـان جەسامەتا ل ڤـێ جەریـمەدا هەنـدێ دخازیت دەهێتە حجزکـرن، ل دیڤـدا مە هەی سیفەتێ بە پەلە دەدەت مەحکمە سـەیرکەتە ڤێ کەیسێ، کەواتە ئەو ئیجرائاتەکە، ئەڤە نە حوکمەکە ل سەر بێتە دان ل دژی دەستوورێ عێراقـێ بیت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێسـتا دەچیـنە سـەر گفتوگـۆکردن لەسـەر مـاددەی پێـنج، بەڕێـز وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروبـاری پەرلەمان لێرە نییە، دەچینە سەر ماددەی پێنجەم، فەرموو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٥):

یەکەم: هەر کەسـێك یەکێـك لەو کـردەوانە ئەنجـام بـدات کە لە مـاددەی دووی ئەم یاسـایەدا دەقنووسکراون بە بەندکردن لە سێ ساڵ کەمتـر نەبێـت و لە حەوت سـاڵ زینـدانی کـردن زیـاتر نەبێت، وە پێ بژاردنێك کە چوار هەندەی بەهای کەرەستەی قاچاخ براوەکەبێت سزا دەدرێت.

دووەم: لە بارو دۆخی جەنگ و باری تەنگە تاوی و رووداني قەیرانی سـووتەمەنیدا ئەنجامـدانی هەر یەك لەو تاوانانەی لە ماددەی دووی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراوە بە باری توونـدکراو ئەژمـار دەکرێت.

سێیەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر هەر هۆکـارێکی گواسـتنەوە کە تـاوانی بە قاچـاخ بردنـی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی پێ ئەنجام بدرێت جێ بەجێ دەکرێت جـا تۆمەتبـار خـۆی خـاوەنی بێت یان بە کرێی گرتبێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەرگای گفتوگۆ دەکەینەوە بۆ موناقەشەکردن لەسەر ئەم ماددەیە، کێ دەیەوێـت گفتوگۆ بکات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی پێنج بکەن (کاك کازم، کاك محـی الدین، کاك دیاری، کاك ابوبکر، کاك گۆران، کاك بەڵێن، کاك جەلال، کاك مسلم)، کاك مسلم فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ماددەی پێنج لە بڕگەی دووەمدا ئەم ڕێژەیەی کە دانـراوە، ڕێـژەی سـێ سـاڵەکە دوو قات بکرێتەوە، بکرێت بە شەش ساڵ، حەوت ساڵەکەش بکرێت بە دە ساڵ زیندانیکردن، چـونکە

پێموایە کەسی یاسایی بەڕاستی ناتوانی مامەڵە بە قاچاخ بردن و ئەنجامدانی ئەو سەرپێچیانە بکات، بۆیە دووقاتی لێ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو باسکرا هەر تاوانێك بەقاچاخ بردن یەکێك لە تاوانەکان، بۆیە من پێشنیاز دەکەم لە بڕگەی یەکەمی ماددەی پێنجەم هەر کەسێك یەکێك لەو کردەوانەی ئەنجام بدات لە ماددەی دووی ئەم یاسایە دەقنووسکراون بە زیندانی کردن کە لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێت و لە دە ساڵ زیاتر نەبێت، وە پێ بژاردنێك کە چوار هەندەی بەهای کەرەستەی بە قاچاخ براوەکە بێت سزا بدرێت، واتە ژمارەی ساڵەکان لە پێنج ساڵ بۆ دە ساڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای پشتگیریم بۆ قسەی هەردوو بەڕێزان، بەڵام لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێت و لە پانزە ساڵیش زیاتر نەبێت، پێ بژاردنەکەش دە قاتی بێت، چونکە ئەوەی قاچاخی نەوت دەکات بە تەئکید پانزە سەفقەی گەورەی لێدایە، پارەکی یەکجار خەیالی بردیە، لە کاتی شەڕیش خەڵك لەو وەزعە نالەبارە ژیاوە ئەویش ئەوەندە پارەی بردووە، چوار قات چییە، دە قات کەمتر نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای سزادانی عێراقی ساڵی (١٩٦٩) بەندکردنی بە سێ مانگ تا پێنج ساڵی دیاریکردووە، وە زیندانیکردن لە پێنج ساڵ تا پانزە ساڵ، بۆیە ئێمە بێین لێرە تەحدیدی ئەو سەڵاحیەتە دەکەین، تەدخول لە دسەڵاتی دادوەری دەکەین، بۆیە پێموایە ناوەکان هەڵبگیرێت تەنها بنووسرێت بەندکردن و زیندانکردن بۆ ئەو دەسەڵاتە تەقدیریە بۆ سوڵتەی قەزائی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لە یاسادا فاعیل هەیە و شەریك هەیە، بێ ئەمەی کە لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە ئەوە ئەو کردەوانە ئەنجام دەدات کە لە ماددەی دوودا هاتووە، یاخود کار ئاسانی بۆ دەکات، یاخود هاوکاری بۆ دەکات، چونکە ئەویش خەریکی جەریمەکەیە، لە بڕگەی دووەم باس لە هەندێ دۆخ

دەكات بۆ زروفی موشەدەد، یەعنی كە مەسەلەی چەنگ و تەنگە تاوی و قەیرانی داراییە، بە رای من لە رووی كەسیشەوانێ ئەگەر ئەو كەسانەی كە بە من هەڵساون ئەندامان و بەڕیوەبەرانی بازگە سنووریەكان بن یان لە هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ بووە، ئەوانیش زەفێكی موشەدەد بێت، چونكە ئەوانە دەبێت پارێزەری ماڵی گشتی بن، نەك كار ئاسانیان لەو تاوانانە كردبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دیاری فەرمووو.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی كاك بەلێن و كاك جەلال و مامۆستا ابوبكر هەڵەدەنی دەكەم، بەشێك لە سەرەنجەكانی منیان گوت، منیش لەگەڵ ئەوەدام كە ژمارە ساڵەكان لە پێنج ساڵ بكرێت بە دە ساڵ، وە پێ بژاردنەكەش بكرێت دە قات و زیاتریش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك گۆران فەرمووو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنج: لە بارو دۆخی جەنگ و باری تەنگە تاوی روودانی قەیرانی سووتەمەنی لە ئەنجامدانی هەر یەك لەو تاوانانەی لە ماددەی دووی ئەم یاسایە دەقنووسكراوە، بە باری تووندكراو ئەژمار دەكرێت، باری تووندكراو مەبەستەكە چیە، ئەگەر روونتر بینووسن و ئاماژەی پێ بدەن، هەروەها ئەوەشی بۆ زیاد بكرێت كەوا مامەڵەكردن لەگەڵ دووژمندا لە كاتی حاڵەتی جەنگدا دەبین، هەر وەكو لە سالانی رابردوودا هەمووتان ئاگادارن لە شەڕی داعشدا چەند كەسانێك بیستمان و بینیمان كە مامەڵەیان لەگەڵ داعشدا كردوو و لە رێگای بازرگانی كردنی چەك، هەروەها ئۆتۆمبیل رەوانەكردن بۆ داعش، ئەوانەش كە ئەو كەسەناشی كە مامەڵە لەگەڵ دووژمندا دەكەن لەو كاتانەدا ئەوەشی بۆ زیاد بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك د. كازم فەروو.

**بەڕێز د.كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەقا دەق پشتگیری لە قسەكانی بەڕێز مامۆستا ابوبكر هەڵەدەنی دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند ئەگە را و سەرەنجێكتان هەیە فەرموون، كاك بژار فەرمووو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هیچ تەداخولەك لە دەسەڵاتا دادوەریدا و سولتەیا قەزائی و حاكمێ نەهاتیەكرن ل ڤی پێشنیازە یاسایێدا، موشەریعە قانونێ دادەنێت، هەرچی قانون بێتە دانان ئەڤ قانونە دەسەڵاتا تەنفیزی

ژی دێ جێ بەجێ دکەت، کار و میهنەیا مەحکەمێ سوڵتەیا قەزائی ژی دیارە کو جێ بەجێ دکەن و ئەڤێ ئەو موخالەفە عقوبە بکەن ئەوی کەسیە یێ کو موخالەفەی ئەحکامێت ڤێ قانوێ بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاریك لەسەر باری توندکراو، بۆ نموونە سێ بۆ حەوت دانراوە، زەرفی موشەدەدەکە جێ بەجێ دەکات لەو کاتە کە باری توندکراوە، واتە لە کاتی ئەزمەیەکدایە و قاچاخی دەکات، بەنزینی کوردستان دەباتە دەرەوە، ئەو کاتە زەرفی موشەدەدەکەی بۆ حیساب دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی شەش، فەرموون ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٦):

یەکەم: هۆکاری گواستنەوە کەرەستە بارکراوەکان ئەگەر ئەو کردەوانە پێ ئەنجامدرابێت کە لە ماددەی دووی ئەم یاسایەدا دەقنووسکراون هەر کات لە ناو خاکی هەرێم بگیرێن دەستیان بەسەردا دەگیرێت.

دووەم: هەر هۆکارێکی گواستنەوە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستی بەسەردا دەگیرێت دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕ دادگا لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی یاسای فرۆشتن بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەت بەرکار لە هەرێم بە بارەکەیەوە دەفرۆشرێت.

سێیەم: هەواڵدەر و ئەو کەس و لایەنانەی هاوکاربوون لە ئاشکراکردن و دەستگیرکردنی هۆکاری گواستنەوەی بەکارهێنراو لە تاوانی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی لە دوای فرۆشتنی هۆکاری گواستنەوەکە بە رێژەی لە (٢٥%)ی کۆی بڕی نرخی فرۆشراوەکە پاداشت دەکرێت بە مەرجێك لە هیچ حاڵەتێکدا لە (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی زیاتر نەبێت.

چوارەم: ئەو بڕە پارەیەی دوای جێ بەجێ کردنی بڕگەکانی دووەم و سێیەمی ئەم ماددەیە دەمێنێتەوە دەکرێتە داهات و بۆ گەنجینەی گشتی هەرێم دەبێتە داهاتی کۆتایی.

**بەڕێز هێمن هەورامی/ جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان:**

بەڕێز ئێستا بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی شەش هەر بەڕێز دەیەوێت قسە بکات بە دەست بەرزکاتەوە؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن (کاك ابوبکر، کاك جەلال، کاك مەم اسکندر، کاك شێخ زاهر، کاك بەڵێن، ئاشنا خان)، کاك مەم اسکندر فەرموو.

**بەڕێز مەم اسنكدر مەم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی شەش فەقەرەی سێیەم باسی پاداشت دەكرێتن بۆ ئەو كەسانەی كە هاوكاربوونە لە ئاشكراكردن، ڕێژەكە دەست نیشانكراوە (٢٥%)، دوای ئەوە باسی (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆن دینار دەكرێت، ڕەنگە لە داهاتوودا ئەو (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆن دینارە زۆر بەرز و بلند بێت، ڕەنگەش دابەزێت، تەنها دەمەوێت برادەران ڕوونكردنەوە بدەن حیكمەت لە دەست نیشانكردنی یان دیاریكردنی ئەو مەبلەغە چییە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك ابوبكر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله (ابوبكر هەڵەدنی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بڕگەی یەكەمی ماددەی شەشەم زیادە لێرە، چونكە بڕگەی یەكەم و دووەمی ماددەی سێدا هاتووە كە ئەو هۆكارانەی گواستنەوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت، بۆیە لە قانووندا ئەو تەفاسیلە پێویست ناكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەكانی مامۆستا ابوبكر هەڵەدنی دەكەم، بڕگەیَ یەكەم لە ماددەی شەش زیادە، داوا دەكەم هەڵبگیرێت، دوو: ئەگەر لیژنەی قانوونی ڕوونكردنەوەیەك بدەن لەسەر بڕگەی سێیەم ئەو كەس و لایەنانەی هاوكاربوون لە ئاشكراكردنی دەستگیركردنی هۆكارەكانی گواستنەوە و بەكارهێنانی تاوان لە بەقاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەكانی موەزەفی دەوڵەت دەگرێتەوە؟ یەعنی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ یان هەر كەسێك كە خۆی موەزەفی دەوڵەت بێت یان ڕەبتی بە كارەكەوە هەبێت نەك لە بەقاچاخ بردنەكە و لە كەش كردنەكە ئەو بڕی پاداشتەی دەگرێتەوە ئەوانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەموومان ئەركێكی نەتەوییەمان لەسەرە و كوڕی ئەو وڵاتەین، ئەگەر زانیمان نەوت بە قاچاخ دەبرێت و بە قاچاخ چیەكە بزانین، بۆ پاداشت بكرێین كە ئەو ئەركە لەسەر شانی خۆمان بێت، دوو: ئەگەر هەر پاداشت دەكرێن بەڕاستی با داهاتەكە بگەڕێتەوە بۆ حكومەت، بەڵام پارەی پاداشتەكە لە قاچاخچییەكە وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێخ زاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو تێبینیم هەیە، تێبینیەکیان لەسەر کۆی یاساکەیە، لەو یاسایە باسی ئەو کەسە نەکراوە کە بازرگانی بە نەوتی قاچاخ دەکات، یان بازاڕی بۆ دەبینرێتەوە، پێویستە بڕگەیەك زیاد بکرێت تا ئەو کەسە دەست نیشان بکرێت، خاڵێکی تریان ئەوەیە کە خاڵی دووەمە زۆر بە موتلەقی هاتووە، هەر هۆکارێکی گواستنەوە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستی بەسەردا دەگیرێت دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕی دادگا لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی یاسای فرۆشتنی بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەت بەرکار لە هەرێم بە بارەکەیەوە دەفرۆشرێت، ئایا ئەگەر ئەو وەسائیلەی نەقلە موڵکی ئەو کەسە نەبوو یان خاوەنەکەی ئاگاداری نەبوو کە ئەو کابرایە ئەو کارەی پێکردیە قاچاخی پێ کردووە چۆن چارەسەر دەکرێت، بۆیە داوا لە لیژنەی تایبەتمەند دەکەم روونکردنەوە بدەن لەسەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، پشتیوانی لە هەر یەك لە قسەکانی کاك ابوبکر هەڵەدەنی و کاك بەڵێن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئەگەر سەرنج و تێبینیەکتان هەیە لەسەر قسەکانی ئەندامانی پەرلەمان، کاك عباس فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مەسەلەی (٢٥%) و (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆنەکە ئەمە کە پرسیار لەوەبوو ئەم دوو ژمارەیە بۆ دانراوە، چونکە جار هەیە لەوانەیە ئەم باجەی کە لێی وەردەگیرێ زۆر زیاترەبێت لە (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆن کە لە (٢٥%)ی، مەسەلەن لەوانەیە بیست دەفتەر دۆلار بێت، ئەم بیست دەفتەرە ئەگەر لە (٢٥%)ی پێ بدرێت ئەم هاواڵدەرە لەوانەیە پارەکە زۆر زیاتر بکات، لە هەموو حاڵەتەکاندا تۆ نابێت لە (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆن رەت بێت ئەمەی دەدرێتێ، بۆیە ئەو رەقەمە دانراوە ئەوە لەلایەکیان، پرسیارێکی تر لەسەر ئەمە هەبوو ئەم تانکەرانەی کە دەگیرێت و لەوانەیە خاوەنەکەی نەبێت و قاچاخ چی پێکرابێت و بەهەر هۆکارێك بێت بەم هۆکارە هۆیە گوستنەوەی کە کراوە هی هەر کەسێك بێت ئاگادارە، یان ئاگاداری نیيە کە دەست بەسەر دەکرێت لەم کاتەدا ئەویش موسادەرە دەکرێت، ناتوانی ئەوە کارەکەی پێ ئەنجامدراوە ئەگەر

ئاگای لێ نییە دەتوانی ئەمەی پێیکردووە دوایی خۆی خاوەنەکەی چۆن تەعویزی دەکاتەوە شتێکی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارەی کە کاك مەم کردی لە (٢٥%)، بۆ نموونە بای سەد ملیۆنە لە (٢٥%)ی لێ وەردەگیرێت یەکسانە بە بیست و پێنج ملیۆن، بەڵام بیست و پێنجەکە بە زۆر ئەژمارکراوە کراوە بە (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆن، واتە لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆن زیاتربێت، بەڵام ئەگەر شەست ملیۆن بێت هەر (١٥٠٠٠٠٠) ملیۆنەکەیە، پەنجا ملیۆن بێت دوانزە ملیۆن و نیو دەکات، واتە لە (٢٥%)ەکە ئەو رێژەیەیە، کاك جەلالیش سەبارەت بەوەی کێ پارەکەی دەدات، ئەوە قاچاخچییەکە وەردەگیرێت، لە پارەی دەوڵەت نادرێت ئەم پارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەڵبەت بە ئاگاداری بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لیژنە ئێمە لە ماددەی شەش لە بڕگەی سێ جەدەلێکی زۆرمان هەبوو لەسەر ووشەی هەواڵدەر، پێشتر بابەتێکمان هەبوو لە پەرلەمانی کوردستان و ئێستاش یەکلایی نەکراوەتەوە ئەویش گەندەڵی بوو، کە ئاڕاستەی ئەنجوومەنی شورا کراوە بۆ ئەوەی کە بتوانین تەعریفی هەواڵدەر بکەین، هەواڵدەر کێیە، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەنجوومەنی شورا وەڵامی داوەتەوە دەڵێن ئەم تەعریفەمان بۆ نەهاتووە، وە لە هیچ یاسایەك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە حکومەتی فیدراڵیش تەعریفی هەواڵدەرمان نییە، رەنگە ئەوە کێشەمان بۆ دروست بکات، کەیسمان هەبووە بەڕێوەبەری گومرگ خۆی وەکو هەواڵدەر ئەژمارکردووە و ناونووسی خۆی کردووە و پارەشی وەرگرتووە لە بەرامبەری، ئەگەر ئەمە راست بێت بەیانی بەڕیوەبەرێکی ئاسایش یان بەڕێوەبەرێکی پۆلیس یان بەڕێوەبەری پاسەوانی سنوور یان یەکێك کە لە وەزیفەدایە ئەم کارە بکات وەکو هەواڵدەر خۆی تۆماربکات، ئەو کاتە هیچمان بە هیچ نەکرد، یاساکەشمان هاتە بواری جێ بەجێکردن کێشەمان بۆ دروست دەکات، بۆیە پێشنیار دەکەم دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان نووسراوێك ئاڕاستەی ئەنجوومەنی شورا بکەن، بۆ ئەوەی بە فیعلی تەعریفی هەواڵدەرمان بۆ بکەن، نەك هەر لەم یاسایە دەرباز بکەن و کێشەکەمان بۆ حەڵ بکات، بەڵکو لە یاساکانی داهاتووش کێشەکەمان بۆ حەڵ دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە یاسادا موخبیری سڕی هەیە، وە ناوەكەی لە هەموو قۆناغەكانی لێكۆڵینەوە تاوەكو مەحكەمەی تەمیزیش دەمێنیتەوە، لەبەر ئەوە بوونی موكافەئەكە شتێكی باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

موناقەشەكە لێرەدا بوو لە لیژنە، بۆ نموونە بەڕیوەبەری گومرگ بابەتێك دەگرێت دەینێرێت بۆ مەحكەمە خۆی هەواڵدەرە و ئەو پاداشتە وەردەگرێت یان وەری ناگرێت، بابەتەكە پاداشتەكەیە، نەك موخبیری سڕی و موخبیری عەلەنی، بەڵام یەكێكی تر هەیە موەزەفی دەوڵەتە، بەڵام ئەوە كاری ئەو نییە، بۆ نموونە موەزەفە لە دائیرەی ئاو، بەڵام قاچاخیەك دەبینێت ئەمە دەكرێت وەكو هەواڵدەر بەكاربێنین، بەڵام ئایا ئەوەی لە وەزیفەی خۆیە و مەعاش بۆ ئەوە وەردەگرێت، وەزیفەكەی خۆی ئەوەیە رێگە لەوە بگرێت ئایا ئەمە دەبێت وەكو هەواڵدەر حیساب بكرێت یان حیساب نەكرێت، ئەوە بابەتێكە جێگای جەدەلە، داوا دەكەین جەنابتان لە رێگای ئەنجوومەنی شورا حەڵ بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەچینە سەر ماددەی حەوت، تكایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی (٧):

دوای دەرچوونی حوكمی كۆتایی بنبڕ بەبێ تاوانی تۆمەتبار ئەوە:

یەكەم: هەر هۆكارێكی گواستنەوە كە دەستی بەسەرداگیراوە بۆ خاوەنەكەی دەگەڕێندرێتەوە.

دووەم: كەرستە باركراوەكە یان بەهاكەی بە هەمان نرخی فرۆشراو لە رێكەوتی دەست بەسەرداگرتنی دەدرێتەوە خاوەنەكەی.

سێیەم: مافی قەرەبووكردنەوەی پارێزراو بەپێی یاسا بەركارەكان لە هەرێمی كوردستان.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان كێ دەیەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی حەوت بكات با ناوی تۆمار بكات؟ ئەم بەڕێزانە دەیانەوێت گفتوگۆ لەسەر ماددەی حەوت بكەن بەڕێزان (كاك ابوبكر هەڵەدنی، كاك بەهمەن، كاك جەلال)، كاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بەهمەن كاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

راستی من پێموایە ئەو ماددەیە زیادە، چونكە ئێمە لە ماددەی شەشدا پاداشتمان دیاریكردووە، ئەم پاداشتە دەبێتە هۆی ئەوەی كە كەسێك ئەگەر بە تانكەری حكومیش كاری رەسمی بكات و نەوتی رەسمی حكومەت بگوازێتەوە خەڵك بچێ بۆ خۆی هەواڵی لێ بدات، مادام تۆ لەوێ

پاداشـتت کـردووە، لێـرە هـانی خەڵـك دەدەی کە خەبەر بـدات، ئیتـر مـوخبیری سـڕی بێـت یـان عەلەنی بێت، دوای تۆ باسی ڕێکارەکانی مەحکمە دەکەی ئەگەر ئەم تەنکەرە ڕەسمی بوو یەعنـی هی حکومەت بـوو، دزی نەبـوو، باشـە ئەو هەمـوو مـاوەیەی کە تـا مەحـکەمە تەواو دەبێـت ئەو تەنکەرە و ئەو بارە ڕابگری، پێموایە خەلەلێك دروست دەكات لە پڕۆژە یاساكە، هیوادارم لیژنەی تایبەتمەند وەڵاممان بدەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەداخەوە ئێمە لەم پەرلەمانە، پەرلەمانەکانی دنیادا خەڵکی موختەس لە قانوونەکان قسە بکات، ئەم مـاددەیە خـۆی زیـادە، ئەوە رای مـن کفـری قانوونیشـە، چـونکە بەپێـی قـانوونی بنەمـا سـزاییەکان قـانوونی ئەسـولی محاکمـاتی جەزائـی هەر پێـنج بـڕگەکەی (أ، ب، ج، د، ە)، ئەم ڕێکارانەی دەست نیشانکردووە، کاتێك کە فیعلەکە لە قانووندا پێناسـە نەکرابـوو، کاتێـك (لعدم کفاية الادلة، اذا تنازل المشتكي عن شكواه)، هەموو ئەم ڕێکـارانە لە کاتێکـدا دادگـا بڕیـار دەدات کە ئیفراج بووە تۆمەتبارەکە دەردەکات، هەم بەرەڵڵا دەبێت، هەمیش لە ڕاستیدا ئەو هۆکارانەی کە هەمووی دەستی بەسەرداگیراوە بۆی دەگێڕێندرێتەوە، هەروەها بەپێـی قـانوونی مەدەنـیش بەهەمان شێوە بۆی هەیە داوای قەرەبوو بکات، ئیتر ئەو زیانەی کە لەو فەترەدا بەری کەوتـووە، لە فەترەی ڕاگیرانەکەدا ئەگەر ماددەکەی ئیکسپایر بووبێ، خـراپ بـووبێ، بەسـەرچووبێ، تکـایە خۆم پازدە ساڵ موحەقیق عەدلی بووم، ناکرێت تۆ لێرەدا باسی ئەم ڕێکارانە بکەی کە تەحسیل حاسڵە لە قانوندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك ابوبکر هەڵەدەنی کاك بەهمەن دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی تایبەتمەند بفەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەڤ ماددەیە ژ گرنگترین ماددەیە ژ پێشنیارە یاساییدا، ئەڤ ماددەیە بۆ تەحقیقا عەدالەتێیە، بۆ نەهێلانا زەرەرێیە، بۆ جـێ بەجێکرنـا ئیجرائـاتێ وی یاسـایێ ئەڤ شەخصـی دکەڤت، فەرەزەن کەسەك هاتە گرتن ب تۆمەتا هەندێ کـو قاچاخیـا نەفتـێ دکەت، باشـە هـاتە گـرتن ل تـاریخەکێ پازدە رۆژ چوون، ئەڤ پـازدە رۆژە ئەڤ تـانکە ب بـاریڤە نـاهێتە هەڵگرتن، هـاتە فـرۆتن، پشـتی هەنگێ بەریێ دەرکەت، چ تـاوان ئەنجـام نەدایـنە، سـەیارا وی ئەو بـارهەڵگر کـو خـودانێ ویە و بێـتە زڤڕانـدن، هەروەسـا ئەو کەرەسـتێ بـارکری یـێ بێـتە زڤڕانـدن ئەگەر ژ ختـورا ئەڤـی بـاری

هـاتبيته فـرۆتن بەهـايێ ئەڤـی بـاری ڤـێ نەفتـێ دێ ل وێ تاريخـا هـاتيه گـرتن بـۆ خـودانێ تە زڤڕاندن، كەواتە گرنگترين مادده دڤێ پێشنيازه ياسايێدا بۆ تەحقيقا عەداڵەتێ ماددەيـا حەفـتە، ژبەر هەندێ وەكو ليژنەی تايبەتمەند و ليژنەی قانونی دگەل هەندێنە كو ئەڤ مـاددەيە بمێنيـت، دووباره دكەمەڤەوە ئەگەر هەر ماددەيەكيش ڤی قانوونێت عێراقيدا هەبيت كەواتە چ ئيعتيبـار بـۆ ڤـی پێشـنيازە ياسـايێ نامينيـت، هەمـی قـانون مە يـا هەی لە عێراقـێ، حەوجە نـاكەت كـو ياسايەك ل كوردستانێ دەركەڤە بەڕاستی، يەعنی ئەڤ مـاددەيەت گرنـگ خـڕ ئەنـدام پەرلەمانـا بەحس كری كو دەڵێن نەمينيت، ئەگەر نەما دی چ ما تۆ لێرە كو ئەڤە پەسەند ببيت و ببيتە ياسا، پرسـيارا مـن ژێ ئەڤەيە ئەگەر ئيجرائـات بێـنە دەركـرن، ئەگەر ئەڤ كردەوەيێـت تاوانـان بێـنە دەركرن، ئەگەر ئەڤ حەقێ خەڵكی هـاتيە خـارێ بەريـێ دەركەفـت نەهێـتە تەعـويزكرن، كەواتە ئەڤ پێشـنيازە ياسـايێ دی چ دەمينـی تێـدا و بـۆچيە، ئـێمە دگەل هەنـدێينە كـو ئەڤ مـاددەيە بمێنيت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆكی ليژنەی ووزە فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كـاك بەهـمەن قسـەيەكی كـرد بـۆ قەرەبـووەكە، تـاوەكو حـوكمی كۆتـايی وەرنەگرێـت قەرەبـوو ناكرێتەوە، بۆ؟ قەرەبوو لەچی دەكرێتەوە؟ لەو پارەيە دەكرێتەوە و لەو سزايە دەكـرێتەوە كە لە تاوانبـار وەردەگيرێـت، واتە تـا حـوكم نەدرێـت، يەعنـی يەكێـك خەبەرێـك بـدات و بڵێـت ئەوە قاچاخە، يەكسەر ناچێت لە (١٥%)ەكەی بدرێتێ، دەبێت حـوكم بـدرێت و لە بەهـای ئەو حـوكمە ئەوجا قەرەبووی هەواڵدەر دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆكی ليژنەی ياسايی يەك روونكردنەوە، بۆ بنبڕ و كۆتاييشتان نووسيووە، يەعنی بـات و نيهائيشتان نووسيووە؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مە گەلەك گفتوگـۆ كـرن ل ليـژنەی ياساييشـدا، ئەنـدامێ ليـژنەی ياسـايی حـازربوون دگەل راوێژكاران، خۆ حوكمێ كۆتايی مودەيەكێ دەمێنيت ل دێڤرا ئەگەر تەعن بێتە دان ل محكەمەيا تەميزی، كەواتە هەندەك جارا ئەڤ ماوەيەكی دەست نيشـان كـری ل نـاڤبەرا حـوكمی كۆتـايی و بنبڕدا موحتەمەلە ل مودەييدا ئەڤ كەسێ كو هاتيە گرتن موحتەمەلە تەعنـێ لـێ نەدات، ل ڤـی حاڵەتيشدا ئەگەر ئەو مودە تۆمەتی كۆتـايی دەبيـتە حـوكمی بنبـڕ، ژبەر هەنـدێ مە ل ڤێـرێ يـێ دانای، بەس ئەم دشێين ژی ئەگەر موتەفق بن چ كێشە نينە، دشێين كـو كۆتـايی راكەيـن و بەس بنبڕ بهێڵين، بەس بەو مەعنايە دانای كو كۆتايی ژی دەبيتە بنبـڕ ل بوورينـا ڤـی مـودەيێ قـانونی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ماددەی هەشت فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (٨):
هەر کەسێك دەمەزراوە نەوتییەکان، باڵاخانەکان، چاڵە نەوتییەکان، بۆڕی گواستنەوە، کۆگاو و ویستگەکانی عەمبارکردن لە ڕێگەی تەقاندنەوە و کوونکردن، یان هەر کارێکی دیکە کە مەبەستی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بێت تێك بدات بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمار (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) سزا دەدرێت.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت قسە بکات لەسەر ماددەی هەشت تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (کاك مەم، کاك کاوە، مامۆستا عبدالستار، کاك شێخ زاهیر)، کاك کاوە فەرموو.
**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دیارە لێرە حوکمی یاخود عقوبەی ئەو کەسانەی کە لە ماددەی هەشت باسکراوە دەڵێت بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) سزا دەدرێن، باشە ئێمە هەموومان دەزانین یاسای تیرۆر یاسایەکی کاتیە بۆ زەمەنێك یاخود بۆ بارودۆخێکی دیاریکراو ئەو یاسایە کراوە، ئێستا دوو ساڵ درێژکراوەتەوە، دیار نییە ئایا ئەو یاسایە جارێکی تر درێژ دەکرێتەوە یاخود نامێنێت، باشە ئەگەر ئەو یاسایە نەما درێژ نەکراوە چ حوکمێکی تر دەیگرێتەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
یاسای تیرۆر بە تەواوەتی ئیتلاق کرا، یەعنی مودەکەی لێکراوەتەوە بە تەواوەتی، تەنها ئەگەر تەعدیل بکرێتەوە، مامۆستا عبدالستار فەرموو.
**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش هەمان قسەکەی کاك کاوەم هەبوو و پشتگیری لێ دەکەم، من پێموایە هەر بنووسرێت بەپێی یاساکانی سزای عێراقی، چونکە ئیحتیمالی هەیە تەعدیل بکرێت، لەوانەیە تەعدیل بکرێت بە شێوەیەك ئایا مەسەلەن تێکەڵکردنی یان ستەمکردنی کەسێك بۆڕیەکی نەوتی کوونکردووە وەکو ئەوەی تەقینەوەیەکی گەورەی کردبێت کە بیست کەسی کوشتووە و بە هەمان یاسا سزا بدرێت، پێموایە هەر بەپێی یاسای سزای عێراقی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك شێخ زاهیر فەرموو.
**بەڕێز ظاهر محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی هەشت دەڵێت (هەر کەسێك دەمەزراوە نەوتیەکان، باڵاخانەکان، چاڵە نەوتییەکان، بۆڕی گواستنەوە، کۆگاو و ویستگەکانی عەمبارکردن لە ڕێگەی تەقاندنەوە و کوونکردن، یان هەر کارێکی دیکە کە مەبەستی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بێت تێك بدات بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمار (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) سزا دەدرێت)، ئایا ئەگەر

کەسەکە مەبستی لێی بە قاچاخ بردن نەبێت، بەڵکو مەبەستی تەخریب بێت، تێکدانی سەروەتی نیشتیمانی بێ،ت ئایا بە چ یاسایەك عقوبە دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆرم بەدەستەوەیە ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦)، ئەمە بە پێی حوکمەکانی بەرنگاربوونەوەی تیرۆر لە ماددەی سێیەم و زائیدەن ماددەی چوارەم حوکمی جیا جیای هەیە، حوکمێکیان موئەبەدە تا هەتاییە و حوکمێکیان پازدە ساڵییە، ئەوەی کە پەیوەندی بە میدیاوە هەیە کە ئەمڕۆ پڕۆژەیەك تەقدیم دەکەین بۆ گۆڕینی ئەو مەسەلەیە، بەڵام ئایا کام حوکمەیان، حوکمە پازدە ساڵیەکەیە یان حوکمە بیست ساڵیەکە، پێموایە تەحدیدی حوکمەکە بکرایە و ساڵەکە دیاری بکرایە باشتر بوو لەوەی بگەڕێینەوە بۆ یاسای بەرنگاربوونەوەی تۆقاندن و تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی وزە بفەرموون، فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یاسای ژمار (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) یاسای بەرنگاربوونەوەی تۆقاندن تیرۆر لە هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی (٢٠١٠) یاسای درێژکردنەوەی کارکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) لە هەرێمی کوردستان_عێراق، یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٢) یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) لە هەرێمی کوردستان، یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠١٤) یاسای درێژەدان بە کارپێکردنی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦) لە هەرێمی کوردستان_عێراق، یاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٨) یاسای کارپێکردن بە یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦)، لە ماددە یەکی ئەم یاسایەدا کە لە ماژە (٧)ی ساڵی (٢٠١٨) دەرچووە، ماددە یەك دەڵێت (کارکردن بە حوکمەکانی یاسای بەرنگاربوونەوەی تیرۆر ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠٠٦)، کەواتە ئەم یاسایە موەقەت نییە و نافزە لە هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی نۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٩):

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسە و سرووشتی و مەعناویانە دەگرێتەوە کە کردارەکانی هەناردەکردن و هاووردەکردنی نا دروست ئەنجام دەدەن، وە ئەوانەشی دەستکاری بڕیار و بەڵگەنامەکانی هاووردەکردن و هەناردەکردن دەکەن بە زیاد و کەم کردن، وە ئەوانەشی ئاسانکاریان بۆ دەکەن یان بەشدارن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەرگای گفتوگۆ لەسەر ماددەی نۆ دەکەینەوە، کێ دەیەوێت قسە بکات ناوی خۆی تۆمار بکات؟ (کاك سیروان، گولیزار خان، کاك یاسین)، کاك یاسین فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە کە دەردەکرێت من لە ئەلفەوە تاوەکو یا بڕوام پێ نییە، ئایا ئەو یاسایە بۆ خەڵکی هەژار دەردەکرێت کە نەوتی بە قاچاخ دەبەن، یان بۆ ئەو بازرگانانەی کە نەوت دەبەن و بەرپرسی لەدوون، ئایا خەڵکی هەژار دەتوانێت بچێت نەوتی دەربێنێت، ئەگەر خەڵکی هەژار بتوانێت نەوتی دەربێنێت بۆ هەژارە، تاوەکو ئێستا من ئەو یاسایە بۆ کێ دەربکەم، وەزیرم نەدیووە، کوا وەزیری نەوت، ئەگەر وەزیری نەوتمان هەیە بۆ قەترە نەوتەکمان نییە، لە یەك دەقەی گوتیان رێ دەگیرێت هەولێر هەر هەموویان ئیزدیحامی دروست کرد، جارەکەی تریش کاك ئومێد رێی پێ نەدام، من دەڵێم ئەو یاسایە کە دەردەچێت دەبێت وەزیری سامانە سرووشتیەکان لێرەبێت، تاوەکو ئێستا نەوتی کوردستان دەفرۆشرێت ئێمە هەموومان ئەندام پەرلەمانین کەس نازانین بە چەندی دەفرۆشرێت، بە (٦٢) دۆلاری دەفرۆشرێت کە نەوتی خامە ئێمە نەوتی سپی بە (١٠٠) دۆلاری دەکڕین، یەعنی پێم سەیرە ئێوە دانیشتوونە یاسایەك دەردەکەن بۆ خەڵکی فەقیر و هەژار، یاسایەك بۆ ئەو بەرپرسانە دەربکەن کە بیرە نەوتیان هەیە...........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك یاسین ئەو پێشنیازە یاسایە پێشنیازێکی زۆر گرنگە، باس لە نەهێشتنی بە قاچاخ بردنی نەوت دەکات کە هەموومان هاوارمانە لێی، هەموومان بە جیاوازی بیر و بۆچوونی سیاسیمان پێمانوایە کە نەوت بە قاچاخ دەبرێت لە هەرێمی کوردستان، دەبێت یاسایەك هەبێت مامەڵە لەگەڵ ئەم بە قاچاخ بردنە بکات، ئەم یاسایە زۆر گرنگە، ئەگەر بەڕێزت پێتوایە لەم یاسایە گرنگتر هەیە شتێکی تر هەیە لەمە گرنگترە بەڕێزتان دەتوانن لەگەڵ نۆ هاوڕێی ترت لە فراکسیۆنە جیاوازەکان پێشنیازە یاسایەکمان بۆ بنووسی لەمە باشتر بێت، ئەو بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە ئەمەیان پێ گرنگ بووە، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پێمان گرنگ بووە، بۆیە خستوومانەتە بەرنامەی کار، لیژنە تایبەتمەندەکان، لیژنەی یاسایی پێیان گرنگ بووە، نابێت ئێمە ئەوەی کە لەم پەرلەمانە موناقەشەی لەبارەوە دەکرێت پێمانوابێت گرنگ نییە، رێگرتن لە بە قاچاخ بردنی نەوت گرنگە، ئەوەی نەوت بە قاچاخ دەبات خەڵکی خاوەن توانا و خاوەن نفوزە، ئەم یاسایە هیچ پەیوەندی بە خەڵکی فەقیر و هەژار نییە، چونکە وەکو خۆت دەڵێی خەڵکی فەقیر و هەژار ناتوانێت قاچاخی نەوت بکات، گولیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆ بەپێی تێبینی من لەسەریەتی ئەم ماددەیە زیاتر باسی ئیستیرادی نەوت دەکات، تاوەکو ئێستا ئێمە ئەو یاسایەمان هەموار نەکردووە، بە رەئی من ئەم ماددەیە زۆر روون نییە، هەر ماددەیەك لە یاسادا روون نەبێت و غامزبێت وابزانم ئەگەر لابدرێت باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لەسەر ماددەی نۆ سێ سەرەنجی بچکۆلەمەم هەیە، یەکەمیان: لە سەرەتاکەی دەڵێت حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسە سرووشتی و مەعنەویانەش دەگرێتەوە کە کردارەکانی هەناردەکردن تاوەکو کۆتایی، ئێمە هەموومان دەزانین کە کەسی سرووشتی ئەوە دیاریکراوە دیارە تەواوە، کەسی مەعنەوی کەواتە دائیرەیەك دەبێت چۆن مەعنەوی سزا دەدرێت، لەوێدا تکایە روونکردنەوەیەك بدەن، سزای بەدیل چییە بۆ کەسی مەعنەوی، خاڵی دووەم: لە کۆتاییدا دەڵێت ئەوانەشی ئاسانکاریان بۆ دەکەن یان بەشدار دەبن، من پێموایە خاڵێکی تری بۆ زیاد بکرێت ئەوانەی کە هانیشیان دەدەن، چونکە ئێمە دەزانین لە تاوانکردندا خەڵك پێی دەڵێت ئەوە بکە شتێکی باشە، ئەوانیش بکەنە سەر ئەوە، کۆتا خاڵم وێڕای ئەوەی پشتگیری لە قسەکانی کاك یاسین دەکەم، پێویست بوو کە ئێمە لەم پەرلەمانە بەڕێزەدا ئێستا بمانبینیایە کە وەزیری سامانە سرووشتیەکان لێرەبوایە، بۆ ئەوەی موناقشەی بکرایە، لە هەموو موناقەشەکانی تردا وەزیری مەعنی هاتووە بۆ ئێرە، هەر جێی خۆشییەتی بڵێین ئێمە ئەم کابینە گرنگە گرنگترین وەزیر لەم وڵاتەدا وەزیری سامانە سرووشتییەکانە کە نیمانە، بەڕێز سەرۆکی حکومەت وەك وەکیلێك دەستنیشانکراوە، ئێمە پێویستمان بەوە هەیە فشارێك بکەین کە وەزیرێکمان هەبێت، مەعنی بێت بەم کارە گرنگەی کە لەم وڵاتەدایە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێز کاك سیروان هاندان بەشێکە لە ئیشتراك، جۆرێکە لە جۆرەکانی، یەعنی چەند جۆرێکی هەیە، بۆیە پێویست ناکات کە دەڵێی بەشدارن یەعنی ئیشتیراکیان کردووە، کەسی مەعنەویش بە تەنها دوائیری حکومی ناگرێتەوە، شەریکات و ئەوانەشی کە لەو بوارە کار دەکەن کەرتی تایبەت دایانگرێتەوە، بۆیە کەسی مەعنەوی دانراوە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ووزە قسەتان هەیە؟ فەرموو کاك علی.
**بەڕێز علی حەمە صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەڕێزت بەشێك لە تەوزیحاتەکان زۆر بە باشی دا، کەسی سرووشتی یەعنی ئەشخاص بن، کەسی مەعنەوی یەعنی کۆمپانیایەك، موئەسەسەیەك، شتێك کە کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە، یەعنی دیارە، کەسی موعەین نییە، کەسی مەعنیە، کەسایەتیەکی مەعنەویە زۆر بە روونی دیارە، لە تەواوی بەشێك لە موداخەلەکاندا کە پەیوەندی بە لیژنەکەی ئێمە و ئەرکی ریقابی لیژنەی ئێمەوەیە باسی پارەی نەوت و داهاتی نەوت و ئیرادی نەوت دەکرێت کە ئەو لیژنەی ئێمە بە دریژایی ئەم ماوەیە بەدواداچوونمان کردووە، پرسیارمانکردووە ئێستا چوار سەد و نزیکەی حەوتا هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم دێت، سێ سەد ملیۆن دۆلار دەدرێت بە دارایی، چەندێك بۆ شەریکات دەچێت ئەرکی ئەوە بە سەندوقی داهاتی نەوت حەل دەبێت، بەم یاسایە حەل نابێت، ئێستا لە لیژنەکەمان لە ڕێگەی سەرۆکایەتی ئێوە داوامان کردووە و هەموو لایەنەکان پێویستە داوا بکەن ئەو ئەنجوومەنە بێت متمانەی پێ بدرێت، ئەنجوومەن متمانەی پێدرا ئەو کاتە ئەندامانی ئەنجوومەنی هەرێمی نەوت، یەعنی ئەنجوومەنی ئەو سەندوقی داهاتە لەبەردەم پەرلەماندا بەرپرسن، پرسیاریان ئاڕاستە دەکرێت، لە قانونەکە دیاری کردووە چۆن بە بەردەوامی راپۆرت لەسەر داهاتی نەوت خەرجییەکاندا دێت بۆ پەرلەمان، یەعنی

کێشەکە بەمە حەل دەبێت، نەك بەوەی کە ئەم یاسایە، ئەم یاسایە بۆ شتێکی ترە، ئەو کارەی کە هەموومان بڕوامان پێیەتی و شەفافیەتە لە دۆسیەی نەوت و بەبێ شەفافیەت لە نەوت ئیسڵاح لە دۆسیە گەورەکەی ئەم وڵاتە کە نەوتە ناکرێت، دەبێت بە سەندوقی داهاتی نەوت و بە کۆمۆ حەل بکرێت، چونکە ئەمە زۆر دووبارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی دە، تکایە بخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٠):

ڕێگە بە هیچ هۆکارێکی گواستنەوە نادرێت کە نەوت و لێدەرهێندراوەکانی بار بکات تەنها بە ڕێگە پێدانی فەرمی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و بەپێی ئەو بڕ و نموونە و پێوەرانەبێت کە وەزارەت ئامادەیان دەکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت قسە بکات لەسەر ماددەی (١٠) تکایە ناوی تۆمار بکات؟ (مامۆستا ابوبکر، کاك بەڵێن، د.گەلاوێژ، کاك شاخەوان، کاك رزگار)، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی دە دەڵێت (ڕێگە بە هیچ هۆکارێکی گواستنەوە نادرێت کە نەوت و لێدەرهێندراوەکانی)، بەڵام ئەگەر کەسێك دوو هەزار لیتر نەوت ببات بۆ گوندێك لە سنوورەکاندا، لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان ئایا ئەویش هەر بە قاچاخ چی ئەژمار دەکرێت، ئەوە حەق وایە دیاری بکرێت بەڕاستی، بڵێین ئیدارەی ئەو قەزایە و ناحیە ڕێگە پێدراوی بۆ بکات، بۆ ئەوەی بە قاچاخ چی ئەژمار نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـن ئەم ماددەیە دەمەوێت بیقۆزمەوە بۆ بابەتێکی گرنگتر کە ئەویش پەیوەندی بە ڕووداوەکانی هاتووچۆوە هەیە، یەکێك لە هۆکارەکانی ڕووداوەکانی هاتووچۆ کارەساتەکانی ئەم تانکەرانە دروستی دەکەن، ئەم بارهەڵگرانە، بۆیە ئەوە باشە کە دەڵێ بەپێی ئەو بڕ و پێوەرانە بێت کە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان دیاری دەکات، وە بەپێی ئەو ڕێنماییانەش بێت کە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بۆ ئەو بارهەڵگرانە دیاری دەکات، بۆ ئەوەی کە ڕێنماییەکانی ئەوانیش مەشمول بێت بە ڕێنماییەکان وەزارەتی سامانە سرووشتیەکاندا، بۆیە لێرەوە بەشێك لە حەجمی ئەو کارەساتانە کەم بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دیـاره لە مـاددەی یەکەمـیش پێشـنیازم کـرد، لێـره دووبـارەی دەکەمەوە کەوا ڕێـگە بە هـیچ هۆکـارێکی گواسـتنەوە نەدرێـت کە نەوت و لێدەرهێنـدراوەکانی بـار بکـات، تەنهـا بە ڕێپێـدانی فەرمـی ئەنجـوومەنی هەرێمـی بـۆ نەوت و گـاز و بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی سـامانە سرووشتییەکان بەپێی ئەو بڕ و پێوارەنە بێت کە وەزارەت یان ئەنجوومەنەکە دیاریـان دەکـات، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
د.گەلاوێژ فەرموو.
**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی دەیەم من پێمباشـە و پێشـنیارێك دەکەم لەگەڵ هەر مۆڵەتـدانێکی بە کۆمپانیـایەك یـان کەسێك کە لە بواری نەوت کار بکات، پێویستە پرۆژەیەکـی ژینگەیـی یـان خزمەتگوزاریەك وەك قیرتـاوکردنی شـەقامەکان، چـونکە ئەوان هۆکـارن بـۆ تێکـدانی قیرەکـانی شـەقامەکان لەگەڵـی بیکاتن، ببێتە مەرج بۆیان کە مۆڵەتەکەیان پێ دەدرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك شاخەوان فەرموو.
**بەڕێز شاخەوان ڕۆوف مصطفى:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ماددەی دە من پێشنیار دەکەم جگەلە وەزارەتی سامانە سرووشـتییەکان ئەو مـۆڵەتە و ڕێـگە پێدانەی کە بڕیارە لە ڕێگەی وەزارەتی سامانە سرووشتیەکانەوە بدرێت بە بازرگانەکان، پێشنیار دەکەم لە راستیدا مۆسەسەیەك هەیە بە ناوی ئەنجوومەنی نەوت وگاز، یەعنـی ئەو مـۆڵەتە ئەو ڕێـگە پێـدانە بە فیلـتەری ئەنجـوومەنەکە بـڕواتە وەزارەتـی سـامانە سرووشـتیەکان، بـۆ ئەوەی دروستر بێت یان با بڵێین روونتر بڵێم شەفافتر بێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سەرۆکی لیژنەی وزە فەرموو.
**بەڕێز علی حەمە صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بەوەی کە کاك رزگاریش گوتی، ئەگەر دوو هەزار یان چـوار هەزار لیتـر لە شـوێنێکەوە دەچێتە شوێنێکی تـر، یەکەم: ئەم نەوتە سـەرەتا ئەگەر مەسـدەرەکەی دەرەکـی بێـت دەبێـت بە مۆڵەت و بە پێوانە و بە قیاسات بە گومرگدا بێـت، دووەم: ئەگەر مەسـدەرەکەی نـاوخۆیی بێـت مۆشتەقاتی نەوت بێت کە نەوتی سپییە، نەوتی ماڵانە، گازوایلە، بەنـزینە تـا کۆتـایی، دەبێـت بە موافەقاتی پاڵاوگە رەسمیەکانەوە بێت، ئەگەر نەوتی خـاویش بێـت ئەوە لە ئەسـڵدا قاچـاخییە، چونکە کەس بۆی نییە نەوتی قەزایەك بۆچی دەبەیت، ئەوە ڕێك قاچـاخییە، واتە بەبـێ مـۆڵەت ناتوانرێت نەوت ببرێت، ئەگەر کڕین و فرۆشتنیشی پێ بکرێـت ئەوە بـابەتێکی ڕێـگە پێـدراوە و ئاساییە، یەعنی ئەو لەو سێ بەشـە خـۆی دەبێنێـتەوە، سـەبارەت بەوەی کە پـارە بسـەندرێت لە بازرگانی گواستنەوە، ئێستا پارەیان لێ دەسـێندرێرێت، هەر بارهەڵگرێـك هەم پـارەی ڕێگاوبـانی

لێ دەسێندرێت و هەم پارەی ژینگەشی لێ دەسێندرێت، واتە ئەوە ئێستا هیچ گرفتێکی نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەچینە سەر ماددەی یانزە، تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١١):

وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر بەڕێزێك دەیەوێت لەسەر ماددەی یانزە قسە بکات تکایە دەستی بەرزکاتەوە؟ (مەم بورهان، د.محی الدین، کاك رزگار، کاك شێخ زاهیر، کاك مەم اسکندر)، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم اسکندر مەم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی یازدە دەڵێت وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیە بێت وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان، چونکە لە ماددەی سێ فەقەرەی دوو باسی بەکارهێنانی هێز دەکات، لەو کاتە پێویستی بە وەزارەتی تریش هەیە، وەزارەتی ناوخۆ و هێزە ئەمنیەکانی تر، بۆیە پێشنیار دەکەم سیغەکە بەم شێوەیە بێت وەزیری سامانە سرووشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ زاهیر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی وەزارەت کەسێکی مەعنەویــیە ئەوەی تەمسیلی ئەو وەزارەتە دەکات کەسێکی سرووشتیە کە شتێکی زۆر ئاساییە وەزیرە، بۆیە پێشنیار دەکەم لە جیاتی وەزیری سامانە سرووشتییەکان بکرێتە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە من پشتگیری لە قسەکانی کاك شێخ زاهیر دەکەم، کە دەڵێت وەزیری سامانە سرووشتییەکان بکرێتە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، لە تەنیشت ئەو دوو وزارەتە وەزارەتی ناوخۆش جێگیر بکرێت تێیدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محی الدین فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ماددەی سێ ئاماژە بە دەزگاکانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگ کراوە، لێرە تەنها وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان و وەزارەتی داراییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم وا بنووسرێت لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە لایەنی پەیوەندیدارەکان ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن، نەك تەنها ئەو دوو وەزارەتە، چونکە وەزارەتی ناوخۆشی تێدایە و دەزگای ئاسایشی تێدایە کە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانە، بۆیە لەگەڵ ئەوەم کە ئەرکی جێ بەجێکردنی ئەو یاسایە ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان بێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
کاك سەرکۆ فەرموو.
**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە کاتی نووسینەوەی راپۆرتەکەدا ئەوەی کە تەئکیدکرایەوە پێویستە بە وەزیری سامانە سرووشتییەکان، وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان لێدەرهێندراو و ئەوەی کە پەیوەستە بە نەوت و دۆسیەکان نەوت و گاز ئەرکی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا وەزیری دارایی پەیوەستە بە گومرگ و باجەکان، وەزارەتی ناوخۆ سولتەیەکی تەنفیزیە و جێ بەجێ کاری بڕیارەکانی یاساکانە، ئەو رێنماییانەش بۆ وەزیری سامانە سرووشتییەکان و وەزیری دارایی دانراوە، بۆ ئەوەی کە ئەمان زیاتر لە ناو کارەکانن، دەتوانن کار ئاسانی و بتوانن لە ئەرزی واقیع چۆن جێ بەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دەچینە سەر ماددەی دوانزە، تکایە بیخوێننەوە.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
ماددەی (١٢):
کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێت.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت لەسەر ماددەی دوانزە قسە بکات تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کاك د. عثمان فەرموو.
**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
داوای روونکردنەوە دەکەم لەو لیژنەیە بەڕێزە کە هەر دەقێکی یاسا ئەگەر یاسا بێت ئێمەش هەر یاسا دادەنێین، کەواتە روونکردنەوەیەکمان پێویستە ئەگەر یاسا بێت ئێمە لە لیژنە یاسا قسەمان نەکردووە، یان دەبێت ئەو نا یاسایی بێت یان دەبێت تەعدیلێکمان کردبێت، پێمخۆشە روونکردنەوەیەکمان بۆ بدرێت، بۆ نموونە بۆچی؟ زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سەرۆکی لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دوانزە ئەڤ ماددەیە تەبعەن هەمی یاسا و بڕیارا دەدەت ل دەمێ دەرچوونێ ل زەمنی ئەحکامی عام و ئەحکامی خیتامی یا هەیە، دەلالەتا وازحە، یەعنی بەری نوکە یاسایەك هەبیت، ماددەیەك هەبیت ل دیڤ یاساییدا خیلافی ئەڤی نەصێ نوی بیت ل ڤی پێشنیازە یاساییدا دەلالەتا وازحە کو کار بێتە کرن و حوکمێ موخالەفە دگەل ڤێ نایێتە کرن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، گەر دەرفەت بیت پێتڤی بوو پتر ئاماژە پێدا، داخازە ساغی و سەلامەتییێ بۆ برایێ هێژا د. اسماعیل سگیرێ دخازین کو ژبەر بارێ تەندروستیا وی نە یا باشە ئەڤرۆ ئامادەیی دانیشتنێ نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فرید ابراهیم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم بۆ ماددەی یانزە موستەڵەحی ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایەی ئیزافە بکرێت، چونکە ئەوان کار لەسەر جێ بەجێکردنی ناکات، بەڵکو تەعلیمات بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی یاساکەیە، لە پێش ئەوەی ماددەی دوانزە پێویستە ئەو یاسایە تەوجیهی بکرێت، کێ ئەرکی جێ بەجێکردنی ئەو یاسایە دەگرێتە ئەستۆ، بۆیە پێویستە ماددەیەك ئیزافە بکرێت، پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن، ئینجا بێتە سەر ماددەی دوانزە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەچینە سەر ماددەی سیانزە، فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٣):

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێ بەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت قسە بکات لەبارەی ئەو ماددەیەوە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس نییە قسە بکات، دەچینە سەر هۆکارەکانی دەرچوواندن تکایە بیخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هۆیەکانی دەرچوواندن

لەبەر ئەوەی بە قاچاخ بردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی لەو تاوانانەیە کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان_عێراق، لە پێناو ڕێگەگرتن لە کاروکردەوەکانی بە قاچاخ بردن و بە تاڵانبردنی نەوت و لێدەرهێندراوەکانی، بەرنگاربوونەوەی ئەم تاوانە و

پاراستنی سامانی نەوت و سەپاندنی سزایەك كە گونجاوبێت لەگەڵ مەترسیداری ئەم تاوانە ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان دەیەوێت قسە بكات لەسەر هۆكاری دەرچوواندن، كێ دەیەوێت قسە بكات؟ كاك د. كاظم فەرموو.

**بەڕێز د. كاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە ماددەكانی پێشووتردا لە كاتی موناقەشەدا هەندێك پێشنیازمان كرد، بەر مەبنای ئەم پێشنیازانە لێرە پێشنیاز دەكەین ئەوەی بۆ ئیزافە بكرێت لە پێناو شەفاف كردنی فرۆشتنی نەوت و گاز لەلایەن حكومەت و ڕێگری كردن بە قاچاخ بردنی نەوت لەلایەن حكومەت یان هەر لایەنێكی ترەوە ئەوەی ئیزافە بكەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. گەلاوێژ فەرموو.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕێزی سێیەم بەرنگاربوونەوەی ئەم تاوانە و پاراستنی سامانی نەوت بكرێتە قەدەغەكردنی ئەم تاوانە و پاراستنی سامانی نەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ڕۆژی چوارشەممە سەعات (١١) بۆ دەنگدان لەسەر ئەم پێشنیازە یاسایە كۆدەبینەوە، ئێستاش بەم شێوەیە دانیشتەكەمان هەڵدەگرین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسن** |
| **سكرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سەرۆكی پەرلەمانی** |
| **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)ی
چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\٣\٤
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢)
## چوارشەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/٣/٤

كاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی چوار شەممە رێكەوتی ٢٠٢٠/٣/٤ پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د. رێواز فائق حسێن سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سكرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ساڵی یەكەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان لە كاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی چوار شەممە رێكەوتی (٢٠٢٠/٣/٤) بەم شێوەیە بێت:

١-قبوڵكردنی دەست لە كاركێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (گوڵستان باقی سلیمان) لە لیژنەی كشتوكاڵ و ئاودێری و زیادكردنی بۆ سەر لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و داكۆكی لە مافی ئافرەت بە پێی حوكمی ماددەكانی (٢٨)، (٣٤) ە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان-عیراق.

٢- دەنگدان لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەكانلە هەرێمی كوردستان-عیراق بە پێی حوكمی ماددەكانی (٩٠)، (٩١)، (٩٣)، (٩٦)، (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان.

بەپێی حوكمی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان-عیراق دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بە زیاد كردنی بڕگەیەك بە ڕیزبەندی سێیەم بۆ بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی چوارشەممە ڕێكەوتی (٢٠٢٠/٣/٤) بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

٣-قبوڵكردنی دەست لە كاركێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (شیرین یونس عبدالله) لەلیژنەی پەیوەندییەكانی ڕەوەندی كوردستانی و زیادكردنی بۆ سەر لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەت و زیادكردنی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (زیاد جبار محمد) بۆ سەر لیژنەی پەیوەندییەكانی ڕەوەندی كوردستانی بە پێی حوكمی ماددەكانی (٢٨)، (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان-عیراق.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بە ناوی گەلی كوردستان.، دانیشتنی ژمارە (٢) وەرزی تەشریعی یەكەم لە ساڵی دووەم خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردستان دەست پێ دەكەین، سەرەتا لەبەر ئەوەی بەیانی (٥)ی ئازارە و ئێمە ئەمڕۆ كۆبوونەوەی پەرلەمان دەكەین، بە ناوی دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان، بە ناوی پەرلەمانی كوردستان گەرمترین پیرۆزبایی (٢٩)یەمین ساڵیادی ڕاپەڕینە

مەزنەکەی گەلەکەمان لە کوردستانیان و هاوولاتیانی کوردستان دەکەین، سەری ڕێز و نەوازش بۆ تەواوی شەهیدانی ڕاپەڕین و شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری گەلەکەمان و ڕێگەی ڕزگاری نیشتیمانی و نەتەوەیی دانەئەوێنین، ئومێد دەکەین تەواوی خواستەکانی ڕاپەڕین لە ئایندەی نزیکدا بێنە دی.

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێستاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو، بەرنامەی کاری ئەو کۆبوونەوەیە، ناوی ئامادەنەبووانی دانیشتنی پێشووی پەرلەمانی کوردستان و ئامادەنەبووانی کۆبوونەوەی لیژنەکان لە کاتی پشووی وەرزی تەشریعی بخوێنێتەوە، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی نادر (قەهوەچی) / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار**

بە پێی حوكمی ماددەی (٥) و بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) و بڕگەی سێیەم لە ماددەی (١٨) بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم) لە ماددەی (٢٠) ماددەکانی (٤٧)، (٤٨)، (٥٢)، (٥٤)، (٥٥)، (٥٦)، (٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر ١٢ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوارشەممە ڕێککەوتی (٢٠٢٠/٣/٤) بەم شێوەیە دەبێت:

١-قبوڵکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (گوڵستان باقی سلیمان) لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی لە مافی ئافرەت بە پێی حوكمی ماددەکانی (٢٨)، (٣٤) ە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عیراق.

٢- دەنگدان لەسەر یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانلە هەرێمی کوردستان-عیراق بە پێی حوكمی ماددەکانی (٩٠)، (٩١)، (٩٣)، (٩٦)، (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بەپێی حوكمی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بە زیاد کردنی بڕگەیەك بە ڕیزبەندی سێیەم بۆ بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/٤) بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

٣-قبوڵکردنی دەست لە کارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (شیرین یونس عبداللە) لەلیژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و زیادکردنی ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز (زیاد جبار محمد) بۆ سەر لیژنەی پەیوەندییەکانی ڕەوەندی کوردستانی بە پێی حوكمی ماددەکانی (٢٨)، (٣٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان-عیراق.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

پوختەی دانیشتنی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/١) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

١-دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٢-خوێندنەوەی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣-دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤-یەك دەقیقە بێدەنگی و وەستان بۆ ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان عیراق لەگەڵ بارشی نەتەوەیی کردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان-عیراق لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٥-وتاری بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەم بۆنەیەوە و ئاماژە پێکردنی چەندیەن بابەتی گرنگ کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بوونەتەوە.
٦-خوێندنەوەی دووەم و گفتوگۆکردنی پێشنیازە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.
٧-کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بەبێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادەنەبوون:
١-لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە (٢٠٢٠/١/٥):
-بدريه إسماعيل محمود مۆڵەت
٢-لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە (٢٠٢٠/١/٢٧):
-هێڤیدار أحمد سلمان مۆڵەت
-شێرکۆ جودت مصطفى مۆڵەت
-سەرکۆ ئازاد حسين مۆڵەت
٣-لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لە (٢٠٢٠/١/٢٨):
-شوان کریم محمد مۆڵەت
-شەمۆڵ اشين صابر مۆڵەت
-دابان محمد حسين مۆڵەت
٤-لیژنەی کاروباری پێشمەرگە (٢٠٢٠/٢/٣):
-أبوبكر عمر هەڵەدنی مۆڵەت
-باپیر کامەلا سلیمان مۆڵەت
-بژار خالد عبدالله مۆڵەت
٥-لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم (٢٠٢٠/٢/٤):
-عبدالناصر أحمد على مۆڵەت
-مەم ئەسکەندەر مۆڵەت
-هدیە مراد حیدر مۆڵەت
-شیرین أمین عبدالعزیز مۆڵەت
-سیروان فرج محمد مۆڵەت

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەڵێت تەرکیز بکەن بۆ ئەوەی ئەگەر ناوی یەکێکمان بە غەڵەت کردبوو ئێستا چاکی بکەین، دوایی کەس گلەیی نەکات.

**بەڕێز منى نبى نادر (قەهوەچی) / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس.

٦-لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی (٢٠٢٠/٢/٤):

-سەرکۆ ئازاد حسین مۆڵەت

-سۆران عمر سعید مۆڵەت

-ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله مۆڵەت

٧-لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی:

-فريد يعقوب ايليا مۆڵەت

-گوڵستان باقی سلیمان مۆڵەت

-هەلەز أحمد محمد مۆڵەت

٨-لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (٢٠٢٠/٢/١٢):

-هەژان حسن أحمد مۆڵەت

-بەهمەن کاك عبدالله مۆڵەت

-إدريس إسماعيل عبوش مۆڵەت

-شاخەوان رؤوف مصطفى مۆڵەت

-فاهيك كمال صوغومون مۆڵەت

٩-لیژنە کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ (٢٠٢٠/٢/١٢):

-ڕۆمیۆ حزيران نيسان مۆڵەت

-بدريە إسماعيل محمود مۆڵەت

-شيرين يونس عبدالله مۆڵەت

-مەم ئەسکەندەر مۆڵەت

-هيمداد صباح بلال ئامادەنەبوو

١٠-لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری (٢٠٢٠/٢/١٧):

-شێرکۆ جودت مصطفى مۆڵەت

-سەرکۆ ئازاد حسین مۆڵەت

١١-لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی (٢٠٢٠/٢/١٧):

-فريد يعقوب ايليا مۆڵەت

١٢-لیژنەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان (٢٠٢٠/٢/١٨):

-مەم برهان قانع مۆڵەت

١٣-لیژنەی کاروباری یاسایی (٢٠٢٠/٢/١٨):

-عباس فتاح صالح مۆڵەت

-سلام عبدالله حسن ئامادەنەبوو
١٤-لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆساید و زیندانیانی سیاسی (٢٠٢٠/٢/٢٤):
-إدريس إسماعيل عبوش مۆڵەت
١٥-لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری (٢٠٢٠/٢/٢٤):
-محمد سعدالدين مۆڵەت
-سۆران عمر سعيد مۆڵەت
-سەرکۆئازاد مۆڵەت
١٦-لیژنەی ڕۆشنبیری وکۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان لە (٢٠٢٠/٢/٢٥):
-ئازاد أكرم بهرام مۆڵەت
١٧-لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە (٢٠٢٠/٢/٢٥):
-محمد سعدالدين مۆڵەت
-ليزا فلك الدين مۆڵەت
-سەرکۆ ئازاد حسين مۆڵەت
١٨-لیژنەی تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر (٢٠٢٠/٢/٢٥):
-كاظم فاروق نامق مۆڵەت
١٩-لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان (٢٠٢٠/٢/٢٥):
-ڕزگار عيسى سوار مۆڵەت
٢٠-لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان (٢٠٢٠/٢/٢٦):
-بەهمەن كاك عبدالله أحمد مۆڵەت
-شوان كريم محمد مۆڵەت
-هەورامان حەمە شريف مۆڵەت
٢١-لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم (٢٠٢٠/٢/٢٦):
-جمال حويز مصطفى مۆڵەت
-مەم ئەسکەندەر مۆڵەت
-ليزا فلك الدين كاكەیی مۆڵەت
٢٢-لیژنەی کاروباری پێشمەرگە (٢٠٢٠/٢/٢٦):
-سيروان فرج محمد مۆڵەت
-أبوبكر عمر هەڵەدنی مۆڵەت
-جمال حويز مصطفى مۆڵەت
-بژار خالد عبدالله مۆڵەت
٢٣-لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت (٢٠٢٠/٢/٢٦):
-جلال محمد عبدالله مۆڵەت
٢٤-لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی (٢٠٢٠/٣/٢):
-جهاد حسن إبراهيم مۆڵەت
-كاظم فاروق نامق مۆڵەت

-إسماعيل علی طه مۆڵەت
-كلارە عودیشو یعقوب مۆڵەت
٢٥-لیژنەی ڕۆشنبیری و كۆمەڵگەی مەدەنی و وەرزش و لاوان:
-محسن حسین مصطفی مۆڵەت
-گولیزار رشید حاجی مۆڵەت
-پێشەوا طاهر مصطفی ئامادەنەبوو
٢٦-لیژنەی داكۆكی كردن لە مافی ئافرەت (٢٠٢٠/٣/٢):
-جوان یونس ڕۆژبەیانی مۆڵەت
-بدریە إسماعیل مۆڵەت
بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.
ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراو یان بە بێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی كردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێكەوتی (٢٠٢٠/٣/١):
هەموویان مۆڵەت پێدراون:
-إسماعیل علی طه
-باپیر كامەلا سلیمان
-ژكری أحمد إسماعیل
-شوان كریم محمد
-عبدالناصر أحمد علی
-فرید یعقوب إیلیا
-مژدە محمود محمد
-هەژان حسن أحمد
زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵێ كاك سیروان، نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان هەر كەسێك بە كاری بەدواداچوون بچێت، بڕوات، یان ئیشەكی بەدواداچوون بكات، گوناهە و تاوانێكی میهەنی یە بە مۆڵەت حیساب بكرێ، من لە (٢٠١٩/١١/٢٩) كتابێكی فەرمیم ئاراستەی جەنابتان كرد وەك سەرۆكایەتی، گوتم بۆ بەدواداچوونی كێشەی هەزاران پەنابەر لە یۆنان شاندێك بنێرن، كتابی فەرمی جەنابتان (٤٤١٢٨) وەڵامتان دامەوە ئێستا شاند وەستاوە، بە كتابێكی تر دوای (١/٢) كتابێكم دا بە سەرۆكایەتی پەرلەمان گوتم من لە كاتی پشووی پەرلەمان و لەسەر بودجەی خۆم دەچم لەسەر میلاكی خۆم دەچم ئەو ئیشە دەكەم، ئێ من لەو مانگەی كە خەڵك پشوویەتی لەباتی ئەوەی بچم نەوەكان و مناڵەكانم ببینم چوومەتە لای هەزاران پەنابەر لە یۆنان، لە ئیتالیا و لە جنیف چووم سەردانی (UN)م كردووە بە مۆڵەت حیساب كراوم، ئێستا

هاووڵاتی بەڕێز وادەزانی من چووم بۆ گەشت و گوزار کە ئەوە مافێکی سروشتی یە، ئەوە لە لایەك، لەلایەکی تریش نوقتەیەکی نیزامی ترم هەیە.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا جارێ یەکەم تەواو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

بەڵێ باش.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکەم تەواو عیلاقەی بە غیاباتەکەوە هەیە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە کە ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان مۆڵەت دەدەین ئێوە تەوەقوعی هەموو شتێك دەبێ بکەن، ئینشاڵلا هەر هەمووتان سەلامەت دەبن، بەڵام جەنابت چوویتەتە دەرەوە ئیزنت وەرگرتووە، ئیزنی سەرۆکایەتیت وەرگرتووە مۆڵەت دراوی، بە مۆڵەت لە دەرەوە بووی، ئێمە ناتوانین هیچ نەنووسین، لەوێ نەبووی، ئامادە نەبووی، باشە بەڕێزت ئامادەنەبووی لە کۆبوونەوەکە، ئێمە دوو شتمان هەیە یان ئامادەبووی یان ئامادە نەبووی شتی سێیەممان نییە، لە ناو ئامادەنەبوونیش یان مۆڵەتت وەرگرتووە یان مۆڵەتت وەرنەگرتووە، ئێمە ناتوانین هیچ نەنووسین، یان ناتوانین لەبەرامبەر ناوەکەت دا بنووسین ئامادەبوو، لەبەر ئەوە مۆڵەت مافێکی سروشتی ئەندامی پەرلەمانە دەتوانێ وەری بگرێ و ئێمە ناچارین ئیلتیزام بە قانوون دەکەین لەو مونتەڵەقەی ئیختیاری سێیەممان نییە، بەدریە خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە إسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر داواکاری یەکێك لە پەرلەمانتارانی ئەم هۆڵە تەڵەبیان ئاراستەی جەنابتان کردووە، وەکو سەرۆکایەتی ئەگەر یەکێك لە لیژنە ئامادەنەبوو مەفرووزە جەنابیشت گوتت دەبێ ئەو بڕگەیە، فەقەرەیە زیاد بکرێ بە ئیشی لیژنە، من تەبعەن ئەو ڕۆژە کە بەشداری لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەتم نەکردووە بە ئیشی لیژنە چوومەتە سلێمانی، یەك، ئەوەی تریان کە هەر بە ئامادەنەبوو یاخود بە مۆڵەت تۆمار کراوە هەر ئامادەبووم، ئەوەی تەبعەن هەردووکی لیژنەی مافی ئافرەت یەکێکیان بە ئیشی لیژنە چوومەتە سلێمانی و یەکێکیان ئامادەبووم، بەداخەوە بە ئامادەنەبوو هەژمار کراوە، ئەوەی لیژنەی مافی مرۆڤ تەبعەن من بەس لەبەر سلێمانی لەبەر ئەو کۆبوونەوەی مافی مرۆڤ تایبەت لە سلێمانییەوە هاتووم بەشداری کۆبوونەوەکەم کردووە کە بەداخەوە بە ئامادەنەبوو کە بە خۆم بڕیاردەری لیژنەم، خۆم ناوەڕۆکەکەم نووسیوە ....

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی کە ئامادەبووی دەسڕێتەوە، ئەوەشی کە مۆڵەت بووی مۆڵەتدراوی، کاك ئومێد، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بە ناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خاڵی پەیڕەوی:

١- به پێی حوكمی ماددەی (٥٦) بڕگەی (یەكەم) كە چەند جارێك لەو پەرلەمانە بەڕێزە تیكرار دەبێتەوە (كوردستان-عیراق) ئەو (-) بۆ ڕێكخستنی ووشە و ڕستەیە، وەكو نیشانەی پرسیار (؟)، وەكو فاریزە (،)، وەكو نوقتە (.)، قەد ناگوترێت نوقتە فلان، فاریزە فلان، ئەوە سپەیسێكە، بۆیە پێویست دەكات هیچی دیكە ئەوە تیكرار نەبێتەوە، وەكو عادەتێكی لێهاتووە هەمیشە تیكرار دەبێتەوە، ڕاوەستانێكی دەوێت و پێویست ناكات ئەو داشە (-) بەبەردەوامی قسەی لەسەر دەكرێت.

٢-خاڵی پەیڕەوی دووەم بەپێی هەمان مادده ماددەی (٥٦) دووەم بڕگەی سێیەم لە خاڵی یەكەمی ئەمڕۆی بەرنامەی كاری پەرلەمانی كوردستان تایبەت بە داواكاری ئەندامی فراكسیۆنەكەمان گوڵستان باقی كە داوای دەست لە كاركێشانەوە لە لیژنەیەك دەكات و ئیزافەكردنی بۆ لیژنەیەكی تر، ئێمە داواكارین دەسەڵاتی پەیڕەوی خۆتان بەكار بێنن كە ئەو خاڵەی بەرنامەی كار دوا بخرێ بۆ كاتێكی دیكە لە كاتی گونجاو ئەو گۆڕانكارییە دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابتان، ئەوەی یەكەم وەرگیرا، ئەوەی دووەم گوڵستان خان دەبێ خۆی قسە بكات لەو بارەیەوە، چونكە ئێمە دەست لە كاركێشانەوەیمان لایە و حەقێكی شەخصی خۆتە، بەڕێزیشت لەگەڵ ئەوەی كە كار نەكرێ بەرنامەی كارەكە بڕگەی یەكەم؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دەست لە كاركێشانەوە من لە لیژنەیا كشتوكاڵ و ئاودێری بۆ لیژنەی كاروبارێن كۆمەڵایەتی، ئەز داخاز دكەم دەست لە كاركێشانەوەم قبوڵ بكەن، یەعنی ئەز رازیمەدەمەكی دی وەرگری.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخر بڕگەكە دوو بەشە، دەست لە كار كێشانەوەت و گواستنەوەشتە بۆ لیژنەیەكی تر.

**بەڕێزگوڵستان باقی سلیمان:**

هەمووی هەڵبگیرێ حەتا دەمەكی دی، سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، قبوڵ كرا، تەواو، واتا بڕگەی یەكەم لە بەرنامەی كارمان نابێت، كاك جمال، فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم بڕگەی سێیەم بخرێتە شوێنی بڕگەی یەكەم بۆ زیاتر دەستكەوتنی كات و تەواوبوونی كۆبوونەوەكە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڵێ كاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسـەرەتای مـانگی (١)دا بە پێـی پەیـڕەوی نـاوخۆ ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـان داوای دانیشتنێكیان كرد.....

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كـاك علـی حەمە صـالح بـا بـڕگەی غیابـاتەكە تەواو بكەیـن، هەر نـوقتە نیـزامیەك پەیوەنـدی بە غیاباتەكەوە هەیە، یەعنی كەسێك كە فیعلەن غایـب نەبـووە یـان مـۆڵەتی وەرنەگرتـووە و ئـێمە ناویمان خوێندۆتەوە، كاك باپیر، فەرموو.

**بەڕێز باپیر كامەلا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مــن لە كۆبــوونەوەی لیــژنەی پێشــمەرگە ئامــادەبووم، بەرنــامەی كــار و ئەوەش لە ســایتی پەرلەمانیش بڵاوبۆتەوە و لێرە نووسراوە مۆڵەت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، چاك دەكرێ، كاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێزسەرۆكی پەرلەمان.**

من لە كۆبوونەوەی ڕابردوو حزورم هەبوو، نوقتەی نیزامیم وەرگرت ناوم بە غایب هات و داوای قەرەبوو دەكەم كە من حـازر بـووم، چـونكە جـارێكی تـر وترابـوو كە غایـب بـووە، نـاوم هـاتووە هێڤیدار أحمد سلیمان ناوی باپیریشم بە هەڵە خوێندرایەوە، لە لیژنەش تەوقیعم هەیە، سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەچیتە لای سكرتێری پەرلەمان ئەگەر دڵنیابوو كە ئامادەبووی دەسڕێتەوە.

**بەڕێز جهاد حسن إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**

دەمەوێ مـن لەو فەقەرەدا بـاس بـكەم پـێش بچیـنە فەقەرەكـا دیـكە وەلەو دەستخۆشـی لە جەنـابێتە دكەیـن كومبونـا چوویـدا جەلسـا دی دا بەحـس كـرد كـو كۆرۆنـایە، لە دڤێـدا پشـتی حالەتەكا لە كوردستانێ دیاربوو كـو مامۆسـتایەكی ئـاینی داخـازیش خـودێ تعـالی دەكەیـن رب العالمین فەزلی شەهیدی بە رزقی بكاتن، سەرەخۆشیێ بنەماڵا وی، ئەز گەلەك بە گرنگـی دەزانـم دووبـارە پشـتەڤانیێ وان ڕێنماییـا وەزارەتێـت تەندروسـتی بەتـایبەتی فەتـوا كوردسـتانێ دا ڕێكخستین بۆ خۆ پاراستنا خەلكی، ئەگەر جارەكیدی پشتەڤانی كردبا، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، دروستە ئێمە بە ناوی خۆمان، بە ناوی بەڕێزتان سەرەخۆشی لە خانەوادەی بەڕێز مامۆستا مەلا رشید دەكەین، خوا سەبووری خانەوادە و كەس وكاری بدات و ئینشـاڵلا خـوا لێـی خـۆش بـێ و پشـتیوانی بەردەوامـان بـۆ هەمـوو ڕێكارەكـانی حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان،

دامەزراوە فەرمییەکـان لە ڕووبەروو بـوونەوەی نەخۆشـییەکە، تـایبەت بە غیابـات کەسـی تـر نوقتەی نیزامی هەیە؟ مامۆستا أبوبکر، فەرموو.

**بەڕێز أبو بكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دووجار ناوی منی خوێندەوە لە لیژنەی پێشمەرگە کە مۆڵەتم، من یەك جار مۆڵەت بووم، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێی تر لەسەر غیابات قسەی هەیە؟ بەس غیابات، فەرموو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن دۆڵەمەڕی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی کاروباری یاسایی ئامادەبوومە، پێموابێ بەڕێز سکرتێری پەرلەمـان ناوی منیشی خوێندەوە.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕوون کردنەوە دەدات، کەسی تر قسەی هەیە لەسەر غیابات؟ فەرموو بەڕێز سکرتێر.

**بەڕێز منى نبى نادر قەهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسـبەت غیابـاتی نـاو قـاعە ئەوەی کە لێـرە بەڕێزیـان واژوو دەکەن، مـن دەتـوانم لێـرەدا بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵگرم کە ئەوەی ئامادە دەبێت، ئامادە نابێـت ڕاسـتی بـکەمەوە، بەڵام هـی لیژنەکـان لەلایەن سـکرتاریەتی لیژنەکـانەوە بۆمـان دێـت لە کاروبـاری پەرلەمـان، بـۆیە ئەوەی دەزانێـت کە ئامـادەبووە و بە مـۆڵەت نووسـراوە، لێـرەوە داوا دەکەم هەموویـان سـەردانی سکرتاریەتی لیژنەکانی تایبەتمەند بکرێت، ئێمەش ئەو کاتە چاکی دەکەینەوە، بەسەرچاو.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەر مەبنای ماددەی (٤٨) لە پەیڕەوی نـاوخۆ، مـن داوا دەکەم کە بڕگەی سێیەم بەرنامەی کـار کە دەسـت لە کارکێشـانەوەی چەنـد ئەنـدام پەرلەمـانێکە بخـرێتە بـڕگەی یەکەم، بۆ ئەوەی بـڕگەی دووەم هەمـووی تەرخـان بکەیـن بـۆ دەنگـدان لەسـەر پێشنیازە یاسـاکە، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە بـڕگەی سـێهەم بخـرێتە شوێنی بـڕگەی یەکەم، چـونکە ئـێمە بـڕگەی یەکەممـان ئێسـتا نەمـاوە، بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە، بڕگەی سێیەم بەر مەبنای پەیڕەوی ناوخۆ ئێستا سکرتێری پەرلەمان بۆی خوێنـدنەوە، سـەرۆکی فراکسیۆنێکی پەرلەمانی داوای کردووە بڕگەی سێیەم ئیزافە بکرێ کە دەست لە کار کێشانەوەی پەرلەمانتارێکە و زیاد کردنی دوو پەرلەمانتارە، بەڵـێ زۆر سـوپاس، بە دەنگـی (٧٢) پەرلەمانتـار پەسەند کرا، ئێستا لە کارنامەکە بڕگەی سێیەم دەبێتە بڕگەی یەکەم، وەرتان دەگرم با ئەو بڕگەیە جێبەجـێ بکەیـن، بـڕگەکە بـریتییە لە قبـوڵکردنی دەسـت لە کارکێشـانەوەی ئەنـدامی پەرلەمـان بەڕێز (شیرین یونس عبدالله)لە لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە (شـیرین یـونس) لە لیـژنەی پەیوەنـدییەکان و ڕەوەنـدی کوردستانی دەست لە کار بکێشێتەوە با بفەمووێ دەسـت بەرز بکـاتەوە، زۆر سـوپاس بە دەنگـی

(٧٦) ئەنـدامی پەرلەمـان پەسـەند کـرا، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە (شیرین یونس) ئیزافە بکرێ بۆ لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت با بفەرموێ دەنگ بدات، سوپاس بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، بەڕێز پەرلەمانتار (زیاد جبار) دەچێتە لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێزیان بچێتە لیژنەی پەیوەندییەکان، با بفەرمووێ دەنگ بدات، زۆر سوپاس، بە دەنگی (٧٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، نوقتەی نیزامی بەڵێ، وەرتان دەگرم هەمووتان، کاك سەرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٤٨) خاڵی چوارەم، ماددەی (٦٦) خاڵی یەکەم لە پەیڕەوی ناوخۆ لەبەرواری (٢٠١٩/١٢/٩) کۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمان کە ڕێژەی یاساییان تەواو کردبوو، داوایان کرد دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کۆبوونەوەیەك بۆ گفتوگۆکردن لەسەر دۆخی خاڵە سنوورییەکان بکات، کە بە ئەرکی چاودێری دەبینین لە دەروازەی فیشخابور کە لە دوای ڕووداوەکانی سوریا گرنگییەکی ستراتیجی و بازرگانی گەورەی هەیە، دەمەوێت بڵێم ئەو دەروازەیە لەلایەن کۆمپانیایەکی حزبییەوە دەستی بەسەردا گیراوە و ڕۆژانە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی سەدان تەن شیش و چیمەنتۆ و مەوادی خۆراکی و جگەرە و بە پێچەوانەیشەوە بە بێ ئەوە هیچ ڕێکارێکی یاسایی و پێدانی گومرگی بۆ بکرێ و دەروازەی سمێلکاش بە هەمان شێوە کە بۆ سووتەمەنی لەلایەن کۆمپانیایەکی حزبییەوە بەڕێوە دەبردرێ و یەك کارمەندی حکومی دەسەڵاتی تێدا نییە...

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا ئیدارەدانی ئەم جەلسەیە ئەرکی منە، قبوڵ ناکەی، ئەرکی منە، ڕاگرتنی جەلسە ئەرکی منە ئەرکی تۆ نییە، لە شوێنی خۆتەوە قسە مەکە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە خاڵە سنوورییەکان ئێوە دەزانن، ئێمەش دەزانین، خەڵکیش دەزانێ، ڕاگەیاندنیش دەزانێ، ڕای گشتیش دەزانێ، حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆشی دەزانێ، دۆخی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دۆخێکە پێویستی بە پێداچوونەوە و قسە لەسەر کردن و بە هەند وەرگرتنە، لەبەر ئەوەی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانیش یەکێکن لە سەرچاوەکانی گرنگی داهاتی هەرێمی کوردستان، بەڵێ ڕاستە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کاك علی حەمە صالح، کاك سۆران عمر، کاك هێڤیدار، چەند بەڕێزێکی تر لە لیژنەی دارایی، پێش تەواوبوونی ئەم وەرزی تەشریعییەی ڕابردوو کە دەکاتە وەرزی دووەم داواکارییان پێشکەش کردووە بە سەرۆکایەتی پەرلەمان سەبارەت بە دۆخی دەروازە سنورییەکان، ڕاپۆرتێکی تەندروست، باش، هەمەلایەن، بێ لایەن، ئامادەیان کردووە، ئێمە ڕاپۆرتەکەمان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەر مەبنای ئەو ڕاپۆرتە داوای کۆبوونەوەیەکی، لەسەر داوای ئەوان تەبعەن، کۆبوونەوەیەکی تایبەتی پەرلەمانی کوردستان کراوە، بە ئامادەبوونی هەموو ئەو وەزیرانەی کە پەیوەندیان بە پنت بە پنت و خاڵ بە خاڵی دۆسیەکانی دەروازە سنوورییەکان هەیە، بەڵام بەڕێزتان دەزانن ئێمە بۆ یاسای چاکسازی مانگێك وەرزی تەشریعی

پاییزەمان درێژکردەوە، یاسای چاکسازیمان پەسەند کرد، ڕاستەوخۆ دوای ئەوە وەرزەکە کۆتایی پـێ هـات، لە قسـەکردنی ئـێمە لە دەسـتەی سـەرۆکایەتی، لە کۆبـوونەوەی هەر سـێ سـەرۆکایەتییەکە باسـی ئەم بابەتەمـان کـرد، حکـومەت موتەفـاهیم بـوو لەوەی کە لە وەرزی بەهـارەی یاسـادانان سـەبارەت بەم دۆسـیەیە تەعـامولێکی تەندروسـتی قـانوونی تەواوکـاری تەکـامول لە نێـوان هەردوو موئەسەسـەکە لەگەڵ دامەزراوەی پەرلەمـانی کوردسـتان دەکـات، نیەتـی ئـێمە لە پەرلەمـانی کوردسـتان، نیەتـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانیش هەموومـان چارەسـەرکردنی کێشـەکەیە، ڕەهەنـدە سیاسـی و ڕەهەنـدە حزبییەکـانی لە پەرلەمـان و لە حکومەتیش دوور بخەنەوە، لە کوێ کێشـە هەیە لەوێ چارەسـەری دەکەیـن، ئـێمە هەموومـان بەرپرسین بەرامبەر هەموو خاڵەکان، لە هەر خاڵێك هەرچـی هەیە، شـوێنێك لە شـوێنێك زیـاترە ئەوە پەرلەمان لێرە قسەی لەبارەوە دەکات، وەزیری تایبەتمەند دەهێنین قسـە دەکەیـن پـێکەوە، دۆسیەیەکە دۆسیەی نیشتیمانە، دۆسیەی هەرێمـی کوردسـتانە، پەیوەنـدی بە داهـاتێکی گرنـگ یان سەرچاوەیەکی گرنگی داهات هەیە لە هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوە ئێمە لە سـەرۆکایەتی هیچ ڕەهەندێکی حزبی و سیاسی لەو بابەتەدا قبـوڵ نـاکەین، حکـومەتیش هەنگاوەکـانی خـۆی دەست پێکـردووە، هەنـدێك قەراراتـی داوە، کـاك علـی حەمە صالح، دەرفەت دەدەمە جەنابـت، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**

هیـوادارم ئەم دۆخـی خـاڵە سـنوورییانە کە ئـێمە لە سـەرەتاوە ئیشـمان تێـدا کـرد بە شـاهیدی هەمووی بچووکترین نەفەسی حزبیمان تێدا نەهێشتووە و نەشمان هێشـتووە، لە فیشـخابوور و سـمێلکا و ئیبـراهیم خەلـیلەوە تـا باشـماخ ئیشـمان تێـدا کـردووە، لە کۆمپانیـای حزبـی و قۆرغکارییەوە بۆ قاچاغی هەموویمان دیاری کردووە، ئێمە لە (١١/٢٠) بە پێی ماددەی (٤٨) خاڵی (٤) و مـاددەی (٦٦) داوای دانیشـتنمان کـردووە، خـاڵە سـنوورییەکان تەنیـا قاچـاغچێتی نیـیە، هێنـانی شـتی خـراپە، تەنیـا بردنـی پـارە نیـیە، مەترسـی یە لەسـەر تەندروسـتی هاووڵاتییـانی هەرێمی کوردستان، لە ئێستادا ئەم مەترسی یە بە واقیعی دەردەکەوێت، بۆیە ئێسـتا حکـومەت من دەمەوێ ئاگادار ببین مەبەستم خاڵی دوای ئەوەیە کۆمەڵێك قەراراتی زۆر باشی دەرکردووە، بەڵام ئەو قەراراتـانە چـونکە پەیوەنـدی بە دۆسـیەی ترانزێـت، پەیوەنـدی بە کۆمپانیاکـان، پەیوەندی بە قاچاغچی، کۆی ڕێکخستنەوە هەیە، ئەو قەرارانەش هەنـدێ ڕێنمـایی تـری دەوێ، پێویسـتی بە ڕەقـابەی پەرلەمـانی یە ئەم بـابەتە، ئەم ئیشـە لە بـنەڕەت دا ئیشـی پەرلەمانتـارە بەڕێزەکان بووە بە هەموومانەوە، بـۆیە دڵنیاتـان دەکەمەوە لەسـەر بنەمـای ڕاپـۆرتی پەرلەمـانی حکومەت قەرارەکانی داوە، بۆیە پێویسـتە پەرلەمـان داواکـارین لە جەنابتـان ئەوە چـوار مـانگە ڕاپۆرت نێردراوە داوای جەلسە کراوە، ئەم جەلسـە بکرێـت و بە نەفەسـی ئیصـلاح، بە نەفەسـی ئیصـلاح ئـێمە دەسـتمان بـردووە بـۆ ئەم کەیسـە، چاوپۆشـیمان لە هـیچ خـاڵێکی سـنووریش نەکردووە، بۆیە داواکارین لە جەنابت بە پێی ئەو دەسەڵاتەی کە خۆت هەتە وەزیرەکان ئامادەن، ئەگەر ئامادە نین چۆن قەرارات دەردەکرێ؟ ئەم جەلسە بکرێ و پەرلەمانتارەکانیش ڕەنگە شـتی

زیاتریان لابێ لەوەی ئێمە هەمانە، بۆ ئەوەی پێمانوایە ئیصلاحی خاڵە سنووری و دۆسیەی نەوت چارەڕێگای ئیصلاحن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو دۆسیەمان کۆتایی پێ هێنا، ئێمە هەماهەنگ دەبین لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان چاودێری قەراراتەکانیان دەکەین و دەشمانەوێ شەریك بین لە پرۆسەی ئیصلاح، وەکو دامەزراوەیەکی دەستووری لە هەرێمی کوردستان، کاك پێشەوا، بەس وەڵام نەبێ، وەڵام بێ دەتبڕم، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بابەتی دەروازە سنوورییەکان پاڵپشتی لە قسەکانی جەنابت و هەروەها برای بەڕێزم کاك علی حەمە صالح دەکەم، ئەوە بابەتێکە پەیوەندی بەوەوە نییە کە لە باشماخە، یان لە چۆمانە، یان لای ئیبراهیم خەلیلە، بە پێی دوایین ڕاپۆرت تەصنیفی گومرگەکان بڵاو کراوەتەوە کە فەزاحەت لە چ گومرگێکە و لە کوێیە و لە کوێ نییە، ئێمە دەتوانین بیخیەنەڕوو بۆ خەڵکی کوردستان، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر..

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەڵی دەگرین بۆ کۆبوونەوەکەی کە حکومەت دێت

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

بەس (٣٠) سانیەی دیکە.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

هیوام وایە هەر کەسێك، هەر لایەنێك قسە لەسەر ئەم پرسە دەکات بە نەفەسێکی نیشتیمانییانەوە بیکات، لەبەر ئەوەی کە تریْلەیەك هێلکە کە لە باشماخ یان لە چۆمان داخیل بێ، لە هەر شوێنێکی دیکە بێت، لە حاجی ئۆمەران بێ دوایی دەچێتە گەدەی خەڵکی کوردستانەوە، ئەو جگەرەی کە وەکو زەهر داخیل دەکرێت هەمووی دەچێتە گەدەی خەڵکی کوردستانەوە، ئێمە داوامان کردووە کە مەرزەکان بە قۆنترات نەدرێ، نەفرۆشرێ، بە شەوان پاسەوانی ئەو تریْلانە نەکرێت کە هێلکە بە قاچاغ دەهێنن و بە بیست ملیۆن دۆلار......

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەیشت، کاك کاوە، فەرموون.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بە پێی ماددەی (٦٦) ئێمە ژمارەیەك لە پەرلەمانتاران کە ژمارەمان (١٢) پەرلەمانتار بوو، لە بەرواری (٢/٦) یاداشتێکمان ئاراستەی بەڕێزتان کردووە داوامان کردووە کە دانیشتنێك بکرێ سەبارەت بە دەرچووە دانەمەزراوەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە لە ئێستادا ژمارەیان نزیکەی (٢٠٠) هەزار کەسە، تا ئێستا دانەمەزراون و ئەوە بارودۆخێکی نەگونجاوی خوڵقاندووە لە

هەرێمی کوردستان، هەر بە پێی ماددەی (٦٦) برگەی سێیەم دەبوایە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی (١٤) ڕۆژ ئەو دانیشتنەی ڕێك خستبا بە ئامادەبوونی بەرپرسانی تایبەتمەند لە ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران پلانی خۆی بخاتەڕوو ئاخۆ ئایا پلانی چییە بۆ دامەزراندن و بەگەڕخستنی دەرچووانی دانەمەزراوی زانکۆ و پەیمانگاکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فایق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، ڕاستە ئێمە ئەو یاداشتەمان پێ گەیشتووە، بەڵام بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەر مەبنای ماددەی (٦٧) لە پەیڕەوی ناوخۆ برگەی سێهەم بەڕێزتان لەبەر دەستتاندایە، دەکرێ لە ئەنجامی خستنەڕووی بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ دەستەی سەرۆکایەتی بابەتەکە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار بکات، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتی تایبەت لەو بارەیەوە ئامادە بکات، دواتر پەرلەمان بڕیار و ڕێ و شوێنی پێویست بگرێتەبەر، یان دەکرێ لەو دانیشتنەدا پەرلەمان ڕاسپاردەی پێویست دەربکات، ئێمە لەبەر ئەوەی بەلامانەوە گرنگ بوو، دۆسیەکە بەلامانەوە گرنگە هەر لە کاتی خۆی دا ئاراستەی بەڕێزان لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستانمان کردووە، لەبەر ئەوەی پێمان وابووە بابەتەکە پەیوەندی بە ئەوانەوە هەیە، دەبێ ئەوان ڕاپۆرتەکە ئامادە بکەن، ئێستاش لەو کۆبوونەوەیە داوایان لێ دەکەین کە ڕاپۆرتی تایبەت بەو یاداشتەی بەڕێز کاك کاوە باسی دەکات و لەگەڵ هاوڕێکانی لە پەرلەمانی کوردستان واژوویان لەسەر کردووە، ڕاپۆرتەکە ئامادە بکەن، چونکە ئێمە ئاراستەمان کردوون، کاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری أنور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئەوە بڵێم بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە لە کاتی هەبوونی ڕووداوێکی لە ناکاو یان ڕووداوێکی سروشتی، یان هەر ڕووداوێك ئەگەرێك کاتێ دێتە پێشەوە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی لەسەر بکات، ئێمە لە (١٢)ی مانگی ڕابردوودا کۆمەڵێك پەرلەمانتار یاداشتێکمان دایە دەست جەنابت، نەمانتوانی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لەو کاتەدا پشوو بوو ئیمزای تەواو کۆبکەینەوە، بەڕێزتان وتتان وەزیرە پەیوەندیدارەکان بانگ دەکەین، داوامان کرد کە وەزیرە پەیوەندیدارەکان، وەزیری تەندروستی، وەزیری ناوخۆ، وەزیری کشتوکاڵ، وەزیرەکانی دیکەی پابەندن بە ڕێکارەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆ ئەوەی بێنە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی لێرەوە داوا لە بەڕێزتان وەك سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان دەکەم کە داوا بکەن ئەو وەزیرانە، یان دانیشتنێکی تایبەت بکرێت بەوەی ئەو وەزیرە تایبەتانە بێنە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بزانین ڕێکارەکان چییە، ئەو کەم و کوڕیانە چین کە تاوەکو ئێستا هەن، لە ئێستادا هەموومان دەزانین....

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری سوپاس، گەیشت، بەڕێزتان ئەو یاداشتەی هێنابووتان توانیبووتان حەوت ئیمزا کۆبکەنەوە، لە کاتی پشووی وەرزی تەشریعی بوو، دەبێ یەك لەسەر سێی ئەندامانی پەرلەمان واژووی بکەن، ئێمە پێمانوابوو ئەو بابەتە بابەتێکی گرنگە لەو ڕوانگەیەوە ڕاستەوخۆ ئێستا

دەرفەت دەدەم بە د.صـباح لەو بـارەیەوە قسـە بکـات، ڕاسـتەوخۆ بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی تەندروستیمان بانگ کرد، پێمانووت کە داخـوازییەکی وا هەیە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، بەڵام نەیانتوانیوە ژمارەی یاسایی واژوو کۆبکەنەوە، ئێوە وەکو لیـژنەی تەندروستی ئەرکی خۆتان بکەن، دەرفەتی دەدەمێ بۆ ئەوەی لەو بـارەیەوە قسـە بکـات، ئێمە پێمانوایە ئەو بـابەتە بـابەتێکی گـرنگە، بەڵام هەنـدێك جـار پشـتیوانی کردنـی ئەوەی کە هەیە ڕەنـگە زۆر باشـتر بـێ لەوەی کە ئێمە بەس بانگیان بکەین بۆ ئێـرە و ئەوان بڵێن ئـێمە وامـان کـرد و وا دەکەیـن، ئـێمە چاودێری ئەوە بکەین بزانین ئەو پرۆسەیەی کە ئێستا لە ڕێ یە چۆنە، ئەوە بەڕاسـتی ئافـاتێکە کە پێویستمان بەوەیە پێکەوە بین لە دوو سەنگەری جیاوازدا نین، لە هەمان سەنگەرداین، بەڵام ئێوە دەبێ چاودێرێکی زۆر باش یان هەموومان دەبێ چاودێرێکی زۆر باشی پرۆسەکە بین، کاك د.صباح، فەرموو قسەی خۆت لەو بارەیەوە بکە.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**سوپاس سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی تەندروستی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر بە ئەرکی خۆمـان هەستاوین، بانگهێشەیت وەزیرمان کرد، وەزیـر لەگەڵ هەمـوو مـودیر عامەکـان هـاتبوونە لیـژنە تەوزیحەکـی کاملیــان دا دەربــارەی ئەو ڕێکــارانەی کە وەزارتــی تەندروســتی و نــاوخۆ و ئەو وەزارەتانەی پەیوەندیدارن، هەموو ئەندامانی لیژنە کە لەوێ بوون پرسیاریان کرد جوابی ئەوان زۆر موقنیـع بـوو، کـۆنگرەیەکی ڕۆژنـامەوانیش لە پەرلەمـان کـرا، وەزیـری تەندروسـتی هەمـوو شـتەکانی خسـتەڕوو، بەڕاسـتی ئەو ڕێکـارانەی کە وەزارەتـی تەندروسـتی و حکـومەتی هەرێـم گرتوویــانەتە بەر لە مەنتــیقەی (شــرق الأوســط) بە ئیعتیرافــی (WHO) چــاکترینە، چــاکترین ڕێکارەکان کراوە، ئێمە لە لیژنەی تەندروستی بەڕاستی بەدواداچوون دەکەین هەموو ئەنـدامانی ئێمە دەچنە هەموو جێگا، دوێنێش لە فرۆکەخانە بووین وەکو لیژنەی تەندروستی، لە جێگای تـر بووینە، هەر جێگایەك خەلەلەك هەبێ شتێك هەبێ ئێمە بـانگی وەزیـر دەکەیـن و بەدواداچـوون دەکەین ئاگاداری سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەین، سەر سەرم سەرچاوم.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك سۆران، فەرموو.

**بەڕێز سۆران عمر سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر پەیوەست بەو مەسەلەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئەو مەترسـی یە کە ڕاگەیەنـراوە و خۆپـارێزی بە بڕیار و ڕێنمایی وەزارەتە پەیوەندیـدارەکان دەرچـووە، لە ڕاسـتی دا زەروورە ئەم پەرلەمـانی کوردستانە کە چاودێری کارەکانی حکومەت و بڕیارەکـان دەکـات، شـتێکی ئـانی پەیوەسـت بەو قەزیـیە ئەویـش مەسـەلەی دەروازە سـنوورییەکانە لەگەڵ کۆمـاری ئیسـلامی ئێـران، بەداخەوە سەرەڕای بڕیاری ڕاگرتنی تەنها هاتنی سـووتەمەنی تـا ئەم سـاتەی قسـە دەکەیـن ڕۆژانە سـەدان بارهەڵگری ئێرانی کە لە ئێرانەوە بارهەڵگری خۆمان دەچن بارەکان وەردەگرێ، تێکەڵییەکی زۆر، ئەوەی ئێستا لە دەروازە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران و باشماخ لە ڕووی بازرگانی و تێکەڵی و هاتنی شۆفێری ئێرانییەوە مەترسییەکی زۆر گەورەیە، پێویستە دەستبەجێ وەزارەتی نـاوخۆ و

لایەنی پەیوەدیدار لێی بە ئاگا بن، هەر دوێنێ ئەو تێکەڵییەی کە ڕوویداوە خەڵك هەبووە بە گومانی کۆرۆنا گەڕێنراوەتەوە لە دیوی ئێرانەوە، بەڵام لە دیوی خۆمانەوە پشکنین و ئیجرائات بۆ نەهاتنی شۆفێری ئێرانی هیچ لە ئارادا نییە، بۆیە زەروورە دەستبەجێ دەسەڵاتی خۆتان بە کار بێنن لەگەڵ حکومەت دا قسە بکەن دەروازە سنوورییەکانمان زۆر زۆر کۆنترۆڵ نین، زۆر خراپن، ئەوە داوا و هاواری بارهەڵگرەکانە کە دەڵێن ئێمە مەعیشەتمان لەسەریتی، بەڵام تکایە با ڕابگیرێت، چونکە لەسەر ژیانی خۆشمان مەترسی یە و لەسەر خەڵکیش، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئێمە دەست بە بڕگەی (٣)ی بەرنامەی کارەکە دەکەین، کاك عباس دوای ئەوە کاك سیروان، بەس نوقتەی نیزامی بێ کاك عباس تکایە، فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەو پێویستە بەڕاستی ئەو پرۆژانەی کە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ دەکرێت پاش (١٤) ڕۆژ و ئامادەکردنی ڕاپۆرت خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکرێ، جەنابتان وەکو دەستەی سەرۆکایەتی بەڵێنتان دا بە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر مەسەلەی پرۆژە یاسای گرێبەستەکە، ڕاستە وەڵامتان ئەوە دەبێ کە ئاراستەی لیژنەی یاساییتان کردبێ، لیژنەی یاسایی نووسراوەکەی ئاراستەی جەنابتان زیاد لە مانگێك کردووە بۆ ئەوەی ئاراستەی لیژنەی دارایی بکرێ، بەڵام نەکراوە، لەسەرتانە وەك دەستەی سەرۆکایەتی کە حکومەت بۆ جاری دووەم نووسراوی کرد نووسراوتان بکردایە، بۆ ئەوەی دوا وەڵامتان بداتەوە، ئایا دەتوانن لە مەسەلەی گرێبەستەکان دابمەزرێنن یان وەڵامیان چییە؟ ئیهمال کردنی ئەو بابەتە بەڕاستی بۆتە جێی پرسیاری خەڵك، پێویستە لەلایەن جەنابتانەوە وەڵامێك بە ئەندامانی پەرلەمان و خەڵکی کوردستان بدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە مادەی (٤٩) خاڵی (٢) هەر چوار مەرجەکانی (أ) و (ب) و (ج) و (د) لەسەرەتای مانگی (٢)دا بیرۆکەیەکم پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد بۆ باسکردن لە کێشەی کۆچکردن و پەنابەران، کە لەم کاتەدا من بەدواداچوونم کردبوو لە وڵاتانی یۆنان و ئیتاڵیا و لە جنێف بووم، ئەو داوایە، بیرۆکەکە بە تەواوی نووسراوەکە لەبەر دەستی بەڕێزتاندایە بە ئاخاوتن لەگەڵ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان پێی ڕاگەیاندم کە ئەو ڕێکارە نازانم گۆڕاوە، دەکرێ ئێستا داوا بکەم، بۆیە هەر لێرەوە پشت بەو مادەیە و پاڵپشت بە بڕگەکانی داوا دەکەم ئەمڕۆ، لەبەر ئەوەی کێشەیەکی ئانی یە و ناکرێ تەئجیل بکرێ بۆ کاتێکی کە، تکا دەکەم دەرفەتم پێ بدەن لە (١٠) دەقەکەی خۆم دا بە کەمترین کات ئەو بیرۆکەیە بخەمەڕوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە بەرنامەی کاردا نەبێ ناتوانین، بەڵام پێداچوونەوە دەکەم، سەیری دەکەم بزانم بۆ تا ئێستا، یەعنی هیچمان کردووە یان نەمان کردووە لەسەری لەگەڵ جەنابی سکرتێری پەرلەمان قسە دەکەین لەو بارەیەوە دواتر، بەڕێزان ئێستا دەست بە جێبەجێ کردنی بڕگەی کۆتایی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتی یە لە دەنگدان لەسەر پێشنیازە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێ دەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠) و (٩١) و (٩٣) و (٩٦) و (٩٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی و لیژنەی وزە دەکەین فەرموون بێنە سەر مینەصەکە لە شوێنی خۆیان، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی وزە فەرموون ئامادەن، لە ناونیشانەوە دەست پێ بکەن، یەك یەك بیانخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیانخەینە دەنگدان، بەڵێ پێشەکی ڕاپۆرت بخوێنن، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بۆ/ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان**

**بابەت/ ڕاپۆرتی هاوبەش**

لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان و پیشەسازی و بازرگانی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٣/٢) کاتژمێر (١١:٣٠)ی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجام دا بۆ تاوتوێ کردن و داڕشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراون، سەبارەت بە پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بەقاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ دانیشتنی دەنگدان دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێ کردن ئەم ڕاپۆرتە ئامادە کرا کە پێکهاتووە لە (٢٦) پێشنیار لەسەر ناونیشان و ماددە و بڕگەکانی ئەم پێشنیازە یاسایە تا هۆیەکانی دەرچوواندن بەم شیوەیەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناونیشان چوار پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ پێشنیازی یاسای نەهێشتنی بەقاچاغ بردنی نەوت و لێ دەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

پێشنیاری دووەم/ پێشنیازی یاسای ڕێگری کردن لە بەقاچاغ بردنی نەوت و گاز و لێ دەرهێنراوەکانیان لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(-) داش مەڵێ، هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

ئەو (-) بەکار هاتووە.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مەیلێ قەینا.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

پێشنیاری سێیەم/ پێشنیازی یاسای ڕێگری کردن لە بە قاچاغ بردنی نەوت و لێ دەرهێنراوەکانی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

پێشنیاری چوارەم وەك خۆی/ پێشنیازی یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێ دەرهێنراوەکانی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ناونیشان، کاك زانا نوقتەی نیزامی بێ و ماددەکەشمان پێ بڵێ، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بە پێی ماددەی (٨٩) بڕگەی (دووەم) لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەم دا ئەگەر ڕایەك لە ڕایەکان زیاتر هەبوو لیژنەی تایبەتمەند بە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی داڕشتنەوەیەکی سەر لە نوێی بۆ دەکات، ئەگەر پێویست بکات ڕوون کردنەوە دەدات، وا باشتر دەبوو وەك یاسایەکانی دیکە پێش ئەوەی بخرێتە دەنگدان ڕەئی لیژنەی هاوبەش تێیدا بنووسرێ بە وازحی بۆ ئەوەی بزانین کامەیان ڕەئی ئەم لیژنەی تایبەتمەند و لیژنەی یاسایی یە، بۆ ئەوەی لە کاتی دەنگدان بۆ پەرلەمانتارانی بەڕێز ئاسانتر بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سەرۆکی لیژنەی یاسایی قەسەیەکتان هەیە لەو بارەیەوە؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەلوێ وەختی ئەم نقیسن پێشنیازی لیژنەی هاوبەش ئەگەر تشتەکی نی، موستەلەحەکی نی یان رستەیەکیان ئیزافە بکەین، کولە ئەصلی وی دا نەبیت، ئەتو وەك خۆی وێ دانابت، ئەو ماددە ئەڤێ کو پێشنیارا هاوبەش تێدا نەبیت کەواتە ئەمت ڕازی نەبوو وەك خۆیەکە کە ئەصلی ویە، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وازحە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ڕوونکردنەوەکەی کاك بژار ئەوەیە کە دەڵێ ئەگەر ئێمە شتێکمان بە ناوی لیژنەی هاوبەش دانەنا مانای ئەوەیە شتێکی تازە نەهاتووە و ئەوان بە وەك خۆی ڕازین، بەڵێ، ئێستا ئێمە چوار پێشنیارمان هەیە، یەك یەك دەیانخەینە دەنگدان.

-هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە، بفەرموێ دەنگ بدات، کەس لەگەڵ نییە؟

-هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە، بفەرموێ دەنگ بدات؟ بەڵێ (٦٥) دەنگ، سوپاس.

-پێشنیاری سێیەم، فەرموون دەنگ بدەن؟ (١) دەنگ.

-پێشنیاری چوارەم، فەرموون دەنگ بدەن؟ (٧) دەنگ، سوپاس.
کەواتە پێشنیاری دووەم بە ناونیشان وەرگیرا، ماددەی یەکەم.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەکەم سێ پێشنیاز هەیە:
پێشنیاری یەکەم/ ئەم ماددەیە وەك خۆی تەنها لە بڕگەی چوارەم دا (هۆیەکانی گواستنەوە) بکرێتە (ئامرازەکانی گواستنەوە).
پێشنیازی دووەم/ ئەو ماددەیە وەك خۆی تەنها لە بڕگەی شەشەم دا بەم شێوەیەی خوارەوە پێناسەی لێدەرهێنراوەکانی نەوت بکرێ (٧- لێدەرهێندراوەکانی نەوت: هەموو لێدەرهێندراوێك کە لە نەوت و گاز یان هەر بەرهەمێکی پیترۆکیمیاوی لە نەوت یان گاز دروست دەبێت دەگرێتەوە).
پێشنیازی سێیەم/ وەك خۆی: ماددەی (١):
مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:
١-هەرێم: هەرێمی کوردستانی عیراق
٢-وەزارەتی سامانە سروشتییەکان: وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی هەرێم
٣-وەزارەتی دارایی و ئابووری: وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم
٤-هۆیەکانی گواستنەوە: هەموو هۆیەکانی گواستنەوەی وشکانی و ئاسمانی دەگرێتەوە کە بۆ گواستنەوەی نەوت و لێدەهێنراوەکان یان مرۆڤ و کەل و پەلەکان یان بۆ هەردووکیان بەکار دەهێنرێن.
٥-هەر هایدرۆکاربۆناتێکی سروشتی یان هایدرۆکاربۆناتێکی تێکەڵاوی سروشتی چ لە دۆخی گازی یان شلی بێت ئەوانیش دەگرێتەوە دە دەتوانرێ بگەڕێنرێنەوە بۆ حەشارگەکە.
٦-لێدەرهێنراوەکانی نەوت: هەموو لێدەرهێنراوێك وەك بەنزینی ئۆتۆمبیل گازۆلین، زەیتی گاز، زەیتی بزوێنەر، گریز بە هەموو جۆرەکانییەوە، گازی شل، کیرۆسین (نەوتی سپی)، قیر (نەوتی ڕەش)، نەفتە هەر بەرهەمێکی پیترۆکیمیاوی کە لە نەوت یان گاز دروست بووبێت دەگرێتەوە.
٧-مۆڵەت: ئەو ڕێگەپێدانە فەرمییەیە کە لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەدرێت بە کەسێك کە بازرگانی نەوت یان هاوردە و هەناردەی لێدەرهێنراوە نەوتییەکان بکات.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڵێ کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا هەر یەك ڕاست کردنەوە بۆ ڕاپۆرتەکە، لە پێشنیازی دووەم هاتووە، یەعنی بڕگەی حەوتەم دەستکاری بکرێ، لە ڕاستی دا خۆی بڕگەی شەشەمە، دەستخۆش.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وای خوێندەوە، کاك علی وای خوێندەوە، دروستە، بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێمە بۆ ماددەی (١) سێ پێشنیارمان هەیە:

-پێشنیاری یەکەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ کەسی لەگەڵ نییە.

-پێشنیاری دووەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ پێشنیاری دووەمە با بفەرموێ دەنگ بدات؟ (١٥) دەنگ.

-پێشنیاری سێیەم وەك خۆی، بەڵێ (٦٢) دەنگ، پێشنیاری سێیەم کە وەك خۆیەتی وەرگیرا.

ماددەی دوای ئەوە بەڕێزان.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) هیچ پێشنیارێك نییە.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، وەك خۆی بۆمان بخوێننەوە.

**بەڕێز عل حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کردەوانەی خوارەوە بە تاوان هەژمار دەکرێت:

١-بەقاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی: فرۆشتن و گواستنەوەی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی بە ڕێگەی نایاسایی بەدەر لەو بڕە دیاریکراوانەی کە بەڕێگەی پێدراوە بە پێی یاسا و ڕێنماییە کارپێکراوەکان بە مەبەستی هاوردەکردن بێت یان هەناردەکردن بۆ دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

٢-بردن و فرۆشتنی هەر بڕێك لە نەوت و لێدەرهێنراوە نەوتییەکان کە تەرخان کراون بۆ پێداویستی فەرمانگە حکومی و ناحکومییەکان جا لە بازاڕەکانی ناوخۆدا بێت، یان هەناردەی دەرەوە بکرێت.

٣-ساختەکردن یان دەستکاری کردنی مۆڵەت یان بەڵگەنامەی فەرمی بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانەی کە لە بڕگەی یەکەم دا خاڵی (١) و (٢) ئەم ماددەیە دەقنووس کراون.

٤- هەر جۆرە ئاسانکارییەك لە بەکرێدانی عەمبار کەرەستە و شوێن دابین کردنی پارە بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی کە لە بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە دەقنووس کراون.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە، نوقتەی نیزامی یە کاك دکتۆر؟ فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بەم ماددەیە ئێمە لە جەلسەی پێشووشدا لە دانیشتنەکەدا لە کاتی موناقەشەدا، پێشنیازی خۆمان کرد و پێشنیازەکەشمان بەرمەبنای ئەو داواکاری و ئەو شتانە بوو، ئەو قسانە بوو کە هاووڵاتیان دەیکەن لە هەرێمی کوردستان دا، سەبارەت بە داهاتی نەوت لە هەرێمی کوردستان دا و ناشەفافی لەم بابەتەدا، بۆیە داوامان کرد کە بڕگەیەك زیاد بکرێ بەشی خۆیشی پشتگیری هێنا کە بڕگەیەك زیاد بکرێ سەبارەت بەوەی کە داهاتی نەوت لە هەرێم دا شەفاف بکرێ و بۆچی باسی بۆری نەکراوە لێرەدا، چونکە بەڕاستی یەعنی پرسیارەکە ئەوەیە هاووڵاتیان پرسیویانە ئایا نەوتی هەرێم کە بە بۆری دەفرۆشرێ و بەشێکیشی بە تەنکەر دەفرۆشرێ؟ ئایا نەوتێکی ڕەسمی یە؟ یان قاچاغە؟ ئەگەر قاچاغە بۆ لێرە ناوی نەهاتووە؟ ئەگەر رەسمی یە کوا ئەو وەزارەتەی دەیفرۆشێ و ئەو وەزیرەی دەیفرۆشێ؟ کوا ئەو حکومەتەی دەیفرۆشێ؟ بە با تەواوی بکەم بە ڕوخسەتی جەنابت، با تەواوی بکەم پەیامەکەم بگەیەنم دوایی وەڵامم بدەنەوە، ئەگەر رەسمیشە کوا ئەو لایەنەی دەیفرۆشێ؟ ئەم پەرلەمانە گرنگە ڕێز لەو یاسایانە بگرێ کە خۆی دەریان دەکات، جەنابت ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمان بووی لە ساڵی (٢٠١٥)دا لەم پەرلەمانەوە یاسایەکتان دەرکردووە یاسای سندووقی کوردستان بۆ داهاتە نەوت و گازییەکان، تا ئێستا حکومەت ئیلتیزامی پێوە نەکردووە، هەموو ڕۆژێك زیاتر لە نیو ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشرێ لە هەرێمی کوردستانەوە بە بۆری و بە تەنکەر ئەو پارەیە کەس نازانێ بە چەند دەفرۆشرێ؟ ...

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی دەست بە پرۆسەی دەنگدانەکە بکەن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی دووەم وەك خۆی وەربگیرێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ ماددەی دووەم بە (٧٥) دەنگ وەرگیرا، ماددەی سێهەم بخوێننەوە، فەرموون، کاك د.کاظم فەرموو، جەنابت زۆر بەڕێزی فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی سێیەم وەکو خۆی هیچ پێشنیارێك نییە:

یەکەم/ دەزگاکانی ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ و بەڕێوبەرایەتی گشتی گومرگ و بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەم ئەرکانەی دەکەوێتە ئەستۆ:

١-راهی کردنی هۆیەکانی گواستنەوە و دەست بەسەرداگرتنی ئەو نەوت و لێدەرهێنراوانەی کە ئامادە کراون بۆ بە قاچاغ بردنی لەلایەن تۆمەتبارانەوە.

٢-دەست بەسەرداگرتنی هۆیەکانی گواستنەوەی بیانی یان هاوردەکراو کە گۆڕانکاری لە قەبارەی دیزاین کراوی تانکی هەڵگرتنی سووتەمەنییەکان دا کراوە بەمەبەستی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی بەکار دەهێنرێ.

٣-ئامادەکردن و ڕەوانە کردنی دۆسیەی تۆمەتباران بۆ دادگاکان.

٤-پشکنین و بەسەر دادانی هەر هۆیەکی گواستنەوە عەمبار، نووسینگەکان، یان هەر شوێنێکی دیکە لە کاتی بوونی گومانی ئەنجامدانی یەکێك لەو تاوانەی کە لەو یاسایەدا دەقنووس کراون.
دووەم/ بۆ ڕیگری کردن لە ئەنجامدانی ئەو تاوانانەی لە ماددەی دووەمی ئەم یاسایە دەقنووس کراون کارمەندی ڕێگەپێدراو مافی بەکارهێنانی هێز و ڕووبەڕوو بوونەوەی هەیە بە مەبەستی وەستاندنی هەر هۆیەکی گواستنەوە یان کەسێك لە کاتی سەرپێچی کردن لە فەرمان دا.
سوپاس بۆ جەنابت.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەرفەتت دەدەم کاك پێشەوا، فەرموو قسە بکە ئەگەر نوقتەی نیزامییە، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەکو ئەندامی لیژنەی سامانە سروشتییەکان پرسیارەکانی د.کاظم مەنتیقی بوون، یەعنی حەقە جوابێکیان بدرێتەوە، جا من وەکو ئەندامی لیژنە دەتوانم هەندێك لەو شتانە بخەمە ڕوو کە پرسیاری ئەو بوون، لەوانەیە ئێستا خەڵکیش مەبەستی بێ ئەم وەڵامانە بزانێت، بۆیە ئەگەر ئیزن بفەرموون من وەڵامەکان دەدەمەوە، وەکو ئەندامی لیژنە.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای دەنگدان، کاك پێشەوا ئێمە لە دانیشتنی دەنگدانین، ئێستا لە دانیشتنی دەنگدانین.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

کەواتە ئەگەر ئیزن بدەن دوایی.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزتان سەبارەت بە داهاتی نەوت دەتوانن بیرۆکەیەك ئامادە بکەن ئێمە (١٠) دەقە مەجالت دەدەین.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخر ئەم پرسیارانە ورووژێنراون ئێستا خەڵك وەڵامەکەی دەوێت.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پێشەوا وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانەی کە برای بەڕێزمان کاك د.کاظم کردویەتی، جەنابت ئامادەی کە لە بیرۆکەیەك دا دەرفەتت دەدەین لە جیاتی یەك دەقە دە دەقەی تەواو قسە بکە، بەڵام ئەم دانیشتنە دانیشتنی دەنگدانە، بەراستیش کە ئێمە دەرفەت دەدەین بە بەڕێزان لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن کە قسە بکەن، هەندێك جار هەست دەکەم لەلای خۆم دەزانم پەیڕەو شکێنی یە، بەڵام بۆ ئەوەی پێچەوانەکەی تەفسیر نەکرێ دەرفەتیان پێ دەدەین، ناشبێ ئەو دەرفەتەی ئێمە پێیان دەدەین ئەوان بە شێوازێکی خراپ بە کاری بێنن، دەرفەتت دەدەم لە دوای دەنگدان جەنابت دەتوانی قسە بکەی لەو بارەیەوە دوو دەقەت دەدەینێ، ئەگەر دەتەوێ باشتر دەرفەتت هەبێ بیرۆکە ئامادە بکە، ماددەی (٣) وەك ئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی وزە

خوێندییەوە، هیچ پێشنیارێك نییە، هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمانی لەگەڵە با بفەرموێ، بەڵێ سوپاس، بە (٨١) دەنگ وەرگیرا، پەسەند كرا ماددەی (٣)، ماددەی (٤).

**بەڕێز سەركۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە:

-پێشنیاری یەكەم وەك خۆی تەنیا بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە لابدرێت.

-پێشنیاری دووەم وەكو خۆی:

یەكەم/ كەسی تۆمەتبار چ ئەنجامدەری سەرەكی تاوانەكە بێت یان شۆفێری هۆیەكانی گواستنەوە یان ئەوانەی لە تاوانەكەدا بەشدارن بە مەبەستی لێكۆڵینەوە و دادگایی كردن هەواڵەی دادگای ئەو سنوورە دەكرێ كە نەوت و لێدەرهێنراوە نەوتییەكانی تێدا بە قاچاغ بردراوە.

دووەم/ تۆمەتباری دەستگیركراو بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە لە قۆناغەكانی لێكۆڵینەوەی دادگایی كردن بە دەستەبەری ئازاد ناكرێ تا دەرچوونی حوكمی یەكلاییكەرەوە لەلایەن دادگای تایبەتمەند.

سێیەم/ دادگا خەسڵەتی بە پەلە دەدات بەو داوایانەی كە بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە ئاراستەی دەكرێن.

زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بە ماددەی (٤) دوو پێشنیار هەیە:

-یەكێكیان دەڵێ وەك خۆی، بەڵام بڕگەی (٢) لە ماددەكە لابرێ، كە باس لەوە دەكات كە تۆمەتبار بە دەستەبەری ئازاد ناكرێ، هەرئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بادەنگ بدات؟ (٢) دەنگ.

-هەرئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەی (٤) وەك ئەوەی بەڕێز ئەندامی لیژنەی وزە خوێندییەوە پەسەند بكرێ بادەنگ بدات؟ بەڵێ سوپاس، بە دەنگی (٧٨) ئەندامی پەرلەمان ماددەكە وەك خۆی وەرگیرا، ماددە (٥) بەڕێزان فەرموون.

**بەڕێزعباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٥) دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەكەم/ كە وەك خۆی تەنها بڕگەی یەكەمی ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بكرێ:

١-هەر كەسێك یەكێك لەو كردەوانە ئەنجام بدات كە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە دەقنووس كراون بەزیندانی كردن كە لە پێنج ساڵ كەمتر نەبێت و لە دە ساڵ زیاتر نەبێت پێ بژاردنێك كە چوار هێندەی بەهای كەرەستەی بەقاچاغ براوەكە بێت سزا دەدرێ.

پێشنیاری دووەم وەك خۆی/

یەکەم/ هەر کەسێك یەکێك لەم کردەوانە ئەنجام بدات کە لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە دەقنووس کراون بە بەند کردن کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێت و لە حەفت ساڵ زیندانی کردن زیاتر نەبێت و پێ بژاردن کە چوار هێندەی بەهای کەرەستە بە قاچاغ براوەکە بێ سزا دەدرێ.
دووەم/ لە باوردۆخی جەنگ و باری تەنگەتاو ڕوودانی قەیرانی سووتەمەنی دا ئەنجامدانی هەر یەك لەو تاوانانە لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایەدا دەقنووس کراوە بە باری توندکراو ئەژمار دەکرێت.
سێیەم/ حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر هەر هۆیەکی گواستنەوە کە تاوانی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی ئەنجام بدرێت جێبەجێ دەکرێت جا چ تۆمەتبار خۆی خاوەنی بێت یان بە کرێی گرتبێت.
سوپاس.
**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە بۆ ئەم ماددەیە دوو پێشنیارمان هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی، بەڵام زیاد کردنی سزاکەیە لە پێنجەوە بۆ دە ساڵ وەك خۆشی سزاکە سێ بۆ حەوت ساڵە.
ئێستا یەکەم پێشنیار کە سزاکە زیاد بکرێ لە پێنج ساڵەوە بۆ دە ساڵ دەخەینە دەنگدان وەك خۆی، بەڵام زیادکردنی سزاکەی لەگەڵ بێ، هەرئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بادەنگ بدات؟ بەڵێ (٧٤) دەنگی هێنا، پێشنیار یەکەم پەسەند کرا ماددەی (٥) بەو شێوەیەی کە لە پێشنیاری یەکەمدا هاتووە دەبێتە ماددەیەکی قانونی، فەرموون ماددەی (٦).
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی (٦) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە:
یەکەم/ هۆیەکانی گواستنەوە و کەرەستە بارکراوەکان ئەگەر ئەو کردەوانەی پێ ئەنجام درابێ کە لە ماددەی (٢)ی ئەم یاسایەدا دەقنووس کراون هەر کات لە ناو خاکی هەرێم بگیرێت دەستیان بەسەردا دەگیرێت.
دووەم/ هەر هۆیەکی گواستنەوە کە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستی بەسەردا دەگیرێت دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕ دادگا لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری بە زیاد کردنی ئاشکرا بە پێی حوکمەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەتی بەرکار لە هەرێم بە بارەکەیەوە دەفرۆشرێت.
سێیەم/ هەواڵدەر و ئەو کەس و لایەنانەی هاوکاربوون لە ئاشکرا کردن و دەستگیر کردنی هۆیەکانی گواستنەوەی بەکارهێنراو لە تاوانی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی لە دوای فرۆشتنی هۆیەکانی گواستنەوەکە بە ڕێژەی (٢٥%)ی کۆی بڕی نرخی فرۆشراوەکە پاداشت دەکرێت و بە مەرجێك لە هیچ حاڵەتێك دا لە (١٥) ملیۆن دیناری عیراقی زیاتر نەبێت.
چوارەم/ ئەو بڕە پارەیەی دوای جێبەجێ کردنی ئەم بڕگەی دووەم و سێیەمی ئەم ماددەیە دەمێنێتەوە دەکرێت بە داهات بۆ گەنجینەی گشتی و بۆ هەرێم و دەبێتە داهاتی کۆتایی.
سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێزان مەبەستی لە بڕگەی دووەم بەم شێوەیە بەپێی حوکمەکانی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵکەکانی دەوڵەتی بەرکار لەهەرێم بەبارەکەیەوە دەفرۆشرێت، بۆ ئەوەی لە پرۆتۆکۆڵ بێ، سێیەمیش هەواڵدەر و ئەو کەس و لایەنانە، بەڕێزان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی شەش بەم شێوەیە پەسەند بکرێ کە خوێندرایەوە با بفەرموێت دەنگ بدات؟ بەڵێ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٨٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٧) بەڕێزان، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٧) دوو پێشنیار هەیە:

-پێشنیاری یەکەم/ ئەم ماددەیە لابدرێ.

-پێشنیاری دووەم وەك خۆی/ ماددەی (٧)

دوای دەرچوونی حوکمی بنەبڕ بە بێ تاوانی تۆمەتبار ئەوا:

١-هەر هۆیەکی گواستنەوە کە دەستی بەسەردا گیراوە بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێنرێتەوە.

٢-کەرەستە بارکراوەکە یان بەهاکەی بە هەمان نرخی فرۆشراو لە ڕێکەوتی دەست بەسەردا گرتنی دەدرێتەوە بە خاوەنەکەی.

٣-مافی قەرەبووکردنەوەی پارێزراوە بە پێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ماددەی (٧) لەبەردەمی دوو پێشنیارین، یەکێکیان دەڵێ ئەو ماددەیە بە تەواوەتی لابدرێت، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەکە لابدرێ بادەنگ بدات؟ بەڵێ، (٥) کەس، بەڵێ سوپاس.

پێشنیاری دووەم ماددەکە وەك خۆی هەرئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بادەنگ بدات؟ بەڵێ سوپاس، پێشنیاری وەك خۆی بە دەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٨).

**بەڕێزجلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٨) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە:

هەر کەسێك دامەزراوە نەوتییەکان، باڵاخانەکان، چاڵە نەوتییەکان، بۆری گواستنەوە، کۆگا و وێستگەکانی عەمبارکردن لە ڕێگەی تەقاندنەوە و کون کردنیان و هەر هۆیەکی دیکە بە مەبەست لێ بە قاچاغ بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی پێ تێك بدات بە پێی حوکمەکانی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٦ سزا دەدرێت.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (٨) بەو شێوەیەی کە بڕیاردەری لیژنەی کاروباری یاسایی خوێندییەوە پەسەند بکرێ با بفەرموێ دەنگ بدات؟ سوپاس بەڕێزان بە دەنگی (٨٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ماددەی (٩) فەرموون.

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٩) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە:

حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەو کەسە سروشتی و مەعنەویانەش دەگرێتەوە کە کردارەکانی هەناردەکردن و هاوردەکردنی نادروست ئەنجام دەدەن و ئەوانەشی دەستکاری بڕیار و بەڵگەنامەکانی هاوردەکردن و هەناردەکردن دەکەن بە زیاد کردن و کەم کردن، ئەوانەشی ئاسانکاری بۆ دەکەن یان بەشدارن.

زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەرئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە ماددەی (٩) بەم شێوەیە پەسەند بکرێ کە بڕیاردەری لیژنەی وزە خوێندییەوە، فەرموو دەنگ بدەن؟ بەڵێ سوپاس، بە دەنگی (٧٩) ئەندامی پەرلەمان پەسند کرا، ماددەی (١٠).

**بەڕێز سەرکۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٠) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە:

ڕێگە بە هیچ هۆیەکی گواستنەوە نادرێت کە نەوت و لێدەرهێنراوەکانی بار بکات، تەنها بە ڕێ پێدانی فەرمی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان و بە پێی ئەو بڕ و نمونە و پێوەرانە نەبێت کە وەزارەت ئامادەیان دەکات. زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، د.گەلاوێژ نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماددەی (١٠) پێشنیارێکمان کردبوو بە پێی ماددەی (٩١) سێیەم لە خستنە دەنگدانی ڕایەکان، پێویستە ئەو ڕایەی دەخرێتە دەنگدان بەلایەنی کەم سێ ئەندام پشتگیری ڕایەکە بکات، جگە لەو دوو ئەندامەی کە ئاخاوتن دەکەونە ڕیزبەندی کۆتایی، من لەو دوو ئەندامە بووم کە کەوتمە ڕیزبەندی کۆتایی و پێشیارەکەشم بە نووسین داوەتە لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك بژار، وەڵامی د.گەلاوێژ بدەوە پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدان، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

بووره جەنابی سەرۆك داوا دەکەم دووبارە بکات ئەگەر ئەزیەت نەبێ تێنەگەیشتم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەڵێ پێشنیارێکم کردووە سەبارەت بە ماددەی (١٠) لەبەر ئەوەی دوو کەسی ئەخیر بووم پێویست ناکات سێ کەس پشتیوانیم بکات، کوا پێشنیارەکەی؟

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارا د.گەلاوێژ لای ئێمە هەیە و وابزانم نەکەشی ناڤا پێشنیارا هەیە، بەحس دکات کو ژ داهاتێ ڤێ نەفتێ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری ئەدڤی قالبیا دی بەحس کریە، وەکی نوکە د.کاظمیش ئیشارەت پێدای، ئەڤ جوابا بۆ کاك کاظم و بۆ د.گەلاوێژیشە ئەڤ یاسا یاساکا تایبەتە بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت، یەعنی بەحسی داهات و ڕێکخستنا داهاتی و چۆنیەتیا سەرف کردنی داهاتێ نەفتێ ناکریت لە کوردستانێ حەتا پێشنیارێن دانێن ئەڤە قانونەکا تایبەتە، بەرەنگاربوونەوە و ئەڤ تاوانی دێنە ئەنجامدان قاچاغ بردنا نەفتێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (١٠) پەسەند بکرێ بەو شێوەیەی بەڕێزیان خوێندیانەوە، فەرموون دەنگ بدەن؟ بەڵێ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، تەواو د.گەلاوێژ، دەنگمان دا، تەواو، فەرموون، ماددەی (١١).

**بەڕێز بژارخالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١١) سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/ ئەم ماددەیە بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بکرێت:

وەزیری سامانە سروشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

پێشنیاری دووەم/ وەزیری سامانە سروشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرەکانی ناوخۆ و دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

پێشنیاری سێیەم وەك خۆی/ وەزیری سامانە سروشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئێمە سەبارەت بە ماددەی (١١) سێ پێشنیارمان هەیە:

-پێشنیاری یەکەم دەخەینە دەنگدان، هەرئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵە بادەنگ بدات؟ بەڵێ، (٢) دەنگ.

-پێشنیاری دووەم دەخەینە دەنگدان، پێشنیاری دووەم/ وەزیری سامانە سروشتییەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیرەکانی ناوخۆ و دارایی و ئابووری ڕێنماییەکە دەربکات، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵە با دەنگ بدات؟ (٦٧) دەنگ.

-سێهەم وەك خۆی، هەرئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بـا دەنگبـدات، (٢) دەنگ.

پێشنیاری دووەم وەرگیرا و پەسەند كرا، بەڵێ فەرموون.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیازی لیژنەی هاوبەش بە پێی ئەو دەسەڵاتەی ماددەی (٩١)ی بڕگەی (چـوارەم) لە پەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردسـتان كە بە لیـژنەی یاسـایی و تایبەتمەنـد دراوە ئـێمە لە كۆبەنـدی ئەو بژاردانەی پێشنیار كراون لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان لە دانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەم دا ئەم پێشنیارە دەخەینەڕوو، داوا دەكەین بخرێتە دەنگدان، پێشـنیاز دەكەیـن مـاددەیەك بە زنجیـرەی (١٢) زیاد بكرێ بۆ ئەم یاسایە بەم شێوەی خوارەوە:

ماددەی (١٢): پێویستە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكـانی ئەم یاسـایە جێبەجێ بكەن.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لیژنە تایبەتمەنـدەكان و لیـژنەی یاسـایی بەیەكەوە پێیـانوایە كە دەبـێ مـاددەیەك زیـاد بكـرێ، مـاددەكەش بەو دەقەی كە بەڕێـز جێگـری سـەرۆكی لیژنەی كاروباری یاسایی خوێندییەوە، هەرئەنـدامێكی بەڕێـزی پەرلەمـانی لەگەڵە بادەسـت بەرز بكاتەوە؟ بەڵێ سوپاس، بە دەنگی (٧٢) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، ماددەی (١٣).

**بەڕێزجلال محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٣) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە:

كار بە هیچ دەقێكی یاسا یان بڕیارێك ناكرێن لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێت.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەربەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە كە ماددەكە بەو شێوەیە پەسـەند بكـرێ كە بەڕێز بڕیاردەری لیژنەی كاروباری یاسایی خوێندییەوە با بفەرموێ دەنگبـدات؟ زۆر سـوپاس، بە دەنگی (٧١) ئەندامی پەرلەمان پەسەند كرا، ماددەی دوای ئەوە.

**بەڕێز سەركۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١٤) وەك خۆی هیچ پێشنیارێك نییە:

مـاددەی (١٤): ئەم یاسـایە لە ڕۆژی بڵاوكـردنەوەی لە ڕۆژنـامەی فەرمـی وەقـائیعی كوردسـتان جێبەجێ دەكرێت.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان هەرئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە ماددەی (١٤) بەو شێوەیە پەسەند بكرێ كە بەڕێزیـان خوێنـدییەوە بفەرمـوێ دەنگبـدات؟ بەڵـێ زۆر سـوپاس، بە دەنگـی (٧٢) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند كرا، هۆیەكانی دەرچوواندن، فەرموون.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن وەکو خۆی هیچ پێشنیارەك نییە:

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لەبەر ئەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت لێدەرهێنراوەکانی لەو تاوانانەیە کە دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عیراق، و لە پێناو ڕێگەگرتن لە کارو کردەوەکانی بە قاچاغ بردن و بە تالان بردنی نەوت و لێدەرهێنراوەکانی، بەرەنگاربوونەوەی ئەم تاوانە و پاراستنی سامانی نەوت و سەپاندنی سزایەك کە گونجاو بێت لەگەڵ مەترسیداری ئەم تاوانە، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیەی کە بەڕێز جێگری سەرۆکی لیژنەی وزە خوێندییەوە هۆیەکانی دەرچوواندن پەسەند بکرێ با بفەرموێ دەنگ بدات؟ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٨٣) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەگەر لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندنە دەنگمان دا.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر هۆیەکانی دەرچوواندن نییە، دەمەوێ پێش ئەوەی کۆی یاساکە بە تەواوەتی بخەیتە دەنگدانەوە ئێمە ڕاستە دەنگمان لەسەر ماددەی (٥) دا بەس هەڵەیەکی قانوونی هەیە، دکتۆرە ئەگەر یارمەتی بدەی بۆ ئەوەی تێنەپەڕێ بەسەرمان دا، لە پێشنیازی یەکەم کە پەسند کرا لە ماددەی (٥) کە پێشنیازی ئێمە بوو لە خوێندنەوەی دووەم بە سوپاسەوە ئەندامانی پەرلەمان پەسندیان کرد، بەڵام خۆت دەزانی لە شەش تا پێنج ساڵ بە بەند کردن لە قانوون هەیە نەك بە زیندانی کردن.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا نا نا سێ بۆ پێنج، کاك بژار، فەرموو، ئەوەی دامانناوە تەواوە، کاك بژار وەڵام با بداتەوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر لە پێشنیاری دووەم دا کە سێ ساڵ بوو ئەوە بە بەندکردن هاتووە، لە حەوت ساڵ دەبیتە زیندان سجنە، بەڵام ئەو پێشنیارەی جەنابی کاك بەڵێن بوو ئێمە پێمان باش بوو وەکو لیژنەی یاسایی و لیژنەی تایبەتمەند کە دەنگیش لەسەر ئەوە بدەین، لێرە ئەوەمان گۆڕی لە پێنج ساڵ، پێنج ساڵ و یەك ڕۆژ حیساب دەبی سجن، لەبەر ئەوە کردمانە زیندانی، تا دە ساڵ.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ کۆی یاساکەدایەبا بفەرموێ دەنگ بدات، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان کۆی یاساکە بە دەنگی (٨٨)

ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان پەسەند کرا، پیرۆزبایی لە خۆمان، لە گەلی کوردستان دەکەین هیوادارین ئەم یاسایە، جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ببێتە مایەی ڕێگری لە بەقاچاخ بردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان و ئێستاش بەڕێز سەرۆکی لیژنەی وزە داوای کردووە قسە بکات، دواتریش کاك پێشەوا یەك دوو دەقە، تەنها دوو دەقەیان دەدەینێ، مامۆستا أبوبکر دەیەوێ قسەیەك بکات، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٩٠) بڕگەی (٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی دەنگدان، ڕێ بە گفتۆگۆ یان پێشکەش کردنی پێشنیازی تازە نادرێ، ئەوەش جۆرێکە لە گفتوگۆ، ئەوەی ئێستا هەر ئەندامێك قسە بکات.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە دەنگمان دا، دەنگمان بە قانوونەکە دا، دەنگمان بەکۆی قانوونەکە دا، هیچ شتێك نەماوە، بڕوا بکە مامۆستا.

**بەڕێز أبوبکر عمر عبدالله:**

ئەوە پێشێلکاری پەیڕەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، چونکە ئەم جەلسەیە جەلسەی دەنگدانە، ببوورە.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێ مامۆستا أبوبکر، هەر ئەو پەیڕەوەی لەبەر دەستی مندایە ئیحتیرامەن بۆ ئۆپۆزسیۆن دەیان جار دەرفەتم داوە قسە بکەن نا پەیڕەوی بووە، وتووشمە نا پەیڕەویە، ئەندامی پەرلەمان هەبووە وتوویەتی جا پەیڕەو چییە میللەت موهیمترە، یەعنی پەیڕەو ڕێکخستنی نیزامی قسەکردنە لە ناو هۆڵی پەرلەمان دا، لەبەر ئەوە هەموو جارێ ئەوەی کە بۆ خۆمانی ڕەوا دەبینین، قەی چی دەکات سەرۆکی لیژنەی وزە دەیەوێ سەبارەت بە گرنگی ئەم یاسا پەسندکراوە دوو دەقە قسە بکات، با دوو دەقە قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی سامانە سروشتییەکان زۆر بە میهەنی بە بێ چاوپۆشی لە هیچ شتێك بۆ کۆی دۆسیەکانی نەوت، دۆسیەی نەوت کۆمەڵێ دۆسیەی جیاوازن، بەرهەمهێنانە، فرۆشتنە، بە بازارکردنە، گەڕانەوەی پارەیە، شێوازی پارەکەیەتی، یەکێ لە خاڵەکان بە قاچاغ بردنی نەوتە، ئەم پرۆژە یاسایەی کە ئێستا دەنگی بۆ دراوە و بۆ یەکێك لە خاڵەکانی دۆسیەی نەوتە، پەیوەندی بە شەفافیەتی نەوت لە سندووقی داهاتەکانی نەوتدایە، ئێمە ئەوە قسەیەکی عامە بڵێ بە وردی دەستنیشانمان کردووە، (٤٧٥) هەزار بەرمیل نەوت دەفرۆشرێ ڕۆژانە، داهاتی

مانگــانەی (٧٢٠) مليــۆن دۆلارە، (٣٠٠) مليــۆن دۆلار دەدرێــتە دارايــی و (٤٢٠) مليــۆن دۆلار خەرجييەكانی ترە لە بۆری لە ئەوانەی تر، ئێمە ڕەخنە و تێبينی جديمان هەبووە وەكە ئەم ليـژنە لەسەر خەرجييەكانی تر، بە ڕەسمی داوای دروست كردنی سندووقی داهاتی نەوتمان كـردووە و باوەڕی ئێمە وايە سندووقی داهاتی نەوت شوێنی چارەسەركردنی ئەم گرفتەيە كە پەيوەندی بە شەفافيەتی نەوتييەوە هەيە و لێرەشەوە وەكو ليژنە ديسانەوە داوا لە بەڕێزتان دەكەين جەخت بـكەنەوە، كتــاب بنێـرن، بـۆ ئەوەی زوو سـندووقی داهاتەكـانی نەوت تەفعيـل بـێ، بە پێـی سندووقەكە بزانـرێ كۆی بەرهەمـی نەوت چەنـدە، كۆی خەرجييەكـان چەنـدە، نەوت بە چەنـد فرۆشرا و پارەكە چی لێهات؟.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، كاك پێشەوا تۆش دوو دەقە قسە بكە وەڵامی كەسيش نادەيتەوە.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

من هەوڵ دەدەم زۆر بە كورتی قسە بكەم، وەڵاميش نادەمەوە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمـان، وەكـو ئەنـدامی ليـژنەی سـامانە سروشـتييەكان هەنـدێك پرسـيار كـران لەبـارەی داهـاتی نەوت بەڕێـز سەرۆكی فراكسيۆنی نەوەی نـوێ پرسـيارەكانی مەنتيقـی و مەعقـولن حەقە خەڵـك بيانزانێـت، نەوتی هەرێـم مانگـانە نـزيكەی (٧٥٠) مليـۆن دۆلار داهـاتی هەبـووە بەڕێـز سـەرۆكی پەرلەمـان، مانگانە (٣٥٠) مليۆن دۆلار لە داهاتی نەوت ڕادەسـتی حكـومەت كـراوە، (٤٠٠) مليـۆن دۆلاری بـۆ قەرزی كۆمپانيای نەوت و دەرهێنانی نەوت و گواستنەوەی بووە لەو پارەی كە لە داهـاتی نەوت دەست دەكەوێ، دوای دەست بەكاربوونی كابينەی نوێ ئەم مەبلەغە مانگ بە مانـگ كەم بـۆتەوە بۆ (٢٩٥) مليۆن دۆلار، واتـا لە هەر مانگێـك (٥٥) مليـۆن دۆلار كەمتـر بـووە لە جـاران، حكـومەت مانگانە تەنها بۆ مووچە پێويستی بە (٧٥٧) مليۆن دۆلار هەبووە، لە بەغدا (٤٥٢) مليار دينار دێت كە دەكاتە (٣٨٣) مليـۆن دۆلار، هەروەهـا (٢٩٥) مليـۆن دۆلاری لە داهـاتی نەوت دەسـت دەكەوێ سەرجەمی گشتی دەكاتە (٦٧٨) مليۆن دۆلار، واتا حكومەتی هەرێم بۆ پڕكردنەوەی مووچە و بۆ ئەو كورتييەی كە لە مووچە هەيە دەبێت لە داهـاتی نـاوخۆ نـزيكەی (١٠٠) مليـۆن دۆلار تەرخـان بكات، جگە لەوە بە پێی بەدواداچوونی ئێمە زانيومـانە حكـومەتی هەرێمـی كوردسـتان داهـاتی ناوخۆی بەرز كردۆتەوە و بە نيازە زياتريش بەرزی بكاتەوە، بەتايبەت لە هەندێك ڕێ و شوێن كە دەيگــرێتەبەر، يەكێــك لەوانە وەرگــرتنەوەی قەرز لەو كەســانەی قەرز كــوێرن كە قەرزيــان وەرگرتـووە لە حكـومەت تێيانـدايە نـزيكەی (٦٢) مليـۆن دۆلار بەرەو سـەر پـارەی لە حكـومەت وەرگرتووە، ئێستا پـارەكە نـاداتەوە، ئەوە هەمـووی هۆكـار دەبـوون بـۆ بەرزكـردنەوەی داهـاتی

حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێك وردەکاری دیکەش هەن کات نییە ئەگینا ئەوانیش دەخەینەڕوو.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتێکی تر، زۆر سوپاس بۆ هەمووتان دەستتان خۆش بێ دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین و کاتێکی خۆش.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسێن** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)ی
چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\٥\٦
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣)
## چوارشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٦

کاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٦ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسێن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١٢)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٥/٦) بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازەی بڕیاری پێشکەشکردنی پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بریار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی ٨٢ ی پەیڕەوی ناوخۆ بە پێی حوکمی ماددەکانی ٧٩ و ٨٠ و ٨٢ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢- خستنەڕووی گفتوگۆ کردن لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر پرۆسەی خوێندنی ساڵی ٢٠١٩ -٢٠٢٠ .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسایی، خولی بەهارە، لە ساڵی دووەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەم کە بەرنامەی کار و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و لەگەڵ ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منی نبی قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەرنامەی کار**

بەپێی حوکمی ماددەی (٥) و بڕگەکانی یەکەم و دووەم لە ماددەی (١٦) بڕگەی (٣) لە ماددەی (١٨) و بڕگەکانی (١و ٢و ٣و ٤و ٥) لە ماددەی/٢٠، ماددەکانی (٤٧و ٤٨و ٥٢و ٥٤و ٥٥و ٥٦و ٥٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٣) ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم، لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١٢) ی نیوەڕۆ ڕۆژی چوار شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٥/٦ بەم شێوە یە بێت:

١-خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازەی بڕیاری پێشکەشکردنی پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) ی پەیڕەوی ناوخۆ بە پێی حوکمی ماددەکانی (٧٩ و ٨٠ و ٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٢-خستنەڕووی گفتوگۆ کردن لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ لێکەوتەکانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر پرۆسەی خوێندنی ساڵی ٢٠١٩ ـ٢٠٢٠.
پوختەی دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی، ڕۆژی چوار شەممە، ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٣/٤ بەو شێوەیەی خوارەوە بوو:
١- دەست پێ کردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار، پوختەی دانیشتن و ئامادەنەبوونی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
٤- دواخستنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (گلستان باقی سلیمان) لە لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و داکۆکی کردن لە مافی مرۆڤ بۆ کاتێکی نادیار.
٥- قبوڵکردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (شیرین یونس عبدالله) لە لیژنەی پەیوەندیەکان و ڕەوەندی کوردستانی و زیادکردنی بۆ سەر لیژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەت و زیادکردنی ئەندامانی پەرلەمان بەڕێز (زیاد جبار محمد) بۆ سەر لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی.
٦- پەسەندکردنی پێشنیازە یاسای بەرەنگاربوونەوەی بە قاچاغ بردنی نەوت و لێ دەرهێنراوەکان لە هەرێمی کوردستان .
٧- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:
ناوی ئەو ئەندامانی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون لە دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەمی، خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٣/٤:
١- اسماعیل علی تەها
٢- ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله
٣- فرید یعقوب ایلیا
ئەوانە مۆڵەت پێدراون. زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سوپاس، پێش دەستپێکردن بە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکەمان بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری خوێندنی باڵا و توێژنەوەی زانستی و وەزیری پەروەردە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین، بەخێربێن، کاك د.ڕێبوار نوقتەی نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ نوقتەی نیزامیم هەیە، من لە ٤/١٠ نووسراوێکم ئاراستەی بەڕێزتان کرد، سەبارەت بەو نووسراوەی کە بەڕێز کاروان گەزنەیی ئاراستەی ڕێکخراوی ( NHCR)ی کرد، داوام کرد کە ناوبراو بەڕێزیان سێ ماددەی پەیڕەوی پێشێلکردووە... جەنابتان وەڵامتان نەداوەتەوە.... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وەڵاممان داوەتەوە، بەڕێزان بۆ دەست پێکردنەوەی کاری کۆبوونەوەکەمان، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بێنە سەر ستەیج، فەرموون، بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار کە خوێندنەوەی یەکەمی پێشنیازە بڕیاری پێشکەشکردنی پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) ی پەیڕەوی ناوخۆ، بە پێی حوکمی ماددەکانی (٧٩و٨٠ و٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیازە بڕیارە کە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە بڕیارە لە چوار بڕگە پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان کردووە، ئەمانەن:

١- عثمان علی اسماعیل
٢- لوقمان محمد حاجی مصطفی
٣- ڕۆمیۆ هەکاری
٤- محمد سعدالدین
٥- محی الدین حسن یوسف
٦- کاوە عبدالقادر حسن
٧- سیپان ئامێدی
٨- روپاك احمد رحمن
٩- مسلم عبدالله رسول
١٠- لیزا فلك الدین صابر
١١- سارا دڵشاد

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، وەکو لیژنەی یاسایی داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پێشنیازە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی پەیوەندارەکان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەم پێشنیازە بڕیارە ئاراستەی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستانی دەکرێت و، داواشتان لێ دەکەین بە زووترین کات ڕاپۆرتی ئەم پێشنیازە بڕیارە بنووسن، چونکە تایبەتە بە پێدانی مافێك بە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بتوانن بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان کە تەنها دەرفەتی داونەتێ لە ٣/١ بۆ ٤/١

پێشنیازە بڕیار پێشکەش بکەن بە زووترین کات ڕاپۆرتەکەمان بۆ ئامادە بکەن، چونکە دەمانەوێ ئەم دەرفەتە بڕەخسێنین بەدەر لە حوکمەکانی ماددەی (٨٢)، بۆیە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم هەر ئەمرۆ ڕاپۆرتی ئەو بابەتە بنووسن، بەڵام سەرەتا دەمەوێ صیفەتی ئیستعجالی پێ بدەین، بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی (٩٢) داواتان لێ دەکەم هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە صیفەتی ئیستعجال بدرێ بەم پێشنیازە بڕیارە با دەنگ بدات؟ سوپاس، بەدەنگی (٩٩) ئەندامی پەرلەمان سیفەتی بەپەلەی پێدرا، بە گوێرەی ماددەی (٩٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین دەست بەکاروئیشەکانمان بکەینەوە بۆ ئەم وەرزە داواتان لێ دەکەم لیژنەی یاسایی هەر ئەمرۆ ڕاپۆرتەکەتان ئامادە بکەن، بەڕێزان ئێستا دێینە سەر بڕگەی (٢) سوپاستان دەکەین ئێوە دەتوانن بڕۆنەوە شوێنەکانی خۆتان، بڕگەی دووەم لە بەرنامەی کار کە خستنەڕوو و گفتوگۆ کردن بوو پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی پەروەردەیە، سەبارەت بە مامەڵە کردن لەگەڵ لێکەوتەکانی پەتای کۆرۆنا لەسەر پرۆسەی خوێندنی ساڵی ٢٠١٩ ــ٢٠٢٠ ئێستاش سەرەتا دەرفەت دەدەینە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا بۆ ئەوەی پلانەکەی خۆیمان بۆ ڕوون بکاتەوە، بەڕێزان داوا لە ئەندامانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەکەم سەرۆکایەتی و ئەندامانی بفەرموون بێنە سەر ستەیج، بەڕێز د.ئارام وەزیری خوێندنی باڵا و توێژنەوەی زانستی فەرموون پلانەکەتان؟

**بەڕێز د.ئارام محمد قادر امین / وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم کاتەتان باش، سەرەتا سوپاستان دەکەم بۆ ئەو میوانداریە، هیوادارم بەهۆی بارودۆخی ڕەمەزانەوە زۆر لە کاتتان نەگرم و بتوانم لەچەند دەقیقەیەك دا پلان و پرۆژەی بەرنامەی خۆمان ڕوون بکەمەوە بۆ ئێوەی بەڕێز، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز ئاگاداری ئەو ڕێوشوێنانە بن، ئەو بەرنامە و ڕێکارانە بن کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان گرتوومانەتە بەر لە پێناو دەرباز کردنی پرۆسەی خوێندنی ئەمساڵ، بۆ ئەوەی هەرچی جوهدێك هەیە بکەین پرۆسەی خوێندنی ئەم ساڵی خۆمان ئینقاز بکەین و کوڕ و کچی وڵاتی خۆمان و خوێندکاران و قوتابیانی وڵاتی خۆمان دڵنیا بکەینەوە کە چەندین جار ئێمە کۆبوونەوەمان کردووە و بەیانمان هەبووە دڵنیامان کردوونەتەوە، ئێستا ئەو پەرلەمانە بەڕێزەی خۆمان دڵنیا دەکەینەوە لەوەی کە هەموو جوهدێك گیراوەتە بەر و ڕێکارەکان گیراونەتە بەر، بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندنی ئەم ساڵ لەزانکۆکانی کوردستان و لە پەیمانگاکان ئینقاز بکەین و نەهێڵین تیا بچێت و خوانەخواستە بەفیڕۆ بچێت، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە چەندین جار کۆبوونەوەمان کردووە، پلانی جۆراوجۆرمان هەبووە بە گوێرەی هەلومەرجەکان پلانەکانمان گۆڕانی بەسەرداهاتووە، ئێمە بەشێوەیەکی گشتی بۆ خوێندنی ساڵی ٢٠١٩ ــ٢٠٢٠ لە کۆی (٣٠) هەفتەی خوێندن لە ٢٠١٩/٩/١ دەستمان پێ کردووە، (٢٢) هەفتە بە کۆمپلێتی بە بێ هیچ گێرەو کێشەیەك و هیچ گرفتێك خوێندنی خۆمانمان لەناو زانکۆکان تەواو کردووە، ئەوەی کە ماوەتەوە بۆ ئێمە نزیکەی دەتوانم بڵێم لەو هەفتەیە تەقریبەن (٧) هەفتەیە کە بەم شێوەیە دەکات، ئێمە هەر لەسەر بڵاوبوونەوەی پەتای (کۆڤید١٩) کۆرۆناوە ڕێکاری خۆمان گرتەبەر، لە ئەنجومەنی

وەزارەت کۆبوونەوەمـان کـردووە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و لیـژنەی بـاڵای کۆرۆنـا پشووەکانی ڕاگەیاند و لە ٢/٢٦ ەوە بوو بە پشوو هەتـاوەکو ٤/٩، لە مـانگی (٣) بەخۆتـان دەزانـن بەشـێکی زۆری پشـووەکان دەکەونە مـانگی (٣)ەوە، ئـێمە بە پێـی لەبەرچـاو گرتنـی پشـووەکان نزیکەی دوو هەفتەمان لە مانگی (٣) دا ڕۆشت، لەو دوو هەفتەی مانگی (٣) عادەتەن چـوار ڕۆژ لە دوو هەفـتە دەڕوات، لە مـانگی (٤) هەمـوومـان مـانگی (٤) مـان ڕۆشـت، دوو هەفـتە و چـوار هەفتەی مانگی چوار بوو بە شەش هەفتە، بەڵام لە مـانگی (٤) یـش دا دیسـان چـوار هەفتەمـان هەیە، هەرچـوار هەفـتە عـوتڵەیە هەشـت ڕۆژمـان هەیە، هەشـت ڕۆژەکەی لـێ دەرکە، یەعنـی ئەوەنەی تری دەمێنێتەوە کە، عادەتەن زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان خۆتان خوێندکاری زانکۆ بوون و قوتابی زانکۆ بوونلە ٥/٧ لە ٥/١٠ ئیتر دەڕۆنەوە بۆ ماڵەوە خۆیان ئامـادە دەکەن بـۆ تـاقی کردنەوەکانی کۆتایی، لەو پێناوەش دا ئەتوانین بڵێین هەفتەیەکمـان تیـا دەچێـت، بە کـۆمپلیتی ئەوەی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەگەر ئەو ڕۆژانەی لێ دەربکەین نزیکـی دەتـوانم بڵـێم شـەش هەفتەمان یان شەش هەفتە کەمتر تیا دەچێ، شەش هەفتە کەمتـر لە نـاو وەزارەتـی خوێـندنی بـاڵا لەنـاو سـێکتەرەکەدا، بـۆیە ئەوە بە هەمـوو شـێوەیەك قـابیلی کـۆنترۆڵە و ئەوەی کە پێـی دەوتـرێ ڕێـژەی کـۆنترۆڵی، بـۆیە بـارودۆخەکە لە ژێـر کـۆنترۆڵی وەزارەتـی خوێـندنی بـاڵا و سەرۆکایەتی زانکۆکان و لەناو مامۆستا بەڕێزەکان و فەرمـانبەرە بەڕێزەکـانی زانکۆکانمـان دایە، بەڵام ئێمە گرفتەکەمان لەو شەش هەفتەیە نییە، گرفتەکەمان لەوە بوو هەتا ئێستاش دەترساین ئەگەر خوێندن دوا بخەین بۆ مانگی مەسەلەن (٥) کەوا بریارمان دابوو ئەگەر هەتـا ٥/٢ دۆخەکە ئاسـایی بـۆوە دەوامـی خۆمـان دەکەیـن و بەو شـەش هەفـتەیە بە کۆمەڵێـك میکـانیزم لەنـاو خوێندنی باڵا لەناو زانکۆکان دەتوانین تەعویزی بکەینەوە، میکانیزمێکیـان ئەوەیە ئەگەر شـەش هەفتەکە لە ٥/١٠ ەوە مەسـەلەن بـارودۆخی دوای وەزارەتـی سحە و ئەو پرۆتۆکـۆلانەی کە ڕای دەگەیەنـێ، دوا ئەو ڕێنماییـانەی کە ڕادەگەیەنـرێ، دڵ خـۆش بـووین بەوەی کە دەتـوانین وڵاتەکەمـان پـاك بۆتەوە و خـاوێن بۆتەوە لە (کۆڤیـد/ ١٩) ئەو کـاتە ئـێمە دەتـوانین بەو شـەش هەفتەیە زۆر بە ستەیبڵ و بەبێ هیچ کێشە گرفتێك خوێنـدنەکانی خۆمـان تەواو بکەیـن، ئەگەر لە مـانگی (٥) نـاتوانین، دەتـوانین لە مـانگی (٦) یـش بکەیـن، بەڵام لە مـانگی (٦) ئەگەر زانیمـان وەزعەکە لە شەش هەفـتە دەتـوانین کـۆنترۆڵی بکەیـن، بەس دیسـانەوە کێشـەکە لەوەیە ئەگەر مـانگی (٦) نەمـانتوانی بـیکەین، وەزعەکە نـا لەبـار بـوو، ئـێمە لە حکـومەتین مەسـئولین لە موسـتەقبەلی منـاڵی خۆمـان و لە هاووڵاتیـانی کوردسـتان، لە مـانگی (٦) تەقـریبەن صـحە تەندروسـتی خۆمـان یـان (WHO) ئیعلانـی ئەوە بکـات کە هەرێمـی کوردسـتان پـاکە و خـاوێن بۆتەوە، دوای ئەوەی ئەو ڕێکارانەی (١٤) ڕۆژی تر و (١٥) ڕۆژی تر و ئەوانە، ئێمە دیسان دەتوانین ئەمە بکەین، بەڵام ئەگەر مەسئولیەتەکە گەورەیە لە ئەنجومەنی وەزیران باسمان لێ کـردووە لە لیژنەی ڕووبەڕوونەوەی کۆرۆنا باسـمان لـێ کـردووە ئەگەر خودانەخواسـتە لە شـارێك، چـونکە زانکۆکان وەکو پەروەردە نین کاك ئالان دواتر پرۆژەکەی خۆی و وردەکاری و تەفاسیلەکەی خۆی باس دەکات، هەر مناڵێك، هەر کوڕێك، هەر کچێك، هەر خوێندکارێك، هەر قوتابیەك لە شارێکەوە دێـت، ئەگەر قوتابخـانەیەك لە شـارێکی کوردسـتان حاڵەتێـك دەدۆزرێـتەوە مـومکینە بتـوانین مەکـتەبەکە، مـاڵی خوێنـدکارەکان، گەڕەکەکە کەرنتـین بکەیـن، بەڵام ئەگەر زانکـۆ هەر مناڵێـك،

خوێنـدکارێك، قوتـابیەك لە زانکـۆیەك تـووش بـوو خوانەخواسـتە لە دهـۆك سـەری هەڵـدا ئەم زانکۆیە کراوەتەوە، ئەڕواتە ناو کۆمباج، ئەڕواتە ناو کافتریا، دەڕواتە نـاو هۆڵەکـان، دەڕواتە نـاو جموجوڵەکان و چالاکییەکانی خۆی، سەدان کەس تووش دەکات، ئەمانە ئەڕۆنەوە بۆ شـارەکانی خۆیان ئەبن بە سەرچاوەیەکی خەتەر و ریسکێکی گەورە، بـۆ ئەوەی خوانەخواسـتە دیسـانەوە شەپۆلێکی تر دروست بێـتەوە، ئـێمە وەکـو عەرزم کـردن دەبێـت مەسـئولانە تەسـەروف بکەیـن لەگەڵ ئەم بارودۆخە مامەڵە بکەین، دەبێت لە دۆخی وا ئەولەویەت بۆ ئینقاز کردنی وڵاتەکەمان و گیـانی هاووڵاتیـانی کوردسـتانە، بەداخەوە ئەو بـارودۆخە ڕەنـگە وای لە ئـێمەش کردبێـت دەستمان بۆ هەندێك موعالەجاتی ناچاری بردبێت، ئێمە لەگەڵ ئەوە نەبووین دەزانـین بـارودۆخ و ژیان و گوزەرانی خەڵك و قوتابیە خۆشەویستەکانی خۆمـان و کەسـوکارمان دەزانـین بەهـۆی پەتاکەوە دوو مانگە لە ماڵەوەن و کـار نیـیە و کاسـبی نیـیە و بژێـویەکەیە وەزعەکەیە، دەزانـین گرفتەکانی خوێندنی ئـۆنلاین و ئەلیکترۆنـی پاڵپشـتیکاری، ئـێمە لەنـاو ئەو موعاناتـانە دەژیـن و خەڵکی ئەم وڵاتەین و کەسوکاری خۆمان دەبینین و دەزانین هەموویان سمارت فۆنیان نییە یان لاپتۆپیان نییە، هەموویان ئەو ئامێرە ئەلیکترۆنیە پێشکەوتووانەیان نییە کە بتوانن ئەمە بکەن، بەڵام پرسیارە گەورەکە دیسان ڕووبەرووی ئێمەیە و پێویسـتی بە وەڵامە، ئەی چـی بکەیـن؟ مـا العمل؟ ئایا چاك دەبێ یان چاك نابێ؟ یان دەبێ ڕێکار بگرینە بەر؟ یـان دەبـێ دەسـت پێشـخەری بکەین لەوەی وەکو عەرزی جەنابتانم کرد بە ئیرادەیەکـی بەهێـزەوە ڕووبەڕووی ئەو بـارودۆخە ببینەوە و نەهێڵین خوێندنی ئەم ساڵ لە وڵاتی ئێمە بەفیرۆ بچێت کە زوڵمێکی یەکجار گەورەیە و غەدرێکی یەکجار گەورەیە، انشالله هەموو جوهدێك دەکەین ناهێڵین لە دەسـت بچێـت، ئـێمە بۆ خوێندنی بـاڵا لە ئەنجـومەنی وەزارەت بڕیـار درا کە بە سیسـتمی پاڵپشـتیکاری ئەم پـرۆژەیە تەواو بکەیـن، پاڵپشـتیکاری بـۆ ئـێمە لەبەرئەوەی لەنـاو زانکۆکـان زیـاد لە سیسـتمێکی خوێنـدن پەیڕەو دەکرێ، وەکو هی تەربیە و پەروەردە نییە، چـونکە لە پەروەردە ئەگەر مـاددەیەك لەکەلار بخوێنرێ لە دهۆکیش هەمان ماددە دەخوێندرێ، بەڵام لای ئێمە سیستمەکە جیـاوازە، سیسـتمی ساڵانەمان هەیە، سیستمی دۆلانەمان هەیە، سیستمی کۆرساتمان هەیە، هەندێك شتی تریشـمان هەیە کە وا دەکات ئێمە لەو چوارچێوەیەدا لەو سیاقەدا و لەو تێکستە ئـێمە بڕیـار بـدەین، بـۆیە ئێمە بیرمان لەوە کردەوە سەربەخۆیی و ئەکادیمی و کارگێڕی بـدەین بە زانکۆکـانی خۆمـان، بـۆ ئەوەی بە پێی ئەو هەلومەرج و ئیمکانیەت و تاقە و کەفائەتـانەی کە هەیـانە بە لەبەرچـاوگرتنی کێشە و کەموکوڕی گرفتەکانی خۆیان ڕاپۆرتی خۆیان بـدەن بە ئـێمە، بـۆ ئەوەی ئەو عەمەلـیەی کە ناومان ناوە عەمەلییەی ئینقاز کردنی پرۆسەکە بە سەرکەوتووی جێ بەجـێ ی بکەیـن، دوای چەندین کۆبوونەوە ئێمە تەقریبەن لەو فەتـرەیەی کە پشـووە، پێـنج کۆبـوونەوە، ئەمـڕۆ شـەش کۆبوونەوەی ئەنجـومەنی وەزارەتمـان کـردووە و کۆبـوونەوەی زۆر جیـاواز جیاوازمـان زۆر زۆر کردووە، هەموو تەرکیزەکە لەسەر ئەوەیە، پرۆسەکە ئینقاز دەکرێ اشنالله نەجاتی دەبێ و هـیچ کێشەیەکمان نامێنێ، بێینـە سـەر هەنـدێك لەو ڕەخـنە و تێبینیـانەی کە لەسـەر پرۆسـەکە هەیە، لەسـەر ئەوە کە پێـی دەوتـرێ خوێنـدنی ئەلیکترۆنـی یـان ئیرلێرنینـگ، ئەمەی کە ناومـان نـاوە ئەلیکترۆنـی پاڵپشـتیکاری، گرفتەکـان لەبەرچـاون و دەزانـین، بەڵام ئیـرادەش هەیە زاڵ بـین بەسـەریا، کۆتـایی پـێ بێنـین و هـیچ کێشـەیەکمان نیـیە انشـالله، لەنـاو خوێنـدنی بـاڵا ئەو

سەربەخۆییەی کە داومانە بە زانکۆکان تەبعەن لای ئێوە پرسیار دەکرێ ئەی تاقی کردنەوەکان چۆن دەکرێ؟ یان پرسیاری زۆر لە قوتابیان دەکرێ کە پێویست بێ ئێستا لەم کۆبوونەوەیەی کە لەگەڵ ئێوە بەڕێزان جوابی بدەمەوە، دڵنیایان دەکەمەوە ئەویش دیسانەوە زامنمان بۆیان هەیە، مادام ناومان ناوە پاڵپشتی کاری ڕەنگە نەتوانین بە شێوازە تەقلیدیەکان ئیمتیحانات بکەین ئەگەر دۆخەکە بەردەوام بوو، ئەگەر دۆخی کۆڤید/١٩ بەردەوام بوو ڕێگە نەدرێ بچینەوە ناو کۆمپەسەکان، خۆشبەختانە ئێستا بارودۆخەکە باشترە و بەگوێرەی ئەو تەقیم و هەڵسەنگاندنانەی کە هەیە وردە وردە دۆخەکە بەرەو هێوربوونەوە دەچێ و شوکر بۆ خودا انشالله بەرەو تەواوبوونەوە و تەواو دەچێ، ئەگەر ئەوە ڕووی دا بێینە ناو کۆمپەسەکانی خۆمان ئەوە جێ بەجێ دەکەین و پێشتر جێ بەجێ مان کردووە، ئەگەر ئەوە جێ بەجێ نەکرا دیسان دێینەوە لەڕێگەی کۆمەڵێك مۆدێلی نوێوە ئیمتیحانی ئەو بەشەی کە بە ئۆنلاین (ئیرلنینگ) کردوومانە جێ بەجێی دەکەین، ڕەنگە پرسیارتان هەبێ و ئەو پرسیار و وەڵامانەی کە دێنە پێشەوە، دەمەوێ تەرکیز بکەین لەسەر ئەوەی لە دەرفەت ئەگەر یارمەتیم بدەن لە مەجالی کۆڤید/١٩ دا لە وەزارەتی خوێندنی باڵا دەقیقەیەك کە چیمان کردووە ئێمە، ئێمە هەر لەسەرەتاوە کە لە ٢/٢٦ کۆبوونەوەمان کرد لە ئەنجومەنی وەزارەت ژوورێکی عەمەلیاتی باڵامان ڕاگەیاند بەسەرپەرشتی وەزیر و ئەندامێتی هەموو ڕاگرەکانی کۆلیژەکانی پزیشکی و مەجموعاتی توبی لە هەموو زانکۆکانی کوردستان، ئەو کۆلێژەکانی کە پێیان دەوترێ کۆلیژی شیکاری نەخۆشیەکان و ئەوانە لەوێ ڕامان گەیاند کە سەرخان و ژێرخانی وەزارەتی خوێندنی باڵا دەعمێکی ڕاستەوخۆی وەزارەتی تەندروستی و باری تەندروستی هاووڵاتیانی خۆمان دەکەین، لەم ڕێگەیەوە توانیومانە لە دەستەی سلێمانی و لە دەستەی کوردستانی بۆ دیراسات و توێژینەوەی زانستی تاقیگەیەکمان بەگەڕ خستووە کە تا ئێستا نزیکەی زیاتر لە (٢) هەزار تێستی تیا کراوە، لەگەرمیان تاقیگەیەکمان دروست کردووە لە خزمەتی کەرتی تەندروستی بێ و بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان دایە ئەوەش خزمەتێکی چاك دەکات بە مەجالی تێستەکان، لە سۆرانیش بەهەمان شێوە تاقیگەیەکی پێشکەوتومان کرد، ئەم تاقیگانە هەموویان بە ستانداردی نێودەوڵەتی کراون، هەموو ئەو ئیمکانیەتانە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بووە خستەمانەتە بەردەستیان، لە زانکۆی سلێمانی سیستمی (JI S) (جیۆگۆافیك ئیفۆرمەیشن سیستەم)مان دانا کە سیستمێکی مۆدێرنی جیهانیە بۆ ڕوومالکردنی ئەو نەخۆشیانەی کە ڕوودەکەنە وڵاتێك یان ئەو وەبەعانەی یان ئەو کێشانەی کە بەرمەبنای داتا و زانیاری دروست بۆ دۆخێکی وەکو دۆخی ئێستا وەزارەتی تەندروستی حکومەتەکەمان بەر مەبنای داتا و زانیاری بڕیار بدات، ئەو سیستمە پێمان دەڵێ کەسافەی بەکتریاکە و کەسافەی نەخۆشیەکە لە کوێ هەیە، ئێستا بۆ کۆرۆنامان تەرخان کردووە، بەڵام دەکرێ لە مەجالاتی تری هەر وەبائێکی تر کە ڕوو بدات دیسانەوە سوودی لێ ببینین، بە تایبەتی بیرمان لەوە کردەوە کە مەسەلەی شێرچەنجە لە کوردستان دا نەخۆشی شێرپەنجە بەداخەوە ئامارەکان ڕوو لە هەڵکشانە دەمانەوێ لەو ڕێگەیەشەوە بەرەوچاومان ڕوون بێ و بەرچاوی حکومەتەکەشمان ڕوون بێ بزانین فاکتەرەکانی چییە و ئەسبابەکانی چییە و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیەکە چییە، ئێمە ئەم سیستەمەشمان داناوە کە تێستمان کردووەو تەواو سەرکەوتوو بووە و پێشکەشی

وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستانمان کردووە، ئێمە چەند تێمێکی پزیشکیمان پێك هێناوە هەموو خوێندکارانی پێنج و شەشی پزیشکیمان کردووە بە تیمی جیا جیا بۆ تیمی دەست نیشان کردن، بۆ تیمی چارەسەر کردن، بۆ تیمی هاوکاری کردن لە کەرتی تەندروستی و بۆ تیمی ئەوەی پێی دەوترێ (هۆت لاین) هێڵی گەرمی (١٢٢)، خوێندکارەکانی ئێمەن، خوێندکارەکان زانکۆکانی کوردستانن، شەو و ڕۆژیان خستۆتە سەر یەك جێگەی دەست خۆشی تەقدین، ئەوەمان کردووە بۆ ئەوەی بەشدار بن لەو بارودۆخەی کە ڕووی لە وڵاتی ئێمە کردووە، من نامەوێ سەرتان زۆرتر بیەشێنم، کاتی زۆرتری کۆبوونەوەکە بگرم، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانم تأکید لەسەر ئەو خاڵە بکەمەوە، ئەو شەش هەفتەیەی کە ماوە بە ئێرلێرنینگ بێ ئەگەر دۆخەکە باش بوو بەناو کۆمپەس بێ، دەتوانین چاکی بکەین، ئەگەر چووینە ناو کۆمپەسەکان مەسەلەن ئەگەر مانگی (٦) نەمانتوانی گریمان مانگی (٧) دۆخەکە انشالله لەبار بوو بچینەوە ئەو کاتە دیسان دەتوانین بیکەین ئێمە، دەتوانین بە کۆمەڵێك میکانیزم بیکەین، ماوەی محازەرات درێژ بکەینەوە، مەسەلەن ئەگەر ئێستا ڕۆژانە لە (٤.٨) وە ئەو کاتە لە (٨ ـ ٨) بیکەین، چونکە لە حاڵەتی ئیستسنائی دەبێ دەست ببەین بۆ هەندێ دۆخی ئیستسنائیش بەرین، وەك گوتم ئێمە خۆ کەسمان کۆرۆنامان دەعوەت نەکردووە، کۆڤید/١٩ مان دەعوەت نەکردووە، بەڵایەکە ڕووی لە وڵاتی ئێمە کردووە و داوا لە خوای گەورە بکەین کە ئەم بەڵایە لە کۆڵی میللەتی ئێمە بێتەوە و ڕێکاری پێویستیش بگرینەبەر، بۆ ئەوەی بەهۆی کەمتەرخەمیەوە یان بەهۆی ئەوە بڵێین انشالله دۆخەکە چاك دەبێ، یان بەوەی پاڵی لێ بدەینەوە نەکەوینە ژێر مەسئولیەتی خوانەخواستە فەرتاندنی خوێندنی خوێندکارەکانمان، مەوزوعێکی تر دێتە پێشەوە دیسانەوە پرسیار بێ لە لای ئێوەوە، وانە پراکتیکیەکان چی لێ دەکەین؟ کە ناتوانین بچینە کەمپەسەکانمانەوە پراکتیەکیەکان چی لێ ئەکرێ، بۆ بەرچاو ڕوونی ئێوەی بەڕێز لەو بارەیەوە ڕوون بکەمەوە، ئەو ماددانەی کە دەتوانرێ بە ئەلیکترۆنی بکرێ، چونکە وەکو گوتتان پەتایەکە پەتایەکی عالەمیە و دنیا تووشی ئەم حاڵەتە بووە و دنیا ئێستا موشارەکات دەکات و خۆمان لەگەڵ برای ئەزیزم کاکە ئالان لە لەندەن لە موئتەمەرێك هینیان بۆ ناردوون موئتەمەرەکە نامەیەکیان بۆ ناردوون، تەسەور دەکەم بۆ کاك ئالانیشیان نارد بێ، هەوڵ دەدەرێ زیاتر لە نەوەد وەزیری پەروەردە و خوێندنی باڵا لە دنیا بەشداریان تیا کردبوو، دڵنیایان کردووینەتەوە کە هەموو ئیمکانیاتی خۆیان دەخەنە گەڕ بۆ ئەوەی هاوکاریمان دەکەن، بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن نەفەوتێ، ئێمە چیمان دەوێ داوا لەوان بکەین هاوکارمان دەبن، بەڵام ئەو وەختە انشالله ناگەتە ئەوە، بەڵام ئێمە دەتوانین جێ بەجێ ی ئەوە بکەین کە خۆمان و بە میللەتەکەمان و بە خوێندکاران داوە، ئەوەی کە لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی دەتوانین تەتبیقات بخوێنین دەیخوێنین، ئەوەشی کە پێی دەوترێ فیزیکەڵ ئیگزامینەیشن مەعناتی فیزیکی مەسەلەن توبیەکان پێویستی بەوەیە نەخۆش ببینن و دەست لە نەخۆش بدەن حاڵەتەکە تێست بکەن، ئەگەر ئەو بارودۆخە باش بوو ئەوە دەکەین، ئەگەر ئەوە نەبووبەدیلی ئەلیکترۆنی هەیە، سیمیلەیشن و هەندێك شتی تر و پرۆگرامی تر هەیە، دەتوانین ئەوانە ئیستفادە لێ بکەین، ئەوەشی کە ناتوانین عیلاجی بکەین، دیسان بەدیلمان هەیە، یان دەیخەینە دوای باش بوونی ڕەوشەکە، دوای مانگی (٩) یان لە هاوینی داهاتوو، فی کل الاحوال ئێمە نایەڵین ئەو بارودۆخە،

دەمەوێ تەئکید لەسەر نوقتەیەك بکەمەوە لە ناو خوێندنی باڵا قوتابیان تەخەسوس وەردەگرن، بە تایبەتی تەخەسوسی هەندەسە کە زۆر گرنگە بۆ گیانی هاووڵاتیان، تەخەسوسی تەندروستی دکتۆری ددان و شیکاری نەخۆشیەکان و ئەوانە ئێمە ناتوانین ئەو بەشەی کە ماوە تەرکی بکەین، هیوادارم قوتابیە خۆشەویستەکانی کوردستان کە ڕەنگە پرسیار بێ لەلایەن، لەبەر خاتری ئەوەی ئێمە پەیوەندی بە تەندروستی هاووڵاتیانەوە هەیە، پەیوەندی بە صحەی هەمووو هاووڵاتیانی کوردستانەوە هەیە، لەبەرئەوە ئێمە ناتوانین وەکو مەسەلەن تەربیە و پەروەردە بەشێك لە خوێندنەکەمان تەرك بکەین و بڵێین ئەو بەشەمان تەرك کردووە بەشەکەی تر ئیمتیحانی تیا بکەین، ئەو بەشە ئیمتیحانی تیا ناکەین و ئەو بەشەی تر تیاییدا دەکەین، چونکە وەکو گوتم تەخەسوس وەردەگرن لە مەجالی تەخەسوسەکە دا ساڵی داهاتوو خۆیان دەزانن ماددەکە دووبارە نابێتەوە هەمان ماددە بخوێننەوە، یەعنی ئەگەر بۆ نموونە لە پەروەردە مەسەلەن لە ئەدەبی عەرەبی شعری جاهلی تەرك بکەی، هیچ کێشەیەك دروست ناکات، بەڵام من ناتوانم لە فیزیا و لە کیمیا کۆمەڵێك ماددەی گرنگ هەیە کە پێویستە بۆ تەخەسوسەکە تەرکی بکەین، بۆیە هیوادارم خوێندکارانی کوردستان و قوتابیە بەڕێزەکانی کوردستان مەفهومی بارودۆخەکە بکەن، ئیجرائاتەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیجرائاتەکە بۆ موستەقبەلی ئەوانە، بۆ دابین کردنی موستەقبەلێکی باشترە انشاللە بۆ وڵاتەکەمان، کێشەکەش زۆر گەورە و هین نییە، ئێمە تا پێمان کرابێ و تا پێمان بکرێ ئاسانکاری دەکەین و تەقدیری زروفی نەفسی و زروفی مەعیشی و زروفی کۆمەڵایەتی هاووڵاتیان و قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان دەکەین، بە وردبینیەوە و بە دڵسۆزی و پەرۆشیەوە لێیان دەڕوانین و من حەز دەکەم دڵنییان بکەمەوە لەوەی کە موستەقبەلیان لە دەستێکی ئەمین دایە و هەمووومان بەوپەڕی بەرپرسیاریەتیەوە و بەوپەڕی هەست کردن بە مەسئولیەتەوە شەونخونی دەکەین، بۆ ئەوەی ئەو فرسەتە لە دەست خوێندکارانی بەڕێزی کوردستان نەچێت و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری پەروەردە فەرموون جەنابتان.

**بەڕێز ئالان حەمە سعید صالح / وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەڕێزان لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەم کاتەتان باش سوپاس بۆ میوانداریتان کە ئەمرۆ لەگەڵ جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا و جەنابی د.ڤاڵا لێرەین بۆ ئەوەی کە گفتوگۆ بکەین لەسەر پرسێکی گرنگ کە پەیوەندی بە بەشێکی زۆرمانەوە هەیە، لەناویان پەیوەندی بە هەموو رۆڵەکانی ئێمە لە کوردستان و تاك بە تاکمان هەیە ئەویش پرسی پرۆسەی پەروەردە و خوێندنە لە ناوەندەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە و هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا، سەرەتا دەمەوێ لەوە دەست پێ بکەم کە ئێمە بۆ زانیاری بەڕێزتان ڕاپۆرتێکمان ئەمرۆ پێشکەشی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان کردووە، کە پێشتر ئەو ڕاپۆرتەشمان پێشکەشی جەنابی سەرۆك وەزیران کردووە کە بریتیە لە گرنگترین کارەکانی شەش مانگی ڕابردووی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی

کوردستان کە (١٤٣) ڕۆژی کارکردن بووە، دیدە ستراتیژیەکان و پلانەکان لە ژێر ڕۆشنایی هێڵە گشتییەکانی کارنامەی کارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تیایا لەسەر ئاستی چاکسازی کۆمەڵێك خاڵ کراوە و لەسەر ئاستی گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان کە کۆمەڵێك خاڵی دیکە تیا باسکراوە، لەسەر ئاستی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و کۆمەڵێك خاڵی دیکە کە ئەنجام دراوە، کە ئەمانە هەموویان پۆلین بەندیان بۆ کراوە، لەسەر ئاستی رەخساندنی هەلی کار کە وەزارەتی ئێمە لە ماوەی (١٤٣) ڕۆژی کارکردن کە دەکاتە شەش مانگ لە ٢٠١٩/٧/١٥ تا ٢٠٢٠/٢/١٥ توانیومانە لە فەرمانێکی وەزاری (٣٢٩٩) هەلی کار بۆ دکتۆرا بۆ ماستەر بۆ بەکالۆریۆس و دبلۆم و خوار ئەوەش بڕەخسێنین لە ناوەندەکانی خوێندنی ناحکومی دا، ڕاپۆرتەکە ئێستا لەبەردەستی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانە پاشان بە ئەو ڕێکارانەی کە لای بەڕێزتان دەبێ دەتوانن سوود لەوە وەربگرن کە دوایی لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە، بەڕێزان ئەو بابەتەی کە ئەمڕۆ ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، بریتیە لە پرسی خوێندن لە ناوەندەکانی خوێندنی سەر بە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ناوەراستی مانگی دووی ساڵی ٢٠٢٠ ڕێزدار جەنابی سەرۆك وەزیران تەوسیەی ئێمە کرد کە پێویستە پلانێك ئامادەبکەین بۆ ناوەندەکانی خوێندن، چونکە کۆرۆنا هەر دێت، بەڵام کە هات دەبێ وابکەین بە کەمترین زیان لێی دەربچین، بۆ ئەوەی کە سەلامەتی خەڵکی کوردستان پارێزراو بێ، بۆ ئەم مەبەستەش ناوەندەکانی خوێندن دەبێ ئەو کاتە بێ کە پارێزراو بێ مندالانی کوردستان و قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان لە قۆناغی یەکی بنەڕەتی و لە باخچەی ساوایان هەتا دەگاتە قۆناغەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە دەبێ پارێزراو بن، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە پلانێکی پێشنیارکراومان لە گەڵ جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا بۆ کۆبوونەوەی ٢٠٢٠/٢/٢٥ ی ئەنجومەنی وەزیران ئامادەکرد، کە کۆبوونەوەی ٢٠٢٠/٢/٢٥ بڕیاردرا کە ساڵی خوێندن بەردەوامی هەبێ، هەردوو وەزیر لە بڕیاری ژمارە (٤٨) بڕگەی (٣) هەردوو وەزیری پەروەردە و، هەروەها هەردوو وەزیری خوێندنی باڵا سەرپشك کراون، بۆ ئەوەی کە چۆنیەتی ئالییەتی قەرەبووکردنەوەی پرۆسەی خوێندن دابنێین، بڕیارەکە وا دەرکرا کە لە ٢٦ /٢ لە وەزارەتی پەروەردە سەرجەم ناوەندەکانی خوێندن لە وەزارەتی پەروەردە بکرێتە پشوو هەتا وەکو ڕۆژی ٣/٢ ی لە پاش ٣/١٠، ئێمە خۆمان وەکو وەزارەتی پەرەوەردە پشووی بەهارەمان هەیە هەتا ڕۆژی ٣/٢٣ کە بە ٣/٢٤ یەکەم ڕۆژی خوێندنمانە لە پاش ئەوە کە قسەی لێ بکەین، بۆ ئەو ماوەیە ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە لە ڕۆژی ٣/٣٠ بە نووسراومان ژمارە (٥٢) کە لەبەردەستی بەڕێزتان لەدەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان تەفاسیلەکانی هەیە، پلانی (A.B.C.D) مان دانا کە ئێمە لەگەڵ برای بەڕێزم جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا ئەندام بووین لە لیژنەی وزاری بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا کە جەنابی سەرۆك وەزیران سەرۆکایەتی دەکرد و جەنابی جێگری سەرۆك وەزیرانیش جێگری لیژنەکە بوو، ئێمە پلانی خۆمانمان عەزر کرد کە لە ٣/٤ کۆبوونەوەمان ئەنجام دا، بۆ هەر قۆناغ بەندیەك چی بکەین، ئەگەر نەمانتوانی لە ٣/٢٤ دەوام دەست پێ بکەین لە ٤/١٠ چی بکەین، ئەگەر لە ٤/١٠ نەمانتوانی بە پلانی بی لە پلانی سی لە ٤/١٥ چی بکەین، ئەگەر لە ٤/١٥ نەمانتوانی گەیشتینە ٥/١ کە ئەو ڕۆژە پشووە گەیشتینە ٥/٢ چی بکەین، هەموو ئەوانەمان تەسلیم کرد کە پلانەکەمان لەبەردەستی بەڕێزانی لیژنەی باڵای

ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا بوو، لە کارنامەی دووەممان کە کۆبوونەوەیەکمان هەبوو وەکو لیژنەی باڵای ڕووبەڕووبوونەوەی کۆرۆنا بەسەرپەرشتی جەنابی جێگری سەرۆك وەزیران، بەوەش جارێکی دیکە پلانەکانیان تاوتوێ کراوە، چونکە پشوەکانمان وردە وردە درێژ دەکرایەوە، کاتێك کە دۆخەکە تەقیمە تەندروستییەکە بەجۆرێك بوو کە ئاراستەکان بەرەو ئەوە بوو ناوەندەکانی خوێندن وا بە ئاسانی و وا بە زوویی نەکرێنەوە لەچوارچێوەی سیاسەتی خۆپارێزی، بۆ ئەوەی کە بتوانین کەمترین زەرەرەر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و ئەو شەپۆڵەی ڤایرۆسە دەربچین، ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە بڕیارمان دا کە خزمەتگوزارییەکی ئەلیکترۆنی بۆ قوتابیان و خوێندکارانی کوردستان لە قۆناغی یەکی بنەڕەتی تاکو پەیمانگاکان فەراهەم بکەین، بۆ ئەم مەبەستە قوتابخانەیەکی ئەلیکترۆنیمان دامەزراند، قوتابخانەی ئەلیکترۆنی پرۆسەیەکە پلات فۆرمێکە دەتوانم بڵێم لە ئاستی ناوچەکە هاوشێوەی نییە، دەوڵەتەکان چۆن پەنایان بردە بەر خوێندنی ئەلیکترۆنی و چۆن پەنایان بردە بەر خوێندنی ئۆنلاین و ئێمە لە کوردستان چیمان کرد، بە پێی ئەپدەیتترین ئاماری ڕێکخراوی یونسکۆ تاوەکو ڕۆژی ئەمرۆ (٦) ی مانگ زیاتر لە یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن قوتابی لە (١٩١) دەوڵەت کە دەکاتە ڕێژەی ٤،٩١% ی هەموو قوتابیانی جیهان لەناو ناوەندەکانی خوێندن بەهۆی ڤایرۆسی کۆڤید/١٩ دابڕێنراون لە خوێندن، دەوڵەتەکان پەنایان بردۆتەبەر خوێندنی ئەلیکترۆنی یاخود خوێندنی ئۆنلاین، (٦٨) دەوڵەت هەتاکو ئێستا سیستمی ئەلیکترۆنی و سیستمی ئۆنلاین پیادە دەکەن، هەندێکیان پەنایان بردووەتەبەر ئەو پلات فۆرمانەی کە قاڵبێکی حازر کراون و هەن، وەکو ئەوەی مایکرۆسۆفت یوز، گوگل کلاس روم، وەکو ئەوەی بەرنامەکانی زوم بەکاردەهێندرێن بەرنامی لایڤ سایز بەکاردەهێنرێ، ئەو ئەپلیکەیشنانەی کە ئەمڕۆ لە وانە وتنەوەی ئۆنلاین، هەندێ دەوڵەتی دیکەش پەنایان بردووەتە بەر ئەوەی کە مەنەسەیەکی تەعلیمی و ئەلیکترۆنی دروست بکات بە فری بتوانن کە قوتابیان و خوێندکارانی وڵاتەکەی سوودیان لێ ببینن، بەڵام پێ ڕانەگەیشتوون بە تەواوەتی ئەو بلات فۆرمە کامل بکەن ئەوانەی کە لە دەوروبەرمانن وڵاتەکانی وەکو ئوردن کردوویانە و، هەروەها لە عیراقیش ئەو پلات فۆرمە هەیە، بەڵام تەواوی وانە بەردەستەکانی پرۆسەی خوێندن تیایاندا بەردەست نین، ئێمە لە هەرێمی کوردستان، لەڕوانگەی خوێندنەوەییەکی واقعیانە بۆ ژێرخانی پەورەدەیی لە ڕوانگی خوێندنەوەیەکی واقعییانە بۆ گرفتەکانی هێڵەکانی ئەنتەرنێت لە کوردستان لەڕوانگی خوێندنەوەیەکی واقعییانە بۆ گرفتی کەم کارەبا لە کوردستان، هەستاین پلات فۆرمێکمان ئامادەکردووە کە ئەو پلات فۆرمەی لەگەڵ هەموو ئەو بابەتانە بگونجێ، خوێندنەکەش خوێندنێکی ئەلیکترۆنی بێ، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ جەنابی وەزیری گواستنەوە و گەیاندن تەنسیقمان کردووە کە ئەو وێبسایتەمان بۆ بکرێتە فری، بە کورتیەکەی ئەگەر ئاماژەیەك بە پرۆژەکە بدەم بە پرۆژەی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی بدەم دەتوانم لەسەر دوو ئاست ئاماژەی پێ بکەم، لەسەر ئاستی تەکنیکی کە بەڕێزتان وەکو پەرلەمانتاران ئەگەر پێتان خۆش بێ لە هەندێ حاڵەتەکەی ئاگادار بن ئەوەیە کە ئەو پلات فۆرمە تا (٦٩٠٢) قوتابخانە تیا تۆمارکراوە، داتای (٧٩٧٤٤٠) قوتابیمان تیا تۆمارکردووە، داتای (١٢٩٢٤٠) مامۆستامان تیا تۆمارکردووە، ئێمە لەسەرەتای کابینەی نۆیەم توانیمان کارێك بکەین کە ئەویش ئەوە بوو پرۆسەی (E) پەرەوەردە جێ بەجێ بکەین لە ڕۆژی ٢٠١٩/٨/٢٥ دووەم

گەورەترین عەقدی ئەلیکترۆنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو وەزارەتی پەروەردە ئەنجام دا بۆ پێکەوە بەستی هەموو قوتابخانەکانی کوردستان بە ئەلیکترۆنی، بەرنامەکەمان پلەبەندیە لە قۆناغی یەکەم داتاکانی مامۆستایان و داتاکانی قوتابیانی کوردستان و داتاکانی ناوکۆگاکانی سەرجەم بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەکانمان بە ئەلیکترۆنی کردووە، لە قۆناغی دووەم نووسراوی وەزارەتەکانمان نووسراوی بەڕێوبەرایەتییەکانی گشتی بۆ وەزارەتەکان ئەلیکترۆنیە پێویستی پەروەردە نییە، نووسراوێك لە مدیریەتی عامی تەربیەی سلێمانی بە ئەلیکترۆنی دێ بۆ وەزارەت و ئێمە وەڵامی دەدەینەوە، پێویستی بەوە نییە بەریدێك لە سلێمانییەوە بیهێنێ، لە قۆناغی سێیەم پێش ئەوەی کە قوتابخانەکان دابخرێ ئێمە دەستمان پێکرد لە بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی رواندزەوە دەستمان پێ کرد لە قوتابخانەکانەوە بە ئەلیکترۆنی نووسراو دێت بۆ پەروەردەکان و لە پەروەردەکانەوە بۆ مدیریەتی عامەکان و لەوێشەوە بۆ وەزارەت، کە پاش ئەوە دەوام ئاسایی بۆوە جێ بەجێ دەکرێ، ئێمە سوودمان لەم ستراکچەرە وەرگرت کە توانیمان لە ماوەیەکی قیاسی دا ئەو داتا زۆرەی کە هەموو مامۆستایانی کوردستان و هەموو قوتابیانی کوردستان داخل بکەین بە سیستمی (E)ی پەروەردە، واتا داتایەکی ئەلیکترۆنی حازرمان بەردەست کرد، هاتین بۆ هەر مامۆستایەك و بۆ هەر قوتابییەك پاسۆرد و یوزەرنەیمێکی خۆمان بۆ دروست کردوون، (١٧٤٣) ڤیدیۆمان لە ماوەی کەرەنتین تۆمار کردووە، کە بە سوپاسەوە بۆ وەزیری ناوخۆ و بۆ بەڕێز پارێزگاری سلێمانی و پارێزگاری دهۆك و پارێزگاری هەولێر کە هاوکارمان بوون لەگەڵ کۆمەڵێك لە ناوەندەکانی خوێندن و هەروەها ئەو مامۆستایانەی کە بە خۆبەخشی کارەکەیان بۆ ئێمە ئەنجام داوە جێگەی تەقدیرن، داتا سەنتەرێکمان لە وەزارەتی پەروەردە دامەزراند کە (١٦) سیرڤەرو (٤٠٠) مێگابایت ئینتەرنێتی پێویست بوو، هاوبەشەکانی ئێمە لەم پرۆژەیە کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم بوو، کۆمپانیای سوفت ماکس بوو، لەگەڵ رێکخراوی یونسکۆ بوو، کۆی گشتی ئەم پرۆژەیە ئەگەر لە بازاڕدا بکرایە و بە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکان بکرایە بە ملیۆنێك و دووسەد هەزار دۆلار دەکرا، بەڵام یەك دۆلار و یەك سەنت لەسەر خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەوتووە و ئێمە بە بەخۆبەخشی کردوومانە، ئەوانەشی کە هاتوونەتە پێشەوە لەگەڵماندا وەکو پێشمەرگەکانی بواری پەروەردە ئەم کارانەیان کردووە، لەو دۆخە سەختە کە دۆخی کەرەنتینە بووە، سوپاسی تایبەتیان دەکەین، چ لە کۆمپانیای نەورۆز تیلیکۆم کە هاوبەشێکی سەرەکیمان بووە و، هەروەها چ لە کۆمپانیای سۆفت ماکس کە دیزاین و ئەپلیکەیشنی تەکنیکی پرۆسەکەیان کردووە، چ رێکخراوی یونسکۆش کە بەشێکی زۆری سێرڤەرەکەیان دابین کردووە و ئەمرۆش پاڵپشتی قوتابخانەی ئەلیکترۆنیان ڕاگەیاندووە کە ئەوان فێنجی ئەو پرۆژەیە دەکەن و دەعمی دەکەن، کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت بەسوپاسەوە لەڕێگەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنەوە ئەو ئەپلیکەیشنەیان ئەو پلات فۆرمەیان فری کردووە کەبریتین لە کۆمپانیاکانی گەیاندن کۆرەك تیلیکۆم و ئاسیا سێڵ و هەورەها کۆمپانیای زین، کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت نەورۆز تیلیکۆم و فاست لینك و پەیك نێت و ئای نێت و ئای کیو و گۆران نێت، هەموو ئەو کۆمپانیایانەی دیکە وەکو تیشك نێت، کۆمپانیاکانی ئەسەرد، کۆمپانیای تارین نێت، هەموو ئەو کۆمپانیایانە ئێستا وێبسایتی (www.ewana.krg) یان فری کردووە، واتا ئەگەر ئەو هاوبەشی کۆمپانیایانە بەڵانسی

ئینتەرنێتیشیان نەبێ دەتوانێ وێب سایتەکە بە فری بکاتەوە، ئەمە ئەوە بوو کە ئێمە ویستمان ئەم پلات فۆرمە دروست بکەین بە بارگرانی لەسەر قوتابیان و خوێندکاران دروست نەبێ، واتا هیچ قوتابی و خوێندکارێکی ئێمە پێویستی بە کڕینی کارتی ئینتەرنێت نابێ، بۆ ئەوەی ئەو وێب سایتە بکاتەوە، ئەم کۆمپانیایانە هەموویان بە هەڵوێستێکی نیشتمانییەوە هاتوونەتە پێشەوە ئەم پلات فۆرمەیان بۆ ئێمە فری کردووە، چونکە ئێمە ئەم پلات فۆرمەمان وا دیزاین کردووە هەموو شتەکانی لەڕووی تەکنیکیەوە ئیم بەی بێ، واتا لەناو ئەو وێب سایتە بێ، کاتێ وێب سایتەکە دەکەیتەوە هەموو شتەکانی ناو وێب سایتەکە فری بێ، لەناو ئەم وێب سایتە کە ئەم کۆمپانیایانە ئەم کارەیان کردووە قوتابی هیچ بارگرانییەکی مەسەلەی ئینتەرنێتی ناکەوێتە سەر، دوو/ لایەنی بابەتی و جارێکی دیکەش وابەستە بە لایەنی تەکنیکی ئەم پرۆژەیە چۆنە، ئەم پرۆژەیە کۆی وانەکانی خوێندن تیایا بەردەست دەبێ کە بریتیە لە چی؟ بریتییە لە قۆناغی یەکی بنەڕەتی هەتاکو قۆناغی (١٢) ی ئامادەیی و هەروەها بریتیە لە پەیمانگاکانی هونەرە جوانەکان و پەیمانگاکانی وەرزش و هەروەها پەیمانگای کۆمپیوتەر، کە ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەدە (٣٠) پەیمانگای حکومییمان هەیە، بەڕێزان ئەم وانانە تۆمار کراون، ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە جۆرەها زمانی خوێندن و شێوەزاری خوێندنمان هەیە، وانەکان تۆمار کراون بە زمانی کوردی و بەشێوەزاری سۆرانی و شێوەزاری بادینی، وانەکان تۆمار کراون بۆ قوتابخانە عەرەبییەکانی ناو هەرێمی کوردستان کە (١١٩) قوتابخانەمان هەیە، وانەکان تۆمار کراون بۆ ئەو قوتابخانەی کەبە سیستمی ئینگلیزی لە هەرێمی کوردستان دا دەخوێنن، وانەکان تۆمار کراون بۆ ئەو قوتابخانانەی کە بە زمانی سریانی لە کوردستان دا دەخوێنن، وانەکان تۆمار کراون بۆ ئەو قوتابخانانەی کە بە زمانی تورکمانی لە کوردستان دەخوێنن، بۆ ئەوانەشی کە خوێندنی ئیسلامی کە سەر بە وەزارەتی پەروەردەن و بۆ ئەوانەشی کە خوێندنی پیشەیین، جەنابتان دەزانن خوێندنی پیشەییەکان بازرگانییە و زراعەیە و صناعەیە، هەموو ئەو وانانە تۆمار کراون، کەوا بێ هەوڵمان داوە تەختیەی هەمووی بکەین و ڕەچاوی هەموو پێکهاتەکان و هەموو زمانەکان و هەموو شێوە زارەکانیش بکەین، ئێستا قوتابی کە بەکاری دەهێنێ لە ئاستێکی زۆر باش دایە، ئەوەی کە دەتوانم بڵێم لەسەرووی تەوەقوعاتی ئێمەوە بوو ڕێژەی بەکارهێنانی زۆر زۆر باشە، بەڕێزان ئێمە ئیستفادەمان لە پلات فۆرمێك کرد خۆمان دیزاینمان کردووە بۆ خەڵکی خۆمان، نەك پلات فۆرمێکی حازر بێت و بێنین گرفتی هەبێ، قوتابی بڵێ خەتی ئینتەرنێت ناتوانم دابین بکەم، یان ناتوانم کۆمپیوتەرم نییە ئیستفادەی لێ بکەم، یان هەر یەکێك لەو بابەتانەی دیکە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پلات فۆرمە بۆ ئەوەی تەفاعولی نێوان قوتابی و خوێندکار و مامۆستا دروست بێ بیرمان لەوە کردەوە تەنها سەیر کردنی وانەی تۆمارکراو نەبێ، بیرمان لەوە کردەوە پێویستە پەیوەندییەك لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان دا هەبێ، پەیوەندیەکە ئەوەیە قوتابی و خوێندکار دەتوانێ تێکست بەشێوازی نووسین، تێکست چات بۆ مامۆستاکەی بنێرێ، ئەم بەیانیەی کە من هاتوومەتە دەرەوە لە ماڵەوە و منداڵەکەی خۆم لەگەڵ مامۆستاکەی خۆی دەیان نووسی بۆ یەکتر پرسیاریان دەکردو وەڵامی یەکتریان دەدایەوە، هەروەها دەتوانێ ڤۆیس وەکو چۆن لە ڤایبەر و وەتس ئەپ، ڤۆیسێك دەنێری و دەتوانی ڤۆیس بۆ یەك بنێرن، هەروەها مامۆستا دەتوانێ کە ڤیدیۆ تۆمار بکات و بینێرێ بۆ قوتابیەکە و قوتابیەکەش

بەهەمان شێوە، دەتوانن ئەرك و واجباتی ڕۆژانەی ماڵیشەوە بۆ یەكتر بنێرن، مامۆستا كاتێ واجب دەدات بە قوتابیەك، ئەوەی كە جێگەی دڵخۆشیە بەڕێزان هەتا ئەم ساتەی كە پێش ئەوەی بێمە ناو هۆڵی كۆبوونەوەی پەرلەمان (٥٤٧) هەزار قوتابی و مامۆستا ئەكاونتەكانیان ئەكتیڤ كردووە لە ماوەی ئەم ڕۆژە، كەی ئەمە ڕێژەیەكی زۆرە، ئەوەشی كە زۆرتر جێگەی دڵخۆشییە ئەویش ئەوەیە بەڕاستی ترسی ئێمە و دڵەڕاوكێی ئێمە لە وەزارەتی پەروەردە لە قۆناغەكانی یەكی بنەڕەتی بۆ سێی بنەڕەتی بوو، بەڵام زۆرترین ڕێژەی بەكارهێنەر بە پێی ئەو تەحلیل و بەیاناتەی كە سیستمەكە بۆمان دەكات لە قۆناغی یەك و دوو و سێ ی بنەڕەتییە، كە ئەمەش وادیارە ڕۆڵی خانەوادەكان هاوكارن، دایكان و باوكان هاوكارن بۆ ئەوەی كە منداڵەكانیان لەسەر ئەم جۆرە لە قوتابخانە ڕابێن، قیاسەن بە ئەو ژمارەیەی كە لەبەردەستمانە ژمارەی كۆی گشتی مامۆستایان و قوتابیان قیاسەن بە كۆی ئەوەی كە پرۆسەكەمان بەوە دەست پێ كردووە، قیاسەن بۆ ئەوەی كە ئێمە لە دۆخی كۆرۆنا ناچاریە، نەمانتوانی هیچ ڕاهێنانێك بە مامۆستایان و بە قوتابیانی خۆمان بكەین، ئەوەی تەنها كردوومانە و ڤیدیۆی فێركاری بووە دروستمان كردووە، پرۆسەكە زۆر زۆر باش ڕۆیشتووە، بۆیە قوتابیەكی زۆر تیایا بەشدارە، بەشێوەیەكی گشتی ڕەنگە ئەو پرسیارە دروست بێ ئەو قوتابیانەی كە دەستییان لە كۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و لاپتۆپ و بەوانە ڕاناگات، ئێمە خاڵێكی دیكەمان كردووە كە لەسەرەتای دەست بەكاربوونمان لە وەزارەتی پەرورەدە كارمان لەسەر كردووە، تەلەفزیۆنی پەروەردەیی لە ساڵی ٢٠٠٠ لە پارێزگای سلێمانی تەلەفزیۆنێكی لۆكاڵ بوو، بەس لەناو سلێمانی وەردەگیرا، لەسەرەتای دەست بەكاربوونمان هاتین ئەم تەلەفزیۆنەمان كردە بە تەلەفزیۆنێكی (HD) جەنابی سەرۆك وەزیران بودجەی (٤٦) ملیۆن دیناری تەرخان كرد بۆ پەرەپێدانی ئەو كەناڵە كە بیكەینە كەناڵێكی ئێچ دی، بیكەینە كەناڵێكی سەرتاسەری كوردستان، ئەوە بوو كەناڵەكەمان لە مانگی یازدە كردە كەناڵێكی ئێچ دی و هەروەها كەناڵێكی سەرتاسەری لەسەر پەخشی (دی ڤی بیتی) لە ئامێرەكانیان ئای ستار و ئێچ دی لوكس و هەروەها لە ئامێرەكانی میكس میدیا لە هەولێر و لە سلێمانی لە دهۆك و لە گەرمیان لە هەموو شوێنەكان كەناڵەكە وەردەگیرا، لەسەرەتای مانگی (٣) جەنابی سەرۆك وەزیران تەوسیەی كردین كە پێویستە ئێمە دیراسەی ئەوە بكەین و هەماهەنگی بكەین، بۆ ئەوەی كە بتوانین ئەم كەناڵە بكەینە كەناڵێكی ئاسمانی، خۆش بەختانە بە هاوبەشێتی لە فەنت لەگەڵ ڕێكخراوی یونسێف بە تێچوویەك كە وەزارەتی پەروەردە و حكومەتی هەرێمی كوردستان پارەكەی نەدا، نە دۆلارێك و نە سەنتێكمان وەكو حكومەت تیا سەرف نەكردووە، ئەوەش ئینجازێكی وەزارەتی پەروەردەیە توانیومانە هاوبەشێتی لەگەڵ ڕێكخراوی یونسێف بكەین، ڕێكخراوی یونسێف خۆیان گرێبەستیان لەگەڵ كۆمپانیا كردووە بە بڕی (٢٣٠٤٠٠) دۆلار كەناڵی پەروەردەییان كە ئۆفیسی سەرەكی لە پارێزگای سلێمانییە لەوێ كردبێتە كەناڵێكی ئاسمانی لەسەر مانگی دەستكردی نایلسات بە فریكوێنسی (١١١٣٧) ڤێرتێكەڵ و (٢٧٥٠٠) وەری دەگرێ كە ئەمە قوتابیان و خوێندكارانی بۆ وێنە دەتوانن ئەگەر دەستیان بە قوتابخانەی ئەلیكترۆنی ڕانەگەیشت سوود لەو كەناڵە وەربگرن كە پەخشی كەناڵە ناوخۆییەكانیش وەری بگرێ، بە كۆی گشتی ئەوەی كە پێمان كراوە لە ئەو ماوەیەی كە لە كەرەنتین دابووین و ناوەندەكانی خوێندن دابڕاوە، هەوڵمان داوە پەرە بە خزمەتگوزارییە

ئەلیکترۆنی و دیجیتاڵیەکان و خزمەتگوزاری مۆدێرنی میدیای و پەروەردەیی بدەین، کە ئەمە ئەرکی هەموو دەوڵەتەکان و هەموو حکومەتەکان بۆ ئەوەیە بەرامبەر بە ناوەندەکانی خوێندن و پرۆسەی خوێندن لە هەموو شوێنێکی دونیا لە کاتێك دا کە ناتوانین فەیس توفەیس دانیشتنەکان بەم شێوازە ئەنجام بدەن، کە ناتوانن مامۆستاکان و قوتابیەکانیان بچنەوە بۆ هۆڵەکانی خوێندن هەموو دونیا پەنای بردووەتە بەر ئەوەی کە خوێندنێك ئاراستە بکات، هەروەها خوێندنێك پیادە بکات کە خوێندنێکی ئەلیکترۆنی یان خوێندنێکی ئۆنلاین بێ، پرۆژەکەشمان وەکو جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا ئاماژەی پێدا لە کۆبوونەوەی ٢٠٢٠/٤/١ لە ئەنجومەنی وەزیران وەکو پرۆژەیەکی پاڵپشتی کار پرۆژەکەمان پەسەند کراوە، خاڵێکی دیکە کە ئاماژەی پێ بدەم ئەویش ئەوەیە لە کۆبوونەوەی دوێنێی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە لەسەر ئەوە پێك هاتووین کە بەرەچاوکردنی ڕێنماییە تەندروستییەکان، لە قۆناغی یەکی بنەڕەتی هەتاوەکو قۆناغی (١١) ی ئامادەیی بە هەموو بەشەکانیەوە دەرگای ناوەندەکانی خوێندن و دەرگای تاقی کردنەوەکان بکەینەوە، لەبەرئەوەی ناتوانین لە ئێستادا هیچ موئەشەراتێکی دڵنیا کەرەوە نییە کە کۆرۆنا لە کوردستان نەماوە، بە پێی تەوسیاتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تەندروستی بە تایبەتیش (WHO) هەموو شوێنێك فەترەیەکی مەتاهی پێویستە کە کەمتر نەبێ لە (١٤ ـ ١٥) ڕۆژ لە دوای کۆتا چاك بوونەوەی یان کۆتا تۆمارکردنی حاڵەت، لەبەرئەوە جەنابی سەرۆك وەزیران، جەنابی جێگری سەرۆك وەزیران کابینەی نۆیەم پەرۆشی ئەوەیە کە گیانی قوتابیان و خوێندکارانی پارێزراو بێ ناکرێ، لەبەرئەوەی تەنها ناوەندەکانی خوێندن بکەینەوە تووشی حاڵەتێك ببین خوانەخواستە دۆخی کۆرۆنا ببێتە پەتایەك لە کوردستان و ڤایرۆسەکە ببێتە ڤایرۆشێکی لۆکاڵ و مەحەلی زۆر لە ئاستێکی گەورە و گەشەکرد و تەشەنە بسێنێ، ئەوەی کە بڕیارمان لێیداوە لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە کە ئێمە بڕیارمان دا ناوەندەکانی خوێندن بۆ قوناغی یەك تاوەکو قۆناغی (١٢) بۆ تاقی کردنەوەکان بکەینەوە و بە گوێرەی ڕێنماییەکانی تەندروستی و بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە ئەمەش مەبەست لێی پاراستنی سەلامەتی گیانی قوتابیان و خوێندکارانە، ٩،٧١% کۆی وانەکانی قۆناغی یەك تاوەکو (١١) بنەڕەتی لە ناوەندەکانی خوێندن لە ناو کلاسەکان و پۆلەکان خوێنراوە، چونکە ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەر لە دەست پێکی ساڵی خوێندن پلانی ساڵانە و کارنامەی سالانەی وەزارەت ڕادەگەیەنین کە ناوەندەکانی خوێندن لەلای ئێمە ئیلتزامی پێوە دەکەن و بە پێی ئەو پلانە دەڕۆن، بە پێی ئەو پلانەی کە حسابمان کردووە و پشووەکانیشمان لێی دەرکردووە، ئێمە توانیومانە ئەمساڵ ساڵێکی ئیستقرار بوو بۆ کەرتی پەروەردە هە تا ڕۆژی ٢/٢٥ کە بڕیارمان دا بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا یا توانیومانە پرۆسەی خوێندن بە شێوازێکی ئارام بەڕێوە بەرین و لە ئاستێکی باشیش دا بەڕێوەی بەرین و بتوانین ناوەکانی خوێندن کاری خۆیان بکەن، لێرەشەوە لەبەردەم نوێنەرانی خەڵکی کوردستان دەبێ سوپاسێکی بێ پایانی مامۆستایانی کوردستان بکەم کە توانیویانە ئەوەی پێیان بکرێ بۆ خزمەتی قوتابیان و خوێندکارانی ئێمە چ لەناو قوتابخانەکان کە لە ٢٠١٩/٩/٢١ قوتابخانەکان و ساڵی خوێندنمان کردووەتەوە و چ ئێستاش لە قوتابخانەی ئەلیکترۆنی بەردەوامین و ڕۆژانە تەفاعولیان لەگەڵ قوتابیان و خوێندکاران هەیە سەرەڕای ئەوەی ئەو دۆخەش ئەوانە شیاوی

ئەوەن کە سوپاسـێك بکـرێن و لەگەڵ نـوێنەرانی خەڵکـی کوردسـتان دا ئیشـارەت بە ڕۆڵ و مانـدووبونی ئەو پێشـمەرگانەی بـواری پەروەردە بـدرێ کە سەرمەشـقی ئەو کـارەن کە ئێسـتا پرۆسـەی پەروەردە بەجۆرێـك لە جۆرەکـان بەردەوامـی هەیە، خـاڵێکی دیـکە سـەبارەت بە قوتابیانی قۆناغی (١٢) ی ئامادەیی کە باسمان لێوە کردووە و لەگەڵ جەنابی وەزیـری خوێنـدنی بـاڵا پێشـنیاری موەحەدمـان لەو بـابەتە هەیە، کە کۆبـوونەوەی ئەنجـومەنی وەزیـرانیش هەردووکمانی ڕاسپاردووە کە دیراسەیەکی ئەو بابەتە بکەیـن و پاشـان پێشـنیارەکان بـدەینەوە، پێموابێ ئـێمە لە کۆبـوونەوە بـووین لە ئەنجـومەنی وەزیـران، ئەمڕۆش لە خـزمەت پەرلەمـانی کوردستانین انشالله لەسەرەتای هەفتەی ئایندە ئێمە دیراسەی خۆمان لە ئەنجـومەنی وەزیـران لە زووتـرین کـات بڕیـاری یەکـلاکەرەوە لەسـەر ئەو پرسـە دەدەیـن، سـەبارەت بە ناوەنـدەکانی خوێندنیش ئێمە ئەو بابەتانەمان دیاری کردووە و دوو فەرمانی وزاری کە بۆ قوتابیـانی قۆنـاغی (١٢) پێویستن، کە تـاقی کـردنەوەی وەزاری تیـا بـدەن کە تـاقی کـردنەوەی وزاریـش بەپێـی ئەو ڕێنماییە تەندروستییانە لە مانگی (٦) ی ساڵی ٢٠٢٠ دا تاقی کردنەوەکان ئەنجام دەدەین، لە کۆی گشتی ئەوە دۆخی کەرتـی پەروەدە بـوو کە لەو پریزنتەیشـنە خستمانەروو بـۆ بەڕێزتـان، بەڵام ئەوەی کە گـرنگە ئەوەیە کە پرۆسـەی پەروەردە لە هەرێمـی کوردسـتان و هەروەهـا پرۆسـەی خوێندن وەکو جەنابی وەزیری خوێندنی باڵا ئاماژەی پێی کرد مـامەڵەیەکی عـاقڵانە و دروسـتی لەگەڵ کراوە، لەمەیان نەمانهێشتووە بەسەر کواڵتی خوێنـدن دابەزێ، لە هەنـدێ لە دەوڵەتەکـان لەوانەیە ناچار بن پەنایان بردبێتە بەر ئەوەی کە با هەموو قوتابیان دەربچـن، هەنـدێك ئەمسـاڵ ساڵی عبور بێ و ساڵی عەدەم رسوب بێ، بەڕاسـتی ئەمە بـۆ ئـێمە بـۆ هەرێمی کوردسـتان ئەمە شـێوازێکی پەروەردەیـی و هەروەهـا شـێوازێکی فێرکـاری و دروسـت نـیـیە، ئـێمە دەبـێ هەم سیاسـەتی خودپـارێزی بگرینەبەر، هەم دەبـێ ڕەچـاوی بەرژەوەنـدی قوتابیـان و خوێنـدکارانی کوردسـتان بکەیـن، لەگەڵ ئەوەشـدا دەبـێ نەهێڵـین کـواڵتی خوێنـدن دابـبەزێ، بـۆیە ئەوەی کە کردوومانە لەناو ناوەندەکانی خوێندن، خوێندوومانە ئەو زانستە و ئەو بابەتە فێرکاریـانە هەبـێ کە بە قوتابیـانی کوردسـتان دراوە، ئەوەی کەشـی کە پێویسـت بـووە لەڕێـگەی میـدیایەکی پەروەردەیـی و هەروەهـا لەڕێـگەی پـلات فۆرمێـك کە قوتابخـانەی ئەلیکتـرۆنییە توانیومـانە بەشێکی زۆری بە قوتابیان و خوێندکاران بگەیەنـین، بـۆ ئەوە پـاش ئەویـش لە سـاڵی خوێنـدنی ئەوانـدا پلانمان دەبێ، بەڵام بەڕێزان ئەوەی کە زۆر زۆر گرنگە ئێمە تەنهـا بـۆ ئەمساڵی خوێنـدن نـابێ بیـر بکەیـنەوە، ئـێمە دەبـێ بیـر بکەیـنەوە ڕێکارەکانمـان بە ئاراسـتەی سـاڵی خوێنـدنی داهاتووش ئینقاز بکەین، چونکە خوانەخواستە ئەگەر شەپۆلی دووەمـی کۆرۆنـا لە پـاییز پێمـان بگات ئەو کاتە دەرگای ناوەندەکانی خوێنـدنی زانکۆکـان دابخەیـن لەوە دەچـێ بکەویـنە بەردەم دۆخێکەوە کە وەکو ئەمساڵ ئاسان نەبێـت بڕیـار بـدەین تـاقی کـردنەوە بکەیـن، ئەگەر هیچمـان نەخوێند ناتوانین بڕیاری تاقی کردنەوە بدەین، لەبەرئەوە ئەو پلانەی کە ئێمە تاوتوێمان کردووە لە ئەنجـومەنی وەزیـران هەم بـۆ ئەوەیە کە خوێنـدنی ئەمسـاڵ نەفەوتـێ، هەم بـۆ ئەوەیە کە تأمینی خوێندنی ساڵی ئاییندەش بکەین و زوو دەست پێ بکەین و بەجۆرێکیش بـێ کە بتـوانین خۆمـان بپـارێزین، دووبـارە سوپاسـتان دەکەم، جەنـابی سـەرۆکی پەرلەمـان و دەسـتەی سەرۆکایەتی پەرلەمان من هیچ شتێکم نەماوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری پەروەردە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا سەرەتا دەرفەت دەدەین بە بەڕێزان لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمانی کوردستان پرسیارێك و ڕوون کردنەوەیان هەیە، دواتریش دەرفەت دەدەین بە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەگەر لەسەر ئەو دوو بابەتەی کە بەڕێزان وەزیرەکان باسیان کرد، قسەیەکیان هەبێ، فەرموون لیژنەی پەروەردە.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان، وەزیرە بەڕێزەکان ئەو کاتەتان باش، وەك لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە پەرلەمانی کوردستان کە ئەرکی ئێمە بەدواداچوونی کاروباری هەردوو وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵایە، کە دوو توێژی هەستیار و ڕادیکاڵ و کاریگەر لە خۆی دەگرێت کە بریتین لە توێژی مامۆستایان و هەروەها توێژی قوتابیان و خوێندکارانی ئازیز، ئێمە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٤/٨ لەڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجام دا کە تێیدا تاوتوێی کۆمەڵێك بڕاردەمان کرد، بۆ ئەوەی مەشقەتی و ماندووبوونی ساڵێکی خوێندنی قوتابیان و خوێندکارانی ئازیز بەفیڕۆ نەڕوات، یەکەم بڕاردە کە بریتیی بوو لە پەیڕەو کردنی سیستمی ئۆنلاین تا ئەو کاتە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەنیاز بوون ئیقراری بکەن، ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و پێمان باش نەبوو و لەلای خۆمان بە پەسەندمان نەزانی، لەبەر چەند هۆکارێك کە ئەمانەن:

١- نەبوونی کارەبای بەردەوام لە هەرێمی کوردستان، هەموومان دەزانین کە هەرێمی کوردستان و باروردۆخی هەرێمی کوردستان لە چ گوزەرانێك دایە.

٢- نەبوونی هێڵی ئینتەرنێت وەکو پێویست بە تایبەتیش لە گوند و دێهاتەکان و لە ناوچە دوورە دەستەکان تەنانەت هەر بوونی نییە، لە هەمووماڵێك دا هەموومان دەزانین کەوا کۆمپیوتەر و تابلێت و سمارت فۆن بوونی نییە، بۆیە لەبەر خراپی بارودۆخی خەڵکی کوردستان و هەمووشمان دەزانین کە لە هەندێك خانەوادە و لە هەندێك ماڵدا هەیە کە زیاتر لە پێنج قوتابی تەنیا یەك ژووری نووستنیان هەیە، چۆن دەتوانن ئەم قوتابیانە بە ئۆنلاین لەگەڵ مامۆستایەکانیان بەردەوام بن، سەرباری ئەوەی کەوا ئیمکانیەتی فەراهەم کردنی ئەو ئامرازانەی پەیوەندیان نابێت.

بۆیە چەند ڕاسپاردەیەکمان وەکو لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەسەری ڕێککەوتین کە لەڕێگەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵاوە خستمانە بەر دەستی ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا:

یەکەمیان/ ئەگەر ئەو پەتایەی کۆڤید/١٩کە هەموو جیهانی گیرۆدەی خۆی کردووە لە دوای ٥/١٥ بەرۆکی بەردا ئەوا دەتوانین دەرگای ناوەندەکانی خوێندن بە زانکۆ و پەیمانگاکانیشەوە بەڕووی قوتابیان دا بکەینەوە و ئیدامە بە پرۆسەی خوێندن بدەین لە ناوەندەکانی خوێندن، کە لە

ڕاستی دا ئەوەی کە دەیبینین ئێستا ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان دەستمان بە کۆبوونەوەکانی خۆمان کردووە، خۆشبەختانە ئەنجومەنی وەزیرانیش لە کۆبوونەوەی دوێنێی دا چەند بڕیارێکی گرنگی دا کە ئەمڕۆ لە دیوانی وەزارەتەکان دەست بە دەوامی فەرمی کراوەتەوە کە قەرارە لە (١١) ی مانگی (٦) ەوە دەوامی هەموو فەرمانگە حکومییەکان دەست پێ بکاتەوە، ئەمانە هەمووی ئاماژەی دڵخۆشکەرن کە پێمـوایە ئێمە دەتوانین ئەگەر لە دوای لە (١٥) ی مانگیشەوە نەبێت دوای جەژنی رەمەزانی پیرۆز بە قەناعەتی ئێمە وەکو لیژنە دەتوانین دەرگای ناوەندەکانی خوێندن بەڕووی قوتابیان دا بکەینەوە، ئەگەر خوانەخواستە ئەم ڤایرۆسی کۆرۆنایە و ئەو پەتایەی کۆڤید/١٩ بەرۆکی بەر نەدایین تا ئەو بەروارەی کە ئاماژەمان بەوە کرد، دەکرێت سیستمی ئەلیکترۆنی نا ئیلزامی پەیڕەو بکرێت، کە ئێمە بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی دەکەین و لە کۆبوونەوەی لیژنەش بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری پەروەردە و بریکار و بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگاکان و ڕاوێژکارەکانی وەزارەتی پەروەردە کە هەموومان پاڵپشتی ئەو بڕیارەی وەزارەتی پەروەردەمان کردووە و ئیقرارمان کردووە لە کۆبوونەوەکە کە سیستمی ئەلیکترۆنی نائیلزامی ببێت، وەکو بیدایەت ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەتادا ئاماژەم پێی کرد کە بەردەست نیینە، ئەوەی کە لە ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیقرار کراوە ئێمە وەك لیژنە پێشنیار دەکەین لەبەر ئەو هۆکارانەی کە باسمان کردن کە سیستمی ئەلیکترۆنی نا ئیلزامی بێت، نەك وەك ئەوەی کە ئێستا بەڕاستی لە هەندێك لە زانکۆکان سیستمی ئۆنلاین پەیڕەوی دەکەن و لە هەندێ زانکۆکانیش سیستمی ئەلیکترۆنی ئیلزامی زۆرەملێ پەیڕەو دەکرێت کە هەموو دەزانین ئەم سیستمە لە هەرێمی کوردستان بە تایبەتیش لەم قۆناغەی کە ئێستا تێیدایین سەرکەوتوو نابێت، لەبەرئەوەی کە پێشتر ئامادەکاری بۆ نەکراوە پێشم وایە لەم ماوە کەمەدا ناتوانین ئەو بەرهەڤیە بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین سەرکەوتوو بین و موفەق بین لە پەیڕەو کردنی ئەم سیستمە هەموومان دەزانین بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا کە لەڕابردوودا سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان و خودی وەزارەتی خوێندنی باڵاش دژی پەیڕەو کردنی سیستمی ئۆنلاین بووە، بۆیە ناکرێت لە شەو و ڕۆژێك دا ئێستا بەر لەوەی ئامادەکاری بۆ بکرێت بەرهەڤی بۆ بکرێت لە هەرێمی کوردستان پەیڕەوی بکرێت، بەڕێزان دیارە هەندێك پرس و بابەتی هەڵپەسێردراو و بێ وەڵام کە ماوەیەکی زۆرە هەن، لەبەر هاتنە پێشی ئەم پەتایەی کۆڤید/١٩ ڕەنگە ئەو دەرفەتە نەبووبێت ئەو وەڵامانە وەکو پێویست بن وەربگرینەوە، بۆیە ئەو دەرفەتە دەقۆزینەوە بۆ ئەم پرسیارانە ئاراستەی هەردوو بەڕێزان وەزیری خوێندنی باڵا و وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، هیوادارین وەڵامی پێویست وەربگرینەوە، سەبارەت بە دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان کە لە ڕاستی دا ئەمە مافێکی یاسایی خۆیانە لە ساڵانی ٢٠١٦ ە ٢٠١٧ ەوە کە زیاترە لە سێ ساڵ و چوار مانگە کە ئەو مافەیان وەرنەگرتووەتەوە، ئەو مافە یاساییە کە دەبووایە دابمەزرابان تاوەکو ئێستا دانەمەزراون، لە کۆبوونەوەکانی پێشووتریش لەگەڵ کۆبوونەوەکانی لیژنەدا و ئامادەبوونی بەڕێزیشتان پێشتر قسە لەسەر ئەم بابەتە کراوە، پێمان باشە بۆ هەموو خەڵکی کوردستان و بۆ یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکان ڕوون بکەنەوە کە ئایا ئەو بەربەستانە چین کە ڕێگرن لەبەردەم دامەزراندنی سێ یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و

پەیمانگاکان، یەکسان کردنی بڕوانامەی دەرچووانی زانکۆکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە لەڕاستی دا ئەوە ماوەیەکی زۆرە کە سەرقاڵی ئەو بابەتەین و تاوەکو ئێستا وەڵامی پێویست وەرنەگیراوەتەوە، سەبارەت بە خوازیاران و پێشکەشکارانی خوێندنی باڵا و دبلۆمی باڵا و ماستەر و دکتۆرا چ ئەو بەڕێزانەی کەوا لە تاقی کردنەوەکان دەرچوون و کورسیان بەدەست هێناوە کە تاوەکو ئێستا دەستیان بە خوێندن نەکردووە، ئایا ئەمانە ئەم بەڕێزانە کەی دەست بە خوێندنیان دەکەن؟ کۆرسی ئەکادیمیان؟ بە نیسبەت ئەو بەڕێزانەی کەوا لە تاقی کردنەوەکان دەرچوون، بەڵام بەهۆی کەمی کورسی خوێندن لەو بەشانە وەرنەگیراون، مەسیری ئەوانە بەکوێ دەگات؟ هەروەها ئەو بەڕێزانەی کە بەهۆی چەند نمرەیەك کورسیان بەدەست نەهێناوە و بە پێی پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا کە کورسی دابین کراوە، ئەم کورسیانەش بە بەتاڵی ماونەتەوە، ئایا بەرنامەتان هەیە بۆ ئەوەی ئەو کورسیە بەتاڵانە پڕ بکەنەوە؟ سەبارەت بە دەرماڵەی قوتابیان هەروەکو لە کۆبوونەوەکانی پێشوو تریش قسە و باسێکی زۆرمان لەسەری کردبوو، ئایا ئەم پرسە بە کوێ گەیشت؟ ئایا ئەو میزانیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا کە تەحەمولی دابین کردنی ئەو بڕە پارەیە بۆ قوتابیانی زانکۆ و پەیمانگاکان دابین دەکات؟ کەی و چۆن دەتوانین ئەو پرسە چارەسەر بکەین؟ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا لە کۆبوونەوەکانی پێشووتریش لەگەڵ بەڕێزتان ئەو بابەتەمان تاوتوێ کردووە قسە و باسی زۆری لەسەر کراوە، بە نسبەت زانکۆ تایبەتەکان کەم کردنەوەی کرێ ی خوێندنی زانکۆ تایبەتەکان، لەگەڵ بەڕێزتان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەوا کرێی خوێندن (٣٠%) لە هەموو زانکۆ تایبەتەکان و تەنانەت کرێ ی خوێندنی پارالێلیش هی زانکۆ حکومییەکانی گرتەوە، بە سوپاسەوە زۆربەی هەرە زۆری زانکۆکان ئیلتیزامیان بەو بڕیارە ئیلزامییە کردوو وە کرێی خوێندنیان کەم کردووە، بەڵام ئەوە جێی نیگەرانییە هەندێك لەو زانکۆیانە کە لە کۆبوونەوەی پێشتریش بە بەڕێزتانمان راگەیاندبوو ئەوانەی تاوەکو ئێستا کرێی خوێندنیان کەم نەکردۆتەوە، هیوادارین بە زووترین کات بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە بکرێت، بۆ ئەوەی بڕیاری وەزارت کە ئیلیزامییە وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، بە نیسبەت کەم کردنەوەی مووچە و دەرماڵەی مامۆستایان فەرمانبەرانی زانکۆ تایبەتەکان، ئێمە ئاگادارین کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا بەڕێزتان بە نووسراوی ژمارە (٥٠٩١) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٤/١٩) بەنوسراوێکی فەرمی ئاگاداری سەرجەم زانکۆ تایبەتەکانتان کردۆتەوە کە بە هیچ بیانوێك لە ژێر ناوی هیچ بیانوێك دەست بۆ کەم کردنەوەی مووچە و دەرماڵەی مامۆستایان و فەرمانبەرانی زانکۆ تایبەتەکان نەبردرێت، بەڵام ئەوەی جێی داخە دوای گەیشتنی ئەم نووسراوە لە چەند زانکۆ بڕیارە کەم کردنەوەی (٣٠%) لە مووچە و دەرماڵەی مامۆستایان فەرمانبەرانی بەڕێز کراوەتەوە، کە بە بەڵگە لەبەر دەستمانە لە مانگی رابردوو ئەو بڕە پارەیەیان لێ کەم کراوەتەوە، بە نسبەت بڕیاری هەمیشەیی بوونی مامۆستایانی گرێبەست کە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئیمزای لەسەر کردووە، کە تاوەکو ئێستا مامەڵەکانیان نەگەیشتوون بە پەروەردەکان هەموومان دەزانین لەبەر دەرکەوتنی ئەم ڤایرۆسە رەنگە ئەمە رێگر بوبێت، بۆ ئەوەی ئیجرائات و مامەڵەکانیان بەڕێوە ببەن لە پەروەردەکان، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەمانە ئەم بەڕێزانە کەی دەتوانن بچن لە پەروەردەکانی سنووری خۆیان دەست بە مامەڵەکانیان بکەن، بەنسبەت خەرجی دامەزراندنی

سیستمی ئەلیکترۆنی چ لە وەزارەتی خوێندنی باڵا چ قوتابخانەی ئەلیکترۆنی لە وەزارەتی پەروەردە، ئایا ئەو خەرجییە کە لەم پرۆسەیە سەرف کراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەستۆی گرتووە؟ یان چۆن چۆنی ئەم برە پارەیە پەیدا کراوە، بە نسبەت موستەحەقاتی وانە بێژان کە لە دوو مانگی رابردوودا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پشووی فەرمی راگەیاند، ئایا موستەحەقاتی وانە بێژان وەك خۆی ئەو دوومانگە بۆیان هەژمار دەکرێ یان نا؟ ئەی مەصیری وانەبێژان بە چی دەگات؟ مووچەی مامۆستایانی قوتابخانە تایبەتەکان کە لەم دوو مانگەی رابردوودا بۆیان هەژمار دەکرێ؟ وە بابەتی کرێ خوێندنی ئەو قوتابیانەی کە لە قوتابخانە تایبەتەکانن کە لەم دوو مانگەی رابردوودا پشووی فەرمیان هەبووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان رایان گەیاندووە، ئایا ئەم کرێی خوێندنە لەم قوتابیە بەڕێزانە وەردەگیرێت؟ بە نسبەت خوێندنی ئەلیکترۆنی بۆ قوتابخانە کوردییەکانی شاری کەرکوك کە تا ئەم دواییە پێم وابێت کۆدیان پێنەدرابوو، بۆیە هەرچەندە بەدواداچوونمان کرد پێم وابوو لەم یەك دوو رۆژە کۆدیان پێدراوە، ئەگەر بەڕێز وەزیری پەروەردە وەڵامی ئەم پرسیارەمانبداتەوە، بە نسبەت بابەتی دخول عامی پۆلی دوازدەی ئامادەیی زانستی و وێژەیی و پیشەیی کە بەراستی ئێمە وەك لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بە هەموو شێوەیەك پاڵپشتی ئەم بیرۆکەیە دەکەین، پێمان باشە دخول عام بۆ پۆلی دوازدەی ئامادەیی زانستی و وێژەیی پیشەیی رەچاو بکرێت.
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وابزانم کاك (عبدالسلام) هەموو پرسیارەکانی کە لەماوەی ئەم ساڵەیا لایان کۆبۆتەوە، لیژنە هەمووی هێنا بوو لێرەیا کردی، پێم وابوو پێی وایە جارێکی تر ئەم وەزیرە بەڕێزانەی دەست ناکەوێتەوە، بەڕێزان لە لیژنەی تایبەتمەند ئیلتیزام بە کاتەوە بکەن ئەندامانی لیژنەی تایبەتمەند ئەبێت ئیلتیزام بە دوو دەقەوە بکەن، چونکە سەرۆکی لیژنە پێ دەچێ ئەو پرسیارانەی کردی پرسیاری هەمووتان بێ وە بۆ ئەوەی ئەندامانی تری پەرلەمانیش بتوانن پرسیار بکەن، هەرچەندە ئێمە بەڕێزان وەزیری پەروەردە و وەزیری خوێندنی باڵامان بۆ بابەتێکی تایبەت بانگ کردبوو، بەڵام ئەوان هەم وەزیری گەنجن هەم وەزیری حکومەتی هەرێمی خۆمانن، ئەبێ وەڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان کردوویانە. بەڵی کاك (مسلم)، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی هەر سێ وەزیری بەڕێز دەکەم وە سڵاو رێزم هەیە بۆ تەواوی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان، برای بەڕێزم کاك (عبدالسلام) باسی هەموو ئەو کێشانەی کرد کە ئێمە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە ئەنجامی کۆبوونەوەکانمان لە کەرەنتینەی گشتیدا ئەنجامماندا وە هاورام لەگەڵ تەواوی پرسیارەکانیش کە لە وەزیرە بەڕێزەکانی کرد، من کات ناگرم یەك دوو سەرنجی بچوکم هەیە وە دوو پرسیاریش بیخەمە سەر تەواوی ئەو پرسیارانەی کە برای بەڕێزم کردی وە پێشم باش بوو کە ئەم کۆبوونەوە زەرورەی کە ئەمرۆ لەگەڵ هەردوو وەزیری بەڕێز کرا کە وەزیری تەندروستیش لێرە بوایە، بۆ ئەوەی بمانتوانیبایە قسە لەسەر رێی

و شوێنەکانی تەندروستیش بکەین، لە داهاتوودا ئایا چۆن بەرچاو روون دەبین لە دەستکردنەوە بە پرۆسەی خوێندن و تەواو کردنی ئەم سیستەمە هەستیارەدا، ئەوەی کە هەیە بەڕێزان زۆر کێشە باس کرا هەردوو وەزیری بەڕێز باسی پلان و بەرنامەی دیاریکراویان کرد لە هەردوو وەزارەتەکانیان، بەڵام بەراستی ئەوەی کە لای من گرفتە ئیلزامبوونی ئەو سیستەمە ئەلیکترۆنی و ئۆن لاینەیە کە لە خوێندنی باڵایا ئێستا پەیرەو دەکرێ وە بەشێکی قوتابیان گرفتێکی زۆر گەورەیان هەیە وە رۆژانە زۆر پەیوەندیمان پێوە دەکرێت، بۆیە هەر بەراستی هەر پلانێك و هەر بەرنامەیەك کە داڕێژراوە ئێستا ئێمە لە ئەزمونێکی تاقیکردنەوەی نوێداین، ئەکرێ سوود و ئیستیفادە وەك بەڕێزیان باسی کرد لە داهاتوودا لە ساڵانی داهاتوو بکرێتە بەرنامە سوودی لێببینرێت، بەڵام ناکرێ لەم ماوە کەمەی ئێستادا بکرێتە ئیلزامی ئیجباری لەسەر قوتابیان کە بەراستی مەنهەجێکی نوێ یە، سیستەمێکی نوێ یە بەشێکی مامۆستایانمان دەکرێ بڵێین (٣٠%) مامۆستایان خۆیان فێرکارانمان و ئامادەساز نین لە جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە نوێیەدا، جگە لەوەی کە بەراستی ئێمە کێشەی جۆراوجۆری ترمان هەیە کە باس کرا لە کێشەی ئابووری، کێشەی شەبەکان لە کێشەی لۆجستی ئەوە کە بەراستی کێشە و گرفتی زۆر گەورە دروست دەکات لەسەر قوتابیانمان کە ناتوانن ئەم پرۆسەیە بە باشی ببەنە پێشەوە، ئینجا وەك برای بەڕێزم باسی کرد کێشەی کرێ ی خوێندنمان هەیە کە بەراستی قوتابیان

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (مسلم) نابێ قسەی ئەو دووبارە بکەیتەوە، ئێوە ئیتیفاقتان کردووە لە لیژنە ئەو کۆمەڵە پرسیارەتان هەیە ئەگەر ئیزافەت هەیە بیڵێ.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بەشانەی کە پەیوەندییان بە عەمەلییەوە هەیە، بەراستی پزیشکی کۆلێژی علوم، هەندەسە بەراستی دبێ ئەوانە حیسابیان بۆ بکرێ، چونکە بەراستی بەشێك لە بڕیاری وەزارەتی خوێندنی باڵایا زانکۆکان سەرپشك کراون بەوەی کە هەر زانکۆیە وبەپێی پلانی تایبەتی خۆی مامەڵە بکا لەگەڵ بارودۆخی خۆی، بەراستی پێم وایە بەشێك لە زانکۆکان گرفتیان بۆ دروست دەبێ لە چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو سیستەمە وە گرفتێکمان هەیە بەراستی ئەو حانووتانەی کە لە قوتابخانەکانا وە ئەو کافتریایانەی کە لە زانکۆکانان ئەبێ چۆن مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ لە بارودۆخێکدا کە لەو چەند مانگەدا زەرەریان کردووە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(هلز) خان، فەرموون.

**بەڕێز هلز احمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەسخۆشی سەرۆکا لیژنا دکەم کو پرسیارا مە پێشکەش کرن، من پرسیارەکا هەی بۆ وەزیرا پەروەردەیێ، ئایا بڕیار هاتیە دان بۆ دخول عام یا قوتابیان و ئەگەر ئەو بریارە هاتیە جێبەجێ کرن، دێ قوتابیا تەمهیدیش یان تاقی کردنەوەی بەراییشی دگریتن ئان نا؟ ئەگەر ئەڤە هاتیە کرنێ پاڵپشتیا لۆجستیا ماددەی دی دڤێتن، پلان وان هەیە بۆهێ چەندا یان نا؟ هەروەسا بۆ

دکتۆر ئارامێ، تەبعەن ئەگەر دخولا عام هاتە ئیقرار کرن، رێژەیەکا باشا قوتابی یا بچنە تاقی کردنە دێ دەرچن، ئایا پلانا وی وەزارەتا خوێندنا بالاتا هەیە کورسیت بۆ ڤان ژمارا زۆر قوتابیان بێتە دابین کرن ئان نا؟ پرسیاراکا دیتر هەر بۆ جەنابا وەزیری پەروەردەی ئەڤەیە تاقی کردنەیەت قوتابیەت قۆناغا غیر مونتەهیا ل ئێکی هەتا نۆهێ، کو هەر کورسیەکی دە، بیستی بدەها، ئەڤ سالا هەڤی کورسی دوو نەهاتیە کرنێ، ئایا تاقی کرن گەیشتیتە سەدی دێتە کرنێ یان تاقی کرن دی شەستی دێتە کرنێ؟ چ پلان بۆ وێ تاقی کردنا دێتیە داناتن، کو ئی لە ٦/١ تاقی کردنا لڤان قۆناغا دێتە کرنێ، یەك پرسیارا من بۆ دکتۆر ئارامێ ئەڤەیە، ئەم دزانین کرێی خوێندنێ یا پاراڵیالا یا دیتر ژی قستا هاتنە دان، ل هەندەك کەسانێت هەن، هەندەك قوتابیەت هەن نەشیا قستێ دووەمێ بدەن ژبەر نوکەیا بارودۆخیا ئابووری، تایبەتیا دبیژم مامۆستا، مامۆستا کولیا پەرورەدە بنیاتیت دخێنن دوو قستا دەدەن، ئایا وەنەلبەرێ پلانەکا بەر عەفویە مامۆستایێ بکەن لبدانە قستێ دووێ یان نا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (ئاشنا) خان، فەرموون.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم زۆر بە کورتی ئەو پرسیارنەی کە من هەمبوو (هلز) خان سەبارەت بە دخول عام کردی جارێکی تر دووبارەی ناکەمەوە، بەڵام تایبەت بە کێشەی ئینتەرنێت زۆر باسی ئەوە کرا کە کێشەی ئینتەرنێت یەکێکە لە کێشە هەرە ئەساسیەکانی سەرەکییەکانی پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی ئەمە بۆ خوێندکارەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە چارەسەر کراوە، بەڵام بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان چارەسەر نەکراوە، بیر لەوە نەکراوەتەوە کە بە شێوازێك لە شێوازەکان بۆ خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگەکانیش چارەسەر بکرێت، چونکە زۆربەی وانەکانیان کە ئەیخوێنن لە ڕێگای پرۆگرامی ئۆنلاینە، کە پێویستی بە ئینتەرنێتی بەردەوام هەیە، هەموو ئەو تێبینیانەی کە هەیە لەسەر بە هێڵی ئینتەرنێت، پرسیارێکی ترم بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا خوێندکارانمان ماستەر و دکتۆرا ئەوانەی کە کۆرسێکیان خوێندووە ئێستا لە کۆرسی دووەمن واجبە لەسەریان یەکێك لە پێداویستییەکانی خوێندنییان ئەوەیە کە بۆ هەر وانەیێك توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدەن، لە ئێستایا دەرگای زانکۆکان داخراوە وە توێژینەوەی زانستی پێویستی بە کتێب هەیە پێویستی بە سەرچاوەی نووسراو هەیە لە ئێستایا دەست ڕاگەیشتن بەو سەرچاوانە زەحمەتە دەبێت بە شێوازێك لە شێوازەکان کار ئاسانیان بۆ بکرێ ئەو توێژینەوانەی کە پێویستەو لێیا داواکراوە هەڵبگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (شەمۆل) دوای ئەوە (د.گلاویژ)، فەرموون.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پرسیارانەی کە پێویست بوو زیاتر لەلایەن برادەرانەوە کرا، بەڵام ئەوەی کە پێویستە زۆر من سەرنجی بخەمە سەر ئەوەیە کەم کردنەوەی کرێ ی خوێندنە لە زانکۆ و پەیمانگاکان، چونکە زانکۆ و پەیمانگا ئەهلییەکان ماوەی دوو مانگە خوێندن راوەستاوە و، بەڵام زۆربەی مامۆستایان لەوێدا لەوانەیە بە محازر وانەی بڵێنەوە، ئەو کاتە کە پارەش نادرێتە مامۆستایان، بۆیە پێویستە لێخۆشبوون لە قوتابیان ماوەی ئەو دوو مانگە بکرێ، سەبارەت بەوەی کە شەش هەفتە ماوە بۆ خوێندن پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا پلانێکی ورد و روونی هەبێ، بۆ نمونە ئەگەر لە (٥/٢) کە ئێستا لە هەندێك زانکۆ و پەیمانگاکان بە ئۆنلاین دەستی پێکردووە، ئەگەر لە (٥/٢) هەتا چەندی چەند دەخوێنرێت وە کەی امتحان دەکرێ؟ وە ئەوەی کە پێویستیشە بەراستی کە بە خوێندنی ئۆنلاین دەخوێنرێ داخل نەبێ بۆ امتیحان، چونکە زۆربەی زۆری خویندکارەکان هۆشداری ناکەن بەپێی ئەوەی کە ئێمی مەعلوماتمان هەیە، چونکە زۆربەی زۆری قوتابیان لە گوندەکانن، یاخود بەهۆی نەبوونی کارەباوە، سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردەش بۆ پۆلی دوازدەش برادەران دیار بوو پرسیاریان کرد، پێویستە وەزارەتی پەروەردە پلانەکی روونی هەبێت بۆ پۆلی دوازدە، بۆ ئەوەی بزانن ئایا هەموو داخل دەبن یا چەندیان داخل دەبن و چەندیان داخل نابن، ئەوەی کە گرینگە بۆ وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندکارانی بنەرەتی پۆلی (١،٢) وە ئەوەی فێری ژمارە نەبووە، ئەوەی فێری پیت نەبووە، چۆن دەبێت بە پۆلی دووی بنەرەتی یان چۆن دەبێت لە پۆلی دوو بروا بۆ پۆلی سێ؟ بابڕوا بەڵام پێویستە تەعویز بکرێتەوە، چونکە کێشەی بۆ دروست دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.گلاویژ)، فەرموون.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان :**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا سوپاسی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، بەراستی هەموو پرسیارەکان زۆربەیان کرا ئەوانەی کە ئاخر کەس پێ رادەگا پرسیارەکان دووبارە ناکەمەوە، زۆر بە کورتی چەند سەرنجێك دەخەمە روو بە نسبەت ئەو خوێندنی ئەلیکترۆنی کە بە ڕێز (م. ئالان) فەرمووی کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت راستە چەند کاتژمێرێکیان کردووە بە فری، بەڵام کوالێتییەکەی باش نییە کە فرییە، بەڵام خەتەکە نییە، شەبەکە نییە، ئەوە کێشەیێکە کە بەراستی قوتابیان زۆر زۆر پێوەی دەناڵێنن وە بە نسبەت ئەو خوێندنە ئەلیکترۆنییە کە دەگاتن پێویستە قوتابیان دڵنیا بکرێنەوە لەو دڵەراوکێیە دەربچن، ئایا ئەمە بە تەئکیدی پاڵپشتیکارە؟ ئایا داخل دەبێت یان نا؟ چونکە زۆربەی قوتابیەکان ئەو پرسیارانە بۆ ئێمە دەنێرن، بە نسبەت خوێندنی باڵا ئێمە لە زۆربەی کۆلیژەکان بەشی ئایتیمان هەیە، پێویست بوو بەشی ئایتی هەر خولێك بکاتەوە لە راگەیاندنەکان، چونکە ئەگەر ئێمە بێین سەرژمێرییەك بۆ مامۆستاکان بکەین، دەبینین رێژەیێکی باش لە ئایتی و لەوانە شارەزاییان هەیە، بەڵام رێژەیێکی زۆریش شارەزاییان نییە لە تۆمارکردنی وانەکان، لە چۆنیەتی ناردنی بۆ قوتابیان، لە ئیمێلەکان گیروگرفتیان هەیە، بەراستی ئەوە هەموو کێشەیە، بۆیە

دەبوایە بەشی ئایتی بە ڕۆڵی خۆی هەستابا بۆ قوتابیان خاصەتەن چەند دەورەیێکی لە تیڤی بە ڕێگای ئیعلام ڕوونکردنەوەیێکی بدابا بۆ قوتابییەکان تا شارەزاییان هەبێ وە قوتابیان کە ئەو وانانەیان پێدەگاتن زۆربەی جار گیروگرفت هەیە لە تەسجیل کردنی دەنگی مامۆستاکە، یان نەبوونەوەی وانەکە، یان ئیمێلیان ناکرێتەوە یان پاسۆردیان غەڵەتە، ئەو گیروگرفتە بەراستی دەبێ چارەسەر بکرێ وە ئێمە وەکو وتمان لەگەڵ ئەوە نینە ئیلزامی بێتن لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، چونکە زۆربەی کێشەی ئینتەرنێت و کارەبامان هەیە، بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا وتی ئەگەر بێت و دەوامی زانکۆکان لە کەمپەس بکرێتەوە لەوانەیە ئێمە لە (٨)ی بەیانی تا (٨)ی ئێوارە محازەرە وەربگرن، ئەوە بەراستی (سوقلێکی موپکەف) نابێ لەسەر قوتابی و بۆ تێگەیشت و بۆ کوالێتی خوێندنەکەشی؟ بە نسبەت وانەبێژانیش یەك خاڵم هەیە ئەگەر ئیزافەی بکەم لەسەر قسەکانی کاك (عبدالسلام) پێم باشە وانەبێژان هەموو مانگێك لە کاتی خۆیان کرێ ی وانەبێژی وەربگرن، نەك دوو سێ مانگ بۆیان پاشەکەوت بکەن، چونکە بۆخۆی کەمە کرێیەکە، بۆیە ئەوەش گرفتێکە بۆ وانەبێژان پاڵپشتیش دەکەین بۆ یەکەمەکان کە بزانین کە چییە کێشەکانیان بۆچی دانامەزرێن وە ڕوونکردنەوەیێکیان پێبدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دووبارەی ئەو قسانە نەکرێتەوە کە بەڕێزان ئەندامانی لیژنە کردیان، هەر کەسێك پرسیاری ئیزافی هەیە، پرسیارێك کە نەکرابێ هەمووش ئیلتیزام بە کات دەکەین دوو دەقە کەمتریش بێ باشترە.

**بەڕێز هاورێ بنا محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی سەرۆکی پەرلەمان باشتر وا بوو پرسیارت بکردایە کێ پرسیاری نییە هەمووی پرسیاریان هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە حەقێکی پارێزراوە بەپێی پەیڕەو چی بکەین ئێمە ئیلتیزام دەکەین. کاك (محسن)، کاك (هیڤیدار)، (د.محی الدین)، (د.شیرکۆ)، کاك (کاوە)، کاك (سیروان)، کاك (نزار)، کاك (جەلال)، (د.کازم)، (مژدە) خان، کاك (مم)، (ڕوپاك) خان، کاك (پێشەوا)، کاك (بهمن)، (د.ڕێبوار)، مامۆستا (جیهاد)، (د.زیدان)، کاك (زکری)، کاك (جینان)، کاك (ئازاد)، (سلمی) خان، (گلستان) خان، (شادی)، خان، کاك (جلال)، کاك (زیاد)، کاك (هاورێ)، (سەرچنار) خان، کاك (بەڵێن)، کاك (کاروان)، کاك (هێرش)، کاك (زانا)، کاك (لقمان)، (حسیبە)خان. فەرموون کاك (محسن).

**بەڕێز محسن حسین مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنا وەزیرا بەڕێز دکەم، بەراستی ژپشتی مە بۆ خۆدایە پلانێت وان وئەڤ کارەت هاتیە کرن بناوێ بەرەنگاربوونا و دەستخۆشی لێ دکەین، بەتایبەتی وەزارەتی پەروەردە کو پلانا وان گەلەك باش و سەرکەفتیا بوو، چەند پرسیارەك لڤێرێ هەی بەراستی بابەتی ئۆنلاین و ئەلەکترونی بحقیقەت لە کوردستانێت مە گەلەك خۆیا بۆ ئامادە نەکردیا، ڕەنگە ئەو ئاماژەیت هەی لبتەنێ ناو شارا هاتێتە کرن، بەڵام ئەو دڤەرێت دوورێ شارا گوندا وانە هەر ئەنتەرنێت

نینە، هەر خەلکێ وان نازانن کۆمپیوتەرا بەکاربێنن، ئەڤرۆکە ژلبازارا کۆمپیوتەر و لاپتۆب و ئەو شتانە گەلەك گران و دەست ناکەون، .....

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محسن تکایە دووبارە نا شتی تازەمان دەوێ، فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ، بابەتەکا دیت زۆر دێتە پێش بۆ وەزیرا خوێندنی باڵا مامۆستایەت نەکورد بن، هەرچەندە نابێ ئەم دەمارگیریە، بەڵام ئەو خەلکە داوای دامەزراندنا دکەت، یەکەمەکان یان مامۆستان یان ماستەرن یان دکتۆرن، دبێژن خەلکێت بیانێ گەلەك زۆرێ لکوردستانێ دەوام دکەن، بۆچی مەجال نادەنە مە، ئایا کوالێتیا خوێندنا باش نینە؟ یان خەلکێکی دیکە باشترە، حەتمەن حەز دکەم پاشی ولامبدەن، وێ بەڕێزی وەزیری پەروەردەی یانی هەی بابەتێ دێتە خوێندن بە شێوەی ئۆنلاین یان ئەلکترۆنی دێ داخلی ئیمتیحانی ببن، بەس ئەو مادە داخلە ئەوێ لە مەدرەسا هاتیە خوێندن، هەروەصا بابەتێ داخل بوونا وەزاریا قوتابیا قۆناغا دوازدەیێ بزانن چ بریار هەیە، ناخۆشە بەراستی وان زروفا قوتابیت خۆشەویست هەمویان داخل ئیمتحان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان**

سوپاس بۆ جەنابت، (د.زیدان)، فەرموون.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی هەر سێ وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، خاڵەکانی خۆم زۆر کورت دەکەم بەشێوەی پرسیار ئاراستەی هەردوو بەڕێزان دەکەم، سەرەتا بەڕێز وەزیری پەروەردە جەنابتان لە قسەکانتان باست لە کرێ ی خوێندنی قوتابخانە ئەهلییەکان نەکرد، کە پێویستە ئەوانیش رەچاو بکرێن وە لەو دۆخەش هاوکاری بنەماڵەی قوتابییەکان بکرێت وە دووەم دخول عام کە چەند برادەرانیش باسیان کرد، ئەگەر دخول عامیش قورس بێ رەنگە بۆ وەزارەتی خوێندنی باڵاش تۆزێ قورس بێ، بەڵام لە کۆتاییدا دەکرێ ئاسانکاری بکرێ نەك دخول عام، ئەگەر چوار بابەت رێگە پێدراو بێت یان بکرێتە دوو بابەت ئاسانکاری لە بابەتەکان بکرێ رێژەی داخل بوون زیاد بکرێ، لەو کاتەدا وە هەندێ پرسیاری کورتم هەیە ئاراستەی وەزیری خوێندنی باڵا دەکەم بە حوکمی ئەوەی پێشتر خۆم لەوێ بوویمە، بۆیە پرسیارەکانم لا دروست بووە، یەکێك لە پرسیارەکان ئەوەیە ئێمە لە زانکۆکان بە گشتی زانکۆ و پەیمانگاکان دوو شێوازی خوێندنمان هەیە، ساڵانەمان هەیە، کۆرساتمان هەیە لە پێشتر ئەوانەی ساڵانەنە لە (٢٠) نمرە و (٦٠) نمرەی کۆتاییە وە کۆرساتیش (٤٠) بە (٦٠)ە، ئایا ئەو نمرانە چۆن دابەش دەکرێت؟ جارێکی تر لەدوای وەستانی چەند هەفتەیەك لە خوێندن؟ ئایا دەکرێ ئێمە کۆرسی یەکەم نمرەی (٢٠)ی یەکەمی بۆ هەژمار بکەین بۆ ساڵانە بۆی بچێتە (٦٠) لە کۆتایدا تاقیکردنەوە بکات نەك تاقیکردنەوەی کۆتایی لەسەر (٨٠) بێت و بارگرانی لەسەر قوتابی دروست بکات بە هەمان شێوەش لە کۆرساتەکانیش ئەو کێشەیەمان دروست دەبێ، ئەوان سیستەمی کۆرساتن زیاتر کێشەیان بۆ

دروست بووە لەو شەش هەفتەیەی کە پشوو بووە لە زانکۆ و پەیمانگاکان، ئێمە بە هەموو شێوەیێك پاڵپشتی لە خوێندن دەکەین، بەڵام وەکو لیژنە پاڵپشتی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاینیش نەبووین، بەڵام ئێستا ئەلیکترۆنی کراوە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئەلیکترۆنی کە دەکرێ بۆ نمونە زانکۆیەکی گەورەی کوردستان لە چەند رۆژی رابردوو سایتەکەی هاك کرا، ئایا ئەو خوێندنە چی بەسەردێ؟ ئایا ئەگەریش هەیە سایتی وەزارەت و زانکۆکانی تریش هاك بکرێ ئەو کات چۆن بتوانین قەرەبووی ئەو خوێندنە بکەینەوە، واتا ئەو ئەگەرانە دێتە پێش دەبێ هەبێت دوو بە بەڵگە لەلامە لەسەر موبایل ئێستا لە زانکۆیەکی گەورەی کوردستان ئیجبار کراوە لەلایەن سەرۆکایەتی زانکۆکان دەبێ مامۆستا لە ماوەی چەند رۆژێکی دیاریکراو بابەتەکانی خۆی ئەپلۆدی سەر سایتەکان بکا، ئەگەر نا ئینقیتاع دەکرێ لە موچە و رۆژنە غیاب دەدرێ، ئایا ئەگەر ئێمە ئەگەر ئەوە تەنها بۆ پاڵپشتی کردن بێت چۆن دەتوانین ئەو مامەڵەیە لەگەڵ مامۆستایان بکەین؟ سوپاس بۆ ئێوەی بەڕێز.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بهمن) فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من دوو سێ پرسیاری زۆر کورت بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵایە، تەبعەن ئەو پرسیارانەمان بۆ هاتووە قوتابیانی تواناسازی تەقریبەن هەزار قوتابی تا ئێستا نیوەی پارەکانیان وەرگرتووە نیوەیان وەر نەگرتووە، گوایە دەنگۆیەکیش بڵاوبۆوە کە حکومەت پارەی داوە، کاتی خۆی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە واەزارەتی خوێندنی باڵایە ئەیانەوێ بزانن کەی پێیان دەگا ئەگەر هەیە کەی پێیان دەگا؟ دوو ئەو قوتابیانەی لە دەرەوەی وڵاتن بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا وابزانم قانوونێك لە وەزارەتەکەی خۆتان هەیە کە ئەوانەی کە ماستەرە دەبێ (٩) مانگ لەوێ بمێننەوە دکتۆرا (١٨) مانگ ئێستا عیلاجی ئەوانە چییە؟ خوێندنەکەیان بۆتە ئۆنلاین ئەوە پرسیارێکیان ئەڵێن ئێمە ئەگەر لێرەوە بخوێنین دوایی هەر حیسابی مانەوەمان بۆ ئەکەن لەوێ؟ پرسیارێکی تریشیان ئەڵێ ئەگەر دەوام لەوێ کرایەوە حکومەت لێرە رێگەمان دەدا جارێکی تر بچینەوە؟ بۆ نمونە قوتابییەکانی ئێران ئەوانەی لە ئێران دەخوێنن. کۆتا پرسیاریشم ئەوەیە کە هەم بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردەیە هەم بۆ وەزیری خوێندنی باڵاش ناکرێ تەعویزی ئەو خوێندنە لە هاوینا بکرێتەوە؟ واتا دەوام لە مانگی (٥) دەست پێنەکا لە (٦) و (٧) بخوێنرێ لە مانگی (٦) و بخوێنرێ لە ناوەراستی مانگی (٧) تاقیکردنەوە بکرێ بۆ ئەوەی ئەو بارقورسییە نەکەوێتە سەر قوتابی و خوێندکارەکان بۆ کرینی ئایپاد و موبایل؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك (جەلال)، فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، والله من تەنیا پرسیارێکم هەیە سەبارەت بەوەی کە دخول عام بوو ئایا ئەوانەی کە ئیمتحانی دەرەکییان

کردووە راسب بن و ئەوانە مەسیریان بەچی دەگا؟ وەهەروەها یەك روونكردنەوەیەك هەرچەندە برادەران باسیان كرد ئەگەر چڕ و پڕتر بێت لەسەر ئەوەی كە یەكەمەكانی زانكۆ و پەیمانگاكان سەبارەت بە دامەزراندن چارەنووسیان بەچی دەگا؟ سوپاس.

**بەڕێز ریواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك (زیاد)، فەرموو. لێرە نییە، كاك (كاروان)، فەرموون.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان هەڵبەت بەشێك لە قسەكانم كرا، بۆ ئەوەی زۆر كات نەبەین وە پشتیوانی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا بكەین، بەڵام سێ خاڵ هەیە بە سەریعی تەركیزیان لەسەر دەكەین هەرچەندە ئەگەر دووبارەش بن، دامەزراندنی یەكەم و دووەم و سێیەمەكانی هەموو ساڵەكانی خوێندن ئەركێكی گرینگی حكومەتی هەرێمی كوردستانە كارێكی گرینگە ئەگەر وەزیری خوێندنی باڵا بتوانێ روونكردنەوەی لەسەر بدا وە خوازیارانی خوێندنی باڵا پەرالێل یەكێكە لە كێشە گەورەكان لە ئێستادا، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەو كێشەیە حەقی خۆیەتی كە وەزیری خوێندنی باڵا روونكردنەوەیێكی پێویستمان بداتێ لەسەر ئەو بابەتە، چونكە خوازیارێكی یەكجار زۆری خوێندنی باڵا لە ئێستادا دووچاری گرفتێكی گەورە بوون لەسەر ئەو بابەتە، بۆ ئەوەی بتوانن چارەسەری كێشەكانی پێبكەن، پرسیارێكم بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە لەسەر مامۆستایانی گرێبەست ئەو مامۆستایانەی كە لە كۆمەڵێك شوێن وەكو كەمپی ئاوارەكان بە گرێبەست بوون كاتی خۆی لە ئێستادا ئەو مامۆستایانە داوایان لێكراو فۆرمێكیان پێ پڕكراوەتەوە بە داخەوە كە تەعاهودێكە پێیان وتوون كە ئەصلەن بۆتان نییە كە داوای دامەزراندن بكەن، من بەڵێننامەكەشم لایە ئەگەر جەنابیان ویستیان دواتر بۆیان دەنێرم وە یاداشتێكیشمان داوە بە پەروەردە و خوێندنی باڵا، ئایا ئەم بەڵێننامەیە بۆچی؟ ئایا ئەمانە بۆچی مافی ئەوەیان نییە داوای دامەزراندن بكەن؟ لە كاتێكدا كە ئەمانە وەكو كەسێ كە گرێبەست لە هەرێمی كوردستان ئەگەر گرێبەستەكان بكرێن بە هەمیشەیی بۆ ئەمان ناتوانن داوای دامەزراندن بكەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.محی الدین)، فەرموون.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی جەنابی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەین، تەبعەن لە هەر قەیرانێك ئینسان ئەزموونێكی گەورە فێردەبییت كۆرۆنا ئێمەی فێركرد، بە راستی جێگای دەست خۆشییە هەم بۆ وەزارەتی پەروەردە هەم وەزارەتی خوێندنی باڵا رەنگە كەم و كورتی تێدا بێ، بەڵام هەنگاوێكی دروستە لەسەر رێگایەكی راست، من یەك دوو پرسیارم هەیە سەبارەت بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، سەبارەت بە وانە مەركەزییەكان ئەوانەی ئیمتیحاتانی مەركەزییە لە هەندێك كۆلێژی یاسا رەنگە هەندێ بابەت خوێنرابێ، هەندێ بابەت نەخوێنرابێ، دوو سەبارەت بە بابەتی كۆرسات سەبارەت بە هەندێ زانكۆ وانەكانیان كۆرساتە كۆرسی دووەمیان نەخوێندوە

له (٢/٢٥) ئایا کۆرساتی دووەم دەرەنجامەکەی بەچی دەگا؟ خاڵێکی تــرم ئەوە پەیوەنــدی بە وەزارەتــی پەروەردە و خوێنــدنی بــاڵاوە هەیە ئەو قوتابخانــانەی کە لەناوچەکــانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانن مامەڵەیان چۆن لەگەڵ دەکرێ لەگەڵ لایەنەکان ئەوانەی سـەر بە وەزارەتـی پەروەردەی کوردسـتانن، سـەبارەت بە وانەکـان و سـەبارەت بە ئەزموونەکـان، ئەو دەرفەتەش دەقۆزمەوە سەبارەت بە کرێ ی وانەبێژەکانیش سنووری پارێزگای هەڵەبجە مـانگی (١٢) یـان وەرنەگرتووە وەزیری دارایی واژووی لەسەر کردووە، بەڵام تا ئێستا کێ ی وانەبێژی مـانگی (١٢) یــان وەرنەگرتــووە، جەنــابی وەزیــری پەروەردە ئەگەر هیمەتــی ئەوە بکــا ئەو مافەیــان بــۆ بگەڕێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، (روپاك) خان، لێرە نییە، کاك (هاورێ)، فەرموون.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راسـتییەکەی دەسـت خۆشـی لە ئێـوەی بەڕێـز دەکەم، لە سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بـۆ بانگێشـتی هەردوو وەزیری بەڕێز، بەڵام تەمەنامان دەکرد سەرۆکی وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیـران وە وەزیری دارایی لێـرەدا وجودیـان هەبوایە، هیـچ نەبـوایە روونیـان بکردابـوایە بـۆ هاوڵاتیـان کە نیوەی ساڵێك تێپەریـوە یەك مـووچە دابەش کـراوە، راسـتە ئەم پرسـە پرسـێکی جیـاوازە، بەڵام زۆربەی زۆری.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (هاورێ) ئێمە بۆ بابەتێکی تر دانیشتووین، هەفتەی پێشوو بەڕێز سـەرۆکی فراکسـیۆنەکانی پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان کردووە لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی وەزیـری پلانـدانان وە ئەو وەفدەی کە چووبوون بۆ بەغـدا بـۆ رێککەوتـن، ئـێمە قسـەمان لەگەڵ کـردوونەتەوە هەر کاتێك کە ئەوان گەیشتنە رێککەوتنێك دەتوانین ئەوانیش بەڕێزیان بانگ بکەیـن باسـی مـووچە بکەین، ئێمە بانگیان ناکەین لێرە باسی بکەن دەرۆین رێککەوتن دەکەین چاوەرێ دەکەین، بەڵکـو رێککەوتــنەکە بــکەن دوای رێککەوتــنەکە ئەوان پلانیــان چیــیە، وابــزانم سـەرۆکی هەمــوو فراکسیۆنەکانی لە کۆبوونەوەکە بوون وە تەصەوریشم وایە سەرۆکی فراکسیۆنەکان باسیان بـۆ ئەنــدامانی فراکســیۆنەکان کردبــێ کە دۆخەکە چــۆنە، بەردەوام بە ئەگەر لەسـەر پەروەردە و خوێندنی باڵا قسەیەکت هەیە.

**بەڕێز هاورێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە دڵنیایی سەرۆکی فراکسیۆنەکان تەعبیـرە لە زۆربەی رای ئەنـدامانی فراکسـیۆن، بەڵام مەرج نییە کۆی گشتی ئەو داخوازیانە ئەندامێکی پەرلەمان هەیەتی رەنگدانەوەی فراکسیۆنەکەی، یان سەرۆکی فراکسیۆنەکەی بێت، دەسـت خۆشـی لە سـەرۆکی فراکسـیۆنمان دەکەیـن پەیـامەکەی گەیانـدووە بەشـدار بـووە لە کۆبـوونەوەکە، بەڵام ئەوە موعانـاتێکە پەیوەنـدی بە کـۆی گشـتی هاوڵاتییانەوە هەیە، بۆیە بە مافی خۆم زانی قسەی لەسەر بکەم، دواتر لەسەر زۆر لە قسەکانمان هەڵبەتە کرا لەوانەی کە سێ دامەزرانـدنی یەکەمەکـانی زانکۆکـان، ئەوەی کە مـاوەتەوە بیلێـین

وەکو لای هەموومان روونە پارەیەکی زۆر لەلایەن رێکخراو، لەلایەن حکومەتی عیراقی و رێکخراوی (who) دراوە بە حکومەتی کوردستان بۆ رووبەرووبونەوەی کۆرۆنا، ئایا چەند لەو پارەیە دراوە بە هەردوو ئەو وەزارەتەی کە لێرە وجوودیان هەیە؟ دەستتان خۆش.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (گلستان) خان، فەرموو.

**بەڕێز گلستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو کاتەتان، باش بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من دوو روونکردنەوەم ئەوێ، ئەمە نامەی هاوڵاتییانە هەردوو روونکردنەوەکە یەکێکیان بە نامەیەك بۆم هاتووە ئەڵێ نادادییەکی زۆر کراوە بەوانەی کە بەتوانا بوو وەرگیراون بۆ ماجستێر، تکایە نمرەی زانکۆ هەژمار بکرێ بکرێتە پێوەر بۆ ئەوانەی کە کۆنمرەی زانکۆیان لە (٩٠) بەرەو ژوورترە بەم نمرەیە وەربگیرێن، بابەتێکی دیکەشیان لەسەر زیاد کردنی کورسییەکانی پاراڵێلە کە زۆرترین خوێندکار سوودمەند بێ لێی، کە ئەمەش بابەتێکە زۆرێك لە خوێندکاران داوای ئەکەن لێمان، هیوادارم وەزارەتی خوێندنی باڵا بتوانێ ئەو گرفتەش چارەسەر بکات لە کاتێکا پاراڵێل هەم سوودەکەی بۆ حکومەتە هەم بۆ خوێندکارانیش، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك (جلال) فەرموون.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو وەزیرە بەڕێزەکە دەکەم، زۆر پرسیارم لێدەکرێ هەردووکیان خۆشەویستن، بۆیە خەڵك پرسیاریان لێدەکات، دکتۆرە دوو پرسیار بەخێرایی هەندێك لە وانەبێژەکان (د.ئالان) بەراستی لە مەنتیقەی شێخانیش کتابیان بۆ کراوە، بەڵام ئەو پارەیان وەرنەگرتووە ئەوی ترپەخشی ئەڵمانییەکە یە تەلەفیزیۆنی ئاسمانی، بەراستی جێگای دڵخۆشی و دەست خۆشییە پوقلە مادییەکە لەسەر حکومەتی هەرێم نییە پارەکە (un) دەیدا، بەراستی ئەوە جێگای دەست خۆشییە، ئایا بەردەوام دەبێ یان دوایی دادەخرێ؟ ئەوی تر بۆ (د.ئالان)ی خۆشەویست سوپاس بۆ تۆ و بۆ خودی سەرۆك وەزیران بۆ فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ لیژنەی رەوەندی کوردی لە پەلەمان لەو ماوەی رابردوو قوتابییەکی یەکجار زۆرتان لە دەرەوە هێناوە، بەراستی جێگای دەست خۆشییە خوا تەمەنتان درێژ کا، بەڵام (٢٧) قوتابی لە ئێران ماینە جا دوێنێش پەیوەندییان بە من کردیە بۆ (٢٧) قوتابییە، یەعنی دەکرێ بەراستی بە جدی خەمەکیان لێ بخۆن بیانگەڕێننەوە بەو جەژنە، یەعنی بەراستی موافەقەی وەزارەتی داخلی دەرچووە، بەراستی ئەوان رازین کەرەنتین بکرێن، رازین لەسەر حیسابی خۆیان بگەڕێنەوە پوقل لەسەر حکومەتیش نییە، یەعنی بەراستی ئەوانە خێریشە دکتۆر ئیتر نامەوێ باس بکەم، لەسەر یەکەم دووەم و سێیەمەکانی زانکۆ موستەحەقن ئەوانە دابمەزرێن ئەوا الحمد لله

بڕیارەك درایە كە مووچەی پلە باڵاكان دەبڕدرێ (٣٠%) تا (٥٠%) بكەنە (٨٠%) ئێمە یان هەمووی ببڕن بەس ئەوان دابمەزرێنن بەراستی موستەهەقن ئەوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (پێشەوا)، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خواری گەورە، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەین، ئەو ڕێوشوێنانەی كە لە ماوەی رابردوودا لە پرسی كۆرۆنا تیمی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕێز سەرۆكی حكومەت و تیمەكەی گرتیان بەر قابیلی ڕێزلیگرتنە هەوڵ و ماندووبوونەكانیان وای كرد كە كوردستان پارێزراو بێت لەو بەڵایە بەشێكی زۆری وڵاتان بەهۆیەوە دەتلێنەوە، برای بەڕێز سەرۆكی خوێندنی باڵا زۆر بە ووردی باسی لە كۆمەڵێك بابەت كرد كە بەشێكی زۆریان قسەی دڵی ئێمە بووینە ناچینە سەر قسەكانی و دووبارەیان ناكەینەوە، لەبارەی گەرانەوەی قوتابیان ئەوانەی كە لە زانكۆكانن لە دەرەوەی شارەكانی هەرێمی كوردستانن، لای هەموان روونە ئێستا هەرێمی كوردستان لە دۆخێكدایە رووبەرووی قەیرانی دارایی بۆتەوە وە ئەو قەیرانە پێشتر هەبووە، پێش چەند ساڵێك هەبووە، درێژكەرەوەی ئەو قەیرانەیە كە حكومەتی عیراق لە ئەنجامی سیاسەتەكانی گرتییە بەر بەرامبەر بە هەرێمی كوردستان، لە چەند ساڵی رابردوو قوتابیان دەرماڵەیێكیان وەردەگرت مانگانە برێك پارەیان پێ ئەدرا، ئێمە ئەزانین كە هەرێمی كوردستان لە دۆخێكی خراپایە لە رووی مادییەوە هەموو هەوڵێك بۆ ئەوەیە مووچە دابین بكرێت، بەڵام لەگەڵ جێبەجێكردنی پرۆژە یاسای چاكسازی داواكارین كە دەرماڵەی قوتابیان بدرێتەوە قوتابیانەوە بە تاییەت لە ئێستادا بەوەی كە حەلێكی وەصەت بدۆزرێتەوە، ئەوانەی كە هیچ نەبێ كە لە دەرەوەی شارەكان ئەگەرێنەوە، ئەوانە پێیان بدرێ ئەوە بارگرانییەكی قورس دروست ناكا دڵنیان ئەكەمەوە ئێستا قوتابی هەیە پێی خۆشە دەوام نەكرێتەوە، لەبەر ئەوەی كە ئەركی سەرشانی كەسوكار و خانەوادەكەی ئەوەندە قورسە ناتوانێ كرێ سەیارەی گەرانەوەش دابین بكات، بۆیە داواتان لێ ئەكەم بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا لەم پرسەدا زۆر جدی بن، یەعنی هەر جۆرێك بۆ ئەوانەی دەرەوەی شارەكان هیچ نەبێ نیوەی ئەوەی كە لە رابردوودا پێتان دراوە چارەسەر بكەن سوپاستان ئەكەین. بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا و پەروەردە هەردووڵاتان هەرچەندە بڕیاردرا بوو هەندێك لە زانكۆ و لە قوتابخانە ئەهلییەكانیش پارەكانیان كەم بكەنەوە جگە لەوەی كە بەشێكیان نەیان كرد، داوا ئەكەم جوهدێكی زۆر جدی بكەن لەوەی كە كەمتری بكەنەوە ئەبێ كەمتری بكەنەوە، لەبەر ئەوەی خەڵك ناتوانێت خەڵك هەیە دوو سێ مناڵی لە قوتابخانەی ئەهلی ئەخوینێ پارەكەی پێ دابین ناكرێ، فشار بكەن چەندین ساڵە پارە وەرئەگرن قازانج ئەكەن با ئەم ساڵ بە مایەكەی خۆی لێی دەرچن، یەك شتی دیكەش پاڵپشتی لە قسەكانی (د.محی الدین) دەكەم لەبارەی دابینكرنی كرێ ی وانەبێژان لە هەڵەبجە و هەموو ناوچەكانی دیكەی كوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك (هێڤیدار)، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری پەروەردە، بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان پرسیاری بەشی یەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵایە، لەوەتەی کۆرۆنا هاتووە زۆربەی وڵاتەکانی دونیا و زانکۆکانی دونیا لەسەر قەیرانی تەندروستی کۆبوونەوەیان کردووە بە چی گەیشتوون؟ چۆن دەرمانی باش پێشکەش بکەن لەگەڵ کۆمپانیاکان؟ ئایا زانکۆکانی هەرێمی کوردستان چیان کردووە؟ ئەوەندە ساڵە علمیان هەیە چ ئیستیفادەمان لێ کردووە؟ هەروەها لە رووی قەیرانی ئابوورییەوە لەگەڵ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دانیشتنتان کردووە هیچ پێشنیاریان هەیە ك هەرێمی کوردستان لە رووی قەیرانی ئابوورییەوە بەرەو کوێ ببەن؟ یەعنی حکومەت و هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان سوود لەو زانکۆیانە وەربگرێ لەم علمەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستان چ ئیستیفادەمان لێکردووە؟ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا قەول بوو ئاکرێ کۆلێژەکانی بکرێتە زانکۆ تا ئێستا نەکراوە؟ حەز دەکەین روونکردنەوەی لەسەر بداتن، پرسیارەکانم بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە بەپێی راپۆرتێکی بانکی دەولی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان (٢٢%) خەڵکی هەرێمی کوردستان نەخوێندەوارن (٧٨%) خوێندەوارن چیتان کردووە؟ پلانتان چییە؟ رێژەیەکی یەکجار زۆرە لە هەرێمی کوردستان ئەم هەموو نەخوێندەوارە هەیە حەز دەکەین عیراق لەو وەزعەی هەیەتی (٨١%) خەڵکی عیراق خوێندەوارە، ئەگەور بێینە سەر ئاستی پارێزگاکان بەڕێز وەزیری پەروەردە خراپترین حالەتی پارێزگای دهۆکە کە رێژەی نەخوێندەواری تێدا هەیە لە چاو پارێزگاکانی دیکە وە ئەوەی لە هەمووی مەترسیدار ترە تا ئاستی قۆناغی ئامادەییە لە دهۆك (٥٧%) دەمینێ خەڵکی ئەو پارێزگایە ئامادەیی تەواو دەکەن لە چاو هەولێر و سلێمانی زۆرترە، یەعنی بۆ لە دهۆك وایە چ پلانێکتان هەیە؟ من سەردانێکی مەیدانی ناحیەی بامەرنیم کردووە سەر بە قەزای ئامێدی لە ساڵی (٢٠١٨) بۆ (٢٠١٩) نزیکی هەزار ماڵ کۆچیان کردووە، سەبەبی سەرەکی کۆچ کردن نەبوونی قوتابخانەی ئامادەییە لەو ناحیەیە کە خەڵکی زۆری تێدان گوندی زۆری سەر بەو ناحیە هەیە، بەڵام خەڵکی زۆر کۆچ دەکا بۆ دهۆك و قەزا و دیکە بەس بۆ ئەوەی منداڵەکانی بخوێنن، حەز دەکەم لەسەر ئەوە روونکردنەوە بدرێت، یەك پرسیاری تر بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەمن خەلکی زاخۆم بەپێی ئاماری رەسمی هەر سی قوتابی لە شاری زاخۆ یەك مامۆستای بەردەکەوێ، بەڵام لە دهۆك (١٤) لە هەولێر (١٥) لە سلێمانی (١٢) حەز دەکەم بە جدی پێداچوونەوە بۆ ئەم بابەتانە بکەن کە پێش کۆرۆناش ئەو قەیرانە هەیە و دواتریش دەبێت حەز دەکەین گوێیان لێ بگرین، سوپاس.

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (جنان)، فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، پرسیارەکەم ئەوەیە زانکۆیەکان قوتابخانەکان داوای قستی کۆتایی لە باوکی قوتابیان کردووە، بەخۆمان هەموومان دەزانین بارودۆخی ئێستای

هەرێم بەهۆی نەخۆشی کۆرۆنا، بارودۆخی باوکی ئەو قوتابیانە بەهۆی راوەستانی ئیش و کاریان، پرسیارم ئەوەیە لە هەردوو بەڕێز چ هەماهەنگییەکیان هەیە لەگەڵ قوتابخانە و زانکۆیەکان هەتا بتوانن ئەو قستە لەو قوتابیانە عیلاجی بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.کاظم)، فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرێك لەو پرسیارانەی کە تایبەت بە پەروەردە و خوێندنی باڵایە بەڕێزان کردیان، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە لەو دوو دەقە کاتەی خۆم ئەگەر روخسەت هەبێ باسی ئەوەیە کە تێبینیمان هەیە لەسەر بەرنامەی کارەکە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان جەنابتان کۆبوونەوە بە فراکسیۆنەکانی پەرلەمانەوە دەکەن داوایان لێ دەکەن ئەولەویەتی تەشریعیان پێشکەش بە جەنابتان بکەن، ئەولەویەتی خەڵك، ئەولەویەتی کارەکانیان پێشکەش بە جەنابتان بکەن، بەڵام رەنگدانەوەی نییە لەسەر بەرنامەی کارەکە، جا بۆ مولاحەزەی جەنابت حەز ئەکەم ئێستا لە هەر خەڵکێکی هەرێمی کوردستان بپرسی بچۆرە ناو بازارەکان لە هەر شوێنێکا لە هەر کوچە و کۆڵانێکا پرسیار بکە بڵێ کێشەی سەرەکی خەڵك چییە؟ کێشەی سەرەکی خەڵك مووچە و نەبوونییە، راستە پەروەردە گرینگە، خوێندنی باڵا گرینگە رێزم هەیە بۆ هەردوو وەزیرە بەڕێزەکە اختصاصەکان گرینگن وە ئێمە گرینگی بە پەروەردە و خوێندنی باڵا دەدەین، بەڵام گرینگ بوو لە ماوەی دوو مانگ زیاتر لە کەرەنتینەکردن و دانەنیشتنی پەرلەمان و ئەو دۆخەی گوزەرانی خراپی خەڵك بوو، گرینگ بوو بەرنامەی کار بڕگەی یەکەم بابەتی مووچە و دواکەوتنی مووچە و ناشەفافی داهات و خراپی تەوزیح کردنی داهاتوو ئەو بابەتانە بێت، زۆر بە کورتی ئەیبڕێنمەوە جەنابت ئاگاداری لە دوا راپۆرتی دیلێتا نیوە زیاتری داهاتی فرۆشی نەوت لە هەرێمی کوردستانا کەس نازانێ چی لێهاتووە و دیار نییە! وە مووچەی هاووڵاتیانیش شەست رۆژی بەسەرا تێپەری وە گوزەرانی هاووڵاتیان زۆر خراپە پێمان سەیرە وەکو فراکسیۆنەکەمان ئەو بابەتە لە بەرنامەی کارا وجودی نییە وە بەراستی بەلای ئێمەوە ئەولەویەتی کاری فراکسیۆنەکەمانە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (سەروان) ئیدارەدانی کۆبونەوەکانی پەرلەمان ئیشی منە، رێت پێدەدەم هەمووتان دەتوانن قسە بکەن، کاك (د.کاظم) جەنابت گەر قسەکانتان تەواو بوون با من قسە بکەم، جەنابت قسەت تەواو بوو وتت تەواو، کاك (کاظم) بەڕێزت لێرە نەبووی لە سەرەتای کۆبوونەوەکەیا ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەر تێبینییەکیان هەبێ لەسەر بەرنامەی کار کۆبوونەوەکانی پەرلەمان ئەبێ لە سەرەتای دەست پێکردنی کۆبوونەوەکەیا بڵێن ئێمە تێبینیمان هەیە وە نوقتەی نیزامیمان هەیە، لەبەر ئەوەی بەڕێزت لێرە نەبووی ئێمە لە فەقەرەی دووەمی بەرنامەی کاردابن، بەڕێز کاك (هاورێ) عەینی قسەی جەنابتی کرد کە دەبوو باسی مووچە بکرێ، مووچە خەمی هەموو خەڵکی کوردستانە خەمی هەموو ئەندامانی پەرلەمانە، خەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە، من تەصەور ناکەم ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بیەوێ حەز بکا کەسیش تەمەنا بە دۆخی ئەوان ناکا لەوەی کە ئێستا ناتوانن لە وەختی خۆیا وەکو پێویست مووچەکانی

فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان بدەن، ئێمە بەرپرسین لە پەرلەمانی کوردستان لە بەرامبەر خەمەکانی خەڵکا هەموو ئەندامانی پەرلەمان بەرپرسن وە من دڵنیام ئەوەی رووبەرووی جەنابت دەبێتەوە رووبەرووی کاك (ئومید خۆشناو) و کاك (علی حمە صالح) و کاك (جەمال) و هەر هەموو ئەندامانی پەرلەمان کاك (عبدالستار) بەبێ جیاوازی بەبێ ناوهێنان رووبەرووی هەموومان ئەبێتەوە، ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی لەبەردەمی ئیحراجێکاین، بەڵام بەڕێزتان دەزانن وابزانم جەنابیشت بەشداریت کردبوو، حەفتەی پێشووتر وەزیری دارایی جەنابیان لێرە لە پەرلەمانی کوردستان بووە، کۆبوونەوەیێك بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان کراوە دۆخی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانیان خستۆتە بەردەستی جەنابتان، من بۆخۆشم تەئیدی ئەوە ئەکەم کە هەموو وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنانەت سەرۆکی وەزیران و جێگری سەرۆکی وەزیرانیش هەر کاتێك پێویست بوو بۆ بابەتێك قسەی حکومەتمان پێ بگا دەبێت لەم هۆڵە گوێمان لە قسەکانی حکومەت و پلانی حکومەت بێ، ئێمە ئیتیفاقمان لەگەڵ کردوون کە حەفتانە چەند وەزیرێك بانگ دەکەین وە بەڕێزان ئەندامانی وەفدی دانوستاندکاری هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە بەغدان گەر گەیشتن بە رێکەوتن بانگیان دەکەین ولێیان دەپرسین وە نەشگەیشتن هەر بانگیان دەکەین ئەی پلانتان چییە کە نەگەیشتن بە رێکەوتن؟ وە ئێمە ئێستا ئەو کۆبوونەوەیەمان کردووە لەراستی کۆبوونەوەی ئیفتیتاحە، دوو مانگە یەکتریمان نەبینیوە دوو مانگە کۆبوونەوەمان نەکردووە، ئێمە ویستمان دەست بە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بکەین بە هاتنی ئەم وەزیرە بەڕێزانەش دەست پێبکەین، ئێمە دەزانین هەموو ماڵێك خوێندکاری هەیە، قوتابی زانکۆی هەیە، خەمی هەیە ئەمەش خەمێکە لەپاڵ خەمی مووچەیا، تەندروستی خەمێکە گەنمی جوتیاران کە پێدەگا و چارەنووسی نازانن خەمێکە، ئەم بابەتانە هەمووی بابەتی پەرلەمانی کوردستانن دڵنیاتان دەکەین کە ئێمە لە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان پێکەوە راوێژمان کردووە، حەفتەی داهاتووش چەند وەزیرێك بانگ دەکەین بەمەبەستی روونکردنەوە ئێمە و ئێوە یەك تیمین پێکەوە دەبین دەستەی سەرۆکایەتی لەگەڵ ئێوە جیاوازی نییە وە قەبوڵیش نییە، جارێکی تر ئەندامێکی پەرلەمان لەجیاتی دەستەی سەرۆکایەتی وەڵامی ئەندامێکی تری پەرلەمان بداتەوە، ئێمە پەیرەومان لەبەردەستە ئێمە زەمیلی یەکین، ئێمە دووساڵ و نیومان ماوە بەیەکەوە، بەیەکەوە ئیش دەکەین، سوپاس بۆ جەنابت. (د.شیرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز شیرکۆ جودت مصطفی:**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

**بەڕێز سەرۆکی پەلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین من ئەو پرسیارانە دووبارە ناکەمەوە کە بەهەمان شێوە پرسیاری من بوون، بەڵام لەوەوە دەست پێدەکەم بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە پێتان وا نییە پرۆگرامی بابەتەکانی خوێندن لەدوای ئەوەی فۆرمتان بڵاوکردەوە زانیتان کە گەیشتوون بەکوێ قوتابخانەکان، پێتان وا نییە برێکی زۆر لە بابەتەکانی خوێندن لە پرۆگرامەکە پێویستی بە ئەبدەیت و نوێکردنەوە هەیە؟ ئەمە فرسەتێکی باشە بەهۆی ئەم ئۆنلاینەوە کە روویدا وە لە

ئێستاوە بۆ ساڵی داهاتوو ئەوە بکرێ، پرسیارێکی ترم بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە ئەمە باسی فێرکردن بوو بە ئۆنلاین کە ئیشی باشی تیا کراوە، بەڵام بۆ پەروەردەی ئەو فێرخوازانە لە رووی بەها ئەخلاقی و بەها ئینسانییەکانەوە چی کراوە بە ئۆنلاین بێ یا غەیری ئۆنلاین؟ کە ئینهیارە گەورەکە لەوێوە روویداوە لە راستی زیاتر لە بەشە زانستییەکەی، پرسیارێکی تریش بۆ بەڕێز وەزیری پەروەردە لە ساڵی رابردووا هەڵە لە پرسیارەکانی پۆلی (١٢) روویدا، ئایا زەمانات چییە ئەو هەڵانە روونەدەنەوە؟ بەتایبەتی دۆخی خوێندن بەم شێوازەیە کە حاڵەتی تەواری و ئیمێرجنسییە، تەئکید لە مەسەلەی کرێ ی خوێندنگا ئەهلییەکان ئەکەمەوە، تەئکید لە مەسەلەی وانەبێژەکان و گرێبەستەکان ئەکەمەوە، پرسیاری ئەخیرم بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵایە وەرگرتن لە خوێندنی باڵایا تێبینی زۆری لەسەرە لە رووی سیستماتیکییەوە ئەوترێ جیاوازی هەیە هەندێ بەڵگەش لە ئارادایە ئەمە چۆن چارەسەر دەکەن؟ وە مەسەلەی وەرگرتنی پلە تایبەتەکان لە خوێندنی باڵایا، ئایا ئێوە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەن وەزیرە پەرلەمانتارە مودیر عامە لە خوێندنی باڵایا ئایا ئەکرێ بخرێتە جێی کەسێکی تر، لەوانەیە بە نوقات و بە کەفائەت لەپێش ئەوەوە بێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەندێك پرسیارم هەیە بەراستی زۆر پرسیارەکانم لەلایەن هاوکارەکانمەوە کراون، بەڵام ئەوانەی کە ماونەتەوە هەوڵ دەدەم لە کورتترین کاتا بیخەمە روو، بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ئەگەر تا کاتی نادیار و گەیشتنی ناوەراستی هاوین و ئەو کاتەی جەو زۆر زۆر گەرم دەبێ وە هۆڵەکانی خوێندن ئەو کاتەی توانیمان بیکەینەوە وە قوتابیان ئەو کاتە توانیان بگەرێنەوە هۆڵەکانی خوێندن، ئایا لەو کاتەدا ئێوە پلانتان چییە چۆن پێداویستییە لۆجستییەکانی هۆڵەکانی خوێندن دابین بکەن، لەگەڵ ئەوەی کە دەزانین بەشێك لە هۆڵەکان پێویستی لۆجستی لەو کاتەدا پێویستییەکی زیاتری دەبێ لە ئێستا، یاخود لە وەرزی زستان ئەتوانین چۆن ئەو پێویستییە لۆجستیانە دابین بکەن؟ یاخود ئەگەر بمانەوێ کاتی خوێندن کورت بکەینەوە بۆ ماوەیێکی کەم چەند سەعاتێکی زیاتر لە رۆژەکەدا بخوێنن خوێندکاران، جەنابت ئاماژەت بەوە دا لە ئەسنای قسەکردنەکەدا ئەو ئاماژەیەت دا، بەڵام ئاماژەت بە (٨)ی بەیانی یان (٩)ی بەیانی بۆ (٨)ی ئێوارەدا ئایا لەو حاڵەتەدا دەوامی ئێواران چی لێبەسەردێ؟ ئایا دەوامی ئێواران چۆن تەعویز دەکرێتەوە؟ چونکە ئێمە دەزانین بەشێکی زۆری کۆلێژەکانمان بەشی ئێوارانی هەیە، زۆر سوپاس وەزیری خوێندنی باڵا. بۆ وەزیری پەروەردە ئەو سیستەمەی کە ئێستا کە سیستمی ئەلیکترۆنی وانەبێژی کە دامەزراوە، ئایا دەکرێ لە داهاتوودا ببێتە بنەمای خوێندنی ماڵەوەی هەندێك خوێندکار، چونکە ئێمە دەزانین بەپێی ناوچە و جوگرافیای هەرێمی کوردستان ناوچەیێکی شاخاویمان هەیە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی بەرێزیشتەوە قسەمان لەسەر ئەوە کرد کە برێکی زۆر خوێندنگامان پێویستە، ئایا ئەکرێ ئەم سیستمە لەدوای کۆتایهاتن یاخود پێویست نەبوونی بە سیستم یا داوی بەرەنگار بوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێمە هەموومان

دەزانین ساڵی رابردوو رێژەیەکی باش وازهێنان لە خوێندنمان هەبوو لەو مودە زەمەنییەی کە لە وەزارەتی پەروەردەوە خوێندنی ئیلزامییە، ئایا ئەم ساڵ تەوەقوع دەکەن ئەو رێژەیە بەرز ببێتەوە لە ساڵی رابردوو؟ میکانیزمی رووبەروو بوونەوەتان بۆ وازهێنانی خوێندکار و قوتابی لە خوێندنگاکاندا چی دەبێت لە داهاتوودا؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (ئومید) نوقتەی نیزامی، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن زووتر داوام کرد، بەڵام ئەو دوو موداخەلەی هاتە پێشێ بە حوکمی ماددەی (٥٥) بڕگەی دووەم، وە پێش هەموو شتێك دەستخۆشی لە جەنابتان دەکەین وە ئەرکی قانوونی و پەیڕەوی خۆت جێبەجێ دەکەی لە کاتی سەرپەرشتی کۆبوونەوە و رێگە نەدان بەوەی کە ئەندام لە خۆیەوە بێتن قسە بکات، بەڵام وێڕای پشتیوانیمان پرسیاریش دەکەین، پرسیار دەکەی بە پێی چ ماددەیێکی پەیڕەوی رێگەت دا ئەو بەڕێزە لەناو بەرنامەی کار نەبووە ئەو بابەتانە کە وروووژاندی، راستە پشتیوانی دەربڕینەکەی جەنابیشت دەکەین ئەوە خەمی هەمووومانە وە کێشەی هەمووشمانە، بەڵام لە کاتی خۆیدا بە چ ماددەیەکی پەیڕەوی جەنابتان ئەو رێگەیەتدا؟ دوو لە وەڵامدانەوەی ئەندامێکی ئێمە ئەو بەڕێزە هەندێ وشەی بەکارهێنا هەم تەئکید بە ماددەی (٥٥) بڕگەی دووەم داوا دەکەین قسەکانی لە پرۆتۆکۆل بسرێتەوە نەوت ئەو بابەتە نییە کە بەو جۆرە ئەو بەڕێزە وەڵامی داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆ سوپاس، لە راستیدا کاك (د.کاظم) لە سەرەتای کۆبوونەوەکە لێرە نەبوو وە کە داوای قسەی کردووە بە نوقتەی نیزامی داوای نەکردووە، بەناوی حەقی خۆی لەناو پرۆسەیەدا داوای کردووە، خۆی دەچێتە سەر بابەتێکی تر، ئەمەوێ زۆر زۆر سەریح بم لەگەڵتان زۆربەی جارەکان کە ئەم حاڵەتانە روودەدا برای بەڕێزم کاك (د.کاظم) قسە دەکا من دەتوانم پەیرەو بەکاربێنم، بەڵام هەمووتان دەزانن هەمووو جارێك زۆر زۆر لە زیانی سەرۆکی پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتی دەشکێتەوە، لە رەئی عاما والێکدەدرێتەوە کە ئەوا ئێمەین ناێڵین رەفیقەکانمان لە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن قسە بکەن، هەندێك جار ئەو لادانە پەیڕەوییە ئەکەم لەبەر ئەوەی کە بڕوامان بە رەئی جیاواز هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێ بێلایەنی بپارێزین، لەبەر ئەوەی ئێمە دەبێ هاوسەنگی بپارێزین، بۆیە ئەو حاڵەتانە روودەدا، من ئەگەر پەیرەوم شکاندبێ لەو پێناوە بووە هەندێك جاریش بەرژەوەندی گشتی وا دەخوازێ کە ئێمە بەم شێوەیە ئیدارەی جەلسەکە بدەین وە من پێم خۆش نییە هیچ ئەندامێکی پەرلەمان کاتێك ئەندامێکی پەرلەمانی تر نەك خۆش نییە قەبووڵ نییە، رێپێدراو نییە، جوابی ئەندامێکی تری پەرلەمان بداتەوە، ئێمە خۆمان ئیدارەی دەدەین (د.کاظم)یش هاورێیەکی ئێمەیە وەکو جەنابت وەکو هەر هاورێیەکی تر خۆی بە مروری زەمەن وای لێ دێ ئەزانێ کە ئەو بابەتە ئەگەر لەناو بەرنامەی کار نەبوو کە باسی بکا، ئێمە ناچارین رای بگرین وە ئەشزانێ وایە، بەڵام مراعاتی ئەوە ئەکەم من کەس پێی قورس نییە

کاك (د.کاظم) وە ئەوەی تۆ ئەیڵێی قسەی خەڵکە، ئەوەی تۆ ئەیڵێی قسەی هەمووانە، بەڵام شوێنەکەی ئەوێ نییە، کاتەکەی ئەو نییە، (سلمە) خان، فەرموو.

**بەڕێز سلمه فاتح توفيق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ناگەڕێمەوە سەر قسە کردن لەسەر وەزیری دارایی، بەڵام دەکرێ ئەمە پرسیاری دواکەوتنی پارەی مامۆستایانی وانەبێژ کە ئێمە لە مانگی دوو کۆمەڵێك پەرلەمانتار داوای بەڕێز وەزیری داراییمان کردبوو، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کە بارودۆخەکە وایە هەتا ئێستا لێرە نییە، جەنابیان لەڕێگەی بەڕێز وەزیری پەروەردەوە دەمانەوێ چارەسەری ئەم دۆخەمان پێ بڵێ، هەنانگاوەکانی بەڕێزیان چی بووە، بۆ ئەوەی پارەی مامۆستایانی وانەبێژ لە کاتی خۆیا بدرێ، هەروەها پشتیوانی ئەو هاوڕێیانەم دەدەم کە باسی دامەزراندنی یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانیان کرد، پێم وایە فەرمانەکەیان نووسراوەکەیان لە ئەنجومەنی وەزیرانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بابەتێك هەیە ئەگەر ئەم دۆخە تێپەڕێنین ساڵی ئایندە قورساییەکی گەورە لەسەر وەزارەتی خوێندنی باڵا دروست دەبێ لە ئێستادا، ئێستا ئێمە سەد و حەفتا هەزار خوێندکارمان هەیە کە لە پۆلی دوانزەن، ئەگەر بێت و دخول عام بێت بۆ ئەو خوێندکارانەی کە دەچنە تاقیکردنەوەی وزارییەوە ئەوە بۆ ساڵی ئایندە پلانی هەردوو وەزارەت چییە بۆ هەموو خوێندکارە لە زانکۆ و پەیمانگاکانا کە ئێمە دەزانین ساڵی پار لە (٢٠١٩) حەفتا هەزار و پێنج سەد و هەشتاو نۆ خوێندکار لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرگیران بە زانکۆ و پەیمانگا تایبەتییەکانیشەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.ریبوار)، فەرموو.

**بەڕێز ريبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێزان وەزیری پەروەردە و وەزیری خوێندنی باڵا ئەو کاتەتان باش ئەوەی کە بەڕێزتان خستتانەڕوو لە پرێزنتەیشنەکانتان سەبارەت بە پرۆسسی خوێندن و کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا لە سەر کەم کردنەوەی یان کەم کردنەوەی کاریگەرییەکانی پەتای کۆرۆنا لە سەر پرۆسسی خوێندن، ئەوەی کە من هەستم پێکرد تەنها ئۆپشنە تاکو ئێستاش بڕیارێکی یەکلایەنە نەدراوە بۆ ئیدانەدان لە پرۆسسی خوێندن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ داواکاری هەیە بە تایبەتی لە دەڤەری بارزان سەبارەت بە پرۆسسی خوێندن ئەگەر بڕیار بوو بە ئۆنلاین بێ یان بە ئەلیکترۆنی بوو، لە دەڤەری بارزان هەندێك شوێن هەیە مێرگەسۆر و بارزان دوورە دەستن لەوێ نەك هەر کێشەی ئەنتەرنێتیان هەیە، بەڵکو هەر نییە هێڵی ئەنتەرنێت نییە بورجی ئەنتەرنێت نییە، بۆ ئەم مەبەستە داواتان لێ ئەکەم بەشێوەیەك تکایە بیر لە ئۆپشنی ئۆنلاین و ڕێگای ئەلیکترۆنی نەکەنەوە، لەبەر ئەوەی زیانێکی زۆر بە قوتابیانی ئەو دەڤەرە دەگەینێ، داواکارییەکی تریش هاتووە لەلایەن خەڵکی ترەوە کەس و کاری ئەو قوتابیانەی کە لە زانکۆ ئەهلییەکان و قوتابخانە ئەهلییەکان داوا ئەکەن، لەبەر ئەوەی ئەو دوو مانگەی ڕابردوو بەهۆی پەتای کۆرۆناوە پرۆسسی خوێندن نەبووە کرێ ی خوێندنەکە بۆ ئەم ساڵ کەمێك کەم کەنەوە مراعاتی باری دارایی ئەم خەڵکە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، مامۆستا (جهاد)، فەرموو.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا وەزیرا دکەین، دوو پرسیارێت هەین ئێك بۆ وەزیـرا خوێـندنی بـاڵا، ولەو ئەو پرسـیارا کاك بەهمەن کردی ژ تقریبەن، بەس ئیزافەیەکا لسـەر هەنـوکە ژدیـارا حکومەتـا قەرارا دایـا ئەڤ تەلەبەیا ژ دەرەوە، وەختێ بزڤرەنە ئەز وەزعەیا کۆرۆنایە، لازمە ئەو حەقی تکێتە تەیـارە بـدەن، ئەو کەرەنتیـنەی فنـدەقێ و خـواردنێ و ئەوانە ژراسـتێ بـارگرانیەکە مەزنە بـۆ ئەو قوتابیـانە، چونکە ئەو دەوام نینە ئەو مەصرەفەکی عەزیم کەن، حەز دەکەین تەداخولەکی تێـدا بـکەن، ئەو بزڤرەن ئەمە، پرسیارا ژی وەزیرا پەروەردەی پرسیارا هـاتە کـرن کـو هەنـدەك گونـدا ئەنتەرنێـت نینە، یان لاپتۆپ لێ نینە، یان مەسەلەن مەدرەسەیەکی بچوکا هیچی ئەوانە لە مەدرەسە نایەتە کرن، نەبێتە فەرق وجودایی، مەسەلەن یێت بازێرا یان بەرنـامەییەت دخێـنن سـەرەرای دەسـت خۆشیا لێت دکەین پرۆسەکا جێی خۆیا بەس بۆ گوندا بلا مەدرەسـە، ئەو ژێ کیشـوان ئەڤتشـتا حکومەتێکا چوویە بازار ڤەکری، مەسـەلەن گەلەك جهـی کـرن، بەلان هێنـدە ژی قوتابخـانە بێـنە ڤەکرندا یەکسانیەکا بێتن مابەینا خوێندنێ دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (نزار)، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەناوی خوای گەورە.**

بەخێرهـاتنێکی گەرمـی هەر سـێ وەزیـری بەڕێـز دەکەیـن، خۆشـحاڵین بە ئامادەبوونیـان، پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵایە، بەڕێز وەزیری خوێندنی بـاڵا پێشـنیارێکی ئیدارەی قەزای شەقڵاوە و شاری هەریر لە ساڵی (٢٠١٨) بۆ پێـك هێنـانی لیژنەیێـك بـۆ کـردنەوەی کۆلێژی کشتوکاڵی لە شاری هەریر لە (٢٠١٩) نوسـراوێکی فەرمـی زانـۆی سـەلاحەدین ئاراسـتەی وەزارەتـی خوێـندنی بـاڵا کـراوە کە پێشـنیار کـراوە بە زەروور دەزانـرێ کـردنەوەی کـۆلیژێکی کشتوکاڵی لە سنووری شاری هەریر، تاکو ئێستا هیچ وەڵامێك نەبووە و خەڵکیش زۆر چـاوەڕێی وەڵامـی جەنابتـانە، لەبەر ئەوەی هەریـر شـارێکی قەرەبـارغە خەڵکێکـی زۆر ڕۆژانە لە هەریـر دەڕۆنە کۆلێژەکانی هەولێـر و شـەقڵاوە و بگرە سۆرانیش، بـۆیە چاومـان لە وەڵامـی بەڕێزتـانە هاوکارمان بن لە ساڵی ئایندە بۆ کردنەوەی ئەم کۆلێژە لە شاری هەریـر، پرسـیارێکی تـرم ئەوەیە سەبارەت بە قۆناغەکانی خوێـندنی زانکـۆ ئایـا وەکـو وەزارەتـی پەروەردە ئەو جیـاوازییە هەیە لەنێوان قۆناغەکانی خوێندن ئەو قوتابیەی کە لە پۆلی کۆتاییە تەخەروج دەکا بۆ پـۆلی چـوار و پێنج جیاوازی هەیە لەگەڵ قوتـابێکی تـر، لە قۆنـاغی پـۆلی یەکە لە ئاسـتی خوێـندن، پرسـیاری سێیەمم ئایا کەش و هەوا بەرزبوونەوەی پلەی گەرما تەئسیر لەسـەر خوێـندنی قوتابیـان ناکا؟ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا لە زانکۆی پزیشکی هەولێرەوە پێم گەیشتووە زیـاتر لە (٤٠) قوتـابی ئەم شـەو بـایکۆتی ئۆنلاینیـان کـردووە، ئەمـانە پێشـنیاریان ئەوەیە کە لە ئـۆنلاین محازەرەیێـك

هەیە، یاخود دەرسێك هەیە بە نیو سەعات تەواو دەبێت، بەڵام لە كاتی دەرس خوێندنا لە كۆلێژ بە دوو سەعات تەواو نابێ، ئایا ئەم جیاوازییەی نیو سەعاتی ئۆنلاین و دوو سەعاتی ناو كۆلیژ تەئسیر لە سیستەمی خوێندن ناكا لە قوتابییەكان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك (ازاد)، فەرموو.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی بابەتی پەروەردە زۆر مهیمە لە هەرێمی كوردستان، ئەمن لێرە پرسیارێكم هەیە بە خێری كۆرۆنا بڕەك صەفحەكان كەم بویتەوە، دەوامەكی كەم دەكەین، صەفحەكانی كتابەكانمان زۆرە شەش سەد حەفت سەد لاپەرەیە، ئەمن بە خۆم مامۆستایەك بووم هەتا ئەو كتابانەم خلاص دەكرد هەر بە غارە غار، بۆیە دەوامەكی زۆر بكەین شەش سەعات لە مەكتەبەكان یان حەفت سەعات، بەران كتابەكان كەم كەینەوە ئەوە زۆر مهیمە، رۆژێك حەز دەكەم لەسەر مەوزوعی پەروەردە دانیشین، چونكی بەراستی پەروەردەكەمان ئێستا سیستەمی پەروەردە باركردنە، فێركردن نییە ممارەسە نییە، بۆیە سیستەمی ئۆنلاینیش لە هەرێم یەكەم جارە لەوانەیە سوودەكەی سەدا سەد نەبی، بەڵام نوقسانییەكان لێكۆڵینەوەی لێدەكرێ، چونكە بەراستی زۆر مهیمە ئۆنلاین فێربین ئەو سەقافەتەی فێربین قوتابی كو بە ئۆنلاین فێردەبی ئیستیفادە لەو خیندنەی دەكا، شەرت نییە بە مامۆستا بی، لەوانەیە رۆژەك دەبی مامۆستا هەر نامینێ وەك خەیاڵەك رۆژەك دێ مامۆستا نامینێ خەڵكەكە هەر بە ئۆنلاین لە ماڵێ دیراسەتی خیندن دەكاتن، بۆیە من پرسیارەكەشم ئەگەر دەوام نەكرێ تاقیكردنەوەكانی زانكۆ چۆن دەبێ؟ دەمەوێ ئەوەش بە گرینگ وەرگرین رۆژەك پەرلەمان و وەزارەت دانیشین لەسەر پەروەردە سیستەمەكی نوێ دابنێین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (كاوە)، فەرموو.

**بەڕێز كاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، پرسیارەكەم لە بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا چەند پرسیارێكم هەیە، پرسیاری یەكەم سەبارەت بە كێشەی وەرگیراوانی یان خوێندكارانی ماستەر و دكتۆرا، دیارە لەماوەی رابردوو لە چەند مانگی رابردوو كە ئەزموونێك ئەنجام درا تاقیكردنەوەیەك كرا، دیارە لە بەشێك لەو خوێندكارانەی كەوا تەقدیمیان كرد رەخنەی زۆریان هەبوو وە پێیان وا بوو عەدالەت نەبووە لە ئەنجامەكان وە هاوسەنگی نەبووە وە دەستی حزب هەبووە لە راگەیاندنی ئەنجامەكان، بۆیە پێمان خۆشە جەنابت لێرە روونكردنەوە بدەی، ئایا هیچ تەداخولاتێكی حزبی هەبووە لە راگەیاندنی ئەنجامەكان بەتایبەت بەشێك لەو خوێندكارانە ئەوانەی تەقدیمیان كردبوو، پێیان وایە مافیان خوراوە؟ سەبارەت بە دەرچووە یەكەمەكان دیارە زۆر باسی دەرچووە یەكەمەكان كرا، من دووبارەی ناكەمەوە كە مافێكی خۆیانە، بەڵام یەك شت هەیە باشە ئەگەر لە زانكۆیەكان پێشبركێی زانستی نەمینێ ئەو روحیەتی منافەسەیە نەمێنێ چۆن

ئاستی زانستی بەرز دەبێتەوە، بەرەو پێش دەچێت لە کاتێکدا تۆ لە (٢٠١٦)ەوە نەتوانی دەرچووەکانی یەکەم و دووەم و سێیەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان دابمەزرێنی کە مافێکی خۆیانە، دەبوایە تا ئێستا دابمەزرانایە، سەبارەت بە دەرماڵەی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان، دیارە ئێمە ساڵێك و دوو مانگ بەر لە ئێستا باسمان کرد بە دیاریکراوی مانگی (٣)ی ساڵی رابردوو (٢٠١٩) فراکسیۆنی نەوەی نوێ پێشنیازی پرۆژە بڕیارێکمان تەقدیمی سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە، رەوانەی حکومەت کرا داوامان کرد دەرماڵەیەك بۆ خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان بە بڕی سەد و پەنجا هەزار دینار ببڕێتەوە، بەڵام تا ئێستا پرۆژەکەی ئێمە پێشنیازەکەی ئێمە نەك وەڵام نەدراوەتەوە نە هاتیتەوە، نازانین چارەنووسی پرۆژەکەمان، پێشنیازەکەمان چییە؟ بەتایبەت لە ئێستادا بارودۆخی خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان ئەوەندە خراپە باوەرناکەم بەشێکیان بتوانن ئەگەر دەوامیش دەست پێبکاتەوە بەهۆی خراپی بارودۆخی داراییەوە دەوام بکەن و بگەڕێنەوە، سەبارەت بە دوا قیستی پارالێل رەنگە جەنابی وەزیر باشتر ئەو مەوزوعە بزانێ دوا قیستیان ماوە خوێندکاران بەهۆی ئەو بارودۆخەی ئێستا بەسەریان هاتووە داوا ئەکەن کە لێیان خۆشبن و قیستەکەیان لێ وەر نەگرنەوە، ئەوەش ئەگەر حکومەت پێشنیارەکە بە هەند وەربگرێت، سەبارەت بە وەزیری پەروەردە دوو پرسیارم هەیە،لەسەر تاقیکردنەوەی دەرەکی خوێندکارانی دوانزەی ئامادەیی ئایا ئەمە چۆن دەبێت و ئایا ئەو خوێندکارانەی کەوا تاقیکردنەوەی تەمهیدیان نەکردووە و دەتوانن راستەوخۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ئەنجام بدەن،،سەبارەت بە مامۆستایانی گرێبەستی وانە بێژ دیارە پێشتر باسکرا، بەڵام مامۆستایانی گرێبەست فەرمانەکەیان دەرچووە ئایا لەکەیەوە بۆیان هەژمار دەکرێت کە ببنە رەسمی و وەکو مامۆستایەکی رەسمی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ و وانە بێژەکان کە نزیکەی یانزە هەزار مامۆستای وانە بێژەو ئەتوانین بڵێین عامود فەقەری پەروەردەن، لە ئێستادا چارەنووسیان بە کوێ دەگات، ئێمە زۆر داوا دەکەین دابمەزرێن زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من باسی دەکەم بە پرسیارێکەوە یەکسەر پێشنیازی دەکەم، دیارە لە هەموو وڵاتێك قوتابیان بە زەمالە دەنێرن بۆ دەرەوەی وڵات، ئێمەش سەدانێکمان هەیە، هەزارانێکمان هەیە بە هەوڵی هەموو لایەك توانیومانە زۆرینەی بنێرینەوە بۆ کوردستان، من بۆ ئەوەی پرسیارەکان نەڵێم چیم بۆ هاتووە پێشنیازی دەکەم بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا، پلانێك دابنێت بە ئۆنلاین زۆر نین، چەند سەد کەسێکن کۆنفراسێکی ئۆنلاین دروست بکەن گوێیان لێ بگرن بزانن ماف و ئەرکەکانیان چییە، بۆ ئەوەی لێرە کات نەکوژم خۆیان ئەگەر بیڵێن چۆن ژیانیان لێرە بەسەر بەرن وچۆن پەیوەندی بکەنەوە بە زانکۆکانییانەوە لەئەڵمانیا و لە مالیزیاو لە هیندستان، کە ئێستاش لەوێن ئەزانم ئەرکی جەنابتان نییە بیان هێنەوە، بەڵام خەریکین بیان هێنینەوە ئەوە هەموو پرسیارەکانی لە کۆنفرانسی چەند سەعاتیدا ئێستا وای لێهاتووە دنیا بووە بە ئۆنلاین و ئیتر وابزانم کەسیش مووچە وەرناگرێت، لەبەر ئەوەی هەموو شتێ ئۆنلاینە لە ماڵەوە بێت

هیـوادارم وا نەبێـت، پرسـیارێکی تریشـم بـۆ وەزیـری پەروەردەیە کە زۆر لە هاورێکـانم باسـی ئەوەیان کرد کە خوێندن کە لەو وڵاتە بەداخەوە بـوو بە پـارە، کاڵایە بفرۆشـرێت و خەڵکی پـێ ئیسـتغلال بکـرێ، باسـی زانکۆکـان کـرا و باسـی قوتابخـانە باڵاکـان کـرا، بـاخچەی سـاوایان و قوتابخانە سەرەتاییەکان کە زۆرینەی زۆری خەڵکانێك مناڵیان هەیە لەوێ تا ئێستا نەپارەکانیـان کەم کـراوەتەوە، بەڵکـو بە ئیمـزا بە وەرەرەقەی ئیمـزا دەچـنە سـەریان، سـەر ماڵەکانیـان ئەگەر پارەکە نەهێنن نەیەیتەوە بۆ دەوام، ئەگەر قوتابیەکی زانکۆ پێی بڵێ ئەگەر باوکت پارە نەهێنێ خۆی ئەچێ ئیش دەکات، پارەکە دەبات بـۆ قیسـتی سیسـتەمی زانکـۆکەی ئەی منـاڵێکی شـەش ساڵ و دە ساڵ بچـێ عەلاگە بفرۆشـێ، ئەگەر بـاوکی نەبێـت؟ ئەبـێ زەختێکـی تەواو فشـارێکی تەواو لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیـدارەکان بکـرێتە سـەر ئەو قوتابخـانە سـەرەتایانە و بـاخچەی ساوایانەی هەم مەسروفەکانی کەم بکرێتەوە، هەمـیش وەك هـاورێکی پەرلەمانتارێـك وتـی زۆر قازانجیـان کـردووە، ئیتـر کـاتی ئەوەیە لە ژێـر مـایەکەی خۆیـان و کاڵاکـانی خۆیـان بفرۆشـن بەداخەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار أحمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، من چەند پرسیارێکم هەیە بە کورتی هەرچەند هەندێکی بڵێـین پێشـنیاری ترمـان هەبـوو، بەڵام لەبەر ئەوەی دووبـارە بـوو هەمـووی بەعزێکیـان دەچێتە بواری دووبارەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە بە یاداشت بۆمان هاتووە بەڵێنیشمانداوە لەگەڵ ئەو چین و تـوێژانەی داواکارییەکەیـان بگەیەنـین وابـزانین ئیسـتا باشـترین کـاتە بـۆ داواکارییەکەیـان، مـن لەماوەی دوو دەقەکەی خۆما ئینشاالله بە سـەریعی لە سـەری دەڕۆم، سـەبارەت بە مامۆسـتایانی وانەبێژ ئەوان لەگەڵ ئەوەی کە داتابەیسێك وەکو وەزیـری پەروەردە پێشـتر ئامـاژەی پێکـرد، بە داتـا بەیسـێکی دەقیـق نییە لە وەزارەتـدا کە ئامـاژە بە ژمـارەی مامۆسـتایانی وانە بێـژ بکـات و ئەوانیش وەکو مامۆستایانی هەمیشەیی لە ئەرکدان و وانە دەڵێنەوە زۆر ماندوو دەبن، بەرامبەر بە کرێیەکـی کەم کە بە رێکـوپێکیش پێیـان نـادرێ، جـاری وا هەیە بە دوو مانـگ و سـێ مانـگ تەئجیل دەبێ، ئەوانیش مافی ئەوەیان هەیە کە ژیانیـان وەکـو فەرمـانبەرانی تـر شایسـتەیەکی دارایی باشتریان بۆ سەرف بکرێ، لەگەڵ ئەوەشدا مەسیرپیان دیار نییە، چارەنووسیان دیار نییە، ئەوان دەیانەوێـت دابمەزرێـن، هـی وا هەیە پێـنج شـەش سـاڵە وانە بێـژە، بەڵام تـا ئێسـتا دانەمەزراوە دەیانەوێت مسیرپیان یەکلای بێتەوە، ئەو پرسیارەم بـۆ بەڕێـز وەزیـری پەروەردەیە کە رەئییەکمان بداتێ لەسەر ئەوە.

خاڵی دووەمیش، منیش پشتگیری لە سێ یەکەمەکان دەکەم مـافی خۆیـانە دانەمەزراون لەگەڵ ئەوەی کە ئەبـوایە خەڵات بکرابـانەیە، بەڵام ئێسـتا داوای دامەزرانـدن دەکەن، هیـوادارین کە ئەوانیش داواکەیان رەوایەو پشتگیریان دەکەین یەکلاکەرەوەمان لەسـەر چارەنووسـی بـدرێت، دەرمـاڵەی قوتابیـانیش ئـێمەش بەهەمـان شـێوە لەگەڵ ئەوەیـن پشـتگیری ئەوە دەکەیـن کە قوتابیان ئەو دەرمـاڵییەی مـافی رەوای خۆیـانە بۆیـان بگەرێتەوە، پرسیاری ئەخیـرم بـۆ بەڕێـز

وەزیـری پەروەردە هەنـدێك بـابەت لە پـۆلی (١٢)ی ئامـادەیی دیـاری كـراوە كە ئەمـانە لەبەدەر دەكرێن، یەعنی داخیل نین، بابەتەكان چ زەمانەتێك هەیە ئەگەر پرسیارێك لەو بابەتـانە هـاتەوە وەكو چۆن پار ئەو هەمووە هەڵەیە لە ناو پرسیارەكاندا هەبـوو، بە دەرەجە یەك كە قوتابییەكـان پۆلی (١٢) مسیریانە باجەكەیانـدا، ئەگەر ئەو بابەتـانەی كە بەدەركـراون پرسـیارێكی لـێ هـاتەوە ئەو كاتە جوابی چی دەبێت، تەعویز دەبێت یان چی دەبێت؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بەڕێز زكری.

**بەڕێز زكری احمد اسماعیل:**

**بەڕێز سەركی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەرسێ وەزیری بەڕێـز دەكەیـن، والله مـن هەنـدەك پێشـنیارو پرسـیارێ مـن بەڕێـز لێژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا ئەز پشتگیری وان دەكەم، بەس من پرسیارەكم هەیە بۆ وەزیرێ بەڕێز ئایا چەندین ساڵە خوێندكار خوێندنی خۆ خلاس كەن، چەندین سـاڵە نەهێـنە دامەزرانـدن سێ یەكەمەكانی زانكۆ پەیمانگاكان نەهێنە دامەزراندن، ئایا نـابیتە هۆكـار ڕێـژەی نەخوێنـدەوار زۆرتـر ببـی؟ ئەگەر نەهێـنە دامەزرانـدن نـابێتە هۆكـار ڕێـژەی بەتـاڵی زۆرتـر ببـێ و سیسـتەمێ خوێندنێش بەراستی سیسـتەمەكی قورسـە، ئەویـش بـۆتە هۆكـار بـۆ هەنـدێك و خوێـندن بێـنە دابـڕان، ئایـا بـۆ چ پـلان هەیە بـۆ دامەزرانـدن چەنـدین سـاڵە خوێنـدكارە بە تـایبەتی زانكـۆیە یەكەمەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك باڵانبۆ فەرموو.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، من پرسیارێكم بۆ هەردوو بەڕێزان وەزیری خوێندنی باڵا و وەزیـری پەروەردە هەیە، دوای ئەوەی كە بە هـۆی ڤایرۆسـی كۆرۆنـاوە قەیرانێكـی ئـابووری رووی لە ژیان و هەرێمی كوردستان كردووە، دیارە بۆ خوێندنگا ئەهلییەكان بۆ پەیمانگاو زانكۆ ئەهلییەكان لە ئێستادا ئەو نرخەی خوێندن كە دیاری كراوە لەسەر ئاستی بژێوی ژیانی رابـردوو بـووە، بەڵام وەكـو دەبینـین حكـومەت بەتەمـایە پەنـا بەرێـتە بەر كەمكـردنەوەی مـووچەو كەمكـردنەوەی هەنـدێك مەسـاریف، ئایا پلانـی هەردوو وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵاو وەزارەتـی پەروەردە چییە بۆ ساڵی ئایندە، بۆ خوێندن، بۆ خوێندنگاكان بۆ پەیمانگاكان، بـۆ زانكۆكـان، ئایـا بەتەمان گۆڕانكاری لەو نرخانەدا بكەن یان نا؟ پرسیار بۆ ئەوەشی ئەوەی بەتەمـام بیڵـێم لەسـەر خوێندنی ئەلیكترۆنی دیارە خوێندنی ئەلیكترۆنی كێشـەیە بـۆ هەنـدێك لەو خوێنـدكارانەی كە باوك ودایكیان ئاستی خوێنـدنێكی باشـیان نییە، لەبەر ئەوەی ئەوەی لەبەردەم مامۆسـتاكانە بە پرسیارو بەجواب تێـدەگەن و باشـتر شـارەزا دەبـن كە بەتەنهـان لە مـاڵەوە، لەبەردەم ئـامێرێكی ئەلیكترۆنیدا ناتوانن بەو شێوە فێربن، بۆیە من پێشـنیاری ئەوە دەكەم كە بتـوانن ئەوانەی لەبەر دەسـتی مامۆسـتا خوێنـدراوە بـۆ تاقیكردنەوەكـان داخیـل بێـت و ئەوەشـی كە بە ئـۆنلاین خوێندراوە تەنها بۆ زانیاری حیسابی لەسـەر بـكەن وە ئەوەشـی كە ئەمەوێـت بیڵـێم ئایا ئەگەر

حكومەتی هەرێمی كوردستان پلانی نەبێ بۆ دامەزراندنی ئەو خەڵكانەی كە ساڵانە كە زانكۆو پەیمانگاكان تەواو دەكەن و ئەگەر لە خراپترین حاڵەتا نەشتوانێ دەرچووە یەكەمەكان دابمەزرێنێ، ئایا ئەمە نابێتە هۆی پشت ساركردنەوەی باوكان و دایكان نابێتە هۆی پشت ساركردنەوەی خوێندكاران، ئیتر بەراستی روونە كە نە خوێندن واز لە خوێندن بێنن، بۆیە پێویستە هەردوو وەزیر هەوڵ بدەن لە كابینەكەیان لەگەڵ وەزارەتەكانی دیكە پلانێك دابنێن، بۆ ئەوەی بتوانن بەشێوەیەك هەر چۆنێك بێت ئەگەر بە رێژەش بێ كار بۆ ئەو خوێندكارانە بدۆزنەوەو خوێندن تەواو بكەن، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین / سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك سروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورەو میهرەبان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بە خێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم زۆر دڵخۆشیشم كە هەمووماں لێرەین و بە تەندروستییەكی باش دەتان بینمەوە، چاوی دكتۆر كازمیش ماچ دەكەم، ببورە كە ئەوە دەڵێم ئەوەی دەمویست بیڵم بەراستی دەربارەی یەكەم و دووەمەكان و سێیەمەكانی كوردستان و قوتابیانی ماستەرو دكتۆرا ئەویش هەڤاڵانم هەمووی گوتیان ماشاللە نامەوێت دووبارەی بكەمەوە، بۆیە لەگەڵ رەئی ئەوانم هەموویان بە نسبەت ئۆنلاین بە هیچ شێوەیەك من لەگەڵی نیمە، من وەك خۆم وەك سەروان، لەبەر ئەوەی رەنگە قوتابی بتوانێت یان حكومەت بتوانێت ئەو كارتە یان بیكاتە فری لەگەڵ تیشكە لەگەڵ نەورۆزە، لەگەڵ كۆرەكە، لەگەڵ فاسلینگە، لەگەڵ هەر كەسێكا، لەگەڵ هەر شەریكەیەكدا، بەڵام رەنگە نەتوانێت ئایباتێكی ئەوماڵە یاخود مۆبایلێك، یاخود لاپتۆپێك ئەو ماڵە نەیبێت؟ چونكە هەیە من دەیناسم بە گۆڕی هەموو شەهیدان، پێشمەرگەیە واللە مۆبایلەكانی سادەی لەدەستە تاكو ئێستا نەیتوانیووە بۆخۆی مۆبایلی ئاوا بكرێت، چۆن بتوانێت مۆبایلەك یان لاپتۆپەك یان ئایپاتێك بۆ كورو كچەكەی بكرێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوە دا نیمە بە هیچ شێوەیەك بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا گوتی ئەگەر ئەوە نەكرا ئەی چی بكەین؟ مانگێكی تر پاشی بخە، یاخود زۆر شتی تر هەیە ئەگەر رۆژ بەرۆژ لەوانەیە بەرنامەی ترو كاری باشتر بە خەیاڵی هەموومانـدا بێتن، بە نسبەت قوتابخانەو كۆلێژە ئەهلیەكانیش كاك عبدالسلام گوتی سەرۆكی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا كە بڵێین لەگەڵ دەستەی وەزارەت كۆبوونەوەیان كردووە، پێش ئەوەی كۆرۆنا هەبێتن داوای ئەوەشیان كردووە كە سەدا سی كۆلێژە ئەهلیەكان یاخود قوتابخانە ئەهلیەكان لە قوتابییەكان خۆشبن ئەوە پێش كۆرۆنابوو، بەڵام لەگەڵ هاتنی كۆرۆناو ئەو پەتایە كە هەموومان دەزانین بارو گوزەرانی خەڵك چۆنە، دەشزانین حكومەت لە چ خراپیەكی بارو دۆخدایە، بەراستی ئەمەش زەخت هەر لەسەر حكومەت بكەین، حكومەتیش چی بكات با بە زانكۆو قوتابخانە ئەهلیەكان بڵێ ئەگەر بەشێكی پارەكانیشیان لێ وەربگرێت ئەو قوتابیانە خۆ ئەوان قازانج هەر دەكەن، بەڵام بەو قازانجە خەیاڵاوییە نەكەن، بەراستی با كەمتری بكەنەوە لە سەدا سی ئەگەر بكرێ سەدا پەنجا هێشتا كەمتریش بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك زانا فەرمووو.

**بەڕێز زانا خالد سمايل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ وەزیرانی بەڕێز بۆ روونکردنەوەکانیان، خاڵێك پێم باشە ئاماژەی پێبکەین جگە لەو خاڵانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێی کرد، دیارە ئێمە دەزانین کۆرۆنا تاوەکو ئێستا کۆتایی پێ نەهاتووە لە هەرێمی کوردستان وە لە جیهانیشدا هیچ وڵاتێك تا ئێستا سەرکەوتنی بەسەر کۆرۆنا رانەگەیاندووە، کۆرۆنا ئەو کاتە کۆتایی پێدێت فاکسین بدۆزرێتەوە، بۆیە تاوەکو فاکسین نەدۆزرێتەوە ناتوانین پلانی ئەوەمان هەبێت نە لە (١١-٦) رەنگە نە لە ناوەراستی مانگی شەش، نە لە ناوەراستی تەموزیشدا نەتوانین نەدەرگای قوتابخانەکان، نەزانکۆکان نە پەیمانگاکان بکەینەوە بەو ئاستەی کە ناتوانین زەمانەتێك بدەینە خانەوادەی قوتابییەکان کە ئەگەر لە ناوەراستی مانگی شەشیش دابوو چ زەمانەتێك هەیە قوتابیان بچنە تاقیکردنەوەکانیان، لە پۆلی یەکی سەرەتاییەوە تا یانزەی ئامادەیی لە هۆڵەکانی خوێندندا هەمووومان دەزانین جگە لەوەی تەنگیەگ لە هۆڵەکانی خوێندندا، رەنگە پۆلی وا هەبێت رەنگە زیاتر لە چل قوتابی لە پۆلێکدا بێت، بە چ شێوازێك ئەوانە دەتوانن تاقیکرنەوەکانیان ئەنجام بدەن، بۆیە من پێم وایە کە ئەمە ناکرێ ببێتە ئیلزام نە خوێندنی ئەلیکترۆنی نە ئۆنلاین، ئەوانە نەبنە ئیلزام تەنها دەتوانین پرۆسەکە دوا بخەین، دوایبخەین بۆ ئەو کاتەی کە هەموو لایەکمان زەمانەتی ئەوەمان دەبێت کە کۆرۆنا زیاتر تەشەنە نەکات لەناو هەرێمی کوردستاندا، چونکە بە پێی هەموو ئەو ئامارانەی کە هەن تاوەکو ئێستا کۆرۆنا تۆمار دەکرێ حاڵەتەکان تۆمار دەکرێن، بۆیە ئەگەر لە ئێستاوە لە ئەمرۆکە (٦-٥) ئێمە کۆبوونەوە دەکەین کە ئەگەر لەورۆوە هیچ حاڵەتێکیش تۆمار نەکرێت تا (٢٥-٥) ئێمە ناتوانین نەخۆشخانەکانمان رەنگە دابخەین، ئەو نەخۆشخانانەی کە تایبەتن بە فایرۆسی کۆرۆنا وچارەسەرییەکان، دوای ئەوەش (١٤) رۆژی ترمان پێویست دەبێت و ئایا ئەو کات پێنج ملیۆن و حەوت سەد هەزار هاووڵاتی هەرێمی کوردستان سەرجەمیان پشکنینیان بۆ کراوە تاوەکو بزانین کۆرۆنا کۆتای پێ هاتووە، هۆڵەکانی خوێندن و تاقیکردنەوەکان بکەینەوە، ئەمە خاڵێك بوو حەزم کرد لێرەوە ئاماژەی پێ بکەین، خاڵێکی تر دەست خۆشی بۆ سەرجەم مامۆستایانی بەڕێز ئەوانەی کە لەماوەی کەرەنتینەدا دەزانین ئەرکەکە قورس بووە کە وەکو جەنابی وەزیری پەروەردە ئاماژەی پێکرد و کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت، بەڵام داوام ئەوەیە لە بەڕێز وەزیری پەروەردە کە پەیامێك بدات بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە تایبەت دایك و باوکانی قوتابیان کە ئەم خوێندنە کە ئەم ئەلیکترۆنییە خوێندنێکی ئیجبار نییە لەسەر خانەوادەکانیان، چونکە ئێمە دەزانین هەمووومان بەو قۆناغانەدا تێپەریووین کە رەنگە توانای کڕینی دەفتەرێکی قوتابخانەمان نەبوبێت، ئێستاکە قوتابییەکە زەخت لە خانەوادەکەی بکات بڵێ ئایپادێك و کۆمپیوتەرێکم بۆ بکڕە، ئەگەر بەڕێز وەزیری پەروەردە پەیامێك لێرەوە بە خانەوادەی قوتابیان بدات، پێم وایە کارێکی زۆر باش و لە جێگا دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين / سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا و پشتیوانی لە راو بۆچوونی هەڤاڵانم دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك هێرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، من پرسیارێكم هەیە لە وەزیرە بەڕێزەكان سەبارەت بە خوێندنی ئۆنلاین كە ئەمە پرسیاری زۆربەی خوێندكارانە لە ئێستادا، ئایا كە ئەم خوێندنە قۆناغێك لە خوێندنەكە بكرێت بە ئۆنلاین لەسەر بڕوانامەكە ئاماژە دەدرێت بە بەشێك لە خوێندنەكانیان ئۆنلاین بووە و، ئەگەر ئاماژە بدرێ ئایا نابێت بە نەقسێك بۆ بڕوانامەكانی لە داهاتوودا و، داوا دەكەم روونكردنەوە لەو بوارەوە بدەن، هەروەها پرسیارێكم بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا سەبارەت بە خوێندنی ماستەرو دكتۆرا كە ئەمانە رێژەیەكی كەمن لە ئێستا لە خوێندندان بەشێكی خوێندنەكەیان تەواو كردووە، دەكرێت هۆڵەكانی خوێندن بۆ ئەوان بكرێتەوە و دەتوانن بە ئاسانیش رێكارە تەندروستییەكان جێبەجێ بكەن، هەروەها پشتیوانی لە رای ئەو بەڕێزانە دەكەم كە سەبارەت بە دامەزراندنی سێ یەكەمەكان و كرێی خوێندنی وانە بێژان و هەروەها سەبارەت بە كردنەوەی قوتابخانە لە گوندە دوورە دەستەكان كە ئەوانە بەركەوتەیان كەمە لەگەڵ دەوروبەر، جگە لەوەش ئەگەر ڤایرۆس خوانەخواستە بگاتە ئەو گوندانە ئەوا زۆربەی خەڵكەكەی توش دەبێ و، پێم وایە ناتوانن سود لە ئۆنلاین و خوێندنی ئەلیكترۆنی وەربگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين / سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، موژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەكەم كرێی خوێندنە ئەهلییەكان وەرنەگیرێ، هیچ قیستێكی ئەوانی كە لەسەر خوێندكاردا ماوە، لە بەر ئەوەی هەر بەتەنها خوێندنە ئەهلییەكان نا، بەڵكو خوێندنی ئێواران و زائیدەن ئەوانەی پێیان دەگوترێت پاراڵێل و ئەوانەی كە راستی بوون یاخود بەهۆی كاركردنەوە لە قۆناغەكەی خۆیاندا ساڵێك بۆ دوو ساڵ راسیب بوون و كە لە حكومی دەرچوون و بوو بە پاراڵێل كە دەبێ مولزەم كراون بە پێدانی بڕە پارەیەكی زۆر، بە تایبەتی بەشە علمییەكان، بەشی ئەندازیاری، بەشی پزیشكی، كە ئەمانە ئەبێ بڕە پارەیەكی زۆر بدەن، پێشنیاز دەكەم كە ئەم بڕە پارەیە بە هیچ شێوەیەك وەرنەگیرێ و هی زانكۆ ئەهلیەكانیش، چونكە ئەمان بڵێین و نەڵێین زانكۆ ئەهلیەكان ساڵانێكە پارەیەكی باشیان دەست دەكەوێت هەموو لایەنەكان زەرەرمەند بوون، هەم حكومەت، هەم هاووڵاتی، هەم كاسب، هەم خوێندكار هەموو زەرەرمەند بووە لەم

پەتای کۆرۆنایەدا، بۆیە پێویستە بەشێکی ئەو زیانە بەر زانکۆ ئەهلییەکان بکەوێت، ئەوانیش بتوانن یارمەتییەکی هاووڵاتیان بدەن لەم بارودۆخە نا هەموارەدا، بە پێی ئەو زانیارییانەی کە من هەمە سی هەزار کەس کە لەم قۆناغەدا ولە قۆناغە جیاوازەکاندا وازی لە خوێندن هێناوە هەر لە سەرەتاییەوە تاکو زانکۆو پەیمانگاکان، هەموومان دەزانین کە بە هۆی ئەوەیە کە بژێوی ژیانیان لەم کاتەدا زۆر خراپە بەهۆی دواکەوتنی مووچەیە، بەهۆی زۆرێك لە گرفتەکان، بەهۆی قەیرانی دارایی و ئابووری و شەری داعشەوە بەرۆکی هاووڵاتییانی ئەم هەرێمەی گرتووە، ئەمە مەترسیەکی گەورەیە، ئەگەر بێت و کرێی خوێندن لەم خوێندکارانە وەر بگیرێت ئەوانەی زانکۆو پەیمانگاکان هەتا خوێندکارانی دیبلۆمی باڵاو ماستەرو دکتۆراش، لەبەر ئەوەی من دڵنیام بەشێکی زۆری خوێندکاران واز دێنن، دڵنیام پارەی ئەوەیان پێنیە قیستەکانیان بدەن، دایك و باوکی خوێندکار ئەگەر بێتو پارەی پێ نەبێت هەموومان دەزانین کە مووچە دواکەوتووە بازاریش یەجگار لاوازە، ئەگەر مووچەخۆر پارەی پێ نەبێ حەتمەن کاسبیش ناتوانێ کەسابەتێکی باش بکات، بۆیە پێویستە هەموومان لەم دۆخە دا دەست لەناو دەست، یەعنی زانکۆ ئەهلیەکان بە تایبەتی پشتیوانی خوێندکاران بن کە ئەم قەرزەیان لێ وەرنەگرن، سەبارەت بە مامۆستایانی وانە بێژ کە لە کاتی خۆیاندا ئەوان ئەو موستەهەقاتەی خۆیان وەرناگرن وەلەو من بەلای منەوە غەدرە پێی بلێی موستەهەقات، لەبەر ئەوەی بۆ هەر وانەیەك سێ هەزار چوار هەزارە، هەمووومان دەزانین بارودۆخی بازارەکان چۆنە، مەسرەف چەند گرانە هەمووومان ئەوە دەزانین، بۆیە پێویستە ئەو بڕە پارە رەمزیە زیاد بکرێ، یاخود لە کاتی خۆیدا بدرێ هیچ وانە بێژێك لەکاتی خۆیدا پارە وەرناگرێ زائیدەن بەشێکی زۆریان مامۆستایانی وانەبێژ لە دەرەوەی شار کاری وانەبێژی دەکەن، بەشێکی زۆریان بە مەساریفی رێگا دەروا، من مامۆستا دەناسم سی و پێنج هەزاری بۆ دەمینێتەوە، پێشنیاز دەکەم کە فەرمانبەران هەرچەندە کە مووچە دواکەوتووە لەکاتی خۆیدا نەدراوە فەرمانبەران کە دەوامیشیان نەکردووە، هەرچەندە مووچە لەکاتی خۆیدا نەهاتووە، بەڵام مووچەکەیان بۆ حیسابە، پێشنیاز دەکەم مامۆستایانی وانەبێژیش کە دەوام ناکەن ئەوان بە پێی وانەوتنەوە کرێیان بۆ حساب بکرێ، هیوادارم حکومەت بتوانێ برِە پارەی ئەوان دابین بکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنەکی گەرمی هەرسێ وەزیرە بەرێزەکان دەکەین کە هاتونەتە ئێرەو زەحمەتیان کێشاوە ئەو تەوزیحەیان بۆ ئێمە دا، بەراستی دەست خۆشی لێ دەکەین لە هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا کە رێکاری باش و هاوکار بوونە لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی بۆ جێبەجێکردنی ئەو رێنمایە و رێکارەکانی کە دەریان کردووەو وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی ناوخۆ، لێرە من پرسیارەکم هەیە لە میدیا زۆر بڵاوبۆتەوە کە ئایە لە (٥-١٦) دەوام دەست پێدەکاتەوە هەتا چ حەدێك راستە، چونکە من لە وەزیری تەندروستیم پرسی وتی من ئاگام لێ نییە، جا نازانم تا چ حەدێك راستە؟ دووەم پرسیارێکم هەیە بۆ وەزیری خوێندنی باڵا زۆر

دانیشگا هەنە بە تایبەتی دانیشگای پزیشکی پێویستیان بە تەتبیق هەیە، ئیشی پراکتیکی هەیە، ئایا ئێوە چ ڕێکارەکتان گرتۆتەبەر دەوام دەست پێ بکات کە ئەوان جێگای ڕێزن زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حەسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، سوپاس بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ بە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێك سەبارەت پرسی پەروەردەو هەروەها خوێندنی باڵا لەگەڵماندان، پرسیارەکانم سەرەتا بۆ بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە دەبێت بەوەی هەمووماندەزانین کە ئەو ماوەیە بەهۆی پەتای کۆرۆناوە سیستەمی خوێندن پەکی کەوتووە لە ناوەندەکانی خوێندندا، سوپاس و دەست خۆشیمان هەیە سەرەتا بەوەی کە پلانی قوتابخانەی ئەلیکترۆنیتان هەبووە بۆ پاڵپشتی کردنی قوتابیان و دانەبرانیان لە سیستەمی خوێندندا، بەڵام ئەگەر بێت و بە گشتی تەماشای پرۆسەی خوێندنی ئەلیکترۆنی بکەین، یاخود قوتابخانەی ئەلیکترۆنی دەبینین ناتوانین بە ئاسانی ئەوە ئاشکرا بکەین کە ئایا تاوەکو چەند ئەو پرسە سەرکەوتوو بووە یا سەرکەوتوو نەبووە ئەوە کاتی دەوێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە پاڵپشتیەکی گرنگ دەبێت بۆ ساڵی داهاتووی قوتابیان لە قۆناغەکانی خوێندندا، تێبینییەکەم لێرەدا ئەوە بوو بە حوکمی ئەوەی زۆربەمان مناڵمان لە قوتابخانەکاندا هەیە، دوای ئەوەی کە یۆزەرنێمەکان لەلایەن بەرێوەبەری قوتابخانەکانەوە دراونەتە ئێمە لە کاتی کردنەوەی دەبینین لە ناو پاکێجەکاندا تەواوی وانەکان نین، یاخود ئەو وانانە تۆمارکراون کە پێشتر پێش پەتای کۆرۆنا قوتابییەکان لە قوتابخانە خوێندویانە و بەتایبەتی ئەو قوتابخانەی کە سیستەمیان خوێندنی ئینگلیزیە، تاوەکو ئێستا هیچ بابەتێکیان بۆ دانەنراوە، سەبارەت بەوەی کە من لە ناوچەیەکەوە هاتووم کە چوار قەزا لەگەڵ ئێمە خۆ دەبەستێتەوە نوێنەرایەتی خەڵکی ئەو ناوچەیەش دەکەین، پرسی پەروەردە ئەوەبوو کە لەگەڵ بەڕێز بەرێوەبەری پەروەردەی مێرگەسور، چۆمان، ڕەواندز، سۆران، تاوتوێی ئەو باسەمان کرد، بۆیە دەبینین بۆ نمونە پەروەردەی مێرگەسور لە کۆی چواردە هەزارو حەوسەدو هەشتاو نۆ قوتابی تاوەکو ئێستا کە من باسی دەکەم ڕێژەی تەنها سەدا پانزە تاوەکو حەڤدە قوتابی توانیتیان کە بەشداری بکەن لەو سیستەمە، جەنابی وەزیر باسی لەوەی کرد کە پەیوەندییەکی توندو تۆڵ هەیە لەگەڵ وەزارەتی گواستنەوە، هەروەها کۆمەڵێك کۆمپانیا بۆ دابینکردنی شەبەکەی ئینتەرنێت، بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ بەڕێزیان بۆ ئەوەی هاوکاربن بە دانانی، یەعنی باشتر کردنی هێڵی ئینتەرنێت و دانانی بورجی ئینتەرنێت لە چەند ناوچەیەکی دەڤەری بارزان، بۆ نمونە سەیرکەین دووسەدو سی قوتابی هەیەو وە هەروەها چەند گوندێکی تریش قوتابییەکانیان بە هیچ شێوەیەك ناتوانن سوود لەو سیستەمە ببینن، هەروەها لە سنووری پەروەردەی سۆرانیش لە کۆی پەنجاو چوار هەزارو حەوسەدو شەست وحەوت قوتابی تەنها تاوەکو ئێستا سەد قوتابی ئەو سیستەمەی سوودیان لێ بینیوە، بە هیچ شێوەیەکیش قوتابیان لە خەلیفان لە دۆڵی مەلەکان و ناتوانن سوود لەو سیستەمە ببینن، لە سیدەکانیش هەمان کێشە

هەیە، هیواداریین لەگەڵ وەزارەتە مەعنییەکان لەسەر هێڵ بن بۆ ئەوەی ئەو ئاریشەیە چارەسەر بکەن، پرسیاریشم بۆ بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا بەراستی لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی گوێم گرت، بەڵام من هیچ لەو پلانەی وەزارەتی خوێندنی باڵا نەگەیشتم ئێمە چی پەیڕەو دەکەین بۆ قوتابیان لە قۆناغی زانکۆیەکاندا وە لەگەڵ چەند نوێنەرێکی قوتابیەکی لە زانکۆیەکانی سلێمانی، هەروەها کۆمەڵێك داواکاریەکمان ئاراستە کردووە لەو ماوەیەی ئەو سیستەمە پەیرەو کراوە، دەتوانین بڵێین سیستەمی ئەلیکترۆنی سەدا سەد فەشەلی هێناوە لە ناوەندەکانی خوێندن، بۆیە ئێمەش وەکو لیژنەی پەروەردە لەگەڵ ئەو سیستەمەدا نەبووین و رەفزی دەکەینەوە، دواتریش لە رێگەی لیژنەوە ئەو راسپاردەیە پێشکەش بە بەڕێزتان دەکەم، بەڕێز جەنابی وەزیری پەروەردە پێشنیاری من بۆ ئەوەی ئەگەر هاتوو هۆڵەکانی خوێندن لە زانکۆکان دەکرێتن ئەو وانانەی بەشێوازی نەزەری دەخوێندرێن و پێویستییان بە عەمەلی نییە بەشێوازی راپۆرت قوتابیان ئەو بابەتە ئیخصائیانەی خۆیان راپۆرت پێشکەشی مامۆستایەکانیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گلستان خان.

**بەڕێز گلستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا وەزیرێن بەڕێز دکەین، دەست خۆشیێ ل ماندیی بوونا وان دکەین، سەرەڕای هەمی کێماسیا کو د سیستەمێ ئەلکترۆنی و ئۆنلاین دا هەیە کو وەزارەتا پەروەردێ و خوێندنا باڵا پێشکەش کرینە یان ژی ئێخستنە روو نیڤەك ژی زانکۆ و پەیمانگەهان بەشێن زانستینە دابەش کرینە بۆ سەر فیۆری و پڕاکتیکی یەعنی نەزەری و عەمەلی، ئەرێ قوتابی چەوا دێشێن نمرا ب دەست خۆڤە بینن د بوارێ عەمەلی دا ل ڤێرێ پرسیارا من ئەوە بوو وەزیرێ خوێندنا باڵا ئەرێ دێ نمرا هەمیا دانێن د بوارێ نەزەری دا کو بۆچوونا من ئەڤە نەیا درستە چونکی قوتابە هەیە د بوارێ عەمەلی دا یان پراکتیکی دا گەلەك شارەزاتر و زیرەکترە ئو دشێت بڤی رەنگی خۆ دەربازی قۆناغەکا دی بکەت، پرسیارەکا دی بۆ بەڕێز وەزیرێ پەروەردێ سەبارەت ب قوتابێین پۆلا (١٠و ١١) بەشەك ژ وان قوتابیان ئیمتحانێت خارجی دکەن ئەرێ ئەڤ قوتابیە چەوا دێشێن ئیمتحانێت خۆ بکەن؟ ئو ئەمێت بینین مەتریا کۆرۆنایێ یێ پتر لێ تێت، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاروان نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٦) بڕگەی (٢) و خاڵی دووەم، حەقی خۆمانە کە نوقتەی نیزامی وەربگرین لەسەر بابەتێك دەرچوونە لەسەر گفتوگۆییەکانی پەرلەمانی کوردستان، من پێم وایە کە پەرلەمانی کوردستان بە هەموو حەق و پێوەرێك نوێنەرایەتی دەنگی خەڵکی کوردستان دەکات، ناکرێت بە هیچ شێوەیەك رێگە بدرێت پەیڕەوی بەشێوەیەك بێت کە خەڵکانێك بۆ بابەتی میدیایی خۆیانی تێدا بکەن بە بەتەڵ و پاڵەوان، ئەگەر ئەم حەقە دەدرێت ئەم پەیڕەوییە

دەكرێت، حەقە بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمانی كوردستان بكرێت، ئەمە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم بۆ قسەكردن بە گوێرەی ماددەی (٥٤)م بڕگەی چوارەم خاڵی یەكەم شێوازی ئاخاوتن (٣) خولەك دیاری كراوە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەگەر ئەمە من متابەعەم كردووە دەقەشم گرتۆتەوە، زۆربەی جارەكان بەشبەحاڵی خۆم قسەم كردووە، خاڵەكان ئەگەر دووبارەش نەبوبێتن زۆر جار پێم بڕدراوە، بەڵام بەڕێزمان هەیە لەم قاعەی پەرلەمانە ماوەی پێنج خولەك قسەی كردووەو ڕێگەشتان پێی داوە، تكایە ئەركی جەنابتانە كە پارێزەری پەیڕەوی پەرلەمان بن و ڕێگە نەدەن لە ناو قاعەی پەرلەماندا بكرێ بەتایبەتی ماددەی (٥٦) ماددەی (٢)م بڕگەی(٢)م كە زۆر زۆر ئەساسیە كە پەرلەمان شوێنێكە ئەو بابەتانەی تێدا دیاری كراوە لە بەرنامەی كار، هەر بەڕێزێك ئیزافەی هەیە دەتوانێت (٢٤) كاتژمێر ئیزافەی بكات، دەتوانین قسەی لەسەر بكەین، ئەگەر نا هەموومان هاوڕاین لەسەر ئەوەی مووچە دواكەوتووە، خەڵكی كوردستان حەقی خۆیەتی كە داوای مووچە بكات و ئەركی ئەو پەرلەمانە بەڕێزەشە كە داوای ئەو پرسە گرنگانە بكات، لە هەمانكاتیشدا كە من پێم وایە قسەی هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەكانەو هەموو فراكسیۆنەكانیش هاوڕان لەسەری، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین /سەرۆكی پەرلەمان:**

پەیامەكە گەیشت راستە دروستە ئەوەی دەیلێن پەیڕەوییە، تەواو هەوڵ دەدەین لەمەولا ڕێگە نەدەین، بەڵێ خەدیجە خان ئاخیر كەسە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت هەوڵەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان بە تایبەت وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی خوێندنی باڵا جێگای دەست خۆشییە كە زۆر بە پەرۆشن بۆ ئەوەی پرۆسەی خوێندن بەردەوامی پێبدرێت هاوشێوەی وڵاتانی جیهانیش، هەرچەندە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی كە زەمینەو كەلتورو سایكۆلۆژیاو قوتابیان لە هەرێمی كوردستان بۆ شێوازی خوێندنی ئۆنلاین یاخود ئەلیكترۆنی یاخود لەوانە نەبیتن، بەڵام دەكرێتن لە ئایندەدا پەرەی پێ بدرێ، لەبەر ئەوەی پێ دەچێت ئەم ڤایرۆسە یاخود پەتای كۆرۆنا بەم زووانە یەخەی ئێمە بەر نەداتن، منیش دوو سێ خاڵێكم هەیە ئەگەر ڕێگەم پێ بدەن حەز دەكەم باسی بكەم، یەكەم ئەگەر جەنابی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ڕوونكردنەوەیەك لەسەر ئەم بابەتەمان بداتێ سەبارەت بە قوتابیانی ماستەرو دكتۆرا، ئەوانەی كە خوازیاری وەرگرتنی زانستین، جەنابیان دەزانیت كە ئەوانە پێشتر تاقیكردنەوەی ئایسیان ئەنجام دەدا یاخود تاقیكردنەوەكانی تر كە هاوشێوەی ئایسی بوون، ئێستا لە جیاتی ئەمە بەشدار دەبن لە خولی فێربوونی زمانی ئینگلیزی، ئەو خولانە چارەنووسیان چی دەبێت، ئایا ئەوانیش وەكو بە شێوازی ئۆنلاین دەكرێن، یاخود شێوازەكی تر بۆیان دەستەبەر دەكرێت، خاڵێكی تر ئایا كوالێتی خوێندنی ئۆنلاین تا ج ئاستێكی باوەڕ پێكراوە، هەم لە ئاستی ناوخۆو نێودەوڵەتیدا دانی پێندراوە، ئایا بەڕێزتان هیچ بە دواداچونتان كردووە، ئایا ئەوەی كە ئێستا ئەنجام دراوە سەركەوتوو بووە یاخود نا؟، خاڵێكی تریش و ئاخیر خاڵە حەز دەكەم هاوكارانی منیش ئاماژەیان پێداوە، سەبارەت بە دەڤەری بارزان كە لەوێندەر بەراستی كێشەی ئینتەرنێت كێشەیەكی زۆر جدیە، ئەمن بەخۆم پەیوەندیم كردووە لەگەڵ

لایەنی پەیوەندیدار قسەم کردووە، ئەوان پێیان وایە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێت بورج دابندرێت، بورجیش پێویستە بەشداربوو هەبێتن کە ژمارەیان (٢٥٠٠٠)هەزار بەشدار بوویە ئەو ژمارەیەش لەو مەنتقانە نین، یەعنی کە بتوانن بورج دابنرێت، بۆیە ئەگەر بڕیارەکا خوێندن لە پەروەردەو خوێندنی باڵا بە ئەلیکترۆنی بکرێتن، پێویستە بە شێوەیەکی جدی بیر لەم بابەتە بکرێتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

دیارە بەشێکی زۆری ئەو قسانەی ئەوانیش باسیان کرد، پێشنیازەکان کران، ئەوەی من ئەمەوێت تەئکیدی لێ بکەمەوە حەقی مامۆستایانی وانەبێژ ئەو کێشەیەی دانەمەزراندنەی کە ئێستا رووبەرووی خوێندکارە یەکەمەکانی زانکۆ بۆتەوە، ئەو پێشنیازانەی هەیە تایبەت بە دابەزاندنی نرخی خوێندنگا ئەهلیەکان لە هەمووی گرنگتر چارەسەری کێشەی ئەو خوێندکارانەیە کە بۆ خوێندنی باڵا و ماستەرو دکتۆرا تەقدیمیان کردووە، لە کاتێکدا بەشێکی زۆریان وەرنەگیراون لە کاتێکا باسی ئەوە دەکەین کە هێشتا کورسی بەتاڵ ماوە، دیارە من نامەوێت پشتیوانی لەو بەشە ناکەم لە ئاستی عیلمەوە ستانداردی علمیەوە، لەبەر ئەوەی مەرجە خوێندکارێك بهێندرێتە خوارەوە، بەڵام دەتوانم لەوەی کە هاوکاریان بکەم لەوەی کورسی بەتاڵ ماوە ئەو حەقەیان پێ بدرێ، من پرسیارێك دەکەم لە بەڕێز وەزیری پەروەردە باسی لەوە کرد کە خوێندکارانی یەکی بنەرەتی تا یانزە ئەوانە دەرگای قوتابخانەکان ناکرێتەوە، ئەمە بۆتە بڕیار کە قەتعیەن ئەمساڵ دەرگای ئەو خوێندنگایانە ناگرێتەوە فەقەت بۆ تاقیکردنەوەکان نەبێت یان نا؟ یەك تێبینیم ماوە دکتۆرە سەبارەت بەوەی ئەو قسانەی بەڕێز کاك کاروانیش کردی پەیڕەوی بێت ئەبێت سی سانیەم دەیتێ، ئەمە ناکرێ بەراستی ئەم دەرفەتە بۆ هەندێك پەرلەمانتار برەخسێندرێ تۆ ئەیهێنی بە بیانویەك بە سیفی بۆ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەماندا ئەشکێتەوە، هەندێك قسە هەیە لە دەرەوەی بەرنامەی کاردا خۆت دەزانی خەڵکێك هەیە ئەگەر ئەمڕۆ بیری کەوتبێتەوە مووچە بۆ نادرێ ئێمە لە (١٥-٤)دا داوای دانیشتنی پەرلەمانمان کردووە لەسەر نەبوونی مووچە، لەسەر هەنگاوەکانی چاکسازی لەسەر کێشەی زینی وەرتێ، بەڵام کە لێرە باسی ناکەین و قسە ناکەین ئەوەیە کە لە بەرنامەی کار دا نییە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو قسانەی کاك بەڵێن کە باسی ئەوە دەکات کە پەرلەمانتارێك هێشتا وابزانێ کادرێکی میدیایە لە پرۆتۆکۆڵ دەسڕێتەوە، قسەکانی ترت دروستە ئێمەش محاوەلە دەکەین لەمەولا ئەو موراعەتەی کردوومانە هەندێك کەمی دەکەینەوە، پابەندی تەواوی پەیڕەو دەکەین، بەلێ کاك زیاد ناوم خوێندییەوە لێرە نەبووی، ئەگەر قسە دەکەی جەنابت ئاخیر کەسی.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیرە بەڕێزەکان سوپاس بۆ ڕوونکردنەوەکانتان، لە ڕاستیدا لە بەینی دوو بژاردە ئەلیکترۆنی و ئۆنلاین من بە دەست خۆشی دەزانم کە ئەلیکترۆنی هەڵبژێردراوە، حەتمین ئەوەش بێ کەموو کوری و کێشە نییە، یەکێك لە کێشەکان ئەوەیە بارودۆخی ئابووری خەڵکی کوردستان بە تایبەتی لە ئێستادا کە بارگرانییەکی زۆر لەسەر هاووڵاتیان دروست دەکات، بەتایبەتی لە قۆناغی بنەرەتی دا، بارگرانی دروست دەکات بۆ کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و ئەوانە، من بۆ تاقیکردنەوە لە هەواڵەکانا بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا تاقیکردنەوە لە هۆڵەکانە، کاتێك کە ئەوەی کە ئیستا قسەی لەسەر دەکرێت تاقیکردنەوە لەهۆڵەکاندا نەك لە ڕێگەی ئەلیکترۆنی و ئۆنلاینەوە، بۆ ئەو مەبەستە پێویست دەکات تاقیکردنەوە بکرێت، بەشە ناوەخۆکان دەرگاکانیان بکرێتەوە، پێشوازی لە خەڵکی بکرێت، ئەمە یەکێکە لە کێشەکانی ئەگەر بەشە ناوخۆییەکان بە داخراوی بمێنێتەوە، ئەگەر هۆڵەکان بۆ تاقیکردنەوە بکرێتەوە بە دڵنیایەوە بارگرانییەکی زۆر لەسەر خوێندکاران خۆتان ئەزانن زۆربەی لەدەرەوە سەردانی زانکۆکان دەکەن، بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا ساڵی (٢٠١٢) بڕیاری کردنەوەی کۆلیژی زانستە سروشتییەکان لەچوارتا بڕیار بوو بکرێتەوە لە (٢٠١٢)وە کاری لەسەر دەکرێ، بۆ ئەمە زانکۆی سلێمانی هەموو ڕێکارە زانستی و کارگێرییەکانی گرتۆتەبەر، ماوەتەوە کە جەنابتان ڕەزامەندی بفەرموون، ئومێد دەکەین کە هیمەتی تیا بکرێت، کاری لەسەر بکرێ و ڕونکردنەوەشمان بدەنێ تاوەکو ئێستا لە (٢٠١٢)وە بۆ نەکراوەتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فئق حسین /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان دەستان خۆشبێ، بەشێکی پەیوەندی بەو تەوەرەوە هەبوو کە ئێمە وەزیرە بەڕێزەکانمان بەتایبەتی بۆ بانگ کردن بەشێکی ئەو پرسیارانەبوو کە لە لاتان کۆببۆوە، لەبەر ئەوە دەبێ نەفەستان درێژبێ بارتەقای ئەو پرسیارانەی کردووتانە، ئێمە دەرفەت دەدەین بە وەزیرە بەڕێزەکان، بۆ ئەوەی وەڵامتان بدەنەوە بە گوێرەی ئەو پەیڕەوە ئەو پرسیارانەی زارەکین و بەڕێزتان کردووتانە وەڵامی هەر پرسیارێك لەوانە کە ئێستا بەڕێزان وەزیرەکان دەتوانن وەڵامتان بدەنەوە، لێرە وەڵامتان دەدەنەوە، خۆ ئەگەر لێرە نەیانتوانی وەڵامتان بدەنەوە ئەوە پابەندن بە گوێرەی ئەو پەیڕەوە دواتر وەڵامەکەیتان بۆ بنێرنەوە، ئەویش بەربەبنای ئەوەی خۆیان ئامادە نەکردبێت بۆ بەشێك لەو تەوەرانەی کە ئێوە لە ناو ئەو کۆبوونەوەیە باستان کرد، فەرموون بەڕێزان وەزیری خوێندنی باڵاو وەزیری پەروەردە دەرفەتان هەیە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

**بەڕێز د.ئالان حمە سعید / وەزیری پەروەردە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای ئەوەی کە بابەتەکەی ئێمە وەکو لەکارنامەکە هاتبوو تەرخانکرابوو بۆ قسەکردن لە سەر ئایندەی پرۆسەی خوێندن، بەڵام بابەتەکە گشتگیرکرا، بەڵام من بە داتا ئەوەی کە پێویست بکات وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەدەمەوە، چونکە زانیاری پێویستم لەبەر دەستە لەسەر ئەو پرسیارانەی کە کراون سەبارەت بە مامۆستایانی گرێبەست پرۆسەیەك بوو، جا ئەگەر ڕەنگبێ

پەرلەمانتار بە پەرلەمانتارە نەتوانین وەڵام بدەینەوە، بەڵام دڵنیابن تەختی هەموو وەڵامەکان ئەکەین، چونکە زۆر جار وەڵامەکان دووبارە بوون یەعنی قەزیەی مامۆستای وانەبێژ ئەگەر چوار پرسیاری تیا کرابێ، چوار بەڕێز بێ ئێمە دەیکەینە یەك پاکێج و وەڵام دەدەینەوە، مامۆستایانی گرێبەست بە هەمان شێوە هەموو ئەوانە بە هەمان شێوە، سەبارەت بە مامۆستایانی گرێبەست، مامۆستایانی گرێبەست لە کابینەی پێشوو بە بڕیاری جەنابی سەرۆك وەزیرانی پێشوو کاك نێچیرڤان بارزانی بە دوو وەجبە بۆ وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرابوو، چونکە تەعیناتی رەسمی دائیمی لە بوودجە هیچ تەخسیساتێکی بۆ نەکرابوو، قانوونی بوودجە نەبوو، لە کابینەی نۆیەم دراسەیەکی جەدوای بە هەمیشەی بوونی ئەو مامۆستایانە کرا، پاش ئەوەی کە دیراسەی جەدوایەکان کرا، ئەوان جیاوازیەکیان هەبوو لەوەی کە مامۆستا لە هەولێر بۆ نمونە ئەڕواتە مێرگەسۆر، لە سلێمانی ئەچێتە ماوەت زۆربەی شەو ئەمانەوە، یەعنی وەکو فەرمانبەرێکی گرێبەست نەبوو کە لەناو وەزارەتی دارایدا یا دیوانی وەزارەتی پەروەردە هەر شوێنێکی دیکە لە ناو شارەکەی خۆیدا دەوام بکاو پاش دەوام بچێتەوە، ئەوان لە شوێنێکی دوور بوون، دەبوایە شەوان بمابانایەوە لە حەفتەیەکا ئەبوایە چوار پێنج شەو بمابانایەوە و هیچ ئیمتیازاتێکی ئیجازە شمولی نەدەکرد، پاش ئەوەی کە دیراسەی ئەوە کرا لیژنەیەك بە فەرمانی ئەنجومەنی سەرۆکی وەزیران، لیژنەیەك پێك هات لە وەزیری پەروەردە وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان داتاکانی مامۆستایانی گرێبەستمان خورد کرد، تازەمان کردەوە ئەبدێتمان کردەوە (٥) هەزاروو (٨٨) مامۆستای گرێبەست ناوەکانیان رەوانە کرا بۆ ئەنجومەنی وەزیران، بۆ ئەوەی کە لە رۆژی (٦-١١-٢٠١٩) بڕیاری بە هەمیشەی بوونیان دەرچوو، پاش ئەوەی کە فەرمانەکە گەڕایەوە لە ئەنجومەنی وەزیران ئێمە لەگەڵ وەزارەتی دارایی لیژنەیەکمان تەشکیل کرد ئەو لیژنەیە کاری وردبینی کردن بوو لە ناوی مامۆستایانی گرێبەست، بەراستی پێتان بڵێم پێشتر ئەوترا شەش هەزار مامۆستای گرێبەست هەیە وخۆمان ئیشرافی پرۆسەیەکمان کرد، بۆ ئەوەی کە ناوی مامۆستایانی گرێبەست وەربگرین ناوەکان چوونە شەش هەزار مامۆستا، بەڵام دواتر سەیرمان کرد بە پێی وردبینیەکی نێوان ئێمەو وەزارەتی دارایی کارمان تیا کرد پێنج هەزارو هەشتاو هەشت مامۆستا ناوەکانیان وردبینی تیا کرا، کە ئەوانە بە فیعلی مامۆستان لەو (٥) هەزارە (٨٨) مامۆستایە دوو مامۆستایان ماوەتەوە کە لە زومنی بە هەمیشەیەکان نین، لەبەر ئەوەی تەمەنیان بۆ تەقاعودی پێویستی بەڕا وەرگرتنی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئایا خۆیان موخەیەر دەکرێن، چونکە ئەوان کاتێك کە ئەگەنە حالەتی تەقاعودی هیچ موستەحەقاتێکیان بە گوێرەی یاسای خانەنشینی بەر ناکەوێ، ئەوە کۆی گشتی پرۆسەکەیە، پرۆسەکە تەواو بووە کۆرۆنا نەیهێشت فەرمانەکانی پێ دەربکەین، وەزارەتی دارایی (٢) رۆژ پێش تەواوبوونی دەوام کردنی فەرمانگەکانی حکومەت، پێش پشوو بۆ ئێمەی ناردووە، ئێمە فەرمانەکەشمان حازرکردووە ئیمزاشمان کردووە، بەڵام نەمانتوانیووە بینێرین بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەکان، دەوامیان نەبووە هەتا وەکو مامەڵەکانیان دەست پێبکەن کە مامەڵەکانیان دەست پێکرد بە پێی ئەو موستەحەقاتەی وەزارەتی دارایی دیاری دەکات بە پێی رێنماییەکان لەکەیەوە بۆیان حساب دەبێت و موستەحەقاتەکانیان چییە؟ ئەمە کۆی گشتی مەلەفی مامۆستایانی گرێبەستە، خەرجی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی لە کوێدایە یەکێ ئەڵێ لە پرسیارەکان خەرجی قوتابخانەی

ئەلیکترۆنی من لە پاکێجەکەش ئاشکرام کردووە، ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دۆلارێك و سەنت و دینارێکەوە هیچ عەقدێکمان نەکردووە، هیچ شتێکیشمان تیادا سەرف نەکردووە لەسەر بوودجەی حکومەت، بەڵام ئێمە فەنمان بۆ پەیدا کردووە، چونکە بەرپرسیاریەتی ئەوەیە لەم دۆخانەدا بەراستی ئینسان دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە بکات، ئەرکی حکومەت نابێ قورستر بکەین لەو حاڵەتانە ئەوەی کە پێمان دەکرێ بە هاوکاری وەبەرهێنی ناوخۆیی، بەهاوکاری کۆمپانیا ناوخۆییەکان، بەهاوکاری رێکخراوە پەروەردەییە نێودەوڵەتییەکان بتوانین خزمەتگوزاری پەروەردە پێشکەش بکەین، ئێمە چ بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی پەروەردەیی، هەروەها چ بۆ قوتابخانەی ئەلیکترۆنی هیچ بارگرانیمان لە سەر گەنجینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست نەکردووە و کارەکان بەو پەری شەفافی بووە، پارەی کەناڵی ئاسمانی تەلەفیزۆنی پەروەردە کە بەڕێزێك پرسیاری کرد بۆ ماوەی چەندێکە، بۆ ماوەی ساڵێك پارەکەی دراوە (٢٣٠)هەزارو (٤٠٠) دۆلارە رێکخراوی یونسێف راستەوخۆ داوییەتی بە شەریکەکە بە فلتەری وەزارەت تێنەپەڕیوە، بەڵام ئەوان داویانە هاوبەشیمان هەیە لەگەڵ رێکخراوی یونسێف و بە پێی ئەو رێکەوتن و تەفاهومەی کە لە نێوانمان هەیە ئەوان دەڵێن ئەگەر قوتابیانی کوردستان پێویستی بوو بۆتان دەکەین، لە راستیشدا من پێتان بڵێم لە شوێنی دیکەش داوایان لێکراوە کە وەزارەتی دیکەش، لەبەر ئەوەی کوردستان بکرێتە کەناڵی فەرمی ئەمە یەکەمین جارە رێکخراوی یونسێف کەناڵێکی محەلی بکاتە کەناڵێکی ئاسمانی، تا ئێستا پرۆژەی وایان نەکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە دواهەمین کۆبوونەوەی خۆیاندا چ رێکخراوی یونسێف، چ رێکخراوی یونسکۆ ئاماژەیان بەوە دا لەگەڵ نوێنەرەکانی وەزارەتی ئێمە ئەوەی کە وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی بۆ بڕێژێ ئەوە جێبەجێ دەکات، لەبەر ئەوەی ئێمەی راکێشاوە بۆ ئەوەی بێین هاوکارتان بین، بێین فەنتان پێشکەش بکەین، بێین سپۆنسەرتان بین، لە زۆر شوێنی دیکە لە دەرەوەی کوردستان قسە دەکرێ لە بواری پەروەردە ناچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵام ئەوەی هەرێمی کوردستان لە قوتابخانەی ئەلیکترۆنی کردوویەتی یونسکۆ کە رێکخراوێکی نێودەوڵەتی فەرمی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە لە بواری پەروەردەو تەعلیم و فێرکردن ئەوان سپۆنسەری ئێمە ئەبن و هاوکارمان دەبن پشتگیری دەکەن و، هەروەها بۆ کەناڵە ئاسمانییەکەشمان رێکخراوی یونسێف موستەحەقاتی وانەبێژان بۆیان هەژمار بکرێ و چارەنووسیان چییە؟ ئەمە دەقی بڕیاری لە مۆبایلەکەمدا هەیە دەقی بڕیاری ژمارە (٤٨)ی رێزدار جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٥-٢-٢٠٢٠) خاڵی پێنجەم دەقی بڕیارەکە دەڵێت ئەو ماوانەی کە پەرلەمانتارێکی بەرێز پێشنیاری کرد کە ئەو ماوانەی کە پشووە بۆیان حساب بکرێ، ئێمە لە (٢٥-٢)جەنابی سەرۆك وەزیران لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری داوە ئەو ماوانەی کە پشووە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە واتا لە (٢٦-٢)وەوە شایستە داراییەکانی مامۆستایانی وانەبێژ سەرف دەکرێ و خەرج دەکرێ ئەو بابەتە بڕیاری پێ دەرچووە لە مانگی دووەوە، سەبارەت بە موستەحەقاتی وانەبێژ، بەڕێزان سەبارەت بە خاڵێکی دیکە موستەحەقاتی وانەبێژ ئێمە موستەحەقاتی وانەبێژ بەڕێزێك فەرمووی مانگی (١٢)ی هەڵەبجە نەدراوە، من ئێستا داتاکانیشم پێگەیشتووە کە هەڵەبجەش دراوە حەفتەی پێشوو تەربییەکانی دهۆك نەدرا، لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی قسەمان کرد کە پارەکەی دهۆکیش دابین کراو پارەکەی دهۆکیش درا کە ئەلێم پارێزگای دهۆك بە هەموو

پەروەردەکانییەوە پارەی وانە بێژەکانیان درا، سێ حەفتە لەمەو پێش لەگەڵ جەنابی وەزیری دارایی تەنسیقمانکرد پارەی پەروەردەی رۆژهەڵات لەگەڵ رۆژئاوا هی دوو مانگیان لە سلێمانی جەنابیی وەزیری دارایی پارەکەی بۆ خەرج کردن و ئێمە نووسراوی فەرمیمان کردووە بۆ وەزارەتی دارایی پێشنیارمان کردووە، مەسئولیەتی ئێمە لە ناو حکومەت مەسئولیەتێکی متزاهیمیە، نامەوێت من بڵێم من هەموو شتێك دەکەم وەزارەتیش نەیکات، نەخێر وەزارەتی دارایش ئیمکانییەتی سنورداره جەنابی وەزیری دارایی کاك ئاواتی شێخ جەناب درێغی نەکردووە و هەمیشە لەگەڵماندا لەسەر خەتە بۆ وانەبێژان ئەوەی پێی کرابێت بۆ مەوزوعی وانە بێژان، سیولە لە بەردەست بێ سیولاتی پێویستی کردووە لە هیچ کاتێکدا ئێمە هاتبینە خەت، ئێستا مەسجەکانی نێوان ئێمە لەم کاتی کۆرۆنایەدا زۆرجار بەشەوان ئیشی مامۆستایانی وانەبێژمان بە نووسراوەکانمان بە وەتس ئەپ بۆ یەکتر ناردووەو بەیانی جەنابی فەرمانی کردووە فڵانە پەروەردە بدرێ و فڵانە شوێن بدرێ، کەوابێ مەسەلەی موستەحەقاتی مامۆستایانی وانەبێژ شایستەکانیان ئێمە وەکو وەزارەتی پەروەردە لە بیدایەتی مانگی سێ نووسراوی فەرمیمان بۆ وەزارەتی دارایی کردووەو کە لەگەڵ مووچەی فەرمانبەران و مووچەی مامۆستایانی هەرێمی کوردستاندا مانگانە بدرێت، بۆ ئەوەی رێك بێتەوە، بەڵام جەنابتان دەزانن یەعنی مووچەی وانە بێژان لە پاش مووچەی مامۆستایان نییە، راستە موستەحەقاتیان کەمترێکە بە کالۆریۆس پێنج هەزار دیناری بۆ سەرف دەکرێت بە گوێرەی رێنمایی دارایی و هەروەها خەریجی دیبلۆم چوار هەزار دیناری بۆ سەرف دەکرێ، ئەویش بەو تازانە ئەو رێژەیە زیادکرا، پێشتر رێژە کۆنەکەی جەنابی موژدەخان ئاماژەی پێدا سێ هەزار بوو چوار هەزار بوو ئێستا پێنج هەزار بۆ چوار هەزارە و هەوڵماندراوە هەرچی پێشکەشکەین ئەوان پرۆسەی پەروەردەیان راگرتووە، بە پێی تازەترین ئامار جگە لە پەروەردەی رۆژهەڵات کە داتای مامۆستایانی وانەبێژ پێشتر لەناو وەزارەتی پەروەردە نەبوو لەناو مودیریاتی عامی تەربیەکانی نەبووە، بەڕێزان بەڵکو لەناو مودیریەتی پەروەردەکاندا بووە، چونکە ئەمری دانانیان مودیری تەربیە، مودیری مەکتەب دایدەنا، ئێستا ئەم داتایانەمان کۆکردۆتەوە، جگە لە پەروەردەی رۆژهەڵاتی سلێمانی کە قەول وایە بەیانی بگا، حەقدە هەزارو سێسەد وانەبێژ بەرەو سەرەوەیە و لەم بوارەوە ئێمە وەك وەزارەتی پەروەردە لەو راپۆرتەی پێشکەشی جەنابی سەرۆکی پەرلەمانمان کردووە کە من نامەوێت ناوی ئەشخاص بێنم، بەڵام لە یەکێك لە پەروەردەکانی پارێزگای دهۆك لە ماوەی یەك ساڵدا بە فەرمانی جەنابی سەرۆك وەزیران ئێمە رووبەڕووی گەندەڵی بوینەتەوە توانیومانە یەك ملیارو نەودو هەشت ملیۆن دینار زەبت بکەین کە لە پارەی وانە بێژی ئیختیلاسی تیا کراوە، داتاکان لەبەر دەمی جەنابی سەرۆکی پەرلەماندایە لە فەقەرەی ئەخیر لە بواری رووبەرووبوونەوەمان بە گەندەڵی لە هەموو شوێنێکیش دەیکەین لە هەموو پەروەردەکانیش دەیکەین و ئەو پرۆسەیە وازح دەکەین بۆ رەقابەکردن، لەبەر ئەوەی زۆربەی مامۆستایانی وانەبێژ لە سنووری پارێزگای دهۆکدا بوو لە دهۆکەوە دەستمان پێکردووە مودیری تەربیەکە هەڵهاتبوو، مودیری حساباتمان داوەتە دەستەی نەزاهە مودیری تەدقیقمان داوەتە دەستەی نەزاهە، مودیری برای مودیریشمان داوەتە دەستەی نەزاهە و گیرابوون لە دهۆکیش دەستەی نەزاهەش و بە فەرمانی دادوەریش لە مەتاری هەولێریش بە هاوکاری جەنابی وەزیری ناوخۆ رێگەمان لێگرتوون کە نەمان هێشتووە سەفەر بکەن و تەواوی دۆسیەکەیان ئێستا لە

مەحکەمەیە بەس لە ماوەی یەك ساڵدا یەك ملیارو نەوەدو هەشت ملیۆن دینار ئیختیلاف لە پارەی وانە بێژانی یەك پەروەردە نەك یەك پەروەردەی محافەزە یەك پەروەردە کراوە ئێمە رووبەرووی بوینەتەوە، هەر لە زومنی ئەو پەروەردەیە (١٣) بندیوارمان فەسڵ کردووە ئەوە رەقەمەکان لەلاپەرەی پێش کۆتایی لە بەردەستی ئەو راپۆرتەیە کە لای جەنابی سەرۆك وەزیرانە، هەموو ئەوانەش بۆ ئیحازی جەنابی سەرۆك وەزیران رووبەروبونەتەوە و هەموو دۆسیەی مامۆستایانی وانەبێژان دەخەینە ژێر وردبینیەوە لە هەموو شوێنێك، چونکە ئەوان موستەحەقی ئەوەن شایستەیان پێ بدرێ، موستەحەقی ئەوە نین خەڵکێك بە مەسەلەی ئەوەی کە وەهمی بێ یان ناوەکەی دروست نەبێ، یان بە جۆرێك لە جۆرەکان کە موستەحەقاتیان بخۆین، بە دڵنیایەوە ئەو مەلەفەش دەخەینە سەر رێگای راستی خۆی چاکسازی و پاکسازی باشیشی تیا دەکەین و منیش لەگەڵ پشتگیری مافە رەواکانی مامۆستایانی وانەبێژم تا ئێستا شەش جار لە هەولێریش و سلێمانیش لەگەڵ نوێنەرانی مامۆستای وانەبێژ کۆبوینەتەوە، پێمان ووتون تەسەور نەکەن ئێوە حکومەتێکتان هەبێ و پارەی هەبێ و نەیدا بە ئێوە، بەڵام دەبێ ئێوەش تەقدیری دۆخەکەش بکەن، ژمارەی مامۆستایانی وانە بێژ زۆرە هەرچیمان پێ بکرێ کەی دۆخی حکومەتی هەرێمی کوردستان باش بوو درێغیتان لێ ناکەین، بەڵام لەم قۆناغە ئەولەویەت ئەوەیە کە موستەحەقاتی مامۆستایانی وانە بێژمان لە کاتی خۆیی و لە شوێنی خۆی دابین کردووە، خاڵێکی دیکە لە ئەو پرسیارانەی رووبەرومان کردەوە مووچەی ئەهلییەکان بەگشتی زۆر قسەی لەسەر کرا، زۆر پرسیاری لەسەر کرا، بەرێزان جەنابتان لەم پەرلەمانە بەرێزە یاسایەکتان تەشریع کردووە یاسای ژمارە (١٤) هی ساڵی (٢٠١٢)یە کە ئێستا ئێمە خەریکین ئەمانەوێت ئەم یاسایە بەراستی هەمواربکەینەوە ئەوە بۆ ساڵی (٢٠١٢) رەنگە گونجاوبێ، بەڵام بۆ ئێستا گونجاو نییە ئەم یاسایە یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی (٢٠١٢) رێنمایی یەکی ساڵی (٢٠١٦)ی پێ دەرچووە لە ماددەی (٦٦) فەقەرەی (ج) بە سەریحی عیبارەت دەسەڵاتی داوەتە قوتابخانە ئەهلییەکان کە کرێی خوێندن بە رێژەی لە سەدا پانزە زیادیش بکەن نەك کەمی بکەنەوە، ئێمە وەکو وەزارەت هاتووین لە ئەمساڵدا خوێندندا فەرمانمان دەرکردووە کە هیچ قوتابخانەیەك بۆی نەبووە کرێی خوێندن زیاد بکات ئەمە خاڵی یەك، خاڵی دووەم/ ئێمە سبەینێ نیوەڕۆکەی بە ئامادەبوونی بەرێز د.حکیم خەسرۆ سەرۆکی فەرمانگەی هەماهەنگی پێداداچوونەوە لە ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ نوێنەری قوتابخانەو پەیمانگا نا حکومییەکان لە دیوانی وەزارەت کۆبوونەوەیەکمان هەیە لەوێ ئەم گفتوگۆیانە لەگەڵ دەکەین سەبارەت بەو قیستەی کە ماوە، سەبارەت بە کرێی خواردن، سەبارەت بە کرێی گواستنەوەی ئەو قوتابیانە، سەبارەت بەو ماوەی کە نەیانخوێندوە و چ قوتابخانەیەکیش خوێندوییەتی مەنهەجی ئۆنلاینی پێشکەش کردووە خوێندنی ئەلیکترۆنی پێشکەشکردووە چوارچێوەیەك دەدۆزینەوە، بۆ ئەوەی سیاغەی بڕیارێکی پێبکەین ئەبێ حیسابێك بۆ ئەو بابەتە بکەین، لایەنەکە تەنها بەرێزم من مناڵێکم لە هیچ مەکتەبێکی ئەهلی کوردستان نییە وەزیری پەروەردەم (٣) مناڵم هەیە هەرسێکیانم لە ناو قوتابخانەی حکومین بەراستی، بەڵام یەك شت هەیە زۆر ئەساسین ئەبێ جیاوازی بکەین، ئەبێ فەرمانبەرێك مناڵەکەی لە مەکتەبێکی ئەهلیەو و پەرلەمانتارێك و وەزیرێکیش و راوێژکارێك و دۆڵەمەندێکیش مناڵەکەی لە مەکتەبی ئەهلییە، ئەوەی پەرلەمانتارەو وەزیرەو ئەوەی دەوڵەمەندەو بسنسمانەو پارەی هەیە، مناڵەکەی خستۆتە مەکتەبی ئەهلییەوە، بابچی

قیستەکەی خۆی بدات، خۆ مەکتەبی حکومی هەیە بۆ بە مەکتەبی حکومی رازی نەبووی، بەڵام ئەوەی دیکە کە فەرمانبەرەو توانای دارایی ئیمکانیاتی جیاوازە و لاوازە ئەوە وەکو وەزارەتی پەروەردە هەرچیمان پێبکرێ بۆ دیفاع لە مافی ئەوان دەکەین و ئەمەش رێگە دروستەکەیە ئەبێ ئاگاشمان لێبێ بڕیاری تاکلایەنانە لەم دۆسیانە نابێ بدرێ، چونکە دە هەزار مامۆستا نابێ بیانخەینە بەر مەشتەلی ئەوەی کە ئێمە بڕیارێك بدەین مووچەکانی ئەوان بە روبع و بە نیو بدەین مەسئولییەتی ئەو مامۆستایانە لەسەر شانی هەمومانە، چ حکومەت چ پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئەوانەش مامۆستان بەس مامۆستام بۆ ژماردن بە هەزار مامۆستا جگە لە فەرمانبەرەکان کە لەو کەرتانە دەوام دەکەن، بەیانی هەر قیستێك نەدرێ بیانو بەوە دەهێندرێتەوە هەموو مووچەی مامۆستایانی ببڕن، ئەوانە بە گوێرەی یاساو بە گوێرەی رێنمایی ئێمە دەبێ تەزمیمی حقوقیان بکەین و فەرمانیشمان دەرکردووە لە رۆژی (٢-٤) لە بڵاوکراوەش رامانگەیاندووە کە دەبێ هەموو قوتابخانەو پەیمانگا نا حکومیەکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە ئیلتیزام بکەن بەو گرێبەستە، سەبارەت بە شایستەو مووچەکانیان بۆ مامۆستایان و فەرمانبەرانی خۆیان، بەڵام کۆی گشتی ئەم بابەتانە بە ئامادەبوونی فەرمانگەی هەماهەنگی بە دواداچوون سبەینێ لەگەڵ دیوانی وەزارەت لەگەڵ نوێنەری قوتابخانە ئەهلییەکان گفتوگۆی لەسەر دەکرێ، ئەبێ ئێمە سێ خاڵ بەراستی رەچاوی بکەین، خاڵی یەکەم: بریتییە لە بەرژەوەندی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت و ئەو خەڵکانەی کە فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان مناڵەکانیان لە ئەهلیە، بەڵام پلە باڵا نین پلە تایبەت نین، خاڵی دووەم: دەبێ بەرژەوەندی مامۆستایان و فەرمانبەران ئێمە رەچاو بکرێ لەناو کەرتی تایبەتدا دەبێ زەمانی حەق و حقوقیان بکەین، خاڵی سێهەمیش دەبێ لەو ستراتیجیەتە دەرنەچین کە ئێمە وەك حکومەت و دەوڵەتداری تەشجیعی ئیستسمار دەکەین بۆ تەوازن کردن و بەڵانسکردنەوەی، ئەم سێ خاڵەی ئێمە تەنها یەك رەهەندی نابینین و ناشتوانین تەنها یەك بڕیار بدەین بڕیارێکی عاتیفانە بێ، چونکە لێکەوتەی خراپی لەسەر مامۆستاکان دەبێ، بەڵکو دەبێ چێك بەڵانسی لەسەر ئەو سێ تەوەرە سەرەکییە بکەین، بۆ ئەوەی سبەینێ بگەینە سیغەیەکی گرنگ لەگەڵیاندا، قوتابخانەکانی کەرکووك ئێمە سێ رۆژە کۆدمان پێداون و ئەوانیش لە زومنی ئەوەن کە ئەو قوتابخانەی کە لە کەرکووکن شاری کەرکووك هەشتاو هەشت هەزارو حەوسەد قوتابی و خوێندکارمان هەیە، پێنجسەدوو سی و پێنج قوتابخانەمان هەیە، نۆ هەزارو سێسەدو پەنجاو سێ مامۆستامان هەیە، کە سەر بە ناوەندەکانی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانن پێیان ئەوترێ بەرێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە کەرکووك و دکتۆرە گەلاوێژ ئاگادارە کە ئەو پۆستەشم بۆ نارد کە بەڕێز کاك شێرزاد بەرێوەبەری خوێندنی کوردی لە کەرکووك پرسی کردووە کە دەڵێ کۆدەکانمان بە دەست گەیشتووە لە وەزارەتی پەروەردەوە، لەبەر ئەوە کەرکووك لە بیر نەکراوە بەشێکی گرنگی ئەو پرۆژەیە، مەسەلەی دخول عام پرسیارکرا ئێمە لەگەڵ جەنابی وەزیر کاك رێبواریش ئاماژەی پێکرد ئێمە ئۆپشنمان خستۆتەروو، نەك مەسەلەی پرۆسەی خوێندن بە نیسبەت وەزارەتی پەروەردە لە یەك تاوەکوو یانزە ئیزافەتەن بۆ پەیمانگاکان بۆ خوێندنی ئیسلامی بڕیاری پێ وەرگیراوە، دوێنێ موافەقەتی ئەنجومەنی وەزیرانمان وەرگرتووە ئێمە تاقیکردنەوە بکەین مەسەلەی تاقیکردنەوەو مەسەلەی خوێندن زۆر لێکتر جیاوازن بەڕێزان بۆ؟ لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوە زابتێکی تەندروستی بەسەردا جێبەجێ دەبێ

خوێندنیش زابتێکی تری بەسەردا جێبە جێ دەبێ، خوێندن رسکی تیایە ئێمە ناتوانین لە ئێستادا منالی ئێمە بەرینەوە ناو ناوەندەکانی خوێندن، واقعێکی تاڵ هەیە قوتابخانە هەیە لەسەر ئەو جاددەی شەستییە لە هەولێر لە پۆلی (١٢) (٨٨) قوتابی لە یەك ژوردایە ئەمە ستراکشەری وەزارەتی پەروەردەی موئەسەساتەکانیەتی و بیناکانیەتی، بەڵام ئێمە ئەکرێ ئەمانە هەموویان بەرینەوە ناوەندەکانی خوێندن و بیانخەینەوە ژێر رەحمەتی کۆرۆناو هەرەشەی کۆرۆناوە ناتوانین بەراستی، بەڵام بۆ تاقیکردنەوەکان ئێمە دەتوانین بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئاسایە قوتابیەك لەگەڵ قوتابیەکی تر ئاسایە دوو مەتریشی بەین بێ، سێ رەحلەی دانیشتنیشی بەین بێ و دەمامك و دەسکێشیش ببەستێ و تاقیکردنەوەکان بداو پرۆسەی پەروەردەی پێوە ئینقاز بکەین، کە پێم وتن لە سەدا (٧٢) وانەکانمان خوێندووە بۆ ئەو قۆناغانە و تەلەفیزۆنمان تەرخانکردووە بۆ پەخشکردنی هەموو وانەکان ئەمرۆ کە لەگەڵ جەنابتانە قسە ئەکەم، بەڕێزان ئەمە خشتەی وانەکانی تەلەفیزۆنی پەروەردەیە ئەمڕۆکە (٦-٥) بۆ (٦-٥) کەنالی ئاسمانی پەروەردەیی (١٩) وانە پەخش دەکات بە بادینی بە سۆرانی بۆ خوێندنی بازرگانی بۆ هەمووی ئەوەی کە دەیبینین خشتەی وانەکانە رۆژانە بڵاو دەکرێتەوە ئەمە ئەورۆ بۆ (٦-٥) لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانی دەست پێ دەکات هەتاوەکو (٢)ی شەو، واتا زۆربەی هەرە زۆری ماڵەکانی ئێمە ئەگەر ئایپادوو ئەگەر سمارت فۆن و ئەگەر تابلێت و کۆمپیوتەرو بە هەموو جۆرەکانییەوە بە لاپتۆپ و دیسکتۆپ و ئەگەر ئەمانەشیان نەبێ، بەڵام بەشی هەرە زۆری ماڵەکانمان تەلەفیزۆنیان هەیە کە ئێمە بە هەرە کوالێتێکی باش ئەم وانانە پێشکەش دەکەین کە موعتەمەدە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە و بە فلتەری بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەزموونەکان و هەڵسەنگاندنی ئێمە تێپەریووە و کەناڵەکەشمان کەنالێکی فەرمییە و ئیجازەی لە وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرگرتوە کە سێ رۆژ لەوەو پێش ئیجازەی فەرمیان پێداوین وەڵامیان داوینەتەوە، لەبەر ئەوە توانیومانە بە هەرشێوازێك بێت دابینی کەین، سەبارەت بە حانووتی قوتابخانەکان یەکێك بوو بەڕێزێك پرسیاری کرد ئایا دۆسیەی ئەوانە چی لێ بەسەر دێتەوە؟ چ ئەوانەی زانکۆ، چ ئەوانەی حانووتی قوتابخانەکان، بەڕێزان ئەمساڵ بە گوێرەی عەقدێك پێیان دراوە کە عەقدەکە لە چاو ساڵی پاردا لە سەدا سەدوو (٢٠)بووە، واتا بیست لە سەدی ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩ ) زیاتر بووە، من لەگەڵ هەر پێنج بەڕێز بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی پارێزگاکان سلێمانی، هەولێر، پارێزگای هەڵەبجە و هەروەها پارێزگای دهۆك و هەروەها ئیدارەی گەرمیانیش قسەمان کردووە، گەیشتوینەتە سیغەیەك کە ئەو سیغەیە لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیرانیش باسی دەکەین کە بتوانین نسبەتێکیان بۆ ساڵی ئایندەدا بە گوێرەی ئەو دەسەڵاتەی کە ئێمە لە وەزارەت هەمانە تەجدیدی عەقدەکانیان بۆ بکەینەوە وەکو ئیمتیازێك پێیان بدرێت، چونکە لە (٢٦-٢) ناوەندەکان خوێندن داخراوە، هەتا ئەگەر ئێمە لە مانگی (٥)دا بڕیاربوایە قوتابخانەمان بکردایەتەوە ئەوان نەیاندەتوانی کافتریاکان بکەنەوە، لەبەر ئەوە مانگی رەمەزانی پیرۆزە، لەبەر ئەوە زەرەرمەند نەبوون تەخمینی ئەو دۆخەیانمان کردووە و یەکەم خاڵ کە هەنگاوی بۆ بنێین ئەوانەش عەدەدێکی زۆرن، چونکە زیاتر لە حەوت هەزار قوتابخانە لە کوردستان حانووتەکانی بە کرێ دەدرێ، هەشت هەزارو نیو حانووتەکانیان بە کرێ دەدرێ، یان شەش هەزارو نیو قوتابخانە حانووتەکانی بەکرێ دەدرێ، کەوابێ ئەویش کۆمەڵێك کێشەی کۆمەڵێك خانەوادەیە تەجدیدی عەقدەکانیان بۆ دەکرێتەوەو

نسبەتێکیشیان بۆ دادەشکێندرێ کە ئەو نسبەتە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکان پێشنیاریان کردووە، سەبارەت بە خوێندکارانی پۆلی یەك و دوو سێ چۆن دەچنە پۆلەکانی دیکە کە هەموو وانەکانیان نەخوێند بێ بەشێکی هەرە زۆری مەنهەجمان خوێندووە، بە تایبەتی قوتابی پۆلی یەك لە سەرەتاوە قوتابی پۆلی دوو ئەوانە بیدایەتی ساڵ پێویستیان بە وەرگرتنێکی زیاتر هەیە، بەڕێزان ئەمساڵ پرۆسەی پەروەردە سوپاس بۆ خوا وجوهدی هەموولایەك بە تایبەتیش سوپاسی تایبەت بۆ مامۆستایانی کوردستان پرۆسەیەك بو ئیستیقراری بەخۆیەوە بینیوە، بایکۆتی بینیوە، لە دەست پێکی دەوام لە (٢١-٩) کە لە پارێزگای دهۆك زەنگی خوێندنمان لێداوە تاوەکو (٢٥-٢) پرۆسەیەکی بێ کێشە رۆیشتووە کە گرفتی کۆرۆنا هاتۆتە سەری، ئێمە دوو ئالێتمان تەرح کردووە ئالێتی یەکەممان ئەوەیە کە ئەرکە لەسەر شانی وەزارە،ت ئەرکە لەسەر شانی حکومەت جۆرێك لە خوێندن فەراهەم بکات مادام خوێندنێکی تەنزیمی نیزامی ناو هۆڵەکانی پۆل نییە، ئێمە خوێندنێکی هەم میدیایی و هەم ئەلیکترۆنیمان فەراهەم کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئالێتیکیشمان داناوە لە ئەنجومەنی وەزارەت کە لەگەڵ دەسپێکی ساڵی خوێندنی نوێدا سێ حەفتەی یەکەم ببەینەوە قۆناغی یەکەم تا قۆناغی یانزە، بە نیسبەتی ئەو سەدا (٢٨)ی مادانە بە شێوازی موکەسف وانەکان بە قوتابیان بدرێتەوە، بۆ ئەوەی لەو کاتەشدا قوتابی لە قۆناغی یەك ئەچێتە قۆناغی دوو نەقسی نەبێت لە رووی مەعریفە و لە رووی تەعلیمی و بابەتەکانەوە، پلانی روون بۆ پۆلی (١٢) دوو خاڵە کاك شەمۆڵ وابزانم پرسیاری کرد، یەکەمیان ئێمە مەنهەجمان دیاری کردووە بە پێی قەرمانی وەزاری لە (٤٤-٨٢) و (٤٤-٨٤) لە رۆژی (٢-٥) مەنهەجمان بۆ دیاری کردوون بۆ زانستی، بۆ پیشەیی، بۆ وێژەیی، پیشەی هەموو جۆرەکانییەوە مەنهەجمان بۆ دیاری کردوون و رامان گەیاندوون کەوابێ هیچ غامزێك لەم بابەتە نییە، خاڵی دووەم مەسەلەی ئایە ئێمە ئەتوانین دخول عام بکەین یا نا؟ ئەمە لەگەڵ جەنابی وەزیر وەکو ئاماژەم پێدا کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران راسپێردراوین کە دیراسەتێکی ئەو بابەتە دەکەین و بە زووترین کات موختەرەعی خۆمان ئەدەینە ئەنجومەنی وەزیران و بڕیاری لێ دەدرێ، تەسەور دەکەم لە حەفتەی ئایندە کۆتایی پێ بێ، ئایا دخول عام دەکەین یا دخول عام ناکەین؟ مەسئەلەی دخول عامکردن بەڕێزان ئەوەی ئێمە ئەگەر هاتوو دخول عام نەکەین پرۆسەی خوێندن زۆر دوورو درێژ دەبێتەوە، بە نسبەت پۆلی (١٢) لە ئەنجومەنی وەزیران زۆر بە روونی تەوزیحمان کرد دەکەوینە (١٥-٢-٢٠٢٠) کە ئێمە بتوانین وەکو وەزارەتی پەروەردە داتاکانی خۆمان بۆ قوتابیانی خوێندکارانی دەرچووی پۆلی (١٢)ی ئامادەیی بە هەموو بەشەکانییەوە تەسلیمی جەنابی وەزیری خوێندنی باڵاو قبوڵ مەرکەزی بکەین، ئەوانیش کاتێکیان پێویست دەبێ لانی کەم لە رووی تەکنیکی و (٢٠) بۆ (٢٥) رۆژ کەمتر نەبێ، ناکرێ ئێمە وەك وەزارەتی پەروەردە بمانەوێ لە مانگی (٩) خوێندن دەست پێ بکەینەوە، بەڵام هێشتا خوێندنی ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠)یشمان تەواو نەکردبێ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا من لەگەڵ جەنابی وەزیر تێتێگەیشتنێکی باشمان هەیە لەسەر بابەتەکان پێشتریش لەسەر کاری زۆر باش هاوکارییەکی باش لە نێوان وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵادا هەبووە و ئەوە هەماهەنگ دەبین و لە دەستی خۆمانە بڕیاری لێ دەدەین هیچ گرفتێکی تێدا نییە، کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت دکتۆرە گەلاوێژ فەرمووی چەند سەعاتێکیان فری کردووە، من دەمەوێ ئەوە بڵێم کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت هەموو بیست وچوار

کاتژمێرێکە ئەو وێپ سایتەیان فری کردووە ئی وانە دۆت کەی ئار دی، بەڵام خۆیان ئۆفەرێکیان هەیە بۆ هاووڵاتیانی کوردستان نامەوێت لێرە تەرویج بۆ هیچ کۆمپانیایەك بدەم جگە لە كاری پەروەردەیەکە نەبێ، ئەو کەسەی هاوکاری پەروەردە بکا ناوی دەهێنم و سوپاسی ئەکەم و، بەڵام کۆمپانیا هەیە ئەڵێ لە شەشی بەیانی تا دووی نیوەڕۆ ئینتەرنێت بۆ هەموو هاووڵاتیان فریە ئەوە شتێکی کەیە، بەڵام ئەوەی ئێمە پۆرتاڵەکەی ئێمە پۆرتاڵەکەی لە (٢٤) سەعاتەکە لەلایەن هەموو کۆمپانییاکانەوە فری کراوە، واتە سیمکارتێکی ئاسیا یان کۆریك یان زینت پێ بێ نامەیەك بنێری بۆ کۆرەك بۆ ١_ ٢٨٦ پێت ئەڵێ بە سەرکەوتووی ئەتوانی سایتی وانە بکەیتەوە بە فری، بەڵام چیتریان فری کردووە ئەگام لێ نییە، ئەوەی ئێمە بۆ هەر (٢٤) کاتژمێرەکە فرییە، ئەوە ئەخوێندرێ داخلە یان نا لە قوتابخانەی ئەلیکترۆنی؟ حەز ئەکەم ئەو بابەتە روون بێ، ئەرکی بەڕێزتان و ئەرکی ئێمەش وەکو سولتەی تەنفیزی ئەوەیە کە ئێمە لە دۆخێکین کۆرۆنا کەسمان دروستمان نەکردووە، تا ئێستا نەسەلمێرنراوە سونعێکی بەشەری بێ، روو بە رووی خەڵك بۆتەوە، بە بەڕێزتانم وت زیاتر لە یەك ملیار و پێنج سەد ملیۆن قوتابی لە ناوەندی خوێندن لە (١٩١) دەوڵەت دابراوە، خەڵك لە ماڵەوە بێ و تەسلیمی ئەو واقیعە بین یان ئەو هەرەشە بگۆرین بۆ دەرفەت، ئەوە پرسیارەکەیە، ئەوەی ئێمە بمانەوێ یان نا چۆن لە عالەمی دیجیتالی و رەقەمی هەموو کەسێ پێوەی پابەند کراوە و سوودی لێ وەرئەگری و مۆبایل بەکاردێنی و سمارت فۆنی پێیە، تۆرەکانی ئینتەرنێت بەکاردێنن، باشە دیجیتاڵ و دونیای رەقەمی و و ئینتەرنێت و فۆرجی و هەموو ئەو شتانە بۆ بەرکاربێ بۆ هەموو شتەکان بۆ بۆ بواری پەروەردە بەکارنەهێنێ؟ توانیوومانە مەترسیەك تەحویل بکەین بۆ فرسەت، بەڕێزێك فەرمووی ئەوە بارگرانی دروست ئەکات، بەڕێزان ئەگەر موتابەعەتان کردبێ رۆژی ٢٢-٤-٢٠٢٠ پەیامێکی ڤیدیۆیم بڵاوکردۆتەوە کە وتوومە پێویست ناکات هیچ خانەوەدایەك فشار لە خۆی بکات، ئەوەی هەیەتی لە ماڵەوە بەکاری بێنێ و ئەوەش نیەتی ئەکرێ سەیری تەلەفزیۆنی پەروەردە بکات، داوامان نەکردووە هیچ باوکێکی بەڕێز لەو دۆخە بچێ تابلێت یان ئایفۆن یان کۆمپیوتەرێك بکرێ، ئیعازمان داوە بە بەرێوەبەراتییەکان نابێ خەڵك بخرێتە ژێر هیچ فشارێکەوە، بەڵام حەلی مومکین منالی خۆم کە کۆمپیوتەرێکم هەبوو یان ئینتەرنێت هەبوو بۆ غەدری لێ بکەم وانەی پێ نەڵێمەوە، ئەبێ وەکو باوکێك یان خانەوەدا هاوکار بم لەو بابەتە، ئەگەر نەشم بێ نە وەزارەتی پەروەردە نە حکومەتی هەرێم کەسی ئیجبار نەکردووە، کەسیش لەبەر ئەوەی لە ماڵەوە مۆبایلی نییە یان ئینتەرنێت غیاب نادرێ و دەرنەچێ لە مەکتەب لەبەر ئەوەی سەیری ئەو وانەیەت نەکردووە، لەبەر ئەوە کە ئەڵێین بابەتەکە پرۆسەیەکە لە قۆناغێك دەستمان پێ کردووە لە کەرەنتین بووین، ئەو پرۆسە راهێنانی ئەوێ، لە پێشکەوتووترین وەڵات گرفتی ئەبێ، ئەبێ تەوەقوع بکەی لە هەرێمیش گرفت هەبێ، لە گوندێك هیچ مۆبایل و ئینتەرینێت نییە، واریدە، لە ئەمریکا لە یەکێ لە ویلایەتەکان زیاتر لە (١٧٣) هەزار قوتابی هیچ وەسائیلێکی نییە بۆ خوێندنی ئەلیکترۆنی، رێکخراوەکان و خەڵکی خێرخواز هەڵمەتێکیان کرد بۆ دابین کردنی ئەو سمارتفۆن و تابلێتانە، لە پێشکەوتووترین وڵات گرفت هەیە و لای ئێمەش هەیە، بەس تەجروبەیەکی باشمان تێپەڕاندووە، لەو ساتەی لە خزمەت بەڕێزتانم لە پەرلەمان نامەم بۆ دێ لەلایەن ئەو تیمە تەکنیکیەوە، (١٨) هەزار قوتابی لە ماوەی ئەو گفتوگۆیانەی ئێمە داخلی قوتابخانەی ئەلیکترۆنی بوون، عەدەدی سەرکەوتووە بۆ نزیکی (٦٠٠) هەزار کەس،

بەیانی و دوو بەیانی زیاتر، ئەوە بێ ڕاهێنان، ئەوە خزمەتگوزاری پەروەردەییە، وەکو حکومەت و وەزارەت ئەرکە وانەکانی ئێرە کە ئەڵێین داخلی ناکەین، بەڵام بەو مانایە نییە دایك و باوك سارد بێتەوە و بۆ منداڵەکەی فەراهەمی نەکات، ئەبێ خەڵك تەشجیعی ئەوە بکات، منداڵ هەبووە لەو کوردستانە (٢) ملیۆن دیناری داوە بە مامۆستای خسووسی، ئێستا کۆدێکم داوە بە بەڕێزت ئەگەر تەلەفزیۆنت سمارتە ئەتوانی سەیری بکەی، باشترین مامۆستا کوالێتیترین دەرست بۆ شەرح ئەکات، مامۆستای خۆشت لەگەڵتە و بە نامە قسەت لەگەڵ ئەکات بۆ ئەوەی لە دەرسی خسووسی ڕزگارت بێ، بۆ ئەوەی نەچی بۆ پەیمانگاکان پارە نەدەی، ئەوە بارئاسانی کردنی خەڵکە، نامانەوەی باری خەڵك گران بێ، دووپاتی ئەکەمەوە هەر خانەوەدەیەك ئەو ئامێرانەی نییە نەکەوێتە ژێر باری ئەوانەوە، کرێی خوێندنی ئەهلی قسەمان لەسەر کرد، مەسەلەی دخول عام قسەمان لەسەر کرد، تەعویز لە هاوین دەست پێ بکات، لە وەزارەتی پەروەردە کە کارمان کردووە ئەڵێین حەزمان لێیە خەڵك ڕەخنەی بنیاتنەر بگرێ، بۆ ئەوەی چاکی بکەین، چونکە ناترسین لە ڕەخنە، واقیعی پرۆسەی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان وایە، زیاتر لە (٧) هەزار قوتابخانە هەیە، (٤) هەزاریان یەك دەوام ئەکەین، زیاتر لە (٢٣١) هەزار قوتابخانە دوو دەوامە، زیاتر لە هەزار قوتابخانە سێ دەوامە، خالی دووەم، قوتابخانەکان جیاوازن لە کەمپی زانکۆ، ئەڵێم (٧)هەزار قوتابخانەم هەیە، بەڵام هەموو کوردستان بە حکومی و تایبەت (٢٩) زانکۆی هەیە، لەبەر ئەوە کەمپی زانکۆ بە زۆری کەمپێکن وەکو ئەو هۆڵەی پەرلەمان ساردکەرەوە و گەرم کەرەوەی تێدایە، بەڵام ناوەندی خوێندن وانییە، ئەبێ واقیعی بین، مەیدانی سەردانی ناوەندی خوێندنم کردووە مانگی (١١) لە یەکێ لە پۆلەکانی ناحیەی ڕزگاری سەر بە ئیدارەی گەرمیان بووم ئەوەندە گەرم بوو خۆم تەحەمولم نەکرد و وتم چۆن ئەو قوتابیانە تەحەمول ئەکەن، ناتوانین خوێندن بخەینە مانگی (٧) و (٨)، خەڵك ئەستەمە منالی خۆی ناخاتە بەر ئەو هەوا گەرمە، ئیحتیمالی نەخۆشیش هەیە، لەبەر ئەوە بڕیاری تاقی کردنەوە دراوە، مامۆستایانی سووری داوای تەعەهودیان لی کردووین، بەڕێزان بۆ ئەوەی پەرلەمان لای وازیح بێ لە کوردستان (٣٣) هەزار قوتابیمان هەیە کە پێیان ئەوتری پەناهەندەی سووری، لەکەمپەکان ئەخوێنن، (٦٥) قوتابخانەش لە دەرەوەی کەمپەکان ئەخوێنن، ئەوەی گرنگە بزانن ئەوانە عەقدیان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە نە بە وانەبێژی و نە بە گرێبەستی، عەقدیان لەگەڵ ڕێکخراوی (یونسێف، یونسکۆ) هەبووە، (٦٥) مامۆستایان عەقدیان لەگەل ڕێکخراوی (یونسکۆ) هەیە، ئەو ڕێکخراوانە جگە لە ڕێکخراوی یونسك و کە (٥٦) مامۆستا ئەدات (١٣٢٣) مامۆستان، ڕێکخراوەکان لە ڕێگەی دۆنەرەکانەوە نەیانتوانی سەنت پەیا بکەن، دەعمی سەحبیان کردەوە لەو قوتابخانانە، حکومەتی هەرێم کە لە ئەساس ئەرکی حکومەتی فیدراڵە، چونکە پەناهەندەن و پێیان ناوترێ نازیح پێیان ئەوترێ لاجی، بەپێی قانوونی نێودەوڵەتی، نازیحەکان ئەوانەن لە کوردستان ئەخوێنن، لاجیئەکان ئەوانەن لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان هاتوون، ئەرکی حکومەتی فێدراڵە تا ئەو ساتە یەك دۆلار و یەك سەنت دەعمی ئەو قوتابخانانەی نەکردووە بە قوتابخانەکانی نازیحینیشەوە، کە ژمارەیان (١٨٨) هەزار قوتابی عەرەبی لێیە، (٩٥) مەکتەبی خۆمان بۆ تەخسیس کردوون، زۆرجار پارەی نەوتیش خۆمان بۆیان ئەدەین، بەغدا بەس مووچەی مامۆستا ئەدات کە سەر بە دیراسەی عەرەبییە، حکومەتی هەرێم بڕیاری دا بۆ ماوەیەك تا پێی بکرێ دەعمی ئەو بکات مووچەی ئەو

مامۆستایانە نەبرێ، تا مانگی (١٢) پێیان دراوە، بەڵام دوو جۆر مامۆستا هەیە، مامۆستایەك هەیە لە ئەساسە سوورییە، ئەوەی تر عێراقییە، ئەزانن قانوونی خیدمەی مەدەنی رێگە نادات هاووڵاتی غەیرە عێراقی دابمەزرێ، یەکێ لە مەرجەکان ئەوەیە هەڵگری جنسیەی عێراقی، ئەوانەش موستەحەقاتی خۆمان تا مانگی (١٢) پێداون، لەگەڵ مونەزەماتیش قسەی تر ئەکەین، بەڵام ئەوانە جیاوازن لە وانە بێژو گرێبەست، وانەبێژی هەڵەبجە، شایستەی مانگی (١٢) یان وەرگرتووە، هەموو مامۆستای وانەبێژ تا مانگی (١٢) وەریان گرتووە، لە هەندێ شوێن مانگی (٢) ش دراوە، لە هەندێ شوێن مانگی (١) یش دراوە، پارەی حکومەتی عێراقی چی دراوە بە ئێمە؟ پارەی حکومەتی عێراقی و (W.H.O) هیچ نەدراوە بە وەزارەتی پەروەردە، لەبەر ئەوەی پرۆژەمان تەقدیم نەکردووە، ئەساسەن ئەو پارەیە چۆن هاتووە؟ ئەو پارەیە رۆژی (٥- ٤- ٢٠٢٠) لەلایەن وەزارەتی سەحەی عێراقەوە گەیشتۆتە سەر حیسابی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران رۆژی (٧- ٤- ٢٠٢٠) تەنیا پاش دوو رۆژ کاك دکتۆر ئومێد سەباح نووسراوی پێ کردووە بۆ وەزارەتی سەحە، هەرچەندە ئەو بابەتە پەیوەندی بە منەوە نییە، بەڵام پرسیار کرا ئەبێ ئەسلی مەسەلەکە وەکو خۆی باس بکەم، ئەوەی هاتووە بۆ کەرتی پەروەردە نییە بۆ کەرتی سەحەیە، (٥- ٤) هاتووە، (٧- ٤) تەحویلی وەزارەتی دارایی دراوە و بۆ وەزارەتەکان نیە، بۆ مودیریاتی عامی سەحەی پارێزگاکانە، تەحویلی مودیریاتی عامی سەحەی هەموو پارێزگاکان دراوە، ( W.H.O ) ش هیچی نەداوە بە وەزارەتی سەحە، برێك لە پێداویستی پزیشکی داوە بە سەحە ئەگاداری بەرێزت کە پەیوەندی بەئێمە نیە، تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەردەوام ئەبێ، وانەبێژی شێخان موستەحەقاتی خۆیان وەرگرتووە هی مانگی (١١)، لەبەر ئەوەی لە زمنی پەروەردەی دهۆکن، کاك هیڤیدار چەند رەقەمێکی خوێندەوە، لە (٢٢%) کوردستان نەخوێندەوارە، من ئەو داتایەم لا نییە، نازانم ئەو سەرچاوەیە کوێیە، بانکی دەولی داتا لە عێراق ئەکات نەك کوردستان، خالی تر، (٣٠) قوتابی بەرامبەر مامۆستایەکە، لە دهۆك (١٤)، ئەو داتایە دەقیق نیە، ژمارەکە بە بەرێزت ئەلێم، لە زاخۆ (٩٢٢١٥) قوتابی هەیە، (٤٥٠٠) مامۆستاش هەیە جگە لە وانەبێژ، ٠٩٢٢١٥ تەقسیمی (٤٥٠٠) مامۆستا بکە جگە لە وانەبێژ ئەکاتە (٢٠.١)، نەك (٣٠) عەلەل عموم کۆی گشتی کوردستان جا ئەوەی بەرێزت فەرمووت با دوو نموونەت پێ بدەم، چۆن سلێمانی پەروەردەی رۆژهەڵات و رۆژئاوای هەیە دهۆکیش بەهەمان شێوە، سەیری مامۆستایانی رۆژئاوا و رۆژهەڵات بکە، لە رۆژئاوا (٦٦١٠٨) قوتابی هەیە بەرامبەر (٧٧٣٥) مامۆستا، بەڵام لە رۆژهەڵات (٦٤٧٢١) قوتابی هەیە بەرامبەر (٦٠٣١)، کەوایە کۆی گشتی بەو جۆرە دەرناچێ، ئەمەوێ بلێم و لە ئەنجومەنی وەزیرانیش باسم کرد پارێزگای دهۆك مەغدور ترین پارێزگای کوردستانە لە کەرتی پەروەردە، لە رووی بینا و دامەزراندن و مامۆستایانی گرێبەست، پەروەردە هەیە لە دهۆك مامۆستای وانەبێژ ئەیبات بەرێوە، پەروەردەی ئاکرێ لە (٥١%) زیاتری مامۆستای وانەبێژە، پەروەردەی بەردەرەش لە (٥٢%) وانەبێژە، کەمترین تەعیناتی حکومەتی هەرێم باسی پەروەردە ئەکەم، مەحرومترین پارێزگا دهۆکە کە ژمارە مامۆستای کەمە، بەڵام کری گشتی کوردستان ژمارەی مامۆستایان موقارەنە بکەن بە ژمارەی قوتابیان لە قۆناغی ئامادەیی بۆ هەر (١٥) قوتابی مامۆستایەکە، لە قۆناغی بنەرتیش بۆ هەر (١٤) قوتابی مامۆستایەکە، کاك شێرکۆ فەرمووی بۆ پەروەردە چی کراوە، بەرێزتان وەکو فراکسیۆن لەو بوارەوە پرۆژەیەکتان پێشکەشی ئێمە کردووە، ئامازەت بەوە داوە بۆ پرۆژەی

فێرکاری شت کراوە، بەڵام بۆ پرۆژەی پەروەردە چی کراوە؟ ئەوە ئەو خاڵە گرنگەیە ئەگەور سەیری سۆشیال میدیا بکەی، ئەگەر سەیری ئەو جەرائیمانە بکەین کە لە کوردستان هەن، ئەمانخاتە ئەوەی ئێمە بەراستی وەکو وەزارەتی پەروەردە ئەبێ مەهامی خۆمان تەوزیع بکەین بەسەر دوو شت، پەروەردە و فێرکاری، ئەبێ ئەوەی گرنگە، زانست ئەدەین بە خەڵك، بەڵام بە پراکتیکی فێری ناکەین، باسی بەها جوانەکانی ئینسانیەت و ئەوانەی بەهای بەرزی مۆڤایەتین ئەکەین، بەڵام بە پراکتیکی لەگەلی ناڕۆین، ئەو گرفتەیە باسی ئەکەی، ئەمساڵ ئەگەر کۆڕۆنا رێگە بدات چوار تا پێنج کۆنفرانس ئەکەین، یەکێ لەوز کۆنفرانسانە ئەوەیە لە بواری پەروەردە ئەبێ چی بکەین، ئەوە ئەرکە سەرەکیەکەی وەزارەتی پەروەردەیە، ئەوەی لەسەرمانە ئیعداد کردنی جیلێکە کە لە پرۆژەکەی خۆمان فەلسەفە و ستراتیجی وەزارەتی پەروەردەمان دارشتۆتەوە لەسەر کۆمەلێك بنەمای تازە کە گونجا بێ لەگەڵ ئەو پرسیارەی بەرێزت، زەمان هەیە هەلە ئیمتیحانی ویزاری نەکرێ؟ نا، زەمان لە هیچ شتێك نیە، هەموو مرۆڤێك قابیلی هەلەیە، لە مەسەلەی ئیمتیحان بابەتێك هەیە بیزانن، لیژنەی باڵای سوئال بینین، هیچ وەزیرێك بۆی نییە سوئال ببینێ، هەتا ئەگەر زەختیش بکەم ناتوانم، لیژنەیەکی ئیمتیحانات دایئەنێ، ئەو لیژنەیە مەسئولە، لە دەوری دووەم هیچ سوئالێك هەڵە نەبووە، ئیعازم دا وتوومە هەر کەسێ هەڵە بکات هیچ لێ خۆش بوونی نیە، هەلەز خان و لیژنەی پەرلەمانیش ئاگایان لێیە، پاریش سێ کەس عقوبە دراوە، لە عقوبەکانیش پەشیمان نەبوونەوە چووە جێ بەجێ کردن لە دهۆك و سلێمانی، پێشمان وتوون هەرکەس هەڵە بکات چونکە مەسیری خەڵکە عقوبە ئەدرێ، بەڵام بە عامیلی تەشجیعی قسەمان لەگەڵ کردوون، هەموو هولێکیش ئەوەیە هەڵە نەبێ، پرسیارەکانی خولی دووەم کە من وەزارەتم گرتۆتە دەست بە هیچ جۆرێ هەلەی تێدا نەبووە و پرۆسەکە تەواو بووە، رێژەی تەسەروب، پێم خۆشە بە وردی قسەی لەسەر بکەین، چونکە ئەو ئامار و داتایانە دەقیق نیە، رێژەی تەسەروب لە ناو وەزارەتی پەروەردە لە کۆتایی سالی خوێندن دەرئەکەوێ، چونکە داتاکان پچر پچر ئەبن، ئاوا دەرناکەون، لە مانگی ١ حوکم بدەی رێژەی وازهێنان لە خوێندن لە ناو وەزارەتی پەروەردە لە ١% ە یان ٢% ە، بۆ ئەوەی رێژەی تەسەروب نەبێ و خوێندەواری کەم نەبێتەوە لەگەل رێکخراوی بریتش کاونسل ئیتیفاقیمان لە ئیتاری ستراتیجی هەیە و رەشنوسمان واژوو کردووە کە ستراتیجمکان داناوە بۆ رووبەروو بوونەوەی کەمکردنەوەی رێژەی نەخوێندەواری و بەرەنگار بوونەوەی حالەتی تەسەروب لە ناوەندەکانی خوێندن، ئەو ستراتجیە لە سالی نوێی خوێندنی ئایندە ئەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ئەتوانین نوسخەیەکیش بدەین بە پەرلەمان کە بە زمانی ئینگلیزی و کوردی هەیە، پەرلەمان و وەزارەت دابنیشن، بە سەرچاو، داوم کەمە، بەلی لەبەر حالەتی دوو دەوامی و سێ دەوامی کە بۆ بەرێزتمان باس کرد و مەنهەجیش زۆرە، بەڵام لەو پلانانەی لەبەر دەستی بەرێز سەرۆکی پەرلەمانە ئاماژەمان پێداوە، چەندین پرۆگرامی تازەمان هیناوەتە ناو خوێندن، یان گۆریومانە، لیژنەیەکی بالامان هەیە بۆ تەعدیل کردنی مەناهجەکان، مەنهەج ئەوە نیە کتێبێك بێ وەکو نووسینی مەقالە یان رۆمان، هەلەقەیەکی موتەرابتی پێکەوە گرێدراوە لە قۆناغی یەك تا (١٢)، بەڵگەنامە هەیە، بەس نووسین نییە، ستانداردی عالەمی هەیە بۆ دانانی کتێبی خوێندن کە جیاوازە لە نووسینی مەقالە یان رۆمان، پرۆسەکە وەعدمان داوا تەوەرەکانی کارمانەی حکومەتی هەرێم لە زمنی چوارسالی کابینەی نۆیەم جێ بەجێ بکەین کاری باشیش کراوە،

پرسیارەکان لە زمنی ئەوە بوون چ زەمان هەیە کە ئەو بەشانەی تەرك كراون پرسیار نەیەتەوە؟ ئەو فەرمانە وزاریـیە چـۆتە بەردەم لیـژنەی بـالای تاقیکردنەوەکـان بـۆ هەمـوو تەربییەکـان رۆیشـتووە، ئایـا لەسـەر شـەهادە ئەنووسـرێ ئەو شـەهادە ئـۆنلاینە؟ ئاماژەمـان پێـدا پالپیشتیکارێکی نا ئیلزامیە، ئەمانەوێ قوتابی مەعریفەیەك وەرگرێ لە خوێندن دانەبرێ، لەسەر شەهادە نانووسرێ، شەهادەش بە مەرحەلەی یەك و دوو و سێ نادرێ، لە وەزارەتی پەروەردە بە دوو سلف ئەدرێ، جاران تا سالی ٢٠٠٨ شەهادە بە پـۆلی شەشـی ئیبتیـدائی و سـێ متوەسـیت و دوازدە ئەدرا، ئێستا بەپێی سیستەمی قوتابخانە بنەرەتیەکانی ٢٠٠٩ سیستەمی خوێندن بۆ پۆلی سێی ناوەندی کە ئەکاتە نۆی ی ئێستا و پۆلی (١٢) ی ئامـادەیی بە هەمـوو بەشـەکانیەوە ئەدرێ، حەسیبە خان وتی تەواوی وانەکان لە ناو پۆرتالەکە نـین، بەلـێ وایە، رۆژانە وانەکـان دائەنێـین، چـونکە زەرەری زۆر ئەدات لە رووی تەندروسـتیەوە، ئەگەر دە وانەی زانسـتی لە یەك رۆژ بـۆ دابنێین و بچێ سەیری هەمووی بکات گرفتە، هەندێ وانەمـان دانـابوو هەڵمان گـرتەوە، هەنـدێ قوتـابی بە یەك رۆژ سـەیری هەمـوو وانەکـانی ئەکـرد، ئەوەش تەئسـیر لەسـەر چـاوی ئەکـات، ئەمانەوێ قوتابی دوو تا سێ سەعات لەگەل ئەو مۆبایل و کۆمپـیۆتەرە خەرێـك بـێ، کـاك بەلـێن، بەلـێ قۆنـاغی یەك تـا دوازدە ئەتـوانین ئیمتیحانیـان پـێ بکەیـن، ئەو داتـایەی حەسـیبە خـان خوێنـدیەوە پەروەردەی مێرگەسـۆر کە وتـی ١٥% بەشـدارییان کـردووە، راسـتە مێرگەسـۆر مەنتیقەیەکـی شـاخاوی چـرە، چەنـد مەنتیقەیەکـی تـریش هەیە لە کوردسـتان هەمـان شـێوە، پێنجوێنە، هەورامانە، شارباژێرە، نیسبەی بەشداری کردن تا ئەو ساتە لە مەنتیقەی مێرگەسۆر و تا شـوێنە هەرە دوورەکـانی شـێروان مەزن و ئەوانەش نیسـبەی موشـارەکە ٢٩.٦% ە، بـۆ ئێسـتا خراپ نییە کە ئەو ناوچانە شـاخاوین و ئینتەرنێـت و کۆمپانیاکـانی گەیانـدن تـا رادەیەك باشـە، سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو وەزیری خوێندنی باڵا.

**بەڕێز ئارام محمد قادر امین/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆشـحالم پرسـیاری گرنـگ کـرا، خۆشـحالم ئەبیـنم نوێنەرەکـانی گەل موتـابەعەی ورد ئەکەن، دەرفەتێکی گرنگ بوو بە نیسبەتی ئێمەوە بتوانین دەنگی خۆمـان بگەیەنینـە کـۆمەڵانی خەڵـك و قوتابیـان، ئەزانـین لە قەلەقـین، کـاك عبدالسـلام هەنـدێ پرسـیاری کـرد وەکـو سـەرۆکی لیـژنەی خوێنـدنی بـالا، ئەمەوێ سوپاسـی ئەوانـیش بـکەم پەیوەنـدی باشـمان هەیە، داوایـان لـێ ئەکەم باشتر موراقەبەی ئێمە بـکەن، سـەبارەت بە سیسـتەمی ئەلیکترۆنـی کە نـا ئیلـزامیە، ئەبـێ بلێم سیستەمی نا ئیلزامی لە زانکۆکان پێویستی بە تەعریف هەیە، رەنگە هەمان تەعریفی پەروەردە نەدات بە دەسـتەوە، لە پەروەردە کـاکە ئـارام و وەزارەتەکەی ئەو رێنماییـانەی گرتـۆتە بەر و قوتابی ئەو دەرسـانەی تەرکـی کـردووە و ئەوەی مـاوەتەوە لە رێـگەی تەلەفیزیـۆن و قوتابخـانە ئەلیکترۆنیەکەوە وەریبگرێ، یان ئەگەر قوتابیەك نەیەوێ وەریبگـرێ لەبەر هۆکارێـك رەنـگە زۆر کێشە نەبێ، بۆ ئێمە وەرگرتنی ئەو زانست و زانیارییە لە زانکۆ زۆر گرنگە بە تـایبەت بـۆ دەرسـە زانستییەکان، نـابێ چاوپۆشـی لـێ بکەیـن بە هـیچ شـێوەیەك، کەوادیـری پزیشـکی و ئەمـووری و کارگێری وەزعی ئەم وڵاتە ئەگرنە دەسـت ئەبـێ عـیلمەکە بە شـێوەی پێرفێکـت وەرگـرن، ئەگەر

شتی نا ئیلزامیتان بۆ تەعریف بکەم، ئایا ئەوە چۆن تەعامولی لەگەڵ بکەم داخلی بکەم یان نا، ئەبێ ئیمتیحانی ئاسایی بکەین بە سیمینار یان تویژینەوەی بچووک، ئەوەی لە مەجالیان بێ، هیچ ئەرکێك ناخاتە سەریان، قوتابیان ئەو زانستەی پێویستە وەریبگرن ئەبێ وەریبگرن، دوایی لە وەزارەتی خۆمان دائەنیشین و بریار ئەدەین بە چ ئالیەتێك ئەو نا ئیلزامییە بە ئاراستەیەك ببەین کە ئاراستەی خزمەت کردن و کارئاسانی بێ بۆ قوتابیانی کوردستان، هەندێ زانکۆ ئەلیکترۆنی نییە ئۆنلاینە، ئێمە داوای ئۆنلاینمان نەکردووە، داوامان کردووە ئەلیکترۆنی بێ، وانەکان ریکۆرد بکرێن دواتر ئەپلای سەر سایتەکە بکرێن، هەرکاتێ قوتابی چووە سەر ئینتەرنێت بتوانێ ئەو زانستە وەرگرێ، ئەگەر لە شوێنی بەو شێوەیە نیە و لە فلان سەعات هەمووی لە سایتەکە بێ ئێمە ڕێگەمان بەو شتە نەداوە و شتی وا نیە، سەبارەت بە دامەزراندنی (٣) یەکەمەکان لە مونتەلەقی زاتی خۆمەوە، نەك وەکو وەزیر، وەکو هاووڵاتی ئەو وڵاتە حەقی نەك ئەوانەی یەکەمەکان هەموو ئەوانەی تەخەروج ئەکەن لە کوردستان، لە وڵاتی ئێمە دەرفەتی کاریان بۆ برەخسێنین لە کەرتی تایبەت و حکومی لای کەم بژێوی خۆیان دابین بکەن، بەڵام ئەبێ سەیری بارودۆخی کوردستان بکەین، ئێستا ئەو لیژنەی ئێمە لە بەغدایە هەمیشە تەعنی ئەوە لە ئێمە ئەدەن کاك ئالان شاهیدی بۆ دا، ڤالا خانیش شاهیدی بۆ دا، ئەنجومەنی وەزیران موشکیلەی ئەوەمان هەیە لە بەغدا پێمان ئەڵێن میللەتێکی پێنج ملیۆنی بۆچی ملیۆنێك و سێ سەد هەزارتان مەعاش خۆر و مووچە خۆرە، درەفەت نەماوە بۆ ئەوەی بتوانین بە پلان ئەو تاقە و توانایەی هەیە وەریان بگرین، پێویستمان بەوە هەیە وردە وردە ئەو کەوادیرانەی ئێمە هلاك و خانەنشین ئەبن، ئیتر نەخۆشییە، پێویستمان بەوەیە ئەو یەکەمانە بخەینە ناو سێکتەری خوێندنی باڵا و جێگەی ئەوانی تر بگرنەوە، بەڵام بارودۆخ ڕێگانادات بەداخەوە، بە ئەنجومەنی وەزیرانمان وتووە خەمێکیان لێ بخۆن، بۆ ئەوەی رۆحی مونافەسەی عیلمی لە وڵاتی ئێمە نەمرێ، هیواداریین لە دوای ئەو گۆڕانکاریانەی دێتە پێشەوە لە مەسەلەی چاکسازی بایی ئەوەندە دەرفەت برەخسێنێ حکومەت دەستی ئاوالابێ، یەك کەسم نەبیستووە لە ئەنجومەنی وەزیران دژ بێ، بەڵام خۆزگە بتوانین نەك هەر یەکەم و دووەمەکانە ئەوانی تریش تەعین بوونایە، سەبارەت بە یەکسان کردنی زانکۆکانی دەرەوەی هەرێم نووسراومان ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران کردووە و ئەوانیش ئاراستەی وەزارەتی دارایی، یەکسان کردنی بڕوانامە ئیلتیزاماتی مالی ئەخاتە سەر حکومەت، پێویستە وەزارەتی دارایی روون کردنەوە بدات و بڵێ چۆن ئەو عەمەلییە جێ بەجێ بکات، بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی هەرێم کولێتیان زۆر باش نییە، ئەوە زەربەیەکی گەورەیە لە ئێمە، خەڵك هەیە هەندەسەی لەوێ تەواو کردووە، کۆرساتی لەوێ بە دیستانس خوێندووە، دوو حەفتە جارێك کۆرسێك چووە، یان وا هەیە پلە تایبەتە، لە کوێ ڕۆیشتووە، وەکو خۆم ڕەچاوی ئەوە بکەم کولێتی خوێندن دانەبەزێ، هەندێکیان هی ٢٠١٣ و ٢٠١٤ کە داوامان کردووە یەکسانیان بۆ بکرێ، ئەکیدی تریش لە ئەنجومەنی وەزیران ئەکەینەوە، سەبارەت بە دبلۆم و ماستەر و ئەوانەی پێشتر لە ئەنجومەنی وەزارەت و کۆبوونەوەی رابردوو ئەتوانن بە ئۆنلاین دەست پێ بکەن ئەوانەی تویژینەوە و موحازەرات، ئەبێ بگەڕێنەوە بۆ وەزارەت، مەسەلەکە ئۆبلێی گەورەی قانوونییە نابێ لە خۆمانەوە بڕیار بدەین دۆخێك دروست بێ کارەسات دروست بکات، هەموو دونیا حەزەرەی لە شەپۆلی دووەمی کۆرۆنایە، دەرچووانی وەرنەگیراو ئەوانەی پێش کۆرۆنا تەقدیمیان کرد، بەداخەوە وامان لێ

هات نەتوانین مەسیری یەکەمەکان یەکلایی بکەینەوە، بۆ وەرگرتنی خوێندکار لە خوێندنی باڵا ئیمتیحان ئەکا و پێمان ئەڵێ کەفائەی عیلمی هەیە، ئەو کەفائەیە ئەکرێ لە شوێنی خۆی تەوزیف بکرێ، بۆ ئەمەش ئەبێ بگەڕێینەوە وەزارەت و سەیری پلانی وەزارەت بکەین، بۆ نموونە لە بەشێك دوو کورسی وەرگیراوە، بەڵام چوار کەس دەرچوون، نابێ دوو کورسی تر ئیزافە بکرێ، پێویستی بە راوێژ هەیە، ئەو ئیمتیحانە بۆ توانایی ئەو کەسانەیە، سەبارەت بە دەرماڵەی خوێندکاران هەر لە سەرەتای دەست بەکار بوون پرۆژەی هەموو وەزارەتەکان و ئێمەش داوامان کردووە دەرماڵەیەك بۆ خوێندکاران دابین بکرێ، ئەمەوێ بڵێم داوای سەندوقێکی قەرزی خوێندکارانیشمان کردووە، ئەگەر ئێستا حکومەتی هەرێم بتوانێ مەعاشی موچەخۆران دابین بکات شوکری خوای ئەوێ لەو بارودۆخە، وەکو کوری فەقیری ئەو وڵاتە هەست بەوە ئەکەم، بەڵام دەستمان بەستراوە، وەزعی عێراق و کۆرۆنا وای کردووە، کەمکردنەوەی کرێی خوێندن لە خوێندگا ئەهلییەکان، بریارمان دا لە ٤٥٪ خوێندنی ئیواران و پاراڵێل و ٢٥٪ خوێندنی تایبەت کەمبکەینەوە، ئەوەی موتابەعەمان کردووە لە دوو زانکۆ ئەمەوێ زۆر شەفافانە بڵێم ئەمەوێ هەموو مولتەزەم بن، بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئیعلانی ئەوەی کرد پێداچوونەوە بە کرێ و کوالیتی خوێندن ئەکرێ، بڕیارەکە لەگەڵ لیژنەی پەروەردە و لیژنەی خوێندنی باڵاش تاوتوێمان کردووە، بەڵام رەنگە لەبەر هەندێ حاڵەت زانکۆکان و زانکۆ تایبەتەکان نەیانتوانی بێ، بەڵام ئەکید ئەکەمەوە، کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران و مامۆستایان، ناتوانن، عەقد کراوە، وەکو حکومەت داوامان کردووە و نووسراویش کراوە، ئەبێ پابەند بن بە عەقدەکانی خۆیان، سەبارەت بەو ئەرکانەی مامۆستایان لە رۆژانی پشوو ئەیکەن داوامان لە وەزارەتی دارایی کردووە، پێویستە بۆیلن سەرف بکرێ، دخول عام فشار ئەخاتە سەر زانکۆکان، گرنگە، ئێوە نوێنەری گەلن ئەمەوێ راشکاو بم، تاقەی ئیستیعابی زانکۆ حکومییەکان (٢١) هەزارە زۆر زەغتی لێ بکەین ئەگاتە (٢٢) تا (٢٥) هەزارە، دخول عام بێ یان نا رێژەیەکی زۆر دێتە زانکۆکان، خۆشم لەگەڵ ئەوە نیم بەهۆی ئەو بارودۆخەوە ببین بە عامیلێك بۆ دروست کردنی بازار بۆ زانکۆی تایبەت و خوێندنی تایبەت، ئەبێ حکومەت رێگا چارە بگرێتە بەر بۆ ئەوەی ناعەدالەتی حکومی دروست نەبێ، بە گوێرەی یاسای ٢٠٠٨ لەو پەرلەمانە ئیقرار کراوە دەسەڵاتی داراییمان لێ وەرگیراوەتەوە، داوا ئەکەین بماندەنەوە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو دەسەڵاتە لە زانکۆ و وەزارەتی خۆمان سەرف بکەین، هیوادارین بتوانین دەرفەت بۆ قوتابیان برەخسێنین...

**بەڕێز د. رێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باسی ماستەر و دکتۆرا ئەڵێ کورسییەکی بەتاڵ هەیە.

**بەڕێز ئارام محمد قادر امین/ وەزیری خوێندنی باڵا:**

ئەوە لە چوارچێوەی پلانە، ئەگەر لەسەر هەندێ مەسائیلی رۆتینات بمێنێتەوە، بەڵام چارەسەر ئەکرێ، ئەو پرۆسانە ئینسان جێبەجێی ئەکات، یەکی شەڕ و یەکی خێر، مومکینە هەبێ خراپە تەغەلوب بکات، بەڵام رێکارمان هەیە وتوومانە سکالا بکەن، بە هەموو قوەتی خۆم لە پشتی ئەوەم عەدالەت هەبێ، ئەگەر هەیە بە بەڵگەوە بمدەنێ، کۆرسی دووەمی خوێندنی باڵا و کێشە لە ئینتەرنێت هەیە، بەڵێ هەیە، بەڵام ئەوە نییە ١٠٠٪ پرۆژەکە فاشیل بێ، ١٠٪ تا ٣٠٪ کێشە هەبێ باشە، چونکە لە ناچاری کردوومانە، ٤٠٪ بگەڕێینەوە هێشتان قازانجمانە، لەبەر وەقت

نەمویست قسە لەسەر پلانی ب و س کە لە ماوەی (٩) مانگی رابردوو، پێویست ناکات بیخوێنەمەوە، بەڵام (١-٩) مان داناوە لە چوارچێوەی ئەو سەربەخۆیەی داومانە بە زانکۆکان پیێمان وتوون لە (١-٩) بۆ (١٠-٩) ئەبێ ئیمتیحان بکرێ دەوری یەکەم و دووەم و نەتیجە گەیشتبێ بە ئێمە، ئیتر هەرکات بێ بەڵام لە ١-٩ بۆ ١٠-٩ ئەبێ نەتیجە وەرگرین، ئۆنلاین داخلە بەلێ، هیوادارین دوای جەژن بکرێنەوە، بەشێك لە مامۆستایان شارەزایان نییە، راستە، هەندێ بەش هەیە پێویستی نەبووە وەکو شەریعیەکان، بەڵام ئەو هەرەشەیە ئەگۆڕین بۆ دەرفەت، میکانیزمی باشمان لەبەر دەستە، شەش هەفتەیە، (٢) هەفتە بە عوتلات ئەڕوا، یەعنی (٤) بۆ (٥) هەفتە ئەڕوا، ئەتوانین جێ بەجێی بکەین، ئەبێ عیلاج لە ئیمتیحانات بکەین، بۆچی خەڵکی بیانی دائەمەزرێنن؟ بیانی دانامەزرێ بە عەقدە، بەڵام لەبەر ئیختیساساتی نادیرە، زەروریەتە، بۆ ئەوەی کوالێتی زانکۆکان بەرز بکەینەوە، نمرەکان چۆن دابەش ئەکەین؟ لە هەوڵ داین بە شێوەیەك دابەشی بکەین غەدر لە قوتابی نەکەین، سایت و بەیجی زانکۆکان هاککراون، بەڵام هیچ وانەیەك نافەوتێ، ئێمە دەزگایەکی عالەمی نین هاکیش بکرێن ئاساییە، مادام پاڵپشتی کارە بۆچی مامۆستایان مولزەم بکەین؟ بۆ ئەوەی زانیارییەکان بگات، سەبارەت بە تواناسازی ئایا پارەکانیان چی لێ هاتووە؟ هیچ پارەیەك هاتۆتە وەزارەت؟ نەخێر، نەهاتووە، داوامان کردووە، قەرار بوو (١٠) ملیۆن دۆلار بدرێ، بەڵام ئەو بارودۆخە وای کردووە دەست بۆ هەندێ موعالەجاتی ناچاری بەرین، کە رەنگە هیچ کەس پێی خۆش نەبێ، هیوادارین ئەو ئیستیحقاقاتانە سەرف بکرێ، سەبارەت بەو قوتابیانەی دێنەوە چیان لێ دێ؟ وتمان خۆیان ئەناسێنن بە ناوەندێکی کەرەنتینە کردن، ئەو ماوەی لێرەن بۆیان حیساب ئەکرێ، ئەگەر ویستیان بگەرێنەوە هیچ مانیع نییە، مەسەلەی پارەی پاراڵێل هەستمان کرد غەدر هەیە، ئەو رێژەیەمان کەم کردەوە، دائیمەن میللەتی زیرەك ئەتوانێ هەرەشە بگۆڕێ بۆ دەرفەت، هەندێ کەس ئەلێ خوێندن ئۆنلاین مەکەن، کاکە خەڵاتی ئەکەم ئەوەی بەدیلێکی ترمان پێ بلێ، مەسئولییەتی ئەوەم پێ ناکرێ خوێندکار بگەرێنمەوە کەمپی خوێندن، هەرکەس هەلێئەگرێ من هاوکاری ئەبم، ئەبێ واز لە موزایەدات بێنین، بۆ ئەوەی منالی ئەو کوردستانە سەری لێ نەشێوێ هاوکار بین عیلمەکە بخوێنن و حکومەت دەرفەتی رەخساندووە، خۆزگە لە کەمپەکان بواین، ئەبێ بە بەرپرسانە قسە بکەین، پەیوەندی بە جیلێکەوە هەیە، یا بکەینە مانگی (٧)، کێ زمانم ئەکات مانگی (٧) یان (٨) با بیکەین، (٤) یان (٥) هەفتەیە ئەگەر بە شەویش بێ کێشە نییە، بەڵام زرووفی سەحی ئەبێ رێگەم بدات، قەرارە دوایی ٥/٣١ باش بێ ئەخەینە کەمپەکان، سەبارەت بە ئیمتیحاناتی مەرکەزی لیژنەیەکمان هەیە بە ناوی لیژنەی باڵای خوێندنی یاسا لە زانکۆکانی هەرێم، ئەگەر بارودۆخ بەو شێوەیە بێ ناتوانین ئیمتیحان بکەین ئەبێ (٥٠) تا (١٠٠) لاپەرە ئیستینساخ بکەین، رێکارەکان رێگا نادەن، هەوڵ ئەدەین ئاسانکاری بکەین، بەشێ داوایان کردووە (٦٠) بکرێتە (٥٠)، تەفاهومی ئەوەش ئەکەین، چەند لەو پارەیە دراوە بە کۆرۆنا و ڤایرۆس، بە وەزارەتی ئێمە هیچ نەدراوە، نازانم بۆ پەروەردەش، وابزانم تەخسیس کرا بۆ وەزارەتی تەندروستی، نادادی لە پرۆگرامی وەرگرتنی خوێندکار کراوە، ئەگەر مەسەلە خوێندنی باڵا بێ و پێنج هەزار خوێندکار بێ نەمانیەشتووە، ئەگەر رویدابێ موتابەعەی ئەکەین و خۆمان بە سەربازی عەدالەتی ئەزانین و رێگا نادەین (٢٧) تەلەبە لە ئێران ماوە، لەگەڵ جەنابی وەزیری داخیلی و تەندروستی قسە ئەکەم بۆ ئەوەی کارئاسانی بکەین بۆ هێنانەوەیان، دەرماڵەی

قوتابیان چی لێ دێ؟ داوا ئەکەین حکومەت بتوانێ بیکاتەوە، کرێی خوێندن کەم بکرێتەوە هی ئەمساڵ، بە بریارێك ٢٥% کەم کرایەوە، بڕواناکەم جارێکی تر کەم بکرێتەوە، خۆزگە زانکۆکانی تایبەت ئەهاتنە پێشەوە لەگەڵمان، بەشێکی زۆری جوامێرانە هاتوونەتە پێشەوە، داوا ئەکەم بە چاوی باوکانە سەیری ئەو قوتابیانە بکەن ئەگەر مومکین بێ ئەو قیستەی ماویانە کەمی بکەنەوە یان لێیان خۆش بن، وەرزەکە گەرم ئەبێ پلان چییە؟ کەمپەسی ئێمە باشن گەرماش بێ ئەتوانین لە کەمپی خۆمان ئیمتیحان بکەین، ئامێری فێنکەرەوەیان تێدایە، کاك دکتۆر ئالان داوایان لە ئێمە کردووە کەمپەسەکانیان بەکاربێنین بۆ ئەوەی خوێندکاری پۆلی (١٢) لەوێ ئیمتیحان بکەن، هەر ئۆپشنات باس کراوە باسی بڕیار نەکراوە، بە نیسبەت خوێندنی باڵاوە ئەوەمان لا یەقینە ئیمتیحانات ئەکەین دەوری یەکەم ودووەم، ئەو پرۆسەیە لە ٩/١ بۆ ٩/١٠ لە چەند رۆژی داهاتوو خشتەی تاقی کردنەوەکان رابگەیەنین، لە شەقڵاوە و هەریر داوای کۆلێژی کشتوکالی ئەکەن، تا ئێستا ئەو نووسراوەم نەبینیووە، بۆمن بنێرن، رێنمایی جۆری لە وەزارەت رێگا ئەدات بیکەین ئینشاللە، کردنەوەی کۆلێژ و زانکۆ خستمانییە ژێر پرسیاری زۆرەوە، پێویستە رەچاوی کوالێتی بکرێ، لە چوارچێوەی ئەو دەرفەتانەی هەیە ئەمانەوی سەردانمان بکەین کاك هێڤیدار بۆ ئەوەی هاوکار بین، هەندێ خوێندکاری دەرەوەی کوردستان هاتوونەتەوە کۆنفراسیان لەگەڵ بکەم بە ئۆنلاین، من دەرگام کراوەیە، هەرکامیان ئەیانەوێ بمبینن لە خزمەتیانم، ئەتوانم بچمە پارك و شت لەگەڵیان دانیشم، سیستەمی قبول مەرکەزی ئیشکال ئامێزە، جەواب بوون نییە، هەموو خوێندکار ئەبێ لە (٣) ەوە بڕۆن بۆ عەدادیە، لەوێ بێتە زانکۆ، وەربیگرین، تەخەروج بکات، دابمەزرێ، بەڵام ئەو سیستەمی قبول مەرکەزییە کێشەیە، ئەگەر بتوانین خەڵك فێری میهنەیەك بکەین و کاری باشی دەست بکەوێ پێم وانییە لە زانکۆکان روو بکاتە عەدادیەکان، لە کۆتایی وێرای سوپاسی ئێوە سوپاسی مامۆستایانی زانکۆکان ئەکەم، فەرمانبەران و سەرۆکی زانکۆ و هەموویان هیلاکن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاستان ئەکەین، بەڕێزان سبەینێ سەعات (١) خوێندنەوەی دووەمی پرۆژە بڕیارەکە موناقەشە ئەکەین، راپۆرتی لیژنەی یاسایی سەبارەت بەو پرۆژە بڕیارە لە ناو سەندوقەکانتانە، سوپاسی ئامادەبوونی میوانەکانیش ئەکەین.

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسین** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)ی

پێنج شەممە رێکەوتی ٧\٥\٢٠٢٠

خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤)
## پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٧

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٧ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منی نبی قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی (٢٠٢٠/٥/٧) بەم شێوەیە بێت:

١/ ئومێد عبدالرحمن حسن لە سەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك گەرمیان، دادگای لێکۆڵینەوەی کەلار بە نوسراوی ژمارە (١٢٩٨) لە رێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٨.

٢/ علی حمە صالح لە سەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی (٢ و ٤) بە نوسراوەکانی ژمارە (١٧٣٣) لە رێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٤) و نوسراوی (٣٠٦٧) لە رێکەوتی (٢٠١٨/١٢/١٧) و نوسراوی سەرۆکایەتی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ژمارە (٢٦٣) لە (٢٠١٩/١/١٦).

٣/ شیرین امین عبدالعزیز بە نوسراوی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی (٦) ژمارە (٢٠٨٩) لە (٢٠١٩/١/١٩).

٤/ سۆران عمر سعید لە سەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی (١) بە نووسراوەکانی ژمارە (٤١ و ٩٤) لە (٢٠١٩/١١/٦) ژمارە (٢١٦) لە (٢٠٢٠/١/٢٦)، نوسراوی ئەنجومەنی دادوەری بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و کاروباری یاسایی ژمارە (١٣٧٥) لە (٢٠١٩/٧/٣)، نوسراوی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ژمارە (٢٤٣) لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٤/٦).

دووەم: خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە یاسای بڕیاری پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆ و بە پێی حوکمی ماددەی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بە ناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەمان دەست پێ دەکەین دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی وەرزی بەهارەی ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان، ئێستاش داوا لە سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین پوختەیەکی دانیشتنی پێشووترمان بۆ بخوێنێتەوە لەگەڵ ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت با بفەرمووت.

**بەڕێز منی نبی نادر قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**
**بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان.**

بەرنامەی کار:

بە پێـی حـوکمی مـاددەی (٥) و بڕگەکـانی یەکەم و دووەم لە مـاددەی (١٦)، بـڕگەی سـێیەم لە ماددەی (١٨)، بڕگەکانی یەکەم و دووەم سێیەم و چوارەم و پێـنجەم لە مـاددەی (٢٠)، ماددەکـان (٤٧، ٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦و ٥٧) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٤)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٧ بەم شێوەیە بێت:

یەکەم: خستنەڕووی دەنگدان لە سەر هەڵگرتنی پارێزبەندی ئەو ئەنـدام پەرلەمانـانەی خـوارەوە بە پێی حوکمەی ماددەی (٢٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان:

١/ ئومێد عبدالرحمن حسن لە سەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکوك گەرمیان، دادگای لێکۆڵینەوەی کەلار بە نوسراوی ژمارە (١٢٩٨) لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٨/٢٨.

٢/ علی حمە صاڵح لە سەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای لێکـۆڵینەوەی سـلێمانی (٢ و ٤) بە نوسـراوەکانی ژمـارە (١٧٣٣) لە ڕێکەوتـی (٢٠١٩/٩/٢٤) و نوسراوی (٣٠٦٧) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١٢/١٧) و نوسراوی سەرۆکایەتی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ژمارە (٢٦٣) لە (٢٠١٩/١/١٦).

٣/ شیرین امین عبدالعزیز بە نوسراوی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی نـاوچەی سـلێمانی، دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی (٦) ژمارە (٢٠٨٩) لە (٢٠١٩/١/١٩).

٤/ سۆران عمر سعید لە سـەر داوای سـەرۆکایەتی دادگـای تێهەڵچـوونەوەی نـاوچەی سـلێمانی، دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی (١) بە نووسـراوەکانی ژمـارە (٤١ و ٩٤) لە (٢٠١٩/١١/٦) ژمـارە (٢١٦) لە (٢٠٢٠/١/٢٦)، نوسـراوی ئەنجـومەنی دادوەری بەڕێـوەبەرایەتی پەیوەنـدییەکان و کاروبـاری یاسایی ژمـارە (١٣٧٥) لە (٢٠١٩/٧/٣)، نوسـراوی سـەرۆکایەتی دادگـای تێهەڵچـوونەوەی نـاوچەی هەولێر، دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ژمارە (٢٤٣) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٤/٦).

دووەم: خوێنـدنەوەی دووەمـی پێشـنیازە یاسـای بڕیـاری پێشـکەش کردنـی پێشـنیازە یاسـا و پێشنیازە بڕیار لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) لە پەیڕەوی نـاوخۆ و بە پێی حوکمی ماددەی (٨٧، ٨٨، ٨٩، ٩٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پوختەی دانیشتنی ژمارە (٣)ی ئاسـایی ڕۆژی چـوار شـەممە ڕێکەوتـی (٢٠٢٠/٥/٦) بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١/ دەستپێکردنی دانیشتن لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

٢/ خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئامادەنەبووانی ئەندامان لە دانیشتنی پێشوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لە لایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

٣/ دەست پێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

٤/ خوێنـدنەوەی یەکەمـی پێشـنیازە بڕیـاری پێشکەشـکردنی یاسـا و پێشـنیازە بڕیـار لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان،

پێدانی خەسڵەتی بە پەلە بە دەنگی تەواوی پەرلەمانتاران بە پێی ماددەی (٩٢)ی پەیڕەوی ناوخۆ.
٥/ خستنەڕووی گفتوگۆکردن پلانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوە و پەروەردە سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ لێکەوتەکانی پەتای کۆڕۆنا لە سەر پرۆسەی خوێندنی ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) بە ئامادەبوونی وەیرەکانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و پەروەردە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان.
٦/ کۆتایی هاتنی دانیشتنی لە لایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یا بەبێ مۆڵەت ئامادە نەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٢)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٥/٦).
(ارشد حسێن محمد، مۆڵەت، باپیر کامەلا سلێمان، مۆڵەت، سەرکۆ ئازاد حسێن، مۆڵەت، سۆران عمر سعید، مۆڵەت، فیصل عباس، مۆڵەت ).

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، ئێستاش دەست بە جێبەجێکردنی بەرنامەی کار دەکەین، نوقتە نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز شادی نەوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی یەکەمی دانیشتنی ئەمڕۆمان من تێبینیم لەسەری هەیە، چونکە هەڵگرتنەوەی متمانە یا هەڵگرتنەوەی پارێزبەندی لەسەر هەر پەرلەمانتارێك کۆمەڵێك رێ و شوێنی تایبەتی خۆی هەیە کە یەکێك لەو مەرجانەی پێویستە بخرێتە دەنگدان کە پارێزبەندی لەسەر هەڵبگیرێت، ئەوەیە کە ئەو پەرلەمانتارە جورمێکی مەشهودی کردبێت بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە بەر دەستی منە، هەر یەکێك لەو کەسانەی کە ناوەکانیان هاتووە، بۆ ئەوەی پارێزبەندیان لەسەر هەڵبگیرێت جورمێکی مەشهودی بەو شێوەیان نەکردووە، وە لە بنەمای دانانی پارێزبەندیش بەو شێوەیە کە منی پەرلەمانتار لەگەڵ کەسێکی ئاسایی بە چی لێك جیا دەکرێینەوە؟ بەوەی کە من بتوانم هەندێك رام هەبێت وە بتوانم هەندێك راستی هەیە بیخەمەڕوو وە قسەی لەسەر بکەم بەبێ ئەوەی هیچ دادگایەك بتوانێت دەست بێنێتە رێگای من، ئەمە مەبدەئی سەرەکی دانانی پارێزبەندییە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم کە ئێستاش درەنگ نییە بۆ هەڵگرتنی ئەو بڕگەیە وە هەڵگرتنی ئەو خاڵەی بەرنامەی کار وە لادانی ئەو بڕگەیە وە هەڵنەگرتنی هیچ پارێزبەندییەك لە سەر هیچ پەرلەمانتارێك، چونکە بە راستی هەڕەشەیەکی گەورەیە لە سەر دیموکراتی هەرێمی کوردستان هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر رای ئازاد لە هەرێمی کوردستان بە شێوازێك لە شێوازەکان بێ دەنگ کردنی پەرلەمانتار بەرامبەر بە هەموو ئەو کێشە و مەشاکیل و هەموو ئەو نادادیانەی کە دەیبینین لە هەرێمی کوردستان، راستە هەرێمی کوردستان دەستی داوەتە پڕۆژەیەکی نوێ لە پرۆەی سیاسی وە هەوڵ دەدات لە پێناوی ئەوەی کە چاکسازی بکات، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە پەرلەمانتار توانای هەبێت قسە بکات، توانای ئەوەی نەبێت رای ئازادی هەبێت وە شتێك بڵێت جیاواز لەوانی تر کە دەگووترێت جیاواز بێت لە کەسی ئاسایی، بۆیە ئێستاش دەکرێت ئێمە ئەم بڕگەیە لە دانیشتنی پەرلەمان هەڵبگرین وە دەنگ نەدەین لە سەر ئەوەی پارێزبەندی لە سەر هیچ پەرلەمانتارێك هەڵبگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، نوقتە نیزامە؟ فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢٤) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان زۆر بە روونی بابەتی پارێزبەندی كراوە كە لە چ كاتێكدا هەڵدەگیرێت، پارێزبەندی بەوەیە كە پەرلەمانتار دەستكراوە و چاوكراوە بێت لە كارەكانی دا و لە بەدواداچووندا، بەڵام ئەم پارێزبەندییە بۆیە نادەدرێتە پەرلەمان كە ئازادی خەڵكی دیكە پێشێل بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صاڵح / جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، پێم خۆش بوو پێش ئەوەی دەست بە جێبەجێ كردنی بكەین هەم بۆ ئێوەی بەڕێز و خۆشەویست هەم بۆ خەڵكی كوردستان هەندێك بابەت لەم بابەتە بخەینەڕوو ئێمە لە پەرلەمانی كوردستان كار بەم پەیڕەوی ناوخۆیە دەكەین كە لیژنەیەك لە پەرلەمانی بەڕێز لە خولی پێشووتر ئەم پەیڕەوەیان ئامادە كردووە، بەڕێز سەرۆكی ئێستای پەرلەمانی كوردستان ئەندامی ئامادەكاری ئەو لیژنەیە بووە، وە ئەم پەیڕەوە پێشتریش دەنگی پێدراوە و لەم خولەش دوای تەعدیلكردنی دیسان تەواوی فراكسیۆنەكان دەنگیان بەم پەیڕەوە داوە، ناكرێت ئەم پەیڕەوە مامەڵە بە ماددەیەكی بكرێت مامەڵە بە ماددەیەكی تری نەكرێت ماددەی (٢٤)ی ئەم پەیڕەوە زۆر روون و ئاشكرایە بەڕێزان لێرە هەم بۆ شادی خانیش ماددەی پەیڕەوی زۆر روون و ئاشكرایە كە پەرلەمانتار ئازادە لە چوارچێوەی كاری پەرلەمانی ئازادی تەواوی رادەربڕین و قسەكردنی هەیە، كاری پەرلەمانی كاری یاسادانان و بەدواداچوون و چاودێری كردنی دەسەڵاتی جێبەجێ كردنە بە پێی یاسا و رێسا بەركارەكانی هەرێمی كوردستان بە لەبەر چاوگرتنی پێگەی دەستوری دامەزراوە دەستوری و یاساكانی هەرێمی كوردستان، بۆیە هەڵگرتنی پارێزبەندی ئەركێكی پەیڕەویە كە پەرلەمانی كوردستان جێبەجێی دەكات، ئەو بەڕێزانەی لەگەڵ جێبەجێ كردنی ئەم ماددەی پەیڕەوی نین دەیانتوانی یادداشتێك پێشكەشی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بكەن و داوای تەعدیلی ئەو ماددەیە بكەن، بۆئەوەی ئەسڵەن ئەو ماددەیە لە پەیڕەوی ناوخۆ هەڵبگیرێت، دواتریش ئێمە هیچ پەرلەمانتار و هیچ كەسێك لە سەرو یاساوە نییە، نووسراو لە ئەنجومەنی دادوەری لە دادگاكان لە داواكاری گشتی كە بۆ پەرلەمانی كوردستان دێت بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ئێمە دەبێت لە رووی قانوونییەوە وەڵامی دادگاكانی هەرێمی كوردستان بدرێتەوە، دەبێت دەسخۆشی لەوە بكرێت ئێستا دامەزراوە دەستورییەكان پەنا بۆ دادگا دەبەن، ئەمە بەشێكە لە پێشكەوتنی كۆمەڵایەتی و جێبەجێ كردنی یاسا لە هەرێمی كوردستان، بۆیە ئێمە بەتەواوەتی پابەندی ئەم پەیڕەوەین وە ئێمە ئەو پەیڕەوە جێبەجێ دەكەین، هەم بە پێی ماددەی (٢٤) وە هەم بە پێی ماددەی (١٦) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان، ئێستا دەست بە جێبەجێ كردنی خاڵەكانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دەكەین وە دەمەوێت لێرەوە رابگەیەنم كە ژمارەی ئامادەبووانی پەرلەمانی كوردستان ئەوی بەڕێز سكرتێری پەرلەمانی كوردستان بە منی گوتووە (٥٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لێرە ئامادەن، وە بە پێی بڕگەكانی ماددەی (٢٤) وەرگرتنەوەی پارێزبەندی لە پەرلەمانتار پێویستی بە زۆرینەی ئامادەبووان هەیە، واتا ئێستا (٥٨) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان

لێرەیە ئەو چوار ناوە بەڕێزەی پارێزبەندیان لە بەرنامەی کاردا هەیە هەر کەسێکیان زۆرینەی ئەم ئامادەبووانە بە دەست بێنێت پارێزبەندی لێ هەڵدەگیرێت، وە ئەو کاتە ڕێکارە یاساییەکانی دەگیرێتە بەر، بۆ ئەوەی یاسا و ڕێساکان سەروەر بێت، بەڕێزان دەست بە جێبەجێ کردنی خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین بەڕێز (ئومێد عبدالرحمن حسن) لە سەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی کەرکووك گەرمیان، دادگای لێکۆڵینەوەی کەلار بە نووسراوی ژمارە (١٢٩٨) لە ڕێککەوتی ٢٠١٩/٨/٢٨ داواکراوە کە پەرلەمانی کوردستان بە پێی پەیڕەو و بە پێی یاسا ڕێکارەکانی بەرامبەر بگیرێتەبەر بەر، وە پێش ئەوەی ئەمە بخەینە دەنگدان دەمەوێت ئەو تەوزیحەش بدەم بەڕێزان لە خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستان بەداخەوە بە هۆی تێکدانی ئەو تەوافقەی کە هەبوو ئەو دۆخە بەسەر پەرلەمانی کوردستان هات کە دۆخێکی زۆر نەخوازراو بوو، ئەو کاتیش زۆر داواکاری لە لایەن دادگاکانی هەرێمی کوردستان ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کرا، لەبەر ئەوەی سەرۆکی کوردستان لێرە نەبووە سکرتێری پەرلەمان لێرە نەبووە، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان بە راوێژ لەگەڵ دیوان و بەشی یاسای هەر نووسراوێك کە هاتبێت بۆ پەرلەمانی کوردستان لە وەڵامدا نووسراوە، لەبەر ئەوەی داخلی بەرنامەی کار نەکراوە، واتا هیچ داواکارییەك رەت نەکراوەتەوە یا کەیسەکان دانەخراون، ئێستاش بەڕێزان ئێمە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان پێشمان وایە هەموو فراکسیۆنە بەڕێزەکان لەگەڵ جێبەجێ کردرنی یاسا و ڕێساکانی هەرێمی کوردستان دان، بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن بە پێی پەیڕەو و ماددەی (٢٤)چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە پارێزبەندییەکەی هەڵبگیرێت دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ (٣) کەس لەگەڵ هەڵگرتنی پارێزبەندی لە بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن بوو، لەبەر ئەوەی دەنگی زۆرینەی ئامادەبووانی بە دەست نەهێنا پارێزبەندی لە سەر بەڕێزیان هەڵناگیرێت، وە بە پێی یاسا و ڕێساکان و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دواتر وەڵامی دادگا دەدرێتەوە، بەڕێز علی حمە صاڵح لە سەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی (٢ و ٤) بە نووسراوەکانی ژمارە (١٧٣٣) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/٩/٢٤) و نووسراوی (٣٠٦٧) لە ڕێکەوتی (٢٠١٨/١٢/١٧) و نووسراوی سەرۆکایەتی دادگای لێکۆڵینەوەی هەولێر ژمارە (٢٦٣) لە (٢٠١٩/١/١٦)، داواکارین هەر بەڕێزێك لە ئامادەبووان لەگەڵ ئەوەیە کە بەڕێز (علی حمە صاڵح) پارێزبەندی بە پێی ئەو نووسراوانەی دادگا ئاڕاستەی پەرلەمانی کوردستان کراون پارێزبەندی لە بەڕێزیانەوە هەڵبگیرێت با دەست بەرز بکاتەوە، کێ لەگەڵدایە؟ تەنها (٤) کەس دەنگیان بە هەڵگرتنی پارێزبەندی لە بەڕێز (علی حمە صاڵح) دا، کەواتا بەڕێز (علی حمە صاڵح) پارێزبەندی لەسەر هەڵناگیرێت، کاك ڕۆمیۆ فەرموو نوقتە نیزامت هەبوو؟

**بەڕێز رومیو حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی راستی من لەو روانگەوە قسە دەکەم کە ئێمە پێکهاتەکان بەداخەوە، یانی ئێمە نەماندەویست مەسەلەی هەڵگرتنی پارێزبەندی یان هەڵنەگرتنی پارێزبەندی بەو شێوەیە بێت، چونکە ئەمە یەکەمین جارە لە مێژووی پەرلەمانی بەڕێزی کوردستاندا کە ئەم مەسەلەیە تاوتوێ دەکات، کە ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری لێکەوتۆتەوە، ئێمە پێمان وابوو کە ئەبوایە زیاتر و زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە موناقەشە بکرابایە یاخود قسەی زیاتر بکرابایە، ئێمە هیچ لەو بڕوایە

نەبووین کە پەرلەمانی کوردستان بەو شێوەیە ببینین کە ئێستا تێدای کەوتووە، ئەبوایە زیاتر مەجال بەو مەسەلەیە بدرابایە، زیاتر بە هەموو لایەنەکانی تر بۆ ئەوەی قسەی خۆیان هەبووایە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئێمە لەگەڵ یاساین، کەس لەو کوردستانە نییە کە دژی یاسا بێت، یاخود لەگەڵ نەبێت کە یاسا لە هەرێمی کوردستان بچەسپێت یاخود جێبەجێ بکرێت، بەڵام بە پێشینیەکی باش نایزانین و نایبینین کە ئەم مەسەلەیە هاتۆتە کایەوە، ئێمەش وەکو پێکهاتەکان ترسمان لەوەیە کە هەموو مەسەلەکان لەسەر پێکهاتەکاندا بشکێتەوە، کە ئێمە ژمارەمان یازدە ئەندامین، هەر لەدوێنێ و پێشترو چەندەها رۆژە چەند خوشك و برایانی بەڕێز کە باس بە شێوەیەکی نارێك و ناجوان باسی پێکهاتەکان دەکرێت، ئێمە وەکو پێکهاتە مەبەستمان ئەوەنییە کە ئێمە سەد لەسەد ئێمە تەنها پشتی لایەنێك، یان وەکو فراکسیۆنێکی هەرێمی کوردستان، یاخود هی پەرلەمانی کوردستان دەگرین و ئەوانی تر فەرامۆش دەکرێت، بەڵام ئێمەش وەکو پێکهاتەکان لەوانەیە زۆرێك لەو قسانەی کە چەندەها ساڵە کە دژی پێکهاتەکان دەکرێت، ئێمەش دەزانین چ لایەنێك پاڵپشتی و پشتگیری لە مافی پێکهاتەکانی کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئێمە لێرەین و بەمانای ئەوە نایێ کە ئێمە تەنها پشتگیری لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین و ئەو فراکسیۆنەکانی تریش هەموو هاوپەیمانی ئێمەن، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەنها بۆ روونکردنەوەیەك بەڕێزان، ئەمە یەکەم جار نییە پەرلەمانی کوردستان هەڵگرتنی پارێزبەندی لە دانیشتنەکانی بڕیاری لەسەر بدات، لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستانبش پارێزبەندی لە بەڕێزێك وەرگیراوەتەوە، و بەشێك لەو فراکسیۆنە بەڕێزانەش دەنگیان داوە بە هەڵگرتنی پارێزبەندی، هەڵگرتنی پارێزبەندی بابەتێکی یاساییە، کاك دکتۆر رێبوار فەرمووو.

**بەڕێز د.رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٢٤) برگە دوو کە دەڵێ راستە پەرلەمان مافی ئاخاوتنی هەیە، ئازادی را دەربڕینی هەیە، لەبەشی دووەمی برگەی دووەم دەڵێ بەشێوەیەك کە رێز گیراو بێ لە دامەزراوەکان، بە پێی یاسای عقوباتی عێراق، هەرکەسێك و هەر بەڕێزێك ناوزراندن بکات، بوختان هەڵبچەنێ بۆ هەر کەسێك بێ، هەر بەرپرسێك کە لە موئەسەسەیەکی فەرمی دەوڵەتداری دەستووری ئەو وڵاتەیە دەچێتە چوارچێوەی تاوان، بۆیە کاتێکیش کە هەر کەسێك ناوی کەسێك هەڵزرێنێ بەبێ بەڵگە بە تەشهیر کردن، ئالێرەدا پێویستە ئەو کەسە چ پەرلەمانتار بێ، چ هەر کەسێکی ئاسایی بێ بچێتە بەردەم دادگا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ........

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەیامەکەت گەیشت، بەڕێزان برگەی سێیەم لە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کار هەڵگرتنی پارێزبەندی لە بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز، نووسراوی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی ژمارە (٦)بەژمارە (٢٠٨٩) لە٢٠١٩/١١/١٩، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە پارێزبەندی لە بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز وەربگیرێتەوە با دەست بەرزبکاتەوە؟ (٤) ئەندامی پەرلەمانی بەڕیز لەگەڵ ئەوە بوون، کەواتە پاریز بەندی لە بەڕێز شیرین وەرناگیرێتەوە، برگەی چوارەم لە خاڵی یەکەم بەڕێزان بەڕێز

سۆران عمر سعید، لەسەر داوای سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی سلێمانی، دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی، بە نووسراوەکانی ژمارە (٤١٩٤) لە ١١/٦/ ٢٠١٩، ژمارە (٢١٦) لە ٢٠٢٠/١/٢٦ و نووسراوی ئەنجومەنی دادوەری بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان و کاروباری یاسایی ژمارە (١٣٧٥) لە ٢٠١٩/٧/٣ و نووسراوی سەرۆکایەتی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، دادگای تێهەڵچوونەوەی هەولێر ژمارە (٢٤٠٣) ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/٦، داوا کراوە کە پەرلەمانی کوردستان ڕێکاری پێویستی یاسایی بگرێتە بەر، بۆیە هەر بەڕێزێك لەگەڵ هەڵگرتنی پارێزبەندی لە بەڕێز سۆران عمر سعید دەست بەرزبکاتەوە؟ بەدەنگی (٥٧) ئەندامی پەرلەمان پارێزبەندی لە بەڕێز سۆران عمر سعید وەرگیرایەوە، ئێستا دەست بەجێبەجێ کردنی خاڵی دووەمی بەرنامەی کار دەکەین کە بریتی یە لە خوێندنەوەی دووەمی پێشنیازە بڕیاری پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی مادده (٨٢)ی پەیڕەوی ناوخۆی بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩،٩٢) لە پەیڕەوی ناوخۆ، بۆیە داوا لە بەڕێزان لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەکەین بفەرموونە سەر مەنصە بۆ جێبەجێ کردنی خاڵی دووەم، لیژنەی یاسایی بفەرموون، بەڕێز لیژنەی یاسایی بەپێی بڕگەی حوکمی ماددەی (٨٧) خوێندنەوەی و جێبەجێ کردنی خوێندنەوەی دووەم، دەست دەکەین بە جێبەجێ کردنی ئەویش بە خوێندنەوەی دەقی پێشنیازەکە وەکو خۆی، دواتر خستنەڕووی ڕاپۆرتی تایبەتمەند بۆ ئەوەی ئەگەر جیاوازییەك هەبوو ئەگەر گۆڕانکارییەك کرابوو بخەینە بەردەم پەرلەمانتارانی بەڕێز، تا ئەو کات دەنگ لەسەر یەکێکیان بدرێ و بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، فەرموو سەرۆکی لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ئەصڵی پێشنیازە بڕیارەکەیە:

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ هەموار کراو، ئاماژە بە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، و لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە ( ) ئەو بڕیارانەی خوارەوەی دا:

یەکەم: بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ دەتوانن پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار پێشکەش بکەن.

دووەم: حوکمی خاڵی یەکەمی ئەم بڕیارە تەنها بۆ وەرزی یاسا دانانی یەکەم، خولی بەهارە، لە ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن و تەنها بۆ یەك جار جێبەجێ دەکرێت.

سێیەم: کار بەهیچ دەقێکی پەیڕەوی ناوخۆ ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچوونییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

هۆکارە پێویستیەکان: لە پێناو قەرەبوو کردنەوەی ئەو ماوەیەی کە بووە ڕاگرتنی دەوامی فەرمی و بەربنەمای ڕێکارە تەندروستی و کارگێرییەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای ڤایرۆسی

کۆرۆنا کۆڤید/١٩، بەسەر کاری پەرلەمانی و مافی ئەندامانی پەرلەمان لە پێشکەش کردنی پێشنیازی یاسا و پێشنیازی بڕیاردا تێپەڕیوە و بۆ رەخساندنی دەرفەتی یەکسان بوونیان ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی، ئێستا داواتان لێدەکەین دەقی راپۆرتی لیژنەکەتان وەکو لیژنەی تایبەتمەند لەسەر ئەو پێشنیازە بڕیارەمان بۆ بخوێنیتەوە، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ راپۆرتی لیژنە

لیژنەی کاروباری یاسایی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/٥/٦ کاتژمێر (١) پاش نیوەڕۆ بۆ تاوتوێکردن و ئامادەکردنی راپۆرت لەسەر پێشنیازە بڕیاری سەبارەت بە درێژکردنەوەی پەیڕەوی پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسا و بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە، دوای کۆبوونەوە لیژنەکەمان گەیشتە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە:

یەکەم: بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، لە رۆژی دەرچوونی ئەم بڕیارەوە بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ دەتوانن پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار پێشکەش بکەن.

دووەم: حوکمی خاڵی یەکەمی ئەم بڕیارە تەنها بۆ وەرزی یاسا دانانی یەکەم، خولی بەهارە، لە ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن و تەنها بۆ یەك جار جێبەجێ دەکرێت.

سێیەم: کار بەهیچ دەقێکی پەیڕەوی ناوخۆ ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

چوارەم: ئەم بڕیارە لە رۆژی پەسەندکردنییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

هۆیەکانی دەرچوواندن:

لەبەر ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای وەرزی گرێدانی یەکەمی ئەمساڵ بەهۆی پەتای جیهانی کۆرۆناوە نەتوانرا دەوامی ئاسایی ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی نوێنەرانی گەل لەپەرلەمان دەرفەتی یەکسان و گونجاویان لەکاری پەرلەمانی بۆ برەخسێت، پێشکەش کردنی پێشنیازی یاسا و بڕیارەکان، لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندی گشتی ئەم بڕیارە پەسەند کرا.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان بەپێی حوکمی مادەی (٨٨) دیارە جیاوازییەك هەیە لە دەقی پرۆژە پێشنیازەکە لەگەڵ راپۆرتی لیژنەی تایبەت، بۆیە بەڕێزان بە پێی حوکمی ماددەی (٨٨) ئێستا راپۆرتی لیژنە ئەخەینە دەنگدان، چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە پرۆژەکە وەکو خۆی بکرێتە بنەما؟ چەند کەس لەگەڵ ئەوەیە راپۆرتی لیژنەی تایبەت بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ با بفەرموێ؟ (٥٢) پەرلەمانتاری بەڕێز لەگەڵ ئەوەن کە راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند بکرێتە بنەما بۆ گفتوگۆ، ئێستاش دەست بە گفتوگۆ کردنی راپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند دەکەین، بفەرموون لیژنەی یاسایی، بەڕێزان ئەگەر لە ناونیشانەوە دەست پێبکەین، ئەگەر هەر بەڕێزێك تێبینییەك سەرنجێکی لەسەر ناونیشانەکەوە هەیە؟ هیچ کەس تێبینی نییە، فەرمووو لیژنەی تایبەتمەند.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: بەدەر لە حـوکمی مـاددەی (٨٤) لە پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان – عێـراق، ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـان، لە ڕۆژی دەرچـوونی ئەم بڕیـارەوە بـۆ مـاوەی (٣٠) ڕۆژ دەتوانن پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار پێشکەش بکەن.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر ئەم بڕگەیە بکـات بـا دەسـتی بەرزبکـاتەوە و ناوەکان تۆمار بکرێن، کەس نییە، فەرموو دووەم.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم: حوکمی خاڵی یەکەمی ئەم بڕیارە تەنها بۆ وەرزی یاسا دانـانی یەکەم، خـولی بەهـارە، لە ساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن و تەنها بۆ یەك جار جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ هەر بەڕێزێـك دەیەوێ گفتوگـۆی ئەم خـاڵە بکـات بـا دەسـت بەرزبکـاتەوە ناوەکـان تۆمـار بکەین؟ کەس نییە، خاڵی سێیەم.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم: کار بەهیچ دەقێکـی پەیـڕەوی نـاوخۆ ناکرێـت کە لەگەڵ حوکمەکـانی ئەم بڕیـارە نـاکۆك بێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك دەیەوێ گفتوگۆ لەسەر خاڵی سێیەم بکات بـا دەسـتی بەرزبکـاتەوە؟ فەرمـوو کـاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەقـی ئەو پـڕۆژە بڕیـارە ڕێککەوتنـی تەواوی فراکسـیۆنەکانی لەسـەر کـرایە، ئـێمە چەنـد جـار فراکسیۆنەکان کۆبووینەوە ودوا جار ڕەنگدانەوەی ڕێککەوتنـی نێـوان فراکسـیۆنەکان کەوتـۆتە نێـو لیـژنەی یاسـایی، لەوێـش دیسـانەکە صـیاغەکەی دارێـژراوەتەوە و ڕاوێژکـارانی پەرلەمـان هاوکارمان بوون، کە قانوونییەکان زۆر هاوکارمان بوونە لە دەرخستنی ئەو پڕۆژەیە، بۆیە ئەگەر زۆر گفتوگۆ ناکرێ لەسەر ئەم بابەتە، واتە پابەند بوونە بەوەی کە پێشتر ڕێکەوتنی لەسەر کرایە، لەبەر ئەوەی لە جەوی ئێستای پەرلەمان، هیوادارین ئەو بـابەتە بە نەوعێـك تەفسـیر نەکـرێ، کە قسەی لەسەر ناکرێ ئەوە ڕێککەوتنی فراکسیۆنەکانە، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش سوپاس، لیژنەی تایبەتمەند خاڵی چوارەم فەرموو.

**بەڕێز کلارە عودیشو یعقوب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چوارەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی پەسەندکردنییەوە جێبەجێ دەکرێ و لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێـزان وەكـو پابەنـدێكی پەیـڕەوی هەر بەڕێزێـك دەیەوێ گفتوگـۆ لەسـەر ئەم خـاڵە بكـات بـا دەستی بەرزبكاتەوە بۆ ئەوەی ناوی تۆمار بكەین؟ فەرموو كاك دكتۆر زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە هەمووممان دەزانین كە بەهـۆی دواكەوتنـی پشـووەكانی پەرلەمـان و هـاتنی پەتـای كۆرۆنـا، نەمانتوانی پرۆژە یاساكان پێشكەش بكەین، بەڵام لێـرە پرسـیارێك دروسـت دەبێـت، كە دەسـت نیشان كردنی رۆژێك كە بـۆ مـاوەی یەك مانـگ پرۆژەكـان پێشـكەش بكەیـن، پێمـان باشـە لە دوا جەژنەوە دەست پێ بكات، بۆ ئەوەی بتوانین ژمارەیەكی زۆرتری پرۆژەكان پێشكەش بكرێـت، و تێدا سوود مەند بین لەو ماوەی كە دیاری دەكرێت بۆ پرۆژەكان، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان رای دكتۆر زێدان ئەگەر پشتگیری هەبێ دوایی لیژنەی تایبەتمەند ئەتـونن تۆمـاری بكەن لە دانیشتنی دەنگدان، دەنگی پێ بـدەن، بەڵام ئەوەی كە ئێسـتا هەیە ئەگەر هەر بەڕێزێـك پشتگیری دەكات، دەتوانن رای خۆیمان پێ بڵێ، تا لیـژنەی تایبەتمەنـد سـەرنجەكانی وەربگرێ و بخرێتە دەنگدان، دوایی ئەگەر بە نووسین پێشكەشی بـكەن، فەرمـوو لیـژنەی تایبەتمەنـد بـڕۆنە سەر هۆیەكانی دەرچوواندن.

**بەڕێز خدیجه عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هۆیەكانی دەرچوواندن:

لەبەر ئەوەی پەرلەمانی كوردستان لەسەرەتای وەرزی گرێدانی یەكەمـی ئەمسـاڵ بەهـۆی پەتـای جیهانی كۆرۆناوە نەتوانرا دەوامی ئاسایی ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی نوێنەرانی گەل لەپەرلەمان دەرفەتی یەكسان و گونجاویان لەكاری پەرلەمـانی بـۆ برەخسـێت، پێشـكەش كردنـی پێشـنیازی یاسا و بڕیارەكان، لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندی گشتی ئەم بڕیارە پەسەند كرا.

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵـێ بەڕێـزان چ بەڕێزێـك دەیەوێ لەسـەر هۆیەكـانی دەرچوانـدن قسـە بكـات بـا دەسـتی بەرزبكاتەوە؟ بەڵێ دیارە گفتوگۆ لەسەر ناكرێت، وەكو كاك ئومێد ئیشـارەتی پێـدا كە رێكەوتنـی فراكسـیۆنەكان هەبـووە، بەمە هـاتینە كۆتـایی بڕگەكـان و خاڵەكـانی بەرنـامەی كـاری دانیشـتنی ژمـارە (٤) لە خـولی بەهـارەی سـاڵی دووەمـی، خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنەكـان و كۆتـایی بە دانیشتنەكەمان دێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **د. ڕێواز فائق حسین** | **هێمن هەورامی** | **منی نبی قهوچی** |
| **سەرۆكی پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆكی پەرلەمانی** | **سكرتێری پەرلەمانی** |
| **كوردستان - عێراق** | **كوردستان – عێراق** | **كوردستان – عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)ی
دووشەممە رێکەوتی ٢٠٢٠\٦\٢٩
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥)

## دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٩

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٩ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسین سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٢٩) بەم شێوەیە بێت:

١- دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری پێشکەش کردنی پێشنیازی یاسای پێشنیازە بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) ی پەیڕەوی ناوخۆ و بەپێی حوکمی ماددەکان ٩٠ و ٩١ و ٩٢ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢- درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بە پێی بڕگەی (٤) لە ماددەی/٧ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی بەهارە، ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ دەکەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە بەرنامەی کاری کۆبوونەوە و پوختەی کۆنووسی کۆبوونەوەی پێشوو و ناوی ئامادەنەبووان بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمی ماددەکانی (٥) و بڕگەی یەکەم و دووەمی ماددەی/١٦ و بڕگەی سێیەمی ماددەی/١٨، بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەمی ماددەی/٢٠، ماددەکانی ٤٧و ٤٨و٥٢و٥٤و٥٥ و٥٦و٥٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر ١ی پاشنیوەڕۆ، ڕۆژی دووشەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٩ بەم شێوەیە بێت:

٣-	دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری پێشکەش کردنی پێشنیازی یاسای پێشنیازە بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی ٨٢ ی پەیڕەوی ناوخۆ و بەپێی حوکمی ماددەکان ٩٠ و ٩١ و ٩٢ و ٩٣ و ٩٦ و ٩٧ لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٤-	درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بە پێی بڕگەی ٤ لە ماددەی/٧ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
پوختەی دانیشتنی ژمارە (٤) ی ئاسایی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٥/٧ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو :
١-	دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢-	خوێندنەوەی بەرنامەی کاری پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمانی کوردستان.
٣-	دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٤-	دەنگدان و پەسەندکردن لەسەر هەڵگرتنی پارێزبەندی ئەندامی پەرلەمان بەڕێز (سۆران عمر سعید) بە دەنگی (٥٧) پەرلەمانتار.
٥-	خوێندنەوەی دووەمی گفتوگۆ کردنی پێشنیازە بڕیاری پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) ی پەیڕەوی ناوخۆ.
٦-	کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە ٤ی ئاسایی، خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەم لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٥/٧:
ئەو فراکسیۆنانەی خوارەوە بەپێی بڕگەی (٧) لە ماددەی/٢٣ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ئامادەنەبوو هەژمار ناکرێن:
١-	فراکسیۆنی یەکێتی
٢-	فراکسیۆنی گۆڕان
٣-	فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی
٤-	فراکسیۆنی یەکگرتوو
٥-	فراکسیۆنی جیا لە نەوەی نوێ
٦-	فراکسیۆنی ئازادی
٧-	ئەندامانی سەربەخۆ / دیاری انور حمە رحیم، سیروان فرج محمد، مم برهان محمد.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:
ناوی ئەو ئەندامانەی کە مۆڵەت یان بەبێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان ئامادە نەبوون:
ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە ٢٠٢٠/٥/١٣ ناوی ئەندام:
جمال حوێز مستەفا
عبدالناصر احمد علی

شيرين امين عبدالعزيز
روپاك احمد رحمان
مۆڵەتیان پێدراوە
لیژنەی کاروباری یاسایی ۲۰۲۰/۵/۱۳
روپاك احمد رحمان/ بایکۆت
لیژنەی کاروباری پێشمەرگە ۲۰۲۰/۵/۱۷
رزگار محمد محمود/ مۆڵەت
جمال حوێز مستەفا/ مۆڵەت
لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ۲۰۲۰/۵/۱۷
هەورامان حمە شریف
فیصل عباس عولا
هێرش حسن
محمد فقێ
کاظم فاروق نامق
راهی رەهبەر ابراهیم
مۆڵەتیان پێدراوە
لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا
شایان کاکە صالح/ مۆڵەت
هەژان حسن احمد/ ئامادەنەبوو
لیژنەی کاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە ۲۰۲۰/۵/۱۸
هەژان حسن احمد/ مۆڵەت
رۆژان محمد کریم/ مۆڵەت
شاخەوان رؤوف مستەفا/ مۆڵەت
دیاری انور حمە رحیم/ مۆڵەت
عوسمان علی سمایل/ مۆڵەت
لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ۲۰۲۰/۵/۱۸
مسلم عبدالله رسول/ مۆڵەت
ئاشنا عبدالله قادر/ مۆڵەت
هلز احمد محمد/ مۆڵەت
لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر ۲۰۲۰/۵/۱۸
شایان کاکەصالح/ مۆڵەت
مسلم عبدالله رسول/ مۆڵەت
جلال محمد امین/ مۆڵەت
لقمان حمد حاجی/ مۆڵەت
لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و وەبەرهێنان لە ۲۰۲۰/۵/۱۹

هەورامان حمه شريف حمه شريف/ مۆڵەت
شەمۆل اشين صابر/ مۆڵەت
دابان محمد صالح/ مۆڵەت
مژده محمود محمد/ مۆڵەت
هاوڕێ بنأ محمد/ مۆڵەت
لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لە ٢٠٢٠/٦/٨
کاظم فاروق نامق/ مۆڵەت
لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری ٢٠٢٠/٦/٢٣
شێرکۆ جودت مستەفا/ ئامادەنەبوو
سۆران عمر سعيد/ ئامادەنەبوو
سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا دەست بەجێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، بەسەرچاو هەمووتان وەردەگرم، بۆ ئەو مەبەستە داوا لەبەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەکەین کاروباری یاسایی بفەرموون، هەتا ئێمە ئەو نوقتە نیزامیانە وەردەگرین بۆ جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی (٨٢) ی پەیڕەوی ناوخۆ بە پێی حوکمی ماددەکانی (٩٠و٩١و ٩٢و ٩٣و ٩٦و ٩٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری حمه رحيم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و بڕگەی یەکەم لە ماددەی/ ٦٦ نەك جارێك، چەند جارێك لە ماوەی ڕابردوودا بەرپرسی (٢٧) ملیار دۆلار قەرزەکەی سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان خاڵییە، جارێکی دیکە بۆ پرسی بابەتی مووچە و بۆ پرسی تەندروستی، چەند جارێك ئێمە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داوامان کردووە کە پەرلەمانی کوردستان دانیشتنێکی ئاسایی ئەنجام بدات، بانگهێشتی سەرۆك وەزیران و جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دارایی لایەنە پەیوەندارەکان کە بێنە پەرلەمانی کوردستان، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ کام لەمانە نەخراونەتە ناو دانیشتنەکانەوە، بۆیە یەعنی بەڕاستی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان خەڵك لە ئێستادا کۆمەڵێك کێشەی هەیە، کێشە دیاری کراوەکان و پرسی مووچەیە و پرسی تەندروستی خەڵکە، لە ئێستادا پەرلەمانی کوردستان لەسەر ئەم بابەتانە کۆنەبێتەوە ئەی لەسەری چی کۆدەبێتەوە، یەعنی قسەکە لەسەر چییە، خەڵك لێمان دەپرسێ، خەڵك دەڵێ کوا مووچەکەم؟ ببوورن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان..... بە پێی پەیڕەو.. .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقیقەت بۆ هەیە، ڕەفیقەکانیشت دڵنیابە قسە دەکەن، دەستت خۆش بێت، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئێمەش پابەند بە بڕگەی یەکەمی ماددەی/٦٦ ژمارەی یاسایی پەرلەمانتارانی کوردستان داوایەکمان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد سەبارەت بەو (٢٧) ملیارەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت ڕایگەیاند کە حکومەت قەرزارە، کە ئەمە بەڕاستی پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە، پەیوەندی بە گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، ئێمە داوامان کرد لە ٢٠٢٠/٥/٢٧ کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی لەم هۆڵە ئامادەبن و ڕوونکردنەوە بدەن کە ئێمە بۆ (٢٧) ملیار قەرزدارین؟ یەعنی گوناحی منداڵێکی شیرەخۆر چییە ئێستا لەدایك بووەو ئاگای لێ نییە نزیکەی (٦) هەزار دۆلار قەرزار بێ بە پێی ئەم (٢٧) ملیارە بێ؟ بۆیە دەبێ بەڕاستی داوامان کردووە و جەخت دەکەینەوە بۆ بە (٣٢) ڕۆژ نەتوانرا ئەمە جێ بەجێ بکرێ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان؟ دوو/ پێموایە بەپێی ماددەی (٤٨) بڕگەی (٤) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دوێنێ کە سەرۆك فراکسیۆنن بۆی هەیەو (١٠) پەرلەمانتار بۆی هەیە (٢٤) کاتژمێر پێش کۆبوونەوەی پەرلەمان داوا پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی کە بابەتێکی گشتی بە پەلە بخرێتە بەرنامەی کاری پەرلەمانی، بەڵام بەداخەوە ئێمە ناردمان و هیچ جوابتان نەبوو، ئێوە کە پەیوەندی بە لێ بڕینی مووچەی مووچەخۆرانە، چونکە ئەم بابەتە بەڕاستی بابەتێکی گشتییە و پەیوەندی بە هەموو خەڵکەوە هەیە و لێکەوتەی مەترسی داری هەبووە بەڕاستی ئەم قەزیەیە، یەعنی حکومەت بەچ یاسایەك بە چ پێوەرێك توانیویەتی ئەمە ببڕێت، لە کاتێك دا ئەم پارەیە لە عیراق بە پێی یاسای موازەنەی کە بۆ هەرێمی کوردستان هاتووە بۆ مووچەی مووچەخۆران هاتووە تەبعەن، لەکاتێك دا کە ئێمە باسی یاسای چاکسازی دەکرێ، یاسای چاکسازی دەبوو لە ٧/٥ جێ بەجێ بکرێ هێشتا خەڵك مووچەی مانگی سێ ی وەرنەگرتووە، یەعنی چۆن مەسەلەن ئەمە جێ بەجێ دەکرێ؟ بۆیە بەڕاستی ئێمە لەم ڕووەوە حەقیقەتەن، ئێمە داوا دەکەین ئەم سەرۆکایەتی پەرلەمانە فیعلەن یەعنی کۆنەبێتەوە مەگەر بۆ گشتی گرنگ و پەیوەندار بەخەڵك، ئەوەی کە ئێستا لەبەرنامەی کاردا هاتووە پێم سەیرە بابە خەڵك هەزار موشکیلەی هەیە، خەڵك هەزار داواکاری هەیە، ئاگات لێیە خەلك خەریکە بتەقێتەوەو خەڵك بەڕاستی تەحەمولی.......... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا گەیشت نوقتە نیزامیەکەت، کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی ماددەی/٥٦ لە بڕگەی (٢) لە یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٩٢ بڕیاردان لەسەر چارەنووسی گەلی کورد، بە تایبەت لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە دەسەڵاتی سەرۆکایەتی

پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی کوردستانە، لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆی جدی دایە بۆ پرسی مووچەخۆرانی هەرێم و بابەتی موازەنە، بەڵام تا ئێستا نەهاتۆتە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان ڕوونکردنەوەی پێویستمان پێ بدەن کە ئایا ئەم پرسە چی بەسەر هاتووە؟ لەهەمان کاتدا بە پێی ماددەی/٥٤ لە بڕگەی (١) داخوازی دەکەم چەند پرسێکی گرنگ باس بکەم، یەکێك لەمانە پەرلەمانی کوردستان وەکو گەورەترین بڕیاری مەرجەعی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە پێی بڕیاری ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ مافی خۆیەتی کە لەسەر پرسی کێشەی قەرزەکانی حکومەت کە بە یاداشت ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوە سەرچاوەکانی داهاتی حکومەتی هەرێم لەڕێی شەفافیەتەوە و لێ بڕینی نایاسایی ٢١%ی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، کە دەبووایە لە پەرلەمانی کوردستانەوە ڕێگە بەمە نەدرێت و هەروەها کێشەی خاڵە سنوورییەکان هەم لە زاخۆوە تا خانەقین، هەموو ئەو کێشانە لە پەرلەمانی کوردستان تەمەنا دەکەین ئەگەر پەرلەمانی کوردستان ئەمڕۆ خولی بەهارە درێژ بکاتەوە بۆ ئەو پرسە گرنگانە بێ و بە تایبەتی کە دۆخی مووچەخۆرانی هەرێم و خەڵکی کوردستان بە گشتی و لە مەئسات و کێشەیەکی یەکجار گەورە دایە، بۆیە داواکارین ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکەن بۆ دانیشتنەکانی داهاتوو زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس کاك ئومێد فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەپێی ماددەی/ ٥٦ بڕگەی/ ١ تایبەت بەو باسوخواسانەی کە لە ماوەی چەند ڕۆژی رابردوو بەداخەوە کە خەڵکی کوردستانی نەك دەرەوەی کوردستان، خەڵکی کورد زمان باس لە هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی سیاسی یاسایی و دەستووری هەرێمی کوردستان دەکەن، پەرلەمانی کوردستان دەرئەنجامی مێژووی سەد ساڵەی خەڵکی کوردستانە و قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان گوزارشتە لەو پەرلەمانە بەڕێزە، ئێمە داواکارین پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی فەرمی خۆی هەبێ کە ئەوە تاریخ و مێژووی گەلێکە و هەرێمی کوردستان قەوارەی سیاسی ئێمە قەوارەیەکی سیاسی یاسایی دەستوورییە، پێش ئەو عیراقە فیدڕاڵە و تازەیەی کە هەبێت هەرێمی کوردستان وجودی هەبێ، بۆیە گەلی کوردستان سەرەڕای دۆخی ئێستا لە بابەتی تەندروستی و دارایی و کێشەکانی هەولێر ـ بەغدا هەمووی نیگەرانە، هەمووی دەبێ هەوڵ بدرێت لەلایەن حکومەت و دەزگا و دامەزراوەکان چارەسەر بکرێن، بەڵام لە هەمووی نیگەران تر ئەوەیە کە ئێستا باس لە مەترسی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی دەستووری هەرێمی کوردستان دەکرێت، بۆیە دیسان داوا دەکەینەوە پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەرانی گەلی کوردستان ئەو پەرلەمانە بەڕێزە وەکو بەشێك لەوەی کە ئەنجامی ئەو تاریخ و سەروەرییەیە، پەرلەمانی کوردستان هەڵوێستی لەو بارەیەوە هەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمەصالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بە پێی ماددەی/٤٨ خاڵی/٤ ماددەی /٦٦ خاڵی/١ لە ٢٠١٩/١٢/٩ واتا هەشت مانگە بەراپۆرت بە بەڵگە، بە دۆکیۆمێنت خستومانەتە بەردەستی ئەم پەرلەمانە بەڕێزە و حکومەت کە ئەم پەرلەمانە دانیشتن لەسەر قاچاغی و دزی و تاڵانی و وێرانکردنی ئەم وڵاتە لە خاڵە سنوورییەکانەوە بکات، هەشت مانگە حەجمی فەساد لە خاڵە سنووریەکان لە سەد ملیۆن دۆلار زیاترە، ئەوەی ئێستا ڕوودەدات لە ١٩٩١ یش دا نەبووە، بە عەلەنی لەناو بازاڕدا نووسینگەی قاچاغی دانراوە، یەعنی هەر ئەم (٨٠٠) ملیۆن دۆلارە وەرگیراوە مووچەی مانگێك بوو، ئایا دەکرێ بە قاچاغی خەڵکێك دەبەی (٣٥) ملیۆن دۆلار دەست بکەوێ بۆ ئەم خەستەخانەکانی ئێران ببەن، مەعاش ئەوە دۆخەکەی بێ، بۆ ئەمە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە، دوای هەشت مانگ کە ئەمە چواردە ڕۆژە وادەکەین، بە پێی ماددەی/٦٦ خاڵی یەکەم گرفتی مووچە و ڕێگاچارەکانی ئێمە لە ٦/٧ ەوە داوای دانیشتنی پەرلەمانمان کردووە بۆ ئەمە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە؟ نیەتێك هەیە کە حکومەت بۆ دانوستان لە بەغداوە کێشەکە بەغدا نییە، کێشەکە ئەم هەموو گەندەڵییەیە لەناوخۆدا، مانگی پێشوو لە بەرمیلە نەوتەوە پێنج دۆلار ماوەتەوە بۆ؟ لەبەرئەوەی ئەمە بدرێ بە کۆمپانیای سکیورتی و مەسئول و منداڵە مەسئول، لەبەرئەوەی خەدەماتێکی زۆر هەیە، لەبەرئەوەی گەندەڵییەکی زۆر هەیە، فەرموون با ئەمانە چاك بکات، خاڵە سنوورییەکان چاك بکات، ئەو چاکسازییانە بکرێت، ئەم دۆخە چارەسەر دەبێ، خاڵێکی دیکە ئێمە چاوەڕوان بووین داواکار بووین پەرلەمان بەجدی قسەی خۆی هەبێ لەسەر لەشکرکێشی و داگیرکاری خاکی کوردستان و تۆپباران لەلایەن تورکیا و ئێرانەوە، ئەگەر پەرلەمان قسەی لەسەر ئەمە نەبێ تۆ تەسەور دەکەی جامیعەی عەرەبی قسەی هەبێ لەسەر ئەمە؟ بۆیە ئەبێ ئەم پەرلەمانە، بۆیە ئەمڕۆ داوای دانیشتنمان کردووە لەسەر ئەمە کە لایەنی پەیوەندار لە حکومەت دەبێ ئەم پەرلەمان بێ، ئێمە پێمان وایە ئەم پەرلەمانە لەسەر دزی و گەندەڵی و نەوت و بێ مووچەیی و داگیرکردنی نیشتمان کۆنەبێتەوە پێویست ناکات لەسەر هیچ شتێکی تر کۆببێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، دیارە ئێمە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران لە پەرلەمانی کوردستان لە ٥/٢٧ ەوە واتا مانگێك و دوو ڕۆژە یاداشتێکمان پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە، سەبارەت بەو (٢٧) ملیار دۆلارەی کەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕای گەیاندووە کەوا قەرزارە، بانگهێشتی سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری داراییمان کردووە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە، ئێمە چاوەڕێمان دەکرد بەڕاستی ئەمڕۆ لە دانیشتنی ئەمڕۆ ئەمە بخرابایە بەرنامەی کاری پەرلەمانەوە، چونکە خۆت دەزانی بەپێی

پەیڕەوی ناوخۆ و ماددەی (٦٦) لە بڕگەی (٣) بەبێ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەماوەی چـواردە رۆژ ئەم دانیشـتنە رێـك بخـات کە بەداخەوە رێکـی نەخسـتووە، بـۆیە رەخنەکەمـان ئاراستەی ئێوەی بەڕێزە وەك سەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان، یەعنـی پەرلەمـان ئەمـرۆ ئەو بابەتانەی کە ئەمرۆ دەخرێنە گفتوگۆ و قسەی لەسەر دەکرێ، بەڕاستی هیچـی گرنـگ نـین بەقەد (٢٧) ملیارەکە بە قەد ئەو چوار سەد ملیـار دینـارە کە لە بەغـداوە هـاتووە بـۆ مـووچەی مـووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان، بەڵام تا ئێستا نازانین چـی لـێ هـاتووە، سـەبارەت بە بڕینـی ٢١%ی نایاسایی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی جێگەی داخە نیگەرانی ئێمەیە بە تایبەت فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن، یەعنی نازانین پەرلەمـان هەسـت دەکەیـن بە ئەنقەسـت وای لـێ دەکـرێ، بە ئەنقەسـت بەڕاسـتی بـێ بـایەخ دەکـرێ بـێ ئەرزش دەکـرێ لەلایەن چەنـد لایەنێـك لەنـاو پەرلەمـانی کوردسـتان، ناکرێـت بەڕاسـتی پەرلەمـان لەو حەدەسـە گرنگـانەی کە ئێستا هەیە بە تایبەت کە پەیوەندی بە قوت و ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمـی کوردسـتانەوە هەیە، پەیوەنـدی بە مـووچەوە هەیە بەو دزی و تاڵانکـاریەوە ......... بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـانە چـوار مانگە پەرلەمانی کوردستان کۆنەبۆتەوە، مەعقولە تۆ ڕێگە نەدەی من دوو دەقیقە قسە بکەم....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆسـتا ابـوبکر فەرمـوو، کـاك کـاوە قسـەت کـرد، مـن ڕێـگەت دەدەم، شـتێك کە ڕووی نەداوە مەیلێ، فەترەیەکی دیاری کراو هەیە لەناو ئەم پەیڕەوی ناوخۆیە، هەر بەڕێزێـك کەبـیەوێ قسـە بکات لەسەر خاڵێك ڕوونکردنەوەیەکی دیاری کراوی هەیە هەمـوو رەفیقەکـانی تـۆش دەسـتیان هەڵبڕیوە، هەمان قسەی تۆ دەکەن، هەمان دڵسۆزی تۆی هەیە، مامۆستا ابوبکر فەرموو.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە لە لیـژنەی کاروبـاری پێشـمەرگە بە نووسـراوێکی ژمـارە (٥) لە ٢٠٢٠/٥/١٩ەوە یاداشـتێکمان ئاراستەی بەڕێزتان کردووە، بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان تایبەت بە گفتوگـۆ کـردن لەسەر دۆخـی نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێم، لەگەڵ ئەو بابەتـانەی تـر کە رەهەنـدی دارایــی هەیە، ئەم بـابەتە رەهەنـدێکی نیشـتمانی و نەتەوەیــی هەیە، لەو ناوچــانە لیژنەکەی ئێمە سەردانی مەیـدانی کـردووە، بۆشـایی ئەمنـی هەیە، تیرۆرسـتانی داعـش خۆیـان ڕێکخستۆتەوە، هاووڵاتیانی کورد و پێشمەرگە ڕۆژانە شەهید دەکرێن، هەڵدەکوترێتە سـەر مـاڵە کوردەکان لەو گوندانە کە ئەمە تەعریبێکـی مـونەزەمە جـارێکی تـر ڕوودەداتەوە، پێمـان سـەیرە ئەمە نەخـراوەتە بەرنـامەی کـار، مـن پشـتگیری لە هەمـوو ئەو هەڤـاڵانە دەکەم کە شـکۆی ئەم پەرلەمانەیە کەباسی دەکەن هەیبەتی ئەم پەرلەمانە لەوەیە کە دەست بۆ ئەم مەسـەلە حەیەوی و چارەنووسسازانە بەرێ، بەداخەوە دەتوانرا لەگەڵ ئەم دوو بڕگەیەی کە ئاماژەتان پێی کردووە، دوو بڕگەی تری ئاوا هەستیاریش کە یاداشتەکان لای جەنابتانە بخرێتە بەرنـامەی کـارەوە، بـۆیە بەڕای ئێمە بەرپرسیاریەتی ئەوە لە ئەستۆی ئێوەیە و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمـان و پاشـان هەموو پەرلەمنتاران کە دەبێ لە ئاستی ئەم قۆناغە هەستیارە دابین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـێمە وەکـو لیـژنەی نـاوچە کوردسـتانیەکانی دەرەوەی هەرێـم لە پەرلەمـان لە ٥/١٣ ەوە لە کۆبـوونەوەی لیـژنە بە پێـی پەیـڕەوی نـاوخۆ مـاددەی/٦٦ بـڕگەی یەکەم کە ژمـارەی یاسـایی ئەندامان تەواو بووە واژوومان کردووە و داوای جەلسەی پەرلەمانیمـان کـردووە لەسـەر دۆخـی ناوچە کوردستانییەکان کە گیـانی هاونیشـتمانمان لەو ناوچـانە سـەلامەت نییە و هەڕەشـەکانی داعـش ڕۆژبەڕۆژ بەرەو زیـاد بـوون دەڕوات زەوی و زاریـان کە بژێـوی ژیانیـان لەسـەر زەوی وزاریانە دەسوتێنرێت، داوای دانیشتنمان کرد دەبووایە ئەمرۆ بخرێتە بەرنامەی کـارەوە، ئەگینا بەزووترین کات دەبێت ئەو جەلسەیە بکرێت، چونکە بابەتێکی نیشتمانییە و زۆر گرنگە لە کاتێك دا ئێمە گلەیی لە هەموو ئەو بەرپرسانە دەکەین کە لە کوردستان دەگوزەرێ یەکەم جار گلەیی لە خۆمان بکەین بایکۆتی پەرلەمانمان کردووە و جەلسەمان نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان وەڵامی ئەو نوقتە نیزامیـانە دەدەمەوە، ئەگەر دوای ئەوە پێویسـت بـوو نـوقتە نیزامـی تـر وەربگـرین دڵنیـا بـن وەرتـان دەگـرم، بەڵام بـا وەڵامیـان بدەمەوە، بەڕێزان یەك یەك وەڵامتان دەدەمەوە، سەبارەت بە ڕاگەیانـدنی (٢٧) مليـار دۆلار قەرز لەسـەر هەرێمـی کوردسـتان لەلایەن بەڕێـز سـەرۆکی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانەوە، ئەم دۆسیەیە خۆتان دەزانن ئێستا لەلای دیوانی چاودێری داراییە، ئێمە بە بەردەوامی لە پەیوەندین لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی تەنـانەت ئەم بەیـانیەش قسـەمان لەگەڵ کـردوون ئەوان ئەڵێن ئـێمە یەك شـەممە وردبینیەکانمـان لەسـەر ئەم مەبـلەغە قەرزەی کە ڕاگەیەنـراوە تەواو دەبـێ، دڵنیاتان دەکەینەوە دوای ئەوەی کە وردبینی دیوانی چاودێری دارایی تەواو دەبێ و ئەو لیستە و ئەو خشتە وردبینـی کـراوە دێـتە پەرلەمـانی کوردسـتان دەیـدەینە لیـژنەی دارایـی ڕاپۆرتیـان ئامادە دەکەن، کۆبوونەوەیەکی تایبەت بە ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە ئەم دۆسـیەیە لە پەرلەمـانی کوردسـتان ئەنجـام دەدرێـت، سـەبارەت بە بـابەتی مـووچە و قەیرانەکـان و لـێ بڕینەکـان لەڕاسـتی دا ئـێمە زیـاتر لە یاداشـتێکمان پـێ گەیشـتووە ئەوەی ئەخیریان یاداشتێکە، ئەو یاداشتەیە کە بەڕێز مامۆستا عبدالستار باسـی کـرد فەرمـووی دوێنـێ هێنـاویەتی داوایـان کـردووە کە لە مـاوەی (٢٤) سـەعات دا بخـرێتە بەرنـامەی کـار لەڕووی پەیڕەوییەوە دروستە، بەڵام قسـە کـردن لەسـەر ئەو دۆسـیەیە بە بـێ ئامـادەبوونی حکـومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی و بایەخی خۆی لەدەسـت دەدات، ئـێمە لەو ڕوانگەیەوە لەبەرنـامەی کاری ئەمڕۆ دامان نەنا، بەڵام دڵنیا بن لە ڕێزبەندییەك کە بۆ دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردسـتان دای دەنێین و ئەو بابەتە بابەتێکی سەرەکیمان دەبێ و لە ئێستاشەوە بەر مەبنای ماددەی (٣٠) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم کۆبوونەوەی خۆیان بـکەن بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسـەل بە هاوئـاهەنگی لەگەڵ وەزارەتـی دارایـی، سـەبارەت بە داهاتەکانی هەرێمی کوردستان و خەرجییە گشتییەکانیان و بژاردەکانیان بـۆ ئەو کۆبـوونەوەیە، دڵنیا بن ئێمە ئەوە دەخەینە ناو ڕیزبەندییەکەوە، ئەوان بەخۆیـان کۆبوونەوەیەکیـان کـردووە و داوای ئامادەکردنی راپۆرتێکیان لێ دەکەیـن، سـەبارەت بە دۆخـی تەندروسـتی بەهەمـان شـێوە

دەیخەینە ناو ڕیزبەندییەکەوە، چونکە لیژنەی تەندروستی داوایان کردووە و سەبارەت بە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان و لیژنەی پێشمەرگەش داوایان لێ دەکەم لە ئێستاوە کە ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل بەهەمان شێوە هاوبەش بێ لە نێوان هەردوو لایەن دا سەبارەت بە مەترسیەکان و بەو تەوەرانەی دەیانەوێ قسەی لەسەر بکرێ ئامادە بکەن، ئێمە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دەکەین و داوای ئامادەبوونی وەزیرانی تایبەتمەند دەکەین، سەبارەت بەو دۆسیەییە هەتا ئێوە لیژنەکانی پەرلەمان زووتر ڕاپۆرتەکان ئامادە بکەن ئێمە زووتر کۆبوونەوەکەی پەرلەمان بە ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنێین، سەبارەت بە دەروازە سنوورییەکان بەڕاستی یەعنی یەکێکە لەو بابەتانەی کە زۆر زۆر گرنگە و کاك علی راست دەکات هەوڵێکی زۆری لەو بارەیەوە داوە ڕاپۆرتی بۆ ئێمە هێناوە، ئێمە ئاراستەی حکومەتمان کردووە، حکومەت لەڕابردوودا داوای هەندێك کاتیان کرد لەو بارەیەوە کە ئەوان خۆیان دەست بەهەندێك چاکسازی دەکەن، هەندێك بڕیاریان دەرکردووە پێنج بڕیارە کە هەموویان لیژنەیان بۆ دروست کراوە، ئێمە دەبێ بەدواداچوون بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو بڕیارانە بکەین، ئەگەر نا جارێکی تر جەخت دەکەینەوە بۆ نووسراوەکەی کە پێشتر ناردوومانە، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەکیش سەبارەت بە دەروازە سنووریەکان ئەنجام بدەین، ئامانج لە درێژکردنەوەی هێزی تەشریعی بەهارە بۆ ماوەی مانگێك ئێمە دەمانویست لەڕاستی دا لەوێ باسی بکەین، چونکە دەبێ هۆکارەکەی باس بکەین بۆچی ئێمە دەمانەوێ مانگێك ئەم وەزرە تەشریعیە درێژبکەینەوە، بۆ هەموو ئەو بابەتانەی کە بەڕێزتان ئاماژەتان پێدا و ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی باوەڕمان وایە کە قەیرانەکانی ئێستا کە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە هەمووی هی ئەوەن کە پەرلەمانی کوردستان چەند دانیشتنێکی یەك لە دوای یەك بکات، پێشتریش بە سەرۆکی فراکسیۆنەکانتان وتراوە و ئەوەی کە بەڕێز کاك هێمن ئەیلێت کە ئێمە دەمانەوێ ماوەکە درێژ بکەینەوە، دەمانەوێ وەرزی تەشریعی درێژبکەینەوە بۆ ئەو ئامانجانەی کە لەم کۆبوونەوەیە ئیعلانمان کرد، سەبارەت بە نوقتە نیزامیەکەی برای بەڕێزم کام ئومێد خۆشناو لەڕاستی دا قسەکردن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان هی هەڵوەستە لەسەر کردنە، قەوارەی هەرێمی کوردستان جگە لەوەی کە بەرهەمی خوێنی شەهیدانی گەلەکەمانە، ڕەنج و تێکۆشانی تێکۆشەرەکانییەتی بەرهەمی ئەو ڕەنجە زۆرەیە کە هەزاران ژنی کورد گەنجێتی خۆیانیان لەپێناوی بەخێوکردنی منداڵە بێنازەکانیان دانا فرمێسکی ئەو دایکانەی کە ڕۆڵەکانیان بەجوانەمەرگی لەبەردەستیاندا هەڵگیرا وشەهید بوون، تێکۆشانی چەندان ساڵەی میللەتەکەمانە، بێجگە لەوە کە ئەمە زۆر زۆر گرنگە قەوارەی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستووری باوەڕپێهێنراوە لەسەر ئاستی عیراق و لەسەر ئاستی ناوچەکە و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کە ئێمە هەرێمێکی فیدراڵین و پەرلەمانی کوردستان ئەم پەرلەمانە بەڕێزە لە ساڵی ١٩٩٢ خۆی مەبدەئی فیدراڵیەتی پەسەند کردووە، بۆیە هەر قسە کردنێك لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەم قەوارەیە قسە کردنێکە دەبێ قسە لەسەر مەبدەئی دەستووریەتی ئەو قسەیە بکرێ و قسە لەسەر قانونییەتی ئەو قسەیە بکرێ، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و دڵنیام ئێوەش هەمان بۆچوونتان هەیە پێمانوایە دەکرێ ئاساییە خەڵکی هەرێمی کوردستان، نوخبە پەرلەمانتاران، ڕۆژنامە، ڕاگەیاندنەکان هەچ قسەیەکیان لەسەر

ئەدائی حکومەت و ئەدائی پەرلەمان و ئەدائی سەرۆکایەتی هەرێم هەر دامەزراوەیەکی تری ئەم دەوڵەتە هەبێ، دەکرێ قسەیان لەسەر سیستم هەبێ، هەر شێوازە قسەیەکیان هەبێ دروستە و ڕێپێدراوە و دەچێتە چوارچێوەی ڕا دەربڕین و ڕادەربڕینی ئازادانە کە هەمووومان دەبێ ڕێزی بگرین، بەڵام قسە کردن لەسەر قەوارەی هەرێمی کوردستان قسە کردنێکە کە نابێ ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان قبوڵمان بێت، چونکە قسەیە لەبەرامبەر مەبادئی دەستووری کە باوەڕمان پێی هێناوە و دەنگمان پێی داوە، قسەیە لەبەرامبەر یان بابڵێین ناکۆکە لەگەڵ ئەو بڕیارەی کە لێرە لە پەرلەمانی کوردستان بۆ تەسبیت کردنی فیدڕاڵیەت وەکو مەبدەئ لەساڵی ١٩٩٢ دراوە و هەرێمی کوردستان قەوارەکەی دیفاکتۆیەك بووە بۆ پێش ٢٠٠٣ و دوای ٢٠٠٣ ش بووە بە هەرێمێکی دەستووری کە لەسەر هەموو کەسێك پێویستە ڕێز لە دەستووریەت و قانونییەت و گەورەیی ئەو قەوارەیە بگرێت، بەڕێزان ئەگەر دوای ئەمە دوای ئەوەی کە دەزانم کۆبوونەوە بۆ ئەوە دەکرێت و ماوەکە بۆ ئەوە درێژ دەکرێتەوە قسەیەکتان هەیە وەکو نوقتە نیزامی وەرتان دەگرین ئەگینا دەست بە بەرنامەی کارەکەمان بکەین، جیاوازە لەو شتانەی کە وتراوە روپاك خان؟ فەرموو.

**بەڕێز روپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ سەرجەم ئەو هاوڕێیانەی کە باسیان لە مووچە و قوتی خەڵك کرد، ئەو یاداشتانەی کە ئێمە داومانەتە دەستەی سەرۆکایەتی و بەڕێزت وەڵامت دایەوە، من خاڵێکی تری پەیڕەوی هەیە کە بڕیاری ژمارە (٣٧) لە ٢٠٢٠/٦/١٤ هەڵوەشاندنەوەی پارێزبەندی لەلایەن بەڕێزتەوە درا لەسەر پەرلەمانتار (سۆران عمر) کەلەلایەن بەڕێزتەوە دەرکرا، ئایا نێردراوە بۆ وەقائیع؟ یان ئایا کەنگی دەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە و جێ بەجێ دەکرێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لەڕاستی دا من پێم خۆش نەبوو ئەمە بکەین بە بابەتی کۆبوونەوەی پەرلەمان، بەڵام بەڵێ ناردوومە بۆ وەقائیع هەر کاتێك لە وەقائیع بڵاوبووەوە قوەتی ئیلزامی وەرگرت ئەو کات دەینێرین بۆ دادگاکانی ئیستئناف، بەڵێ کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی/٥٨ تەبعەن هەموومان دەزانین ئەرکی لەپێشینەی پەرلەمانتار جگە لە یاسا دەرکردن بەدواداچوونە، لەو کاتی کەرەنتینەیە بۆ خۆم بەدواداچوونێکی زۆرم کردووە زۆرینەی پرسیارەکان ئاراستەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان کردووە، پرسیارەکانم هەمە چەشنە بووە، تا ئێستا وەڵامی یەك پرسیارم وەرنەگرتووەتەوە، دوو نموونەی بەسیت دەهێنمەوە، بزانە پرسیارەکانم گرنگە یان نا؟ یەکەم شت لەڕۆژی ٣/٥ پرسیارم ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی کردووە و وتوومە، ئایا لەم پەرلەمانە بەڕێزە داوامان کرد و گوتمان هەموو فەرمانبەرێك کارتێکی بانکی بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی حسابێکی هەبێ و پارەکەی بۆ بخرێتە سەر ئێستا نە پارە هەیە و نە حساب هەیە، پرسیاری کردووە وتوومە ئەم لیستەی کە بڵاودەکرێتەوە ئەم حەیاچوونەی خەڵك کە لە وێب سایتەکان دا دوا ئەکەون، چونکە هەموومان قەرزارین، هەرچی

میللەت هەیە قەرزارە، قەرزارەکە تەلەفونت بۆ ئەکا مامۆستا بەیانی مەعاش وەردەگیرێ کە مەعاش وەرناگیرێ، ئەم لیستەیەلە پای چی، ئەم پارەیەی کە ئێستا لەژێر دەستی حکومەت دایە (٤٠٠) ملیارە و (٢٠٠) یە بۆ لەیەك رۆژدا تەوزیع ناکرێ بۆ لە سێ رۆژ دا تەوزیع ناکرێ، بۆ نایدەن، من لێرەوە دیسانەوە داوا دەکەم بەڕێز وەزیری دارایی و بەڕێز هەرکەسێك بەرپرسە سەرۆکی حکومەت وەڵامی ئەم پرسیارە و وەڵامی ئەم لیستەیە چییە، ئێستا ئەم لیستەی هاتۆتەکایەوە پارەکە لەبەردەستیانە خانەنشینیان ٧/٢٧ ئەی هاوار ئەمە لە کوێ هەیە، بە (٢٧) رۆژ مووچەیەك تەوزیع بکەی؟ پرسیاری تریشم ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ کردبوو، ئەمە زۆر زۆر گرنگە ئەمە گەندەڵیەکە لە ناو وەزارەتی ناوخۆدا، ئێمە هەموومان دەزانین وەزارەتی ناوخۆ (١٦٠) هەزار بەلایەنی کەمەوە ئەندامی هەیە، پێشمەرگەی (٢٠٠) هەزار، ئەمانە بەپێی یاسا وەڵامەکانی وەزارەتی ناوخۆ کە هەموو ساڵێك هەموو کارمەندی بۆی هەیە دوو دەست جلی وەربگرێ، بە زستانە و بە هاوینە، دەستی بە (١١٠) هەزار بەلایەنی کەمەوە دراوە، لە ساڵی ٢٠١٣ ەوە یەك کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ بپرسن و لیژنە دروست بکەن یەك کەس یەك جل یەك کراسی وەرنەگرتووە، پارەکە دراوە بە کۆمپانیا و کۆمپانیا ناوی لای من هەیە و یەك کەس وەری نەگرتووە و تا ئێستا وەزارەتی ناوخۆ جوابی نەیاومەتەوە، با من بە بەسیتی ئەو پارەیە چەندە، لە (٤٠٠) ملیارەکە........ دکتۆرە ئەم قسەیە دەکەم دەرۆمە دەرەوە..... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان جا چۆن دەبێ قسە بکەیت و برۆیتە دەرەوە، گوێ لە خەڵکی تر بگری، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاممان بەنەوە، (٢٠٠) هەزار دینار زەربی (٣١٢) هەزار نەفەر بکە، زەربی دووجار لە مانگێك دا لەساڵێك بیکە زەربی ٢٠١٣ و ٢٠٢٠ بزانە چەند پارە لەم وڵاتە خراوەتە ناو وەزارەتی ناوخۆ، وەڵامم دەوێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك محسن فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێت من خاڵێت پەیڕەوەی نینە، ئەگەر جەنابت ڕێ دا دێ ئاخافتنێت بەردەوام بم، وەکی جەنابێ وە ئاگادارن ل سنوورێت هەرێما کوردستانێ شەرکا نەخوازراو پەیدا بووە و خەڵکی مە سڤیل بکا قوربانی، ئەو جارێ بناڤێ خۆ و ب ناڤێ پەرلەمانێ کوردستانێ حەزکەم سەرەخۆشیێ ل ماڵباتێ وان دکەم هاوبەشێت خەما وانین، ئەڤ بابەتە هەمی سنوورێت هەرێما کوردستانێ گر، بەڵام من دڤێت تنها لەسەر دەڤەرا شیلادزێ و دەروبەرێ ڕاوەستم، چونکی بەڕاستی شیلادزێ نووکە بوویە زیندانەکا گەلەکا بچووك خەڵکێ مە هەموو حەصری تێدادان، ئەو دەڤەرێت کو خەڵکی گوندێ مە ل دەڤەرا ڕێکانیا و نێروە و دۆسکییە گوندێت کو دکەڤنە جوگرافیی تورکیادا، ژ بەر وی شەڕی نەخوازروی سەپاندن بۆ ڤێ مەنتەقێ و گوندێت کەڤنە سنووری تورکیا دێ قەڕەبوو کرن ژ لایێ حکومەتا تورکیاڤە، ئەوە سی ساڵە خەڵکێ مە ئاوارەبی

ژ وان گوندا هەمی محاصرە بین، هەتا نوکە یەك کەس نەهاتیە قەرەبـوو کـرن، ئەز دخـازێ دکەم لیژنەیەك بێتە پێك ئینان کەیسەك بێتە ڤە کرن، دگەل حکومەتا بەغدا موناقەشەیی و خەڵکی مە بێتە قەرەبوو کرن، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك د.ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەپێی ماددە/١٨ لەپەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان لە ئەرك و دەسەڵاتەکانی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە (١٤) ئەرك و دەسەڵاتە، بەو شێوەیە نەهاتووە کە بەڕێــز ســەرۆکی پەرلەمــان بە نووســراوێك بتــوانێ مــافی گەڕانەوەی پارێزبەنــدی بــۆ پەرلەمانتــارێکی بەڕێــز کە پارێزبەنــدی بــۆ هەڵگیــراوە لەســەری و بە نووســراوێك بڕیــارێکی تەشــریعی هەڵوەشێنێــتەوە، بڕیــاری تەشــریعی دەبــێ ئــیللا بە بڕیــاری تەشــریعی هەڵدەوەشـێندرێتەوە، ئەگەر بێتـو نووسـراوێکی بەڕێزتـان هەڵبوەشـێتەوە، ئەوا پێویسـت بە پەرلەمان ناکات و پەرلەمان داخەین و بچینە ماڵی خۆمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ڕای خۆتە، کاك نزار فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، مـن دوو خـاڵی پەیـڕەویم هەیە حەزدەکەم ئامـاژەی پـێ بـکەم زەحـمەت نەبێ....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دەرفەت بدەن بۆ ئەوەی کـاك نـزار قسـەکانی بکـات، کـاك د.ڕێبـوار بـێ دەنـگ بە، کـاك نـزار جەنابت بەردەوام بە فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، نزار سورچی لە فراکسیۆنی پارتی، دوو خاڵی پەیڕەویم هەیە ئەگەر گوێم لێ بگرن زەحمەت نەبێ، یەکیان لە ماددەی/١٢ لە خـاڵی/٣ کە بـاس لە سـوێند خـواردنی یاسـایی دەکرێت، ئێمە کە لێرە لە پەرلەمان سوێندی یاسایی دەخۆین دەبێ ئێمە بەرپـرس بـین بەرامبەر بەو سوێند خواردنە یاساییە، کە باس لە یەکێتی گەل و پاراسـتنی خـاك دەکـات، بـۆیە پێویسـتە ئێمە وەکو پەرلەمان هەڵوێسـتمان هەبـێ لەسـەر شـکاندنی ئەم سـوێند خـواردنە، ئەمەیـان یەك، هەرکەسێك کە داوای سڕینەوەی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکات دەبێ بەرپرس بێ لەو سوێند خواردنە، بۆیە داوا لە بەڕێزتان دەکەم کەوا هەڵوەستەمان هەبـێ لەسـەر مـاددەی/١٢ خـاڵی/٣ کە بـاس لە سـوێندخواردنی یاسـایی دەکرێـت، ئەمەیـان خاڵێـك، خـاڵێکی تـرم بەڕێـز سەرۆکی پەرلەمان، لێرەوە داوا دەکەم هەر دوو وتەی بەڕێز کاك سیروان و ڕوپاك خـان لە خـاڵی پەیڕەوی نەبوو بۆیە داوا دەکەم لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سیروان تۆ جوابی مەدەرەوە، من قەرار دەدەم لای دەبەین یان لای نادەین، پێویست ناکات تۆ جواب دەیتەوە، ئەگەر دووبارەیە ئەم شتانە دەست بە بەرنامەی کار دەکەین، دەست بە بەرنامەی کار دەکەین زۆرمان وەرگرت، مامۆستا تۆ لە من باشتر دەزانی بۆچی پەرلەمان دانیشتنەکانی نەکردووە، ئەزانی چی تۆ لە من باشتر دەزانی بۆچی دانیشتنەکانی پەرلەمان نەکراوە، هەچ کەسێك قسە بکات، حەز ناکەم تۆ قسە بکەی، حەز دەکەم دانیشی، مامۆستا عبدالستار فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، بەلای منەوە دوو قسە هەیە ئەگەر زەحمەت نەبێ گوێ بگرن، والله سەبارەت بەو بابەتەی کە باسکرا قەزیەی قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئێمە ئێستا بۆ ڕای گشتیش....

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ببورن ئەو دەرفەتە مامۆستا عبدالستار بە نووسراو داوای کردووە، بە تایبەتیش بۆیە ئەو دەرفەتەی دەدەینێ، لەبەرئەوەی سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵە، بۆیە ڕەئییەکەمان پێ دەڵێت، فەرموون.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قەوارەی هەرێمی کوردستان ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە ئەم قەوارەی هەرێمی کوردستانە دروست بووە، خوێنیشمان لە پێناوی دا ڕشتووە، من لە بارەی خۆمەوە گچکە بوومە (١٧) ساڵ بوومەتە پێشمەرگە بۆ کوردستانێکی ئازاد ببینین، وازمان لەمەکتەب هێنا و وازمان لە هەموو ژیانی خۆمان هێنا ئەو کات لە (٨٧)، یەعنی نەك هەر ئێمە بوونی ئەم قەوارەیە بە پێویست دەزانین، بەڵکو ئێمە دەوڵەتێکی سەربەخۆ بە پێویست دەزانین بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەم دەوڵەتە لەسەر ئەساسی دادگەری بێ، لەسەر ئەساسی موئەسەسات بێ و لەسەر ئەساسی یاسا سەروەر بێ، یەعنی قەوارەی هەرێمی کوردستان پرسیار دەکەم بە قسەو نووسینی یەکێکی دیکە هەڵدەوەشێتەوە؟ کاکە قەوارەی هەرێمی کوردستان بە زوڵم هەڵدەوەشێتەوە، بە فەساد هەڵدەوەشێتەوە، بەخراپە هەڵدەوەشێتەوە، بە جێبەجێ نەکردنی یاسا هەڵدەوەشێتەوە، حەقیقەتەن، ئایا کێ خەڵکی وا لێ کردووە دەپرسم یەعنی بەرپرسیارانە با قسە بکەین، با ئەم قەزیەیە تاوتوێ بکەین، کێ وای کردووە و چی وای کردووە خەڵك بێ ئومێد بێ، کاکە با قەوارە هەر نەمێنێ، یەعنی هەر یەك کەس وای وتووە؟ برۆ دەجار لە شەقام پرسیار بکە خەڵك بێ تاقەتە، خەڵك نیگەرانە، خەڵك ژیانی نەماوە، .......... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڵێ زۆر سوپاس، سەرچنارخان فەرموو.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاری پەرلەمانتاری ڕاستی لەڕووی یاساییەوە بەرزکردنەوەی یاداشتە، واجبی سەرۆکایەتی پەرلەمانیشە ئەگەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ کاربکات، ئەبێ وەڵامی ئەو یاداشتانە بداتەوە کە ژمارەی یاسایی پەرلەمانتاران پێشکەشی دەکەن، بە پێی ماددەی/٦٦ بڕگەی/١ ئێمە حەڤدە پەرلەمانتار یاداشتمان لە ٥/٢٧ مانگێك و دوو ڕۆژە ئێمە یاداشتمان داوە لەسەر ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت ئیعلانی کرد کە هەرێم (٢٧) ملیار قەرزارە، یەعنی ئێستا ئەو ڕوونکردنەوەیە ئێمە داوامان کرد کە سەرۆکی حکومەت لەگەڵ جێگرەکەی و لەگەڵ وەزیری دارایی بێن ڕوونکردنەوە بدەن بە پەرلەمان تا ڕای گشتی خەڵك بزانێ لەسەرچی و ئەم قەرزە چۆن کراوە و لەچیا کراوە و لەچیا سەرف کراوە؟ ... با قسەکەم تەواو بکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ڕاوەستە، من فکرەکەت پێ بڵێم، ئێمە خۆمان دامانناوە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر قەرزەکان بکەین، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی لە دوای ووردبینی کردنی خشتەکە بۆ ئێمە بنێرێ، حەقیەتی حکومەتە کە ئەم خشتەی قەرزانە کە ئیعلانی کردووە بینێرێ بۆ دیوانی چاودێری دارایی کە دەستەیەکی سەربەخۆیە هەمووومان لەم پەرلەمانە دەنگمان پێیداوە و بووە بە قانوون کە بەو قانوونە ئیشەکانی خۆی دەکات و بەبەردەوامی من لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی دەستە قسە دەکەم و پەیوەندیمان هەیە، هەر کاتێك وردبینیەکە تەواو بوو دڵنیا بن لەوەی دانیشتن دەکرێت، مەگەر دانیشتن بکەین وردبینی نەکرابێ خشتەکە، ئیقرار نەکرابێ، حکومەت ئامادەنەبوو حەز دەکەن بەیانی دانیشتن دەکەین، بەڵام سوودی نییە ئەبێ هەموو ئەو عناصرانەی تەواو ببێ کە تەواو بوو ئێمەش لە دەستەی سەرۆکایەتی وەکو ئێوە جێی ئیهتمامنانە بزانین ئێمە (٢٧) ملیار قەرزارین و ئەگەر قەرزارین بۆچی قەرزارین؟ لە کێمان قەرز کردووە؟ لەبەرئەوە پێتان وانەبێ ئێمە نامانەوێ کۆبوونەوە بکەین، ئێمە دەمانەوێ کۆبوونەوە بکەین و دۆخێکی تایبەت هەبووە، جگە لە دۆخی تەندروستی ئێمە ویستوومانە نەفەسەکان هێور تر ببنەوە، بۆ ئەوەی کۆبوونەوەیەك بکەین جێی خۆی بگرێ، هەمووشتان لە من باشتر دەزانن ئەنجام نەدانی کۆبوونەوە لە ماوەی مانگێك مانگی ڕابردوودا لەبەرچی بووە، لەبەرئەوە با ئێمە قسەیەك بەرامبەر بە یەکتری نەکەین کە خۆمان لەناو واقیعەکەین، ئێمەش لەگەڵ ئەوەین کۆبوونەوە لەسەر قەرزەکان بکرێ، گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان سعيد حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەپێی ماددە/ ٥٦ لە بڕگەی/١ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان دەمەوێ باس لەسەر پرسی چاکسازیەکانی هەرێمی کورستان بکەم چ چاکسازی گەورە و چاکسازی ژنان و منالان، دیارە لە ئێستادا مەترسی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا لەناو ئەو زیندانیانە زۆر لە پەرەسەندندایە و بۆتە جێگەی بەڕاستی فشار بۆ ئێمەش وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی مافی مرۆڤ، بۆیە زۆر بە پێویستی دەزانم ئەم پەرلەمانە بەڕێزە ئاگادار

بکەمەوە لەوەی کە نەخۆشییەکە لەناو سزادراوان دا هەیە و پێویست بەوە دەکات هەروەکو وڵاتانی دراوسێ کە لێبوردنی گشتییان دەرکردووە، بیر لەوە بکەینەوە لێبوردن یاخود ئێمە بتوانین ئیجازەی ماوە درێژ بدەین بەو سزاداراوانەی کە شمول دەکەن ماددەکانیان و ماددەی سوکن، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو قورسایەتییە گەورەی کە لەسەر چاکسازییەکانە کەمی بکەینەوە، ئەو ئیجازانە بە پێی ئیفراجی شەرتی بێت و بەپێی کەفائەت و بە پێی تەنزیم کردنی ئەوە بێ کە دوای ماوەیەك ئەوانە بگەڕێنەوە ماوەی سزاکانیان تەواو بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گلستان خان ئێوە لە لیژنەی خۆتان کۆببنەوە و یاداشتێك بدەنە دەستەی سەرۆکایەتی کە دەتانەوێ چۆن بێ، داواتان لێ دەکەم لەگەڵ دەستەی مافی مرۆڤیش قسەیەك بکەن، یان ئەوان یاداشتێکیان بۆ پەرلەمان ناردووە، ئێمە دەتوانین یاداشتەکەی ئەوانتان بە تێبینییە قانوونییەکانی خۆمانەوە ئاراستە بکەین، بۆ ئەوەی کە ئێوە ئەگەر قسەیەکتان هەبوو لە دوای ئەوە دەتوانن کۆبوونەوەیەك بکەین بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی/٢ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان داهاتووە، پەرلەمان لە هەرێم دا باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانان و چاودێریی کردنە، بۆیە ئەرکی ئەم پەرلەمانە لە هەندێك بابەت دا قسەی هەبێت، بینیومان کە لە ماوەی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستان دا کەسانێك بوونە بانگەشەکاری ئەوەی کە کۆرۆنا بوونی نییە و ئەم نەخۆشییە وجودی نییە لە هەرێمی کوردستان دا، ئەنجامەکەی ئەوەیە کە ئێستا نەخۆشخانەکان پڕن لە خەڵك و خەڵك بەدەیان کەس بوونەتە قوربانی و خەڵك گیان لە دەست دەدەن بەهۆی ئەم بانگەشەکارانەوە کە هەندێکیان کەسایەتی سیاسی دیار بوون کەناڵەکانیان و هەموو شتێکیان بەکارهێنا، بۆ ئەوەی خەڵك ساردبکەنەوە لە خۆپارێزی و لە خۆلادان لەم نەخۆشییە، ئێمە داواکارین کە لایەنی جێ بەجێ کردن لەم بابەتەدا و ئێوەش هەڵوێستتان هەبێ وەکو پەرلەمان بە هەموومانەوە بزانین کەچیان بەرامبەر بەم کەسانە، چونکە بەڕاستی حکومەت نابێ سەیری ئەم کەسانە بکات کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە خەڵك گیانی بەرەو مردن بچێ، خاڵی دووەم لە ماددەی/٥٤ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا لە شێوازی گفتوگۆ لە دانیشتنەکانی پەرلەمان لە خاڵی/٤ باسکراوە هیچ پەرلەمانتارێك بۆی نییە دووجار لەسەر بابەتێك قسە بکات لە کاتێك دا بەڕێزت تەنها بۆ موراعات بەشێك لە قسەکان ڕێگەیان پێ دەدەی، بۆیە سەرۆکی فراکسیۆن یان هەر کەسێکی دیکە بۆی نییە دووجار قسە بکات لەسەر بابەتێك کە بابەتێکی حەساس و هەستیارە جەنابت زۆر بەجوانی ڕوونت کردەوە ئەم هەرێمە و ئەم قەوارە سیاسییە موڵکی هەموو لایەکە دەکرێ ڕەخنەی لێ بگیردرێت، ڕەخنە لە حکومەت لە پەرلەمان و لە ئەدای هەموومان بگیرێت، بەڵام کەس بۆی نییە بێ ڕێزی پێ بکات، بۆ ئەوەی ئەم پەرلەمانەیە لێرەوە ئێمە ئەو فکرەیە گەڵاڵە دەکەین کە بەشێوەی یاسا ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ئەم جۆرە بابەتانە بوروژێنن وەکو تاوانباری نیشتمانی یان خیانەتی نیشتمانی سەیری ئەم هەڵوێستانەیان بکرێت، ئەرکی

پەرلەمانە کە ڕێگری لەم شتانە بکات، پەرلەمان موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە، موڵکی هیچ حیزب و لایەنێك نییە، قەوارەکەش بەهەمان شێوە، بۆیە ئەم دەستتکەوتەی کە لە هەر چوار پارچەی کوردستان دا شتێکە کە خەڵکی کورد پێی بنازین ئەبێ بپارێزرێ و ڕێزی لێگیراو بێ، هیچ بێ ڕێزیەکیش قەبوڵ نەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس گەیشت، دەست خۆش، دەرفەتدان بە کاك عبدالستار لە بۆ بابەتێکی جیاواز بوو، مامۆستا عبدالستار، بەڕێزان، کاك ئومێد دەرفەت دەدەی بێ زەحمەت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان، قەوارەیەکی دەستووری قانونی باوەڕپێکراوە، بە قسە هەڵناوەشێتەوە، بەڵێ مامۆستا عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، لەسەرەتا دا دەستخۆشی جەنابت دەکەم کە ئاخیری لێگەڕای دوو کەلیمە قسان بکەم، چوار، پێنج مانگ کۆنەبووینەتەوەو قسەیەکی نەکەین، سوێندیش بخۆی ئەم قورئانە دەمان سووتێنێ ئەگەر پێی هەڵنەستین، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەم هەموو تۆپباران کردنەی کوردستان نەخرایە بەرنامەی کار ئیدانە بکرێ، ئەوە پرسیارێکە با جوابمان بدەنەوە، باشە بۆ پەرلەمانتار جوابی پەرلەمانتار بداتەوە، ئایا ئەوە نا مەعقولی نییە؟ ئایا پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆ نییە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە خۆ بە زۆرینە و کەمینە نییە، ئێستا بەڕێزێکی وەکو کاك عبدالستار کە ئەوەی کەوا کەمترین دەنگی هێناوە لە پەرلەمانی نوێنەری خەڵکە، بەڕاستی قسەکانی بەڕێز کاك پێشەوا من داوا دەکەم هەمووی بسڕێتەوە لەبەرئەوەی هەمووی نایاسایی بوو، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك پێشەوا تەواو، ئێمە بڕیار دەدەین کە قسە دەسڕێتەوە یان ناسڕێتەوە، سەبارەت بە بابەتی تۆپباران ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی بەیانامەمان دەرکرد و ئیدانەمان کرد، هەر ئێمەش کەلیمەی ئیدانەمان بەکارهێنا، من تەسەور دەکەم تەعبیرمان لە ئێوەش کردبێت بەوە، بەڵام ئێمە ناتوانین بەناوتانەوە بڵێین ئەگەر یەعنی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان نەکرابێ، کاك د.کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من حەز دەکەم لەم پەرلەمانە لەدوای دوو سێ مانگ کۆنەبوونەوە لایەنی کەم با هەندێك باسی کێشەی خەڵك بکەین، وەکو هەندێك لەو بەڕێزانە باسی کێشەی خەڵکیان کرد، منیش حەز دەکەم سەرباری ئەوە بکەم، بەڵام داوا دەکەم کە پەخشی ڕاستەوخۆ ڕانەگیرێ، من تەشهیر ناکەم و هیچ ناکەم، بەڵام ئەگەر پەخشی ڕاستەوخۆ ڕابگیرێ ئەوا دڵنیا بن لەناو ئەندامەکانی خۆمان هەیە پەخشی دەکات بۆ خەڵك، لەبەرئەوە با شتەکان بە شەفافی و وازحی بڕوات، نوقتەی یەکەم/ ......... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

والله پرسیارم هەیە، هەر بەجدی، یەعنی چۆن ئێمە جارێ ئێمە پەخش ڕاناگرین، جەنابت دەتوانی وەکو هەموو پەرلەمانتارێکی تر قسە بکەی، بەس یەعنی چۆن ئەگەر ئێمە پەخش ڕاگرین؟ .کاك د.کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەعنی ئێمە لێرە هەموومان نوێنەری خەڵکین، ئەو قسانەی دەیکەین بۆ خزمەتی خەڵکە، ئەگەر هەر کەسێك بیەوێ قسەکانی ئێمە نەچێتە بەر گوێی خەڵك بۆ خۆمان ئەیگەیەنین، بە کورت و موختەسەری ئەوەیە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان.**

تەواوە بەڵێ کاك د.کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەوەی کە ئێمە حەز دەکەین باسی کێشەی خەڵك بکەین، بەڕاستی ئەم پەرلەمانە، لەبەرئەوە بێ دەسەڵات بووە، لەبەرئەوە بەو شێوازەی لێ هاتووە، لەبەرئەوەی خۆمان وەکو پەرلەمانتاران و دەستەی سەرۆکایەتی بڕیارمان داوە کە پەرلەمان بەو شێوازە بێ، ئێستا من نموویەکی بەسیت بۆ جەنابت دێنمەوە، پەرلەمانی عیراق کە ئەوەتا لە تەنیشت خۆمان دایە حکومەتی عیراق بڕیاری دا نزیکی ٥ - ١٠% ی مووچەخۆران ببڕێ و بڕی، دوای پێنج ڕۆژ تەنها پێنج ڕۆژ پەرلەمانی عیراق بڕیاری دا کە ئەو لێبڕینە نایاساییە و لە دوای پێنج ڕۆژ سەرجەمی ئەو لێبڕینانە گەڕێنرایەوە بۆ مووچەخۆران و فەرمانبەران، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان بە نایاسایی، بەبێ هیچ پاڵپشتیەکی یاسایی هاتووە بە زۆرەملێ و بە زوڵم ٢١% ی مووچەی مووچەخۆران و فەرمانبەران و پێشمەرگە و خانەنشینانی بڕیوە، پەرلەمانی کوردستان ئێمە ئیشمان لە حکومەت چییە، فەرموون ئەوە خۆمانین نیسابی یاسایی تەواو بووە هەموو فراکسیۆنەکانی لێیە، لێرە با وەکو پەرلەمانەکانی دنیا و پەرلەمانەکەی تەنیشت خۆمان کە عیراقە بڕیار بدەین و بڵێین ئەو لێبڕینەی کە لە فەرمانبەران بڕدراوە نا یاساییە و حکومەت مولزەم بکەین بە بڕیارێکی پەرلەمانی کە ئەو ٢١% بگێڕێتەوە بۆ فەرمانبەران، ئەمە نوقتەی یەکەم، خاڵی دووەم/ ئەگەر حکومەت و ئەو کەسانەش کە ئەوەندە بانگەشە بۆ حکومەت دەکەن کە بە خەمی تەندروستی خەڵکەوەیە، من لێرەوە پێیان دەڵێم ئایا کۆرۆنا خەتەرترە یان سەرەتان (شێرچەندە)، کە شێرپەنجە و سەرەتان کوشندەترە، ئەی بۆچی حکومەت (١١٠) ملیار دیناری سەندوقی کۆمەکی شێرپەنجەی دەرهێنا و بردی و کەسیش نازانێ ئێستا لە کوێیە و بیگەڕێنێتەوەو نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی هیواو نانەکەلی و دهۆك، خۆیان لە گیرفانی خۆیان بەشێك لە دەرمانەکان دەکڕن و خۆیان لە گیرفانی خۆیان کرێی تەکسی و هاتووچۆ و ئەوانە دەدەن، ئەی ئەوە تەندروستی خەڵك نییە، ئەی ئەوە قوڕبەسەری و داماوی خەڵك نییە، لەولاوە مووچەکی ببڕی و والله هاتوون لەڕێگا دوکانێکی لەفە فرۆش وتی دکتۆر لە ٢٠١٣ ەوە دۆخی وا ناخۆش بەسەرمان دا نەهاتووە ڕۆژی حەفتا لەفەی فەلافل نافرۆشم کە دەکاتە سی وپێنج

هەزار دینار، دوو کەس لە دوکانێك دا ئیش دەکەن، یەعنی مەعقول نییە دۆخی خەڵك وای لێ هاتووە، ئێمەش هاتووین لێرە باسی هەندێك بابەتی لابەلا دەکەین، لەبەرئەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە خۆمان بڕیار دەدەین ئایا ئەم پەرلەمانە بە قوەتە یان لاوازە، تکاتان لێ دەکەم دوو خاڵتان خستۆتە ناو بەرنامەی کارەوە نازانین لە کوێ ئەم دوو خاڵە هاتۆتەخوارەوە، ئەوە هەر لە پەراوێزی بەرنامەی کار بێ، دەنگدان لەسەر درێژکردنەوە، یەعنی ئەمڕۆ کۆبووینەتەوە بۆ ئەوەی کۆببینەوە، هەر ڕێك بەرنامەکە وایە دەڵێ درێژکردنەوەی خولی پەرلەمان بۆ مانگێکی دەوێ، ئێ باشە دوای ئەوە چی، ئەی بۆ ئەمڕۆ باسی لێبڕینی مووچە نەکەین، ئەو لێبڕینی مووچەیە زۆر سوپاستان دەکەم کە گوێتان لێ گرتم، ئەو لێبڕینی مووچەیە، ئەگەر بکەوێتە لیژنە و لیژنەکاری با دوا بکەوێ و با بڕوات و سێ چوار مانگی بەسەردا دەڕوا و پاشەکەوتی مووچە ئاو بێنە و دەستێ بشۆ، هیچی نامێنێتەوە، ئەمە کێشەی سەرەکی خەڵکە، تکاتان لی دەکەم وەکو پەرلەمان با هەیبەت بگێڕینەوە بۆ ئەم پەرلەمانە بەهەموومان باسی ئەم بابەت بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەو دوو بابەتەی لەناو بەرنامەی کارن هیچیان لاوەکی نین، چونکە ئێمە لە دوو بەیانییەوە دەچینە ناو پشوو وەرزی تەشریعیەوە، ئەگەر ماوەی وەرزی تەشریعی خۆمان درێژنەکەینەوە لە ۷/۱ ەوە ناتوانین هیچ کۆبوونەوەیەکی ئاسایی بکەین، لە کاتێك دا ئێمە ڕیزبەندیەکمان هەیە بەو یاداشتانەی کە بەڕێزتان پێشکەشتان کردووە، سەبارەت بەو بابەتە گرنگانەی کە ئاماژەمان پێی داوە ئەبێ هەموو ئەو بابەتانە کۆبوونەوەیان بۆ بکەین، لەبەرئەوەی بابەتێکی لاوەکی نییە، ئەوەی دووەمیان ئەوەی بڕگەی یەکەم، ئێوە بەڕێزتان بۆتان نییە هیچ پێشنیازە بڕیار و یاسایەك پێشکەش بکەن بۆ هیچ بابەتێك، بۆیە ئەوەی کە جەنابت عەرزی دەکەی ئەوەی کە پەرلەمان بڕیار بدات بە ئەو لێبڕینە ڕەد بکاتەوە، ئەگەر ئەو بڕگەیە نەبێ پەرلەمانتاران ناتوانن ئەگەر مەشروعێکیشیان نەبێ و بیرۆکەیەکیشیان نەبێ بۆ ڕەدکردنەوەی لێبڕین ناتوانن پێشکەش پەرلەمانی بکەن، لەبەرئەوە هەردووکیان گرنگە و هەردووکیان نەخشەڕێگەی زەمینەسازییە بۆ کۆبوونەوەکانی ئاییندەمان، بەڕێزانم ئەندامانی پەرلەمان با دەست بە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکە بکەین، با بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار جێ بەجێ بکەین هەر کەسێکمان وەرنەگرت، مژدە خان، بەڕێزان با بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار جێ بەجێ بکەین، هەم نوقتە نیزامیەك مابوو وەرمان نەگرت بوو وەری دەگرین، بەڵام ئەوە منە تووشی مەلەل بووین لە وەرگرتنی ئەو نوقتە نیزامیە، کاك بژار فەرموو، وەرتان دەگرین لەدوای جێ بەجێ کردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییە:

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنە

لیــژنەی کاروبــاری یاســایی رۆژی چوارشــەممە رێکەوتــی ٢٠٢٠/٥/١٣ کــاتژمێر (١٢)ی نیــوەڕۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا، بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت بۆ دانیشتنی دەنگدان سەبارەت بەو بڕیارە تەشریعیەی کە تایبەتە بە درێژکردنەوەی مـاوەی پێشـکەش کردنـی پێشـنیازە یاسـای بڕیارەکان لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە بەدەرلە حوکمی ماددەی/٨٢ لە پەیڕەوی نـاوخۆ، دوای کۆبوونەوە لیژنەکەمان گەیشتە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

سەبارەت بە ناوونیشان هیچ پێشنیارێك نییە، وەك خۆی، (بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك یەك دەیخەینە دەنگدانەوە، بەڵێ لە ناوونیشانەوە دەیخەینە دەنگدان، وەرت دەگـرمم کـاك جـلال دوای ئەو وەرگرتنـانە، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە ناونیشـانی بڕیــارەکە بەو شــێوەیە بــێ کە بەڕێــز ســەرۆکی لیــژنەی یاســایی خوێندیەوە، با دەست بەرز بکاتەوە؟ بڕیـاری ژمـارە (٥) ئەوە ناونیشـانەکەیەتی، زۆر سـوپاس بە (٥٩) دەنگ پەسەند کرا، کاك جلال فەرموو شتێکی هەیە.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە مـن بڕیـاردەری لیـژنەی یاسـاییم تـێ دەگەم کە بەپێـی مـاددەی/٩٠ بـڕگەی/٣ لە جەلسـەی دەنگدانـدا هـیچ پێشـنیازێکی تـازە وەرنەگیـرێ، بەڵام بەخۆتـان دەزانـن هەر بەپێـی مـاددەی/٢٣ بـڕگەی/٧ ئـێمە وەکـو فراکسـیۆنی گـۆران لە جەلسـەی پێشـووتر، واتـا جەلسـەی موناقەشـە ئامادەنەبووم، بۆیە دەمەوێ لێرە ئیزافەیەك بکەم و ئەویش ئەوەیە بۆ ئەوەی دەستی ئەندامانی پەرلەمان واڵاتر بێ، ئێمە پێمانوایە ماددەی/٨٢ لەم پێشنیازە بڕیارەدا بە تەواوەتـی لابـرێ و بەم شێوازەی لێ بکرێت، ژمارەی یاسایی ئەنـدامانی پەرلەمـان دەتـوانن پێشـنیازە یاسـا و پێشـنیازە بڕیار پێشکەش بکەن لە ماوەی وەرزی یاسادانان لە خولی پەرلەمان واتا ماوەیەکی کەم نەبێ، بە تەواوەتی بتوانین لە هەموو کاتێك دا بە پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار پێشکش بکەن، سوپاس بۆ بەڕێزت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵـێ سـوپاس ئەوە پێویسـتی بە تەعـدیلی پەیـڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتانە و لە دانیشتنی دەنگدانیش بۆ خۆتان دەزانن بەگوێرەی بڕگەی/٣ هیچ گفتوگۆیەك و هیچ پێشنیارێکی ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان وەرنـاگیرێ، ئەگەر بەڕێزتـان مەبەسـتتانە ئەو بـڕگەیە بگۆڕدرێـت دەتوانن هەمواری بۆ پێشکەش بکەن، کاك بژار خاڵی یەکەم فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی/١ هیچ پێشنیاز نییە وەك خۆی بەم شێوەیە:

یەکەم/ بەدەر لە حوکمی ماددەی/٨٢ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق، ژمـارەی یاسـایی ئەنـدامانی پەرلەمـان لەرۆژی دەرچـوونی ئەم بڕیـارەوە بـۆ مـاوەی (٣٠) رۆژ دەتـوانن پێشنیازە یاسا و بڕیار پێشکەش بکەن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە خاڵی یەکەم لە بڕیاری ژمارە (٥) بەو شێوەیە بێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە بابفەرمووێ دەنگ بدات، زۆر سوپاس بە (٥٦) دەنگ پەسەند کرا، خاڵی دووەم کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووەم خاڵی دووەم هیچ پێشنیازێك نییە، وەك خۆی بەم شێوەیە:

دووەم/ حوکمی خاڵی یەکەمی ئەم بڕیارە تەنها بۆ وەرزی گرێدانی یەکەم، خولی بەهارە لەساڵی دووەمی خولی پێنجەمی هەڵبژاردنەو تەنها بۆ یەك جار جێ بەجێ دەکرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە خاڵی دووەم بەم شێوەیە پەسەند بکرێ کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە با بفەرمووێ دەنگ بدات؟ بەڵێ زۆر سوپاس بە (٦١) دەنگ پەسەند کرا بڕگەی/٣ کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی/٣ هیچ پێشنیارێك نییە، کەواتە وەك خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە:

سێ یەم/ کار بە هیچ دەقێکی پەیڕەوی ناوخۆ ناکرێت کە لە دەرەوەی حوکمەکانی ئەم بڕیارە ناکۆك بێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەر کەسێکتان لەگەڵ ئەوەیە کە بڕگەی/ ٣ بەم شێوەیە پەسەند بکرێ، ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە فەرموون دەنگ بدەن؟ زۆرسوپاس بە (٦٠) دەنگ پەسەند کرا، بڕگەی/٤ کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی/٤ دوو پێشنیار هەیە، پێشنیاری یەکەم وەك خۆی بەم شێوەیە:

چوارەم/

١- ئەم بڕیارە لە ڕۆژی پەسەند کردنیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

٢- ئەمە پێشنیاری لیژنەی یاساییە/ ئەم بڕیارە لەڕۆژی دەرچوواندنیەوە جێ بەجێ دەکرێت و لەرۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە کە چوارەم بەو شێوەیە پەسەند بکرێ کە لە پێشنیاری یەکەم دا هاتووە بەو شێوەیە بێ (ئەم بڕیارە لەرۆژی پەسەند کردنیەوە جێ بەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە) با دەست بەرز بکاتەوە؟ سوپاس، (٢) کەس، بەڕێزان هەر کەس لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە بێت کەپێشنیاری

لیـژنەی یاسـاییە (ئەم بڕیـارە لەرۆژی دەرچـوونیەوە جـێ بەجـێ دەکـرێ و لەرۆژنـامەی فەرمـی وەقائیعی کوردستان بڵاو دەکرێتەوە) با بفەرمووێ دەنگ بدات، بەڵێ زۆر سوپاس بە (٥٧) دەنگ پەسەند کرا، هۆیەکانی دەرچوواندن کاك بژار فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچواندن دوو پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/

وەك خۆی بەم شێوەیە:

هۆیەکانی دەرچوواندن

(لەبەر ئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای وەرزی گرێدانی یەکەمی ئەم ساڵ بەهۆی پەتـای جیهـانی کۆرۆنـاوە نەتـوانرا دەوامـی ئاسـایی ئەنجـام بـدرێت، بـۆ ئەوەی نـوێنەرانی گەل لە پەرلەماندا دەرفەتی یەکسان و گونجاویان لە کاری پەرلەمانی بۆ برەخسێت بۆ پێشکەش کردنی پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان لە پێناو خزمەتی بەرژەوەندی گشتی ئەم بڕیارە پەسەند کرا).

پێشنیاری دووەم:

پێشنیاری لیژنەی یاسایی بەم شێوەیە:

هۆیەکانی دەرچوواندن

(لەبەرئەوەی پەرلەمانی کوردستان لەسەرەتای وەرزی گرێدانی یەکەمـی سـاڵی دووەمـی خـولی پێنجەم بەهۆی پەتای جیهانی کۆرۆناوە نەتوانرا دەوامـی ئاسایی بکرێـت بـۆ ئەوەی نـوێنەرانی گەل لە پەرلەمان دەرفەتی یەکسان و گونجاویان لەکاری پەرلەمانی بۆ برەخسـێت بـۆ پێشـکەش کردنی پێشنیازە یاسا و بڕیارەکان لە پێناو خزمەت و بەرژەوەنـدی گشـتی ئەم بڕیـارانە پەسـەند کرا).

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان هۆیەکانی دەرچوواندن ئێمە لەبەرامـبەر دوو پێشـنیارین، یەکەمیـان وەك خۆی هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە وەك خۆی بێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ کەسی لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە بەو شێوەیە بێ کە سەرۆکی لیژنەی یاسایی وەکو پێشنیازی لیژنەی یاسایی خوێندیەوە با دەست بەرز بکاتەوە؟ سوپاس بە دەنگی (٥٩) ئەندامی پەرلەمان پەسـەند کرا، ئێستا کۆی بڕیارەکە دەخەینە دەنگدانەوە هەر ئەنـدامێکی بەڕێـزی پەرلەمـان لەگەڵ ئەوەیە کە کۆی بڕیارەکە پەسەند بکرێ با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ بڕیـارەکە بە دەنگـی (٦٠) ئەنـدامی پەرلەمان پەسەند کرا، دەچینە سـەر بـڕگەی دوو، زۆر سـوپاس بـۆ لیژنەکـانی کاروبـاری یاسـایی فەرموون برۆن، شایان خان فەرموو نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، سەرەڕای پاڵپشتی قسەکانی هاوڕێیانم دەربارەی ئەو مووچە و قەرز و ئەو شتانەی کە باسیان کرد، بەڕای من قسـەکردن بەڕاسـتەوخۆ یـان بە ئاراسـتەی هەڵوەشـاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان مایەی قبوڵ نییە، چ کورد بێت عەرەب بێـت یـان هەر پێکهاتەیەك

بێ، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پاڵپشت بە بڕگەی/٣ لە ماددەی/١٢ ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پەرلەمانتار لەبەردەم ئەم پەرلەمانە سوێندی یاسایی خواردووە بۆ پاراستنی گەل و خاك و نیشتمان، بۆیە ئەرکی پەرلەمانی کوردستانە شکۆی خاکی هەرێمی کوردستان بپارێزێ دژی داگیرکاریەکانی تورکیا و ئێران، پێویستە ڕێگە بگیرێ لە شەهید کردنی ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی، پێویستە ئەو شازدە بارەگایەی دەزگای میتی تورکی لاببرێت لە هەرێمی کوردستان، ڕێگە بگیرێ کە بەردەوام ئێران و تورکیا ئاسمانمان بەکاردەهێنن بۆ شەهید کردنی هاووڵاتیانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، مژدە خان فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزتان سەرۆکایەتین دەتوانن جوابم بدەنەوە، بەڵام ئەوانە مەعقول نییە من ناوێرم قسە بکەم و ناتوانم قسە بکەم کۆمەڵێ خەڵکی تر لەولاوە قسە دەکات، ئێمە باسی کێشەی خەڵك دەکەین، بۆ کێشەی خەڵك هاتووینەتە ئەم پەرلەمانە، ئێمە نوێنەری خەڵکین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان مەعقول نییە دوای ئەم هەموو ماوەیە بەرنامەی کار ئەم دوو خاڵە بێ، دەتوانرا بەرنامەی کار زیاتر بکرێ، خەڵك مووچەی نییە، ئاوی نییە، کارەبای نییە، کرێی دوکانی پێ نادرێت، کاسبکار پارەی قوتی ژیانی منداڵەکانی پێ دابین ناکرێت، ئێمە مەعقول نییە بۆ ئەوە کۆبووینەتەوە، دوای ئەم هەموو ماوەیە بەرنامەی کار دوو خاڵەکەی هیچ پەیوەندیەکی نییە بە ژیانی خەڵکەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تکایە داوا دەکەم بەردەوام جەلسە و دانیشتن بکرێ لە پێناو ژیانی خەڵك، خەڵك والله دینارێکی پێ نییە، خەڵك مووچەی نییە دوای دوو مانگ، ئینجا دوای ئەوە ئێمە وەکو پەرلەمانتاران و نوێنەرانی خەڵك دەبێ هەڵوێستمان هەبێ لەسەر بڕینی مووچە، تەنها بە پۆستی فەیسبوك ناکرێ، ئێمە لێرەین هەموومان لە نوێنەری شارەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستانین نوێنەری ئەو گەلەین، پێت وانییە ئێمە دیفاعیان لێ بکەین، ئەوان پێمان دەڵێن دەنگمان بە ئێوە داو تەواو دیفاعمان لێ بکەن نەوەکو چاوپۆشی لەو بڕین و لەو زوڵمەی حکومەت بکەن کە لێمان دەکرێ، خەڵك لەدوای چەند مانگ مووچەی وەرنەگرتووە کە مووچەکەش وەردەگرێت بە لێ بڕینەوە وەریدەگرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەتوانرێ مووچەی بن دیوارەکان ببردرێت، دەتوانرێ باجی زیاتر بخرێتە سەر کۆمپانیا حزبیەکان، دەتوانین باس لەوە بکەین کە ئەو پارانەی کە بە نایاسایی براونەتە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بهێندرێتەوە، نەوەکو چاوپۆشی لەوە بکەین کە مووچەی فەرمانبەر براوە و قوتی خەڵك براوە، ئێمەش لێرە دانیشتووین بە بێ دەنگی و دوای چەند مانگ قسە نەکەین، داواکارم لە بەڕێزتان و لە دەستەی سەرۆکایەتی بە بەردەوام جەلسە بکرێ بەڕاستی بارودۆخی خەڵك لە دۆخێکی زۆر زۆر ناهەموار دایە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەسەرچاو، بەڵێ دەست خۆش، کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێکی تر دانیشتووین لەو هۆڵە پێم خۆشە هەموو فراکسیۆنەکان لێرەن، بەپێی ماددەی/ ٥٤ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان قسە دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە بەڕاستی نیگەرانی ئەو وەزعەی پەتای کۆرۆناییین بە تایبەت لە پارێزگای سلێمانی دڵمان لەگەڵ خەڵکی ئەوێیە، بەپێی ڕاپۆرتێکی پزیشکی ٧٠٪ ی ئەوانەی تێست دەکرێن لە پارێزگای سلێمانی نەخۆشی کۆرۆنایان هەیە، پێم باشە جەلسەیەکی تایبەت یان وەزیری تەندروستی بانگ بکرێت، هەروەها حکومەت چی دەکات و پلانی داهاتووی چییە بۆ ئایندەو چی دەکات؟ چی ڕوو دەدات و چ حازریەك کراوە، بۆ ئەوەی شەپۆلی دووەم بڵێن ئەها ئاگامان لێ نەبوو ئەوە شەپۆلی دووەمیش دەستی پێ کراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان جەنابت دکتۆرات هەیە لە یاسا، خولی پێشتریش پەرلەمانتار بووی لە لیژنەی یاسایی و ئێستاش بەڕێزت سەرۆکی پەرلەمانی، هەر یاسایەکی ئەم پەرلەمانە دەریدەکات بۆ هەموو هەرێمی کوردستانە، وایە؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك هێڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ هەندێك بازرگان هاتوونەتە لای من وەکو هاوار و وەرەقەکانیان لای من حازرە، دواتر ئاراستەی بەڕێزتی دەکەم، کە چوونەتەوە لە یەکێك لە سەیتەرەکانی بەنی خەیلان وابزانم بانی خەیلانە، لەوێ ڕێگەیان لێ گرتوون کە کارەکانی خۆیان بکەن هەتا پێیان گوتوون هەتاوەکو نەچی(پێجیستەیی) نەکەی خۆت تۆمار نەکەی لە ئیدارەی پارێزگای سلێمانی، ئەم قسەیە هی ئەوانە، کردوویانە و بە نووسینیش هێناویانە، وە لەوێش زەریبەکەی خۆت نەدەی بۆت نییە لێرە ئیش بکەی، ئەم چەند کارێکە حەز دەکەم ئەم پەرلەمانە پێداگیری لەسەر ئیدارەیی کارکردن بکات لە هەرێمی کوردستان، تەوەقوعم ئەوەیە لەم پەرلەمانە دەربچێت لە وەزارەتێك دەربچێت لە هەموو کوردستان وەکو یەك دابنرێت، پێم خۆشە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو قسانەی هەموو کراون و جەنابیشم کردوومە لەسەر مەسەلەی مالی شاندێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت لەم پەرلەمانە بەڕێز وەزیری دارایی، بەڕێز ئەنجومەنی وەزیران بێن ڕوونکردنەوە بۆ هەموومان بدەن، ئێوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان داوای ڕوون کردنەوە بکەن بۆ ئەوەی بێن بۆ ئێرە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ئێمەش داوای هاتنیان دەکەین، کاك ڕێڤینگ فەرموو.

**بەڕێز ڕێڤینگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ، سوپاس سەرۆکێ پەرلەمانێ، براستی من ژی هەر ئەو داخازیا تە گوتی جەنابێتە ژی جواب دا لسەر وێرێ کو کۆبوونەکا سەر ناوچەیین دابڕای بێتە کرن، ماددایا/ ١٥ برگا/٣ مە هەمیا سویندا خاریە ڤێ پەرلەمانێ کو ئەم نوێنەرێت خەڵکی کوردستانی بین، راستە هەر یەك ژ

مه نێنەرێ یان کادرێ حزبەکا یان فراکسیۆنێت حزبەکێ داینە، ئەساس داخازێت دکەم، هەمی هەڤاڵێت پەرلەمانتار دیسان ژیا سەرۆکاتیا پەرلەمانێ ئەم بێین بشێین خلاسێت مابەینا ناکۆکیەن سیاسەتا حزبا و دیسان داخازێت خاسەکێ خەلکێ کوردستانی ژدا بکەین، چونکا ڕەوشێ خەڵکا کوردستانی گەلەك بەرەو خرابیی چت، مووچە دەمەکا نەدانە خەلکەکی زۆر زۆر یێ پەرێشان بویە، خەڵکی مە تورە دبن، وەکو نێنەرێت وان تورك و ئیران و عیراق حەسر کری د نابەینا مەرکەزێ بـاژێرێ دا نـاکۆیین لایەنـێن سیاسی بڕاستی گەیشتنە حەدەکی سنوورێت مەعقـول دەربـاز کـرن، ژ بەرهەنـدێ داخازێـت دکەیـن سـەرۆکاتیا پەرلەمـانێ و پەرلەمانتـار و فراکسیۆن و ئەم هەمی دەورێ خۆ ببینن لۆبیەکا دناڤێ پەرلەمانێ دا چێ کەن، دگەل لایەنێن سیاسیش ژی بئاخڤینن کو ژ ڤێرێ وێ دا یەعنی ئینتحارە، یەعنی ئەم دی کێڤە چین، ناکۆکیەت مە د خوینێت شـەهیدا خـۆ داینـە، مەخـابن، بـلا بمینیـتن دیسـان هەتـا دڤێـرێ ل پەرلەمـانێ دا تشتەکی وەسا دکەین کو ناکۆکی و ئەو ئاخافتنێت مە جیلەکی یەعنی پەیوەندیەك د جڤاکی مە تێـداین، جیلەکـی لەسـەر نـاکۆکی و دژایەتـی یەك و دوو دێـتە پەروەردە کـرن، بڕاسـتی ئەڤە مەترسیەکا گەلەکا مەزنا لسەر جڤاکی کوردستانێ، ژ بەر هەندێ داخازێ دکەم، هەر لە سەرۆکاتیا پەرلەمـانی چەنـدین سـازیەکا نیشـتمانی خـۆ بپـارێزن و ئەم پەرلەمانتـار بلانسـەکی د مابەینـا سیاسەتا حزبێن خۆ و مابەینا داخاز و خاسەکێت خەڵکی دا ئەم درست بکەیـن، بڕاسـتی ڕەوش بەرەو تاریکی و خرابی دچیت، میللەتێ و جیـران و دەوربەرێـت مە زۆر زۆر خـراپن، هـیچ جـارە قەستا مە دانینە تنێ یەك ڕیزیا مەیە، مەش مەزن بپارێزن، سپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، نوقتە نیزامیەکەی من لەسەر نوقتەی نیزامیە، بەڕاستی بەپێی ماددەی/ ٥٦ کاتێك ئەندام دەتـوانێ مـوداخەلە بکـات بە نـوقتەی نیزامـی ئەگەر پێشـێلی دەسـتوور و یاسـا و پەیـڕەو و بڕگەکـانی پەیـڕەوی نـاوخۆ کـرا، هەر ئەنـدامێکیش دەتـوانێ لە یەك دەقە زیـاتر قسـە نەکات بەڕاستی، لەسەر هەر بڕگەیەکیش تەنها یەك جار، ئەوە دەسەڵاتی جەنـابتە، ئەگەر هـاتوو لە بڕگەکانی پەیڕەو یاخود لە نوقتە نیزامی لایان دا، بەڕاستی زەبت کردنی جەلسـەکان شـتێکی باشە و سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابت، کاك لوقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموومان کاتێك کە لەچوارچێوەی ماددەی (٥٤) ی پەیڕەوی ناوخۆ پەرلەمـانی کوردسـتان قسـە دەکەیـن، کاتێـك کە خۆمـان کانديـد کـرد هەموومـان بەڵێنمـان بە دەنگـدەران و خەڵکـی کوردسـتان دا کە نـوێنەری ڕاسـتەقینەی خەڵـك بـین و داکـۆکی کـارێکی سەرسـەختی مـاف و داواکارییەکانی خەڵك بین، بۆیە ئەو گرفتانەی ئەمڕۆ لە کوردسـتان هەنە سـەبارەت بە قەیرانـی

دارایی و بێ مووچەیی و دۆخی تەندروستی کە تەواوی کوردستان پێ دەنێتە قۆناغێکی خەتەرناك، سەبارەت بە ڤایرۆسی کۆرۆنا و هەروەها چاکسازی لە دامودەزگاکانی حکومەت، ئەمە خواستی هەموو لایەکمانە، بۆیە من داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، داوا لەبەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەکەم ڕێگری بکات لە زەق کردنەوەی هەندەك مەسائیلی ناوچەگەرێتی، برایەکی بەڕێزم بەر لە من قسەی کرد کە سەبارەت بە ناوچەیەکی دیاری کراو قسەی کرد.. .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە لەسەر قسەی کەس .. فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر قسە بکەم منیش قسەم هەیە، دەتوانم بڵێم خەڵك هەیە حەمباڵی ڕێگەی پێ نادرێ بکات تا تەزکیەی حزبی نەبات، بۆیە ئێمە ئەرکێکی ئەخلاقی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانە لەسەرمان کە سووێندمان خواردووە بەرامبەر بە کۆی خەڵکی کوردستان و بەرپرسیار بین یاسایەك هەیە لە تەواوی کوردستان ئێمەش لەگەڵ ئەوەینە جێ بەجێ بکرێ، هەموو هاووڵاتیان لەبەردەم ماف و داواکارییەکان یەکسان بن، جیاوازی لە هیچ شوێنێك نەکرێت و پەرلەمانی کوردستان دەبێ لەسەر کۆی هەرێمی کوردستان، لەسەر کۆی شارو شارۆچکەکان، لەسەر کۆی خاڵە سنوورییەکان دانیشتن بکات، بۆ ئەوەی بتوانین هەموو کێشە و کەموکوڕییەکان تێ بپەڕێنین، سەرۆکی پەرلەمان خەڵك بێزار بووە و بێ تاقەت بووە، دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان خراپە، خەڵك ئاشتەواییان دەوێ، خەڵك تەبایی دەوێ، خەڵك یەکڕیزی دەوێ، خەڵك لەو قۆناغە ئیتهام کردنی یەکتری بێزار بووە، داوا دەکەم لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان هەمووومان کار لەسەر چاکسازی بەدەستهێنان و دەستەبەرکردنی ماف و داواکارییەکانی خەڵك بکەین، نەك زیاتر یەکتری تۆمەتبار بکەین و دۆخی سیاسی زیاتر بشڵەژێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك بەڵێن فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەو دەرفەتە، من نامەوێ بچمەوە سەر وەڵامەکانی جەنابت و نامەوێ بچمەوە سەر ئەو تەفاسیلە کە باسکرا، بەڵام من نوقتەیەکی دیکە باس دەکەم دەبێ بەشداریش نەبین لەسەر پرۆژە بڕیارێکە کە ئەوەیە کە هەموو موعاناتانەی کە ئێستا خەڵکی کوردستان پێوەی دەناڵێنێ و ئەو برا بەڕێزانە و خوشکە بەڕێزانە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان باسیان کرد لە نەبوونی مووچە و لە خراپی دۆخی تەندروستی لە مەسەلەی تۆپباران و داگیرکاری و هێرشەکانی دەوڵەتانی دراوسێ و هەموو ئەو قسە و باسانەی کە دەکرێ لەسەر، بەداخەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم و ئەو مەشاکلانەی کە ئێستا ڕووبەڕوومان لە قەرزەکان، بەڕاستی پێویستمان بە ئەوەیە پەرلەمانی کوردستان، من ئەم داوایە ئاراستەی دەستەی سەرۆکایەتی دەکەم، بریا لە باتی (٣٠) ڕۆژ (٤٥) ڕۆژ بووایە و (٦٠) ڕۆژ بووایە، بەڵام

شەو و ڕۆژ بخەینە سەر یەك، ئێمە یەکێ لە کێشە گەورەکانی وڵات ئەوەیە کە هیچ دامەزراوەیە وەکو پێویست ئیش ناکات، هەر ئەم پەرلەمانە بەڕێزە لە ماوەی ئەم (٣٠) ڕۆژەی کە لەبەردەستیایەتی هەموو ئەو خەمانەی کە هەیەتی بیخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە ڕاسپاردەی بۆ دەربکات، بڕیاری بۆ دەربکات، هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکات، بڕوا بکە دکتۆرە جەنابت زۆر باش ڕوونت کردەوە، بە قسەی یەکێك و دووان قەوارەی هەرێمی کوردستان هەڵناوەشێتەوە، بەڵام ئەو مەشاکلە قورسانەی کە ئێستا بەرۆکی خەڵکی کوردستانی گرتووە، هەڕەشەیە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان، ئەو مەشاکل و برسێتی و مەشاکلێکی گەورەی خەڵکی کوردستانە، خەڵکی کوردستان ئامادەیە ڕووبەڕووی هەموو هێزێکی دەرەکی بێتەوە، بەڵام بۆ ئەو مەشاکلە ناوخۆیەکانمان حەل نەکەین، دامەزراوەکان ئەرکەکانی خۆیان جێ بەجێ نەکەن و حکومەت بەرپرسیار نەبێ لەبەردەم دابین کردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك و لەبەردەم ئازادی خەڵك، لەبەردەم ماڵ و منداڵی خەڵك بڕوا بکە ئەوانەی هەڕەشەی گەورەن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێم و خوانەخواستە لەدەستدانی ئەم ئەزموونە کە چەند ساڵە بەخوێن و خەباتی گەلەکەمان هاتۆتە دی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بە ماددەی/٦٦ برگا/١ لیژنا ئەندامێن یاسایی پەرلەمانێ کوردستانێ دانیشت بۆ ئاراستەکرنا یاداشتەکی ژ لایەنێت پەیوەندار، ژمارا یاسابیا ئەندامێن پەرلەمانێ کوردستانێ کو د یاداشتەکا فەرمی دا ئاراستێ جەنابێ وە دکەم، ژ بۆ ئەنجامدانا رۆنیشتنەکێ ژ بۆ هەڵوەشاندنا بڕیارا نە یاسایبا ژمارە/٦١ کو ٢٠٢٠/٦/٢١ ژ لایێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ هاتە بەر کرن، ژ بۆ بڕینا ٢١% ژ مووچێت فەرمانبەرێن هەرێما کوردستانێ، لەورا ڤێرێ دخازێت وە دکەم کو د ماوەی یاسایی دا ماوەی چاردە رۆژان دا رۆیشتنەکا تایبەت لسەر ڤێ پرسێ بهێتە ئەنجامدان، چونکی خەڵکێ هەرێما کوردستانێ ب کریار پەرلەمانێ کوردستانێ نە تنێ بۆتە ئەڤرۆکە بکریار ب ڕاستەوخۆ داخازێت ژ وە دکەم بفەرمی و برێکارێن یاسایی ئەنجامدانا رۆنیشتنەکێ ژ بۆ یەکێ ئەڤ مافێت هاووڵاتیەن هەرێما کوردستانێ و مافێ فەرمانبەرێن هەرێما کوردستانێ کو ب بڕیارەکا نەیاسایی ٢١% ژ مووچەیان هاتیە بڕین، ئومێدا هەڵوەشاندن و ڤێ چەندێ کو وەکو گەلەك پەرلەمانتارێن بەڕێز ئاماژە بە بارودۆخێ ئابووری دای و ئاماژە بەڕەوشا خرابا هاوڵاتیەن هەرێما کوردستانێ دای، ئەڤیش تەئیدا گوتنێت وە دکەم، خەڵکێ هەرێما کوردستانێ چاڤەرێی ژیانەکا شایستەیە، نە چاڤەرێی چەندێیە کو پشتی چەند مەهان ل وەرگرتنێت مووچەیا ئەڤرۆکە مووچەیا ب نایاسیی بهێتە بڕین، لەورا داخاز دکەم رۆنیشتنەك بهێتە ئەنجامدان ژ بۆ هەڵوەشاندنا وێ بڕیارێ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ خوا کە منت بینی ئەو جارە سەرۆکی پەرلەمان، بەپشت بەستن بە ماددەی/٥٥ بڕگەی/٢ کە پێشتر پەرلەمانتارێك پەرلەمانتارە بەڕێزەکانی وەکو پاسەوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان وەسف کردن، پێم باشە بە پشت بەستن بەو ماددەیە قسەکانی لە پرۆتۆکۆڵ بسڕێنەوە، چونکە پەرلەمانتار و پەرلەمانی کوردستان تەنها خۆی بە پاسەوانی دابین کردن و بەرگری کردن لە ماف و داخوازییەکانی خەڵکی بەشەرەفی هەرێمی کوردستان دەزانێت، هەروەها هەموومان ئەو دۆخە سەختە ئابوورییەی هەرێمی کوردستان دەبینین و دەزانین لە چ قەیرانێکی دارایی و تەندروستی دا، بۆیە پێم باشە داوای مافی ئەو خاوەن پشکە بەڕێزانە دەکەم کە (٧٨) ملیۆن دینار لەلایەن بازرگانێکی سیاسی هەیە کە مۆڵکی حکومەتە و چەندین خاوەن پشك پشکەکانیان وەرنەگرتۆتەوە، بۆیە پێویستە بازرگانە سیاسییەکان ئەو مافە بۆ حکومەتە بگەڕێننەوە و تاوەکو حکومەتی هەرێمیش بتوانێ بەشێك لەو کەڵەکەی قەیرانە پێ چارەسەر بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، ئەو بڕگەیەی کە حسیبە خان دەیڵێ لە قسەکانی مۆژدە خان دەسڕێتەوە، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەموومان ئەندامین بە ئێمەشەوە، کەس پاسەوانی کەس نییە، سەبارەت بەوەی دووەم ئەوە حکومەت خۆی ئیجرائات دەکا و ئێمە لە یاسای چاکسازی ڕێگەمان داوە، حکومەت هەموو قەرزەکانی خۆی وەربگرێتەوە، تەسەور ناکەم پەیوەندی بە پەرلەمانی کوردستانەوە مابێ، کاك بەهمەن فەرموو.

**بەڕێز بەهمەن کاك عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی نامەوێ قسە لەسەر قسەی کەس بکەم، وەك ئەوەی کاك ئومێد وتی، ئێمە پەرلەمان بە هەڵبژێردراوی خەڵکە و بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە، لەم پەرلەمانەوە ئاخر ناکرێ بیانوو بهێندرێتەوە بۆ خەڵکانێك کە بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان بکەن، لێرە من هەست دەکەم هەندێك لە برادەرانی ئێمە لە جیاتی ئیدانەکردنی بیانووی بۆ دێننەوە، بیانووەکەش چییە گەندەڵیە، ئەوانەی هاتوون بانگەشەی هەڵوەشاندنەوەی قەوارەی هەرێمی کوردستان دەکەن، دەیانەوێ بمانخەنەوە سەر وڵاتێك با من داهاتەکەیتان پێ بڵێم، ئەو وڵاتە ڕۆژانە شەش ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشێ، هەشتاو سێ ملیار دۆلار ئیحتیاتی بانکی هەیە، نەوەد شەش تەن زێر ئیحتیاتی زێڕی هەیە، ڕۆژانە شەش ملیۆن بەرمیل نەوت دەفرۆشێ ئەوجاش (١٢٦) ملیار دۆلار قەرزارە، قەرزی دەرەکی (٤١) ملیار دۆلار قەرزی ناوخۆیی قەرزارە، ئەوە ڤیدیۆیە ئەگەر دەتانەوێ ئێستا پیشتانتان دەدەم، دوێنێ شەو لە ناسریە خەڵك شەڕی کردووە لەسەر بوتڵی ئۆکسجین بۆ ئەوەی بە نەخۆشەکەی خۆی بفرێنێ، خۆ هەڵمان دەوەشێنێتەوە و دەمانخەیتە سەر وڵاتە، ئەمە کەی بیانووە، ئەگەر ئەوان لە ئێمە پاکترن فەرموون هەڵمانوەشێننەوە و بمانخەنە سەری، بەڵام گەندەڵی خراپ من هەڵدەوەشێنیتەوە و هەرێمێك هەڵدەوەشێنیتەوە لەڕووی خزمەتگوزارییەوە، لەڕووی پێشکەوتنەوە بە پەنجا ساڵ

لەپێش ئەوانین، نەك بەساڵ و دووساڵ، تەنها شتێك ئەوان ئەفزەڵیەتیان هەیە لەسەر ئێمە مووچەکەیە کە لە کاتی خۆی بەو هەموو قەرزە دەرەکییە بەوەی ئەوان دەوڵەتن و سەندوقی نەقدی دەولی قەرزیان دەداتێ، ئێمە دەوڵەت نین و کەس قەرزمان ناداتێ، هاتووی قسە لەسەر (٢٧) ملیار دۆلار دەکەی، هەر لەم پەرلەمانە لە لیژنەی چاکسازی ڕێك لەو بڕاردەرانەی کە ئێستا باسی قەرزی هەرێمیان کرد، لەگەڵ ئێمە بوون داوایان کرد دەبێ حکومەت ژمارەیەکی حسابی بکاتەوە بۆ فەرمانبەران پاشەکەوتی مووچە بە قەرز حساب بکرێ، حکومەت ئێستا بە قەرز حسابی کردووەتەوە بە عەیبە حسابی دەکەی لەسەری، ناکرێت، ئاخر ناکرێت لە پەرلەمانێك دا کە نوێنەری خەڵکە بیانوو بخێنێتەوە بۆ ئەوەی بڵێ فڵان گەندەڵی هەیە ئەبێ ئەم هەرێمە هەڵبوەشێتەوە، ئەم هەرێمەی ئێمە زۆر لە پێشی ئەوانە، ئەگەر ئیجازە بدەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان......... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر یەك دەقیقەت بۆ هەیە قسە بکەی بەناوی نوقتە نیزامی، تەواو دەرفەت دەدەینە کاك د.صباح بە رەفیقێك بڵێ با قسەکانت بکات، کاك د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کارمەندانی تەندروستی لە ئەرکێکی زۆر پیرۆز دانە، شەو و ڕۆژ شەونخونی دەکەن بۆ پاراستنی گیانی هەموو هاووڵاتیان، دەمەوێ بەناوی پەرلەمان سوپاسگوزارییەکی ئەو کارمەندانە و پزیشکانە بکەین کە شەو ڕۆژ لە خزمەت دان، داوا لە حکومەت دەکەین کە چاوی زیاتر لە ناحیەی ئەوەتر پاداشتیان زیاتر بێ تاوەکو ئەوە بێت، زۆر سوپاست دەکەم و زۆر مەمنون.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، ڕەنگە سوپاسی ئێمە بۆ ئەوان سوودێکی ئەوتۆی نەبێ، جگە لە بابەتێکی مەعنەوی زیاتر لە جارێکیش بە ناوی جەنابتان و بەناوی دەستەی سەرۆکایەتی سوپاسمان کردوون، باشترە ئێوە لە لیژنەی تەندروستی پرۆژەیەکتان هەبێ بۆ چۆنیەتی پاداشت دانەوەیان، بە شێوازێك لەو شێوازانەی پێتان وایە گونجاوە بۆ ئەوەی ئێمە بیکەینە ناو بەرنامەی کارەوە، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، ئێمە (١١١) پەرلەمانتارین، بۆی هەیە قسەکانی من مادده و شتی وا پەیڕەوی نەبێ، بەس حەز دەکەم هەندێ قسە بکەم، ئێمە دوو ساڵە هاتووینەو هەموومان خوشك و برای یەکین، هەموومان لە حزبی جیا جیا هاتووینە، تکا دەکەم، تکایە خوشك و برایانە کە دەگەینە سەر جادەی شەستی دێینە ژوورەوە با کراسی حزبایەتی فڕێ بدەین و هەموومان نوێنەری خەڵکی کوردستانین، بەخودای هەموومان بەیەکەوە جوانین، ئەو هەرێمە شیرینە خێروبێری هەموومان خواردییە، بەخودای بقەومێ لە هەموومان دەقەومێ، کەس نابیتە برای کەس، ئەوجا با هەموومان وەکو برا وەکو خوشك و وەکو عزیز ئەو هەرێمە بپارێزین وەك بیلبیلەی چاومان،

هەموومان حزبەکان بە دەسەڵات و بە ئۆپۆزسیۆن و خوشك و برای یەکین، هەموومان دیسان دەیڵێمەوە بەرپرسیارین لەهەر شتێك لەم هەرێمە ڕوودەدات، ئەو قسەیە دەکەم، بەخۆمان دەزانین کۆرۆنا تەنگی بە خەڵکی کوردستان هەڵچنیوە، ئێستا زۆربەی زۆری فەرمانگەکان لەکار کەوتوون، یەك نوقتەی زۆر گرنگ هەیە، حاکمەکانیش بەشێکی زۆریان بەڕاستی بەداخەوە انشالله خوای گەورە شیفای هەموو مرۆڤان دەدات، ئەوەی تووش بووە شیفای دەدات و ئەوەی تووش نەبووە خوا بیپارێزێ، ئێستا دەوام نییە، بکرێت بە تەناوب، یەعنی تاوانبار هەیە و هەیە تاوانبار نییە، هەیە ئێستا گیراوە لەسەر یەك تەوقیع ماوە بەربیت، دادگاکانیش دەوام ناکەن، محاوەلە بکەین بەڕاستی ئەگەر دادگاکان دەوام بکەنەوە، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی پێویستی بە تەوقیعێك هەیە با لەو بەندیخانانە بێتە دەرەوە، زۆریان هیچ گرفتیان نەماوە بەڕاستی، سوپاس بۆ جەنابیشت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم کە پەرلەمان داوا لە حکومەت بکات کە پێداچوونەوە بە خشتەی مووچە بکات، لەبەرئەوەی خشتەی مووچە ماوە مانگێك یەکجار زۆرە، هەروەها چارەسەری وەرگرتنی گەنمی برا جوتیارەکانمان کە سێ سەد و نەوەد هەزار تەن گەنمە لە ئێستادا، بەڵام لە هەمان کاتدا ئێستا حکومەت هەموو دەروازەکانی داخستووە، حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی ناوەندی بەهیچ شێوەیەك گەنمی ئێمە نزیکی دوو ملیۆن تەن زیاتر لەوانەیە دەبێت، بەشێوەی تیجاریش ناچێتە سنووری حکومەتی ناوەندییەوە ڕێگریان لێ کردووە و ئەوانە، هەوڵ بدەین چارەسەرێکی ئەم کێشەیە بکەین، هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی بەڕێز کاك ڕێڤینگ دەکەم کە ئێمە هەوڵ بدەین لێرە لایەنەکان لەپەرلەمان پەیامێکمان هەبێت، لە پەرلەمانەوە ئێمە داوا لە لایەنە سیاسیەکان بکەین جارێکی تر ئێمە لاپەڕەیەکی سپی هەڵدەینەوە، ئەوەتا ئێمە هەڕەشەمان لەسەرە، ئەوەتا میللەتەکەمان ڕووبەڕووی چەندەها کێشە و قەیران و نەخۆشی و هەزارەها موشکلە ڕووی لە میللەتەکەی ئێمە کردووە، ئێمە لە یەکێتی و یەکڕیزی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان دەتوانین ئێمە بگەینە ئەنجامێك دڵی میللەتەکەی خۆمان خۆش بکەین، هەروەها پێشنیارێکی ترم بۆ برا ئەندام پەرلەمانەکانمان هەیە کە ئەو هێرشانەی کە بە فەیس بوك دەیکەنە سەر یەکتری ڕای بگرن، ئێمە (١١١) ئەندام پەرلەمان لێرە ئەگەر نەتوانین یەکێتی و یەکڕیزی ناوخۆمان بپارێزین، یەعنی میللەتی کورد چیمان لێ چاوەڕوان دەکات؟ جارێکی دیکەش زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فایق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی ڕۆژی ٦/٢٣ ئێمە لە لیژنەی دارایی کۆبوونەوەی خۆمان ئەنجامدا، نووسراومان ئاراستەی سەرۆکایەتی کردووە، بەپێی ماددەی/ ٤٢ کە چواریان ئاراستەی حکومەتی هەرێمی

کوردستان بکرێت، یەکێك لەوانە هەروەها نووسراوێکی دیکە کە ئاراستەی دیوانی چاودێری دارایی کرا پەلە بکرێت لە ئامادەکردنی راپۆرت ڕووبەڕووی پەرلەمانی کوردستان بکرێتەوە، هەروەها ئەو نووسراوانەی کە بۆ حکومەت ناردوومانە، داوامان کردووە ئەو بڕیارانەی کە حکومەت داویەتی بە مەسەلەی لێخۆشبوونی گومرگی، هەروەها باج و خەرج لە هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەمان بدەنێ، تا وەکو چۆن توانیویانە کاریگەریان لەسەر داهات هەبێ لە هەرێمی کوردستان، هەروەها داوامان کردووە ئەوەی جەنابت باست کرد، داوامان کردووە کۆبوونەوەی هاوبەش ئەنجام بدرێت، ڕوونکردنەوەمان بدرێتێ لەسەر وردەکاری لێ بڕین، مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کە حکومەت خۆی بڕیاری داوە تەنها بۆ ئەم مانگە، وەلاممان هەیە، بەلام بەپێی ئەو هەلسەنگاندنەی ئێمە کردوومانە ئەگەرا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەجالی هەیە بەشێوەیەکی دیکە ئەم لێبڕینە بەشێوەیەکی دیکە بکرێت، من هەر بۆ بەرچاوڕوونی بەڕێزان بۆ ئەوەی ئاگاداربن، یەکەم ئەوەی چاودێری دارایی نووسراومان کردووە داواشمان کردووە کە کۆبوونەوەی هاوبەش بکرێت، ڕوونکردنەوەمان بدرێتێ لە گرنگترینیان کە من دەمەوێ باسی بکەم، لە مانگی تەموز دا یاسای چاکسازی دەکرێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بۆ ئەم پەرلەمانە زۆر گرنگە چاودێری بکەین لەوەی تاوەکو ئەو یاسایە وەك خۆی جێ بەجێ دەکرێت بەداخەوە ڕەنگە پلانێك هەبێ کە ئەم یاسایە بەشێك لە ماددەکانی بڕگەکانی ئەو ماددەیە کە لە بەرژەوەندی حکومەتە، ئەوانەی جێ بەجێ بکات و ئەوانەی کە لەبەرژەوەندی خۆی نییە جێ بەجێی نەکات، لەبەرئەوە ئێمە وەکو یاسا لەم پەرلەمانەوە دەرچووە ئەرکی هەموومانە کە چاودێری بکەین، تاوەکو وەك لە سەرەتای یاسایەکە هاتووە کە بەپێی دادپەروەری دەکرێت جێ بەجێ کردنی یاسایەکە زۆر گرنگە بتوانین بۆ نموونە هەموو لیژنەکانی پەرلەمان بە تایبەت لیژنەی مەعنیەکان بتوانین بەوردی چاودێری جێ بەجێ کردنی یاسایەکە بکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان با دەست بەجێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار بکەین، بڕگەی دووەم، یالله کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوڕی هەموو شەهیدان یەکەم کەسم کەسم دەستم بەرز کردۆتەوە، هەموو جارێك ئاخر کەس سەروان هەڵدەستێ، یەعنی بۆ سەبەب؟ (واژا حکمتم بين الناس ان تحکموا بالعدل)، کە ڕەچاوی ئەوە بکە، چونکە ئافرەتێکی پۆشتەیی، هەموو جار بە تۆ دەڵێم لە پۆشتەییت و لە جوانی روحت دەڵێم پێلاوت سەر سەرم، بەلام قەسدم..... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخوای موعەیەن نییە، ببورە توخوا ئەوانی تریش ئازیزن، داوای لێ بوردنت لێ دەکەم، بەڵێ سوپاس، کاك سەروان فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قەسدم مادام دینداری ئەمر بە دینەکەی خۆت بکە، کە دەڵێ (واژا حکمتم بین ........ ).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕاستی لەوانەیە نەمبینی بی، بۆ جاری داهاتوو یەکەم کەسی کە جەلسەمان کرد، تۆ یەکەم کەس قسە بکە.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ نامبینی خۆ، من پێت دەڵێم وەکو خوشکێکی گەورە، ئینجا سەرۆك پەرلەمان خۆشم دەوێی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزی سوپاس، ببورە بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم سەیرە، یەعنی لەلایەك دەمویست ئەوە بڵێم لەگەڵ مام عوسمان و مام ریڤینگ و ئەوانە، وەکو پەرلەمانتارێکی پێشمەرگە قسە دەکەم، لەلایەك بە تانك و زرێپۆش و فرۆکە لێمان دەدرێ، لەلایەکی دیکە بوودجە بە کەیفی خۆیان لەسەرمان دەبڕدرێت، لەلایەکی دیکە حدودەکانمان لەسەر قەپات دەکرێت، کەچی ئێمەش لێرە بە یەکتری وەنووساوین، من پێم سەیرە بەڕاستی ئەوان دانیشتوون و ئێمەیان تێك بەرداوە هەست دەکەم، بەڕاستی شەرمە، شەرمە بۆ ئێمە ئێمە یەکتر بشکێنینەوە، شەرمە بۆ ئێمە لەمەودوا ڕەچاوی ئێش و ئازاری یەکتر نەکەین، من لێرە وەك سەروان، برا گچکەی هەر (١١٠) یەکانی ترم، لە هەمووتان بچووکترم و قسەی هەمووشتانمان قەبووڵە، ئەوەی تریش بەڕاستی ئێمە هەموومان باسی مووچەخۆر دەکەین، بڕینی ئەو پاشەکەوتە، خۆ لەدەست حکومەتی هەرێم نییە مووچە بدات، مووچە لە حکومەتی فیدڕاڵەوە دێت بۆ ئێمە، ئێمە ناچار دەکات کە هەندێك شت دەکرێت، ئێمە نابێ ڕێگر بین، ئێمە دەبێ هەموومان هەوڵی ئەوە بدەین چارەسەری گونجاو و باشتر لە باشەکە هەڵبژێرین بۆ حکومەت، بۆ ئەوەی هەموومان لەو دۆخە نەخوازراوە نەخۆشە تاڵە ڕەت ببین، ئەگەر نا دڵنیام بەگۆڕی هەموو شەهیدان ئەگەر مووچە خۆر نەبووایین ئێمە باسی مووچەمان نەدەکرد، بەڵام لە مووچە گرنگتر چییە؟ گیانە، ڕۆڵەی کورد غەرقی خوێن دەکرێت، جارێ با ئێمە باسی ئەو شتانە بکەین، یەعنی داواکارم لە بەڕێزتان وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو ماوەیە گرنگی بە لیژنەکانی تەندروستی و پێشمەرگە و ناوخۆ و ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان بدرێت و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆرسوپاس، کاك مم فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوەڵان لە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی بەڕێز، منیش وەکو کاك سەروان لەسەرەتاوە دەستم بەرز بوو، شاهیدیشم هەیە، سەرۆکێ پەرلەمانێ، لگورێ ماددەی/٢ فەقەرێ/١ پەرلەمانێ

کوردستانێ بلٚندترین دەسەلاتا یاسادانان و چاودێری کرنێیە، مخابن کو ئەو فەترێ کو دەست بکارێ خۆ کر ل پەرلەمانێ کوردستانێ دا هندەك جارا ڕەنگڤەدانێ مە ل پەرلەمانێ کوردستانێ کارتێکرنا لسەر سەقامگیریا سیاسی هەرێمی کوردستانێ کر، هەندێ جارا ژی پێچەوانە بەداخەوە ناسەقامگیریا سیاسی نا تەباییا سیاسی ل ناڤبەرا هێز و لایەنێت سیاسی دا بوونە ئەگەرەك کو کۆسپ و تەگەرە بەردەم کارێت پەرلەمانی دا درست بوون، ئومێدەوارم ژ جەنابێ وە سەرۆکاتیا پەرلەمانێ کوردستانێ هەموو ئەندامێت بەڕێز ئەوی کو پەرۆشن بو هەندێ پەرلەمان دەست بکارێ خۆ بکاتن ئیدی خەلکەکی باوەڕیا دایە مەخەلکەکی چاڤەڕێی کار و خزمەت کرنە ژ پەرلەمانێ کوردستانێ، مادام هەموو هەڤالێت مە پەرۆشی وە یەکێنە کو پەرلەمان جارەکی دی دەست ب رۆنیشتنێ خۆ بکاتن و خزمەتا خەلکی بکات ڤێرێ برێکا جەنابێ هەوە، هەمی لایەنێ سیاسی هیوادارم چی دیکە نەبنە ئاستەنگ برامبەر کارێت پەرلەمانی هاڤکاری و پشتەڤانیا برامبەر کارێ پەرلەمانێ کوردستانێ بوو ئەم بشێین خزمەتا خەلکێ کوردستانێ دکە، جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانێ ببورە ئەگەر روخسەت بیت، هەرێما کوردستانێ بڕاستی ڕەوشەکا گەلەکا نالەبار دەرباز بیتن، هەتا کۆرۆنا ل ئیران، وەختێ خەلکێ جارەکا دی تووشی ڤەیرانێ بوو ڤەدەرا گەلی مە ئەوە دوو جارە و سێ جارە و چار جارە تووشی ڤەیرانێ بیتن، یەعنی هاتنا کۆرۆنایی و هاتنا داعش و ئەڤێ کو حکومەتا عیراقی و مە دکاتن، سنوورێت مەیی تێنە داگیرکرن، ئەمە هەموو نابیتە سەبەبی وەی کو هێزو لایەنێت سیاسی هەرێما کوردستانێ یەك بگرن، داخازێ دکەین کو ئیدی کارو پەیام و هزر و نێرینێت پەرلەمانی ڕەنگڤەدانەکا گەلەکا هەرێمی سەر هەلوێستێت لایەنی سیاسی دکە بو هەندی کو زوو تەواو بن، سەرۆکێ پەرلەمانێ وەکو هەڤالێت برایێت منی بەڕێز کاك محسن ئاماژە پێکریە، خەلکێ دەڤەرا نێروە رێکان، سی و دوو سالە ب ئەگەرا هەبوونا چەکدارێن (پ.ك.ك) ڕەوشەکا گەلەك نالەبار دا دژین ئەگەر خەلکێ هەرێما کوردستانێ ژ بەر ڕەوشا نوکە کۆرۆنا و ڤەیرانێ تووشی ڤی حالەتێ ببن خەلکێ مە دووجارا و سێ جاراو چار جارا تووشی حالەتەکی نەخاستی بیتن، دەمێ کو ئەم بەحسێ دەڤەرەکا دەستنیشان کری ژی دکەین،مەبەستا مە ئەو نینە کو ئەم ناوچەگەری یان ناوچەپەرستی وەك نموونە ئەم بەحسێ وێ دەڤەرا دکەین ئەگەر بزانین خەلکێ هەرێما کوردستانێ جوداهی نینە ئەز خۆ ب نێنەرێ هەمی خەلکی کوردستانێ دزانن ل خانەڤین هەتا دگەهێتە زاخۆ، داخازێ دکەم جەنابی سەرۆکێ پەرلەمانێ ئەو ئاخافتنێت کو ب قسە و بە نیسین قەوارا هەرێما کوردستانێ نایەتە هەلوەشاندن ژ پرۆتۆکۆلێ بێتە ڕەش کرن، چونکی ئەڤە هاندان و پشتەڤانیەکا بۆ ڤێ ئاخاتنێت، کو خەلکەکا دی ڤی ڤێ ئاخافتنێت بێژیتن، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشنا خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان و دانیشتنی بەرنامەی کار و ئیعلانکردنی جەلسە لە دەسەلاتەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە، تکایە با کۆبوونەوەکانی

پەرلەمانی کوردستان لەمەودوا زوو زوو بکرێت، پرسگەلی زۆر گرنگ هەن، من ناچمەوە سەر یەك بە یەکیان، پرسی گرنگ هەن لە تەوقیت و لە کات و لە شوێن قسەی لەسەر دەکرێ ئیکسپایەر دەبێ، بەسەر دەچێ، دوای قسە کردن لەسەر هیچ قیمەتێکی نییە، هیچ بەهایەکی نییە، سەبارەت بە مووچە و سەبارەت بە قەرزەکانی حکومەت و یاداشت پێشکەش کردن پێشتر هاوڕێیانم باسیان کرد، باست لەوە کرد و ڕوونکردنەوەت دا دەبێ حکومەت ئامادەکاری بۆ بکات، بەڵام لە ئێستادا قەزیەی داگیرکاری و قەزیەی هێرشەکانی وڵاتانی دراوسێ بۆ هەرێمی کوردستان قەزیەیەکی هەنوکەییە ئەبێ قسەی لەسەر بکرێ، ئێستادا تورکیا بە درێژی (٣٠) کم و ئێران بەدرێژی (١٠) کم لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندایە، بە قسەی ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە لەماوەی مانگی ڕابردوودا سەد گوند لە ناوچەکانی زاخۆ و ئامێدی چۆڵ کراون، ئەمە بێجگە لە ماوەی ڕابردوودت تاوەکو ئێستا (٤٥٠) گوند چۆڵکراوە، ئەگەر پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی لەسەر ئەم قەزیەیە قسە ناکا و کۆنابێتەوە لەسەر چی زەرورە قسە بکات؟ بۆیە زۆر سوپاستان دەکەم، لەبەرنامەی کاری داهاتوو لەسەر قەرزەکانی حکومەت و یاخود لەسەر ڕێککەوتنی هەرێم لەگەڵ بەغدا ناخرێتە بەرنامەی کار، با سبەینێ دابنیشین لەسەر ئەم قەزیەیە قسە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێمە لە دەستەی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەمان کردووە، ئەو بابەتانە هەمووی بە ڕیزبەندی دەخەینە ناو بەرنامەی کاری کۆبوونەوەکانی داهاتوو، ئەمەی ئەمڕۆ تەنها بۆ ئەوە بوو بتوانین لە ٧/١ ەوە کۆبوونەوە بەشێوەی ئاسایی بکەین، کاك شاخەوان فەرمووو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاز دەکەم لەسەر مەوزوعی داگیرکاریەکان لە هەرێمی کوردستان و ئەو تۆپباران و ئەو بۆمبارانەی کە لە هەرێمی کوردستان کراوە و من ناوم ناوە شکاندنی شکۆی هەرێمی کوردستان و پێشنیار دەکەم پەرلەمانی کوردستان، لیژنە تایبەتمەندەکان ڕاسپێرێ موتابەعەیەکی ورد و سەردانێکی مەیدانی بۆ سنوورەکان و ناوچەکانی شیلادزێ و ئەو سنوورانەی کە ئێستا کەوتوونەتە ژێر داگیرکاریەکی گەورەی دەوڵەتی تورکیا کە ئەمە جاری یەکەم و دووەم نییە ئەمە چەندین جارە هێرشی گەورە دەکرێتە سەر ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و بەزاندنی خاکی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە بەلامانەوە گرنگ بێت ئێمە ئەو حاڵەتەی کە ئێستا لەهەرێمی کوردستان هەیە حاڵەتێکی نائاساییە، لەبەرئەوە دەبێت تا دەستەی سەرۆکایەتی ئەمر بکەن بۆ ئەوەی کە لیژنە تایبەتمەندەکان سەردانێکی مەیدانی ئەو سنوورانە بکەن بەشی زۆری هاوەڵەکانی ئێمە لە هەموو فراکسیۆنە جیاوازەکان باسی ئەو داگیرکاری و باسی زوڵم و زۆری و ئەو تۆپبارانە و بۆمبارانە کە لە هەرێمی کوردستان کە ئێستا چەندین خەڵك شەهید بووە و چەندین خەڵك بریندار بووە، لەبەرئەوە ئیدی ئەوە کارێکی گەورە و کارێکی مەزنی ئێمە سەردانێکی مەیدانی بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەڕاستی دا لە نزیکەوە گوێ لە دانیشتوانی سنوورەکە بگرین، موعاناتیان هەیە کێشەیان هەیە، بریندایان هەیە، شەهیدیان هەیە،

بشتوانین کار لەسەر ئەوە بکەین کە قەرەبووی ئەو شەهید و بریندار و ئەو سنوورانە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئێوە ڕادەسپێرین، هەردوو لیژنەی پێشمەرگە و ناوخۆ دەتوانن لەدوای ئەم کۆبوونەوەیە ئێستا کۆبوونەوەیەك لە بەینی خۆتاندا بکەن، دوو لیژنەی لاوەکی یان لیژنەیەکی لاوەکی پێکهاتوو لە هەردوولاتان دروست بکەن، پەرلەمانی کوردستان هەموو پێداویستیە لۆجستیەکانتان بۆ ئامادە دەکات، لەبەیانی زووتر نییە ئێوە سەردانی سنوورەکان بکەن، هەموو ئەو سنوورانەی کە ئێستا کێشەیان هەیە، ڕاپۆرتێکمان بۆ ئامادە بکەن، هەفتەی داهاتوو دەیخەینە کارنامەی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، بەڵام نابێ بەس قسە بێ، بۆ خۆتان دەزانن کۆبوونەوە بەڕاپۆرتێك بێ، ئێوە ئێستا بەڕێزتان جەنابت لەگەڵ کاك ڕێڤینگ کۆبوونەوەی خۆتان بکەن لەگەڵ لیژنەکەتان ڕێك بکەون لەگەڵ یەك لەسەر دروست کردنی دوو، سێ لیژنە پێکهاتوو لە هەردوو لاتان پێداویستیەکانتان بۆ دابین دەکەین، لەبەیانییەوە سەردانەکانتان بکەن، ڕاپۆرتەکەتان تا کۆتایی هەفتە ئامادە بوو سەرەتای هەفتەی داهاتوو لێرە کۆبوونەوە لەسەر ئەو بابەتە دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی ناوخۆ ئامادەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز روژان ابراهيم علي:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ ماددا/٥٥ برگا/٢ ژ پەیڕەوا ناڤخۆ پەرلەمانی، داخازێ جەنابێ تە دکەین، ئاخافتنێت بەڕێز کاوە، پەرلەمانتار/ مژدە، پەرلەمانتار/بەڕێز سیروان زۆر بەڕێز د.کاظم ژ پرۆتۆکۆڵ بهێنە دانین، چونکی گەلە جارا ئاماژە ب ئەوە کر ئەو دخەمێ خەڵکینە ڕاستی ئەم لڤێری کۆنبووینە پەرلەمان، ئەم چەند پەرلەمانتار هەمی بۆ خەمی خەڵکی کۆن بووینە، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانێ، تە جوان دیار کر کو ئێك ژ بڕگێت ئەڤرۆکە ئەم ئامادە بین لڤێرێ ژ دیڤ بەرنامەی کارێ ئەوە ئەم درێژی بدینە ماوەی پێشکەش کرنا پێشنیازا یاسای کو هەمووان ئەو پێشنیازا یاساییانە بۆ خەمی خەڵکینە، چونکی ئەرکی پەرلەمانێ باڵاترین دەسەڵاتی یاسادانانە، یەعنی ئەگەر ب ڕێکا پرۆژا پێشنیازا یاسا نەبیتن تو لڤێرێ چەوا خزمەتا خەڵکی دکەی، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانێ وەك لیژنەیا کاروبارێت تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر مە ٥/٢٢ ئاراستەی جەنابێ وە کر نڤیسینا کۆنبوونا وەزیرێت تەندروستی لڤێرێ ئامادە بیتن، کو ئەڤ ژی بۆ خەمی خەڵکییە، بۆ ڤی ژ پەتای کۆرۆنادای بۆمە ڕوون کەتن، ئەڤە ژی یەك ژ وان برگا دی کو ئەڤرۆکە جەنابێ هەر دەنگ لسەر نەدا، ئەڤ ژی بۆ خەمێ خەڵکی بی، زۆر سوپاس بۆ جەنابێ تە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەموو یاداشتەکانتان بەڕێزبەندی دەخەینە ناو کۆبوونەوەکانی پەرلەمانەوە ئامادەکاری خۆتان بکەن، کاك کاروان و د.ڕێبوار وەرناگرم دووبارەیە، کاك د.ڕێبوار نوقتە نیزامی نەبیت وەرناگرم، با کاك عباس قسە بکات فەرموو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێ بەپێی ماددەی/٥٦ و ماددەی/٥٤ چەند قسەیەك بکەم، بەڕاستی لەو دوو ماددەیەدا دەڵێ دەبێ نابێ ئێمە لە بابەتەکان دەرچین کە هیچ بابەتێك نەبوو لەو گفتوگۆیە جیاوازە، پێویستە بەپێی خاڵی ماددەی نابێ وەڵامی یەکتر بدەینەوە، ئەم دانیشتنە هەستم کرد بەڕاستی لایەنی سیاسی و وەڵام وەڵامکاری زۆر پێوە دیار بوو، هەموو کەس خۆی پێ باش و لایەنی بەرامبەری پێ خراپ بوو، بەداخەوە دەبێ پەرلەمانی کوردستان ئەو پەرلەمانە بێ کە لە دەرەوەی لایەنە سیاسیەکان پێکەوە دانانیشن و کێشە و گیروگرفتیان هەیە ئێمە هەوڵ بدەین لەهۆڵی ئەم پەرلەمانە چارەسەری بکەین، بەڵام ئەوەی هەست دەکرێت کە هەم لە فەیس بوك و هەم لە هۆڵی ئەم پەرلەمانە بەداخەوە ئێمە سەبەبی دروست کردنی کێشەکانین، بەڕاستی ململانێ سیاسیەکانمان گەورە کردووە، بۆیە ئەوەی کە کورت و موختەسەرە جەنابت ڕوونکردنەوەت دا پێموایە کات لەیەکتر دەکوژین یان دەمانەوێ لێرە دەنگەکانی خۆمان و قسە تەسجیل بکەین، کێشەی بڕینی مووچە کە زۆر ناقانونی و نا یاساییە حکومەت دەسەڵاتی ئەوەی نییە مووچەی خەڵك ببڕێت، نە ناوی لێ دەنێ پاشەکەوت نە بزانین دەیداتەوە یان نا، ئەمە دەسەڵاتی پەرلەمانە دەبێ لە پەرلەمانەوە بکرێت، بەڵێ پێویستە قسەی لەسەر بکرێت، قسەی لەسەر دەکەین، بارودۆخێك هەیە لەوانەیە هەموومان هەستی پێ بکەین کە لەشکرکێشی تورکیایە تۆپبارانی ئێرانە، هەرجارەی ئێمە لایەنێك و ئەولا لایەنێکی دیکە تاوانبار و تۆمەتبار دەکەین، بەڕاستی پێویستە لایەنی پەیوەندار ئەگەر لە کۆبوونەوەی داخراویش بێ ئەم بابەتە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ نوێنەرەکانیان یەکلابکاتەوە، کە ئەمە کێشەیەکی سەرەکی هەرێمی کوردستانە کە ناشتوانین ڕێگەیان لێ بگرین، بەڵام زۆرجار یەکتری تۆمەتبار دەکەین دەشزانین هۆکارە سەرەکیەکەی چییە، بەڕاستی پێویستە جەنابتان بۆ ئەوەی هەموو ئەو قسانەی کە لە دەروونی خەڵك و پەرلەمانتاران پەنگی خواردۆتەوە کە باس دەکات ئێمە ناتوانین هیچ وەڵامی خەڵك بدەینەوە، کۆمەڵێ کێشەی ژیان و گوزەران لە کوردستان هەیە یەك دانیشتنی تایبەت هەر لێرە بڕیاری لێ بدەین لە سەرۆکایەتی بۆ ئەوەی کە خەڵك بە ئازادی ئەو نوێنەرانە ڕای خۆیان دەربڕن بێتە بەرنامەی کارێك زەرووره ئەنجومەنی وەزیرانیش لێرە دابنیشن، یەعنی ئەنجومەنی وەزیران لێرە متمانەیان پێدراوە با بێن، هەم وەڵامی پەرلەمانتاران و هەم وەڵامی خەڵکی کوردستان بدەنەوە، بەڕاستی ئەم ناکۆکیانە با لە هۆڵی ئەم پەرلەمانە کۆتایی پێ بێنین هیچی تر نەچێتە سەر فەیسبوك و مناقەشە کردن بۆ قسەی باشمان کردووە، قسەی باش و بەبێ کرداری باش هیچ ئەنجامی نابێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە چۆن دەڵێی دڵگرانین بەوەی، یەعنی ئەم چەند ئەندام پەرلەمانەی کە لە کۆتایی ئەم قاعەیە دان هەموو جارێك دەکەونە ڕیزبەندی کۆتایی ئەبێ دەنگ بەرز بکەینەوە، بەم شێوازە ئێمە هەموو جارێك ئەبێ دەنگ بەرز بکەینەوە ئەو کات بەڕێزتان ناوی ئێمە ئەخوێننەوە، بۆ ئەوەی بتوانین پەیامەکانی خۆمان بگەیەنین وەکو پەرلەمانتارێك، لە ٢٠١٩/١٠/١٦ هەمواری یاسای دەستپاکی نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بەداخەوە سەرۆکی دەستە ماوەکەی بۆ زیاتر لە دووساڵە بەسەرچووە، بەڵام ئەم هەموارە تاوەکو ئێستاکە نەخراوەتە ڕیزبەندی بەرنامەی کارەوە ئاراستەی لیژنە مەعنیەکان نەکراوە، داوای ڕوونکردنەوە لەبەڕێزتان دەکەم، سەبارەت بە بەرنامەی کار بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جەنابتان لێدوانێکتان دا کە بەڵێنی ئەوەتان بە خەڵکی هەرێمی کوردستان دا کە ڕازی لەسەر بەرنامەی کار ناکەن تاوەکو ئەو پرسانەی کەپەیوەستن بە بارودۆخی خەڵکەوە بەگشتی نەك بێتە ڕیزبەندی بەرنامەی کارەوە، زۆرینەمان تێبینی و سەرنجمان لەسەر بەرنامەی کار هەیە لەهەمان کاتدا ئەو یاداشتانەی کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ناردووتانە (٦٦) ئاراستەمان کردووە، بەڵام هیچ یەك لەو یاداشتانە یاداشتی وا هەیە زیاتر لە شەش مانگ بەسەری دا تێپەڕیوە نەخراوەتە ڕیزبەندی بەرنامەی کارەوە، من دەپرسم ئایا چۆن بڵێی پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ بانگهێشتی سەرۆکی حکومەت و وەزیری دارایی و وەزیرە مەعنیەکان بکات بۆ ئەو پرسانەی کە لە ئێستادا بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان تێ ئەپەڕێ و لەهەمان کاتدا پرسێکی زۆر گرنگ، پرسی بۆردومانکردنی خاکی هەرێمی کورستانە، بەداخەوە ئێمە لە (١٦) ئۆکتۆبەر ٥١% ی خاکی هەرێمی کوردستانمان تەسلیم بە نەیارانی کورد کرد، (٤٩) کەی ڕۆژێك تورکیا بۆردومانی دەکات و ڕۆژێکی دیکە ئێران، هاووڵاتی سیڤیل دەبێ بەقوربانی، پرسی مووچە و بڕینی مووچە، پرسی (٢٧) ملیارەکە و دەیەها پرسی زۆر گرنگ هەن پێویست دەکات پەرلەمانی کوردستان ئەم فەترەیە یاخود ئەو مانگەی درێژی دەکاتەوە بیخاتە ناو کارنامەکەوە و قسەی لەسەر بکرێت و بڕیاری لەسەر بدرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەستی هەمووتان خۆش بێت، من ئەزانم کە دەرفەتم دان بەگوێرەی ئەم پەیڕەوەمان بەدەقیقی وەکو خۆی جێ بەجێ بکردایە زۆربەی ڕێ پێدانەکان نەئەبوو ڕێی پێ بدرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زۆرە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان نەکراوە، دەبوو دەرفەت بدەینە ئەندامانی پەرلەمان قسەکانی خۆیان بکەن بەشێکی زۆری دووبارە، هەموو ئەوانەمان هەست پێ کردووە، یاداشتەکانتان یاداشتی ڕەوان، ئێمە ڕیزبەندی دادەنێین بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی پەرلەمان لە هەفتەی ئایندەوە دەست بە کۆبوونەوەی پەرلەمان دەکەین بۆ جێ بەجێ کردنی ئەو یاداشتانەی کە بەڕێزتان دابووتان بە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان هیوادارم ئیتر ئێمە دەست بکەین بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی دووەمی بەرنامەی کارەکە، چونکە هەموو ئەو شتانەی دەوترێ دەرفەتەکەش دەدەین، بەڵام هەمووی دووبارەیە، بەڕێزانم ئەندامانی پەرلەمان ئاماژە بە ماددەی/٧ ئێمە بڕگەی دووەمی بەرنامەی کار

جێ بەجێ دەکەین کە بریتیە لە درێژکردنەوەی خولی بەهارە ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان، بەپێی بڕگەی/٤ لە ماددەی/٧ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، بە مەبەستی ئەنجامدانی ژمایەك کۆبوونەوە سەبارەت بە دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان، مووچە، قەرزەکان، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، جێ بەجێ کردنی پرۆسەی چاکسازی و بەردەوامی پرۆسەی چاکسازی لە خاڵە سنووریەکان، گومرگەکان، باج و خەراج و رسومی گومرگی و بابەتی تەندروستی کە بابەتێکی گرنگە لەگەڵ بابەتی لەشکرکێشی و تۆپباران کردنی سنوورەکانی هەرێمی کوردستان و دانوستانەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە وەرزی تەشریعی بۆ ماوەی مانگێك درێژ بکرێتەوە بۆ ئەم مەبەستانەی کە ئاماژەمان پێدا با دەست بەرز بکاتەوە؟ بەڵێ بە دەنگی (٧٠) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، واتا وەرزی بەهارە لەساڵی دووەم بۆ ماوەی مانگێك درێژ دەبێتەوە و لە ٨/١ دا کۆتایی پێ دێت، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بەم شێوەیە کۆتایی بە کۆبوونەوەی ئەمرۆمان دەهێنین، زۆر سوپاس.

**منى نبى قهوچى**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**هێمن هەورامی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان – عێراق**

**د. ڕێواز فائق حسین**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی
دووشەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠\٧\٢٧
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)
## دووشەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٧

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دوو شەممە رێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٧ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسین سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچی سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە رێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٧) بەم شێوەیە بێت:

١- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بە پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٠ و حوکمی ماددەکانی (٧٩ و ٨٠) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٨٣) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١/پرۆژە یاسای لەئەستۆ گرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان.

٢/پێشنیازی یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلوپەل لە هەرێمی کوردستان.

٣/پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

٢- دەنگدان لەسەر داواکاری دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (سۆران عمر سعید) لە ئەندامێتی پەرلەمان بەپێی حوکمی خاڵی یەك و دووی لە بڕگەی دووەمی ماددەی/٢٥ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٣- خوێندنەوەی ڕاپۆرت و گفتوگۆ کردن سەبارەت بەم بابەتانەی خوارەوە:

١/ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هێرشەکانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر ناوچەکە، بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزیری کاروباری پێشمەرگە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لە نێوان هەرێم و بەغدا، دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢/ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، پەیوەندیەکانی ڕەوەندی کوردستانی سەبارەت بە دۆخی ناوچە سنووریەکان.

٣/ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی سەبارەت بە پەتای کۆرۆنا کۆڤید/١٩ بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و وەزیری تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤/ خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای مافی ئەرك و نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٥/ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کاروباری ئابووری سەبارەت بە دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلاندانان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لە نێوان هەرێم و بەغدا و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی، وەرزی بەهارە لە ساڵی دووەم، خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێ ئەکەین، سەرەتاش داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان دەکەین پوختەی دانیشتنی کۆبوونەوەی پێشوو و بەرنامەی کار، ناوی ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت بخوێنێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز منى نبى قهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی حوکمی ماددەی/٥ و بڕگەی یەکەم و دووەم لە ماددەی/١٦ بڕگەی/٣ لە ماددەی/ ١٨ بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی/٢٠، ماددەکانی ( ٤٧ و ٤٨ و ٥٢ و ٥٤ و ٥٥و ٥٦و ٥٧) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمان لە کاتژمێر (١١)ی پێشنیوەڕۆ ڕۆژی دوو شەممە، ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٧ بەم شێوەیە بێت:

٤- خوێندنەوەی یەکەم بۆ ئەم پرۆژە پێشنیازە یاسایانەی خوارەوە بە پشت بەستن بە بڕیاری ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٢٠ و حوکمی ماددەکانی (٧٩ و ٨٠) بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٨٣) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١/پرۆژە یاسای لەئەستۆ گرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان.

٢/پێشنیازی یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلوپەل لە هەرێمی کوردستان.

٣/پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

٥- دەنگدان لەسەر داواکاری دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (سۆران عمر سعید) لە ئەندامێتی پەرلەمان بەپێی حوکمی خاڵی یەك و دووی لە بڕگەی دووەمی ماددەی/٢٥ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٦- خوێندنەوەی ڕاپۆرت و گفتوگۆ کردن سەبارەت بەم بابەتانەی خوارەوە:

١/ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هێرشەکانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر ناوچەکە، بەئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزیری کاروباری پێشمەرگە و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لە نێوان هەرێم و بەغدا، دەستەی گشتی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٢/ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش، لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان، پەیوەندیەکانی ڕەوەندی کوردستانی سەبارەت بە دۆخی ناوچە سنووریەکان.
٣/ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی سەبارەت بە پەتای کۆرۆنا کۆڤید/١٩ بە ئامادەبوونی وەزیری ناوخۆ و وەزیری تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
٤/ خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسای مافی ئەرك و نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٥/ خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کاروباری ئابووری سەبارەت بە دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان، بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلاندانان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لە نێوان هەرێم و بەغدا و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.
پوختەی دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی ڕۆژی دووشەممەی ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٩ بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:
١- دەستپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٢- خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتن و ناوی ئەندامانی ئامادەنەبوو بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
٣- دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
٤- دەنگدان لەسەر پێشنیازە بڕیاری پێشکەشکردنی پێشنیازە یاسا و پێشنیازە بڕیار لەلایەن ئەندامانی پەرلەمان بەدەر لە حوکمی ماددەی/٨٢ ی پەیڕەوی ناوخۆ.
٥- درێژکردنەوەی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان بەکۆی دەنگی (٧٠) پەرلەمانتار.
٦- کۆتایی هاتنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.
ناوی ئەو ئەندامانەی مۆڵەت پێدراون یان بەبێ مۆڵەت ئامادەنەبوون بۆ دانیشتنی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی هەڵبژاردنی پێنجەم دا لەڕێککەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٩:
هەموویان مۆڵەتیان پێدراوە:
بەڕێز باپیر کامەلا سلێمان، بدریە اسماعیل محمود، زیاد حسن ابراهیم، راهی رەهبەر ابراهیم، رۆبینا اوملك عزیز، زانا خالد سلیمان، سلمی فاتح تۆفیق، سەرکۆ ئازاد حسین، سۆران عمر سعید، شنۆ اشقی عبداللە، شەمۆل اشین صابر، شیرین یونس عبداللە، شیرکۆ جودت مستەفا، عبدالناصر احمد علی، فرید یعقوب ایلیا، فیصل عباس عولا، کلارا عودیشو یعقوب، لیلی عبدالجبار حدو، مەم برهان محمد، هاوڕێ بنا محمد، هەورامان حمە شریف، هێرش حسن حمد.
ناوی ئەو ئەندامانەی کە بە مۆڵەت یان بەبێ مۆڵەت لە کۆبوونەوەی لیژنەی هەمیشەییەکان ئامادەنەبوون:
لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ ٢٠٢٠/٦/٢٩
بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ناوی لیژنەکان دەخوێنمەوە دواتریش دەڵێین ئاگادار نەبوون کە لە کاتی خوێندنەوەکە:

ليژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی/ ٢٠٢٠/٦/٢٩:
مسلم عبدالله رسول/ مۆڵەت
فريد يعقوب ايليا/ مۆڵەت
شەمۆل اشين صابر/ مۆڵەت
ليژنەی ناوخۆ و ئاسايش و ئەنجومەنە خۆجێيەكان ٢٠٢٠/٦/٣٠ :
نزار مەلا عبدالغفار/ مۆڵەت
محسن حسين مستەفا/ مۆڵەت
رزگار عيسى سوار/ مۆڵەت
عبدالناصر علی احمد/ مۆڵەت
هاوڕێ بنأ محمد/ مۆڵەت
ليژنەی پەيوەندييەكان و رەوەندی كوردستانی لە ٢٠٢٠/٦/٣٠ :
چيا حميد شريف/ مۆڵەت
زياد جبار محمد/ مۆڵەت
سيروان فرج محمد/ مۆڵەت
محمد سعدالدين انور/ مۆڵەت
ليژنەی كاروباری پێشمەرگە لە ٢٠٢٠/٦/٣٠ :
باپير كاملا سليمان/ مۆڵەت
ليژنەی كاروباری شەهيدان و قوربانيانی جينۆسايد و زيندانيانی سياسی لە ٢٠٢٠/٦/٣٠ :
بەهمەن كاكە عبدالله/ مۆڵەت
فاهيك كمال صوغمون/ مۆڵەت
ليژنەی ناوچە كوردستانييەكانی دەرەوەی هەرێم لە ٢٠٢٠/٧/٥ :
جمال حويز مستەفا/ مۆڵەت
ليژنەی ئەوقاف و كاروباری ئايينی لە ٢٠٢٠/٧/٦ :
هديە موراد حيدر/ مۆڵەت
فيصل عباس عولا/ مۆڵەت
كلارە عوديشو يعقوب/ مۆڵەت
ليژنەی دەستپاكی لە ٢٠٢٠/٧/٦ :
ليلى عبدالجبار حدو/ مۆڵەت
دابان محمد صالح/ مۆڵەت
سەرچنار احمد محمود/ مۆڵەت
ليژنەی دارايی و كاروباری ئابووری لە ٢٠٢٠/٧/٧ :
محمد سعدالدين انور/ مۆڵەت
شيركۆ جودت مستەفا/ مۆڵەت
بهجت علی ابراهيم/ مۆڵەت
سۆران عمر سعيد/ ئامادەنەبوو

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری لە ٢٠٢٠/٧/٨ :
بهجت علی ابراهیم/ مۆڵەت
سۆران عمر سعید/ مۆڵەت
لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ٢٠٢٠/٧/٩ :
گلستان باقی سلیمان/ مۆڵەت
هلز احمد محمد/ مۆڵەت
لیژنەی کاروباری پەرلەمان و سکاڵا لە ٢٠٢٠/٧/١٣ :
هیمداد صباح بلال/ مۆڵەت
سۆران عمر سعید/ مۆڵەت
لیژنەی وزەو سامانە سروشتییەکان لە ٢٠٢٠/٧/١٥ :
ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله/ مۆڵەت
کاروان عبدالرحمن عبدالله/ مۆڵەت
لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری لە ٢٠٢٠/٧/١٩ :
گلستان باقی سلیمان/ مۆڵەت
هێرش حسن حمد فقی/ مۆڵەت
احسان محمد سلیم/ مۆڵەت
هلز احمد محمد/ مۆڵەت
لیژنەی دەستپاکی لە ٢٠٢٠/٧/١٩ :
لیلی عبدالجبار حدو/ مۆڵەت
دابان محمد صالح/ مۆڵەت
لیژنەی دەستپاکی لە ٢٠٢٠/٧/٢٠ :
لیلی عبدالجبار حدو/ مۆڵەت
دابان محمد صالح/ مۆڵەت
هێڤیدار احمد سلیمان/ مۆڵەت
لیژنەی پەروەردەو خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ٢٠٢٠/٧/٢٢ :
گلستان باقی سلیمان/ مۆڵەت
لیژنەی کاروباری شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە ٢٠٢٠/٧/٢٦ :
هەژان حسن احمد/ مۆڵەت
ئیدریس اسماعیل عبوش/ مۆڵەت
دیاری أنور حمە رحیم/ مۆڵەت
زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز لیژنەی کاروباری یاسایی وەرنە شوێنی خۆتان، بۆ ئەوەی دەست بە بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کارەکەمان بکەین، کاك جلال نوقتەی نیزامی فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی بابەتەکەی من پەیوەستە بە سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان، پێم خۆشە دوو دەقە قسە بکەم، ئەگەر دەرفەت هەبێ؟ بەڕاستی یەك لە کارە مەزنەکانی ئەو پەرلەمانە لە خولی پێنجەم ئەنجامی داوە پرۆژە و یاسای چاکسازی بووە کە خۆشبەختانە ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەجدی کاری لەسەر دەکات، دەمەوێ بڵێم کە پەیوەندی بە یاسا و سەروەری یاسا هەیە لەناو خەڵك و ڕەئی عامی لەسەر دروست بووە و بۆتە هۆی جێگای گلەیی خەڵك ئەویش بڕیاری ئەنجومەنی دادوەرییە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خانەنشینی هەندێك دادوەر، بەڕاستی ئەوە سابیقەیەکی مەترسیدارە لەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، چونکە خەڵك وا هەست دەکات یاسا سەروەر نییە، حەقی خەڵك و شەقامە بڵێ باشە ئەو بەڕێزانەی لە لوتکەی هەرەمی یاسان لە هەرێمی کوردستان ئەوان ملکەچی یاسا نەبن، ئەدی خەڵك چۆن ملکەچی یاسا دەبێ؟ دواتر ئەو بڕیارە وا دەکات سەرجەم دادوەرە گەنج و بەتواناکان زۆر بێ هیوا بن لە داهاتووی خۆیان، حەق وایە لەمەودوا لەو پەرلەمانە بەڕێزە کە گەورەترین دەسەڵاتی یاساییە لە کوردستان ڕێگا بەو پێشێلکاریانە نەدات، لەمەودوا یاسایەك دەربچێ بۆ سەرجەم وەزارەتەکان، تەمەنی یاسایی لە (٦٣) ساڵ تێپەڕ نەبێت و بۆ هیچ کەسیش درێژ نەکرێتەوە، دوایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە تەبیعەتی مالیشی هەیە، ئەو بەڕێزانە ئەو ئەمرەیان دەرچووە نوسخەکەیان بۆ دارایی نەناردووە، حەق وایە بەڕاستی ئیجرائات بکرێ، ئەوانیش بۆ مێژووی خۆیان لەو بڕیارە پەشیمان ببنەوە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك جلال ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان هەم ئەمساڵ و هەم ساڵی پار کە بەڕێزیان تەمەنی یاسایی خۆیانیان درێژکردەوە تەمەنی کارکردنی خۆیان، جگە لەوەی بڕوای تەواومان بە جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکە هەیە، بەفەرمی ئاگادارمان کردنەوە کە ئەمەی ئەوان کردوویانە یاساشکێنیە، جێ بەجێ کردنی یاسایەکی فیدراڵیە بەبێ ئەوەی لەهەرێمی کوردستان بەرکار کرابێ، لەکاتێکدا ئێمە لە هەرێمی کوردستان بۆشایی یاساییمان نییە، بۆ ئەمساڵیش جگە لەوەی وێنەیەکمان بۆ خۆیانمان ناردووە بە هەمان شێوەیە وێنەیەکمان، نووسراوێکمان بەفەرمی ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم و بەفەرمی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە، لەوەی کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران داوامان لێ کردوون تەبەعەی مالی ئەو بڕیارە نایاساییە هەڵنەگرێ، بۆ سەرۆکایەتی هەرێمیش بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە ئەوەی کراوە یاساشکێنییە، ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان ئەرکی خۆمانمان بەجێ گەیاندووە، بەڵام لەبەرئەوەی دوو دەسەڵاتی جیاوازین حەقی تەدەخولمان نییە، تەنها حەقی تەدەخولمان لەسەروەری یاسا هەیە، حەقی تەدەخولمان لە پاراستن و حورمەت گرتنی سەلاحیەتەکانی خۆمان هەیە، هەردوو ئەرکەکەمان لەڕاستی دا جێ بەجێ کردووە، ئێمە ئێستا چاوەڕێی بەڕێز سەرۆکی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانین لەو بارەیەوە قسەی خۆیان بکەن، زۆرسوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، بەپێی بڕگەی/٤ ماددەی/٧ پەیڕەوی ناوخۆ جەنابت لەڕۆژی ٦/٢٩ لە بڕگەی/٢ ی بەرنامەی کار کە بریتی بوو لە درێژکردنەوەی خولی بەهارە بۆ ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردن باسی مەبەستەکانت کرد، بۆ ئەوەی کە هۆکاری درێژکردنەوەی خولی بەهارە و پشووەکان ئەوە بوو کە باسی بارودۆخی ئابووری و باسی مووچە و باسی قەرزەکان و ناوچە جێ ناکۆکەکان و جێ بەجێ کردنی پرۆسەی چاکسازی، بەڵام ئەوەی کە بینیمان لەبەرنامەی کارەکەدا تێیدا نییە و بەڕێزتان لە دەستەی سەرۆکایەتی باسی قەرزەکان نەکراوە، بڕیار بوو لەسەرەتای کارنامەی دانیشتنەکان باسی دۆخی ئابووری و مووچە بکرێ، وەکو ئەوەی جەنابتان وەکو سەرۆکی پەرلەمان و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بینیمان دوێنێ هاووڵاتییەکی بەرکەوتەی چەکی کیمایی لە پارێزگای هەڵەبجە بەداخەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا و ئەوە نامەیەکی جێ هێشتووە بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ جەنابیشتان بۆ ئەوەی کە تکاتان لێ دەکات لە کۆتایی نامەکەیا کە ژیانی مناڵەکانی پارێزراو بکەی و سەرگەردان نەبن، بۆیە داوا لەبەڕێزتان دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی هەوڵێك بدرێت بۆ ژیانی مناڵی ئەو هاووڵاتییەی کە بەداخەوە بەهۆی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستانەوە تووشی نائومێدی و بێ هیوایی بوو لە بێ هیوای دا ژیانی خۆی بەخت کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، ماددەی/٥٣ بڕگەی/١ سەرۆك وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران لەسەر داوای خۆیان دەتوانن ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بن لە گفتوگۆ کردن، ئەمە بۆ کاتێکە ئەگەر هەر کاتێك قەیرانێك هاتە پێش بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان دەیان قەیران هاتۆتەپێش، قەیرانی دارایی، قەیرانی سەربازی، قەیرانی ئەمنی، قەیرانی سیاسیشی هاتۆتە سەر ئێستا، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران هەستیان بەو بەرپرسیاریەتییە نەکردووە، ئێمە پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەرایەتی تەواوی خەڵکی کوردستان و تەواوی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان دەکات، ئەو هەستە بەرپرسیاریەتەیان لا دروست بێت، بێن و لێرە ڕوونکردنەوە بدەن، چۆن باس لە کێشە و گرفتەکان بکرێ، بەداخەوە لە هەرێمی کوردستان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە کە باس لە پەرلەمان دەکەین مەبەستەکە ئێمە نین، یان هەر هەڤاڵێکی تر و ئەندامێکی تر لە فراکسیۆنێکی تر، ئێمە باس لە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستن دەکەین، ئەنجومەنی وەزیران و کۆی گشتی ئەندامان لێرە شەرعیەتیان وەرگرتووە بوون بە وەزیر و بوون بە جێگری ئەنجومەنی وەزیران و بوون بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەرێمی کوردستان بە لێبوردنەوە کەس پەیوەست نییە، هەموو نوێنەرایەتی خەڵك و ئەوانیش دەتوانین بڵێین لە

هەموو دنیا حکومەت کە دەبێ باوکی خەڵك بێ، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو هەستە دروست نەبووە بێن لێرە ڕوونکردنەوە بدەن و چۆن قەیرانەکان ئینقاز بکەن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، هەموومان پێکەوە لە دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان هەستی بەرپرسیاریەتیمان هەیە، کاك علی فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، ئێمە لە فراکسیۆنی گۆڕان بەپێی ماددەی/٦٦ لەپەیڕەوی ناوخۆ لامان گرنگ بووە یان داوامان کردووە بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەشی بێن لەسەر قەیرانی مووچە و دۆخی دارایی و ئابووری حزوریان هەبێت لە پەرلەمان، چۆن ئەبێ وەزیری داراییش بەهەمان شێوە حزوری هەبێت، دۆخێکی خراپە پێش جەژنە مووچە نییە، بێکارییە، خەڵك خۆی ئەکوژێ و ئەم دۆخە هیوادارین کۆی ئەوانەی لە حکومەتان بێن لەبەردەم ئەم پەرلەمانە بەڕێزە هەمووومان تەرحمان هەیە و پێشنیارمان هەیە، بۆ ئەوەی ئەم دۆخە تێپەڕێنین، بۆیە داواکارین لە جەنابتان تەئکید بکەنەوە بەیانی بەڕێزیشیان حزوری هەبێ، بۆ ئەوەی ووردو درشتی کێشە و گەندەڵییەکانی ئەم وڵاتەیان پێ بڵێین، چونکە دەزانین قەراری گەورە و قەراری جدی ئەگەر ئیسلاح بکرێ بەرپرسیاریەتی کێ گەورەترە لەم دۆخە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڵێ کاك د. کاظم فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا وەکو هەمیشە من تێبینیەکم لەسەر بەرنامەی کارەکەیە، بەڵام ئەمجارەیان بەڕاستی تێبینیەکەم بۆ جەنابتان هەردووکتانە لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان و بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، لەبەرئەوەی بەرنامەی کارەکە لەلایەن هەردووکتانەوە ئامادە کراوە، تێبینی زۆرمان هەیە لەسەر ئەوەی کە ڕەنگدانەوەی دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان نییە، کێشەکانی خەڵکی تیا نییە، ئێستا کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان حالیەن کێشەی سەرەکی خەڵك مووچەیە، دوو، سێ ڕۆژی تر جەژنە خەڵك پێویستی بەوەیە ئەو مووچەیەی وەری دەگرێت کە لە ڕەمەزانەوە لە جەژنی ڕەمەزانەوە یەك مووچە دابەش کراوە خەڵك پێویستی بەوەیە مووچەکەی وەربگرێ، فەرمانبەر پێویستی بەوەیە مووچەکەی بەرێ لە بازاڕ کاسەی جەژنی پێ بکڕێ و جل و بەرگی بۆ منداڵەکانی پێ بکڕێ، ئەمە ئەبوایە لە خاڵی یەکەمی بەرنامەی کارەکە بووایە، ئەمە نوقتەی یەکەم، نوقتەی دووەمیان ئەو دۆخە خراپەی دروست کراوە وەکو پەرلەمانتارێکی بەڕێز باسی کرد بەداخەوە ڕۆژانە وەکو گەڵای دار خەڵکی ئێمە ئەکا بە قوربانی، تۆ مولاحەزە فەرموو لەناو شاری سلێمانی دا بە تاوەری کارەباوە خەڵك خۆی هەڵدەواسێ و ئەخنکێ، لەناو باخی گشتی هەڵەبجەدا دوێنێ کەسێك خۆی خنکاندووە کە بە بەرکەوتەی چەکی کیمیایی بووە، یەعنی ئەو کیمیایەی سەدام کردی بەسەر هەڵەبجەدا ئەو هاووڵاتییەی نەخنکاند، بەڵام خراپی و هەژاری و بێکاری و نەبوونی ئەو هاووڵاتییەی خنکاند

منداڵەکانی سەرگەردان کرد، جا پرسیارەکەی ئێمە لەوەیە ئەبێ پەرلەمان کەی بێتە جواب لەسەر ئەو هەموو خەڵکەی کە ڕۆژانە لەڕێی خارج تیا ئەچن و ئەو هەموو گەنجەمان کە لە ماڵەوە دانیشتوون و چاوەڕێی دەرفەت دەکەن، ئەگەر روخسەتم بدەی (٢٨) ڕۆژە دانەنیشتووین...... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.کاظم نوقتە نیزامی یەك دەقەیە.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمجارەیان تێبنیەکەم بۆ هەردووکتانە، چونکە دوێنێ بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان تەلەفۆنی کردووە بۆ لایەنەکان داوایان لێ دەکات کە لێك نزیك بوونەوە دەرفەت بدرێ بەهەندێك لایەن، بۆ ئەوەی لێك نزیك ببنەوە، با بزانین بەرهەمەکەی ئایا ئەمرۆ مووچە دابەش دەکرێت؟ خۆ ئەوەیە بەرهەمەکە، پەرلەمان دەرفەت دەدات بە لایەنەکان خۆ ئەبێ شتێ حەل کرابێ و نەتیجەیەکی هەبووبێ، دوای ئەوە هەر بەڕاستی سەرنجە بۆ ئێمە بۆچی ئەبێ ئێمە ڕۆژانە چاوەڕێی ئەم نامانە بین چەند کاوەی تر و کاوە حمە صالحی تر و کاوە محمدی تر بێتەوە بە قوربانی و منداڵەکانی سەرگەردان بێ، بۆ ئەوەی پەرلەمان بێتە سەر خەت و لە دۆخیان بکۆڵێتەوە، لەبەرنامەی کارەکەیا روخسەتم بدە...... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر روخسەتم دای نوقتەی نیزامی یەك دەقەیە، ئەوە تۆ دوو دەقەیە قسە دەکەی، هەموو جارێ تۆ ئەمە دەفەرمووی، دەرفەت بدە بابەتی دارایی و قەیرانی دارایی، سبەینێ لە بەیانی سەعات (١٠) ەوە دەست بە قسە کردن دەکەین لەسەر بابەتی مووچە، قەیرانی دارایی، ئەو دۆخەی کە خەڵکی هەرێمی کوردستانی تیایە، بە ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە هەر قسەکردنێك ئەمڕۆ لەسەر ئەم بابەتە و تەرکیزکردن بردنی وەختی ڕۆژەکە هەمووی لەسەر ئەم بابەتە بەناوی نوقتەی نیزامی، هەم غەدر کردنە لەدەستەی سەرۆکایەتی و هەم غەدر کردنە...، گرنگە بەلای ئێمەشەوە، گرنگە بەلای هەموومانەوە، دروستە جەنابت ڕاست دەکەی، سبەینێ باسی دۆخی دارایی دەکەین، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕێیان زۆر باسیان لە دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان کرد، هەموومان ئەزانین ئەوەی نیگەرانی هاوڕێیان هەموو هی هاووڵاتیانی هەرێمە بۆ ئێرە، بەپێی ماددەی (٦٦)، ( ٦٦ ) هەزار ڕۆژ واتا هاوار بکەی ئەبێ مووچە بدرێت، من خاڵی سەرنجەکە و خاڵی پەیڕەوییەکەم لەوە نییە کە تەنها چوار مانگ ئەمانە کۆبوونەوە و هەزاران کەس داوا ئەکا کۆبوونەوەو باسی مووچە و باسی بژێویی ژیانی خەڵك بکەین، ئەبوو وەکو زۆر لە هاوڕێکان وتیان لەبەرنامەی کارا ئەمڕۆ یەکەم کەس بەڕێز وەزیری دارایی و تیمی حکومەت بهاتنایە باسی یەکەم شتمان بکردایە، بەڵام نەچووە بچێ قسە لەم سەرەوە خۆشە، من گەیشتە ئەوەی لەناو سلێمانی تەقەشمان لێ کرا، بەس لەسەر مووچەی خەڵك، هاتین لێرەش بەکۆی هەمووومان ئیمزامان کۆکردووەتەوە، ئێستا

وەك وتم سبەینێ کە لەبەرنامەی کارا بەڕێز وەزیری دارایی بێتە ئێرە دەبێت پێمان بڵێت کەی و پێش جەژن مووچە ئەدات یان نایدات؟.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان بەیانی بۆ ئەو قسانە نەکەین، کاك سیروان هەر پرسیارێکتان هەیە لەسەر دۆخی دارایی دەیخەینە بەیانی، کاك ئومێد فەرموو، ئەوە ئاخر نوقتە نیزامییە کە وەری دەگرم، تەواو، هەرشتێك هەیە لەسەر دۆخی دارایی دەیخەینە بەیانی.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کاتم پێ بدە تەواو خاڵی پەیڕەوییە قسەکانم، .. .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر یەك دەقە کاتت پێ دەدەم کاك ئومێد.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی/٥٦ بڕگەی/٢ تکایە بەڕێزتان وەکو سەرۆکی پەرلەمان دەسەڵاتی خۆت بەکاربێنە، ئێرە شاشەی تەلەفزیۆنی میدیا نییە، پەرلەمانە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکەین، زۆر بەڕوونی لە ماددەی/٥٦ بڕگەی/٢ تەنیا سێ خاڵ خاڵی پەیڕەوییە، هیچ یەکێك لەو گفتوگۆیانەی دەکرێن و ڕێگە دەدەی بۆچوونی فراکسیۆن بخرێتەڕوو، ڕێگا دەدەی بۆچوونی ئەندامی پەرلەمان بخرێتەڕوو، ئێمە دانەنیشتووینە هەموومان بەرپرسیاری ئەو وڵاتەین، هەمووشمان خەمخۆر و پەرۆشی خواست و داخوازی خەڵکی کوردستانین، دامەزراوەی دەستووریش تەواوکەری کاری یەکە، ئێمە و حکومەت دوو، دوو لێك جیاواز نین، ئەم پرسیارە لەبەڕێزتان و سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، با واز لەوە بینین کێ سەرۆك حکومەتە و کێ جێگرە و کێ وەزیری کامە لایەنە، حکومەت حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەرێ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان داواتان کردییە، سەرۆك وەزیران و جێگر و وەزیرەکان بێنە پەرلەمان و وەڵامیان نەدابێتەوە یاخود گوتوبیان نایەینە پەرلەمان؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە داوامان کردووە لە هەموویان بەڕێزیان بێن لەسەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکان بە گوێرەی ئەو یاداشتانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێشکەشیان کردووە، وەڵاممان دراوەتەوە بەهاتنی وەزیرەکان، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم دامەزراوەیە دامەزراوەی خەڵکی کوردستانە و سومعەت و ناوبانگی ئەم دامەزراوەیە هی هەمووومانە لە دەستەی سەرۆکایەتی و ئەندامانی پەرلەمان، بەگشتی ئەگەر ئەم دامەزراوەیە دامەزراوەیەکی شکست خواردوو بێت هەمووومان شکست خواردووین، زۆرەکەی بەر ئێمە دەکەوێ و دواتر پریشکێکیشی بەر جەنابتان دەکەوێ، ئێمە بڕیارمان داوە بەیانی بەتەواوی لە بەیانییەوە کە ڕۆژەکە دەست پێ دەکات، هەتا ئەو کاتەی کە هەر هەمووتان ماندوو دەبن لە پرسیار کردن لە داوای ڕوونکردنەوە باسی مووچە و بودجە و قەیرانی دارایی دەکەین بە ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەرئەوە هەر نوقتە نیزامیەك پەیوەندی بە ئەم

بابەتەوە هەیە داوای لێ بوردن دەکەین لێتانی وەرناگرین، دەست دەکەین بە جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کارەکەمان، ئەگەر بابەتێکی ترە، ئاماژە بەو ماددەیە بکەن کە دەتانەوێ ڕەئی مەڵێن، بۆچوونی خۆتان مەڵێن بەڵکو ئەو نوقتە نیزامیە پەیڕەوییە بڵێن کە موخالەفەی پەیڕەومان کردووە یان قانونمان کردووە، لە ئێستاوە پێتان دەڵێم هەر کەسێك باسی ئەو دۆسیەیە بکات کە بەیانی هەموو ڕۆژەکەمان بۆ داناوە بە داوای لێ بووردنەوە دەرفەتی نادەم، کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئەگەر خاڵی پەیڕەوی نەبوو قەتعی کە، دیارە بەپێی ماددەی/٤٨ لە بڕگەی/١ باس لەوە دەکات کە هەر بڕگەیەك لەسەر پێشنیاری سەرۆك یان سێ ئەندام بەڕەزامەندی زۆرینەی ئامادەبووان دەبێ، ئەگەر بمانەوێ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لەبڕگەی/١ کە بڕگەیەك جێگۆڕکێ پێ بکەین، پێویستی بە پێشنیاری سێ ئەندام و دواتریش بەڕەزامەندی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بێ، بۆیە دەمەوێ بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی/٤٨ داوا دەکەم کە گۆڕانکاری لە بڕگەکانی دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمانی کوردستان بکرێ، بەوەی بڕگەی/٥ کە تایبەتە بە دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بخرێتە بڕگەی یەکەم، لەبەرئەوەی خۆتان دەزانن ئێستا دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان زۆر خراپە و بۆ ئەوەی حکومەت مولزەم بکەین لەو هەفتەیە مووچەی فەرمانبەران بدات، بەڕاستی کە ئەوە گرنگترین خاڵە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمدقانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵی پەیڕەوییم هەیە، یەکەمجار ئەمەوێ ڕوونکردنەوەیەك بدەم بە جەنابت و دەستەی سەرۆکایەتی، بە پێی ماددەی (٥٦) دەسەڵاتدراوە بە پەرلەمانتار خاڵی پەیڕەوی پێشێل بکات، هیچ دەسەڵاتێك ناتوانێ ڕێگری لێ بکات، خاڵی پەیڕەوی تەواو ئەبێ جێ بەجێ بکرێ، جەنابتان پاسەوانی خاڵی پەیڕەون، بە نیسبەت دوو خاڵی پەیڕەوی حەز دەکەم بە جەنابتان بڵێم، پاڵپشت بە ماددەکانی (٥٩ و ٦٠) هەڵبەتە کۆمەڵێك پرسیاری زۆر کراوە و وەڵامی نەبووە، بەڵام بەپێی ماددەکانی (٦٦و ماددەی/٦٩) ی پەیڕەوی ناوخۆ، ماددەی (٦٦) گفتوگۆی کراوەیە، پێم سەیرە فراکسیۆن یان دە کەس ناتوانن بەپێی ماددەی (٦٦) ئیلزامی سەرۆکی حکومەت یان جێگرەکانی بکەن، ماددەی (٦٩) بڵێین بۆ ئەوەیە، مەوزوعەکە لەوەیایە لە ماددەی (٦٨) دا، خۆم لە یاداشتا ئیمزام کردووە بۆ موساعەدە بووە، بۆ ترساندن بووە، کە سەرۆکی حکومەت پێویستی بە ٥/١ کە (٢٣) ئەندام، جێگرەکەی و ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران پێویستی بە ٦/١ کە (١٨) ئەندام، ئەم موسائەلانە کراوە، بەڵام جواب نەدراوەتەوە، داوا لە جەنابتان دەکەم لە دەستەی سەرۆکایەتی ئایا بۆ نموونە ئێمە لەڕۆژی ٢٠٢٠/٣/٢ دا یاداشتێکمان پاڵپشت بە ماددەی (٦٦) پێشکەش کردووە بۆ گفتوگۆیەکی کراوە، دانیشتنی کراوە میواندار ی نەك موسائەلەش، بەڵام پەیوەندارە بە مەسەلەی مووچەی خەڵکی کوردستان نزیکەی پێنج مانگ لەمەوبەر بووە،

حەز دەکەم دەستەی سەرۆکایەتی پێمان بڵێت بۆچی ئەمە نەخراوەتە بەرنامەی کار کە چواردە رۆژ بێت، لەخراپترین حاڵەت دا ئەبێ ببێتە (٢١) رۆژ، ئەوە یەك وەڵاممان بدەیتەوە، ئەوەی کەشیان کە پەیوەندی بە مەسەلەی خاڵێکی پەیڕەوی هەیە، ئەو پرۆژە یاسایەی کەمێکی تر دەخوێندرێتەوە ئەوەی کە ناوی یاسای لەئەستۆگرتنی فەرمانبەرانە، ئەو پرۆژە یاسایە تەبعەن لە ئەستۆ گرتن تەحەمولە، ئەمە لێرە مەبەستم ئەم پرۆژە یاسایە پاڵپشت بە ماددەی (٧٨) بڕگەکانی ٥/٤/٣/٢/١ ئەم پرۆژە یاسایە کێ ناردوویەتی؟ نەنووسراوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

حکومەت، کاك مەم لەناو پەیڕەوی ناوخۆ تەعریف کراوە، ئەگەر وتی پرۆژە یەعنی هی حکومەتە، ئەگەر وتی پێشنیاز یەعنی هی پەرلەمانە، کە ئێمە لەناو بەرنامەی کار نووسیمان پرۆژە مەبەستمان لەوەیە کە هی حکومەتە، کە نووسیمان پێشنیاز مەبەستمان لەوەیە کە هی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانە، موژدە خان فەرموو و دوای ئەوە کاك چیا.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مانگێکمان درێژ کردەوە لەوەرزی بەهارە، بۆ ئەوەی بەردەوام دانیشتنی تێدا بکرێت، (٢٨) رۆژ، مەعقولە دوای (٢٨) رۆژ ئینجا بەرنامەی کار ... بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پێشنیاز دەکەم ئێمە هەتا نیوەی شەو دەمێنینەوە، تکایە بڕگەی (٥) بهێننە سەرەتا، با هە ئەمڕۆ باس لە قەیرانی دارایی و باسی دۆخی مووچە بکرێ، تکایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تکای ناوێ تەواو ئەیخەینە دەنگدانەوە ئەوە بوون بە سێ کەس.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مەعلوتمان هەیە کە بەپێی ئەو رەقەمانە پارە لەبەردەستە بۆ دابەشکردنی مووچە، هیوادارم پەرلەمان فشار بکات بۆ ئەوەی سبەینێ و دوو سبەی پێش جەژن مووچە دابەش بکرێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر شێوازی کۆبوونا ئەڤرۆیە، ئەم د بارودۆخەکی زۆر حەساس داین، مەترسیا کۆرۆنای لسەر هەرێما کوردستانێ و سەر هەمی پارێزگەهان زۆر زۆر زێدە بوویە، ڕێنماییین تەندروستی و وەزارەتا تەندروستی دیارە، بۆ ڕێنماییان جێ بەجێ بکەین، پێتڤیا من وەکو پەرلەمانێ کوردستانێ، ئەم د بارودۆخەکا زۆر حەساس داین کۆرۆنا ڕۆژ بەڕۆژ زێدەتر دبە، بارودۆخ زۆر زۆر خەتەرناکە، ڕێنماییین تەندروستی زۆر وازحن پێتڤیا ئەم وەکو پەرلەمانێ کوردستانێ نموونە بن بۆ جێ بەجێ کرنا ڕێنماییەن تەندروستی، بەس مخابن د هۆڵەکا (١١١) کەسی دا چەند فەرمانبەر ئەم ڕێنماییەت تەندروستی جێ بەجێ ناکرێ و ئەم مەترسیا هەر

کەسەك دزڤریتە باژێرێ خۆ مەترسینە بۆ بلاڤکرنا ڤـێ ڤیرۆسـی، هیڤیـدارم جەنـابێ وە داخـاز ژ هەمـوو پەرلەمانتـاران بـکەت کە ماسـك و دەسـتکێش بکـاربینن، بـا ئەم وەکـو ڕێنمـاییەت تەندروستی جێ بەجێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە پـێش ئەوە کـاك د.ڕێبـوار، ئـێمە لەگەڵ ئەوەیـن کە بـابەتی مـووچە و قەیرانـی دارایـی و کێشـە ئابووریيەکـانی هەرێمـی کوردسـتان لە کۆبـوونەوەیەك موناقەشـە بکرێ زۆر بە دوورودرێـژ و تێروتەسـەلی، بـۆیە لەنـاو بەرنـامەی کـار دامانـنـاوە، هەمووشـمان مـوتەفقین ئەو دۆسـیەیە بەبـێ ئامـادەبوونی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان موناقەشەکردن و گفتوگۆ لەبارەوە کردنی گفتوگۆیەکی نەزۆکە، (٢٤) سەعات هیچ لە وەزعەکە ناگۆڕێت، ئێمە ئایا بەبێ ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها لەبەر (٢٤) سەعات ئەم موناقەشـەیە بکەیـن، چەنـد ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان کە هێشـتا نەبـوون بەسـێ کەس، لەگەڵ ئەوەیە بەبێ ئامادەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا یەکەم بڕگە بابەتی مووچە و بوودجە و قەیرانی دارایی موناقەشـە بکەیـن؟ بەبـێ ئامـادەبوونی حکـومەت، یەعنـی ئێمە دانیشین بەس لە نێوان خۆمانا قسە بکەین، بەڕێزان کاك دیاری ئێمە ... فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز دیاری انور حمەرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بابەت پێشێلکردنی پەیڕەوە، ئەم پەیڕەوە سەدان جار پێشێلکراوە، ئێستا من پێـت دەڵـێم ئەم پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، یەعنی من شـەش دانە مـانگە بەدەیـان نووسـراوی فەرمـی دەیـان یاداشـتمان داوە، بـۆ ئەوەی وەزیـری دارایـی و سـەرۆکی حکـومەت و جێگـری سەرۆکی حکومەت و لایەنە پەیوەندارەکان، لەسەر قوتی خەڵك، لەسەر مووچەی خەڵك، لەسـەر بژێوی خەڵك و لەسەر ژیانی خەڵك بێنە ئەم پەرلەمـانی کوردسـتانە، یەعنـی پرسیارەکە ئەوەیە چی وای کردووە شەش دانە مانگە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی دە خولەك، کوڕە دوو خولەك دوورن لەم پەرلەمانی کوردسـتانە نەیەنە پەرلەمـانی کوردستان؟ ئـێمە قسـەکەمان لەسـەر ئەوەیە یەعنـی کە تـۆ دەڵێـی بەبـێ ئامـادەنەبوونی بەرپرسـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان قسـە بکەیـن لەسـەر بـابەتی بـودجە و مـووچە، ئەگەر گـرنگە بەلایـانەوە بـێن و پەرلەمانیان بەلاوە گرنگە، ئەم پەرلەمـانەی کە لێـرە شـەرعیەتیان وەرگرتـووە ئـێ دوو خـولەکە بابێنە ئێرە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کاتم مـاوە تکـا دەکەم کـاتم مـاوە، یەعنـی مەنتقـی تێـدایە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان شەش دانە مانگە یەعنی لە مانگی یەکەوە.... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە دووبارەیە ئەو قسـەیە، ئـێ دوای ئەوە، دووبـارەیە کە وتـت شـەش دانە مـانگە یاداشـتمان پێشـکەش کـردووە بـۆ ئەوەی حکـومەت بێـت، دەمەوێ جوابـت بـدەمەوە بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمان، ئێمە لە دۆڵێك ناژین و خەڵکی هەرێمی کوردستان لە دۆڵێك و ئێمە نەبینن، هەمووتان دەزانن جگە لە دۆخی کۆرۆنا کە پەرلەماناتی دنیا بە کەمی کۆدەبنەوە، ئێمە دۆخێکی سیاسی و قەیرانێکی سیاسی دروست کراومان هەبووە لەنـاو پەرلەمـانی کوردسـتانا، مـن وەکـو سـەرۆکی پەرلەمـان گیـرۆدەی ئەو قەیـرانە سیاسـیە بـووم کە هێنـراوەتە نـاو پەرلەمـانی کوردسـتان،

دووبارەکردنەوەی ئەمە بە بەردەوامی بۆچی پێنج مانگە جەلسە نەکراوە، پێنج مانگە جەلسە نەکراوە، لەبەرئەوەی من دەست و پێم پێوەند بووە نەمتوانیوە جەلسەکانی پەرلەمانی کوردستان بەڕێوە ببەم، هیوادارم ئەم بابەتی موزایەدەکردنە بەسەر سەرۆکی پەرلەمانا هەمووومان وازی لێ بێنین، ئەگەر هۆکارێك هەبووبێ بۆ ئەنجام نەدانی کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا، خەتای سەرۆکی پەرلەمان بووە، دۆخێکی سیاسی ناجۆر وای کردووە کە سەرۆکی پەرلەمان کۆبوونەوە نەکات، وە وەرگرتنی نوقتەی نیزامی لەسەر ئەوەی کە کۆبوونەوە نەکراوە و ناکرێ هەڵدەگرین، خەتای منە و من بەرپرسم و من داوای لێ بوردن لە خەڵکی کوردستان دەکەم، قەرمووون بۆ جێ بەجێ کردنی بەرنامەی کار بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی کاك بژار فەرمووو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە و پێشنازە یاسایانەی خوارەوە کە ئامادەن بەپێی بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئەمرۆمان بۆ خوێندنەوەی یەکەم ئەمانەن: یەکەم: پرۆژە یاسای لەئەستۆ گرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

بەڕێزان سەرۆك و ئەندامانی پەرلەمان ئەم پرۆژە یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، پێکهاتووە لە (١٨) مادده و لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندن، ئێمە لە لیژنەی کاروباری یاسایی پەرلەمان داوا لە بەڕێزتان دەکەین ئەم پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکانی پەرلەمان بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پرۆژە یاسای لە ئەستۆ کردنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان ئاراستەی لیژنەکانی کاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێت، لێرەوە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم ڕۆژی (٩)ی مانگ دوای جەژن کۆببنەوە بە مەبەستی ئامادەکردنی ڕاپۆرت، بۆ ئەو مەبەستە دەتوانن بە ئیلزامی نا دەتوانن لەگەڵ لیژنەی داراییش ڕاوێژ بکەن، کاك عباس فەرمووو.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلوپەل لە هەرێمی کوردستانی عیراق، ئەم پێشنیازە یاساییە لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان پێشکەش کراوە و لە (٣١) مادده پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی، ناوی ئەو ئەندامە بەڕێزانەی کە واژوویان کردووە لەسەر پێشنیازە یاسایەکە: (د. زیدان رشید، نەجات شعبان، لقمان محمد حاجی، پێشەوا طاهر ، زانا مەلاخالد، صباح محمود، ادریس اسماعیل، بەختیار شکری، سروان هەرکی، رزگار عیسی، نزار سورچی، بهمن کاکە عبداللە، ژیان مصطفی، ریڤینگ محمد هروری، د. ڕێبوار بابکەیی، زکری احمد، محسن دۆسکی، جلال بیار، رۆمیۆ هەکاری، سلمی فاتح، رۆژان محمد کریم، هەژان احمد، هاوڕێ مەلا ستار، جمال حوێز، ارشد حسین، عبدالسلام دۆڵەمەری، بهجت علی ابراهیم، ئومێد خۆشناو، کلارە عودیش، شیخ طاهر خەیلانی، مەلا احسان، لیزا فلك الدین

کاکەیی، وەیسی سعید وەیسی، هێڤیدار احمد، یاسین خضر طه، حسیبە سعید ابراهیم، هیمداد صباح بلال، ڕۆژان ابراهیم، گلستان باقی نهێلی، ئازاد اکرم کورەچی، بژار کۆچەر)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داوا لە بەڕێزت دەکەین ئەو پێشنیازە یاسایە ئاراستەی لیژنە پەیوەندارەکان بکەی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، پێشنیازە یاسای بەڕێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپوور لە هەرێمی کوردستان - عیراق ئاراستەی لیژنەی ڕۆشنبیری و لیژنەی کاروباری یاسایی و سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان دەکرێ، داوا لە لیژنەی ڕۆشنبیری دەکەم ڕۆژی (٩)ی مانگ ڕاستەوخۆ دوای جەژن بە ئامادەبوونی د.زیدان ڕاپۆرتی ئەم پێشنیازە یاسایە ئامادە بکات، بەڵێ کاك د.زیدان نوقتە نزامیت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پرۆژە یاسایە پەیوەندە بە لیژنەی شارەوانی و گەشتوگوزار نەك لیژنەی ڕۆشنبیری.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، ئاراستەی لیژنەی ڕۆشنبیری و شارەوانی و کاروباری یاسایی دەکرێت، ئەگەر کاك د.زیدان لە هیچ یەکێك لەو لیژنانە ئەندام نییە، لەبەرئەوەی پسپۆڕییەکەی لە شوێنەوارە و دکتۆرای لە شوێنەوار وەرگرتووە، داوا لە لیژنە تایبەتمەندەکان دەکەم کە بە ئامادەبوونی د.زیدان ڕاپۆرتیان ئامادە بکەن، (٩)ی مانگ ڕۆژی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە بەڕێزان، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازی یاسای ڕێکخستنی میدیای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان - عیراق لەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، ئەم پێشنیازە یاسایە لە (٢٢) ماددە پێکهاتووە لەگەڵ هۆیەکانی دەرچوواندنی، ناوی ئەندامانی پەرلەمان ئەوانەی کە واژوویان کردووە: (سلمی فاتح، جلال پەرێشان، محسن دۆسکی، گۆران عمر علی، مەم برهان قانع، پێشەوا هەورامی، روپاك احمد، گلیزار رشید، ئازاد اکرم، لقمان حمه صالح، ارشد حسین، ژیان طاهر ، زیاد جبار، کاروان گەزنەیی، رزگار عیسی سوار، جلال محمد امین، فیصل عباس، شەمۆل اشین، عبدالناصر احمد، بهجت علی ابراهیم، سارا دڵشاد، چیا مجید شریف، لیزا فلك الدین کاکەیی، شنۆ اشقی، جمال هەروتەیی، هەژان حسن، زکری زێباری، هێڤیدار احمد، بەختیار شکری، شادی نەوزاد، باڵانبۆ محمد، علی حمه صالح، سۆران عمر، رزگار محمد، شایان کاکەصالح، شیرین امین، یاسین خچر، شاخەوان رۆوف، بەڵێن اسماعیل، مسلم عبدالله، حکمت محمد، حسیبە سعید گەردی، د. زێدان رشید، بژار کۆچەر، گلستان سعید، هێرش حسن، دکتۆرە گەلاوێژ عبید، راهی رەهبەر، ڕۆژان شهید حەمەرەش، شیرین یونس، سەرکۆ ئازاد گەلاڵی، ئاشنا عبدالله، سیروان بابان، دیاری انور).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەرئەوەی ئەم پرۆژە یاسایە گرنگە و بۆ یەکەم جارە دەچێتە سیستمی تەشریعی ئێمەوە، جگە لەوەی ئاراستەی لیژنەکانی رۆشنبیری و کاروباری یاسایی و سەرجەم پەرلەمانتارانی دەکەین، پێویستی بە هەندێك ئامادەکارییە، بۆیە دەبێ سەنتەری توێژینەوەی پەرلەمان ڕابسپێری بۆ ئەنجامدانی ووّرکشۆپێك دوای ئەوە ڕاپۆرتەکانی تر دەنووسین، زۆر سوپاس بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دەتوانن بچنەوە شوێنەکانی خۆتان، بەڵێ گلستان خان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ٦/٢٩ کاتێ کە کۆبوونەوەمان کرد پێشنیاری ئەوەمان کرد کە بەدەم چاکسازییەکانەوە بچین، جەنابت بڕیارت دا کە ڕاپۆرتێك لەو بارەیەوە ئامادە بکەین، پێموابێ یەکێك بووین لەو لیژنانەی کە پێشەنگیمان کرد لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی زۆر تێروتەسەل سەبارەت بە چاکسازییەکان، لەدوای ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە نامەی جەخت کردنەوەمان پێشکەش بە بەڕێزتان کرد بەوەی کە دانیشتنێکی تایبەت بکرێت بە گرفتی چاکسازییەکان، بەڕاستی ئێمە لە دوای ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە و نامەی جەخت کردنەوە لە هەفتەی ڕابردوودا دوان لەوانەی کە لە چاکسازییەکان مانیان گرت بوو لە سزادراوان کۆچی دواییان کردووە، من هیوادارم مەترسی ناو چاکسازییەکان بەهەند وەربگیرێ تەنیا لەم پەرلەمانە باس لەسەر مووچە و گرفتی خەڵك نەکرێ، کە ئەوەش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، باس لە گرفتی ناو ئەو چاکسازییانەش بکەین بەهەندی وەربگرین و ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی بەهەند وەربگیرێ، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس دروستە ئێوە جەنابتان داواتان کردبوو ڕاستە، ئێمە بەڕاوێژ لەگەڵ خۆتان، لەگەڵ لیژنە تایبەتمەندەکە هەوڵ دەدەین کە دانیشتنێکی پەرلەمانی بۆ ئامادەبکەین، هەندێك ئامادەکاری تریشمان کردووە بەڕەزامەندی جەنابتان دەتوانین بەردەوامی پێ بدەین، بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێستا بڕگەی دووەمی بەرنامەی کارەکە جێ بەجێ دەکەین، کە بریتییە لە دەنگدان لەسەر داواکاری دەست لەکارکێشانەوەی ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان کاك (سۆران عمر سعید) لە ئەندامێتی پەرلەمان بە پێی حوکمی خاڵی یەك و دوو لە بڕگەی دووەمی ماددەی (٢٥) لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز پەرلەمانتار (سۆران عمر سعید) پەسەند بکرێ با بفەرمووێ دەنگی پێ بدات؟ بەڵێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە کۆی (٨٩) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان کە ئامادەی کۆبوونەوەکەن، بە (٥٥) دەنگ دەست لەکارکێشانەوەی بەڕێز کاك (سۆران عمر سعید) پەسەند کرا، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە جێ بەجێ کردنی بڕگەی (٣) بەرنامەی کارەکەمان دەکەین کە بریتیە لە خوێندنەوەی ڕاپۆرت و گفتوگۆ کردن سەبارەت بەم بابەتانەی خوارەوە بە یەکەمیان دەست پێ دەکەین، خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوچە کوردستانییەکان دەرەوەی هەرێم، سەبارەت بە

دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم و هێرشەکانی تیرۆرستانی داعش بۆ سەر ناوچەکە بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزیری کاروباری پێشمەرگە، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لە هەرێم و بەغدا و دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق، ئێستاش داوا لە بەڕێزان دەستەی سەرۆکایەتی هەردوو لیژنەکانی کاروباری پێشمەرگە و لەگەڵ ناوچە کوردستانییەکان دەرەوەی هەرێم دەکەین بابفەرموون بێنە ئێرە، لیژنەکانی پێشمەرگە و دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لێرە دەبن، بەناوی پەرلەمانی کوردستان بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لە نێوان هەرێم و بەغدا و دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق دەکەین و بەڕێز وەزیری کاروباری پەرلەمان (د.ڤالا) بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەین، سوپاس بۆ ئامادەبوونتان، نوقتەی نیزامی سەبارەت بەو بڕگەیەیە؟ کاک کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ لە ماددەی/٣٠ لەبڕگەی/٤ ڕێژەی یاسایی کۆبوونەوەی لیژنە بەئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان تەواو دەبێت بۆ بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەدرێن، بەڵام ئەم ڕاپۆرتەی بەردەستمان لە کۆبوونەوەی لیژنە کە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/١٩ ئەنجام دراوە، لەم کۆبوونەوەیە تەنها چوار ئەندامی بەڕێزی لیژنە واژوویان کردووە کە نیسابی یاسایی نەبووە بۆ کۆبوونەوەکە، لەڕاپۆرتی هاوبەشیش لە کۆی یازدە ئەندام تەنها پێنج ئەندام واژوویان کردووە، کەواتە ئەمەشیان دووبارە نیسابی یاسایی تەواو نەبووەن، بۆیە من داوای ڕوونکردنەوە لەبەڕێزتان دەکەم بۆ ئەوەی ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە ئایا ئەگەر نیسابی کۆبوونەوە تەواو نەبوو، چۆن دەکرێت بخرێتە بەرنامەی کارەوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو لیژنە بەڕێزەکە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە پێشتر بەجیا هەریەکەیان ڕاپۆرتی خۆیانیان ئامادەکردبوو بە نیسابی قانوونی لیژنەکانیان، ئەم ڕاپۆرتە هاوبەشە لێکدراوی هەردوو ڕاپۆرتەکەیە بە تەنها لێکیان داوە هیچ ئیزافەیەکیان بۆ نەکردووە، بۆیە لەبەر دۆخی کۆرۆنا ژمارەیەکی کەمی هەردوو لیژنەکە ئامادەبوون تەنها تێکەڵکردنی کردووە و ڕاپۆرتە هاوبەشەکەی کە پێشتر بە ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان هاتووە، تێبینی لەسەرە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم ڕاپۆرتە تەنها ڕاو بۆچوون و ڕوئیای لیژنەکەیە، ئەگەر ئەندامێکی ئەم دوو لیژنەیە ناڕازییە لەسەر ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە دەرفەتی دەدەینێ قسە بکات، تێبینی لەسەرە، کاک کاروان.... هەر لیژنەیەك لەم دوو لیژنە بەڕێزە کۆبوونەوەی سەربەخۆی کردووە بە نیسابی تەواوی ئەندامانی لیژنەکەیەوە، ڕاپۆرتێك کە پەسەند کراوی لیژنە تایبەتمەندەکەیە خۆی کۆبۆتەوە لە کاروباری پێشمەرگە بە جیا لە لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان بە جیا، ئەم بەڕێزانە ئەم (٩) ئەندامە تەنها هاتوون هەردوو ڕاپۆرتەکەیان کردووە بە یەك ڕاپۆرت، بەڵێ دەست بە بەرنامەی کارەکەمان دەکەین، سەرەتا بە

خوێندنەوەی ڕاپۆرتی هاوبەش لەلایەن بەڕێزان سەرۆکی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم دەست پێ دەکەین، خۆتان بڕیار بدەن کامتان سەرەتا دەست پێ دەکەن، فەرموون، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، بەخێرهاتنێکی گەرمی هەموو وەزیرە پەیوەندارەکان دەکەین کە ئێستا لەپەرلەمان ئامادەن، ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش وەکو لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان دەیخوێنینەوە:

دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەمان پرسێکی پیرۆز و گرنگە، ڕاستە هەر بابەتێك پەیوەست بێ بە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکان پرسی گرنگن، بەڵام ئەمە بابەتی خاك و نیشتمانە کە کورد قوربانی زۆری لەپێناوی داوە هەرچەندە دەبوایە دانیشتنەکە تایبەت بووایە بە ناوچە کوردستانییەکان، بەڵام هەوڵ دەدەین لەو کاتەی کە بۆمان تەرخان کراوە ئەو کێشە و گیروگرفتانەی کە ئاماژەمان پێی کردووە لە ڕاپۆرتەکەدا باسی لێوە بکەین، کە ئێمە باس لە ناوچە کوردستانییەکان دەکەین مەبەستمان هەموو ئەو ناوچە کوردستانیانەیە کە ماددەی/١٤٠ دەیانگرێتەوە، کەباس لە خەڵکانی ناوچە کوردستانییەکان دەکەین مەبەستمان هەموو پێکهاتەکانی ناوچە کوردستانییەکانە بەپێکهاتەی کورد و ...... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی لیژنە، یەکسەر دەست بەخوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە بکە، فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ دکتۆرە، بەڵام پێویستە خەڵکانی ناوچە کوردستانییەکان بزانن کە ئێمە مەبەستمان هەموو پێکهاتەی ناوچە کوردستانییەکانە بەبێ جیاوازی، هەروەك لای هەموومان ئاشکرایە لە دوای (١٦) ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ و دوای نەمانی هێزی پێشمەرگە لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، دۆخی ئەو ناوچانە ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە بارودۆخێکی خراپ و خراپتر دەکات، هێرشە یەك بەدوای یەکەکانی چەکدارانی داعش وەستانی نییە و کۆنترۆڵ ناکرێ، سوپای عیراق و پۆلیس و ئەو هێزانەی کە لەو ناوچانەدان چۆن بڵێی گومان دروست بووە کە پشتگیری لەو هێرشانە دەکەن و بگرە چاو پۆشیشی لێ دەکەن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، ئاماژە بە بڕگەی/٢ لە ماددەی/٩ ی پەیڕەوی ناوخۆ داواتان لێ دەکەم کە ئەم دانیشتنە پەخشی لەسەر ڕابگیرێ، لەبەرئەوە هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵ ئەوەیە کە پەخشی ڕاستەوخۆی ئەم دانیشتنە، تەنها ئەم دانیشتنە ڕابگیرێ با بفەرمووێ دەنگ بدات؟ بەڵێ زۆر سوپاس، بە دەنگی (٦٣) ئەندامی پەرلەمان پەخشی ڕاستەوخۆ ڕادەگیرێ، بەڵێ فەرموون ڕاپۆرتەکە بخوێننەوە، شیرین فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو خۆی خوێندراوەتەوە کاك کاروان نازانم مەوزوعی ناوچە کوردستانییەکان بۆ وا مشەوەشی کردووی کاك کاروان........ .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان ڕاپۆرتەکە دەخوێنێتەوە، دانیشە. دانیشە.... فەرموون جوان خان ڕاپۆرتەکە وەکو خۆی بخوێنەوە، بێ دەنگ بن، تەواو، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرەدا گومان دروست بووە بۆچی تەنها کوردەکانمان ناوچە کوردستانییەکانمان کراونەتە ئامانج؟ نەبوونی هێزی پێشمەرگە وای کردووە، چەکدارانی داعش و هێزە میلیشیاکان دەرفەت لەو بۆشاییە ئەمنییە وەربگرن و بەردەوامی بدەنە ئەو هێرشانە...... ئێ ئەوە لای ئێوە نییە، ئەوە موشکلیەی من نییە... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان وەڵامدانەوە ئیشی تۆ نییە، تۆ بەردەوام بە لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە، بۆیان دابین دەکەین ئەو بەڕێزانەی کە لایان نییە، ئێستا بۆتان دابین دەکرێ ئەو بەڕێزانەی ڕاپۆرتی هاوبەشتانی لا نییە، بەردەوام بە، ئێستا بۆتان دابین دەکەین، لام سەیرە چونکە لە بۆکسی هەر هەمووتان دا ئەو ڕاپۆرتە هەیە، بەڕێزان ئەم ڕاپۆرتەی کە ئیمزای سەرۆکی هەردوو لیژنەی لەسەرە، کێ ئەمەی پێ نییە؟ جارێ پرسیاری یەکەممان با ئەوە بێ، کێ ئەم ڕاپۆرتەی پێ نییە کە ئیمزای هەردوو سەرۆکی لیژنەکەی لەسەرە؟ هەمووتان پێتانە، جوان خان حەرفەن بیخوێنەوە لە بیدایەتەکەیەوە پشت بە ماددەی/٦٦ ئا لەوێوە دەست پێ بکە، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ گەڕانەوەی کات پێموابوو ئەو بڕگەیە کە تەنها باسی پەیڕەوی دەکات، بۆیە ئەو خاڵەم نەخوێندەوە یەکسەر چوومەتە ناو بابەتی ڕاپۆرتەکە، بەڵام ئەگەر وایە و ئەگەر پێتان نادۆزرێتەوە ئێستا من خاڵ بەخاڵ دەیخوێنمەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووی بخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان

بابەت/ ڕاپۆرتی کۆبوونەوەی هاوبەش

پاڵپشت بە ماددەی/٦٦ بڕگەی/١ لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یاداشتێك لەلایەن هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم ئاراستەی سەرۆکایەتی

پەرلەمان کرا بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەك لەسەر بابەتی هێرشەکانی تیرۆرستانی داعش بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەها ڕاسپاردنی هەردوو لیژنە بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، لێرەدا هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا دەقی ڕاپۆرتی هاوبەشتان بۆ دەنێرین، پاڵپشت بە ماددەی) ٦٦ (لەبڕگەی ( ١) ەپەیڕەوی ناوخۆی یاداشتێك لەلایەن هەردوو لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا بۆ سازدانی کۆبوونەوەیەك لەسەر بابەتی هێرشەکانی تیرۆرستانی داعش بۆ ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەروەها لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە هەردوو لیژنە ڕاسپێردران بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێك، بۆیە هەردوو لیژنە بە کورتی ڕاپۆرتێکی پوختی هاوبەشمان لەسەر ڕەوشی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم ئامادە کردووە کەبەم شێوەیەی خوارەوە بۆ بەڕێزتان دەخەینەڕوو، هەروەك لای هەمووان ئاشکرایە لەدوای تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧ و دوای نەمانی هێزی پێشمەرگە لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم دۆخی ئەو ناوچانە ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە بارودۆخێکی خراپ و خراپتر دەکات، هێرشە یەك بەدوای یەکەکانی چەکدارانی داعش وەستانی نییە و کۆنترۆڵ ناکرێ، سوپا و پۆلیس و حەشدی شەعبی جگە لەوەی بەرگری لێ ناکەن، تەنانەت وا وێنا دەکرێ کە چاوپۆشیشی لێ بکەن، لێرەدا گومان دروست بووە بۆچی تەنها کوردەکانمان و ناوچە کوردستانییەکان کراونەتە ئامانج؟ نەبوونی هێزی پێشمەرگە وای کردووە چەکدارانی داعش و هێزە میلیشیاکان دەرفەت لەو بۆشاییە ئەمنییە وەربگرن و بەردەوامی بە هێرشەکانیان بدەن، دوا بەدوای بەدواداچوونی لیژنە هاوبەشەکەمان لەڕووی ئەمنییەوە بۆمان دەرکەوتووە، لەبەر هێرشی تیرۆرستانی داعش و کردەوە تیرۆرستیەکان بارودۆخی خەڵك لەم ناوچانە لە مەترسی دایە.

لیژنەی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە ئاماری شەش مانگ پێش، یەعنی شەش مانگی ئەمسالیان لەڕووی ئەمنیەوە بەدەست کەوتووە، پێم خۆشە دوای من لیژنەی پێشمەرگە ئاماژە بەو ئامارانە بکەن لە وەزارەتی پێشمەرگە دەستیان کەوتووە، من بەردەوام دەبم لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە.

هەڤاڵان و ئەندامانی بەڕێز، ئەو ئامارەم بۆ لیژنەی پێشمەرگە بەجێ هێشت لاپەڕەکە هەڵدەنەوە دەچینە لاپەڕەکەی تر دوایی نەڵێن تێیدا نییە.

ڕێگری کردن لە تەعریب کردن بگیرێت، چونکە ئەو واقعەی ئێستا لەناوچە کوردستانییەکان هەیە دوورە لەواقعی ڕاستی خۆی کە ماوەی دوو ساڵ زیاترە بە عەرەب کردن بەچڕی دەستی پێکردووە و بەزۆر ماڵ و حاڵیان پێ چۆڵ دەکرێ، تەنانەت گیانیشیان سەلامەت نییە، سووتاندنی دەغڵ و دانی جوتیاران و پەلاماردانی زەوی وزاریان کە بەرهەمی خۆیان ماندووبوونیان نابیننەوە کە بژێوی ژیانیان لەسەریەتی، بێ دەنگی حکومەتی عیراق کە ڕۆژانە هێرش دەکرێتە سەر خەڵکی ئەم ناوچانە و هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافیای ئەو ناوچانە دەدرێت کە بەیانی و دوو بەیانی بە زەرەری کورد لەو ناوچانە دەشکێتەوە و لەهەر سەرژمێریەك بکرێت کورد دەنگی پێویست بەدەست ناهێنێ، پێکهاتەکان لەم ناوچانە کە ڕێژەیەکی زۆری چارەنووسی نادیارنییە، بەردەوام لەژێر هەڕەشەی کوشتن و دەربەدەر کردن دان، من کە باسی

پێکهاتەکان دەکەم مەبەستم کۆچکردنی کرستیانەکانەکانە کە تا ئێستا کۆچکردنیان بەردەوامە بۆ دەرەوەی وڵات، بێ سەروشوێن کردنی کاکەییەکانە کە بەردەوامە، ئێزدییەکانە کە جینۆساید کراوە، دیاری کردنی چارەنووسی خوشك و برا ئێزیدییەکان لەگەڕانەوەیان بۆ شنگال، چونکە هێزی میلیشیا لەو ناوچانە ترسیان هەیە لەگەڕانەوە.

ناوچە کوردستانییەکان بابەتێکی نیشتمانییە و نابێ سازشی لێ بکرێت، لە گفتوگۆکان لەگەڵ عیراق دەبێ خاڵی سەرەکی بێت لە دانوستانەکان، چونکە ئەم بابەتی کەمتر نییە لە هەوڵدان و گفتوگۆی مووچە و قوتی خەڵك لەگەڵ حکومەتی عیراق، گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە و پاراستنی ئەو ناوچانە بەهەماهەنگی لەگەڵ سوپای عیراق بە تایبەت لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنەکان، هەرچی زووە هێزەکانی پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ئەم ناوچانە بۆ پاراستنی ماڵ و حاڵی هاووڵاتیان و دابین کردنی ئاسایش و ئارامی بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە، داوادەکەین بۆشایی ئەمنی نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی سوپای عیراق نەمێنێت، کە تیرۆرستانی داعش زۆرترین سوودیان لەم بۆشاییە بینیوە، دەستەی ناوچە کوردستانییەکان دەبێت بەزووترین کات کارا بکرێتەوە، چونکە کاری لیژنە لەگەڵ ئەوانە و دەبێ مانگانە ڕاپۆرتیان بۆ بنێردرێت.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ماددەی/٦٦ بڕگەی/١ کە ئەو دانیشتنەمان پرساندنە ئێمە چەند پرسیارێکمان لە خەڵکی ئەو ناوچانە وەرگرتووە، پێم خۆشە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، ئەو بەشەی پەیوەندی بە لیژنەی پێشمەرگەوە هەیە؟ ئەم دانیشتنە دانیشتنی پرساندن نییە، دانیشتنی بانگهێشت کردنە، بابەتێکی گشتی بۆ گفتوگۆ، بەڵێ ئەو بەشەی پەیوەندی بە لیژنەی پێشمەرگەوە هەیە فەرموون، کاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم کاتەتان باش، بەپێویستی دەزانین لە خوارەوە ئاماری کردەوە تیرۆرستیەکانی داعش لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لەشەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا لەبەرواری ٢٠٢٠/١/١ تاکو ٢٠٢٠/٦/٣٠ بخەینەڕوو، بەشێوەیەکی گشتی نزیکەی (٧٦) هێرشی تیرۆرستی بەشێوازی جیاواز کراوە لەسەر هاووڵاتیانی سیڤیل و هێزە ئەمنیەکان، یەکێکی تر لە کارە قێزەونەکانی ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستییە چاندنی بۆمب بووە لە شەش مانگی ئەمساڵ دا (٣٩) بۆمبی چێندراویان داناوە، لەلایەکی تر وەك کاری ترسنۆکانەی هەمیشەیان هێرش کردنە بە ئۆتۆمبیلی بۆمب ڕێژکراو، لەم شەش مانگەدا دوو ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو تەقێندراونەوە، ئەم ڕێکخراوە تیرۆرستیە بۆ بڵاوەکردنی ترس و تۆقاندن زیاتر هەوڵی بەردەوام دەدات بۆ ڕفاندنی هاووڵاتیان و لەم شەش مانگەدا هەشت حاڵەتی ڕفاندن هەبووە، بەردەوام هەوڵ دەدەن کرداری خۆکوژی ئەنجام بدەن و بەداخەوە لە حاڵەتێکی خۆکوژی خەڵکیان شەهید و بریندار کردووە، هەر بەمەش نەوەستاون و بۆ زەرەر گەیاندن بە هاووڵاتیان چەندین موشەك و هاوەنیان ئاراستەی شوێنە جیاوازەکان کردووە و لەم شەش مانگەدا سێ هێرش بەشێوەی موشەك و چوار هێرش

بەهاوەن ئەنجام دراوە، بەشێوەیەك بۆشایی ئەمنی زیاد بووە كە لە ڕێگەی بۆسەدانان و بازگەی نادیارەوە كردەوە تیرۆرستیەكانیان ئەنجام دەدەن، زۆربەی هێرشەكانیان لەم ناوچانە خانەقین و قەرەتەپە و دوز كەركووك وحەویجە و پردێ و مەخمور و سەلاحەدین و شەنگال و موصل و ئەنبار، بەداخەوە لە شەش مانگی سەرەتای ئەم ساڵ كەلەسەرەوە ئاماژەی پێدراوە زیانەكانی گیانی بەم شێوەیە بووە نزیكەی (٢٠٩) شەهید و (٣٠٧) بریندار و (٥٧) ڕفێندراو بوون، سەرەڕای ئەم كردانە هەڵكوتانە سەر ماڵی هاووڵاتیان و سووتاندنی گەنمی جوتیاران و چەندین كرداری ترسنۆكانە و قێزەونی تر بەردەومن ل چالاكیەكانیاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرۆكی لیژنەی ناوچە كوردستانییەكان، جوان خان فەرموو.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورن لە ماددەی/٦٦ پرسیاركردن بوو لە وەفدی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە ئێستا لێرە ئامادەن، چەند پرسیارێك لەلایەن خەڵكەوە وەرگیراوە كە ئێمەش وەكو لیژنە بەرچاومان ڕوون نییە، تكا دەكەم وەزیرە پەیوەندارەكان هەر پرسیارێك كە ئاڕاستەتان دەكرێت بەپێی ئەوەی خۆتان وەڵاممان بدەنەوە مەمنون دەبین، دەستەی گشتی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم كە ئێستا د.عبدالحیكم لێرە ئامادەیە بە وەكالەت سەرۆكی ئەو دەستەیەیە، بەڕاستی كێشەمان لەگەڵ ئەو دەستەیە هەیە بەپێی پێویست ئامار و داتاكان ناگاتە لیژنەی ناوچە كوردستانییەكان پێویستە هەرچی زووە ئەو دەستەیە كارا بكرێتەوە، چونكە كاری لیژنەكەی ئێمەی زۆر زۆر قورس كردووە، ئێمە ناتوانین بگەینە هەموو ئەو مەعلوماتانەی كە دەمانەوێ و كە مەفروزە لەدەستەی ناوچە كوردستانییەكان دەستمان بكەوێ، بەڵام دەستمان ناكەوێ، ئێمە هەم كاری لیژنەی بەدواداچوون دەكەین هەم هەندێك جاریش كاری دەستە دەكەین، یاسای ژمارە/٢ ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموار كراو كە تایبەتە بە یاسای دەستەی گشتی ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم پێمانوایە ئەم یاسایە لە ئێستادا بە پێی پێویست نییە، پێویستی بەهەمواركردنەوەیە، پێویستی بەوەیە نوێ بكرێتەوە، ئایا وەكو دەستەی گشتی ناوچە كوردستانییەكان هیچ پرۆژەیەكتان ئامادەكردووە كە ئەم یاسایە هەموار بكرێتەوە و لەگەڵ دۆخ و پێشهاتەكانی ئێستادا خۆی بگونجێنێ؟ ئەگەر پرۆژە ئامادەیە پێمان خۆشە بۆ وەرزی پاییزە كە لە ٩/١ ەوە دەست پێ دەكات، بگاتە پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بكەین، كۆبوونەوەی وەزارەتی بەرگری عیراق و وەزارەتی پێشمەرگە چ بەرهەمێكی هەبوو؟ كە لەم ڕۆژانە چەند كۆبوونەوەیەك لەنێوان ئەو دوو وەزارەتە كرا، ئایا گەیشتنە كوێ و ئایا هێزی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە ئەو ناوچانە یاخود لەڕووی ئەمنیەوە چ بەرنامەیەك دانراوە؟ لیژنەیەك هەیە بۆ وەفدی دانوستانكاری حكومەتی هەرێم كە دەڕواتە بەغدا تكایە ئەو لیژنەیە ماددەی (١٤٠) لە بەغدا و حكومەتی ئیتحادی عیراق دا كە ڕێكارەكانی ماددەی (١٤٠) جێ بەجێ دەكات ئەو لیژنەیە ئێستا لەكاركەوتووە و ئیشەكانی خۆی ناكات، لەسەرەتادا لیژنەكە لیژنەیەكی باش بوو كارەكانی دەكرد، زۆربەی ختواتەكانی خەریك بوو جێ بەجێ بكات، بەڵام لیژنەكە پەكخرا، پێویستە ئەو لیژنەیە لە حكومەتی ئیتحادی عیراق دا كارا بكرێتەوە بۆ ئەوەی جێ بەجێ كردنی

مـاددەی (١٤٠) وردە وردە قۆناغەکـانی خـۆی ببڕێـت، گفتوگۆکـان کە لەگەڵ عیـراق دا دەکرێـت ڕاستە ...... .

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان شەرح مەکە بەس پرسیار بکە، لەبەرگەڕانەوەی وەخت خەڵکی تریش دەیانەوێ قسە بکەن، فەرموو.

**بەڕێز جوان يونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

گفتوگۆکـان لەسـەر چارەسـەرکردنی دۆخـی نـاوچە کوردسـتانییەکان سـەرەتایی نەبـن، بەڵکـو ڕیشەیی بن ئەویش بە جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)، با ئەوەش ببێتە یەکێك لە گفتوگۆکان لە دانوستانەکانی هەرێم و بەغدا، هاووڵاتییەکی زۆر گلەیی لێمان کـردووە کە دەنگیـان بگەیەنـین، ئەویـش هـاتووچۆکردنە لەبەینـی نـاوچە کوردسـتانییەکان و پارێزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان، وەکو مەخمور و کەرکووك و هەمـوو ئەو ناوچـانەی تـر کە بەنـاوچەی دابـڕاو یـاخود بە نـاوچەی ماددەی (١٤٠) دەوترێت، لەکاتی هاتنیان بۆ پارێزگاکـان دەڵـێن لە سـەیتەرەکان زۆر کێشـەمان بـۆ دروسـت دەکرێـت، تەعـامولێکی زۆر ناشـیرینمان لەگەڵ دەکرێـت کە ئـێمە کـوردین و بەڵام هەویەکەمـان یـاخود کـارتی زانیاریەکەمـان (١٤٠)، کە دەبیـنن (١٤٠) زۆر کێشـەمان بـۆ دروسـت دەکرێت، هەندێك جار لە کوردبوونی خۆمان بێـزار دەبـین، بـۆیە ئەگەر ئەو بـابەتەش چارەسـەر بکرێت یاخود گرفتەکە چییە بۆمان ڕوون بکەنەوە؟ ئەو هێرشەی لەلایەن سـوپای عیـراقەوە کە کرایە سەر گەرمیان و کفری ئەوە چی بوو؟ ئەگەر ڕوونکردنەوەمان بۆ بدەن؟ وەزعی شـەنگال و ئەو کەمپانەی کە ئێمە سەردانمان کردوون وەزعیان زۆر زۆر خراپە ناتوانن بگەڕێـنەوە شـەنگال، چونکە هێزی تری تێدایە، ئایا گەڕانەوەی ئەوان بـۆ دەڤەری شـەنگال چـی لـێ دێـت؟ چـۆن جـێ بەجێ دەکرێت؟ کێشـەیەکی تـر هەیە لە زەوی وزاری کشـتوکاڵی لە نـاحیەی زەلکان، کەڵەکچـی سەر بەقەزای شێخان کە ئەوانیش ماددەی (١٤٠)ن لەلایەن عەرەبی هاووردەوە دەرکـراون، بەڵام ئێستا کێشەی گرێبەستی کشتوکاڵیان هەیە و بۆیان ناکرێت، ئایا کێشەکە لە کـوێی ئەوان دەڵـێن دادگـای قەسـرۆك کێشـەمان نیـیە، کێشـەکە لە کـوێیە کە گرێبەسـتی کشـتوکاڵیان بـۆ ناکرێـت؟ حکومەتی هەرێم هیچ زەمانەتێکی وەرگرتووە یا بەتەمایە زەمانەتی پاراستنی خەڵکی ڕەسـەنی ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) وەربگرێت لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ؟ ئایا خەڵکەکە کە ئێستا باسی (١٤٠) دەکرێت، یاخود باسی ناوچە کوردستانییەکان دەکرێت لەڕاستی دا هیچ هیچ ئومێـدێکیان نە بەو ماددەیە ماوە، نە بەگەڕانەوەیان ماوە بۆ خاکی هەرێمی کوردسـتان، ئایـا ئومێـدێك مـاوە کە ئێمە ئیش لەسەر ئەو ناوچانە بکەین؟ و ئەگەر ماوە بۆ ئیشی لەسەر نـاکەین و ئەو تەوافـوقە سیاسیەی کە حکومەتی عیـراق یەك بەدوای یەك چـۆن بڵێـی گـوێی پـێ نـادا و پێشـێلی دەکـات لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، ئایا ناکرێت بەڕێگای یاسا و دەستوور ئێمە پەنـا بـۆ ئەو ناوچـانە ببەین، چونکە لیژنەکەی ئـێمە لەڕێگـای یاسـای دەسـتوورەوە توانیمـان ببیـنە بـراوەی تەعـنەیەك لەسـەر دەنگـدان بە هەڵبژاردنـی پارێزگاکـان و توانیمـان تێیـدا بـراوە بـین، ئایـا مـاددەی (١٤٠) بەوشێوازە دەستی بۆ بەرین دەکرێت؟ یاخود ناکرێت؟ خاڵی ترم ماوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوان خان زۆر سوپاس، پرسیار هەیە لە لیژنەکانی تر و لە لیژنەکەی خۆت، بەڕێزان وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ ئەگەر ئەو پرسیارانەی کە جوان خان کردوویەتی بەناوی لیژنە جوابی بدەنەوە، دوای ئەوە ئەگەر پرسیاری تر هەبوو و ڕوونکردنەوەکانی جەنابتان کافی نەبوو، دەرفەت دەدەین بەبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن، کاك ڕێڤینگ فەرموو.

**بەڕێز ڕێڤینگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جوان خان ئەو خاڵی گرنگن بەڕاستی هەمی گۆتن، بەس پرسیارا من ژی بەلکی ببیتە دووبارە ژ جەنابێ وەزیری پێشمەرگە، ڕاستی ئەڤ دانوستاندنێ تێنە کرن دناڤ بەینا وەزارەتا پێشمەرگە و وەزارەتا بەرگریا عیراقی دا تنێ بۆ وان هەندێنە ئەو لیژنا هەماهەنگی حەتاکو نوکە سەر ڤێ ڕێکەفتنە کو بێنە دانانین؟ داوا دکەم کو مەژی وەك لیژنا پێشمەرگە ل پەرلەمانێ کوردستانێ ژ لایی وان دانوستاندنێ هەبیتن، وە دیترا گەلەك نزانین گەهیشتنە کیڤە؟ گەلەکا گرنگ ئەڤەیە ژمارەکا هەرە زۆریا ئاوارەیەن دەڤەرێن دابرا ژ هەرێما کوردستانێ ل کوردستانێ دژین و تایبەت ژی مەنتقا دهۆکی هەتاکو خازری، داخازێ دکەین کو حکمەتا هەرێما کوردستانێ هەوڵی جدی بدا بۆ هەندێ دگەل حکمەتا فیدراڵ ئەڤ خەڵکە کیش و هەوایەکی وەسا دروست بکەن بزڤرڤنەڤە سەر جهێت و واری خۆ، چونکی بڕاستی بوونە بارگرانیەکی ژ هەمی لایەکی لسەر مەنتقێ ژی و ئەو ژی ژیانا وان نە یا موستەقەرا نەیا خۆجێیا، هەتاکو نوکە، ئەگر بزڤرنە سەر جهێت خۆ دێ گەلەکی باشترێ بیت، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان دەرفەت دەدەین بە وەزیرە بەڕێزەکان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە ئەگەر دوای ئەوە پرسیارتان ما دەرفەتتان دەدەینێ، فەرموون بەڕێزان وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوخۆ کەرەمکەن، هەر بەڕێزێکتان دەست پێ دەکا، کاك شۆرش فەرموون.

**بەڕێز شۆرش اسماعیل عبدالله/ وەزیری کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئەم کاتەتان باش، سوپاستان دەکەین بۆ ئەم بانگهێشتنە، ئومێدمان وایە کە بتوانین بەرچاو ڕوونی پێویست بدەین بە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان و پەرلەمانی بەڕێز، ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی ئێمە کران، لەسەر مەسەلەی ئاستی ئەو گفتوگۆیانەی وەزارەتی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عیراق دا بەرهەمانی چی بووە؟ ئێمە پێش کابینەی کازمیش وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ عیراق دا هەوڵی داوە لەماوەی ئەمساڵەدا بۆ ئەوەی لێك تێگەیشتنێك ببێت کە بتوانین ڕێگری لەو دەرفەتە زێڕینەی کە گروپی تیرۆرستی داعش دەستیان کەوتووە لەناوچە کوردستانییەکان کە بۆشاییەکی ئەمنی گەورە هەیە، بتوانین بە ڕێکەوتنی لەیەك تێگەیشتن و نزیك بوونەوە بەری ئەو پەلامارە تیرۆرستیانە بگرین، ئەو ڕۆژانەش وەزارەتی ئێمە چەند جارێك و پێشتریش لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عیراق ئەخیر جار ڕێککەوتنێکمان کردبوو کە هەم شایستە داراییەکانی پێشمەرگە و ئەو ناوچانەی کە بۆشایی

ئەمنی تیایە، هەم ئەو لیژنەی تەنسیق لیژنەی بالا بێ، بۆ ئەوەی لە پارێزگاکان لە چوار شوێن دروست دەکرێن بە کەرکووك و لە مەنتیقەی دیالە و لە مەخمور لە ناوچەی نەینەوا، لەگەڵ ئەوانەش ڕێککەوتووین، بەڵام کۆمەڵێك گرفتی تر هاتۆتەڕێ کە نەتوانرا ئەوەش بکرێ، بەڵام ئەوجارە کە وەفدی ئێمە بەسەرۆکایەتی (فریق جمال) و دەستەیەك ئەفسەری باڵا کە لەگەڵیا چوونەتە بەغدا لێك تێگەیشتنێکی زیاتر لەو ڕووەوە هەبووە، لە هەفتەی ڕابردووش دا کە وەفدی عیراقی بە سەرکردایەتی (عبداللامیر شمری) هاتنە هەولێر، من خۆشم سەردانم کردن ئەوان کۆبوونەوەیەکی چڕ وپڕیان لەگەڵ کردوون، ئێمە لەسەر چەند خاڵێك ڕێککەوتین، بەتایبەت لەسەر چوار لیژنەکە لیژنەیەك لە خانەقین دەبێ، چونکە زۆربەی کێشەکانمان لەناوچەی دیالە کە تەعریب بەشێوەیەك لە شێوەکان لەوێ دەستی پێ کردووە و ئەوەندەی کارە تیرۆرستییەکان و پەلاماری گوندە کوردەکان ئەدرێ، کە ئەمەش بۆ خۆی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆری لەو ناوچانە دروست کردووە، ئەمڕۆ یەکەم کۆبوونەوەی ئەو لیژنە باڵایە هەیە کە لە خانەقین دەکرێت بۆ ئەوەی بتوانین سنوورێك، ئێمە واشمان کرد کە ئەم لیژنەیە بارەگاکەی لە خانەقین بێ، بۆ ئەوەی باشترە و ئاسانترە کە دەتوانین فەرماندەکان بە ئاسانی بچینە ئەوێ، چونکە ئەگەر بەتەواوی ئەو مەنتیقانەی تر بوایە ڕەنگە بەهۆی حەشدی شەعبی کێشەیان بۆ دروست کرایە، لەسەر ئەوە ڕێککەوتن مابۆوە خاڵێکە لەسەر مەسەلەی کەرکووك کە لیژنەکە مەقەری لەکەرکووك بێ، عیراق داوای دەکرد کە مەقەری ئەو لیژنە تەنسیقە لە قەرەهەنجیر بێ یان لە مەنتیقەی چیمەن بێ، یان لە هەر شوێنێکی کە بێت لە دەرەوەی مەرکەزی قەزای کەرکووك، ئێمە پێداگریمان کرد کە ئەو لیژنەیە هیچ خەتەرێك و هیچ مەترسیەکی نییە کە لەناو کەرکووکیش دا بێ، لەسەر لیژنەی مەخمور ڕێککەوتووین، لەسەر لیژنەی نەینەوا ڕێککەوتووین، هیچ کێشەیەکمان نەماوە، من دڵنیام ئەمڕۆ و سبەیش لەسەر مەسەلەی کەرکووك بەلایەکا ئەکەوێ، لەسەر ئەو هێڵە بەرگرییەی یان ئەو هێڵە سەربازییەی کە لە ناوچەی گەرمیان هەیە و بۆشایی ئەمنی تیایە کە بەشێکی لە مەنتیقەی کفریە کە بەرەو ڕۆژئاوا و بەرەو مەنتیقەی دوز ئەڕواو بەشێکیشی بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات کە بۆ قەرەتەپە و بۆ جەبارە و لەوێوە ئەچێتەوە کوڵەجۆ و ئەمەی کە بەرەو ڕەژئاوا و بەرەو دوز ئەڕوات بۆشاییەك پڕکراوەتەوە، کە ڕێککەوتووین کە ئەوبەری جادەکە جەشی عیراقی لێ بێ و پێشمەرگە بەقوڵایی (١١) کم چوونەتە ناوەوە، کە ئەمە یەکەمجارە بەرەو ڕەژئاوای لەدوای (١٦) ئۆکتۆبەرەوە یەکەمجارە پێشمەرگە بەو عومقە دەچێتە ناوەوە، حەوت ڕەبایە بۆ (١١) ڕەبایە کە زکزاکی دانراوە، عیراقیش بەهەمان شێوە ئەمبەر ئەو بەری جادەکە، بۆ ئەوەی هەر یەکەمان مەسافەیەك لە جادەکە دوور دەبین، بەڵام ئەوە بۆشاییەکی گەورە بوو کە ڕێگەی هاتووچۆی لەنێو مەفرەقی کارێزە کە ڕێگەیەکی هاتووچۆی سەرەکی تیرۆریستانی داعش بوو، هەوڵ دەدرێت کە ئەم ڕێککەوتنە درێژ بکرێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی بڵێین ئەو مەفرەقی کارێزەیە، ڕێککەوتووین لەسەر ئەم خاڵانە (٢١) کم لە مەنتیقەی دوز هەیە ئەویش پڕدەکرێتەوە، ئەمانە بۆخۆی یەعنی ڕێگریەکی گەورە ئەکات لە جمووجوڵەکانی تیرۆرستانی داعش، ئومێدم وایە ئەمە سەرەتایەك بێ، یا هەنگاوێك بێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عیراقدا یەعنی ئەمە بەشێکە بۆ کارێکی مەیدانییە، پێویست دەکات کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عیراق

دا لەڕووی سیاسی و کێشە هەڵپەسێردراوەکانی ترەوە ڕێککەوتنی سیاسی بکرێت، بۆیە ئەوسا ئەتوانرێ کە هەم ماددەی (١٤٠) هەم ئەو ناوچە کوردستانیانە پێشمەرگە بگەڕێتەوە بۆ ئەم ناوچانە، لەم کاتەیا نە دەوڵەتی عیراق نە وەزارەتی بەرگری عیراق ڕێگە نادەن کە پێشمەرگە بە ئارەزووی خۆی بچێتەوە ئەو سنوورانەی کە پێشتر لێی بووە و چۆڵکراوە، ئەمە کورتەیەك بوو لەسەر ئەو هەنگاوەی کە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عیراق دا کردوویەتی، تەبعەن ئێمە کێشەی تریشمان لەگەڵ وەزارەتی بەرگری هەیە کە هەوڵ دەدەین لە ئاییندەدا موزەکەرەیەکی تەفاهوم کە خەریکین کە ئەمجارە سەرۆکی کۆمار، سەرۆکی ئەنجومەنی حکومەتی عیراقی تێدابێت لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عیراق دا، بۆ ئەوەی بتوانین هەموو شایستە داراییەکانی پێشمەرگە وهەموو ئەو کێشانەی تر کە لەبەینی وەزارەتی بەرگری عیراق و وەزارەتی پێشمەرگە چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزینەوە، ئەمە وەك وەکو ستراتیژ ئەم ڕێککەوتنە سەرەتاییە بۆ ئەم قۆناغە ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە بە کارێکی باشی دەزانین، چونکە لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە لە سەنگەرەکانی کە پێشمەرگە لێی بووە ئەچینە پێشترەوە، لەم قۆناغەدا هەر ئەوە توانراوە ئەنجام بدرێت، ئەگەر وەزعی سیاسی مەنتیقەکەش گۆڕانکاری بەسەرداهات، ئەو کاتە و هەر کاتێك بڕیاری خۆی هەیە، بە کورتی ئەوە ستراتیژ نییە ئەوە ڕێککەوتنێکی کاتییە بۆ ئەوەی بتوانین متمانەیەك دروست بێ لەبەینی سوپای عیراق و پێشمەرگەدا، ئێمە خاڵێکی دیکەش داوامان کردووە لەو ڕێککەوتنەدا و لەو شوێنانەی کە پڕ دەکرێتەوە حەشدی شەعبی لێ نەبێ، چونکە لەگەڵ حەشدی شەعبی دا بەڕاستی یەعنی ناکرێت وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ وەزارەتی عیراق کە چەند سەرکردایەتی، یان چەند قیادەیەکی جۆراوجۆر لەو مەنتیقە هەبێ، ڕەنگە گرفت بۆ ئیشەکان دروست بێ، واکراوە کە لەبەرامبەر پێشمەرگە و ئەو مەنتیقانەی کە پڕدەکرێتەوە تەنیا سوپای عیراق بێ، زۆر سوپاستان دەکەم و ئەگەر هەر پرسیارێکی دیکەش هەبوو، ئەو پرسیارەی هێرشی گەرمیان کە کراوە، ببورن بیرم چوو، وەزارەتی پێشمەرگە بەهیچ شێوەیەك ئاگادار نەبووە، ئەوان خۆیان کە قسەمان لەگەڵ کردن کە ئەم هێرشانە کەبەبێ ڕاوێژ بەبێ وەرگرتنی ڕەئی پێشمەرگە تێکەڵپڕژان و شەڕ لەو ناوچانە دروست ئەکرا، بۆیە تکا دەکەین کە ئەمانە ڕابوەستێنرێت و عیراقیش کە پەلەی کرد لەسەر ئەو ڕێکەوتنە بۆ ئەوەی تووشی حاڵەتی وا نەبین، چونکە ئەم حاڵەتەی کە ئەوان پەلاماریان دا و هات بوونە ئەو مەنتیقانە پێشمەرگەش پێشڕەوی کردبوو چوو بووە پێشەوە، بەڵام خۆ ئەوەی زەبتی هەڵچوونی ئەوە بەڕاستی لەلایەن سوپای عیراقیشەوە زۆر، ئەگینا ئەوەی کە پێشمەرگە هەنگاوی ناوە و چۆتە پێشەوە ڕەنگە مەترسی هەبووبێ کە پێکهەڵبژان و شەڕ دروست ببێ، ئەمە سەرەتایە بۆ ئەوەی کە ئەمە جارێکی دی ئەمە دووبارە نەبێتەوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری ناوخۆ دواتر وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان، فەرموون کەرەمکەن ئەو شتەی کە پەیوەندی بە بەڕێزتانەوە هەیە دەتانەوێ قسەیەکی لەسەر بکەن، جەنابی وەزیری ناوخۆ فەرموو.

**بەڕێز رێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، زۆر خۆشحاڵین کە ئەمڕۆ بەشدارین و لە حزوری جەنابتانین بۆ ئەوەی گفتوگۆ بکەین لەسەر ئەو بابەتە گرنگانەی کە پەیوەستن بە مادده (١٤٠) و دابراوەکان، ئەو ڕاپۆرتەی کەپێشکەش کرا ئێمە پێشوازی لێ دەکەین لەڕاپۆرتەکە، ڕاپۆرتێکی باش و هەڵسەنگاندنێکی باش کراوە و بەدواداچوونێکی باش کراوە لەلایەن لیژانی پەیوەندار لە پەرلەمانی کوردستان، جێگای دەستخۆشیە وەکو حکومەتی هەرێم ئێمە دەست خۆشی لەهەموو ئەو پەرلەمانتار و ئەو لیژنانە دەکەین کەبەدواداچوون لەسەر ئەو کەیسە گرنگە دەکەن، ئێمە لە حکومەت ئامادەی هەموو هاوکارییەك و هەموو هەماهەنگیەکین لەگەڵ لیجانی پەیوەندار لە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین ئەم کێشە نەتەوەییە و نیشتمانییە چارەسەر بکەین، ئەو بابەتانەی کە ئیشارەتی پێ کرد من لە بابەتی ئەمنیەوە دەست پێ دەکەم، ڕاپۆرتەکەتان دەقیق بوو لەسەر ئەوەی کە هێرشە ئەمنییەکان یاخود جموجوڵی تیرۆرستان و داعش زیادی کردووە لەناو ناوچانە، من دەمەوێ تەئکید لە ڕاپۆرتەکەتان بکەمەوە کە ئەو هەڵسەنگاندنەی ئێستا لە دامودەزگاکانی حکومەت لەسەر بابەتی تیرۆر لە ناوچە دابڕاوەکان هەیانە بەم شێوەیەیە: لە هەڵسەنگاندنێکی گشتی لەناوچەکانی کە دابڕاون لە پارێزگای نەینەوا لە کەرکووك و لە تکریت و لە دیالە و هەموو ئەو پارێزگایانە چ بەراوردکردنێك لە بەینی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ کراوە کە هەموو کردەوەکان و جمووجوڵەکانی تیرۆرستان لە ساڵی ٢٠٢٠ بەشێوەیەکی بەرچاو زیادی کردووە لە ئەو ناوچانەی کە ماددەی سەد و چلن، هۆکاری سەرەکی ئەم زیادبوونە و ئەو هێرشانەی کە کراون چ لەسەر پێشمەرگە و هێزەکانی ئاسایشی کوردستان، چ لەسەر هێزە ئەمنیەکانی عیراق هەبوونی بۆشاییەکی ئەمنییە لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان و لایەنی عیراقی، ئەو بابەتەی کە برای بەڕێزم کاك شۆرش ئاماژەی پێکرد ئەو گفتوگۆیانەی لەگەڵ عیراق هەیە لەسەر ئەم بۆشاییە ئەمنیەیە هەنگاوی باشی بڕیوە و وردەکاریەکە جەنابیان ئیشارەتی پێی کرد من نامەوێ دووبارەی بکەمەوە، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرچاوتان ڕوون بێت لەپەرلەمان لە ٢٠١٩/٧/١٠ ەوە ئێمە سوێندمان خوارد لە ٧/١٥ ئێمە یەکەم کۆبوونەوەی ئاسایی خۆمان ئەنجامدا و لەم کۆبوونەوەیە یەکەم بڕیار و دووەم بڕیار کە ئەنجومەنی وەزیران داویەتی تایبەت بووە بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکومەتی عیراق و ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) و ئەو کێشە هەڵپەسێردراوانەی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدڕاڵی هەیە، هەر لەو کۆبوونەوەیە بڕیاردرا سەردانی بەغدا بکرێت و سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت و چەند وەزیرێکیش ئامادە بوون، لە یەکەم دانیشتن لەگەڵ حکومەتی عیراق و لەبەغدا بڕیارمان دا کە لیژنەیەکی باڵا دروست ببێت لە نێوان هەرێم و بەغدا کە لیژنەی باڵای هەرێمی بە سەرۆکایەتی جەنابی سەرۆکی حکومەت بوو و، هی بەغداش بە سەرۆکایەتی وەزیری نەوت بوو ئەوکات (پامر الغچبان) بووە، ئێمە چەندین جەولاتی گفتوگۆمان هەبوو لە ئاستی لیژنەی باڵا لە هەولێر و لە بەغدا و گەیشت بووینە حاڵەتی لێك تێگەیشتنی زۆرباش لەسەر زۆرێك لەو بابەتانەی کە هەبوون، بۆ ئەوەی کە درێژە بە گفتوگۆکان بدرێت، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی تەکنیکیشمان دروست کرد، بۆ ئەوەی

بچـتە داخلـی گفتۆگاکـانی ووردەکـاری کێشـەکان، ئەو لیـژنەیە مـن سـەرۆکایەتیم دەکـرد وەکـو وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە و وەزیری دارایی و وەزیری ئاوەدانکردنەوە و سکرتاریەت و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵمان بـوون، ئـێمە دەسـتمان کـرد بە پەیوەنـدی کـردن کە خالـد شوانی لەگەڵمان بووە وەزیری هەرێم بۆ کاروباری بەغدا، ئەم لیژنەیە دەست بەکـاربوو چەنـدین جار پەیوەندیمان کردووە بە بەغدا و لەڕێگەی نـوێنەرایەتی هەرێـم لەڕێگەی کـاك خالـد شـوانی چەندین جمووجۆڵ ئەنجام دراون لە بەغدا، بەڵام بەداخەوە لەگەڵ دەستپێکردنی کابینەی ئـێمە و تێکچـوونی بـارودۆخی سیاسـی و ئەمنـی لە بەغـدا بە تـایبەتی ئەو ڕێپێوانـانەی کە کـران بارودۆخەکان هەمووی تێکچووە، تەواوی ئەو لیجانانەی کە ئێمە دروستمان کـردوو و ئەو هەوڵ ماندووبوونانەی کە دامـان بـوو، هەموویـان ڕاگیـران لەسـەر داواکـاری لایەنـی عیراقـی، چـونکە کاتیـان نەبـوو بـارودۆخەکەش گونجـاو نەبـووە بـۆ ئەوەی لەسـەر ئەو بابەتـانە گفتوگـۆ بکەیـن، دەمەوێ لێرە تەئکید بکەم بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێمە زۆر جـدیینە لەوەی کە بەدواداچوون بکەین لەسەر بابەتی جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)، ئێمە پلانـی خۆمـان لەسـەر دوو قۆناغ دانابوو، پلانی یەکەم/ تەبعەن خۆتان دەزانن لە دوای ٢٠١٧ ەوە بارودۆخی ناوچەکانی مـاددەی (١٤٠) بـارودۆخەکە گـۆڕدرا، ئـێمە ئێسـتا ئەو ناوچـانە بەجـارێکی تـر بەداگیرکـراو دەزانیـنەوە، چـونکە هـیچ بـوونێکی هەرێمـی کوردسـتان و وەکـو دامودەزگاکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان و پێشـمەرگە و ئاسـایش و ئەو دامەزراوانەی کە پێویسـتە وەکـو هەرێمـی کوردستان لەوێ تەواجودیان هەبێت تەواجودیان نییە، ئەوەی کە هەیە حکومەتی فیـدڕاڵی تـاك لایەنە ئەو شوێنانە ئیـدارە دەکـات، ئەمە پـێچەوانەی دەسـتوورە کە دەبێـت نـاوچە دابڕاوەکـان بەیەکەوە ئیدارەیەکی هاوبەشمان هەبێت، لەهەرێمی کوردستان ئامادەیی خۆمان دەربڕیـوە بـۆ ئەوەی کە ئەم بڕگانەی تایبەت بە ماددەی (١٤٠) بـۆ ئیـدارە کردنێکـی هـاوبەش لەڕووی ئەمنـی و سیاسی و ئیداری جێ بەجێ بکەین، بەداخەوە حکـومەتی فیـدڕاڵی وەکـو پێویسـت لەسـەر ئەو بابەتە نەهاتۆتە پێش، دەستی دەستی دەکات و بابەتەکان دوا دەخات بە بیانووی جۆراوجـۆر کە سەرەکیترینی ئەو بیانووانەی ئەوەیە بارودۆخی سیاسـی لە عیـراق لەبـار نییە و کێشـە زۆرن و کابینە گۆڕدراو کابینەی نوێ دەسـت بەکـاربووەو هەمـوو ئەوانەی ڕەنـگە لەشـوێنی خـۆی بێـت، بەڵام بـۆ ئـێمەی کـورد و ئەو مەینەتیـانەی کە خەڵکـی ئـێمە لەم ناوچـانە تـووش دەبـن و ئەو پێکهاتانەی تورکمان و مەسیحی و عەرەب و ئێـزدی و کـاکەیی و هەمـوو پێکهاتەکـانی تـر کەلەو ناوچـانە هەنە نـاتوانن چیتـر چـاوەڕێ بـکەن، بـۆیە ئـێمە لە مـانگی شـەش لە یەکێـك لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران جارێکی تر ئەو لیـژنەیەی کە دروسـتمان کردبـوو، لیـژنەی تەکنیکیمان چالاك کردەوە، داوامان کرد لە بەغدا ئەوانیش لیـژنەی خۆیـان دروسـت بـکەنەوە کە خالد شوانی پەیوەندی کردووە، کاك فارس عیسی لە نوێنەرایەتی ئێشمان لەسـەر ئەوە کـردووە، ئەوان ئامادەیی خۆیان دەربـڕی بەوەی کە لیژنەیەکـی سـەربازیان دروسـت کـرد دوای ئەوەی کە بەڕێز جەنابی سەرۆکی حکومەت چەنـد جارێـك بە تەلەفـۆن قسـەی لەگەڵ بەڕێـز کـاظمی کـرد سەرۆك وەزیرانی عیراق، لیژنەیەکی سەربازی فەنیان دروست کرد، ئەوەی کاك شـۆڕش ئامـاژەی پێی کرد ئێمەش هەمان لیژنەمان دروست کردەوە و دوو کۆبوونەوەی بەرهەمـدار کـراون، بەڵام هەموو ئەو کۆبوونەوەو لێك تێگەیشتنانە لەوەدا خـۆی دەبینێـتەوە بـزانین لەسـەر ئەرزی واقع

چەندی جێ بەجێ دەبێت، ئێمە ئامادەینە، چونکە زەرەرمەندی سەرەکی خەڵکی ئێمەیە لە ناوچە کوردستانییەکانی کە دابڕاون، هەندێك پرسیارتان وروژاند لە کاتی ڕاپۆرتەکە، ئایا گفتوگۆکان ڕیشەیی بن، وەکو باسم کرد گفتوگۆکان زۆر ڕیشەیین و حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر جدیە، لەم ماوەیەدا چەندین جار هەوڵی تەعریب کردنی هەندێك لە ناوچەکان دراوە بە تایبەتی لە دەوروبەری دبس و لەو ناوچانە، چەندین خێزانی عەرەب کە هاووردەنە جارێکی تر ویستوویانە لە نەبوونی پێشمەرگە و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان و بەبوونی پارێزگارێکی سەپێنراو لە کەرکووك کە بۆشایی ئەمنی و ئیداری هەیە قازانج وەربگرن، لەوەی کە بگەڕێنەوە ئەو شوێنانەی بە هیمەتی هەموو لایەك بە تەداخولی ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکی حکومەت ئێمە لەگەڵ بەغدا قسەمان کردووە، لەگەڵ لایەنە عەسکەرییەکان، هەواڵگرییەکان، سیاسییەکان، وە گوتوومانە هەر هەنگاوێکی لەم شێوەیە دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەیەکی تری سەربازی و ڕووبەڕووبوونەوە لەم ناوچانە، چونکە ئێمە لە هەرێمی کوردستان چیتر تەقەبولی ئەوە ناکەین تەجاوز لەسەر سەروماڵی خەڵك بکرێت و نامووسی خەڵك و داهاتی خەڵك و کشتوکاڵ و بەرووبوومی ئەو خەڵکە بسوتێنرێت، بۆیە زۆرێك لەو هەنگاوانەی لەکاتی خۆیدا چارەسەر کراون، بابەتی شنگال و گەڕانەوەی ئێزیدییەکان حەز دەکەم بزانن بەڕێزان یەکێکە لە بابەتە هەرە هەستیارەکان، وە نەك ئێمە لە هەرێمی کوردستان و بەغدا و بەڵکو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لەو بابەتەوە بەشێکن لە گفتوگۆکان، من خۆم سەرپەرشتی ئەو لیژنەیە دەکەم کە تایبەتە بە گفتوگۆکانی شەنگال، ئێمە لەگەڵ کابینەی پێشوو گەیشت بووین بە قۆناغێکی باش لە لێك تێگەیشتن، بەڵام بەداخەوە ئەو کابینە کە گۆڕدرا شانی عیراقیش گۆڕدرا، ئێستا جارێکی تر نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان (جلیل خان) لەسەر خەتە لەگەڵ ئێمە و لەگەڵ عیراق کە جارێکی تر گفتوگۆکان دەست پێ بکەینەوە و پرۆپۆزەڵێکیان تەقدیم کردووە لەچوارچێوەی گفتوگۆ داین لەسەر ئەو بابەتە، تایبەت بە کەرکووك ڕەنگە پێویست بکات دواتر کاك خالد شوانی ڕوونکردنەوەی زیاتر بدات، ئەویش گفتوگۆی تری هەیە لە نێوان پێکهاتەکان کە وەکو وەزیری تایبەتمەند دەتوانێ زیاتر لەسەر ئەو مەوزوعانە قسە بکات، ئایا حکومەتی هەرێم هیچ زەمانەتێکی وەرگرتووە لە جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠)؟ تەنها زەمانەتێکی کە هەبێ ئەبێ رشدی و ئیرادەی بەهێزی هەموو لایەنە سیاسیەکان و پێکهاتەکان بێت کە دەبێت ئێمە ئەو ماددەی (١٤٠) بەزیندووی ڕابگرین و لە هەمان کاتیش دا پشت ئەستوور بین بەرامبەر بە دەستووری هەمیشەیی عیراق و وە لەوەش زیاتر پشت ئەستوور بین بە بڕیاری دادگای فیدڕاڵی کە لە ساڵی ٢٠١٩، لەمانگی (٨) بڕیاری دەرکرد کە ئەم ماددەی (١٤٠) ماددەیەکی زیندووە و کاتی بەبەرماوە دەبێ جێ بەجێ بکرێت، ئەمانە هەمووی ئیش و ماندووبوونی هەوڵی جدی بۆ دەدرێت کە حکومەتی هەرێم تەرخانی کردووە بۆ ئەو بابەتە، هاووڵاتیان کە گلەیی دەکەن لە هاتووچۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەمە مافی خۆیانە ئەو ئەزیزانەی کە لە ناوچە دابڕوەکانن، نەك هەر ئەوان گلەیی دەکەن، بەڵکو خەڵکی تریش گلەیی دەکات، ڕەنگە ئەمە دواتر لە جەلسەی دوای نێوەڕۆ لە بابەتی تەندروستی و ڤایرۆسی کۆرۆنا وردەکاری زیاتر باس دەکەین، سەبەبی ڕەئیسی ئێوە بەڕێزتان دەزانن ڕێوشوێنەکانی خۆپارێزییە و ئەو قەدەغەی هاتووچۆیەیە کە لە نێوان پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ باقی عیراق بڕیاری لێدراوە، بەداخەوە ئەو

خەڵکەی کە لەوێشن ئەوانیش دەکەونە دوای بازگەکان، بۆیە ڕێکارەکانی تەندروستییە و هیچ مەبەستێکی تری لەدواوە نییە، ئێمە لە هەموو ئەو بابەتانەی تر کە ئاماژەتان پێی کرد کاك عبدالحکیم ڕاپۆرتێکی هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە پێشکەشی بەڕێزتانی دەکات، لەسەر ئەو هێرشەی کە بۆ کەلار و کفری هات بوو، ئێمە لەسەر ڕاسپاردەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان لەبەغدا قسەمان کرد، دیار بوو لەوێش لە بەغدا هەموو دامەزراوەکانی حکومەت ئاگادار نەبوون هەڵوێستێکی فەرمی حکومەت نەبوو، بەڵام هەر زوو چارەسەرکرا و ئەو گفتوگۆیانەی کە هەبوون چارەسەرێکی گونجاوی بۆ دروست کردوون، من لەسەر ئەو بابەتە شتێکی ترم نییە، ئەگەر دواتر پرسیارێك هەبوو لە خزمەتتان دام.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزتان، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان، ئەو بەشەی کە پەیوەندی بەبەڕێزتانەوە هەیە ئەگەر قسەیەکتان هەیە فەرموون.

**بەڕێز خالد سلام سعید شوانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان، زۆر سوپاس بۆ ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان و بۆ لیژنەی پێشمەرگە، دیارە ئەگەر دەرفەت هەبێ من نامەوێ تەنها باس لەو پرسیارانە بکەم کە ئەوان وروژاندوویانە، بەڵکو بەدەرفەتێکی باشی دەزانم هەموو ئەو بارودۆخەی کە ئێستا ناوچە دابڕێنراوەکان پیا تێ ئەپەڕێ هەم لەڕووی ئیدارییەوە و هەم لەڕووی عەسکەرییەوە و هەم لەڕووی ئەمنییە و هەم لە ڕووەکانی ترەوە، ئێمە بیخەینە ڕوو بۆ پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان کە مەرجەعی باڵای خەڵکی کوردستانە ئاگادار بن چی لەو مەنتیقانە ئەگوزەرێ و چی پێویستە ئێمە لەڕووی سیاسیەوەو لەڕووی ئەمنییەوە ئەنجامی بدەین، پەرلەمانی کوردستانیش پاڵپشتی حکومەت بێت لەم هەنگاوەی کە ئەیکەین، تەبیعی قەزیەی ناوچە دابڕێنراوەکان بە کەرکووکەوە قەزیەی ستراتیجی گەلی کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاری خوازەکەیەتی و، لە لایەنی کەم هەشتا ساڵی ڕابردوودا حوکمڕانی لە دەوڵەتی عیراق دا، ئەگەر بێینە سەر کابینەی نۆیەم لەبەرئەوەی ڕەنگە کاتمان کەم بێ و بەچڕوپڕی قسە بکەین لە هێڵە گشتییەکانی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەردراوە یەك لە بابەتە هەرە گرنگە ستراتیجییەکان ئەوەیە چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە جێ ناکۆکەکان بە ڕێگای جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) و ڕێکارە یاسایی و سیاسەکانی تر، ئەمەوێ بۆ ئەم بابەتە ئێمە ئەگەر جاران باسمان لە جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) دەکرد، بەڵام لە ئێستادا ئەرکەکە قورسترە تەنها باس لە جێ بەجێ کردنی بڕگەیەکی دەستوور ناکەین کە (١٤٠) ە، بەڵکو بڕگەیەکی تریشی هاتۆتەسەر کە قۆناغی ئاسایی کردنەوەی ئەو ناوچانەیە، لەم ماوەی ڕابردوودا پرۆسەی بەعەرەب کردنی ئەو مەنتیقانە دەستی پێ کردووە، کەبەشێوەیەکە بەرنامەی بۆ داڕێژراوەو هەندێك جار بەپێی قانوون و بەپێی شەرعەنە دەدەنە ئەو کردەوەی تەعریب کردنەی لەو ناوچانە ئەنجام دەدرێت، ئەمە وا ئەکات کە ئێمە دەبێ ڕووبەڕووی ئەم هەڵوێستە و ئەم ڕەفتارانەی ئەو لایەنە عیراقیانە ببینەوە کە ئەیانەوێ ئەم ناوچانە بەم شێوەیە

زیاتر بە عەرەب کردن بەرن و، بە عەسکەرتاری بیانەوێ ئەو بڕیارانەی کە هەیانە فەرزی بکەن بەسەر ئەو مەنتیقانەدا، بە مەبەستی هەنگاو نان لەڕووی عەملییەوە لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ۲۰۱۹/۷/۳۰ وابزانم دووەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بوو، بڕیاردرا بە تەشکیل کردنی لیژنەیەکی باڵا بۆ دانوستاندکردن لەگەڵ حکومەتی عیراق بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم بڕیارە وەکو جەنابی وەزیری ناوخۆ ئاماژەی پێی کرد، ئەو لیژنەیە دروست بووە و ئێمە پرۆژەی خۆمان ئامادە کرد ئەو لیژنە تەکنیکیەی کە جەنابیان ئاماژەیان پێی کرد، تەقدیمی حکومەتی عیراقیمان کردووە، بەڵام بەداخەوە حکومەتی عیراقی تا ئێستاکە جدی نییە لە هەنگاونان بۆ جێ بەجێ کردنی یان دانیشتن و ڕێککەوتن لەسەر ئەو پرۆژەیەکە پێمانوایە پرۆژەیەکە هەم تەنها ڕەئی کوردی تیانییە، بەڵکو ڕەئی کۆی پێکهاتەکانی تری کەرکووك و ناوچە دابڕێندراوەکانی تر تیایە، ئەگەر بێتو ڕێککەوتن لەسەر بکرێ دەبێتە نەخشە ڕێگایەکی باش بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە، دەمەوێ هەندێك باس لە وەزعی ئەو ناوچانە بکەم کە دواتریش حکومەتی هەرێم نیازمان، بەرنامەمان چییە و ئێمە چۆن مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین، لە یەکەمین ناوچە کە دەستی پێ دەکەم مەنتیقەی کەرکووکە، تەعریب لە کەرکووك بەم شێوازە دەکرێ و دێمە سەر ناوچەکانی تریش لەڕووی ئیدارییەوە، کە دەڵێم هەندێك هەنگاو دەیانەوێ بە قانون بیکەن لەساڵی ۲۰۱۹ بەپێی ئەمری دیوانی (٤)س، لەساڵی ۲۰۱۸ بە ئەمری (حیدر عبادی) بڕیارێك دەرچووە و ناویان ناوە لیژنەی باڵای تەوازن، لەشاری کەرکووك دا و ئەمەی بەسەرۆکایەتی سکرتێری پارێزگاکان، پارێزگارە ڕێکنەخراوەکان لەهەرێمێك دا دروست کردووەوە ئەندامییەتی مەحافزی کەرکووك بە وەکالەت کە سەپێنراوە بەسەر ئەو شارەدا، لەگەڵ چەندانێکی تر بێ ئەندامێکی کوردی تیا بێ، بەپێی ئەم ئەمرە دیوانییە دەڵێ دەبێ تەوازن بۆ وەزعی ئیداری شارە کەرکووك بگەڕێتەوە و پۆستەکان لە کورد دەسەندرێتەوە و دابەش دەکرێت بەسەر عەرەب و تورکمان دا و زیاتر بەسەر عەرەبدا دابەش دەکرێت، ئەوەی جێی داخە ئێمە دوای ئەوەی کە چەندین هەوڵمان داوە، چەندین نووسراومان پێشکەش بە حکومەتی عیراق کرد کە ئەم ئەمرە دیوانییە موخالفە بۆ دەستوور و مخالفە بۆ قەراری ژمارە (۸۸) ی مەحکەمەی ئیتحادی عیراق کە دەڵێ (نابێت پۆستەکان لەسەر ئەساسی پێکهاتەکان دابەش بکرێت)، بەڵام ئەوان موسیرن لەسەر ئەوە، وە ئەو ئەمرە دیوانیەیان هەڵوەشاندۆتەوە و لە ٦/۲۲/ ئەمساڵ، یەعنی مانگێك و چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ئەمرێکی دیوانی تریان دەرکردووە، ئەو ئەمرەیان هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام سەر لەنوێ مەزمونی ئەمرەیان داوەتەوە دەست سکرتاریەتی محافەزەکان و محافزی کەرکووك بە وەکالەت، بۆ ئەوەی سەرلەنوێ عەمەلیەی تەعریب بەردەوام بێ و دەست پێ بکەن لە کەرکووك دا، هەر بۆ زانیاریتان لەم دوو ساڵەی ڕابردوو دا (١٤) مدیری کورد گۆڕدراون و کراونەتە عەرەب، دووانیان کراونەتە تورکمان، (١٦) مدیری قسممان لە کەرکووك گۆڕدراوە لە کورد سەندراوەتەوە، (١٣) مدیری شوعبەمان گۆڕاوە، سێ هەیئە لە شەریکەی نەوت لە ئێمە سەندراوەتەوە دراوەتە عەرەب، سێ قائیمقام لە ئێمە سەندراوەتەوە ودراوەتە عەرەب و تورکمان، کۆی گشتی ئەو پۆستانە و لەگەڵ پۆستە ئەمنییەکان کە لە ئێمە سەندراوەتەوە (٦٢) پۆستی کوردە کە لە کورد سەندراوەتەوە و دراوەتە عەرەب و تورکمان لەشاری کەرکووك، تەبعەن پۆستی محافزی کەرکووکیش، ئەمە لە وەزعی ئیداری شاری کەرکووك، سەبارەت بە وەزعی عەسکەری شاری

کەرکـووك ئەو هێـزە چەکـدارانەی کە لە کەرکـوون و لە سـوپای عیـراق پێـك دێـن و لەنـاوچە دابڕێندراوەکانی تریش تەبعەن، لە حەشدی شەعبی پێك دێن و حەشدی عەشایەری پێك دێن کە حەشـدی عەرەبـی سـونەن، لە حەشـدی تورکمـانی کە حەشـدی ئەوانەن سـەر بە گـروپە تورکمانەکانن، بەڵام تورکمانی شیعە، ئەمانە کۆی ئەو هێزانەن کە لە وێـن و ٩٣% ئەم هێزانە عەرەبن و سەر بە پێکهاتە و سەر بە مەزهەبی شیعەن، باقیەکەی تریـان عەرەبـی سونەن لەنـاو ئەو هێـزە و لەنـاوچەیش، بـێ ئەوەی بـوونی پێشـمەرگە و ئاسـایش لەوێ هەبـێ، ڕەچـاوی تایبەتمەنـدی شـاری کەرکـووك بکرێ کە زیـاتر لە ٥٠%ی ئەو شـارە کـوردن، لەڕووی ئەمنیـیەوە کردەوە تیرۆرستییەکان جەنابی وەزیری ناوخۆ ئاماژەی پێـی کـرد جەنـابی وەزیـری پێشـمەرگە ئاماژەی پێی کرد من نامەوێ جارێکی تر دووپاتی بکەمەوە، یەك لە کێشـە گەورەکـانی بەعەرەب کردنـی کەرکـووك قەزیەی هەیـئەی نیزاعـاتی مـولکیە و زەوی و زاری کشـتوکاڵی جوتیـارە کوردەکـانە و هـی تورکمانەکانیشـە، ئەمە پرۆسـەیەکی بەعەرەب کـردن دەسـتی پـێ کـردۆتەوە بەتایبەتی لەناوچەی سەرگەڕان و ناوچەی داقوق، ئێستا نەك تەنها لەو مەنتیقە سنووریانەی کە کورد و عەرەب پێکەوە تێکەڵن، بەڵکو دەیانەوێ پەل بهاوێژن بـۆ مەنتیقەکـانی تـر لە دەوروبەری قەزای شاری کەرکووکیش لە دێیەکانی جەمبور و شوێنەکانی تـر کە ئەمە مەترسـیەکی گەورەیە و بەداخەوە لەمەیا مەجلسی قەزای ئەعلا لە عیراق هاوکارن بۆ ئەو پرۆسـەی بە عەرەب کـردنە، محافزی کەرکووك بە وەکالەت و بەڕێوبەری گشتی زراعە کە پێشتر هی کـورد بـووە و ئێسـتا کە عەرەبێك ئیدارەی دەکات، هاوکاری سەرەکین بۆ گەڕانەوەی ئەو عەرەبانە بۆ ئەو شـوێنانە و لـێ سـەندنەوەی ئەو زەوییـانە لە کـورد، بـۆ ئەم بـابەتە لەگەڵ جەنـابی کـاك د.عبـدالحکیم لەژێـر ڕاسپاردەی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە سەردانی بەغدامان کرد لەگەڵ وەزیری داد کۆبـووینەوە و لەگەڵ سـەرۆکی ئەنجـومەنی بـاڵای دادوەری عیـراق دا کۆبـووینەوە، دواتـر مـن بە تەنیـا لەگەڵ وەزیــری زراعەش دا کۆبــووینەوە، ئەم بارودۆخەمــان بۆیــان خســتەڕوو کەچــۆن لەڕووی قانوونییەوە ئەم بابەتانە بۆ ئێمە گرنگە و ناکرێ بە پێی بڕیارەکانی ڕژێمی پێشوو ئەم مەنتیقانە جارێکی تر تەعریب بکرێتەوەو، دەسەڵاتی دادوەری هاوکار بێ بۆ بە عەرەب کردنی ئەو ناوچانە، بەڵام بەداخەوە تا ئێستاکە ئەم هەوڵانە بەردەوامە و ڕاستە ڕێگری لێـی دەکەیـن بەکـاتی، بەڵام لەڕووی دوور مەوداوە ئەمە مەترســییەکی گەورەیە بــۆ ســەر ئەو ناوچــانە و ئەگەر لەوێ سەرکەوتوو بن دەچنە ناوچەکانی تر و دێنە عومقی مەنتیقەکانی ئێمەوە، ئەمە تـا ئێسـتا بەپێـی قەرارەکـانی مەحـکەمەی کەرکـووك کە دەرچـووە (٣٠٠) دۆنـم زەوی لە کـورد سـەندراوەتەوە و دراوەتەوە، کورد و تورکمان، تەبعەن دراوەتەوە عەرەب، کە ئەمە مەترسیەکی گەورەیە و ئەگەر بێتو ئەمە بەردەوام بێ زیاتر لە (٨٠٠) هەزار دۆنم زەوی زراعی کـورد ئەکەوێـتە بەر مەترسـی بە عەرەب کردن، بۆیە ئەمە یەکێکە لە مەلەفەکان کە ئێمە لەگەڵ بەغدا مـامەڵەی لەگەڵ دەکەیـن و لەگەڵ ئومەمی موتەحیدە قسەی لەسەر دەکەین، بەڵام بەداخەوە بەغدا ئیستجابەی نییە، بەڵکو هۆکـارێکی سـەرەکییە بـۆ چەسـاپاندنی ئەم جـۆرە سیاسـەتە، حکـومەت لەگەڵ ئەوەشـدا لە دانیشتەنەکان پێمـان دەڵێن بەڵـێ وایە و مـافی خۆتـانە، بەڵام دواتـر ئیلتـزام بە ئەو بڕیـارانەوە ناکەن، بەڵکو بەردەوام دەبـن، لە مەنتـیقەی دوز موشکلەکانی ترمـان هەیە ڕەنگە لە گەڵ لیـژنە ناوچە دابڕێنراوەکانی پەرلەمانی کوردستانیش باسکرابێ، مەسەلەی بابڵێین دیراسـەتی کـوردیە

کە مافێکی دەستووری خەڵکی کوردە لەناوچانە بە کوردی بخوێنن، بەڵام مامۆستاکانیان هەم تا ئێستا ئیعترافیان پێ نەکراوە هەم بەڕەسمی هەم بەئەمری واقع لەوێ ئیش دەکەن، ئێمە لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی باڵای دانوستاند لەگەڵ جەنابی سەرۆك وەزیران و جەنابی جێگری سەرۆك وەزیران دا ئەم بابەتەمان تەرح کرد، ئەوان ئێمەیان راسپارد کە مەلەفێك ئامادە بکەین بۆ ئەوەی بگەینە بابەتی گفتوگۆ و مفاوەزات و هەم ئیعتراف بەزمانی کوردی لەڕووی رەسمی و لەڕووی کاری ئیدارییەوە لەوێ ئیشەکانیان بەڕەسمی و بە پێی دەستوور و قەوانین بێ و هەم مامۆستاکانیش بتوانین بگوازینەوە بۆ سەر حکومەتی ئیتحادی لەگەڵ ئەو تایبەتمەندیانەی کە هەیە، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە چەند کۆبوونەوەیەکمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری پەروەردەدا ئەنجام داوە، مەلەفەکەمان ئامادەکردووە لەبەردەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و لە کۆبونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ئەگەر بووە بڕیار ئەمەش دەبێتە یەکێك لە مەلەفەکانی تری مفاوەزات، بۆ تەسبیت کردنی بە دەستووری کردن و بەقانوونی کردنی وەزعی دیراسەتی کوردی لە ئەو ناوچانە، لە مەنتیقەی دوز تەبعەن وەزعەکە لە کەرکووك باشتر نییە خراپترە، لە دوز هەر جینۆساید کرا لە دوای ئەحداسەکانی ساڵی ٢٠١٧ هێزە عەسکەرییەکەی کە لەوێیە هێزی عەسکەری عیراقن، بەڵام ئەو هێزەی کە باڵا دەستە لەوێ حەشدی تورکمانییە، ئەو حەشدە بە روحێکی پڕ لە ئینتقام و ئیرادەیەکی سیاسی و ئەوانەوە مامەڵە لەگەڵ کورد و ئەو مەنتیقانە دەکات، من ئەمڕۆ لەگەڵ برادەران دا قسەم کرد دەڵێ هەندێ جێگامان هەیە کە مدیری دائیرەکەمان تەقاعود بووە و ئەمانەوێ مدیرێکی کورد دابنێین ناوێرن کوردەکان لەوێ دەوام بکەن، لەبەرئەوەی هەڕەشەیان لێ دەکرێ لەلایەن گروپانەی حەشدی شەعبیەوە وە تەهدید بە تەسفیە و بە تیرۆر کردن و ئەوانە دەکرێت، کە ئەمەش یەکێکە لە مەترسیەکانی تر، لەوێش ئێمە ٥ مدیرمان هەبووە گۆڕاون، قایمقامەکەمان گۆڕاوە، مدیری صحەیە، مدیری تەربیەیە، مدیری سایلۆیە، ئەمانە گۆڕاون و خەڵکی تر تورکمان و عەرەبی لە جێگایان دانراوە، لەهەندیك مەناتقیان هەیە کە حدودن لەگەڵ عەرەب دا لەوێ بە تایبەتی مەنتیقەکانی پارەپارە و گولەجن و ئەوانە ئەمانەش بەر مەترسی تەعریب کەوتوونە، عەرەب دەیانەوێ بێنەوە ئەو ناوچانە بەشێوەیەکی کاتی ئەوەش سڕکراوە، بەڵام ئێمە لەهەوڵی ئەوەداین دەبێ لەڕێگای هەیئەی نیزاعاتی مولکیەوە هاوشێوەی کەرکووك و سنجار و مەخمور و ئەوانە ئەو کێشەیە بەیەك پاکێج چارەسەربکرێ، لەخانەقین کردەوە تیرۆرستییەکان زۆر بووە و برادەران ئاماژەیان پێ کرد تا ئێستا (١٩) شەهیدمان هەیە، (٢٨) گوندی ئێمە چۆڵکراوە کە ئەم مەترسیەکی زۆر گەورەیە لەماوەی دوو ساڵەدا (٢٨) گوندی کورد چۆڵکراوە، لە ئێستاکە بەچۆڵی ماونەتەوە و زەوییە کشتوکاڵییەکانیان عەینەن لەلایەن ئەو لایەنانەی ترەوە ئەوە دەکرێ، بەڕێوبەرەکانی ناحیە و بەڕێوبەرە ئیدارییەکانمان بە تایبەتی لە جەلەولا و سەعدیە ئەوانەی کوردن دەرکراون لە جێگایان هەندێ کەسی سەر بە عەشیرەتێکی دیاری کراو کە لێرە بەوازحی دەیڵێم (عەشیرەتی کەروین) کە کاتی خۆی بە مەبەستی بە عەرەب کردن و تەبعیس کردنەوە، ئەوانە سەر بە بەعس بوونە هاتوونەتە ئەوێ، ئێستا خۆیان ڕێکخستۆتەوە و لەچوارچێوەی گروپەکانی حەشدی شەعبی وەکو عەسائیبی ئەهلی حەق و وەکو بەدر ڕێگە نادەن بەڕێوەبەر کوردەکان لەوێ دەوام بکەن و خەڵکی سەر بەخۆیان لەو شوێنانە دائەنێن، سەبارەت بە ناحیەی مەندەلی

که لەو جێیە هەمانە کە بەداخەوە وجودی کورد و کوردستان هیچ لێ نەماوە، تەنانەت مەقەری حـزبە کوردسـتانیەکان کە ئیجازەیـان هەیە لەلایەن حکـومەتی ئیتحـادیەوە مەقەرەی حـزبە کوردستانییەکانیشـی لـێ نەمـاوە، کە ئەمە مەترسـیەکی گەورەیە ڕووبەڕووی بـوونی کـورد و خەڵکی بـا بڵێـین ئەو پـارچەیەی کە بەشـی کوردسـتانی باشـوور ئەبێـتەوە، مەسـەلەی مەخمـور کێشەی داعش هەیە و هەڕەشە لەسەر ئەو دێیـانەی کە هەن بەتـایبەتی لەو دێیـانەی مەنتـیقەی قەراج و ئەوانە، (١٣) دێ لە مەنتـیقەی قەراج چـۆڵکراوە، ئەوەی باشـە تـا ئێسـتاکە تەعریـب نەکراوە، بەڵام ئەرکی ئێمەیە بتوانین ئەم دێیانە چۆن بگەڕێنینەوە ئاسایشیان بۆ دابین بکەین و بۆ ئەوەی لەژێر تەهدیدی داعش نەبنەوە و ئەرکی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە و وەزیـری نـاوخۆیە بە تەئکیـد لەو بـارەدا ئەوان تەقصیر نـاکەن ئەوەی لە توانایـان دا هەبـێ، مەسـەلەی شـەنگال و ئەوانە زۆر ئـاڵۆزترە لەو وەزعەی کە هەیە بتـوانین لە کۆبـوونەوەیەك دا باسـی بکەیـن، چـونکی ئەنـواع و ئەشـکاڵ هێـزی عەسـکەری تیـایە و وەزعەکەی لەڕووی جـوگرافییەوە و لەڕووی ئەو ئیهتماماتانەی کە ئەوانەی کە هەیە ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە کێشەکان کە هەرێمی کوردسـتان بەرنامەی داناوە بەپێی زانیاریەکانی مـن بەڕێـز وەزیـری داخلیە چەنـد کۆبـوونەوەیەکی لەگەڵ بەغدا دا ئەنجام داوە بۆ گەیشتن بەرێگە چارەیەك بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بەڵام ئەوەش تـا ئێسـتا نەگەیشـتۆتە کێشـەی بنەڕەتـی، لەڕووی نێـودەوڵەتییەوە و ئەوانەوە یەکێـك لە بیـرە باشیەکان کە ئێمە هەستی پێ دەکەین ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕەئیان یەعنی لە ڕاپۆرتەکان دا لە دانیشتنەکانمان، پێیان وایە ئەم بارودۆخی ئەم ناوچانە نابیَ قبوڵ بکرێ و زوڵمی گەورە لە کورد دەکرێ، بە نموونە ئەوانەی (UN) ڕۆڵێکی زۆر ئیجابی ئەبینێ بۆ ئاشکرا کردنی هەموو ئەو خروقاتە دەستووریيانەی کەلەبەرامبەر خەڵکی کـورد دەکرێـت لە کەرکووك، ڕاپـۆرتی گروپـی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان (کرایسس گروپ) کە لە ماوەی مانگی ڕابردوو بڵاوبوویەوە بە وازحـی بـاس لەوە دەکـات کە تەوازن لەو ناوچـانە نەمـاوە، هێـزە عیراقییەکـان لەوێ بەخراپـی مـامەڵە دەکەن و ڕەنـگە ببێـتە هـۆی ئەوەی لەهەر دەقەیەك دا و لەهەر کاتێـك دا بـارودۆخەکە لەوەیە بتەقێتەوە، ئەم ڕاپۆرتانە پاڵپشـت دەبـن، بـۆ ئەوەی ئـێمە لە کـاتی مفـاوەزات دا بەکـاری بهێنـین لەگەڵ حکـومەتی ئیتحـادی دا، یەکێـك لە بابەتەکـانی تـر پەیوەسـتە بە گروپـی دایـالۆگی نێودەوڵەتی ئەوانیش لە هەوڵ دان، بۆ ئەوەی کە پێکهاتەکانی کەرکووك لەگەڵ وەفـدەکە نزیـك بکەنەوە، سـەبارەت بە ئاسـایی کـردنەوەی کەرکـووك هەوڵێکـی تـریش ئەوەی جەنـابی وەزیـری ناوخۆ ئاماژەی پێی کرد، من ناچمە تەفاسیلەکەی ئومەمی موتەحیـدە مـاوەی سـاڵێکە ریعـایەتی کۆبـوونەوەی پێکهاتەکـانی شـاری کەرکـووك دەکـات، بە مەبەسـتی ئاسـایی کـردنەوەی وەزعـی ئیداری و ئەمنی و عەسـکەری و سـەقافی و ئیقتسـادی شـاری کەرکـووك، بـۆ ئەم بـابەتە ئـێمە لە ساڵی رابردوودا گەیشتینە ڕێککەوتن، ڕۆژی یەك شەممەیان دانا لە مانگی/٩ بچین تەوقیع بکەین لەسـەر ئیتفـاقیەکە، بەڵام بەداخەوە یەکێـك لە پێکهاتەکـانی کەرکـووك پەشـیمان بـوونەوە، پەشیمان بوونەوەکەش دیار بوو بەدەستی یەکێك لە وڵاتـانی دراوسـێی ئـێمە بـوو کە ڕێگەیـان نەدا کە ئەم پرۆتۆکـۆڵە ئیتفـاقی لەسـەر بکەیـن، بەڕێـز (عـادل عبدالمهدی) بەڕاسـتی جـورئەتی ئەوەی نەبوو بتوانێ لایەنی کەم ئەو ٩٠، ٩٥% ئێمە ئیتفاقمان لەسـەر کردبـوو بیکـاتە ئەمرێـك و ئەم بارودۆخە کۆتایی پێ بێت، خۆشبەختانە لەگەڵ دەستپێکردنەوە ودەست بەکاربوونی بەڕێز

(مصطفی کاظمی) ئەم بابەتە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە جارێکی تر موناقەشەی کرا بەنێوەندگیری بەڕێز (جیمین بلەس خەت) نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەکانمان دەستی پێ کردووە، چوار کۆبوونەوەمان ئەنجام داوە، بەریعایەتی ئەنجومەنی وەزیران و ئێمە وەك نوێنەری کوردی کەرکووك لەناو ئەم لیژنەیەین، لەژێر ڕێنماییەکانی ئەنجومەنی وەزیران ئێمە خەریکین و بە تەئکید حزبە کوردستانییە گەورەکانیش ئێمە ڕاوبۆچوون و ئێمە ڕاوێژیان لەگەڵ دا دەکەین بۆ ئەم بابەتە، هەنگاوەکان نراون، بەڵام ئەگەر بێتو وەك جاری ڕابردوو پەشیمان بوونەوەی تیا نەبێ، ئەوەش یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکان بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکووك کە موختەسەرەکەی ئەوەیە کە بتوانین چارەسەرێکی مەحەلی بۆ کەرکووك ببینینەوە، کە جێی ڕەزامەندی هەموو پێکهاتەکانی کەرکووك بێ، ئەگەر لەمە ناجیح بووین لە دوز و لە شوێنەکنی تریش بتوانرێ دووبارە بکرێتەوە، ئەوەی جێی ڕووناکییە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆڵی کورد لەم دانوستانانە بەرز دەنرخێنن بە وازحی لە هەموو کۆبوونەوە ڕەسمیەکان دا دەڵێن پێکهاتەیەك لە پێکهاتەکانی کەرکووك لەبەرئەوەی وڵاتێك لە پشتەوەیە ئەوان ڕێگرن لەوەی ئیتفاقیەکە دروست ببێ ئەمە بۆ وەرەقەی تەفاوزی دەستی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەکات لە ئەم مفاوەزاتانە، خاڵە سوودییەکانی ئێمە چین لەوەی زۆر بە موختەسەری باسی دەکەم:

١- نەبوونی یەکڕیزی و یەك خیتابی هێزە کوردستانییەکان لە کەرکووك، هێزە ڕکابەرەکانی لە کەرکووك ناوچە دابڕێنراوەکان، هێزە ڕکابەرەکانی ئێمە بە حکومەتی ئیتحادیشەوە ئەوەندە بەهێز نییە بتوانێ بەم شێوەیە بە ڕەهایی تەعریبی ئەو ناوچانە بکات، ئەوە نەبوونی یەکڕیزی و یەك خیتابی لە لاوازی هێزە کوردستانیەکانە ئەوان بەو شێوەیە دەتوانن مامەڵە لەو ناوچانە بکەن.

٢- بوونی بەداخەوە ئیتفاقێکی ناموقەدەس لەنێوان هەندێك لە گروپە تورکمانییە توندڕەوەکان لەگەڵ هەندێك لە تورکمانییە عەرەبەکان بە ریعایەتی چەند لایەنێکی دەرەکی، بۆ ئەوەی ئەم بارودۆخی سیاسی و ئابووری و ئەمنی و عەسکەرییەی کە ئێستا لە کەرکووك بەردەوام بێ و ئامادەنین دەرگاکانی حیوار بە باشی لەگەڵ کورد دا بکەنەوە، دەیانەوێ مەرجەکانی خۆیان بسەپێنن و ئەم ئەمری واقعە فەرز بکەن، یەك لە بابەتەکانی تر مەسەلەن بێ دەنگی هێزە کوردستانییەکانە بەرامبەر ئەو تەعریبەی کە دەکرێ، ئێمە خیتابەکانمان زیاتر بۆ ناوخۆی خۆمانە، پێویستمان بەوەیە خیتابی بە فەزح کردنی تەعریب کردنی کەرکووك بۆ ڕەئی عامی نێودەوڵەتی و بۆ ڕەئی عامی عیراقی و ڕەئی عامی عەرەبی و پێکهاتەکانی تری کەرکووکیش تەرح بکەین، ئەوەی هەیە بەداخەوە ئێمە زیاتر بۆ خۆمان باس بە عەرەب کردن و تەعریب کردنی ئەو ناوچانە دەکەن، نەمانتوانیوە ئەم پەیامە زیاتر بگەیەنینە لایەنەکانی تر بۆ ئەوەی تەئسیر دروست بکات، هەیە و هەوڵ زۆرە، بەڵام ئەبێ ئێمە زیاتر ئیش لەسەر ئەم بابەتە بکەین و وسکت نەبین لەسەر هەر هەنگاوێکی بەعەرەب کردنی ئەو ناوچانە.

لەسەر ئاستی عیراق و ناوخۆ پێویستە ئێمە مفاوەزاتەکانمان لەگەڵ بەغدا دروست بکەین، لەسەر ئاستی پێکهاتەکانی ئەو ناوچانەش پێموایە کاتی ئەوە هاتووە لاپەڕەیەکی تر لە پەیوەندییەکان لەگەڵ تورکمان، عەرەب، پێکهاتەکانی تری ئەو ناوچانە بکەینەوە، لەسەر بنەمای

دروست بوونەوەی متمانە لەنێوان یەکتری بۆ ئەوەی گەیشتینە هەر چارەسەرێك لەگەڵ حكومەتی ئیتحادیش بە چارەسەرکردنی کێشەی ئەو ناوچانە ئەمان نەبنە عەرقەلە و رێگر لەبەرامبەر جێ بەجێ کردنی ئەو ئیتفاقانە، وەزعی ئەو ناوچانە خراپە، ئەگەر نەکەوینە خۆمان و خۆمان کۆنەکەینەوە و بەرنامەیەکی جدی دانەنێین لەسەر هەموو ئەم ئاستانە ئێمە ئەو ناوچانە لەبەر هەرەشە و مەترسی لەدەستدانن، لە کۆبوونەوەی بە عەرەبی دەڵێن کۆبوونەوەی (ماقبل الاخير) نازانم بە کوردی تەعبیری لێ بکەم، پێش کۆتایی ئەنجومەنی وەزیران ئەم بەجدی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە موناقەشەی لەسەر کرا و ڕامانیان سپارد، بۆ ئەوەی کە ئەم مەلەفە لەگەڵ سەرۆك لیژنەکەمان بە سەرۆکایەتی جەنابی وەزیری ناوخۆ لەگەڵ عیراق دا دەست بە گفتوگۆ بکەینەوە، بۆ ئەوەی ئەم بابەتە چیتر بەم شێوەیە لەلایەن عیراقەوە تەسویفی پێ نەکرێ و ئەو ئەمرە واقعەی کە ئێستا کە ئەو ناوچانە پێیدا تێدەپەڕن بەردەوام نەبێ، وە بتوانین ئەو مەنتیقانە بێتە جێگایەك بۆ پێکەوە ژیانی هەموو پێکهاتەکان و بەپێی دەستوور مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، زۆر سوپاس و داوای لێ بوردن دەکەم ئەگەر درێژەم بە قسەکانم دابێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ بەڕێزتان و بۆ هەموو وەزیرەکان بۆ ڕوونکردنەوەکانتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دوای ئەو ڕوونکردنەوانەش پرسیارتان هەیە؟ باشە ناوەکان بنووسن، د.عبدالحكيم بە تەقدیرەوە ناتوانێ قسە بکات، ئەگەر ڕاپۆرتێکی هەیە دەتوانێ بیداتە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، بەڕێزیان دەتوانن ڕاپۆرتەکە بدەنە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، د.ڤالا فەرموو.

**بەڕێز د.ڤالا فريد ابراهيم/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بکرێت دوای ئیجازەی ئەندامانی پەرلەمان بیخەینە دەنگدان، بۆ ئەوەی جەنابیان بە موباشری لەناو بابەتەکەیە و ڕاپۆرتی خۆی تەقدیم بکات، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسين/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانین دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر وابێ، با ناوەکان بنوسین، بەڵێ بەڕێزان، گوێ بگرن بۆ ئەوەی ئەگەر ناوێکمان لەبیر چووبێ ئیزافەی بکەین بۆ ئەوەی کەس گلەیی نەکات، د.محی الدين، کاك دیاری، کاك زیاد، د.شایان، شیرین خان، کاك بەڵێن، کاك جلال، کاك شەمۆل، کاك سەرکۆ، کاك کاروان، کاك لوقمان، شیرین خان، کاك گۆران، د.ڕێبوار، کاك سەروان، شنۆ خان، سەوسەن خان، د.گلاوێژ، حسيبە خان، کاك حاجی سفين، کاك رزگار، کاك شێخ ظاهر ، کاك رۆمیۆ، کاك ئازاد، کاك نزار، کاك هێڤیدار، کاك جنان، کاك مەم، کاك مەلا ناصر، کاك سیپان، سلمی خان، کاك عوسمان، گلستان خان، کاك بژار، هدیە خان، رۆبینا خان، کاك پێشەوا، گولستان خان، کەسی تر ماوە نەمان نووسی بێت؟ لیزا خان نووسیومە، کاك نزار و کاك کاوە، کاك سیروان، کاك سعيد، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بۆ ئەوەی بەڕێز د.عبدالحكيم قسە بکات دەبێ بیخەینە دەنگدان، چونکە لە پەیڕەودا ڕێگە تەنها بە بەڕێزان وەزیرەکان دەدرێ بۆ قسە کردن، هەر بەڕێزێك لەگەڵ ئەوەیە ئەگەر پێویست بوو یان خۆی ڕاپۆرتێکی هەیە و دەیەوێ بیخوێنێتەوە

هەر بەڕێزێـك لەگەڵ ئەوەیە بـا دەسـت بەرز بکـاتەوە؟ زۆر سـوپاس، بە دەنگـی (٦٧) ئەنـدامی پەرلەمان ڕێگە بە بەڕێز د.عبدالحکیم ئەدرێت بـۆ ئەوەی ڕاپـۆرتەکەی بخـوێنێتەوە، ئـێمە ئێسـتا نزیکەی تەسەور دەکەم.... بەڕێز د.عبدالحکیم فەرموو.

**بەڕێز د.عبدالحکیم خسرۆ/ سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، ئەم کاتەتـان بـاش، دەستخۆشـی لە لیـژنەی کاروبـاری نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم و لیـژنەی کاروبـاری پێشـمەرگە دەکەیـن بـۆ ئەو ڕاپۆرتەی پێشکەشیان کرد، ئەو زانیاریانەی کە لە ڕاپـۆرتەکە هـاتووە، بە تەئکیـد ئـێمە هاوکـار و موتەعاونین لەگەڵ پەرلەمـانی کوردسـتانیش زۆریـش پێمـان خۆشـە پاڵپشـتیمان بکەیـن وەکـو دەستەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ بەردەوامی دان بە کارەکانمان.

تەنها بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە بۆ ئێمە هاتووە ئاراستەی ئێمە کـراوە، ئەوەیە کە ئـێمە لە ٢٠١٩/١٢/١٩ سەردانی لیژنەی کاروباری ناوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێممـان کرد، لەوێ ڕاپۆرتێکی تەواو لەسەر کارەکانی لیژنەی ماددەی (١٤٠) و ئەو کارانەی کە لە بەهەموو دۆکیۆمێنتەکان ڕادەستی بەڕێزیانمان کرد، لەبەردەستیان بوو و داوامان لە ئەندامانی لیژنە کـرد کە هەر کاتێـك پێویسـتیان بە دۆکیۆمێنـت بـێ، پێوسـتیان بە زانیـاری بێـت دەتـوانن سـەردانی دەستەی ناوچە کوردستانییەکان بکەن، ئێمە لە خزمەتداین بۆ پێشکەش کردنی هەر هاوکارییەك و زانیارییەك و تەنانەت پەیوەندیمان هەبووە لەم بارەیەوەن.

دەستەی ناوچە کوردسـتانییەکان لەسـەرەتای کـابینەی نـوێ ڕاپـۆرت لەدوای بڕیـاری ژمـارە (٢ ) بڕیــاری ژمــارە (٧) ی ئەنجــومەنی وەزیــران ڕاپــۆرتێکی تەواوی ســەبارەت بەشــێوازی چارەسـەرکردنی مـاددەی (١٤٠) پێشکەشـی بە لیـژنەی تایبەتمەنـد لە ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆ دانوستان لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەوەی کە بە چ ڕێکارێك ئێمە کارەکانی خۆمان دەکەین، هەروەها بـۆ زانینـی بەڕێزتـان تەنهـا وەکـو زانیـاری دەیخەیـنە بەردەسـتتان، ئـێمە لە دوای (١٦) ئۆکتـۆبەر نووسینگەکانمان لە نـاوچە کوردسـتانییەکان هەموویـان داخـران یـان تـاڵان کـران، نووسـینگەی مەخمور، نووسینگەی خانەقین، نووسینگەی دوبز، نووسـینگەی کەرکـووك، نوسـینگەی شـێخان، نووسـینگەی شـەنگال، نووسـینگەی زومـار، نووسـینگەی دوزخورمـاتوو، نووسـینگەی مەنـدەلی، بەڵام تەنها نووسـینگەی شـێخان کارەکـانی خـۆی کـرد و بەردەوام بـوو، ئێمە لە کـابینەی نـوێیەم دەستمان پێ کردو ئەو نووسینگانەمان کارا کردۆتەوە و تەنها بۆ ئێمە ڕەچاوکردنی و هیـوادارین ئەم زانیاریە بۆ خۆتان بێت، ئێمە نووسینگەی کەرکووکمان کارا کردۆتەوە، بەڵام لەبەر مەسائیلی ئەمنی و پاراستنی فەرمانبەرەکانمان و کارمەندەکانمان بەهیچ شێوەیەك لێمان نەگەڕاو بڵێین بە ئاشکرا بە عەلەنی ئەم کارانە بکەن، نووسینگەی خانەقین کارا کـراوەتەوە، نووسـینگەی زومـار و شـنگال بەهەمـان شـێوە کـارا کـراوەتەوە، هەمـوو نووسـینگەکان ئێسـتا کـاری خۆیـان دەکەن، تەنـانەت نووسـینگەی دوزخورمـاتو یەکێکە لە نووسـینگە زۆر چالاکەکـان کە تەنـانەت ڕاپـۆرتی ڕۆژانەشمان هەیە بۆ بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، تەنـانەت مـاوەی کەرەنتـین ڕاپـۆرتی ڕۆژانەشمان پێشکەش بە جەنابی سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیـران کـردووە لەسـەر ڕەوشـی ئەم ناوچانە و پێشکەشمان کردووە، لەهەمان کاتیش دا ئەوەی کە بۆ جەنابیتـان ئاشـکرایە دەسـتەی

ناوچە کوردستانییەکان سجلی ساڵی ١٩٥٧ وەکو ئەرشیف لەلای ئێمە بووە، ئەم سجلە بڵێین هارد کۆپی بووە، موعەرەز بوو بەوەی تەلەف بێ، ئەمە یەکێکە لەسەروەتە نیشتمانییەکان کە ئەمە تاکە سجلە ئێستا لەبەردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ئیحتیفازی پێ بکەین، لەسەرەتای دەست بەکاربوونمان وەکو کابینە ئەم سجلە بە نووسراوی ڕەسمی ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆمان کرد، بە سووپاسەوە ئەوان ئێستا بەڕێگای بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕەگەزنامە هەمووی بڵێین ئەرشیفی ئەلیکترۆنیی دەکەن و کۆپیەکان دووبارە دەکەنە چەند وێنەیەك، بۆ ئەوەی ئیحتیفازی پێ بکەن و بەشێك بێت لەو دۆکیۆمێنتانەی کە ئێمە دەستمان کەوت بوو سوپاسی ئەو بەڕێزانە دەکەین کە پێشتر لە دەستەی ناوچە کوردستانییەکان کاریان لەسەر کردوو و توانیان ئەم سجلە بە دەستی خۆیان بێنن.

ئەمە یەکێك بووە لە کارەکانمان، هەروەها ئەوەی کە پەیوەستە بڵێین بەڕاپۆرتی ساڵانە لەگەڵ ڕاپۆرتی سەد ڕۆژی بەوانەی کە پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەی کە گرنگە لەلای ئێمە دەستەی ناوچە کوردستانییەکان سەرپەرشتی یان بەدواداچوونی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکانی سەر بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ناوچە جێ ناکۆکەکان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، تا ئێستا نزیکەی (١٧٠) ملیۆن دۆلار تەرخان کرابوو بۆ ئەو پرۆژانە، بەڵام بەداخەوە ئەم پرۆژانە وەستێنران و نزیکەی (٧٥) پرۆژە وەستاوە و (١٤٢) پرۆژە بەردەوامە ساڵانە ئێمە داوا لە وەزارەتی پلاندانان دەکەین و ڕێژەی ئەنجامدانی پرۆژەکانمان پێ دەگەیەنین و پێمانی دەدەن.

هەروەها ئێمە ڕاپۆرتمان ئامادەکردووە و بەپێی ماددەی (٧) لە یاسای دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم پێویستە چوار مانگ جارێك ڕاپۆرت پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان بکرێ، سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی دەستەی ناوچە کوردستانییەکان ئێمە لە مانگی (١٢) یەکەم ڕاپۆرتمان پێشکەش کرد بەداخەوە پێویست لە مانگی چواریش، بەڵام ئەو قۆناغە لەسەردەمی کەرەنتین بوو فەرمانبەرەکان دەوامیان نەدەکرد، بەڵام ئێمە دوو ڕاپۆرتمان ئامادەکردووە یەکێکیان لەسەر ئالیەتی جێ بەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) بە ووردەکارییەوە کە پێشکەش بە لیژنەی کاروباری ناوچە کوردستانییەکان دەکەین، هەروەها ڕاپۆرتێك لەسەر کێشەی زەوییە کشتوکاڵییەکان، ئەم ڕاپۆرتە بەووردی بەهەموو دۆکیۆمێنتەکانەوە ئەوەی کە هاوپێچە لەگەڵ ڕاپۆرتەکە ئامادەمان کردووە، ئەویش پێشکەش بە جەنابتانی دەکەین ئەوەی کە بەڕێز کاك خالد شوانی ئاماژەی پێی کرد بە ووردەکاریەوە من نامەوێ باسی بکەمەوەن تەنها ئەوە نەبێ کە ئێمە دەست نیشانی دۆکیۆمێنتەکانمان کردووە هەموو شتێك لەبەردەستمانە، پێویستە ئاگاداری بەڕێزتان بکەینەوە وەکو ئەندامانی پەرلەمان کە ئێوە نوێنەری گەلن و ئەم ناوچانە بە نیسبەتی ئێمە گرنگی تایبەتی هەیە، تا ماوەیەکی تر ئەگەر وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجدی و بە تەئکید ئێمە ئەو پلانەمان هەیە لەوانەیە گرێبەستە کشتوکاڵییەکان نوێ بکرێتەوە، چونکە ئەوەی کە ڕاگیراوە ئێستا و کە بەپرۆسە ڕاگیراوە ئەوە بۆ مەعلوماتی جەنابتان ئێمە تەنها ئەوەی کە دەستنیشانمان کردووە بەنجا دۆنم بە تەواوەتی وەرگیراوەتەوە، بەڵام ئەوانی تر هەمووی حوکمی قەزائیان بۆ دەرچووە، ئەو حوکمە قەزائیانە ئێستا ڕاگیراوە، چونکە نوێ کردنەوەی گرێبەستی کشتوکاڵ ڕاگیراوە، ئەگەر

حکومەتی عیراق دووبارە ڕێگەی دا بە نوێ کردنەوەی بڵێین گرێبەستە کشتوکاڵییەکان ئەو کاتی لەوانەیە ئەم بڕیارانە بڕیاری دادگا هەمووی جێ بەجێ بکرێت، بۆیە نامەوێ زیاتر بچمە نـاو ئەو مەوزوعە، بەڵام بە ڕاپـۆرتی تەواو و ڕاپـۆرتی تێروتەسـەل دوو ڕاپـۆرتی تەواو ئـێمە ڕادەسـتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی دەکەین بەڕێگەی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، زۆر سوپاسی جەنابتان دەکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پشوویەك وەردەگرین و دوای پشـووەکە دێینـەوە دەسـت بە کۆبوونەوەکەمان دەکەین، دوو و نیوی ڕێك لەناو هۆڵەکە دەبین، بەڕێزتان لەو کاتە حـازر بـن بـۆ ئەوەی دەرفەتی قسە کردنتان پێ بدەین، سوپاس.

# پاش پشوو

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان فەرمـوون بـۆ ئەوەی دەسـت پـێ بکەیـنەوە، بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان بچـنەوە شوێنەکانی خۆتان، بۆ ئەوەی دەست بە کۆبوونەوە بکەینەوە کاك سەروان فەرمووو.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو مهرەبان، بە خێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، پرسیارێکم لە بەڕێزتـان هەیە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان (٤٠) ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان نـاوی خـۆی نووسـیوە بـۆ قسـەکردن، دوای ئەوەش راپۆرتێکی ترمان هەیە کە پەیوەندی بە لەشکر کێشـی و تـۆپ بارانەکـانەوە هەیە، دوای ئەوەش راپـۆرتی تەندروسـتیمان هەیە، داوا دەکەم یارمەتیمـان بـدەن لەوەی کە پابەنـد بـن بەوەی لە دەقەیەك بۆ دەقەو نیوێك قسەکانی خۆتان تەواو بکەن، فەرموون کاك سەروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـورە پرسـیارەکەم لە بەڕێزتـانە وەکـو سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان پرسـیارم، هۆکـاری راگرتنی پەخش چی بوو، یەعنی لە باسکردنی ووروژانـدنی ئەو خـاڵەی کە پەیوەسـتە بە خـاکی ئێمەوە، یەعنی هۆکـار نـاوەخۆی کوردسـتانە یـان دەوڵەتە دراوسـێکانە، یـان جیهـانە بە گشـتی، چونکە پەیوەستە بە خاکی ئێمەو بە نیشتیمانی ئێمە، بۆیە هەموو دونیا ئەزانێ گەلی کورد چـی دەوێ و چی دەڵێ و چی دەکات، یەعنی بۆ ترسمان هەبێت لە وتنی حەق بـۆ خۆمـان، ئەوە یەك، دووەمیش ئەوەی تر بۆ پرسیارم لە برای بەڕێزم کاك خالید شوانی وەکو وەزیری کاروباری نێوان هەولێر بەغـدا، کە لە مێـژە ئـێمە هەر گوێبیسـتی ئەوە دەبـین بە عەرەب کـردن، ئـێ باشـە بـۆ بە کوردبوون دەسـت پـێ نەکـات لەو شـوێنانەی کە مەترسـی لەسـەر بە عەرەبکردن هەیە، یەعنـی هۆکار چییە؟ بۆچی هەر ئەو ووشەیە دووبارە دەبێتەوە، هەر خولی پەرلەمان و هەر کـابینەیەك هەر گوێمان بە عەرەب کردن دەبێت، یەعنی هۆکاری ئەو ئیدامە ئەو بەردەوامییە چییە؟ تا کەی بەردەوام دەبێت یەعنی خولی شەشەمی پەرلەمانی کوردستانیش هەر ئەو وشەیە دەگوترێتەوە چاوەڕێی ئەوە بین؟ یان چارەسەر وەکو حکومەت چیتـان پێـیە، بـۆ ئەوەی یـان ئـێمەش وەکـو پەرلەمان چبکەین بە هەمووومـان، بـۆ ئەوەی ئەو وشـەیە گوێبیسـت نەبیـنەوە جـارێکی تـر لێـی خەڵاسبین بەراستی، بەنسبەت لیژنەی پێشمەرگەش بەراستی من لەحکومەتی فیـدراڵ دەبیـنین لەگەڵ ئەندام پەرلەمانەکانی خۆیـان کە موختەسـن بە لێژنەکانیـان بڵێـین گرێـدراوی لێژنەکـانی ئەوانە وەکو لێژنەی بەرگری هەر دانیشتنێك بکەن، تەفاسیلی دانیشـتنەکەی خۆیـان بـۆ لیـژنەی پەرلەمانی دەنێرن، ئێمە نە ئاگاداری کاروباری ئەوانین نەزانیاریمان پێ دەدەن و نەمیوانـداریش دەکرێی، چوونیان بۆ کە حەقی خۆشمانە یەعنـی ئـێمە بـۆ لێـرەین کە لە لیـژنەی پێشـمەرگەین،

دەبێ هەندێك شت دەربارەی پێشمەرگە بزانین، ئەوەی تریش پێم خۆش بوو بەراستی نەك هەر لەسەر ماددەی سەدوو چل، دوو شت هەیە لێرە لە کە میوانن هەموو وەزیرە بەڕێزەکان، بەڵام پرسیاری من و داوای من لە وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆیە، بەراستی ئەوەی پێویستە لە وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆو گروپێکی خێرا دابمەزرێت بەراستی لەو چەند رۆژەی رابردوو لە بەرگری شارستانی هەولێر کارمەندێکی بەرگری شارستانی هەولێر چووە بۆ ئەوەی ئاگری سناعە بکوژێنێتەوە لە پر کارەبا لێی داوە، چووینە ماڵیان یەعنی کەسوکاری ئەو کارمەندە کارمەندەکەیان دەبردە نەخۆشخانەو دەیان هێناو دەیان برد لەسەر مردنیش بوو، ئەو قور بەسەرە توخوا پێم مەبڕە بەس شتێکی ترم ماوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، جارەکەی تر غەدرتان لێکردم ئەو جارە بۆم تەعویز بکەوە......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ باشە فەرموو قسەکانت تەواو بکە کاك سەروان.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان بۆ وەزیری پێشمەرگە نوکتەی پێکەنینم نەوتووە، توخوا پێم پێمەکەنن بۆ وەزیری پێشمەرگە هۆکار چییە؟ تاکو ئێستا روتبەدار هەبوو، ئەفسەر شەهید بوو دووساڵ بەسەر روتبەی ئەو بەسەر چووبوو، بۆ روتبەی وەزارەتەکانی تر وەزارەتی ناوخۆ، ئی پۆلیس و ئاسایش یەك رۆژ تاخیر نابێ، بەڵام هی پێشمەرگە دوو ساڵ و سێ ساڵ و چوار ساڵی پێ دەچێت، یەعنی بەرنامەتان چییە بۆ نەهێشتنی ئەو ناعەدالەتییە بۆ هەتا کەی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك سەروان کاتەکەت تەواو بوو، بەڕێزان تەنها پەیوەست بەو تەوەرە پرسیارە، پرسیار لە وەزیرە بەڕێزەکان دەکەن، ئەگەر جارێکی تر بۆ بابەتێکی تر پێویستە جەنابیان لێرە حازر بن، ئەتوانن بە جیاواز بانگیان بکەین بۆ هەر بابەتێکی تر کە مەبەستان بێت کاك بەڵێن فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، من دوو پرسیار دەکەم، پرسیارێکیان ئاراستەی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە، کاتی خۆی کە لە شەری داعش کە تەواو بوو سەرکەوتنێکی گەورەمان بە دەست هێنا بەخوێن، بەشێکی زۆری ئەو ناوچانەمان گرتەوە کە بەخوێنی پێشمەرگە رزگارکران، قسەی سەرکردایەتی سیاسەتی کورد ئەوکاتیش کە ئەوە بوو ئەو شوێنانەی کە بە خوێن گرتومانە ئەبێ بە خوێن چۆڵی بکەین، بەڵام بە داخەوە ئەوەی کە پرسیارەکەم بەدەقیقی ئەوەیە لە ژێر بەربەنای چ رێکەوتنێکدا ئەو ناوچانەمان چۆڵکرد، هێزەکانی پێشمەرگەمان کشاندەوە، دوای ئەوە هێزەکانی سوپای عیراق ئەو شوێنانەیان داگیرکردەوە هاتەوە ئەو خاکەی ئێمە بەخوێن گرتبومان، مەسەلەی ئەوەی کە کاك شۆرش باسی کرد کە ئێستا ئیتفاقییەك کە خەریکە ئەگاتە نەتیجەیەك لە سەر هەماهەنگی هێزەکانی پێشمەرگەو سوپای عێراق، هەم بۆ هەماهەنگی و هەم بۆ مەسەلەی شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان، من جارێکی تر لەم پەرلەمانە بەڕێزە باسم کرد یەکێك لە هۆکارەکان دیارە من دەزانم هۆکاری سیاسی گەورە

لەپشت ئەو مەسەلەیەوەیە، بەڵام یەکێك لە بیانووەکانی حکومەتی عیراق ناردنی لیستی ناوی هێزەکانی پێشمەرگەیە بۆ عیراق، بۆ ئەوەی کە شایستە داراییەکانیان بۆ خەرج بکرێ، ئەگەر روونکردنەوەیەکمان بداتێ بەڕێزیان لەسەر ئەوە ئایا ئیشکالمان هەیە لەسەر ناردنی ئەو لیستی ناوی هێزەکانی پێشمەرگە یان نا؟ پێم بلێ سەبارەت بە کاك خالید شوانی بەراستی من دەست خۆشی لێ دەکەم زۆر بە تەرکیزەوە دەستی خستە سەر دوو هۆکاری گرنگ کە ئەرکی ئەم پەرلەمانە بەڕێزەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان لایەنە سیاسییەکان ئیجبار بکات، ئەویش نەبوونی هەڵوێستی کورد لەو مەنتیقانە و بێدەنگی لایەنە کوردییەکان لەو مەنتیقانە، بەراستی من هەست بە شەرمەزارییەکی گەورە ئەکەم کە لەم قۆناغەدا لەم داتاو ئامارانە کە ئەم بەڕێزانە خستییانە روو لەو مەنتیقانە، وەزعی گەلەکەی ئێمە ئاوابێ، بەڵام هێزو لایەنە سیاسییەکان ناکۆك بن بێدەنگیان هەڵبژارد بێ یەك هەڵوێست نەبن، یەك گوتار نەبن بۆ رووبەرووبونەوەی دوژمنانی گەلەکەمان، بۆ ئازادکردنی خەڵکەکانی ئەو مەنتیقەیە کە لە دەست ئەو نەهامەتیانەی کە رووبەرووی بۆتەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گولستان خان فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیارێکم هەبوو سەبارەت بەوەی کە هێزە عیراقییەکان کە هاتوونەتە کفری بە پێی چ رێکەوتنێك بووە؟ ئایا وەزارەتی پێشمەرگە ئاگای لە هاتنی ئەوانە هەیە، پرسیاری دووەمیشم سەبارەت بەو دوو بازگەییەی کە لە دۆڵی سماقولی هەیە کە ئەم دووبازگەیە بە بڕوای من.....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ هەڵی ناگری بۆ تەوەری داهاتوو لە باسی کۆرۆنا، بەس با تەرکیز بکەین لەسەر ناوچە دابڕێندراوەکان، سوپاس کاك زیاد فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا ئامادەکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پرۆسەی سەرژمێری گشتی لە عیراق ناوچە دابڕێندراوەکان دەگرێتەوە؟ چ ئامادەکارییەك حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوویەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دکتۆر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان، دەست خۆشی لە راپۆرتە هاوبەشەکە دەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێم دروستر بوو کە راپۆرتەکە بە ناوی لیژنەکان بایە نەك بە ناوی سەرۆکی لیژنەکان، لە کۆی (٢٢) ئەندام تەنانەت (٢) ئەندام بەشداریان کردووە واژوویان کردووە، پێم وایە ئەمە کەموکورتییە، من لەگەڵ ئەوەمە جەختکردنەوە لەسەر

دەستەی ناوچە کوردستانییەکانی هەرێمە و لەرێگای نوێنەرەکانمان دیسان کاراکردنەوەی لێژنەی ماددەی (١٤٠) لە ئەنجومەنی نوێنەران لە عیراق و لە ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق، پێم وایە هەر یەك لە بەڕێزەکان وەزیری ناوخۆو وەزیری پێشمەرگە دەستە کوردستانییەکان و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری وتوویژ لەگەڵ بەغدا پێویستی بە ژوورێکی عەمەلیاتی هاوبەش هەیە، کە لە ژێر سەرپەرشتی سەرۆکایەتی هەرێم یان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دابن، بۆ ئەوەی ئەوان لەگەڵ لایەنی فەرمین ووتووێژکردن لەسەر هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە ناوچە دابراوەکان یاخود ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم هەیە، پێم وایە خاڵێکی تر ئەوەیە کە فشار بخرێتە سەر حکومەتی عیراقی لەرێی باڵێۆزخانە و قونسولخانەکان و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەبەستی ئاسایی کردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانەی سەرەتا و دواتر هەنگاونانی کرداری بەرەو چارەسەرکردن، پێموایە پێویستمان بەهەڵمەتێکی ئیداری سیاسی هەیە بەئاراستەی موخاتەبەکردنی گەلانی عیراق و هێزە سیاسی عیراقییەکان و شەقامی عەرەبی، سەبارەت بە پرسی ئەو ناوچانە خاڵێکی تر، پێم وایە دەبێ حکومەتی هەرێم یاخود شاندی دانوساندنکار لەگەڵ بەغدا، پێم وایە هەڵوەشاندنەوەی بەشێکە لەو بڕیارانەی کە بە ناوی مەجلیسی قیادەی سەورە، یاخود مەرسومەکانی کۆماری کە دەرکراوە کە گۆرانکاری لە هەیکەلیەتی ئیداری و دیموگرافی ئەو ناوچانە کردووە، کە پێم وایە هەڵوەشادنەوەی ئەو بڕیارانەی لە بەشێك لە کێشەکان چارەسەر دەکەن، ئەگەر جاران گلەیی و گازندەمان لە هۆکارە نێودەوڵەتییەکان هەبوو، بۆ ئەوەی کە شۆرشەکانی ئێمەیان و دەسکەوتەکانیان لە ناو بردووە، بە تایبەتی ئەوەی شۆرشی ئەیلول و بە مووئامەرەیەکی نێو دەوڵەتی عیراق و ئێران و جەزائیر و بە پاڵ پشتی ولایەتە یەکگرتوەکان ئەمریکا، بەڵام ئێستا خەریکە خۆمان ئەو قەوارەی خۆمان دەخەینە مەترسییەوە، خەریکە لە ناوی دەبەین، دوو پرسیارم هەیە بەراستی سەبارەت بەیەکەم وێرای دەستخۆشیکردن لە هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگەو هێزەکانی ناوخۆ پۆلیس لە پاراستنی گیانی ماڵی هاووڵاتیان، بەڵام ئەوەی پێش کۆرۆناش کە لە هەندێك بازگە ئەوانەی پەیوەندییان یاخود لە ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، بەراستی مامەڵەیان لەگەڵا هاووڵاتیانی کوردستان بە هەموو نەتەوەکانەوە مامەڵەیەکی پێویستە، پێم وایە دەبێ مامەڵەکەیان دروستر بکرێ و لەو بازگەکان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاتەکەت تەواو بوو، کاك دکتۆر فەرموو، کاك مەم اسکندر.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بناڤێ خودایێ مەزن.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشیك ژ گوتنێت من بەڕێز دکتور محی الدین ئاماژە پێکرد پێك ڤە ئەم ئەندامێت لێژنا ناوچا کوردستانی دەرەوەی هەرێما کوردستانێ دیسا من ڤێت ئەز تەئکیزێ بێخمە سەر جەنابێ سەرۆکێ پەرلەمانی، جەنابێت وەزیرا کو ئەڤروکە هەمی لێرە ت حازر بابەتێ کو ئەم نفیسن بابەتێ کو گرێدایی خاك و نیشتمانێ مەیە پرسەکا گەلەکا گرنگ و هەستیارە ئەڤ ئاریشێت کو ڤێ دەڤەرێ هەیی ئەگەر ئەم دەستی خودابنن بەرێ خوبدەینێ شنهێڤە ئەز باوەرم ئەگەر دوورو

یان نێزیك ئەم نە كومبوونێ لێ وێرێ بینین نە شینوارێن كوموونێ وادە ڤەرات بینین درێژاییی دیروكی كارێن دیموگرافی ل ەێ دەڤەرێ رووی داینە دیروكێ ئاماژە ب وێ چەندێ دەن سەودو فتوحاتێ ایسلامێ عەرب كرن بە سێ ئەنجامێ تەعریبێ مەسەلەكا زورا دیرو درێژە كو هەتانوكە مخابن ئەڤێت ژدیرڤە وان ریدانا بیننندەسێت مە داهێلاینەئەوێت كول دەڤەرا ڤە قە تیایی كوردستانێ د خازین یەك رێز و تەبایا مەیە مە سەر دێرا هەی تاریخێ داكو گەلی|ێ كورد یەك رێزو تەبابین كو جانترەو بهێزترە دەسكەفت پترن مخابن شەرێ داعش كو شەرێكی نە خاستی بوو شەرێكی سەپاندی بوو گەل درندەترین رێكخراوا تیرورستی......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

كاك مەم ئەگەر پرسیارت هەیە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان تەنها پرسیار بكەن، یەعنی روونكردنەوەو تەعقیب بڕوا ناكەم ئەمە شوێنی ئەم روونكردنەوەو تەعقیبانە بێت، پرسیارت هەیە پرسیار بكە لەو بەڕێزانە كە هاتوون تەواو ...

**بەڕێز مەم اسكندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەكا من وەختێ كورد سەرپێچەكیا گەلەكا بچوكا لسەر ئیقلیمێ گەلەك گەورە، مە شەری داعشێ گوندێ، دێ گوندەكی دوو سێ خانی خەراب بوون گەلەك هەلا و قیامەتا لسەر سەری پێشمەرگەی، ئەڤرۆكا گوندەكی مە چۆڵ كرینە، خەلكی تێدا دەربەدەر كرن، عەردێت كوردا دێتە وەرگرتن، ڤان هەڵوێستا نابینین بەراستی، حكومەتا مە چ پلان هەیە كو ڤۆناغێ داهاتوودا تەعامولێ لڤێ كریا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، خاتوو هدیە فەرموو.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشێ بەخێرهاتنەكی گەرمی وەزیرێ بەڕێز دكەم، هەرچەندە ژ لای راپۆرتا هاوبەش و ژ لای جەنابێ وەزیرا بەحسی شنگالێ هاتە كردن ئەز پتر بەحس لێ بكەم بە تایبەت و چەند رۆژەك ماینە سالبە گەرا شەشێ دەرباز بووە لەسەر جینۆسایدێ یەزیدیان، ئەواش لای رێكخراوە تیرۆرستی داعش كو دەر ئەنجامێ كوشتن و رفاندنا كچ و زارۆكا ئاوارە بوون و دەر بەدەری كۆچكردنا دەرەوەی وڵاتی هە رفاندنا پتر هەشتی كۆرین، تا نووكە ژی چارەنووسا نزیكی سێ هەزار كچ و ژن دیار نینە، سەرەرای ئەم دەر ئەنجامە شەنگال بووە جێی لێدانە ململانێی سیاسی و لەشكری و ئەجندای نێو دەوڵەتی دۆسێی ئەمنی گەلەك ئالۆزە بە هەبوونا چەندین هێزێ لەشكری نەشەرعی كو دەفەر كۆنترۆڵ كردیا ژ گەلێك لایەنی جودا، هەر یەكێكیشمان لایەنێكی ئەجندای جیاواز هەینە، نەبوونی ئیدارەی شەنگالێ ئاستەم بەرامبەر سەقامگیری زفراندنا ئاوارەیان جێبەجێكردن و ئاڤاكردنا پرۆژە دامەزراوەی حكومی كردیا، نەبوونا دادپەروەری دەستە سەركردتنا تۆمەتبارا كو گەلێك ژووان خەلكێ گوندێ دەوروبەری شەنگالێنە و هیچ هاریكاری پشتیڤانی لای وان نینە، بە پێچەوانەوە ئەوان ئەو تاوانبارە لە ناوخۆدا پاراستینا پتر هاریكاری ئەوان بكەن، بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی مەترسییەكە مەزن لە

دیراسەتکردنی لە دیموگرافیا شەنگالێ هەیە و هەتا هەنووکە ئەو عەردێ ئیزدی شەنگالێ رۆژی ٥/٨ نە تۆمارکردینا سەر ناوێ وان دائری تاپۆ و چەندین هەوڵ لەو ماوەی پێش هەندەك ژ هەندەك لایەك و ناوی خۆ تۆمار بکەن......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز هەدیە خان پرسیارەکە بکە.

**بەڕێز هدیە مراد حیدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانێ هەندێ کاتم دەیە. بابەتی شەنگالێ جیاوازە ئەو تاپۆیە تایبەت سەنتەری قەزای شەنگالێ، بەڕێزان پشتی ئاوارەی ژیانێکا سەخت و دژوار دەربازکری ماوەی شەش ساڵە ئەوە ماوەیەکی نزیکە نزیکی (٢٠٠٠) خێزان ژ ناجاری زبرینە شەنگالێ. نینە هیچ خزمەتگوزارییەك وهەبونا تەقەمەنیا عەردێت وان رۆژانە نزیکی (١٠) خێزان وێران کردییە، چۆن ئەرێ ئەڤ ئێش و ئازارێ خەلکێ شەنگالێ دەرباز کات هەر وا بەردەوام بن یان چ چارەسەری هەیە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس وەختت تەواو بوو ئەتوانی بیرۆکە حازر بکەی، هەدیە خان دەتوانی بیرۆکە لەسەر دۆخی شەنگال حازر بکەی، دە دەقەت دەدەینێ بۆ ئەوەی بە دڵی خۆت قسە بکەی لەم کۆبوونەوەیە دەبێ حسابی وەخت بکەین، فەرموون سوسن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەوەی کە ئێمە لە ناوچەیەکی ئاڵۆز دەژین لە عیراق و بەتایبەت لە هەرێم و کوردستانیش کە لە هەموو لایەکرا، یەعنی بەراستی غەدرو زوڵم لە خەڵکی کوردستان دەکرێت، من ئەو پرسیارەم ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە تا ئێستا بۆ قەرەبوو کردنەوەی هاوولاتییانی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەر لە کوشتن وتەعریب و برین و تیرۆر و ئەوانە چی کراوە؟ و لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گەیشتونەتە چی تا ئێستا؟ سەبارەت بە بۆردوومانەکانی تورکیاو ئێرانیش کە تا ئێستا تەنیا یەك شتی ترم ماوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من لەراستیدا ئەو پرسیارە ئاراستەی وەفدی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە سەردانی بەغدا دەکەن بۆ دانوستان لەسەر کێشەو گرفتەکانی خەڵکی کوردستانی ئەو ماف و شایستەکان، بەراستی داوا دەکەم کە ئەو کاتەی دەچن بۆ دانوستان خەڵکی پسپۆرو یاسایی ببەن لەگەڵ خۆیاندا، چونکە ئەو چەندین جارە سەردانی حکومەتی عراق دەکەن، بەڵام نەگەیشتونەتە هیچ ئەنجامێك، لەبەر ئەوە با کەسانی پسپۆرو یاسایی ببەن لەگەڵ خۆیان، بۆ ئەوەی چیتر حکومەتی عیراق بەراستی پێشێلی مافەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان نەکات و بتوانین دەستکەوتەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی ماددەکانی دەستور کە پێشێڵ کراوە بە دەست بێنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڵام ئێمە شایەتییەك بۆ وەفدی دانوستکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەدەین کە خەڵکی قانوونی زۆر موتەمەکنی تێدایە و خەڵکانێکی تێدایە، دەتوانین بڵێین بەشێکی زۆر لە ئیعتیمادی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر توانا قانوونییەکانی ئەوانە کاك حاجی سەفین فەرموون.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، دەربارەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، بەخۆمان دەزانین ئەو جوتیارانەی ئەو ناوچانە پاش ماندووبوون و ڕەنجێکی زۆر تا دەگاتە بەرهەم هێنان دەغڵ و دانیان دەسوتێنرێت بە دەستی ئەنقەست، ئایا حکومەتی هەرێم هیچ هەوڵێکی داوە بۆ قەرەبووکردنەوەی جوتیارانی زیان لێکەوتوو لەلایەن حکومەتی بەغداوە، خاڵی دووەم هەروەك ئاگادارین خەڵکی ئەو ناوچانە بێ ئومێد بوونە ناچارن زەوییەکانیان دەفرۆشنە عەرەبەکان، ئەمەش بۆ ئایندە کاریگەرییەکی سلبی دەبێ، هیچ جووتیارێکی کورد خاوەنی زەوی کشتوکاڵی نامێنێ لەو ناوچانە، بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێم بە زووترین کات ڕێگا چارەیەك لەگەڵ بەغدا بدۆزێتەوە، چارەسەری ئەم وەزعەی ناوچە کوردستانییەکان بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شەمۆل فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆیە، سەبارەت بە بڕیاری کە بەڕێز پارێزگای هەولێر دای لەسەر ئەوەی کە هەرکەسێك داخیلی پارێزگای هەولێر بێ، ئەو پارێزگایانەی کە جگە لە سلێمانی و هەڵەبجەو دهۆك دەبێ بڕی (٥٠) هەزار دینار بدەن، بۆیە خۆزگە ئەو بڕیارە نەدرابایە، کە ئەو بڕیارەش دراوە حەق وایە کەرکووك و ئەو ناوچانەی کە لەدەرەوەی ئیدارەی هەرێمن ئەو بڕە پارەیان لێ وەرنەگیرێ، سەبارەت بە کاك خالید شوانی دەست خۆشی لێ دەکەم راپۆرتێکی زۆر ووردو درشتی پێشکەشکرد، پرسیارەکەشم ئاراستەی بەڕێزیانە بۆچی لایەنە کوردییەکان ڕێك ناکەون لەسەر دانانی بەرنامەیەك، بۆ ئەوەی پارێزگاییەکی کورد بۆ کەرکووك دابنێین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك سەرکۆ وا دیارە لێرە نییە، فەرموو شیرن خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامی لیژنەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە داخەوە زیاتر ئاڵۆزبوونی دۆخی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەتوانین بڵێین درێژکراوەی (١٦)ی ئۆکتۆبەرە، من وەکو ئەندامێکی ئەو لیژنەیە چەند خاڵێك دەخەمەڕوو ئەگەر دەرفەت هەبێ، بەهۆی ئەو بۆشاییە

ئەمنییەی لەو سنوورانەی دروست بووە، بە تایبەت گوندەکانی سنووری داقوق و خانەقین کە چۆڵ دەبن بەپێی زانیارییەکانی من گوندەکانی کاکەی نیشینەکانی بەتایبەت ئەو سنوورانە (١٥) گوندن، بەڵام بەهۆی ئەو هێرشی گرووپە چەکدارییەکانەوە، ئێستا سێ گوند بە ئاوەدانی ماوەتەوە، پێنج سەد خێزانی کورد گوندەکانیان لەو سنوورانە بەجێ هێشتووە، زۆربەی ئەو ناوچانەی لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە هێرش دەکرێتە سەریان، لە سنووری خانەقین و گوندەکانی دەورووبەری لە نزیك جادەن و پاراستنی ئەو ناوچانەی بە دیاری کراوی لە ئەستۆی حەشدی شەعبی، پرسیارەکە ئەمەیە کاتێك گرووپە چەکدارەکان لە شەواندا هێرش دەکەن، بۆچی حەشدی شەعبی نایانپارێزێت، سەرباری ئەوەی ئەو گرووپە چەکدارانەی کە چالاکی ئەنجام دەدەن، چەندین لادێی عەرەبنشینی زۆر هێز تێدەپەڕێنن، بۆ ئەوەی چالاکییەك لە دەرکردنیشینەکان بکەن، پرسیارێکم بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ژمارەی هێزەکانی پێشمەرگە لەو سنوورانە بەتایبەت گوڵەجۆ، قەرەتەپە زۆر کەمە و بە داخەوە، زۆرجار هەبووە لێکۆڵینەوە لە بەرانبەر پێشمەرگە کراوە لەسەر ئەوەی کە فیشەکیان زۆر تەقاندوە، بەڵام کاتێك بەرپرسی میحوەرێك سەردانی ئەو ناوچانە دەکات، تەنها بۆ لێدوانێکی رۆژنامەوانی کە چی بەهێزێکی زۆرەوە سەدان پێشمەرکە تەنها ئەتوانین بڵێین پاسەوانی ئەمنی هێزی پڕ چەکی تایبەتی بۆ دابین کراوە، بۆچی نەتوانراوە ئەو هێزانەی کە لەو سنوورانەی پڕ چەك بکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە شایان فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، بە خێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەم، دوو پرسیارم هەیە بۆ بەڕێز خالید شوانی ئایا لە کاتی دانووستانەکان کەڵك لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە وەردەگرن، بە تایبەتی ماددەی (٥٨) و، پرسیارێکی دیکە ئایا ئاگاداری ئەوەن لە مەخموریش هەوڵێك هەیە بۆ تەعریب کردن بە تایبەتی ئەوانەی کە دەڵێن ئێمە بە رەچەڵەك عەرەبین، بەڵام هەر لە زوویـیەکەوە لەوێن لە گوندەکانی ئەو دەوروبەرە تێیدا نیشتەجێ بووینە بەبیانوی ئەوەی کە پێشتر فەرمانبەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بووینە، ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان فەسلی کردوونە دەیانەوێت بگەرێنەوە، بەو بیانووە ئەمەش جۆرێك لە تەعریب کردن بووە، ئەو ناوچەیە نازانم بەڕێزتان ئاگادارن یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیارێك زۆر بە کورتی، کێشەی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ناوەند لەسەر پرسی پێشمەرگە، بۆچی نەگەیشتۆتە ئەنجام؟ هۆکارەکانی چییە؟ ئایا لەم نزیکانە ئەو بابەتانە دەگاتە چارەسەر؟ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەمەوێت بپرسم وەزارەتی پێشمەرگە میلاکاتی چەندە، یەعنی چەند میلاك لەسەر وەزارەتی پێشمەرگە هەیە بە ژمارە؟ ئایا وەزیری پێشمەرگە کێشەکە

چییە لەگەڵ بەغدا رێک ناکەون؟ بۆ نمونە لە (٢٠١٣) و دەیانگوت (٨٠) هەزار، دوایی کردیانە دووسەد هەزار، دەڵێن دووسەدوپەنجا هەزارو ئێستاش پێم وابێ ........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە پەیوەندی بەوەوە هەیە؟

**بەڕێز دیاری انور حمه رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاهی وەزیری پێشمەرگە لێرەیە، بەڵێ پەیوەندی بە ناوچە سنووریەکانی کوردستانییەکان و، بێگومان بابەتێکی دیکە دەمەوێت بپرسم وەزیری پێشمەرگە هێزی پێشمەرگە بەدیاری کراوی کەی دەگەڕێتەوە؟ کەی دەگەڕێتەوە ناوچە کێشە لەسەرەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، رۆبینە خان فەرموو.

**بەڕێز رۆبینه اویملك عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحسێ وێکە دەشتا نەینەوا، هەرچەندە جەنابێ تە مەجالێ زۆر نەداتە مە هەر وەکو بەڕێزتان ئاگادارن دوای پرۆسەیەکی جینۆسایدی کۆمەڵکوژی، پێکهاتەکانی لەلایەن چەکدارانی داعش ساڵی (٢٠١٤) ئەنجام داوە، بە داخەوە لە ئێستا پرۆسەی جینۆسایدی پێکهاتەکانی وەکو کلدان وئاشورو سریان وئەرمەن کرستیانەکان، یەزیدی و کاکەیی و لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم وەکو ناوچەی حەمدانیە و قەرە قۆش و بەرتلەو تلکێف و بەتنایەو بەعشیق و قەرەقۆش و قەرەمش، لەبەر بوونی نیشانی چەکدارانی بەردەوامی هەیە، کە بوویتە ئەستەنگێك بەرامبەر گەڕانەوەی خەڵکی ئەم دەفەرە بۆ گوندەکان، دێمە سەر خالێ یەکەم بۆیە پێویستە هەمووومان کار لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین، هەوڵدان بۆ چارەسەر کردنی کێشەی ئەم دەڤەرە بەپێی ماددەی (١٤٠)ی دەستووری عیراق، داواکردنی کوشار دروستکردنی لەسەر حکومەتی فیدراڵ لە بەغدا لە پێناوی دیلکردنی میلیشیا چەکدار، پاراستنی ئەم دەڤەرە بە هەماهەنگی باش لەنێوان هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەلایەك، هێزەکانی سوپای فەرمی و ئەمنی عیراق لە لایەکی دیکەوە، ئاگادارکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی رێکخراوەکانی جیهان نەتەوەیەکگرتووەکان بارودۆخی نالەبار کە لەئێستادا لە خەڵکی دەشتی نەینەوا دەنالێنن هەوڵدان بۆ جینۆسایدی ناساندنی کۆمەڵکوژی کرستییانەکان و کلدان و ئاشور، سریان، ئەرمەن و کاکەیی هاوشێوەی کوردەکانی ئێزیدی کوردستان و ئێراق و جیهان، دروستکردنی گوشاری نێو دەوڵەتی لەسەر حکومەتی ئێستاو عیراق لەپێناوی سەر لەنوێ پەرەپێدانی دەڤەری دەشتی نەینەوا پێکهاتەکانی، پێکهێنانی لیژنەیەکی هەماهەنگی لەپەرلەمانی حکومەت لەنوێنەرانی حکومەت، بۆ سەردانی ئەم دەڤەرە ئامادەکردنی راپۆرتەکی تێرو تەسەل، لە بارەی ئەم بابەتە و هەر سێ سەرۆکایەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئازاد فەرموو.

**بەڕێز ازاد اكرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانی ئێمە بۆ ئەوەیە هەرێمی کوردستان جوانتر بکەین و سیاسەتی هەرێمی کوردستان جوانتر بکەین، ماددەی (١٤٠) کە باس دەکرێ دەپرسم بۆچی تورکمانەکان هەست ناکا ماددەی (١٤٠) ئی ویشە تەنها وا هەست پێ دەکەن ماددەی (١٤٠) ئایا ئیجرائەتەکان غەڵەت کرایە، تێگەیشتنەکە غەڵەتکرایەو لۆیە تورکمان هەست پێ دەکەن، ماددەی (١٤٠) ئی ویش، سەیتەرە کە دێینە سەر مەوزوعی سەیتەرە جوان خان گۆتی کوردێك نەفرەت لە کوردایەتی خۆی دەکات، دەزانن تورکمانەکان نەفرەت لە ئێمە دەکەن، دەرێن ئەنگۆ چ نوێنەرەکی تورکمانن، دەبڕۆن پێیان بڵێن با هەرێمی کوردستان ئەوە وەزعی سەیتەرەکان بەو شێوەیەیە، تەعریب کە باسی تەعریب دەکرێ لەتوابێ بەس دەبتە کورد تەعریبەکە، لۆوا باس ناکرێ تورکمانەکان زیاتر زەرەر دەکەن کە دەڵێین ئتیفاق ناکرێ، با کورد لە خۆی پرسییە کە ئیتیفاق ناکرێ، ئایا ئەو سیاسەتەی پێش (٢٠١٧) لەگەڵ تورکمانەکان کرا سیاسەتەکی تەواو بوو؟ ئایا سیاسەتەکی تازە هەیە ئێستا بکرێ لەگەڵ تورکمانەکان، بەلایەنی کەم بڵێن تورکمانەکان بڵێن ئەو سیاسەتە گۆڕایە، بۆیە ئەوجە ئەو پرسیارانە دەکەین، ئەمە لەبەر ئەوەی دەکەین کە لە سیاسەتی هەرێم دادەنرێت، تورکمانیش بەشداری ئەو سیاسەتە بکات، زەرووریەتی تورکمان لەگەڵ تورکمان تەعامول بکرێ، چونکە ئەگەر بە زەینەتی تورکمان لەگەڵ تورکمان تەعامول نەکرێ، بە زەینەتی کورد لەگەڵ تورکمان تەعامول بکرێ، ناگەینە شتەك، بۆیە ئەمەش بەشداری پێبکەن لەو مەوزوعانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر ڕێبوار فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بابەتی قسەکردن لەسەر ناوچەکانی، یا دۆخی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، بابەتێکە فەوقل عادەی گرنگەو بابەتێکە لە چەند ڕوویەکەوە دەتوانین باسی بایەخەکەی بکەین، تەنها لەسەر ئەوەش دەتوانین چەند پرسیار ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان بکەین، ئەگەر لە بارەی ئیش و ناسی ئەو بارەوە قسە بکەین ناوچەگەری تەعریب کردن بۆتەوە مەترسیەکی زۆر زۆر گرنگە، هەروەها لەرووی دیموگرافیاوە ئەو عەرەبانەی هاوردە دەکرێن، هەروەها لە رووی جموجۆڵی داعش و، هەروەها بابەتی رەهەندی ئەمنییە، یان لەسەر ئەوە هەندێك پرسیار ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، یەکەم پرسیاری من ئەوەیە ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئایا بە میکانیزمی سیاسی یا بەمیکانیزمی دەستووری چارەسەری ئەو بابەتە بکات، بایەخی ماددەی (١٤٠) ئێستا لە چ قۆناغێك دایە، پرسیارێکی تریشم ئەوەیە ئایا کە قسە لەسەر شەنگال دەکەین و بەتایبەتی ئەو پرسیارە ئاراستەی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەین، ئایا لە گفتوگۆکانی لەگەڵ حەشدی شەعبی خۆتان دەزانن لە شەنگال ئەوەندە هێزی چەکدار هەیە وەکو حەشدی شەعبی، وەکو پەکەکە ئایا وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ ئەو هێزانە

قسەی کردووە، بۆ ئەوەی کە بتوانین ئەولەوی دروست بکەن، ئۆقرەی دروست بکەن، خەلکی کە ئاوارە بووە لە شەنگال بگەڕێتەوە؟ پرسیارێکی تریش دیسان بۆ وەزیری پێشمەرگە، ئایا هاتنی هێزی سوپای عیراق بۆ کفری لەسەر چ بنەمایەکە و رەد فعلی وەزارەتی پێشمەرگە چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رزگار فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین، ئەو مەعلوماتانەی کە بەڕێزان بەئێمەیان داوە، ئەمن وا تێگەیشتوومە کە رێککەوتن لەگەڵ عیراق محاڵە، عیراق ماددەی (١٤٠) جێبەجێ ناکاتن و ئێمەش نابێ چاوەڕێی ئەوان بین، نیەتیشیان ئەوە نییە، پرسیاری من ئەوەیە ئێمە تا چ رادەیەك توانیمانە پرسی ماددەی (١٤٠) بکەینە پرسەکی نێودەوڵەتی و لە رێگای یوئێنەوە ئەو پرسە بخەینە بەر باس و گفتوگۆ و، لە رێگای یوئێنەوە دەوڵەتەکانی هاوپەیمانان زەختەك لەسەر هێزەکانی عیراق بکەین، بۆ ئەوەی ماددەی (١٤٠) جێبەجێ بکرێت کورد لەم کێشە رزگارمان بێت، ئێمە چاوەڕێی حکومەتی عیراق ببین دەبێ زۆر بە راشکاوانە بڵێین کە ئەمە جێبەجێ ناکرێت و جێبەجێ نابیت، پرسیارەکی ترم لە وەزارەتی پێشمەرگە هەیە ئێمە وەکی هاوپەیمان بەشەکین لە تێکشکاندنی داعش، بۆچی هاوپەیمانەکان لەو غەدرەی ئێستا لە کورد دەکرێتن بێدەنگە و لەسەر کورد بە جواب نایەت؟ پرسیارەکیشم لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ هەیە تەبعەن داعش ئێستا تەنها مەترسی لە ناوچە دابراوەکان نییە، مەترسیەکی هەرە جدی بۆ خودی هەرێمی کوردستانیشە، پرسیارم ئەوەیە ئێستا داعش تا چەند چالاکە؟ و کوردستان ئایا لە مەترسییەکی جدی دایە لە ئێستادا یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك لقمان فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، من پرسیارێکم هەیە پرسی ناوچە جێ ناکۆکەکان، یاخود ئەو ناوچانەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان یەکێکە لە پرسە گرنگ و چارەنووسسازەکان، کە ساڵەهای ساڵە کورد لە پێناوی خەبات دەکاو قوربانی زۆری لە پێناو داوە لە چوارچێوەی پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی نوێ لە رێکەوتنی سیاسی پێکهێنانی حکومەت یەکێك لە پرسەکان پرسی هەنگاو نان بەرەو ئاسایی کردنەوەو چارەسەرکردنی ناوچە جێناکۆکەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، پرسیارێکم بۆ بەڕێز کاك خالید شوانی و بەڕێز وەزیری ناوخۆش، ئایا چ هەنگاوێك نراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی یەك ساڵی کارکردنی دا بۆ ئاسایی کردنەوەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ ئەندامانی لیژنە بۆ ئامادەكردنی ئەم راپۆرتە، من پێم وایە دووبارە ئەم بڕگەی ئەم دانیشتنەی پەرلەمان نائاسایە و دواتر ئێمە رێوشوێنی یاسایی خۆمان دەگرینەبەر، لەو بوارەیەوە دەمەوێت خاڵی پەیڕەوییەك وەربگرم لەسەر هەمان بابەت، كە بەشێك لە پەرلەمانتارە بەڕێزەكان داوای ئەوە دەكەن كە پرسیار ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەكان بكەن، لە راستیدا بە گوێرەی ماددەی (٦٦)لە بڕگەی (٤)م ناتوانین پرسیار ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەكان بكەین، چونكە ئەوە بابەتی گفتووگۆكردنە بابەتی پرساندن نییە، ماددەی (٦٩)ی پەیڕەو نییە، بۆیە هیوادارم ئەم هەڵە پەیڕەوییە دووبارە راست بكرێتەوە، یەكێك لە خاڵە گرنگەكانی ئەم دانیشتنە بە ئەهەمیەتی تەواوی ناوچە كوردستانییەكانی كە ناونراون ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستان، یاخود ناوچە كێشە لەسەرەكان، كەركووكی قودسی كوردستانە كە هەمیشە كێشە لەسەر بووە كە حكومەتی هەرێمی كوردستان نەك هەر ئێستا، بەڵكو لە پێشتریش باجی زۆری لە پێناو كەركووك داوە كە شایەنییەتی كە خەڵكی كەركووك و ناوچەكانی تری هەرێمی كوردستان كە لە دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی كوردستانن خاوەنی گرنگ و بایەخی یەكجار زۆرن، پرسە گرنگەكە لە ئێستادا پرسی پارێزگاری كەركووكە كە یەكێك بوو لە خاڵەكانی پێكهێنانی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە دانانی پارێزگارێكی كورد بوو لە كەركووك كە تا ئێستاش ئەم پرسە یەكلا نەكراوەتەوە، من بە لامەوە پرسیارە، بەلامەوە جێگەی مشتومڕە، بۆیە كە تا ئێستا بۆچی پارێزگاری كەركووك یەكلا نەكراوەتەوەو، چونكە سەركردایەتی كورد هەمیشە بە هەندی وەرگرتووە و یەكێك لە قسە گرنگەكانی جەنابی سەرۆك مام جەلال دەخەمەوە بیری هەمووتان كە دەفەرمووێت كلیلی چارەسەری كێشەكان كەركووكەو هەر كەركووك دەبێت و فەقەت كەركووكیش بووە، بۆیە داواكارم كە بتوانین وەڵامێك وەربگرین و كێشەی كەركووك و كێشەی پارێزگارێكی كورد لە كەركووك چی بەسەر هاتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، دانیشتنەكەمان نایاسایی نییە، دانیشتنێكی یاسایی تەواو دروستە، دواتریش دەرفەت دەدەمە سەرۆكی لیژنەی ناوچە كوردستانییەكان و لەگەڵ سەرۆكی لیژنەی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی پێمان بڵێن مەسەلەی ئەو واژوویانە چۆن بووە، دەرفەتیان دەدەینێ و لە دانیشتنێكیش بۆ خستنەروی بابەتێك بێ بۆ گفتوگۆ، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەتوانن پرسیار بكەن، پرساندن پرۆسەیەكی جیاوازە پێویستی بە ژمارەیەكی دیاری كراو لە ئەندامانی پەرلەمانە، ئەبێ واژوو بكەن، ئەبێ بابەتەكە دیاری بكەن، پرساندن پرۆسەیەكی ئیستوجواب پرسێكی تەواو جیاوازە، لە پرۆسەیەكی گفتووگۆكردن ئەوە بە ئاوهاهەنكی لە نێوان حكومەت و پەرلەمانی كوردستان ئێمە دەتوانین لەگەڵ وەزیرەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان هەركات پێویست بوو جەنابیان بێنە پەرلەمانی كوردستان، بەڕێزییشتان دەتوانن پرسیاریان لێ

بکەن، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان سەبارەت بەو واژوویانە لە ماوەی یەك دەقەدا دواتر دەرفەت دەدەین بە ئەندامانی تری بەڕێزی پەرلەمان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

روونکردنەوەیەك لە بارەی ئەو واژوویانەی هەردوو لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان، راپۆرتی خۆی ئامادەکرد بە نیسابی قانوونی ئەندامانی و لیژنەی پێشمەرگەش بە هەمان شێوە، دوای ئەوە، ئەوە دەلیلی گرووپی هەیە نامەم بۆ گرووپی ناوچە کوردستانییەکان ناردووە، د.محی الدین تۆش یەکێکی لە ئەندامی ئەو لیژنەیە ناکرێ گلەیی بکەی کە من نووسیومە بەیانی کۆبوونەوەمان دەبێ لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە، ئەوانەی لێرەن با ئامادەبن و لەبەر بوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا و رێکارە تەندروستییەکان نەمان ویستوە زۆر قەڵەباڵغ بێت، بەڵام رێگریشمان نەکردووە لەوەی کە کێ بەشدار دەبێ و کێ بەشدار نابێ، دوو ئەندام لە لیژنەی ئێمە یا سێ ئەندام بەشدار بووە، ئەوانی تر یەك کەس بە وشەیەکیش وەڵامی نەداوەتەوە لەگەڵ لیژنەی پێشمەرگە ئێمەیان مخەوەل کردووە، تەنها راپۆرتەکەمان لێك داوە هیچی تری ئیزافە نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، زۆر بەداخەوە کە ئێستا گفتوگۆ لەسەر دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان دەکەین، هەواڵی کۆچی دایکە عایشەمان پێ گەیشت، کە دایکی سێ شەهیدی قارەمانی پێشمەرگە بوو، دایکە عایشە نموونەی باڵای خۆراگری گیان فیدای ژنی کوردو قارەمانییەتی میللەتەکەمانە، بەناوی پەرلەمانی کوردستان وە پرسەو سەرەخۆشی زۆری خۆمان ئاراستەی کەسوکاری دایکە عایشەو تەواوی خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان دەکەین، گیانی ئەو دایکە قارەمانەو رەمزی خۆراگرییە، هەمیشە شاد بێ، کاك جلال محمد فەرموون، لێرە نییە کاك گۆران فەرموون.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان سەرەتا بە خێرهاتنی سەرجەم وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم بۆ ئامادەبوونیان، هەروەکو هەموو لایەکمان دەزانین کێشەو گیروگرفتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هەموومان لە نزیکا ئاگادارین بە چ قۆناغێکدا تێ دەپەڕێ و هەروەها جەنابی وەزیر کاك خالید شوانی بەڕێزیش لە ووردو درشتی کێشەکان ئاگادارەو ئیمڕۆ خستییەڕوو، هەر بۆیە ئێمەش ئەوە دەزانین کە چواردەورمان لە دوژمن دەوردراوەو ئەزانین کە وڵاتانی دراوسێمان هەمووی چاویان پێمان هەڵ نایات، دوژمنی ئێمەن، من ئەو پرسیارەی لێ دەکەم لە کاك خالید شوانی بەڕێز تاکەی ئێمە بیر لەوە نەکەینەوە کە یەك و یەکگرتووبین و یەکتر قەبوڵ بکەین و لایەنە سیاسیەکان کۆببنەوە، بە شێوەیەك کە ئەوانە نەتوانن بەو شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵ دا بکەن، دوو ئەو لیژنەی کە لە بەغدا کاتی خۆی لەسەردەمی هادی عامریدا کارا بووە بۆ ماددەی (١٤٠)، ماوەیەکە ئەو لیژنەیە پەکخراوە، داوای لێ دەکەم کەی لە بەرنامەیدایە ئەو لیژنەیە کارا بکەنەوە لە بەغدا بۆ ماددەی (١٤٠) و لە کاتی دانوستانەکان بۆ

پرسی بودجەو مووچە پرسی ماددەی (١٤٠) بخرێتە بەر باس و گفتوگۆکانی وەفدی دانوستاندن کار و، هەروەها پێویستە نوێنەرانی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق جەخت بکەنەوە لە جێبەجێکردنی دەستورو دەقە یاساییەکانی لە بەغدا و، پێشنیارێکیشم هەیە بۆ کاك خالید شوانی هەر لە ماددەی (٦٧) کە تایبەتە بە ئەرکەکانی سەرۆك کۆمار، بەڕێز سەرۆك کۆمار کار بۆ پابەندبوون بە دەستوور دەکات بە تایبەت کە سەرۆك کۆمار کوردە، بۆیە داوا دەکەم ڕۆڵی گرنگی هەبێت لە ئاگادارکردنەوەو سەرنج ڕاکێشانی حکومەتی عێراقی لەسەر ئەو پێشێڵ کاریانەو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان و کاك کاوە سڕەیانە، هیچ کامێکیان لێرە نین، کاك مەم فەرمووو، ئەها لێرەی ببورە، فەرمووو یەکێکتان فەرموون، کاك مەم فەرمووو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوە خاڵێکی پەیڕەوی پاڵپشت بە ماددەی (٥٥) برگەی دوو تەنیا وشەیەك بەڕێز سەرۆکی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان بۆ پەرلەمانتاری بەکار هێنا، نەفەر ئەو نەفەرانە ئامادە بوون مەبەستی لابەرن خراپە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ لا دەبرێت لە پرۆتۆکۆڵ، بەلێ تەواو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتە پێش ئەندامانی بەڕێز ئەو دوو لیژنەیە کە ئەو ڕاپۆرتەیان ئامادەکردووە، ئایا ئەم ڕاپۆرتە ئەکرێ بە یاداشتی پەرلەمان ئەکرێ بە ڕاسپاردەی پەرلەمان، ئەگەر دەکرێت بۆ ئەوەی زیاتر لەسەر ئەم ناوەڕۆکە قسە بکەین، چونکە بۆ نموونە ئەو دە خاڵەی لە ناو داخوازیا پێشکەش کراوە، سێیانیان داخوازی نییە ئەگەر دەکرێت، بۆ ئەوەی سەر لەبەری لیژنەیەکی سێ کەس، پێنج کەسیی ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پێیان باش بێت دایبڕێژینەوە بیکەین بە یاداشتێك، هەندێك ئیزافات بکەین دواتر پەرلەمان بە نووسراوێکی فەرمی ئاراستەی یا پەرلەمانی عیراق، یا لایەنی پەیوەندیداری بکەن، ئەگەر دەکرێت بۆ ئەوەی قسەیەك لەسەر ئەوە بکەین ئەوە نوقتەیەکی وازحە، چونکە خاڵەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم چوارەم کە داخوازین کە ئەوە هیچ داخوازی نین تا دوای، سەرەڕای دەست خۆشی لەماندوبوونیان ماددەی خاڵی هەشتەمی نۆیەمی ناو ئەوەی کە پێشنیازیان کردووە دووبارەیە، یان من دوو خاڵ ئیزافە دەکەم بۆ ناو ڕاپۆرتەکەی جەنابیان ئەوەی کە کردوویانە مەسەلەیەك هەیە، یەعنی لە دوای (١٦)ی ئۆکتۆبەر ئەم وەزعە بەسەر کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکاندا هات، یەکێك لە داخوازییەکان ئەوەیە دۆخی نا ئاسایی ناوچە کوردستانییەکان بگەڕێتەوە بۆ پێش شانزەی ئۆکتۆبەر و، هەروەها داخوازییە ئەگەر پەرلەمانی عیراق بێ یان هەر لایەنێکی تر یان حکومەتی عیراقی بێ، یان هەر شوێنێکی تر کە بێ پەرلەمان بە باشی دەزانێت مەسەلەی پێشێڵ کردنی ماددەی (١٤٠)ی دەستوری عیراقی ئەو نەگبەتی و نەهامەتییەی کە لە ناوچە کوردستانییەکانی

ڕۆحی ئەو مەسەلەیە چارەسەرکردنییەتی ماددەی (١٤٠)ە کە لە (٢٠٠٧)وە دەرچووە، دەبوو دە ساڵ زیاتر لەمەوبەر ئەم یاسایە، ئەو ماددەی دەستوورییە جێبە جێکرابایە، بەڵام حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق پێشێڵیان کردووە، ئەمە نوقتەیەکە کە پێم وایە لە ناو ڕاسپاردەکە پێویستە تەئکیدی لێ بکرێتەوە، دەربارەی دوو ڕوونکردنەوە دەکەم لە بەڕێزان، دوو ڕوونکردنەوە بە کورتی لە بەڕێزان وەزیری کاروباری پێشمەرگە و وەزیری هەرێم بۆ ناوچە کوردستانییەکان، یان بەغداد، کاك خالید شوانی بە نسبەت ڕوونکردنەوەکانی من ئەوەیە بەپرسیار تەرحی دەکەم بە داوای لێبوردنەوە، ئایا ئەو قەناعەتە لای حکومەتی عیراقی یا لەلای ئیداری کەرکووك دروست بووە کە پێشمەرگە بگەڕێتەوە ناوچەکان کە لە پێش (١٦)ی ئۆکتۆبەر لەوێ بوون، ئەو قەناعەتە دروست بووە بە پێی مشاوەرە و ڕۆڵی هاوپەیمانەکان لەم بارەیەوە چۆنە و چی لە ئارادایە؟ حەز دەکەین پێویست دەکات بیزانین، پرسیارێکی ترم ئەوەیە بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە مەسەلەی هێزەکانی (٧٠و٨٠) ئێستا من ڕەبتی دەکەمەوە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، مەسەلەی هێزەکانی (٧٠و٨٠) من تێکەڵی دەکەمەوە بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، یەکێك بە داخەوە ئەگەر ناوی بنێین پێشمەرگە هێزێکی تێکۆشەرو جێی شانازی گەلەکەمانە بەڕاستی، بەڵام کاتێك ئەو هێزە تێکشکا هەموومان هەستمان بەو ئازارە کرد، بەشێکی ئەوەی لە ناو موئەسەسەی وەزارەتی پێشمەرگەدا ئەو هێزانە وەك پێویست کۆ نەکراونەتەوە، ئایا پڕۆژە یاسایەك دەرچووە لە پەرلەمان چاکسازییەك دەخرێتەوە بە پێی پرۆژە یاسایەکە، بەڵام ئایا یەکخستنەوەی پڕۆژەی فیعلی لە ئارادایە بۆ هێزەکانی (٧٠ و ٨٠) لە ژێر ئەزموونی وەزارەتی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی هەرەشەیەك لەناوچە کوردستانییەکان کرا، کاراکتەری حکومەت کە لە ژێرچاودێری پەرلەمان وەزیری پێشمەرگە بڕیار بدات، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سیروان فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ئەوە ناکۆکین لەسەر ماددەی (١٤٠) گەورەترین کێشەی ئەو میللەتەیە لە دوای ئەوەی کە دەستووری عێراقی دامەزرا، خۆزگە ئەو قەیرانەی لە کوردستان هەیە نەبووایە، ئێستا هەموو گەنج و لاو پیر هەموومان باسی ئەوەمان دەکرد، لەبەر ئەوەی زۆر زۆر گرنگە ئەوەی کە هەیە ئێستا ئەو ماددەی (١٤٠)ە لە (٢٠٠٥) بە دواوە تا (٢٠٠٧)ئەبوایە هەبوایە بەدەر لەوەی کە ئێمە ئەو لیژنەی ماددەی سەدوو چل لە ڕێی پارێزەرەکەمانەوە لە مەحکەمەی عیراقی زەنگیەتی ئەو ماددەیەی سەلماند، بەڵام هەر زیندوو نییە، من بۆخۆم گوێ لە هەموو بینەران دەگرم کە قەناعەتێك هەیە ئەم ماددەی سەدوو چلە ناکرێت نابێت ناڕوات، یەعنی ناڕوا بەڕێوە هەتا ئەو ڕۆژەی ماددەی سەدو چل دروست بووە کەمترین خاکمان لە دەست داوە، ئەوەتا زۆرترینیشمان لە دەست داوە کێشەکەمان لەوە بووە کە هەیە، من بەوە دەست پێ دەکەم لە لیژنەکەمان هەندێك خاڵمان دیاری کردبوو زۆربەیان زۆربەی بەڕێز کاك خالیدیش هاوڕێیان باسی دەکەن، ئەمە لە عیراقدا چارەسەر ناکرێتەوە ئەبێ بیگەڕێنینە بۆ ئەزموونی وڵاتانی تر، ئایا بزانین کشمیر

چۆن حەلكراوە؟ دەوڵەتانی تر چۆن حەل كراوە.؟ من لە مانگی یەكدا بەجەنابتان و بە لیژنەكەتان بە سەرۆكایەتی لیژنەكەمان لەگەڵ سەنتەرێكی نێو دەوڵەتی ئەوروپی كە لە ئەلمانیا لە شاری فرەنس فۆت تایبەتە بە چارەسەركردنی خاك لە نێوان هاووڵاتیانی یەك وڵاتا، بۆ نمونە دانیمارك و ئەلمانیا سنووریان هەبووە، چەند سەدەیەك لەمەو پێش هەزاران چەند سەد هەزار كەسیان لە یەكتری كوشتووە دوای هاتوون ئەو سەنتەرە چارەسەری كردووە، بە داخەوە بەهۆی كۆرۆناوە مۆعیدێكمان دانا كە لیژنەكەمان سەردانی كردن........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سیروان جەنابت ئەندامی لیژنەكەی بەس پرسیار بكە، شەرحەكەیتان بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دوای ئەوە تەوەرێكی ترمان هەیە (٣٣) ئەندامی پەرلەمان بەشداری كردووە لە ناو نووسیندا، ئەگەر هەر هەموو ئەندامانی لیژنەكە دیسان قسە بكەنەوە، ئەی ئەوانی تر كە لە دەرەوەی لیژنەكانن، كاك سیروان پرسیار بكە.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئی باشە، پرسیار ناكرێ لە خۆیەوە پرسیار بكرێ دوایی خەڵك دەڵێ ئاگات لە دنیا نییە، ئێمە باسی ئەوە دەكەین ئەم كێشەیە بە نێودەوڵەتی بكرێت، فەرموو ئەوەتا من پرسیار دەكەم ئەوانەی كە لە ئەساسدا لە بەغدا بوون دەستوریان نووسی، نەیانزانی لە یوئێن فەرعێك هەبێ بۆ ئەم كێشەیە، لەبەر ئەوەی كەس ئەم كێشەیەی نماوە، ئەوەی كە هەیە چارەسەرەكەی لە شاری، بۆ تا ئێستا ئەوەتان نەكردووە؟ ئایا بەڕێزان وەزیرانی پەیوەندیدار چۆن دەتوانی هاریكاریمان بكەن؟ پرسیارەكەم ئەوەیە چۆن ئەتوانین ئەو دەنگە بكەین بە نێودەوڵەتی، یەك، دووش ئێمە وەفدێكیشمان ئامادەكردووە بەبۆنەی خۆپیشاندانەكان لەبەر كۆرۆنا سەردانی بەغدا بكەین، پرسیارەكەم ئەوەیە بەڕێز كاك خالید دەتوانێ چیمان بۆ بكات لەگەڵ پەرلەمانی عیراقدا؟ وەفدی لیژنەكەمان سەردانیان بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەندە عەزیەتی كاك خالید نادەین، هەركاتێك لیژنەیەكی پەرلەمانی كوردستان ویستی سەردانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقی بكات، خۆمان دەتوانین بە ئاسانی، دەتوانین ئەو تەنسیقەی بۆ بكەین، كاك هیڤیدار فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیرەكان بەخێربێن، پرسیارەكانم سێ بەشن، بەشێك بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆو بەشێك بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگەو بەشێكیش بۆ بەڕێز كاك خالید شوانی، بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەم داعشانەی كە ئێستا باس دەكەن كێن؟ خەڵكی كام ناوچە زیاتر لەگەڵ داعش هەیە، ئایا حكومەتی عێراق وەكو پارێزگا مەسەلەن هیج جیاوازییەك دەكا لە بەینی پێكهاتەكانی پارێزگای مووسل و كەركووك و دیالە بۆ پاراستنی سەرو ماڵی عەرەبەكان لەگەڵ كوردەكان فەرقی هەیە، ئایا كورد دەپارێزن یان ناپارێزن؟ لە شەش مانگی رابردوو هەشت حالەتی رفاندن هەیە بە پێی راپۆرتی لیژنەی سەدوو چل، ئایا ئەم رفاندنانە دەبەستنەوە بە ئازادكردنی هەندەك داعش، یان

سەرکردەکانی ئەگەر هاتوو لە سجنەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبن، بۆیە خەڵکی مە دەرفێنن لەوێ، بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆ ئەگەر تەحقیقتـان کردبـێ جـۆری ئەو چەکـانە چـین کە داعـش بەکاریدەهێنێت؟ ئێستا هی کام دەوڵەتن سناعەتەکەیان هی کێیە، پرسیارەکانم بۆ بەڕێز وەزیری پێشـمەرگە ووتـی لەگەڵ عێـراق لە رێککەوتنـداین، پێشـمەرگە دەگەڕێـتەوە (١١) کیلـۆمەتر بە قوڵایی، زەحمەت نەبێ وەزیری پێشمەرگە لەکام ناوچە پێشمەرگە (١١) کیلۆمەتر چۆتە پـێش؟ ئایـا لە موسـڵ یـان تەنیـا لە کەرکـووکە؟ یـان نـاوچەیەکی مـوحەددەدە و عیـراق بەبـێ ئەوەی ئیحترامـی هەرێمـی کوردسـتان بگـرێتن هـاتونەتە نـاوچەیەکی کوردسـتانی، ئەی ئـێمەش ئەو دەسەڵاتەمان هەیە، هێزمان هەیە، ئێمەش هەنگاوێك دەچینە پێش، بۆ ئەوەی لایەنی سێیەم بێ تەداخول بکاتن، هـیچ پلانێکـی ترتـان هەیە بـۆ ئەوەی لێـك نزیـك بـوونەوە ئەمە بە فورسـەتێك بێتن، هەنگاوێکی تر لەو ناوچانە بچنە پـێش، بەڕێـز خالیـد شـوانی ئەم وەزعە یەعنـی لە رووی جەنابت باسی گۆرینی دیموکرافیات کرد، چەند گۆڕاوە لەپـێش روداوەکـانی دوای پـێش (١٦) ی ئۆکتۆبەر چەند بوو، ئێستا چەند گۆڕاوە، سەدا چەند گۆڕاوە، چەند تەعریب کـراوە؟ یەعنـی ئەو ژمارانەی کە جەنابت باست کرد مەترسیدارن بەراستی ئەم وەزعە تاکەی بەردەوامیش دەبێت و، ئێوە مفاوەزاتان کردووە لەگەڵ عیراق، رۆئیای نوێی حکومەتی عیراق بۆ ئەو ناوچانە بوو پرسی کورد چۆن بوو ناوچەی سـەدوو چـل، ئایـا گۆڕانکـاری بەسـەر زەینەتـی ئەوانـدا هـاتووە؟ بەڕێـز وەزیر ئەوانەی کە وتووێژی حکومەت دەکەن ئەو ئـاوارانەی شـانزەی ئۆکتـۆبەر لێـرەن، یەعنـی بەشێکی زۆری لێرەن، بەشێکی زۆر پەیوەندیان کردووە، بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان ئەلـێن ئـێمە ناتوانین بگەڕێینەوە ماڵی خۆمـان سـەرو مـاڵی هەنـدێکیان موڵکیـان داگیرکـردووە، هەنـدێکیان سـوتێنراون، ئەوانە هەر لێـرەن چیتـان کـردووە وەك حکـومەت لەگەڵ حکـومەتی عیـراق؟ پرسیارێکی ترم ماوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو، پرسیارەکەت بدە بە کاك نزار فەرموو باشە تەواوی بکە.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(١٥) ساڵە دەستووری عیراق هەیە مـاددەی (١٤٠) نووسـراوە، هـیچ حەل نەکـراوە، ئایـا بیرتـان لە فۆرمیلەیەکی تر کردووە بۆ چارەسەرکردنی ئەم وەزعە لە نێوان هەرێم و بەغدا بۆ ئەو ناوچانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك نزار.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورە، پێشنیارێك و دوو پرسیارم هەیە، پێشـنیارەکەم لێـرەدا ئەوەیە بەراسـتی زاراوەیەکمـان گـوێ لـێ دەبـێ لێـرە سـەبارەت بە نـاوچە جێناکۆکەکـان، یـاخود بە نـاوچە دابڕێنـدراوەکان، بـرای بەڕێـزم وەزیـری نـاوخۆ ئامـاژەی پێکـرد و پێشـتریش لە رابـردوو لەزاری جەنابی سەرۆك کاك مەسعود گوێمان لێ بووە، پێم باشە زاراوەی ناوچە جـێ ناکۆکەکـان یـاخود

ناوچە دابڕێندراوەکان ئەم زاراوەیە بگۆردرێت بکرێ بە ناوچە داگیر کراوەکان، بۆیە لێرەوە پێشنیار دەکەم ئەو زاراوەیە بگۆڕدرێ ناوچە جێ ناکۆکەکان بگۆڕدرێ بە ناوچە داگیرکراوەکان ئەمەیان پێشنیارەکە، پرسیارێکیشم ئاراستەی برای بەڕێزم کاك خالید شوانییە، جەنابی هەم وەزیرو هەم ئەندامی لیژنەی وتوویێژە لەگەڵ بەغدا، جەنابتان ڕۆژانە دەبینن لە ناوچە داگیرکراوەکان کەوا چ زوڵم و ستەمێك لە ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەکرێ لەو شوێنانە، چەند ڕۆژێك لەمەوبەر بینیمان مامۆستایەکی پەروەردەیی کەوا لە نەخۆشخانەیەك کەلەپچەی لەدەست کرابوو لەلای خێزانەکەی مابۆوە، دیتمان لێرەش جەنابی وەزیری پەروەردەش پێشوازی کرد، ئایا تاکەی ئەم زوڵم و ستەمە بەردەوام دەبێ؟ ئایا ئێوە لە دانوستاندنەکان لەگەڵ لیژنەی بەغدا ئاماژە بەو زوڵم و ستەمە دەکەن ئەمەیان یەك، پرسیارێکی تریشم تەندروستییە، سەبارەت بۆ برای بەڕێزم وەزیری پێشمەرگەیە، ئایا بەڕێز وەزیری پێشمەرگە سەبارەت بە ئاڵوگۆری هێزی پێشمەرگە کەوا ئاڵوگۆری لە ڕەبایەکان دەکەن یاخود دێن و دەچن ئەمانە بەرکەوتەیان دەبێ لە ڕووی تەندروستییەوە؟ ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە لە یەکەکانی پێشمەرگە تێستێك یاخود پشکنینێك دابندرێ، بۆ ئەوەی ئەو پێشمەرگانەی کە لەماڵەوە دەگەڕێنەوە دەوام بەرکەوتە نەبن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەوە قانوونییەو قانوونی لەپەرلەمان پێ دەرچووە، فەرموو د.گلاویژ.

**بەڕێز د.گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، سەرەتا بەخێر هاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین، ئێمە ئاشکرایە ئەو کێشانەی کە لە ناوچەکانی دەرەوەی کوردستان ڕوویداوە کێشەو گرفتێکی زۆرن، هاووڵاتیان زۆر پێوەی دەناڵێنن، بۆیە لە (٢٠-٥) بە پێویستمانم زانی کە سەردانی ئەو ناوچانە بکەین لەنزیکەوە، چەند ڕاو سەرنجێکی هاووآتیان وەربگرین، یەك لەوانە کێشە گرنگەکان سوتانی دەغڵ و دانیان بوو کە لە کاتی سوتانی دەغل و دانەکانیان ئەو هێزە سەربازییانەی کە لەو ناوچانەی وەکو پێویست پارێزگاریان لێ ناکەن، بە بوونی ئەوەی کە تەقەیان لێ دەکرێ، یان داعش لە ناوچەکەیە، بۆیە نەیاندەهێشت ئاگر کوژێنەوەکانیش بچن دەغڵ و دانەکانیان بکوژێنەوە، بۆیە ئەوە گرفتێکی گەورە بوو، زۆربەی جوتیارەکانیش کە بە قەرز تۆیان کردبوو دەست مایە پوچ مانەوە، بۆ کۆتای ئەمساڵ فشار بخرێتە سەر حکومەتی فیدراڵ، بۆ ئەوەی قەرەبووی ئەو جوتیارانە بکاتەوە و، پرسیارێکی ترم هەیە لە بەڕێز کاك خالید کە باسی چەند گوندێکی کرد لە ناوچەی قەراج و ئەوانە چۆڵکراون، بەراستی عەرەبەکان ئەو بارودۆخە نا ئەمنیە، نا سەقامگیرەیان ئیستغلال کردووە کە بە زۆر خانووەکان لە کوردەکان دەکڕن و دەیانەوێ تەعریبی ئەو ناوچانە بکەن، بەراستی ئەوەش کێشەیەکی گەورەیە، پێویستە ئاگاداربن بە زووترین کات ئەو ناوچانە و ناوچەکانی تری وەکو پەلکانە و ئەوانە کە چەندین ساڵە زەوییەکانیان لەسەر وەزارەتی مالیەیە، نەگەڕاوەتەوە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ، ئایا چ کراوە لەوێ لە بەغدا و ئەو ناوچانە قەرەبووی دەستی ڕژێم نەکراونەوە، وەکو ئەوەی کە

ئاگادارین ناوچەکانی باشورو ئەوانە قەرەبووەکانیان وەرگرتووە، بەڵام ناوچە کوردستانییەکان تا ئێستا قەرەبوویان وەرنەگرتووەو کێشەی زەوی و موڵکیشیان بۆ نەگەڕاوەتەوە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ، بەنسبەت بازگەکانیش کە کێشەیەکی زۆر بۆ جوتیاران دروست بووە کە جوتیاران لە کاتی پێگەیشتنی دەغڵ و دانیان پێویستە سەردانی ئەو شوێنانە بکەن، ئێمە دەزانین زۆربەی دانیشتوانی ئەوانەی ماددەی سەدوو چلن لە هەرێم دادەنیشن لە کاتی دروێنەو پێویستیان پێیە، بۆیە لە بازگەکان کێشەیان بۆ دروست بووە، بەڵام لە بازگەکانیش هەندێکجار حالەتی نەخۆشی لەناکاو هەبووە، کتوپڕ هەبووە کە پێویست بووە لە نەخۆشخانەکانی هەرێم چارەسەر بکرێ، بۆیە ئەو حالەتانە پێویستە زیاتر هەماهەنگی هەبێت لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆو بازگەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، دەست خۆشیش لە بەڕێز کاك خالید دەکەم بۆ ئەو روونکردنەوەی، پرسی ناوچە کوردستانییەکان پرسێکی زۆر گرنگە بە تایبەت کەرکووك، بۆچی حکومەتی هەرێم کەمتر پرسی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەراوورد بە پرسی مووچەو بودجە دەکات، کە پێویستە ئەم پرسە هاوتای بودجە بێت لە دانوستانەکان لە بەغدا لە دانوستانەکاندا هەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سەرکۆ فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زیاتر قسەکانم لەسەر قسەکانی بەڕێز کاك خالید شوانییە، ئەوەی لە دەرەئەنجامی گفتووگۆییەکانی باسی کرد، یەکریزی و لاوازی، یەك خیتابی کوردی لەو ناوچانە ئیتفاقی نا موقەدەس و بێدەنگی لایەنە کوردییەکان بۆ رەئی عامی عەرەبی و هەم بۆ رەئی عامی جیهانی، لەسەر ئەو مەوزوعانەی کە هەیە و تایبەت لەسەر ئەمە کە جەنابتان لە ناو پێکهێنەری حکومەتن و ئەنجومەنی وەزیران وئەنجومەنێکی نیشتیمانییە، دامەزراوەیەکە کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەنگی پێ دراوە، هۆکار چییە کە ئەنجومەنی وەزیران ناتوانێت ئەم کێشانەی کەجەنابتان باستان کرد لە راپۆرتەکە چارەسەر بکرێ؟ یەکێك لەو کێشانەی کە بەڕێزتان زۆرجار دانیشتن کراوە، ئەنجومەنی وەزیران قسەکەی رووبەرووی وەزیری ناوخۆش و وەزیری پێشمەرگەش، زۆرجار دانیشتن کراوە لەگەڵ بەغداد لەسەر دۆسیەی نەوت، لەسەر دۆسیەی خاڵە سنوورییەکان لەسەر دۆسیەی مووچە، بەڵام ئەوەی کە دەبینین لە ساڵانی رابردوودا بە تایبەتی لە کابینەی نوێدا کە ئەوترێ باسی ناوچە کوردستانییەکان کرا لە بیریشتانە کە لەسەرەتای دانوستانکردن، پێکهێنانی کابینەی نۆیەم کار لەسەر ئەوە کرا پارێزگارێکی کورد بۆ کەرکووك دابنرێت، بەڵام تاکو ئێستا ئەوەی لە دەسەڵاتی کورد دابێ جێبەجێ نەکراوە کە

پێویستە دەكات ئیشی لەسەر بكرێ، كە بەڕێزتان باسی یەكریزی كرا، ئایا دەتوانن لە رێگەی بەڕێز سەرۆكی كۆماری عیراق و وەزیری دەرەوە، ئەنجومەنی وەزیران، ئەو وەزیرانەی كە لەوێیە كار بكەن، بۆ ئەوەی كە پارێزگایەكی كورد دابنرێ، یەكێ لە پرسیارەكانم ئەوەیە كە جەنابت باسی كێشەی موڵكت كرد، باس لەوە دەكەی هەشت سەد هەزار دۆنم زەوی خەڵكی كورد لەو ناوچەیە لە ژێر مەترسی دایە، ئێستا وەزیری داد حكومەتی عیراقی لە پشكی كوردە، ئایا دەتوانرێ لەو رێگەوە ئەو بڕیارانەی كە لای ئاساین خۆت وتەنی شەرعی نراوە و چارەسەری بكرێت، ئەوە پرسیارێكە حەز دەكەم جەنابت جوابمان دەیتەوە، پرسیارێكیشم بۆ وەزیری پێشمەرگەیەو وەزیری ناوخۆیە، یەعنی لە دانوستانەكانتاندا كە باسی هێزە ئەمنیەكان دەكەن لە ناوچە كوردستانییەكان و ئەوەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئەوەی كە باسكراوە جگە لە سوپای عیراقی تێدایە، حەشدی شەعبی تێدایە، حەشدی توركمانی وحەشدی عەشایری تێدایە، دەبینین بەتایبەتی حەشدی شەعبی و حەشدی توركمانی و حەشدی عەشایری زیاتر لە ئەساسی رق و كینەو تۆڵە كردنەوە بەرامبەر بە نەتەوەی كورد لەوێ كار دەكەن، ئێمە ئەگەر ئێوە دانوستانەكان بكەن، چۆن رێگە دەدرێ سێ هێزی تر هەبێت و هێزی پێشمەرگەو هێزە ئەمنیەكانی كوردستانە ئاسایش بێت، یان ئەنجومەنی ئاسایش بێت دەزگای زانیاری، یا پاراستن وجودی هەبێ تكایە جوابمان دەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك جلال فەرمووو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی سەرجەم وەزیرە بەڕێزەكان دەكەم، بە تایبەت برای بەڕێزو خۆشەویستم كاك خالید شوانی كە هەردەم پارێزەری ناوچە دابڕێندراوەكانی كەركووك دەركەوتووەو، جێی دەست خۆشییە لێرەوە سوپاسی بكەین لەبەردەم نوێنەر و گەل، هەروەها دەمەوێت بەچەند پرسیارێك دەست پێ بكەم یەك لە پرسیارەكانم بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگەیە، وەك هەمووان دەزانن لە ماوەی رابردوو پێش ئەو رووداوانەی كە بە داخەوە لە كەركووك و ناوچە دابڕێنداروەكان روویدا، حاڵەتێكمان هەبوو بە تایبەت لیوای شانزەی پیرۆزی پێشمەرگەی، كە ئەو لیوایە سەر بەجەیشی عیراقی بوو، چ كارێكتان كردووە بۆ ئەوەی لیوای هاوشێوەی لیوای شانزە، بە داخەوە لیوای شانزە گەرایەوە سەر بابڵێین هیزەكانی حەفتاو جەیشی عیراقی، چیتان كردووە بۆ چەند لیواییەك، یاخود لیوای شانزە بگەڕێتەوە سەر جەیشی عراقی بتوانین لە رێگەی ئەوەی ئەگەر ئیستاش عەمەلیەكە قورس بێ، بۆ ئەوەی پیرۆزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە كەركووك ئەو لیوایانەی كە كورد بوون لە زومنی جەیشی عیراقیا بگەرێنەوە ئەو ناوچەیە بۆ كورد، وەكو دەڵێن ئاهێك بە دڵت دابێت، ئەمە بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە بوو، بەڕێز وەزیری ناوخۆ دیارە بۆخۆت دەزانی لیژنە تەنسیقی هەیە لە وەزارەتی ناوخۆ لە مابەینی وەزارەتی ناوخۆو هەرێمی وەزارەتی ناوخۆو حكومەتی مەركەز، كە ئەمە بەراستی ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین كارەكان زۆر زۆر سستە و هەر با بڵێین بە تایبەت بۆ ئەوانەی كە حاڵەتی تاوانكاری لە سنووری ناوچە دابڕێندراوەكان روو دەدەن و دواتر لە سنووری هەرێم

به هەمان شێوە میکانزمەکەتان میکانزمێکی قورسە، ئایا ئەتوانین ئەو میکانزمە بگۆڕن کە بۆ عەمەلی یا سێ مانگی پێ دەچێت، یاخود ئەو نوێنەرایەتییەی حکومەت کە لە بەغدا هەیە دەتوانن فەرعێکی بێنینە هەولێر، بۆ ئەوەی ئەو میکانزمە تۆزێ سەریعتر بێ، بە حەقیقەت خەڵك گلەیی و گازندەی هاو نیشتیمانیان زۆرە و، یەك پرسیاری تر هەر بۆ وەزیری ناوخۆ بۆخۆت دەزانی لە ساڵی (٢٠٠٧)وە هیچ ئەفسەرێکی کورد بە تایبەت لە سنووری کەرکووك چ لە کوردستان نەقڵ بوو‌بێت، یان بە حوکمی ئەو بارودۆخە کەس نەیتوانیوە بچێتە کولییەی شورتەی بەغداد، ئەفسەرانی کورد بەردەوام لە خانەنشیندان و بەردەوامیش لە مردن و شەهید بوونیانەوە، عەدەدیان لە کەمبوونەوەیە، لە ئێستادا لە کەرکووك و ناوچە دابڕێندراوەکان ئەفسەرانی کورد زۆر کەم بۆتەوە، چیتان کردووە بۆ ئەوەی کولییەی شورتەی هەولێرو سلێمانی ئیعترافی پێ بکرێ و ئەفسەر کە لەوێ تەخەروج دەکا نسبەیەکی بۆ کەرکووك بنێرن، یا ئەگەر ئەو میکانزمەش قورس بوو بتوانن هەماهەنگی لەگەڵ حکومەت بکەن، نسبەتێك لە ئەفسەرانی وەزارەتی ناوخۆی هەرێم رەوانەی ناوچە دابڕێندراوەکان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سیپان فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەوشا نهایە ناوچەی کوردستانی دەرەوەی هەرێمێ کوردستانێ تێدا دەرباز دبن، دەر ئەنجامێ ریفراندۆمێ بێ یان پشتێ رودانی (١٦)ی ئۆکتۆبەرێ بێ ئەو جەندە دیارێ خەڵکێ وان دەڤەرە ژیانەکا مەینەتی دەرباز دەبیتن و ژیانەکا گەلەك ئاڵۆزو ژێر هەرەشەی دەرباز دکەن ئەڤە جێی پرسیارێ ئەوە شاندێ حکومەتا هەرێمی کوردستانێ دەما بجن بغدا گەر پێشتر ئەڤ شاندەش بۆ مافێ رەوای هەرێمێ کوردستانێ و بە گەراندنا ئەو دەڤەرەو جێبە جێکردنا مادێ (١٤٠)بیتن لێ ئەو وەڤدێ دچن بەغدا بە نوێنەرایەتیا خەڵکی هەرێمی کوردستان دچن، زۆربەی ئەوانەش هینانە پێشێ پۆستێ پارەیەکی زێدەتر دەمەکی داژی نەك ئەو پۆست شیاینە خزمەتا خەڵکی کوردستانێ بکەن نەك ئەو پارەی ژ بغدا بیتن ژ خزمەتی خەڵکی هەرێمی کوردستانێ بکات دەربارەی شەنگال و کەرکووك و دەڤەرێ دی، پرسیارم هەیە هەر یەك بۆ وەزیری پێشمەرگەو وەزیرێ ناوخۆ خەلکێ وان دەڤەرا وەکو پێشتریش دکتۆر رێبواریش ئاماژەی پێکرد خەلکێ وان دەڤەرە لە دەمەکیدا خەلکی راستی نینە، چونکە هیچ هێزەکا کوردیا فەرمی وان دەڤەرە ئەمنیەتی وان دەڤەرە ناکات ئایە لە ئەنجامێ دانوسانکردنێ وەزارەتا ناوخۆ دگەڵ وەزارەتی ناوف خۆی عیراقێ وەزارەتا پێشمەرگە، وەزارەتا بەرگری شیاینە ج بکەن ئەڤ دەفەرە بە ئارامی خەڵك بچی ژیانێ خۆ بخەفێ دەرباز بکات و لەگەڵ ناوچێ خۆ هەرێمی کوردستان کۆچ بکەن بۆ وڵات و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەلێ چییە نوقتەی نیزامیە، بەلێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئیدارەی ئەو جەلسەیە لای منە، بێ دەنگ بن کاك رزگار، کاك دکتۆر کازم ئیدارەی ئەو جەلسەیە لای منە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئێرە شوێنێکە بۆ ئەوەی خەڵك بە ئازادی رایەکانی خۆی بە ئازادی

دەربڕین، بە مەرجی ئیحترام گرتنی یەکتری، ئیحترام گرتنی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان، هەر کەسێك قسەیەك بکات لە دەرەوەی ئەم سیاغە، ئێمە لە پرۆتۆکۆڵ دەیسرینەوە، ئێمە بڕیار دەدەین چ شتێك بۆ ئەوە دەبێ لە پرۆتۆکۆل بسرێتەوە، ئەم پەیرەوە رێگەی بەوە نەداوە ئەندامێکی پەرلەمان لەسەر قسەی یەکتری قسە بکات، لەبەر ئەوەی فەرموو کاك جمال تۆ قسەکانت بکە.

**بەڕێز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێر هاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، دیارە کێشەی ئێمە لەگەڵ حکومەتی ناوەند هەر لە بیدایەتەوە کێشەی خاك بووە، بەڵام بەداخەوە ئێستاکە باسی (٤٠٠) ملیۆن دۆلارەکە دەکرێ، هەموو شتمان بیرچۆتەوە، کێشەمان بۆتە (٤٠٠) ملیۆن دۆلار، کێشەی خاکمان لە بیر چووە، ئێمە دوو شۆرشمان کردنە قوربانی کەرکووك، دیارە کەرکووك هەڵ دەگرێ ناوچەکانی دیکەش هەموو قوربانییەکیان بۆ بدرێ، دوای پرۆسەی ئازادی عیراق ئێمە پابەند کراوین بە دەستوورێك مافەکانی ئێمەی تێدا تەسپیت کراوە، بەڵام بەداخەوە ماددەی (١٤٠) کە سەقفێکی زەمەنی بۆ دانرابوو (٣١-١٢-٢٠٠٧) کە هەر سێ هەنگاوەکانی بۆ بهاویژرێن، هەم ئاساییکردنەوە، هەم قەرەبوو، هەم سەرژمێری، تا ئێستا هیچی نەکراوە، قەرەبووەکەش بە نیوەچلی کراوە، ئایا بۆ حکومەتی هەرێم بۆ ئێوەش جەنابی سەرۆکی پەرلەمان دەستەی سەرۆکایەتی بۆ هەماهەنگ نابن، لۆبی بۆ کەرکووك و ناوچەکانی تر بکرێ لە دادگای لاهای لە یەکێتی ئەوروپا لای هاوپەیمانەکان، دیارە حکومەتی عیراقی بە مەبەست وای کردووە، ئێمە تەرکیز بکەینە سەر بودجە وناوچە کوردستانییەکانی خۆمان لە بیر بەینەوە، بۆیە ئێمەش ئەگەر تەرکیز بخەینە سەر ئەو ناوچانە، پێم وایە کێشەی بودجەش حەل دەبێ زەختێکی زۆر دەکەوێتە سەر حکومەتی عیراقی، بۆیە پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێم وپەرلەمانی کوردستان پێکەوە هەماهەنگ لۆبی بۆ کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی هەرێمی کوردستان بکەن، پرسیارێکی تریشم ئەوەیە ئایا تا چەند پشت بەو راپۆرت و نامەیە دەبەسترێ کە لەسەر دۆخی کەرکووك ئامادەی کردووە؟ بۆ ئەوەی پێکهاتەکان خۆیان پارێزگاری لە ناوجچەکانی خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێز جنان فەرموو.

**بەڕێز جنان جبار بویا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین، ئەمن یەك پرسیارو یەك داواکاریم هەیە لە بەڕێزان، پرسیارەکەم ئەوەیە بۆ هەردوو بەڕێز وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆیە، لە دەشتی نەینەوا لە قەزای تلکێف ساترێك هەیە لە بەینی باتماوە کە بە دەستی حەشدی شەعبیە، مابەینی تیلیسکۆف بەدەستی جەماعەتی ئێمەیە، لەوێندەرێ ئایا ئەو ساترە خەڵك ناتوانێ هاتووچۆی بکات، خەڵك لەمە دەپرسێ، ئایا ئەو ساترە سیاسییە، ئەمنییە، عەسکەرییە، یان دروستکراوە بە هۆی کۆرۆنا، ئەو پرسیارە بەراستی دەبێ جوابی خەڵکەکە بدەینەوە، بەس داواکاریەکەم ماوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داواکاریم لە کاك خالید هەیە ماددەی (١٤٠) زۆربەی ناوچەکانی ئێمە لە

دەشتی نەیـنەوا لە زومنـی ئەو مـاددەیەن، ئەمە لە جـیهەی تەشـریعی لە پەرلەمـانی کوردسـتان ئاگاداری ئەو مەوزوعەیە، داواکارم لە لیژنەی تەنفیزی لیـژنەی حکـومی نوێنەرەکمـان هەبـێ لەو لیژنەیە حەتا بتوانین پێکەوە، هەتا بزانین ئامانجی ئەو لیژنەیە گەیشتە کوێ، هەتـا یەکتـر ئەوە بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لیزا خان فەرمووو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیرە بەڕێزەکان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخێر بێن، ئەگەر سەرۆکی پەرلەمـان دەرفەت بدا لە دوو دەقە زیاتر گفتوگۆ لەسەر هەندێ بابەت هەیە، راسـتی پرسـی گـرنگە منـیش ئەندامی ماددەی (١٤٠).

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی بۆ پەیوەندی بە لیژنە ناکەی لیزا خان؟

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەمان کردووە لە لیژنە، بەس وەك کەرکووکییەك، وەك کاکەییەك چەندین جار هێرش کـراوەتە سەر گوندەکانمان، ئەو مافە بەخۆم دەدەم کە قسە بکەم قسەکانیشم تەواو دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نا ئێمە دەرفەتت دەدەینێ کە قسە بکەی.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نـاوی خـوای گەورەو مهرەبـان، سوپاسـت دەکەم ئەگەر دەرفەتـم بـدەیتێ دەمەوێـت لەسـەر رەوشی تەعریـب و کاریگەرییەکـانی لەسـەر دیموگرافیـای کەرکـووك و پرسـی سـەرژمێری قسـە بکەم، راستی کاك خالیـد شـوانی زۆر بە چـڕی و بە ووردی باسـی لە پرۆسـەی تەعریـب کـرد زۆر سوپاسی دەکەیـن، بەڵام زۆر چاوەڕێ بـووم بـاس لە پرسـی سـەرژمێریش بکـات کە حکومەتی عیراقی ئەمساڵ بڕیاری داوە سەرژمێری ئەنجام بدات، هەرچەندە بە هۆی کۆرۆناوە کە بڕیاربوو مانگە (١٠) ئەنجامی بدات، لەلام نییە ئەگەر ئەمساڵ بێ ئەگەر ئەم ساڵیش نەبـێ، بەڵام سـاڵێکی تر ئەنجامی دەدا ئەو تەعـریبەی کە ئێسـتا لە نـاوچەکە دا دەگوزەرێـت وای کـردووە کە نـزیکەی پانزە گوندی ئـێمە، پـانزە گونـدی کـاکەیی لە سـنووری داقـوق بە تەواوی چۆلبکرێـت کە ئەمەش تەئسیری دەبێت لە داهات و لەسەر پرسی سەرژمێری، چۆن بڵێین بچـووککردنەوەی پرسـی کـورد لەو نــاوچەیە، ئەگەر ئاورێــك لە مێــژووی ســەرژمێری عیــراق بــدەینەوە، بە روونــی بۆمــان دەردەکەوێـت هەرکاتێـك پـێگەی سیاسـی کـورد لاواز بـووبێ لە کەرکـووك، ئەوە پرۆسـەی بە عەرەبکردن لە نـاوچە کوردییەکـان چڕتـر بـۆتەوە، دەرفەت بـۆ بەرێوەچـوونی بەردەوام بـوونی پرۆسەی تەعریب زیاتر رەخسـاوە، بە بەڵگەوە دەمەوێـت ئەوەتـان زیـاتر بـۆ شـیبکەمەوە ئەگەر

بێتو سەیری ئەنجامەکانی سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧) بکەین سەبارەت بە کەرکووك، دەبینین لەوێ ڕێژەی کورد لە ٤٨% بووە ڕێژەی عەرەب لە٢٨% بووە، ڕێژەی تورکمان لە ٢١% بووە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەنجامی سەرژمێری ئەنجامی ساڵی ١٩٩٧ بکەین کە ئەو کاتە پرۆسەی تەعریب لە قیمەدا بووە کورد بۆتە ٢٠%، واتا کەمینە عەرەب بۆتە زۆرینە بۆتە ٧٢%، هەروەها تورکمانیش دیسان ڕێژەی کەم بۆتەوە بۆتە لە ٦%، ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێ و دیسان هاوشێوەی ساڵی ١٩٩٧ سەرژمێری داهات و تایبەت بە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم، ئەنجامی دڵخۆشکەری نابێ، هەر سەبارەت بەم پرسە هەندێك بابەت هەیە کە لە ژێر ناوی جۆراوجۆر دەگوزەرێ لە ناوچەکە دەمەوێ باسی لێوە بکەم، یەکەم لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق لە چوارچێوەی ماددەی (١٤٠) عەرەبە هاووردەکان قەرەبوو کرانەوە، هەر خێزانێك بڕی (٢٠) ملیۆن دیناری پێدراوە، ئەوانیش گەڕاونەتەوە شوێنەکانی خۆیان، بەڵام ئێستا ژمارەیەکی زۆر لەو عەرەبانە داوای گەڕانەوە بۆ کەرکووك دەکەن، ئەوەی منیش بیزانم فیدۆی سێ هەزار لەو عەرەبانەی ناویان تۆمار کردووە فۆرمیان لە کەرکووك بۆ دەرهێندراوە، ئەم پرسە زۆر جدیە، بەڕێزان دەکرێ هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی دادگای فیدراڵی بۆ هەوڵی چارەسەرکردنی بدات، هەروەها حکومەتی خۆجێی کەرکووك و حکومەتی عێراق لەسەردەمی کابینەی بەڕێز عادل عبدالمهدی بڕیاری دا چەند هێزێکی عەرەبی لە سنووری کەرکووك پڕ چەك بکرێن کە ژمارەی چەکدارەکانی لە سەرووی هەزار کەسێکەوە دەبێت، ئەگەر حکومەتی کازمی ئەم بڕیارە هەڵ نەوەشێنێتەوە لە دواجار ئەمەش دەبێتە کێشەی دیکە بۆ دۆخی ئەمنی کەرکووك، هەر بۆ بیر هێنانەوە دەگەرێینەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ حکومەتی عیراق بڕیاریدا هێزێك لە هێزەکانی عەرەب دروست بکات بە ناوی هێزی سەحوە، ئەگەر بە بیرتان بێ دواتر داعش تۆقی هەر ئەو هێزە بە چەکەوە رۆشتنە ناویان و بەردەوام پەلاماری کوردەکانیان دەدا، پێویستە بە زووترین کات هەوڵی هەڵوەشادنەوەی ئەم بڕیارەی پارێزگاری کەرکووك بدرێت، لە بڕی ئەوە هەوڵ بدرێت پێشمەرگە و هێزە نیزامییە عیراقییەکان پێکەوە ڕۆڵیان هەبێت لە پارێزگاری کردن لە کەرکووك و ناوچەکانی دەورووبەری، یانیش پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش لە پێکهێنانی ئەو ناوچانە، هەروەها لە ڕێگەی فراکسیۆنە کوردییەکانەوە فشار لەسەر پەرلەمانی عیراق دروست بکرێ، بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەم سێیەم بۆ پرۆژە یاسای پێکهاتەکان بکرێت، ببێ بە یاسا ئەو پرۆژە یاسایە تا رادەیەك دەتوانین مافی پێکهاتەکان بپارێزێت، بەتایبەت لە ناوچە کوردستانییەکان بە پێی مادەیەکی پرۆژە یاسایەکە هەر لایەنێکی سیاسی یان کەسایەتی سیاسی هانی خەڵك بدات دژی پێکهاتەکان ئەوا سزا دەدرێت، زۆر سوپاس هەر ئەوەندە بوو قسەکانم لە کۆتایشدا ئیدانەی تەواوی ئەو هێرشانە دەکەم کە بەم دوایە لەسەر کوردانی کاکەیی لە خانەقین هاتە ئەنجامدان، هەر دوو سێ ڕۆژ پێش ئێستا دیسان یەکێك لە بریندارەکانمان هێندرابوو بۆ شاری هەولێر لە نەخۆشخانەی رزگاری کۆچی دوایی کرد، هەروەها داواکارم لە سەرۆکی حکومەت و هەروەها لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عیراق ئاوڕێکی جدی لەسەر ئەو ناوچانە بدەنەوە، ترسی ئەوەمان هەیە وەکو کاکەییەکان وەکو ئێزدییەکان ترسی ئەوەمان هەیە چارەنووسی ساڵی ٢٠١٤ دووبارە بێتەوە، جینۆسایدێکی دیکە رووبەرووی ئێمە ببێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك رۆمیۆ فەرموو.

**بەڕێز رۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینییەکم لەسەر راپۆرتە هاوبەشەکەی هەردوو لیژنە بەڕێزەکان هەیە، دوو پرسیاریشم بۆ وەزیرە بەڕێزەکان و تێبینیەکیشم بۆ جەنابتان هەیە، یەکەم بەداخەوە راپۆرتی راپۆرتە هاوبەشەکەی هەردوو لیژنەی ناوچەکانی دەرەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان و لیژنەی پێشمەرگە، دوای ئەوەی کە ئێمە وەکو فراکسیۆنی هاوپەیمانی یەکێتی نەتەوەیی تەواو پشتگیری پاڵپشتی سەرجەم خاڵەکانی دەکەین، بەڵام زۆر بەخێرایی و هاتنە سەر مەسەلەی باسکردنی پێکهاتەکان لەناوچە دابڕێندراوەکان، یاخود لە ناوچەکانی پەیوەست بە ماددەی (١٤٠) ی دەستووری هەمیشەیی عیراقەوە، ئێوە ئاگادارن هەمووشمان ئاگادارین دوای هاتنی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ وە و تا ئێستاش سەرجەم هێزەکانی حەشدی شەعبی کەوتونەتە راونانی رۆڵەی ئەو پێکهاتانە وەکو کلدو ئاشورییەکان و، هەروەها خوشك و برایانی ئێزدی، گەورەترین قوربانی کە داویانە ئەو دوو نەتەوە بچووکانە بوون کە بە ژمارە بچووکن، بەڵام مقاوەمەی گەورەشیان کردووە بۆ دیفاع کردن لە خاکی خۆیان و هەروەها دیفاع کردن لە ناوچە مێژووییەکانی خۆیان، بۆیە من داوا دەکەم جارێکی تر کە لەم جۆرە راپۆرتانە دەنووسرێت کە پەیوەستە بە ژیان و داهاتووی پێکهاتەکان، بەراستی دەبێ شێوەیەکی جیاوازتر و روونترو چالاکترو باشترو جوانتر بنووسرێتەوە، من گوتم تێبینیم هەیە نەم گوتووە رەخنە، ئەگەر لیژنەکان بیانەوێ تەعقیب لەسەر ئەوە بکەن، شتێکی تر زۆر نیگەرانین، ئێمە شەخسی زۆر نیگەران بووە دەوری پەرلەمانی کوردستانیش تەئکیدمان لەسەری کردووە، ئایا ئێوەی کوردیش بە موسڵمان کوردیش بە موسڵمان ناو بنێین بۆ ئەوەی ئێمە بە کریستیانەکانیش ناو بنێین، یاخود بە ناوی نەتەوەی خۆمان کە لە دەورەی دووەمی پەرلەمانی کوردستاندا خۆمان نوێنەری کلدو ئاشورییەکان بووین لە لێژنەی نووسینەوەی رەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستان، بە گەلی کلدانی ئاشوری سریانی ئاتووە، بۆچی ئێستا زۆرینەی کورد ئێمە بە مەسیحی و ناخۆشتریش بە کریستییانەکان ئێمە باس دەکرێت، من هەر کاتێك بە کریستییان ناو بنرێم دەڵێم برا موسڵمانەکانی هەرێمی کوردستان، پرسیاری من بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئەوەیە زۆر جار باسی چەندەها رێکەوتن کراوە، دانیشتن کراوە لەگەڵ نوێنەرانی سوپای عیراق و جەنابتان گوتتان ئێمە لەگەڵ حەشدی شەعبی دانانیشین، یەعنی رێکەوتنەکان، دانیشتنەکان، کۆبوونەوەکان لەگەڵ حەشدی شەعبی، ئایا من دەپرسم ئایا بەشی هەرە زۆری یاخود سەرجەم ئەو پێشێلکارییەو تەعدایانەی کە لە کوردو پێکهاتەکانی تر بە تایبەتی بە تەحدیدی لە بەشی نەینەوا دەکرێ، هەر ئەو هێزە جۆراو جۆرانەیە حەشدی شەعبی نین و من شەخسی ئەوەندە زۆر بە گومانم لەسەر ئەو کۆبوونەوانە کە تەرەفی موقابیل جدی نییە و پێ ناچێ ئێمە بگەینە هیج ئەنجامێك، بۆ بەڕێز وەزیر کاك خالید شوانی کە باسی لەوەی کرد کە حکومەتی عیراق جدی نییە لە دانیشتنەکان بۆ چارەسەرکردنی پرۆژەیەك، بۆ چارەسەرکردنی ناوچە کێشە لەسەرەکان، هەر جەنابیان باسی ئەوەیکرد زیاتر لە (٦٢) پۆست کە هەڵە نەبم لە کورد

وەرگیـراوەتەوە دراوەتە عەرەب لە کەرکووکـدا و لە ناوچەکـانی دەشـتی نەیـنەواش بە هەمـان شـێوە، ئەو شـتە دەکـرێ گـۆڕینی دیمـوگرافی لە دەشـتی نەیـنەوا لە شـەو ڕۆژ تـا ئەم چـرکەیە بەردەوامە، ئایـا ئەگەر ئەم مەسـەلەیە هەر بەردەوام بـوو حکـومەتی عیـراق و سـەرکردایەتی سیاسی کوردستان چ بەدیلێکی تریان هەیە؟ وەزیری پێشمەرگە ببـورە تێبینـیم بـۆ جەنابیشـتان ماوە من سەرۆکی فراکسیۆنم، سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیم من لە بەیانییەوە دەستم بەرزکردۆتەوە، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان وەکو نوقتەی نیزام نزیك زیاتر لە دە ئەنـدامی بەڕێـز نوقتە نیزامی خۆیان قسـەیان لەسـەر کـرد، مەجالتـان بە مـن نەدا لە کۆبـوونەوەکەی دانیشـتنی ڕابردووش بەهەمان شێوە کە من باسی مەسەلەیەکی زۆر حەساسم دەکرد، مەسەلەی زیندانیان بـوو کە پەیوەسـت بـوو بە لیـژنەکەی ئـێمە، لە دوو ڕووەوە لە ڕووی کاروبـاری کـۆمەڵایەتی و لە ڕووی ........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ڕۆمیۆ خۆت کاتی خۆت دەکوژی لە شوێنێك کە نابێت ئەوە بکەی، ئێستا بەس قسـە لەسـەر ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمە.

**بەڕێز ڕۆمیۆ حزیران نیسان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

واچـۆتە پـێش لە پەرلەمـانی کوردسـتان کە فراکسـیۆنێك ئەگەر لە فراکسـیۆنەکە زیـاتر لە دوو کەس هەمووشیان ئەندامەکان بیانەوێت قسە بکەن، من پێم وایە یەکەم جـار مەجـال دەدرێ بە سەرۆکی فراکسیۆن، کەچی لەگەڵ ئێمە بە ڕاستی تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ڕێزم بـۆ جەنابتـان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خودای گەورە، پرسیارم بۆ هەرسێ وەزیرە بەڕێزەکەیە بەخێرهاتنیان دەکەم، کاك خالید شوانی باسی ژمارەی زۆر مەترسیداری کرد لەسەر کوشتن و ترس و تۆقاندن و زەوی زەوتکردن، من دەڵێم چارەسەری کۆتایی لەگەڵ حکومەتی عیـراق چییە و کەیە؟ هەمـوو ڕۆژێـك سـەقفی مەتـاڵیبی حکـومەتی عیـراق زیـاد دەبێـت بەرامـبەر بە هەرێمـی کوردسـتان، حەلـی نیهـائی بە مەزەندەی من کاك خالید زیاتر لەگەڵیان هاتووچۆ دەکات، حەلە نیهائی چـۆن دەکـرێ باسـی یەك خیتابی کرد، یەك خیتابی کورد بەڕێزان ئەمن بۆ مێژوو ئەو قسە دەکەم، ئەورۆکە ئەو دانیشـتنە کرا فراکسیۆنی یەکێتی نیشتیمانی هـاتەوە نـاو پەرلەمـان و بەیەکەوە هەمـوو ڕێـزم بـۆ هەمـوو پێکهاتەکان و بۆ هەموو فراکسیۆنەکانی تر، بە ئۆپۆزسیۆن و بە دەسەڵاتەوە، بەڵام بـڕۆ سـەیرکە بازار ئێستا کەمەك جوڵاوە بەو بێ پـارەیە، چـونکە کە یەکێتـی و پـارتی دیسـان دەڵـێم ڕیـزم بـۆ هەموو فراکسیۆنەکان یەکێتی و پارتی یەك دەبێ دڵنیابن یەك خیتاب هەبـێ هەمـوو حکـومەتی دوونیا کۆبێتەوە دەرەقەتی کوردستان نایەت، چەند گرنگە یەکێتی و پارتی یەك بێ لەو قۆنـاغە هەستیارەدان ئەوە یەك، دوو بۆ وەزیری پێشمەرگەی بەڕێز باسی ئەو ڕێککەوتنە دەکرێت لەگەڵ

حکومەتی عیراق و لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە، من دەپرسم ئایا کە گەڕاوە ئینشاالله پێشمەرگە دەشگەڕێتەوە بەسەربەرزی بە کەرامەتەوە دەگەڕێتەوە ئایا نابێتە قەڵغان بۆ پاراستنی جەیشی عیراقی لەو ناوچانەی کێشەی لەسەرە ئەوە زۆر گرنگە، چونکە پێشمەرگە گەڕاوە دەبێ بەو سەربەزییە بگەڕێتەوە، چونکە بەس بەرگری لە جەیشی عیراقی بکات پێ لەسەر پێ دابنێ و پێشمەرگەش باجەکەی بدات، ئەوەی وەزیری ناوخۆ باسی ئێستا یان داهاتوو سەبارەت بە نوێژی جەژن نوێژی جومعەیە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، من دوو پرسیارم هەیە پرسیارەکانیشم بە تایبەتی ئەو دانیشتنە نینە، بەڵام بە فرسەتی دەزانم لە وەزیری پێشمەرگەوە وەزیری ناوخۆ دوو پرسیار کە پرسیاری داواکاری خەڵکە ئەو پرسیارەیان لێ بکەم، بەڕێز وەزیری پێشمەرگە کۆمەڵێك لە پێشمەرگە لە کاتی دەوامدا لە کاتی ئەرکدا بە هەر هۆکارێك بێ وەفاتیان کردووە و مردوون، ئایا ئەوانە تا ئێستا مامەڵەکانیان یەکلایی نەکراوەتەوە و بە شەهید هەژمار دەکرێن؟ ئەگەر بە شەهید هەژمار ناکرێن لەبەر چییە؟ پرسیارێکی دیش بۆ وەزیری ناوخۆ دیارە هەموومان دەزانین مووچەی خانەنیشینی هێزەکانی ناوخۆ موچەیەکی زۆر کەمە لە کاتی خانەنشین بوونیان پارەیەکی زۆر کەم وەر دەگرن، ئایا پرۆژەی وەزارەت چییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆو ئاسایش و ئەگەر هیچ پرۆژە یاسایەك هەیە بنێردرێتە پەرلەمان حەز دەکەم وەڵامماﻥ بدەیەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پابەندی ئەو تەوەرە بن کە ئێمە دامانناوە بۆ کۆبوونەوە، هەموو ئەو بابەتەی بەڕێزتان ئاراستەی بەڕێزان وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن دروستن، ڕەوان، بەڵام دەبێ لە شوێنی خۆیاندا ئەو پرسیارانە بکرێن، سەلما خان فەرموو، کاك جلال نوقتەی نیزامییە لە ماددەی چەند، بڕگەی چەند لە ماددەی چەند، دوای ئەوە سەلما خان جەنابت قسە دەکەی.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاو تێبینی من لەسەر قسەکانی کاك جلال وا دیارە پارتی و یەکێتی دوو هێزی سەرەکین فەزل ناکرێ، بەڵام هێزی تر هەن لەم پەرلەمانە ئەم پەرلەمانە سەرجەم کەس و لایەنەکانی لێیە، بەرای من ئەوەی کە تایبەتە بە ئەوەی تەنیا پارتی و یەکێتی سەرجەم هێزو لایەنە سیاسیەکانی، ئەوەی کە خاوەنی یەك کورسی بێ تا ئاخیر کورسی نوێنەرایەتی گەلی کورد دەکەن و بەشدارن لە نیزامی سیاسی ئەوەی کە هەیە، بۆیە داواکارم ئەوە بسرێتەوە تەنها پارتی و یەکێتی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵام ئەوە هیچ قسەیەکی خراپی نەگووتووە، بەڕێزتان ئەوانەی کە تەنها یەك کورسی پەرلەمانیان هەیە ئەو هێزە سیاسیانەشی تەنانەت نەیانتوانیوە کورسی لە پەرلەمان بەدەست بێنن، هەموو هێزی ڕێزلێگیراون و هەموومان پێکەوە جوانین من هەستم نەکرد کاك جلال بەس وتبێتی بەس یەکێتی و پارتی هەن، بەلێ فەرموو سلمە خان.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەستخۆشیم هەیە لە لیژنە بەڕێزەکان، هەروەها لە وەزیرە بەڕێزەکان ئامادەبوونیان لە پەرلەمان، بەرای تایبەتی من وەکو کەرکووکیەکیش ئەم داواکارییەم هەیە لە هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکان، کە هەموو ناکۆکییەکانی خۆیان وەلا بنێن و پرسی کەرکووك و ناوچە دابڕێندراوەکان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بکەن بە پرسێکی نیشتیمانی، چونکە بەراستی بوونی پارێزگارێکی کورد لە کەرکووك پێم وایە بەشێکی زۆری لە کێشەکان لە ئەم ناوچانەدا بە تایبەتی لە کەرکووك چارەسەر دەکات و بێگومان یەك گوتاری لایەنە سیاسیەکان وا دەکات کە بتوانین هەنگاوێکی باشتر لە زەمینەسازی باشتر و خێراتر بندرێت، بۆ ئەوەی کە هێزی پێشمەرگەو هێزە ئەمنییەکان بگەڕێنەوە کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی تر، بۆیە من پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز کاك خالید شوانی دەکەم بوونی پارێزگارێکی کورد لە کەرکووك گەیشتووە بە کوێ و دواین هەوڵەکانی ئەو وەفدە گەیشتۆتە چ نەتیجەیەك، چونکە بەراستی بوونی پارێزگایەکی کورد لە کەرکووك هەم دڵی کەرکووکییەکان خۆش دەکات، هەم هەنگاوێکی باشی یەکگرتووی یەکریزی کورد دەر دەخات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆربەی قسەکانی من کران، بەڵام بە کورتی لەسەر ئەو نووسینگانەی دکتۆر خەسرۆ باسی کرد، ئایا ئەو نووسینگانە تا چەند توانیویانە واقعی ئەو ناوچانە بۆ حکومەت لە ڕێی ڕاپۆرتەکانیان بگوازنەوە و چەند توانراوە کار لەسەر ڕاپۆرتی، یاخود بۆچوونی ئەو نووسینگانە بکرێت، خاڵێکی تر دیارە ئەو ناوچانە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بە پێی دەستووری عیراق دەبوایە لە ٣١-١٢-٢٠٠٧ کۆتایی بهاتبایە، ئێستا جەدەلێك دروست بووە لە شارعی عیراقی بەتایبەت بەشێك لە ئەتوانم بڵێم عەرەبە شۆفینیەکان باس لەوە دەکەن کە ئەو ماددەیە بەسەر چووە، لەبەر ئەوەی بە پێی ماددەکە دەبوایە لە ٣١-١٢-٢٠٠٧ واتا (١٣) ساڵ بەر لە ئێستا ئەو ناوچانە ئاسایی بکرابانایەوەو ڕاپرسیش ئەنجام بدرابایەو بەداخەوە کە نەکراو و، ئێمە پێمان وایە بەشێکی بۆ کەمتەرخەمی سەرکردایەتی سیاسی کورد دەگەڕێتەوە، کە نەیتوانی فشار دروست بکات و ئەمە جێبەجێ بکات، خاڵێکی تر کە بەشێك لە برادەرانیش باسیان کرد کەوا بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ ئەوەیە هاوڵاتیان لەم ناوچەیە سەرەڕای ئەوەی کە ئیستا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان نین معاناتی تریان بۆ زیاد بووە، بە

داخەوە کە وەك هـاووڵاتی کـوردیش هەژمـار نـاکرێن بەوەی کە لە بازگەکـانی ئەو بازگـانەی کە دەیانەوێت بێنە هەرێمی کوردستان بازگە جیا جیاکان دەیان کێشـەیان بـۆ دروسـت دەکرێـت و، زۆر جار ناهێڵرێت بێنە هەرێمی کوردستانەوە، دیارە من پرسیارێکی تریشم هەبوو نازانم بـیکەم یا نا، چونکە پێشتر بە فەرمی پرسیارم لە بەڕێز وەزیری نـاوخۆ کردبـوو سـەبارەت بە بازگەکـانی نێوان هەولێرو سلێمانی بە داخەوە وادەکەی تێپەڕیوە تا ئێستا جەنابیان وەڵامـی نەداویـنەتەوە کە ئەوەش رەخنەیەکە ئاراستەی جەنابیان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ وەڵامت دەداتەوە، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانم کرا زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، حسیبە خان فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و سـکرتێری ئەنجـومەنی وەزیـران دەکەم دەسـتور گرێبەسـتە لە نێـوان پێکهاتەکـانی عیـراق تـاوەکو دەسـتوور وەکـو خـۆی جێبەجـێ نەبێـت پێشـەڵکارییەکان بەرانبەر بە خەڵك و خاکی هەرێمـی کوردسـتان و تـایبەتەن سـنورەکانی مـاددەی (١٤٠) بەردەوام دەبێت، لێرەدا پرسیاری من بۆ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروبـاری دانوسـاندن لە نێـوان هەرێـم و بەغدا ئەوەیە، لە ئەگەری بەردەوامی پێشـەڵکاری دەسـتوورو داگیرکردنـی ناوچەکـانی سـنووری ماددەی (١٤٠) پلانی جێگرەوە بۆ پاراستنی ژیانی خەڵکی ئەو ناوچانەی چـی دەبێـت؟ ئایـا هـیچ رێککەوتنێـك دیـاری کـراوە بـۆ گەڕانـدنەوەی هێزەکـانی پێشمەرگە بـۆ ئەم ناوچـانە؟ پرسـیاری دووەمیشـم بـۆ بەڕێـز وەزیـری پێشـمەرگە ئەوەیە پرسـی یەکگـرتنەوەی هێزەکـانی پێشـمەرگە یەکێکە لە کاریگەرترین فـاکتەرە بـۆ رێگـری کـردن لە هەمـوو تەحەدی و نـاوخۆو دەرەکییەکـان، هەروەها رێکخستنەوەی لە ژێر یەك سەقفداو لەژێـر فەرمـانی وەزارەتـی پێشـمەرگەو بەرپرسـی هێـزی یەکەمە، چەکـدارەکان وەك دەزانـین لە سـاڵی ٢٠٠٧ وە هەوڵـی یەکخسـتنەوەی هێزەکـانی پێشمەرگە دراوە ئەوە مـاوەی (١٣) سـاڵە ئەو پرسـە بـێ ئەنجـام مـایتەوە، ئایـا وەکـو وەزارەتـی مەعنـی لەگەڵ حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان کـاتی نەهـاتووە بیـر لەوە بکەیـنەوە کە پـرۆژە یاسـایەك رێـك بـخەن و ئاراسـتەی پەرلەمـانی کوردسـتان بـکەن بـۆ یەکگـرتنەوەی هێزەکـانی پێشمەرگە تاوەکو هێزو ژیانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرامبەر تەحەدیـیە دەرەکییەکـان کاریگەریان زیاتر بێـت؟ دوا پرسـیاریش بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان خـاڵێکی پەیـڕەوییە بە پێـی ماددەی (٥٥) بڕگەی (٢)م داوای سڕینەوەی قسەکانی یەکێك لە پەرلەمانتـارە بەڕێـزانە دەکەم کە ریفرانـدۆمی بە ئەگەری ئەوە شـوبهاند کە ئەو دۆخەی ئێسـتای هەرێمـی کوردسـتان لە ئەگەری ریفرانـدۆم بـووە، بە پـێچەوانەوە ریفرانـدۆم زۆرتـرین دەسـکەوتە لە مێـژووی گەلـی کـوردا بـۆ هەموو ئەو کەسانە ئەو کوردانەی کە بۆ خاك ژیاون بۆ خاك گیانیان لە دەست داوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ڕۆژان خان فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان ابراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پرسیاری یەکەمم بۆ ئەندامانی شاندی حکومەتە، لەمێژە ئێمە قسە لەسەر کەرکووك دەکەین، کەرکووکمان بە قودسی دڵی کوردستان داناوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك چارەسەر هەیە لای خۆمانە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەکێك لەوانە هۆکار چییە بۆ دەست بەکارنەبوونی سەرۆکی ناوچەی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەمە یەکێکە لە چارەسەرەکان، ئەگەر ئەم سەرۆکی دەستە دابنرێت و هۆکارەکەی چییە؟ پرسیارێکی ترم سەبارەت بە پارێزگاری کەرکووك وەکو هەموو ئەندامەکانی هاورێم کە کردیان هیوادارم دانانی پارێزگارێکی کورد لە کەرکووك نەبوونی یەکریزی هێزەکانی کوردستانییەکان نەبێ و پرسیارێکم بۆ بەڕێز کاك خالید شوانی دەست خۆشی لێ دەکەم بۆ راپۆرتەکەی بڕیارە لە کۆتایی ئەمساڵدا سەرژمێری گشتی بکرێت لە عیراق، ئایا ئەم سەرژمێرییە کێشە دروست ناکات بۆ ماددەی (١٤٠) و ناوچەکانی تری ئەم ناوچەیە و، دووش ناوەستێ لەگەڵ ماددەی (١٤٠) و ئەنجامەکانی و سەبارەت بە هاووڵاتییانی کەرکووك بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ هەمووان ئەو راستییە دەزانین کە کەرکووك لەوانەیە وەکو دەروازەیەك بێ بۆ پارێزگاکانی تری عیراق لەگەڵ هەرێمی کوردستان و عراقدا، بەڵام ناکرێ هاووڵاتیانی کەرکووك وەکو پارێزگاکانی تری عیراق مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، وەکو ئەندامێکی تری بەڕێزی هاورێم ئاماژەی پێدا کەرکووکییەکان لە بازگەکان کێشەو گرفت دێتە ڕێگەیان، هەندێ جار ئاستەنگیان بۆ دروست دەکرێ لە کاتی هاتووچۆ کردنیاندا بە تایبەتی لە بازگەی شێراوە، هۆکاری ئەمە چییە ئەگەر بۆمان روونکەنەوە، سوپاسیان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کەسی تر ئەگەر ماوە با قسە بکە، لێدوان و قسە لە دەرەوەی پەرلەمان کاریگەری ئەبێ لەسەر ئەوەی ناوەکە چەندەم کەس ئەبێ لە قسەکردن لە هۆڵی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناوەکان مونا خان دەینوسێت، کاك پێشەوا ناوی جەنابت تەبعەن ئەوە ریزی یەکەممە، ئەوە ریزی دووەممە، ئەوە ریزی سێیەمە، ناوی جەنابت ئە لێرەیە.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرنجێکە چەند جارێکە دەیدەم، سوپاس هەر چەندە بابەتەکە ئەوە نەبوو، بەڵام پاڵپشتی قسەی کاك سەروان دەکەم لە بابەتی پلە بەرزکردنەوە، هەروەها بەشێك لە قسەکانی بەڕێز کاك ئازاد کورەچی پاڵپشتی دەکەم، بەڕێز وەزیری ناوخۆ لە بارەی کەرکووك هاتنی خەڵك زۆر

پرسیارکرا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان درێغیتان نەکردووە، لە بابەتی رووبەرووبوونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا هەوڵەکانتان مایەی رێز لێنانە رێز لێگرتنە، ئێمە بەوە دەزانین ئەوەی کردتان بۆ پاراستنی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام تایبەت بە هاووڵاتییانی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان، یەعنی راستە هۆکارە موبەریرەکەی مەعقول و لە جێی خۆیەتی و دروستە، بەڵام ئەوانیش وەك کوردێك هەستێکی ناخۆشیان بۆ دروست دەبێ کاتێك لە بازگەیەك، یەعنی مامەڵەیەکیان لەگەڵ دەکرێت وەکو هاووڵاتی پارێزگاییەکی دیکەی عیراق، هیوادارم یەعنی میکانزمێك خۆتان شتێك بدۆزنەوە کە مامەڵەکە لەگەڵ ئەوانیش گۆرانکاری بەسەر دابێ، بەرێز وەزیری پێشمەرگە دەربارەی دۆخی ئەوەی لە کفری روویداو لە ناوچەی گەرمیان روویدا، بەرێز ئەمینداریی گشتی وەزارەتی پێشمەرگە رایگەیاند کە ئێوە ئاگادار نین، یەعنی ئەپرسم لە ئێوەی بەرێز جەنابت وەزیری وەزارەتێکی چۆن ئەبێ سەفقە، گرێبەست لە نێوان دوو هێزی ئەمنی رووبدات، ئێوە ئاگادار نەبن، ئایا ئەمە هەیبەت و هەروەها شکۆی ئەم وەزارەتە ناخاتە ژێر پرسیارەوە، ئایا دەسەڵاتی ئێوە لەم وەزارەتە پرسیار هەڵناگرێت کە چۆن لەژێر دەستی ئێوەدا بە بێ ئاگاداری ئێوە رێکەوتن ئەکرێ لەگەڵ هێزی عیراقی و ئەمینداری گشتی وەزارەتەکە دەڵێت ئێمە ئاگادار نین، لەبارەی دۆخی ناوچە کوردستانییەکان بۆ بەرێز خالید شوانی پرسیارم هەیە لەم کاتەدا کە ئێمە دانیشتووین بە قسە لە بارەی ناوچە کوردستانییەکان قسە دەکەین ئەمڕۆ راکان سعید لە چەند ناوچەیەك لەو کۆمەڵگایانەی کۆمەڵگەی هاووردە کراوی عەرەبن، پرۆژەی قیرو نەخۆشخانەو قوتابخانەی راگەیاندووە، ئەمڕۆ بە فعلی لەسەر ئەرز ئەنجامیان دەدات و ئەو کەسانەی هێندراون پێش ٢٠٠٣ هێندراونەتە ئەوێ بەڵام ناوی قوربانیانی ئەو ناوچانەی کە تاوانی داعشیان تیدا ئەنجام دراوەو پرۆژەو خەستەخانەو چەند شتێکی دیکەی ئەنجام داوە، من ئەپرسم کە ئێوە دەچنە بەغدا، ئایا ئێستا بە جدی بابەتی ناوچە کوردستانییەکان پرسێکە کە ئێوە قسەی لەسەر بکەن، یان تەنها بابەت مووچەیە، چونکە بەراستی لای هەموومان روونە بە هۆی (١٦) ی ئۆکتۆبەرەوە رووداوەکانی دوای (١٦) ی ئۆکتۆبەر بەهۆی چەند هەڵەیەك کە روویاندا مەوقیفی ئێمە بە جۆرێك وای لێهات بە جۆرێك (١٦) ی ئۆکتۆبەرو خاك و کێشەی جدی کێشەی سنوور هاتینەوە کە لەسەر (٢٠٠) ملیۆن و (٣٠٠) ملیۆن و لەم بابەتانە قسە بکەین، ئەوەی کە لەو ناوچانە روویداوە لای هەموومان روونە وازحە کە رووداوەکە چی بووە، دەرەئەنجامی چ بووە، ئێمە ئێستا بە هۆی نزیکبوونەوەیەکی سیاسی و بە تایبەت لە نێوان یەکێتی و پارتی نامانەوێت ئەو شتانە هەڵبدەینەوە و باس لە زیانەکانی بکەین، نەك تەنها زیانی دیموٚگرافی دەستدرێژی ماڵی هاووڵاتیانی کورد لەو ناوچەیە، تەنانەت لە رووی ئابووریەوە ئێمە زۆر زیانێکی گەورەمان بەرکەوت بەس بەتەنها لە عەینزالەو چەند ناوچەیەکی دیکە (٤٤) کێڵگەی نەوتیمان لە دەستدا کە ئێستا هێزی عیراقی و حەشدی شەعبی لەو ناوچانەن، لە کەرکووك چەندین کێڵگەی نەوتیمان لە دەستدا، جگە لەو تەعەداو لەو دەست درێژیانەی بۆ سەر ماڵی خەڵك خەڵکی کورد هەبوو، لەوێ پێکهاتەکانی ئەو ناوچەیە لە رووی ئابووریشەوە زیانێکی گەورەمان بەرکەوت کە هۆکارەکەی لای هەموومان روونە ریفراندۆم نەبوو شتێکی کەبوو، بەڵام ئەمرۆ لە لە هۆڵی پەرلەمان بە هۆی ئەو تروسکاییەی......

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانە هۆکاری ریفراندۆم بوون، ئەوانە ئەو دەرەئەنجامانە هەمووی هۆکاری ریفراندۆم بوون ناکرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرکۆ ناکرێ نییە، هەموو کەسێ دەتوانێ قسە بکات، ئێمە قەرار دەدەین کام قسەیە باشەو کامە قسەیە باش نییە، بێدەنگ بە ئەو قسانەی کاك پێشەوا دەیکات بەناوی ئەوەی دەڵێ نزیك بوونەوەی یەکێتی و پارتی هەموویت کرد، لەبەر ئەوە داوات لێ دەکەم بۆ جارێکی تر جەنابت وتەبێژی گەورەترین فراکسیۆنی لەناو پەرلەمانی کوردستاندا هەندێك بە ئارامی قسەکانی خۆت بکە، بۆ ئەوەی نەبیتە تێکدانی ئارامی کۆبوونەوەکانی پەرلەمانی کوردستان، کاك پێشەوا داوات لێ دەکەم هەمووجارێك ئەوە دووبارە دەبێتەوە بەڕێزت بەر پرسیارەتیت هەیە، ئەمە نوقتەی نیزامی نییە، کاك کاروان بێ دەنگ بن، من قسە دەکەم کاك کاروان بیدەنگ بە من قسە دەکەم، هەموومان بەرپرسین لە پاراستنی و ئارامی ئەم پەرلەمانە، هەموومان قسە لەسەر ئەوە دەکەین کە نامانەوێت کێشە سیاسیەکانی دەرەوە بێتە ناو پەرلەمان، بەڵام خۆمان رۆڵمان هەیە لەوەی کە کێشە سیاسیەکانی دەرەوە دەهێنینە ناو پەرلەمان، بەڕێزتان وتەبێژی گەورەترین فراکسیۆنی ناو پەرلەمانی کوردستانن، هەندێك بە ئارامتر، هەندێك بە حەزەرتر قسە بکەن، قسە دەکەم من پێشەوا قسە دەکەم، ئێمە قسە دەکەین ئێمە، بێ دەنگ بە، ئەوەی کە دەلێی نایلێم دەیلێی ئەمە یەکەم جار نییە، دووەم جار نییە، سێیەم جار نییە، ئێمە هەموومان بە یەکەوە بەرپرسین لە ئارامی پەرلەمانی کوردستان، لە ئارامی شەقامی کوردستان، لە ئارامی دۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، لە جەژن نزیك دەبینەوە، نا ئارامییەکانی خەڵك زۆر لەوە زیاترن، ئێمە لێرە بەنزینی بەسەردا بکەین، لەبەر ئەوە داواتان لێ دەکەم لە ئاست ئەو بەر پرسیاریەتە دابن، هەرچی دۆخێك تێپەری، تێپەری، ئێمە لە خاڵێکی تازەوە دەست پێ دەکەین، دەست بە ئیشوکارەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، بەلێ بەڕێزان بێدەنگ بن دانیشن کاك کاروان بڕۆ دەرەوە، ئەندامی پەرلەمان بەرپرسیاریەتی زۆر لەوە گەورەتری لە ئەستۆ دایە خەریکی کولاندنەوەی برینەکانی یەکتری بین، کاك ئومێد دەستان خۆشبێ هەمووتان دانیشن، ئێمە ئەرکمان لە ئەستۆیەو بەر پرسیارەتیمان لە ئەستۆیە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان فەرموو گلستان خان، فەرموو قسەکانی خۆت بکە، مادام فەرموو تۆ قسە بکە گلیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە خێرهاتنی میوانانی بەڕێز دەکەم، تەبعەن لە دەسپێکا گلەیی لە دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، ئێمە ئەو بەشە نەیەکەم جەلسەیە چەندین جەلسەیە ئێمە پێش هەموو کەسێك دەستمان بەرز دەکەینەوە، ئاخیر جار هەندێ جار هەر ناویشمان نانوسن، هیوادارین بۆ جاری بێت رەچاوی ئەوە بکەن عەدالەتییەك پەیرەو بکەن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە جارێك ناومان نووسیوە ناوەکانمان خوێندۆتەوە، گوتومانە ناوی چ بەڕێزێکمان نەنووسیوە با ئیزافەی بکەین، هیچ قسەت نەکردووە، جاری دووەم کە ئیزافەکانمان خوێندۆتەوە هیچ قسەیەکت نەکردووە، گولستان خان قسە دەکەن، کاك عوسمان قسە دەکات، لەگەڵ کاك ملا ناصر کەسی تر قسە ناکا.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەندین جار ئەم جەلسەیە کراوە ناوی ئێمە لە ئاخیر کەس بووە یان ئەسڵەن ناوی ئێمەشتان هەر نە نووسیوە، هیواداریـن بۆ جاری دێت رەچاوی ئەوە بکەن، عەدالەتی بپارێزن، بەشێك لە پرسیارەکانی من کاك مم ئەسکەندەر قسەی کرد چاوەڕێی وەڵامی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، بەشێکی دیکە پرسیارەکان ئاراستەی کاك خالید شوانی دەکەم لە کەرکووك گەرەکی کوردنیشینەکان وەکو گەرەکی رەحیماوە و ئیمام قاسم رۆژانە مداهەمە دەکرێت لەلایەن لیوای (٦١) بێ ئەمری دادگا، ئایا جەنابتان چەند پێداچوونەوە لەسەر ئەم بابەتە کردووتانە، حەز دەکەم وەڵاممان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عوسمان فەرمووو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری پێشمەرگە کاك شۆڕش، بەڕێز کاك ڕێبەر وەزیری ناوخۆ، بەڕێز کاك خالید شوانی وەزیری هەرێم، دیارە بەراستی ئێمە ئەو وەزعەی کە ئێستا دروست بوو بەداخەوە شتێکی ناخۆشە، ئێمە وەکو پەرلەمانتاران بە راستی دەبێت بە ئەرکەکانی خۆمان هەڵبستین و ئەوەی پەیوەندی بە بابی سیاسیەوە هەیە بە جێی بێڵین بۆ سیاسیەکان، رجائەن با ئێمە کاری پەرلەمانی خۆمان ئەنجام بدەین، بەنسبەت ئەو دۆخەی کە ئێستا ناوچە کێشە لەسەرەکان دروست بووە، من پێشنیارێکم هەیە ئەویش ئەوەیە کە برا عەرەبەکان بەراستی ئێستا ناوچە عەرەبەکان گوندنیشینە عەرەبەکان چەکدار دەکەن بەشێوەیەك لە شێوەکان جا بە شێوەی سرِی بێ، بە هەر شێوەیەك بێ بۆ پارێزگاری لە خۆیانە یا دژایەتی کوردە، ئەوەیان بابەتێکی تری روونە، من پێشنیار دەکەم ئێمەش جەنابی وەزیری ناوخۆ جەنابی وەزیری پێشمەرگە بەشێوەیەك لە شێوەکان ئێمەش ئەو ناوچانەو ئەو خەڵکانەی خۆمان رێك بخەینەوە، بۆ ئەوەی بەهەر شێوەیەك بێ ئایا بەشێوەی ئاسایشی مەدەنی بێت، بەشێوەی مەدەنییەکی بەرگری بێ بتوانین ئەو خەڵکانەی خۆمان رێك بخەینەوە لەم ناوچانە، لانی کەم بۆ ئەوەی بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن ئەوانە، لەبەر ئەوەی حکومەتی ناوەندی دەستی دەستیمان پێ دەکات بە تەئکید لە بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنییەی هەیە کە بکرێتەوە و، هەروەها من پێشنیار دەکەم لیژنەی دانوسانی ئێمە بەتایبەتی ئەو برادەرانەی خۆمان لە ئەنجومەنی وەزیران هەوڵبدەن قەرەبووی ئەو گوندنیشینانە بکرێتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە لە روانگەی کشتوکاڵییەوە زەرەرێکی زۆریان لێ کەوتووە، ساڵانە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان بەدەستی عەمدەن دەسوتێنرێت و، هەروەها

پەلە بکرێ لە تۆمارکردنی ئەوکەسانەی کەوا تیرۆرکراون لەو ناوچانە بریندارکراون بەشەهید بەکەم ئەندام هەژمار بکرێن لەو ناوچانە و هەروەها ئێمە بە پێی دەستووری حکومەتی ناوەندی عیراقی ١٢% ی سوپای عیراقی دەبێ پێك بێت لە خەڵکی کوردستان کە لە ئێستادا ٢%ش کەمتربێ، لەوانەیە کە ئێمە لە ناو سوپای عیراقدا هەمانە، بۆیە من داوا دەکەم یەعنی ئەو ١٢% یە ئێمە داوا دەکەین کەم بکرێتەوە، بۆ ئەوەی بتوانین لانی کەم ئەو ناوچە کێشە لەسەرانەی خۆمان سودێکی زۆری لێ وەربگرین لەو بوارانەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ناصر فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، بەراستی پرسی کورد لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم پرسێکی زۆر گەورەیە، گەلی کورد رووبارێ خوێنی لە پێناودا رشتووە، ئەوە نییە هەر ئێستا بلێی لە ساڵی ٢٠١٧ بە دواوە ئەو ناوچانە تەعریب و راگواستن و ئەوانە دەستی پێکردووە، بۆیە ئێمە ئەگەر سەیری ئەوە بکەین لەوەتەی حکومەتی عیراقی دروست بووە ماوەی سەد ساڵە هەموو حکومەتە یەك لەدوای یەکەکان کە دروست بووە، لە دوای ئەو سەد ساڵەش هەر هەموو خەریکی داگیرکردنی خاکی کوردستان بوون، راگواستن تەعریب داگیرکردنی زەوی جوتیارا،ن داگیر کردنی خاکی کوردستان، بەراستی ئەوە ئەمە نییە بڵێین ئەوە ئێستا لە ٢٠١٧ وە ئەم تەعریب و داگیر کردن و ئەوانە دەستی پێکردووە، بۆیە ئێمە ئەگەر سەیری کوردستان بکەین کوردستان سنوورێکی زۆر بەربڵاوی هەیە، هەر لە شەنگالەوە بۆ کەرکووك و حەویجەو زنجیرە چیاکانی حەمرین تاوەکو ئەگاتە بەدرەی جەلسان، بەداخەوە ئەو ناوچانە سیمای کوردبوونیان نەماوە، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی مەندەلی و بەدرەو جەلسان سەعدیەو جەلەولا و ئەوانە هەتا ئێستا ئەگەر ئێستا سەیری بکەین وای لێهاتوە لە ٥% یش کوردی تێدا نەماوە، بەتایبەتی لە سنووری جەلەولاو سعدیە، ئێمە وورده وورده وای لێ دێ بێینەوە سەر سنوورەکانی ترمان، سنووری کفری و خانەقین و گوڵە جۆو دوس خورماتوش شوێنەکانی تریش، بەراستی رۆژ بە رۆژ گەلی کورد بەرەو پاشەوە دێ نەك بەرەو پێشەوە بڕوا، لەبەر ئەوەی لەگەڵ هەموو دانوسانەکاندا لەگەڵ حکومەتی عیراقدا سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام بەداخەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ وە ( ١٨) ساڵ دەکات هەرێم و بەغدا نەیانتوانیووە قەرارێکی مەجلیسی قیادەی سەورە هەڵبوەشێنەوە، چی بۆ گەڕاانەوەی قەزای سەر بەناحییەکانی سەر بە کەرکووك لە ساڵی (٧٠) وە کە زۆربەی قەزاو ناحییەکان لەسەر کەرکووك لادران خرانە سەر سلیمانی و تکریت و دیالە بۆ بچووك کردنەوەی کەرکووك و هەروەها هێنانی عەرەبی هاووردە بۆ دامەزراندنی لە شەریکاتی نەوت و دامەزراندنی لە دامودەزگاکانی تر و، هەروەها پێدانی زەوی و بڕە پارەی (١٠٠٠٠) دیناری سویسری، ئەو کاتە کە (٤٠) هەزار دۆلاری دەکرد، بۆ ئەوەی بە هەموو دەعمێك دەعمی ئەو عەرەبانەیان دەکرد، بەراستی بە داخەوە ئێمە لە دوای (١٨) ساڵ لە حوکمرانی لە دوای حوکمی سەدامەوە نەمانتوانیوە بچوکترین خاڵ ئەوە هەڵبوەشێنینەوە کە ئەو قەزاو ناحیانە بگەڕێنەوە سەر کەرکووك، یان بتوانین قەرارێك لە قەرارەکانی مەجلیسی

قیادەی سەورە کە بۆ جوتیارە کوردەکان یان کوردو تورکمان و ئەوانەش کە زەوی و زارەکانیان بگەڕێتەوە لە دوای ٢٠٠٣ وە کە گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان، بەڵام بەداخەوە هەم لە دوای ئەوەش لە ساڵی ٢٠١٧ شەوە ئەو جوتیارانەی کە گەڕانەوە لە دوای ٢٠٠٣ زەوی و موڵك و ماڵ و مەکانی خۆیان بەداخەوە لە دوای ساڵی ٢٠١٧ شەوە ئێستا هەم دەربەدەر بونەتەوە، بۆیە تاوەکو ئەمرۆ تەلەفۆنێکیان بۆم کرد رۆژی چوارشەمە عەرەبەکانی ناوچەی جەلەولا بەراستی هێرشیان کردۆتە سەر دوو کورد، بۆ ئەوەی ووتویانە بە هیچ شێوەیەك جارێکی تر بۆتان نییە ئێوە بگەڕێنەوە سەر زەوی و ماڵ و موڵکتان، یەك خاڵی ترم ماوە ئێستا بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتت تەواو بوو بە نووسین بۆی بنێرە، فەرموو کاك رزگار.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین بۆ ناو هۆڵی پەرلەمان، پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەم، ئایا سوپای عیراق کە هاتوونەتە ئەو ناوچە لەسەر ئاستی چوار پارێزگا کە پارێزگاکان سەلاحەدین و دیالەو کەرکووك و ئەم ئۆپراسیۆنە کە لەوێ دەکرێ، ئایا جەنابیان تا چەند ئاگادارن و ئێمە لەو ناوچە بۆخۆم لە گەرمیانم زۆر باش دەزانم لەجیاتی ئەوەی ژیانی خەڵك بپارێزن ژیانی خەڵکیان خستۆتە مەترسیەوە وە سوکایەتی بە هێزەکانی رێزم هەیە بە پێشمەرگە دەکرێت لەم ناوچەیە و لاساری دەکرێت ئەوە پرسیارێکم، پرسیارێکی تریشم بۆ بەڕێز کاك خالید شوانی سەرۆکی دەستەی ناوچە کوردستانییەکان ئەوەیە ئایا جەنابتان ئاگاتان لەدۆخی خانەقین هەیە، خانەقین وەزعێکی زۆر خراپی هەیە ئێمە لەگەڵ کاك ملا ناصر و لەگەڵ کاك گۆران رۆیشتوینەتە ئەوێ، لەگەڵ بەڕێز قایمقام قسەمان کردووە، بەراستی دۆخێکی زۆر خراپە لەو ناوچەیە و لەگەڵ چەند رێکخراوێك کۆبوونەوەمان کردووە هیچ نەحکومەتی هەرێمی کوردستان، نەحکومەتی عیراقی لەوێ ئەو ناوچەیان لێگەراون کە هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ دابین ناکەن، بەراستی حەقە ئەوە یەعنی وابکرێت کە خانەقین لە بیر نەکرێ و چەند جارێك گوێمان لێیە دەڵێن لە خانەقینەوە بۆ زاخۆ، بەڵام بەناو بەداخەوە هەتا بەڕێز قایمقام وتی هەندێك هاوکاریمان بۆ هاتووە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەداخەوە ئیدارەی گەرمیان نەیناردووە بۆمان، ئەوە بە شایدی ئەو برا پەرلەمانتارانە و ئەم هێزەی هاتۆتە ئەم ناوچە پێشتر هێزی حەشدی شەعبی لەو ناوچەیە بوون، ئێمە لەگەڵ بڵێین لیژنەی کاروباری وەزارەتی پێشمەرگە چوونەتە ئەو ناوچەیە و دوا جاریش لەگەڵ ملا ناصر و لەگەڵ ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگا و چەندین جار چووینە سەرمان لەو ناوچەیە داوە و، من ئێستا فیدۆم لایە ئەو چەکدارانەی کە هێرشیان کردۆتە سەر بارەگای وەزارەتی پێشمەرگە لەوێ بە بەرچاوی بە بەردەمی رەبییەکی حەشدی شەعبی دێن و ئەوان بە کامیرایەکەی خۆیان دەیانبینن، بەبێ ئەوەی بەرگری بکەن، وەڵامیان بدەنەوە دێن تەقە دەکەن لە بارەگای سرییەکە و سێ پێشمەرگە شەهید دەکەن وچەندین پێشمەرگەش بریندار دەکەن و بە بەرچاوی ئەوانەوە دەگەڕێنەوە دوای ئەوان بە دۆشکە چەند تەقەییەك دەکەن، بۆ ئەوەی گومانیان لێ نەکرێ، هەتا ئێستاکە ئێمە نازانین ئەم

چەکدارانە عەشایری عەرەبن یان حەشد خۆیانن، یان پاشماوەی چەکدارانی داعشن لەو ناوچەیە، مەفروزە ئەو پرسیارە ئاراستەی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەم، تا چەند لە رووی هەواڵگری و ئیستغباراتییەوە توانیووتانە ئەوە بزانن، من پرسیارێکی تر لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە دەکەم وەکو ئەوەی سەردانی بارەگاکانی هێزی پێشمەرگەمان کردووە لەو ناوچەیە، وەزعی پێشمەرگە لەو ناوچەیە زۆر خراپە لە رووی سەربازی و لەرووی مەسەلەن نوقتەی حەرەسات، کابینە دانراوە لە ناو بارەگای پێشمەرگە، کابینە هیچ ئەهەمیەتێکی نییە، پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا بۆچی پۆشتەو پەرداغ ناکرێ هێزەکانی پێشمەرگە لەو ناوچەیە؟ لەبەر ئەوەی ئەو ناوچە ناوچەیەکە ئەکرێت بەرگری لێ بکرێ وەك بە کابینە چەندین رەبیەیان هەیە، هەتا چەند جۆرێك چەك هەیە و ئێستا مەفهومی شەر گۆڕاوە ئەکرێت وەزارەتی پێشمەرگە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بەڕێزانەی ناوتان نوسیبوو تەواو بوو، ئێستا دەرفەت دەدەین بە وەزیرە بەڕێزەکان بۆ ئەوەی قسەی خۆیان بکەن، هەر وەزیرێك دەتوانێ ناوەکەت ناردووە بۆ سکرتێری پەرلەمان سکرتێری پەرلەمان نەیداوە بە من، ناوت لە ناو ناوەکان تەسجیل نییە، بەڕێز کاك هاورێ یەك دەقە دەرفەتت دەدەمێ یەك قسە بکەی لە سیاغە بچێتە دەرێ قسەکانت دەبڕم فەرموو، لەبەر خاتری موناخان دەرفەتت دەدەمێ، لەبەر ئەوەی نووسراوەکەت ناردووە بۆ ئەو.

**بەڕێز هاورێ بناْ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا تێنەگەی ئەگەر قسەیەکم کرد وەڵام بێ، کاك جلال و کاك شەمۆل بەشایدن ئەگەر ئەوانەی پێشتر ووتومە قسەی لەسەر دەکەم هەر ئەوانەیە، مەوزوعەکەش زۆر گەورەش نین بڵێی گۆرانکارییەك روو دەدا ئێستا لە کوردستان، ئەمەوێ باس لە مەوزوعێك بکەم مەنتیقەی گەرمیان، کفری، خانەقین، دوس ئەمە درێژە دەکێشێ بۆ کەرکووك دوای دێتە مەخمور، دوای دەڕوا دەگاتە شەنگال هەتا دەگاتە مووسل ئەو ناوچانەی کە ناوچەی دەرەوەی هەرێمن سنووری ماددەی (١٤٠)، یەعنی من ئەگەر قسەکانم ئێستا مزایەدەی تیا نابێت بۆ دەرەوەش ناڕوا باشە پەخش نییە بەس بۆ ئینساتە، ئەم مەوزوعە روداوێکە بۆ ئەو روداوانەی ناوی (١٦)ی ئۆکتۆبەرە، هیچ پێویست ناکا ئەگەر ناوی (١٦)ی ئۆکتۆبەریش هێندرا لایەنێك شەخسێك کەسێك وا هەست بکا تەئشیر بەو دەکرێ، رووداوێك بووە رووی داوە و دەبێ پێشمان ئاسایی بێ کاتێك ئەوترێ ریفراندۆم هۆکارە، من بۆخۆم پێش ئەوەی ئەندامی پەرلەمان بم ئەفسەرێك بوومە رۆژی ریفراندۆم رۆیشتوم بە شانازی دەنگم داوە، ئەمە مێژوویەکە بۆ هەمووومان رەنگە لە (١١١) ئەندام پەرلەمان کەسێك بۆی نەرەخسابێت نەرۆیشتبێت دەنگ بدا بە بەڵێ، یا بەهەر جۆرێك لە بەشداری کردووە، یەعنی بۆیە هیچ پێویست بەوە ناکات لایەنێك بە تەشەنوج وەریبگرێت، هەر یەکێك لەو ووشانە بەڵێ ریفراندۆم هۆکارێك بووە بۆ ئەوەی (١٦)ی ئۆکتۆبەر رووبدات لە دوز خورماتوو لە کەرکووك، ئەوەتا دەچمە سەر ناوەڕۆکەکەی ببورە.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ئەی ئەوەی باست کرد چی بوو، ئەوە ڕەئی خۆتە، ئەوە بە تەنیا ڕەئی تۆیە فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ زۆر باشە ڕەئی من، خۆ منیش نەم ووتوە ڕەئی هەمووانە، ئێمە لە دوای ڕاپەڕین تەنها دانپێدانانێك هەمان بێ لەلایەن هاوپەیمانانەوە هێڵی (٣٦) بووە کە ناوچەکانی سنووری هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە، من ئەو قسە ئەکەم بۆ ئەوەی زۆر ڕەشبینیش نەبین، بۆ ئەوەی ئێمە لە دوای ڕوداوەکانی (١٦-١٠) کە وای کرد کۆمەڵێك ناوچەمان لە دەست داوە، بەڵام واقعێك هەیە ئێستا من ئەگەر لە کفری و خانەقین و کەلارت بە میسال بۆ وەربگرم، لەکەلار ئێمە هێڵی (٣٦) نزیکەی دە پانزە کیلۆمەترێك ڕەنگە تێپەڕاند بێ، تەبعەن ئەوە نەبێتە هۆکارێك ئەگەر حکومەتی عیراقی دووبارە بێتەوە، دواتر لە کفری بەهەمان شێوە نزیکەی (١٥) بۆ (٢٠) کیلۆمەتر ڕۆیشتووینەتە پێشەوە، لە دووزخورماتوو مەنتیقەی ناو زنانەو ئەو مەنتیقەی دیسان ڕۆیشتوینەتە پێشەوە لە کەرکووك، ئێمە لە چەمچەماڵ لە بانی مەقان بووین ئێستا چووینەتە چیمەن نزیکەی (١٠) کیلۆمەترێك، با پەیامەکەم بگات، لە کۆیەش بەهەمان شێوە، یەعنی هێڵی (٣٦) مان ئەوە کردووە، دواتر سروشت وایە لەحاڵەتی بەرگری نین لە هیچ یەکێك لە هەڤالانی حکومەت هەموویان براو خوشکی ئێمەن ڕێزیان هەیە، بەڵام هەر یەکێك لەو وەزیرە بەڕێزانە ئەگەر کەم تەرخەمییەکی کردبێت لەگەڵ حورمەتم دەسەڵاتی خۆی باش بەکار نەهێنابێت، ئاگای لە ڕێکەوتنی هێزێك نەبووبێ پەیوەندی بەسەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ودەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، بۆیە ئەگەر هەر یەکێك لەم بەڕێزانە ئەگەر دەسەلاتەکەیان باش بەکارنەهێنابێ پەیوەندی بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیر دەبێ خۆی قەرار بدات، با خۆی وەڵام داتەوە، سوپاس کاك هاوڕێ، نوقتەی نیزامی کاك ئومید فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، هەرچەندە گفتوگۆییەکان تەواو، بەڵام نوقتە نیزامییەکە ماددەی (٥٦) بڕگەی (٢)م خاڵی (٢)م ئەگەر گفتوگۆییەکان لە بابەتی دانیشتنەکە دەرچوو، ئەمن ڕەخنەیەك لە بەڕێزتان دەگرم زۆر لە گفتووگۆکان لە بابەتی دانیشتنەکان دەرچوون، دەرفەتتدا، هیوادارین لە کۆبوونەوەکانی دیکە، یان لە بەرنامەی کاری دیکە ئەوە دووبارە نەبێتەوە، دووش ئەگەر دەرفەتم دەی نیو دەقە، ئەگەر ئێمە نوێنەری خەڵکی کوردستانین، دڵسۆزی خەڵکی کوردستانین، خەڵکی کوردستان برایەتی لە ئێمە دەوێ، ئەگەر ئێمەی پارتییەکان نوێنەری پارتینەو دڵسۆزی حزبەکەی خۆمانین، سەرکردایەتی ئێمە برایەتی دەوێ، ئەگەر بەڕێزان لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دڵسۆزی یەکێتینە، یەکێتی برایەتی دەوێ، ئەمڕۆ یادی سیانزەهەمین ساڵەی

واژووکردنی رێکەوتنامەی ستراتیژیە کە لەلایەن بەڕێز خوالێخۆش بوو مام جلال و سەرۆك بارزانی واژوو کراوە، دوێنێش تەتەوەرات هەیە، ئەمڕۆش تەتەوەراتی دیکە هەبووە، ئەگەر ئێمە راست دەکەین دەبێ هاوکاری سەرکردایەتی خۆمان بین، نەك کێشەکان قوڵ کەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، بەڕێزان کاك کاوە تەواو بووە هەر یەك سانیەش نییە، بەڕێزان وەزیرانی پێشمەرگە، ناوخۆ، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوسان، محاوەلە بکەن هەر یەکێکتان بە ماوەی (٧) دەقە وەڵام بدەنەوە، بۆ ئەوەی بۆ پێنج ئەو تەوەرەمان تەواو کردبێ، دواتر لیژنە تایبەتمەندەکان رادەسپێرین بەگوێرەی بڕگەی (٢) لە ماددەی (٦٧) چ جۆرە ئیجرائێکیان پێ باشە بۆ تەعامول کردن لەگەڵ ئەم دانیشتنەی کە کردوومانە، دواتر دەستەی سەرۆکایەتی ئاگادار بکەنەوە، بەڵێ فەرموون وەزیری پێشمەرگە.

**بەڕێز شۆڕش اسماعیل عبدالله/ وەزیری کاروباری پێشمەرگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس بۆ ئەم پرسیارانە، دڵنیام کە هەموو لە ئەنجامی پەرۆشی و دڵسۆزییە، هەم بۆ ئەو ناوچانەی کە پێشمەرگە لێی جێگیرە، هەم بۆ وەزعی پێشمەرگە، هەم بۆ ئایندەی پێشمەرگەش، لەسەر ئەوەی کە پرسیار کرا کە ئێمە ئەو راپۆرتەمان نەناردووە بۆ لیژنەی پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان، گلەییەکی حەقە، بەڵام ئێمە تا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەنجامێك کە رێکەوتنی کۆتایی بکەین، کە رێکەوتنی کۆتایی کرا ئەتوانین راپۆرتیشیان بە دوورودرێژی بۆ بنووسین و خۆشیان ئەتوانن هەرکاتێك پرسیاریان هەبوو یا شتێکیان هەبوو لەو بارەییەوە پرسیارەکان بکەن، بۆ لەمەودواش ئێمە دەتوانین هەنگاو بەهەنگاو لە گفتوگۆیەکانمان ئاگاداریان بکەینەوە، لەسەر هۆکاری پلە بەرزکردنەوەی پێشمەرگە ئەوە یەکێکە لەو موشکیلانەی کە بەراستی لە هەموو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران، یانیش ئەگەر نەڵێم لە هەموو کۆبوونەوەکان لە زۆربەی قسەی لەسەر دەکرێ و داوای زۆربەی زۆری ئەو پێشمەرگانەشە کە شایستەن کە حەقی خۆیانە کە مافی خۆیانە، بەڵام لە ٢٠١٧ وە وەکو ووترا لە وەزارەتی ناوخۆیا هێزەکانی دیکە لە کاتی خۆیا پلەکانیان یا شایستەکانیان بەرز دەکرێتەوە.

کێشەیەك هەبووە لە وەزارەتی پێشمەرگە کە ئەو (٧٠) هەم (٨٠) کە گوایە لیستەکانیان ناردووە، من کە چووم هی ٢٠١٧ ش نەنێردراوە کە ناردوومانە ئەوەندە پلەداری تێدابووە کە لە ئاستی ستاندەر، نەك ستاندەر لە زۆر شتیدیکەشی تێپەڕاندووە کە نزیکەی (٦) هەزار پلە بەرزکردنەوە هەبووە بۆ لیوا، بۆ عەمید، بۆ لیوا ئەوانی تر لە ئاستێکدا بووە کە یەعنی ئەگەر دەوڵەتێکی گەورەش بێ ئەوەندە پلەداروو، بەڵام مادەم بەو شێوەیە عورفەکە وایلێهاتوە کە بە موخالەفەو بە شایستەو بە ناشایستە پلەی بەرزکراوەتەوە، بەڵێنێکمان لە ئەنجومەنی وەزیران وەرگرتووە کە دەمێکە لەوێیە، دەمێکە داوای پلە بەرزکردنەوە لەوێیە، بەڵام راگیراوە لەبەر ئەوەی بەشێکی موخالەفەی تێدایە.

ئومێدم وایە لەم یەك دوو مانگەدا چارەسەر بکرێ، لەسەر کێشانەوەی هێزەکان لەو ناوچانەی وەختی خۆی ئێمە من ئەوەتەی لەوێم ووردەکاری ئەوانە لای من نییە، ئەوەی لەگەڵ وەزارەتی بەرگری عیراقدا لەسەر ئەوەی برادەرێك پرسیاری کرد کە ئێمە لەسەر ئەوە رێك نەکەوتوین کە لیستی مووچەمان نەناردووە، ئێمە ئامادەبووین کە ئەو کابینەی پێشوتردا لەگەڵ وەزیری بەرگری عیراقدا هەموو ئاسانکارییەکمان قبوڵ بووەو یارمەتیشمان داون، کێشە لەسەر ئەوە نەبووە بە پێچەوانەوە وەزارەتی بەرگری عیراق نووسراوی کردووە بۆ وەزارەتی دارایی دەوڵەتی عیراق کە شایستەی مووچەی پێشمەرگە بدرێ، لەبەر ئەوەی لە میزانییەی ساڵی ٢٠١٩ دا بە رەسمی بڕیاری لەسەر دراوە کە (٦٠) و ئەوەندە ملیار دینارە حەقی خۆیەتی پێشمەرگەش مادام بەشێکە لە سیستەمی بەرگری عیراق، مووچەی هەر وەکو تاکێك کارمەندێك لە وەزارەتی بەرگری عیراق دا مووچەکەی پێ بدرێ، لەبەر ئەوەی کێشەی ئەوەمان نەبووە، هێرشی گەرمیان ئێمە ئاگادار نین من ئەو وەڵامە بە وەڵامی ئەو پرسیارانەشی کە زۆر کرا کە چۆن دەکرێ لە پشتەوە هێزێکی کە رێکەوتن لەگەڵ دەزگایەکی تری عیراقیدا بکات.
پێم وایە ئەندامانی پەرلەمان دەبێ بە دواداچوونی ووردیان هەبێ لەو مەوزوعانەیدا، دوو عەمەلی لەو ناوچەیە کراوە ئەمینداری گشتی پێشمەرگەش باسی ئەوەی کردووە کە راستە ئێمە وەکو وەزارەتی پێشمەرگە ئاگادار نەبووین بەئاشکرا جەیشی عیراقی تەشقەڵە بە پێشمەرگە دەکات، بیانوومان پێ دەگرێ، هەمووتان دەزانن کە ئەو هێزو توانایەی کە پێشمەرگە جاران هەیبووە رەنگە لەو ئاستە نەمابێ، لەبەر ئەوەی ئێمە لەبەر ناکۆکی و ململانێی ناوخۆمانەوە کەمتر توانیومانە خزمەتی پێشمەرگە بکەین، برادەران ئەوەتا ئێمە لەسەر شتێکی بەسیت لێرە، لەبەر ئەوەی مەوقفی کورد بەم وەزعەیە کە عیراق بە ئاشکرا تەشقەڵە دەکات، بەڵام ئومێدم وایە لە هاتنی کابینەی کازمیدا هەوڵ بدرێ کە بە شێوەیەکی تر، بەڵام بە ئاشکرا ئێمە کەی یەکگرتوو بووین تەنیا چەکێکە کە کورد بە دەستیەوەییەتی، ئەوەیە یەکی یەکگرتووی میللەتەکەیەتی، ئێ ئێمە ئەو یەکگرتوەشمان ئێستا لە ئاستێکی پێویستدا نییە، لەبەر ئەوە قەت گلەیی لەوە مەکەن کە پێشمەرگە بۆ ناتوانی چ ئەوە بکات لەسەر ئەوەی کە لە هەندێك ناوچە پێشمەرگە، مەسەلەن بەتایبەتی لە ناوچەی گوڵەجۆ ئەو مەنتیقانە پێشمەرگە پر چەك نەکراوە، راستە پر چەك نەکراوە، لەبەر ئەوەی ئێمە ئێستا بەو میزانییە کەمەی کە هەمانە، من مانگی وا هەبووە پارەیەکی کەم لەم مانگەوە بڕیار دراوە مانگی دوو ملیارمان بدەنێ، کە ئێستا مانگی وا هەبووە (٢٥٠) ملیۆن دینار هاتۆتە وەزارەتی پێشمەرگە، ئینجا لەوە دامانناوە مانگی دوو دووربینی شەو بکرێن هێزێك کە ئێستا هەمووتان دەزانن شەر شەری تەکنەلۆجیایە، شەری ئەو تەقلیدیە نەماوە بەرامبەرەکەت کە ئەو هێزەی عیراقیە حەشدی شەعبیە، چەند ساڵایکا خۆی رێکخستوە چەکی پێشکەوتووی هەیە، قیادەو سەیتەرەی هەیە، ئێ هێزی پێشمەرگە خۆ ئەمە یەعنی تەعنێ نییە پێشمەرگە قارەمانییەتی وسەروەری گەورەی تۆمار کردووە، داعشی تێکشکاندووە، بۆتە جێی شانازی لە جیاتی هەموو دونیا شەری کردووە، بەڵام ئەگەر لایەنێکیشی باسکەین هێزی پێشمەرگە باشتر بکەین، گەشەی پێ بکەین، پڕ مەشقی بکەین، پڕ چەکی بکەین، پۆشتەو پەرداخی بکەین نەمانتوانیوە، لەبەر ئەوەی هەم لە کابینەی نوێدا، هەم وەزعی دارایی بەم شێوەی لێ هاتووە و پێشتریش کە بەسەدان ملیۆن دۆلار لەبەر دەستدا بووە، نەتوانراوە

زۆر شتی کە دەکرا، شتی ستراتیجی بێ پێی بکرێ نەکراوە، ئومێدمان وایە لەمەودوا ئیمکانیەت ڕێگە بدات کە بتوانین ئەو شتانە چارەسەر بکەین.
میلاکی پێشمەرگە من نایەمە وردەکاری میلاکی پێشمەرگە ئێمە هێزی (٧٠و٨٠) هەیە بەڕێزتان هەمووتان خۆتان بەشداربوون لە یاسای چاکسازیدا، یاسای چاکسازی چەند بۆ حوکمرانی بۆ سێکتەرەکانی جومگەی تر لەحکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگە، سەد ئەوەندە بۆ هێزی پێشمەرگە گرنگە، چونکە چەند ماددەیەکی پێنج شەش ماددەی پەیوەستە بە وەزارەتی پێشمەرگە، ئێمە لە هەموو ئەو ماددانەیا کە لە مەسەلەی دارایی کارگێری و هەتا یەکخستن و قیادەو سەیتەرەو دروستکردنی سەرکردایەتی ناوچەکاندا هەنگاوی جدیمان ناوە، من حەز دەکەم بزانن ئێمە کەمتر قسەمانکردووە، بەڵام ئیشی زۆر لە وەزارەتی پێشمەرگە کراوە، توانراوە یەعنی پێشمەرگە هەنگاو بەهەنگاو بکەین بە هێزێکی نیشتیمانی، بەڵام هێزێك من ئەلێم نیشتیمانی کۆنترۆڵی سیاسی لەسەر نەبێ، هێزێکی یەکگرتووی نیشتیمانی بێ کە وەزارەتی پێشمەرگە قیادەی بکات و وەزارەتی پێشمەرگەش حکومەتێکی دیموکراتییە، حکومەتی هەرێمی کوردستان قیادەی بکات، نەك هەر لیواییەك شەخسێك قیادەی بکات، هەر فەوجێك شەخسێك قیادەی بکا کە ئەمە ئەگەر فریا نەکەوین دەستوبرد نەکەین و پەلە نەکەین خەتەرێکی گەورە لەسەر پێشمەرگە هەیە، ڕەنگە ببێ بە هێزی شەخسیش نەك ببێ بە هێزی حیزب.
ئێمە لەسەر مەسەلەی دکتۆر ڕێبوار باسی مەسەلەی چۆن لەگەڵ حەشدی شەعبی تەعامول ناکەین، ئێمە لە ئێستادا گەورەترین موشکیلەمان لە هەندێك مەنتیقە هەیە، وامان کردووە کە ئەو مەنتیقانە وەکو برایەك پرسیارێکی کرد پرسیارێکی جوانی کرد، وتی کە بە بەرچاوی حەشدی شەعبیا ئەو هێزە دێنە سەر دێهاتی کورد، دێنە سەر مەقەراتی پێشمەرگە دەست دەوەشێنن و لەبەر چاوی ئەوانە دەڕۆن، هەموو ئەوانە بۆچوونەو ئەتوانم بلێم یەقینیشی لەسەر دروست بووە، چونکە هەموو ئەو هێزانەی کە لەو مەنتیقانەیا هەن پێکەوە پشتیوانی تەعریبن، پێکەوە پشتیوانی چۆڵکردنی دێهاتەکانی ئەو مەنتیقە کوردنیشینانەن، لەبەر ئەوەی لە قۆناغی ئێستایە ئێمە لەو مەنتیقە لەگەڵ سوپایە، بۆ ئەوەی دوور کەوینەوە، بەڵام لە ئایندەیا ئەو لیژنەی تەنسیقەی کە لەمەنتیقەی نەینەوا دروست دەکرێ بۆ ئەوەیە لەگەڵ حەشدی شەعبیشا ئەو موشکیلانەی کە ساترو ڕێگری لە هاتووچۆ دەکرێ ئەوانەش چارەسەر بکرێ، ئەلێ بۆچی هاوپەیمانان بەدیار چاویانەوە کە ئەبینن ئەو غەدرە لە ناوچە کوردستانییەکان ئەکرێ چۆن قبوڵی دەکەن، ئەی کورد بۆ بەزەیی بەخۆیدا نایەتەوە، کورد خۆی بۆ بەزەیی بەخۆیدا نایاتەوە یەکگرتووبێ، کورد بۆ بەزەیی بەخۆیدا نایایاتەوە یەك هەڵوێست بێ و یەك قسە بێ لە عیراق و لە پەرلەمانی عیراق و، لە بەغدا ئێمە ئەو وەفدانەی کە ئەچن ئەوەندەی ئەندام پەرلەمانی کورد هەیە لە بەغدا کە لەسەر شاشەوە قسە بە کورد دەڵێ، قسە بە پێشمەرگەو قسە بەوە دەڵێ ئەی ئەمە بۆ ئێمە بۆخۆمان، ئیحراجیەکی گەورە نییە کە وەفدی ئێمە چۆتە بەغدا دەڵێ کوردەکانی ئێوە ئەبینن لەسەر تەلەفیزۆن قسەتان پێ ئەڵێن، لەبەر ئەوە کورد بە دەرەجە یەك خۆی بەزەیی بەخۆیدا بێتەوە، هاوپەیمانان ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئێمەیان وەزارەتی پێشمەرگە هەموو ئیمکانیەتێکیان خستۆتە ژێر دەستی ئێمە، بەڵام ئێمە بە قسەیان ناکەین، ئێمە گوێیان پێ نادەین، ئێمەی کورد منەتمان بە کەس نییە ئێمە خۆمان لە هەموو کەس بە گەورەتر

ئەزانین، بە عاقلتر دەزانین بە دەسەڵاتر دەزانین کە لێشمان دەقەومێ، ئینجا دەزانین ئەگینا ئەوان درێغیان نەکردووە، ئەوان ئامۆژگاریمان دەکەن، هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵماندان ئەیانەوێت ئەو چوار دەوریی لیوامان بۆ چەکدار بکەن، ئەگەر ئێمە یەکگرتوو هەنگاوی باشتر بنێین هەموو هیواکانی (٧٠ و ٨٠) شمان بۆ پڕ چەك دەکەن، هەر بۆ زانیاریتان ئێمە لە (٧٠ و ٨٠) کە بە هەمان میلاکی وەزارەتی پێشمەرگە دەستمان پێکردووە کە (٧٠ و ٨٠) ش کە خۆشبەختانە ئەوپەری پشتیوانی یاسای چاکسازی پرۆسەی چاکسازی ئەکەن، رەنگە گرفتی بچووك هەبێ کە تەبیعیە ئەوەش نەبۆتە گرفتی گەورە کە رێگر بێ ئەوانیش بە هەمان شێوە لەسەر لیوای سێ فەوجی دروست دەکرێ و ئومێدمان وایە هەرچی زووتر بتوانین ئەوە بکەین لە مەسلەحەتی ئێمەیا.

ئەوە سەیری سوئالەکان دەکەم ببورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان پرسیارێکی دیکە ئەلێ قەناعەت دروست بووە لە عیراق پیشمەرگە بگەڕێتەوە ئەمە پرسێکی سیاسیە پەیوەندی نییە بە قەناعەتەوە کەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەی خەڵکی کوردستان بەهێز بوو، کەی پێشمەرگە بە هێز بوو هێز بڕیاری یەکلاکەرەوە دەدات شوێن و جێگەو رێگەی هەرێمی کوردستان لە کوێدایە، بۆیە ئێمە چەند خۆمان رێکبخەین، چەند یەك و یەکگرتووبین، ئەگینا وەکو ئەوەی تر عیراق رازی بێ رەنگە ئەوەی هەشمانە رەنگە چاویان پێ هەڵنایە ئەوەشمان لێ ئەسەنەوە، بۆیە پەیوەستە بە یەکریزی و یەك هەڵوێستی خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش یەك و یەکگرتووبێ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەگەر لە ژێر یەك قیادەیا نەبێ لە کوێی دونیا ئەو هێزە ماوە مەگەر لەناو فەلەستینیەکاندا ئەوانە مابێ، ئەگەر نا لە کوێی دنیا ماوە هێزێ لە چەند شوێنێکەوە تەوجیهبکرێ، لەبەر ئەوە ئەمە خاڵێکی موهیمەو هاوپەیمانانیش تەئکیدمان لێ دەکەنەوە کە ئەبێ کۆنترۆڵی سیاسی لەسەر هێزی پێشمەرگەوە نەمێنێ، ئەگینا تکاتان لێ دەکەم بزانن ئەوانیش ماندوو بوون پێیان وتوون ئەگەر هەر رۆژێکیش بگاتە ئەوەی کە ئیتر قەناعەتیان هەبێ کە ئێمە ئەوەندە پێداگرین لەسەر ئەوەی کە بەو شێوەیە هێزەکەمان پەرشوبڵاو بمێنێتەوە ئەوانیش لە ئایندەیا بڕیارێکی تر دەدەن، ئێمە بە دیاری کراوی لە ناوچەی مەفرەقی کارێز یازدە کیلۆمەتر چووینەتە پێشەوە، ئێمە نەمانووتوە ئێمە دەسەڵاتی پێشمەرگە ئەوەیە، یەعنی ئێمە ناتوانین لەوە زیاتر بچینە پێشەوە ئەویش پێشمەرگە بەجورئەت و ئازایەتی خۆی کە عیراق هاتووە چووە بەری پێگرتووە، ئێمە دەمانەوێ هێڵێکی بەرگری دروست بکەین پێکەوە لەگەڵ عیراقدا، عیراق نیازی خراپتری هەیە، عیراق دەیەوێ بێ هەموو ئەو شوێنانە بگرێتەوە لە ٢٠٠٣ پێشمەرگەی لێ بووە و رەنگە بەرنامەی لەوە خراپتریشیان هەبێ، من نامەوێ لێرە باسی کەم، بەڵام ئێمە زانیاریمان هەیە ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێ زانیاری دەقیق سەرچاوەی ئابوری کوردستانیش وێران دەکات پێشمەرگە لە کاتی ئاڵوگۆڕا خۆپارێزی هەموو رێگایەکیان گرتۆتەبەر، خۆشبەختانە تا ئێستا کەمترین توش بوو لە ناو هێزی پێشمەرگە هەیە، یەعنی ئەم کۆرۆنایە هەیە کارێکی وای نەکردووە کە پێشمەرگە لەو ئەرکەی کە لەسەر شانییەتی نەتوانێ بە سەرکەوتوو جێبەجێی بکات، ئەڵێ چۆن رێگە دەدەی حەشد لەو ناوچانە بێ کە دژی کورد بن، پەیوەستە بە دەسەڵاتی خۆمانەوە با ئێمە هەنگاوی جدی بنێین لێك تێگەیشتن و یەکریزی کە تەنیا چەکە بەدەست ئەو میللەتەوە، ئەوانیش ناتوانن بە

ئارەزووی خۆیان لەو مەنتیقانە سووکایەتی بە موقەدەسات و تاکی کورد بکەن، پەیوەستە بەخۆمانەوە ئێمە خۆمان ئامادەین لەسەر جوزئێك، لەسەر شتێك کە هی حیزبەکەمە دۆو دۆشاو تێکەڵ بکەم، بەس لە سەر سەدان کیلۆمەترو هەزاران کیلۆمەتری خاکی کوردستان گوێ نادەینێ، چونکە ئەوە بە هی خۆم نازانم، بەس حیزبەکە بە هی خۆم دەزانم، کەی هاتەسەر ئەوە حیزب میکانیزمە کوردستان ستراتیژو ئامانجە ئەوکاتە ئەتوانین نەك حەشدی شەعبی هیچ هێزێکی دیکە نەتوانێ ئەو مۆقیفە لاوازەی کە ئێستا کورد هەیەتی بەردەوام بێ لەسەری، لەبەر ئەوە لەسەر لیواکان تۆ لیوای (١٦) بگەرێتەوە سەر سوپای عیراق، ئێمە ناتوانین لە ئێستادا لەبەر ئەوەی گفتوگۆکان لە حاڵەتێکی زۆر خراپ دایە، ناتوانین هیچ لیوایەك بگەرێنینەوە، بەڵام کە ئەو لیوایانەی کە هەمانە لیوای (١٦ و ١٤) کە دوو لیوای زۆر مونەزمن و ئەو دوو لیوایە کە لەماوەی چەند مانگەیە جەیشی ئەمریکا بە پێشکەوتووترین چەك، چەکی قورس و چەکی تایبەتی خۆیان پڕ چەکیان دەکەن، لەبەر ئەوەی دوو لیوای بە قوەتن، ئێمە هیچ زەمانێك نییە بۆ پاراستنی ئەو ناوچە کوردستانییە، زەمان خۆمانین خۆمان بە هێز بکەین و بتوانین خۆمان یەك و یەکگرتووبین، نەشمان ووتوە جارێ لەگەڵ حەشدی شەعبی دانانیشین، بەڵام ئێمە سەرەتا لەبەر ئەوەی وەزارەتی بەرگری عیراق، وەزارەتی سوپای عیراق وەزارەتێکە کە ئێمە زۆربەی ئەو جەبهانەی کە هەمانە رووبەرووی بەرامبەرمان سوپای عیراقە، قۆناغی یەکەم لەگەڵ ئەواندا دادەنیشین و ئەوش لە بەرژەوەندی ئێمەیە ئەگەر ئێمە بگەرێینەوە بۆ ئەو ناوچە کوردستانیانە نابین بە قەڵغان بۆ سوپای عیراق، ئەگەر ئێمە هێزو توانامان هەبێ بگەرێینەوە ئەبین بە قەڵغان و سوپای پاراستنی خاکی کوردستانی ناوچە کوردستانییەکان، نەك بۆ ئەوانە ئەوە پرسیارێکی جوانە کە دەڵێ هەندێ پێشمەرگە لەکاتی واجبدا گیانی لە دەست داوە، لەبەر ئەوەی یاسای شەهید، شەهیدان تەعریفی شەهید بکا ئەبێ بەشێوەیەك شەهید، یەعنی لە سەنگەری رووبەرووبونەوە لەگەڵ دووژمنانی گەلی کوردستانا بە فیشەك و بەوە شەهید بووبێ گیانی بەخشیبێ، ئێمە لە ئەنجومەنی وەزیران مناقەشەمان لەسەر ئەوە کردووە خەڵك هەیە تێکۆشەرە، پێشمەرگە هەیە لە سەنگەرەکەدابووە مافی هەیە لە سەنگەرەکە بووە جەڵدە لێی داوە فریا نەکەوتووە، سەیارە وەرگەراوە لە جەبهەیەکەوە چووە بۆ جەبهەیەکی دیکە، قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەمە یەك و دووان نییە زۆریشن، هەتا ئێمە پێداگریمان لەسەر ئەوە کردووە کە پێشمەرگە ئەچێتەوە ئەو گوندانەی کە سنووری تورکیاو ئێرانە، لەوێ بەتۆپ شەهید دەبێ، ئەی ئەوانە هەتا ئەوانەی خۆبەخشن خەڵکی پارچەکانی تری کوردستانن هاتوون لەگەڵ ئێمەدا شان بەشانی شەهید بوون و گیانیان بەخشیوە ئەی ئەوانە بۆ بەشەهید حیساب ناکرێن؟ لە یاساکەدا ئەو کەمووکوڕیانەی تیایە بڕیارە هەموار بکرێتەوە ئەوانە چارەسەر بکرێن، ئێمە هیچ ئاگادار نەبووین لە هێزی دژە تیرۆری سلێمانی، لەگەڵ دژە تیرۆری عیراق ئینتفاقیان کردووە بۆ کارێك کە لە عومقی ناوچە کوردستانییەکاندا لەخوار دیالەوە بووە، جیا بەوە ئەوان پەیوەست نەبووە ئەوان پێکەوە چوون لەگەڵ دژە تیرۆری عیراقدا لە فەوجێك کەمتر لەگەڵ ئەوان عەمەلیەکیان کردووە لە مەنتیقەی دوورەوە، ئەوەی سوپای عیراقە هاتووە نەپرسی بە کەس کردووە نە منەتی بە کەسیشە، ئەخیر پرسیار رەنگە ئەوانە ببورن کەشتی ترم بیرچووبێ، ئەوەی ماوە هەموو پرسیارەکان بنووسن، ئێمە کە چووینەتە وەزارەتی پێشمەرگە، راستە ساڵانە بایی

ملیارەها کابینە کراوە، من لەوەتەی چوومەتە ناو وەزارەتی پێشمەرگە کابینە دروستکردنمان مەمنوع کردووە، رەنگە ملیار دینار بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، چونکە کابینە نەپێشمەرگە ئەپارێزێ، نەئیشی پێشمەرگە، یەعنی ئێمە پێشمەرگەمان پەروەردە نەکردووە بەو گیانەی کە چۆتە شوێنێك خۆی ماندوو بکات ساتر هەڵکەنێ شوێن بۆخۆی دروست بکا، هەر ئەوەمان کردووە کابینەمان دروست کردووە داومانتە داینێن، خێمەمان داونەتێ داینێ نایەمە ناو تەفاسڵ، بەڵام وردەکاریەکەی، بەڵام هەوڵماندواە جوگرافیای عەسکەری کوردستان وامان لێکردووە کە پێشمەرگە لە کوێ پێویستی بەمقەر لیوایە، لەکوێ پێویستی بەمقەر فەوجە لە کوێ پێویستی بەرەبایەی باشە، رەبایە کەوایە کە دروست دەکرێن ئەبێ بە کەرەستەی سەربازی دروست بکرێ و بتوانێ پێشمەرگە خۆی تێدا حەشار بدات لە فیشەك و رەشەباو لە تۆپ و زستان و لە هەموو ئەو شتانە بپارێزرێن، بۆیە رەنگە ئێستا کاتی نەبێ لەسەر ئەوەی بۆ نەمانتوانیوە من ناتوانم هەمووی بخەمە ئەستۆی ئەوەی کە ستراتیجێك نەبووە چ لە کابینەکانی پێشوی حکومەتی هەرێمی کوردستان رەنگە ستراتیج هەبێ بەو قەناعەتەی کە وەزارەتی پێشمەرگە حەفتا بۆ یەکێتی و پارتی ئەبێ لە بەینی خۆیاندا بەم شێوەیە بڕوا، بەڵام ئەمە دەرکەوتووە کە ئەمە شکستە، ئەمە غەڵەتە پێشمەرگە باجی داوە نەمانتوانیوە پێشمەرگە مووچەی باش بکەین، ژیانی باش بکەین، گوزەرانی باش بکەین شوێنی حەوانەوەی باش بکەین، پڕ چەکی بکەین هەتا لەسەرووی هەمووشیەوە کە باسمان کرد ئەوەی کە ئێستا بریتیە لە شەری تەکنەلۆجیا، پێشمەرگە مەحرومە لەوانە لەمانگی رابردوودا لەبەر ئەوە خۆ بە ئیمکانیەت دەکرێ، بەڵام راستە بە ئیمکانیەت دەکرێ، بەڵام خۆ تۆ ئەکرێ ئەقڵییەتێکی ستراتیجی هەبێ کە پارە هەبوو بیر لە ساڵێکی کە، بیر لە دوو ساڵی تر، دەی تر بکەیتەوە و بیر لەوە بکەیتەوە ئەمرۆ مەترسی نییە سبەینێ مەترسییە بۆ هێزی پێشمەرگە، بۆیە ئێمە هەموو هەوڵ و توانای خۆمان دەخەینە گەر بۆ ئەوەی ئەوەی کە پێویستە بۆ پێشمەرگە و لە سەرەتاشدا ئێمە ئابوونەمان نەهێشتووە، سزای سیاسیمان نەهێشتووە، کۆمەڵێ شتیکەمان نەهێشتووە، کە پەیوەستە بەوەی کە علمی بڵێین دسپلینی سەربازی لەناو فەرماندەکاندا لە ناو ئامر لیوایە لەگەڵ قیادەکاندا کە ئەوانە لێمان مەنع کردوون، کە ئەوانە ببن بە بەشێك لە سۆشیال میدیا ئامر لیوایە، ئامر فەوجە نابێ کاتی خۆی بەسەر فەیسبوك و ئەوانە تەرخان بکات، کۆمەڵێکی زۆر خاڵ هەیە کە رەنگە بەشێکی پێویست نەکات ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگە هەنگاوی باش و جدیمان بۆ ناوە و ئومێدم وایە بە پشتیوانی هەمووڵایەك بتوانین ئەگەر دەرفەت هەبێ هێزێك دروست بکەین کە ئەو هێزە بێت کە فعلەن هێزێکی کوردستانی بێ و بەدەربێ لەوەی کە کۆنترۆڵ بکرێ لە هەر شوێنێکی تر و زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، بەڕێز وەزیری ناوخۆ فەرموون، چاوەڕێ بکە با هەموو وەزیرە بەڕێزەکان قسە بکەن، بۆی بنووسە کاك بەڵێن نا دەرفەتان نادەمەوە پەرلەمانتار قسە بکات، بینووسەوە بۆ جەنابی وەزیر، وا دەکەم وەڵامت بداتەوە دەرگای گفتوگۆ جارێکی تر ناکرێتەوە، هەر نیو دەقەش نییە کاك بەڵێن قسەی خۆتانتان کردووە.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد / وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرکی پەرلەمان.**

ئامادەبووانی بەڕێز سوپاس بۆ لێدوان و ئەو بۆچوون و پرسیارانەی کە ئاراستەتان کردووەو وروژاندتان، ئێمە موتەئکیدین بۆ ئەوەی کە هەموومان وەك تیمی حکومەت و تیمی پەرلەمان بەیەکەوە بتوانین خزمەتێکی باشترو ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە ئاست داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی جێبەجێ بکەین، ئێمە دەبێت لەسەر چوارچێوەی هەمووومان موتەفق بین کە کێشەی ئێمە کێشەی مووچە نییە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، کێشەی ئێمە کێشەی خاکە، کێشەی نەتەوەیە، کێشەی پێکهاتەکانە و کێشەیەکی مێژوویە، کێشەی هەبوونە، ئێمە کێشەیەکی دەستووری و یاسایمان هەیە لەو وولاتە شتێك نییە لە هیچ قۆناغێك لە قۆناغەکانی مێژوو، کێشەی ئێمە کێشەی مووچە نەبووە ئەگەر ئێمە بە مووچە رازیبواینایە رژێمەکانی پێش ٢٠٠٣ مووچەی باشتریان بە ئێمە دەدا، شتی باشتریان بۆ ئێمە دەکرد، ئێمە شەری ئێمە شەرێکی ترە، مەبەستم شەر خەباتە، هەمومان خەبات دەکەین بۆ شتێکی زۆر گەورەتر و ئەو ئامانجانەش تەئکید لێ دەکەینەوە بە یەکریزی یەك هەڵوێستی بێتە ئەنجام، ئێمە لەسەر دوو شت لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کێشەمان هەیە، یەك متمانە لە نێوان هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی متمانە نییە، ئەوەی ئێستاو ئەوەی پێش ٢٠٠٣ لە سەردەمی پاشایەتییەوە تا ئێستا موشکیلەی ئێمە متمانەیە، ئەگەر نا ئێمە کەرکووك و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەشێك بن لە هەرێمی کوردستان، کاتێك هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عیراق چ کێشە دروست دەبێت، بۆیە کێشەی ئێمە هی ئێستا نییە قوڵترە و دەگەرێتەوە رەگ و ریشەکانی بۆ مێژوو دەگەرێتەوە، باوك و باپیرانی هەمووتان هەمووومان بە یەکەوە خەباتمان کردووە بۆ ئەوەی گەیشتوینەتە ئەورۆ، بابەتەکە یەعنی قەتیز ناکرێتەوە لەوەی کە شتێکی بچووك بێت، مەبدەئی دووەم کە ئێمە کێشەمان هەیە لەسەری لە عیراق لە روانگەی هێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئێمە دەکرێت، هەر کاتێك لە بەغدا ئەوان بەهێز بن، ئەوان لاواز بین، داواکاریەکانی ئێمە سەدای نییەو رەنگدانەوەی نابێت و پێشوازی لێ ناکرێ، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئێمە بەهێز بین هەوڵ دەدەن کات بکوژن هەتاوەکو بەهێز دەبنەوە، بۆیە ئێمە لە مێژووی سەد ساڵەی رابردوو چەند هەلێکمان لە دەست داوە، هیوادارم لە داهاتوودا هەلی تر دروست بکەین و بەیەکەوە بتوانین ئەو هەلانە لە دەست نەدەین، ئێستا ئێمە باس لە جێبەجێکردنی ماددەی (١٤٠) دەکەین ماددەی (١٤٠) لە دەستووری عیراقی چەسپێندراوە، دوای ئەوەی کە ماددەی (٥٨) کە یاسای ئیدارەی کاتی حکومەت بوو گوازرایەوە دەستوور جارێ ماددەی (١٤٠) تایبەت نییە بەس بە کورد، بۆ ئەوەی تەفسیرێکی تری لێ نەکرێت ماددەیەکە بۆ هەموو عیراقە، تورکمان، برایەنی کلدو سریان و ئاشوری و هەروەها پێکهاتەکانی تر کە عەرەب هەندێك لە شیعە کێشەیان هەیە لەسەر ئەو مەوزوعە، هەندێك پارێزگاکانی نەجەف و کەربەلا ئەم بابەتە بابڵێم بابەتێکی دەستووریە تایبەتە بە هەموو پێکهاتەکان و حەز دەکەین هاوشان لەگەڵ ئێمەی کوردستانی یان کوردان برایانی تری پێکهاتەکان وەکو ئێمە سوور لەسەر جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستووریانەی کە تایبەت بە ماددەی (١٤٠)، ئەگەر ئێمە بە یەکەوە لەگەڵ پێکهاتەکان سەیری رابردووی خۆمان بکەین لە کەرکووك و ناوچەکانی تر هەڵسەنگاندنێك

دروست بکەین، رەنگە ئێمەش وەکو کورد لە ئەدای ئەو مەنتیقەیە رازی نەبین، بۆیە برایانی تورکمان و خەڵکی تریش لەو مەنتیقەیە بە حەساسیەت وەری نەگرن، ئێمە هەمیشە دەتوانین باشتر بین و بەڵێ سیاسەتێکی نوێ هەیە دەمانەوێت پێداچوونەوە بکەین بە ئەو بارودۆخەی هەیە لە کەرکووك لە شەنگال لە مووسڵ لە خانەقین، دەمانەوێ ئێمە کوردو تورکمان و برایانی کلدو سریان و ئاشور لەگەڵ عەرەبە رەسەنەکان کە لەو ناوچەیە دەژین بەیەکەوە پرۆسەیەکی تری نوێ پێشکەش بکەین، بەڕێزان ئێمە وەکو گوتم لە بیدایەت لە جەلسەی بەیانییەکە ئێمە پلانمان لەسەر دوو قۆناغە، قۆناغێك لە دوای (١٦) ی ئۆکتۆبەرەوە دەست پێ دەکات کە ئاسایی کردنەوەی ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە، بەداخەوە ئێمە ئاوارەی ساڵی ٢٠١٧ مان هەیە ئێمە داگیرکردنی سەرو ماڵ و موڵکی خەڵکمان هەیە، ئێمە پرۆسەی تەعریبکردنی دوای ساڵی ٢٠١٧ مان هەیە، ئینجا ئەگەر ئەو قۆناغە ئێمە گەیاندمانە ئەنجام، ئێمە دواتر لەگەڵ حکومەتی ئیتحادی هەوڵمانداوە کە ماددەی (١٤٠) وەکو لە دەستوور هاتووە جێ بەجێ بکرێت کە لە سێ قۆناغە، قۆناغی عوقی سەرژمێری، دواتر ریفراندۆمە، یاخود ئیستفتائە لەو شوێنانە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کابینەی نۆیەم زۆر بەجدی ئەو بابەتەی وەرگرتووە، تکراریش دەکەمەوە بەیانیش باسم کرد هەر لە کۆبوونەوەی یەکەمەوە دواتریش لجانی پێویستمان پێك هێناوە، لیژنەی باڵای دانوستاندن، لیژنەی تەکنیکیمان پێك هێناوە و لە لیژنەکان چۆن باسی مووچەو داهات و دارایی کە بە شێکی گرنگی ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە و ئەمە مافێکی دەستووریە هیچ ئیمتیازێك نییە کە عیراق بە منەتێك بێ لەسەر ئێمە بیکات، مافێکی دەستووریە کارمەندان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو هەرکارمەندێکی تر لە عیراق دەبێت مووچەی خۆی وەربگرێتن، هەندێك کێشەی دارایی هەیە کە ئێمە ئامادەی خۆمان دەربڕیوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خاك ماددەی (١٤٠) عیراق لە مانگی ١٠-٢٠١٩ وە تووشی خۆپێشاندان بووە بارودۆخی شەقامی عیراقی تێکچووە، حکومەت لە عیراق هەر لە ٢٠١٩ وە ئیستیقالەی خۆی پێشکەشکرد، حکومەتێك نەما کە ئێمە دانوستانی لەگەڵ بکەین، ئێمە دوای ئەوەی چەندین کۆبوونەوە لە هەولێرو لە بەغدا حکومەتی عیراق تووشی شەلەل بوو و دوای ئەوەی کە کابینەی نوێ دروست بوو، کابینەی کازمی هەر لەو کاتەشدا هەرێم و عیراق و هەموو دونیا توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو، هەموو گفتوگۆو جموجۆڵێك راگیرا هەتا وەکو گەیشتە ئەوەی لە دواین قۆناغدا کابینەی عادل عبدولمهدی بڕیاری بڕینی بەشی مووچەی کە بۆ هەرێمی دابین دەکرد بە ناچاری سەرەڕای ئەوەی کە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەبوو حکومەتی هەرێمی کوردستان شاندی نارد و چەندین جار سەردانیان کرد کە تەسەوەر دەکەم بەیانی ئەم بابەتە گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر بکرێت، بۆیە ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها بەدوای دابین کردنی مووچەوە نەبووین، بەڵکو مووچەمان بە شتێکی زەرووری زانیووە بۆ ژیانی هاووڵاتیان، بەڵام کێشەی سەرەکی ئێمە کێشەی خاك و پێناسەی ئەو ناوچانەیە کە دەبێ یەکلابکرێتەوە بە پێی دەستوور ئێمە دژی پرۆسەی بە تەعریب کردنین، بۆیە نابێ ئێمە لە بەرامبەر تەعریبکردن باسی بە کورد بوون و بە هەندێك شتی هەڵە دەستەواژەی هەڵە بەکاربهێنین، ئێمە میللەتێکی لێبوردەین و ئێمە دەتوانین بە شانازییەوە باسی خۆمان بکەین لە هەموو مەیدانێکدا ئەو پێکەوە ژیان و لێبوردەیە لە هەرێمی کوردستان هەیە

هەر لێقەوماوێك لە هەر ئاین و ئانزانێك لە هەر نەتەوەیەك و لەهەر رەنگێك بێت، كاتێك تووشی كێشە دەبێت هەرێمی كوردستان دەرگاكانی كراوەیە و حەوێندراونەتەوە، بەڵگەش بۆ ئەوە دوو ملیۆن و نیو ئاوارەی ناوخۆیەو پەنابەر لە هەرێمی كوردستان بووینە لە چوار ساڵی رابردوو، ئێستاش یەك پۆین یەك ملیۆن ئاوارە لە هەرێمی كوردستان هەیە، پێشمەرگە لەو ناوچانەی كە ماددەی (١٤٠) بۆ نەیدەویست جارێكی تر پێكدادان دروست ببێ لە نێوان پێشمەرگەو سوپای عیراق، بە داخەوە لە ٢٠١٧ حكومەتی عەبادی ئەو دەستورەی پێشێلكرد و جارێكی تر سوپای بەكارهێنا دژی هەرێمی كوردستان، بۆیە ئەو شوێنانەی ئێستا پێشمەرگەی لێیە بەخوێن پاراستوویەتی و بە خوێنیش بەری دەداتن، موتەئكد بن بە هیچ كاتێك بەری ناداتن مەگەر لەسەر گیانی هەمووماندا بێتن، بۆیە هیچ رێكەوتنێك نەبووە كە پێشمەرگە كشانەوە بكاتن و بەڵكو بە پێشێلكردنی دەستوور بووە ئەم رووداوانە دروست بووە بۆ ماددەی (١٤٠) ئێمە لیژنەی تایبەتمان دروستكردووە، ژووری عەمەلیات نییە ژوورێكی عەمەلیات دروست بكەین، ئێمە دەستەیەكمان هەیە تایبەت بەو بابەتە و ئەنجومەنی وەزیرانیش راستەوخۆ سەرپەرشتی ئەو كاروبارانە دەكات، كێشەی شەنگال وەكو كێشەی كەركووك وەكو مووسل كێشەیەكی هەستیارە، كێشەی خوشك و برا یەزدییەكان كێشەیەكی هەمیشە لەسەر مێزی گفتوگۆ بووە لەگەڵ بەغدا و ئێمە لەسەر ئەوەی كە دەبێ ئاوارەكان بەئارەزووی خۆیان و ئارەزومەندانە بگەرێنەوەو ژیانێكی كەرامەت پارێزراو و ئاسایش و ئەمنیەتیان بۆ دابین بكرێت، ئینجا بگەڕێنەوە و هەر كەسێكیش نازی گەڕانەوەی هەبوبێت حكومەتی هەرێم ئاسانكاری بۆ كردووە، بەڵام هۆكار گەلێك هەن كە شەنگال خەڵكی یەزدی ناگەرێتەوە، بەشێكی زۆری بۆ نائارامی ناوچەكە دەگەرێتەوە بۆ هەبوونی هێز كە لە دەرەوەی یاسانا، بۆ هەبوونی حەشدی شەعبی، بۆ هەبوونی پەكەكەیە لەو شوێنە بۆ هەبوونی دەست و پەیوەندیەكانی پەكەكەیە دەستیان لەگەڵ حەشدو حكومەتی عیراق تێكەڵ كردووە، هۆكارێكی سەرەكی نەبووە نەگەڕانەوەی ئاوارەكانی ئێزدی بۆ ئەم ناوچەیە، بۆیە ئێمە لەگەڵ حكومەتی عیراق لە سەر خەتین و گفتوگۆیەكی چڕمان هەیە هەر وەكو گوتم گەیشتبوون بە لێك تێگەیشتنێك، بەڵام بەداخەوە كابینە گۆڕدرا ئێستا جارێكی تر سەر لەنوێ دەستمان پێ كردووەو خەریكین پرۆسەیەكی گفتوگۆ بەرێوەدەبەین، ناوچە دابڕاوەكان بەرێزان ئەوكاتە قەرەبوو دەكرێنەوە دەست بكرێ بە جێبەجێكردنی بڕگەكانی دەستووری عیراق، ئێستا كە دەپرسن چی كراوەو قەرەبووی ناوچە دابڕێندراوەكان چۆن دەكرێتەوە بەجێبەجێكردنی دەستووری عیراقی و ماددەی (١٤٠) ئەوەی پێویست بە قەرەبووكردنەوە هەبێتن شایستەی خۆی وەردەگرێتن دەگەرێتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆی، ئەوەی كە خەڵكی ئەو ناوچانە نەبێت دەبێ ناوچەكە بەجێ بێڵێت، ئێمە لە گفتوگۆكان لەگەڵ عیراق لەسەر یەك مەرجی كە پەیویستە ناوچەكانی ماددەی (١٤٠) تەنها هێزی پێشمەرگەو هێزی سوپای عیراقی لێ بێتن هیچ هێزێكی دی قەبوڵ ناكەین، بێجگە لەو دوو هێزە ئەو هێزانە دوو هێزن كە لە دەستوور ناویان هاتووە و قەبووڵ ناكەین لەو ناوچانە حەشدی شەعبی و هیچ گرووپێكی تر لە دەرەوەی یاسا لەو شوێنانە دەسەڵاتی هەبێت، یەكێك لەو خاڵانەی كە نەگەیشتوینەتە رێكەوتن ئەویش هەتا ئێستا ئەوەیە كە ئێمە رازی نینە ئەو گرووپانەی لە دەرەوەی یاسانە بێن ماددەی (١٤٠) دەسەڵاتیان هەبێتن و ئەوەی كە لە دەشتی نەینەوا دەكرێتن

بە بەرامبەر بە برایانی کلدو سریان و ئاشووری بە کورد بە ئێزدی بە کاکەیی بە شەبەك، ئەوە گرووپێکی حەشدی شەعبیە لەوێ لێ ناگەڕێت ئاشتی و ئارامی لەو ناوچەیە هەبێت، لیژنە تەنسیق لە وەزارەتی ناوخۆو لە هەرێم و بەغدا ئێمە لیژنەیەکی تەنسیقمان نییە، ئێمە نوێنەرایەتیمان هەیە لە بەینی هەردوو وەزارەت و هەردوو وەزارەت زۆر بە زۆر بەرێکوپێکی ئاگامان لە ئیشی یەکتر هەیە، سەبارەت بە کەرکووك و ئەو کێشانەی لە کەرکووك هەیە ئەفسەرانی پۆلیس ئێمە هەمیشە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، بەڵام لەگەڵ وەزیری ناوخۆی پێشوو لێك تێگەیشتنی باشمان هەبوو، بەداخەوە گۆردرا ئێستا وەزیرێکی نوێ هەیە ئەویش قسەمان لەگەڵ کردووەو بڕیارە لەم نزیکانە سەردانی هەرێمی کوردستان بکات، جارێکی تر تەواوی ئەو پرسانەی ئەمڕۆ لەو دانیشتنە باسکراوە هەموویان دەخەینەوە بەردەستی ئەو برادەرانە لە بەغدا و گفتوگۆیەکی چڕو پڕی لەسەر دەکەین، رێژەی پۆلیس لە کەرکووك کەمە و نەك هەر پۆلیس بەڵکو کارمەندیش کەم بووە لە هەموو سێکتەرەکانی ئیداری کارمەندەکان کەم بوونە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ماوەی سێ ساڵە ئێمە وەکو کورد، وەکو کوردستانی دەسەڵاتمان لەوێ نییە، بەڵکو بە بیرێکی شۆفینی ئیدارەی کەرکووك دەکرێت، هیوادارین لە گفتوگۆکان بگەینە ئەنجام و پارێزگارێکی نوێ بۆ شاری کەرکووك دابنرێت و تەواوی بارودۆخی کەرکووك ئاسایی بکرێتەوە، چونکە ئێستا ئەحزابی کوردی لە کەرکووك لە مووسڵ لە دیالە لە زۆرێك لەو شوێنانە رێگەپێدراو نینە چالاکی خۆیان بە ئازادانە بکەن و بەشێکی زۆر لە بارەگاکان داگیرکراون تا ئێستا رادەست نەکراونەتەوە، ئاڵای کوردستان هەڵ ناکرێت، لەوێ گۆرانی کوردی جلوبەرگی کوردی زۆر شت هەیە کە دەبێ لەسەری رابوەستین و حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بەجدی لەسەر ئەو مەوزوعە ئیش دەکات، بابەتێك کە هەمووتان ئاماژەتان پێکرد بابەتی بازگەکان ئەو مەوزوعە یەعنی پەیوەندی بە ماددەی (١٤٠) وە نییە، بەراستی نە پەیوەندی بە سیاسەتەوە هەیە نە پەیوەندی بە ئەمنییەتەوە هەیە، بابەتێکی تەندروستییە پەیوەستە بە بابەتی کۆرۆنا، ئێمە لە بەینی هەولێرو کەرکووك و هەولێرو موسل و هەولێرو سلیمانی و هەولێرو دهۆکیش هەمان کێشەمان هەیە، ئەو گلەیی و گازندەیەی کەسێك لە کەرکووك دەیکات تەنها کوردێك نییە، تورکمانێکیش ئەو گلەییەی هەیە، کریستیانێکیش ئەو گلەییەی هەیە، عەرەبیش ئەو گلەییەی هەیە، نیشینگەو ماڵوحاڵی لێرەیە برا پێشمەرگەکان و ئەندامانی لەحکومەتی فیدراڵ دەوام دەکەن، حەتا پەرلەمانتارو وەزیران و هەموو ئەو خەڵکانەی لە بەغدا لە حکومەتی ئیتحادی دەوام دەکەن ئەو کێشەیان هەیە، کێشەی هاوڵاتییەك نییە، کێشەی حکومەتێکیش نییە، ئەمە ڤایرۆسێکە ئێمە بەینی هەولێرو سلیمانی خۆ چ پەیوەندی بە ماددەی (١٤٠) نییە، زۆرترین کێشە لە بەینی هەولێرو دهۆك هەیە، ئەو مەوزوعە حەز دەکەم بزانن ئەو بابەتە هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، هەولێرو سلیمانی ئەگەر بڵێن پارتی و یەکێتیە، یان هەولێرو دهۆك هەردوو پارێزگارەکەش پارتین حەز دەکەم بزانن ئەو بابەتە پەیوەندی بە سیاسەت و ئەمنیەت و هیچ لەو بابەتانە نییە، ڤایرۆسە نە پارتی دەناسێت نە یەکێتی ونە گۆران، نە ماددەی (١٤٠) نە گەورە نە بچووك، بەڕێزان من حەز دەکەم ئێوە وەکو پەرلەمان نوێنەرانی گەل ئەو مەوزوعە رەنگە ئێوەش تووشی کێشە بووبن، من گلەیی ئێوەشم پێ گەیشتووە هەمووتان حەقتان هەیە هەر هاووآتییەك حەقی هەیە گلەیی بکات، بەڵام ئێمە لە

هەلومەرجێکین تەندروستی زۆر نالەبار داین، ئەگەر یەك هاووڵاتی هەڵگری ئەو ڤایرۆسە بێتن دەیگواستەوە، من نامەوێت لەو کۆبوونەوەیە بکەمە بابەتی کۆرۆنا، بەڵام حەزم کرد ئێوە هەمووتان ئاگادارن پشتگیریشمان بکەن لەو بابەتە، ئێمە بە یەك چاو سەیری هاووڵاتیانی کەرکووك دەکەین بە هەمان چاویش سەیری هەولێرو سلیمانی و هەڵەبجەو دهۆکیش دەکەین، موسلیش بەهەمان شت شەنگالیش بە هەمان شێوە، ئێمە خەڵکێکمان هەیە لە بەغدا دەوام دەکات پاسەوانەکانی پەرلەمانی عیراق (٦٠٠) نەفەرن هەموویان پێشمەرگەنە لەیەکجار کە گەرانەوە (١٠٠) نەفەر کە گەڕانەوە لە سەد نەفەر (٥٠) نەفەری تووش بووو، ئێ ئەمە پێشمەرگەیە نە هاووڵاتییەکی ئاسایش نییە پێشمەرگەیە چووە شوێنێکی فیدراڵی دەپارێزێت، من چی بکەم بەرامبەر بەو حاڵەتە ئەگەر سبەی سەرکەوتوو نەبووین بەرامبەر بە هاووڵاتیان، هەر ئێوەی بەڕێزن و هەر ئەو هاووڵاتییانەن دێنەوە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و گلەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆچی ئەو سنوورانە داناخەن، ئەو ڤایرۆسە هەموو شتی راگرت، ژیانی گۆڕی لە دوای ئەم ڤایرۆسە ژیان شتێکی تر دەبێتن، بۆیە زیاتر قسە هەڵدەگرێ ئەو مەوزوعە، لەکاتی خۆی ئەگەر ویستتان قسەی زیاتری لەسەر دەکەین، بابەتی تەندروستی پێنج سەد هەزار عەرەب لێرەیە، بەڕێز کاك ملا ناصر پێنج سەد هەزار نییە (٨٥٠) هەزار لێرە ماون لە کوردستان و ئەوانە بەڕێزەوە لێرەن و دەرگاشمان بۆ کردوونەتەوە، پێش ئەوەی دەرگای هەرێم دڵی خۆمانکردۆتەوە بۆ هەموو کەسێکی لێ قەوماو، هیوادارین کە ناوچەکانیان ئارام بن و ژیانێکی فەراهەم ببیتن و خەڵکەکە بگەڕێتەوە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان سیاسەتی حکومەت ئەوەیە پاڵپشتی ئاوارەکان دەکەین، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئەگەر لێرە دەمێننەوە ئێمە ناتوانین زیاتریان بۆ بکەین و بارێکی زۆر قورسە لەسەر ژیانی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی کە بودجەو میزانیان لە ئێمە بڕیوە، دیسان ئێمە وەکو خۆی تەحەمولی مەسئولیاتی خۆمان کردووە لە رووی مرۆڤایەتی لە پێشکەشکردنی خەدەماتی کە پەیوەستن، من نامەوێ کاتی زیاترتان بگرم، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ وەزیری ناوخۆ، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن ئەگەر ئیزافەیەکتان هەیە فەرموو.

**بەڕێز خالید سلام سعید شوانی / وەزیری دەرەوەی هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، دیارە بەکورتی وەڵامی هەندێك لە پرسیارەکان بدەینەوە و، پرسیاری یەکەمیان جەنابی وەزیری ناوخۆ وەڵامێکی دایەوە، منیش هاوڕام پرۆسەی بەعەرەبکردن یەکێکە لە ئەدەواتە زۆر ناشیرنەکان کە نەتەوەیەکی باڵا دەست دژی نەتەوەیەکی تر ئەنجامی دەدا، لە هەموو دونیاش ئەوە دەچێتە چوارچێوەی جەرائیمی ئیبادەی جەماعییەوە و لە دادگای جینائی باڵای عیراق ساڵی ٢٠٠٧ پرۆسەی بە عەرەبکردن بە جەرائیمی دژی ئینسانییەت دانراوە کە لە کەرکووك و ئەو ناوچانە ئەنجام دراوە، کاتی خۆی بۆیە قورسە ئێمە بڵێین پەنابەرین بەر کورد بوونی ئەو ناوچانەوە، ئەوە تۆمەتێکە نەیارەکانی ئێمە بە ئێمەی دەڵێن وەکو کورد خاوەن کلتورێکە لە پاراستنی ناسنامەی خۆیی و ئەو پێکهاتانەی تریشی کە لەگەڵیدا دەژین و تەنها لەو

مەنتیقانەش کورد ناژی، ئەو ناوچانە ناوچەی کوردستانین لە رووی تاریخ و جوگرافیاوە، بەڵام عەرب و تورکمان و مەسیحیش و یەزیدی و کاکەیی و ئەوانی تریش لەو ناوچانە دەژین، بۆیە بەکارهێنانی مەستەلەحی کورد بوون تەکلیفکردنی ئەو ناوچانە، پێم وایە تەعبیرێکە موەفەق نابین ئێمە لێی بکەین، ئەبێ بڵێین سیمای کوردستانی بگەرێنینەوە بۆ ئەو ناوچانە، ئەمە رەنگە ووردتر بێ، دروستر بێ ئەگەر ئێمە مامەڵەی لەگەڵ دا بکەین، کاك بەڵێن سوپاسی دەکەم پرسیارێکی کرد کە نەبوونی یەك هەڵوێستی وبێ دەنگی کورد وای کردووە، بەڵێ من تەئکید لەسەر ئەو قسەیە دەکەمەوە ئەگەر ئێمە یەك هەڵوێست بین و یەك بەرنامە بین و یەك دەنگ بین، ئەمە تا ئێستا ئەوەندە لاواز نین لەو مەنتیقانە تا ئێستاکە، بۆ نموونە ئەگەر باس لە کەرکووك بکەین زۆرینەی خەڵکی کەرکووك کوردە لەهەر پرۆسەیەکی دیموکراسی و سیاسی ئەوانەدا ئێمە دەتوانین سەرکەوتوبین، ئەوەی وایکردووە کە کورد زەعیف بێ ئەو بێ دەنگیەیە و داواکارم روحی ئەو تەبایەی کە ئێستاکە ئەورۆ لە ناو پەرلەماندا بینیمانە رەنگدانەوە لەسەر هەڵوێستی هێزە کوردستانییەکان بکا و لێرەوەو تەئسیر لەسەر ناوچە دابڕێندراوەکان بکات، چونکە کوردستان عومقی ستراتیجی ناوچە دابڕێندراوەکانە، چەندێك لێرە تەبا بین باشترە، چەندێك ناکۆك بین خراپتر دەبێ، کۆمەڵێك برادەر پرسیاری ئەوەیان کردبوو بۆ محافزێك بۆ کەرکووك دانانرێ؟ ئەوە وەڵامێك بۆ هەموو ئەو پرسیارانە و بۆ ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کە ئەو پرسیارەیان کردبوو، دیارە یەکێك لە خاڵەکان کە رێکەوتن کرابوو لە سەری لە نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کاتی تەشکیل کردنی حکومەت و دواتر بووە، رێکەوتنی لیستی برایەتی کەرکووکیش کە هەم یەکگرتووی ئیسلامی و حزبی شیوعی وهەم لایەنەکانی تریش لەخۆ دەگرێت، ئەوەیە کە ئێمە لە چوارچێوەی کارا کردنەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکووك محافز هەڵبژێرین وبۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان ئێمەو با بڵێین سەرۆك وەزیرانی ئێمە قسە دەکەین، وەکو حزب لە نێوان یەکێتی و پارتی لیستی برایەتی دروستکرا بە باشمان زانی میکانیزمێکی نوێ بگرینە بەر بۆ دانانی محافز، وەکو جارەکانی تر نەکەین محافزێك بسەپێنین بەسەر پێکهاتەکانی تری کەرکووکدا، بۆ ئەم مەبەستە ئێمە گفتوگۆمان دەستپێکرد و کۆبوونەوەمان لەگەڵ پێکهاتەی عەرەبی و پێکهاتەی تورکمانی و پێکهاتەی مەسیحی لە کەرکووك کرد، رووبەرووی هەندێك عەرقەلە بووینەوە کە ئەوان ئامادە نەبوون بیسەلمێنن کە محافزێك بۆ کورد دابنرێت لە کەرکووك، بەڵام ئێمە ئیسرارمان دەکرد کە ئەوە مافی خۆمانە هەندێك ناکۆکی و هەندێك تێك نەگەیشتن دروست بوو لە کاتی مفاوەزاتەکان و ئەوانە لە کاتێك ئێمە خەرێکی مفاوەزات بووین دانانی محافزێکی کورد بۆ کەرکووك ئەنجومەنی پارێزگا لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە هەڵوەشێندرایەوە، بۆیە ئەو کارتەی کە کورد زۆرینەیە لە ئەنجومەنی پارێزگا دەمانتوانی محافز دابنێین و لێی تاخیر بووین و زۆر دواکەوتین کەجارێکی تریش ئەگەر بیلێین تەقسیری هێزە کوردستانییەکانە وایان کرد کە هەر ئەمەی کە ئێستا سەپێندراوە بمێنێتەوە و ئەو وەرەقەیەی کە ئێمە زۆرینەی کوردی بووین یان کوردستانی بووین لە ئەنجومەنی پارێزگا لە دەستماندا، بۆیە ئێستا ئەبێ هەوڵەکانمان لە دوو رووەوە بخەینەگەر، بۆ ئەمە یا ئەوەتا لە رێگای سەرۆك وەزیرانی عیراقەوە و لە رێگای پەرلەمانی عیراقەوە بە تایبەتی ئەو محافەزە بە سەپێندراوەی ئێستا کۆمەڵێ مەلەفی گەندەڵی

گەورەی لەسەرە، لەو ڕێگایانەوە ئێمە بتوانین لایەرین کە ئەمە قورسە، یەعنی موتەفایل نیم، لەبەر ئەوەی دوو جار ئەمر قەبزی قانوونی لە مەحکەمەی کەرکووکەوە بۆ ئەم محافزە دەرچووە، ئەم محافزە ڕۆیشتووە لە سەردەمی حکومەتەکەی عادل عبدولمهدی لە کۆبوونەوەی محافزەکان بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران بەشداری کردووە و لە ئیعلامەوە دەرچووە لە پەنا قیادەی عەمەلیاتی بەغدادەوە مخاتەبەی ڕەئی عامی کردووە، شارعی عەرەبی و ئەوانە، یەعنی بێ ئەوەی حیساب بۆ ئەمر قەبزەکە بکا ئەوە ئەگەیەنێت کە بەغدا پاڵپشتی ئەم کەسایەتیەیە کە لەوێ بمێنێ و سیاسەتەکانی ئەوان جێ بەجێ بکات، بۆیە لە ئێستادا ڕەشبین نیم، بەڵام دانانی محافزێك بۆ کورد قورسە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نابێ ئێمە دەستبەرداری مافە دەستوورییەکانی خۆمان بین، ئەبێ هەوڵەکانی خۆمان بدەین بۆ ئەوەی کەسایەتیەك دابنێین لەوێ بتوانێ سیمای ڕاستەقینە بۆ شاری کەرکووك بگەڕێنێتەوە، کاك ڕێبوار میکانیزمی سیاسی یان دەستووری بگرنەبەرو بەکاریبهێنن هەم میکانزمی دەستووری و قانوونی، هەم میکانیزمی سیاسی، لەبەر ئەوە وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەمەوە شایان خانیش وابزانم وتی ئایا ئیعتماد دەکەنە سەر ماددەی (٥٨) و برادەرێکیش باسی ماددەی (١٤٠) ی کرد گووتی هەندێك لە شۆفێنییەکان دەڵێن ماددەی (١٤٠) تەواو بووە، یەکەم ئێمە ئیعتماد دەکەینە سەر ماددەی (١٤٠) وەکو بنەمای مفاوەزات کردنی ئێمە ماددەی (١٤٠) تەواو نەبووە، دوا بڕیاری دادگای ئیتیحادی کە لەسەر ماددەی (١٤٠) داویەتی برادەران ژمارە (٧١) یەکە لە ٢٨ -٧-٢٠١٩ دەری کردووە، لەم قەرارەیا بە وازحی مەحکەمەی ئیتیحادی عێراقی دەڵێ ماددەکە زیندووەو ماوە و حکومەتی عێراق بڕگەکانی ئەم ماددەیەی جێبەجێ نەکردووە، کە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە حکومەتی عێراق لایەنی موقەسرە لە جێبەجێنەکردنی ئەم ماددەیە، بۆیە ئەو ماددەیە چوارچێوەی مفاوەزاتی ئێمەیە و ئێمە ئەو قەرارەی مەحکەمەی ئیستیناد دەکەینە سەری و ماددەی (٥٨) ماددەیەکی زیندووە کە بە ماددەی (١٤٢) ی ماددەی عێراق هێشتویەتییەوە و فەقەرەی یەکەم (٥٣) ش لە قانوونی ئیداری مالی کە باس لە دوو ئیدارییەکان دەکات، ئەوەش بۆ ئێمە یەکێکە لە ماددە قانوونییەکان کە ماوە و ئیشی لەسەر دەکەین و، ڕۆژان خان لەگەڵ لیزاخان باسی سەرژمێریان کرد، تەبعەن بڕیاربوو سەرژمێری لە ئەمساڵدا مانگی (١٠) بکرێ، بەڵام سەرژمێری لە عێراق پێ ناچێ ئەنجام بدرێ، لەبەر کۆمەڵێك هۆکار یەکەم هۆکاری مەسەلەی ئیقیتصادییە، دووەم مەسەلەی پەتای کۆرۆنایە، سێیەمیش بەراستی لەگەڵ ئێمەدا نەگەیشتینە ڕێکەوتنێك بۆ چۆنییەتی ئەنجامدانی سەرژمێری لە ناوچە جێناکۆکەکانیان، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ئێمە بۆ مەسەلەی سەرژمێری من نەمویست لێرە باسی بکەین، لە ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی باڵا دروست کراوە لە بەڕێز وەزیری پلاندانان، من وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان و بەڕێز وەزیری ئیتساڵات کاك ئانۆ، بۆ ئەوەی بزانین چ میکانزمێك بدۆزینەوە بۆ مفاوەزاتکردن لەگەڵ بەغدا لەسەری ڕێك بکەوین لەسەر مەسەلەی سەرژمێری لەگەڵیاندا، ئێمە بۆچوونمان وابوو ئەبێ کۆمەڵێك میکانیزمی تایبەت بۆ کەرکووك و ناوچە دابڕێنراوەکان بگیرێتەبەر، بۆ نموونە هەموو ئەوانەی کە ئێستا لە کەرکووك دەرچوونە خەڵکی کەرکووکن ٥٧% ئەبێ سەرژمێری لەسەر کەرکووك تەسجیل بکرێت و هەموو ئەو عەرەبانەی یا پێکهاتەکانی تر کە لەدوای پێش ٢٠٠٣ بە ناقانوونی هاتوون، یا لانی کەم ئەوانەی دوای ٢٠٠٣

لەبەر شەڕو تائیفی هاتوونەتە کەرکووك ئەبێ لەسەر محافەزەکانی خۆیان بنووسرێن، بەتایبەتی دیالە، مووسل، تکریت، لەگەڵ ئەنباردا ئەوانەی کە هاتوونەتە ئەوێ و برادەران من حەز دەکەم لێرە حەقیقەتێکتان پێ بڵێم مەوجەی زۆری بە عەربکردن و تەعریب کردنی کەرکووك لە دوای ئەحداسەکانی ٢٠١٧ وە نەهاتۆتە کەرکووك، بەداخەوە زیاتر لە شەست هەزار عایلەی عەرەب لە ساڵی ٢٠٠٦ وە تاکو ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ شەری داعش هاتوونەتە کەرکووك، کاتێك لە بەغداو شوێنەکانی تر شەری تائیفی هەبووە، شەری مەزهەبی هەبووە ئەوان هاتوونەتە کەرکووك، هاتوونەتە کەرکووك نیشتەجێ بوونە لە کاتێکدا کورد باڵا دەست بووە لەو شارە، وەکە ئەمەش شتێکی تر نیشان دەدات کە بەداخەوە ئێمە ئەو لێبوردەییەی کوردو ئەو گەورەییەی کورد، بەڵام بە نەتیجە ئێستاکە بە پرۆسەی بە عەرەبکردن کردنی کەرکووك ئەوە دەبێ ئەشکێتەوە لایەنی عێراقی لە وەزارەتی پلان دانانی عێراق ئامادە نەبووە ئەو خەڵکانەی لە دیالەوە هاتوونەتەوە لە دیالەوە هاتوون یا لە ئەنبارەوە، یا لە تکریتەوە هاتوون لەسەر محافەزەکانی خۆیانەوە بنووسرێن، ئەیانووت ئیلا ئەبێ لەسەر کەرکووك بنووسرێین، ئەمەش ئەوەمان قەبووڵ نەکردووە و لەسەردەمی تەکنەلۆجیا ئاسانە ئەو ناوانە لەسەر محافەزەکانی خۆیان دابنرێت، ئەمەش یەکێك بوو لە خاڵەکان، بۆیە سەرژمێری ئەنجام نەدراوە و ئێمە ناهێڵین سەرژمێری ئەنجام بدرێ ئەگەر بێت و بەو میکانیزمە نەبێ کە ئێمە لەسەری رێك بکەوین، کاك پێشەوا دەڵێ تاکەی باسی ماددەی (١٤٠) لە عێراقدا بکەین، کێشەکە ئەوەیە ئێمە بەشێکین بە پێی ئەم دەستوورەو لەگەڵ ئەم چوارچێوەیەی ئەبێ بە چوارچێوەی دەستورو قانونییەکان بۆ ئەو ئیشەی هەیە هەتاکو ئەو رۆژەی کاتی خۆی دێت ماددەی (١٤٠) ئەو میکانیزمەی مامەڵەی لەگەڵ بکەین هەرکاتێکی تریش کاتی خۆی هات زرووفێکی لە بارتر هات و کاتێکی لە بارتر هات و بتوانین بە شێوازێکی تر ئەو ناوچانە بگەرێنینەوە سەر کوردستان ئەوا دەتوانین قسەی لەسەر بکەین، یەك لە پرسیارەکانی تری کاك کاروان پرسیاری ئەوەی محافزی کرد، کاك کاروانی شارەوانی سوپاسی دەکەم پێویستمان لە هەموو کات ئێستاکە زیاتر بە یەکبوونە و یەکریزی و نێوماڵی کوردە، بۆ ئەوەی بتوانین کێشەکان بە تایبەتی ئەو ناوچانە چارەسەر بکەین، بە داخەوە کە نییە هیوادارم بێ، کاك هێڤیدار ئەم وەزعەی ئەو ناوچانە تاکەی بەردەوام دەبێ، کاك هێڤیدار جەنابیشت موتەلعی و کەسێکی ئاگاداری (٨٠) ساڵە کورد سیراع دەکات لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا، هەندێك جار ئێمە پێشکەوتوینە، هەندێك جار ئەوان لە هەڵکشان و داکشاندا بووینە و ئەم سراعە بەردەوام دەبێ هەتا ئەم بابەتە یەکلایی دەبێتەوە، گرنگ ئەوەیە رەنگە لە کاتێکی نزیکدا ئێمە نەگەینە ئامانجەکانی خۆمان، بەڵام باوەڕمان وایە ئێمە لە ئامانجەکانی خۆمان گرنگ ئەوەیە بێ هیوا نەبین و بێ ئیرادە نەبین ئیشی خۆمان بکەین تاکو ئەو کاتەی بتوانین ئەم قەزیەیە بە پێی بەرژەوەندییەکانی کوردستان یەکلایی بکەینەوە، ئەو ئاوارانەی کە لێرەن نەگەراونەتەوە ئەمە یەکێکە لە بابەتەکان کە لە کۆبوونەوەکانی ئێمە لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان باسی دەکەین و پێویستە ئەوان بگەرێنەوە، پێویستە ئەو رێگریەی لەبەرامبەریان هەیە لابردرێت، بۆ ئەوەی بتوانن بگەرێنەوە شوێنەکانی خۆیان، تەقریبەن ئەوانە ئەو پرسیارانە بوون کە ئاراستەی من کران و هیوادارم توانیبێتم وەڵام بدەمەوەو سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان وەزیری پێشمەرگە وەزیری ناوخۆو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان بۆ ئەو وەڵاممانەی کە دایانەوە بۆ پرسیاری بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، ئێستا دەچینە سەر جێبەجێکردنی خاڵێکی تری، بەڵێ فەرموو جەنابی وەزیری ناوخۆ.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد / وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك پرسیار کاك هێڤیدار ناردبووی بە کاغەز ناردوویەتی، بۆ ئەوەی وەڵامی بدەینەوە، کاك هێڤیدار پرسیاری کردبوو ئەو هێزانە چین لەوێ سەر بە کێن ئەو هێزانە داعشن و ئەو داعشانەش بەشی زۆریان خەڵکی مەنتیقەن کە لەوێن و بەشێکی زۆر زۆر کەم خەڵکی بیانی داعش ئێستا لەو مەنتیقەی تەماس ماوە، بەشێکی زۆریان لە سوریان و لە ناوچەکانی دەشتاییەکانی ئەنبارو دەورووبەری حەزەرن، بەڵام ئەوەی کە لە ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) بەشی هەرە زۆریان خەڵکی مەنتیقەکەن و چەکەکانیشیان هەمەجۆرە، هەرچی چەکی لای سوپای عێراقی هەیە لای سوپاکان لە مەنتیقە هەیە، چەکەکانیان هەمان چەکن و حکومەتی عێراقیش وەکو حکومەتی فیدراڵ، وەکو پێویست نەیتوانیووە ئارامی ئەو ناوچانە بپارێزێت، بۆیە ئێستا زۆر جاران کە ئاوارەی نوێمان دەبێتن لە ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) هەندێکیان دەگەڕێنەوە بۆ کەمپەکان پێیان باشترە لە کەمپەکان بمێننەوە تاوەکو لەو ناوچانە ژیان بەسەر ببەن، یەکێك لە برادەران باسی پەنجا هەزار دیناری کرد ویستم ئەوەشتان بۆ ڕوونبکەمەوە کە پارێزگاری هەولێر بڕیاری داوە هەرکەسێك داخلی هەولێر بێت (٥٠) هەزاری لێ وەرگرن، ئەم بابەتە پارێزگاری هەولێر ڕوونکردنەوەی پێویستیدا کاتی خۆی و هیچ بنەمایەکی نییە، تەنیا پێشنیارێك بوو گوتی دەکرێتن لە خاڵەکانی داخل بوون، ئەو خەڵکەی داخل دەبێتن پشکنینی تێستی بۆ بکرێتن هی ڤایرۆسەکە، بۆیە هیچ پەیوەندی بە هاتن و چوونی نێوان پارێزگاکان نەبووە کە خەڵك بە پارە داخڵ بوبێت، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا وتەی هەردوو لیژنەی هاوبەش فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی لیژنەی ناوچە کوردستانییەکان و لیژنەی کاروباری پێشمەرگە دەست خۆشی لە حکومەتی هەرێم و وەزیرە پەیوەندیدارەکان دەکەین بۆ هەر هەنگاوێك سەبارەت بە ناوچە کوردستانییەکانی ماددەی (١٤٠) هاوێشتوتانە و، سوپاسی ئامادەبوونتان دەکەین و داوا دەکەین لەمەودوا هەماهەنگی زیاتر لە بەینی پەرلەمانی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، دەربارەی ماددەی (١٤٠) هەبێت و ئەگەر هەر گۆرانکارییەك هەر پێشهاتێك هاتە پێشەوە لە هەر وەزارەتێك پێمان خۆشە ڕاپۆرت بنێردرێت لیژنەی تایبەتیش و سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز هیمن احمد حمە صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان تەنها ڕوونکردنەوەیەك لەسەر جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان، ئێمە بەردەوام دەبین لە ئەنجامدان و جێبەجێکردنی خاڵەکانی بەرنامەی

کار بەتایبەتی خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی هاوبەشی لیژنەکانی کاروباری پێشمەرگەو ئاسایش و ناوخۆو ئەنجومەنە خۆجێیەکان وپەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی، سەبارەت بە دۆخی ناوچە سنوورییەکان بەئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان، چونکە بابەتەکە گرنگە بەحزووری بەڕێزیشیان لێرە هەبێ لەسەر دوا پرس و راوێژ لەگەڵ لیژنەی تەندروستی وەکو دەستەی سەرۆکایەتی دوای ئەوەی کە راوێژێکمان لەگەڵ یەکتری کرد بە پێی ماددەی (٤٨) بڕگەی یەکەم، پێشنیارێکمان هەیە کە ئاڵوگۆڕێك لە بڕگەکانی بەرنامەی کار بکەین، خاڵی چوارەم خوێندنەوەی دووەم پێشنیازی یاسای مافو ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بە پێی حوکمی ماددەکانی (٨٧ و ٨٨ و ٨٩) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بخەینە خاڵی پێنجەم، خاڵی پێنجەم بێنینە خاڵی چوارەم، ئەوەش بۆ دانیشتنی سبەینێ، چونکە خوێندنەوەی دووەم بۆ ئەو پێشنیازە یاسایە کاتێکی زیاترمان پێویستە، لەبەر ئەوەی بابەتێکی دەقیقە، بۆیە بەڕێزان هەرکەسێك هەر ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز لەگەڵ ئەوەیە خاڵی پێنجەم بێنینە جێی خاڵی چوارەم بۆ ئەوەی بەیانی دەست بە جێبەجێکردنی بکەین، تکایە با دەست بەرز بکاتەوە؟ بە کۆی دەنگ، زۆر سوپاس، کەواتە بەڕێزان بۆ ئەوەی بەرچاوتان روون بێ ئێمە دوای خوێندنەوەی راپۆرتی هەرسێ لیژنە هاوبەشی پێشمەرگەو ناوخۆو لیژنەی پەیوەندییەکان، راستەوخۆ دەچینە سەر جێبەجێکردنی بڕگەی دوای ئەوە کە بریتیە لە خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی تەندروستی بە ئامادەبوونی بەڕێز وەزیری تەندروستی، دوای ئەوە کۆتایی بە دانیشتنەکە دەهێنین، دانیشتنی سبەینێ بۆ جێبەجێکردنی خاڵی پەیوەست بە راپۆرتی لیژنەی دارایی بە ئامادە بوونی بەڕێز وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانانە، ئەگەر سبەینێ فریاکەوتین خوێندنەوەی دووەمیش بۆ یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش دەکەین، ئەگەر فریا نەکەوتین ئەیخەینە رۆژی چوارشەمە رۆژی (٢٩) ی مانگ بۆ ئەوەی خوێندنەوەی دووەم لە جەلسەیەکی تایبەت بکرێت تەنها بۆ بەر چاورووونیتان، ئێستا بەڕێزان دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کاری دانیشتنی ئەمڕۆمان دەکەین کە بریتییە لە خوێندنەوەی راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەکان و پەیوەندییەکان و رەوەندی کوردستانی، داوا لە دەستەی سەرۆکایەتی هەرسێ لیژنەکە دەکەین بفەرموون وەرنە ئێرە، سوپاس کاك دکتۆر مەمنون سوپاس، بەڕێزان تکا دەکەم ئەگەر پێویستان بە رێستێك هەیە ئەتوانن (٢٠) دەقەیەك، بەڵام ئەگەر بەردەوامیش بین باشترە، هەر بەڕێزێك دەیەوێت رێست وەربگرێت ئەتوانێت زۆر ئاساییە، باشترە بەردەوام بین کاتمان بە دەستەوە نییە، فەرموون بەڕێزان دەست بە جێبە جێکردنی ئەم بڕگەیە دەکەین، تکایە لە شوێنی خۆتان دانیشن کاك ئەرشەد فەرموو، کاك ئیدریس نوقتە نیزام، فەرموو ئاشنا خان.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشتر بڕگەی سێیەم بە زۆرینەی دەنگ پەخشەکەی راگیرا، ئێستا بۆ ئەم بڕگەیە یا ئەبێ پەخش بکرێتەوە یا دەبێ جارێکی تر دەبێ بخرێتەوە دەنگدان.

**بەڕێز هیمن احمد حمه صالح /جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وەك دەستەی سەرۆكایەتی داوامانكرد ئەم دانیشتنە تایبەت بێ لەسەر ئەم دوو بڕگەیە، جا ئەگەر پێتان باشە ئەو بڕگەیەش دەخەینە دەنگدان، ئێمە پێمان باشە لە دەستەی سەرۆكایەتی پەخشی ڕاستەوخۆی ئەم بڕگەیەش ڕابگیرێت، بەڕێزان بە پێی ماددەی (٩) وەكو دەستەی سەرۆكایەتی پێمان باشە پەخشی ڕاستەوخۆی ئەو بڕگەیەی لە دانیشتنەكە بخرێتە دەنگدان، چەند كەس لەگەڵ ئەوەیە ئەو بڕگەیەش بە پەخشی ڕاستەوخۆكەی ڕابگیرێت با دەست بەرز بكاتەوە؟ تەواو بەڕێزان بە دەنگی (٣٨) بە زۆرینەی ئامادەبووانی ئێستا ئەو بڕگەیەش پەخشی ڕاستەوخۆیەكەی ڕادەگیرێت، بەڵام پرۆتۆكۆڵ تۆمار دەكرێت فەرموو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان لە لیژنە تایبەتمەندەكان تایبەت بەتەوەری خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەشی لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەكان و پەیوەندییەكانی ڕەوەندی كوردستانی سەبارەت بە دۆخی ناوچە سنوورییەكان بفەرموون ڕاپۆرتەكەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان لە دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان وەزیرە بەڕێزەكان ئەوكاتەتان باش، پێش ئەوەی ڕاپۆرتەكە بخوێنمەوە زۆر بە كورتی لە ماوەی چەند چركەیەكدا باس لە چۆنییەتی سەردانی لیژنەی هاوبەش و ڕاسپێردراو لەلایەن دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان بۆ ناوچە سنوورییەكان قسەی لەسەر بكەین.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

نا كاك دكتۆر ڕێبوار یەكسەر ڕاپۆرتەكە بخوێنەوە، چونكە شەرحێكی زۆر باشی موفەسڵی تێدایە لە سەردانەكانتان دەستتان خۆشبێ، یەكسەر بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان فەرموون.

**بەڕێز د.ریبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئێمە بە ئیحساسێكی نیشتیمانی بە هەستێكی وەزیفی پەرلەمانی ڕووداوەكانی سەر سنوورمان وەكو ئەوەی كە ڕوویداوە گواستوومانەتەوە بۆ ناو پەرلەمانی كوردستان، وەك ئەوەی كەئێستا لە ڕاپۆرتێكدا باس دەكەین، بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، ڕاپۆرتی لیژنەی سەردانیكردنی بە دواداچوون پێشخان بەر بەبنای دانیشتنی ژمارە (٥) ی وەرزی بەهارە لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی كوردستان لە ڕێكەوتی ٢٩-٦-٢٠٢٠ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان لیژنەیەكی هاوبەشی لە كاروباری پێشمەرگە ناوخۆ ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەكان پەیوەندییەكان و ڕەوەندی كوردستانی ڕاسپارد بۆ سەردانی كردنی پارێزگاكانی هەولێر، سلیمانی، دهۆك، هەڵەبجەو قەزای شەنگال بۆ كۆكردنەوەی داتاو وردەكاری ئەو ناوچانەی بەركەوتەی هەیە هێرش و لەشكركێشییەكانی دەوڵەتی توركیا و تۆپ بارانكردنی دەوڵەتی ئێران و لە ماوەكانی ڕابردوودا، لیژنەی هاوبەش بڕیاریدا بە پێكهێنانی سێ لیژنەی لاوەكی لیژنەیەك بۆ پارێزگای هەولێر، لیژنەیەك بۆ پارێزگای دهۆك، لیژنەیەك بۆ پارێزگاكانی سلیمانی و هەڵەبجە

به لەخۆگرتنی ئیدارەکانی راپەرین گەرمیان و قەزای شەنگال لە چوارچێوەی ئەو ئەرکە پەرلەمانی و پەیڕەوییەدا لیژنەکەمان لە ڕێکەوتی جیاوازدا سەردانی یەکە ئیدارییەکانی پارێزگای هەولێرو سلیمانی و دهۆك وهەڵەبجەو شەنگالمیان کردوو لە نزیکەوە لەگەڵ یەکە ئیدارییەکان و دانیشتوانی ناوچەکە کۆبوونەوەمان کردوو، لە بەرامبەر زەرەرو مادیی و گیانییەکان کە لە ناوچە سنوورییەکان و بەرکەوتووانی هێرش و لەشکرکێشی دەوڵەتی تورکیا و ئێران، ئامانج لە سەردانی لیژنەی پەرلەمانییەکەمان بریتی بوو لە کۆکردنەوەی زانیاری ووردو دروست لەو ناوچانەو راسپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشە سەرەکییەکان پاراستنی ژیان و ماڵ و هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بە گشتی، لە سەرەتای سەردانەکانمان بۆ ناوچە جیاجیاکان لەم راپۆرتە زەرەروو زیانەکان بەگشتی ئەنجام و راسپاردەکان دەخەینە بەر دەستی ئێوەی بەڕێز:

یەکەم: پارێزگای هەولێر:

١- قەزای مێرگە سۆر لە کۆی (٧٣) گوند سەر سنور (٥٥) گوند چۆڵکراون بەڕێزان وشەی نزیکە ئەوە هەڵەی تایپە هاتووە ئاماری دەقیق لە کۆی (٧٣) گوند لە قەزای مێرگە سۆر کە کەوتونەتە سەر سنوور (٥٥) گوندی چۆڵکراون.
٢- لە ساڵانی رابردوو تاکو ئێستا دەیان کەس بە هۆی بۆمبارانی فرۆکەی تورکیا شەهید کراون.
٣- سوتانی پوش و باوان و رەزو باخی زۆری ئەو دەڤەرە کە بە دەیان ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت و بە گوێرەی راپۆرتە یەکە ئیدارییەکان.
٤- لە ساڵانی رابردوو تاکو ئێستا بە هەزارەها مەڕوو ماڵات لەو دەڤەرە بەهۆی بۆمبارانی تورکیا لە ناوچوون.
٥- بە هەزاران خەڵك لە ئەنجامی چۆڵکردنی گوندەکانیان ئاوارە بوون.

دووەم: قەزای چۆمان:

١- پانزە گوند لەسەر سنوور جۆڵکراون.
٢- لە ساڵانی رابردوو تاکو ئێستا بەدەیان خەڵك بە هۆی تۆپباران وێرانی و فرۆکەی تورکیا شەهید و برینداربوون.
٣- سوتانی پوش و باوان و رەزوباخی زۆر، بەڵام ئامارێکی ئەوتۆ تەواو بووە بۆ ئەم مەبەستە بەردەست نەبوو.
٤- بە هەزاران مەروماڵات لە ناوچوون.
٥- بە هەزاران خەڵك بەهۆی چۆڵکردنی ئەو گوندانە ئاوارە بوون.

سێیەم: قەزای سۆران ناحیەی سیدەکان:

١- سەدوو چوار گوند چۆڵکراون.
٢- سوتانی پوش و باوان و رەزوباخێکی زۆر.
٣- بە دەیان کەس شەهیدو بریندار بوون.
٤- زیان گەیشتووە بە هەزاران مەروماڵات.
٥- بە دەیان هەزار خەڵك ئاوارە بوون.

چوارەم: قەزای ڕەواندزو ناحیەی وەرتێ:

١- چۆلکردنی گوندی زارگەلی بۆگریسکان.
٢- بە دەیان کەس شەهیدو بریندار بوون.
٣- بە سەدان کەس ئاوارە بوون.
٤- سووتانی ڕەزو باخ.
٥- کوژرانی دەیان مەڕومالآت.

بۆ پارێزگای سلێمانی داوا لە برای بەڕێزمان کاك شاخەوان دەکەین کە بیخوێنێتەوە سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رووف مصطفی میران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پارێزگای سلیمانی:

یەکەم: قەزای چوارتا:

١- لە ڕێکەوتی ٢٥-٦-٢٠٢٠ لە کاتژمێر (٦)ی ئێوارە لەلایەن فرۆکەیەکی دەوڵەتی تورکیا لە گوندی کونەماسیەوە ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاب بە ئامانج گرتبوو کە تیایدا شەهیدو بریندار هەبووە هاوکات لەگەڵ چەند زیانێکی ماددی.
٢- لە ئاکامی هێرشەکە (٧) برینداری هاووڵاتی هەبوو کە چواریان ئەندامی یەك خێزانن و سێ لە بریندارەکانی دیکە ئەندامی خێزانێکی دیکەن کە سەرجەمیان دانیشتووی کونە ماسین.
٣- زیانە ماددییەکانی هێرشەکە بە بڕی (٢٥) ملیۆن دینار خەملێندراون بە گوێرەی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی قەزای چوارتا.
٤- هاوکات بڕینی هێڵی کارەبا لە چەندین لاوە شکاندنی سەرەکی ڕێگای سەرەکی سووتانی کۆمەڵێك ڕەزوو باخی دانیشتوانی گوندەکە لە ئاکامی هێرشەکە.

دووەم: قەزای ماوەت: لە ئاکامی هێرشەکەدا بنکەی تەندروستی گوندی سەفرە زیانێکی زۆری بەرکەوتووە بە جۆرێك کە ناتوانێ نۆژەن بکرێتەوە هێڵی سەرەکی کارەبا زیانێکی زۆری بەرکەوتووە.

سێیەم: زۆرینەی خانووەکانی گوندەکە داڕوخاون و زیانی بەشێکی وەرشەکە بوو.

سێیەم قەزای پێنجوێن:

١- لە ناوەراستی مانگی ٧-٢٠١٥ ناحیەی ناو پارێز لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بۆمباران کراوە.
٢- سووتاندنی ڕەزو باخی هاووڵاتیان لە ئاکامی بۆردوومانەکە بوون.
٣- لە ئێستادا بەربەست دروست دەکرێ لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە بۆ جووتیارانی گوندەکانی هەڵاڵوە جۆرە توتمان، کانی سێف، بۆ سەردانی کردن بۆ سەر کێڵگەو کێڵگە کشتوکاڵییەکانی ڕەزوو باخەکانیان.

چوارەم: ئیدارەی راپەرین و قەزای پشدەر قەلادزێ.
١- سنوور شکاندنی عێراق لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لە هەردوو سنووری کێلێ و جاسوسان لە دەرەوەی مینە بەرزەکان.
٢- پێشێلکردنی رێکەوتنی ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە سنوور شکاندن و ناوچەی سپێرێ لە خاڵی سفر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پارێزگای دهۆك بەڕێزان فەرموو کاك ریڤینگ کەرەم بکەن.

**بەڕێز ریڤینگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پارێزگای دهۆك:

یەکەم :قەزای زاخۆ:

١- بە درێژای (٤٠) کیلۆمەتر پانایی (١٥) کیلۆمەتر هێزەکانی تورکیا هاتوونەتە ناو سنووری ئەم قەزایەو لە رێکەوتی ٥- ٦-٢٠٢٠ تاوەکو ٤-٧ -٢٠٢٠ نزیکەی شەش سەدو شەست و نۆ گوللە تۆپ وحەفتا موشەك ئاراستەی ئەم گوندانە کراون لە ساڵی ١٩٩٢ تاکو ئێستا نزیکەی پەنجا شەهیدو دەیان بریندار هەبوونە.
٢- پێشتر تەنها چوار بارەگای هێزەکانی تورکیا لەم ناوچەدا هەبوون، بەڵام ئێستا هەژدە بارەگای دیکە بوونیان هەیە.
٣- ٢٥ گوندی ناحیەی دەرکا تۆپباران کراون و بە سەدان دۆنم گەنم سۆتێندراون تا ئێستا نزیکەی (٢٠٠) جووتیار ناتوانن بگەرێنەوە شوێنەکانی خۆیان زیانێکی زۆریان پێکەتووە.
٤- لە باتی باسی (١٣) گوند تۆپباران کراون (٢٧) گوند چۆڵکراون بەجۆرێك هاووڵاتییان ناتوانن کەلوپەلەکانیان بگەرێنەوە.
٥- زەرەر بە بواری گەشتوگوزار کەوتووە کە بژێوی ژیانی ( ٤٠٠) خێزان بەو رێگایە بوو هەروەها بە سەدان دۆنم زەوی سوتێندراون بۆ خەملاندنی زیانە مادییەکان پێویستی بە لیژنەیەکی تایبەتمەند هەیە.
٦- قەزای ئامێدی هاوسنوورە لەگەڵ تورکیا بە ناوبانگە بە گەشتوگوزارو لە سنووری قەزای ئامێدی کە شەش ناحیە بەخۆیەوە دەگرێت ناحیەی شیلادزێ، دیرەلۆك، کانی ماسی، بامەرنێ، سەر سنگ، جما لەگەڵ قایمقامی قەزای ئامێدی و بەرێوەبەرایەتی ئەو ناحیانە کۆبووینەوە دوای سەردانی مەیدانی گەیشتینە ئەم ئەنجامەی خوارەوە:

یەکەم: بە گشتی لە قەزای ئامێدی لە کۆی (٣٤٨) گوند (١٩٨) گوند چۆلکراون، هەروەها تا ئێستا لە سنووری قەزای ئامێدی (٢٨) شەهیدو (٤) بریندار هەبوونە، ناحیەی جەمەکە کە دەکەوێتە بەرواری ژێری لای چیای گارە نزیکەی سەد کیلۆمەتر لە سنووری تورکیا دوورە (٧٥) گوندی هەیە و (٨٠) لەسەر سەد لە گوندەکان چۆڵکراون.

دووەم: ناحیەی کانی ماسی بەرواری باڵا نزیکەی (١٧) بنکەی لەشکری تورکیا لە ناو خاکی کوردستانی عیراقدا هاتوونەوە لە کۆی (٧٦) گوند نزیکەی شەش گوند چۆڵ بوونە لە ساڵی ٢٠١٨ نزیکەی (٣٥٠٠) سەر خێزان تێدا نیشتەجێ بوونە و تا ئێستا تەنیا (٧٠٠) سەر خێزان ماون.

سێیەم: ناحیەی شێلادزێ لە کۆی (٩٢) گوند نزیکەی (٨٥) گوند چۆڵکراون.
چوارەم: ناحیەی دێرەلوك لە کۆی (٥٦) گوند وەك کۆمەڵگا تەنیا (١٤) گوندو (٢) کۆمەڵکا تێدا نیشتەجێن.
سێیەم: قەزای ئاکرێ دوای سەردانیکردنمان بۆ ناحیەی قەزای ئاکرێ و دینارتە گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:
١- ناحیەی دینارتێ زیانێکی زۆری بەرکەوتووە لە چوارجێوەی هێرشەکانی دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەم ناوچەیە.
٢- لە کۆی (٩١) گوند نزیکەی (٢٤) گوند چۆڵکراون گوندەکانی تریش بە هۆی تۆپبارانی تورکیا لە مەترسیدان.
٣- نۆ شەهیدوو بیست ویەك بریندار لەساڵی ٩٦وە تاکو ئێستا هەن.
قەزای شەنگال لە دوو ساڵی رابردوو قەزای شەنگالیش چەند جار بە بەر بۆردوومانی سوپای تورکیا کەوتن بە داخەوە دوێنێ کە هەڤاڵان لە راپۆرتی ئێمە دا نەبووە، بەڵام ئەبێ بڵێین کە دوێنێ دوو هاووڵاتی شەهید بوون یەکێك لەوانە پاسەوانی پەرلەمانی کوردستان بووە هی خولی پێشوو پاسەوانی پەرلەمانتار زۆزان سعید صادق بوو، دووەم عبدالله احمد دلۆڤان تۆپارانا فرۆکەی تورکیا نزیکی بامەرنێ هاتنە شەهید کردن سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پارێزگای هەڵەبجە فەرموو کاك باڵانبۆ.

**بەڕێز باڵانبۆ محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەربەمان.**

چوارەم: پارێزگای هەڵەبجە:

١- ناحیەی بیارا سنووری هەورامان بەهۆی هەبوونی سنووری هاوبەشی دوو لایەن لە نێوان دەوڵەتی عێراق و ئێران بەشێك لە سەرچاوە ئاوییەکانی ئاودێرانی خاوەن رەزو باخەکانی دانیشتوانی ناحیەی بیارە دەکەونە سنووری قەڵەم رەوی دەوڵەتی حکومەتی ئێران هاوکات دەوڵەتی ئێران بە بیانوی پاراستنی سنوورەکانی زۆرجار بەربەست دروست دەکات لەبەردەم جووتیاران بۆ کەڵك وەرگرتن لە سەرچاوە ئاوییەکان بۆ ئاو دێرانی رەزو باخەکانیان.
٢- بەهۆی تێکەڵی سنووری دەوڵەتی عێراق و ئێران لە ناوچەی ئاماژە بۆکراو ئاوەرۆی چەند گوندێکی سنووری دەوڵەتی ئێران تێکەڵ دەبێت لەگەڵ سەرچاوە ئاوییەکانی بەشێك لە گوندەکانی سنووری ناحیەی بیارە کە ئەمەش لە داهاتوودا دەبێت بەهۆی پیسبوونی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەکە سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس، دەرخستەو ئەنجامە گشتییەکان فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
دەرخستەو ئەنجامە گشتییەکان:
١- زیانی ئەو گوندو دەڤەرانەی کەوتوونەتە سنووری بۆردومان و هێرشەکانی دەوڵەتانی تورکیاو ئێران.
٢- چۆڵکردنی سەدان گوندو سەدان کێڵگەی کشتوکاڵی رەزوو باخی ناوچە سنوورییەکان لە ئاکامی بۆردومانی هێرشەکانی دەوڵەتانی تورکیاو ئیران.
٣- بێکاربوونی لە دەستدانی هەزاران هەلی کار بەهۆی مەترسی هێرشەکان لەسەر ناوچە سنوورییەکان.
٤- زیانگەیاندن بە جووتیاران بەشێك لە ناوچە سنوورییەکان کە بەهۆی مەترسی و بۆردومان لەشکرکێشی وڵاتانی دراوسێ بۆتە هۆکار بۆ کەمبوونەوەی داهات تا ئاستی مەترسی لەسەر ناوچە گەشتیارەکان ئەو دەڤەرە ئاماژە بۆ کراوەکان.
٥- زیان گەیاندن بە ژینگەی هەرێمی کوردستان یەکێکی دیکە بێ لە ئاکامەکانی هێرشە بەردەوامەکانی لە نێوان دەوڵەتانی تورکیاو ئێران.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ سوپاس کۆبەند.
**بەڕێز عثمان علی سمایل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
کۆبەند:
١- بە توندی ئیدانە هێرش و بۆردوومانەکانی سووپاکانی تورکیا و ئێران دەکەین کە بەبیانووی هێزەکانی پەکەکەو پەژاك لە ناوچە شاخاوییەکان ئەوان هێرش و لەشکر کێشی بۆ سەر خاك و خەڵکی سبیل و هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدەن، هەروەها داوا لەو هێزانە دەکەین کە بە چاوی پێگەی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەن و بیانوو نەدەنە دەوڵتانی دراوسێ و بۆ هێرش و لەشکر کێشی بۆ سەر خەڵك و خاکی هەرێمی کوردستان و پێویستە دەوڵەتانی تورکیا و ئێران سنوورەکانیان تونتر بکەن بۆ پاراستنی خاکی خۆیان.
٢- سەروەری خاکی عێراق لە رووی ئاسمانی و زەمینیەوە لە بەشێك لە خاڵە سنوورییەکان شکێندراوە ئەمەش بۆتە هۆکار بۆ هاتنە ناوەوەی هەردوو دەوڵەتانی تورکیاو ئێران لە بەشێك لە خاڵە سنورییەکان بۆیە لە ئەولەویەت و کارە لە پێشینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندابێت بۆ دانوساندن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە، سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس راسپاردەکان فەرموون.
**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
راسپاردەکان:

بەنــاوی خــوای گەورەو مهرەبــان، بەڕێــزان ئەنــدامانی پەرلەمــان، لە کۆتــایی ئەم راپــۆرتەی بەردەســتتان داوا لە پەرلەمــانی کوردســتان دەکەیــن کە بەزووتــرین کــات حکــومەتی هەرێمــی کوردستان رابسپێرێت بۆ ئەم راسپاردانەی خوارەوە:

١- راسپاردنی حکومەتی هەرێم بە هەمـاهەنگی لەگەڵ حکـومەتی فیـدراڵی بـۆ چارەسـەرکردنی کێشە مینە بەرزەکان و شکاندنی سنوورەکان لە چوارچێوەی دەستوری هەمیشەی عیـراق بـۆ لێــك تێگەیشــتنێکی کــۆنکریتی لەگەڵ دەوڵەتــانی دراوســێ بە ئاراســتەی پاراســتنی نــاوچە سنوورییەکان و دانیشتووانەکانیان لە پێناو بەدوورگرتنیان لە زیـانە مـاددیی و گیانییەکـان و کێشانەوەی بـنکەو بارەگـا سـنوورییەکانی دەوڵەتـانی تورکیـاو ئێـران لەنـاو خـاکی عێـراق بە تایبەت لە ناوچە سنوورە شکێنداوەکاندا.

٢- راسپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەچوارچێوەی یاسایی ژمارە یەکـی سـاڵی ١٩٩٢ بـۆ گەیشتن بە لێك تێگەیشتنێکی سیاسی هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی پارچەکـانی تـری هـاوبەش کوردســتان بە ئاراســتەی ئــارامی و پاراســتنی ئاسایشــی خــاکی هەرێمــی کوردســتان و خەڵکەکەی.

٣- راســپاردنی حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان بــۆ دانوســان لەگەڵ حکــومەتی فیــدراڵی بــۆ پێکهێنـانی لیـواییەکی پاسـەوانی سـنوری کـورد زمـان و زیـادکردن و پرکـردنەوەی میلاکـاتی لیواکانی پاسەوانی سنوور بۆ سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەتـایبەت بـۆ نـاوچە زۆر پێویستەکان هەروەها پێکهێنانی لیواییەکی کوردزمان بۆ پاراستنی ناوچە سنوور ئامـاژە پێکراوەکان لە پارێزگای هەڵەبجەو سپاردنی ئەرکی پاراستنی ناوچە سنووریەکانی پارێزگـای ســلیمانی بەتەنهــا بە لیــوای ســێی پاســەوانی ســنوور بەو پێــیەی کە لە ئێســتادا هەردوو پارێزگاکـانی سـلێمانی و هەڵەبـجە تەنهـا یەك لیـوای پاسـەوانی سـنووری بـوونی هەیە ئەم لیوایەش ناتوانێ ئەرکی پاراستنی سـەرجەم سنوورەکە لە ئەستۆ بگرێـت بەهـۆی فراوانـی ناوچەی جوگرافی هەردوو پارێزگاکە بە لەخۆ گرتنی ئیدارەکانی راپەرین و گەرمیان.

٤- راسپاردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ دانوستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بۆ قەرەبوو کـردنەوەی زیـانە مادديیەکـانی نـاوچە سـنوورییەکان کە بە گـوێرەی دەسـتووری هەمیشـەی عیــراق و یاســا نێودەوڵەتییەکــان دەکەوێــتە ئەســتۆی حکــومەتی فیــدراڵییەوە هەروەهــا پێکهێنــانی لیژنەیەکــی هــاوبەش بــۆ ســەردانی کردنــی نــاوچەو خــاڵە ســنوورییەکان بــۆ پێداچوونەوە بە ناوچە سنوورییەکان و دەست نیشـانکردنی زەرەرو زیانەکـانی بە مەبەسـتی قەرەبوو کردنەوەی ناوچە سنوورییەکان کە لە ایەن دەوڵەتانی تورکیاو ئێرانەوە شکێندراون.

٥- راسـپاردنی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دانوسـتان لەگەڵ حکـومەتی فیـدراڵی بـۆ بە شەهید هەژمارکردن و قەرەبوو کردنەوەی بەرکەوتووان لەلایەن دەوڵەتـی عیـراق لە ئاکـامی لەشکرکێشی بۆردوومانە سنوورییەکان لەلایەن دەوڵەتانی تورکیا و ئێرانەوە.

٦- پاراستنی هەرێمی کوردستان لە رووی ئاسمانی و زەمینیەوە لە چوارچێوەی سەروەری خاکی عیراق و دەستوری هەمیشەی عیراق و هەرێمی کوردستان هەروەهـا لە چوارچێـوەی هەمـان دەستووردا بە هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ.

٧- هەوڵدان بۆ ڕەخساندنی هەلی کاری تازە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان کە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچە سنوورییەکان کارەکانیان لە دەستداوە کە تەنها هۆکاری خۆ ژینی دانیشتوانەکەی بووە.

٨- گواستنەوەی پاسەوانی سنوور بۆ خاڵی سفر واتا سەر سنوور ناردنی راسپاردنی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی پش سنوور کە دەکەونە سنووری قەڵەم رەوی دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس بۆ راپۆرتەکەتان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، پێش ئەوە دەرفەت دەدەین بە وەزیرە بەڕێزەکان ئەگەر قسەیەکیان هەبێ، دواتر دەرفەت دەدەین بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئەگەر پرسیارێك یا روونکردنەوەیەکیان هەیە لە بارەی ئەو راپۆرتەوە قسەی لەسەر بکەن، کاك دکتۆر ریبوار ئیزافەیەکت هەیە بەڵێ فەرموو پێش ئەوە.

**بەڕێز د.ریبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێك پرسیار گەڵالە بووە لە ئەنجامی ئەو راپۆرتەی کە لیژنەی هاوبەش ئامادەی کردووە، ئەگەر جەنابتان دەرفەت بدەن، بۆ ئەوەی پرسیار ئاراستەی وەزیرە تایبەتەکان بکەین، بۆ ئەوەی وەڵامیان لێ وەربگرینەوە، پرسیاری یەکەمم ئەوەیە، ئایا تاکو ئێستا حکومەتی هەرێم لەسەر ئەو بابەتە گفتوگۆی لەگەڵ حکومەتی ئێران و تورکیا کردووە بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی بابەتەکە.

پرسیاری دووەم: ئایا لە دانوستاندنەکاندا لەگەڵ حکومەتی عیراق ئەو بابەتە تا چەند پانتایی هەیە لە گفتوگۆییەکان و دانوساندنەکان لەگەڵ حکومەتی عیراق.

پرسیاری سێیەم: بۆچی هەوڵ نەدراوە لە رێگەی حکومەتی عیراق کە تەدویلی ئەو قەزییە بکەن لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی دیارە ئێمە دەزانین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی لۆکاڵیە لە چوارچێوەی مەنزومەی فیدراڵی ناتوانێ ئەو بابەتە تەدویر بکا، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بۆچی حکومەتی عیراق تەدویری قەزییەکەی نەکردووە.

پرسیاری چوارەم: ئایا لە پلانی حکومەتی هەرێمدا هەیە چارەسەرێکی ریشەیی بۆ چارەسەری ئەو بابەتە بدۆزێتەوە.

پرسیاری پێنجەم: ئایا قسە کراوە لەگەڵ پەکەکەو حزبەکانی تر کە لەو ناوچە بنکەو بارەگاکانیان هەیە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان دەبێ میکانزمێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی ئەو تەوەرەشمان لێ بڕوات یا ئەوەتا لە دوای خوێندنەوەکەی راپۆرتەکەی کە راپۆرتێکی دەوڵەمەندی باشتان نووسیوە لە دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکەتان، ئێمە دەرفەتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە دروست بووە بدەین بە بەڕێزان وەزیری پێشمەرگەو ناوخۆ، بۆ ئەوەی وەڵام بدەنەوە دواتر ئەگەر دوای روونکردنەوەکەی ئەوان پرسیارێکتان هەبوو پرسیاریان لێ بکەن، یان هەموو پەرلەمانتاران قسە بکەن، ئینجا وەزیرە بەڕێزەکان قسە بکەن، ئینجا ئیشکالەکە ئەوەیە لە تەوەری پێشوو

قسەشیان کرد بەشێکی زۆری ئەو قسانەی کە کردیان لە راستیا وەڵامەکانی پرسیارەکانی ئەوەبوون کە دوایی کردتان، یەعنی ئەوان دوو جار قسەشیانکرد جاری یەکەم قسەیانکرد بەشێکی زۆر زۆر لە پرسیارەکانیان وەڵام درایەوە، بەڵام ئێوە هەر پرسیارتانکرد لەبەر ئەوە بەڕێزان وەزیری پێشمەرگەو وەزیری ناوخۆ ئێمە دەرفەت بدەین بە پەرلەمانتاران قسەی خۆیان بە تەواوەتی بکەن و ئینجا یەکجار دەرفەت بدەین بە پەرلەمانتاران قسەی خۆیان بە تەواوەتی بکەن، ئینجا یەکجار دەرفەت بدەین بە جەنابتان ئەوەتان پێ باشە؟ بەڵێ باشترە کاك حیکمەت کاك کاروان دواتر ناوی ئەندامان دەنووسین با لیژنەکە تەواوی بکەن قسەی خۆیان، کاك عوسمانیش وەردەگرین بەڵێ کاك حیکمەت جەنابت یەکەم جار بەڵێ کاك شاخەوان ئەگەر ئیزافەتان هەیە، بەڕێزان ئەندامانی لیژنەکان ماشاالله راپۆرتان نووسیوە سەردانتان کردووە، بەلێ ئێوە دەستتان بەرز بکەنەوە کە کاك حیکمەت قسە دەکات، بۆ ئەوەی موناخان بە هێمنی ناوەکانتان بنووسێ جەنابتان کەرەم بکەن فەرموون قسە بکەن.

**بەڕێز حكمت محمد عبو زيد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێویستم زانی ئیزافەیەك لەسەر ئەو راپۆرتە بکەم، ئەویش هەموومان دەزانین لە ساڵی ١٩٩٢ دەڤەری زاخۆ و ئامێدی بە هۆکاری پەکەکە تورکیا چ نما لەگەڵ ئەو دەڤەرە نەیکا، بەس ئەوەی جێی داخە زیاتر پێمان ناخۆشە کە لە دەڤەری زاخۆ چواردە کەس بە دەستی پەکەکە شەهید بوینە، هەشتیش بریندار بووینە، وابزانم لە دەڤەری ئامێدیش ئەو حاڵەتە هەیە نەك ئەوەی بڵێین مەسەلەن کە ئەو کەسانە ئەوانەنە کە چووینە، یەعنی وەکی ئیستخبارات و شت بۆ دەوڵەتی تورکیایان کردبێت، نەخێر یەعنی دەتوانین ئیسپات بکەین کە ئەڵغام لەسەر رێگا ئی گوندەکان چاندینە و سەیارەی خەڵك بەسەر دارۆیشتیەو شەهید بوونەو پەکەکەش لەوێ بوونە، یەعنی ئەوها تەماشاشیان دەکرد لەگەڵ رێزم زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك کاروان فەرموون.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانی کوردستان، بەڵێ ئێمە ئەندام بووین لە نووسینەوەی ئەم راپۆرتە بە شانازییەوە منیش دەورم هەبووە لە نووسینەوەی راپۆرتەکە هەمومان بەشداربووین، بەڵام ئەو تێبینیانەی کە لێرە باسی دەکەم هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە لیژنە ناتوانین هەموو شتێك تەسپیت بکەین بەو پێیەی کە بۆچوونی جیاواز هەیە، رەئی جیاواز هەیە، هەموو رایەکانیش رەئی کوردانە بوون، بۆ ئەوەی لێرە بەکەسی نەفرۆشینەوە، بەڵام من بە مەبەستی دەزانم چەند خاڵێك هەیە کە گرنگە بەلامەوە لێرە باسیان بکەم:

یەکەمینیان لەسەر بنکەی بارەگا سەربازییەکانی دەوڵەتی تورکی، من دڵنیام دەوڵەتانی تریش هەیانە دەوڵەتی ئیرانیش هەیەتی، بۆ ئەوەی وەکو نوقتەی تەشەنوجات لێم وەرنەگیرێت، ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دەرفەتم بدا ئەو بارەگایانە بخوێنمەوە وەك تەئریخی پەرلەمانی با بمێنێتەوە لە ئەرشیف و پرۆتۆکۆلێ پەرلەمانیش دا:

یەکەم: بارەگای تورکی لە هەرێمی کوردستان وجوودیان هەیە، من دڵنیام دووبارە دەوڵەتی تریش هەیانە، بەڵام ئەوەی کە من دەستم کەوتووە ئەوانە بوون بنکەی سەربازی باتوفا، بنکەی سەربازی کانی ماسی، بنکەی سەربازی لۆجستی، بامەرنێ، کە لە هەمانکاتدا فرۆکەخانەشە بنکەی سەربازی باسنکێ، بنکەی سەربازی کۆمەڵگەی بێ گوڤا، بنکەی سەربازی گەلی زاخۆ، بنکەی سەربازی سیرێ، بنکەی سەربازی کوبکێ، بنکەی سەربازی قمریە، بنکەی سەربازی کوخێ سپی، بنکەی سەربازی گەلی دواتیا، بنکەی سەربازی جیای سەر زێ، بنکەی سەربازی ناحیەی زەلکان لە بناری جیای سەر مەقبول و هەروەها چەند بارەگایەکی تری هەواڵگری میتیش هەن کە بارەگای میت ناوەندی قەزای ئامێدی، بارەگای دەزگای میت لە ناوەندی قەزای باتوفا، بارەگای دەزگای میت لە قەزای زاخۆ، بارەگای دەزگای میت لە ناوەندی شاری دهۆك، دووبارە من دڵنیام لە شارەکانی تری کوردستان هەن، ئەوانە ئەوەن کە دەست من کەوتوون، بۆیە تکاتان لێ دەکەم بە هیچ شێوەیەك ئەگەر جەنابت دەرفەت بدەی ئێستا دەیکەمە پرسیار، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان بەڕێزان ئەو پرسیارەم ئاراستەی رووی دەمم ئاراستەی جەنابی وەزیری ناوخۆیە کە بەو پێیەی جەنابیشیان وەك ئێمە دڵنیام خەمخۆرن و دڵنیاشم کاری باشیان لەسەری کردووە، چەند پرسیارێکی گرنگ هەیە دەنگۆیەك هەیە کە لە ئێستادا لە ناوچەی کەرکووك هێزێکی تورکمان بە ژمارە هەزار چەکدار دروستکرابێت کە ئەگەر ئەمە راستبێت رەنگە لە نەتیجە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت، من تەمەنا دەکەم راست نەبێت، داواکارم بەڕێز جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەگەر معلوماتی لابێ لەسەر ئەم بابەتە ئەگەر راست بێت دڵنیامان بکاتەوە، ئەگەر راست نەبێ چی؟ و لە هەمانکاتدا خاڵێکی تر هەیە کە دەمەوێ باسی بکەم لە ئێستادا کە یەکێك لە هەدەفەکانی لەشکرکێشی تورکیا تەنها بەزاندنی سنوورەکان و تێکشکاندنی سرینەوەی هەرێمی کوردستان نین، بەڵکو ئەمە هەدەفی تورکیا کە هەیەتی بۆ دابین کردنی ئاسایشی وزەی وڵاتەکەییەتی کە هەیەتی، کە لە لیبیاش کە ئەمەی ئێستا دەگوزەرێت بەشێکە لە موعادەلە وزەی کە لە هەموو ناوچەکدا کە وجودی هەیە، بۆیە کە ئەمە رەنگە بە نەتیجە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر پێگەی هەرێمی کوردستان هەبێت، بە تایبەتی هەموو کۆبوونەوە سەرەتاییەکان دەریانخستوە کە لە ناچەی هەکاری چیای هەکاری ئەگەری دۆزینەوەی نەوت هەیە، تورکیا کە پێداگیری لەسەر ئەو مەنتقەیە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاتەکەت تەواو بوو، کاك بەڵێن فەرموون.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کە برادەران باسیانکرد لە دانیشتنەکان، سەبارەت بەو راپۆرتە قەرارماندا کە بە بیرێکی نیشتیمانیانەو نەتەوانیانە راپۆرتەکە بنووسینەوە و هەوڵ بدەین ئەو راپۆرتە لە چوارچێوەی قەومییەتی گەلی کورددا پاراستنی گەلی کوردا بێت، ئینجا پارچەیەکی هەرێمی کوردستان وەکو یەك زمان مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین، بەڵام لە یەکێ لە راپۆرتەکە نەمانتوانیبوو بینووسین و هەدەفیشمان بوو نەینووسین بە راستی، چونکە ئەوە راپۆرتێکی رەسمیە، بەڵام کە ئێمە بینیمان بیستمان ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ بکەم گوندی ئالانێ بەرچاومانکەوت، مەشهەت

ئاغــا كه لەوێ بــوو بەداخەوە یەكێــك لە ئەوە لە راپــۆرتەكەش باســمانكردووە یەكێــك لە بیانووەكانی ئەو دەوڵەتانە بۆ ئەو هێزانەیە كە ناوچەكانی تری هەرێمی كوردستانە بۆ تۆپبارانی و لەشكر كێشی، لەوێ گوتی دۆڵێك هەیە لە وێدا زیاتر لە چل بـۆ پەنجـا وڵاخـی تیـایە، گوتمـان ئەوان چی دەكەن گوتیان بە قاچاخ ئەو مەشروبانە تەسلیمی ئەو هێـزانە دەكەن كە ئەڵـێن كـاكە مەیبەن، لەبەر ئەوە تۆپباران دەكرێن ئەڵێ بۆ برادەرانی ئاسایشـن بەو نـاوەوە ئەیبەن، جـا ئەوە پرسیارەكەم ئاراستەی وەزیـری نـاوخۆ دەكەم هەرچەنـد دەزگـای ئاسـایش دڵنیـام جیـایە لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ، بەڵام ئاگادار بێ كە واقعێكی وا هەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

ســوپاس كـاك عوسـمان، بـا ئەمـان لیـژنەكە بە تەواوەتـی تەواو بـێ ئیلتیـزام بە كـاتەوە بـكەن، هەمووان بەڵێ كاك عوسمان فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پرسیارەكەمان ئەوەیە ئەوەی كە بینیمان بۆشایەكی سەربازی ئەمنـی زۆرمـان لەو ناوچـانە بینـی، كە بە داخەوە پێویسـت دەكـات پڕبكـرێتەوە ئەو شـوێنانە، لەبەر ئەوە هەر لایەنێـك ئایـا دەوڵەتە لایەنی سیاسیە هەر كەسێك كە هەیە چەندێك هەیە مەجالی بـۆ بكەیەوە لەبەر دەمـی نەمێنـێ ئەو ئەوەنـدە تمـوحی زیـاتر لە خـاكی ئـێمە دەكـات، لەبەر ئەوە مـن پـێم باشـە لە رووی سەربازی و ئەمنی وە لیژنەیەكی هاوبەش بۆ وەزارەتی پێشـمەرگەو نـاوخۆ دابنرێـت، بـۆ ئەوەی چارەســەری ئەو كێشـانە بكرێــت ئەو بــاغە ئەمنیــانەی كە هەیە لەو ناوچــانەدا پــڕ بكــرێتەوە، بەراستی خەڵكی ئەو ناوچانە رووبەرووی مەینەتی زۆر بوونەتەوە، پێویستە ئـێمە لایـان بـدەین كە ئێمە وەكو لە راپۆرتەكەشدا باسكراوە، یـانی ئەو خەڵكـانەی لەو ناوچـانەی تووشـی زەرەروو زیانێكی ماددی زۆر گەورە بوون و زەرەروو زیانێكی گیانی كە تەنها لە گوندێك، یەعنی لە نزیكی لۆلان (٥١) شەهید هەیە كە ئەمە بە راستی كارەساتێكی زۆر زۆر گەورەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، لیژنەكان كەس ماون قسـە بـكەن كـاك دكتـۆر ریبـوار تەواو، كـاك شـاخەوان دەرفەتـی هەمووتـان دەدەیـن بـا ئەوان تەواو بـن بەسـەر چـاو كە ناومـان نووسـی زوو نـاوت دەخوێنمەوە.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفی میران:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس دكتۆرە، دیارە ئەو راپۆرتەی كە لیژنەی هـاوبەش حـازری كـردووە ئـێمە بەلامـانەوە گـرنگە، لە راسـتیدا پاراسـتنی حكـومەتی هەرێـم لەم قۆنـاغەدا لە راسـتی ئەمە مەسـولیاتێكی نیشتیمانی و نەتەوەیە لەسـەر شـانی هەمووانـە، لەبەر ئەوەی بەراسـتی نامـانەوێ هاوشـێوەی سـاڵی ٩٢ شـەرێكی گەورە لە هەرێمـی كوردسـتان دروسـت ببـێ، لەبەر ئەوە وەزیـفە واجبـی هەمولایەكمانە ئەبێ مراعاتی ئەو قۆناغەی حكومەتی هەرێم بكەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، كاك باڵانبۆ قسەت نییە، هەتە فەرموو دوای ئەوە كاك رزگار.

**بەڕێز باڵانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن تەنهـا ویسـتم راسـتكردنەوەیەك لە خـاڵی دووەمـی پارێزگـای هەڵەبـجە بـدەم كە لە دوای دەوڵەتی ئێران نووسراوە تێكەڵ دەبێ لەگەڵ سەرچاوە ئاوییەكان، ئەوا تێكەڵ نابێ دەرژێتە ناو خاكی هەرێمی كوردستان لە ئایندەدا دەبێتە هـۆی پیسبوونی سـەرچاوە ئاوییەكـانی هەرێمـی كوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

یەكەم جار كاك رزگار، ئینجا كاك رڤینگ بەسەر چاو با تەواو بێ ئینجا جەنابتان.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە راپۆرتەكەی هەولێردا لە خاڵی چوارەمدا لە ساڵانی رابردوودا تا ئێستا بە هەزاران مەڕومـاڵات لەو دەڤەرە بە هۆی بۆمبارانی توركیاوە كوژراو گونجاو نییـە بـۆ مەڕومـاڵات بكـرێتە لە نـاوچوو باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك ریڤینگ فەرموو.

**بەڕێز رێڤینگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

گەلەك سوپاس، بەراستی ئێمە هەوڵدان دێ راپۆرت و راپۆرتەكە تێرو تەسەل بیتن ژ بەر هەنـدێ وەك زروفێ هەرێمی كوردستانێ حكومەتێ و سیاسی وێ ئەمنی هەمی دانە بەر چافێـت خـۆ، ژ بەر هەنـدێ ئەم نەجـوینە كوردەواریـا ئەگەر نـا رەوشـا وان مەنـتقە وان گەلەك خـراپە دەبیـت حكومەتا هەرێمی كوردستان گەلەك جدی بەڕێز وەزیـری پێشـمەرگەو وەزیـری نـاوخۆش لێـرەنە تـایبەت مەنتقـا ئامێـدی ئەڤ هێـزە پاسـەوانی سـنووری لێـیە بەراسـتی مە لەگەڵ ژێ ئاخـافتو رەوشتین نە هێزەكە شەركەرە چەكێكی گەلەك زۆری بێ سەرو بێ وەكو هەنـد هێزەكـا عیـراقیە وێرێ زێدەتر نینە هەمە هەنگیەكی باش لەگەڵ وان بیت ژ مە ئەو تەئكید كردیا راپۆرتە خـۆ بـدا بچنە خاڵا سفر سنووری پێشمەرگە نیزێكی خەلكی گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك دكتۆر ریبـوار زۆر دەرفەتـم دایەی، ئـاخر زۆر دەرفەتـم دایەی مەجـالی قسـەی زیاتریشتان دەبێ، جەنابت سەرۆكی لیژنەكان ناوەكان دەخوێنمەوە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەركەسێك ناوی نە نووسرا بوو بڵێ ئیـزافەم بـكەن، دوای ئەوە كەس نامەمـان بـۆ نەنێرێـت بـۆ سەر منەسەكە (كاك ایدریس، كاك ئەرشـەد، كـاك مـلا ویـس، كـاك چیـا، كـاك بهجـت، دكتـۆر زانـا، گـولیزار خـان، خەدیـجە خـان، حسـیبە خـان، كـاك هیڤیـدار، كـاك مـم اسـكندر، دكتـۆر زیـدان)، لەحزەیەك سەبرتان هەبێ، لێرە كەس هەیە نەمان نووسیبێ بەڕێزان دكتۆرە گەلاوێژ ئیزافە بـكە بەسەرچاو لێرە كەس هەیە ناومان نەخوێنبێتەوە بە تەمای قسە كردن بـێ بەلـێ كـاك علـی، كـاك جمال، ئاشنا خان، كاك جلال، شادی خان، شنۆ خان، شیرین خان، كـاك لوقمـان، كـاك هـاورێ، كـاك هێرش، سلما خـان، گوڵسـتان خـان، كـاك زیـاد، كـاك سـەركۆ، كـاك مـلا ناصـر، كـاك گـۆران، دكتـۆر

محیـدین، کـاك سـیپان، کـاك دیـاری، کـاك مەم، مژدەخـان) بەڵـێ بەڕێـزان تەواو کـاك ئیـدریس فەرموون.

**بەڕێز ادریس اسماعیل عبوش:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە ئەگەر تەماشای بکەیـن ئەو کێشـەیە هەمـوو لەسـەر پەکەکەیە، بەڵام لە نـاو راپـۆرتەکە تەنها یەکجار ناوی پەکەکە هاتووە، پەکەکە نەك تەنیا رێز لە سنووری هەرێمی کوردستان ناگرێ، بەڵکو بووە بە حاکمی موتلەق لە هەندەك دەڤەر بەکەیفی خۆی خەڵك دەگرێ و خەڵك زینـدانی دەکەن و خەڵك دەکـوژن و بە کەیفی خۆیـان ئامـانجی پەکەکە ئیمـانە لەشکری تـورکیە بـۆ نـاو خـاکی هەرێمی کوردستان، هەروەکو چۆن تورکیا هینایە ناو خاکی رۆژئـاوای کوردسـتان پەکەکە تەنها زمانی خۆ سەپاندن دەزانێتن، لێرە پرسیارم ئەوەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان لە وەزیـرە بەڕێزەکان بە تایبەتی وەزیری پێشمەرگە وەزیری ناوخۆ بە چ زمان دەتوانن لەگەڵ پەکەکە قسـە بکەن، بۆ ئەوەی ئەو کێشە چارەسەر بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ارشد فەرموو.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستی پێم خۆشە هەندێك زیاتر ماوەم بدەیتێ، چونکە لە ناو مەنتیقەکەی دەژین و واقیعەکەی زیـاتر دەزانـین هەرچەنـدە لە راپـۆرتەکەش تێبینـیم کـردووە، ئەو راپـۆرتە سـەدا سـەد باسـی واقیعەکەی نەکردووە، ئێمە لە بـارودۆخی هەرێمـی کوردسـتان بە عـام لە بـارودۆخێکی دارایـی تونـدا کەچـی پەکەکە لە مەنتـیقەی بـا بڵێـین، مـن زۆر لێـی شـارەزام سـیدەکان و ئەوانە بـاج و سەرانە لە خەڵك وەردەگرن، لە سەد سەر حەیوان سێ سەر وەردەگری لە هەر کە باسیشیان کـرد هەموو گوندێك باسی کرد کەچی نەنوسراوە، لێـرە چـل هەزار زور وەردەگـری لە هەر سـەد سـەر سێ سەر وەردەگرێ لە هەموو کەسێك، یەعنـی هەر ئیجبـاریە سـاڵانە دەبـێ بیـدەی نەیـدەی لە گوندەکە نامینێی کەس باسی نەکردووە، ئەوە هیج لە راپۆرتەکە باسی نەکردیە، ئەو کێشەیە وە هیج حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو دەسەڵاتەی نیـیە، جادەشـیان بـۆ ببـات، دەبـی بە ئیزنـی پەکەکەی لە خزمەتگوزاریش دوورن، یەعنی لەگەڵ کاك بەڵێن و کاك عوسـمان و وان کە پـێکەوە بـوون لە مەنتـیقەی ئـێمە گلەیـی جادەکەیـان زیـاتر بـوو، لەبەر ئەوەی لەبەر پەکەکە حکـومەت نـاتوانێ خزمەتگـوزاری ببـات، کە حکـومەت نـاتوانێ خزمەتگـوزاری بگەیەنـێ خەڵـکەکە لێـرە زەرەرمەندە، نەدەتوانێ شینایی خۆی نە دەتوانێ تەماتەو شتی بگەیەنێتە ئەو مەنتیقەی، نە زۆر زۆر لەرێ لە کارەبا سەبەب بنکەکەیە بـاس نەکـراوە، ئێسـتا کەسـێك کە مەنتیقەیەکـی گەورەیە ناحیەی سیدەکانە، حەفتەك پێش ئێستا لەلایەن پەکەکەوە گیراوە، نازانم دەسـەڵاتی حکـومەتی هەرێـم لەو مەنتـیقەیە چیـیە، یەعنـی پرسـیارەکە ئەوە دەسـەڵاتی عەسـکەری چیـیە، یەك ئەوە سنوور مەنتیقەمان هەیە وەك زارگەلی، زارگەلی سنوور نییە لە ناحییەی وەرتـێ زارگەلـی سـنور نییە، ناحیەی دینارتە لە ئاکرێ سـنوور نیـیە، یەعنـی هەبـوونی پەکەکە بـۆ هەبـێ لە کونەماسـی جەنابـت رەنـگە لە مـن شـارەزاتر بـی سـنوور نیـیە، بـۆ لە ئەزمەر هەبـێ، یەعنـی هەنـدێك شـت

پرسیاره پەکەکە بۆ لە ئەزمەر هەبێ کە تورکیا هێرشی بکاتە سەر لەو ئیدارەیە، بەراستی ئەگەر پەکەکەیان بۆ راوەناستێ بۆ لە پشتی رانیە هەبێ، هەمووی پەکەکە باوڕ بکە دەورێکی زۆر ئەساسی هەیە لە تێکدان و با نەبیتە ئەوەش، بەس خاسەتەن لە ئیدارەی سلیمانی دەتوانم بڵێم لە ئەترافی شارەکانەوە لە ئەزمەر ناو شاری سلیمانیە هەبوو، نەو تورکیاش ئەدی ئەو مەدەنیانەی کونەماسی نازانم هەماهەنگی هەیە یان ناتوانن رێگری بکەن، ئەو قوەتە نییە حکومەت ئەو قوەتەی نییە رێگری بکات لە ناو شارەکان، کاکە با لە جێ چۆڵەکان هەبێ، نەك لە ناو شارەکان هەبێ، زۆر سوپاس عەفو بەس فەرمانێکیش هەیە لە ٢٠١١ کە ئەو شەهیدانەی بە تۆپباران و تورکیاو ئیران شەهید دەکرێن بە شەهیدی سەنگەر حیساب بکرێن، ئەوەش وەلەو لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە ئەو فەرمانە راگیراوە، ئەگەر کارای بکەنەوە زۆر سوپاسیان دەکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك علی حمە صالح فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، دیارە ئەم بابەتە بابەتێکی گرنگ و حەساسە لە دیدی ئێمەوە و بابەتێکە هەرئەوە نییە حەدەسێك بێ ئەمرۆ روویدابێ، لە بەیانی دووبەیانیشدا ئەژین ئەو قەزیە و هەموو هێزە کوردستانییەکانی هەر چوار پارچەکە حەقی خۆیەتی داوا بکەین، موراعاتی دۆخی هەرێمی کوردستان بکەن، ئەوە بابەتێکی رەوایە لە رابردوودا، هێزەکانی ئێمەش لە ئێران بوون یارمەتیان داوین، بەڵام موراعاتکردن و بابەتەکەی ئێمەش لەگەڵ موراعاتکردندایین، بەڵام هەست دەکرێت زیاد لە حەد بیانوی هەیە، یەعنی ئەمە تورکیا هەیە، تورکیا وازحە ستراتیژێکی هەیە کە خەو بە دەوڵەتی عوسمانییەوە دەبینێ، ئەمە خەونی پرۆژەی تورکیایە، خۆ پەکەکە رەنگە لە لیبیا نەبێ، نییە بە دڵنیایەوە نییە، نەك رەنگە نەبێ باشە، یەعنی دەبێ خۆمان بۆ ئەو ئەگەرانەش هەمووی حازر بکەین، من پرسیارێك لە هەردوو بەڕێز جەنابی هەردوو وەزیر دەکەم، چونکە بابەتەکە کەمێك تێکەڵە، یەعنی لە مەوقعی فەرمی تورکیا مەوقعێکی فەرمی تورکیا لە تویتەر (٣٧) بنکەی سەربازی تێدایە کە هەولێری تێدایە، لە زومنیان من پێم وابوو ئەگەر وانییە وەڵام بدرایەتەوە چ پێویست بوو ئەوە بکا، شێوەی ئیستفزازیەتێکی تێدابوو و ئایا ئەوە مەسجێك نییە؟ ئایا ئەوە نامۆیەك نییە بۆ هەرێمی کوردستان؟ کە من لە کوێ بنکەی سەربازی دەکەمەوە و نەخشەیەکیش هەیە لە تورکیا، نەخشەیەکی مەشورە کە هەموومان بینیومانە باسی ساڵی ٢٠٢٣ دەکات کە لە زومنی ئەوا بەشێکی گەورەی هەرێمی کوردستان لە زومنی دەوڵەتی تورکیایە، لە چوارچێوەی خەریتەی دەوڵەتی تورکیا هەیە، یەعنی ئەوانە من دەزانم واقعێکی سیاسی هەرێمی کوردستان نە شەری عێراقی پێ دەکرێ، نە شەری تورکیای پێ دەکرێ، نە شەری ئێرانی پێ دەکرێ، ئەمە واقعە، بەڵام جولەی دیبلۆماسی گرنگە قسەکردن لەسەر ئەوە و لێکدانەوەی ئەو ئەگەرانە گرنگە، من پێم وایە پرسیارەکە ئەوەیە بەڵێ ئەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پەکەکان قسە بکات، ئەوانیش موراعاتی دۆخی هەرێمی کوردستان بکەن، ئێمە توانای ئەو شەرەمان نییە، توانای ئەو شەرەمان نییە لەگەڵ

توركيـا، بـۆیە داوای موراعـات بکەیـن، بەڵام ئایـا ئەجنـداو روئیـاو تێگەیشـتنی تورکیـا تەنیـا پەکەکەیە یـا جوگرافیـاو تـاقەیە پـێکەوە، جوگرافیـاو تـاقەیە پـێکەوە کە جوگرافیـاو تـاقە هەردووکیان پێکەوە تەواوکارین بۆ ئەم پرۆسەیە و ئەو خەمەی کە تورکیا هەیەتی بۆ دەوڵەتـی عوسمانی و ویلایەتی موسل و تا دواتر، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك جمال فەرمووو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لە لیژنەی بادینان بووم، راپۆرتەکەشم بە تێرو تەسەلی ئەوەی هەولێرو سلیمانی شکۆم دیتەوە، من هەست دەکەم خەتەرێکی گەورە لەسەر کـۆی پرۆسـەی کوردسـتانمان هەیە، لەسـەر قەوارەی هەرێمی کوردستان هەیە، راستە تورکیا بە بیانوی پەکەکە هـاتیە فعـلەن پەکەکە هەیە، بەڵام من پێم وایە ئەگەر پەکەکە هەرچی داخوازییەکانی تورکیا هەیە جـێ بەجێـی بکـا، تورکیـا لەگەڵ پەکەکە پێك نایە، بۆ ئەوەی ئەو بیانوەیان هەر بمینێ، بۆ ئەوەی ئەو نەخشـانەی وەزیـری جەنگـی تورکیـاو وەزیـری خاریجیەیـان رۆژێـك ئیعلانیـان کـردو کە دەڵـێن ئـێمە پـرس بە کەس ناکەین کە دەچیـنە بـاکووری عێـراق، نـاوی کوردسـتانیش نـاهینن، دیـارە ئەو نەخشـەی کۆنیـان دەیانەوێ زیندووی بکەنەوە، من بەو حەساسیەتەوە قسە ناکەم، بـرادەران دەزانـن حەقیقەتـێکە باسـی دەکەم، حکـومەتی عێـراقیش کلکـی هەیە لەو مەسـەلەیەدا، هەمـان ئەو ئینتفـاقیەیە کە وەختی خۆی سەدام حوسێن لەگەڵ تورکیا کردی، تا ئێستاش مەفعولی هەیە و بەردەوامە، بەڵام حکومەتی عیراقی ئیعلانـی ناکـات، بـۆیە داوا دەکەم هەم لیـژنەی دانوسـتانکار ئەوەیـان بـخەنە بەرنامەکانیان ئەو قەرارەی کە لە زەمانی سەدام و ئەوان هەبـووە تـا ئێسـتا کـاری پـێ دەەکـرێ، ئەویـش هەڵبوەشـێتەوە، داواش لە هەمــوو هێزەکـانی کوردسـتان دەکەم ئەوەی کـاك خالیـد ئیشارەی پێکرد دەستی خستە سـەر برینەکـان، لاوازی ئـێمە لە پەرتەوازەیمـانە، هەرکاتێـك ئـێمە یەك بووبین بەرامبەر بە دوژمنان کەمتر تووشی زەرەرو زیان بووین و سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر محی الدین فەرمووو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای دەست خۆشی و پشتگیری لە نـاوەرۆکی راپـۆرتەکە، بەڵام هەنـدێك تێبینـیم هەیە یەکەم شت کەمپی مەخمور زیـاتر لە چەنـد جارێـك بۆردومـانکراوە ئامـاژەی پـێ نەکـراوە، فرۆکەکـانی تورکیـا شـەهیدو برینداریشـیان هەیە ئەوا پێویسـت بـوو لە سـنووری پارێزگـای هەولێـرێ ئەوە ئاماژەی پێبکرایایە، من دەقاو دەق لەگەڵ کاك جمالم ئەو رێککەوتنامەی نێوان دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی تورکیـا لە سـاڵی ١٩٨٣کە واژوو کـراوە کە رێگـا دەدا بە سـوپای تورکیـا سـنوور شـکێنی بکات و بێتە باشوری کوردستان، بەشێکی لە ووتووێژەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ ئەوەی لە رێگای حکومەتی عیراقی بتوانێ ئەو رێکەوتنامەیە هەڵبوەشێتەوە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە دەوڵەتی تورکیا وەکو کاك علـی و کـاك جمـالیش ئاماژەیـان پێکـرد هەم خەمـی وزەیـان هەیە

هەم خەمی فراوانبوونیان هەیە، بەڵام ئەرکی هێزە سیاسیەکان پارچەکانی کوردستان کە ڕێز لەو ئەزموونە بگرن، پشتگیری ئەو ئەزموونە بکەن نەبنە هۆکاری پاساوی پاساودان بەو هێزانە، یاخود بەو دەوڵەتانە بۆ ئەوەی لەشکرکێشی بکەن، خاڵێکی تر لەو راپۆرتەدا کە بۆمان هاتووە کە بە تێروانینی ئێمە باسی پێکەوە ئەرکی کورد زمان دەکا، ئەو ناوچانە من پێم وایە لە کوردستان زیاتر لە نەتەوەیەك دەژین نابێ تەنها ئەوانەی لە ئەو لیوایە ئەگەر پێك بهێنرێت تەنها کوردەکان وەك دەبێ نەتەوەو پێکهاتە ئاینیانەی کە لە کوردستانیش دەژین، پێویستە ئەوانیش بەشداریان پێ بکرێ، من یەك دوو پرسیاری بچوکم هەیە کە ئەگەر ئاراستەی هەر یەك لە بەڕێزان بکەم، یەکەم ئایا چوونی ئەو هێزانەی پاسەوانی سنوور بە هەماهەنگی بووە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەزگا پەیوەندیدارەکان، خاڵی دووەمم ئەوەیە کە ئایا لە ئەنجومەنی وەزیراندا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێکی ناوە لەگەڵ حکومەتی عیراقی بۆ وەستاندنی بەلانی کەم ئەو لەشکرکێشیەی دەوڵەتان و دەوڵەتی تورکیا بۆمبارانکردنی حکومەتی ئێران، ئایا وتووێژکراوە لەگەڵ هێزەکانی پەکەکە بە تایبەتی سەرباری ئەوەی کە وەکو گوتمان دەوڵەتی تورکیا تموحی لەشکرکێشی فراوان بون و هێزی، بەڵام بەشێك لە پاساوەکان هێزەکانی پەکەکە پێم وایە دەبێ ئەو هێزانە ڕێز لەو بگرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستان خۆش زۆر سوپاس، باشە فەرموو د.محی الدین سی سانیە قسەکەت تەواو بکە.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم تایبەتە بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ، کەمپی مەخمور ژمارەیەك ئاوارەی تێدایە هەندێ جار پێویستی بە داودەرمان و خوێندن کارو کاسبی هەیە، پێم وایە بە تایبەتی ئەوانەی کە دێنە هەولێر کارو کاسبی دەکەن، یاخود بۆ خوێندن دێن هەندێك جار تەگەرەیان بۆ دروست دەکەن، ئەگەر بتوانرێ ئاسانکاریان بۆ بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گلیزار خان.

**بەڕێز گلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیڤ راپۆرتا لیژنا هاوبەش هەندێك پرسیارا ئاراستەی وەزیری پێشمەرگە دەکەم، وەکو ئەم زانین ئەوە چەند هەیڤە دەوڵەتا تورکیاو ئیرانێ سنورێ شکاندنا رۆژانە تۆپارانێ گوندە مە دەکەن، هەروەها زیانێ گیانی و مادی هەنە، بەڵام ئەم هەمی زانی دیڤ یاسای نێو دەوڵەتی حکومەتا عیراقێ بەرپرسە بۆ پاراستنی سنوورێ عیراقێ، بەڵێ مە دیڤێ پرسیارا جەنابێ وەزیری بکەم وەزیری پێشمەرگەی ئەو چ هەمەهەنگیا یان نەبوونا وێ ئیتفاقیا وێ هەماهەنگێ بەینا وەزارەتا پێشمەرگێ و وەزارەتی دیفاعی عێراقی بۆ پاراستنا سنوورا هەروا ساکی دێ قەرەبوێ وان زەرەرە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك زانا.

**بەڕێز زانا خالید سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێرای دەستخۆشیم بۆ سەرجەم ئەندامانی بەڕێزی هەرسێ لیژنە، بەراستی دیارە ماندووبونی زۆریان پێوە دیتیە بە راپۆرتەکە، بەڵام تێبینیەکیشم هەیە ئەگەر لێم وەربگرن تێبینیەکە ئەوەیە کە بینیمان لە دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکە هەر یەك لە بەڕێزان ڕایەکی جیاوازیان هەبوو، ئێمە دەزانین کە ڕەنگە تەوازنێکی بیروبۆچوونە جیاوازەکانی خۆیان کردیە لە ناو راپۆرتەکەدا، بەڵام لەگەڵ ئەو هەمـوو مانـدوبوونە باشتر دەبـوو تۆزێـك واقـع بینینـانە دەبـوو دواتـر راپـۆرتەکە نوسرابایەوە، بۆ ئەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکانیشیان هێنابایە ئێرە، بۆ ئەوەی بەرچـاو روونـی زیاتر بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان هەبێت، مـن مـولاحەزەی ئەوەم کـرد کە بە پێـی راپـۆرتەکە دیارە (٥٨١) گوند چۆڵکراوە، بەراستی ئەوە ڕەقەمێکی گەورەیە ئەگەر (٥٨١) گونـد چـۆڵکرابێ لە یەك شوێندا لە کۆبەندەکەدا بە یەك ووشە ناوی هێزەکانی پەکەکەو پـژاك دەهێنـدرێت کە وەکـو بیان و ناویان دەهێندرێت، من لە لیژنەی بەڕێـز دەپرسـم ئایـا بە دواداچـوون بـۆ ئەوە نەکـرا ئەم هێزانە تاکەی لەم ناوچانە ببنە هۆکاری ئەم دۆخەی کە لە هەرێمی کوردسـتاندا روودەدەن، ئـێمە دەزانـین لەلای حکـومەتی مەرکەزی عیراقیـدا هەمیشـە وابـووە لە سـەردەمەکانی پێشوشـدا لە ئێستاشدا گرفتی ئێمە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ، لەگەڵ ئەو عەقلیەتەی کە لەگەڵ بەغدا مـامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکات لە هەموو سـەردەمە جیاوازەکـان ئەوەبـووە کە وویسـتویانە ئەم ئەزموونەی هەرێمی کوردستان لاواز بکەن، هەرێمی کوردسـتان هەرێمێکـی بەهێـز نەبـێ لە ناوچەکەدا بەشێکی ئەم بارودۆخەی ئێسـتا کە دەگـوزەرێ لەسـەر سـنوورەکان بـۆ پێشـێلکردنی خاکی هەرێمی کوردستان لەم چوارچێوەیە دایە، کە بەشێکی قسەکانی برای بەڕێزم کـاك جمـال کە ئاماژەی پێدا هەبـوونی ئەم ئایـدیایە لەلایەن حکـومەتی مەرکەزی عێـراقەوە، کە بـێ گومـان بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەم بارودۆخە لەسەر سنوورەکان دروست ببێ، ئەمە خاڵێك لە خاڵەکـان کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت ئەگەر بابەتەکە پرسیاربووایە لە حکومەت پرسیاری زۆرمان هەبـوو لەم بابەتە، بەڵام دانیشتنەکە خوێندنەوەی گفتوگۆیە و خوێندنەوەی راپۆرتەکەیە بـۆ ئەنـدامانی پەرلەمان، بەڵام ئەگەر بتوانین پرسیار بکەیـن دەپرسـم لە بەڕێـزان لە وەزیـری نـاوخۆو وەزیـری پێشمەرگە ئایا تا کەی چارەسەری ئەم گرفتە نـاکەن کە هێـزە چەکدارەکان لە سـەر سـنوورەکان، ئەوەی برای بەڕێزم کاك ئەرشەد ئاماژەی پێدا لە وەرگرتنی باج و سەرانە لە خەڵك لە چـۆڵکردنی ناوچە سنوورییەکان و ئەو هەمووە ڕەزوباخەی کە خەڵك کە لەو ناوچانە دەسوتێنرێن هۆکارەکە کێیە؟ ئێمە دەبێت لە تەشخیس بپرسین ئینجا بـۆ عـیلاج بـڕۆین، کە تەشـخیس کـرا ئەم هێـزانە هۆکارن و مانەوەیان مەترسیە بۆ خاکی هەرێمی کوردسـتان، حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە دانوسـتانەکانی لەگەڵ بەغـدا چـی دەکـات لەم بـوارەدا و خۆشـی لە چوارچێـوەی دەسـەڵاتە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان چ بڕیارێـك دەدات، ناکرێـت خەڵکـی کوردسـتان لەوە زیـاتر ببێتە سووتەمەنی ئەو هێزە چەکدارانە لە سەر سنوور، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك زیدان فەرموو.

**بەڕێز د.زیدان رشید خان اودل:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

لە دوای بینینی راپۆرتی لیژنەی هاوبەش لە هەرسێ لیژنە بەڕێزەکان، وێڕای دەستخۆشیان بۆ سەردانیکردنیان بۆ هەر چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، رەنگە من هەندێك بیروبۆچوونی جیاوازم هەبێت، هەم وەکو خۆم کە لە ئێستاشدا ماڵم لە کۆتا خاڵی سنووریە لە ناوچەی برادۆست و لە هەندێك پێشتریش کە چەندین حاڵەتی جیاوازمان بیستوەو بەرچاومان بووە، لە رووداوەکاندا ئەوەی کە زۆر گرنگە ئاماژەی پێ بکەم دوو تەوەری گرنگ ئاراستە دەکەم یەکێکیان بۆ هەردوو وەزیری بەڕێزە کە لێرە ئامادەن، یەکێکیان بۆ خودی خۆمانە لێرە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان و بۆ هەرسێ لیژنەی بەڕێزیش کە شاند بوونە بۆ سەردانی کردنی شوێنەکان راپۆرتەکانی ئێمە بەراستی تەفاسیل نییە، ئەگەر ئێمە مەبەستمانە بیدەینە حکومەتی هەرێم پێویستە زۆر ووردتر بین لەسەر رووداوەکان، لەسەر ئەو شوێنانەی کە کارەساتی بەسەردا هاتووە، بۆیە من پێم باشە ئێمە دەزانین بۆ نموونە دەڤەری خۆم دەتوانم داتایەك بدەمە دەست بڵێم لە (٢٩) ساڵی رابردوو ئێمە ئەوەندە شەهیدو ئەوەندە بریندارەمان هەیە، ئەوانەش تا ئێستا بە شەهید تۆمار نەکراون، یاخود بریندارەکان تەعویز نەکراونەوە، داتایەکی زۆر ئاسانە لە رێگەی خۆمەوە بۆ نموونە لە دەڤەری خۆمەوە دەتوانم ئامادەی بکەم، کەواتە هەموو خاڵە سنوورییەکان تۆزێك لە راپۆرتی دهۆك هەندێك تەفاسیلی تێدابوو ئەوانی تر ئێمە ناتوانین بیدەینە بەر دەستی وەزیرە بەڕێزەکان بڵێین داتایەکی گشتییە لە هەرێمی کوردستاندا کە ئەو واقیعەی تێدا روویداوە و دەتوانین لە رێگەی بۆ نموونە لە رێگەی موختارەکانەوە گوند بە گوند لە (٢٩) ساڵی رابردوو زەرەرو زیانەکان کۆبکەینەوە، یاخود لە لایەن یەکە ئیدارییەکانی ناحیەکانەوە هاوکار دەبن، بۆ ئەوەی بتوانین ئەگەر زۆریش دەقیق نەبین لە سەدا نەوەتی کۆبکەینەوە، ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر بەراستی هەم هێزەکانی ئێران هەم هێزەکانی تورکیا و هەم هێزەکانی تریش کە وەکو پەکەکەو پژاك و ئەوانی تر، با زۆر زۆر لەگەڵ یەکتر راست و رەوان بین هەر هەموویان وەکو روویەکی ئەوە دوژمنی هەرێمی کوردستانن، هەریەکەو بە پێی سیفاتێکی خۆی بە هەماهەنگی لەگەڵ هێزێکی تری بەرامبەری دەیانەوێت ئارامی هەرێمی کوردستان بشێوێنن، من واقیعانە بڵێم لە ساڵانی رابردوو توێژینەوەیەکم هەبوو لەسەر دەڤەرەکەم کە لە ئێستادا ئامادەیە وەکو کتێب هێزەکانی برایانی پەکەکەمان کە لە وێ بوونە، رێگای منیان نەداوە کە خاوەنی گوندی خۆم بم بچم سەردانی شوێنەکەی خۆم بکەم وێنەی بگرم و، لە هەمانکاتدا لە ئێستاشدا بۆ نموونە گوندی خۆم دەڵێم تاکو ئێستا هێزەکانی تورکیا رێگەیان نەداوە خاوەن مەڕوو ماڵەکان، مەڕوو ماڵات بچنە کوێستانەکانی خۆیان، ماڵاتەکانی خۆیان ببەن بەو هاوینە، کەواتە هەردووکیان بە هەردووك دیو دوژمنی ئێمەن وەکو خەڵك وەکو دەڤەر، ئەوەی کە زۆر گرنگە ئێمە دەبێ داتاکان کۆ بکەینەوە چەند شەهیدمان هەیە کە لە لایەن هێزەکانی تورکیا و ئێران شەهید بوون و بریندار بوون و چەندین هاووڵاتیشمان هەیە لەلایەن خودی هێزە کوردییەکانەوە وەکو پەکەکە یان پژاك شەهیدو بریندار بوون داتایەکی زۆر روونمان هەبێت، و خاڵێکی تریش یەکجار ناخۆشە داتایەکیشمان هەبێت لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگە یان وەزارەتی ناوخۆ کە لە شەری ناوخۆی ئێمەی وەکو پارتی و یەکێتی لەگەڵ

پەکەکەدا شـەهیدو برینـداربوون، بـۆ ئەوەی لە (٢٩) سـاڵی رابـردوو هەمـوو زەرەرو زیانەکـانی خۆمان بە گیـانی و بەمـاددی چەنـدین پـوش و پـالان کە لە و دەقەرەدابـووە بکرێـت و، خـاڵێکی زۆریش گرنگ مـاوە زۆر گرنگە پـار سـاڵ لەلایەن هێزەکـانی ئێـرانەوە ئەو گونـدە بۆردوومـانکرا بنەماڵەی قادر جیجۆ برا دۆستی کچێکی شەهید بوو دوو کوریشی بریندار بوو بە سەختی، تاکو ئێستا نە بەشەهید تۆمـارکراون نە تەعـویزی مـاددی ئەو بنەماڵەیەشکراوەتەوە، کەواتە زۆربەی ئەوانەی کە تووشی ئەو حاڵەتانە بوون.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو سوپاس بۆ بەڕێزتان، شـادی خـان فەرمـوو ئیلتیـزام بە کـاتەوە بـکەن، وەزیـرە بەڕێزەکـان هێشتا تەوەرێکی تریشیان ماوە ئەبێ هەندێك ئیلتیزام بە کات بکەین فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وەهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك داوا دەکەم ووشەی دوژمن کە دکتۆر زیدان بەکاری هێنا بۆ پەکەکەو پژاك لە پرۆتۆکۆڵ بسرێتەوە، چونکە دوو هێزی شۆرشگێری خەبات گێری سیاسی کوردی دەیان ساڵە لە پێناو دۆزی کوردا خەبـات دەکەن، سـوپاس دێـمە سـەر پرسـیارەکانم بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان دەستخۆشـیم بـۆ لیـژنە هەیە بـۆ ئەو راپـۆرتەی کە نوسـیویانە، بەڵام پـێم وایە کە تەواوی زانیارییەکانی ئەو زەرەرو زیانانەی کە لە هەرێمی کوردسـتان بە درێژایـی چەنـد سـاڵی رابـردوو هۆکـاری تۆپبارانەکـانی هێرشـەکانی دەوڵەتـانی دراوسـێ بەر هەرێمـی کوردسـتان کەوتـووە، ئاماژەی پێ نەداوەو تەفاسیلەکانی دکتۆر زیدان وتی بە سوپاسەوە تەفاسیلەکانی بە تەواوەتـی بـاس نەکـردووە، بەشـێك پرسـیارەکانم بە تێکەڵـی دەکەم بەڕێـزان وەزیـری نـاوخۆ وەزیـری پێشمەرگە هەموو پرسیارەکانم ئاراستەی هەردوو بەڕێزتان دەکەم، زۆر سوپاستان دەکەم بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کە بە تۆپبارانەکـان شـەهید بـوون لە راپـۆرتی پزیشـکیا نەنووسـراوە دەرەئەنجامی تۆپباران یان لەشکر کێشی، یاخود هێرشـی دەوڵەتـانی دراوسێش شـەهید بـوون، ئەمە کە نەنوسـراوە لە تەقریرەکانـدا ئـێمە چـۆن دەتـوانین بیسـەلمێنین بە چ میکانیزمێـك دەتـوانین بیسـەلمێنین کە ئەمـانە دەرئەنجـامی ئەو لەشکرکێشـیانەن شـەهید بـوون، بتـوانین لە داهـاتوودا بەرەنگـاری ئەو لەشکرکێشـیانە ببیـنەوە، ئەوانە دەلـیلن بە دەسـتمانەوە کە ئەمە خەلەلێکە لە سەحەو لە زۆر شوێنی تـردا کە خۆتـان خـاڵێکی کە ئایـا حکومەتی هەرێـم لە هـیج گفتوگۆیەکیا لەگەڵ لە دانوسانەکاندا لەگەڵ حکومەتی عیراقیدا باسی لەم خاڵانە کردووە، ئەگەر کردوویەتی بە کوێ گەیشتووە و دەرەئەنجامی ئەو دانوسانانە چـین؟ دکتـۆر محیـدین باسـی لە کەمپەکانی مەخمور کرد بە تەواوەتی راستە، ئەو راپۆرتە ئاماژەی بە کەمپی مەخمـور نەداوە بە هیج شێوەیەك کە پێویست بـوو زۆر دەقیقتـر ئامـاژەی بە کەمپـی مەخمـور بـدا، چـونکە سـاڵانە چەندین شـەهیدیان هەیە بە هۆکـاری بۆردومانەکـان ژمـارەی گونـدە چۆڵکراوەکـان بە پێـی ئەو راپۆرتە کە من پێم وایە زۆر زۆر زیاترە (٥٨١) گوندن، ئایا حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان پلانـی چییە بۆ ئەو گوندە چۆڵکراوانە؟ لە کۆتاییدا جـۆرێکی تـر لە راگواسـتن ئایا پلانـی گەرانەوە بـۆ گوندەکان هەیە یاخود پلانی حکومەت چییە؟ داتـایەك نوسراوە لە نـاو راپـۆرتەکەدا بە هەمـان شـێوە نووسـراوە، دەیـان هەزار کەس ئـاوارە بـوون ئایـا ئەنـدامانی لیـژنەی بەڕێـز بەربەنـای چ

داتایەك یان بە چ زانیارییەك دەزانن دەیان هەزار کەسن، ببورە دکتۆرە لە بەیانییەوە قسەم نەکردووە یەك دەقەی ترم بدەیتێ، ئێستا (١٨) بارەگای هێزەکانی تورکیا لەناو هەرێمی کوردستانا هەن، ئایا ئەم بارەگایانە لە ژێر چ ناوێکا لە ژێر چ ئەمرێك یاسایەك رێگایان پێدراوە بێنە ناو هەرێمی کوردستان بارەگا دابنێن کە داشیان ناوە، ئێستا ئێمە بە دیلمان چییە دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی کە ئەو بارەگایانە ژمارەکانیان روو لە زیادبوون نەکات و، قەوارەی هەرێمی کوردستان بپارێزین و، خاڵێکی کە زۆر باسی پەکەکە کرا ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان گفتوگۆی لەگەڵ ئەو هێزانە کردووە و ئەگەر کردوویەتی گفتوگۆکانتان لەگەڵ ئەو هێزانە بە چ خاڵێك گەیشتووە و ئەتوانین لە داهاتوودا چی بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك هێرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان، لە سەرەتادا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم وێرای دەستخۆشیم بۆ لیژنە پەیوەندییدارەکان بۆ ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، بەڵام دیارە بە پێی روونکردنەوەی ئەم راپۆرتە بەڕێزانیان هیچ شاندێك یاخود هیج لیژنەیەك نەچووە بۆ هەردوو ناحیەی ژاراوە و سەنگەسەر کە زیاتر لە (٤٥) گوندی ئەو ناوچەیە بەردەوام لە ژێر بۆردوومانی سوپای تورکیاو ئێران دانە، بەردەوام هەتا ئێستاش لایەزال حەفتانە بۆردوومان دەکرێت، بۆیە ئەو رەخنەیەم لەو لیژنە بەڕێزە هەیە هیوادارم لە داهاتوودا بە شێوەیەکی دەقیقتر داتاکان بخەنەڕوو، هەروەها سەبارەت بە پرسیارەکان دوو پرسیارم هەیە، ئایا حکومەتی هەرێم تەنیا بیانووی ئەوەیە بۆ قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی بۆردومانی سوپای تورکیا و ئێران کە بەپێی دەستوور دەبێ حکومەتی عیراق قەرەبوویان بکاتەوە، ئەی ئەگەر حکومەتی عیراق نەیکردەوە خۆ ئەو هاووڵاتییانە هاوڵاتی هەرێمی کوردستانن، دەبێ لەو کاتەدا ئێمە چی بکەین، پێویستە حکومەتی هەرێم ئاورێکی جدی لەم خەڵکە هەژارو بەش مەینەتە بداتەوە کە بەردەوام شەهید دەبن ئەو گوندانەی کە ئاماژەم پێدا تا ئێستا بەدەیان هاووڵاتی لەم گوندانە شەهید بوون کە تا ئێستا هەژمار نەکراون لە حکومەتی هەرێمیش، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم هیچ نەبێ شەهیدەکان بەشەهید هەژمار بکاو قەرەبووی زیان لێکەوتووان بکاتەوە، هەروەها پرسیارێکی ترم سەبارەت بە ئایا حکومەتی هەرێم هیچ کارتێکی فشاری هەیە، ئەگەر ئەم لەشکرکێشی و بۆردوومانانە بەردەوام بن کارتی فشاری ئابووری بێت یاخود سیاسی بێت یاخود ئەمنی هیچ کارتێکی هەیە بۆ فشار، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شنۆ خان فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە راپۆرتی لیژنەی هاوبەش وێڕای دەستخۆشیم بۆ لیژنە هاوبەشەکان، دیارە وەك خۆیان ئاماژەیان پێ دا نەیانتوانیوە هەموو سەرنجەکان لە راپۆرتەکەدا جێ بکەنەوە بە هۆی

بۆچوونی جیاواز، وەك ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان ئاماژەیان پێ دا بوونی پەکەکە لە ناوچەکە یاخود هێزەکانی تر لە هەرێمی کوردستان هیچ بیانۆیەك نییە، بۆ ئەوەی کە هێرش بکرێتە سەر هەرێمی کوردستان و لەشکرکێشی بکرێتە سەر خاکی کوردستان، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێژوو رۆژانێك هەبوو ئێمەش لەم هەرێمەی خۆمان وەدەرنراوین لە سنوورەکانی ئێران بووین لە سنوورەکانی سوریا بووین بۆ چی رەوایەتی بە خۆمان بدەین لە سنوورەکانی پارچەکانی تری کوردستان بین، بەڵام رەوایەتی بە برا کوردەکانمان نەدەین کە لە باکووری کوردستان دەرکراون نەیێنە ناو خاکی کوردستان، ئەمە تێبینی یەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەك ئەندامێکی پارێزگای دهۆك حەوت مانگ لەمەو بەر بەدواداچوونم کرد لەسەر لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر شێلادزێ کە لەوێ زۆر زۆر بە خەستی لەشکر کێشی کراوە یاداشتێکم نووسیوە و ئاراستەی حکومەتم کردووە بۆچی بەرکەوتوانی فڕۆکە جەنگییەکان بە شەهید ئەژمار ناکرێن؟ وە لە راپۆرتەکە ئاماژەی پێنەکراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە بەر بێ هەڵوێستی حکومەت لەسەر لەشکرکێشی تورکیا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

تۆ پرسیار بکە شنۆ خان.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو پرسیارم ئاراستەی لیژنەی هاوبەش کرد لە (٢٠١٩/١/٢٦) هاووڵاتییانی شێلادزێ خۆپیشاندانیان کرد دژی لەشکرکێشییەکانی سوپای تورکیا، لەو کاتەوە تا ئێستا حکومەت بێ هەڵوێست بوو باکی بە شەهید بوون و زیان گەیاندنی هاووڵاتییانی ئەو دەڤەرە و ئاوارەبوونیان نەبوو، هاووڵاتیان خۆیان خۆپیشاندانیان کرد پێنج سەد هاووڵاتی دەستگیر کران وە تا ئێستا بیست و نۆ هاووڵاتی لە زیندانەکان ماونەتەوە بە بێ فەرمانی دادگا، بۆچی بە بێ فەرمانی دادگا هاووڵاتی دەستگیر دەکرێت کە بەشێکیان بە تۆمەتی بازرگانی کردنە لەگەڵ پەکەکە؟ بۆچی دادگایی نارێن بۆ ئەوەی بسەلمێنن ئەمانە بازرگانیان کردووە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس شنۆ خان کاتەکەت تەواو بوو، نوقتەیەکی نیزامی هەیە، ئینجا تۆ قسە بکە کاك سیپان.

**بەڕێز د. زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستکرنەوەم هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من ووتم برایانمان پەکەکە و پژاك لە گەڵ دوژمنانمان هاوکارن بۆ دژایەتی کردنی هەرێمی کوردستان، چونکە من بەڵگەی زیاتریشم لایە، بەڵام خۆم حەز ناکەم لە سەر هیچ هێزێکی کوردی قسە بکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو گەیشت، فەرموو کاك سیپان.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بـابەتێ بۆردوومانێـت ل سـەر سـنوورێت هەریمـا کوردسـتانێ بـابەتەکێ گەرمـێ رژێ یـێ وێ دەڤەرێیە کو ئەز تێدا دژیم، چونکی ب چاڤێ خۆ ئەڤان بۆردوومانا دبینین نوترین بووردوومانێ کو ل قەزا ئامێدیێ هاتە کرن ل ناحیـا بـامەڕنێ بـووە ل سـەر جـاددا سـەرەکی دوو هـاووڵاتیێن پارێزگەها دهۆکێ شەهید بوونە ژئەنجامێ ڤان بۆردوومانان ئەڤە ژی وێ چەنـدێ دەربـاز دکەت و دیـاردەکەت ئەگەر پێشـتر بۆردوومـان ل دەڤەرێـت سـنووری بیـتن ئەڤـرۆکە بووردوومـان هاتینەسەنتەرێ بازێڕان و جاددێن سـەرەکی و ئەڤە ژی مەترسییەکا مەزنە کـو ب راسـتی سـەر ژیانا هاووڵاتیێن ڤێ دەڤەرێ، پرسـیارا مـن ئاراسـتێ وەزیـرێ نـاڤخۆ و وەزیـرێ پێشـمەرگەی ب شـێوەیەکی گشـتی ل سـنوورێ قەزا ئامێـدیێ هێـزێن بیـانی ب ئـازادانە هـاتن و چـوونێ دکەن هەردەم هێزێن دەرڤەی باشوورێ کوردستانێ کو هێزێن کوردینە هاتن و چوونەکا ئاسـایی دکەن سەرەڕای ڤێ چەندێ حکومەتا هەرێما کوردسـتانێ ژی ئەو دەڤەرا مە خاسـمە ناحیـا دێرەلـوك و شـێلادزێ کـرینە سـەربازگەهێن عەسـکەری ل ڤـێ دەڤەرێ ئـو بنگەهـێن سـەربازی ل بلنـداهیا دەردوورا وا ناحیـا دانـاینە مەترسـی سـەر ژیانـا هـاووڵاتیێن لسـەر سـنوورێ ئەگەر ب بەهانەیـا پاراستنا سنوورا بیت ل ڤێرێ هاووڵاتیان ب تایبەت لە ناحیا شێلادزێ زێدەتر ژبیسـت و هەشـت هاووڵاتییێنڤێ دەڤەرێ شەهید بوونە حەتا نوکە ژی ب شەهید نەهاتینە ناساندن گەل وێ چەندێ ژی من ڤێت ئاماژە ب وێ چەندێ دا بدەم و وێ پرسیارێ ئاراستێ وەزیرێ ناڤخۆ بـکەم ئـو حەز دکەم بەرسـڤێ ل سـەر بـدەت، چـونکی خەلکـێ ڤـێ دەڤەرێ چـاڤەڕێی بەرسـڤێیە ل دەمـا خۆپیشاندانا خەلکێ شـیلادزێ ژ بـۆ دەرکرنـا ئەڤـان هێـزان هـاووڵاتیێن پشـتی هـاووڵاتیێن ڤـێ دەڤەرێ بەردەوام شەهید دبن ژ ئەنجامێ ڤان بۆردوومانا هـاووڵاتیێن ڤـێ دەڤەرێ خۆپشـاندان ئەنجام دان ل ئەنجامێ وێ خۆپیشاندانی هاووڵاتی هـاتنە دەسـت ل سـەر کـرن ل خۆپیشـاندانا یەکەم و ل خۆپیشاندانا دووەم ژی هـاووڵاتی هـاتییە دەسـت ل سـەر کـرن هەتـا کـو نـوکە ژی د زینداێن ئاسایش و پۆلیسان دانە هەتانوکە ژی د چاکسازیان دانە و نەهاتینە سەربەسـت بەردان حەزدەم وەزیـرێ نـاڤخۆ روونکردنـی ل سـەر ڤـێ چەنـدێ بـدەت چـونکی خەلکـێ ڤـێ دەڤەرێ چاڤەڕێ ڤێ چەندێیە خەلکێ وان بهێنە ئازاد کرن وب تنێ ئەڤە داخـازکرییە ئەو ژی نەمانـا وان هێزێن بیانینە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە هەمان پرسیارەکەی شنۆ خانە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەوڵ بدەن قسـەکان دووبـارە مەکەنەوە هەر خۆتان ماندوو دەبن هەوڵ بـدەن قسـە و پرسـیار دووبـارە مەکەنەوە، بە یەکجـار بەڕێزان وەزیرەکان دەنووسن، گلستان خان فەرموو.

**بەڕێز گلستان باقی سلێمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب خێرهاتنا وەزیرێن هێژا دکەم پشـتگیریا قەسـێن دکتـۆر زێـدانی دکەم ل سـەر ئاخفتنێـت وی بەس من ژی پرسیارەك هەی ل وەزیرێ ناڤخۆ وەکی ئەم دزانین د ماوێ چار ساڵایە هـاووڵاتیێن هەرێمێ دبنە قوربانی وە دەوڵەتا تورکیا ئاخفتنەك کرییە ئاراستەی هـاووڵاتیێن هەرێمـێ کـرییە

کو هەر هاووڵاتییەکێ هەرێمێ دگەڵ چەکدارێت پەکەکە ببینن دێکەنە ئارمانج لێ دوهی کو (٧/٢٦) بوو ل گوندێ هسن پیرکا سەر بناحیا بامەڕنێ هەردوو هاووڵاتێن هاتینە شەهید کرن هاووڵاتیێن سڤیل بوونە ئو بوونە ئارمانجێن هێرشا فڕۆکێن تورکی، لێرە پرسیارا من ئەوە هەتا کەنگی دێ هاووڵاتیێن ڤان دەڤەرا دێبنە قوربانی ئەرێ چ گۆڕاکاری نینن جەنابێ وەزیرێ نناڤخۆ ئەگەر روونکرنەك دابا ئو هەتا نوکە ژی ل بەر ڤان ئەگەرا وەکی پێتڤی حکومەت نەشیایە پڕۆژێن خزمەت گوزاری ل ڤان دەڤەرا ئەنجام بدەت یان چ سەرمایەدار ژی نەشیاین پشتگیریێ بکەن ل سەر چێکرنا پڕۆژەیەکێ کو گەنجێن ڤێ دوڤەرێ مفایێ ژێ ببینن ئو کار لێبکەن چونکی هەوە هەمیا گوە لێ بوویە یێ بوویە ناوچەیەکا سەربازی ناڤبەرا چەکدارێن پەکەکێ وچونکی ئەز ب خۆ ژی خەلکا ڤێ دەڤەرێ مە دزانم کانێ رۆژانە چ روو ددەت ل ڤان دەڤەرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، خەدیجە خان فەرموو.

**بەڕێز خەدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خەڵکی ئێمە لە ناوچە سنوورییەکان لە هەولێرەوە بگرە لە ناوچەکانی مزووری باڵا و شێروان مەزن و سیدەکان هەتا دەگاتە ناوچە سنوورییەکان لە دهۆك و سلێمانی، ناتوانن سەرەدانی زێدی باب و باپیرانی خۆیان بکەن وە هیچ سوودێك لێ وەربگرن چ لە رووی کشتوکاڵییەوە بێت چ لە رووی گەشتوگوزارەوە بێت، کە ئەمەش مافێکی یاسایی و ئاسایی خۆیانە، کەچی دەبینین ساڵانە دەیان کەس لە هاووڵاتیانی ئێمە لەو سنوورانە شەهید دەبن بریندار دەبن وە رەزو باخیان دەسووتێنرێت، بێگومان هۆکارەکەشی دیارە بەهۆی لەشکرکێشی و تۆپبارانی سوپاکانی تورکیا و ئێران لەم دەڤەرانەوە، لەلایەکی تریش ئەم دەستدرێژیانە کە لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە بێگومان هەموویان پێچەوانەی هەموو بنەماکانی یاسایی و عورفە نێودەوڵەتییەکانە وە بە هیچ مەنتقێکیش قابلی قەبول نییە، بەڵام لە هەمان کاتیش دا چاوەڕوانی ئێمە لە هێزەکانی ئەو ناوچە سنوورییانەیە کە کوردن کە زیاتر لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان تێبگەن کە لە قەیرانێکی ئابووری و تەندروستی دایە، بۆ ئەوەی ئەوانیش نەبنە هۆکارێك، بۆ ئەوەی کێشەیەکی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان دروست ببێت کوردستانی باشوور ناوچەیەکی ئازادە و خاوەن ئەزموون و قەوارەی سیاسی خۆیەوە، جێگای ئومێدە بۆ هەر کوردێك لە هەر شوێنك لە دونیا، بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرنجە لێرە دەبینین کەحکومەتی عێراق زۆر خەم ساردە دەربارەی ئەم کێشانە حکومەتی عێراق زۆر ریگای دیبلۆماسی لەبەر دەستە کە بتوانێت داوای پاراستنی خەڵکی ئەم ناوچەیە بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا هەوڵێکی جددی نادەوە لەسەر ئەم بابەتە عێراق دەتوانێت بچێتە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایش وە سکاڵا تۆمار بکات لە مەحکەمەی عەدلی دەولی، داوای قەرەبووی هاووڵاتیان بکاتەوە نەمان بینیوە ئەو ئیشە بکات، ئەوەی بینیومانە تەنها سەفیری بانگ کردووە و یادداشتنامەی نارەزایی پێشکەش کردووە، پێموابێت دەبوایە بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ دانووستاندن لە گەڵ بەغدا دەبوایە لێرە ئامادە بووا زۆربەی پرسیارەکان بەو شێوەیەن کە دەبوایە ئاراستەی بەڕێزیان بکەین، ئایا لە کاتی دانوستاندن لە گەڵ بەغدا باسی ئەم بابەتە کراوە؟ ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن دەتوانێت

تەفەهوومێك لە گەڵ ئەو هێزە كوردیانە بكات كە زیاتر نەهێنە ناو خاكی هەرێمی كوردستان وە نەبنە هۆی ئەوەی كە چیتر خەڵی ئێمە لەو ناوچانە نەبنە قوربانی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان من دڵنیام پرسیارەكان گەیشتۆتە وەزیرە بەڕێزەكان، ئایا حكومەتی هەرێم هیچ قسەیەكی لەگەڵ حكومەتی عێراق كردووە، بۆ ئەوەی لەم دۆخەدا هاوكار بێت؟ ئەمە پرسیارێكە كە هەموو ئەندامانی پەرلەمان دەیكەن هیوادارم دووبارەی نەكەنەوە، یەعنی بە بەردەوامی بیڵێنەوە هەموو وەختەكەمان لێ دەبات، ئەوەی كە خەڵكانێك لە سەر خۆپیشاندان گیراون دڵنیام بەڕێز وەزیری ناوەخۆ دەرچی كردووە، یەك جار بەسە ئایا بە شەهید هەژمار دەكرێن و بۆچی هەندێكی بە شەهید هەژمار دەكرێن و هەندێك بە شەهید هەژمار ناكرێن؟ هیوادارم دەرجیان كردبێت، ئایا قەرەبوو دەكرێنەوە و ئایا قەرەبووكردنەوە لە سەر حكومەتی هەرێمە یا لەسەر حكومەتی عێراقییە وە ئایا رەئی حكومەتی هەرێم چییە، ئەو سێ چوار پرسیارە هەمووتان دووبارەی دەكەنەوە هیوادارم دووبارەی نەكەنەوە وە دڵنیام گەیشتۆتە وەزیرە بەڕێزەكان، كاك چیا فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز ئەندامێ وێ لیژنێ بووم كە سەردانا دەڤەرێن سنووری كر وە راپۆرتەكا هاوبەش هاتە چێكرن و هەمی هەڤالێن پەرلەمانتار ئامادە بوون پشتی ئەڤ راپۆرتە هاتە خاندن هیچ تێبینییەك سەر ڤێ راپۆرتێ نەهاتبوو بەحس كرن تەنها هندەك پرسیار ل جەنابێت وەزیرا هەبوون ل سەر ڤێ راپۆرتێ بەلێ بمخابنی ڤە تەقریبەن هەمی هەڤالا تێبینی ل سەر ڤێ راپۆرتێ هەبوو ئەڤە نەبوویە راپۆرتا هاوبەش ئەڤە تێبینیا ریكخستنی، من پرسیارەك بۆ جەنابێت وەزیری هەبووئەز خەلكێ دەڤەرا زاخۆمە جەنابێ وەزیریی گوندێ من ژ سالا (١٩٩٢) یێ ڤە یێ هاتییە داگیركرن ژلایێ پەكەكێ ڤە رۆژانە تێتە تۆپباران كرن ژ لایێ توركیاڤە ژ سالا (١٩٩٢) ڤە هەتا نوكە مە نەشیایە سەرەدانا ڤی گوندی بكەین چەند جارا ئەڤ گوندە یێ هاتییە خراب كرن و یێ هاتییە ئاڤا كرن و دووبارە یێ هاتییە خراب كرن، پرسیارا خەڵكێ ڤێ دەڤەرێ دوو سێ شتێت زۆرێت گرنگ بوون، ئێك پاراستنا وان ئایا پێشمەرگە دشێن زێدەتر بێنە نزیكی خالێت سنووری بۆ پاراستنا ئەڤان گوندا چونكی ئەڤ گوندە نزیكن ژ وان مەنتیقێت سنووری پێتڤییە هێزێت پێشمەرگەی بەرەڤ پێشتر بچیت بۆ پاراستنا ئەو نوقتێت بۆشایی بەرامبەر پاسەوانێت سنووری، هەروەسا سەرۆكا پەرلەمانی بەحسێ قەرەبوویێ كر، ئەڤە چەندین سالە نەهاتینە قەرەبوو كرن ب تایبەتی مەنتیقا سندی و گولی و بەرواریا زەرەرمەندێت ئەساسینە د ڤێ ناڤبەرێ دا، برادەرا بەحسێ بارەگایێ میتێت توركا كر بەلێ ب رەسمی میت ژ لایێ توركیا ڤە هاتییە ئیعلان كرن بارەگایێن توركی هەنە بەلێ راپۆرتا سلێ بایدەن چەند تێبینی و كێماسی دیتن ئێك ژ ڤا كێماسیا ئەو بوو كە بارەگایێن حزبا دیموقراتا ئیرانێ چەندین جارا هاتییە بومباران كرن و لێدان بەس د ڤێ راپۆرتێ دا نەهاتییە بەحس كرن هەروەسا بابەتێ ئیتلاعاتا ئیرانێ ل سلێمانیێ گەرمیان هەلەبجەژی هەنە پێتڤییە دڤێ راپۆرتێ دا بەحس كربا چونكی فەرقا میتێ توركا و ئیتلاعاتا ئیرانێ نینە دڤیا بەحسێ هەردووكا هاتبا كرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی لیژنە هاوبەشەکان لە بەردوو هۆکار رەنگە هەندێك موراعاتیان کردبێت، هۆکارێکیان هۆکاری سیاسییە ئامانج لێی پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستانە وە دوور خستنەوەیەتی لە هەرجۆرە مەترسییەك وە بەتایبەتی لە راپۆرتێکی وا کە دەچێتە ناو بۆکسی هەموو ئەندامانی پەرلەمان رەنگە ئاسان نەبێت هەموو مەعلوماتێك بووترێت، بەڵام کە ئێمە لێرە پەخش رادەگرین ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەتوانن قسە بکەن ئەو تێبینییەی بەڕێزت دروستە، رەنگە سەبەبی ئەساسی ئەوە بووبێت وە سەبەبێکی تریش ئەوەیە کە خاڵی هاوبەشی نێوان هەموو روانگە جیاوازەکانی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنە هاوبەشەکان بدۆزنەوە، بۆ ئەوەی راپۆرتێکی هاوبەش بخەنە بەردەستمان، هیوادارم بۆ ئایندە بۆ بابەتێك کە هیچ مەترسییەکی نییە ئەندامانی لیژنەکانی پەرلەمان کە رایاندەسپێرین بۆ بابەتێك کە راپۆرت بنووسن بۆچوونەکانیان کۆبکەنەوە و ئێمەش وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لەبەر رۆشنایی ئەوەی کە ئەمڕۆ بینیمان رەنگە تەبەنی بڕیارێك بکەین کە ئەندامانی لیژنەکان دادەنیشن راپۆرتێك دەنووسن، دەبێت دەرفەت بدەن بە خەڵکی تر لە سەر راپۆرتەکە قسە بکەن نەك خۆیان لە خەڵکی تر زیاتر قسە بکەن وە ئەگەر من بیرم مابێت ئەوە دکتۆرە قالاش رەنگە ئەو شایەتییە بدات وە ئەو رەفیقانەمان کە لە خولی پێشوو بوون ئەندامانی لیژنەکان، بەراستی هەر دەرفەتیان نەدەداین قسە بکەین ئەگەر ویستمان با قسە بکەین دەیانگوت تۆ ئەندامی لیژنەی، بەڵام ئێمە ئەمجارە هەندێك دەرفەتمان دا و وەختێکی زۆر زۆرمان لێ رۆیشت، لەبەر ئەوە ئەو ئالییەتە دەگرینە بەر، بەڵێ ئاشنا خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبداللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، هێرش و پەلامار و داگیرکاری وڵاتانی دراوسێ چ تورکیا و چ ئێران بۆ سەرخاکی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە دەبێتە شەهید بوونی هاووڵاتیانی سڤیل و بێ دەستەلات و بریندار بوون و کەم ئەندام بوونی هاووڵاتیانی ئێمە، بەدەر لەوە بووەتە هۆی شکاندنی غرور و تاك بە تاکی نەتەوەکەمان لە هەر شوێنێکی دونیا وە بێت، بۆیە پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆ وەزیرە بەڕێزەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردوودا بە عەمەلی ئەگەر بکرێت پێمان بڵێن چیان کردووە وە ئەم پرسیارە سادەیە، ئایا ئەم کێشەیە بەراستی قابیلی چارەسەرە؟ ئەگەر قابیلی چارەسەرە پێمان بڵێن چۆن چارەسەر دەکرێت، ئەگەر قابیلی چارەسەریش نییە با ئێمە بزانین وەك نوێنەرانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان وە تەواوی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك هاوڕێ، لێرە نییە؟ کاك لقمان، فەرموو.

**بەڕێز لقمان محمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داواکارم یەك تۆز زیاتر کاتم بدەیتێ، چونکە من خەڵکی ناوچەیەکم کە لەساڵی (١٩٩٧)ە وە لە ژێر رەحمەتی هێرشی فڕۆکەکانی تورکیا و تۆپبارانەکانی ئێرانە وە تەسەوڕ دەکەم غەدرێکت لە

ئێمە کرد، چونکە ئەو لیژنە بەڕێزە راپۆرتێکی هاوبەشیان پێشکەش کردبوو، بەڵام دیسان بوارتدان قسە بکەن و کاتەکە لە ئێمە مەکوژە تکا دەکەم، یەکەم لە راپۆرتی ئەم لیژنە بەڕێزە وێڕای ماندوو نەبوونیان، بەڵام راپۆرتێکە سەبارەت بە ناوچەی باڵەکایەتی و قەزای چۆمان راپۆرتێکی کرچ وکاڵە وە سەردانەکەشیان ئەوەی من تێبینیم کرد سەردانی قایمقامی چۆمان و بەڕێز مودیر ناحیەی حاجی ئۆمەران و گوندی ئالانە کرا سەردانی دۆڵی باڵەیان بناری قەندیل قڕناقە و قشتاشان وە هەروەها ناوچەی دۆڵی باڵەیان کە ناوچەیەکە لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە تاوەکو ئێستا حەڤدە گوندە بە بەردەوامی لە ژێر تۆپبارانی ئێران و فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیایە لە حاڵێکدا سەر سنووری تورکیا نییە، راستە هێزەکانی دەوڵەتێکی دراوسێی لێیە، بەڵام لیژنە بەڕێزەکە سەردانی ئەم ناوەیان نەکردووە وە حەقیان نەداوەتە ناوچەی قڕناقە و قشتاشان کە ناوچەیەکە زیاتر لە بیست و سێ گوندە بناری قەڵاتوکان، ناوچەیەکە بەردەوام لە ژێر هێرشی فڕۆکە جەنگییەکان و تۆپبارانی ئێران دایە ئەم لیژنە بەڕێزە سەردانی نەکردووە، تەنها ئاماژە بە گوندی زارگەلی داوە ئەم ناوچەیە لە ساڵ (١٩٩٧ )ەوە بە بەردەوامی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا هێرشیان کردۆتە سەر ئەم ناوچەیە لە حاڵەتێکدا کە ئەم ناوچەیە سەر سنووری تورکیا نییە، راستە هێزەکانی پەکەکە لەو ناوچەیە وجودیان هەیە، بەڵام سەر سنوور نییە لەوێوە ئەو هێزانە پەلاماری سەر سنووری تورکیایان نەداوە وە هەروەها ئەو ناوچەیە لەدەر لەوەی کە سوپای تورکیا تۆپبارانی دەکات، بێگومان تۆپبارانی ئێرانیش تەقسیریان نەکردووە لەو ناوچەیە، ئەو رۆژەی بەڕێز لیژنە سەردانی ئەو ناوچەیەی کرد دوو رۆژ پێشتر لە ناوچەی وێزێ دۆڵی سەکرایەتی هاووڵاتییەکی بەڕێز لە رێگای سوپای پاسدارانی ئێرانەوە چل سەر مەڕی لێ کوژرا وە کەڕەکەشی بریندار کرا، بەڵام لیژنەی بەڕێز سەردانی ئەم ناوچەیان نەکرد، دەبووایە بەرای من سەردانی مەیدانی ئەم ناوچەیەیان کردبا، سەرەڕای ئەوە ئەو ناوچەیە ناوچەی گوندە ژێر وبناری هەڵگورد بەدرێژایی ساڵانی رابردوو پارێزراو بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٧) بە بڕیارێکی وەزارەتی ناوەخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دەمەوێت پرسیارەکەم ئاراستەی بەڕێز وەزیری ناوەخۆ بکەم هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان چوار حزبی بەڕێز لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە وێڕای رێز و تەقدیرمان کە لە ساڵانی رابردوو هێزە شۆڕشگێڕەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان زۆر ریعایەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە دۆخی هەرێمی کوردستانیان لەبەرچاو گرتووە، بەڵام ئەو هێزانە لە بناری هەڵگورد جێگیر کران ئەمە بووە پاساوێك کە کۆماری ئیسلامی ئێران بە بەردەوامی ئەو ناوچەیە تۆپباران دەکات وەژمارەیەك شەهید و برینداری لی کەوتۆتەوە وە رەز و باخی هاووڵاتیان زیانیان پێگەیشتووە، جگە لەوە لە لۆفەکانی کورتەك دوو بنەماڵە تەواوی بنەماڵەکانیا تێدا چوونە، تۆپبارانی زارگەلی بینیمان چەند بنەماڵەیەك بە تەواوی تێدا چوون سەرەڕای ئەوە لە ئەنجامی هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا بە بێ پاساو هەشت پێشمەرگە شەهید بوون کەچی تاوەکوو ئێستا بە شەهید حساب نەکراون کە ئەمانە تاوانیان چییە؟

**بەڕێز د.رێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاتت تەواو بوو، شیرین خان فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە داخەوە تورکیا ڕۆژانە بووردوومانی خاکی هەرێمی کوردستان دەکات، لەم چوارچێوەیەدا دەیەها خەڵکی سقیل شەهید و بریندار دەبن وە رەز و باخی هاووڵاتیان دەسووتێنرێت وە لە ئێستادا دەتوانین بڵێین بە هۆی بۆردوومانەکانی تورکیا ناوچە گەشتیارییەکان بووەتە جێگایەکی مەترسی، بۆیە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێم لە ژێر هەر بیانۆییێك دا بێت بەراستی لاواز و مایەی قەبول نییە، ئەم پرسیارانەم ئاراستەی لایەنی مەعنی دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئاست ئەو هەموو بۆردوومانە و زیانە ماددی مەعنەوییانەی کە لە ئەنجامی بۆردوومانەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان کراوە، ئایا ڕۆڵی حکومەتی هەرێم چی بووە؟ بۆچی وەزیری پێشمەرگە و وەزیری ناوەخۆ لە سەر ئەم پرسە ئەساسیە بێ هەڵوێست و بێ کردار بوون؟ وە پلانیان چییە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئەمنیانەی کە لەو سنوورانە بەدی دەکرێت؟ بۆچی بڕیاری ژمارە (٣٧)ی ساڵی (٢٠٠٣)ی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە دەرکردنی سوپای تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان نەچووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە، وێڕای پشتیوانیم بۆ قسەکانی بەڕێز کاك عثمان ، دوو سێ پرسیارم هەبوو جەنابتان ئەو پرسیارانەتان کرد، بەڵام پرسیارێکی تر دەمەوێت ئاراستەی هەر دوو وەزیری بەڕێز بکەم، چونکە ئیشەکان تێکەڵاون بە یەکتر، ئەو تێبینیەی کردمبێت لەراپۆرتی لیژنە هەم لە وتەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان زیاتر لە دوو هۆکار، هۆکارێك بوونی هێزی پەکەکە کە هەندێك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بە بیانووی دەزانن وە هەندێکی تری ئەندامانی پەرلەمان بابەتی دروست کردنی دەوڵەتی کۆنی عوسمانی وە هەروەها بابەتی وزەیان کردووە بە بیانوو، دەکرێت ئەو پرسیارە لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ یاخود وەزیری پێشمەرگە هەرکامیان ئازادن وەڵام بدەنەوە، ئێوە وەکو موئەسەسەی دەوڵەت دیارە چەند موئەسەسە هەیە موئەسەسەکانی دەزگای هەواڵگری وە موئەسەسەی ئاسایش و ئەوانە، ئایا هۆکار لای ئێوە چییە؟ وە دەکرێت پێمان بڵێن موبەڕیری تورکیا ئایا تەنیا هێزەکانی پەکەکەیە؟ یاخود هۆکاری تر هەیە وەکو برادەران ئاماژەیان پێدا، وە هەروەها بابەتی قوربانیان کە دکتۆرە ڕێواز پرسیاری لە سەرکرد وە سوپاستان دەکەم و پرسیارەکانی تردووبارە ناکەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆرسوپاس، ئەوە پرسیاری پەرلەمانتاران بوو ویستم کورتی بکەمەوە، دەست خۆش زۆر سوپاس، کاك دیاری فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دکتـۆرە پێشـتر پرسـیارم بـۆ جەنـابتە، خـولی پێشـووش ئەنـدامی پەرلەمـان کوردسـتان بـووی وئێستاش سەرۆکی پەرلەمانی، پێتوایە لە سـەر بابەتێـك دوای ئەوەی دوو ڕۆژ ئەگەر چـل کەس پرسیار لە سەر شتێك بکەن، پێتـوایە هێشـتا هەرپرسـیاری جـددی ئینتـاج دەکرێـت؟ لەبەر ئەوە بێگومان بەشێك لەم پرسیارانە دووبـارە دەبـن، لەم دووسـاڵە دووجـار هەسـتاوم قسـەمکردووە، یەعنی لەم دوو خولەی پەرلەمان دا دوو ساڵە یەك جار بۆ نموونە لە سەرەتاکان بووم.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بڕوا بکە ئەوەندەی تۆ تەرکیزت لەسەر ئەوەی چەنـدەم کەس قسـە دەکەیـت، ئەونـدە تەرکیـزت لەسەر قسەکە نامێنێت، ئێستا بەدڵی خۆت قسە بکە بڕوا بکە هیچ نابێت.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕوا بکە مادده وبڕگە لەم پەیڕەوە نەماوە کە پێشێل نەکرابێت، یەعنی ئێستا تۆ کێشەت ئەوەیە من بڵێم دکتۆرە، بەهەر حاڵ وێڕای پشتگیریم بۆ قسەکانی کـاك عثمـان بـۆچی هێـرش دەکـرێتە سەر خاکی هەرێمی کوردستان وهاووڵاتیـانی هەرێمـی کوردسـتان؟ بـۆچی حکـومەتی هەرێمـی کوردستان ئەم هێرشانە ئیدانە ناکەن لە کاتێك دا هاووڵاتیان شەهید دەکرێن و ڕەز و باخەکانیان لێ دەسووتێنرێت، ئەوە خاڵێك خاڵێکی دیکە کە زۆر گرنگە بەڕێز وەزیری نـاوەخۆ ئایـا ئەمەتـان پێ چارەسەر دەکرێت یا نا؟ دەتوانن ئەم پرسە چارەسەر بکەن یا ناتوانن چارەسەری بـکەن، ئایـا ئێوە ئاگادارن کە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دێتەر سەر هەرێمی کوردستان بۆ نمـونە لە سلێمانی لە هەولێر، ئایا پێش وەخت ئاگاداری ئەمەن؟ ئایا دەزانن چەند بارەگای میـت لێـرەیە؟ ئایـا ئەمە بە ئاگاداری ئێوەیە و بە تەوافوق لە گەڵ ئێوەیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك هیڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ڕاپۆرتەم خوێندەوە دەست خـۆش مانـدوبوونێکی باشـی هەبـوو زۆر پـێم خـۆش بـوو، ئەو ڕێکەوتنەی ساڵی (١٩٨٣) کە تورکیا هەموو جـار بە بیـانووی ئەو ڕاپـۆرتە دەڵـێ هەمـوو جـار مـن دێـمە نـاو خـاکی هەرێمـی کوردسـتان وەك لەو ڕاپـۆرتە دا هـاتووە، مـن حەز دەکەم کـێ لەم پەرلەمانە هەیە بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگەیە ئەم ڕاپۆرتە چییە دەقەکەی چیـی؟ چۆن بەهانە بە تورکیا دەدات چەنـدی لێـرە بێـت، ئایـا لە بەینـی عێـراق و تورکیـا ئەگەر زیـان بە خەڵکـی گەیشـت کـێ ئەوی تـر قەرەبـوو دەکـاتەوە، ئەم ڕێکەوتـنە چیـیە؟ یەعنـی سـحری ئەم ڕێکەوتنە چییە، ئەگەر هەبووایەم پێم باش ئێمە قسەمان لە سـەری کردبـایە کە نەبـوو، زیـاتر لە بیست ساڵە ئەم شەڕی تورکیا لە ناو خاکی هەرێمی کوردستان لە پارێزگای دهۆك (٣٧٢) گوند کە من و کاك چیا ئامۆزای یەکترین لە یەك گوندین چۆلکراون، دوێنێ سی و چوار هاووڵاتی شەهید بـوون ئەم هەمـوو شـەهیدە ئەم شـەڕە هەتـا کەی بەردەوام دەبێـت، ئایـا حکـومەتی هەرێمـی

کوردستان بەڕێز وەزیری ناوەخۆ لێرەیە، ئایا پێشتر هیچ هەوڵێکی داوە لە گەڵ تورکیا لەگەڵ پەکەکە کە ئەم شەڕە روونەدات؟ یەعنی پەیامتان ناردووە بۆ قەندیل کە شتێکی وا هەیە لێی دوور بکەونەوە؟ من لە ئێران لەدایك بوومە باوکم پێشمەرگە بووە وە برادەران زۆربەیان پێشمەرگە بوونە کە پێشمەرگەی باشوری کوردستان لە دەوڵەتێکی تر بووە، نەبووەتە هەڕەشە بۆ پارچەیەکی تری کوردستان یا بۆ دەوڵەتێکی تر بیێتە بیانوو بۆ ئەوەی شەڕی لێ رووبدات، ئێمە دەتوانین چ وەکو پەرلەمان چ وەکو ئەو ئۆرگانەی دامەزراوەکانی دەستوری هەرێمی کوردستان دەتوانین لەگەڵ قەندیل قسە بکەین کاکە لێرە بە موشکیلە نییە بۆ خۆت لەو شاخە بە لەو چیایە بە، بەڵام مەبە بە هەڕەشە خۆمان بە دەستی خۆمان بیانوو بە دەست ئەو دەوڵەتانە، بەڕێز وەزیری ناوەخۆ و وەزیری پێشمەرگە ئێوە دەتوانن قسە بکەن لە گەڵیان کە بیانۆ نەدەنە دەست تورکیا بۆ خۆمان بیانوو بدەینە دەست ئەوان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نمونەیەکت بۆ دەهێنمەوە خزمێکی ئێمە لەلایەن پەکەکەوە دەستگیرکرا کوشتنەکەی چۆن بوو بەرمیلی ئاویان پڕکردبوو لە ئاو بەدار گەرمیان کردبوو بەچوپی سەیارە کە ئاوەکە کوڵاوە ئەو کوڕەیان تێ خستووە و سوتاوە هەتا مردووە، یەعنی تۆ بۆ دەچیت هێرش دەکەیت، من وەکو هاووڵاتییەك وەکو ئەندام پەرلەمان ئەم ڕێگایانەیان لێ بگیریت، بیانوو نەداتە تورکیا، بیانوو نەداتە ئێران، بیانۆوو نەداتە عێراق بێن خاکی ئەم هەرێمە دەستی بە سەر دا بگرن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حەسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ لیژنەی هاوبەش بۆ ئامادە کردنی ئەو راپۆرتە، زەرەر و زیانەکانی ئەو ناوچانەی کە لە هەر چوار پارێزگاکان بەر هێرشەکانی دەوڵەتانی دراوسێ تورکیا وئێران کەوتوون، بەڵام لێرەدا پشتیوانی هەمان بۆچوونی کاك زێدان دەکەم، هەروەها پێویستە بەرلەوەی ئەو راپۆرتە ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار بکرێت یان حکومەت بکرێت، یاخود هەندێك خاڵی تر ماوە کە زۆر ئەساسین لە ناو ئەو راپۆرتەدا کە ئاماژەی پێبدرێت و بنووسرێتەوە، جگە لەوەی کە لەو راپۆرتەدا ئاماژە بە زەرەری گیانی و ماددی و ئاژەڵداری و زەوی و زار دراوە، بەڵام لایەنێکی زۆر ئەساسی فەرامۆش کراوە، ئەویش لایەنێکی گرنگی ئیجتماعی فەرامۆش کراوە، ئەویش لایەنی پەروەردەیە بە هۆی ئەو هێرشە بەردەوامانەی دەوڵەتانی دراوسێ تورکیا و ئێران چەندین لادێمان هەیە لە هەرێمی کوردستان کە کە پرۆسەی خوێندیان تێدا بەرێوە ناچێت، ئەمەش بووەتە هۆکاری ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری قوتابیان دەرفەتی خوێندنیان نەبێت یاخود مامۆستاکان بە هۆی مەترسی چەکدارانی پەکەکە لەو ناوچانە دەوام لەو شوێنانە نەکەن، لە لایەکی ترەوە ئەوەی لەو راپۆرتە تێبینی دەکرێت تەنها باس لە زەرەر و زیانەکان کراوە، راستە لەبەر هەندێك هۆکاری سیاسی ناکرێت هەموو شتەکان باس بکرێت ئیتفاقی سیاسی بووە، بەڵام مادام جەلسەی پەرلەمان بە شێوازێکی داخراو بوو هەر نەبێت، دەبوو بە پێناسەیەك ئاماژە بەو لایەنە کرا با کە هۆکارە بۆ ئەوەی کە دەستدرێژی بەردەوامی تورکیا و ئێران بەردەوام بێت لە سنوور شکاندن و و سنوور بەزاندنی خاکی هەرێمی

کوردستان، لێرەدا پرسیارم بۆ بەڕێزان لە حکومەت ئەوەیە ئایا حکومەتی هەرێم بە چ میکانیزمێك دەتوانێت وا لەو چەکدارە کوردانە چ پەکەکە بیت یا یەپەگە بێت ئەو ناوچانەی هەرێمی کوردستان بە هەر بیانوویەك بێت کە داگیریان کردووە چۆڵ بکەن و مەیدانی ململانێکانیان بگوازنەوە خاکی خۆیان؟ بۆ ئەوەی چیتر خەڵکی کوردستان نەبێتە قوربانی، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

محاوەلە بکەن یەکەم جار پرسیارەکانتان بکەن، بۆ ئەوەی وەختەکە بخەنە خزمەتی پرسیارەوە کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان وێڕای دەستخۆشیم بۆ هەر سێ لیژنەی تایبەتمەند کە هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆریان داوە دەستخۆشیان لێ دەکەم، بەڵام هەر وەکو چەند پەرلەمانتارێکی بەڕێزیش ئاماژەیان پێدا بۆ کەمپی مەخمور، بەڵام ئەوان دروست ئەوەیان نەگوت کەوا حەشدی شەعبی و سوپای تورکیا و هەروەها گروپی تیرۆریستی داعش لە هەمان کاتدا لەو کەمپەی دەدا، لە هەمان کاتیشدا لە بازگەی هەولێر ریگریان لێ دەکرا، بۆ ئەوەی داخڵی شاری هەولێر بن کە ئەو کاتە سەردەمی پەتای کۆڕۆناش نەبوو، ئێمە سەردانمان کرد لە گەڵ شیرین خان ئەوە قسەکانی ئەوان بوو، کە لە هەمان کاتدا خوێندکاریان هەبووە کە دەبوا هاتبانە شاری هەولێر بۆ خوێندن، هەروەها چەند کەسێکیان دەبوا بهاتنایە بۆ ئیش و کار وە هەتا ئاماژەیان بەوە دا کە منداڵەکانیان لە ناو کەمپ لە دایك بوونە و نەیانتوانیوە بیانبەن بۆ نەخۆشخانە، هەروەها بە پێی ماددەی (٣٧) لە (٢٠٠٣/٥/١٢) بڕیارێك کە لەم پەرلەمانە بەڕێزەوە دەرچووە کە دەرکرنی هێزەکانی تورکیا لە خاکی هەرێمی کوردستان، بۆچی هەتا ئێستا جێبەجێ ناکرێت لە هەمان کاتدا سی وپێنج بنکەی سەربازی تورکی لە هەرێم بوونی هەیە، هەروەها لێکترازان یاخود نەبوونی متمانە لە نێوان هێزە کوردییەکان کە یاسایی چاکسازی کەوتۆتە بواری جێبەجێ کردن، نازانم هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆچی هەتا ئێستا هەنگاویان نەناوە و جێبەجێی ناکەن ماددەیەکی ئاسانترە لەچاو ماددە و بڕگەکانی چاکسازییە، هیوادارم بە زووترین کات بچێتە بواری جێبەجێ کردن، بۆ ئەوەی متمانە و ئینتیمای تەواوەتی لە نێوان سەرجەم هێزە کوردییەکان وهێزە سیاسییەکان دا دروست بێت لە بیرم دێت بە ڕەحمەت بیت کاك نۆشیروان وەفدێك لە ئاستی باڵا لە ئۆغلۆیەکان لە تورکیا هاتبوون بۆ ئێرە بۆ کۆبوونەوە کە کۆبوونەوە بکەن لەگەڵ بەڕێز نۆشیروان مصطفی، گوتی ئێمە براێکمان لە زیندانی ئیمرالی زیندانە، هەر کات ئەو هاتەوە بۆ لامان ئەو کات ئێمەش ئامادەین گفتوگۆتان لە گەڵ بکەین، ئومێدەوارم هەموو لایەنە سیاسییەکان بەو بیروبۆچوون و بەو ئینتیمایە نەتەوایەتییە بیر بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ جەنابت، کاك هاوڕێ فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بنأ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بە وتەیەکی یەکێك لە فەیلەسوفەکان دەست پێ دەکەم کە دەڵێت ئامانج پاساوی رەفتارە روونکردارە، واقعێك هەیە لە هەرێمی کوردستان کە جوگرافیامان وا کەوتووە کە ئاسایشی نیشتیمانیمان زۆر لاوازە، رەنگە ئەمە پەیوەندی بە خوڵقێنەرە ئاسمانییەکانەوە هەبێت کە ئاوا کەوتووین لایێکمان تورکیایە ئەو لامان ئێرانە ئەو لا سوریایە و ئەو لایە عێراقە، بۆیە ئەگەر پەکەکە یان پژاك هەبن یا نەبن ئامانجی ئەو وواڵتە زلهێزانە پاك نییە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام پاساوەکە ئەوەیە کە ئەوان لێرەن، لە سەر راسپاردەکان هەندێك شت نووسراوە لە سەر ئەوەی کە زیاد کردنی هێز لە پاسەوانانی ئێمە لە هەموو سنوورەکان پاسەوانی سنوور هەیە، دواتر کە ئەم هێرشانە دەکرێت هەمووی هێرشی ئاسمانین کەمترینیان هێرشی زەمینی بوون، راستە هێز هاتووە لە مەنتیقەی زاخۆ برادەران باسیان کرد کە ناوچەی شێلادزێ و لەو شوێنانە کە سوپای تورکیا هاتۆتە ئەوێ رەنگە لە زۆر شوێنی تریش ئێستا هاتبێت، لە راسپاردەکان ئێمە داوا دەکەین لە حکومەتی عێراقی کە حکومەتی هەرێم لە گەڵ حکومەتی عێراقی ناوچەکان بپارێزێن یا ئاسمانمان بپارێزێت، ئەمە چەند مەنقی تێدایە لە شوێنێك حکومەتی عێراق داگیرکەر بێت و لە شوێنێك پارێزەر بێت، دواتر پرسیار بۆ هەر دوو وەزیرە بەڕێزەکان هەرچەندە برادەران باسیان کرد ئایا هاتنی ئەو هێزانە هیچ راوێژێك کراوە لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، یەك پرسیاری تر کە مەبەستمە وەڵامی وەربگرم بۆ بەڕێز وەزیری ناوەخۆ پێشمەرگەکانی رۆژ ئایا هۆکاری دروست بوونیان چییە لە هەرێمی کوردستان، ئەوان هیچ قازانجێکیان هەبووە، ئایا لە هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاتەکەت تەواو بوو، سلمە خان فەرمو.

**بەڕێز سلمە فاتح توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو کاك هاوڕێ باسی کرد واقیعەکە ئەوەیە کە بە داخەوە هەرێمی کوردستان توانای پارێزگاریکردنی لە سەروەری خۆی نییە، بەهۆی کۆمەڵێك هۆکار کە نامەوێت بە درێژی باسی لە سەر بکەم، هەوڵ هەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر هەوڵ دەدات لە ئاستی حکومەت لە ئاستی پەرلەمان لە ئاستی سەرۆکایەتی هەرێم، بەڵام هەوڵەکانیان دەرئەنجامیان نییە، چونکە پێم وایە ئەو هێزانە هێز و قووەتیان لە هێزی ئێمە گەورەترە، بەڵام پلان چییە بۆ ئەمە پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە؟ بەڕێزان هەر دوو وەزیری پێشمەرگە و ناوەخۆ پلانی حکومەت بۆ دوای ئەمە چییە؟ یەعنی ناکرێت بە بەردەوامی هێرش بکرێت بۆ سەر سنوورەکانمان، ئێستا سنوورەکانی تێپەڕاندووە و هاتۆتە ناو شارەکانەوە وە بیانۆیە جۆراوجۆرەکان چۆن دەبڕدرێ، سەرەڕای بوونی بڕیاری پەرلەمان بۆ دەرکردنی هێزە بێگانەکان، بەڵام تاوەکو ئێستا لە هەرێمی کوردستانن چۆن ماونەتەوە بۆ دەرنەکراون بۆ بڕیاری پەرلەمان جێبەجێ نەکراوە، کێ مۆڵەتی مانەوەی ئەوان لە کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین لەو رێگەیەوە

مۆڵەتەکان هەڵوەشێتەوە بۆ ئەوەی پلانێکی تر هەبێت هەوڵەکان بگەنە دەرئەنجامی خۆیان، لە ساڵی (١٩٩٧)ەوە تاوەکو ئێستا ئەم هێرشانە بە بەردەوامی هەن وە من هیچ کات هەوڵەکانی حکومەت بە کەم نانرخێنم بەڵکو بەرز دەنرخێنم، بەڵام بۆچی چارەسەر نییە، ساڵانێکی زۆر زۆرە چەندین کابینە لە دوای یێکە، هیوادارم کێشەکانمان پێی بڵێن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵی زۆر سوپاس کاك مەم، فەرموو.

**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی قسە لە سەر راپۆرتەکە بکەم، پرسیارم هەیە لە بەڕێزان وەزیری ناوەخۆ و وەزیری پێشمەرگە وە تەئیدم لە قسەکانی پەرلەمانتار برای بەڕێزم کاك هاوڕێ، هەموو کارێك نەگەیشتووە بە ئامانج، هەموو کارێك بە رەوا دەزانێت لە موجتەمەعی ئێمە و لەم داگیرکارییەی کە تورکیا و ئێران دەیکات لە خاکی ئێمە، سەرەڕای دەستخۆشی لە سەر ئەم راپۆرتە پێشنیاز و زانیاری باشی تێدایە وە هەوڵیش درا بە رەئی برادەران پەرلەمانتارانی بەڕێز راپۆرتەکە دەوڵەمەند بکرێت، پرسیاری من لە دەستەی سەرۆکایەتی پێشتر ئایا لە دوایی ئەم دانیشتنەوە ئێمە چۆن هەڵدەستین چی دەکەین؟ راسپاردە دەهێننە پەرلەمان دەدەینە پەرلەمانی عێراق، دەدەینە نەتەوە یەکگرتووەکان، داوا لە حکومەتی عێراقی دەکەن لەگەڵ ناتۆ قسە بکات، چونکە تورکیا بەشێکە لە ناتۆ هەتا دوایی ئەم راسپاردەمان چی بێت، وە تەئیدێکم بۆ قسەکانی کاك محی الدین بێگومان ئەو دوو خاڵەی پێشنیازی کردووە بۆ ناوچە کوردستانییەکان بە ناوی هێزێکی کوردستانییەوە باش نییە لەو ناوچانە کۆی بکەینەوە، ئەم ئەوەی مەخموریش تەئید دەکەم وە تەئیدی دکتۆر عثمان یش دەکەم، من دەمەوێت بڵێم ئەو خاکەی هەرێمی کوردستان داگیرکراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەندامانی بەڕێز داتاییێکی وردم دەست کەوتووە لەسەر ئەو خاکەی کە تورکیا داگیری کردووە، بەڕێز وەزیری ناوەخۆ لێرەیە لە لێدوانێکی قایمقامی قەزای زاخۆیە باس لەوە دەکات سێ سەد و پەنجا کیلۆمەتر لە خاکی هەرێمی کوردستان داگیرکراوە، لەو سێ سەد و پەنجا کیلۆمەترە گەڕانێکم کردووە داتاییێکم کردووە، دەووڵاتی سەر ئەم گۆی زەوییە مەساحەی هیچیان ناکاتە سێسەد و پەنجا کیلۆ مەتر ڤاتیکان، تەقریبەن حەوت سەد و ئەوەندەی مەساحەی ڤاتیکانە ئەگەر یەکێك لەمانە داگیر بکرێت کارەساتێکی گەورە دروست دەبێت، بەر یێك کەوتن دروست کەن ئەم ووڵاتانە سەروەریان هەیە چ کارەساتێك و پێشێلکارییێکە کە بەرامبەر ئەم هەرێمە دەکرێت کە سێ سەد و پەنجا کیلۆمەتر داگیر کراوە وە بە راستی لەم مەسەلەیە بێگومان حکومەتی عێراقە زۆر خەم ساردە، هەرێمێکی بچکۆلە لەگەڵ ستایشم بۆ هێزی پێشمەرگە، بەڵام بەرامبەر دووەم هێزی زەبەلاحی ناتۆ بۆ لەشکر کێشی بۆ ناوچەکە دەکات سەرەرای ئێران کە هێزێکی گەورەیە، پرسیاری من ئەوەیە بەراستی لەم مەسەلەیە کە پەیوەندی بە حکومەتی عێراقەوە هەیە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ماوەی رابردوودا چی کردووە؟ دەیەوێت چی بکات وە ئایا ئاسۆییێك هەیە بۆ کۆتایی هاتن بەم لەشکرکێشیە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر دەرچووە ولە یاسا

هەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان چی کردووە؟ ئایا قسەیان لەگەڵ نەتەوەیەکگرتووەکان کراوە؟ ئایا ئاراستەی عێراق کراوە کە قسە لە گەڵ ناتۆ بکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو بوو، کاك مەلا ویسی، فەرموو.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیمان بۆ لیژنەی دیاریکراو کە راپۆرتێکی زۆر باشیان ئامادە کردووە، بەڵام یەك دوو تێبینیم هەبووە، هەندێك شوێن هەنە کە کاك لقمان ئاماژەی پێدا لە دەڤەری باڵەکایەتی کە بەسەر نەکرابوونەوە کە زۆر پێویست بوون، هەروەها شوێنێنێکی وەکو قەزای کۆیێ یان لەیاد کردووە کە ئەوێ بارەگای حزبە رۆژهەڵاتییەکانی لێیە، کە چەندین جار لەلایەن کۆماری ئێرانەوە تۆپباران کراوە و هێرشی کراوەتە سەر، دیارترین هێرشیان لە ساڵی (٢٠١٨) بوو کە باس نەکرابوو کە ئەوەش گرنگە بخرێتە ناو راپۆرتەکە، هەروەها لە بڕگەی راسپاردەکان دوو پێشنیارم هەبوو راسپاردەیەك کە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت.....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ پێشنیاری پەرلەمانتارانی دەنووسێتەوە لە لیژنە هاوبەشەکان بێ زەحمەت، بەڵێ.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

کە داوا بکرێت لە رێگای دیبلۆماسییەوە گفتوگۆ لەگەڵ قونسوڵخانەکان بکرێت بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران وە دەوڵەتی تورکیا، بۆ ئەوەی هەوڵ بدرێت ئەو هێرش و تۆپبارانەی کە ساڵانە دووبارە دەکرێنەوە رابگیرێن، هەروەها لە راسپاردەکان پێشنیار دەکەین کە داوا لە هێزە کوردییەکانیش بکرێت کە بارەگایان لە سەر سنوور و شوێنانە هەیە ئەوانیش هەوڵ بدەن کێشەی خۆیان لەگەڵ ئەو وولاتانەی کێشەیان هەیە لە رێگەی گفتوگۆ بیت، چونکە کێشەی گەلی کورد هیچ کات بە کوشتار و شەڕ چارەسەر ناکرێت، هەروەها دوو پرسیارم هەیە لە بەڕێز وەزیری ناوەخۆ پرسیاری یەکەمم لە دەڤەرێکی وەکو بناری قەندیل پەکەکە ئیدارەیەکی هەیە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان چۆن تەعامول لەگەڵ ئەو ئیدارەیە دەکات، پرسیاری دووەمیشم بۆ وەزیری ناوەخۆ ئەوەیە کە لە زۆر شوێن بۆ نموونە لە دەڤەری بادینان هەندێك بارەگای میتی تورکیا هەیە، هەروەها لە مەنتیقەی سلێمانی و گەرمیان بارەگای ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، حکومەتی هەرێم بۆ هەڵگرتنی ئەو بارەگایانە چ بەرنامەیەکی هەیە یاخود لە داهاتوو چ دەکرێت، چونکە ئەوەش دەبێتە گرفتێك کە زۆرجاران گلەیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس کاك بهجت، فەرموو.

**بەڕێز بهجت علی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن ودلۆڤان ب خێرهاتنا وەزیرێت بەڕێز دکەین، وێڕای دەستخۆشی بۆ راپۆرتا لیژنا هاوبەش یا هەرسێ لیژنا گەل هندێ دا زۆربەی ئاخفتنێت من زۆربەی وانا برایێ بەڕێز کاك

ویسی کرن هەروسا بەشەك ژی کاك لقمان و کاك چیای ژی بەحس کرن ئەز وانا دووبارە ناکەمەڤە لێ بابەتەکێ بەحس کەم د نەزەرا دوژمنێت کوردا دا کورد هەر کوردە فەرق ناکەتن چ ل رۆژهەلات بیت رۆئاڤا بیت باکور بیت یا باشور بیت، یا پێتڤییە سەر ڤان هێزێت کوردی وان بەهانە و دەلیڤا نەدەنە ڤان دەولەتا کو ئەو لێ هاتی کە خەلکێ مە یێسڤیل نەبیتە قوربانی بۆ ڤان ململانێت وان یێت نارەوا د ناڤا ئاخا کوردستانێ دا، پرسیارا من بۆ بەرێز وەزیرێ ناڤخۆ، چ میکانیزمەك هەیە بۆ وان کەسێت کو دبنە قوربانی د ڤان تۆپبارانا چ ژ لایێ ئیرانێ ڤە بیت چ ژ لایێ تورکیا ڤە بیت، یەعنی مەعانێتێت ڤی خەلکی یێ تێتە شەهید کرن زۆرن بۆ نمونە پار ل ڤی دەمی ل سالا (٢٠١٩) ئەز ب خۆ ل گوندی بووم تەیارێت تورکیا هاتن پەکەکە ب سەیارەکێ ڤە هاتە د ناڤا گوندی دا ئو کرە ئارمانج د ئەنجام دا پێنج هاوولاتییێت سڤیل هاتنە بریندار کرن کو سێ ژوانا هەتا نوکە ژی ب دەست رادکەن و مەعاناتێت وان زۆرن، لەوما من پێ باشە جەنابێ وەزیری روونکرنەڤەکێ بدەت بۆ قەرەبووکرنا ڤی هاوولاتییێن سڤیل یێت تێنە شەهید و بریندار کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دکتۆرە گلاویژ، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیمان بۆ هەر سێ لیژنە لاوەکییەکە کە بەدواداچوونیان بۆ نووسینی ئەم راپۆرتەیان کردووە، دیارە پاراستنی ژیانی هاوولاتیان و سەر و ماڵیان لە ئەستۆی حکومەتە، جا لە هەر شوێنێکی کوردستان بن، ناوچە سنووریەکانیش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لێرە خاڵێك هەیە کە باسی پارێزگای هەڵەبجە دەکات لە خاڵی دووەم دەڵێت تێکەڵ بوونی ئاوی چەند گوندێکی سنووری ئێران لەگەڵ سەرچاوە ئاوییەکان، ئەگەر بێت و ئەو سەرچاوە ئاوییانە بۆ خواردنەوە بەکار بێت ئەوە کاریگەری لەسەر ئاسایشی نەتەوەی و تەندروستی ناوچەکە هەیە، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوەی جددی لەسەر بکرێت لە رووی بایۆلۆجی و کیمیاییەوە وە پشکنینیشی بۆ بکرێت، چونکە ئەوە شتێکی گرنگە بۆ تەندروستی هاوولاتیان وە خاڵێکی تر لە دەرخستەکان باسی ئەنجامەکان و باسی زیانەکانیان کردووە لە رووی نیشتەجێ بوون و کشتوکاڵ و گەشتیاری و ژینگەوە، بەڵام لە رووی لێکەوتە ئابوورییەکان و خەملاندنی دارایی هەموو ناوچەکان نەکراوە، باسی کاریگەری کۆمەڵایەتیش نەکراوە کە زۆربەی گەنجە شەهیدەکان تازە هاوسەرگیریان کردبوو کاریگەری کۆمەڵایەتی هەیە، پێم باشە ئەو خاڵە لە راپۆرتەکە باس بکرێت وە لەبەر ناسەقامگیری باری ئاسایش و ئەمنی ئەم سنوورانە وەکو پێویست حکومەت ناتوانێت گرنگیان پێ بدات و پرۆژەی گەشتیاری و هەروەها ئاوەدانی تێدا بکات، سوپاس.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس کاك سەرکۆ، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت سەرەتا پێش ئەوەی باس لە لیژنەکان وە دەستخۆشی لە لیژنەکان دەکەم کە ئەرکێکی زۆریان کێشاوە وە راپۆرتەکەیان جێی تەقدیرە، بەڵام دەمەوێت بڵێم پێش ئەوەی قسە لەسەر حکومەت بکەین لەگەڵ وەزیرەکان بکەین ئەو رۆڵەی پەرلەمان کە لە سەرەتای لەشکرکێشیەکانی دەوڵەتی تورکیا وە تۆپبارانی ئێران ئیدانە و هەڵوێستەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی پەرلەمان هەڵوێستێکی روون و پێویست دەکات لە ئاستی خواستی خەڵك و گەلی کورد دا بن، سەبارەت بە بەڕێز وەزیری ناوخۆ و وەزیری پێشمەرگە ئەوەی کە روونە وە لە راپۆرتەکەش باس کراوە لە قوڵایی چل بۆ چل و پێنج کیلۆمەتر سوپای تورکیا هاتۆتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە، پێم گرنگە ئەم پرسیارە بە تەئکید بکەین کە ئایا ئێمە بە رێککەوتن لە گەڵ سوپای تورکیا یان تۆپبارانی ئێران دەکرێتە ناوچەکە؟ لەبەر ئەوەی ئەم موئەسەسەیە موئەسەسەیەکی نیشتیمانییە وە هەموو پارچەکانی کوردستان وە ئەم پەرلەمانە جێگەی ئومێدی شۆڕشگێڕەکان و هەردوو پارچەی کوردستانە، لە کاتێك دا کە دەبینین دەوڵەتی عێراق بە هەموو شێوەیەك بە داگیرکاری ناوی ئەم لەشکرکێشیەی سوپای تورکیا دەبات، بەڵام تاوەکو ئێستا هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان روون نییە و بە فەرمی دەرنەکەوتووە پێویستمان بەوەیە کە هەم بەڕێز وەزیری پێشمەرگە و بەڕێز وەزیری ناوەخۆ روونکردنەوەمان بداتێ، باس لەوە کرا کە هەندێك پەرلەمانتار باسیان لەوە کرد و وە هەندێك پرسیاری گرنگ هەیە کە ئەم بنکانەی کە لە هەرێمی کوردستان دا هەن بە تایبەتی میتە ئیتلاعاتە یا هەر لایەنێکی دەرەکییە، بەڵام بە تایبەتی ئەوەی کە باس دەکرێت کە سی و شەش بنکەی سەربازی سوپای تورکیا هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەمانە تاوەکو کەی دەمێننەوە، ئەمانە رێککەوتن کراوە درێژەی هەبێت، ئەوەی کە دوێنێ جەیشی تورکی باس لەوە دەکات کە لە دوایی هێرشی ئاسمانی دەست دەکەن بە پرۆسەی زەمینی تاوەکو ئەو کاتەی کە قەندیل لەو لایەنانەی لەوێ بەشدارن وە ئەو هێرشە زەمینییەی وە بە هەمان شێوە ترسێکیش هەیە کە سوپای ئێرانیش بە هەمان شێوە مەترسییەکی گەورە بخاتە هەرێمی کوردستاندا، لەم کاتە دا قەوارەی هەرێمی کوردستان بە راستی لە مەترسییەکی گەورە دایە وە لە ئێستا دا سیاسەتی دەوڵەتی عێراقیش گۆڕانکاری بە سەردا هاتووە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ناوەخۆ و وەزارەت پێشمەرگە چی هەیە، وە یەکێك لە پرسیارەکانم بۆ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئێمە هێزی پێشمەرگەمان هەیە ئەوەی کە من ئاگادار بم و پێشوتر لەو بەشە کارمان کردووە هێزی حەفتا مان هەیە و هێزی هەشتا مان هەیە، پشتیوانی یەك و دوومان هەیە وە ئەمانەی کە دەبینین لە وەزارەتی پێشمەرگە هێزی زیرەڤانی مان هەیە و هێزی فریاکەتنیشمان هەیە هێزی شەڕکەری کوردستان بوونە بە تایبەتی لە شەڕی داعش و لە روبەڕووبوونەوە لە گەڵ حەشدی شەعبی، بەڵام تاوەکو ئێستا نەمان بینیوە لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان رۆژێك تەقەیەك بکەن بەرامبەر بە

سوپای تورکیا یا بە سوپای ئێران وە پێویست دەکات سنوورەکان بەم هێزانە پڕ بکرێتەوە وە هۆکاری ئەوەی کە ئەم هێزانە نانێرنە سنوور چییە؟ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس گولستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیم لەو لیژنانە کە هەستاون بە ئامادە کردنی ئەم راپۆرتە، بەراستی هیچ هێزێکی کوردی بە هۆکار نەزانرێت بۆ ئەو لەشکرکێشیەی کە تورکیا دەیکات لەسەر هەرێمی کوردستان، چونکە بە قوڵایی هەرێمی کوردستان وە لە هەر شوێنێك کە ویستبێتی زەربەی خۆی داوە کە ئەمە دەلالەت لەخۆ رازی بوون و وەئەوەی کە بەڵگەیە ئێمە لە چەند مانگی رابردوو بینیمان لە سەر شاخی ئەزمەڕ بە تەیارەی بێ فڕۆکەوان بە مە لە خەڵکی داوە وە خەڵکی کوشت، وە ئەمە کێشەی گەورەیە کە بێجگە لەوەی کە حکومەتی ئێرانی وە دەوڵەتی تورکیا بە هاوکاری بەو پەڕی سڕینەوەی دیمۆگرافیای هەموو ئەو شوێنە سنووریانەی هەرێمی کوردستانە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە دەترازێن لە کەسوکاریان جگە لە ئابووری بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێت، لە پاڵ هەموو ئەمانە دا ئارامی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە مەترسی دایە، چونکە هەمووومان لەوە دەترسین بەرامبەر ئەو دوو دەسەڵاتەی کە دراوسێمانن کە هەر کاتێك بیانەوێت لە هەرێمی کوردستان دەدەن، بۆیە من زۆر بە گرنگی دەزانم فشارەکانمان زیاتر بۆ ئەوە بێت کە سنوورەکانی خۆمان زیاتر قایم بکەین وە فشارەکانمان ئەوە بێت ئەو لەشکرکێشیە کە ئەوان بە ناوی فراوان خوازیەوە بە هەرێمی کوردستانیان کردووە، نەك بە بەهانەیەك بێت کە ئەوان پەکەکە، چونکە ئەوان خەڵکی سڤیلی هەرێمی کوردستان زەرەر و زیانیان بەرکەوتووە، بۆیە گرنگە فشارەکانمان ئەوە بێت بە پێی رێککەوتنامە جیهانییەکان ئەمانە بگەڕێنەوە سنوورەکانی خۆیان وە لە دیوی وڵاتی خۆیان وڵاتیان بپارێزن، نەك هاتوونەتە هەرێمی کوردستان و خاکی ئێمەیان داگیر کردووە کە ئەمە جۆرێکە لە فراوان خوازی و داگیرکاری وە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەو لەشکرکێشیە هەڵوێستی جددی هەبێت، چونکە لەو ماوەی پێشوو دا ئەو لیژنانەمان راسپارد بۆ ئەوەی کە بەڕێزتان فەرمووتان بچن بەدواداچوون بکەن و راپۆرت ئامادە بکەن لەبەر ئەنجامی ئەو هێرش کە لە هەرێمی کوردستان دا هەبوو هیچ دەزگایەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەراستی هەڵوێستێکی ئاشکرا وروون و رەسمی رانەگەیاند بەرامبەر ئەوەی کە دەکرێت بەرامبەر ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

مژدە خان فورموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان**

وێڕای دەستخوشیم بۆ ئەو لیژنە بەڕێزە کە سەردانی مەیدانی کردبوو، بەڵام لەو گوندانەی بناری قەندیل و دەوروبەری دێهاتەکانی پشتی قەڵادزێ و سەنگەسەر و زارگەلی و ئێنزێ و

ئەوانە کە دائیمەن ئەو گوندانەوانە زەرەمەند بوونە، رەز و باخیان و توشی ماڵوێرانی هاتوون کە لە راپۆرتەکە ئاماژەی پێنەدراوە، دوو پرسیارم هەیە لە وەزیری ناوەخۆ یەکەمیان بێ دەنگی و بێ هەڵوێستی حکومەت ئایا دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی چ شتێك ڕێگرە لەوەی کە هەڵوێستێکی جددی و روون بگرنە بەر، چونکە بەیاننامەی شەرمنانە هیچ شتێك لەو بارودۆخە چەند جارێك ئەوە کراوە وە زائیدەن پرسیارێکی ترم هەیە ئەو خەڵکانەی لە دێهاتانە و بە تایبەتی لە مەنتیقەی دهۆك و ئەو ناوانە دەهاتنە سەر جادە و موزاهرەیان دەکرد، ئەوانە لە تاو ماڵوێرانی خۆیان هاتنە سەر جادە، یەعنی زانیویانە حکومەتی هەرێم دیفاعێکی ئەوتۆیان لێ ناکات، بۆیە بە ناچاری دەهاتنە سەر جادە، چۆن دەبێت حکومەت یاخود برایانی ئاسایش دەست بەسەریان بکەن و لە زیندان ئەشکەنجەیان بدەن بەڕێزتان قسە و هەڵوێستان چییە لە سەر ئەمە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، سەوسەن خان نوقتە نیزامی لە دوای کاك عبدالسلام وەرتان دەگرم، کاك ئومێد وەردەگرم نوقتە نیزامی؟ فەرموو.

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ماددەی (٥٥) بڕگەی دووەم داواکارم بەشێك لە قسەکانی بەڕێز موژدەخان لە پڕۆتۆکۆل بسرێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بە دیاریکراوی کامە؟

**بەڕێز ئومێد عبدالرحمن حسن:**

بە دیاریکراوی بەرپرسانی هەرێم پەیوەندی بازرگانیان لەگەڵ وولاتان پەیوەندی بازرگانی خۆیان لەگەڵ کەسێك بکات، بەڵام خاك و خەڵکی کوردستان بابەتە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان هیچ پەیوەندی بەوە وە نییە، کێ کار دەکات، کێ گەندەڵە، کێ پارەی هەیە، کێ بازرگانە، وەکێ سیاسەت و بازرگانیش دەکات، بۆیە ناکرێت ئەو بابەتانی تێکەڵی یەکتر بکەین داواکارم ئەو قسانە بسرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ دروستە سەوسەن خان، فەرموو:

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بە هەمان شێوە داواکارم کە موژدە خان فەرمووی بەیاننامەی شەرمنانەی حکومەت لە پڕۆتۆکۆل بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك مم اسکندر مم، فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی من دەمویست بڵێم هەمووی وترا، بەڵام قسەیەك دەکەم بە ئیجازەی جەنابتان بێت، ئێمە لێرە نە محامی پەکەکەین نە تورکیا وە نە هی ئێرانین، چ جیاوازیەك لە نێوان پەکەکە و ئیران و تورکیا دا نییە، لەلایەك ئەگەر بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بخرێتە مەترسییەوە کە ئاگر خوا نەکات لە ماڵی هەر یەك لە بەرببێت ئەگەر برای من بێت یا نەیار بێت ئاگرەکە ئیشی خۆی دەکات، هیچ شۆڕشگێڕێکی نیشتیمان پەروەریەکیش لەوەدا نابینم کە هەندێك برادەر بەرگری لێ دەکەن، پەکەکە یەکەم شەڕەفی کە بەرکەوت یەکەم لایەن بوو لە ساڵ (١٩٩٢) دژی دەستکەوتەکانی کوردستان شەڕێکی نەخوازراوی دژی هەرێمی کوردستان سەپاند، تا ئێستاش بوونەتە ژێدەری ناخۆش، ئێمە کە باسی پەکەکە دەکەین بەرگری لە تورکیا ناکەین و ناڵێین کە خۆش مرۆڤن هەموو ئەوە باش دەزانن و موتەفقن لەسەر ئەوە، تورکیا منداڵەکانی وا پەروەردە دەکات کە رقیان لە کورد بێت، ئەمە موناقشەی لە سەر ناکرێت، تورکیا هێزێکی گەورەیە دەچێتە لیبیا دەچێتە قەتەر و سوریا و دەچێتە هەموو شوێنێك، ئێوە ئەگەر هێزێکی نیشتیمانپەروەر و ووڵات پارێزن فەرموون پارێزگاری لە سنوورەکانی بکەن فەرموون بیانوو مەدەن بە دەست تورکیا، ئینجا ئێمە لەگەڵ تورکیا بە شێوەیەکی تر قسە دەکەین، بەراستی دەمویست بڵێم ئێمە محامی هیچ کەس و لایەنێك نین و بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان بۆ ئێمە زۆر گرنگە دەبێت پارێزەری ئەم بەرژەوەندییە بین، نە تورکیا و نەئێرانیش ئەوەندەی پەکەك ئازاری خەڵکی کوردستانی نەداوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس بۆ بەڕێزت کاك بهمن، فەرموو

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

بە پرسیارێکی جددی دەست پێ دەکەم لە بەڕێز شۆڕش اسماعیل وەزیری پێشمەرگە، هیوادارم برادەران بە گاڵتە تێ نەگەن، کاك شۆڕش ئێوە (F35)تان بۆ کەیە تا کەی هەڵی ناستێنن وپێی لە جەیشی تورکیا نادەن؟ ئێمە ئەندامی پەرلەمانین ونوێنەری خەڵکین حەقە واقعی قسە بکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

داوای روونکردنەوە ئیشی منە، ئەگەر پێویست بکات داوا دەکەم، کاك شۆڕش اسماعیل لە مەوقعێك دایە دەتوانێت وەڵامی هەر پرسیارێك بداتەوە، فەرموو کاك بهمن.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمویست کەمێك واقعی بین، یەعنی پژاك، پەکەکە، حزبی دیموکرات، کۆمەڵە، ئەمە راستە بینانۆن، تورکیا و ئێران دوژمنی ئێمەن، بەڵام با تۆزێك واقعی بین مەعقول نییە من ئەندامی پەرلەمان بم و بوونی دیموکرات لە ناو کۆیە بە بیانۆ نەزانم بۆ ئێران، بەڵام بوونی پەکەکە لە سەر سنوور لە ناو شێلادزێ بە بیانۆ بزانم بۆ تورکیا یا ئەوەی رێفراندۆم کە لە ناو پەرلەمانی کوردستان بە دەنگی (٩٣٪) خەڵکی کوردستان بەبیانۆ بزانم بە لە دەست دانی لە (٥٣٪) خاکی

کوردستان، بەڵام بوونی پەکەکە لە بە بیانۆ نەزانم لە ناو مەخمور، حەز دەکەم واقعی بن بوعدێکی تاریخی هەیە، لەبەر ئەوەی من ئیختساسم تاریخە، بۆیە تکایە مەجالم بدەن باس بکەم لە ساڵی(١٩٨٣) ئیتافاقیەکی تورکی عێراقی هەیە ئەم ئیتفاقە بۆ تەداخول کردنی جەیشی هەردوولا کە بچنە ناو سنوورەکانی یەکتری بۆ سەرکووت کردنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کورد ئەم ئیتفاقە لە ساڵی (٢٠٠٧) هەمووی لە ئیعلام ماوە کە (الجزيرە)یەکەم کەناڵ بوو بڵاوی کردەوە، نوری مالکی نوێی کردەوە تاکە کەسێك کە ئەو کاتە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز سەرۆك بارزانی دژی وەستایەوە و بەیاننامەشی دەرکرد، بەڵام دەنگی نەگەیشتە هیچ جێیەك و ئەو ئیتفاقە تێپەڕی، پەکەکە یەکەم هێز بوو پێش تورکیا و ئێران شەڕی دژی حکومەتی هەرێمی کوردستان راگەیاند وە لەم پەرلەمانە بەڕێزەوە بەڕێز خوالێخۆشبوو مام جەلال زۆر بە روونی باسی ئەوەی کردووە و، پێم وایە کەس لەو باشتر ناتوانێت وەسفی پەکەکە بکات کە ساڵی (١٩٩٤و ١٩٩٣) لەو پەرلەمانەوە کردوویەتی، ئێستا ئێمە دوو رێگامان لەبەر دەستە رێگایەك کە رێگای سەرۆك کۆمار و وەزارەتی دەرەوەی عێراقە کە ئەمە سیادەی عێراقە، ئێمە دەوڵەت نین، ئەمە سیادەی ئێمە نییە سیادەی عێراقە پێشێلکراوە، سەرۆك کۆمار پارێزەری سیادەی عێراق و دەستوری عێراقە لەگەڵ وەزیری دەرەوە لە رێگای پەرلەمانی عێراقەوە لۆبی دروست بکەن، بۆ ئەوەی ئەو ئیتفاقە سیاسیە هەڵوەشێتەوە، بۆ ئەوەی سەرۆك کۆمار داوا بکات جەیشی تورکی بکشێتەوە، دوو کاری ئێمە ئەوەیە بەم هێزانەی خۆمان بڵێین بیانۆ نەدەن، من نمونەیەکی تاریخی دەهێنمەوە گوێم لە هاوڕێیەکی خۆشەویست بوو وتی کاتی خۆشی کە ئێمە شۆڕشمان دەکرد لە ناو وولاتان بووین ئەم کوردستانەش پڕە لە خەڵی باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا هەموو لێی دەژین، کاتی خۆی لە هۆکارە سیاسیەکانی ئیعلان نەکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك یەکەم حزبی کوردی لە کۆماری مهاباد پێشەوا قازی محمد داوای لە بارزانی نەمر کرد بیانۆ نەدەنە دەست عێراق و دوژمنەکانی مهاباد ببێتە شوێنی کۆکردنەوەی دژەکانی دەوڵەتان، بۆیە پارتی هێنرایەوە لە بەغدا ئیعلان کرا موراعاتی ئەوە کرا لە کاتێکدا هێزی ئەساسی بەرگری لە کۆمار هێزی بارزانییەکان بوو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاتەکەت تەواو بوو، کاك مەلا ناصر ئاخر کەس وەردەگرم.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیمان بۆ لیژنە هاوبەشەکان وەکو ئەوەی زۆربەی هەڤاڵان باسی ئەوەیان کرد کە دەڤەری بادینان زیاتر لە (٥٠٠) دێ چۆڵ کراوە، ئێستا خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر بوونە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هیچ سەروەریەك بۆ خاکی هەرێمی کوردستان نەماوە و تورکیا بە ئارەزووی خۆی هێرش بکات و ئێران بە ئارەزووی خۆی تۆپبارانی ناوچە سنوورییەکان بکات، بەراستی خەڵکی سڤیلیش بۆنەتە قوربانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستە وەستان وەستاوە لە ئاست کوشتاری خەڵکی مەدەنی و پێشێلکردنی پیرۆزیی و سەروەری خاکی کوردستان، دەستان خۆش بێت و سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان موداخەلە تەواو بوو، ئێستا دەرفەت دەدەینە بە وەزیرەكان بەڕێز وەزیری ناوەخۆ لە گەڵ بەڕێز وەزیری پێشمەرگە بفەرموون قسەی خۆتان بكەن، لە بارەی راپۆرتەكە و لە بارەی موداخەلەی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان بكەن.
**بەڕێز شۆڕش اسماعیل / وەزیری كاروباری پێشمەرگە:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان و ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، سەرەتا سوپاسی ئەو لیژنانە دەكەم كە ماندوو بوون كاتی زۆری ویستووە تا بتوانن ئەو راپۆرتە بە پێزە بنووسن دەست خۆشیان لێ دەكەین، من دەمەوێت بەو خاڵە دەست پێ بكەم هەموومان بە ئاگاین لەو مەترسیانەی كە هەر لێرە باسمان كرد، هەموومان روبەڕووی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەبێتەوە و ئینجا دەزانن ئەو مەترسیانە چەند جددین، لەو لاوە سنوورەكانمان ئەوە لە خوارەوە ناوچە كوردستانیەكانمان ئەوە وەزعی ئابووری كە بۆ خۆی هەڕەشەیە، بۆیە پێویستە ئەمە بزانین لە هەموو قۆناغەكان زیاتر بەرپرسیارانەتر هەڵسوكەوت بكەین، من دەمەوێت لەوە شەوە دەست پێ بكەم كە لە سی و شەش ساڵی رابردوو دا كۆتا كردە سەربازییە فراوانەی جەیشی توركی حساب بكرێت، ئەمە بیست و سێ یەمین كردەی سەربازی فراوانی توركیایە، كردەی سەربازی نەبووە كە بە ناوی حزم و چەكوش و لەم سی و شەش ساڵی رابردوو دا لە زەمانێك كە حكومەتی هەرێمی كوردستانیش نەبووە، راپەڕینیش نەبووە، سی و پێنج هەزار، دەیان هەزار ئەوەی حزم و چەكوش و رۆژە كە ئەمانە كردەی سەربازی زۆر گەورە بوون، توركیا بەردەوام بووە لەمە دا، لە ساڵی (٢٠١٣) پەرلەمانی توركیا ئەو ئەقیدەیەی كە جەیش كاری لەسەر دەكرد كردەی بەرگری كردن بوو لە عەلمانیەت ئەوەی گۆڕی بۆ بەرگری لە هەڕەشەكانی دەرەوەی، یەعنی ئەو هەڕەشانەی كە رووبەرووی تاكی توركی دەبێتەوە لە دەرەرەوە، لەبەر ئەوەش دەسەلاتی داوە بە بە جەیش كە سنوورەكانی وولاتی خۆی دا بتوانێت پێشڕەوی بكات كە لە هەر شوێنێك كردەی سەربازی بكات، هەمووومان دەزانین ئەو هەنگاوانەی توركیا دەیكات خۆی بە تەنیا نییە وهەماهەنگی هەیە لە گەڵ وولاتانی دەورویشت، من دڵنیام ئەگەر هەماهەنگی لەگەڵ عێراقیش نەبێت، بەڵام ئەم هەنگاوانەی پێ ناخۆش نییە، ئێمە خۆمان لە وەزعێك داین كە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق نەمانتوانیوە بگەینە ئەنجامێكی باش، بۆیە من ترسم لەوەش هەیە لە ئایندەدا ئەم لەشكركێشیانە بەردەوام دەبێت وە پێشڕەوی زیاتریش دەكات وە رەنگە هێزی تریش پشتیوانیان بكات، من نامەوێت پێش حەدەسەكان بكەوم، بەڵام مەترسی گەورە لە سەر ئایندەی ئەم وولاتە هەیە، بۆیە ئەركی قورس و لە توانا بەدەر دەكەوێتە سەر لایەنە سیاسیەكان كە ئەو مەترسییانەی سبەیێ روبەڕووی هەرێم دەبنەوە، چونكە هەڕەشەیەكە دەورویشت لەسەر ئەو دەستكەوتانەی كە لە هەرێمی كوردستان ئەم فیدراله هەیە رەنگە زۆرێك پێی دڵخۆش نین، بۆیە دەبێت خۆمان كۆ بكەینەوە و هێزی پێشمەرگە یەك بخەینەوە تا بتوانێت رووبەڕووی ئەم مەترسیانە ببێتەوە، لە سەر پرسیارەكانیش بۆچی ئەم بۆشاییە ئەمنیانە پرسیاركرا، ئێوە هەمووتان ئەندامانی پەرلەمانن شارەزاییتان هەیە لە یاسا و لە دەستووری

عێراق حەسرییەن پاراستنی سنوورەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە بە پێی ماددەی (١١٠) دەستووری عیراق لە سەر دەوڵەتی عێراقە بیپارێزێت، شەڕی دوو دەوڵەتە ئێمە ناتوانین بە هێزی پێشمەرگە یا حکومەتی هەرێمی کوردستان یا وەزارەتی پێشمەرگە کە جوزئێکە لە مەنزوومەیەك وە هەرێمی کوردستانیش لە مەنزوومەیەکی فراوانترە کە عێراقە، ئەمە بڕیارێکی سیاسی بڕیارێکی حکومەتی عێراقی دەوێت کە بڕیار لەوە بدات وە بەرپرسیشە بە پێی دەستوور کە دەبێت بەرگری لە سنوورەکانی خۆی بکات، چونکە ئەمە پێشێلکردنی سەروەرییەکی فراوانی عێراقە وە بەداخەوەش لە رووی هەتا ئەتەکێتی دیبلۆماسیشەوە عێراق و دەوڵەتە عەرەبییەکان مەوقفێکی ئەوتۆیان نەبووە، وەزارەتی خارجییە دوو جار سەفیری تورکیایان بانگ کردووە وە یادداشتی توونديان داوەتێ وە هەڕەشەی ئەوەش کراوە کە عێراق لە مەجلسی ئەمن سکاڵا تۆمار دەکەن، بەڵام ئێمە لە هەرێمی کوردستان نەمانتوانیوە لە بەری ئەوەی یەك هەڵوێست بین وە ئەو درز و کەلێنانەی کە لە ناو وتاری سیاسی هەرێمی کوردستان دا هەیە بە خۆی کاریگەری لەوە هەبووە کە ئێمە ئەوەندەی بە چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوەخۆمانەوە خەریکین نەمانتوانیوە، راستە لەگەڵ عێراقدا قسە کراوە، بەڵام ئاستێکی پێویست نەبووە، لە بەر ئەوەی خۆمان ئەوە وەزعەکەمان بووە، پرسیار هەیە کە ئایا هەماهەنگی هەبووە کە لە ناوچەی سلێمانی کونەماسی لە ئەزمەڕ کە دەکرێت، من پێم باشە ئەندامانی پەرلەمان لە سەروو ئەم پرسیارە ئیستیفزازییەوە بن ئازادن کە ئەوە بکەن، دەوڵەتی تورکیا و تەکنۆلۆجیای تورکیا ئەوەندە پێش کەوتووە هەم لە بادینان هەم لە گەرمیان لە هەموو شوێنێك، یەعنی ئێمە وولاتێکین نەمانتوانیوە سنوورەکانی خۆمان کراوەیە لە هەر چوار لاوە دەورووبەر کێ بیەوێت بڕوات کێ بیەوێت بێت نەمانتوانیوە سنوورێکی قایمان هەبێت، کەس بتوانێت لە رووی تەکنۆلۆجیاش ئەو وولاتانە ئەوەندە پێش کەوتووە کە دەتوانن بە دەقیقی لە ناو چەندین کەسدا کەسێك دیاری بکەن وە هەمووشتان دەزانن ئەو چەکانەی کە لەم دواییە دا تورکیا بە کاری هێناوە زۆربەی زۆری ئەو چەکانەیە کە خۆی دروستی دەکات، مانای ئەوەیە ئەو چەکە زیرەکانەی کە ئەو قومبەلە زیرەکەی کە بە کاری هێناوە ئەو چەکانەی کە بە لەیزەر بەکار دەهێنێت درووستکراوی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی توانایەکی ئابووری سەربازی فراوانی هەیە، چونکە خۆی موئەسەسەیەکی گەورەیە لە تورکیا کە موئەسەسەی سەوسانە دەتوانێت لە یەك مانگدا لە مانگی حوزەیران دا تەوعاتی هەوایی (٧٤٧) فڕینی ئاسمانیان هەبووە کە شەڕیان پێ کردووە کە (٦٥٢) یان هی تەیارەی بێ فڕۆکەوانە، لەبەر ئەوەی ئەو تەیارانەی سیستەمی زیرەکی پێوەیە و دەتوانێت شەڕی یەکلاکەرەوە بکات، (٦٥٢) جار تەیارە لە کاتێکدا کە بەو شێوەیەیە باقییەکەی کە نەوەد و ئەوەندە تەشکیلەی (f 16) بووە، بۆیە ئەم هێزە زەبەلاحە کە وەکو هەمووتان دەزانن هێزێکی گەورەیە لە مەنتیقەکەدا ئێمە دەبێت لە چوارچێوە و سیستەمی بەرگری عێراق دا هەوڵ بدەین ئەم کێشەیە چارەسەر بکەین، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەی هەبووە، بەڵام لەگەڵ عێراقیش دا هەوڵی داوە بۆ ئەوەی کە عێراق مەرجەعی ئەساسییە، بۆ ئەوەی بتوانێت رووبەڕووی تورکیا ببێتەوە لەم موشکیلەیەدا، بۆیە ئەوی کە باسی هەماهەنگی دەکرێت بڕوا ناکەم رەنگە کەسانی تاك وەکو تاك خەڵکێك هەبێ

پەیوەنـدی لە گەڵ ئیتیلاعـات و لەگەڵ میـت دا هەبـێ، حەز دەکەم لێـرەدا بە سـەربەرزی بڵـێم وەزارەتی پێشمەرگە نەك دوور و نزیك چۆن ئاگای لە جەیشی عێراقـی نەبـووە، چـۆن پەلامـاری داوە دەوڵەتی تورکیاش نەك حساب بۆ وەزارەتی پێشمەرگە ناکـات ئەگەر بیکـردایە ئەوەی پێـی دەڵێن سەروەری خاك و رێزی لـێ دەگرن کە پەلامـاری داوە، مانـای ئەوەیە رێـزی لـێ نەگرتـووە، وەزیری بەرگری تورکیا بە رەسمی ئیعلانی کرد ئەوان عەمەلیەیەکی فراوان ئەوەی کە ناویـان نـا چڕنووکی پڵنگ ئەوە بوو کە پەلاماری ئاسمانی بوو کە پەلاماری مەنتیقەی خواکوڕك و قەندیل و مەخموور و شەنگال لە (١٤) مانگ دەستیان پێ کرد نەشی شاردەوە، عەمەلـیەی دووەمیشـی کە چڕنووشی پڵنگ بوو هێرشی زەمینی بووە هەزاران سـەرباز لە سـێ میحـوەرەوە بەشـداری تێـدا کردووە باکیشیان لەوە نەبووە کە دێهات دەسووتێت خەڵك دەکوژرێت هەنگاویان ناوە نەشـیان شاردۆتەوە، چـوونی پاسـەوانی سـنوور ئـێمە ئاگـادارین قسـە کـراوە پاسـەوانی سـنوور توانـا و ئیمکـانیەتی ئەوەی کە سـێ لیـوای هەیە لە هەرێمـی کوردسـتان لە دهـۆك و لە هەولێـر و لە سلێمانی، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەمانە دەبابەیان پێـیە و دژە تانـك و دژە فڕۆکەیـان هەیە، بەڵام ئەوانە هێزێکن سەر بە عێراقن و دەتوانن بە نـاوی عێـراقەوە بەرگـری بـکەن هەم لە رووی سەنەدێکی یاسایی و نێودەوڵەتیشیان پێیە، چـونکە بەشـێکن لە جەیشـی عێـڕاقـی، ئـێمە لەگەڵ وەزارەتـی بەرگـریش کۆبوونەوەمـان هەبـووە وە دژی لەشکرکێشـی تـورك و داوای قەرەبـووی زیانلێکەوتووانمـان کـردووە، ئەمەش هەمـووی پەیوەسـتە بەوەی حکـومەتی هەرێـم لەگەڵ حکومەتی ناوەند رێك بکەوێت، یەعنـی هەمـووی بەسـتراوە بەوەی رێککەوتنـی سیاسـی لەگەڵ بەغدا بکرێت، ئەگینا بەغدا خەریکـی هەم کێشـەی خـۆیەتی هەم رەنـگە ئەمەشـی بەلاوە گرنـگ نەبێت، چونکە هەتا هەڵوێستی نێودەوڵەتیشی لەسەر لەشکرکێشی تورکیا لە ئاستێکی توونـد دا نەبێت فەرەنسای لێ دەرچێت، ئـێمە نـاتوانین رێگـری لە سـەرانە و بـاجی پەکەکە بگـرین کە لەو شـــوێنانە هەیە کە توانایـــان هەیە و حکـــومڕانی خۆیـــان دامەزرانـــدووە، ئەمەش هەمـــووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هێـزە سیاسـییەکان نەیـانتوانیوە لەسـەر ئەم مەسـەلانە رێـك بـکەون، پێویستە هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان رێك بـکەون و هەڵوێسـتیان یەك بێـت لە سـەر عێراق لە سەر پەکەکە، لە سەر رۆژئاوا، لە سەر دەوڵەتـانی دەوروو پشـت ئەمـانە هەمـوو پرسـن دەبێت رێککەوتنی سیاسییان هەبێت، بـۆ ئەوەی هەریەکەیـان بە ئاراسـتەیەکی جیـا نەڕوات وە ئەو ئاراسـتە جیایـانەیە کە ئـێمەی گەیانـدۆتە ئێسـتاوە، ئەو ئاراسـتە جیایـانەیە کە پەکەکە بە درێژایی چۆتەوە تاوەکو چووەتە گەرمیان و ئەو شوێنانە، لەبەر ئەوە دەبێـت هەرچـی زووە ئەو ئاراسـتە یەکگرتـووە هەبێـت، ئەوانەی بە هـۆی لەشکرکێشـی تورکیـا و تۆپبارانەکـانی ئێـرانەوە شەهیدبوون یاساکە رێگا نادات، ئەندامانی بەرێزی پەرلەمـان دەتـوانن لە ئایندەدا کە هەمـواری یاسای شەهیدان کرایەوە ئەو خاڵە ئیزافە بکەن کە ئەوانەشی لەوێیە، چونکە یاساکە بە تەحدید دیاری کردووە کێ بکرێت بە شەهید ئەوانە دەکرێن بە شـەهید کە لە سـەنگەری بەرگـری لەگەڵ دوژمنان دا بە فیشەك شـەهید دەکـرێن، ئەو هێـزانە هیچیـان پرسیان بە ئـێمە نەکـردووە وەکـو وەزارەتی پێشمەرگە، کاکە باسی کرد کە تورکیا بە قوڵایی چل بۆ چـل و پێـنج کیلـۆمەتر هـاتۆتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان ئەو رەقەمە نازانم لە کوێ وە هێنـدراوە، ئەوەی کە لای ئـێمە هەیە

ده بۆ پانزده کیلۆمەتر زیاتر نییە کە ئەو دە بۆ پانزده کیلۆمەترەش ئاسمانییە، هێزی پێشمەرگە بۆ چی تەقە ناکات ئێمە باسمان کرد وەزارەتی پێشمەرگە بەو ئیمکانییەتە کەمەش کە هەیەتی کە هەر رۆژێ بڕیارێکی سیاسی حکومی حکومڕانی هەبێت، بۆ ئەوەی رووبەڕووی هەر مەترسییەك یا هەر شەڕێك یا هەر کردەیەکی سەربازی ببێتەوە بەو پەڕی سەربەرزی و شانازییەوە رووبەڕووی دەبینەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی پاراستنی خاکی کوردستانە ئەرکی پاراستنی کەرامەتی تاك بە تاکی خەلکی کوردستانە، بەڵام لە ئێستادا ئەمە بڕیارێکە بە پێی ماددەی (١١٠) ی دەستووری عێراق دەبێت دەوڵەتی عێراق بڕیارێك لەسەر مەسەلەی تورکیا بدات وە هەر کاتێکیش کە هەرێم خۆی بڕیاری و هەڵوێستی حکومەتی هەرێم و سەرکردە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان روونە لە سەر مەسەلەی لەشکرکێشی تورکیا و لە سەر مەسەلەی پەکەکەش، من لەو رۆژانە دا قونسولی تورکیا لامان بوو بە راشکاوی قسەم لەگەڵدا کرووە کە ئایا بەدەر لە شەڕ رێگەی تر نییە ئێوە تاقی بکەنەوە، ئەم شەڕ و کوشتارە کە نەك دەوڵەتی تورکیا هەموو دونیا تەجروبەی زۆریان هەیە لە سەر شەڕ کە نەتیجەکەی خوێن رشتن و ماڵوێرانی وێرانکاری کە نەتیجەکەشی هەر رێککەوتنە، ئایا بۆچی پرۆسەی ئاشتی یا گفتوگۆ جارێکی دیکە دەست پێ ناکرێتەوە؟ بۆیە ئێمە لە هەر بۆنەیەکدا یا هەر دەرفەتێك هەبووبێت داوای ئەوەمان کردووە هەم حکومەتی هەرێمی کوردستان هەم سەرکردایەتی سیاسی کێشەی نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا دەبێت بە گفتوگۆ و بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، من قسەیەکیشم هەیە لەسەر ئەوی کە ئێمە وەختی خۆی لە بەشەکانی تری کوردستان کە پێشمەرگە بووین، ئێمە وەکو پێشمەرگە بەو شێوەیە نەبووە کە ئێمە لە وڵاتی خۆمان بووین کوردستانی ئێرانمان نەکردبوو بە مەیدانی یەکلاکەردنەوەی ناکۆکییەکانمان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق، نە کۆمەڵە و دیموکرات رێگەی پێدەداین وە کاتێکیش کە ئاوارە بووین مقرەکانمان لە حدودی ئێراندا بووە، لە زەمانی ئەنفالدا لە بەر ئەوە ئێمە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو کاتە زۆر رێزمان لە تایبەتمەندی هەر شوێنێك گرتووە وە نەبووینە سەرئێشە و موشکیلە بۆ ئەو شوێنانە وە ئێستاش دەبێت حزبە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە رێککەوتنی سیاسی بوو بە روونی لەگەڵ پەکەکە قسە بکرێ، بۆ ئەوەی کە ئەو شوێنانەی کە شوێنی نیشتەجێ بوونە گوندەکانە ئەوانە دوور کەونەوە لەو شوێنانە، بۆ ئەوەی سەرو ماڵی خەڵکی بپارێزرێت، بمبوورن ئەگەرپرسیارێکم بیر چووبێت هەوڵم داوە پرسیارەکانی زۆری جواب بدەمەوە، ئومێدم وایە لە ئاستی پرسیارەکاندا جوابەکان گەشتبێت وە جارێکی دیکە زۆر سوپاستان دەکەم، ئەو پرسیارەشی کە برادەرێك ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز کردی لە سەر تەیارەی (٣٥) من دەزانم قسەکەی بە ئیجابی بووە بە سلبی نەبووە من تێدەگەم فیعلەن ئیمکانیەتی ئێمە ئەوەیە، ئەگەر ئەو ئیمکانیەتە زۆرە هەبوایە ئەو کاتە (لا یکلف لا نفسا الا وسعها) یەعنی ئێمە ئەوەین کە هەین، راستە ئەگەر من تەیارەی (F35) م هەبوایە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بە دەنگێکی تر قسەی دەکرد، ئومێدم وایە ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە ئێستا لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە هەموومان واز لەو تووڕە بوون و غرووری و هەموومانی کۆبکاتەوە کە راستە هەر یەکەمان بەشێکی ئاوێنەمان لایە بەرامبەر خۆمان بە راست نەزانین،

هەموومان پێکەوە ڕاست دەبین هەموومان پێکەوە سەرکەوتوو دەبین وە هەموومان پێکەوە دەشکێین زەرەرمەندی گەورە دەبین دوایش پەشیمانبوونەوە دادمان نادات و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك گۆران پرسیارەکەت بە دیاری کراوی لە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە کردبوو یا چاوەڕێ دەکەیت بەڕێز وەزیری ناوەخۆش قسە بکات، زۆر سوپاس بۆ وەزیری پێشمەرگە کەرەم بکەن، بەڕێز وەزیری ناوەخۆ.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوەخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ماندوو نەبن، ئەمڕۆ گفتوگۆ لە سەر بابەتێکی هەستیار دەکرێت لەناو پەرلەمانی کوردستان کە بابەتێکە هەر پەیوەندی بە سنوورەوە نییە، بابەتی قەزیەی نەتەوەییێکە قەزیەی نەتەوەییێك لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمڕۆ باسی لێدەکەین، بچووکمان کردۆتەوە لە قەزیەی سنوور لە بەینی عێراق و تورکیا، لە بەینی عێراق و ئێران لە بیرمان نەچێت ئەو دەوڵەتانەی کە دوای (١٩٢١) دروست بوون، لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم بە چ بنەمایەك دروست بوون و کوردیش تا چەند زەرەمەندی سەرەکی بوونە لە ناوچەکە، ئێستاش ئێمە باجی ئەو هەڵە مێژووییە دەدەینەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵات کە لە سەر بنەمای بەرژەوەندی زلهێزەکان و براوەکانی شەڕی جیهانی یەکەم ئەم جوگرافیایە بەم شێوەیە دارێژراوە، ئەم جوگرافیایە لە رووی سرۆشتییەوە یەك جوگرافیایە، بەڵام بەخەت کێش دابەش کراوە بە پێی بەرژەوەندییەکان خەتی ڕاستی تێدایە وە کە ئەنتەهوو هیچ سنوورێکی سروشتی نییە، بەڕێزان ئەم بابەتە لەم پرسیارانەی کە ئێوە باستان لێ کرد نە بەو شێوەیە چارەسەر دەبێت نە بەو شێوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئێمە لەگەڵ واقع وە لە گەڵ تواناکانی خۆمان وە لەگەڵ لایەنەکانی کە تەرەفن لە کێشەکە مامەڵە دەکەین وە سەیری بارودۆخ و جوگرافیا و مێژو و هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندن بە جوگرافیا و مێژووی ناوچەکە دەبێت لەبەر چاو بگیرێت، عێراق وڵاتێکی خاوەن سیادەیە، پاراستنی سنوورەکان مەسئولیەتی حکومەتی فیدراڵە وەکو لە رووی دەستوورییەوە بابەتێکە دەبێت بەڕێزتان موتەلەع بن لە چەندین ماددەی دەستووری عێراق کاری پێکراوە لە (٢٠٠٥) ە وە کە هێزەکانی پاسەوانی سنوور دروست کران، لەبەر خسوسییەتی هەرێمی کوردستان و ئەو خەبات و تێکۆشانەی کە هەبووە بۆ ئەوەی هیچ هێزێك و دەزگایەکی عێراقی نەگەڕێتەوە کوردستان سەرکردایەتی هێزی پاسەوانی یەك هی پاسەوانی سنووری عێراق لە کوردستان دروست کرا، کە بارەگا فەرمییەکەی لە هەولێرە و سێ لیوای هەیە لە دهۆك و سلێمانی و هەولێر، ژمارەی ئەو پاسەوانانە بە پێی پێویست نییە بۆ پاراستنی سنوورێکی دوور و درێژ کە نزیکەی (٩٩٥) کیلۆمەترە، لە زاخۆ تاوەکو دەگاتە دوایین خاڵی سنووری سلێمانی لەگەڵ وڵاتی ئێران نزیکەی (١٠٠٠) کیلۆمەترە بە چەند هەزار نەفەرێك بەو ئیمکانات و توانایەی لۆجستی و چەك و تفاقەی لەبەر دەستی هێزی پاسەوانی سنووری عێراقە، ئەم سنوورە ناپارێزرێت وە ئێمە ئەم بابەتەمان زۆر بە روونی لەگەڵ لایەنی عێراقی باسکردووە، ئەم هێزانە سەر بە وەزارەتی ناوەخۆی عێراقن لە هەرێمی کوردستانیش هەماهەنگیان لەگەڵ وەزارەتی ناوەخۆی هەرێمی کوردستان هەیە وە خسوسییەتێك دراوە بەو هێزانە کە بە بێ تەنسیق لەگەڵ هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێك

نەنرێت وە دەمەوێت دڵنیاتان بکەمەوە کە ئەو هێزەی پاسەوانی سنوور کە چووەتە ئەو شوێنانەی لە سنووری لیوای یەك لە دهۆك چەند خاڵێکی گرتووە هێزمان لە شوێنی ترەوە بۆیان کۆ کردۆتەوە، چونکە هێزی پێویستیان لەبەر دەست نییە لە پۆلیسی گومرك لە شوێنی لابەلا کۆکراوەتەوە، چەند سەد نەفەرێك چوونەتە ئەو خاڵانە، بۆ ئەوەی بڵێین پاسەوانی سنووری عێراقی لێرەیە لە هەمان کاتیش دا هێزەکانی زێرەڤانی هێزەکانی پێشمەرگە لەو شوێنانەی کە پێویست بوون بڵاوەیان پێکراوە وە بۆ پاراستنی ئەو ناوچە ئاوەدانکراوانەی کە نزیکن لە مەیدانی شەڕ، ئێمە هەماهەنگیمان هەیە لەگەڵ عێراق، بەڵام عێراق بۆ خۆی ئامادە نییە وەکو پێویست سنوورەکانی بپارێزێت، عێراق کێشەی بەس لە هەرێمی کوردستان نییە لە سنوور لە خوارووی عێراق لەگەڵ کوێت هەیەتی، لەگەڵ سعودیە هەیەتی، لەگەڵ سوریا هەیەتی، لەگەڵ ئێران بە درێژایی سنوورێکی درێژ لەگەڵ ئێران هەیەتی ئەو خاڵە سنووریانە هەمووی کراوەیە، بۆیە کێشەی سنووری عێراق کێشەیەکی سیادییە دەبێت حکومەتی عێراق جددیتر بێتە پێش، ئێمەش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادەی هەر جۆرە هاوکارییەکین، بەڕێزان لە بیرتان نەچێت لە ساڵی (١٩٩١) لە راپەڕین پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بوو ئەو وولاتانەی دەورووبەر بە عێراقیشەوە هەر مانگێ جارێك وەزیری دەرەوەی ئەو وولاتانە دانیشتنیان دەکرد لەسەر هەرێمی کوردستان تا وای لێهات پەکەکە بوو بە بابەتێکی زۆر ئاسان بۆ ئەوەی بەکاری بهێنن بۆ تێکدانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) شەڕێکی نەخوازراو بە سەر هەرێمی کوردستان سەپێندرا، ئەو کاتە پەکەکە ووتی من کوردستان ئازاد دەکەم لە حاڵەتێك کوردستانێکی ئازاد بە دەست و چەکی پێشمەرگە و هاووڵاتیان هەموویان دەست لە ناو دەست حکومەت و پەرلەمانمان دروست کردبوو وە ببوو بە ئایندە وە ئێستاش ئومێدی هەرە گەش و بەرجەستە بۆ هەموو کوردێك لە جیهان ئەزموونی هەرێمی کوردستانە ئەو پەرلەمانەیە کە خاوەنی ئەو حکومەتەیە وە خاوەنی هەموو دەستکەوتەکانی تریشە لە دوایی دروست بوونی ئەو پەرلەمانە، ئێمە لەگەڵ تورکیا و ئێرانیش لە گفتوگۆداین ئەم بابەتانەمان زۆر بە سەراحەت لە گەڵ تورکیا و ئێران باس کردووە وە بە فەرمی باسمان کردووە بەیاننامەمان دەرکردووە ئێوە لە بیرتانە لە (٢٠٠٣) بەیاننامەی زۆر توند هەبووە لەوەی کە لە بەرامبەر هەر هاتنە پێشەوەی تورکیا لەگەڵ ئێران هەمان شت وە لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لە ئێستا لە حاڵەتی شۆرشگێڕی و خەباتی چەکداری دا نین، ئێمە ئیدارەمان بە دەستە جوگرافیاییکمان بە دەستە بەرپرسین لە میللەتێك لە ئێستا و لە ئایندەی ئەو میللەتە، بۆیە دەرگامان کردەوە بۆ هەموو شۆڕشگێرانی کورد لە هەر سێ پارچەکەی تر هەر کەسێك پێویستی بە داڵدەدان هەبووبێت ئاوارە بووبێت یان ویستبێتی نۆێنەرایەتیەکی سیاسی هەبێت دەرگاکانی هەرێمی کوردستان کراوە بوونە وە هاتوونەتە ئێرە، لە هەولێر لە سلێمانی لە دهۆك ئەم حزبە شۆرشگێڕانە نوێنەرایەتییان هەبووە بە سەراحەتیش بە ووڵاتانی دەورووبەرمان گووتووە ئێمە هاوسۆزیمان هەیە بۆ کێشەی کورد لە هەر پارچەیەك، بەڵام ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست ناخەینە کێشەکانی هیچ پارچەیەکی کوردستان، دەرگای خەبات بۆ ئەو کوردانە لە هەر پارچەیەکی تری کوردستان کراوەیە کە خەباتی مەدەنی و سیاسی خۆیان بکەن، بەڵام ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتیش لە دوای (٢٠٠٣)ەوە کە حکومەتێکی دانپێنراوین لە دەستوری عێراق، ئێمە ئیحترامی سنوورەکان دەگرین وە وە بەرژەوەندییە

گشتییەکان و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوولا لە بەرچاوە، داواشمان لە حزبەکان کردووە ئەوانەی لێرەنە بەخێرهاتنمان کردوونە پشتگیریمان کردوونە شوێنی حەوانەوە بۆیان لێرە دابینکراوە پێویستییێکیان هەبووە بۆیان دابینکراوە، بەڵام داوام لێکردووە هەرێمی کوردستان وەکو خاڵی دەستپێك بۆ تێکدانی ئارامی سنوورەکانی وولاتانی دەوروبەر بەکارنەهێنن، چونکە ئەوە لە عورفی عیلاقاتی دەولی ناکرێت لە سنوورێکەوە بۆ سنوورێکی تر نائەمنی درووست بکرێت، بۆیە داوامان لە وولاتان کردووە ئیحترامی سیادەی عێراق بگرن و ئیحترامی هەرێمی کوردستان بگرن و تەفەهوومی وەزعی ئێمە بکەن، هەمیش داوامان لە برا کوردەکان کردووە کە ئەم بابەتە رەچاو بکەن بەداخەوە لە قۆناغی جیاواز هەردوولا رەچاوی ئەوەیان نەکردووە، بۆیە ئێمە ئێستاشی لەگەڵ بێت وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو توانای خۆمان دەخەینە گەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ هەردوو لایان باس بکەین وەکو بەڕێزێك باسی کرد کەس لێرە نە پارێزەری ئەم وولاتە و ئەو وولاتی ترە، نە پارێزەری خەڵکی ترە، ئێمە پارێزەری بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەو میللەتەین، ئێوە نوێنەری ئەو میللەتەن بەرپرسیاریەتی ئێوە نوێنەرایەتی کردنی هاونیشتیمانیانە لەو جوگرافیایە، بەرپرسیارەتی ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان جێبەجێ کردنی یاسا و بەڕێوەبردنی بەرژەوەندییەکانی ئەو میللەتەیە لە چوارچێوەی ئەو هەرێمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە رێز و ئیحترامێکی زۆرمان هەیە بۆ خەبات و تێکۆشان وە هیوادارین کە چۆن ئێمە لیرە گەیشتوونەتە دەستکەوتی باش برایانمان لە تورکیا لە ئێران لە سوریا دەستکەوتی باشیان هەبێت، لێکتێگەیشتنی باشیان هەبێت بتوانن بگەنە ئەو بەرنامە و ئامانجانەی کە هەیانە، ئەم کێشەیە بە لێدوان و بە ئیدانە کردن چارەسەر نابێت بەڕێزان ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەمان دەرکردووە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەیاننامەی دەرکردووە، من خۆم وەکو وەزیری ناوەخۆ لێدوانم داوە کە ئەم کێشانە لە هەرێمی کوردستان پێویستە ببەنە دەرەوە لە سەر خاکی خۆتان چ کێشەیەکتان هەیە چارەسەری بکەن، هەندێك لە برادەران ئاماژەیان بەوە کرد کە بیانۆ نەدەین بە دەستی وولاتانەوە بە چوارچێوە گشتییەکە باسم کرد کە مەرامەکان ئەزموونی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بۆ ئەوەی بیانۆ نەدەین بە دەستەوە دەکرێت ئەو برایانەمان لە رۆژئاوا لە باکوور لە رۆژهەڵات بیانوو نەدەن بە دەست وولاتان، چونکە ئەوان بە فەرمی بە ئێمەیان ووتووە لە سنوورەکانی ئێوە هێرش دەکرێتە سنوورەکانی ئێمە، ئێمە ناچارین تەداخول بکەین ئەگەر ئەو بیانۆیە نەدرێت بە وولاتان، ئەو کاتە دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کراوەتر دەبێت وە رەنەگە دەستی حکومەتی عێراقیش ئەگەر نیازی هەبێت سیادەی عێراق پارێزراو بێت، ئێمە ئاگادار نین و کەسیش پرس بە ئێمە ناکات لەوەی کە سنوورەکان دەبەزێنێت، چونکە هەموو کەس دەزانێنێت ئێمە دژی ئەوەینە لەشکرکێشییەك لەسەر هەرێمی کوردستان هەبێت وە ئەو شوێنانە چۆڵ بکرێت، باسیان کرد نزیکەی شەش سەد گوند چۆلکراون ئەو گوندانە لە سەرەتای راپەڕین ئاوەدان کرایەوە خەڵك گەڕایەوە شوێنی، بەڵام کە دواتر پەکەکە هاتوو و دوایی لەشکرکێشی تورکیا و دوایی تۆپبارانی ئێران و تەداخولاتی ئەملا و ئەولا وای لێکرد کە ئەم شوێنانە چۆل ببنەوە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان خۆشترین شوێنی کوردستان ئەو شوێنانەیە کە ئێستا مەیدانی شەڕە، ئەگەر ئیستسماراتی تێدا بکرێت وەکوو بیری نەوتە لە رووی گەشتیارییەوە لە رووی سروشتی دڵڕفێنەوە لە هەمووی دەتوانین باشترین داهات بۆ هەرێمی کوردستان لێی دابین بکەین، بەڵام

بوونی ئەو بەڕێزانە بە چەکدارییەوە وە ڕەچاونەکردنی بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان وە خۆ بە خاوەن زانینی ئەو خاکە لەوێ و دانانی ئیدارات و دانانی مەحاکم و دانانی شارەوانی هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ناوچەی سنووری دەژین دەزانن پەکەکە بەدیلی حکومەتی هەرێمی کوردستانی دانانی، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان خەریك بوو لە شارە گەورەکان لە سلێمانی لە راپەڕین لە کەلار لە گەرمیان لە خواروی کەرکووك بەڕێوەبەرایەتی خۆسەر رابگەیەنرێت، بەڕێزان ئەوانەی کە بە بیریان بێت لە پێش راپەڕین پێشمەرگە لە شوێنێك چالاکی هەبووایە حکومەتی عێراق دەهات تەختی دەکرد دار و بەردی تێکدەدا هاوولاتیانیشی دەگواستەوە بۆ ئۆردیگا زۆرەملێکان، وای لێهات خەریك بوو ناوەندی شارە گەورەکان چۆل دەبوو خەلك دەچوو بەرەو چیا ناوەندی شارەکانیش چۆل دەبوو، ئێستا هێرشێکی پێچەوانە هەیە هێدی هێدی لە ئەنجامی ئەو شەڕو پێکدادانە ناوچە سنوورییەکان چۆل دەکرێن دێن بەرەو شارەکان بەرەو ناوەندی شارەکان، ئێستا شەڕەکان دێتە ناوەندی شار و قەزا و ناحیەکان ئێوە ئەگەر پێتان ناکرێت شەڕێکی چەکداری بکەن بۆچی هەوڵ دەدرێت کە ئەو ئەزموونەی هەرێمی کوردستانیش لاواز بێت، هەمووومان دەزانین ئامانجی ئەو وڵاتانە چییە، بۆیە لە خۆمان تێك نەدەین بۆ ئەوەی ئەو ئەزموونە پارێزراوبیت دەبێت هەموو لایەك هاوکاری حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان بن کە کێشەی وولاتان نەیێتە ناو ئێرە و تەسفیەی حساباتی وولاتان لەسەر بەرژەوەندی خەلکی کوردستان نەبێت، ئەگەر پەکەکە لەو شوێنانە نەبێت تورکیا هیچ بیانووی نییە، ئەگەر هات ئەو کاتە بابەتێکی تر دەبێت ناکرێت بەو شێویە تەفسیر بکرێت، چونکە ئێستا تورکیا دەڵێت من شەڕی گروپێکی تیرۆریستی دەکەم، ئێمە لە هەرێمی کوردستان پەکەکە بە گروپێکی تیرۆریستی ناناسین حزبێکی کوردستانییە، خەبات دەکات بۆ ئامانجێکی دیاریکراو کە باس دەکەین لەگەڵ وولاتانی بیانی کە باس دەکەین لەگەڵ هاوپەیمانان کە باس دەکەین لەگەڵ نوێنەرایەتی وولاتان، بۆ ئاگاداریتان لە ئاستی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگر سەرۆکی هەرێم وەزیرەکانی پەیوەندیدار ئێمە ئەو بابەتە لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانە باس دەکەین کێشەی خۆتان ببەنە دەرەوەی سنووری ئێمە، ئەوان دەڵێن ئێمە شەڕی تیرۆر دەکەین ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، ئێمە باس لە دوو شتی جیاواز دەکەین ئێمە باس لە قەزیەی نەتەوەییێك دەکەین ئەوان باس لە قەزیەیەکی تر دەکەن، بۆیە ئێمە زۆر بە جددی لەگەڵ هەموو لایەك و لەگەڵ هەموو وولاتان باسمان کردووە، بەڵام ئێمە کیانێکی سەربەخۆمان نییە کە بچین لە نەتەوە یەکگرتووەکان سکالا بکەین و وولاتان بێنینە سەر هێڵ، عێراقیش لە زۆر حاڵەتدا سوود لە بوونی پەکەکە وەردەگرێت لە بەرێوەبردنی بەرژەوەندی عەسکەری و ئەمنی سیاسییەکانی لەگەڵ وولاتانی دراوسێ، بەداخەوە کە ئەم وەرەقەیە بەکاردێت لە مەخمور لە شنگال لە کەرکووك لە گەرمیان وە لە زۆر شوێنی تر بە پێی پێویست هەر وولاتە و بە ئارەزووی خۆی سوودی لێ وەردەگرێت، بەعزێك لە بەڕێزان باسی کەمپی مەخموریان کرد کەمپی مەخمور ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکانیش تەداخول ناکات، لەبەر ئەوەی سیفەتی کەمپی ئاوارەبوونی لە دەست داوە ئێستا کەمپی مەخمور بووەتە سەربازگەیەك بۆ پێگەیاندنی چەکدار بۆ ناردنی چەکدار بۆ قەندیل بۆ هاتووچۆی نێوان رۆژئاوا و قەندیل، بۆ پەیوەندی لەگەڵ دام و دەزگا ئەمنی و سەربازییەکان لەگەڵ زۆربەی ئەو لایەنانەی لە دەورووبەری مەخمور چالاکیان هەیە، بۆیە ئێستا نەتەوە یەکگرتووەکانیش وەکو کەمپ سەیری ناکات، حکومەتی هەرێم ئێستا ئەگەر

بچێتە ناو کەمپ بە شەڕ بچێتە ناو کەمپ ئاسایشی خۆیان هەیە پۆلیسیان هەیە، پاسەوانیان هەیە، کۆگای چەکیان هەیە، سەنگەریان هەیە، مەیدانی تەدریبیان هەیە بۆ چەکدار ئەمە کەی کەمپی ئاوارەیە، دواتر باس لەوە دەکرێت کە خەڵك ئیجازەیان پێ نادرێت بێنە ناو شاری هەولێر، هەندێك شت لە پەرلەمانە دەبێت هەموو شت وەکو خۆی باس بکرێت لە سۆشیاڵ میدیا شتێك دەگووترێت شەرت نییە ئەوە راست بێت، ئێمە دەزگاکانمان راسپاردووە هەموو ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە لە مەخمور دێنە هەولێر هەر هەموویان پێناسەی خۆیان هەیە پێی هاتووچۆ دەکەن، سەیارەی ئیسعافیان بۆ دانراوە هەر نەخۆشێك پێویستی بە نەخۆشخانە هەبێت هاتووچۆ دەکات، ئەوانە لە نەخۆشخانەکان و کارگەکان و لە مۆڵەکان کار دەکەن و ئیشیان هەیە رێگایان پێ دەدرێت، بەڵام ئەوان گلەیی دەکەن ناکرێت بە ئارەزووی خۆیان لە هەولێر رێپێوان بکەن بچنە سەر قنسوڵخانەکان و حکومداری وا ناکرێت، حکومەتداری بە بەیان بە مجامەلە و بە سۆشیال میدیا بەرێوەناچێت، دەبێت واقیعی بین ئەمنیەتی پایتەختی کوردستان زۆر لەوە گەورەترە کە چوار نەفەر لە سۆشیال میدیا پڕوپاگەندەیەك بڵاو بکەنەوە، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاگاداری تەواوی ئەو خەڵکەمان کردووە کە نزیکن لە ناوچەکانی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ پەکەکە پێمان گوتوونە ئەو شوێنانەی کە موحەڕەماتی شەڕە رەز و باخیشتان هەبێت، تکایە سەردان مەکەن، ئێمە ناتوانین بتانپارێزین هێزمان لەوێ نییە بچنە وێ پەکەکە دەتانگرێت دەڵێن ئێوە ئیش بۆ تورکیا دەکەن، لەوێ بن تورکیا لێتا دەدەتا دەڵێت پەکەکەن ژیانی خۆتان مەخەنە مەترسی، ئێمە دەزانین ژیان و کەسابەت و رەز و باخ گرنگە، بەڵام ژیانی ئێوە گرنگترە لەوە پێمان گوتوونە مەچوون مەترسی هەیە، دەزانین هاوڵاتیانی ئێمەش فشاریان لەسەرە ئەمە وولاتی خۆمانە، خاکی خۆمانە لادێی خۆمانە دەبێت نەچینە سەری هۆکار کێیە؟ پەکەکە و تورکیایە، بۆیە ئەم بابەتە ئێمە وەکوو دامودەزاگاکانی پەیوەندار ئەمەشمان کردووە بۆ ئەوەی هاوڵاتیانی خۆمان بپارێزین، بەداخەوە توانای ئەوە نەبووە کە ئەمە بچین لە خاڵی سفر هێز دابەش بکەین، لە هەمان کاتدا خەڵکێکی زۆر لەبەر رەنگە نەبوونی لەبەر زۆر هۆی جیاواز کاری قاچاخچیەتی بکەن لەسەر سنوورەکان کەل و پەل دەبات دێنێت دەفرۆشێت زۆرێك لەو خەڵکە کە بەر لێدانی فرۆکەکانی تورکیا دەکەون، بەشێکی زۆری ئەمانەنە بۆ خۆی بازرگانییەك دەکات شتێکی بچوك دێنێت و دەبات لە لای تورکیا بە پەکەکە لە قەڵەم دەدرێت و لە لای پەکەکەش رەنگە بە شتێکی تر لە قەلەم بدەن، کێشەی پەکەکە ئەوەیە چەکدارەکانیان دێنە ناوچەکانی کە زۆر ئاوەدانن، بۆیە ئێمە تەوەقوع دەکەین لە داهاتوودا لە ناوەندی شارەکانیش لێدان هەبێت ئەوەی لە ئەزمەر رووی دا خۆ ناوەندی شاری سلێمانییە ئەوانە لە نزیك چێشتخانەیەك بوون لە ئەزمەڕ لە لۆفەکان لێیان داون، ئەگەر لەو کاتە خەڵکێك لەوێ بانە چەندین خەڵك بەبەر دەکەوت، بۆیە دەبێت ئەو برایانەمان رەچاوی زیاتری بارودۆخی کوردستان بکەن وە لێ نەگەڕێن بیانوو بدەن بە دەست وولاتان بێن لە ناوەندی شارەکانی ئێمە نزیك ببنەوە، ئەو ئیتیفاقیەی لە نێوان عێراق و تورکیا هەیە ئەوە رێکەوتنی (١٩٨٣) ئەمە یێکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان وە رێگا خۆشترە و شەرعییەت دەدات بەو هاتنە ژوورەوەیە وە بە داخەوە لە عێراق ئەوە وەکو خۆی جێبەجێ دەکرێت، ئەو راپۆرتەی ئاماژەتان پێکردبوو کە هێزی پاسەوانی بە پێی پێویست نییە ئێمەش تەئکیدی لێ دەکەینەوە وە داواشمان کردووە لە شاندی پاسەوانی عێراق کە هاتووە بۆ فەریق حامد دانیشتنمان لەگەڵ کرد

و ناردمان شوێنەکەی بە چاوی خۆیان بینی داوامان لێکردووە ئەو سنوورە بەربڵاوە بە دووسێ هەزار نەفەر کۆنترۆڵ ناکرێت، ئەگەر لیواش زیاد ناکەن بەس میلاکی ئەو لیوایانەی کە هەیە زۆر کەمە دەکرێت لە ڕێگای ئەو لیوایانە دوو هەزار نەفەری تر زیاد بکرێت وە کەل و پەلی پێویست دابین بکرێت، ئەو کاتە ڕۆڵی باشتر هەبێت لەسەر سنوورەکان، بڕیاری پەرلەمان لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە دەرچووە بۆ جێبەجێ نابێت فەرموون وەرن با جێبەجێی بکەین، برادەرێك پێشمەرگە بوو قەرزار بوو چووبووە لای یێکێك لە بەرپرسەکان بەرپرسەکەش گووتبووی خەڵك زۆر گلەییت لێ دەکات قەرزداریت، پێی وتبوو ئێ وەرە با بیدەینەوە، جا وەرن با ئێمەش ئەو کێشەیە جێبەجێ بکەین، بەڵام چۆن جێبەجێی بکەین، ئایا لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە ئەو بارەگایانەی ئێوە باستان کرد هەندێك بیست بارەگا و هەندێك سی بارەگا تورکیا بۆ خۆی دەڵێت سی و حەوت بارەگا، حەقیقەت تورکیا لە زۆر شوێن بارەگای هەیە لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیش وە عێراقیش هەوڵێکی زۆری داوە قەناعەت بە تورکیا بکات، بەڵام تورکیا بە سوود وەرگرتن لە زۆر خاڵی بەهێزی خۆی وەکو ئەمری واقع تەعامول لەگەڵ عێراق دەکات، ئەو پرسیارانەی کە قەرەبووکردنەوە داوامان لە عێراق کردووە وە هەندێك جار هەوڵیشمان داوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرەبووی هەندێك لەو شوێنانە بکەینەوە، حکومەت لە ساڵانی ڕابردوو هاوکاری ئەو خەڵکانەی کردووە کە خانووی سووتاوە هەندێك سەیارەی سووتاوە، هەندێك کەس کە گیانی لە دەست داوە، بەڵام لە ڕاستی لە توانای حکومەتی هەرێمی کوردستان نییە لە ئێستا قەرەبوو بکاتەوە، حەتا ئێمە ئەو بابەتانەمان لە گەڵ عێراقیش باسکردووە وە تەئکیدیشی لێ دەکەینەوە لەسەر ئەو مەوزووعە، بۆچی بە شەهید نانوسرێن ئەمە پەیوەندی بە یاساوە هەیە وە ئێمەش پەیامەکەی ئێوە ئاراستەی وەزارەتی شەهیدانیش دەکەین بزانین هیچ بکرێت بۆ ئەو خەڵکەی لەو سنوورانە شەهید دەبن، چونکە بەشێکیان پۆلیسن پێشمەرگەن بە جۆرێك لە جۆرەکان کارمەندی حکومەتی هەرێمی کوردستانن کە دەچێتە دەرەوەی لادێی خۆی و بە ئامانج دەکرێت، بابەتی خۆپێشاندان لە شێلادزێ بەڕێزان بابەتەکە زۆر گەورەکرا نە پێنج سەد نەفەر گیران و نە بیست و نۆ نەفەر لە زیندان ماون وە نەئەشکەنجەش دراون، حەز دەکەم قسەی ئێوەی پەرلەمانتار سەنەدی لەگەڵ بێت، ناکرێت لە ڕێی سۆشیال میدیاوە شت بووروووژێنرێت، ئەو بابەتەش دژی لەشکرکێشی تورکیا هەمووومان دژی لەشکرکێشی وولاتانین، بەڵام خەریك بوو دەبووە ململانێیەکی سیاسی ناوەخۆیی وە ئەحزابێك کە خۆیان بە موعارەزە دەزانی وە خودی پەکەکەش دەوری هەبوو لەو مەوزووعە، بۆیە ئەمنییەتی هەرێمی کوردستان ئەولەوییەتە و لە پێش هەموو شتێکە، پێم باشە ڕاپۆرتەکە دەوڵەمەند بکرێت بەعزێك لە پەرلەمانتار کاك لوقمان کاك مەم ئەسکەندەر و کاك هێڤیدار یەك دوو برادەری تر ئیشارەتیان پێ کرد کە باسی مەنتیقەی پشدەر و بتوێن و ژاراوە و سەنگەسەر و ناوچەکانی تر نەکراوە کە ڕۆژانە چەندین گوند چۆلکراون لەو شوێنانە، پێم سەیرە کە ئەم ڕاپۆرتە هەندێك شوێنی تێدابوو کە دەبێت تەئکیدی لەسەر بکرێت، ئەگەر بڕیارە شت بە دکۆمێنت بکرێت دەبێت دکۆمێنت لە هەموو شوێنێك بکرێت، ناکرێت لە هەندێك شوێن هەموو داتاکان بخرێتە لاپەڕەی ڕاپۆرت، بەڵام لە هەندێك شوێن لەبەر ڕۆشنایی هەرکەڤەرێك بێت باس لە ئەحداس و داتاکان نەکرێت، قوڵایی ئەو هێزانەی کە هاتوونەتە پێش بۆ ناو هەرێمی کوردستان ڕەنگە لە کاتی هاتنە پێش لە ڕێی ئاسمان زۆر بێنەقوڵایی عێراق لە مەخمور دەدەن لە

شنگال دەدەن بە ئارەزووی خۆیان تەراتوم دەکەن، بەڵام لە سەر زەوی لە دهـۆك زۆرتـرین هـاتنە پێشەوەیان دە کیلۆمەترە لە سێزدە خاڵ هێزیان هاتۆتە پێش لە سیدەکان و لە خواکورك و ئەو شوێنانە لە ساڵەکانی (٢٠١٥ و ٢٠١٦) درێژترینی قولاییە کە هاتوونەتە پێش هەژدە کیلۆمەتر بووە کە هاتوونەتە پێش، ئەو داتایانە رەنگە رۆژانە گۆڕانکاری بە سەردابێت باوەڕ بە نەکرێت کە باس لە چل کیلۆمەتر و پەنجا کیلۆمەتر و شتی وا دەکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ جەنابی وەزیر؟

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوەخۆ:**

بەڵێ سـەیری پرسیارەکان دەکەم جەنـابی سـەرۆکی پەرلەمـان، وابـزانم شـتێك نەمـا کە ئـێمە ئیشـارەت پـێ نەکەیـن وە ئەگەر شـتێکمان بیـر چووبێـت مەبەسـتمان نیـیە نەمانەوێـت وەڵام بدەینەوە رەنگە نەمانووسیبێت، تەنها پرسیار کە مـاوە بەڕێـز کـاك کـاروان گەزنەیـی کـردی کە هەزار کەس لە کەرکووك هەیە، وەڵا پێم خۆشە سـەرچاوەکانی زانیـارەکە لەگەڵ ئـێمە هـاوبەش بکـات، بـۆ ئەوەی بەدواداچـوون بکەیـن هەم ئەو چەکـدارانە وهەم ئەو خەڵکەی کە هەیە و کـێ هێـزی هەیە لە کەرکـووك هـی وڵاتـان بێـت و چەکـدار کرابێـت بـابەتێکی گـرنگە حەز دەکەم هاوکاریمان بکەن لەو رووەوە، زۆرسوپاستان دەکەم بمانبوورن ئەگەردرێژمان کردبێت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ نوقتەی نیزامی، بەڵێ زۆر سوپاس جەنابی وەزیر

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

روونکـردنەوەیەکە لەبەر ئەوەی جەنـابی وەزیـری نـاوەخۆ ووتـی بەڵگەتـان نیـیە لەسـەر ئەوەی دەستگیرکراوانی شێلادزێ لەسـەر خۆپیشـاندانەکان، بەڵـێ پێـنج سـەد کەس دەسـتگیر کـران و زۆربەیان ئازادکران هەیە لە سەر پۆستێك دەستگیرکراوە، ئـێمە لەگەڵ کەس و کاریـان قسـەمان کـردووە و ووتویـانە ئەمـانە لە زینـدانن و یەعنـی بەڵە لەمە زیـاتر کە قسـەمان لەگەڵ کەس و کاریان کردووە وە بە فەرمانی دادگاش دەستگیرکراون....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ جەنابی وەزیـر لێـرەیە رۆژێـك دەتـوانی بچـی بـۆ لای جەنـابی وەزیـر و ئەو شـتانەی هەتە بیخەیتە روو، هەر شتێکتان هەیە کە دەیسەلمێنێت کە خەلکانێـك هەن لە زینـدانەکانن بەڕێـزان ئەندامانی پەرلەمان ناوەکانتان هەیە دەتوانن لە گەڵ بەڕێز وەزیری ناوەخۆ هاوبەشـی بـکەن وە بەدواداچـوونی بـۆ بـکەن، ئـێمە ئێسـتا لە کەیسـێکی دیـاریکراودابن، بەڕێـز وەزیـری نـاوەخۆ دەمانەوێت بەڵێنێك لە بەڕێزتان وەربگرین بـۆ ئەوەی ئەو پرسـیارانەی کە ئەنـدامانی پەرلەمـان هەیانە سەردانی جەنابتان بکەن یا بە نووسراو بۆ جەنابتـانی دەنێـرن وە جەنابتـان بە نووسـراو وەڵام بدەنەوە.

**بەڕێز ڕێبەر احمد خالد/ وەزیری ناوەخۆ:**

بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان ئـێمە لە خـزمەت دایـن بـۆ ئەوەی هەر پرسـیارێکتان هەیە بـۆ ئـێمەی بنێرن وە ئێمەش وەڵامتان دەدەینەوە، هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێـز وەکـو لیـژنە دەتانەوێـت بـێن وەکو تاك دەتانەوێت بێن دەرگای وەزارەت کراوییە بەخێر بێن سەرچاو.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان شنۆ خان و مەلا ئێحسان دێن بۆ سەردانی بەڕێزتان پێکەوە دێن، لەبەر ئەوەی کاری پەرلەمانی پێکەوەییە پێکەوە دەڕۆن بۆ سەردانی بەڕێز وەزیری ناوەخۆ.

**بەڕێز احسان محمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ قسەم نەکردووە حەز دەکەم دوو قسە بکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر دەرفەتی ڕوونکردنەوە بدەین لە دەستمان دەردەچێت.

**بەڕێز احسان محمد سليم:**

قسەیەکی کورتە، چونکە من لە ناو جەرگەی ئەو موزاهەرەیە دا بووم، من ب ناڤێ پەرلەمانێ کوردستانێ مە چوار پێنج پەرلەمانتار من و کاك موحسن و هلز خان ئێمە حازر بوین لە ناو خەڵکێ شێلادزێ، مە داخازا خەڵکێ شێلادزێ وەرگرت ب ئەمانەت بینینە پەرلەمانێ کوردستانێ، بەلێ هندەك کەس هاتبوون خۆپیشاندەرێت شێلادزێ نەبوون شێلادزێ ڤیا ب سلمی پەیاما خۆ بگەهینن بەلێ هندەك کەسێن دی هاتن سەر میتا تورکا دا گرت وەختێ چوونە سەر میتا تورکا تنێ ئەز وەکی پەرلەمانتار مابوومە د ناڤ خەڵکی دا مە ئەڤ خەلکە زڤڕاندەڤە بۆ زانینا جەنابێ تە پەکەکە بخۆ حازر ببوو ل سەر میتا تورکا ئەگەر ببێژن پەکەکە شۆڕەشگێڕە وەرە حەتا نوکە عەمرێ من بوونە چل و سێ ساڵ ئەز نەشیام گوندێ خۆ ببینم پەکەکە ناهێلیت بچمە سەرگوندێ خۆ یەعنی نەحەتا ڤێ دەرەجێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاسی بەڕێزتان دەکەم، لە سەر مەسەلەی گیراوانی شێلادزێ دەتوانن سەردانی بەڕێز وەزیری ناوەخۆ بکەن وە بەدواداچوونی بۆ بکەن دۆسیەیەکی هەستیاری گرنگە، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سەبارەت بەم تەوەرە بەڕێزان لیژنە تایبەتمەندەکان کە هەر سێ لیژنە لێرە ئامادەییان هەیە ڕاپاندەسپێرین بە دەوڵەمەندکردنی ڕاپۆرتەکەیان بە سەرنج و تێبینییەکانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و وەڵامەکانی وەزیرە بەڕێزەکان، بۆ ئەوەی ئاراستەی لایەنەکانی پەیوەندی دار بکرێت، ئەو بابەتە کۆتایی هات دەچینە سەر تەوەرێکی دیکە بەڕێز وەزیری پێشمەرگە ئیزن هەیە بۆ ئەوەی جەنابتان بڕۆن لەبەر ئەوەی ئەو دۆسیە یا ئەو تەوەرە پەیوەندی بە ئێوە وە نییە، ڕێستێك هەتا سەعات نۆ وەردەگرین سەعات نۆ دەست پێدەکەینەوە تایبەت بە تەوەری (کۆڤید ١٩) وە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان سبەینێ سەعات دە سەبارەت بە دۆسیەی مووچە و قەیرانی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان کۆبوونەوە دەکەین.

# دوای پشوو

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان، خاڵی سێهەم لە بڕگەی سێهەم خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی سەبارەت بە پەتای کۆڕۆنا (کۆڤید ١٩) بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری تەندروستی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەخش دەست پێ دەکەینەوە، پەخشی ڕاگەیاندن، پەخشەکەمان دەست پێ دەکاتەوە، داوا لە بەڕێزان سەرۆکایەتی لیژنەی تەندروستی و سەرۆکایەتی لیژنەی ناوخۆ فەرموون، د.شایان فەرموون، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تەندروستی، فەرموون ڕاپۆرتی لیژنەکەتان بخوێننەوە.
**بەڕێز د.صباح محمود محمد/ سەرۆکی لیژنەی تەندروستی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لەم ماوەیەدا هەرێمی کوردستان و جیهان ڕووبەڕووی فایرۆسێك بۆتەوە بە ناوی کۆڕۆنا (کۆڤید-١٩) کە زیانێکی ئابووری و تەندروستی بە هەرێمی کوردستان گەیاندووە، لەم بارودۆخەدا بۆ پاراستنی زیاتری هاووڵاتیان و بەرزکردنەوەی ڕێژەی هۆشیاریان بە پێویستمان زانی کە بەڕێز وەزیری تەندروستی بانگهێشتی دانیشتنی پەرلەمان بکەین، ئەو تۆمارە دەنگیانەی کە پێویستە بەڕێز وەزیری تەندروستی ڕوون بکاتەوە بۆ لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە و مافی بەکاربەر بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان:
١-ئامادەکارییەکانی حکومەت لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەی پەتای فایرۆسی (کۆڤید-١٩) چ کراوە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی تاوەکو ئێستا؟
٢-پلانەکانی وەزارەتی تەندروستی چۆن بەڕێوەچووە؟ سەدا چەندی پلانەکانی پێکاوە بۆ خزمەتی هاووڵاتیان و نەخۆشان؟
٣-ئەو هاوکاریانەی کە وەرگیراوە چۆن دابەش کراوە بۆ پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکانی شارەکانی هەرێم؟ بۆچی هەندێك چارێزگا گلەییان هەیە؟
٤-ڕۆڵی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) و وەزارەتی تەندروستی عیراق چ بووە؟ هاوکاریەکان گەیشتووە بە وەزارەتی تەندروستی چۆن دابەش کراوە؟
٥-هۆکاری نەبوونی پەرستار و پزیشکی پسپۆڕ لە نەخۆشخانەکان کە ئەوە گلەیی هاووڵاتیانە و لە چاودێری چڕ پەرستاری کارامە و شارەزای لێ نییە و ڕێژەی نەخۆشەکانی زۆرن بەڵام کەمی ڕێژەی هێزکاری تەندروستی لە نەخۆشخانەکان ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە گرێبەستەکان بکرێتە هەمیشەیی و خۆبەخشەکان بکەینە گرێبەست؟ ئایا ساڵانە پلانتان چیە بۆ بەرەو پێش بردنی ئاستی زانستی پەرستارەکان بە تایبەت ئێستا کە کاتی بڵاوبوونەوەی فایرۆسی کۆڕۆنایە؟
٦-ئایا چ ئامادەکارییەك کراوە بۆ هێنانی ڤاکسین؟ و لە کاتی گەیشتنی ڤاکسین چ چینێك سوودمەند دەبێ لەو ڤاکسینە؟ ئەولەویەت بدرێ بە تیمە تەندروستیەکان و ئەوانەی تەندروستیان باش نیە و نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە.

٧-هۆكاری كەمی ڕێژەی پشكنینەكان لە تاقیگەكان و هەروەها مانەوەی پشكنین بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك وەرنەگرتنەوەی ئەنجام هەموو پرس و گلەیی و پێویستیان بە ڕوونكردنەوە هەیە.
٨-نەبوونی متمانە لە نێوان هاووڵاتیان و ئەنجامی پشكنینی تاقیگەكان و بەكارهێنانی پۆلین تێست بۆ پشكنینی سامپڵەكان پێویستی بە ڕوونكردنەوە هەیە.
لەگەڵ ڕێزمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز لیژنەی تەندروستی، بەڕێز وەزیری تەندروستی (presentation)ێكی هەیە، بەڕێزیان دەیخاتەڕوو، دوای ئەوە دەرفەت دەدەین بە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ڕاپۆرتەكە و لەسەر (presentation)ی بەڕێز وەزیری تەندروستی ئەگەر قسەیەكیان هەبێ، فەرموون بەڕێزتان.

**بەڕێز د.سامان بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

**بەڕێز جەنابی سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.**

**بەڕێزان جێگرو سكرتێری پەرلەمانی كوردستان.**

**پەرلەمانتارانی بەڕێز و ئامادەبووان ئێوارەتان باش.**

بە حوكمی بابەتەكە بابەتێكی گەورەیە و وردەكاری زۆری تێدایە، بۆیە ئەو ڕاپۆرتەی لەلایەن هەندێك لە بەڕێزان لە لیژنەی تەندروستی لە سەرۆكایەتی پەرلەمان لەبەر دەستتانە ڕاپۆرتێكی دوور و درێژە و هەوڵ دەدەم بە كورتی بابەتە گرنگ و بابەتەكانی كە پێداویستی پرسیارەكانی بەڕێزتانە بخەینەڕوو، بۆیە هەندێك بەخێرا ڕاپۆرتەكە بڕۆینم بۆ ئەوەی دەرفەت هەبێ بۆ پرسیار و وەڵامدانەوە، بەڕێزان نەخۆشی ڤایرۆسی كۆرۆنا هەموو لایەك دەزانن كە جۆرێكی نوێی كۆرۆنایە، كۆرۆنا ساڵانی ڕابردوو جۆركانی تری هەبووە، بەڵام جۆرێكی نوێ كە لە كۆتایی مانگی (١٢)ی ساڵی پار لە وڵاتی صین دەرچوو، دواتریش بە چەند شێوازێك ناوەكەی گۆڕا بە فەرمی لە كۆتاییدا ناویان نا (كۆڤید-١٩)، ئەم ڤایرۆسە لەگەڵ سەرهەڵدانی لە وواڵتی چین لە حكومەتی هەرێمی كوردستان وەزارەتی تەندروستی ترس و نیگەرانی ئەوەمان هەبوو كە ئەم ڤایرۆسە دەبێتە هۆكاری بڵاوبوونەوە و دروستبوونی وەبائێك بە بنەمای ئەوەی كە ئێمە هەموو ساڵێك ڤایرۆسەكانی وەرزی با بڵێین ئەنفلوەنزای وەرزی ساڵانە كاری پێویستی بۆ ئەنجام دەدرا، ساڵی پاریش ئێمە بەردەوام بووین مانگی (١١) و (١٢) و سەرەتای مانگی (١)یش لە ساڵی پار بەردەوام بووین لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسێكی تری كوشندەی ئەنفلوەنزای وەرزی كە (H1N1)بوو پێشتر قەدیم ناوی ئەنفلوەنزای بەراز بوو، ئەویش ترسناكی بڵاوبوونەوەی وەبائێك هەبوو، بەڵام دواتر ئەم ڤایرۆسە لە (١/٢٣) یەكەمین كۆبوونەوە و دەست پێكردن بە ئامادەكاری لە هەرێمی كوردستان لە وەزارەتی تەندروستی دەستمان پێكرد، ئەم ڤایرۆسە لەگەڵ دەست پێكردن لە (٢٠٢٠/١/٢٤) بڵاوكراوە بەیاننامەی وەزارەتی تەدروستی بڵاكرایەوە بۆ ئەوەی وردە وردە لە دروستكردنی لایەنی كارگێڕییەكەی بۆ لیژنەكان و، هەروەها بۆ بڵاوكردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و پەیامەكان و ناساندنی بە هاووڵاتیان لە كاتی خۆیدا بابەتێكی گرنگ بوو، ئەوەی دەیبینن كە لە (٣١)ی دیسەمبەر ساڵی ڕابردوو مانگی (١٢) بە گوێرەی قۆناغەكان لە وڵاتی چین وەكو گوتمان دەستی كرد بە هەوكردنێكی توندی بەشی سەرەوەی كۆئەندامی هەناسەدان و

ئەویش سەرچاوەکەیان دۆزییەوە لە (١/٧) لە یەکەمین حەفتە کە سەرچاوەکەی بازاڕێکی ئاژەڵ بوو، دواتر لە چەند ڕۆژێك پاشتر ڤایرۆسەکەیان دۆزییەوە ئەو کاتە ناوی بووە (NCOV ٢٠١٩) و چین یەکەم حاڵەتی مردنی لە (١٣)ی مانگی (١) ئیعلان کرد، کاتێك ئێمە لە وەزارەتی تەندروستی دەستمان پێکرد تەنها (١٧) حالەت هەبوو لە بڵاوکراوەی وەزارەتی تەندروستی لەسەر دام و دەزگاکان و سەر پەیجەکان لە (١/٤)ی ئەمساڵ تەنها (١٧) مردن لە صین هەبوو (٥٥٧) حالەتی تووشبووش هەبوو لە وڵاتی چین، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی یەکەم حالەتی تووشبووی ڕاگەیاند لە (٣٠)ی مانگ لە کۆتایی مانگی (١)ی ئەمساڵ، دواتر مانگی (٢) شاری ووهان خرایە ناو ئەو ئیجرائاتانەی کە بە داخستن و کەرەنتین کردن، دواتر تووشبووان زیادی کرد لەگەڵ ئەوەش کە حاڵەتی مردنیش زیادی کرد، لە (١١)ی مانگی (٢) ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ناوەکەی بەڕەسمی لێنا (کۆڤید-١٩) دواتر گەیشتە وڵاتانی تر، لە هەرێمی کوردستان یەکەم حالەت لە (٣/١)ی ئەمساڵ بوو، کە خێزانەکی گەڕاوەبوون لە وڵاتی ئێران، هەرچەندە ئێمە پێش گەڕانەوەی وڵاتی ئێرانیش ئەو هاووڵاتیانەی کە هەرچەندە ژمارەکەیان و سنووردار و زۆر کەم بوون دەگەڕانەوە لە وڵاتی چین کەرەنتین دەکران و دەمانەوە لە شوێنێکی تایبەت و لەلایەن تیمەکانەوە چاودێری تەندروستی دەکران، زۆربەی نیشانەکانی بە هەوکردنێکی ئاسایی بەشی سەرەوەی کۆئەندامی هەناسەدان لەگەڵ جیاوازکاری کە لەڕووی کلینیکییەوە کۆمەڵێك جیاکاری هەیە کە ئەویش بریتی یە لە زیاتر هەست کردن بە بێهێزی و لاوازی لە ڕووی هێزی ماسولکەکانەوە، بنەڕەت ڤایرۆسەکە گوازرایەوە دەرچوو لە مرۆڤ بۆ مرۆڤ گوازرایەوە، ئەو کاتی ترسناکی بڵاوبوونەوەکە دەستی پێکرد، لە کاتی ئێستادا لە جیهان دا دەبینن کە زیاتر لە (١٥) ملیۆن و نیو کە بۆ (١٦) ملیۆنیش دەچێت ڕەنگە ئەم شەو تێپەڕێنێت کە لە جیهان دا تووشبوو هەیە، کە ڕێژەی مردن لە (٤.١%) ڕەنگە بەر لەمانگێك پێش ئێستا (٥.٨%)بوو، بەڵام وردە وردە ئێستا لە جیهاندا زیاتر تەرکیز لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی مردنە، بۆیە ڕێژەی مردن لەسەر ئاستی جیهان کەم بۆتەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست(٢.٥%) بەمەش ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ کۆرۆنا لە کاتی ئێستادا بەم شێوەیەیە کە دەیبینن لە وڵاتانی دەروروبەرمان لە وڵاتەکانی ناوچەکە، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە موقارەنە بکەین لە عیراق دا لە (٤%)ە بە هۆی ئەوەی کە عیراق (٤.٨)بوو، بەڵام ئەم ڕێژەیە کەم بۆتەوە، ڕێژەی مردن، بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆرتر لە تووشبووان تۆمار دەکرێت، لە هەرێمی کوردستان دا لە (٣.٩%) بە گوێرەی ژمارەی ئەمرۆکە، چونکە ئەم ڕێژەیەش ڕۆژانە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەهۆی ئەوەی ئەگەر بێت و تووشبوون زۆر بێت و لە شیکاریە پەتازانییەکە تووشبوون زۆر بێت ڕێژەی مردنەکە کەمتر دەبێت، بەڵام ئەگەر تووشبوون کەم بوو ژمارەکە ڕێژەی مردنەکە هەبوو ئەوە بە دڵنیاییەوە لە ڕووی ریازیاتییەوە زیاتر دەردەچێت، تا ئێستا لە نێوان (٣.٤) تا (٣.٩) کە بەرزترینە ئەم ژمارەیە دەگۆڕێ، بۆیە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەڵسەنگاندنەکان بە جۆرەی هەفتە دەیکات، حەفتانە حەفتەی یەکەم، دووەم، حەفتەی تەقیمی وەزعەکە، ئەوەی دەیبینن قۆناغەکان ئێمە بە دوو قۆناغی یان بڵێین بە دوو هەڵکشان دا چووینە لە هەمان شەپۆلی تووشبوونەکە، ئەوە هەر شەپۆلی دووەمە ئێستا، بەڵام قۆناغی یەکەم لە سەرەتای مانگی بەهاری ئەمساڵ لە مانگی (٣) بوو کە بەڕێزتان هەمووتان بینیتان کە لە هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەو پرسیارەی لیژنەی

تەندروستیش دەداتەوە کە تا چەند ڕێژە بە ڕێژەی (١٠٠%) سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا لە ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی تەشەنە کردن، بەڵام بەداخەوە لە دوای جەژنی ڕەمەزانەوە جارێکی تر کەوتینە قۆناغێکی تری قۆناغی ترسناك کە بە قۆناغی دووەم ناوی دەبەین، یان بە هەڵکشانی دووەم کە پیکێکی تر، بەڵام بەداخەوە زۆر بەڕێژەی (٩٦%) بە موقارەنە لەگەڵ جاری یەکەم زیادی کرد، ئەم پیکەی ئەو جارە ڕێژەی مردنی تێدابوو، بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنێکی زۆری تێدابوو، تا (٢٠٢٠/٥/١٣) حاڵەتەکان (٣٩١) حاڵەت بوو، ئەو کات بوو کە تەنها پێنج گیان لە دەستدان هەبوو لە هەرێمی کوردستان و تەنها سێ نەخۆش لە نەخۆشخانەکان دا مابووەوە، بەڵام بەداخەوە دواتر وەکو باسمان کرد لەدوای جەژنی ڕەمەزانەوە تەقریبەن جارێکی تر هەڵکشانێکی خێرا بە سورعەتێکی خێرایی، ئەو کاتی لە هەڵکشانی یەکەم ستاندەردێك هەیە هەر کەسێك چەند کەس لە بەرامبەری تووش دەکات ڕێژەی تووشبوون بۆ هەر کەسێك (٠.٦) کەسی تووش دەکرد، یان (٠.٧) واتا کەمتر لە ڕێژەیەك ئەوە پێناسە دەکرێت بە تەواوی کۆنترۆڵکردنی ئەم حاڵەتە، بەڵام لە کاتی ئێستادا هەر کەسێك (١.٨) (١.٧) کەس تووش دەکات، واتا کەسێکی تر زیاتر کە ئەوە دەلالەت لە ئەوە دەکات کە ئەم نەخۆشییە لە تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوە و ترسناکی زیاترە، بۆیە هەوڵی هەموو دام و دەزگاکانی تەندروستی هەموو وڵاتانیش لە جیهان دا کە ئەو خێراییەی بڵاوبوونەوە کەم بکاتەوە و لەگەڵ ئەوەش چەماوەی تووشبوونەکە پیکەکە زۆر بە خێرا نەڕوات و بە هێواشی بڕوا، چونکە هیچ وڵاتێك ناتوانێ دەستبەجێ لە ماوەیەکی کورت و سنووردار ئەم ڕێژەیە بکاتە صفر، بەڵام ئەگەر بەهێواشی بڵاوببێتەوە ئەوا بە دڵنیاییەوە ڕێژەی مردن کەم دەبێتەوە و کۆنترۆڵ کردن ئاسان دەبێ بە نەتیجەش سیستەمی تەندروستی و دام و دەزگاکانی تەندروستی پێڕادەگا خزمەتگوزارییەکی باشتر پێشکەش بکەن، لە قۆناغی دووەم ئەوەی باسمان کرد بەتایبەتی لەو ماوەی ڕێژەکەی لە (٩٦%) هەفتەی ڕابردوو، بەڵام بەداخەوە تا دوێنێکە (٤٧٤) حاڵەتی مردن هەبوو کە ئەمڕۆش پێنج حاڵەتی نوێ تۆمار کرا لە (٢٤) کاتژمێری ڕابردوو، بۆیە (٤٧٩) حاڵەتی مردن لە هەرێمی کوردستان دا تۆمار کراوە، زۆربەی حاڵەتەکان جیاوازییەکی تر لەگەڵ قۆناغی یەکەم ئەوەیە کە نیشانەکانیان هەیە، زیاتر لە (٦٠%)ی حاڵەتەکان نیشانەکان هەبوون لە کاتێکدا تەنها (١٥%)ی حاڵەتەکان لە قۆناغی یەکەم دا نیشانەی هەبوو، بۆیە ئەو کاتیش ئەوە هۆکارێك بوو کە هاووڵاتی متمانەی لاواز ببوو دەیگوت بۆچی نیشانەی نییە؟ بۆچی مردن نییە؟ ئەوا هۆکارێك بوو لە هۆکارەکانی نەمانی متمانە و بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە، حاڵەتەکانیش بە شێوەیەکی توندتریشن، بڵاوبوونەوەی خێراتری ڤایرۆسەکە وەکو باسمان کرد لە هەر کەسێك بۆ (١.٧)، خراپی باری گوزەرانی خەڵك هۆکارێك بوو بۆ هەڵکشانی دووەم، هەروەها ڕۆڵێکی نابەرپرسانەی هەندێك لە دام و دەزگا و یان سۆشیال میدیا کە سیقەی لە ناو هاووڵاتی کەم کردەوە، هاوکات بوو لەگەڵ کردنەوەی شوێن و ئاسایی کردنەوەی ژیان، سەبارەت بەڕێژەی مردن وەکو باسمان کرد ئەگەر بەراورد بکەین بە کەمتر لە (١%) بوو لە ماوەی ڕابردوو، بەڵام دواتر ڕێژەکەش ڕێژەی مردن بەرزبووەوە، لە ڕووی جوگرافییەوە زیاتر لە شوێنە سنوورییەکان بەتایبەتی لە قەزای پێنجوێن و مەرزی باشماخ هەڵکشانەکە لەوێ دەستی پێکرد لە قۆناغی دووەم دا، دەرکەوتنێکی حاڵەتەکانی زیاتر لە وڵاتی عیراقیش دا کە دیسان لەگەڵ ئاسایی بوونەوە و هاتنی جموجۆڵی

هـاووڵاتی ئەوەش هۆکارێـك بـووە بەتـایبەتی دەتـوانین بڵێـین ئەو حاڵەتـانەی بەرکەوتـن و تووشـبوون بـوون لە پارێزگـایەکی وەکـو دهـۆك کە جموجـۆڵ لەگەڵ پارێزگاکـانی تـردا، و لە گەرمیـان بەهەمـان شـێوە، لە دەڤەری گەرمیـان زۆرتـرین جموجـۆڵێ هاووڵاتیـان لە نێـوان پارێزگاکانی عیراق و هەرێمی کوردستان دا هەبووە، ئەوەی دەبیینن ئەوە بەراووردێکی شیکاری یە لە نێوان ئەو ڕێژانەی باسم کرد هەم تووشبوون، هەم ڕێژەی نیشانەکان و ڕێـژەی مـردنیش لە نێوان قۆناغەکانی بەگشتی دواتر قۆناغی یەکەم و قۆناغی دووەم، ئەوەش هەر بە هەمان شێوە شـیکارییەکە کە دەبیینـن لە قۆنـاغی یەکەم و دووەم بە بەراورد ئەوەی ناوەڕاسـت دەبیـنن کە چەنـد ڕێـژەکە زۆر کەمە هەم تووشـبوون، هەم مـردن لە ناوەڕاسـت دا ببیـنن، بەڵام ئەوانیـدیکە یەکیان بە کۆی گشـتی یە هەروەهـا یەکیکیشـیان لە قۆنـاغی دووەمـدایە، تووشـبوو بە گـوێرەی پارێزگا زۆرترین لە (٦٥%) لە پارێزگاری سلێمانی یە و لە (٢٨%) لە هەولێر بە دووەمین شـوێن و هەروەهـا لە دهـۆك لە (٣%)یە و لە (٤%)یـش لە پارێزگـای هەڵەبـجە، لە سـلێمانی وەکـو دەڵـێ (including) دەڤەری گەرمیـان و هەروەهـا دەڤەری ڕاپەرینـیش دەگـرێتەوە بە قەزای ڕانـیە و قەڵادزێ و هەروەهـا قەزای کفـری و کەلاریـش، ژمـارەی ڕێـژەی نەخـۆش و مـردن ئەوەی کە دەبیینین (٣.٩%)یە باسمان کرد و تووشبووەکان کە دەبیینن چاکبوو تـا ئێسـتا زیـاترە لە ڕێـژەی مانەوە لە نەخۆشخانەکان ئەوەش ئامارەکانی ئەو چەماوەیە کە باسمان کرد بە شـێوازی ڕۆژانە، هەروەها بەو شێوازەش کە دەبیینن بە شێوازی حەفتانەیە، چەماوەکە تـا ئێسـتا تـا ڕاددەیەك لە چەند ڕۆژێکی ڕابردوودا هەست بەوە دەکەین کە چەماوەکە لە پیکەك یان لە لوتکەیەکـدا بەرەو ئاراستەیەکی سەقامگیر دەڕوا، واتا نە زیاتر بووە و نە هێشتا بەو خێرایی یە نەهاتۆتە خـوارەوە کە ئەوە دەتوانم بڵێم ئومێدێك دەبەخشێ بەوەی کە ئەم پیکە جارێکی تـر زیـاتر بەرز نەبێـتەوە، ئەگەر بێت و هەموو لایەکمـان زیـاتر هاوکـار و پاڵپشـتی ئەو ڕووبەڕوبـوونەوە بـین، بە گـوێرەی ڕۆژەکانە وەکو باسمان کـرد بەگـوێرەی ڕۆژ و پارێزگاکـان ئەو چەمـاوەیە و حاڵەتەکـانی هەیە لە هەرێمی کوردستان دا ئەوەی دەبیینن بۆ هەر سەد هەزار کەسێك ستاندەردێك هەیە چەند کەس تووش دەبێت، ئەوەی دەبیینن کە بە شێوەیەکی گشـتی تـا ئێسـتا (١٢٤٥٠) دوازدە هەزار و چـوار سـەد و پەنجـا تووشـبوو هەیە، تووشـبوو هەبـووە، بە گـوێرەی پارێزگاکـانە لە دوای (٧/٢٦) یـان بڵێین تا ئەمـڕۆکە کـۆی گشـتی تووشـبووان تـا (٧/٢٦) هەروەهـا بـۆ هەر حاڵەتێـك سـێ کەس لە هەرێمـی کوردسـتان لە سـەد هەزار تـووش دەبێـت، ئەوە بە گـوێرەی ئەو داتـا و زانیـارییەیە کە تێست دەکرێت و تۆمار دەکرێت، ئەوە جگە لەوەی هاووڵاتی هەیە، ڕێژەیەکیش هەیە کە ڕێـژەی بزری کۆڕۆنـای پـێ دەڵـێن لە ئاسـتی جیهـان دا (hidden case)ی پـێ دەڵـێن، ئەو (hidden case) ئەوانەن کە ناچنە نەخۆشخانە و تێست ناکەن هەر خۆشی نایزانێت کە هەڵگری ئەو ڤایرۆسـەیە و ترسـناکی لێـرەدا لەو کەسـانەیە کە نـازانێ هەڵگـری ڤایرۆسـەکەیە و دەبێـتە سـەرچاوەی بڵاوبوونەوەش، بەگوێرەی چاك بوونەکان ئەوەی دەبیینن ڕێژەی چاکبوون و مردن و مانەوەی لە نەخۆشخانە، ڕێژەی تووشبووان زیاترینی لە نێوان تووشبوون لە نێـوان گەنجەکـانی نێـوان (٣٠) ساڵی تا (٣٩) ساڵی یە زۆرترینی، خۆشبەختانە لە ناو پیر و پەککەوتەکان لە هەرێمی کوردسـتان کە نیشاندەرێکی باشە بۆیە ڕێـژەی مـردنیش تـا ئێسـتا بەو ڕێـژە زۆرە نـیە وەکـو ئەو وڵاتـانە کە کەمترین ڕێژە لە نێوان تەمەنی زیاتر لە حەفتا سـاڵی یە، کە ئەوانە ترسـناکی مردنیـان زیـاتر لـێ

دەکەوێتەوە، لە کاتی ئێستادا (٦٢%)یان لە ئافرەت و رگەزی مێیە و لە (٣٨%)یان لە ڕەگەزی پیاوە، هەرچەندە لە قۆناغی یەکەم (بالعكس) بوو بە تۆزێك جیاوازی لە ڕێژەی پیاو زیاتر بووئەوە بە گوێرەی ڕێژەی مردنە بەڕێزان لە وڵاتانی دەوروبەرمان لە (١،٤) وەکو باسمان کرد لە جیهان دا بەڵام لە وڵاتێکی وەکو تورکیا (٢.٥)، لە ئێران (٥.٤)، لە هەرێمی کوردستان (٣.٩)یە بەڵام بەڕێزان من دەمەوێ ئەوە لێرە بڵێم کە تۆمارکردن و ئەنجامدانی زیاترین تێست ڕەنگە لە هەندێك وڵاتدا زۆرترین بێ بۆیە ڕێژەکەیان وەکو وڵاتی تورکیا کەمتر دەردەچێت چونکە ئەوە بە بەراوردە بە موعادەلەیەکی بواری (epidemiology) پەتازانین، بەڵام ئەوەی لە (٣.٩%) لەنێو ئەو کەسانەیە کە تووشبوون تۆمارکراوە بە تاقیگە و بە تێستی (کۆڤید ١٩) واتا ئەگەر بەراورد بکرێ بەوانەی کە تێستیان نەکردووە و تووشبوون لە هەرێمی کوردستان دا نەهاتوونەتە دام و دەزگا تەندروستییەکان، ئەوا بە دڵنیاییەوە (٣.٩%) ڕێژەکە کەمتریش دەبێتەوە، ئەوەی تەمەنەکان وەکو باسمان کرد لە (٢٧%) زۆرترینی لە تەمەنی شەست ساڵی بەسەرەوە بووە، بەڵام گەنج و تەمەنەکانی تریش بێ بەش نەبوونە لە گیان لە دەستدان، حاڵەتەکان بەگوێرەی قۆناغی یەکەم و دووەم لە هەرێمی کوردستان دەبینن (٣%)ی حاڵەتەکانی ئێستا لە قۆناغی یەکەم بووە بەڵام (٩٧%)ی لە قۆناغی ئێستادایە، شیکاریەکان پشکنینی ئەنجامدراو زیاتر لە سەد و نەوەد هەزار کە نزیك دەبینەوە لە دوو سەد هەزار تێستی ئەنجامدراو، ئەوە بارگرانیەکی قورس بوو، بەڕاستی هەم لە ڕووی شارەزایی و خیبرە، هەم لە لەڕووی ئامادەکاری و پێداویستیەکان بەڕێزان ئەوە بە ئامێرێکی تایبەت (PCR)ی پێ دەڵێن، ئەم (PCR) نوێ نەبوو بۆ بەکارهێنانی کۆڤید (١٩) بەڵکە هەموو نەخۆشیەکانی ڤایرۆسەکان بەتایبەتی ڤایرۆسەکانی هەوکردنی جگەر (إلتهاب كبد ڤيروسى) و ڤایرۆسی (HIV) و (AIDS) و ئەوانە بەڕێگاکانی تری (ELISA) و ڕێگەی تر دەستنیشان دەکرێ، بەڵام کاتێك پۆزەتیف دەردەچێ (PCR) تەنها بۆ (confirmation) وەکو سەرچاوە (reference) بەکار دەهات، لە هەر شارێك تەنها یەك قل هەبوو لە هەولێر، لە دهۆك، لە سلێمانی، سێ جیهاز لە هەرێمی کوردستان تەنها (reference) لە موختەبەری صحە عامە بۆ ئەو کەسانەی کە هەڵگری ئەو نەخۆشیە گوازراوەن، بۆ تەئکید کردنەوە لە کەرتی تایبەتیش (HIV) هەبێ تۆمار دەکرا لە بەشی ویقایە لە دائیرە صحەکان بە (PCR) تەئکید دەکرا، بەڵام لەکاتی ئێستادا کۆڤید (١٩) هەر هەمووی بە ئامێری (PCR) دەکرێ لە کاتی ئێستادا نزیکەی (١٥) ئامێر لە هەرێمی کوردستان لە (١٥) شوێنی جیاواز ئەم تێستە ئەنجام دەدات، پێش ئەوە گرفتەکان چییە بەڕێزان؟ یان دەتوانم هەندێك لەو کێشانە هۆکاری بڵاوبوونەوە و تەشەنەکردنی ئەو نەخۆشیە بوو، زۆری جموجوڵی هاووڵاتی تا ئێستا پابەندنەبوونی هاووڵاتی لەسەر ئاستی تاکە کەسی، ئەوەش موتلەق نییە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی و بەشێوەیەکی زۆرینە بەڕێنمایی بەتایبەتی لە شوێنە گشتییەکان فەرمانەگەکانی حکومی و لە هاتووچۆی نێوان پارێزگاکان، خراپی ڕەوشی ئابووری لە هەموو ئەو وڵاتانەی ڕەوشی ئابووری خراپ بێت بە دڵنیایی لە ڕەوشێکی ئاساییش نەك لە کۆڕۆنا، ئەگەر وەزعێکی ئیعتیادیش بێ هەر وڵاتێك ڕەوشی ئابووری خراپ بێت نەخۆشیە گوازراوەکان تێیدا زۆر دەبێت، بەڵام لە وڵاتانی پێشکەوتوو یان ئەو وڵاتانەی کە سەقامگیری ئابووری هەیە تەقریبەن هەندێك نەخۆشی گوازتراوە هەیە هەر نەمایە ئەوان کێشەی نەخۆشی نەك گوازراوەکان

درێژخایەنەکانیـان هەیە وەکـو زەغـت و کلیە و نەخۆشـیەکانی دڵ و ئەوانەیـان هەیە، بەڵام لە ڕەوشــی ئــابووری بەداخەوە لە هەرێمــی کوردســتان ڕێگــر بــووە لە ئــێمە بــۆ کۆمەڵێــك لە ئیجرائاتەکان و بەردەوام بوون، بۆیە دەوری هەبوو، ڕۆڵی میدیا و گەیاندنی پەیامەکان ڕۆڵێکی لاواز بـووە بەداخەوە و کۆمەڵێـك ناونیشـانی تـایبەتی هەیە لە عینـایە مـورەکەزە ژمارەیـان زۆر سنووردارە، هەم پزیشك هەم کارمەندانی تەندروسـتی، بـواری سـڕکردن بەتـایبەتی لە چـاودێری چڕی هەناسەدان، ترس و دڵەڕاوکێ لە ناو ستافی پزیشکی کە نزیکەی زیاتر لە سێ سەد و پەنجا کارمەندی تەندروستی و پزیشك و فەرمانبەرانی کەرتی تەندروستی حکومی تـا ئێستا تووشـی ئەو نەخۆشیە بووە و بەداخەوەش پێنج قوربانی گیان لە دەستدانیش هەبووە بە کۆڕۆنـا لە نـاو میلاکی وەزارەتی تەندروستی، هەروەها ژمارەیەکی زۆر نەخۆش خۆیان دەشارنەوە یـان شـەرم دەکەن بێن تێست بکەن، خۆیان دەشارنەوە بەهۆی ئەوەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دادەبـڕێن و لەکەرەنتـین و مانەوەیـان لە نەخۆشـخانە ڕەنـگە ئەوەش هۆکـارێکە بـۆ بڵاوبـوونەوە، جێبەجـێ نەکردنی سزای پابەند نەبوون لە هەرێمی کوردستان تا ئێستا هاوشێوەی هەندێك وڵات نیـیە کە ئەوەی ماسك لەبەر نەکات سزای غەرامە بکرێ، جیاوازی لە نێـوان بڕیـار و ڕێکارەکـان بەداخەوە بەهۆی کۆمەڵێك لێکدانەوەی جیـاواز و بیروبۆچـوونی جیـاواز ئاسـانکردن و شـل کـردنەوەی لە شـوێنێك بـۆ شـوێنێکی تـر بە موقـارەنە کە لە دەرەنجـام تەئسـیراتی لەسـەر هەمـوو هەرێمـی کوردسـتان دا دەبێـت، چـین و تـوێژە جیاوازەکـانی کۆمەڵـگا جـگە لە وەزارەتـی تەندروسـتی و هەندبێك وەزارەتی پەیوەندیداری وەکو ناوخۆ و پەروەردە، هەروەها وەزارەتەکانی گواسـتنەوە و گەیاندن و کۆمەڵێك وەزارەتی تر، ئەوقاف، جگە لەو وەزارەتانە بەڵام چین و توێژەکان لەسـەر ئاستی تاك کەس بەداخەوە پەیامێکی توندی بڵاوکردنەوەی ئەو پەیـامە نەبـووە، ڕۆڵێکـی گەورە ببینن لە ناو وەکو دەڵێ (community leader) ئەوانەی قیادەی موجتەمەع دەکەن بتوانن هاوکار و پاڵپشـت بـن بـۆ کەمکـردنەوەی ئەو ترسـناکی یە، ئامـانجی وەزارەتـی تەندروسـتی بـۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی توشبوون و ڕێژەی مردن بووە، پلانی ستراتیجی ئەو هاوکاری و هەمـاهەنگییە بووە و هەروەها ئەنجامدانی زۆرترین پشکنین و گەڕان بەدوای گومان لێکراوان یان نەخۆشـانی هەڵگری ئەم ڤایرۆسە لەگەڵ کـۆکردنەوەی داتـا و زانیـاری و هەروەهـا تیمەکـانی وەڵامـدانەوەی خێرا کە تا ئێستاش لە سەرەتای مانگی (٢) دروست کرا، پێی دەڵێن ئەوانەی تیمی (رصد الوبـاء) دۆزینەوەی حاڵەتەکانن تیمە گەڕۆکەکانن لە هەموو قەزا و ناحیەکان لەسـەر سـنوورەکان تـا نـاو سـەنتەری شـارەکان، هەروەهـا ڕێـگە چارەسـەرکردنی ئەو پەیوەنـدیانەی لە کـاتی مەترسـی و ئەوانەی کە بەشداری پێکـردن بـۆ دوورکەوتـنەوە لە کـاتی یـان لە کەسـانی مەترسـیدار و باشـتر کردنــی توانــای تــاقیگە باســمان کــرد ڕێگەچارەکــانی پێوەرەکــانی تــایبەت بە خۆپاراســتن و تووشبوون، چالاکییەکانی تـایبەت بە دابـڕان مەبەسـت لێـرە کەرەنتینـە، پێداویسـتی تـایبەت بە چارەســەرکردنی حاڵەتەکــانیش، هەروەهــا دڵنیــابوونەوە لە خزمەتگــوزاریی پاڵپشــتی لەڕووی کرداری و لۆجستییەوە ئەوانەی کە خزمەتگوزاری زیـاتری پێویسـتە بـۆ ئەو هەڵـگرانە، هەروەهـا توانای بەڕێوەبردنی پرۆگرامەکـانی فریـاکەوتن، پـلان و ڕێکارەکـانی وەزارەتـی تەندروسـتی بـۆ ڕووبەڕووبـوونەوەی ئەم نەخۆشـیە بەردەوام گۆڕانکـاری لەگەڵ ڕەوشـەکەدا دێـت بەردەوام لە لیـژنەی بـاڵای وەزارەتـی تەندروسـتی، هەروەهـا لە لیـژنەی بـاڵای جێبەجێکـردن لەسـەر ئاسـتی

وەزارەتەکان و لیژنەی باڵا لە هەرێمی کوردستان دا بەگوێرەی ڕەوشەکە و تەقیمی ڕەوشەکە پلان و ڕێکارەکان جیاوازی بەخۆوە دەبینێت بە گوێرەی پێداویستی، هەروەها پلان هەبووە بۆ کاتی هەڵکشانی خێرا، واتا ئەگەر وەبائەکی سەریع ڕوویدات، بڵاوبێتەوە ئەوە چۆن ڕووبەڕوو دەبێتەوە؟ بە چ پلانێک بەردەوامی و توندکردن بەتایبەتی لە بواری قەدەغەی هاتووچۆ؟ تەنانەت گەیشتە ڕاددەی ئەوەی قەدەغەی هاتووچۆی پیادەش بگرێتەوە، هەروەها هەموو کۆمەڵگە وەکو تووشبوو گومانلێکراو لەو حاڵەتە کە کاتێك وەبائەك دەبێ وەکو گومانلێکراو سەیر بکرێ بۆ ئەوەی هەموو ئیجرائەتەکان وەکو دانانی هێڵی گەرم یان ژمارە (١٢٢) لە ماوەی رابردوو ڕۆڵێکی گەورە و باشی بینی بۆ گەیشتن بە نەخۆشەکان و دەستنیشانکردنیان، هەروەها حاڵەتی بێ نیشانە کە لە ئێستادا ئەو بڕیارە دەرچوو، ئەوانەی بێ نیشانەن یان باری سووکە لە ماڵەوە دادەنیشن بۆ ئەوەی کەمترین ترسناکی و بێ متمانەیی لە ناو هاووڵاتیان دا بهێڵیتەوە، حاڵەتەکانی دیکە مام ناوەند و توند دەگەیێنرێتە نەخۆشخانەکان، هەروەها گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویست بۆ نەخۆشە درێژخایەنەکان لە ڕێگەی تیمی پزیشکی کە لەسەرەتای ئەو وەبائەوە کۆمەڵێك تیمی گەڕۆك هەبوولە کاتی قەدەغەی هاتووچۆ، کەمکردنەوەی قەدەغەی هاتووچۆ قۆناغ بە قۆناغ ئەوە وەکو پلان جێبەجێ کراوە، قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵ هەڵگرتنی قەدەغەی هاتووچۆ و هەروەها ئاسایی کردنەوەی ژیان بەتایبەتی فەرمانبەرەکان و کردنەوەی دەوام و شیفتەکان و هەروەها چاودێری کردنی ئەو موەزەفانەی کە هەڵگری نەخۆشیە درێژخایەنەکانن یان دووگیانن، هەروەها بەردەوام لە دابین کردن و کەرەستەکانی پاککەرەوە وەکو تەعقیم و کەرەستەکانی خۆپارێزی، بەتایبەتیش ڕێکارە توندەکان لە خاڵە سنوورییەکان و تا ئێستاش قەدەغەی گەشتەکان و گەشتیاران لە دەروازە سنوورییەکان و لە فڕۆکەخانەکان، هەروەها زیاتر گرتنەبەری ڕێکارەکانی ئۆنلاین یان بڵێین ئەوەی کە فێرکردنی ئەلکترۆنی وەکو بەدیل، ڕشاندنی شوێنە گشتیەکان، دانانی تیمی وەرگرتنی پلەی گەرمی جەستەیی، ئەوە هەموو ڕێکارەکانن نەچمە سەری بەدرێژی بە تەفصیل، هەروەها پلان بۆ قۆناغی ئاسایی کردنەوەی ژیان وردە وردە دەستی پێکردووە و مەرجی پەیبەندبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان بەتایبەتی لە هەمووی زۆرترین و گرنگترین دوو ڕێکار هەیە ئەویش کە دانانی ماسك و دوور کەوتنەوە تا مەتر و نیو، دوو مەتر لە یەکتر ئەوا ترسناکی زۆر کەم دەکاتەوە لە تووشبوون، هەروەها نێوان پارێزگاکانی عیراق پتەوکردنی سیستەمی دۆزینەوەی بەرکەوتەکان لە هەڵکشانی یەکەم یەکێك لە سەرکەوتنەکانی ڕێگەگرتن لەو بڵاوبوونەوە (contact tracing) تا ئێستا دەکرێ بەڵام لە قۆناغی یەکەم زۆر کرا، چونکە هەر کەسێك کۆنتاکت بایە، گومانلێکراو بایە، کۆمەڵێك کەسانی دەوروبەر و کەسە نزیکەکانی (tracing) دەکرا یان (screening) دەکرا مەسح دەکرا بۆ ئەوەی بتوانێ زۆرترین تووشبوو بدۆزینەوە، لەسەر ئاستی وەزارەت باسم کرد ڕێکارەکانی کارگێری و دارایی بەو شێوە بووە کە لیژنەی باڵا داندرایە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانیش لەڕووی کارگێرییەوە فەرمانگەکان تا ڕاددەیەك پشوو داندرا، دواتر بە قۆناغ و بەڕێژەیەکی کەم کراوەتەوە، فریاکەوتنی خێراشمان باس کرد کە ئەکتیڤ کرا بۆ تیمە گەڕۆکەکان، خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی ئەساسییەکان وردە وردە کرایەوە وەکو کوتانی منداڵان چاودێری دایکانی دوو گیان و ئافرەتان، هەروەها ئاسانکاری بۆ بواری بازرگانی خۆراك و

دەرمـان و پێداویسـتییەکانی ڕۆژانە بـۆ گەیشـتن بە هەرێمـی کوردسـتان بـۆ دوور کەوتـنەوە لە دروستبوونی هەر قەیرانێکی نەخوازراو، بەمەش زیاتر لە (٢٢٠) نووسراو و فەرمان و ڕێنمـایی و گشتاندن لە وەزارەتی تەندروستی دا دەرچووە ئەوانە هەمووی پەیوەنـدی بە نەخۆشـی کۆڕۆنـا هەبووە، لەو قۆناغەدا وەزارەتی ناوخۆ ڕۆڵێکی گەورەی بینـی بە سوپاسـەوە کە بەڕێـز جەنـابی وەزیری ناوخۆ لێرەیە بەردەوام ڕۆژانە و لە کۆبوونەوەکـان بە هەمـاهەنگی و جێبەجێکـاری ئەم ڕێنمایی و ڕاسـپاردە و بڕیـارانە گەیشـتە ڕاددەیەك کە ڕۆڵێکـی گەورە لە پاڵپشـتی هاووڵاتیـان و ژوورەکـانی ئۆپەراسـیۆن و پارێزگاکـان و ئیـدارە سـەربەخۆکان بـۆ سـەرکەوتن بەسـەر ئەم ڕێکارانەدا.

بەڕێزان لە ڕووی دارایییەوە جگە لەوەی کە وەزارەتی تەندروستی تەرخانکراوی مانگانەی شەش ملیـار دینـاری عیراقـی هەیە وەکـو ڕۆتینـی پـێش کۆڕۆنـاش واتـا لە سـاڵی پـار و پێـراریش، ئەم تەرخانکراوە کە ڕێژەیەکی زۆری دەتوانم بڵـێم زیـاتر (٧٠%)ی ئەم تەرخـانکردنە وەکـو بـودجەی ڕۆتینی دەرمان و پێداویستی پزیشکی لە ماوەی پێنج مانگی ڕابردوودا بۆ کۆڕۆنا خەرج کـراوە، بەڵام چەند جارێکیش بودجەی تایبەت بۆ نەخۆشی و ڕووبەڕووبوونەوەی کۆڕۆنـا دابـین کـراوە لە یەکەم بودجەدا زیاتر لە چوار ملیار دینار، بودجەی دووەم چوار ملیار دینـاری دیـکە، جـارێکی دیکە پێنج ملیار دینار و هەروەها سێ ملیار دینار و نیو لە ڕێگەی وەزارەتی تەندروستی عیراقی فیـدراڵ و بڕیـارە دوو ملیـار دینـاری دیـکەش بـۆ هەرێمـی کوردسـتان بنێـرن کە یەك ملیـاری گەیشتووە و ئەمڕۆ نووسراو کراوە و داوا کراوە ملیاری دووەمیش بگـاتن، ئەویـش لە نزیکتـرین کات دا هەر هەموو بودجەکانی تەرخـان کـراوە ئەوە بـۆ وەزارەتـی تەندروسـتی بـووە و بەسـەر بەڕێـوەبەرایەتی یە گشـتییەکانی تەندروسـتی دابەش کـراوە، بەگـوێرەی ئەو پێـوەرەی کە لە وەزارەتی دارایی لە سەری دا پەیڕەو دەکرێ و هەموو بەڕێوەبەرایەتی گشتییەکانی تەندروستی لە نـاو پارێزگاکـان و لە قەزا و ناحیەکـان دەسـتکراوە بـوونە بـۆ دابینکردنـی پێداویسـتیەکانی دەستنیشان کردن، خۆپارێزی و چارەسەرکردنیش، بۆیە ئەوە بە شێوەیەکی گشتی کە دەتـوانین بڵێین بـودجەی زیـاتر لە کـۆی گشـتی نـزیکەی زیـاتر لە پـازدە ملیـار دینـار تەنهـا بـۆ پێداویسـتی پزیشکی و بەتایبەت ئەم بودجەیە خەرج کـراوە لەلایەن حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان و سـێ ملیار و نیویشی لە بەغدا بووە، بەڵام وەکو گـوتم زیـاتر لە (٧٠%)ی بـودجە ئاسـاییەکەی خۆمـان ئی مانگانە لە ماوەی ڕابردوودا بۆ کۆڕۆنا خەرج کراوە، ئەوە تەنها بۆ وەزارەتی تەندروستی، مـن دڵنیاشـــم بەڕێـــز جەنـــابی وەزیـــری نـــاوخۆش دەیخـــاتەڕوو کە لە پارێزگاکـــانی، لە ئیـــدارە سەربەخۆکانیش و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتەکانی تریش چەند جارێك بودجەی تایبەت بۆ ئەم ڕێکارانە خەرج کراوە، بۆیە بە ملیارەها دینار ئەژمار دەکرێ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم نەخۆشییە خەرجی کردووە، ئەوەی دەیبینن تەنها ئەوەی ڕەنگ کـراوە لە بودجەی وەزارەتی تەندروستی عیراقی فیدراڵ بووە، بەڵام کۆی گشتی کە زیـاتر لە پـازدە ملیـار دینارە، لە لیـژنەی بـاڵای سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران چەنـدین جـار کۆبـوونەوە کـراوە و ڕاسـپاردەکان و بڕیارەکـان لەسـەر ئاسـتی حکـومەت لەسـەر سـتراتیجیەتی کـارکردنی وەزارەتە پەیوەندیـدارەکان بەئامـادەبوونی خـودی بەڕێـز جەنـابی سـەرۆك وەزیـران و جێگـری سـەرۆك وەزیران و وەزیرە پەیوەندیدارەکان و هەندێك لە ڕاوێژکاران، هەروەها ڕێکخـراوی تەندروسـتی

جیهـــانی بەردەوام لەگەڵمـــان بـــوونە و ڕۆژانەش لەڕووی شـــیکاری و هەڵســـەنگاندنەکان و پەتازانییەوە لەسەر بنەما زانستییەکان لەگەڵمان لەسەر هێڵن، تەنانەت ڕێکخـراوی تەندروسـتی جیهانی ئۆفیسێکی لە ناو وەزارەتی تەندروستی کـردۆتەوە وجـودی حزووریـان بـۆ بەردەوامـی ڕووبەڕووبـوونەوی ئەو نەخۆشـییە، تـا ڕاددەیەکـی بـاش هاوکـار بـوونە و دەتـوانم بڵـێم هاوکارییەکانیان باس بکەین و کۆبوونەوەکانی تری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان وەکو باسم کـرد، هەروەهـا لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکان بەڕێـوەبەری گشـتی تەندروسـتی لە پارێزگاکـان و ئیـدارە سـەربەخۆکان ئەنـدامێك و بڕیـاردەرێکی ئەکتیفـی ژوورەکـانی ئۆپەراسـیۆنەکان بـوو و بەهەمـاهەنگی و تەنسـیقەکی زۆر بـاش ڕێکارەکـان بە تەنسـیقی هەمـوو لایەك چـۆتە ڕێگـا و بەسوپاسەوە پاڵپشتی وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیش وەکو باسمان کرد بەگـوێرەی پێداویسـتیە، تا دەگاتە قایمقام و مودیر ناحیەکانیش.

**بەڕێز هێمن احمد حمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دکتۆر ئەگەر یەك تۆز ئاگات لە کات بێت چڕی بکەیتەوە، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیار بدرێتەوە باشترە، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

باش، بەرەو خەلاص بوون دەچم، ئەوە هەموو ئیجرائاتەکان من ناچمە سەر ئیجرائاتەکان، هەوڵ دەدەم ئەوە ئیجرائاتەکانی خۆپارێزیە، لە ناو ئەو شـوێنانەی کە دەیبیـنن، ڕێنماییەکـانی گەشـت کردن و جیابوونەوە و قوتابخانە و شوێنەکانی پەرستگا و ئاینییەکان و هەروەها شوێنەکانی ناو قەرەبـاڵخی نـاو کۆمەڵگـا، کۆمەڵێـك لەڕووی ئەلیکتـرۆنییەوە سـوود لە داتـا و زانیـاری کۆکردنەوەکـان وەرگیـرا لە هەمـووی گرنگتـر کە پۆرتـاڵی (Kurdistan health) کە ئەو پۆرتـاڵە ئێسـتاش لە تەواوی ئەو کەسـانەی لەسـەر سـمارت تەلەفـۆن بـن دەتـوانن ئەکتیفـی بـکەن، لە داهاتوودا بەرنامەیەك هەیە سوودی لێ وەربگیرێ بۆ کەرەنتین کـردن و دۆزیـنەوەی حاڵەتەکـان بەشێوازێکی زیاتر، ئەوەی دەیبینن (dashboard)ێکە بە سوپاسـەوە لەگەڵ فەرمـانگەی میـدیا و زانیـاری لەسـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران ئەم (dashboard)ە بەردەوام هەمـوو دەقەیەك (update) دەکرێـت و هاوشـێوەی (dashboard)ەکـانی نێـودەوڵەتی، باسـی هۆشـیارکردنەوەی تەندروستیم نەکرد کە (leaflet) و (poster) و بڵاوکراوەکان هەم لە تەلەفزیۆن و (material)ەکان هەم بـۆ بڵاوکـراوەی چـاپ کراوەکـان بەشـێوەیەکی بـاش بڵاوکـرایەوە، بەتـایبەتی ڕێکخـراوی تەندروستی جیهـانی ڕۆڵـی هەبـوو و فەرمـانگەی میـدیا و زانیـاری بەباشـترین شـێوە و کـواڵتی ڤیـدیۆ و سـپۆتەکانی بـۆ وەزارەتـی تەندروسـتی و لە دام و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن ڕۆژانە تـا ئێستاش بڵاو دەبێتەوە کە جێگای باسکردنە، هەروەهـا چەنـد تـوێژینەوەیەکی زانسـتی دەسـتی پێکـردووە بـۆ تـوێژینەوە لە بـوارە جیاوازەکـانی نەخۆشـی کۆڕۆنـا، تیمەکـانی فرۆکەخـانە و تیمەکانی سەر سنوورەکان، هەروەها چەندین (guideline) چـاپ کـرا بـۆ پزیشـکان هەروەهـا بـۆ هاووڵاتیـان و ڕێنماییەکـان بـۆ چـین و تـوێژە تایبەتەکـان بـۆ نمـونە بـۆ وەزارەتـی ئەوقـاف بـۆ مامۆستایانی ئاینی و هەروەها بۆ ناو بازاڕ و شوێنە گشتییەکان، بۆ چێشتخانەکان، هەروەها بـۆ وەزارەتی پەروەردە و بۆ مامۆستایان و قوتابیان، بۆ تاقیکردنەوە، هەموو ئەوانە باسم کرد (٢٢٠) گشتاندن و ڕێنمایی بڵاوکرایتەوە، ئەوە کە دەیبینن ئێمە پرۆژەیەکی زۆر گرنگە بوو بە هاوکـاری

و سپۆنسەری کۆمپانیای فاست لینك بۆ ئەنتەرنێت توانیان تیمەکانی گەڕۆك هەم پاڵپشتی و پشتگیری ئەو تیمانەی ژمارە (١٢٢) بکەن کە دەبیینن ژمارەکان، حاڵەتەکان چەند پەیوەندی وەرگیراوە و چۆن تا ئێستاش ئەکتڤە ئەوەی دەبیینن هەموو ژمارە (call)ەکانە، ڕۆژانە هاووڵاتی چەند تەلەفۆن دەکات بۆ (١٢٢)، لەڕۆژی کەرەنتین و قەدەغەی هاتووچۆ زۆر سوودەکی یەکجار زۆری هەبوو چەندی بەدواداچوون کرایە و چەندی داخیل کرایە، چەندیش ماوەتەوە لە نەخۆشخانە، ئەوە ئەو بابەتەیە کە پەیوەندی بە تیمە گەڕۆکەکان هەیە، (١٦٤) تیمی گەڕۆك هەبووە بۆ گواستنەوەی گومان لێکراوان و کەرەنتین کراوەکان، بەسوپاسەوە هێزەکانی زێرەڤانی لە وەزارەتی ناوخۆ پاڵپشت بوونە لە ڕێگەی تیمە تەندروستیە پزیشکییە سەربازییەکان لەگەڵمان بوون بە خۆیان و ئەمبولانسەکانیان، هەوڵدراوە ڕۆژانە ڕاگەیەندراوەکانی وەزارەتی تەندروستی بڵاوبکرێتەوە و لەگەڵ ماوە بۆ ماوە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە هاووڵاتیان، ناچمە سەر سیمینار و کۆبوونەوە زانستییەکان و ئەوانە، ئەوە (material)ەکانن، لەڕووی دەروونییەوە کۆمەڵێك کار کرایە ئەوەی دەیبینن لە ڕاپۆرتەکانی بەردەستتان، تەندروستی دەروونی چونکە فۆبیایەك و ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو هاووڵاتی لەسەر ئاستی جیهان دا ئێستا بۆ ئەم نەخۆشیە دروست بووە، بە هاوکاری ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کاری لەسەر کراوە، لە تاقیگەکان وەکو باسمان کرد تەنها بە (real time PCR)و ئێستا (CT scan)نیش بۆ ئەو حاڵەتە ترسناکەکان ئەوانەی کە ئیلتیهابیان زۆرە لە دەرەجەی توند دانە بەکار دەهێندرێت، دابین کردنی کیتی پشکنین، کیتی پشکنین هەر هەمووی جگە لەوەی کە هەندێك وڵات یان ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بە هاوکاری هێنابێتی ئەوەی تر تێستی پشکنین هەر هەمووی لە بەڕێوەبەرایەتی یە گشتیەکان لەسەر ئەو بودجانە دەکرێ، ئەوەش دەیبینن کە لە بەغداش بۆمان هاتبێ بەو شێوازە و بەو ڕێژانە دابەش کراوە، (pooling) ڕەنگە باس کرابێ، (pooling) بەڕێزان بۆ (screening) بەکار دێت بۆ (بحث) بەکار دێت، بەڵام بۆ گومان لێکراوێکی تەواو کە نیشانەکانی هەیە (pooling) بەکار نایێ بەتایبەتی لە کاتی ئێستادا کە زۆربەیان نیشانەیان هەیە، بەڵام پێشترلە گەندێك دا کە دەتویست (٢٠٠) کەس وەربگری ئەو (٢٠٠) شەرت نەبوو (٢٠٠) تێستی (single)ی بۆ بکەی، ڕەنگە هەر پێنج تێست لە یەك تێست دەکرا ئەگەر (positive) بایە، ئەوە پێی دەڵێن (pooling) ڕێگایەکی زانستی یە و لە بواری توێژینەوە و (screening) (مسح) بەکار دێت، بەڵام ئەگەر بێت و بۆ نەخۆش بەکار بێ نەخێر بۆ نەخۆش بەکار نایێ بۆیە ڕەنگە هەڵە تێگەیشتنێك لەو بوارەی (pooling) دەبێ کە باس لەوە کرابێت هی نەخۆش تێکەڵ دەکرێ، نەخێر، ئەگەر (positive)یش هەبێ لە پێنجان هەر پێنجی بە تێستی (single) دەکرێتەوە تاوەکو دەستنیشان بکرێ کامەیانە، بەڵام لە کاتی ئێستا (pooling) بەکار نایێ لەبەر زۆری حاڵەتەکان، ئەوەی (infection control)ە نامەوێ بچمە سەری بە دوور و درێژی مەسەلەی تەعقیم کردن و مەوزووعی بەکارهێنانی مادده چاککەرەوەکان، دەست بەجێ لەسەرەتای بەهاری ئەمساڵ لە کۆتایی بیوورن مانگی شوبات دەستبەجێ نەخۆشخانەکان ئامادە کران و شوێنێك بە پۆلین کردن بۆ نموونە عیادەی خاریجی کە وەربگرێ و دواتر تەحویلی نوستن بکات، لە هەر شارێك چەند نەخۆشخانەیەك داندرا و بەسوپاسەوە خێرخوازان و بەخشەران و خواپێداوان لە زۆر لە ناو شار و قەزا و ناحیەکان دەستیان کرد بە دروستکردنی نەخۆشخانەی

خێرا سوودێکی زۆریشی هەبوو تا ئێستاش بەکاردێن، چەند نەخۆشخانەیەکیش بەتاڵ کرا بۆ ئەوەی بەکار بێت بۆ نەخۆشانی کۆڕۆنا و ئەوەی دەیبینن ئەو پێداویستیانە پزیشکیەیە کە بەلایەنی کەم نزیکەی (١٥) دۆلارە، بەڵام بەڕێزان ئەوە بارێکی زۆر قورس و گرانە لەسەر دام و دەزگای تەندروستی دروست دەکات، ئەم جلکەی دەیبینن لەسەر جلکێکی ترە کە سپی یە پێی دەڵێن (PPE) نزیکەی بە هەردوو جلك و بە پێداویستیەکانی دەست و عەینەك و ئەوانە نزیکەی (٢٠) دۆلار تەکلیف دەکات ئەوە جگە لەهەر تێستێکی موختەبەری کە سەرەتا زیاتر لە (١٢٠) هەزار تا (١٥٠) هەزار بوو، بەڵام لە کاتی ئێستادا لە حدودی (٢٥) تا (٣٠) دۆلارە هەر تێستێك بە چوار بەشەکانی (VTM) و (extraction) ئەوە بۆ ئەوەی بزانن کە خەرجیەکان تەنها لەسەر ئەوە بووە، چاودێری چڕ بەکۆی گشتی (٢٠٦) قەرەوێڵەی چاودێری چڕ هەیە کە هەناسەی دەستکردی تێدا بەکار بێت، بەڵام هەر هەموویان هەناسەی دەستکرد نیە، هەندێکیان (CPAP mask)ە ئەویش هەر عینایە مورەکەزەیە واتا تەخدیر ناکرێ مرۆڤەکە لە هۆشی خۆیەتی بەڵام ( CPAP mask)ی پێویستە بۆ تێر کردنی ئۆکسجین، ئەوەی باسم کرد ئەوە (fast care) بوو تیمەکانی (fast care)، هاوکارییەکان بەو شێوەیە دابەش دەکرێت بە گوێرەی ئەو ڕێژەیەی کە لەسەر ئەو بنەمایە ماوەی ساڵانێکی زۆرە لەسەر ئەو بنەمایەی وەزارەتی دارایی هاوکارییە تەرخانکراوەکانی بودجە دابەش دەکرێت، ئەوانەی دەیبینن ناوی ئەو ڕێکخراوانەیە کە هاوکاریان بۆ هێناوین، ئەوانەی دەیبینن ناوی هەموو ئەو ڕێکخراوانەیە و چەندیان هێنایە، کۆمەڵێك کۆمپانیا و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و قونسوڵخانەو دەوڵەتان و خەڵکی خێرخوازیش (local)ی و نێودەوڵەتی، لە ئیجرائاتەکان باس دەکات کە چۆن مەوزووعی ئاسانکاری بۆ چ تیمێك کراوە، من دەمەوێ لێرە باسی ئەوەش بکەین کە هەندێك لە دەرمانەکان چاودێری و داخستن و سزا درایە لە سەرەتاوە ئەوانەی کە هەوڵدرابێت ئەو وەزعە بقۆزنەوە تەنانەت پرسیاری دەرمانەکەش لەلایەن لیژنەی تەندروستی باس کرا کە دواتر دەتوانین جواب بدەینەوە نرخی دەرمانەکە و هەروەها سەبارەت بە ڤاکسینیش تا ئێستا هیچ ڤاکسینێك لە وڵاتانی جیهان دا بە کۆتایی ڕانەگەیەنرایە بە فەرمی، هەر لە قۆناغی دۆزینەوە و بەرەو کۆتایی چوونە، بەدڵنیاییەوە ئەگەر ڤاکسینێك بدۆزرێتەوە ڤاکسین هەموو ڤاکسینەکان لە ڕێگەی حکومەتی عیراقی فیدراڵ وەکو بەرنامەی نیشتیمانی بۆ هەرێمی کوردستان دابین دەکرێ، تا ئێستا هەرێمی کوردستان ڤاکسینی نەکڕیوە بۆ نەخۆشیەکانی تریش، بەڵام بۆ کۆڤید تا ئێستا ڤاکسینیش نییە، لە کاتی دەرچوونی بە دڵنیاییەوە ئێمە پەیوەندییەکی زۆرباشی ڕۆژانەمان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و خودی بەڕێز وەزیری تەندروستی عیراقی فیدراڵ هەیە، چەند جارێك سەردانی بەغدامان کرد، بەڵێنی داوە لە کاتی دابین کردنی پێداویستییەکان بەتایبەتی ئەگەر ڤاکسین بێت بۆ هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ئەوەی کە لە ساڵانی پێشوو بەتایبەتی ڤاکسینی ئەنفلوەنزای وەرزی کە بۆمان دابین دەکەن، ئەوانە هەندێك لە کێشە و گرفتەکانی ترە کە لە کاتی ئێستادا ئێمە پرۆژەیەکمان لە لیژنەی باڵای سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران خستەڕوو کە لە چەند بڕگەیەك پێك دێت و دواتر دەتوانین ئەم پرۆژەیە بە بەڕێزتان پێشان بدەین کە کۆمەڵێك بڕگە لە خۆی دەگرێت هەم لەسەر ئاستی تەمویل کردن، دامەزراندن هەروەها (support) کردنی مانگانە و کۆمەڵێك ڕێنمایی و ڕاسپاردە بوو کە لەلایەن وەزارەتی

ناوخۆ و ژوورەکانی ئۆپەراسیۆن زۆربەی چۆتە بواری جێبەجێ کردن، لەسەر ئاستی بەڕێوەبەرایەتی یە گشتییەکان بەڕێزان ڕاپۆرتەکان زۆر ورد..

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

وابزانم یەك دەقەم مایە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

یەکسەر بچیتە سەر پلانەکە، چونکە ئێمە مەبەستمان پلانە بۆ داهاتوو، زۆر زۆر گرنگە دەمانەوێ بزانین پلان بۆ داهاتوو چییە؟ دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێزد.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

تەقریبەن هەر لەسەر قسەکەی بەڕێزت ئەگەر بچینە سەر سلایدی پێشبینییەکان، بەڕێزان پێشبینییەکان لەگەڵ تیمی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، ئەوە پێشبینیە، ڕەنگە ئەگەر ئیجرائاتەکان باشتر بکرێت ئەو پێشبینیە کەمتر بێت، ڕەنگە زیاتر بێت، بەڵام وەکو پێشبینی بە تەقیمی ئێستا ئەوەی کە تا نیهایەتی مانگی شوباتی داهاتوو نزیك دەبینەوە لە (١٢٠) هەزار تووشبوو کە حاڵەتی سووك و توند و مەترسیداری تێدایە، بەو شێوەیە بێ دەبێ ئێمە نزیکەی (٦٠٠٠) قەرەوێلە ئامادە بکەین بۆ داخیل بوون و نزیکەی (٢٨٠) ئامێری هەناسەی دەستکرد و چاودێری چڕکردن دابنێین و چەندپشکنینمان پێویست دەبێ، نزیك بووینەوە لە ڕێژەیەکی ستاندارد کە (٢٥٠٠) مەفرووزە ڕۆژانە بکرێ، ئێستاش نزیکەی (٢٣٠٠) زیاتر دەکرێ، لە چەند (PPE)یش زیاتر پێویستە کە (٧١٦٠٠٠) دەبێ، دابینکردنی بودجەی بە پەلەی مانگانە لەگەڵ بەکارخستنی هەندێك لە کارمەندانی تەندروستی بواری سڕکردن یان یاریدەدەری سڕکردن و پزیشکانی پسپۆڕی سڕکردن، بۆ ئەوەی بتوانین ڕەوشی خزمەتگوزاری عینایە مورەکەزەکان زیاتر بکەین، سەبارەت بە پلانەکە هەشت خاڵە بەڕێزان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

تەرکیزتان لەسەر پلانەکە بێ بۆ ئەوەی دوایی نەوەك پرسیارتان هەبێ، فەرموو.

**بەڕێزد.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**

بەشێوەیەکی گشتی ئامادەکارییەکان زۆربوو، لە خاڵی یەکەم باسی ئامادەکارییەکانی حکومەت دەکات، ئامادەکارییەکانی حکومەت بەڕێزان لە چەند ئاستێکی جیاواز بووە لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران بووە، حکومەتی هەرێم باسم کرد چەندین کۆبوونەوە و بڕیاری پێویستی وەرگرتووە، لەسەر ئاستی وەزارەتە جیاوازەکانیش هەبووە، لەسەر ئاستی پارێزگاکان کە ژوورەکانی ئۆپەراسیۆن ئەم پلانانە چۆتە جێبەجێ کردن، دەتوانم بڵێم لە هەڵکشانی یەکەم (١٠٠%) پلانەکە چووە ڕێگە، لە وەزارەتی تەندروستیش پلانەکان بە تەفصیل باسم کرد.

خاڵی دووەم باسم کرد لە (١٠٠%) پلانەکان بەڕێوەچووە، بەڵام لە کاتی ئێستادا بەداخەوە بەهۆی ئەو کێشە و گرفتانەی باسم کرد ڕەنگە تمووحی وەزارەتی تەندروستی و هەروەها ئەو ڕێژەیەی کە ئێمە هەدەفمان بێت نەگەیشتینە (١٠٠%) بەڵام هەوڵ دراوە زیاتر تەرکیز لەسەر کەمکردنەوەی ڕێژەی مردن و تووشبوون بێت، ئەو هاوکاریانەی وەرگیراون بەڕێزان هەموو

هاوکاریەکان وەکو گوتم هیچ کرینێك، یەك دیناریش بودجە لە وەزارەتی تەندروستی ڕاستەوخۆ دابین نەکراوە، تەنها هاوکاریەکانی وەرگیراوە لە بەغدا و لە ڕێکخراوەکان دابەش کراوە بە گوێرەی ئەو ستاندارده و جێگای خۆی گرتووە، بەڵام من دەمەوێ ئەو حەقیقەتە بڵێم کە هاوکاریە نێودەوڵەتییەکان، هاوکاری بەغدا هیچی نەگەیشتۆتە زیاتر لە (٥%)ی پێداویستیەکانی ئێمە، بەڵکو لە نزیکەی (٩٥%)ی پێداویستیەکانی ئێمە لەسەر بودجە تەرخانکراوەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە، چونکە بەڕێزان زۆرجار لە ڕووی ئیعلام و پێشاندان و موناسەبە و لە ڕووی پرۆتۆکۆلییەوە بەڕێزێك لە دەوڵەتێك و یان لە ڕێکخراوێکی گەورەی نێودەوڵەتی هاوکارییەك دەینێ، بەڵام باوەڕ بکەن ئەو هاوکاریانە بەشی چەند ڕۆژ و یان یەك ڕۆژ ئەوهایە، پێداویستیەکان یەکجار زۆرە، ئەوەی کێشەیە لە مەسەلەی کۆڕۆنا پێداویستیەکان ڕۆژانە سەرف دەبێ، پێداویستیەك وەکو ئامێرەکان نیە بمێنێ هەتا هەتایە، پێداویستی تاقیگا، پێداویستی لەبەرکردنی خۆپارێزی، ئەوانە ڕۆژانە دەبێ جێگرەوەی هەبێ، ڕۆڵی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی زیاتر لۆجیستی، مەعنەوی، زانستی، ئەکادیمی بووە زیاتر لە دابین کردن، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی دابین کردنیان هەبووە نزیکەی (٥٠٠) هەزار دۆلار پێداویستیەکانیان بۆ دابین کردین، بەڵام لەڕووی (training) و هۆشیاری تەندروستی و ئامادەکارییەکان و شیکاری هەڵسەنگاندنەکان ڕۆژانە لەگەڵمان بوون، بەڵام نەبۆتە سەرچاوەی سەرەکی بنەڕەتی بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان، ئەوەی بەغداش باسم کرد بەغدا تەنها جارێك بودجەی سێ ملیار و نیوی ناردووە و ئێستاش بودجەیەکی دوو ملیاری لە ڕێگایە کە ملیارێکی گەیشتووە و ملیارێکی تر چاوەڕێین دابەش بکرێ، بەڕێزان پەرستاری پزیشکی پسپۆر لە نەخۆشخانەکان جێگەی گلەیی یە، ئەوا لە چاودێری چڕە ئەو گلەیی یە، ئێمە پێش نەخۆشی کۆڕۆناش بەڕێزتان هەموو لایەك ئاگادارن بەتایبەتی لیژنەی تەندروستی کە لە هەرێمی کوردستان و لە عیراق دەتوانم بڵێم تا ڕادەیەك لەسەر وڵاتانی تریش کێشەی پزیشکی پسپۆڕی سڕکردن و کارمەندی تەندروستی سڕکردن کێشەیەکی گەورەیە، چونکە ئەم کێشەیە نەقصە بۆ ئەوەی عینایە مورەکەزەکان کە زیاد دەکەین تەنها ئامێر و قەرەوێلە نیە، بەڵکو پێویستی بە بەردەوام کارمەندی تەندروستی و پزیشکی پسپۆڕ هەیە، بۆیە لە پرۆژەی ئێمەدا وامان کردووە کە ئەو چین و توێژەی ناو کەرتی تەندروستی بتوانین فراوان بکەین لە داهاتوودا زیاترین ژمارە بەکار بخەین، بەدڵنیاییەوە ئێمە بەرنامەیەك هەبوو لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵام پێش نەخۆشی کۆڕۆنا، پێش ئەو قەیرانەی کۆڕۆنا کە دەزگای خزمەتی وەزیفی یان خزمەتی ڕاژە بۆ دامەزراندن و هەڵسەنگاندن و بۆ ئەو ناونیشانە پێویستیانە بەگوێرەی لێکدانەوەیەکی پێویستی میلاك بتوانێت پڕ بکاتەوە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی ئەو قەیرانی داراییەوە جارێکی تر هاوشێوەی قەیرانەکانی تر نەتواندراوە دامەزراندن بکرێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە بۆ ئێمە ئەولەویەت ئەگەر دامەزراندن هەبێ کارمەندی تەندروستی بواری سڕکردنە، پزیشکی سڕکردنە، ڤاکسین باسمان کرد بەڕێزان، ڤاکسین تا ئێستا نەبووە.
خاڵی حەفتەم کەمی ڕێژەی پشکنینەکان لە تاقیگەکان، بەڕێزان پشکنینەکان لە تاقیگەکان کەم ناکرێت وەکو باسم کرد، نزیکین لە ستانداردی نێودەوڵەتی، چونکە پشکنین ڕێژەیەك هەیە ناتوانی هەموو پشکنین بکەی، (indication) هەیە بۆ کێ پشکنین دەکەی.

بەڵام هەندێك ڕۆژ ڕەنگە لە شوێنێك زیاتر بێ، لە شوێنێك کەمتر بێ، ئەوا موناقەلە و دابین کردن لە ڕۆژانی دواتر تەعویز دەکرێتەوە، (pooling) وابزانم باسم کرد ئاخیر خالأ بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەستت خۆش بێ زۆر زۆر سوپاس، ناوەکان دەخوێنمەوە بەڕێزان: کاك مەلا وەیسی، کاك مەلا احسان، د . بژار، کاك رزگار، د. زانا، د. زیدان، خدیجە خان، د. ڕێبوار، سوسن خان، ژیان خان، لەنجە خان، کاك هێڤیدار، لیزا خان، هدیە خان، کاك نزار، ڕۆژان خان، شنۆ خان، کاك جلال، کاك علی، شادی خان، کاك سەرکۆ، کاك شەمۆل، کاك هاوڕێ، کاك لقمان، کاك بەڵێن، کاك مەلاناصر، کاك رزگار، شیرین خان، گوڵستان خان، ئاشنا خان، کاك لقمان، د. کازم، د. محی الدین، کاك دیاری، موژدە خان، کاك سیروان، کاك مەم، د. گەلاوێژ، کاك پێشەوا، کاك عوسمان سێدەری، حسیبە خان، کەس هەیە نەومانووسیبێ ناوەکەی دوای ئەوەی خوێندمەوە؟ باشە، د.گەلاوێژ یەکەم کەس مەجالت دەدەم، هەموو جارێ ئاخیر کەسە، د.گەلاوێژ تۆ یەکەم کەس قسە بکە، فەرموو.

**بەڕێز د.گەلاوێژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیری تەندروستی دەکەم، دەستخۆشی لێ دەکەم بۆ ئەو ڕوونکردنەوانە و زانیارینەی کە دایان، بەڕاستی زانیاری گرنگ بوون، بەڵام چەند پرسیارێك هەیە ئێمە دەبێ بیخەینەڕوو و پرسیارم هەیە لە بەڕێزیان، ئەگەر بێینە سەر بازاڕی دەرمان و ماسك و پێداویستیەکانی تەعقیم، بەڕاستی لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر سعرەکانی بەپێی پێویست نیە و گرانە، هاووڵاتیان ناتوانن وەکە پێویست بە دەستی بێنن، گرانی نۆڕینگەکان و پشکنین سۆنار بەڕاستی لەگەڵ پشکنینی ئەشیعە و (CT scan) هاولاتیەکی زۆر گلەییان لێی هەیە، ئەوەی تێبینی دەکەین ئێمە زۆری ئەنجامدانی ڕێژەی (CT scan) لە نەخۆشخانە تایبەتەکان، ئایا وەکو وەزارەتی تەندروستی چ چاودێریەك هەیە کە بە (CT scan) تەشخیصی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بکرێت؟ ڕۆژانە نزیکەی (٤٠٠) هەتا (٥٠٠) (CT scan) بۆ هاووڵاتیان دەکرێت.

پرسیارێکی ترم هەیە بەڕێز وەزیری تەندروستی، ئایا ئەو تیمانەی کە جەنازەکان دەنێژن چەند تیممان هەیە؟ چونکە لە زۆربەی کاتەکان چەند مردوویەك دەبێ، چەند جەنازەیەك ئەو تیمانە پێڕاناگەن.

هەندێك پرسیاری تر لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە، زۆربەی کەسەکان لە ڕاگەیاندنەکان زانیاری وەردەگرن، ئێمە دەزانین بەکارهێنانی ڤیتامینەکان وەکو ڤیتامین (C) و ڤیتامین (D) ئەگەر هاتو لە ڕێژەی پێویست لەلایەن هاووڵاتیان بەکار هات، خاصەتەن ڤیتامین (D) کاریگەری لەسەر وەزیفەی کلیەکان هەیە و دەبێتە هۆی دروستبوونی بەردی کالسیۆم کە ئەوە بەڕاستی هاووڵاتیانی تووشی گێژاویەك کردووە لە بەکارهێنانیان، چونکە ڕۆژانە لە ڕاگەیاندنەکان گوێیان لێ دەبێ ڤیتامین (C) بخۆ، (zinc) بخۆ، ڤیتامین (D) بخۆ، بۆیە پێویستە لە ڕێژەکان ئاگادار بکرێنەوە، بەڕێزت باسی توێژینەوەکانت کرد پێم باشە و پێم خۆشە بزانم توێژینەوەکان تایبەتە

بە وەزارەتـی تەندروسـتی یـان هاوبەشـە لەگەڵ وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا و لە چ بوارێـك توێژینەوەکان کراوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.کاظم، فەرموو.

**بەڕێز د.کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیـارە ئەو ڕوونکـردنەوانەی کە بەڕێـز وەزیـری تەندروسـتی ئامـاژەی پێـدا بەشـێکی بـاش لە ڕوونکردنەوەکان زانیاری تێدا بوو، بەڵام هەندێك پرسیار و تێبینی لەلای ئێمە هەیە لەسەر ئەدای یـان لەسـەر شـێوازی مـامەڵە کـردن و بەڕێـوەبردنی بـابەتی کۆڕۆنـا لە چەنـد مـانگی ڕابـردوودا، یەکێـك لەوانە بە پـێ ئەو ئامـارەی جەنابـت باسـت کـرد نـزیکەی (١١) ملیـۆن دۆلار بـودجەی تەرخـانکراو بـووە بـۆ کۆڕۆنـا بە شـێوەیەکی گشـتی، ئایـا لەم (١١) ملیـۆن دۆلارە چەنـد ئـامێری هەناسـەدانی دەسـتکرد کـڕدراوە؟ چەنـد نەخۆشـخانە لەسـەر ئەرکـی وەزارەتـی تەندروسـتی دروست کراوە؟ چەند یەکەی چاودێری ورد دروست کراوە؟ ئەوە یەکەم.

دووەمیان/ جەنابتان ئاگادارن کە ئەو داتـایەی کە داتـای مـردنە، منـداڵی تێـدا نـیە، جـا ئەوە زۆر گرنگە یەعنی بە مەبەستی دروست کردنی متمانە لەلای هاووڵاتیـان زۆر گـرنگە ئەو وردەکـارییە بۆ هاووڵاتیان بخرێتەڕوو، نەك تەنها حەدەسە ترسناکەکان بخرێتە بەرچاوی هاووڵاتیـان و بـاس لە کارەسـات و تۆقانـدن و ئەو شـتانە بکرێـت، بەڵکـو داتـاکە وەکـو خـۆی بخـرێتە بەرچـاوی هاووڵاتیـان بـۆ ئەوەی جۆرێـك لە متمـانە دروسـت بکـرێ، یەعنـی هەر لەسـەر ئەساسـی ئەوە لە وڵاتی سوید تەنانەت داتاکان منداڵیان هەر تێ نەکردووە، چـونکە بەرگری منـداڵ ئەوەنـدە زۆرە کە لەم جۆرە ڤایرۆسانە ڕۆژانە بەر دەیـان ڤایرۆسـی هاوشـێوەی کۆڕۆنـا و ڕەنـگە سـتریمی زۆر ترسناکتریش ببێت و تێشـیدەپەڕێنێچونکە بەرگـری لەشـی منـداڵ زۆر بەهێـزە، یەکێکـی تـر لەو بابەتانە ئەوەیە کە ڕێژەی مردن لە سلێمانی دوو هێنـدەی ڕێـژەی مـردنە لە هەولێـر، بە پێـی ئەو داتایانەی کە جەنابت باست کردووە ڕێژەی مردن لە سلێمانی (٤.٧%)، بەڵام لە هەولێـر (٢،٧%)ی تووشبووانە، ئەم جیاوازییە هۆکارەکەی چییە و بۆچی دەگەڕێتەوە؟ ئایا مەسـەلەن ئەوەی پێـی دەووترێ (overdiagnosis)ە تۆزێك خوانەخواستە زیادەڕەوییە یان بەڕاستی کێشەیەك هەبـووە لەوەی کە بۆچی نەخۆش لە سـلێمانی کە تووشـی کۆڕۆنـا ببـێ ئەگەری مردنـی زیـاترە لەوەی لە هەولێر یان لە دهۆك یان لە هەڵەبجە بێ؟.

یەکێکی تر لە سەرنج و پرسیارەکانمان ئەوەیە کە لە هەمـوو دونیـادا پزیشـك و کارمەنـدەکان لە دۆخی وەکو کۆڕۆنـا دا پاداشـت کـران و موکـافەئە کـران، بەڵام تەنهـا لە هەرێمـی کوردسـتان لە دوای (٦٠) ڕۆژ لە (٢١%)ی مووچەکانی پزیشـکان و کارمەنـدانی تەندروسـتی بەوانەشـەوە کە لە نەخۆشخانە کۆڕۆناکـانی سـەرجەم پارێزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان دا کاریـان دەکـرد (٢١%)ی مووچەکانیـان بـڕدرا، ئەگەر بەڕاسـتی کۆڕۆنـا کارەسـات بـوو چـۆن حکـومەت دەسـتی چـووە مووچەی ئەو کارمەند و پزیشکانە ببڕێ بەتایبەت ئەوانەی لە کۆڕۆنادا کاریان دەکـرد؟ یەکێکـی تـر لە پرسـیارەکان کە هەر بـۆ بەڕێـز وەزیـری تەندروسـتی یە، ئەوەیە کە جەنابتـان لە باسـی کەرەنتـین و کـاریگەری کەرەنتـین دا پێمـوابێ بەرچـاوڕوونی تەواوتـان نەدا بە هاووڵاتیـان،

جەنابتان کە باسی کەرەنتین و چوونە ماڵەوە و خۆپاراستن و دووورە پەرێزیتان دەکرد دەتـانوت بە مەبەستی ئەوەی تووش نەبن، بەڵام لە ڕاستی دا مەبدەئی کەرەنتـین بـۆ ئەوە نـیە کە خەڵـك تووش نەبێ، بۆ ئەوەی کە هەموو خەڵك بە یەکەوە تووش نەبێ، بـۆ ئەوەی کە نەخۆشـخانەکان و کەرتی تەندروستی فریا بـکەوێ و بـۆ کـرِینەوەی کـاتە، لە بـاتی ئەوەی تـۆ (١٠) هەزار نەخـۆش ڕووبکـــاتە نەخۆشـــخانەکان، ئەو نەخۆشـــە دابەش ببـــێ، بەڵام لە کۆتاییـــدا وەکـــو وڵاتـــانی پێشـــکەوتووش سیســـتەمە تەندروســـتییەکان ئیعتیرافیـــان پـــێ کـــردووە کە بەشـــێکی زۆری هاووڵاتیان دەبێ ڤایرۆسەکە تووش ببن و چاك ببنەوە و مەناعەی لەشیان دروست ببێ، یەکێکی تر لە تێبینیەکانمان ئەوەی کە لەسەرەتاوە، لەم کۆتاییە نا، بەڵام لە سەرەتاوە داتاکان لە ڕۆژێك دا سێ جار ئیعلان دەکرا، هەمان ژمارە لە ڕۆژێك دا سێ جار ئیعلان دەکرا، ئەوە بووە هۆی ئەوە کە ژمارەکان لەبەرچاوی هاووڵاتیان زۆر گەورە ببـێ، تـرس و تۆقانـدنێك دروسـت ببـێ لە میـدیاوە، جۆرێك لە دڵەڕاوکێ بەرامبەر بە داتاکان هەبێـت، دوای ئەوە جەنابتـان لە داتاکـان دا نەخـۆش و هەڵگرتان تێکەڵ کردووە، مەعلومی جەنابتانە کە نەخۆش ئەو کەسـەیە کە تووشـی ڤایرۆسـەکە دەبێ و نیشانەکان لەسەری دەردەکەوێ، هەڵگریش ئەو کەسەیە کە هیچ کێشەیەکی نیە و هـیچ نیشانەیەکی نیە تەنها ئەگەر فەحسی بکەی ڤایرۆسـەکەی هەیە، ئەم دوو فیـئەیە کە تێکەڵکـران داتـاکە گومانـاوی دەکـات و ئەوە هۆکـاری ئەوە بـووە کە ئـێمە گومانمـان هەبـووە لەم داتـایە، بەئاشکراش، بە صەراحەت ڕامانگەیاندووە بە بێ ترس لەبەر ئەوەی هۆکار و ئەدیلەی عیلمیمـان پێ بووە کە نەخۆش و هەڵگر نـابێ تـێکەڵ بکرێ لەم دۆخـانەدا، بەرپرسـی کەرتـی تەندروسـتی هەبووە دواتر ئەوە لەبەر ئەوەی پەخشە ناوی ناهێنم دواتر بە جەنابتی دەڵێم، بەرپرسـی کەرتـی تەندروستی هەبووە بە خەڵکی وتووە تووشی کۆڕۆنا بووە، تووشی نەخۆشی کۆڕۆنا بووە، بەڵام کاتێـك خـۆی تـووش بـوو لە ئـیعلام ڕایگەیانـدبوو، لە فەیسبووکەکەشـی داینـابوو وتبـووی مـن هەڵگری کۆڕۆنام، بـۆچی بەخـۆت دەڵێیـت هەڵگر؟ بـۆ بە کەسـێك دەڵێیـت کە عەیبـی نـیە پێـی دەڵێی نەخۆش، ئەوە ئەم مولاحەزەیە..

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ کاك دکتۆر، لەبەر ئەوەی جەنابت دکتۆری زۆر زۆر لە کاتی خۆت زیاتر دەرفەتم دایتێ.

**بەڕێزد.کاظم فاروق نامق:**

سوپاست دەکەم مەمنونم، یەك مـولاحەزەی ترمـان هەیە بـۆ بەڕێـز وەزیـری نـاوخۆ، ئاسـانکاری هاتووچۆ و ئەو شـتانە لە کـاتی کەرەنتـین دا بەڕاسـتی بە پێـی پێویسـت نەبـوو، مـن بـۆ ئەوەی کـــاتەکە درێـــژ نەکەمەوە تەنهـــا ئەو نمـــونەیە دەهێـــنمەوە بەرچـــاوی هەمـــوو پەرلەمانتـــار و جەنابیشتان، ئەوەیە کە لە یەکێك لە بازگەکانی هەرێمی کوردستان خـانمێکی دوو گیـان بەهـۆی ڕێگری کردنەوە بەداخەوە نەگەیشتە نەخۆشخانە و فریا نەکەوت و منداڵەکەی لە دەسـتدا، ئەوە ڕەنـگە ڕۆژانە دووبـارە ببێـتەوە یـان دووبـارە بـووبێتەوە چەنـد حـاڵەتێکی تـری هاوشـێوەش هەبووبێ، گرفتی زۆر هەبوو لەسەر ئەو بابەتە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك دکتۆر، ڕۆژان خان، فەرموو، لەبەر ئەوەی جەنابـت دکتـۆری زۆر زۆر زیـاد لە حەدی ئەوە ڕێگەمان پێدای، بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**
**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا دەستخۆشـی لە بەڕێـز وەزیـری تەندروسـتی دەکەم بـۆ ئەو کـارانەی کە کردوویـانە، سـەبارەت بە پەتـای کۆڕۆنـا، مـن چەنـد پرسـیارێکم هەیە نووسـیومە دەیخـوێنمەوە بـۆ ئەوەی کاتەکە زۆر نەبەم.

یەکەم/ ڕەوشی تەندروستی لە ئیدارەی گەرمیـان بـاش نـیە، کەرتـی تەندروسـتی کەم و کـورتی زۆرە لە ڕووی توانـای مرۆیـی پزیشـك و کارمەنـدی تەندروسـتی و پێداویسـتی پزیشـکی بـۆ چارەسـەری ڕۆژانەی نەخۆشـەکان لە ئاسـتی ئەوەدا نـیە ئەو نەخۆشـانەی کە ڕێژەیەکـی زۆر نەخۆش هەیە ڕۆژانە نەخۆشەکان لە کەلار و کفری و خـانەقینەوە دەبـێ بـڕۆن بـۆ سـلێمانی بـۆ چارەسەر، ئایـا وەزارەتـی تەندروسـتی چـی کـردووە بـۆ چارەسـەرێکی گونجـاو بـۆ ئەم دۆخەی ئیدارەی گەرمیـان؟ کە بەڕێـوەبەرایەتییەکی گشـتی هەیە و سـەر بە وەزارەتـی تەندروسـتی یە، خاڵی دووەم پرسیاری دووەمـم هەر بـۆ بەڕێزیـانە، سـەبارەت بە ئەشـیعەی تەنـووری(CT scan) تەشخیصی کۆڕۆنا من بەدواداچـوونم کـردووە تەشخیصـی کۆڕۆنـا دەکـرێ ئێسـتا بە ئەشـیعەی تەنووری (CT scan) کە وردە و دەقیقە، ئایا وەزارەت بیری نەکـردۆتەوە لە کاتێکـدا کە فەحسـی (PCR) لەوانەیە زۆری پێ بچێ و گلەیـی زۆری هاووڵاتیـان هەیە لەسـەر ئەوەی کە نەتـیجەکەی درەنـگ دێـتەوە، وەکـو بەدیلێـك بەکـاری بێنـێ و ئەم پشـکنینە بکـات بـۆ نەخـۆش بـۆ ئەوەی نەخۆشییەکەش کەمتر بڵاو ببێتەوە، لەوانەیە هەتا نەخۆشەکە پشکنینەکەی دەردچێت خەڵکی تر تووش بکات و بەرکەوتەی تری زیاتری هەبێت.

سێیەم/ ئەو کەسانەی چاك دەبنەوە نـازانن چـۆن پشـکنین بـکەن بـۆ ئەوەی پلازمـا ببەخشـن، وا باشتر نیە ڕێگە بە چەند تاقیگەیەکی تایبەت بدرێ لە ژێر سەرپەرشـتی وەزارەتـی تەندروسـتیدا بۆ ئەنجامدانی پشکنینی زانینی بەرگری (IgG) بۆ ئەوەی بتوانن پلازما ببەخشن.

چوارەم/ پرسیارێکی ترم هەر بۆ بەڕێزتانە، لە نێـوان هەولێـر و سـلێمانی بـۆ چارەسـەری کۆڕۆنـا جۆرێــك لە تەنسـیق نــیە، هەر پارێزگایەکیــان پرۆتۆکــۆلێکی تــایبەت بە خــۆی هەیە، بــۆ چارەسەرکردن، ئایا پێویست نیە وەزارەت پلانێکی هەبێت لیژنەیەکی زانستی پێك بهێنێـت لەو کەس و پزیشکانەی کە چارەسەری کۆڕۆنا دەکەن؟ بۆ ئەوەی یەك شێوازی چارەسەر چارەسـەری باشـترین جێبەجـێ بکـرێ لە کەرەنتینـی مـاڵەوە، شـێوازی چارەسـەر لە نەخۆشـخانەکان و پرۆتۆکۆڵی چارەسەرکردن لە نەخۆشخانەکان و هەروەها شێوازی ناشتنی تەرمیش.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، وەقتەکەت تەواو بوو.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

یەك پرسیاری تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەیخوێنمەوە، وەزارەتی تەندروستی چی کردووە بۆ هاندان و هاوکـاری و پێزانینـی ئەرك و مانـدووبوونی ئەو مەترسـییەی کە لەسـەر ئەو پزیشـك و کارمەندانەی کە لە پێشـەوەی چارەسـەری کۆڕۆنـادان لەبەرەی پێشـی چارەسـەری کۆڕۆنـادان چ ڕێکارێکی هەیە بۆ پاداشتی ئەوانە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شنۆ خان، فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامی لیژنەی تەندروستیم، بەڵام سەرنجێکم لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەکەی خۆمان هەیە، دەستخۆشی لە خاتوو ڕۆژان دەکەم کۆمەڵێك پرسیاری گشتی کردووە، بەڵام ڕاپۆرتەکە نەڕاسپاردەیەکی تێدایە، نە پێشنیاری تێدایە، لەبەر ئەوە وەکو ئیزافەیەك سێ پێشنیارم هەیە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی لە لیژنە بۆ قسەت نەکرد؟

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

کاتەکە بەر تەسك بوو، نەگونجا بۆیە ئێستا ئیزافەی دەکەم، پێشنیارەکانم بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی یە، پێشنیاری یەکەمم ئەوەیە کە هەموو ئەو کەسانەی کە لە کاتی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا لە ئەرکدابوون و بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا گیانیان لە دەستداوە، حکومەتی هەرێم لەڕێگەی بڕیارێکەوە بەراتبی کامل خانەنشینیان بکەن، ئەولەویەتیش بۆ پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی بێ، ئەوانەشی کە چاکبوونەتەوە قەرەبوویەکی شایستە بکرێن.

پێشنیاری دووەمم ئەو پزیشك و کارمەندە تەندروستیانەی کە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ و بەردەوامیان هەیە لەگەڵ تووشبووانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا وەك پاداشتێك حکومەت شوقە یاخود زەویان بۆ دابین بکات، بە قیستێکی درێژ خایەن.

خاڵی سێیەم ئەو کەسانەی کە پلازما دەبەخشن ئەوانیش پێویستە پاداشت بکرێن بە قیدەمی ساڵێك، ئەوە پێشنیاری خۆمە، بە قیدەمی ساڵێکی وەزیفیان بۆ بکرێ، یاخود بە بڕە پارەیەك کە (٥٠٠) دۆلار کەمتر نەبێ پاداشت بکرێن یاخود خەڵات بکرێن، بۆ ئەوەی ببێتە هاندانێکیش بۆ کەسانی تری تووشبووان و چاکبووانی تر بۆ ئەوەی پلازما ببەخشن.

چەند پرسیارێکی تریشم هەیە سەبارەت بە کۆمپانیای ئاوامیدیکا ماوەیەك بەر لە ئێستا ئیعلانی ئەوەی کرد کە ڤاکسینی بەرهەمهێناوە، تێبینیەکی زۆر هەبوو لەسەر نرخەکەی کە خۆشت ئاماژەت پێدا، وەزارەت بەدواداچوونی بۆ ئەوەی کردووە کە ئەو کۆمپانیایە بە چ نرخێك مەوادە خامەکە دابین دەکات و ڕێژەی قازانجەکەی چەندە؟ لەبەر ئەوەی گومان دەکرێت قازانجەکەی لە (٥٠%) بێ، کە ئەوە نرخێکی زۆر زۆرە، دەبێ فشار بکرێ قازانجێکی کەم بخاتە سەر دەرمانەکە بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی دارایی هەرێمی کوردستان و هاووڵاتیانیش بگونجێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکی زۆر زۆر گرنگم ماوە، زۆر زۆر گرنگە تکایە، بەڕێز وەزیری تەندروستی لە یەکێك لە سەردانە مەیدانیەکانم ئەم تیوبەم دەستکەوت لە تاقیگەکان بەکار دەهێنرێ، کارمەندانی تەندروستی لە تاقیگەکان لە نەخۆشخانەیەکی گشتی ئاماژەیان بەوە دا کە ئەم تیوبە دەرئەنجامی پشکنینەکان بە هەڵە نیشان دەدا، چۆن دەکرێ لەسەر ئەنجامێکی پشکنینێکی هەڵە

چارەسەر بنووسرێ؟ ئایا دەبێ چەند لە هاووڵاتیان گیانیان لە دەستدابێ بەو چارەسەرە هەڵانە؟ دەبێ چەند مەوادی پزیشکی تری، کەل و پەلی پزیشکی تری هاوشێوە هەبن؟ کە بەم شێوەیە بن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، تەواو، کاتەکەت تەواو، کاك علی حەمە صالح، فەرموو.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاستان دەکەم، دەستخۆشی لە وەزارەتی تەندروستی و ڕاپۆرتەکەیان دەکەم، وەڵلا من کۆمەڵێك سەرنج و پرسیارم هەیە کە بۆ ئەو قۆناغەی کە ئەو ئەگەرەی باسی کرد خۆمان دەزانین لە ماوەی ڕابردوودا بەهۆی دۆخی مووچە و خراپی دۆخی تەندروستی مانگرتن ڕوویداوە، لە هەندێ شوێن هۆکاری ئەو مانگرتنە کارەساتی بەدواوە هات، بەتایبەتی لە کەلار و گەرمیان دا کە نەبوونی مووچە و دواخستنی مووچە، یەعنی ئەم نەخۆشییە دیوێکی دارایی هەیە، چ ئامادەکارییەك بۆ ئەو بابەتە کراوە؟ ئەگەرەکانیش؟.

خاڵێکی دیکە کە من یەعنی حەقە بەڕێز و بە نرخەوە بڵێم کۆمەڵێك خۆبەخشن لەم کۆڕۆناش دا هەر خۆبەخش بوون، تەنانەت بەشێکیان تووش بوون بەتایبەتی بەس لە کەلار (١١) کەس هەیە، ئەوانە ئەگەر بەگرێبەستیش بێ با دابمەزرێن و لە شوێنەکانی تریش کارێکی باشە، من تەرحێکم هەیە تەصەور دەکەم لە ڕووی مادییەوە زۆر زۆر هاوکارییەکی باشی وەزارەتی تەندروستی بکات، ئاماژەی بەوەدا کە شەش ملیار دیناری مانگانەیان لەبەر دستدا بووە، لە خاڵە سنوورییەکان شتێك هەیە پێی دەووترێ تەعقیم، دراوە بە سێ کۆمپانیا، مانگانە بە تێکرا نزیکەی (٣) ملیۆن دۆلاریان، هیچیش نیە تەعقیمەکە پەمپێکە دەیدەن لە تایەکان، ئەوە لەبری ئەوەی ئەم سێ کاکە (٣) ملیۆن دۆلاریان دەست بکەوێ بە تەعقیم، بۆیە باسی خاڵە سنوورییەکان ناکەم، باسی تەعقیم دەکەم، چونکە ئەوە مەوزووعی بەیانییە، وەزارەتی تەندروستی دەتوانێ خۆی ئەم تەعقیمە بکات بە کوڵتییەکی باش، لە ژێر چاودێری دەبێ و سەرچاوەیەکی گەورەی داهاتیش بگەڕێتەوە، هەرچەندە تەعقیم بۆ تایەی سەیارە ناکرێ بەس بۆ پارەکە دراوە، من پێشنیار دەکەم ئەم تەعقیمانەی خاڵە سنوورییەکان کە ئێستا دراوە بە کۆمپانیا و ڕەقابەشی نیە دەبێ بە سەرچاوەیەکی گەورەی زۆر باشی داهات بۆ وەزارەتی تەندروستی داوا بکرێ وەربگیرێتەوە و بدرێتە ئەوان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەلا وەیسی، فەرموو.

**بەڕێز وەیسی سعید وەیسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشیمان بۆ هەنگاو ڕێکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆڕۆنا و لە هەمان کاتیش دا ڕۆڵی هێزەکانی ناوخۆ و تەندروستی بەرز دەنرخێنین کە بەدڵنیاییەوە خزمەت و بەخشەکانیان شایستەی ڕێز و پێزانینن، لە ماوەی

چەند ڕۆژی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك ڕێکاری ڕاگەیاند بۆ ئەوەی هاووڵاتیان بتوانن لەو ڕێگایەوە ژیانی ئاسایی خۆیان ببەنە سەر، یەکێك لەو ڕێکارانە کردنەوەی دەرگای مزگەوت و شوێنە ئاینییەکان بوون کە ئەوە هەنگاوێکی گرنگ و مایەی دەستخۆشی یە، بەڵام ئەوەی پرسیاری منە ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە دەرفەت بدرێ بۆ ئەوەی ڕۆژانی هەینی نوێژی بە کۆمەڵ یان وتاری هەینی لە مزگەوتەکان بەڕێوە بچن، بەتایبەت کە ئەم هەفتەی داهاتوو هەم ڕۆژی هەینی یە و هەم جەژنی قوربانی پیرۆزیشە، خەڵك و موسولمانانی زۆر داوا دەکەن کە ئەو دەرفەتەیان پێ بدرێ بۆ ئەوەی بتوانن لە مزگەوتەوە ئەو عیبادەتە ئەنجام بدەن، خاڵێکی تریشم هەبوو بەڕاستی لە دەڤەری سۆران و چۆمان و مێرگەسۆر و ڕەواندز سنوورێکی بەرفراوانە، مایەی دەستخۆشی یە کە وەزارەتی تەندروستی لەوڕۆوە کەمتەرخەمی نەکردووە، خودی وەزیری تەندروستی سەردانی مەیدانی دەڤەرەکەی کردووە، بەڵام بەڕاستی کۆمەڵێك کەم و کورتی پێداویستیان هەیە من پێشنیار دەکەم دەرفەت هەبێ هەوڵ بدرێ لە دەڤەری سۆران لامەرکەزییەتەکی تەندروستی بدرێت، یەعنی ئەگەر نەکرێتە بەڕێوەبەرایەتی گشتیەکیش، بەڵام بەڕێوەبەرایەتیەك هەبێ بە دەسەڵاتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کە سەرپەرشتی ڕەوشی تەندروستی ئەو سنوورە بکات بەتایبەت لەو دەڤەرانە هەم ئامێری تەندروستی پێویستی پێیە، هەمیش نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ کە هەمیشە داواکاری هاووڵاتیانە، بۆیە داوا دەکەین لە داهاتوودا بایەخێکی زیاتر بەو دەڤەرانە بدرێت، چونکە هەم سنوورەکە بەرفراوانە، هەمیش هاتووچۆ بۆ هەولێر دەتوانین بڵێین بارگرانییەکی تر بۆ هەولێر دروست دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا إحسان، فەرموو.

**بەڕێز إحسان محمد سليم:**

**ب ناڤێ خودای مەزن و دلۆڤان.**

**بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی.**

لە پێشیدا دەبێژم پێغەمبەری خودا سلاو لەسەر بن بێژیتن (من لم يشكر الناس لم يشكر الله)، لەومانێ دەستخۆشیا و سوپاسیا حوکمەتا هەرێما کوردستانی دەکەین بە تایبەتی جەنابی وەزیری ناوخۆ و وەزیری تەندروستی براستی زۆر ماندی بووینە چەندین هەیڤە کو شوێنی حەتا ڕاددەیەکی ئێجگار مەزن شوێنا ژیانا خەلکی مە دەپارێزن ژڤێ ڤایرۆسی کۆرۆناییێدا، بەلێ هەر بۆ پاڵپشتی بۆ مامۆستا مەلا وەیسی وگوتنا وی سەبارەت مزگەفتا ئەز دبێژم باشترین چارەسەری هەر وەکی جەنابێ وەزیری تەندروستیش شومێ باشتر دزانیتن باشترین چارەسەرێن دەڤگەهێن خۆ پاقژیبە ئەرێ چ جێگا هەیە ئەڤرۆکە لە مزگەفتا و جهێن ئاینی پاقژتر هەبیتن؟لەبەر هەندێ کو ڤایرۆسی هەنێ نزیك نەبیتەوە، لەوما نیکو ئەڤرۆکە هۆلێن وەرزشی ڤا بووینە، ئەڤرۆکە بازار ڤا بووینە، جهێت ئێزدیحام ڤا بووینە داخازی دەکەین کو جارەکا دی ترێ ڕۆژێن خوتبە بێنە ئەنجامدان بەلێ دیڤ ڕێنماییا، دوو پرسیارێ دی تریشم هەنە لە جەنابی وەزیرێ تەندروستی ڕۆژا (٢٠)ی هەیڤا ئێك ئەم چار پەرلەمانتارێ ل دەڤەرا قەزا ئامێدیێ و ناحییێن دێرەلوك و شیلادزێ مە قەستا جەنابی وی کەرۆ دیڤ ئەمە لە ڕاپۆرتەکا تێر و

تەسەل بۆ جەنابی بردبوو کە بە نزیکترین وەخت جەنابی سەردانا قەزای ئامێدیێ و ناحیەی شیلادزێ و دێرەلوك و کانی ماسی و چامانکی و سەرسەنگی بکات ژ بۆ هەندێ گەلەك گلەیی و گازندەیی خەلکی وێ دەڤەرێ هەنە چارەسەریا وان ئەو تشتی بێتە ئەنجام دان، هەر دیسان ڤ دەڤەرێن وەك ناحیا شیلادزێ و دێرەلوکێ ئەڤ ناحیێ سەر بە قەزای ئامێدیێ و گەلەك کوردستانی تێ دێن بڕیارەك لە وەزارەتا تەندروستی دەرچوویا کو ڕۆژانێن هەینی دا ئەو دی نەبیتن، خەفەریات نۆبەتداری نەبیتن لە موستەشفایا، لەوما داخاز دەکەین ئەڤە بێتە هەلوەشاندن چونکە ئەو خەلکانە فەقیرە و هەژارە و جیێت گەشت و گوزارە گەلەك جارا کەسەك لێی نەساغ بیتن، بکەویتە ناڤ ئاویدا حەتا دەبەنا ئامێدیێ یان دەبەنا دهۆکی دڤین تەمام بوو، ئەم داخازێ دکەین ئەو عیدیەش نەبیتەوە، لەوەش خرا موهیمتر جەنابی وەزیری تەندروستی ئەڤەیە ئەڤرۆکە بۆچی عەمەلیات دیل خەستەخانیێ تایبەت پێت ئەهلی دهێنە ئەنجامدان، بۆچی لە خەستەخانێت حکومی وەخت نەهاتیە بێنە ئەنجامدان؟ ئەرێ خۆ خەستەخانێت حکومی پتری خەستەخانێت ئەهلی ڕێنماییا بەجێ ناهێنن پاڤژیا خەلکی مە هەژارە و فەقیرە؟ داخاز دەکەین عەمەلیات لە خەستەخانێت حکومیژی بێتە کرن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.محی الدین، فەرموو.

**بەڕێز د.محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای دەستخۆشی لە لیژنەی تەندروستی و وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ناوخۆ و کەرتە حزمەتگوزارییەکان کە بەگوێرەی ئەو توانا داراییە سنووردارە لەبەر دەستیانە، پێموابێ هەنگاوە سەرەتاییەکان هەنگاوی باش بوون، بەڵام ئەو پەتایە دەریخست کە سەرجەم بواری کەرتە خزمەتگوزارییەکان لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە ڕێکخستنەوە و بەهێزکردن و پاڵپشتی کردنی زیاتر هەیە، بەتایبەتی کەرتی تەندروستی لە ڕووی میلاکات دا، لە ڕووی ڕاهێنان دا، لە ڕووی ئامێر دا، لە ڕووی بنکە و نەخۆشخانەکان دا، ئەم پرسە پێموایە پرسێکی نیشتیمانی یە و پریسێکی نەتەوەیی یە و پەیوەندی بە ئاسایشی ژیانی هاووڵاتیانەوە هەیە، پێموایە دەبێ لە ژێر دەسەڵاتی حکومەت دا بێ، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو ئاسایشە بپارێزین، هەڵمەتی ڕاگەیاندن بەتایبەتی دەزگای میدیا و زانیاری پێموایە ڕۆڵی ئیجابی خۆی گێڕا لەو بابەتە، بە هەمان شێوە هێڵی گەرمی (١٢٢) پێموایە ئەوانە ڕۆڵێکی باشیان بینی، سەرباری ئەوانە هەندێك گلەیی و گازاندە لە دام و دەزگاکانی تەندروستی هەیە بەتایبەتی وەکو دکتۆریش ئاماژەی پێکرد ئەوەی لە چاودێری چڕ بەتایبەتی لە نەخۆشخانەی ڕزگاری، پێموایە دادوەرێکی بەڕێز نامەیێکی کراوەی بۆ هەم وەزیری تەندروستی و هەم بۆ بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی باس کردووە کە بڵاوکرایەوە، پێموایە موعاناتێکی زۆر گەورەی باس کردووە من لێرە نامەوێ بچمە ناو وردەکارییەکانی ئەو ئەوەیە، بەڵام یەك خاڵی باس دەکەم کە ئەو (bed)انەی کە لە چاودێری چڕدا هەبوو، هەشت (bed)ی تێدابوو، دوو کارمەندی تێدابوو، هەرجاری یەکیان دادەنیشن، دەبوایە بە ئاسنێك لە قەرەوێلەکەی بدەن تا دەچوون بە هانایان دا، بۆ خواردن یاخود بۆ ئاو، نامەکە بڵاوکرایەوە ئەگەر دکتۆر دوایی حەزی کرد بۆی ڕەوانە دەکەم بۆ ئەوەی تەدقیقی ئەو

بـابەتە بكـات، پشـتگیری لە هـاوڕێی ئەزیـزم د.كـاظم دەكەم سـەبارەت بە پاداشـت كردنـی كارمەنـدانی تەندروسـتی، خـاڵێكی تـر هەیە كە دەمەوێ ئیـزافەی بـكەم حكـومەتی عیراقـی بـۆ ئەوەی شوێنی ئەو پزیشك و كارمەندانەی تەندروستی چۆل نەبێ لە نەخۆشخانەكان دا ئەوانەی كە مـاوەی خانەنشـینیان هـاتبوو ئێسـتاكە دوایخسـتن بـۆ كۆتـایی سـاڵ، پێمـوایە ئەوە دەبـێ وەزارەتـی تەندروسـتی و ئەنجـومەنی وەزیـران ئەوانەی كە ئێسـتا مـاوەی خانەنشـینی هـاتووە درێژی بكاتەوە تا كۆتایی ساڵ وەكو پاداشت كردنێك بۆ ئەو بابەتانە، خـاڵێكی تـر گلەیـیەك هەیە كە نازانم چەنـد ڕاسـت و دروسـتە بەڵام بەشـێك لە هاووڵاتیـان باسـی ئەوە دەكەن كە هەنـدێك كەس بە نەخۆشی ئاسایی دەمری بەڵام لە سەنتەرەكانی چارەسەری كۆڕۆنا دەبێ ئیللا بە وەكـو دەڵێن نەخۆشی كۆڕۆنا هەژماری دەكەن لە بەیان وەفاتەكەی ئامـاژەی پـێ بـكەن، یەك پرسـیاری ئەوەم هەیە ئایا زۆربوونی ئەو پەتایە لەو ماوەیە بەتایبەتی لە چەند ڕۆژانی ڕابردوودا ئایا تەنها پابەند نەبوونی هاووڵاتیانە بە ڕێنماییەكان؟ یاخود هۆكاری تریشی لە پشتەوەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ بەڕێزت، كاك سەركۆ، فەرموو.

**بەڕێ. سەركۆ ئازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پرسیارم ئاراستەی بەڕێز وەزیری تەندروستی یە نامەوێ كات زۆر بكوژم، ئێستا لە كوردسـتان دا چەنـد جـۆر تێسـتمان هەیە، ئەوانە لە كـوێ بەرهەم هێنـراون؟ دووەم/ لە كـوێ لە كواڵتی كۆنترۆڵ دەرچوون؟ یەعنی ئەوە پرسـیارێكی گـرنگە بـۆ هاووڵاتیـان، ئەو ڤاكسـینەی كە ئێستا باسـی دەكرێـت لە دۆزیـنەوەی، ڤاكسـینی كۆڕۆنـا، زۆر جیـاوازە لە لێكۆڵینەوەكـان لەگەڵ ڤاكسینی ئەوانەی تووشبووەكانی دیكە، سێ جۆرمان هەیە، چەند جۆرێك باس كراوە، یەكێك لە پرسیارەكانی دیكەشم ئێمە تاكو ئێستا ئەو فەحسی ئەنتی بایۆتیكەكەمان بـۆ هـاتووە ئەوەی كە بزانێت ئەم شەخصە هەڵگری بووە پێشووتر یان مەناعەی لەشی تێدا هەبووە؟ پرسـیارێكی تـرم هەیە لەسەر جۆری ئەو دەرمانانەی كە بەكار دێت، یەكیان دەرمانێكی حەبە (٤٠) دانەی تێدایە بە (٢٥٠) دۆلارە و ئەم ڕێـژە پـارە زۆرە كە لەم وەزعە و دۆخـی ئـابووری هەرێمـی كوردسـتان لە ئاستێكدایە، دەرزییەكیش كە بەكاردەهێنرێت بۆ نەخۆشی كۆرۆنا هەمانە (١٦٢) ملگم تاكو (٦٠٠) ملگـم تێـدایە لە (٦٠٠) دۆلارەوە تێیـدایە تـاكو دەگـاتە (٢٨٠٠) دۆلار، ئەم ڕێـژە پـارە زۆرە چییـە؟ یەعنی بۆ حكومەت كارئاسانی نەكردووە بۆ وەزارەتی تەندروستی؟ ئەوەی كە ئێمە ئاگـادار بـین لە كواڵتی كۆنترۆڵیش دەرناچن، ڕێك لە توركیاوە بەشێكیان دێت بەس ڕێگە پێـدانیان پێـدراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس كاك سەركۆ، بەڵێ كاك جەلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال محمد أمین:**

**بەناوی خوای گەورە.**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێـڕای دەستخۆشـیمان بـۆ دەسـتەی سـەرۆكایەتی لیـژنەی تەندروسـتی بـۆ ئامـادەكردنی ئەو ڕاپۆرتە، هەروەها دەستخۆشی لە برای بەڕێزمان كاك د.سامان دەكەین بۆ ئامـادەبوونی و بەوەی

کە ئەو ماوە زۆرە ماندوو بووە و بەردەوام دەتوانم بڵێم بەشێوەی پێشمەرگە ئاسا لە مەیدان دا بووە و جێی دەستخۆشی یە، جێی سوپاس کردنێکی زۆرە، زۆر لە تاقەی خۆی سەرف کردووە، دەمەوێ پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز کاك د.سامان بکەم، ئەویش ئەوەیە ئێمە بە لیژنەیەکی لاوەکی لیژنەی تەندروستی چووینە دەڤەری گەرمیان، بەڕاستی کێشە و گیروگرفتێکی زۆر زۆریان هەبوو، هەم لە ڕووی ئەوەی کە گلەییان هەبوو لەوەی کە با بڵێین لە چاو ناوچەکانی سلێمانی و هەولێر و ئەوانە ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە، هەم لە ڕووی کەمی ستاف، هەم لە جۆری ئیدارەکەی جۆرێك لە گرفت هەبوو لەوەی کەوا مانگرتنێکی زۆر لە ناو کارمەندانی تەندروستی لەو سنوورە هەبوو، بۆیە داوا لە بەڕێزت دەکەین، هەرچەند دڵنیام جەنابت ئەکید ئاگاداری لەو جۆرە گرفتە و ئێمە ئەو حەفتەی کە چووین (٩) کەس وەفاتی کردبوو بەداخەوە، کە هەندێکیان دەیانووت بە هۆکاری زۆر بەسیت کە دەکرا چارەسەر بکرێ، ئەوەی کە کەمی ئۆکسجین بۆتە هۆکاری گیان لە دەستدانی هەندێ کەسیان، کە ئەوە ئیتر دواتر بۆ خۆتان دەتوانن ئەوەی لێ بکەن، بەڕاستی ئەوە مایەی نیگەرانی بووە تەمەننا دەکەین جەناب بە جیددیتر بچیتە سەر خەت بۆ دەڤەری گەرمیان، چونکە بۆ خۆی دەڤەرێکە ئاسەواری قوربانی و ستەمی ڕژێمی بەعسی لێ نەبڕاوە، ناکرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە، هەرچەند من دڵنیام ئێوە جوهد دەکەن، بەڵام دەکرێ زیاتر جوهدی بۆ بکەن بۆ ئەوەی ناوچەی گەرمیان لێرەش نەبێتەوە قوربانی جارێکی تر، زائیدەن یەك خاڵی تر، ئەوەی کە گرنگە باس دەکرێت ئەگەرچی جەنابت ئاماژەت پێدا ڕێژەی فەحس (٢٣٠٠)ە، بەڵام زۆر گلەیی هەبوو لەوەی کە لەو ناوچانە کە ئێمە سەردانمان کردوون کە عەدەدی فەحسەکان دەکرێ لەگەڵ هەڵکشانی ڕێژەی تووشبووان ڕێژەی فەحس بەرز بکرێتەوە، بەڵام ڕێژەی فەحس بەداخەوە دەتوانین بەجۆرێك لە جۆرەکان وەکو باسی دەکەن دابەزیوە ئەوەش دواتر ئەگەر وەڵامی بدەیتەوە، یەك پرسیاری تر بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ کە ئەوە بۆتە مایەی گلەیی هەندێك لە خەڵکانی ئێمە و خەڵکانی هەرێمی کوردستان، ئەو سەیتەرەی بەینی سلێمانی و هەولێر و دهۆك و ئەو حاڵەتانەی کە هەن دەڵێن هیچ پێویستی بەوە نیە لە ئێستادا ئیتر نێوان شارەکان دابڕێ، لەبەر ئەوەی کۆرۆنا لە سلێمانی هەیە بە هەمان مەسافە لە هەولێریش هەیە و لە دهۆکیش هەیە، پێویستی بەوە نیە ئەگەر (١٠٠) هاووڵاتی سلێمانی بێنە هەولێر وەك وایە (١٠٠)ی گەڕەکێکی هەولێر چووبێتە گەڕەکێکی تر، یەعنی حیکمەت نیە، لەبەر ئەوەی ئەوە کاتێك گرنگی هەیە لە ڕاستی دا سلێمانی با بڵێین هیچ حاڵەتێکی تێدا نەبێ، یان هەولێر هیچ حاڵەتێکی تێدا نەبێت، بۆیە ئەو ئاسایی کردنەوەیە ئەگەرچی دلنیام بڕیارتان داوە بە قۆناغ ئاسایی بکەنەوە، بەڵام پێموایە ئاسایی کردنەوەی ڕۆڵێکی گرنگی دەبێت، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، یەك تۆز ئیلتیزام بە کات دا بکەن هەر لەبەر خۆتان، شادی خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، د.بژار، فەرموو.

**بەڕێز د.بژار خالد عبدالله:**
**ب ناڤێ خودای مەزن و دلۆڤان.**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنا هەردوو وەزیرێت بەڕێز دەکەم، مـن دوو پرسـیارێت هەیـن بەڕێـز وەزیـری تەندروستی، ئێکێش وان پرسیاران سەبارەت ڕاپۆرتا لیژنا تەندروستیشی دا ئاماژە پێهاتەدان، بابەتێ فەرمانبەرێت گرێبەست، ئەڤ دوو نووسراوێت فەرمی ژ لە ئەنجومەنی وەزیران کو بۆ پەرلەمانی کوردستانی هاتین ژمارە (١٠٣٧٣) لە (٢٠١٩/١١/٢٨) هەروەسا (٩٥٩٥) (٢٠١٩/١١/١٢) لە هەردوو نووسراوا ئاماژە وەزارەتا دارایی و هەمی وەزارەتێت مەعنی دێنە ئاگادار کرن بۆ هەندێ ئیحصایەکی بکەم بەیاناتێت موتەعەلیق فەرمانبەرێت گرێبەست بۆ هەندێ دیڤ را بکەنە هەمیشەیی، بەڕێز وەزیری تەندروستی پرسیار ئەڤەیە وەکو مەبدەئێکی قانونی، وەکو عورفێکی ئیداری ئایا پشتی سێ ساڵ دا فەرمانبەر گرێبەست ئەگەر هاتو بەردەوام بوو لەسەر ئەرکی خۆ و بێ قسووریشی بوو هەژی هەمیشەیی کرنی یە، وەکو وەزارەتا تەندروستی و ئاماژە بە هەردوو نووسراوێت ئەنجومەنی وەزیران و چ بەرچاف ڕوونیەکا، چ ئیحصایا ژمارە فەرمانبەرێ گرێبەست لە وەزارەتا تەندروستی چەندە؟ ئایا ئەگەر بنە هەمیشەیی تا چ حەدەك بارگرانی دارایی دروست دەبێت یان نا؟ مافێ ئەو فەرمانبەرێت و فەرمانبەری هەموو وەزارەتا، ئەوە پرسیارەك، پرسیاری دووەم جەنابێ تە ئاماژەت پێدا کو ئەڤ ڤایرۆسی کۆرۆنا تەئسیری دەکا مەترسیا لەسەر هەلگرێت یان نەخۆشێت شێرپەنجە،لێرە پرسیار ئەوەیە بۆچی لەگەل پارێزگەها دهۆکی نیە نەخۆشخانەیەکا تایبەت بە شێرپەنجە ڤە نەهاتیە دانان؟ یا سێ مەوزووعا موتەعەلیقێ بە مەوزووعی سەردانا جەنابێ تە بکەم ڕاپۆرت داواکارییەك لەسەر نەخۆشخانەیەك دا گەلەکا باشە ناڤبەرا قەزای سیمێل لە دهۆکێ دا ئەگەر هەیکەلە ئەوە چەند ساڵێت هەر چێ کرن، ئەگەر بێتە تەمام کرن ئیستیفادەکی باش بۆ خەلکی سێمێل و دهۆکیش تێدا بەس دەبی نووسراو پشتی جەژنێ سەردانا جەنابێ تە کەم، بس حەز دەکەم هەردوو پرسیارێ دی سەبارەت فەرمانبەرێت گرێبەست لە وەزارەتێ و نەخۆشخانا تایبەت بۆچی لە دهۆکی نینە؟ هەردووکا جواب بدەی، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی بەڕێز وەزیری ناوخۆ (١٢) سەعاتی ڕێکە لێرەیە و من پێموایە ئەو پرسیارانەی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان لە مەسەلەی کۆرۆنا بەدیاریکراوی لە بەڕێز وەزیری ناوخۆ هەیانە پەیوەندی بە بازگەکانەوە هەیە، لەبەر ئەوە دەرفەتێکی دەدەینێ بۆمان ڕوون بکاتەوە، دواتر ئیزنی دەدەین بۆ ئەوەی جەنابیان بفەرمێ بڕوات و بەڕێز وەزیری تەندروستی بمێنێتەوە، بەڕێز وەزیری ناوخۆ، فەرموون.

**بەڕێز ڕێبەر أحمد خالد/ وەزیری ناوخۆ:**
**جەنابی سەرۆکی پەرلەمان.**
**ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان.**

من لە دانیشتنەکانی پێشووتریش بە کورتی هەندێك بابەتمان باس کرد، ئێمە لە کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سەرەتای ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ژوورەکانی

ئۆپەراسیۆنمان دروست کرد لە ئاستی وەزیرەکان و دواتریش لیژنەی باڵا بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت دروست بوو، لیژنەیەکی وەزاری جێبەجێکارمان هەبوو کە ئێمە سەرپەرشتیمان دەکرد، ئێستاش بەردەوامە، لە ئاستی پارێزگاکانیش پارێزگاکان لەگەڵ تەواوی بەڕێوەبەرە گشتییەکان کە لە ئاستی پارێزگا هەن، ئەندام بوون لە ژوورەکانی ئۆپەراسیۆن، هەم دەزگا ئەمنییەکان، هەم دەزگاکانی تەندروستی، هەم پێشمەرگە و هەمیش شارەوانی و ئەوقاف و گواستنەوە و گەیاندن، تەواوی ئەو وەزارەتانە ئەندام بوون، ئێمە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە پلان و بەرنامە و پرۆفێشنەڵانە مامەڵەمان لەگەڵ ئەو ڤایرۆسە کرد، پێش ئەوەی کە ڤایرۆس بڵاوببێتەوە هەنگاوی پێویستمان گرتەبەر، سەرەتاییترین هەنگاو بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڤایرۆسەکە قەدەغەی هاتووچۆ بوو، قەدەغەی هاتووچۆ لە هەنگاوە سەرەتاییەکانی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ئەوەی کە گواستنەوەی ڤایرۆسەکە ئاسان نەبێت و بە ڕێگای مرۆڤەوە لە شارێك بۆ شارێك نەگوازرێتەوە، ئەو بڕیارانەی کە دراون تەواوی بڕیارەکان لەسەر قەدەغەی هاتووچۆ لەسەر پێشنیار و داوای وەزارەتی تەندروستی بووە، کە بە نووسراوی فەرمی و پاڵپشت بە یاسای تەندروستی گشتی کە لە وەزارەتی تەندروستی جێبەجێ دەکرێت، ئێمە وەکو وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێکار بووینە لە جێبەجێ کردنی تەواوی ڕێنمایی و ڕاسپاردەکان، هەر زوو ئێمە سنوورەکانمان داخست، دواتر لەگەڵ پارێزگاکانی عیراق، دواتر لە ناو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، فرۆکەخانەکان ڕێکاری پێویست گیرانەبەر، ئێستاشی لەگەڵ بێت ئەگەر کێشەیەکی تەشەنە کردنی ڤایرۆسەکە لە گەڕەکێك، لە شارێك زۆر بێت ڕاسپاردەی تەندروستی ئەوەیە کە دەبێ قەدەغەی هاتووچۆ ڕابگەیەندرێ، یەعنی ئەو ڤایرۆسە پێی نیە، پێی ڤایرۆسەکە مرۆڤە، مرۆڤە کە دەیگوازیتەوە، بۆیە بەلاتانەوە سەیر نەبێت لە داهاتووش دا ئێستاش لە شوێنێك داوای قەدەغەی هاتووچۆ بکرێ، ئەم دەسەڵاتەش دراوەتە پارێزگارەکان، لە دوایین کۆبوونەوەی لیژنەی جێبەجێکار وەزارەتی تەندروستی لەسەر داوای تەواوی بەڕێوەبەرە گشتییەکان لە ئاستی پارێزگاکان پێشنیاری ئەوەی هەبوو کە نێوان پارێزگاکان وەکو خۆی بە توندی بمێنێتەوە، چونکە بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی لە ئاستی پارێزگا کێشەی هەیە لە مامەڵە کردن لەگەڵ ژمارەی تووشبووان لەگەڵ ژمارەی مردووانیش، بۆیە ئێمە پاڵپشت بەو داواکارییە لە دوایین کۆبوونەوە بڕیارمان دا کە ڕێکارەکانی هاتووچۆ لە نێوان پارێزگاکان ئاسان بکەین بەوەی کە ڕێگەپێدانی ئەلیکترۆنی بگەڕێنینەوە بۆ هاووڵاتیان، کێشەی سەرەکی بازگەکانی ئێمە ئەوەیە بەشێکی زۆری هاووڵاتیان موتابەعە یان بەدواداچوونیان نیە لەسەر شێوازی ڕێگە پێدان، ئەگەر دەشزانن ڕەنگە بەشێکیان نەتوانن لە ڕێی ئەلیکترۆنییەوە ئەو فۆرمە پڕبکەنەوە و داواکارییەکەی خۆیان پێشکەش بکەن، ئێمە بە حیسابی خۆمان ئیشێکی زۆر باشمان کردووە کە بەڕێگەی ئەلیکترۆنی بۆ ئەوەی هاووڵاتی نەچێت لەبەر دەرگای پارێزگا و قایمقام و ناحیە سرە بگرێت و قەڵەباڵغی دروست ببێ و بەرکەوتن دروست ببێ، گوتمان دەیکەینە ئەلیکترۆنی لە پەیجێك ئێستا کەس نیە ئینتەرنێتی نەبێت و سمارت فۆنێکی نەبێ، دەتوانێ لە ماڵی خۆی، لە ناو سەیارە، لە شەقام فۆرمێکی پڕبکاتەوە و ڕەزامەندی وەربگرێت، لێتان ناشارینەوە لەسەرەتای پرۆسەکە پارێزگارەکان زۆر بە ئەستەم ڕێگە پێدانیان دەدا، چونکە مەبەستی ئێمە ئەوەبوو هاتووچۆ نەبێ

ڕێنماییەکە ئەوەبوو کە هاتووچۆ نەبێت، لەم دواییە کە ڤایرۆسەکە لە حاڵەتی کۆنترۆڵ دەرچوو ژمارەی تووشبوون زۆر بوو، ژمارەی تووشبوونی ئێمە لە ڕێ یەك ڕەقەمی بوو بە دوو، دواتر بوو بە سێ ڕەقەمی، هیوادارم نەبێ بە چوار رەقەمی، لە سەدەکان بمێنێتەوە، ئەوەبوو هەندێك ڕێکارەکان توندتر کران، ئێستا کێشەکەی ئەو بەڕێزانە کە باس دەکەن چ لە بەینی ئێرە و عیراق، چ لە بەینی خۆمان لە پارێزگاکان، کێشەکەی ئێمە ئەمنی نیە و سیاسیش نیە، زۆر جاران لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، کێشەی ئێمە کێشەیەکی تەندروستی یە، پارێزگارەکان، ئاسایش، پێشمەرگە، زێرەڤانی، بەرگری و فریاکەوتن، پۆلیس، هاتووچۆ هەرچی توانای وەزارەتی ناوخۆ و بەشێکی وەزارەتی پێشمەرگەش لەگەڵ پاسەوانی سنووریش هەموومان هێناوەتە سەر خەت بۆ ئەوەی ئەو بابەتە کۆنترۆڵ بکەین، بەڕێزان ئەگەر بەس ئامارێکتان بدەمێ لەسەر ئەو مەوزووعە، ئێمە چیمان کرد لە ماوەی ڕابردوو لە ئەو هێزانەی کە لەسەر شەقام بوون، لە تەواوی پارێزگاکان (٣٧٤١) ئەفسەر، لەگەڵ ( ٤٣٨٢٥) ژمارەی کارمەند و پلەدارەکان، لەگەڵ (١٨٣٠) نەفەر لە خاڵەکانی پشکنین، ئەو ژمارە زۆرە نزیکەی (٦٠٠٠٠) نەفەر دەکات ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان بوونە، لەسەر سنوور بوونە، لە خاڵەکانی پشکنین بوونە، ئەم ژمارە زۆرەی هێزەکانی ناوخۆ وەکو هەر هاووڵاتییەکی تر کێشەی هەبووە، مووچەی نەبووە، لە قەیرانەکان بەشی هەبووە، بەڵام دیسان لە خۆبردووانە ئەرکەکانی جێبەجێ کردووە، ئەم ژمارە زۆرە ڕەنگە یەکێك لە ئەندامانی هێزەکانی ناوخۆ هەڵەش بکات، لە بازگەکان، لە مامەڵە کردن لەگەڵ خەڵك، بەڵام هیچ شتێك، ڕێنماییەك نەبووە کە لە بازگەکان کێشە دروست بکرێت، من لێرەوە لە هۆڵی پەرلەمان، لە ڕێگەی ئێوەی بەڕێز داوای لێبووردن بە ناوی هەموو هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ، بە ناوی پارێزگارەکان، بە ناوی قەزا و ناحیەکان داوای لێبووردن لە هەموو هاووڵاتیان دەکەین، لە هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەین کە لە بازگەکان دووچاری کێشە و گرفت بوون، مەبەستی ئێمە، مەبەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوە بووە کە ئێمە ڤایرۆسەکە کۆنترۆڵ بکەین، هیچ مەبەستێك نەبووە کە خەڵك ئەزیەت بکێشێت، هیوادارم ئەم بەڕێزانە ئەوانەی کە گرفتیان هەبووە لە بازگەکان لە مەوقیفەکە تێبگەن و ئەم ئاسانکارییەی کە بەم دواییەش کراوە و لە بازگەکان، هیوادارم ئەو کەسەی ناتوانێ فۆرمەکە پڕ بکاتەوە داوای هاوکاری بکات، ڕێنماییمان داوە بە پارێزگاکان ئەوپەڕی ئاسانکاری بکەن، وەکو بەڕێزتان ئاماژەتان پێکرد کە ژمارەی تووشبوون یەکجار زۆربووە، بۆیە ڕەنگە جیاوازی لە بەینی شارێك بۆ شارێکی تر نەبێت، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ڕاسپاردەی تەندروستی ئەوەیە کە ئێمە دەبێ ڕێکارەکان بە جۆرێك هەبێت کە لە نێوان پارێزگایەك خۆی هاتووچۆیەکە هەندە زۆر نەبێت کە ژمارەی تووشبووان زۆر بێت، لەگەڵ پارێزگاکانی تری عیراق بەتایبەتی ناوچەکانی ماددەی (١٤٠) و دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان ڕوونکردنەوەمان دا، ئێمە داواکارین کە ئەوانیش دڵیان گران نەبێت، هاووڵاتی ئێمەنە، برای ئازیزی ئێمەنە، ئێمە لەوێین بۆ ئەوەی پاراستنی ئەو خەڵکە و ڕێنماییشمان داوە بە پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك بۆ ئەوەی ماددەی (١٤٠) لە کەرکووك و لە موصل و لە دیالا و ئەو شوێنانەی کە ماددەی (١٤٠)ن ئاسانکاریان بۆ بکەن لەگەڵ ڕەچاوکردنی باری تەندروستی، چونکە بەڕێزان ئێمە هەولێر و دهۆك و سلێمانی و هەڵەبجە دەزانین چۆن کۆنترۆڵ دەکرێ، بەڵام نازانین موصل و کەرکووك چۆن کۆنترۆڵ دەکرێ، ئێمە

نـازانین ئەو خەڵـكەی دێـتە ئێـرە تووشـبووە یـان تـووش نەبـووە، هـیچ كۆنترۆڵمـان لەسـەر ئەو شوێنانە نیە، بۆیە تەئكید دەكەمەوە مەبەستی ئێمە تەندروستی یە و هیچ ڕێكارێكی ئەمنی نیە، بەڕێزێك باسی كرد كە یەكێك لە ئافرەتانی دووگیان منداڵێكی لە دەستداوە، من دەمەوێ بەبیـر جەنابتـان بێـنمەوە لەو پەرلەمـانی بەڕێـز لیژنەیەكتـان پێكهێنـا لەگەڵ لایەنە پەیوەندیـدارەكان بەدواداچوونتان كرد، دواتـریش ئەنجامەكانتـان بـڵاو كـردەوە بە فەرمـی كە ئەوە هـیچ كێشـەی ئەوە نەبووە بڵێی دواكەوتن بووە، بەڵكو منداڵەكە چەند ڕۆژێك پێش ئەوەی كە بیهێـنـنە هەولێـر گیانی لە دەستداوە و بابەتێكی زانستی بـوو، ڕەنـگە ئێـوە باشـتر ڕاپۆرتەكەتـان ئامـادە كـردووە، ئەنجامەكە لای ئێوەیە ئێمە ئەنجامەكەمان لە ڕێی پەرلەمانەوە بینی، خۆشمان بەدواداچوونمان كـرد، سـەرەڕای ئەوەش ئەوانەی لە بـازگەكە بـوون كارمەنـدانی ئاسـایش و پـۆلیس ئەوانەی كە كەمـتەرخەم بـوونە دیسـان ڕێكـاری پێویسـت بەرامـبەر ئەوانـیش وەرگیـرا، چـونكە لە حـاڵەتی پێویست هاوكاریان نەكردبوون، بۆ ئاگاداری جەنابتـان ئـێمە لەو بازگـانە چەنـدین گۆڕانكاریمـان كردووە، چەندین بەرپرسی بازگەمان گۆڕیوە، چەندین كارمەندمان گۆڕیوە، نەك لەبەر ئەوەی كە كەمتەرخەم بوونە، لەبەر ئەوەی ماندوو بوونە و هەنـدێك جـار گلەیـیش هەبـووە لە ئەشـخاص، بەڵام دیسـان ئاسـایش، پـۆلیس ڕێنمـایی پێـدراوە كە ئەو پەڕی ڕێـز لە هاووڵاتیـان بگـرن و ئێستاش پارێزگای هەولێر و سلێمانی وابزانم كێشەیەكی ئەوتۆ نەماوە، ئاسانكارییەكی یەكجار زۆر كراوە، من لەو حەفتەیە گلەییەكی وام بۆ نەهاتووە، چونكە عادەتەن گلەیی دەگـاتەوە ئـێمە لەو حەفتەی ڕابردوو گلەییم بۆ نەهاتووە، خەریكین ئەوەی كەركووك چارەسەر دەكەین، ئەویش دەكەینە ئەلیكترۆنی، بە ڕێگەپێدانی ئەلیكترۆنی دەكەیـن، وەكـو ئەوەی كە هـاتووچۆی ئێـران و توركیاش ئێستا خەریكین دەیكەینە ئەلیكترۆنی بۆ ئەو حاڵەتانەی كە قوتابی یە، خوێندكارە، یان نەخۆشە، یاخود بازرگانێكە كە دەیەوێ بێتەوە ئێرە ئیش بكـات، بـابەت زۆرە نـامەوێ وەختتـان بگرم تەئكید دەكەمەوە لەسەر ئەوەی كە ڕێكارەكانی ئێمە هەمووی لە خزمەتی هاووڵاتیان بووە، ڕێنماییەكـانی سـەرۆكی حكـومەتیش ئەوە بـووە كە ئەو پەڕی ئاسـانكاری و ڕێـز لە هاووڵاتیـان بگیرێت، زۆر سوپاستان دەكەم بـۆ تەحەمـول كردنمـان و هیـوادارم كە توانیبێتمـان وەڵامەكـانی پێویست وەربگرنەوە و بەیەكەوە لە پەرلەمان و لە حكومەت هاوكار بین كە ئەو ڕێكـارانە وەكـو خۆی جێبەجێ ببن، سوپاستان دەكەم زۆر زۆر مەمنون.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر زۆر سوپاس، سوپاس بۆ ئامادەبوونت، سوپاس بۆ وەڵامدانەوەكانت بەڕێز وەزیـری نـاوخۆ، بەڕێزتـان دەتـوانن ئیسـراحەتی خۆتـان وەربگـرن، لەبەر ئەوەی بەڕێزتـان (١٢) سـەعاتە لێـرەن، سوپاست دەكەین، فەرموون بەخێر بێ سەرچاو، بەڵێ كاك د.زیدان، فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشیدخان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەوەی من داواكاری بوو هەم بۆ بەڕێز وەزیری ناوخۆ و هەم وەزیری تەندروستی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

دەگات، لە ڕێی وەزیری تەندروستییەوە.

**بەڕێز زیدان رشیدخان اودل:**

بەهـۆی ئەو ئەرك و مانـدووبوونەی کارمەنـدانی وەزارەتـی نـاوخۆ و وەزارەتـی تەندروسـتی لەو ماوەی ڕابردوودا ئەنجامیان داوە داواکارم هەردوو بەڕێزان وەزیر ناوخۆ و وەزیری تەندروستی هەم سوپاس و پێـزانین بـۆ کارمەنـدانی هەردوو وەزارەت، هەم بەهـۆی قەیرانـی دارایـیەوە کە نەتوانـدراوە شایسـتەیەکی دارایـی زیـاد لە مووچەیـان پێشـکەش بکرێ، بۆیە داوا دەکەم پـلە بەرزکردنەوە (قدم) پێشکەشی سـەرجەم کارمەنـدانی ئەو دوو وەزارەتە بکرێ بەهـۆی هەوڵ و ماندووبوونیان، پرسیارێکی تریشم ئاراستەی بەڕێز وەزیری تەندروستی یە ئاماژەی بەوە کرد کە لە مانگی شوباتی داهاتوو ڕێژەی تووشبووان لە هەرێمی کوردستان دەگاتە دەوروبەری (١٢٠٠٠٠) واتـا ڕۆژانە (٢٠٠٠) کەس تێسـتی بـۆ دەکـرێ لەو (٢٠٠٠) لە دەوروبەری (٢٠٠) کەمتـر یـان زیـاتر توشبوو هەیە، واتا ئێمە ڕێـژەی (١٠%) توشـبوومان هەیە، ئەگەر لە حاڵەتێـك دا ئـێمە تێسـتەکان زیاد بکەین بۆ نمـونە ڕۆژانە بکەیـنە (١٠) هەزار کەس، کەواتە تووشـبوو لەسـەرووی هەزار کەس دەبێ، پلانەکـان چـۆنە؟ هەر بەردەوام دەبـێ لەسـەر (٢٠٠٠) تێسـت یـان کەم و زیـاد دەبـێ؟ واتـا ڕێژەی ئێمە لە کۆمەڵگادا لەسـەرووی (١٠%) بـۆ (١٥%) تووشـبوو هەیە، ئایـا ئەو پـلانە بەردەوام دەبێ تەنها لەسەر ئەو دوو هەزارە یان کەمتر یان زیاتر دەبێتەوە؟ دەستتان خۆش.

**بەڕێزد.ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لەنجە خان، فەرموو.

**بەڕێز لەنجە إبراهیم عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەم بۆ پێشکەش کردنی ڕاپـۆرتێکی گرنـگ پڕ لە داتا و زانیاری، هەروەهـا سوپاسـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان بە گشـتی و وەزارەتـی تەندروستی و نـاوخۆ دەکەیـن کە پێشـمەرگە ئاسا بـووینە قەڵغانی بەرگری بـۆ گیـانی خەڵکـی هاووڵاتیانی کوردستان، بەڕێزان لەو ماوەی کۆتـایی کە ڕێـژەی تووشبوو بە پەتـای کۆرۆنـا زیـاد بووە دیاردە و ڕەفتارێکی نەرێنی سەری هەڵداوە، ئەگەر کەمیش بێ پێویستە ڕێگری لـێ بکـرێ، ئەویـش هەنـدێك لە هاووڵاتیـانی بەڕێـز کە تووشـی پەتـای کۆرۆنـا دەبـن ئاشـکرای نـاکەن، بە عەیبەش دەزانن، ئەوە خەتەری لەسـەر ژیـان و لەسـەر زیـادبوونی تووشـبوون بە پەتـای کۆرۆنـا هەیە، یەکەم ئەوانەی کە بەرکەوتەی ئەو کەسـەینە نـازانن هەتـا بچـن تێسـتی خۆیـان بـکەن و ئاشکرابی ئایا ئەوان تووشـبوونە یـان تووشـبوو نیـنە، دووەمیشـیان کە دەوروبەریـان تێکەڵیـان نەبن بۆ ئەوەی خۆیان بپارێزن، من چوار پرسیارم هەبـوو زۆری کـرا، بەڵام ئەو پرسـیارە بـوو کە ئایا لە حاڵەتی وا کە ئەو جۆرە کەسانە ئاشکرا دەبن چ ڕێکار و میکانیزمێـك هەیە بگرێتەبەر بـۆ مـامەڵە کـردن و سـزادانیان تـا ئەو جـۆرە حاڵەتـانە دووبـارە نەبـنەوە؟ پرسـیاری دووەممـان/ هەمووممان دەزانین کەوا هەرێمی کوردسـتان و ناوەنـدە جیهانیەکـانی تەندروسـتی ئامـاژە بەوە دەکەن کەوا لە پایز و زستانی داهاتوو کاتێك ئەو پەتایە لەگەڵ پەتـای وەرزی ئەنفلـوەنزا تـێکەڵ دەبێ، ڕێـژەی تووشـبوون دەگـاتە ئاسـتێکی مەترسـیدار، ئایا پـلان و ڕێکارەکـانی لیـژنەی بـاڵای بەرەنگاربوونەوە لە هەرێمی کوردستان بۆ کەمکردنەوەی حاڵەتی تووشـبوون و ڕێگـری گـرتن لە زیانی ئەو شەپۆڵەی کە لە پاییز و زستان دا دێت چی یە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك هێڤیدار، فەرموو.

**بەڕێز هێڤیدار أحمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری تەندروستی جەنابت ماوەیەك پێش ئێستا تەصریحەکت دابوو، تێیدا باسی ئەوەت کردبوو کە لە دەست چووە، کۆرۆنا لە دەستی ئێمە دەرچووە، زەحمەت نەبێ لێدوانی یەعنی لە دەستچوون چییە؟ چۆنە؟ تەعریفەکەی چی یە؟ ئایا پارێزگاکانی تریش لەگەڵ ئەم تەعریفەی جەنابت موتەفیقن؟ یا نا؟ لەبەر ئەوەی بە پێی ئامارەکان کە لە ڕاپۆرتی بەڕێزتان ئیعلانتان کردووە بەوەی کە لە ئەرزی واقیع لە دهۆك هەیە وا نییە کە لە هەولێر و سلێمانی هەیە، تا ئێستاش تێنەگەیشتم بۆ سوود لە پارێزگای دهۆك وەرنەگیراوە کە ئەزموونی سەرکەوتنی ئەوان کە کۆرۆنا لەوێ بڵاو نەبۆتەوە یان زۆر بە تەسکی بڵاو بۆتەوە، نەهێنراوەتەوە بۆ بۆ هەولێر یان بۆ سلێمانی، کاکە ئێوە چۆن ئیدارەتان کرد؟ چۆن سەرکەوتن؟ چۆن بووە چۆن نەبووە، بێننە هەولێر، بێننە سلێمانی، بەڕێز وەزیر تەندروستی قەدەغەی هاتووچۆ هەبوو سەرەتای دەست بەکاربوونی کۆرۆنا، ئەم قەدەغە بۆ ئەوە بوو کە ئینتیشاری ئەو ڤایرۆسە نەبێت، یان لانی کەم بزانی وەزعی تۆ چۆن بێتن؟ دوای ئەو هەموو قەدەغەی هاتووچۆ لە ماڵەوە دانیشتن و ئەو خەڵکە کەرەنتین کران کە خەڵك هاتە دەرێ یەکسەر خەڵك تووش بوو، یەعنی ئێمە سەرکەوتوو نەبووین لەو بڕیارەی کە بە خەڵکمان وتووە لە ماڵێ دانیشە، بەڕێز وەزیری تەندروستی ئایا ئەگەر پێنج کەس تووش بوون، هەزار کەس تووشبوون، پێنج سەد کەس، دە هەزار کەس، پێنج سەد کەس گیانی لە دەست دا، ئەم ئامارە بە قەت هەرێمی کوردستان ئەوە دەهێنێ ئابووری هەرێمی کوردستان لەسەر دابنێی؟ پێم خۆش بوو بزانین لە کۆرۆنا چەند خەڵك؟ چەند زەرەری ئابووری بە هەرێمی کوردستان گەیشتووە، ڕەنگە ئەو داتایانە لای جەنابت نەبێت، ئێستاش باسی شەپۆلی دووەم دەکرێت بە پێی ڕاپۆرتی ئێوە (أسوأ إحتمالات) چی دەبێت؟ یەعنی چی ڕوو دەدات؟ نە ئەو کاتە وەڵلا دیسانەوە شەپۆلی دووەم ڕوویدا، دیسانەوە بکەوینە خۆ یەڵلا سەیارە قەپات کەن، جاددە قەپات کەن، خەڵك لە ماڵی خۆی بێ، ئێستا دەبێ چی بکەین؟ ئەو کات تووشی شۆك نەبین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەو ئامارانەی کە زۆر خەتەرن دەمەوێ بزانم، ئێستا زۆرترین تووشبووان لە ئەوروپا بیستمان پیرەکانن، بە تەمەنەکان، لە هەرێمی کوردستان ئێستا زۆرترینیان گەنجن، فەرقی فیزیکی لەشی ئێمە و ئەوان چۆنە؟ قسەی زۆر لەسەر ئەوە دەکرێت موزاعەفاتی کۆرۆنا چییە لەسەر بەشەرێك ئەگەر دواتر چاك بوو؟ لە درێژخایەن چیتر تووش دەبێ؟ کلیەی دەوەستێ؟ زۆر قسە دەکرێت، پێمان خۆشە ئەو ڕوون کردنەوە هەبێت لە ڕووی تەندروستییەوە حەز دەکەم جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی بابەتەکە ئێستا هەموو حکومەت، هەموو وەزارەتی تەندروستی بەس خەریکی کۆرۆنایە، ئەدی بابەتەکانی دی چین؟ من دوێنێ سەردانی کۆمپانیایەکم کردووە کە دەرمان دەینێتە هەولێر، دەینێتە کوردستان، سوێندی خوارد وتی منالم نەخۆش بێت دەرمانی کوردستانی نادەمێ، سوێندی خوارد کابرا شەریکەی هەیە دەرمانی دێنێتە ئێرە دەڵێ پزیشك هەیە بەس پێی دەڵێت ئەم شیرەی ئەم کۆمپانیایە بخوات سەیارەیەکی (jeep Cherokee) بۆ

دەكرێت، كرێویانە و هەیانە، بەڕێز وەزیری تەندروستی جەنابت لە كەرتی تەندروستیدای ئەوە ئاماری دەقیقن لە كۆمپانیاكانی هێنانی دەرمان لە هەرێمی كوردستان وەرمگرتووە، پزیشك لەسەر حیسابی كۆمپانیا هی ئەم هەرێمە دەنێرێتە دەرەوە پێش ئەم كۆرۆنایە، سەفەرەی پێ دەكات، پارەی لێ سەرف دەكات، منداڵی دەچێتە مەكتەب، كۆمپانیای هێنانی دەرمان دەچێتە بەردەرگای مناڵەكانی هەڵدەگرێت دەیباتە قوتابخانەی تایبەت جەنابی دكتۆر دەبێ وەزارەتی تەندروستی بەرنامەیەكی چاكسازی هەبێ لە كەرتی تەندروستی، ئەوەش كاتیەتی دەبێ دەست پێ بكەن..

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك هێڤیدار كاتەكەت تەواو، ئی ئێستا نییە ئەوە، دروستە قسەكەت كاك هێڤیدار، هی ئەم كۆبوونەوەیە نییە، كۆبوونەوەیەكی تر ڕێك دەخەین بۆ چاكسازی لە كەرتی تەندروستی بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی لە دوای جەژن، فەرموو، كاك ڕزگار.

**بەڕێز ڕزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەكەم، ئەوەی لە گەرمیان دا ڕوویدا بەڕاستی مەگەر لە صین ڕوویدابێ، وەكو ڕۆژان خان ئیشارەتی پێدا، ئەوەی لە گەرمیان دا ڕوویداوە كارەسات بوو و ئێستا لە گەرمیان وا قسە دەكرێ كەوا ئەوەی چۆتە خەستەخانەی قەڵا گیانی لە دەستداوە، ئەویش بەهۆی چییەوە؟ بەهۆی ئەوەی كۆمەڵێك پزیشك لەوێن ئەوانە خۆبەخشن، كاری ئەوان نییە، بەڕاستی ئەوانەیشی كەوا بڵێین پزیشكی هەمیشەیین و لە عیادەی ئێواران بۆ خۆیان بە پارە ئیش دەكەن وەدەر بە ژیانی ئەو خەڵكە نادەن، ئایا بەڕێز جەنابی وەزیر جەنابتان لیژنەیەك پێك دەهێنن بۆ بەدواداچوون بۆ هەموو شوێنەكان لەسەر ئاستی هەر چوار پارێزگاكە و لەسەر ئاستی هەردوو ئیدارە سەربەخۆكە بۆ ئەوەی لێكۆڵینەوە بكرێ؟ و دەستخۆشی لەو پزیشكانە بكرێ كە خزمەتیان كردووە و ئیجرائات لەگەڵ ئەو مودیر عام و بەڕێوبەرە گشتی و دكتۆرانە بكرێ كە كەمتەرخەم بوونە و بوونەتە هۆی مردنی گیانی خەڵك، شتێكی تر لێرە نازانم بەڕێزێك ئیشارەتی پێدا بۆچی لای ئێمە گەنجەكانیش دەمرێ؟ وەكو وتم لە خەستەخانەی قەڵا گەنج بووە تەمەنی (٣٣) ساڵ بووە گیانی لە دەستداوە، بەهۆی زیاد پێدانی ئۆكسجین كە ئۆكسجین خۆی ئاسن دەبڕێت، ئەوە هۆی نەزانی پزیشكەكە بووە، خەڵك هەیە من خۆم دەیناسم خزمیشە تەمەنی نزیك (٨٠) ساڵە لەبەر ئەوەی نەچۆتە خەستەخانەی قەڵا نەمردووە، من لێرە پرسیارێكی ترم هەیە، هەم بۆ جەنابت و هەم بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ لەسەر ئەو كولفەی كەوا دابین كراوە بۆ پارێزگا و بۆ ئیدارە سەربەخۆكان، من ئەوەی كە زانیاریم هەیە لە ئیدارەی گەرمیان دا پارەیەكی زۆر تەرخان كراوە، هەندێ شوێن دابین كراوە بۆ كەرەنتینە كردنی بەركەوتووانی (كۆڤید١٩)، بەڵام بە بەتاڵی ماوەتەوە و ئیتیفاق كراوە لەگەڵ خاوەن ئوتێلەكە، خاوەن جێگەكە كە ئەو پارەیە بڵێین بە شێوەیەك هین بووە، هیوادارین و داواكارین لە بەڕێزتان لیژنەیەك پێك بهێندرێت بۆ بەدواداچوون بۆ ئەو كولفانەی كە خەرج كراوە بۆ پارێزگاكان، یان وەكو خۆی سەرف كراوە یان نا؟ هەتا من ئەو پرسیارەم بۆ

جەنابی وەزیر بوو، پارە تەرخـان کـراوە بـۆ کارمەنـدانی وەزارەتـی نـاوخۆ کە لەسـەر جاددەکـان بوونە و ئەویش وەکو پێویست لە گەرمیان دا خەرج نەکراوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك شەمۆڵ، فەرموو، هەوڵ بدەن لە دوو دەقە، لە دەقە و نیوێك قسەکانتان تەواو بکەن.

**بەڕێز شەمۆڵ اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سـەرەتا دەستخۆشـیم بـۆ تەواوی پزیشـکان و کارمەنـدانی تەندروسـتی هەیە، لەگەڵ هێـزە ئەمنییەکان بە پۆلیس و ئاسایش و پێشمەرگە و پۆلیسی هاتووچۆشەوە، بەڵام هەنـدێ کەم و کـوڕی و جیـاوازی هەیە لە نێـوان شـارو شـارۆچکەکان ئەو هاوکـارییە مـاددی و کەل و پەلە تەندروستیانەی کە دێ بۆ وەزارەتی تەندروستی، بەداخەوە جیاوازی کـراوە لە دابەش کردنیـان، بۆ نمـونە لە شـاری کـۆیە بە وتەی بەرپرسـانی تەندروسـتی وەکـو پێویسـت هاوکـاری ئەو شـارە نەکراوە و هیچ جیهازێکی ئامێری هەناسەدان یاخود جیهـازی فەحسـی کۆرۆنـا بـۆ شـاری کـۆیە دابـین نەکـراوە، کە لە کاتێـك دا لە شـاری کـۆیە بەڕێـوەبەرایەتییەکی گشـتی لێـیە، واتـا ئەو بەڕێـوەبەرایەتییەی ئەوێ بە قەت بەڕێوەبەرایەتییەکـانی هەولێـر و سـلێمانی یە، بەڵام وەك پێویست هاوکاری نەکراوە، جگە لەوەش کۆیە بە پێنج ناحیەوە بڕی (٦٠) ملیۆن دیناری بۆ دابین کراوە لەو شەش ملیارەی کە لەلایەن بەغداوە دابین دەکرێ، ئەو دەرمانـانەی کە لە بەغـداوە دێ کۆیە حەقی (٦%)ە، بەڵام وەك پێویست دەرمانەکانیشی پـێ نـادرێ و بە پێویستیشـی دەزانـین پزیشك و کارمەندان و هێزە ئەمنییەکان پاداشت بکرێن، دەستتان خۆش، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك بەڵێن، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس دکتۆرە، من پرسیارەکانم کرا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاك مەلا ناصر، فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر أحمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین، بەڕاستی من پشتگیری لە قسەکانی ڕۆژان خان و کاك ڕزگار و کاك جلالیش دەکەم، ڕەوشی تەندروستی لە گەرمیان بەڕاستی زۆر زۆر خـراپە، لە هەموو ڕووەکـانەوە، دوو ڕاپـۆرتی پـڕ زانیـاری لە ڕێـگەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـانەوە ئاراسـتەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کراوە و لەوێشەوە ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کـراوە بە ژمارەکـانی حەز دەکەم ژمارەکانیشـی بنووسـرێ موتـابەعەی بکـات جەنـابی وەزیـر (١٠٠٢٠) لە (٢٠١٩/١١/٢١) و ژمـارە (١١٩٦) لە (٢٠٢٠/٢/٢)، بەداخەوە تـاوەکو ئێسـتا هـیچ وەڵامێـك نەبـووە، تەندروستی گەرمیانیش ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خەراپـی و داڕمـان دەڕوات، تەندروسـتی گەرمیـان کە

ژمارەی دکتۆر و کارمەند و فەرمانبەرەکانیان ژمارەیان کەم نییە، ژمارەیەکی زۆرە (١٨٠٠) کەسی هەیە لە سنووری ئیدارەی گەرمیان دا، بەڵام بە هۆی نەزانینی بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان و شارەزایی نەبوونی لە ڕووی ئیدارییەوە نەیانتوانیوە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك دابەشی بکەن و بتوانن ئیش و کارەکان بە شێوەیەکی ڕێك و پێك بڕواتە ڕێوە، بۆ نمونە نەخۆشخانەی خێرخوازی قەڵا کە (٧٠) قەرەوێڵەیی یە، ئەوە لەلایەن خێرخوازانەوە دروست کراوە بە بڕی ملیۆنێك و دوو سەد هەزار دۆلار، بۆیە بۆ نەخۆشی کۆرۆنا بەڕاستی ئەم نەخۆشخانەیە هیچ خزمەتگوزارییەکی تێدا نییە کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیانەوە هاوکاری کرابێ، بۆیە قسەکەی کاك ڕزگار هەر نەخۆشێك دەڕوا بۆ ئەوێ بە هیچ شێوەیەك نە حەب، نە دەرمان، نە خزمەتگوزاری هیچی تیانییە ئەو موستەشفایە، حەز دەکەین لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەش بڕوات بۆ ئەوەی کە تەحقیقی تێدا بکات، دوو/ تەبعەن ئەم تەندروستی گەرمیان ئەوا نەبوونی بەڕێوەبەرێکی تەندروستی دڵسۆز نییە، نەبوونی نەخۆشخانەی بینای باشی تێدا نییە، نەبوونی دکتۆرێکی باش لە نەخۆشخانەکە وەکو پێویست نییە، تەواونەکردنی بینای نەخۆشخانەی (١٠٠) قەرەوێڵەیی تەبعەن ئەوە لە (٢٠١٣)وە هەیکەلەکەی تەواو کراوە، بەڵام هەتا ئێستا ئیشی تێدا ناکرێ ئەوە زۆر زۆر زەرووەرە بۆ سنووری گەرمیان، دکتۆری خەفەر بەڕاستی ئامادەی نەخۆشخانەکان نابێ، لە عیادەکانیان بە تەلەفۆن یان هەر جوابیش نادەنەوە، کە جوابیش دەدەنەوە دەڵێ ئەو نەخۆشە ئیحالەی سلێمانی بکە، چەندین ڕووداوی هاتووچۆ بەڕاستی بە ڕێگای مردن ناسراوە، ڕێگای کەلار-سلێمانی چەندین جار .....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەلا ناصر، ئێمە دەزانین کێشە هەیە لە تەندروستی گەرمیان، سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئەوە دەزانێ بەڵام تەرکیز بکە سەر مەسەلەی کۆرۆنا، سی سانیەت ماوە.

**بەڕێز عبدالناصر أحمد علی:**

مەسەلەی کۆرۆنا ئەوەیە ئەو نەخۆشخانەی قەڵایە بەڕاستی هیچ خزمەتگوزارییەکی تێدا نییە، دەستتان خۆش، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش سوپاس، کاك دیاری، فەرموو.

**بەڕێز دیاری أنور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری تەندروستی چی وای کردووە لە کاتی پشکنینەکان دا لە ماوەی ڕابردوودا بەتایبەت لە پارێزگایەك کێرڤی تووشبوون بۆ نمونە لە لوتکەدا بوو، بەڵام سەیر دەکات لەوێ ڕێژەیەکی کەم پشکنین ئەنجام دەدرا، بە نمونە ئەو پشکنینانەی کە ئەنجام دەدرا لە (٨٠%)یان پۆزەتیف بوو، بەڵام لە هەندێك پارێزگای دیکە بۆ نمونە (٤٠٠) فەحس دەکرا مەسەلەن بڵێی (١٥) یان (١٦) یان (٢٠) پۆزەتیڤی هەبوو لە کاتێك دا پێویست بوو لەو کاتەدا نمونە ئەگەر ئێستا کێرڤ لە شوێنێکی دیکە بەرز ببێتەوە پێویستە پشکنینی زیاتر بکرێ، یەعنی (إلخ) لە پارێزگای سلێمانی نزیکی چوار بۆ پێنج ڕۆژ لە گەرمەی ئەو کاتەی کە بۆ نمونە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو لە سلێمانی دا لەگەڵ بەڕێوبەری تەواوی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە ڤایرۆسی

کۆرۆنا قسەم کردووە و بەڕێوبەری تەندروستی سلێمانی، ئەوانەی کە بەرپرسن لەو سنوورە لە کەرتی تەندروستی نزیکی سێ بۆ چوار ڕۆژ پێموایە کیتی فەحس کردنی نەخۆشییەکە نەبووە، بە نامەش بۆ بەڕێزتانم نارد، ئەوە بۆ؟ یەعنی لە حاڵەتێکی ئاوادا یەعنی ئەگەر ئێوە پلان و ئامادەکارتان کردبێ بۆ ئەوە ڕوو نادات؟ خاڵێکی دیکە کە گرنگە دەبێ وەڵامی وەربگرمەوە، بەڕێز وەزیری تەندروستی کێ ڕێگەی داوە هەندێك لەو نەخۆشخانە و عیادە ئەهلیانە پشکنینی ڤایرۆسی کۆرۆنا بکەن؟ خەڵك هەیە پارەیەکی زۆریان لێ سەندووە، چواردە ڕۆژ کەرەنتینیان کردووە، ماڵەوە و هەموو ئەوانە، دوایی دەرچووە ئەسڵەن ڤایرۆسی کۆرۆناشی نییە و پارەیەکی زۆریان لێ سەندووە، کێ ڕێگەی بەوانە داوە؟ هەتاوەکو ئێستا باسی دوو ڕۆژ لەمەوپێشت بۆ دەکەم لە سلێمانی خەڵك نەیتوانیوە نەخۆش بووە و هەموو نیشانەکانی هەبووە فەحسی بۆ نەکراوە، چووە لە نەخۆشخانەی ئەهلی فەحسی کردووە، بۆ ئەوەی کە بزانێت ئیتر نەگەتیڤیش بن زۆربەی پەنا دەبەنە بەر نەخۆشخانە و عیادەی ئەهلی، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ ئەوانە وەکو پێویست کاریان لەسەر نەکراوە و دەبێ هەتا ئێستا پەنا ببرێتە بەر ئەوانە؟ یەك خاڵی زۆر گرنگ کارمەندانی تەندروستی ئەمشەو کارمەندێکی تەندروستی لە سۆرانەوە پەیوەندی پێوە کردن گرێبەستە دەڵێ هەشت مانگە مووچەمان وەرنەگرتووە، وایە ئەوە؟ ئەوە پاداشتەکەیانە؟ لەم کاتەدا لەم هەشت مانگە قورسەدا فەرمانبەرانی تەندروستی ئەوانەی کە گرێبەستن مووچەکەیان وەرنەگرتووە، بۆ خۆبەخشەکان ناکەن بە گرێبەست؟ گرێبەستەکانیش بە هەمیشەیی؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، لیزا خان، فەرموو.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێز وەزیری تەندروستی.**

پرسیارێکم هەیە زۆر نزیکە لە پرسیارەکەی کاك دیاری، بەڵام پەیوەستە بە پارێزگای هەڵەبجەوە، ڕۆژانە تێبینی ئەو داتایانە دەکەم کە لەلایەن وەزارەتەکانەوە پەخش دەکرێ لەسەر تووشبووانی کۆرۆنا، تێبینیم کردووە لە پارێزگای هەڵەبجە تێستەکان هەموو ڕۆژ کەم دەکرێ، کە لەگەڵ ئەوەدا ڕێژەی تووشبوون لەوێ زۆر زۆرە، بۆ نمونە ئەگەر (٣٥) تێست بکرێ نمونە دەڵێم لە ڕۆژێك دا (١٥)یان پۆزەتیڤە، ئەگەر ئەم ڕێژەیە لێك بدەیەوە زۆرە، بۆچی تا ئێستا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە؟ ئایا کێشەکە لای وەزارەتە یاخود لای تەندروستی هەڵەبجەیە؟ پرسیارێکی تریشم هەیە لەسەر دەرمانێك بە ناوی (favipiravir) ماوەیەك پێش ئێستا بەڕێوبەرایەتی تەندروستی هەولێر باسی لەوە کرد کە نزیکەی هەزار پاکەتی لەو دەرمانە کڕیوە بۆ هەولێر، ئەو دەرمانە وابزانم بە بێ بەرامبەر بە خەڵکی دەدرێت، بەڵام لە پارێزگای سلێمانی ئەو دەرمانە نەکڕدراوە، هەروەها خەڵکەکە خۆی دەیکڕێ لەسەر ئەرکی خۆی، کە ئەوەش بارگرانییەکی زۆر لەسەر خەڵکی ئەوێ دروست دەکات، هۆکار چییە کە ئەم دەرمانە لە هەولێر کڕدراوە بەڵام لە سلێمانی نەکڕدراوە؟ هەرچەند وتەبێژی تەندروستی لە سلێمانی باسی لەوە کرد، لەبەر ئەوە ئەو دەرمانەمان نەکڕیوە کە هیچ چۆن بڵێی ئەنجامێکی نییە، ئایا ئەوە ڕاستە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس لیزا خان، ژیان خان، فەرموو.

**بەڕێز ژیان طاهر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیاری من بۆ جەنابی وەزیری تەندروستی ئەوەیە کە جەنابی وەزیر من دوو جار پشکنینم کردووە، جارێك لە هەولێر، جارێکیش لە دهۆك، ئەوەی لە هەولێر کردوومە لە ڕێی دەم و لە ڕێی کەپوو پشکنینم بۆ کرا، بەڵام ئەوەی لە دهۆك تەنیا لە ڕێی دەمەوە بوو، ئەوە بووە هۆی ئەوەی گومانم لا دروست بێ لە ئەنجامی پشکنینەکان لە ڕاستی دا، پرسیارەم کرد لە ستافی تەندروستی دهۆك کە بۆچی تەنیا لە دەمەوە پشکنین دەکەن؟ گوتیان ئەوەی لە کەپوو دەکرێ ئەنجامەکەی زۆربەی جاران هەڵە دەردەچێت، ئەگەر وایە لە ڕووی زانستییەوە تا چەند وەڵامیان ڕاستە؟ ئەگەر ڕاستە بۆ لە هەولێر بە هەردوو شێوە پشکنین دەکرێت؟ ئەگەریش نا ئەوا گومان ناخرێتە سەر ئەنجامی پشکنینەکانی دهۆك؟ بابەتێکی تر پزیشکانی دهۆك نازنم من ئی هەولێر و سلێمانی مولاحەزەم نەکردیە بەس لە دهۆك کە چووەمە چەند نۆڕینگە بەداخەوە پزیشکەکان پێگری ڕێنماییەکانی تەندروستی ناکەن، پرسیارم لە چەند پزیشکێك کرد ئێوە پزیشکن بۆ پێگری ناکەن؟ گوتیان ئەوەی خودا بۆت نووسیبی ئەوە دێتن، پێویست ناکات پێگری بکەی، جا ئەوە وەڵامی پزیشکێك بێ چاوەڕێی چی دەکەین لە خەڵکی ئاسایی، بە بۆچوونی من دەبێ لەسەر پزیشکان ئیجبار بکرێ کە پێگری ڕێنماییەکان بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك ڕزگار، فەرموو.

**بەڕێز ڕزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارم لە بەڕێز وەزیری تەندروستی ئەوەیە زۆرجار باسی ئەوە دەکرێت کە ئەم ڤایرۆسە دەستکردی هەندەك دەوڵەتی زلهێزە مرۆڤ دەتوانێ لەم جۆرە ڤایرۆسانە دروست بکاتن، ئایا ئەوە لە ڕووی زانستییەوە دروستە یان نا؟ مەبەستم ئەوەیە کەواتە ئەگەر وابێ مرۆڤایەتی هەمیشە لەژێر هەڕەشەیەکی زۆر زۆر جیددی یە، خاڵی هەرە گرنگ بۆ کۆتایی هاتن بەم وەزعە و بەم زرووفە دۆزینەوەی ڤایرۆسەکی ڕاستەقینەیە، ئایا هەرێمی کوردستان خۆی سەرقاڵی دۆزینەوەی ڤاکسینە بۆ ئەم پەتایە؟ ئا یان نا؟ خاڵی تر، ئێمە مەبەستم زیاتر ئەوەیە ئەگەر هەرێمی کوردستان، تەبعەن ئەو هەڵسوکەوتەی کە ئێستا بەشەر لەگەڵ سروشت دەکات بە تەئکید ئەوە ئینشاڵلا ئاخیر ڤایرۆسە، بەڵام دەبێت چاوەڕێی نەخۆشی تریش بکەین، پرسیارم ئەوەیە ئایا هەرێمی کوردستان نە لۆ تەنیا ئەم ڤایرۆسە لۆ ئایندەیەکی درێژخایەنیش بڕوا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پەتایەکی تر کە ژیانی هاووڵاتیانی کوردستان مرۆڤایەتی بخاتە ژێر مەترسی و هەڕەشە، ئایا هیچ بەرنامەیەکی درێژخایەنتان هەیە یان نا؟ خاڵی تر ئەگەر ڤاکسین تا دوو ساڵی تر نەدۆزرێتەوە مەترسییەکان بۆ هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئابوورییەوە و لە ڕووی مەترسی لەسەر ژیانی مرۆڤەوە چ دەبێت؟ ئاخیر نوقتە کە حەز دەکەم باس بکەم زۆرجار باسی تەنیا چارەسەری فیزیکی دەکرێت لە وەزارەتی تەندروستی هەرچەندە بەڕێزتان بینیم کە

باسـی کێشـەکانی دەروونـی و کـۆمەڵایەتیش دەکەن، بەڵام لە ئاسـتی پێویسـت دا نیـیە، تەندروستی دەروونی و فیزیکی دوو شتی لە یەك جیانەکراون و تەواوکەری یەکترن و ئەوانەش هەر دەتوانن ببنە سەبەبی کێشەی کۆمەڵایەتی، ئێوە لە خوێندنی باڵا و دامەزراندن و پەرەپێدان و ڕۆشـنبیر کردنـی خەڵـك لە کێشـەکانی دەروونـی کە دەبـنە هـۆی کێشـەکانی کـۆمەڵایەتی چ بەرنامەتان هەیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.زانا، فەرموو.

**بەڕێز د.زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەستخۆشی بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی بۆ ئەم داتا و ڕوونکردنەوانە پێشکەشی کرد و بۆ ڕێکارەکـانی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان کە بێگومـان لە قۆناغەکـانی خۆپـارێزی دا تەواو سـەرۆکەوتوو بـووین، بەڵام ڕەنـگە لێـرە و لەوێ لە قۆناغەکـانی چارەسـەری دا لە هەمـوو دونیـا گرفت هەبێ، گرنگ ئەوەیە ئێمە بتوانین لە جەلسەیەکی وادا پەنجە بخەینە سەر گرفتەکـان، بـۆ ئەوەی پلانـی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لەبەر چاومـان ڕوون بێـت، بـۆ ئەوەی لە ئاینـدەدا بزانین بەرەو کوێمان دەبەن، خاڵی یەکەم کە دەمەوێت ئاماژەی پـێ بـکەم ئـێمە لە چوارچێـوەی یاسای تەندروستی گشتی عیراقی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ بەڕوونی هـاتووە کە ئەرکـی دەوڵەتە سـەلامەتی تەندروسـتی هاووڵاتیـانی خـۆی بپارێزێـت، دەوڵەت بەو مەفهـومەی کە ئەو یاسـایە یاسـای عیراقـی یە و بەرکـارە لە هەرێمـی کوردسـتان، بەو مانـایە دێـت کە دەبـوایە حکـومەتی مەرکەزی زیاتر بچێتە ژێرباری ئەم خەرجییانەی کە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش وەك هەر هاووڵاتییەکی تر لە پارێزگاکانی عیراق پێویستیان پێی دەبێت بۆ قۆناغی خۆپـارێزی و قۆنـاغی چارەسەری بۆ دابین کردنـی پێداویستییەکانیان لە نـاو دامەزراوە تەندروستییەکان کە بە پێـی ئەو ئامـارانەی بەڕێـز وەزیـری تەندروسـتی ئامـاژەی پێکـرد، بینیمـان کە نـزیکەی (١٣) ملیـار بـۆ بودجەی وەزارەتی تەندروستی تەرخان کراوە بۆ خەرجییەکان و نزیکەی (٢٥) ملیاریش تەنها بۆ کەرەنتـین کردنـی هاووڵاتیـان لە ڕێگـای پارێزگاکـانەوە تەرخـان کـراوە کە ئەوەشـیان هەر میزانییەیەك بووە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان ئەو (٢٥) ملیـار دینـارەی داوە بە پارێزگاکـانی هەرێمـی کوردسـتان، بـۆ ئەوەی کەرەنتـین کردنـی هاووڵاتیـان کە لە دەسـتپێکەوە لە ئەنجـامی بەدواداچوونی ئەرکی لیژنەکەمان بەدواداچوونمان کە خەرجی هەر هاووڵاتییەك لە شـوێنەکانی کەرەنتـین بریتـی یە لە ملیۆنێـك بـۆ ملیـۆن و دوو سـەد هەزار دینـار بـۆ مـاوەی چـواردە ڕۆژ بە سـەرجەم پێداویسـتییەکانییەوە، کە ئەوەشـیان خەرجییەکـی زۆرە لەسـەر حکـومەتی هەرێمـی کوردستان، جگە لەوەی حکومەتی مەرکەز بڕیارێکی دەرکرد من لێرەدا پرسیار لە بەڕێـز وەزیـری تەندروستی دەکەم کە دوو جار بەڕێزیان لەگەڵ شاندێك سەردانی بەغدایان کرد ئامادەبوون لەو کۆبـوونەوە لەگەڵ وەزارەتـی تەندروسـتی حکـومەتی فیـدراڵی، ئایـا ئەم بڕیـارەی وەزارەتـی تەندروسـتی عیراقـی کە بـۆ سـتافی تەندروسـتی بـۆ هێزکاری تەندروسـتی کە بـڕی پاداشـتێك، موکافەئەیەك بۆ ئەوانەی لە ناو سەنتەری چارەسەری کۆرۆنا دا کار دەکەن تـا چەنـد ڕەزامەنـدی دراوە بۆ ئەوەی هێزکاری تەندروسـتی لە هەرێمـی کوردسـتانیش بـێ بەش نەکـرێن، دیسـان بەر

مەبنای ئەم یاسایەی کە ئاماژەمان پێیدا هێزکاری تەندروستی لە هەرێمی کوردستانیش مافی خۆیانە بێ بەش نەبن لەم پاداشتە، لە هەمان کات دا ئایا ئەنجامی ئەم پێشنیارەی وەزارەتی تەندروستی چی بووە؟ بۆ ئەوەی دەزانین کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی خراپدایە ناتوانرێ پاداشتی هێزکاری تەندروستی بکرێت، بەڵام وەك لە ڕابردووە بەدواداچوونمان کرد نووسراوێك ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیان کردووە بۆ ئەوەی دەرەجەیەك لە (سلم)ی وەزیفی فەرمانبەران وەکو (قدم)ێك پێیان بدرێ، ئایا ئەنجامی ئەوە چی بووە؟ لە هەمان کات دا ئێستا گلەییەك هەیە لە شێوازی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە قۆناغی چارەسەری ئەویش ئەوەیە بەشێك لە هاووڵاتیان دەڵێن ئەوانەی کە دەچنە قۆناغی ئەوەی لە بەشی چاودێری چڕی هەناسەدان چارەسەر بکرێن، تاوەکو ئێستا هیچ لەو نەخۆشانە چاك نەبوونەتەوە بەداخەوە سەرجەمیان گیانیان لە دەستداوە، ئایا ئەگەر ئەوە دروستە ڕوونکردنەوەیەك لەلایەن بەڕێز وەزیری تەندروستییەوە لەم بابەتە بدرێت، بەسوپاسەوە.

خاڵی کۆتاییم ئەوەیە ببوورن درێژم کردەوە، خاڵی کۆتایی ئەوەیە تەئیدەن بۆ بەشێکی قسەکانی برای بەڕێز کاك سەرکۆ ئاماژەی بە جۆری دەرمانێك کرد کە ئەو دەرزییەی کە لە دوو هەزار دۆلارەوە دەست پێ دەکات بۆ زیاتر، ئێمە دەزانین بەدواداچوونیشمان کرد لە لیژنەی تەندروستی کە ئەم دەرمانە لە ڕێگای دەزگای کواڵتی کۆنترۆڵی دەرمانی هەرێمی کوردستان نەهاتۆتە هەرێمی کوردستان، کەواتە بە ڕێگای نایاسایی هاتۆتە هەرێمی کوردستان، بەڵام دیارە لە چ شوێنێك و لە چ پارێزگایەك لە چ شوێنێك، لە چ دەرمانخانەیەك دەفرۆشێ و مامەڵە بە گیانی هاووڵاتیان دەکرێ، ئایا وەزارەتی تەندروستی لە ڕێگای بەشی تایبەتمەندی خۆیەوە بۆ هەوڵی ئەوە نادات کە ئیجرائاتی پێویست بکرێ و ئیجرائاتەکانیان ئیعلان بکەن بۆ خەڵك؟ هەر هیچ نەبێت هاووڵاتیان بۆ ئەوەی هۆشیار ببنەوە، خەڵکێکی کەم دەرامەت هەیە بەدوای کڕینی ئەو دەرزییانەوە بووە کە پارەیەکی زۆرە ناتوانێ دابینی بکات، پلازمای خوێن بەداخەوە ئەویشیان لە هەندێك شوێن دا خەریکە مامەڵە بە گیانی هاووڵاتیان دەکرێت، ئایا ئیجرائاتەکانی وەزارەتی تەندروستی لەم بارەیەوە چیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك لقمان، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین، دەستخۆشی لە وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ دەکەین بۆ ئەو هەوڵانەی لە ماوەی ڕابردوو داویانە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئاشکرایە کە لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لەڕێگای هەڵمەتێکی خێرخوازی ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشخانەی خێرخوازی کراونەتەوە، ئایا پلانی وەزارەتی تەندروستی پیە بۆ دابین کردنی میلاکاتی پێویست لە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی بۆ ئەم نەخۆشخانەیەی کە ئێمە پێشنیازی ئەوە دەکەین ژمارەیەکی زۆر لە خۆبەخشانی دەرچووی بوارە جۆر بە جۆرەکانی تەندروستی لە نەخۆشخانەکانی کۆرۆنا دەوامیان کردووە، پێشنیازی ئەوە دەکەین کە ئەوانە لەم شوێنانە میلاکات بەوانە پڕ بکرێتەوە، لەڕاستیشدا نابێ دامەزراندن لە کەرتی

تەندروستی بوەستێنرێت، چونكە كەرتی تەندروستی كەرتێكی گرنگە و پەیوەندیدارە بە خزمەتگوزاری تەندروستی و سەلامەتی هاوولاتیان، خاڵێكی تر دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم ئەوەیە كە پشتیوانی لەم بۆچوونە دەكەم كە بە پاداشت كردنی، حیساب كردنی دوو قاتی خزمەتی ساڵێك بۆ كارمەندانی پزیشكە بەڕێزەكانی بواری كەرتی تەندروستی كە لە بواری ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڤایرۆسی كۆرۆنا كاریان كردووە، پێویستە وەزارەتی تەندروستی زوو بە زوو ئەم پاداشتە ڕابگەیەنێ وەكو هاندانێك بۆ پزیشك و كارمەندانی كەرتی تەندروستی كە لەم بوارەدا پێشمەرگە ئاسا خزمەت دەكەن، بەپێی بەدواداچوونی ئێمە بە حوكمی ئەوەی كە لە لیژنەی تەندروستی ئەندامین، جۆرێك ناهاوسەنگی هەیە لە نێوان شار و شارۆچكەكان لە میلاكاتی پزیشكی بەتایبەت لە ناوچە دوورە دەستەكان، قەزا دوورە دەستەكان، بۆ نمونە قەزایەكی وەكو چۆمان و مێرگەسور و هەروەها پێنجوین و ناوچە جیاوازەكانی تر جۆرێك ناهاوسەنگی هەیە لە میلاكات هۆكاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دكتۆرە بەڕێزەكان بە زەحمەت لەو ناوچانە دەوام دەكەن، چونكە ژمارەی دانیشتوانیان كەمە، ڕەنگە بواری نۆرینگەی پزیشكی كەمتر بێ، ئایا پلانی وەزارەتی تەندروستی چییە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەوە بكات؟ چونكە ئەم ناوچانە زۆر مەغدوورن بەتایبەت لە بواری ئیختیصاصاتی جۆر بەجۆر، هەروەها پشتیوانی لە بۆچوونی كاك مەلا وەیسی دەكەم سەبارەت بە كردنەوەی بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی سۆران، لەڕاستی دا سۆران (١٥٠) هەزار كەس دانیشتووی شاری سۆرانن، جگە لەوەی قەزاكانی چۆمان و ڕەواندز و مێرگەسۆریش بەشێكی فشاری تەندروستیان دەگەڕێتەوە سەر بۆ مەركەزی تەندروستی سۆران، بۆیە ئەوە بكرێتە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هاوشانی ئیدارە سەربەخۆكان، هەروەها نەخۆشخانەیەك لە رانیە هەیە، ڕانیە ناوچەیەكی گرنگە (٨٠%)ی بیناكە تەواو بووە، (٢٠%)ی مایە، پێشنیاز دەكەم كە وەزارەتی تەندروستی هەنگاو بنێ بەرەو تەواوكردنی، هەروەها هەرچەندە وەزیری بەڕێز وەزیری تەندروستی ئەوە دوا خاڵمە بەڵام هەندێك ناوچە هەیە تێكەڵاوەتی كۆمەڵایەتی بە شێوازێكە كە پێویستە ئاسانكاری بۆ هاتووچۆ بكرێ، بەتایبەت ناوچەیەكی وەكو باڵەكایەتی لەگەڵ پشدەر و بتوێن تێكەڵاوەتی هەیە، خەڵكەكە زۆری هەیە با بڵێین هاتووچۆیان هەیە، ئەوە دەبێ ئاسانكاری بكرێ پێشنیاز دەكەم بەڕێز وەزیری تەندروستی هەنگاو بنێ بۆ ئاسانكاری كردنی هاوولاتیان لە نێوان ئەو دوو دەڤەرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ، شیرین خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین أمین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان.**

من پرسیارەكانم ئاراستەی وەزیری تەندروستی دەكەم، لە قۆناغی دووەمی ڤایرۆسەكەدا بەداخەوە دەتوانین بڵێین گەرمیان ڕێژەیەكی زۆر تووشی ڤایرۆسی كۆرۆنا بوون، بەپێی زانیارییەكانی من زیاتر لە شەست كەس مردوون، بەشێك لە گرفتەكان نەبوونی دكتۆری پسپۆڕ و نەبوونی ئامێری هەناسەدانە، پێموایە بەڕێز وەزیری تەندروستی خۆی ئاگاداری كۆی گرفتەكانی تەندروستی یە لە گەرمیان، بۆیە پرسیاری ئاراستەی دەكەم بۆچی هەوڵیان نەداوە

ستافێکی تایبەت بە نەخۆشخانەی قەڵا دابین بکرێ؟ تەمەنای ئەوەی لێ دەکەین بتوانێت لەسەر خەت بێت، بۆ ئەوەی گرفتەکانی گەرمیان بە دیاریکراوی لەسەر ڕەوشی تەندروستی چارەسەر بکات، پرسیاری دووەمم ژمارەیەکی کارمەندی تەندروستی بڵێین گرێبەستن بەشێکیان ئەوەندەی من ئاگادار بم لە نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا دەوام دەکەن، بەڵام تاوەکو ئێستا مووچەی مانگی یەك و دوویان وەرنەگرتووە، هۆکاری وەرنەگرتنی مووچەکەیان بۆچی دەگەڕێتەوە؟ پرسیاری سێهەمم/ هاووڵاتییەکی زۆر سەردانی نۆڕینگە و تاقیگە و تەنانەت نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەکەن و سامپڵی خوێن وەردەگیرێت بۆ ئەوەی بزانن هەڵگری ڤایرۆسەکەن یاخود نا، عیلاج و دەرمان بۆ تووشبووانی با بڵێین ڤایرۆسی کۆرۆنا دەنووسن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ئەوە ڕێکری چیان گرتۆتەبەر؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن / سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، کاك هاوڕێ، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕێ بناء محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری تەندروستی دەکەین با بچینە سەر گەرمیان، قسە زۆر کرا لەسەر ئەوەی کە خەستەخانەیەك لەوێ دروست کراوە، هەڵبەتە خەڵکانی خۆبەخش دروستیان کرد، دەستیان خۆش بێ، من یەعنی قسەکانم وەڵام نییە بۆ هیچ یەکێك لەو برادەرانە و لەو خوشك و برایانەی کە باس لە گەرمیان دەکەن، ڕاستی من بۆ خۆم زۆر بە گومان بووم لەو ئامارانەی لە گەرمیان بڵاو دەکرانەوە، یان ئەوەی ئەو کۆرۆنایەی کە لە گەرمیان بوو، هەڵبەتە ئەو قسانەی من دافع نییە بۆ ئەوەی خەڵك خۆپارێزی نەکات، من پوورێکی خۆم بە میسال دەهێنمەوە نزیکەی تەمەنی (٦٠) (٦٥) ساڵ دەبێ شەکرە، زەخت، بەڵام چوو بۆ یەکێك لەو خەستەخانە ئەهلییانە پێیان وتبوو کۆرۆناتە، جا نەبێت بەچاوی منەوە سوپاس بۆ خوا گەڕایەوە ئێستا عەیبی نەماوە و هیچ کێشەی نییە، یەعنی ئەگەر قەرار بێ ئەو کۆرۆنایەی کە باسی دەکەن ئەوەی گەرمیان ئەوە بوایە دەبوو پوورم هەزار ساڵ تەمەنی بێ لەگەڵ کەس و کاری ئێوە بەرگەی نەگرتبایە، ئەوە یەك، دواتر لەسەر نەخۆشخانەی کفری کە سەرباری ئەوەی نەخۆشخانەی کۆرۆنای تێدا نەکراوەتەوە نەخۆشخانەیەکی تێدا دروست کراوە لە ساڵی هەشتاکان لە سەردەمی ڕژێمی کۆنی ئەوکات، نەخۆشخانەکە زۆر بچووکە یەعنی هەر چ دکتۆرێك دەنێردرێتە ئەوێ دوای ماوەیەکی زۆر کورت لەوێ هەڵدێت، دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی، بۆ هەولێر بێ، یان هەر شوێنێکی تر، سەرباری ئەوەی کە ئەو نەخۆشخانەیە نزیکەی پەنجا هەزار بەسەرەوە هاووڵاتیانی لەسەرە، بە ناحیەی سەرقەڵا و ناحیەکانی ترەوە، بۆیە پێویستە بەتایبەت وەزیری تەندروستی یان بڵێم وەزارەتی تەندروستی و ئەنجومەنی وەزیران کە کفری یەکێکە لە قەزا کۆنەکان لە بیستەکانی سەدەی پێشووەوە قەزایە یەکێکە لە قەزا زۆر دێرینەکان، یەعنی حەقە وەزیرەکان چاویان لێ بێ بە حوکمی ئەوەی لە هەشتاکان پێیانووتووە شاری وەزیران، بەداخەوە تاوەکو ئێستا وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە، پرسیاریکیان تەرك دەکەم، لەبەر ئەوەی وەزیری ناوخۆ ڕۆیشتووە، یەك میسالی تر باس دەکەم لەسەر ئەو نەخۆشخانە ئەهلیانەی کە هەن، ئەوەی کە (CT scan)یان بۆ کۆرۆنا کردووە بۆ هەندێ کەس ناوی نەخۆشخانەکەم لایە، کەسێك چووە بۆ

ئەوێ فەحسی کردووە پێیـان وتـووە کۆرۆنـاتە (١٥) ڕۆژ بـۆ (٢٠) ڕۆژ خـۆی کەرەنتیـنە کـردووە، دواتـر چـووە پلازمـا ببەخشـێ پێیـان وتـووە وەڵـلا تـۆ هەڵامەتـت بـووە و کۆرۆنـات جـارێ هەر نەگرتـووە تـا تێپەڕێنـی، بەداخەوە ئەوانە وەکـو ئەوەی کە ئێـوە ئاماژەتـان پێـدا، سـێکتەری تەندروستی پێویستی بە چاکسازی یە، دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، خدیجە خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە دیارە ڤایرۆسی کۆرۆنا هەتا ئێستا بە تەواوەتی و لە هەموو ڕوویەکەوە نەناسراوە، بە پێی قسەی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی و هەروەها زانایان و پسـپۆڕانی تەندروسـتیش بێـت هەتا ساڵی داهاتوو، نیوەی ساڵی داهاتووش ئەو ڤایرۆسە لەگەڵمان بەردەوام دەبێت، ناکرێتیش کە ژیان بوەستێت بە تەواوەتی، بۆیە ئەو پرسیارە لە بەڕێز وەزیـری تەندروسـتی دەکەم کە ئایـا ئێوە بیرتان لەوە نەکردۆتەوە کە ئێستا دەبـێ کـار لەسـەر بەهێزکردنـی بەرگـری جەسـتەیی تـاك بکرێت، ئەوەش بێگومان دەبێ لە ڕێگای هەڵمەتێکی تەندروستی فـراوان دا بکرێـت بە هاوکـاری دەزگاکــانی ڕاگەیانــدنەوە، ئەگەر ئەو نیەتەشــتان نەبــێ پێشــنیاز دەکەم کە لەو حــاڵەتە، لەو بـارودۆخەی ئێسـتادا ئەوە باشـترین ئیشـە کە دەکرێـت ئەنجـام بـدرێت، هەروەهـا سـەبارەت بە گوزەران و ژیانی هێزکـاری تەندروسـتی لەڕاسـتی دا ئەمنیـش سـەرەڕای دەستخۆشـی کـردن لە هێزەکانی تەندروستی پزیشك و پەرستاران و ئەوانەی کە لە هێڵـی پێشـەوەی بەرگـری کـردن و ڕووبەڕووبـوونەوەی ڤایرۆسـی کۆرۆنـان، داوا دەکەم کە ئێـوەش وەکـو وەزارەتـی تەندروسـتی داوای دەعمێکی ماددەی بۆیان بـکەن، ئەگەر لەو بـارودۆخە دارایـیەی کە هەرێـم تێیـدایە ئێسـتا ناکرێت پێشنیاز دەکەم کە داوای (قدم)ێکیان بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی لە داهاتوو لە کاتی باشبوونی وەزعـی دارایـی بتـوانن سـوودمەند بـن، پرسـیارەکی تریشـم هەیە کە ئایـا بـۆچی ئەو حـاڵەتە کۆرۆنایـانە کە بە (CT scan) دەستنیشـان دەکرێـت وەکـو (PCR) نـاچێتە نـاو ڕاگەیانـدنەکانی وەزارەتـی تەندروسـتی؟ دوو خـاڵـی تـر هەیە، نـازانم نووسـراوێك بـڵاو بـوۆتەوە کە لەلایەن بەڕێوبەری گشتی ئاراستەی وەزارەتی تەندروستی کـراوە دوێنـێ (٧/٢٦) باسـی بە خاکسـپاردنی ئەو کەسانە دەکات کە بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لە دەستداوە، باسـی ئەوە دەکـات کە کەس و کاری ئەوانەی کە بەو نەخۆشییە گیان لە دەسـت دەدەن دەتـوانن لە هەر شـوێنێك کە بیانەوێـت ئەو مردیە بە خاك بسپێرن، دوای ئەوەی بە خاکسپێران هیچ زەرەر و زیـانێکی بـۆ دەرەوە نـابێ، ئایا ئەوە تا چەند ڕاستە؟ ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك بدرێت، هەروەها توێژینەوەیەك هەیە.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، کاتت تەواو بوو خەدیجە خان، تەواو، سوسن خان، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

عەفوو بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان (٢٠) سانیەم بدەیتێ یەك پێشنیازی بچووکم هەیە، بەس بیست سانیە بۆ جەنابتانە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە، فەرموو.

**بەڕێز بەڵێن إسماعیل حاجی إبراهیم:**

تەمەنا دەکەم دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕێکارێك لەم پەرلەمانە بەڕێزەدا بگرێتەبەر هەرچی پەرلەمانتارە بە ڕۆژ دەم دەکاتەوە دەڵێ حکومەت حیساب بۆ پەرلەمان ناکات، نایێ بۆ پەرلەمان، جوابی پرسیارمان ناداتەوە، لە (١١١) پەرلەمانتار لەوانەیە (٤٠) پەرلەمانتار لێرە مابێ، حەقە ئێستا غایبات وەرگرن، هەرچییەك لێرە نەبێ بێجگە لەوانەی خۆتان مۆڵەتتان داونەتێ، بەڕاستی حەقە بەغایب بنووسرین، یەعنی هەمووی لەبەردەم تەلەفزیۆن و بۆ شاشە و بۆ موزایەدە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، سوپاس، بەڵێ ئێستا وەری دەگرین، دروستە، وەڵلا کاك علی من ئیزنم دا بەڕاستی، سوسن خان، فەرموو، دەزانی ئەو ئیشکالیەتە کە زۆرترین قسە لە ئیعلام دەکرێ ئیشکالیەتێکە نازانن چارەسەر کردنی زۆر ئاسان نییە، پێشتر بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتارانی بەڕێز دەیانووت وەزیر نایێت، ئێ وەزیر هاتووە پرسیاری لێ بکە، وەزیری لەمەولا بە بەردەوامی دێ پرسیاری لێ بکەن، ئیتر کەم با بڵێین ئەوە بەشێکە لە پرۆسەی چاودێری، دەڵێن پەرلەمانی کوردستان ناتوانێ چاودێری بکات، ئەوە بەشێکە لە پرۆسەی چاودێری خەڵکیش ئەم دانیشتنە دەبینێ کە (٤٠) کەس ماوەتەوە لە ژوورەوە، بەڵێ سوسن خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش پشتگیری ڕایەکەی کاك بەڵێن دەکەم بەڕاستی، هەموومان پێویستە تا کۆتایی بەرنامە لێرە بمێنینەوە، سەرەتا دەستخۆشی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی پەتای کۆرۆنا بەڕاستی بە شێوازێکی زۆر باش و توند و تۆڵ ڕووبەڕووی ئەو پەتایە بوویەوە، ئەگەر نا ئەو پەتایە لەوانەیە تا ئێستا لە ئاستێکی زۆر زۆر مەترسیدارتر بووە، بە پێی ئەو پێشبینی و داتا و ئامارانەی کە بەڕێز وەزیری تەندروستی بەڕێز کاك سامان ئاماژەی پێدا، واتا ئەم پەتایە تا مانگی شوباتی ساڵی ئایندە بەردەوام دەبێ و بەو پێیە بێ ئایا وەزارەتی تەندروستی تا چەند خۆی ئامادە کردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەو ژمارە زۆرەی کە خۆی ئاماژەی پێدا؟ کە ڕێژەکەی (١٢٠) هەزار کەسە، ئایا ئەو ئیمکانیاتەی هەیە هەرێمی کوردستان کە ڕووبەڕووی ئەو ژمارە زۆرە ببێتەوە؟ و چارەسەر بۆ نەخۆشەکانی پەتای کۆرۆنا دابین بکات؟ ئەگەر بەو پێیە بێت، ئایا قوتابخانەکان و زانکۆکان لە هەرێمی کوردستان کەی دەکرێنەوە؟ هەروەها سەبارەت بەوەی کە ئایا وەزارەتی تەندروستی هیچ توێژینەوەیەکی جیهانی، یاخود پێشبینییەك هەیە کە پەتای کۆرۆنا لە چ کاتێك کۆتایی دێت؟ خاڵێکی ترم سەبارەت بە پەتای کۆرۆنا کە ئاماژەتان پێدا ککە بەردەوام دەبێ بە پێی ئەوەی کە تا ئێستاش لە هەرێمی کوردستان دا بەڕاستی نرخی دەستەوانە و ماسك زۆر بەرزە، ئایا وەزارەتی تەندروستی و حکومەتی هەرێمی کوردستان بیری لەوە نەکردۆتەوە کە کارگەی زیاتر دابین بکات لە هەرێمی

کوردستان کە هەموو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بتوانن ماسك و دەستەوانە دابین بکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك مەم برهان، فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند پرسیارێکم بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی هەیە، سەرەڕای ئەوی کە ئەندامانی بەڕێز باسیان لەوە کرد کە دەبێ ستایشی ماندووبوونی کارمەندانی تەندروستی و پزیشکەکان بگیرێت، پشتیوانی لەو بۆچوونەی دەکەم هەم لە بەرز کردنەوەی پلەیەك بۆیان، یاخود دەرماڵە یان هەر شتێکی دیکە کە شایستەی ئەوەن، پرسیارەکانم ئەوانەن هیوادارم بە دیقەتەوە جەنابت گوێ بگرێ:

یەکەمیان/ بۆمانی ڕوون بکەیتەوە جیاوازی چییە لە جیاوازی ژمارەکانی پشکنیندایە وەکو هەندێك ئەندام پەرلەمان باسیان کرد لە پارێزگایەك بۆ پارێزگایەکی تر؟ ئایا ئەوە خەلەلی هەموومان یەك سیستەمی تەندروستیمان نییە؟ ئایا ئەوە خەلەلی بەڕێوبەرە گشتییەکانی تەندروستییە؟ بۆ نمونە لە (س) وایە و لە فلان شوێن بە شێوەیەکی دیکەیە.

دووەمیان/ کێشەیەك هەیە نرخی دەرمانی (favipiravir) ئەو دەرمانە رووسیەکە کە کێشەکە وەکو باس دەکرێ بە (٢٠٠) دۆلارە وەکو باسیشیان کرد لە سلێمانی هەندێك بەڕێوبەرایەتی تەندروستی وتوویەتی ئێمە بەکاری ناهێنین، ئەم کێشەی نرخە ئەگەر بۆمان ڕوون بکەیتەوە و حکومەتی عیراق چەندی ناردووە بۆ هەرێمی کوردستان و چۆن تەوزیع کراوە؟ حکومەتی هەرێم چەندی کڕیوە لەو دەرمانەش بە هەمان شێوە؟ و بەڕاستی ئایا ئەو دەرمانە دەوری هەیە لە چارەسەر کردن؟ دەکرێ داتایەکمان بدەیتێ لە ماوەی چەند حەفتەی ڕابردوودا بۆ نموونە؟ ڕۆژانە نزیکەی بەپێی ئەو داتایانەی کە وەزارەتی تەندروستی بڵاوی دەکاتەوە لە نزیکەی (٢٢٠٠) بۆ (٢٥٠٠) پشکنین دەکرێت، لەوانە بەداخەوە نزیکەی ڕۆژانە نزیکەی (٢٠٠) بۆ (٢٥٠) کەسیش تووش دەبێ، کەواتە بەپێی ڕێژەی ئەو پشکنینانە کە دەکرێ نزیکەی (١٠%)ی تووشبووانن، بەڵام بە پێی تووشبوون ژمارەی مردووان کە جەنابت باست کرد لەهەرێمی کوردستان دا (٣.٩%)، تەبعەن ژمارەی پشکنین لە هەرێمی کوردستان دا زۆر کەمترە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان، بۆ نموونە وەکو ئەمریکا، ئێمە بەراوردی ئەوە ناکەین، بەڵام لە وڵاتە دراوسێکان ژمارەی پشکنین زۆر زیاتر دەکەن، وەکو گریمانەیەك ئەگەر وەرگرین بۆ ئەوەی قسەم لەسەر ئەو ڕێژەی مردنەیە کە (٣.٩%)یە گریمانەنەیەك وەربگرین دە بەرابەر پشکنین بکرێ، لە جیاتی (٢٥٠٠) بکرێ (٢٥٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار پشکنین بکرێ، ئایا ئەم ڕێژەیە ڕێژەی تووشبووان بە هەمان شێوە بەرز دەبێتەوە ؟ لە کاتێك دا مردوو هەر وەك خۆیەتی، ژمارەی مردووان، کەواتە پێتوانییە ژمارەی مردووان لە هەرێمی کوردستان زۆر لە سفر پۆینت نزمترە؟ یەعنی کەواتە مەترسییەکەی بەم شێوەیە نەبێ، ڕێژەی مردووان حەز دەکەین ئەوە بزانین بۆ ڕای گشتی کوردستان و بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیشی ڕوون کەیتەوە ڕێژەی مردن چەندە ئەگەر تووشبووەکان هیچ نەخۆشییەکی درێژخایەنیان نەبێت؟ داتایەکتان لایە جیاتان کردبێتەوە؟ هیچ نەخۆشی

درێژخایەنی نەبوویێت و بەڵام مردبێ بە هۆی کۆڕۆناوە ڕاستەوخۆ؟ پرسیارێکی تر دەمەوێ جەنابت ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە بۆچی ڕێژەی تووشبوون لە سلێمانی زۆر زیاترە لە هەولێر و دهۆك؟ هیوادارین لە سلێمانیش وەکو هەولێر و دهۆك بێت و هەر نەشمێنێ، کێشەکە لە چیدایە ئەوەی لە سلێمانی کە هەیە ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە باری دامەزراوە تەندروستییەکانی سلێمانییەوە هەیە؟ یان پەیوەندی بە ڕاددەی خۆپارێزی یاخود خۆنەپارێزییەوە هەیە لە سلێمانی دا؟ یاخود پەیوەندی بە سنوورەکانەوە هەیە؟ دەکرێ ئەوەمان بۆ ڕوون بکەیتەوە، وەکو چۆن لە سلێمانی باست کرد ڕێژەی تووشبوون لە چوارچێوەی ئەو تووشبووانەدا لە ڕاپۆرتەکەی جەنابت (٦٥%)، هەولێر (٢٨%)، دهۆك (٣%)یە حەز دەکەین ئەوە زیاتر ڕوون بکەیتەوە، ئەخیر پرسیارم لە جەنابت ئەو پشکنینانەی کە دەکرێن لە فەرمانگەکانی تەندروستی دا بۆ پشکنینی کۆڕۆنا بۆ نمونە لە هەر پارێزگا شارە گەورەکان دا ڕۆژانە نزیکەی (٢٠٠) بۆ (٤٠٠) بۆ (٥٠٠) بۆ (٧٠٠) دەکرێت، یەعنی من ئەوەی بینیومە (٢٠٠) بۆ (٣٠٠) کەس لە حەوشەیەکی نزیکەی (٤٠) مەتر چاورگۆشەیەك لە حەوشەیەکن، ئەگەر ئەوانە تووشبووش نەبن ئەگەر چواریشیان تووش بووبێ پۆزەتیف بێ ئەگەری ئەوە هەیە بگوێزنەوە.....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم کاتەکەت تەواو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

بەیارمەتیت سەرۆکی پەرلەمان ئەخیر پرسیارمە، دۆخی چارەسەر کردن یەعنی پشکنین لە ناو نەخۆشخانەکانی ئێمە بەداخەوە لە ئاستێکی کواڵتی بەرزی تەندروستی دا نییە ڕەچاوی ئەوە ناکەن مەترسییەکان هەست دەکەین زیاتر دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، گولیزار خان، فەرموو.

**بەڕێز گولیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێت من هەمی هاتنە کرنێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، حسیبە خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید إبراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانی منیش لەلایەن بەڕێز مامۆستا مەلا وەیسی و کاك زیدان کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، گوڵستان خان، فەرموو.

**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەکانی منیش لەلایەن کاك جلال محمدەوە کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ سوپاس، کاك عثمان ، فەرموو.

**بەڕێز عثمان كريم سواره (سێدەری):**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری تەندروستی دەکەین من پێشنیار دەکەم بۆ وەزیری تەندروستی کە چەند تیمێکی تەندروستی مەیدانی دروست بکرێت بۆ ناوچە جیاجیاکان، بەتایبەتیش بۆ گوندنشینەکان، لەوانەیە هەندێ شوێن هەبێت، یەعنی بەڕاستی وەکو پێویست دەستیان بە نەخۆشخانەکان ناگات، هەروەها پرسیارێکی من ئەوەیە کە یەکێ لە دکتۆرە بەڕێزەکان باسی لەوە کرد کە (٨٠%)ی هاووڵاتیان تووش دەبن بە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن و کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێت لەسەریان، هەروەها پێشنیار دەکەم نەخۆشخانەی گشتی دوکان کە شوێنێکی زۆر گونجاوە بەشێکی بکرێن بە نەخۆشخانەی کۆرۆنا، کە شوێنێکی باش و گونجاو و لە وەسەتی کوردستاندایە، هەروەها دەگوترێ بڵێین سوپاسێکی بێ پایانی وەزیری تەندروستی و هەروەها یەکە بە یەکەی کارمەندانی نەخۆشخانەکان بکەین کە ئەرك و ماندووبوونێکی زۆریان کێشا و هەروەها پاداشت بکرێن، سوپاسی جەنابی وەزیری ناوخۆ و پارێزگارەکان و ئیدارە سەربەخۆکان و قایمقامەکان و مودیر ناحیەکان و تەواوی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ بکرێت، وەك ئەوەی کە جەنابیشت مەیدانین لەو کاتانەدا سەرۆکی پەرلەمان و ستافێك سەردانی ناوچە جیاجیاکانی کرد، هەروەها سوپاسی وەزارەتی پێشمەرگەش بکرێ وێڕای ئەرکەکانی خۆیان ئەوانیش بەڕاستی زۆر هیلاك بوون بەشێکیان لە حاڵەتی ئامادەباشی بوون لە زۆر لە شوێنەکان، هەروەها سوپاسی تەواوی هاووڵاتیانی خەڵکی کوردستان بکەین کە خۆڕاگرانە توانیان ڕووبەڕووی ئەم دۆخە ببنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشنا خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری تەندروستی دەکەم، ئەوەی کە من تێبینیم کردووە بەڕێز وەزیری تەندروستی لە ڕاگەیەندراوی وەزارەتی تەندروستی کە ڕۆژانە بڵاو دەکرێتەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە ڕێژەی مردن لە نێوان پارێزگای سلێمانی و پارێزگای هەولێر، جا من چەند نموونەیەکم هەڵبژاردووە بۆ نمونە لە ڕاگەیەندراوی ژمارە (١٣٠) لە (٤)ی تەمووز هیچ حاڵەتێکی مردن لە هەولێر تۆمار نەکراوە، لە سلێمانی هەشت حاڵەت تۆمار کراوە، لە ڕاگەیەندراوی ژمارە (١٣١) لە (٥)ی تەمووز دوو حاڵەت لە هەولێر تۆمار کراوە و لە سلێمانی بە هەمان شێوە هەشت حاڵەتی مردن تۆمار کراوە، لە ژمارە (١٣٥) لە (٩)ی تەمووز چوار حاڵەت لە هەولێر تۆمار کراوە و حەوت حاڵەت لە سلێمانی تۆمار کراوە، چەند نموونەیەکی تریشم هەر لایە یەعنی ڕاگەیەندراوی وەزارەتی تەندروستی، بەڵام لەبەر گێڕانەوەی کات من ئاماژەی پێ نادەم، ئەگەر بکرێ ڕوونکردنەوەمان پێ بدەی ئایا ئەوە پەیوەندی بە چییەوە هەیە؟ پەیوەندی بە کەمی خزمەتگوزاری تەندروستییەوە هەیە لە پارێزگای سلێمانی یان پەیوەندی بە کەمی پێداویستییە

تەندروستیەکانەوە هەیە؟ یاخود پەیوەندی بە کەمی تیمی تەندروستییەوە هەیە؟ سوپاست دەکەین ئەگەر لەسەر ئەوە ڕوونکردنەوەکمان بدەیتێ، پرسیارێکی تریشم بۆ بەڕێزتان هەر لەسەر شێوازی پاداشت کردنی هێزکاری تەندروستی یە، زۆرێك لە هاوڕێیانم باسی ئەوەیان کرد کە پێویستە هێزکار تەندروستییەکان و پزیشکە بەڕێزەکان و کارمەندانی تەندروستی سەر بە وەزارەتی تەندروستی لەم کاتەدا کە زەحمەت و ماندووبوونی زۆریان کێشاوە پاداشت بکرێن، ئێوە وەکو وەزارەت پلانتان چیە؟ هیچ بیرتان لەوە کردۆتەوە کە چۆن دەتانەوێ پاداشتیان بکەن؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سیروان، فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان،**

وابزانم من یەکەم پەرلەمانتارم لە دونیایێ دوێنێ ناوم نووسیوە ئەمڕۆ قسە دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

دوێنێ لە کوێ ناوت نووسیوە؟

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

یەعنی سەعات دوازدە و شتێکە ئێستا ڕۆژی داهاتووە،

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئا ببورە هێشتا (١١:٥٦) دەقەیە.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

ئەوەی دوای من دەچێتە گینیسەوە. خوای گەورە لە سورەتی رەحمان دا دەفەرمێ (هل جزاء الإحسان إلا الإحسان) هەموومان دەزانین کە ئەو کارمەندانەی تەندروستی بە پزیشك و هەموویانەوە لەگەڵ کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ لە بەرەکانی ئەم جەنگەدا بوون دژی ڤایرۆسی کۆرۆنا، بەردەوامیشن تەبعەن، منیش دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی ئەو هاوڕێ و هاوکارانە کە دەبێت بەرزە مووچەیەکی شایستەیان بۆ دابین بکرێت لە کاتێك دا بەداخەوە هەر دوێنێ لە جیاتی ئەو ئیحسان ئیحسانانە هێزێکی نازانم چی هەڵیکوتاوەتە سەر بەڕێوبەرایەتی هاتووچۆی سلێمانی، بەلانی کەمەوە پێنج کارمەندی گرتووە، ڕەسمەکانم لایە، خۆزگە بەڕێز وەزیری ناوخۆ لێرەبایە سەگ پەلاماری داون، (هل جزاء الإحسان بالإحسان) یەعنی ئێمە لەباتی پاداشتیان بکەین پێنجیان گرتوون تەعزیبیان داون بە زۆری واستە بەریان داون، چییان کردووە؟ بەس داوای مووچەیان کردووە، بەس داوای مووچەکەیان کردووە کە لێشی بڕاوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕاستی دەبێ لیژنەی ناوخۆ لەوە بپێچێتەوە نەك بکرێتە حەفتەی داهاتوو یان دوای جەژن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مژدە خان، فەرموو.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێـز وەزیـری تەندروسـتی دەڵـێ كێشـە و گرفتەكـان بە هـۆی جموجـۆڵ و هـاتووچۆ و پـابەن نەبوونەوەیە تەشەنە دەسێنێ كۆرۆنا، جەنابی وەزیر حكومەت خۆی بەشێكە لەوە، بەشـێكە لەو تەشـەنە سـەندنە، چـۆن؟ ئێسـتا مـن لە شـوێنێكی وەكـو ڕانـیەم، ڕانیە نزیكـی (٢٥٠٠٠٠) خەڵكـی بەسـەرەوەیە، بە قەت محـافەزەیەك خەڵكـی بەسـەرەوەیە، نەخۆشـخانەكانی ڕانـیە بە پێـی پێویست نین، لە مانگی ڕەمەزان دا من دایكم نەخۆش بوو بردم بۆ تەواری، لە تەوارییەكە وتیان ئێمە ناتوانین هیچی بۆ بكەین ببیە بۆ خەستەخانەی چوارقورنە كە قەزایەكی ترە، ببیە بۆ ئەوێ دایكت داخیل بكە، باشە؟ نەمتـوانی لەبەر ئەوەی شـەو درەنـگ بـوو، بەیـانییەكەی بـردوومە بـۆ نەخۆشـخانە لەوێ وتـوویەتی دەبـێ بچـی بـۆ نەخۆشـخانەی كێـوەڕەش ئیحـالە بێنـی، دواتـر گەڕاومەتەوە بـۆ نەخۆشـخانە ئەوە سـێ جـار، لەوێـش ڕەوانەی نەخۆشـخانەی چوارقورنەیـان كـردووە گوتویـانە دەبـێ لەوێ خـوێن وەربگـرێ، چـووم بـۆ نەخۆشـخانەی چوارقـورنە لەوێـش دیسان وتیان خوێنمان نیـیە دەبـێ بچـی لە سـەنتەری خـوێنەكە لە نەخۆشـخانەی ویـلادە لەوێ جێی كراوەتەوە بە هۆی نۆژەنكردنەوەی خەستەخانەی گشتی رانیە، لەوێش وتیان خوێن نیـیە، دووبارە چوومەتەوە بـۆ خەسـتەخانەی چوارقـورنە، یەعنـی شـەش جـار، ئەگەر هاتبـا مـن خـۆم سەیارەم پێ نەبا یاخود تووشـبووێكی كۆرۆنـا بوومـایە چەنـد كەسـم تـووش دەكـرد ئەو ڕۆژە؟ شوێنێكی وەك ڕانیە مەعقولە خەستەخانە (٢٩١) قەرەوێڵەییەكەی هەتاكو ئێستا تەواو نەبووە؟ هەموو خەڵكی ئەو دەڤەرە لە ڕووی تەندروستییەوە پشت گوێ خراون، هەرچەندە كارمەنـدانی تەندروستی هەموو جوهدی خۆیان داوە، بەڵام بەڕاستی ڕانیە پەراوێـز خـراوە، بەڕێـز وەزیـری تەندروسـتی شـتێكی تـر كە زۆر مەترسـیدارە نەخۆشـخانە ئەهلییەكـان كە ئێسـتا بـازاڕێكی زۆر زۆریان هەیە، بەڵام لەڕووی تەندروسـتییەوە، لەڕووی خزمەتگـوزاریی تەندروسـتییەوە زۆر زۆر وێرانن، تەنانەت یەك دۆشـەگ، یەك بەتـانی، یەك چەرچەف بـۆ لەوانەیە (١٥) نەخۆشـیش بەكـار بێتەوە، كە ئەوانە پارە دەدەن، حەقە ئەو شوێنانە شتی سەفەری بەكـار بێـنن، بـۆچی وەزارەتـی تەندروسـتی هـیچ چـاودێرییەكی نیـیە بەسـەر ئەوانەوە؟ ئەوانە پـارە پەیـدا دەكەن، مەعقـولە دنیایەك پارە وەردەگرن لە نەخۆش، لە هاووڵاتی بە پـارەی خـۆی، بەڵام لەسـەر شـتێكی پـیس و پۆخڵ، لەسەر دۆشەكێكی لەگەڵ ئیحتیرامم لەسەر دۆشەگێكی خوێناوی پاشەڕۆی لەسەرە، یان زۆر پیسە ئەوە بەكـار دێنـێ، بەتـانی نەخۆشـێكی تـر بەكـار دێنـێ، یەعنـی مـن سـەرم سـورمایە نەخۆشخانەیەكی ئەهلی كە رانـیە یەك نەخۆشـخانەی ئەهلـی لێـیە، یەعنـی هەر بەتـانیە و هەر سـەرین و هەر شـتەی ڕەنگێـك بـوو، هەر دانەی بە نەوعێـك بـوو، جـێگەی تێڕامـانە كە بـۆچی وەزارەتی تەندروستی لێپرسینەوە لەو نەخۆشخانە پارە پەیداكەرانە ناكـات؟ سـەبارەت بەوەش كە زیاتر لە (٥٠٠) میلاكی بەتاڵ هەیە بەهۆی چـوونی كارمەنـدی تەندروسـتی بـۆ دەرەوەی وڵات یاخود بە هۆی چەند بابەتێكی تر، بەهۆی تەقاعود یاخود بە هۆی فەصل كرانەوە بـۆچی ئەوە بە خۆبەخشـەكان پڕنـاكرێتەوە؟ كە حەقە پاداشـت بكـرێن ئەوانە بە گیـانێكی جەنگاوەرانە بە بـێ مـووچە، بە بـێ هـیچ پـارەیەك، بە بـێ هـیچ شایسـتەیەك ڕووبەڕووی ڤایرۆسـی كۆرۆنـا و ڕووبەڕووی ئەو هەموو ناخۆشیە بوونەتەوە، دوو داواكاریم لە بەڕێزتان هەیە، یەكەمیان كە ئەو

خۆبەخشانە هەم ئەوانەی هێزە ئەمنییەکان برادەرانی هێزە ئەمنییەکان، کە لە کاتی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە ئەرکدا بوون، ئەوانە پاداشت بکرێن و پلە بەرز کردنەوەیان بۆ بکرێ و خۆبەخشەکان تەعین بکرێن، هیوادارم ئەگەر بە گرێبەستیش بێ تەعین بکرێن وەکو پاداشتێك، شتێکی تریش...

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو بوو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

ئێ وەڵلاهی لەبیرم چووە ئەوەندە دەمێکە چاوەڕێ دەکەم دکتۆرە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر بە کاتە، بینووسە بۆ کاك دکتۆر ئەوەی کە ماوتە.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

عەفوو، هیوادارم بەس ئەو شتەم ماوە، هیوادارم بەڕێزتان یەعنی وەکو فشارێك هەماهەنگیتان هەبێ لەگەڵ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کە ئەو نەخۆشخانەیەی (٢٩١) قەرەوێلەیی رانیە هەیە هەر چی زووە تەواو بکرێ، بەڕاستی خەڵکی رانیە زۆر زۆر پشت گوێ خراون لە ڕووی تەندروستییەوە هەر ڕانیەش نییە زۆربەی قەزا و ناحیەکان وان، بەڵام رانیەم بە نموونە هێنایەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستخۆش سوپاس، ڕۆژان خان، ڕۆژان خان و دکتۆرە شایان ماون، ئیتر تەواو، دوای ئەوە دەرفەت دەدەین بە بەڕێز وەزیری تەندروستی، فەرموو.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی دەسپێکی پرسیارا ئەڤ بابەتی گفتوگۆیێ دیڤ چ مادده پەیڕەوی، بەرنامەی ئەڤرۆکە ئەو بابەتی گفتوگۆیێ من نەمدیت مادده (٦٦) هەیە پەیڕەوی ناوخۆ حەفتەم لە ماددەی (٦٦) دبێژیت پێویست ئەو ئەندامانەی واژوویان کردووە ئامادە بن و دەستپێکی ئاخافتنیان پێ بدرێت، چونکی مە لیژنەی تایبەتمەندم دکتۆرە نوکە پرسیارەك گەلەك گرنگ بی یەعنی خەلکەکی پرسیاری کردی ڕاستە پێشتر..

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا پرسیار بکە.

**بەڕێز ڕۆژان إبراهیم علی:**

وەزیری ناوخۆی گرێدای، دوو/ خەلکی دهۆکی ڤە گرێدای یەعنی لازمە ئەو جوابی بدابا بەس تازە چوو، بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی بە خێر هاتنا وەزیری تەندروستی دکەم سوپاس بۆ ڕوونکردنەوە وی فورسەت دەبینم بەڕاستی دەستخۆشی لە تەواوی ستافی تەندروستیا بکەم، هەروەسا سەرەخۆشی لە کەس و کاری تەواوی کارمەندا دکەم بین قوربانیێ ڤیت ڤایرۆسی گشت کەس و کارێت قوربانی ڤایرۆسی کۆرۆنا، دەستخۆشیش لە وەزارەتا تەندروستی، وەزارەتا ناوخۆ،حکومەتا هەرێمی کوردستانێ دکەم ڕۆڵی وەزارەتی پەیوەندیداری حکومەتێ

دەسپێکا بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا بەرز ڕابگرین و زۆر سەرکەفتی بی، پرسیارا من ڤێرێ دەستپێکا بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی ژ دەستپێکا ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەرێمێ حەتا (٥/١٢) بتەنێ (٣٩١) نەخۆش هەبین تووشبووت ڤایرۆسی کۆرۆنایێ، نوکە ڕێژە نزیکی (١٢٤٥٠) حەسەب ڕاگەیاندنێت ژ وەزارەتا تەندروستی جەنابی وە زۆریا ڤێ ڕێژەیێ بۆڤی ئەگەرێت زبرینت بەراورد دگەل دەستپێکێ چ ئیجرائات هاتنە وەرگرتن گەلڤان ئەگەرا ؟ مەسەلە بابەتێکی مەترسیداری وەك كۆرۆنا موخابنی تێکەڵی بابەتی دی کرن وا لێهات ناڤبەرا خەلکی و حوکمەتێ دا ڕێکارێت خۆپارێزیێ تەمامی نەهاتن جێبەجێ کرن، پرسیارا دووێ ئەگەری ژ ڕێکخستنا هەندەك بەشان دامەزراوەی تەندروستی تا ئەڤرۆکە چییە؟ نمونە مەسەلەن بەشی نەشتەرگەری قەستەرا دڵی تایبەتی ژی پارێزگەها دهۆکێ ئەگەر کۆرۆنایە بۆچی نەخۆشخانەی تایبەت بە نەشتەرگەری کرنێ، تایبەتی لە قەدەغا هاتن و چوونیش دا سەرتاسەری نەخۆشخانە ژ بلی نەخۆشخانێت نەبەتتدار هاتنە قەپات کرنێ لەسەر هەندێ را هەندێك نەخۆشخانەی تایبەت تە حەمی بەشی خۆت ڤێ کری چ دیڤ چوون بۆ کنێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، د.شایان، فەرموو.

**بەڕێز د.شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێر هاتنی وەزیری تەندروستی دەکەین و دەمەوێ لەسەرەتادا ئاماژە بەوە بدەم من وەکو جێگری سەرۆکی لیژنەی تەندروستی تەنها یاداشتی بانگهێشتی وەزیرم واژوو کردووە، بەداخەوە ئاگام لە ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە نەبووە، دەستخۆشیشیان لێ دەکەم کە ئەو ڕاپۆرتەیان ئامادە کردووە، چەند ئەندامێك ئامادەیان کردووە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزت بانگ کراوی و نەڕۆی؟

**بەڕێزد.شایان کاکە صالح محمد:**

نەخێر، بەڵام لەو کۆبوونەوەی کە ئەو ڕاپۆرتەی تێدا ئامادە کرا من لەوێ بووم، بەڵام ئیتر ڕۆشتین دوایی ئامادە کرا ئەو ڕاپۆرتە، مەگەر دوایی سەرۆکی لیژنە ڕوونکردنەوە بدات.

پرسیاری من بۆ بەڕێز وەزیری تەندروستی لە هەرێمی کوردستان پسپۆرانی بواری تەندروستی کۆمەڵگە و زانستی ڤایرۆسی و زیندەوەرزانی و تەنانەت ئابووریناسانیشمان زۆرە، پێویست بوو لە سەرەتای سەر هەڵدانی ئەو نەخۆشیە (COVID19) پرس و ڕایان پێ بکرایە، بۆ نمونە لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئەو نەخۆشیە ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆش لە خەستەخانەکان داخیل کران بێ ئەوەی نیشانەیان هەبێ، یەعنی ئەوە (resource) با بڵێین هێز و توانای پزیشکەکانی برد ئەو کاتی و ئێستا زیاتر پێویستمان پێیانە، ئابووریناسان دەبێ پرس و ڕایان پێ بکرێ، چونکە ڤایرۆسی کۆرۆنا لە هەموو وڵاتان ئابوورییەکەی تێکدایە، هەروەها پێویست بوو لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی کۆرۆنا پێش دەرکردنی هەر بڕیارێك بگەڕێتەوە بۆ لیژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی چەند جارێك داوامان کرد، بەڵام وەڵام نەبوو، دیارە ژمارەیەکی کەم لە کارمەندان و پزیشکانی تەندروستی ئامارەکەم لەلا نیە بە هۆی لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکیان لە نەخۆشخانەکان بە هۆی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا گیانیان لە دەستداوە، لەو حاڵەتە بە پێویستی دەزانین کە ئەوانە وەکو جەنگاوەر وان لە پێشەوەی

جەنگەکەی بوونە پێویستە وەکو شەهید هەژمار بکرێن و ئیمتیازی شەهیدیان پێ ببەخشرێ، هەمان شایستەی دارایی و مووچەیان پێ بدرێ کەوا وەکە ئەوەی کە زیندوو بێ بۆ یەکێك لە کەسوکارەکەی، هەروەها پارچە زەوییەك بدرێت بە یەکێك لە کەس و کارەکەی لە دوای گیان لە دەستدانی ئەو کارمەندە تەندروستی یە، واتا دەبێ لە ڕووی مەعنەوی و مادیییەوە پاڵپشتیەکی زۆر زۆر باشیان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی دەرفەت دەدەین بە جەنابت، ئێستا (١٢:١٠) تاوەکو (١٢:٣٠) دەتوانی قسە بکەی، یەك دەقە د.صباح یەك قسەی هەیە، دواتر، فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو دەقە مەجالم بدەی تەوزیحەکم هەیە لەسەر قسەی د.شایان، بەڕاستی ئێمە لە ڕۆژی (٧/١٢) دانیشتنی لیژنەمان هەبوو ئەوە هەموو ئەندامانی لیژنەش لەوێ بوونە، گوتمان ڕاپۆرتەك دەنووسین بۆ ئەوەی بانگهێشتی وەزیری تەندروستی بێتە کرن، د.شایانیش ئەوە لێرەیە، ئەوە هەموو ئەندامانیش لێرەنە، هەموویان گوتیان مخەوەل بە، پێش هەموویان کاك لقمان بوو، کاك د.کاظم بوو، کاك زانا بوو، کاك بەختیار بوو، ڕۆژان خان بوو، ڕۆژان خان ئەوە ئیشی موقەریرە کە ئەو شتە بکات، ڕۆژان خان ئیشەکی بۆ پەیا بوو چووە زاخۆ، یەعنی ئیشەکی عائیلی، ئەمن ڕۆژی پاشتر هاتوومە ئەوەم کردووە هەر لەسەر ئەو فکرە بوومە، ڕاستە پاشی تەبعی پێشانی د.شایانم نەدایە، بەس ڕۆژی پێشتر د.شایان من ئەو شتانەی کە نووسیومە ئەگەر شتەکی زیاتر لەوەی تیابێت حەقی خۆتە، بەس هەر ڕۆژی پێشتر ئەو شتانە هەمووی ئێمە لە لیژنەی تەندروستی باسمان کردووە، هەر بۆ تەوزیح بوو، ئەوەش ئەگەر تەوزیحەکی هەیە، سوپاس، بەس نوقتەکی تر بۆ وەزیری تەندروستی ئێمە کە باسی ڤاکسینمان کردووە، مەبەستمان دەزانین دکتۆر سامان جەنابی وەزیری تەندروستی کە ڤاکسین حەتا ئێستا دروست نەبووە، بەس ئێمە ئەوەمان کردیە کە وشیاری بدەینە حکومەت، چونکە حکومەتی عیراق دوێنێ، پێرێ، یەعنی ئەوە حەفتەیەکە حکومەتی عیراق ئامادەکاری دەکات کە ڤاکسینی بە زووترین وەخت بکڕی، چونکە بەڕاستی ئەگەر ڤاکسین هاتە دروست کردن زۆر زەحمەتە کە بە زووترین وەخت دەستمان بکەوێ، ئێمە دەمانەوێت خزمەتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێتە کرن کە بەزووترین وەخت ئێوە هەوڵ بدەن کە ڤاکسین دروست بکرێ، لە دواییدا بەڕاستی من دەمەوێت سوپاسەکی بێ پایانی وەزیری تەندروستی بکەم، هەموو کامەندانی تەندروستی، ئاسایش و هێزەکانی ناوخۆ کە شەو و ڕۆژ بەڕاستی زۆر ماندوو بوونە لەگەڵ وەزیری تەندروستی لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی پەتای کۆرۆنا، کە دەستخۆشیان لێ دەکەم و جێی سوپاسن، من جارەکی تر پاڵپشتی ئەو ئیقتیراحە دەکەم کە پاداشتی ئەو کارمەندانەی تەندروستی بێتە کرن، زۆر سوپاسی هەمووتان دەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس، لیژنەی تەندروستی یەکێکە لە لیژنە هەمیشەییە هەرە باشەکانی پەرلەمانی کوردستان، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ کاك د. سامان دواتر وەختەکە بۆ جەنابتان زیاتر دەکەین، سەرۆکی لیژنەی ناوخۆش دەیەوێ قسەیەك بکات، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى میران/سەرۆکی لیژنەی ناوخۆ:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وەڵلا من هەر ویستم بە ناوی لیژنەی ناوخۆوە ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان دەستخۆشی لە هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش و کارمەندانی تەندروستی بکەین، ئێمە لە ڕابردوو وەکو لیژنەی ناوخۆ چاودێری ورد و زۆر موتابەعەی هێزەکانی ناوخۆمان کردووە، لەبەر ئەوە بە ناوی لیژنەکەوە دەستخۆشیان لێ دەکەین، سوپاس و پێزانین زۆرمان هەیە، خاڵێکی من دەمەوێ ئیشارەت بدەم بە شتێ لە شارەزوور لە سەید سادق یەعنی لە قەزای شارەزوور و لە قەزای سەید سادق نەخۆشخانەی گەورەی لێیە، دوو نەخۆشخانەی گەورە هەیە یەعنی گرفتەکە ئەوەیە لە هەردوو قەزاکە ئەو دوو نەخۆشخانە گەورە کە هەیە جیاوازی دەکرێ لە بەینی نەخۆشخانەکاندا لە ڕاستی دا، نەخۆشخانە هەیە ئەجهیزەی توبی زۆر کەمی تیایە، بەڵام نەخۆشخانەش هەیە لە ڕاستی دا ئەجهیزە توبییەکانی زۆر پێشکەوتووەو خەمی دەخورێت و محاوەلەی بۆ دەکرێ لێرە و لەوێ بۆئەوەی ئەجهیزەی توبی بۆ پەیا بکرێ، ئەوجا لەبەر ئەوە من لێرەوە داوا دەکەم لە جەنابی وەزیری تەندروستی لە ڕاستی دا لەسەر ئەو بابەتانە قسەیەکیان هەبێ وەکو وەزارەتی تەندروستی جیاوازی نەکرێ لە بەینی نەخۆشخانەکان لەسەر ئاستی قەزاکان و شارۆچکەکان و شارەکان و پارێزگاکان، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ زۆر سوپاس، کاك حکمت، یەك دەقە، جەنابیشت یەك دەقە قسە بکە، فەرموو.
**بەڕێز حکمت عبو زید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
وەڵلا سێ چار پرسیارەکم هەبوو لەبەر کات تەنیا یەك پرسیار دەکەم وێڕای دەستخۆشی لە هەردوو وەزارەتی تەندروستی و ناوخۆ دەکەم و دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەگشتی دەکەم، پرسیارەکەم ئەوەیە لەوانەیە دەڵێن دوای جەژن یانیش کاتێکی نزیك دەروازە سنوورییەکان بکرێنەوە، بڕواتان هەبێت خەڵکێکی زۆر ئێستا خاصەتەن لە تورکیا وەکی دەڵێن زۆر خەڵك هەیە کە دەرگا بکرێتەوە لەوانەیە ئەو دەروازانەی تریش هی پەرویزخان و حاجی عمران و باشماخ، بەڵام بەتایبەتی سنووری ئیبراهیم خەلیل کە خەڵکێکی زۆر هەیە ئێستا ئینتیزار دەکات کەی ئەو دەرگایە بکرێتەوە، ئینجا حەز دەکەم هەندێك ڕێنمایی تایبەت بۆ ئەو کەسانەی داخیل بن کە لە کاتی دەرگا کردنەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڵێ، زۆر سوپاس، بەڕێز وەزیری تەندروستی فەرموون ئێستا دەست بە وەڵامدانەوە بکەن.
**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی/ وەزیری تەندروستی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
زۆر سوپاس، سەرەتا دەمەوێ سوپاسی هەموو لایەك بکەم، سوپاس بۆ پرسیارەکان، سوودی زۆرمان لێ وەرگرت لە پێشنیارەکان و لە داواکاری و کێشە و گرفتەکان و تیشك خستنە سەری، من دەمەوێ سوپاسی بەڕێزتان بکەم وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و هەموو ئەندامانی بەڕێز بەتایبەتی لە سەردانی بەڕێزتان هەم وەکو تاکە کەس هەم وەکو سەرۆکایەتی

پەرلەمـان بەڕێـز کـاك هـێمن هەورامـی لەگەڵ بەڕێـز سـکرتێری پەرلەمـان، هەروەهـا لیـژنەی تەندروستی بۆ ماوەی دەتوانم بڵێم چەندین جار لەو پێنج مانگەی ڕابردوودا بە بەردەوام لەسەر هێڵ بـوونە، سوپاسـی سـەرۆك و ئەنـدامانی لیـژنەی تەندروسـتی پەرلەمـان دەکەیـن، سوپاسـی هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکەین کە لە خەمی هاووڵاتیان ڕۆژانە بە پەیوەندی تەلەفۆنی، بە نامە ئاگادارمان دەکەنەوە، بەدڵنیایی سوودمان لێ وەرگرتووە و ئەوەی ئیمکان بووە هەوڵمان دایە بکرێت، ئەوەی ئیمکان نەبووە لە هەوڵی بەردەوامین، سـەرەتا دەمەوێ ئەگەر بە گەڕانەوەی کات و بە خێرایی کۆمەڵێك پرسیار دووبارە و هەمان مەبەستی تێدایە تێبپەڕم بەسەری، بـازاڕی دەرمـان و ماسـك و پێداویسـتی پزیشـکی بەڵـێ لە سـەرەتای سـەرهەڵدانی ئەو قەیـرانە بەڕێـز د.گەلاوێژباسـی کـرد ئەزمەیەکـی نێـودەوڵەتی دروسـت بـوو، تەنـانەت لە وڵاتـانی دراوسێشـمان گەیشـتە (١٠) قـاتیش لەو نرخـانەی کە هەبـوو، بەڵام خۆشـبەختانە ئـێمە وەکـو وەزارەتـی تەندروستی هەردەم پاڵپشتی و هانی کەرتی تایبەتمان دا چەند کارگەیەکی دەستبەجێ دروست کرا لە ناو هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی کە ماسك دروست بکەن، بەڵام نرخەکـان ئەگەر بەراورد بکەین بەڕێژەیەکی زۆر بەردەوام لە دابەزیندایە، بەردەوامیش لیژنەکانمان بەدواداچوونی بـازاڕ دەکـات، بەڵام دەمەوێ بەڕێـزان بـزانن کە نرخـی هەرزان و گـرانییەکەی ڕەنـگە پەیوەنـدی بە کواڵتییەکەش هەیە، چونکە بەداخەوە هەنـدێك کـواڵتیش هەیە کە دەگـاتە هەرێمـی کوردسـتان ئێمە وەکو وەزارەتـی تەندروسـتی بە فەرمـی و بەشـێوەیەکی ڕەسـمی ڕێـگە نـادەین ئەو جـۆرە کواڵتییە بێت بەڵام بە شێوازی قاچاغ لە ناوەڕاستی عیراق یان لە شوێنەکانی تر، یـان بەداخەوە هەنـدێ کەس لەگەڵ جـل و بەرگ و شـتی تـر دەیهێنێـت و دواتـر دەکەوێـتە بـازاڕ کە هـیچ کـواڵتییەکی ماسـکی تێـدا نیـیە، بـۆیە ئەوە لای ئـێمە گـرنگە چـونکە ماسـك بەشـێکی گرنگـی خۆپارێزییە، (CT scan)ەکان لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان چ چاودێرییەك دەکرێت؟ (CT scan) لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان بەدڵنیایی بە بێ پزیشکی پسپۆڕ (CT scan) ناکرێ بۆ نەخۆش، بەڵام لە کـاتی ئێسـتادا (CT scan) بـۆ ئەو نەخۆشـانەی کە تووشـی هەوکردنـی کۆئەنـدامی هەناسـە و سییەکان بووە بەشێکە لە دەستنیشان کردن کە تەنها لە (٧٠%)ی (PCR) دەتوانرێـت پشـتی پـێ ببەسترێ بـۆ دەستنیشـان کـردن، بەڵام لەو نەخۆشـانەدا (CT scan) یەکـلاکەرەوەیە لە شـێوازی زانستیش دا (CT scan) زۆر جار (sign)ێك هەیە پێشـانی دەدات، لە نـاو ئەشیعەکە کە پێشـانی دەدات لە کاتێك دا لەوانەیە نەگەتیف بی لە (PCR) ئەوە بە بارێکی ئاسایی دادەنرێت، تیمەکانی جەنازەکان ئێمە لەسەر پرۆتۆکۆڵێکی عیراقی دەڕۆین، تیمی شاردنەوەی تەرمەکان پرۆتۆکۆڵەکە تیمێکـی هاوبەشـە لە هەمـوو پارێزگاکـان ئەم تـیمە هەیە و حـزووری لایەنـی پەیوەندیـداری دەرەوەی تەندروستیشی تێدایە، لە مامۆستای ئاینی، لە هێزەکـانی دیفـاع مەدەنـی، لە ئاسـایش، تیمەکـانی تەندروسـتی بەو کـارە هەڵدەسـتن و بەڕێگـایەکی شـەرعی و ڕێگـایەکی تەواوی بنەماکانی ئاینی ئەم تەرمانە دەشاردرێنەوە، بەڵام بە شێوازی شوشتن بە مـاددە چاککەرەوەکـان هەرچەندە داواکاری مامۆستایانی ئاینی لە چەند شوێنێك هەبووە کە ڕێـگە بـدرێت لە مـاوەیەك دا و لە دووری نوێژیـان لەسـەر بکـرێ، ئـێمە داواکارییەکەمـان لەگەڵە و ڕێ و شـوێنێکیان بـۆ دادەنێین، بەڵام دیارە بەڕێزیان باسی ئەوەی کـرد کە نووسـراوێك بەڵـێ مـن دەمەوێ ئەوە بڵـێم بەڕێزان کە چەند جارێك پرۆتۆکۆڵی چارەسـەر کـردن، پرۆتۆکـۆلی دەستنیشـان کـردن، تەنـانەت

پرۆتۆکۆلی (دفن) کردن لە جیهان و عیراق دا گۆڕاوە، چونکە تا ئێستاش ڕوئیای وازح بەرامبەر ئەو کۆرۆنایە نیە، ئەم ڤایرۆسە، بۆیە چەند جارێك پرۆتۆکۆل لە سەرەتادا ئەوەبوو کە دەبێ بۆ مـاوەی دوو سـاڵ لە مەقەبەرەیەکـی جیـاکراوە بـن نەچـنە نـاو مەقـبەرەی عـام، بەڵام دوایـی پرۆتۆکۆلەکە گۆڕا بە ئاسانی لە مەقبەرەیەکی خۆی، لە ناو کەس و کاری خۆی بنێژرێ.

لەڕووی ڕاگەیانـدن زانیـاری وەردەگـرن نەك (vitamin D) و (Zinc) بەڵکـو هەمـوو دەرمـان و (supplement)ەکان بە بێ ڕاسپاردەی پزیشکی پسپۆر قەدەغەیە، ئیتر ئەوە دەوەستێتە سەر هۆشـیاری هـاووڵاتی، ڕاسـتە بەداخەوە کێشـەی ئـێمە چەنـد جـارێکیش دام و دەزگاکـانی ڕاگەیاندنمان ئاگادار کردۆتەوە، بڵاومان کردۆتەوە کە هاووڵاتی نابێت پشت بە سۆشیال میدیا ببەستێ لە بڵاوکردنەوەی هەندێك بـابەتی تیجاری دروست کردنی هەندێك بـابەتی ڕووەکـی (أعشاب) و دروسـت کردنـی هەندێك (وهـم) یـانیش هەنـدێك شتی تر کە بە هـاووڵاتی دەڵێ مەچوە نەخۆشخانە تەنها ئەو شتانە وەربگرە لە مـاڵەوە، ئەوە لەڕووی زانستییەوە قەدەغەیە، هـاووڵاتی دەبـێ هۆشـیار بـێ کە تەنـانەت ئەگەر لە مـاڵەوەش بە بـێ پزیشـك ئەو دەرمـان و عیلاجانە وەرنەگرێ، بەڵێ توێژینەوەکانی ئەنجومەنی وەزیران لە لیژنەی بـاڵا هەر زوو قەرار درا کە بە هاوبەشی لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا لیژنەی هاوبەش هەیە و (focal point) هەبووە و چەندین (proposal) پێشکەش کراوە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا توێژینەوەکان دەکرێت، کاك د.کاظم باسی بودجەی تەرخانکراوی کرد، ئـامێری دەسـتکرد بەڵـێ کـڕاوە لە زۆربەی شـوێنەکان، دروستکردنی نەخۆشخانە نەکراوە، بەڵام فراوان کردنی نەخۆشخانە کراوە، (renovation) کراوە تەوسیع کـراوە لەسـەر ئەوەی حکـومەت بەڵام زۆرتریـنی دروسـت کردنەکـان هەمـووی لەلایەن خێرخواز و ڕێکخراوی خێرخوازی بووە، چاودێری ورد زۆر زیـاد کـرا لە هەمـوو شـوێنێك بەشـی چاودێری ورد کرایەوە، بەڵام هێشتا پێویستمان پێ دەبێ ئەگەر خوانەخواستە ئەو پێشـبینییەی کە دەکرێت، داتای مردن منداڵی تێدا نیە، هەموو تەمەنەکان هەیە بەڵام خۆشـبەختانە منـداڵ تـا ئێسـتا مـردن نەبـووە، تووشـبوون هەبـووە بەڵام مـردن نییە لەبەر ئەوەی مقاوەمەیـان باشـترە، داتاکان زۆر تەفصیلی زیـاتر هەیە مـن نەمهێنـایتە نـاو داتاکـان تەنـانەت تەفصیلێکی ورد هەیە لەسەر هەموو کەسەکانی تووشـبوو و مردنەکـانیش، بەڵـێ لە سـلێمانی ڕێـژەی مـردن بەرێـزێکـی تـریش پرسـیاری کـرد بـۆچی زۆرە؟ (٤.٧) دوو ئەوەنـدەیە، ئەوە دەوەسـتێتە سـەر ئەوەی کە زۆرترین ڕێژەی (وباء) لە سلێمانی دەستی پێکرد کە خۆشبەختانە ئێستا بەرەو ئەوە دەچێـت کە ڕێژەکە تۆزێك سەقامگیر بووە، بەڵام ڕێژەی مردن بەڵـێ چەنـدین حـاڵەت زۆرتـر بـووە و ڕێـژەی مردن زۆر بـووە، ئیـدی هۆکـاری جیـاواز هەیە، ڕەنـگە هەر حاڵەتێـك هۆکـاری خـۆی هەبـێ بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وەبائەکە لەوێ سەری هەڵدا و زیاتر بوو بەتایبەتی لەگەڵ قۆناغی دووەم لە سنووری پارێزگای سلێمانی، پاداشـت بـۆ پزیشـکان بەداخەوە ئـێمە نیگەرانـین بە بڕینـی (٢١%)، بەڵام دڵنیـابن ئـێمە دەسـەڵات دراوە پێمـان کە ئەو ڕێـژەیەی لە کـۆی گشـتی تەمـویلی مەعـاش دەدرێ ڕێکی بخەین و بیگونجێنین لەگەڵ ڕاستە ئەگەر بێت و کات هەبـوایە، بەڵام ئەو کـاتی کە راتب دەدرا دوای (٥٠) ڕۆژ بوو بۆ ئێمە کاتەکە وەکو پـارە بـوو، دوایـی لە خیلالی چەنـد ڕۆژێـك قـائیمە حـازر بکـرێ و راتـبەکە بـدرێ، نەدەکـرا بێـین پـۆلین کردنـی، چـاککردنی سیسـتەمی تەندروستی لەسەر ئەساسی ئەو (٢١%) بکەیـن ئەگەر نـا (١٠٠%) لەگەڵ بەرێـزتم خەڵکێـك هەیە

دەبێ زیاتر ئیشی بدرێتێ نەك (٢١%) ببڕدرێ، بەڵام من لێرەش پێت دەڵێم ڕەنگە میلاکێکیش هەبێ دەبێ زیاتریش لە (٢١%) چونکە ئەو ماوەیە کاری نەکردووە، بەڕێزت وەکو پزیشکێك دەزانی ئەوە چاککردنی سیستەمی تەندروستی جیاکردنەوە و پۆلین کردنی کاتی پێویست، بەڵام لەبەر بەرژەوەندی گشتی ئێمە داوامان کرد کە ئەو تەعویزە وەکو پاداشتێك و ئەوە لە ناو پرۆژەی ئێمە بووە، یەك لە داواکاریەکانمان ئەوەبووە بتوانین لە نزیکترین دەرفەت دا ئەگەر حکومەتی هەرێم بۆی بڕەخسێت کە بتوانین پاداشتێك بدەین بەو کەسانەی کە لە کۆرۆنا کاریان کردووە، ئینجا لە موختەبەر دا یان لە تیمەکانی (surveillance)دا یان لە نەخۆشخانە بە پزیشك و کارمەند و ئەو فەرمانبەرانە، بەصەراحەتیش بە سوپاسەوە لە هەندێك شوێن خێرخواز و خەڵکێك وەکو بەخشینێك مەبلەغێکی داوە هەتا ڕادەدەیەك، بەڵام وەکو حکومەت تا ئێستا نەمانکردووە، تەنها سوپاس و پێزانینێکی بەڕێز جەنابی سەرۆك وەزیران، ئەوە دوو جار لە وەزارەتی تەندروستی واتا سێ جار و (قدم)ێکیشی لەگەڵ بووە، بەدڵنیاییشەوە من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەوانەی لەو شوێنانە کار دەکەن لەبەر چاو دەگیرێ لە زۆر ئیمتیازی تری داهاتوو هاوشێوەی ئەوەی ئێمە لە کاتی شەڕی نەگریشی داعش ئەو پزیشك و کارمەندانەی کە لە جەبهەکان یان لە سەنگەرەکان لەگەڵ برا پێشمەرگەکان بەشدار دەبوون بۆ وەرگرتنی لە ئیقامە و خدمە و کۆمەڵێك ئیمتیازی مەعنەوی دیکە هەیە لەبەرچاو دەگیرێت و لیستەکان و فەرمان و جەدوەلەکان هەمووی مەوجودە، ئێمە داتاشمان کۆ کردۆتەوە هەمووی، پۆلینیشمان کردووە بە شێوازی(A،B،C) کێ ئەوەی زۆر زۆر هیلاکە هەموو ڕۆژ لە ناو ئیش و ترسناکییەکەی زیاترە کەمتر لەوەی کەسێك هەیە ڕەنگە لە حەفتەیەك جارێك دوو جار یەعنی پۆلینی سێ چین و توێژمان کردووە تاوەکو بتوانین ئەگەر دەرفەتێك هەبێت پاداشت بکرێن.

سەبارەت بە کەرەنتین تووش نەبێت، من دەمەوێ بڵێم دیسان ئەوەش پەیوەندی بە ڕێکارەکان و پرۆتۆکۆل هەیە، بەڕێزان پرۆتۆکۆل و ڕێکارەکان لەسەر هەڵسەنگاندنی ئەمڕۆ دەکرێ، بۆ نمونە ئێمە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەرێمی کوردستان زۆر پاك بوو لە کۆڕۆنا، پێویستی بەوە هەبوو هەر کەسێك ئەوەی دێتەوە کەرەنتین بکرێ و چاودێرییەکی ورد بکرێ، بەڵام لە کاتی ئێستادا ئێمە هەرێمی کوردستان گومانلێکرا و یان بڵێین هەڵگری ئەو ڤایرۆسەمان هەیە، مادام هەیە ئەو کەسەیە دێتەوە، دێتەوە هاوشێوەی ئەو شوێنەی لێی هاتووە ڕەنگە ترسناکیشی زیاتر بێ، بۆیە کەرەنتین کردن لە ماڵ، چارەسەر کردن لە ماڵ، دۆخەکە گۆڕا، دۆخەکە جیاوازە لە دۆخی پێشوو، ڕەنگە ئەوەش لە شارێك بۆ شارێکی تر جیاواز بێ، داتاکان چەند جارێك ئیعلان دەکرا ڕاستە، چونکە مەبەست تێیدا پەیامێك بوو کە هاووڵاتی جددیەتی ئەو ڤایرۆسە وەربگرێت، لە هەمان کاتیش دا ئەوە تەنها نیشاندانی ئەو حاڵەتانە بوو لەو شوێنە، لەو گەڕەکە ئەو کاتی حاڵەتەکان کەم بوو، بەڵام کە حاڵەتەکان زۆر بووە، ئەو کاتیش بەیانی ڕۆژانە هەبوو، زیاتر لە دەیان دەرچووە لە ڕۆژی یەکەمەوە، مەوزووعی من دەمەوێ ئەوە بڵێم کە باسی نەخۆش و هەڵگر تێکەڵ کراوە، بەڕێزان تا ئێستا لە کۆرۆنا (carrier) هەڵگر تەعریفی زانستی بۆ نەکراوە، ئەوەی کە دەڵێ (carrier) لە چەند نەخۆشییەکی تر هەیە، هەڵگر، بۆ نمونە هەڵگری ڤایرۆسی (HIV) لەبەر ئەوەی تەمەنێك تێیدا هەڵگر دەبێ و دەمێنێتەوە ناڕوا هەڵگرە، بەڵام نەخۆشییەکەشی پێوە دیار نیە، بەڵام لە کۆرۆنا وا نیە هەڵگر بێ و هەتا هەتایێ، ئەم ڤایرۆسە

نامێنێ لە لەشی، زۆربەی ئەو نەخۆشانەی چاك دەبنەوە (negative) دەبن، بۆیە تەعبیرێکی تر لە پرۆتۆکۆل ناوی هاتووە پێی دەووترێ (asymptomatic) واتا بە بێ نیشانە، دیسان دەڵێم هەڵگری ڤایرۆسەکەیە بەڵام (asymptomatic) پۆلین دەکرێ واتا بێ نیشانە، باری سووك (mild) هەیە، (moderate) مامناوەنـد هەیە، (severe) توند هەیە، (critical) هەیە زۆر ترسناك ئەوەی کە دەکەوێتە عینایە مورەکەزە، بەڵام بەڕێزان لە (٨٠%) لە (٨١%)ی ئەو نەخۆشانەی تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبن یان نیشانەیان نیە، یان زۆر بە سووکی نیشانەیان هەیە، لە (١٩%) تا (٢٠%)ی پێویستی بە نەخۆشخانە هەیە کە باری مامناوەند بۆ (severe)ە، لە (٦%)یان باری توندن کە ئەوانە باری ترسناکیان تێدایە، لە (٣%) لەوانە بەڕێژەیەکی عام دەتوانم بڵێم مردنی تێدا دەبێت لەو (٦%)، ئەوانەی تریش کە دەکەونە عینایە مورەکەزە ئەوانەی تەنها باسی عینایە دەکەم نەك هەموو نەخۆش، لە هەموو وڵاتانی دونیا لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دونیا لە (٤٠%) تا (٥٠%)یان گیان لە دەست دەدەن ئەوەی کە دەکەوێتە سەر جیهازی تەخدیر، نەك ئەوەی لەسەر (CPAP mask)یە، بەڕێزان سێ جۆر، چوار جۆر عینایە مورەکەزە هەیە:

١- (ICU) هەیە کە تەنها پێویستی بە چاودێرییەکی چڕ هەیە، بەڵام نەخۆشەکە باری تەندروستی تا ڕادەیەك جێگیرە.
٢- جۆرێکی تر هەیە تەنها پێویستی بە (CPAP mask) هەیە ئەو جیهازەی کە پاڵ بە هەناسەی دەدا بەڵام دیسان نەخۆشەکە هۆشدارە، ئاگاداری خۆیەتی، ڕەنگە لەڕووی (vital sign)ەوە زۆر باشتر بێ.
٣- جۆرێکی تریان هەیە کە ئاگای لە خۆی نامێنێ دەکەوێتە سەر جیهازی هەناسەدانی دەستکرد و لەسەر تەخدیر دادەنرێ ئەوە لە ترسناکترین بارەکانە، ڕێژەی مردن لەوانەدا زۆرە بۆیە ئەم جۆرانە هەیە.
٤- جۆرێکی تریش هەیە کە لە وڵاتان دا بۆ کۆرۆنا بە کار نەهاتووە (ECMO)ی پێ دەڵێن.

بۆیە جیاوازە عینایە مورەکەزە ئەوەی کە تا ڕادەیەك جێگیرە لە ناو قاوشەکان تەنها ئۆکسجینە ئەوا بە باری عینایە مورەکەزە دانانرێ تەنها ئۆکسجینی پێویستە.

سەبارەت بە نەخۆش منداڵی مرد، من دەمەوێ ئەوە جواب بدەمەوە بەڕێز وەزیری ناوخۆش جەوابی دایەوە ئەوەی کە منداڵێك مرد بەهۆی ئەوەی ڕێگە گیرابوو، بەڕێزان ئەو منداڵە چوو بووە نەخۆشخانەی تریش و ئێمە لێکۆڵینەوەشمان کردووە و ڕاگەیەندراویشمان هەبوو لە کاتی خۆی و تێگەیشتنێکی هەڵە درایە هاووڵاتیان کە ئەو منداڵە لە ڕێگە مردووە، ئەو منداڵە کە گەیشتە نەخۆشخانە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی دایکەکەی منداڵ لە زگی دایك کە دەمرێ دەبێ عەمەلیات بکرێ، ئیشەکی زۆر باش و ڕێك و پێکی بۆ کرابوو، بەڵام بەداخەوە سۆشیا میدیا وەرەقەیەکیان نیشاندا کە ئەوە پێی گووتراوە نابێ شکایەت بکەی، بەڕێزان هەموو منداڵێکی مردن دەبێ بچێتە (طب عدلي) لە (طب عدلي) نەوەك پاش ساڵەکیدی ئەو دایکە شکایەتی هەبێ لە کەسێك، دەبێ تەقریرەکی (طب عدلي) هەبێ، کە ناچێت پێی دەڵێن خۆتی بە ئیرادەی خۆت ناچی فەرموو پڕ بکەوە کە خۆت قەرارت داوە نەچیە (طب عدلي)، ئەو پڕکردنەوەیە ڕەنگە لە تەعبیرەکەی هەندێك غەڵەتی تێدا هەیە، ئەو تەوقیعەی لەسەر ئەو وەرەقەی کردبوو بۆ ئەوە نیـیە کە تەوقیعی پێ بکەن شکایەت نەکا، بۆ ئەوەیە کە ئەوە بە ئیرادەی خۆیەتی و

قەراری خۆیەتی ناچێتە (طب عدلي) تاوەکو لە موستەقبەل، چونکە زۆر دکتۆرمان لە مەحکەمە بانگ دەکرێت دەڵێن لەبەر ئەوەی نەتناردۆتە (طب عدلي) تۆ تاوانبار بووی، بۆیە بۆ سەلامەتی خۆی دکتۆرەکە ئەوەیان پێ کردبوون.

ڕۆژان خان باسی ڕەوشی تەندروستی گەرمیانی کرد، بەڕێزان بەڕاستی زۆر باسیان کرد من بەخۆم سەردانی گەرمیانم کردووە لە حەفتەی ڕابردوو و جاری پێشووش سەردانم کردووە، گەرمیان ڕەوشی خەراپە لەبەر ئەوە خراپ نییە چونکە باری تەندروستییەکەی خەراپە، گەرمیان کۆرۆنای هەیە، ئیجرائات لاواز بووە و باری هۆشیاریش بەداخەوە بەو ئاستە نیە کە هاووڵاتی پابەند بێت، ئەوە بە مەیدانی بەخۆم بینیومە، ئەگەر نا ڕێژەی تووشبوون نە زیاترە زۆر زیاتر بێ لە شوێنی تر، نە ڕێژەی مردنیشی زیاترە، ڕێژەی مردنی ڕەنگە لە هەڵەبجە خراپترە بەڵام لە سلێمانی و لە هەولێر خراپتر نیە، بیزەبت وەکو هەولێرە ڕێژەی مردنی گەرمیان (٢.٤%)، لە هەولێر (٢.٤%)، بەڵام سلێمانی زۆر خەراپترە، شوێنی تر زۆر خەراپترە، قەزای تر زۆر خەراپترە، بەڵام ڕەنگە کۆمەڵێك ململانێ بەداخەوە کە من نامەوێ لێرە باس بکەم، کۆمەڵێك ململانێ، کۆمەڵێك بەئاراستەبردن و کۆمەڵێك دەنگی ڕەخنە کە ئەوە جێگای خۆیەتی گلەییە و داواکارییە بەسەرچاو، بەڵام بەو ئاستەش نیە کە بڵێین بە پێچەوانەوە من دەمەوێ سوپاس و دەستخۆشی لە هەموو کارمەندان و پزیشکەکان بکەم لەوێ و خۆم بینیومە جێگەیەکی باش خێرخوازان ڕۆڵیکی گەورەیان بینیوە لە دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی ڕێك و پێك، سەبارەت بە کەلار و کفری، بەڵێ کفری نەخۆشخانەکەی کۆنە و نەخۆشەکانی کە ئیحالەی ناو سلێمانی دەکرێن لە پێش کۆرۆناش ئەوەیە کە بەشی چاودێری چڕی یان (neurosurgery) نیە ئەوەی کە عەمەلیاتی سەری پێویستە و یان بۆ قەستەرەی دڵە یان کۆمەڵێك ئیختیصاصاتی (فوق التخصص)ی هەیە یان سیانی و تایبەتە، (CT scan) نەبوویتە بەدیلی (PCR) بەڕێزان، بەڵام (CT scan) بۆ (confirmation)ە بۆ ئەوانەی کە باری ئیلتیهابیان لە سینگ توندە.

چۆن پشکنین بکەین بۆ پلازما؟ پشکنین دەکرێ بۆ پلازما بەڕێزان، هیچ نەخۆشێك پلازمایەکەی ئەگەر پشکنینی بۆ نەکرابێت دوای (٢٨) ڕۆژ و دڵنیایی نەبین لە (antibody)یەکان نەدۆزرێتەوە ئەو پلازمایە نادرێتە نەخۆشەکان، لە بازاڕ ناکرێ بەڕێز، من دەمەوێ پێتان بڵێم نەك پلازما، خوێنیش لە باری پێشتریش نەك ئێستا لە کۆرۆنا هیچ خوێنێك لە نەحۆشخانەی ئەهلی وەرناگیرێ و نادرێ، مەصرەفی مەرکەزی تەغتیەی ئەهلیش دەکات، تەغتیەی حکومیش دەکات، لە هەر شارێك لە یەك شوێن خوێن وەردەگیرێ و خوێن سەرف دەکرێ، پلازماش بە هەمان ڕێکار دەدرێت، تەنسیق نیە لە ڕێگەی پرۆتۆکۆڵ ئەگەر ئیجتیهادیکی شەخصی پزیشکێك هەبێ ئەگەر نا پرۆتۆکۆڵ هەمان پرۆتۆکۆلی عیراقی و جیهانی و ئەو پرۆتۆکۆلەی لە هەرێمی کوردستان چەند جارێك تەعمیم کراوە، هەمان پرۆتۆکۆلە لە سلێمانی و هیچ جیاوازییەك نیە و تەنسیق هەیە، بەڵام ڕەنگە نەخۆشێك لەبەر ئەوەی هەندێك نەخۆشی تری هەبێ زیاتر عیلاجی پێ دەدرێ یان کەمتر پێ دەدرێ لەبەر ئەوەی باری نەخۆشیەکەی سووکە، ئەوەی بەکار دێ بە فەرمی لە پرۆتۆکۆل هەیە، بە بێ پرۆتۆکۆل ئێمە هیچ عیلاجێك نادەین، ئەوەی باسی (fabivir) کرا، (fabivir) پێش ئەوەی بگاتە عیراقیش (fabivir) لە پرۆتۆکۆل داندرایە، پەسندی کردیە

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، وڵاتانی زۆر لە دونیادا بەکاری دێنێت (fabivir) پێشتریش بۆ شتی تر بەکار هاتووە بەڵام دوای بەدواداچوون دەرچوو کە ( ) دەورێکی باڵا دەبینی لە عیلاج کردن نەك بۆ بنبڕکردن، بەشێکە لە (antivirus)ەکانی تر، لە دەرمانەکانی تر بۆ کەمکردنەوەی (severity) یان باری توندییەکەی، بۆیە دەڵێ لە باری مامناوەند و سووك بەکار دێ تاوەکو بارەکە نەچێتە بارێکی ترسناك، لە پرۆتۆکۆل هەیە، دوای ئەوەی لە پرۆتۆکۆل هەبوو وەزارەتی تەندروستی عیراقی فیدراڵ دوو گرێبەستی زۆر گەورەی کرد خۆشبەختانە لە هەرێمی کوردستان بەرهەم هات لەسەر ئاستی عیراق بە کار دەهێندرێت، ئێمە چاوەڕێین بەغداش حصەمان بداتێ بەڵام هەندێك لە بەڕێوەبەرایەتی یە تەندروستییەکانیش بۆ خۆیان کەمێکیان کڕیوە بۆ ئەوەی بەکاری بێنن، لەڕووی نرخەکە ڕوونکردنەوە هەبووە لە ڕۆژی خۆی، ڕوونکردنەوەکە من نەمخوێندەوە، ئەگەر نا لە ڕاپۆرتەکەم نووسراوە نرخەکان ئەو نرخانەیە کە لەلایەن وڵاتی عیراق بۆی داندرا و عەقدی لەگەڵ کراوە بە هەمان نرخ بۆ هەرێمی کوردستانیش هەبووە، ئەم دەرمانەش لەلایەن کۆمپانیای ئاوامیدیکا بەرهەمهێندراوە، بەدواداچوونی نرخی کراوە بەڵگەنامەوە پسوولەی کڕین و هەموو ئەوراقە سەرەتاییەکانی مەوجودە، سەبارەت بە دەرمانەکەی دیکە کە پرسیار کرا تاوەکو نەچمەوە سەری (actemra) بەڕێزان تەبعەن هەم (fabivir) هەم (actemra) پێش ئەوەی بێت ڕەنگە بەدەست دەکەوت ئەگەر لە ڕێگەیەکی قاچاغ هاتبێتە ناو بازاڕ زۆر گران بوو، بەڵام تیمەکانی تەندروستی ئێستا نرخیان بۆ داناوە، ئەم دەرمانە دیسان عیراق عەقدی کردووە ئێمە چاوەڕێین لە ڕێگەی بەغداوە بۆمان بێت چونکە ئەو دەرمانە بەئاسان لە بازاڕ دەست ناکەوێ.

شێوازی ناشتنی تەرممان باس کرد، سەبارەت بەوەی شنۆ خان باسی ئەوەی کرد پێشنیاری ڕاتبی تەقاعودی کامل ئێمە ئەو پێشنیارانەمان کردووە و قەرەبووی پاداشت بکرێن پلازمایەکەمان باس کرد، نرخی دەرمانەکەمان باس کرد، ئەو (tube)ەی دەست بەڕێزت نازانم مەبەستت لەو (tube)ە چییە؟ بەڵام بۆ کۆڤید١٩ (tube)ێکی خاص هەیە پێی دەڵێن (VTM)کە (tube)ێکە دواتر ئەو چیلکە دارەکەیە پاشان تێستەکەیە و (extraction)کەیە و کۆمەڵێك پێداویستی، خۆی (VTM)ی پێ دەڵێن، (VTM)ئەوەی کە (sample)کەی وەردەگیرێ لە ناو (tube)کە دادەنێن (tube)ێکی تایبەتە، بۆیە من نازانم ئەوەی مەبەستتە، بۆ پشکنین سێ، چوار جۆرە (tube) هەیە، (tube)ی مۆر هەیە، زەرد هەیە، (tube)ی سپی هەیە، (biochemestry) لە نەوعە (tube)ێك دەکرێ ئەوانەی فەحسی چەورییەکان و جۆرەکانی دی، فەحسی (bacteriology) لە نەوعێکی تر دەکرێ، یەعنی هەر جۆرە عائیلەیەك لە فەحسەکان لە ناو نەوعە (tube)ێك دەکرێ، ئەوە کەسانی موختەبەر دەزانن کە لەوێ بەکاری دەبەن، ئەگەر هەڵە کرابێ من هیوادارم پێمان بڵێی بۆ ئەوەی بەدواداچوونی زیاتر بکەین، بەڕێز کاك علی باسی مانگرتنی کرد، مانگرتن هەبووە لەسەر تاخیربوونی مووچەکان بەڵام بە بڕوای من ئێمە بەردەوام بای ئەوەندە دکتۆر هەبووە کە مانگرتنەکە نەبێتە هۆی مردن، خۆبەخشەکان (١١) کەس زیاترن ئێمەش داوامان کردووە و بە سوپاسەوە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان و ئیدارەی گەرمیانیش تا ڕادەیەك

هاوكاری كردووه‌ن، ئه‌و شه‌ش ملیاره‌ بۆ كۆرۆنا دانه‌ندراوه‌، وه‌كو گوتم بودجه‌ی ئاسایی یه‌ له‌ڕۆژانی ئاسایی ئێمه‌ ئه‌و بودجه‌یه‌ گوتم زۆرترینی له‌ بودجه‌ی ئاسایی خۆشمان جگه‌ له‌ بودجه‌ تایبه‌ته‌كان به‌كارهاتووه‌ بۆ كۆرۆنا، ئه‌وه‌ی باسی كۆمپانیاكان ده‌كات تایه‌ی سه‌یاره‌ و لۆرییه‌كان ئه‌وه‌ له‌ مه‌تاریش هه‌بووه‌، به‌ڵام ئه‌وه‌ هیچ په‌یوه‌ندی به‌ وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی نیه‌، ئیداره‌ی مه‌تار یان ئیداره‌ی سنووره‌كان خۆیان كردوویانه‌، ئه‌وه‌ی له‌ ناو جادده‌ و له‌ سنووره‌كان ده‌كرێت و ته‌عقیم ته‌نها لایه‌نی خۆی ئه‌و دائیره‌یه‌ خۆی كردوویتی، ئێمه‌ ته‌نها نه‌خۆشخانه‌كانمان كردووه‌، به‌ڕێز مامۆستا باسی كردنه‌وه‌ی ده‌رگای مزگه‌فتی كرد، دیاره‌ قۆناغ به‌ قۆناغ له‌ لیژنه‌ی باڵا بڕیار دراوه‌ ئێستا كرایه‌وه‌ بۆ فه‌رزه‌كان، به‌ڵام به‌دڵنیاییه‌وه‌ ئێمه‌ ترسناكی له‌وه‌ ده‌ترسێین چونكه‌ مامۆستایانی ئاینی كاتێك كه‌ ده‌زانن زۆربه‌ی هاووڵاتیانی به‌ ته‌مه‌ن ڕه‌نگه‌ هه‌ڵگری نه‌خۆشی تر بن، دواتر له‌ شوێنی ده‌ستنوێژ شوشتن كۆمه‌ڵێك ئیجرائات هه‌یه‌ ڕه‌نگه‌ پێویست به‌وه‌ بكات ڕێكاری ته‌ندروست و مه‌رجی ته‌ندروستی زۆر توند بگیرێته‌به‌ر له‌ لێكدووركه‌وتنه‌وه‌، له‌ گرتنی ده‌ستنوێژ له‌ ماڵه‌وه‌ بۆ مزگه‌فت، یه‌عنی ئه‌و ئیجرائاتانه‌ ئێمه‌ به‌ نووسراوی ڕه‌سمی داومانه‌ته‌ وه‌زاره‌تی ئه‌وقاف هیواداربن چۆن هاوكاربوونه‌ به‌سوپاسه‌وه‌ پێشتر، لێره‌شدا هاوكار بن بۆ ئه‌وه‌ی دووربین له‌ تووشبوون، كه‌م و كورتییه‌كانی سۆران وه‌كو لامه‌ركه‌زییه‌ت به‌ هۆی ئه‌وه‌ی كه‌ به‌ڕێوبه‌رایه‌تی گشتی ته‌نها له‌سه‌ر ئاستی پارێزگاكان دا هه‌یه‌، به‌ڵام به‌ڕێوبه‌رایه‌تی ته‌ندروستی سۆران هه‌یه‌، جگه‌ له‌وه‌ش نه‌خۆشخانه‌كان ڕاسته‌وخۆ بۆ كه‌مكردنه‌وه‌ی ڕۆتین ڕاسته‌وخۆ به‌ستراونه‌ته‌وه‌ به‌ به‌ڕێوبه‌رایه‌تی ته‌ندروستی یان به‌ڕێوبه‌رایه‌تی گشتی ناو شاره‌كان، ئه‌وه‌ش بۆ كه‌مكردنه‌وه‌ی ڕۆتینه‌ بۆ گه‌یشتنی به‌ نه‌خۆش به‌ زووترین كات، یه‌كه‌مین قه‌زاش بوو كه‌ تیایدا (PCR) تێیدا ده‌ست به‌كاربوو به‌ هاوكاری وه‌زاره‌تی خوێندنی باڵا و زانكۆی سۆران، پزیشكی پسپۆڕ هه‌یه‌ به‌ڵام من ده‌مه‌وێ بڵێم به‌ڕێزان چونكه‌ زۆر باسی گه‌رمیان و كه‌لار و سه‌ید سادق و ئه‌و شوێنانه‌ كه‌ پزیشكی پسپۆڕ ئێمه‌ له‌ وه‌زاره‌تی ته‌ندروستی یه‌كێك له‌ كێشه‌كان سێ كێشه‌ی زۆر سه‌ره‌كی هه‌یه‌:

١- كێشه‌یه‌ك هه‌یه‌ كێشه‌ی دابین كردنی پزیشكی پسپۆڕی به‌رده‌وام له‌ قه‌زا و ناحییه‌كان.

٢- فریاكه‌وتنه‌كانه‌ شێوازی ده‌وام كردن و پزیشكانی پسپۆڕ له‌وێ.

٣- پزیشكی پسپۆڕی ته‌خدیره‌.

له‌ چاككردنی سیسته‌می ته‌ندروستی سه‌رقاڵی ئه‌وه‌ بووین كه‌ گۆڕانكاری له‌و سیسته‌مه‌ بكه‌ین، به‌ڵام به‌داخه‌وه‌ ئێستا ئه‌وه‌ پێنج شه‌ش مانگه‌ دیسان خه‌ریكی كۆرۆناین، ئومێدمان وایه‌ كه‌ بتوانین له‌ داهاتوو ئه‌و كێشه‌یه‌ حه‌ل بكه‌ین بۆ هه‌موو قه‌زا و ناحییه‌كان.

شیلادزێ ئێمه‌ پرۆژه‌یه‌كی ستراتیجی هه‌یه‌ به‌داخه‌وه‌ هاوشێوه‌ی هه‌موو پرۆژه‌ ستراتیجییه‌كان ڕاوه‌ستاوه‌ وه‌كو ئه‌وه‌ی كه‌ له‌ ڕاپه‌ڕین پرۆژه‌ی (٢٩١) قه‌ره‌وێله‌ییه‌كه‌، له‌ شیلادزێش ڕاوه‌ستاوه‌ به‌ڵام جارێكی تر ئێمه‌ نووسراومان كردووه‌ له‌م ڕۆژانه‌ی ڕابردوو كه‌ ئه‌م پرۆژه‌یه‌ گرنگه‌ ده‌ست به‌ كاربێته‌وه‌ به‌ حوكمی سنووره‌كه‌یان لێك دووره‌، ئه‌وه‌ بودواداچوونی بۆ ده‌كه‌ین له‌ ڕۆژانی هه‌ینی خه‌فاره‌ نه‌ماوه‌ له‌ شیلادزێ، عه‌مه‌لیات بۆچی له‌ ئه‌هلی دێته‌ ته‌بعه‌ن له‌ ئه‌هلییه‌كانیش

ڕاوەستا، بەڵام تەنها بیدایەتی کۆرۆنا تەنها بۆ فریاکەوتنەکان بوو، بەڵام بەداخەوە کێشەیەکی گەورەی دروست کرد، چونکە زۆر نەخۆش هەیە ناتوانێ لەوە زیاتر بخرێتە قائیمە و بخرێتە نۆرە بۆ چەند مانگی تر، بۆیە ئێمە لەگەڵ ئەهلییەکان بە (٢٥%)ی دابەزاندنی نرخەکان ئێستا ئەو خزمەتگوزارییانە دەکەن و لە نزیکترین دەرفەتیش دا من باسی (cold case) دەکەم لە نەخۆشخانەکان دەکرێتەوە لە دوای جەژن، بەڵام فریاکەوتنەکان و نزیك لە فریاکەوتن ئێمە پێی دەڵێین (semi-emergency) یان (urgent) ئەوانە هەر هەمووی بە شەو و بە ڕۆژ ڕانەوەستاوە و کراوەیە، بەڕێز کاك د.محی الدین پێویستە ژێرخان بەهێزتر بکرێ، بەدڵنیاییەوە پێویستی بە هەڵمەتێکی نیشتیمانی یە بۆ داهاتوو، چونکە کۆرۆنا فێری کردین کە تەنها تەندروستی لایەنی چارەسەری و عەمەلیات و دەرمان نییە، بەڵکو خۆپارێزی و بونییەی خۆپارێزی و ویقایە لە وڵات دا بەهێز بکرێت، بەڵێ فەرمانگەی میدیا و زانیاری ڕۆڵێکی گەورەی بۆ ئێمە بینی و هەماهەنگمان بوو، بەڕێزان باسی گلەییەکانی نەخۆشخانە ڕزگاری، من دەمەوێ ئەوە بڵێم نەخۆشی کۆرۆنا نەخۆشێکی ئیعتیادی نییە کە بەردەوام کارمەندی تەندروستی بە (schedule)ێك سەردانی دەکات و بەجێ دەهێڵێت، ئەوە نیە لە (station)ەکە بەرامبەری دابنیشی وەکو عینایەکانی تر، چونکە بە شێوازی کامیرا و بە شێوازی پەیوەندی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە لە دوای ئەوەی کە (tour)ی بەردەوام دەکەن دانیشتن و مانەوە من دەمەوێ موراعاتی ئەوە بکەم کە پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی (١٠) دەقە، چارەکێك ببینن لە ناو ئەو بەدلەیە چیان لێ دێت؟ چونکە هیچ نەفەسێك نیە لە ناو ئەو بەدلەیە، زۆر زەحمەتە بتوانیت هەشت سەعاتی دەوامت بڵێین بەردەوام لەلای نەخۆشەکە بی، بۆیە ئەو گلەیی یە لەوەدا دروست بووە، بەڵام تا ڕادەیەکی باش ئێستا چارەسەر کراو گۆڕانکاری لە شێوازی سیستەمی بەڕێوبردنەکەش کرایە، پاداشتەکە بەڕێزان دیسان دەڵێم زۆر باسی پاداشتیان کرد، ئێمە پاداشتمان بە فەرمی داوا کردووە و ئومێدمان وایە ئەو قەیرانە دەرفەتمان پێ بدات کە بتوانین پاداشتی ئەو بەڕێزانە بکەین، نەخۆشی کۆرۆنا هەژمار دەکرێت بە مردن، نەخێر، ئێمە گومانمان هەیە ئەگەر کەسێکی تر مردبێت و هەڵگری ڤایرۆسەکە بێ تۆمار نەکرابێ، بەڵام ئەوانەی تۆمار دەکرێن هیچیان بەدەر نین لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، بۆیە لەوە دڵنیاتان دەکەینەوە (١٠٠%) هەم لە دەستنیشان کردن، هەم لە زانینی (clinic)ی لە ناو پزیشکانی پسپۆڕ و ئەو نەخۆشەی کە دەمرێت ئەوە کۆرۆنایە، زیادبوونی هۆکارەکانی ئایا هاووڵاتی تووش دەبێت بۆ ئەوەی ترس و یەعنی ئەوە دیسان دەیڵێینەوە بەدڵنیاییەوە ئەوانە کۆرۆنان کە دەمرن، بەڕێز کاك سەرکۆ، چەند جۆر تێست هەیە؟ تێستی کۆرۆنا تێستی (rapid test)هەیە ئەوە بۆ دەستنیشان کردن بە کار نایێت، هەر بەڕێزێك ئەگەر پێمان بڵێ سوپاسی دەکەین، لە کوێ کەسێك ئەو هەڵە دەقۆزێتەوە بۆ پەیدا کردنی بەرژەوەندی کەسی خۆی؟ بە هێنانی تێست (٣٠%) زیاتر نسبەی تەشخیص نادا و بۆ دروستبوونی (antibody)یش دیسان (٦٠%)، ڕێگای دروست بۆ دۆزینەوەی (antibody) نەوعێکە لە تەریقەی (ELISA)یە، ئەوەش دەکرێت بۆیە تێستی (PCR) تێستێکی یەکلاکەرەوەیە تاڕادەی (٧٠%) ئەویش (١٠٠%) نیە، بۆیە بە (clinic)ی پزیشکەکە تەشخیص دەکات یانیش بە

(CT scan) کە چەند (sign)ێکی جیاواز لە ناو ئەشیعەکەدا دا دەبێ، باسی حەبەکانمان کرد، من ناچمەوە سەری، کاك جەلال لیژنەی لاوەکی پێش ئەوە گرفتی هەبوو تێنەگەیشتم مەبەستەکەی چ بوو لە لیژنەی لاوەکی کێشە و گرفتی هەیە، ئەگەر دواتر.

کەمی ئۆکسجین لە گەرمیان بەرێزان لە هیچ شوێنێك ئۆکسجین نەبوونی ئۆکسجین نەبۆتە هۆکاری مردن، دڵنیاتان دەکەمەوە، چونکە ئۆکسجین بەدیلی ئۆکسجین هەر ئۆکسجینە بەدیلی هەیە، کارگەی ئۆکسجین هەیە، بە تەریقەی سائیلیش هەیە کە من بۆ خۆم دیتم لە گەرمیانیش دایاناوە لە نەخۆشخانەی قەڵاش هەیە، ئەگەر ئەوە ئیش نەکات و نەمێنێ بتڵیش هەیە (portable) لە تەنیشت نەخۆشی دایدەنێی، یەعنی ئۆکسجین ئەو کێشەیە نیە، نەبوون و کەمبوونەوەی هەیە، بەڵێ کەمبوونەوە هەبووەو لە موحافەزاتی جنوب موخاتەبەمان دەکەن کە ئەو کارگەیەی کە لە بازیان هەیە کارگەی سائیلە بتوانێت بۆیان دابین بکات، بەڵام نەگەیشتۆتە حەددی ئەوەی کە ئۆکسجین صفر بێت و نەخۆش پێویستی بە ئۆکسجین بێت و ئۆکسجینێك نەبێ.

گلەیی لە کەمی فەحسەکان، فەحسەکان بە گوێرەیی (standard) و بە گوێرەی ئەو (indication)نانەی نزیکن لە (standard) کە (٢٣٠٠) (٢٤٠٠) هەندێك ڕۆژ تا (٢٥٠٠)یش دەکرێت، بەڵام ئایا زیاتر بکەین؟ بەڵێ، بەرنامەیەکی تۆکمە و ڕەزامەندیشی وەرگیراوە و ئێستا سەرقاڵی زیادکردنی سەنتەرەکانین لە ناو شار، لە سنوورەکان، ئەگەر ئیمکان بوو لە ناو فرۆکەخانەکانیش دادەنێین بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیان بێت.

کاك د.بژار گرێبەستەکان ئێمەش ئەمێدمان وایە گرێبەستەکان بکرێنە هەمیشەیی لەگەڵ باشبوونی وەزعی قەیرانی دارایی، بەڵام ئەوە تەنها لە بواری تەندروستی دا ئەو کێشەیە نیە، چونکە لە زۆر بوارەکانی تردا پێویستی بە دامەزراندن هەیە، بەڵێ دهۆك مەغدوورە لە شێرپەنجە و ئێستا ئێمە بەڵێنمان داوە کە کاری یەکەممان بەتایبەتی لەسەر سندووقی کۆمەکی شێرپەنجە دروستبوونی بونیەی تەحتی شێرپەنجە بێ لە سنووری دهۆك، چونکە دهۆك تا ئێستاش لە ناو نەخۆشخانەی ئازادی چارەسەری کیمیاوی وەردەگیرێت، هیچ چارەسەری بە تیشك نییە، ئومێدمان وایە کە بەرنامەشمان کە بتوانین ئەو پرۆژەیەی کە ڕاوەستا بەداخەوە پرۆژەیەکی ستراتیجی بوو بیخەینە سەر سندووقی تەمویلی کۆمەکی شێرپەنجە، ئەوەی بەڕێز باس دەکا لە نێوان دهۆك و سێمێل ئەوە تەواری دهۆکە وەکو پرۆژەکانی تر ڕاوەستاوە.

کاك د.زیدان باسی سوپاس و پێزانین بۆ (staf) باسمان کرد دوو جار داومانە و سوپاسی بەڕێز جەنابی سەرۆك وەزیران هەیە، مەبەست لە مانگی شوبات وانیە لە مانگی شوبات خەلاص دەبێت، (١٢٠٠٠٠) ئیتر دوای مانگی شوبات نامێنێ، ئیحتیماله خوانەکان ئینشاڵلا ناگەینە ئەو (١٢٠٠٠٠)ەش بەڵام ئەوە پێشبینیە وەکو شەش مانگ وەرگیرابوو لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، لەنجە خان باسی هەندێك نەخۆش ڕاستە خۆیان دەشارنەوە یان بە شەرمی دەزانن، سەبارەت بە پاییزی داهاتوو بەدڵنیاییەوە ئەگەر ڕەوشی کۆرۆنا بەرەو کۆنترۆڵ کردن نەچێت لە پاییزدا کۆمەڵێك ڤایرۆسی تری ئەنفلەوەنزای مەوسیمی هەیە وەکو (type B ) (H1N1) هەیە و

(H2N3) هەیە، ئەوانە لەوانەیە (co-infection) دروست بکات، لەو حاڵەتەدا ڕەنگە ڕێژەی مردن بەرز ببێتەوە، کاك هێڤیدار باسی ئەوەی کرد کرد من بەداخەوە باش بوو ئەوەت باس کرد قەت نەمانگوتووە ئێمە وەکو لایەنی تەندروستی بڵێین لە دەست دەرچووە، بەداخەوە چوار تا پێنج جار دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەزگای ڕاگەیاندنی زۆر ناودار بە ناوی من پۆستەری دروست کردیە و تەصریحی دایە کە ئەبەدەن قسەی ئێمە نەبووە بڵێین لە دەست دەرچووە، نەخێر قسەی ئێمە نەبووە، بە ناوی من باسی ئەوە کرایە کە چۆتە گەڕەك و لە دەرگای ماڵەکان، ئەو شتانە، یانیش گوتویانە ترسناکی نەماوە وەزیری تەندروستی دەڵێ، قسەی ئێمە ئەوە نییە بەیانەکانی ئێمە، ڕاسپاردەکانی ئێمە بۆیە بەداخەوە لە ئیعلام قسە دروست دەکرێت شتی وا نەگووتراوە لە دەست دەرچووە، ئەزموونی سەرکەوتنی دهۆك بەدڵنیاییەوە ئێمە دەستخۆشی لە دهۆك دەکەین، ڕێکارەکان تا ڕاددەیەکی باش تەنانەت هاووڵاتیانیش ئەوەش گرنگە کە پابەندن زیاتر، بەڵام ئەوە دیسان ئیستیفادەی لێ وەرگیرایە بۆ زۆر شوێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا بڵاوبوونەوەی نەخۆشییەکان هەر هەبووە و ئومێدمان وایە دهۆم هەر ئەوها کەم بێت و یانیش بەو ڕێژەیە هێواشە بێت کە سوودی لێ وەربگیرێ، ڕەنگە لە شوێنی تر پەلە کرا، عەجەلە کرا لە ئاسایی کردنەوە، یانیش بەو مەرجە کرایتەوە کە مەرجی تەندروستی بێ بەڵام بەداخەوە مەرجەکە جێبەجێ ناکرێ، قەدەغەی هاتووچۆ دوای کردنەوەی سەرکەوتوو نەبووە؟ قەدەغەی هاتووچۆ سەرکەوتووترین ڕێکاربووە کە توانیدرا تا ڕاددەیەکی باش بڵاوبوونەوەش تاخیر بگرێت و سەبر بگرێت، بەڵام بەداخەوە لەبەر باری ئابووری هاووڵاتی و بژێوی ژیان قەدەغەی هاتووچۆ بەو ڕێکارە توند و (complete lockdown) ناتوانین بیکەین ئەوەش کراوەتە سەر شوێن بە شوێن یان کەمکردنەوەی لە بەینی شەو و ڕۆژ یان لە بەینی پارێزگاکان، یانیش داخستنی (لا یزال) تا ئێستا زۆر شوێن داخراوە، نەکراوەتەوە بە فەرمی.

شەپۆلی دووەم چی ڕوو دەدات؟ من دەمەوێ بڵێم کۆرۆنا پێشبینییەکی وازح نییە لە هیچ وڵاتان، هەمووی بۆ ماوەی حەفتەیەك پێشبینییەکان دەکەن، بۆیەش تا ئێستاش زۆر شوێنەکان ناکرێتەوە، پێشبینییەکان دیارنیە لەبەر ئەوەی دیار نیە کەینێ ڤاکسین دروست دەبێ، کەینێ مەناعە لە ناو (community) یان کۆمەڵگا دروست دەبێت.

سەبارەت بە بەڕێز کاك هێڤیدار باسی ئەوەی کرد هەموو خەریکی کۆرۆناین، وابزانم بەڕێزت بووی یان بەڕێزێکی تر بوو، بەڵێ خەریکی کۆرۆناین (focus)مان لەسەر کۆرۆنایە بەڵام زمەتگوزارییەکانی تری فریاکەوتن ڕانەگیراوە، منداڵبوون و لە دایکبوون و نەخۆشخانەی منداڵان و شێرپەنجە و تەلاسیمیا و خزمەتگوزارییە تایبەتەکان لە ڕۆژانی قەدەغەی هاتووچۆش بەردەوام شەو ز ڕۆژ هەبووە بەڵام کۆرۆنا ڕەنگە سەبەب بووبی کە ئیبداعمان نەکردبێ لە سیستەمی تەندروستی، لە ژێرخانی تەندروستی و بارێکی وای دروست کرد کە پرۆژەکان دەست پێ نەکەین، ڕاستە لەوە تاخیری کردین، ئەوەی باس دەکەی بەدڵنیاییەوە ئەوە کێشەیەکە لە بواری دەرمان، پرۆژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان حازرە، (draft)ەکەی هەیە بۆ دروستکردنی دامەزراوەی (quality control)ی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و خۆراکیش بۆ

ئەوەی هیچ درزێك لەو نێوانەدا نەبێت کەسێکی نەفس نزم بتوانێت ئیستیغلالی شیری منداڵ بکات، یانیش دەرمانێك بکات بۆ ئەوەی ساغی بکاتەوە لەسەر حیسابی بەرژەوەندی کەسی بە دڵنیایی ئەوە نەبۆتە دیاردە بەڵام وەکو محاوەلات هەیە ئەوەی من دەمەوێ بڵێم بەڕێزان چاکسازییەکی باش لە بواری دەرمان و پێداویستی پزیشکی دەستی پێکرد، ئێمە لەگەڵ دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەم، هەموو کۆمپانیاکان بە ڕێکارێکی ڕێنمایی نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانیان تواندرا لە کۆی زیاتر لە (٢٣٤) کۆمپانیا (٣٣) کۆمپانیا تا ئێستاش ڕاگیراوە لە کار، لەبەر ئەوەی بەو (standard) و بەو (quality) مەخزەن و گواستنەوەی نەبووە، هەروەها ئەو کۆمپانیانەی (٦٧) کۆمپانیاش تا ئێستا لە کوالێتی کۆنترۆڵ بلۆك کراوە لە سیستەم، تەعامولی لەگەڵ ناکرێ لەبەر ئەوەی تەعەهود و بەڵێننامەکەیان جێبەجێ نەکردووە، چەند ڕێنماییەکی نوێ بۆ پێداویستی پزیشکی و تاقیگە دانرا و تەنانەت بۆ خۆراکیش بە هەمان شێوە، بەڵام دیسان دەڵێم کۆرۆنا وای کرد کە ئەم کارانە هەندێك بە سەبری بچێتە پێش، بە دڵنیاییەوە هەر پزیشکێکیش ئێمە بڕیارمان دەرکردبوو بەرەو جێبەجێ کردنێکی باشیش چوو بوو پێش کۆرۆنا کە هەر پزیشکێك بچێتە کۆنفرانس و دەرەوەی وڵات لەسەر حیسابی کۆمپانیایەك بەبێ ئەوەی وەزارەتی تەندروستی ئاگادار بێت بەدڵنیاییەوە ئێمە سزامان هەبووە، دوورخستنەوەشمان هەبووە لەو کەسانەی کە دووری بەرپرسیارێتیان هەبووە، بەڵام دوای کۆرۆنا ئێستا دیارە هیچ ئیفاد و حەرەکە و کۆنفرانسات نەماوە.

گەرمیان، کاك ڕزگار باسمان کرد بۆ هەموو شوێنەکان لێکۆڵینەوە بکەین، بەڵێ لیژنەکانمان چووە، ئێمە چەند لیژنەیەکمان هەبووە، جگە لە لیژنەی تەفتیش، لیژنەی کۆرۆنا هەیە سەردان دەکەن، لیژنەی تاقیگە هەیە، دوایەمین لیژنەش لیژنەی تەفتیشە بەدواداچوون دەکات لە تاقیگەکان، بینیتان لە دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە تەلەفزیۆنیش دەرچوو کە چۆن لە تاقیگەکان خەڵکێك هەبووە بە دوور لە چاوەکانی تیمەکانی تەندروستی کاری دەستنیشان کردنی بەڕێکاری غەڵەت کردووە، ئەوەی بات کرد لە نەخۆشخانەی قەڵا کە پیرە و گەنجەکە مردووە و پیرەکە نەمردووە، بەڕاستی ئەو دیاردەیە لە هەموو شوێنێك هەیە لە دونیاش بەڵێ هەبووە زۆر (risk factor)ی هەیە بەڵام مەناعەی باشە، خەڵکیش هەبووە هچ نەخۆشی نەبووە ئەوەش هەبووە، پارە لە ئیدارەی گەرمیان ئیتیفاق کراوە، نازانم مەبەستەکە چ بوو لە ئیدارەی گەرمیان ئیتیفاق کراوە، پارە تەرخانکراوە بۆ کارمەندانی ناوخۆ؟ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پارەیەك وەکو پاداشت تا ئێستا دابین نەکراوە، بەڵام خێرخوازان و ئیدارەکان ڕەنگە هەندێك هەوڵی پاداشتیان هەبووە، کاك شەمۆڵ باسی ئەوە کرا جیاوازی کراوە لە نێوان دابەش کردن، هیچ جیاوازییەك نییە من دیسان دەڵێم هەم بودجە هەم پێداویستییەکان ڕێژەیەکی (standard)ی سابتمان هەیە، ئەو ڕێژەیە کە بۆ کۆیە (٦%) یان کەمە بە قەت هەولێر و سلیمانیە؟ نەخێر، بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی بە قەت هەولێر و سلێمانی نییە لە ڕووی نفوسەوە و لە ڕووی ئیمکانیات و عەدەدی نەخۆشەوە، بۆیە ڕێژەکانیشیان جیاوازە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە هەموو بودجەیەك بەشیان دراوە، لە هاوکارییەکانی بەغدا و نێودەوڵەتیەکان

بەشیان دراوە تەنانەت ئەگەر پێداویستییەکی تریان پێویست بێ موناقەلەش کراوە لە شارێك بۆ شارێکی تر.
کاك مەلا ناصر من نازانم کام ڕاپۆرتە وەڵام نەبووە بەڵام ڕاپۆرتمان زۆر لە پەرلەمان بۆ دێت، هەندێکیشمان جواب داوەتەوە، ڕەنگە لە (process)ی جەواب دانەوە بێت، ژمارەی دکتۆر و کارمەندەکان ئێمە لەوێ کێشەمان لە گەرمیان باست کرد کێشەمان کێشەی پزیشکی پسپۆڕە، بەداخەوە لە کفریش و لە کەلار کە دەگەڕێنەوە ناو سلێمانی بۆیە خەلەلی سیستەمی ئێمە بۆ دابین کردنی پزیشکی پسپۆڕ بۆ قەزا و ناحیەکان کە دەگەڕێنەوە عیادەکانیان لە ناو شاری سلێمانی یە و لە هەولێریش بەهەمان شێوە لە سۆرانە، لە دهۆك بە هەمان شێوە، بەڵام کێشەکان لە نەبوونی ژمارەی پێویستە بۆ کارمەندی سڕکردن، یان بڵێین یاریدەدەری سڕکردن، کە ئێمە لەپرۆژەیەکمان داوامان کردووە هەندێك لەو بەڕێزانە بە کار بیەخین وەکو گرێبەستێك یانیش پرۆژەیەکی تایبەت بۆ ماوەیەك تا کۆرۆنا هەیە، من ناچمە سەر ئەوەی کێشەی بەڕێوبەرە و کەسی یە، ئەوە بەڕێوبەری تەندروستی یە خەلەل لەوێیە، بەڵام سوپاست دەکەن کە زیاتر لە ملیۆنێك و دوو سەد هەزار دۆلار لەلایەن خێرخوازان و دابین کردنی ئامێرەکان دەستیان خۆش بێ و لە زۆر شوێنی تریش خێرخواز ڕۆڵێکی گەورەیان بینی لە ماوەیەکی کورتیش، سەبارەت بە ڤایرۆسەکە دەستکردە دەستکرد نیە؟ ئەوە کێشەیەکە قسەی تێدا هەیە، بەڵام ئێمە نازانین هیچ لێکۆڵینەوەیەك لە هەرێمی کوردستان نەکراوە بۆ ئەوەی دەستنیشان بکەین ئەوە لە نێوان ئەمریکا و صین ئەو قسەیە هەیە، کۆتایی هاتنی دیار نیە، بەڕاستی کۆتایی هاتنی کۆرۆنا دیار نیە، زۆر ڕوئیایەکی وازح لە جیهان دا نیە تا ئێستاش، بەڵام توێژینەوە هەیە، بۆچوون هەیە ئەو بۆچوونانە بە بنەمایەکی ڕاست و دروست و پەسند کراو دانانرێ، کە ئەوان دەڵێن ئەگەر ڤاکسین هەبوو ئەگەر ڤایرۆسەکە خۆی نەگۆڕی، ئەگەر هەوو موجتەمەع مەناعەی دروست بوو بەڵام مەناعەکەش تا ئێستا دیار نیە مەناعەیەکی یەکجاری دەبێ یان مەناعەیەکی کاتی دەبێ، ئایا بۆ ئایندەی کوردستان بەرنامەی درێژخایەن هەیە؟ ئەو بەرنامەیەی باسمان کرد بەدرێژی بوو ڕەنگە بە خێرا چووم، بەڵێ بەرنامەکەمان هەیە، بەرنامەمان هەیە لە ئێستاوەش کە لوقاحی (H1N1)یش وەرگرین لە بەغدا داوامان کردووە، چونکە تاوەکو باری توندی نەخۆشەکان تێکەڵ نەبێ لەگەڵ کۆرۆنا لەگەڵ ئەنفلوەنزای پاییزدا.
ئەگەر مەترسییەکان بۆ دووساڵی تر بەردەوام بێ، بە دڵنیایی بۆ دوو ساڵی تر بەردەوام بێ زەغتەکی یەکجار زۆر لەسەر سیستەمی تەندروستی و کارمەندان و خزمەتگوزارییەکان بە گشتی دەکات، بەڕێز کاك زانا باسی یاسای تەندروستی گشتی کرد بە دڵنیاییەوە یاسای تەندروستی گشتی زۆر بە وازحی هەموو ڕێکارەکانی تێدا باس کردووە، بەتایبەتی بۆ نەخۆشیە گوازراوەکان، کە ئەوەش یەکێکە لە نەخۆشییە گوازراوەکان، بەڵێ ئەوەی بەڕێز کاك زانا باس دەکات جگە لەو بودجانەی وەزارەتی تەندروستی بودجەی تریش بۆ ناوخۆ و پارێزگاکان سەرف کراوە، ئێمە لە سەردانی بەغدامان بەڵێنیان پێداین کە بێ بەشمان نەکەن لە هیچ هاوکارییەك، بەڵام لەوێش ئەو (٥٠٠) هەزارەی وەعد بوو بە کارمەندانی تەندروستی بدەن نەیاندایە، پارچە

زەوی بدەن نەیاندایە، گوێم لێ بووە بە نووسراو نەمبینیوە کە بەشەهید دابندرێ ئەوە وابزام هەر قسە بوو، لە بەغداش وەزعی مووچە و دابین کردنەکانیان بەو ئاستە نیە، لە ئەنجامی پێشنیارەکان ئێمە بەڵێنمان پێدراوە کە تەمویل کردن و پشتگیری حکومەتی هەرێم بۆ داو و دەرمان و پێداویستی پزیشکی مانگانە بە پێی پێویستی ئێمە بودجەی تەرخانکراوی تایبەتمان بدەنێ، هەروەها سوپاس و پێزانینەکە و قیدەمەکەیان ڕەزامەندی دەربڕیوە بەڵێن دراوە ئەگەر ئیمکان بێ بە پێی توانا بتوانین هاوکاری و پاڵپشتییەکی ئەو تەعویزەی یان بڵێین پاداشتە بێ بۆ کارمەندانی تەندروستی، هەروەها بەڵێنیان پێداوین لە کاتی بەردەست بوونی مووچەی فەرمانبەران یەکەمین مووچە وەزارەتی تەندروستی بێت و بەردەوام بێ.
ئایا هیچ کەس چاك بۆتەوە لە (RCU)؟ بەڵێ ڕێژەی چاکبوون لە عینایە مورەکەزەکان، هەیە، بەڵام ڕێژەی مردن زۆرترینی لە عینایە مورەکەزەیە، دیسان دەڵێم ئەوە وردەکاری زیاتری دەوێ لێرە باسی بکەم کە لە سەدا چەندیان تەنها (CPAP mask) بووە، ئەوی تر تەخدیر بووە، بەڵام ڕێژەی چاکبوون هەیە، جۆری دەرمانەکە باسم کرد ئەوەی (actemra) لە کوێ دەفرۆشرێت و ئیجرائات کرایە؟ بەڵێ من تازە خوێندمەوە، پلازمای خوێن تیجارەت ئێمەش بیستمان و زۆر بەدواداچوونی هەر سێ بەتایبەتی هەولێر و سلێمانی سەنتەری بانقی خوێنەکانمان کرد نەگەیشتینە شتێکی بەردەست، موخالەفەیەکی بەردەست ببینین کە پلازمای خوێن بفرۆشرێت، چونکە ئەوە قەدەغەیە وەکو فرۆشتنی هەر ئەندامێکی تری لەشی مرۆڤ، کاك لقمان باسی پلانی وەزارەتی تەندروستی، تازە باسم کرد بۆ کارمەندانی تەندروستی داوامان کردووە و بە تایبەتی موخەدیر پاداشت کردنمان باس کرد، ناهاوسەنگی هەیە لە میلاکی پزیشکی بەڵێ ناهاوسەنگی هەیە، چونکە ئێمە لە زۆر لە قەزا و ناحیەکان بە هۆی نەبوونی عینایە مورەکەزە دیسان دەڵێمەوە ناهاوسەنگییەك تا ڕاددەیەك هەیە، پلان چییە بۆ دەوامی دکتۆرەکان لە شوێنە دوورەکان؟ ئەوە کێشەیەکە پەیوەندی جگە لە کۆرۆناش کێشەیەکە هەر هەیە، باسم کرد بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی لە سۆران، نەخۆشخانەی ڕانیە هەر ئەو نەخۆشخانەیە زۆر زیاتری لە (٢٠%) ماوە، لە (٦٣%)ی جێبەجێ کراوە، بەڵام ئەوەش دەوەستێتە سەر پرۆژە ستراتیجییەکان کاتێك کە دەست پێدەکاتەوە لە حکومەتی هەرێم ئەو پرۆژانەی ڕێژەی لە (٨٥%) بەسەرەوە بوو دەست پێکراوە پێش کۆرۆنا، بەڵان بەداخەوە کۆرۆنا دیسان قەیرانێکی ئابووری تری دروست کرد، بەڕێز شیرین خان باسی گەرمیانی کرد، باسمان کرد، گرێبەست ڕاست دەکات مانگی یەك و دووش وەرنەگیراوە تا ئێستاش، بەڵام بڕیار بوو ئەمڕۆ و سبەی موافەقەکە دەگەڕێتەوە، ئەوانە بەڕێزان دوو جۆرە گرێبەست هەیە لە موەزەف، هەندێکی هەیە گرێبەستی داراییە ئەوانە لەگەڵ مەعاش مانگانە بۆیان دەبەسترێ، هەندێك گرێبەست هەیە گرێبەستی پەرەپێدانە جاران پێش چەند ساڵێك بەر لە ئێستا بەڕێوبەرە گشتییەکان دەسەڵاتیان هەبوو بەسەر پەرەپێدانی فەرمانگەکە گرێبەست بکەن، بەڵام ئێستا ئەو پەرەپێدانە لە فەرمانگەکان نەماوە بۆتە (٧٠%) بە (٣٠%)، (٣٠%) پەرەپێدانە و (٧٠%) دەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەت لە داهاتی فەرمانگەکان، بۆیە ئەو پەرەپێدانەمان تەحویلی سەر دارایی کرد، دارایی بە سلفە ئەو

مەعاشە بدات و لەو پرۆسەیەدا تاخیر بوو، بەڵام هەموو ڕێکارەکان لە دارایی تەواو بووە و ئەنجومەنی وەزیرانیش تەصەور دەکەم لە ڕۆژانی داهاتوو بگاتە خەزێنەکان و دابەش بکرێ، قەدەغەیە لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان هیچ پشکنینێك بکرێ بۆ کۆرۆنا تا ئێستاش، کۆرۆنا تەنها لە ژێ سەرپەرشتی تاقیگەکانی تەندروستی گشتی دەکرێت، هیچ دەستنیشان کردنێك لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان موخالەفەیە و ئێمە چەند شوێنێکمان داخست و لە تەلەفزیۆنیش پێشاندرا، بۆ کۆرۆنا، سەبارەت بە کفری باسمان کرد، پێویستە وەزیرەکان ئاوری لێ بدەنەوە، من بەش بەحاڵی خۆم سەردانم کردووە بۆ کەلار و کفری، نەخۆشخانە ئەهلییەکان (CT scan) دەکەن پلازما ببەخشن نازانم باسی ئەوە دەکەن پێیان گوتونە کۆرۆنایە ڕەنگە ئەوە حاڵەتێك بووە، دروستبوونی بەرگری لەش ئەوە بەشێکە لە سیستەمی کۆرۆنا کاتێك ڕوئیایەك هەیە کە ئەگەر بڵاوبێتەوە (herd immunity) دروست ببێ، بەرگری لەش بەرپێزان تەنها بە ئەوە دروست ناکرێ بیگری، بەڵکو بە ڤاکسین دروست دەکرێ، ئومێدمان وایە چاوەڕێی ڤاکسین بکەین، ڤاکسین دەربچێ، داوای (قدم)کەمان کردووە، (CT scan) دەچێتە ناو ئامارەکان هەر نەخۆشێك لە سەنتەرەکانی کۆرۆنا بە (CT scan) بێ یان بە تێست بێت دەچێتە ناو ئامارەکان، نووسراوێك لە بەڕێوبەرایەتی گشتی بۆ وەزارەت کە نەخۆش گیان لە دەست دەدات بەڵێ ئەو پرۆتۆکۆلە بەردەستە لە عیراق دا هەیە، باسمان کرد سوسن خان تا شوبات بەردەوام دەبێ؟ نەخێر ناڵێین تا شوبات و دوای شوبات نامێنێ، بەڵام تا شوبات حیساب بکەین ئەوەندە دەمێنێ، قوتابخانە و زانکۆکان تا ئێستا ئەو تەقییمە نەکراوە، لە مانگی هەشت و نۆ ئەو تەقییمە دەکرێ قوتابخانەکان بە چی دەکرێتەوە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە.

کۆتایی هاتنی کۆرۆنا، ئایا ئەو پرسیارە لە جیهان دا وەڵامی نییە تا ئێستا، ئایا کەی کۆتایی دێت کۆرۆنا؟

نرخی ماسك و دەستەوانە ئەوە باسمان کرد، بەڕیز کاك مەم برهان هەندێك پرسیاری وردی کرد کە جیاوازی چییە لە یەك سیستەم نییە؟ ئەگەر مەبەستت سیستەمی عیلاجی بێ هەمان سیستەم، هەمان پرۆتۆکۆڵە، کێشەی نرخەکان باسم کرد لە (fabivir)، هەرێم چەندی کڕیوە؟ بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر (١٠٠٠) دانەی کڕیوە لەسەر بودجەی خۆیان و چەند بەڕێوەبەرایەتییەکی تر هەیە ئێستا سەرقاڵی ئەوەن، بەڵام زیاترینیان لە عیراق کراوە کە ئێمە بەڵێنمان وەرگرتبوو بۆمان بنێرن، بەڵام دیارە ئەوانیش کێشەی ئەوەیان هەیە لەسەر بودجەی ئاسایی نەیانکڕیوە، لەسەر بودجەی کۆرۆنا، من لەگەڵ وەزیری تەندروستی لەسەر خەتم بۆ (fabivir) و بۆ (actemra) کە حصەی خۆمانمان بدەنێ، بەڵێ داتای ڕۆژانە ئەوەی باست کرد کە دەکاتە (١٠%)ی ئەوانەی کە پشکنینیان بۆ دەکرێ، بەڵام ئەوە ناکاتە لە (١٠%)ی موجتەمەع، (٩،٣%) کەمترە، لە ئەمریکا پشکنینی زیاترە؟ باسی ئەوەت کرد وابزانم بەڕێزت بووی بۆچی لە سلێمانی زیاترە؟ جوابم داوە لەبەر ئەوەی تووشبوون لەوێ زیاترە، ڕێژەی مردن چەندە ئەگەر نەخۆشە درێژخایەنەکان زۆرترینیان لە ناو ئەوانەیە کە نەخۆشیە درێژخایەنەکانیان هەیە، بەڵێ تووشبوون لە سلێمانی زیاترە و بەڵام بەرەو کەمبوونەوە چووە ئەگەر ئاماری ئەورۆ و دوێنێ و

پێرێ تەماشا بکەن، پشکنین دەکرێ (٢٠٠) تا (٤٠٠) دۆخی لە ئاستێکی بەرزدا نیە، بەڕێـزان ئەوەی جاران هەزاران دەکرا بە (pooling) دەکرا، ئێستا (single) دەکرێ بۆیە نیسبەکە هەنـدێك کەمتـر بووە، حەسیبە خان دیارە پرسـیاری نەبـوو، کـاك لقمـان پرسـیاری یەکەم بەڕاسـتی تێنەگەیشـتم، باسی کاریگەری ئەوتۆی نیە، لە دوکان موستەشـفایەك هەیە، لە هەمـوو شـوێنەکان هەوڵ دراوە کە شوێنی جیاواز بۆ کۆرۆنا جیابکرێتەوە، ڕاگەیەندراوی وەزارەتی تەندروستی جیـاوازی هەیە، ئاشنا خان باس لە ڕێژەی مردن دەکات، بەڵێ جیاوازی هەیە، ڕۆژ هەیە مردن کەمتـرە، ڕۆژ هەیە مردن زیـاترە، ئەوە دەوەسـتێتە سـەر وەزعیەتـی نەخۆشـەکان، بـۆیە دائـیمەن بە ڕێـژە حیسـاب دەکرێ چونکە ڕێژە لەسەر هەموو تووشبووەکانە، نەك لەسەر یەك ڕۆژ، جیاوازی دەبێ ڕۆژ هەیە مردن لە شوێنێك زیاترە، لە شوێنێکی تر کەمتـرە، جیـاوازی دەبێـت بە هـۆی ئەوەی مـردن هەیە زۆرترە مردن کەمترە، ئەوە ئاسایی یە، بەڵێ مردن لە سـلێمانی زیـاتر بـووە بەهـۆی تووشـبوونی زیاتر.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

لە شوێنی خۆتانەوە قسە مەکەن.

**بەڕێز د.سامان حسین بەرزنجی / وەزیری تەندروستی:**

بووورە نەك (٨٠%)ی خەڵك تووش دەبێ، لەوانەی تووش دەبن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

لەشوێنی خۆتانەوە قسە مەکەن.

**بەڕێزد.سامان حسین بەرزنجی / وەزیری تەندروستی:**

ئەوانەی کە تـووش دەبـن بـا بڵێـین (١٠٠) کەس تووشـبووە (٨٠) لەوانە یـان بـاری سـووکە یـان نیشانەی نییە، مەبەستەکە ئاوهایە نەك (٨٠%)ی خەڵك تووش دەبێ، شێوازی پـلان چییـە باسـم کرد بۆ پاداشتەکە، کاك سیروان بەڵـێ دیسـان دەڵێـین لەگەڵ پاداشـت و بەرزە مـووچەین، مـژدە خان باسی جموجۆڵ دەکات حکومەت بەشێکە هەردەم بۆ جموجۆڵی نەخۆش حکومەت ناتوانێ ڕێــگە بگــرێ لە جموجــۆڵی نەخــۆش، لە ئیحــالە کردنــی نەخــۆش، بــۆیە لە قەدەغەکردنــی هاتووچۆش، بەڵام جموجۆڵی نەخۆش ئەو ڕێژە بەرزە نەبووە کە بەرکەوتن زۆر بکات.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری تەندروستی زۆرتان ماوە؟

**بەڕێزد.سامان حسین بەرزنجی / وەزیری تەندروستی:**

زۆرم نەماوە، (٢٩١) قەرەوێڵەکە باسم کرد، بۆچی لێپرسینەوە نییە؟ بۆچی چاودێری نییە؟ (٥٠٠) میلاکی بەتاڵ هەیە؟ من نازانم ئەو (٥٠٠) لە کوێ یە مەبەست، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی جـاران (حزف و إستحداپ) هەبـوو پـێش قەیرانـی دارایـی، پـێش شـەری داعشـیش لە جێـی مـیلاك کە تەقاعود دەبوو کەسێك سێ ساڵی تەواو کردبایە لە گرێبەسـت دەبـووە دائـیم، بەڵام ئەوە چەنـد ساڵێکە ئەو (حزف و إستحداپ) ڕاوەسـتاوە، فشـارمان کـردووە بـۆ تەواوکردنـی نەخۆشـخانەی (٢٩١) قەرەوێڵەیـی، ڕۆژان خـان باسـی ئەوەی کـرد کە بـۆچی ڕێـژە زیـاد بـووە؟ ئـێمە ڕوونمـان

کردەوە ڕێژە سەبەبەکان بۆچی لە (٣٩١) حاڵەت بووە (١٢٤٥٠) بەڵێ لەبەر ئەوەی یەکەم شت متمانەیان نەهێشت لە ناو هاووڵاتی بەداخەوە، دووەم / هەموو شوێنەکان کرایەوە و بە بێ مەرجی تەندروستی، دائیرەکان زۆرترین، سنوورەکان، و پاریزگاکانی عیراق، ئەوانە هەمووی سەبەب بوون من باسم کرد پێشتر، کۆرۆنا تێکەڵی بابەتی دیکە کرا بەداخەوە، وەك باسم کرد لە نەشتەرگەری بۆچی ئەنجام دەدرێ لە ئەهلییەکان، بە هۆی ئەوەی زیاتر بوو، بەڵام بەو ڕێژەیەش زیاتر نەبووە، بەشێوەیەکی گشتی نەشتەرگەری تا ڕاددەیەك حادیسەکانیش کەم بووە بەڕێزان، کۆمەڵێك توێژینەوە لەلایەن پزیشکەکان کراوە، توێژینەوە ناتوانم بڵێم توێژینەوە دەتوانم بڵێم ((survey ،survey)) کراوە کە تەنانەت نەخۆشیە درێژخایەنەکانیش وەکو جەڵتەی دڵ و ئەوانەش کەمتر بووە، بە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتی کەمتر لە ماوەی ڕابردوو تووشی حادیسە و ئەوانە بووە، بەڕێز د.شایان باسی پسپۆڕی (virology) و (community) و ئابووریناسان، ئێمە بەداخەوە (community) و (virology)یمان کەمە، بەڵام بە سوپاسەوە هەموو ئەوانە بەشدارن ئێستا لە زانکۆکانیش دەوریان هەبووە تەنانەت ئامێریشیان داوەتە ئێمە، ئەوانەی (community) هەموو دابەش کراینە لەسەر شوێنەکان و تیمێکی پسپۆڕی لە بوارەکانی (باطنیة، تخدیر،virology) لە پزیشکانی خاوەن ئەزموون وپسپۆڕ و خانەنشینەکان لەگەڵمانن، دەبوایە پرس بکرێ؟ بەڵام بەردەوام پرس بەوان دەکرێت و ئێمە کۆبوونەوەی بەردەوامان لەگەڵیان هەیە، پێش دەرکردنی هەموو بڕیارێك بگەڕێتەوە لیژنەی تەندروستی؟ من ئەوەی بە زەروور نازانم، چونکە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩)ی ساڵی ١٩٨١ دەسەڵاتی بە وەزارەتی تەندروستی داوە ئەو بڕیارانە دەربکرێت، بۆیە هیچ بڕیارێك بە بێ یاسایی نەکراوە و وابزانم پێویستی بەوە نیە بگەڕێتەوە پەرلەمان ئەو بڕیارانە، ژمارەیەکی زۆر گیان لە دەستدان لە ناو کارمەندان هەبووە، بەڵێ پێنج بە کارمەندی تەندروستی و فەننی و لە ناو کەرتی تەندروستی هەبووە، وەکو شەهید هەژمار بکرێ؟ ئێمە داوای دەکەین بەڵام ڕەنگە هەندێك بنەمای تری هەبێت، من ناتوانم لێرە وەڵامی شەهید بدەمەوە، کاك د.صباح وابزانم کۆتایی بوو باسی ئەوەی کرد کە ڤاکسین بەڵێ من سوپاسی ئەو پێشنیارە دەکەم، ئێمەش داوامان کردووە لەگەڵ عیراق، ئەگەر بۆ عیراق بێ خۆی ڤاکسین بەرنامەی نیشتیمانی یە، عیراق دەبێ بەشی هەرێمی کوردستان بۆمان ڕەوانە دەکات وەکو ڤاکسینەکانی دیکە، بەڵام تا ئێستا لە جیهان دا ڤاکسین دروست نەبووە، ئەگەر دروست بێت بە دڵنیاییەوە تەڵەبی زۆری لەسەرە لە هەموو جیهان، سەبارەت بە نەخۆشخانە هەیە ئەجهیزەی باشی تێدایە و هەندێکیان باشی تێدا نیە، ڕەنگە لە شوێنێك بۆ شوێنێك لە کۆرۆنادا جیاوازی هەبووە لەوەی خێرخوازێکی زیاتر هاوکاری کردووون، دوای جەژن باسی ئەوە کرا ئیبراهیم خلیل دەکرێتەوە، حدودی ئیبراهیم خەلیل و هەموو سنوورەکانی تر و فرۆکەخانەکان ئێستا کار بۆ ئەوە دەکرێ ئامادەکاری کە لە نزیکترین کات دا بکرێتەوە، جولەی بازرگانیش بە تەواوەتی بە بێ ڕێگەپێدان کرایەوە، ڕێکارەکانی تەندروستیش جێبەجێ دەکرێ بە پێی ڕێنمایی تایبەت دەبێت، زۆر سوپاستان

دەکەم، هەوڵمدا بە پێی توانا جوابەکانم بدەمەوە ئەوەی کە لە بیرم نەکردبێ، زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری تەندروستی، زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان لە لیژنەی تەندروستی کە ڕاپۆرتەکەیان ئامادە کردووە، سوپاس بۆ وەڵامەکانی بەڕێز وەزیری تەندروستی، بەم شێوەیە دانیشتنەکەمان هەڵدەگرین هەتا بەیانی سەعات (١١).

| | | |
|---|---|---|
| **منى نبى قهوچى** | **هێمن هەورامی** | **د. ڕێواز فائق حسين** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)ی
سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٨\٧\٢٠٢٠
خولی پێنجەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧)
## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٨

کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٨ پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د. ڕێواز فائق حسن سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز هێمن هەورامی جێگری سەرۆك و، بەڕێز منى نبى قهوچى سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی خولی پێنجەمی ساڵی (٢٠٢٠) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمی بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (١٦) و ماددەی (٤٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان – عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسایی ساڵی یەکەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە کاتژمێر (١١)ی پێش نیوەڕۆ ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٨) بەم شێوەیە بێت:

١-خوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کاروباری ئابووری سەبارەت بە دۆخی دارایی ئابووری هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیری دارایی و ئابووری و وەزیری پلان دانان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لەنێوان هەرێم و بەغدا، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٦٦) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

٢- خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازی یاسایی ماف و ئەرکی نەخۆش لە هەرێمی کوردستان بەپێی حوکمی ماددەکانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، پوختەی دانیشتنی ژمارە (٦)ی ئاسایی ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٧/٢٧) بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

یەکەم: دەسپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتنی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.

سێیەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

چوارەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسا لە ئەستۆگرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو پێشنیازی یاسا بەڕێوەبردنی پاراستنی شوێنەوار و کەلوپەل لە هەرێمی کوردستان ڕێکخستنی نیگای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.

پێنجەم: پەسەند کردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (سۆران عمر سعید) لە ئەندامیەتی پەرلەمان بە (٥٥) دەنگ لە کۆی گشتی ئامادەبوانی ئەندامانی پەرلەمان.

شەشەم: بە ئامادەبوونی هەر یەك لە بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری کاروباری پێشمەرگە و وەزیری تەندروستی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەنێوان هەرێم و بەغدا دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گفتوگۆ لەسەر ئەم ڕاپۆرتانەی خوارەوە کرا:

١-راپـۆرتی کۆبـوونەوەی هاوبەشـی لیـژنەی کاروبـاری پێشـمەرگە نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێـم سـەبارەت بە دۆخـی نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی هەرێـم هێرشەکانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر ناوچەکە.
٢- راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایشی ئەنجومەنە خۆجێییەکان پەیوەندیەکانی رەوەندی کوردستانی سەبارەت بە دۆخی ناوچە سنووریەکان.
٣- راپۆرتی لیژنەی تەندروستی سەبارەت بە پەتای کۆرۆنا کۆڤید (١٩).
حەوتەم: پێشخسـتنی ریزبەنـدی بـڕگەی پێنجەمـی بەرنـامەی کـار بە رەزامەنـدی زۆریـنەی ئامادەبوانی ئەندام پەرلەمانانی بەڕێز.
هەشتەم: کۆتایی هاتنی دانیشتنی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دواخستنی هەردوو بـڕگەی چوارەم و پێنجەم بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ژمـارە (٧)ی ئاسـایی خـولی بەهـارەی سـاڵی دووەم لە خـولی پێنجەمی هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دەست پێدەکەین سـەرەتا دەرفەت دەدەیـنە بەڕێـز سکرتێری پەرلەمان بۆ خوێندنەوەی بەرنامەی کاری کۆبوونەوە و پوختەی دانیشتنی ژمـارە (٦)، فەرموون.

**بەڕێز منی نبی نادرقهوەچی/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەی کار:

بەپێی حـوکمی مـاددەی (٥) بڕگەکـانی یەکەم دووەم لە مـاددەی (١٦) بـڕگەی سـێیەم لە مـاددەی (١٨) بڕگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم و پێنجەم لە ماددەی (٢٠) ماددەکـانی (٤٧،٤٨، ٥٢، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٧) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلەمـان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (٧)ی ئاسـایی خـولی بەهـارەی سـاڵی دووەم لە خـولی پێنجەمـی هەڵبژاردنـی پەرلەمـان لە کـاتژمێر (١٠)ی پـێش نیـوەڕۆ ڕۆژی سێشـەمە ڕێکەوتـی (٢٠٢٠/٧/٢٨) بەم شێوەیە بێت:
١-خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی دارایی کاروباری ئابووری سـەبارەت بە دۆخـی دارایـی ئـابووری هەرێمی کوردستان بە ئامادەبوونی بەڕێزان وەزیـری دارایـی و ئـابووری و وەزیـری پـلان دانـان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لەنێوان هەرێم و بەغدا، سـەرۆکی دیـوانی ئەنجـومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەپێی حوکمی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٦٦) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.
٢- خوێنـدنەوەی دووەم بـۆ پێشـنیازی یاسـایی مـاف و ئەرکـی نەخـۆش لە هەرێمـی کوردسـتان بەپێی حـوکمی ماددەکـانی (٨٧، ٨٨، ٨٩) لە پەیـرەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان، پـوختەی دانیشتنی ژمـارە (٦)ی ئاسـایی ڕۆژی دووشـەمە ڕێکەوتـی (٢٠٢٠/٧/٢٧) بەم شـێوەیەی خـوارەوە بوو:
یەکەم: دەسپێکردنی دانیشتن لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.

دووەم: خوێندنەوەی بەرنامەی کار و پوختەی دانیشتنی ناوی ئەندامانی ئامادەبوو ئامادەنەبووان بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەلایەن بەڕێز سکرتێری پەرلەمان.
سێیەم: دەستپێکردنی بڕگەکانی بەرنامەی کار لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان.
چوارەم: خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژە یاسا لە ئەستۆگرتنی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ هەردوو پێشنیازی یاسا بەرێوەبردنی پاراستنی شوێنەوار و کەلوپەل لە هەرێمی کوردستان رێکخستنی نیگای ئەلیکترۆنی لە هەرێمی کوردستان.
پێنجەم: پەسەند کردنی دەست لەکارکێشانەوەی ئەندام پەرلەمان بەڕێز (سۆران عمر سعید) لە ئەندامیەتی پەرلەمان بە (٥٥) دەنگ لە کۆی گشتی ئامادەبوانی ئەندامانی پەرلەمان.
شەشەم: بە ئامادەبوونی هەر یەك لە بەڕێزان وەزیری ناوخۆ و وەزیری کاروباری پێشمەرگە و وەزیری تەندروستی وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستان لەنێوان هەرێم و بەغدا دەستەی گشتی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم گفتوگۆ لەسەر ئەم راپۆرتانەی خوارەوە کرا:
١-راپۆرتی کۆبوونەوەی هاوبەشی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم سەبارەت بە دۆخی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم هێرشەکانی تیرۆرستی داعش بۆ سەر ناوچەکە.
٢- راپۆرتی هاوبەشی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایشی ئەنجومەنە خۆجێییەکان پەیوەندیەکانی رەوەندی کوردستانی سەبارەت بە دۆخی ناوچە سنووریەکان.
٣- راپۆرتی لیژنەی تەندروستی سەبارەت بە پەتای کۆرۆنا کۆڤید (١٩).
حەوتەم: پێشخستنی ریزبەندی بڕگەی پێنجەمی بەرنامەی کار بە رەزامەندی زۆرینەی ئامادەبوانی ئەندام پەرلەمانانی بەڕێز.
هەشتەم: کۆتایی هاتنی دانیشتنی لەلایەن بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دواخستنی هەردوو بڕگەی چوارەم و پێنجەم بۆ دانیشتنی داهاتووی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەرەتا پێش دەست پێکردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار بە گەرمی بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی، بەڕێز وەزیری پلان دانان، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانوستاندن لە نێوان هەرێم بەغدا، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان دەکەین بە گەرمی بەخێربێن، دەست بە جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەمی بەرنامەی کار دەکەین، سەرەتا بەڕێزان لە لیژنەی دارایی فەرموون بێنە شوێنی خۆتان، (بدریە) خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، ئێمە وەك لیژنەی مافی مرۆڤ لە (٦/٢٩)دا یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد لەسەر بارودۆخی سزادراوانی هەر سێ چاکسازییەکە، بەداخەوە تا ئێستا هیچ وەلامێکمان وەرنەگرتووە، دووبارە یاداشتێکمان لە (٧/٥) ئاراستەی سەرۆکایەتی کرد، لێرەوە دەمەوێ ئەوە بڵێم ئێستا بارودۆخی سزادراوان زۆر ناجێگیرە وە

کۆرۆنـا بەراسـتی تەشـەنەی کـردووە زۆربەی لە قاعەکـان ئێسـتا رووبەرووی ڤایرۆسـی کۆرۆنـا بوونەوە، بەداخەوە کە ئێستا لێرە ئیدیعای مافی ئینسانیەت و مافی مرۆڤ دەکەیـن، سـێ کەس گیانی لەدەست داوە لە چاکسازییەکان، یەکێك لە سلێمانی دوان لە چاکسازی هەولێر، بۆیە ئـێمە وەك لیژنەکەمان داوای کۆبوونەوەیەکمان کرد تایبەت لەسـەر بارودۆخی سـزادراوانی هەر سـێ چاکسازییەکە لە هەرێمی کوردستان، بەداخەوە ئێستا پشووی پەرلەمان دەست پێدەکا تـا ئێسـتا هیچ وەڵامێکمان وەرنەگرتـووە، داوا دەکەیـن ئاورێـك لە بـارودۆخی سـزادراوان بـدرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دوێنێش ئەو بابەتەمان مناقەشە کرد (گلستان) خان موداخەلەیێکی کـرد، بەڕێزتـان لێرە نەبوون ئێمە هیچ ڕێگرێکمـان نـیـە بـۆ ئەوەی کە دانیشـتنێك لەسـەردۆخی چاکسـازییەکان بکەیـن، بەڵام کـاك (ڕۆمیـۆ) لێـرە نیـیە لە ڕۆژێـك کـاك (ڕۆمیـۆ) و (گلسـتان) خـان هـاتن ئـێمە بیرۆکەیێکمـان هەبـوو ناردمـان بـۆ حکـومەت، ناردمـان بـۆ ئەنجـومەنی دادوەری تـا ئێسـتا وەڵامەکانمان بۆ نەهاتۆتەوە، بەڵام ئەمە هیچی ڕێگر نییە لەوەی کەی پێویست بـوو دانیشـتنێك بکەین و دەتوانین بە نائاسایی دانیشتن بکەین، کاك (کاوە)، فەرموون.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خـوای گەورە و میهرەبـان، ئـێمە لە (٥/٢٨) بە ئیمـزای حەڤـدە پەرلەمانتـاری ئۆپۆزسـیۆن یاداشتێکمان ئاراستەی جەنابتان کرد وەك سـەرۆکایەتی پەرلەمـانی کوردسـتان، تیایـدا داوامـان کـرد کە سـەرۆکی حکـومەت و جێگـری سـەرۆکی حکـومەت و وەزیـری دارایـی لە پەرلەمـانی کوردستان ئامادەبن، سەبارەت بە پرسی بیسـت و حەوت ملیـاری قەرزی حکومەت و کە پێشـتر سـەرۆکی حکـومەت رای گەیانـدبوو، بەڵام ئێسـتا سـتافی بەڕێـزی ئەنجـومەنی وەزیـران لێـرەن سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەت ئامادەنەبوون پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئامادە نەبوون؟ بەپێی پەیرەوی ناوخۆ دەبوایە جەنابیان لێر ئامادەبوونایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای بەخشـندەی میهرەبـان، وێـرای بەخێرهێنـانی گەرم لەو وەزیـرە بەڕێـز و خۆشەویستانە، منیش هەر جەخت لەوە دەکەمەوە کە سێ خـاڵی پەیڕەویمـان هەیە، یەکەمیـان ئەوەیە کە کاك (کاوە) ئاماژەی پێکرد بەپێی برگەی یەکەم لە ماددەی (٦٦) سەبارەت بەو قەرزەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەت رایگەیاندبوو (٢٧) ملیار قەرزارە لە پێش ڕۆژی جەژنی رەمەزان وە ئەو لێبـڕینەی (٢١%)ی کە لە مـووچەی فەرمـانبەران بـڕدراوە کە پاسـا و بەپێـی چ مـاددەیێکی یاسایی ئەم بڕینە بووە؟ وە لە هەمان کاتدا وەك سەرۆکی فراکسیۆنیش دیارە بـۆم هەیە بەپێـی ماددەی (٦٦) یا (٤٨)ی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان (٤٨) سەعات پێش داواکاریم پێشکەش کـرد بە بانگێشت کردنـی بەڕێزیکـی حکـومەت، بەڵام دیـارە هەمـوو ئەو جەخـت کردنـانە وەك کـراوە

بەراستی ئەمنیش پێم سەیرە بۆچی سەرۆکی حکومەت جێگری سەرۆکی حکومەت کە ئەمانە بەراستی بەرپرسیاری یەکەمن لە موئەسەسەی جێبەجێکردندا وە ئەوانیش زیاتر ئاگاداری بارودۆخەکانن بەشێوەیێکی گشتی لەگەڵ رێزم بۆ بەڕێزیان وەزیری دارایی و ئەو وەزیرە بەڕێزانەی کە هاتوون، ئەمە بەراستی وا نابینم کە هیچ کەسێك لەو موئەسەسەیە گەورەتر بێت بێ لێرە روونکردنەوەی خۆی بدات، ئەو موئەسەسەیە دەسەڵاتی بە سەرۆکی حکومەت جێگری سەرۆکی حکومەت وەزیرە بەڕێزەکان بەخشیوە، پێم وایە هەر کاتێك بەپێی ماددەی یاسایی ئەم موئەسەسەیە کە موئەسەسەی تەشریعی و چاودێرییە داوای وەزیرێك، سەرۆك وەزیر جێگری سەرۆك وەزیر بکا دەبێ بەخۆشحاڵییەوە بێت روونکردنەوە بۆ خەڵکی کوردستان بدا بەراستی من هیچ پاساوێك نابینمەوە بۆ ئەوە ئەم پەرلەمانە دەبێ بە گشتی کە زۆر جار باس دەکرێ کە رۆڵی پەرلەمان بگێردرێتەوە، پەرلەمان بەهێز بێ، پەرلەمان ئەرکی خۆی جێبەجێ بکا، ئەمن پێم وایە بەراستی رۆڵی بەهێزی پەرلەمان لەم خاڵانە دەدەکەوێ بەراستی، بۆیە دیسان جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوە کە پێویستە ئەوانە ئامادەبن، بارودۆخەکە باشە قەیرانی دارایی هەیە، قەیرانی سیاسی هەیە، قەیرانمان لەگەڵ حکومەتی هەرێم هەیە، تۆپباران هەیە، لەشکرکێشی هەیە، خەڵك خۆی دەخنکێنێ، خەڵك خۆی دەکوژێ، من دەپرسم ئایا لەو قەیرانانە خراپتر هەیە؟ بەرپرسی یەکەمی موئەسەسەی جێبەجێکردن بێت تەوزیحی خۆی بدات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس نوقتەی نیزامی یەك دەقەیە تۆ سێ چوار دەقە قسەت کرد، لەسەر قەرزەکان قسە ئەکەی لە راستیا ئێمە لە سەرۆکایەتی ئێمە لە ئێوە پەرۆشترین بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی قەرزەکان وە هیچ رێگرییەك نییە لەوەی کە لەسەر بابەتی قەرزەکان دانیشتنی پەرلەمان ئەنجام بدەین، جگە لەوەی کە بەرەسمی دیوانی چاودێری دارایی تەصدیقی قەرزەکان و دیکۆمێتی قەرزەکان بکا، مەرحەلەی یەکەم ئەوان لە راپۆرتێکا هەندێ شتی خۆیان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران دواتر داوای هەندێ دیکۆمێنتیان کردووە، ئێمە چاوەروانیمان ئەوەیە کە حکومەت بە زووترین کات ئەوەی کە دیوانی چاودێری دارایی داوی کردووە بۆیان بنێرێ، لەبەر ئەوەی ئەو راپۆرتەی دیوانی چاودێری دارایی کە دەنێردرێتە حکومەت دواتر حکومەت بڕیاری داوە خۆیان لە کۆبوونەوەی خۆیان راپۆرتەکەیان بنێرن بۆ ئێمە دڵنیابن لەوەی هەر کاتێك ئەو راپۆرتە بگا ئێمە کۆبوونەوەی پەرلەمانی بۆ دەکەین، ئەمە پەرۆشی هەموو ئەندامانی پەرلەمانە پەرۆشی حکومەتیشە، پەرۆشی خەڵکی کوردستانیشە کە بزانێ دۆسیەی قەرزەکان چۆنە، تەفاصیلی چییە وەخت گرینگە، بەڵام من تەصەورم وایە وەخت زۆر لە صالحمان نییە لەو دۆسیەیە، لەبەر ئەوە لەبەردەمی بەڕێزتان بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران ئەڵێین کە دەبێ پەلە بکەن لە ئەوەی کە ئەو پێداویستیانەی دیوانی چاودێری دارایی داوای کردووە بیاندرێتێ، بۆ ئەوەی ئەوانیش راپۆرتی متەکاملی خۆیان ئامادەبکەن وە ئاراستەی پەرلەمانی بکەن وە دڵنیا بن ئێمە دوای ئەوەی کە راپۆرتەکەی دیوانی چاودێری دارایی لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەی پەرلەمان دەکرێ دانیشتنی بۆ ئەکەین، تەنانەت ئەگەر لەناو پشووی پەرلەمانیشا بین، مامۆستا مەلا (هەورامان) جەنابتان نوقتەی نیزامیتان هەبوو؟ کاك (سیروان)، فەرموون.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیسان بەپێی هەمان ماددەی هاوڕێی بەڕێز کاك (کاوە) جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی نەوەی نوێ تەنها باسی لەوە کرد کە حەقدە ئیمزا بووە، نەخێر کاك (عبدالستار) خاوەنی بیرۆکە بووە نۆزدە ئیمزا بووە، هەر بۆ مێژوو لەگەڵ ئیتیکی پیشەییا ئەبێ بگونجێ کاك (دیاری) بەندە دووەم و سێیەم کەس بووین، بەڵام نازانم لەبەر چ هۆکارێك ناوەکان دەرهێنرا، بەڵام دەمویست بەس راستکردنەوە بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەمووتان پەرۆشن ئەو دۆسیەیە بۆ هەموومان دۆسیەیەکی هەستیار و گرینگە وە هەر یاداشتێك کە پێشکەش دەکرێ دوای ئەوە دەچێتە ناو پرۆسەوە، دەبێتە یاداشتی پەرلەمانی کوردستان هی خاوەنەکانیان نامێنێ کە واژوویان کردووە وە دەبێ ئێمە لەوە گەورەتر بیر لە بابەتەکە بکەینەوە، بەڕێز سەرۆکی لیژنەی دارایی بفەرموون بۆ خوێندنەوەی راپۆرتەکەتان. کاك (زیاد) کاك (پێشەوا) خاڵی پەیرەوی هەیە، فەرموون.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پشت بەستن بە ماددەی (٥٥)ی پەیرەوی ناوخۆ لە خاڵی یەکەمدا داوا ئەکەم قسەی بەڕێز مامۆستا (عبدالستار) کە باس لەوە ئەکا بە کەم سەیر کردنی موئەسەسە ئەمە بسڕێتەوە، چونکە هیچ کامێکمان نەمان بیستووە بەڕێز سەرۆك وەزیران بڵێ من بە کەم سەیری ئەم موئەسەسەیە ئەکەم شتی وە لە هیچ شوێنێك نەوتراوە، بۆیە داوا ئەکەم ئەو وشەیە بسڕێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو قسەیە بە دیاریکراوی لە پرۆتۆکۆل دەسڕێتەوە، کاك (د.زیدان)، فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی پەیڕەویم هەیە بەپێی ماددەی (٧٧،٧٨، ٧٩) کە تایبەتە بە پرۆژە یاساکان، پێشنیارە یاساکان، هەر پێشنیارە یاسایەك لەلایەن پەرلەمانتاران کە ژمارەیان دە پەرلەمانتار بێ پێشکەش دەکرێ، بەڵام ئێمە پێشنیاری یاسای بەرێوەبردن و پاراستنی شوێنەوار و کەلەپور لە هەرێمی کوردستان بە واژووی (٤١) پەرلەمانتاری بەڕێز پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کرد، دوێنێش خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرا، بەڵام رەخنەی ئێمە و گلەیی ئێمە ئەوەیە بەڕێز سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵ لە دیمانەیەکی میدیایدا زۆر بە لاواز و بە کەم ئەو بابەتەی ورووژاند، ئێمە وەکو پسپۆڕێك لەم بوارە وەك پەرلەمانتارانیش کە واژووشمان لەسەر ئەو پێشنیازە یاساییە کردییە، دەبێت پەرلەمانتاران رێز لەو یاسایانە بگرن کە پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو ئەو پرۆژە یاسا و پێشنیازە یاساییانەی کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ ئەکرێ لە پەرلەمانی کوردستان بۆ پرکردنەوەی پۆشاییێکی تەشریعییە لە بوارێکی دیاریکراوا، لەبەر ئەوە

هەر هەموویان گرینگی خۆیانیان هەیە وە ئەبێ هەموو ئەو بوارانەی کە هەن بە قانوون رێک بخرێن، ئەوە من دڵنیام بۆچوونی کاك (عبدالستار) یشە و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمانتارانیشە وەڵام دانەوە نییە لەسەر قسەی یەکتری، فەرموون کاك (زیاد).

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی تیمی بەڕێزی حکومەت دەکەین، دیارە راپۆرتەکەی ئێمە ناونیشانەکەی دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستانە، پێشەکی راپۆرتەکەمان لەسەر راسپاردەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژمارە (٥)ی ئاسایی خولی بەهارەی ساڵی دووەم لە خولی پێنجەمی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری پەرلەمانی کوردستان لەسەر دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان ئەم راپۆرتەی ئامادە کردووە، لیژنەی دارایی ماوەی (١٥) کاتژمێر کارکردن لەسەر ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە کە چەند سەردانێکی مەیدانی و راوێژکردن لەگەڵ کەسانی شارەزا و سوود وەرگرتن لە ئەزموونی راوێژکارەکانی لیژنە ئەم راپۆرتەی ئامادەکردووە.

هەرێمی کوردستان لەرووی دارایی و ئابوورییەوە لە دۆخێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێ، بەشێوەیەك تەنانەت پێدانی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان ناسەقامگیری تێکەوتووە، دروستبوونی ئەم دۆخە نالەبارە لە کەرتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان بۆ سێ فاکتەر دەگەڕێتەوە:

یەکەم: جیهانی بەدەرە لە توانای دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان وە بە هاتنی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت لەسەر ئاستی جیهان.

دووەم: پەیوەندی بە دانووستاندنەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عیراقەوەیە.

سێیەم: پەیوەندی بە رێك نەخستن و هەبوونی گەندەڵی و ناشەفافیەت لە هەندێ سێکتەرەکانی خەرجی و داهاتە لە هەرێمی کوردستان.

ئەم راپۆرتە باسی دۆخی ئابووری و کێشەی ئابووری و هۆکارەکانی ئەو کێشانە دەکات کە لەبەر دەم پێشەوە بردنی دۆخی ئابووری لە هەرێمی کوردستان، هەروەها پێشنیاری چارەسەرکردنی بەشێکی ئەو کێشانە لەم راپۆرتە ئەخەینە روو:

- ئابووری هەرێمی کوردستان:

هەرێمی کوردستان وەك قەوارەیێکی دەستووری یاسایی سیاسییە لە دەوڵەتی عیراقی فیدراڵ پرسیار ئەوەیە لەرووی داراییەوە لە دەوڵەتی فیدراڵ، سەربەخۆیی دارایی هەرێمەکان لە کوێی یاسا و زهنی دارایی ئابووری عیراقدایە، ئایا بۆچی کێشەکان لەگەڵ سەربەخۆیی دارایی هەرێم وەکو بەشێك لە سەربەخۆیی زاتی هەرێمی کوردستان هەیە، بە چ میکانزمێك پارەی یەدەگی عیراق هەرێمی کوردستانی لێ بێبەش دەکرێ؟ ئەی قەرزەکان کە عیراق وەری دەگرێ هەرێم پشکی نییە لە دانەوەی قەرزیشدا لەسەر هەرێمی کوردستان هەژمار دەکرێ؟ کاتێك هاوسەنگی دارایی تێك دەچێ لەرووی ئاسۆییەوە داهاتی حکومەتی فیدراڵی زیاد دەبێ، بەڵام داهاتی هەرێمی کوردستان بەشی پێداویستییەکانی ناکات، ئەو کات ئەرکی حکومەتی فیدراڵییە

بەشێوەیەکی دادپەروەرانە ئەو هاوسەنگییە ڕاست بکاتەوە و بەتایبەتی نەبوونی مووچەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان کە عیراق ئەم مووچە خۆرانە وەك بەشێك لە مووچەخۆرانی دەوڵەتی فیدراڵی عیراق سەیر ناکا!

- هەرێمی کوردستان لەرووی دەستوورییەوە بەگوێرەی ماددەی (١)ی دەستووری عیراق یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی فیدراڵی سەربەخۆیی زاتییە لە هەموو رویێکەوە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ حکومەتی ئیتیحادی بەم شێوەیە مامەڵە ناکات کە هەرێمی کوردستان هەرێمێکە لەناو چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵیدا، بەڵکو وەکو دەوڵەتێکی سیستەمی مەرگەزی مامەڵە دەکا، پشکی هەرێمی کوردستان لە خەرجی سیادی بەتایبەتی بۆ هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان وەك هێزێکی نیشتمانی کە خراوەتە نێو دەستووری عیراق و وەك لە بڕگەی (٤) لە ماددەی (١٢١) ڕێگە بە هەرێمەکان دراوە هێزی ئاسایشی ناوخۆ و هەرێم ڕێك بخەن وەك پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم، بەڵام لەوەتەی عیراقی نوێ دروست بووە هیچ بوودجەیێك بۆ هێزی پێشمەرگەی کودستان خەرج نەکراوە، لە ساڵی (٢٠١٤) وە حکومەتی ئیتیحادی پشکی هەرێمی کوردستانی لە بوودجەی گشتی بڕیوە ئەمەش پێشێلکارییێکی زەقی دەستووری کاریگەرێکی نەرێنی بەهێزی لەسەر ئابووری هەرێمی کوردستان جێهێشتووە.

- هۆکارەکانی خراپ بوونی دۆخی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان دۆخی ئابووری هەرێمی کوردستان بە دۆخێکی ناسەقامگیر دژواردا تێدەپەرێ کە هۆکارەکانی بریتین لە :

یەکەم: لە رووی ئابوورییەوە بەشێکین لە دەوڵەتی عیراق عیراق و هەرێمی کوردستان (٨٥%) ی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت دابەزینی نرخی نەوت کاریگەری راستەوخۆ و بەپەلە دەکاتە سەر جومگەکانی دیکەی ئابووری دارایی وڵات.

دووەم: بەهۆی سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆناوە کاریگەری لەسەر زۆربەی جوڵە ئابووری و دارایی دروست کردووە بەشێوەیێك زۆربەی سەرچاوەکانی داهات کەمی کردووە.

سێیەم: پێناسەیێکی دیاریکراو نییە بۆ سیستەمی ئابووری لە هەرێمی کوردستان.

چوارەم: تەداخولەکانی حکومەتی فیدراڵ لەسەر بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان و بەستنەوەی بە هۆکارە سیاسییەکان و بڕینی ناجێگیری لە پێدانی بەشێك لە بوودجە بەتایبەتی لە ساڵی (٢٠١٤) وە تاوەکو ساڵی (٢٠٢٠) وای کردووە پێدانی مووچە و دۆخی ئابووری ناسەقامگیر بێ.

پێنجەم: بەهەدەردانی گەندەڵی، خراپی ئیدارەدانی سەرچاوەکانی داهات لە هەندێ سێکتەرەکانی وەکو نەوت، داهاتی ناوخۆ، وەکو خاڵە سنوورییەکان و گومرگ و باج و رسومات.

سەرچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان:

یەکەم: داهاتی ناوخۆ و دەروازە سنوورییەکان و باج و رسومات لە (٢٠٢٠/١/١) تاکو (٢٠٢٠/٦/٣٠) وەك ئەوەی کە ئێمە لە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەرگیراوە کە لە خشتەکەدا روونکراوەتەوە، دیارە ئەم ژمارانەی کە هاتووە لە راپۆرتەکە هەموو ئەو ژمارانە ئێمە بەشێوەی جیا جیا لە وەزارەتی دارایی ئەم ژمارانە وەرگیراوە،سەرچاوەکانی داهات گومرگ و دەروازە سنوورییەکان لە (٢٠٢٠/١/١) تاوەکو (٢٠٢٠/٦/٣٠) لە ماوەی ئەم شەش مانگە بریتی بووە لە پێنج سەد و پێنج ملیار دینار، باج دیارە ئەوەی کەدراوە بە ئێمە تاکۆتایی مانگی (٥)ە بریتی یە لە سەد و پەنجا و

چوار ملیار دیناری عیراقی، تێبینی لە داهاتی ناوخۆ کە لە خشتەی سەرەوە ئاماژەی پێکراوە ئێمە ڕەقەمێکمان بۆ رسومات دانەناوە، لەبەر ئەوە ئەو ڕەقەمەمان وەکو پێویست دەست نەکەوت کە دایبنێین.
دووەم: بەشە بوودجەی هەرێمی کوردستان لە عیراقەوە هاتووە لە (٢٠٢٠) واتا لە (٢٠٢٠/١/١) تاوەکو کۆتایی مانگی (٦) ئەوەی کە لە حکومەتی فیدرالییەوە گەیشتۆتە هەرێمی کوردستان بریتی بووە لە ترلیۆنێك و حەوت سەد و پەنجا و نۆ ملیار دینار، لەم بڕە کە بە چوار سولفە هاتووە هەر جاری یانزە ملیار و هەشت سەد و هەشتا ملیۆن دینار لێی براوە بۆ پێدانەوەی قەرزی بانکە ئەهلییەکان کە حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرزاریانە کۆی قەرزی بانکەکان کە دراوەتەوە لەو چوار مانگەی کە هاتووە یان لەو چوار سولفەی کە هاتووە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کە وەرگیراوەتەوە بریتی بووە لە چل و حەوت ملیار و پێنج سەد و بیست ملیۆن دینار، ئەوەی بە صافی بۆ هەرێمی کوردستان ماوەتەوە بریتی بووە لە ترلیۆنێك و حەوت سەد و یانزە ملیار دینار لەگەڵ چوار سەد و هەشتا ملیۆن دیناری عیراقی، بەگوێرەی مافە داراییەکانی هەرێمی کوردستان لە بەشی بوودجەی (٢٠٢٠)ی عیراق کە بەهۆی نەبوونی یاسای بوودجەوە بۆ ساڵی (٢٠٢٠) مامەڵەی یاسایی لەگەڵ بووجەی (٢٠١٩) دەکرێ بەپێی یاسا بە خەرج کردنی یەك لەسەر دوانزەی بوودجەی گشتی (٢٠١٩) هەرێمی کوردستان لەوەدا مانگانە چوار سەد و پەنجا و سێ ملیار دیناری هەبووە، کە بە هەموو ساڵی (٢٠١٩) بە تەواوەتی ئەم بڕە پارەیە نەگەیشتۆتە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی (٢٠٢٠) حکومەتی عیراق تەنیا سێ مانگ بڕی چوار سەد و پەنجا و سێ ملیارەکەی ناردووە بۆ هەرێمی کوردستان، مانگێکیش چوار سەد ملیاری ناردووە دوو مانگێکش هیچ شتێکی نەناردووە، کەواتە لە شەش مانگەکە سێ مانگی چوار سەد و پەنجا و سێ ملیار هاتووە مانگێکیش چوار سەد ملیار هاتووە مانکیش هیچ شتێك نەهاتووە بەم پێیەش حکومەتی عیراق دووسەد و پەنجا و نۆ ملیار دینار کەمتر لە ساڵی پار لە ماوەی ئەم شەش مانگە ڕەوانەی هەرێمی کوردستانی کردووە ناردوویەتی.
سێیەم: لە بڕی ئەو داهاتەی کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان داویەتی بە وەزارەتی دارایی لە سێ مانگی (٢٠٢٠/٣،٢،١) داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان کە دراوە بە وەزارەتی دارایی ئێمە نەمانوتووە برادەران داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ئەوەیە وتومانە ئەو بڕەی کە وەزارەتی سامانە سروشییەکان داویەتی بە وەزارەتی دارایی بۆ پێدانی مووچە بۆ هەر مانگێك بریتی بووە لە سێ سەد و چل و پێنج ملیار دوو سەد و سێ ملیۆن هەمووی کە دەکاتە ترلیۆنێك و سی و پێنج ملیار و شەش سەد و دە ملیۆن دیناری عیراقی، هەروەها لە مانگەکانی (٤،٥،٦) دوای دابەزینی نرخی نەوت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دوو سەد و هەشتا و سێ ملیار و چوار سەد و بیست و چوار ملیۆن دیناری رادەستی وەزارەتی دارایی کردووە.
چوارەم: هاوکارییەکانی هاوپەیمانان بۆ مووچەی هێزی پێشمەرگە لە شەش مانگی یەکەمی (٢٠٢٠) هاوکاری هاوپەیمانی سەد و بیست و چوار ملیار و دوو سەد ملیۆن دینار بووە بەشێوەیێك بۆ هەر مانگێك بە تێکرای بیست ملیار و حەوت سەد ملیۆن دینار بووە کە مانگانە ناردوویەتی.
-حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠٢٠) چەند وە چۆن مووچەی دابەش کردووە:

مووچەی چوار مانگ بەبێ لێبڕین بریتی بووە لە نزیکەی سێ تریلیۆن و پێنج سەد و هەشتا ملیار دینار، مووچەی پێنجەم لە (٢٠٢٠)دا کە دەکاتە مووچەی مانگە شوبات کە بە شێوەی بڕینی (٢١%) بۆ پێدانی (٧٩%)ی مووچە نزیکەی حەوت سەد ملیار دینار بووە، بەڵام وەزارەتی دارایی روونکردنەوەی داوە بە لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان کە نزیکەی شەش سەد و حەڤدە ملیار دینار لەبەردەست بووە و نزیکەی سەد و بیست ملیار دیناریشی قەرز کردووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

سەرچاوەکانی داهات بڕی پارە بە ملیار لە چوار سەد ملیاری کۆتایی کە لە حکومەتی فیدراڵی گەیشتۆتە هەرێمی کوردستان بڕێکی دراوەتەوە بە قەرزی مووچەی پێشووتر، ئەوەی کە مابۆوە دوو سەد و بیست و دوو ملیار و حەوت سەد و هەشتا ملیۆن دینار مابۆوە، هاوپەیمانان بیست ملیار و حەوت سەد ملیۆنیان ناردووە داهاتی ناوخۆ بریتی بووە لە نەوەد ملیار دینار، بڕی هاتووی سامانە سروشتییەکان دوو سەد و هەشتا و سێ ملیار دینار و چوار سەد و بیست و چوار ملیۆن دینار بووە، قەرزەکەش کە نزیکەی سەد و بیست ملیار بووە کۆی گشتی حەوت سەد و سی و شەش ملیار و نۆسەد و یانزە ملیۆن دینار لەبەر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستانا بووە کە ئەو مووچەیەی پێداوە کە (٢١%)ی بڕیوە (٧٩%) پێ داوەتە مووچە.

تێبینی: تاکو ئێستا (٢١%)ی مووچەی مانگی شوبات کە بەروونی ئاشکرا نییە لای ئێمە ئەو لێبڕینەی کە (٢١%)ی لێبراوە ئاخۆ ئەمە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردوویەتییە پاشەکەوت قەرزە لای حکومەت یان بەیەکجاری بڕیویەتی پێدانەوەی نییە بۆ مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان؟ ئەوە دەکرێ جەنابیان روونکردنەوە بدەن لەسەری.

پێشنیاری راسپاردەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری لەگەڵ بەغدا:

یەکەم: داوا دەکەین حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بەردەوام بێ لە گفتوگۆ کردن تاوەکو ماف و شایستە داراییەکانی مسۆگەر بکات دەستەیەك ببێتە بنەمای مامەڵە کردن.

دووەم: داوا دەکەین سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان هاوپەیمانان بکا کە عیراق پابەند بێ لە چوارچێوەی بنەما دەستوورییەکان و شایستە داراییەکانی خەڵکی کوردستان خەرج کات و چیدی بە ئەقلیەتی مەرکەزی هەرێمی کوردستان سزا نەدرێ.

-لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان:

یەکەم: ئەولەویەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیدا کردنی داهاتێك بێ بۆ مسۆگەر کردنی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان کە ئەمە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

دووەم: جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی لە مووچە و دەرماڵە و بەخشینی ئیمتیازاتەکان و خانەنشین لە هەرێمی کوردستان پەلە بکرێ لە هەرچی زووە حکومەت قەرزی کۆمپانیاکان وەربگرێتەوە کە نزیکەی شەش سەد ملیۆن دۆلار لای کۆمپانیاکان هەیە.

سێیەم: لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە هەرێمی کوردستان یاسای بووجەی گشتی و ژمێرەی کۆتایی نەناردۆتە پەرلەمانی کوردستان، یان لایەنی کەم ماوەی دوو ساڵە بەیانی دارایش رەوانەی پەرلەمانی کوردستان نەکراوە ئەمە پێچەوانەی دەستوور و یاسایە بۆتە گرفتێکی ناروونی

داهات و خەرجی حکومەت، هەروەها بەربەست بووە لە کاری چاودێری پەرلەمانی دیوانی چاودێری لەچەند ساڵی رابردوودا.
چوارەم: کەم کردنەوەی باج کەم کردنەوەی سوودی بانکی بۆ هاونیشتمانیان، بۆ ئەوەی هاندان بێت بۆ جووڵەی بازرگانی و وەرگرتنی قەرز لە بانکەکان بۆ پرۆژەی بچوك لە هەندێ وڵاتانی ئێستا سوودی بانکی نزیك بۆتەوە لە سفر، ئەمە مەبەستمانە بۆ قەرزی بچوك مەبەستمانە بۆ بازرگانی بچوك نەك بۆ شەریکاتە گەورەکان، چونکە بۆ ئەوانیش راسپاردەمان هەیە.
پێنجەم: چاکسازی کردن لە سەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان:
أ: پێداچوونەوە بە گرێبەستە نەوتییەکان.
ب: جێبەجێکردنی بڕیاری (٧٠٦) کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە لە رێکەوتی (٢٠٢٠/٣/٢٠) سەبارەت پێداچوونەوە و وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکانی بواری نەوت و گاز و ئەو کۆمپانیایانەی کە گرێبەستی خزمەتگوزاریان لەگەڵ کۆمپانیا نەوتییەکان هەیە کۆمپانیاکانی ئاسایش بە بواری نەوت.
ج: وەرگرتنی باج لە هەموو کۆمپانیا گەورەکان و راگرتنی لێخۆشبوون لە باج لێیان، ئەگەر لە رابردووا لێخۆشبوون هەبووبێ لە باج لەم کۆمپانیا گەورانە ئێستا رابگیرێت و باجیان لێوەربگیرێ.
د: کۆنترۆڵکردنی سەرجەم خاڵە سنوورییەکان بەتایبەت خاڵی گومرگییەکان بەمەرجێك کۆی گشتی داهات بگەرێتەوە بۆ حیساباتی وەزارەتی دارایی.
ه: پێداچوونەوە بە هەموو گرێبەستی ئەو کۆمپانیایانەی کە کار دەکەن لە خاڵە سنوورییەکان بە مەبەستی زیاد کردنی داهاتی گشتی بەشێوەیەك داهاتەکەی زیاتر بێت گەنجینەی حکومەت بێ نەك بۆ کۆمپانیاکان.
و: پێویستە پسولەی داهات تەنها پسولەی وەزارەتی دارایی بێت لە هەموو خاڵە گومرگییەکان، هەڵوەشانەوەی هەموو لێخۆشبوونە گومرگییەکان لە هەرێمی کوردستان، پێویستە حکومەت بڕیارێك دەربکات لە شێوەی (مقاصە) هەر هاوڵاتییەك هەر قەرزێکی حکومەت لایە لە عەقار، سولفەی زەواج، کارەبا، نیشتەجێبوون، ئاو، دەتوانێ حکومەت لە پاشەکەوتەکەی کە قەرزە لە ئەستۆی حکومەت بیداتەوە بەو مەرجەی ئەو قەرزانە بەناوی خوودی هاوڵاتی خۆی یان خێزانی یان منداڵێکی خوار هەژدە ساڵیەوە بێت، پێداچوونەوە بە سەرجەم گرێبەستەکانی کۆمپانیاکانی بواری پەیوەندیکردن ئینتەرنێت قەرزەکانیان گوندەکانی نیشتەجێبوون بەتایبەت باجی خانووبەرە، لەگەڵ وەرگرتنی ئەو زەوی و زارانەی کە لە رێگەی موساتەحەوە لە رابردوو دراون بە شەریکات و کۆمپانیا تاوەکو ئێستا بەکار نەهاتوون یاخوود کراون بە پارچە پارچە زەوی و فرۆشراون وەربگیرێنەوە و حکومەت لە رێگەی مزایەدەیێکی ئاشکرا بیفرۆشێتەوە، ئەمەش وەکو هەنگاوێك بۆ زیاد کردنی داهات و تێپەربوون لە قەیرانی دارایی، یەکێك لە رێگاکانی زیاد کردنی داهات بریتی یە لە کەم کردنەوەی خەرجییەکان لە گشت دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەێك بە جۆرێك وەك کەم کردنەوەی مینحەی میوانداری راگرتنی هاوکاری راگرتنی کرینی خانوو، ئۆتۆمۆبێل دەکرێ حکومەت گرینگی بداتە کاری هاوبەش لەنێوان کەرتی حکومەت و کەرتی تایبەت، بەتایبەت هەندێ کەرت کە بە تەواوەتی

رادەستی کەرتی تایبەت بکات ئەوەش هەم داهات زیاد دەبێ، هەم خەرجیش کەم دەبێتەوە وەك کەرتی کارەبا، زۆر سەرچاوە هەیە کە مولّکی دەولّەتن، بەڵام بڕی راستەوخۆ لەلایەن حکومەتەوە وەرناگیرێن، بۆ نمونە ئەوە هەر وەك نمونەیێك باسکراوە زۆر شتی تر هەیە کە قسەی لەسەر بکرێ ئەو بیرە ئاوانەی کە ئێستا کە لە هەرێمی کوردستانا هەیە کە لە هەموو ئەو بیرە ئاوانەی کە بۆ سوود وەرگرتن لە ئاوی ژێر زەوی بەکاردێ ژمارەیان زۆرە پێویستە بخرێتە ژێر رسوماتی حکومەتەوە بەجۆرێك ئامارێکی ساڵی (٢٠١٧) لە هەرێمی کوردستان بیست و دوو هەزار و پێنج سەد و شەست بیری نائاسایی بێ مۆڵەت هەن ئەم بیرانە بە یاسایی بکرێن و کاتژمێری خوێندنەوەی ئاو لێدانی بیرەکە وە هەموو سەرچاوەکانی داهات. زۆر سوپاس ئەمە کۆتایی راپۆرتەکەمان بوو بەو ئومێدەی بتوانین راپۆرتەکەمان جێی رەزامەندی ئێوە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان قسەی هەیە لەسەر راپۆرتەکە وە هەر ئیزافەیێکی هەیە با بفەرموێ بۆ ئەوەی ناوەکانتان بنوسین، لیژنە ئاخیر کەس مەجالتان دەدەین، بەڕێزان ئێوە هەمووتان لێرە لە نووسینی ئەو راپۆرتە رۆڵتان هەبووە، هەروەکو لیژنەکانی تر کە هەموان قسەیان تەواو کرد دەرفەت دەدەم، ئێمە رۆڵمان داونەتێ راپۆرتتان نووسیوە ئێستا دەبێ رۆڵ بدەین بە ئەندامانی پەرلەمان قسە لەسەر راپۆرتەکەتان بکەن، دەتوانن پرسیار بکەن وەکو پەرلەمانتار وەرتان دەگرین، بەڵام ئەمە خراپە ئەمە ئاخر جارە لیژنەیەك راپۆرت بنووسێ و ئەندامەکانیشی قسە بکەن، وەکو ئەندام وەرتان دەگرین، کاك (اومێد) جەنابت نوقتەی نیزامیت هەبوو قسە بکە تا ناوەکان دەنووسرێ، دواتر کاك (کاروان) دواترکاك (د.رێبوار) وەردەگرین بۆ نوقتە نیزام.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەپێی حوکمی ماددەی (٥٤) برگەی چوارەم یەکەم ئێمە تەجروبەیێکی زۆر خراپمان هەیە، تەجروبەیێکی نزیکیشمان هەیە دوێنێ شەو تاوەکو سەعات یەك و هەندێکی شەو ئەلێرە ماینەوە ئێستا ئەگەر سەیر دەکەین بەشی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان دەیانەوێ قسە بکەن، ئێمە داواکارین بەڕێزتان دەسەڵاتی خۆت بەکاربێنی ئەمرۆ کۆبوونەوەیەك بکەین با کۆبونەوەیەك بی لە چوارچێوەی ئەو پەیرەوە بێت کە ئێمە رێك دەخا، دوو دەبێ بەرچاوروونییەکیش هەبێ گفتوگۆ و قسەکردن ئێستا دەرفەت دەدرێ بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان قسە دەکەن لەسەر دۆخی دارایی هەرێمی کوردستان قسە دەکەن، یان لەسەر ئەو راپۆرتەیە یاخود هەموو بابەتەکان بەیەکەو ئەوە نەکرێ رەچاوی کات بکرێت وە ئەگەر بابەتێکیش تیکرار بوو دیسان داواکارین ئەمرۆ بەڕێزتان وەکو سەرۆکی پەرلەمان لە چوارچێوەی ئەو پەیرەوە هەلسوکەوتمان لەگەڵ بکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموون.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەگوێرەی ماددەی (٥٤) بڕگەی یەكەم من قسە دەكەم، ئێمە دوێنێ لیژنەیەك بووین لەسەر خاڵە سنوورییەكان راپۆرتێكمان ئامادە كردبوو، جەنابت دەرفەتت نەدا كە قسە بكەین پێم وابوو ئەوە رێگا راستەكە بوو وە ناكرێ كە لیژنەیێك خۆی راپۆرت ئامادە بكات بەڕێز سەرۆكی لیژنە وە جێگری لیژنە وە بڕیاردەری لیژنە كە روكنی ئەساسی نووسینەوەی راپۆرتەكەن وە ئەندامانی بەڕێزی لیژنەكەش دووبارە لەناو قاعە قسەی خۆیان بكەنەوە، ئێمە كاتێك ئەو راپۆرتە واژوو كراوە واژووی سەرجەم ئەندامانی لیژنەی دارایی پێوەیە مەنتق هەڵناگرێ تۆ جارێكی دیكە رێگە بدرێ بۆ لایەنی كەم بۆ گێرانەوەی كات رێگە بدرێ ئەندامانی لیژنەی دارایی قسە بكەنەوە، بۆیە تكا دەكەم دەرفەت بدەن بە ئەندامانی پەرلەمان بۆ ئەوەی نەقد و پێشنیاز و تێبینییەكانی خۆیان بەرمەبنای ئەم راپۆرتە بڵێن، نەك دووبارە رێگە بەوان بدرێ لەسەر راپۆرتەكەی خۆیان قسە بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵام دوێنێ ئێوە هەمووتان قسەتان كرد، تۆ قسەت كرد نەت وت مانای ئەوە هەیە ئەو شوێنانە هەیە لەناو راپۆرتەكە جێی نابێتەوە قسەت كرد، هەمووتان قسەتان كرد خۆی خراپە، بەڵام مادام دوێنێ وا هاتووە ئەمڕۆش وایە، بەڵام بۆ جارێكی تر ئیتر تەواو، كاك (د.ریبوار) جەنابیشت فەرموو.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بەپێی ماددەی (٥٦) قسە دەكەم لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان دوێنێ كە ئێمە راپۆرتەكەمان خوێندەوە جەنابت دەرفەرتت نەدا ئەم پرسیارانەی تەنانەت ئاراستەی ئێمەش كرا وەكو سەرۆكی لیژنە وەكو ئەندامانی لیژنە جەنابت رێگەت نەدا كە قسە بكەین، ئێستا من پێم وایە لەبەر ئەوەی لیژنەی دارایی بەڕێز راپۆرتەكیان ئامادە كردووە بەشێوەیێكی تێرو تەسەل حەقە مەساحەی ئاخاوتن زیاتر بێ كە ئێمە ئیزافات بكەین لەسەر یان ئەو بابەتانەی كە بەلامانەوە گرینگە لە چوارچێوەی ئەو راپۆرتە قسەی لەسەر بكەین تكایە، سوپاس، تكایە جوودایی نەكەن لەنێوان خوێندنەوەی راپۆرتی دوێنێ لەگەڵ ئەمرۆ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابت سەرۆكی لیژنەی، دوێنێ قسەت كرد دەرفەتت وەرگرت، ئەندامانی لیژنەش قسەیان كرد، ئەوەی ئەمرۆ رێكی دەخەین بەشێوەیەك كە هەمووتان رازی بن، كاك (مم) فەرموو.

**بەڕێز مم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسە كردنی من پاڵپشتە بە ماددەی (٦٦) بڕگەی پێنجەم ئەم دانیشتنەش لە چوارچێوەی ماددەی (٦٦) دروست بووە، جا بۆیە بەراستی لەگەڵ رێزم بۆ ئەندامانی بەڕێز ئەندامانی لیژنەی داراییش ئەندامی بەڕێزی پەرلەمانن مافێكی پەیرەوی خۆیانە قسە بكەن با ئەوانیش قسە بكەن، ئەكرێ

لەناو کۆبوونەوەکە هەندێ شت لەبەرچاویان ڕۆشن نەبووبێ سەرەرای وەرەقەیێکی عەمەلیان پێشکەش کردووە، بەڵام دواجار لەناو مناقەشەکەدا دەوڵەمەندتر دەکرێ ئەوە یەك، دوو من پێشنیاز دەکەم یەعنی دانیشتنەکە تەنیا لەسەر چوارچێوەی ئەم پرۆژەیە نەبێ راپۆرتەکەی ئەبا، چونکە پرسیارمان زۆرە لەسەر حکومەت وە لەسەر وەزارەتی دارایی و داهاتەکان رووبەرووی وەزیرانی بەڕێزی کەینەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەتوانن هەر پرسیارێك مەبەستتان بێ لەو ئیتارەیا دەتوانن پرسیار بکەن، بەڕێزان ناوتان ئەخوێنمەوە هەر کەسێك ناوی نەنوسراوبوو پێمان بڵێ دواتر کەس نەڵێ ناوم نووسیبوو نوسراوێکم بۆ ناردبوو کەس نامەمان بۆ نەنێرێتە سەرەوە هەرچی لەم قائیمەیا نەبێ ناتوانێ قسە بکا. (د.محی الدین)، کاك (کاوە)، (د.کاظم)، کاك (سیروان)، (مژدە) خان، کاك (مم)، (بدریە) خان، مامۆستا (عبدالستار)، کاك (علی)، کاك (بالانبو)، (ئاشنا) خان، کاك (جمال)، کاك (جەلال)، (شیرین) خان، (رۆژان) خان، کاك (شەمۆل)، (شادی) خان، کاك مەلا (ناصر)، (شنۆ) خان، کاك (عباس)، کاك (راهی)، کاك (عثمان سێدەری)، کاك (لقمان)، (سلمی) خان، کاك (کاروان)، (شیرین) خان، (د.شایان)، (گلستان) خان، کاك (باپیر)، مامۆستا (احسان)، کاك (پێشەوا)، کاك (رزگار)، کاك (بهمن)، (خدیجە) خان، (د.ریبوار)، کاك (زانا)، (د.بژار)، کاك (چیا)، (شێخ ظاهر )، (د.زیدان)، (د.صباح)، کاك (حاجی سەفین)، کاك (عبدالسلام)، کاك (نزار)، کاك (محسن)، کاك (مەلا ویسی)، کاك (حکمت)، کاك (ازاد)، (لیزا) خان، کاك (بەلێن)، کاك (هێڤیدار)، کاك (ارشد)، (نجات)، خان، مەلا (جیهاد)، کاك (سەروان)، (حسیبە) خان، (سوسن) خان، کاك (مم) کاك (هێرش)، کاك (رزگار)، کاك (دابان)، کاك (سیپان)، کاك (گۆران)، کاك (سەرکۆ)، (گولیزار) خان، (د.هەورامان)، کاك (شوان)، (لەنجە) خان، کاك (ریڤینگ)، کاك (سعید)، (د.گەلاویژ)، کاك (عثمان )، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان (٦٣) ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان ناوی خۆی نووسیوە بۆ قسە کردن، لەبەر ئەوە هەمووشتان پەیرەوەکەتان لەبەر دەستە هەم لەبەر گەرانەوەی کات، هەم لەبەر یەکسانی لەبەر ئەوەی بە یەکسانی کاتەکە بۆ هەمووتان وەکو یەك بێ لە ماددەی (٥٤) چوارەم (١) هەموومان دەبێ ئیلتیزام بەوە بکەین بە لێبووردنەوە دەڵێین ئەگەر هەر کەسێك ئیلتیزام بەمە نەکا ناچارین بیبڕین، یەکەم ئەندام دەتوانێ سێ خولەك قسە بکا، دوو نابێ ئەندام وەڵامی ئەندامێکی تر بداتەوە وەنابێ ئاخاوتنی خۆی یان هی ئەندامانی تر دووبارە بکاتەوە تەنها دەتوانێ بڵێ پشتگیری فلان کەس دەکەم، سێ ئەندام ئاخاوتنەکانی لەسەر ئەو بابەتە چڕ دەکاتەوە کە خراوەتە روو نابێ شتی تر بێنێ، چوار هەر ئەندامێك دەتوانێ تەنها یەك جار لەسەر هەر بابەتێك بدوێ، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەموومان پابەندی ئەم مادده قانوونییە دەبین تەنها لەبەر ئەوەی کە کاتەکە دابەش بکەین وە هەموومان دەرفەتی قسە کردنمان دەبێت، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەگەر دەرفەت بفەرمووی ماددەی (٥٤) برگەی چوار خاڵی یەکەم تەواوی دەکەم ماددەکە بە تەواوی ئەندام بۆی نییە لە (٣) خولەك زیاتر بدوێ، بێجگە لەو دانیشتنانەی تایبەت بە

گفتوگـــۆكردن لەســـەرپرۆژە یاســـای بـــوودجە و ئەو دانیشـــتنانەی دەســـتەی ســـەرۆكایەتی تایبەتمەندیان دەداتـێ، پـێم وایە ئەو دانیشـتنە تایبەتمەنـدییەكی ئێجگار زۆری هەیە خۆشـتان واتـان فەرمـووە، چـونكە بـابەتێكی دارایـیە پەیوەسـتە بە ژیـان و قـووتی هاوڵاتیـانی هەرێمـی كوردستان، بۆیە پێم وایە بەگوێرەی پەیـرەو دەتـوانین زیـاتر لە چەنـد خولەكێـك قسـە بكەیـن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سێ دەقە بەسە، سێ دەقە بۆ هەر ئەندامێكی پەرلەمان بیەوێ پرسیار بكا دەتـوانێ پرسـیار بكـا، بەڕێزان ئێستا هەر ئەندامێكی بەڕێزی پەرلەمان بۆی هەیە سێ دەقە قسە بكا، سـێ دەقە و یەك سـانیە، ئـێمە ناچـارین ببـڕین بـۆ ئەوەی هەر هەمووتـان بتـوانن قسـە بـكەن (منـی) خـان كـات دەگرێتەوە، كەس نەڵێ ئەوەی من سێ دەقە نەبوو لەبەر ئەوەی ئەم كاتەكەمـان بـۆ دەگـرێتەوە. (د.محی الدین)، فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێرای دەست خۆشیم بۆ لیژنەی دارایی وە بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان و سـتافی حكـومەت دەكەم، ئەو راپـۆرتەی نوسـراوە راپـۆرتێكی باشـە، بەڵام ناونیشـانەكەی راپـۆرتی دارایـیە، بەڵام زیـاتر خـۆی لە قەیرانـی دارایـی داوە خـۆ دەبـایە كە باسـی ئـابووری دەكەیـن دەبـێ هەمـوو سێكتەرەكانی ئابووری هەرێم لەبەرچاو بگرێ، لە ساڵانی رابردوو لە كابینەی رابـردوو بـۆ مـاوەی سێ ساڵیش پاشەكەوتی مووچە كرا، بەڵام نرخی نەوت بەرز بوو داهات و بـاج و رسـوماتیش لە ئاستێكی باشـدابوو، بەڵام دیسـان نەمـانتوانی ئەو كێشـەیە چارەسـەر بكەیـن مـن ئەوەی باسـی دەكەم هەندێ پرسیارە بۆ بەڕێزان ئامادەبوان، یەكەم چارەنووسـی ئەو چـوار سـەد ملیـارەی كە حكومەتی عیراقی رەوانی كردبوو بـۆ مـانگی شـوبات چـی بەسـەر هـات؟ چـۆن سـەرف كـرا كە دەبوایە بدرێ بە مووچە؟ ئەو لێبڕینەی (٢١%)ی مووچەی فەرمانبەران و خانەنشـینان پشـتی بە چ یاسایەك بەسـتاوە؟ ئەوەی كە كـراوە هەموومـان دەزانـین كە بـاری ئـابووری لە هەمـوو دونیـا تووشی ئەو قەیرانە بووە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوێنـێ بەڕێـزت ئامـاژەت بە مەبـدەئی فەصـلی سـلگات كـرا كە مەبـدەئێكی عـامە، بەڵام بەداخەوە بڕینـی مـووچەی دەسـەڵاتی دادوەری وە دەسـەڵاتی یاسـادانان دەبـوایە لە رێـگەی هەردوو دەسـەڵاتەكە دا نەك حكـومەت بە بڕیارێـك لە ئەنجومەنی وەزیران ئەو كارەی بكردبایە، یاسایی تر دەبوو ئەگەر خۆیان ئەو دوو دەسەڵاتە ئەو بڕەیان بڕی هەرچەندە من لەگەڵ كەم كردنەوەی مووچەی ئەو پلە باڵایـانەم، بـڕی قەرزی بیسـت وحەوت ملیـارەكە بەراسـتی نیگەرانییەكـی لەلای هاوڵاتیـان دروسـت كـردووە، ئـێمە نەوت دەفرۆشین یاخود نەوت دەكرین، ئەوەی تر پەیوەنـدی بە مـووچەی خانەنشـینانەوە هەیە، بەڵام بەراستی لە دۆخێكی زۆر خراپدا دەژین تا ئێستا مووچەی مانگی ئایـاری (٢٠١٩) یـان وەرگـرتییە وە ئەو هاوڵاتییەی لە نۆرەی وەرگرتنی مووچەكەیدا گیانی لەدەست دا لە هیچ دونیـادا نیـیە كە مـووچە تـاكو سـاڵێك و دوو مانـگ دوا كەوتبـێ، ئەوەی پەیوەنـدی بە نـاردنی پـرۆژە یاسـای بـوودجەوە هەیە لە (٢٠١٤)ەوە تـاوەكو ئێسـتا نە نـاردراوە بەلایەنـی كەم دەیتـانی حكـومەت ژمێرەی كۆتایی بۆ پەرلەمان بنێرێ، چونكە حكومەت ئێستا دەستی كراوەیە دەیـان پـرۆژە دەكا

دەیان ملیۆن دۆلار سەرف دەکا، بەڵام بەبێ ئەوەی پەرلەمان ئاگاداری ئەو بابەتانە بێت، داهاتی تر نەوت ئێمە باسی داهاتی نەوت دەکەین چەندە؟ چونکە وەزارەتی دارایی تەنها وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پارەی دەداتێ، بەڵام ئەوەی کە کۆی داهاتە ناچێتە گەنجینەی گشتی، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم هەرچی داهات هەیە بچێتە گەنجینەی گشتی، دواتر خەرج بکرێتەوە، داهاتی لا بەلا ڕۆژانە دەیان و سەدان تانکەر نەوت دەفرۆشرێ کە پێم وایە ئەوە داهاتێکی بەهەدەر دەدرێ، کە باسی سەرجەم داهاتەکان دەکەین پێم وایە کە دەبێ هەموو داهاتەکان بچێتە خەزێنەی گشتی وە سامانە سروشتییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (لقمان)، فەرموو.

**بەڕێز لقمان حمد حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، من دەمەوێ پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی بکەم کە لە ماوەی ڕابردوو هەر قەیرانێك ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان یەکسەر پەنا ئەباتە بەر بڕینی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بۆ داپۆشینی کورت هێنانی ئەو بوودجەیەی کە لەبەر دەست حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لە ڕاستیشدا گرفتەکە بەمە چارەسەر نابێ هەموو لایەکمان ڕوون و ڕەوان دەزانین گرفتەکە لە گەندەڵییە وە لە خراپ بەڕێوەبردنە وە لەبەهەدەردانە، لەماوەی ڕابردوودا ئەگەر سەیری یاسای وەبەرهێنان بکەین مەساحەیێکی بەرفراوان لە زەوی لەناو پایتەختی هەرێمی کوردستان براوەتە کۆمپانیا جۆربەجۆرەکان، دراوەتە زانکۆ ئەهلییەکان کە ئەگەر حکومەت ئەمانە تاکو ئێستا بەکاریش نەهاتوون ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها پەنا بباتە بەر فرۆشتن لەلایەن مزایەدەیێکی ئاشکرا و عەلەنی، تەصەور دەکەم بتوانێ بەشێك لە قەیرانە داراییەکانی چارەسەر بکا، پرسیاری من ئەوەیە وەزارەتی دارایی پلانی چییە بۆ داهاتوو بۆ چاکسازی کردنی ڕیشەیی لەبواری خەرجی لە پەنادا وە لەبواری داهاتەکانیش چونکە لە ڕاستیدا خەرجی داهات چاکسازی ڕاستەقینە لە داهات دەکرێ نەك لە خەرجییەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەم پرسە هەنوکەیەدا گرینگ ترین پرس کە قسەی لەسەربکرێت و بووترێت و پشتگیری یەکتر بکەین، بەراستی پرسی دۆخی ئابووری خەڵکی هەرێمی کوردستانە کە ئەتوانین بڵێین لە دۆخێك و لە بارێکی زۆر خراپ و سەختا خەڵکی هەرێمی کوردستان ژیان بەڕێ ئەکا وە پرسی مووچەیە، پێویست ئەکا کە ئێستا نوێنەرانی بەڕێزی حکومەتی هەرێی کوردستانن لە پەرلەمانی کوردستان بریاری جدی بدرێ، بۆ ئەوەی بە هەر ڕێکارێك بێ بتوانرێ پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکرێ، لە ڕاستیدا لە هەرێمی کوردستان ئەتوانین بڵێین ڕەنگە سەد لە سەد بڵێین گرفتی نەبوونی پارە نەبوویێت، بەڵکو گرفتی ناعەدالەتی، گرفتی

گەندەڵی، گرفتی ناشەفافی هەیە بەراستی، بۆیە حکومەت بەهەر بیانویێك بێ کە رەسیدی پێویستی لەبەر دەست نییە بۆ دابینکردنی مووچە هەر لە لیستی مووچە ئێمە ملیۆنێك و قصور مووچە خۆرمان هەیە، بەڵام لەنێوەندی ئەم ریزبەندییەدا سەدەها مووچەخۆری نایاسایی، سەدەها مووچە خۆری وەهمی، سەدەها مووچە خۆر زیاتر لە مووچەیێکی هەیە، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست و برد ناکا لە پرۆژەی چاکسازی لە چەسپاندنی پرۆژەی چاکسازی، بۆ ئەوەی مووچە خۆرانی راستەقینە بتوانن شایستە داراییەکانی خۆیان یاخود مووچەی رەسەنی خۆیان وەربگرن، سەدەها کۆمپانیا هەن کە پابەند نین بە پێدانی باج وە هەرحکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی چوار بڕیاری دەرکردووە لە داهات، بابڵێین بۆ رێکخستنەوەی باج و گومرگ بۆچی ئەمانە نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە؟ بەعەلەنی لە خاڵە سنوورییەکانا قاچاغچیەتی بەدی دەکرێ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە دەست بۆ ئەم پرسە بەرێت و ئەم رێگریە رابگرێ؟ بۆچی نەیتوانیوە کە هێزێك بەکاربێنێ ئەگەر پێویست بکا پێویست دەکا لەم پەرلەمانە بەڕێزەوە لە پەرلەمانی کوردستانەوە هێزێکی نیشتمانی، هێزێك بەدەر بێ لە هێزی یەکێتی و پارتی بۆ ئەوەی ئەمنیەتی خاڵە سنوورییەکان لە ئەستۆیدا بێ هیچ هێزێك نەبێ بەدەر بێت لە سەرووی یاسا هیچ هێزێك نەبێ بەدەر بێ لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا قاچاغچیەتی لە خاڵە سنوورییەکان دەکەن، با مانگێك قاچاغچیەتی لە خاڵە سنوورییەکان راگرین لایەنی کەم (٥٠%) داهاتی هەرێمی کوردستان بگەرێتەوە (٢٠%) بگەرێتەوە بتوانین مووچەی (٥٠%) مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان بەم بەر لە جەژنانە دابەش بکرێ. من چەند پرسیارێکم هەیە بۆ تیمی حکومەتی هەرێمی کوردستان شەست و حەوت ملیار دیناری شایستەی پێشمەرگە زیاتر لە چوار ساڵ لەلایەن حکومەتی بەغداوە یاخود بلێین حکومەتی عیراقەوە راگیراوە، بەهۆی نەناردنی لیستی شەفافی لیستی پێشمەرگە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامادە نییە ئەم لیستە بنێرێ بۆ حکومەتی عیراق، بۆ ئەوەی ئەو شایستە داراییەیان بۆ دابین بکرێ؟ حکومەتی هەرێم زیاتر لە حەوت ساڵە بەیانی مالی و یاسای بووجە نانێرێتە پەرلەمانی کوردستان بە شەفافی تەنانەت ئێمە پەرلەمانتارانیش نازانین سەچاوەکانی داهاتی هەرێمی کوردستان چین وە چەندن وە لەکوێوە دێن وە چۆن خەرج دەکرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.بژار)، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، بخێرهاتنا وەزیرێت برێز دکەم شاندێ ئەنجومەنا وەزیران، من دوو پرسیار هەنە بۆ بەڕێز وەزیرێ دارایی پرسیارا ئێکێ مادا (١٣) یاسا چاکسازیدا برگە ێك خالا ێك و خالا دوو دڤان هەردوو خالادا ل برگەیەدا بحەفسەڵ چەوانیادا ڤەکرنا حسابەکا بانقی دێتە کرن بۆ مووچە خۆرا ل خالا دوو هەم نەفسی برگە ێك ئەو دەسەڵات بریە وەزارەتا دارایی کو رێنمایێت پێویست دەربکا بۆ جێبەجێکرنا چەوانی میکانیزما ڤەکرنا ڤێ حیسابێ، ئایا ئەڤە گەیشتییە چ قۆناغ یاسا چاکسازی چوە بوارێ جێبەجێکرن، دوو پرسیارا دوێ بەڕێز وەزیرێ

دارایی راسته یەنی خەلك و مووچە خۆر فەرمانبەرێت هەرێما کوردستانێ موراعاتا ڤی زروفێ دکەن بسەر حوکمەتا مە داهاتی لێ ئەگەر ئیستیحالەتێدابیت کو پاشکەوتێ فەرمانبەرا بشکلەکی کاش بێتە دان جارێ بوو ڤێ مەرحەلێ ئەگەر حکومەت بشێت سیستەمەکی یا هزرێت هەندێ دا بکات پاشەکەوتێ فەرمانبەری بشێت بێت تەعامولێت دگەل حکومەتێ بکات هەر چ نەبێت ل سەر ئەو دەولەت حکومەتێ ل سەر هەی مەسەلەن حەقی کارەبێ یا رسوماتێ بەلەدیەنە یا یێ مرورێنە تەعامولێ لگەل حکومەت و دائیرێت حکومەتێ بکات، ئەڤە ڤێ نەفەسەکی داتە مووچە خۆرا بۆ ڤی مەرحەلێ، چونکە راستی مەنتیق نیینە پارەی حکومەتی لدەڤ فەرمانبەری بیت بشێوەیەکی کاش ژداخاز بکات بەلێ بلمقابل جی مافی مووچە خۆرێ ژی لدەڤ حکومەتێ بیت خەلك ژی مراعەتێ حکومەتێ بکات ژ تەلەب ناکا نەکە کاش وی پاشەکەوتی بەس دشێت بەرەکی بکوژم بۆ هەندێ پیچەکا بوارێ دارایی مووچە خۆرێ ژی سیڤیك بیت، زۆر سوپاس.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك (د.بژار)، کاك (چیا)،فەرموون.

**بەرێزچیا حمید شریف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك پرسیار بۆ جەنابی وەزیرێت هەبوو ل خالەکا پەیرەو ل سەر جەنابێ تە هەبوو ئەگەر دەرفەتی بدەیە، من خالا پەیرەویا من ئەوا کە جەنابی تە بەخێرهاتنا هەمی میوانێ کر بی فەرقو جودایی پشتی هەنگێ بخیرهاتنا سکرتێرا کرو پشتی هەنگی بخێرهاتنا وەزیری پەرلەمانی

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دروسستە ئەبوو لە پێشا بەخێرهاتنی وەزیر بکەم

**بەرێزچیا حمید شریف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یا نسبەت (د.ڤالا) ئەوە چەندین جارە تکرار بیتن پشتی سکرتێرێ ناوی (د.ڤالا) هات، (د.ڤالا) ئەندامی پەرلەمانی بوویە یەکەمین سەرۆکا پەرلەمانی بوویە، جهێی رێزێیە ژ بەر هەندێ پرۆتۆکۆلێ مە دروست بی.

**بەرێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە با جوابی ئەوەت بدەمەوە دەقەت بۆ حیساب ناکەین ئەوەی من لەبەر دەستمە بەرنامەی کارەکە لەسەر ئەساسی ئەوە خوێندمەوە (د.ڤالا)ی تیا نەبوو، دواتر بیرم کەوتەوە ئەویش لێرەیە دروستە یەعنی قەبوولە.

**بەرێزچیا حمید شریف:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێزجەنابی وەزیری من یەك پرسیار هەیە ل هەمی دونیایێدا خالی هەری گرینگ لشاشێ تەلەفیزیۆنا دەردکەڤن نوچەیێ هەری باشن نوکە لتەلەفیزیۆنێدا باشترین نوچە ئەوەیە کە خەڵك چاڤدێری دکا بەپەلە کەنگێ مووچەی ڤی هەیڤێ دێە دابەش کرن، یان خشتەیێ مووچێ

کەنگی دێتە دابەش کرن ئەڤە وەکو حەقەکی هەمی هاوڵاتییە پێتڤی بیت ئەڤ مووچە چ جارا نەبنە نووچێ گرینگ لتەلەفیزیۆنێ ڤی مووچە هەر کەسەکی مووچە خۆ وەرگرت، من ڤی پرسیار بکەم ئایا گرێنتی کەنگییە حەتا چ زەمان ئەڤ مووچە بێ خشتە و بێ پەلە بێتە دابەش کرن ئایا ئەڤ تووند کرنا (٢١%) چەند بەردەوام بیت و گرینتیە چ هەی لمووچەی هاوڵاتیا ل کوردستانێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك مەلا (ویسی)، فەرموون.

**بەڕێز ویسی سعید ویسی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، چەند پرسیارێکم هەیە ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین، لە ماوەی رابردوودا بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان رای گەیاند هەموو هاوڵاتییەك لە هەرێمی کوردستان مافی خۆیەتی حیسابی بانکی بکاتەوە کە ئەمەش کاریگەرییێکی گرینگ و پێویست بوو هەم متمانە لەنێوان حکومەت و هاوڵاتی دروست دەکات وە هەمیش سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێش دەبات ئایا وەزارەتی دارایی چ رێکارێکی بۆ ئەو بابەتە گرتۆتە بەر و کەی ئەو سیستەمە کارا دەکرێتەوە وە ئەگەر کاراش کراوە ئایا دەکرێ هاوڵاتی لە رێگای ئەو سیستەمەوە سوود وەربگرێت و بتوانێ قەرزەکانی خۆی لەگەڵ حکومەت یەکلا بکاتەوە؟ پرسیاری دووەمینیشم لە مووچەی مانگی شوباتی ئەم ساڵ (٢١%)ی مووچە براوە ئایا ئەمە پاشەکەوتە یان قەرزە لای حکومەت؟ وە ئایا ئەو لێبرینە لە مانگەکانی داهاتوودا دووبارە دەبیتەوە یان نا؟ پرسیاری سێیەمینیشم حکومەت پلانی هەیە دەروازە سنوورییەکان و گومرگییەکان بە ستانداردی جیهانی رێك بخاتەوە؟ کە ئەمەش داهاتەکان زیاد دەبن و رێگری لە قاچاخ هێنانی کەلوپەل دەگیرێت و هەروەها سنوورێکیش بۆ هەموو ئەو کەس و لایەنانە دادەنرێت کە دەیانەوێت داهاتی دەروازە سنوورییەکان و گومرگییەکان بۆ بەرژەوەندی کەسی بەکاربهێنێ، ئایا لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر ئەو بەڵێنە کردووە یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (عثمان )، فەرموو.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، وێرای ئەو هەموو قەیرانە داراییەی کە هەیە بەداخەوە یانی لەگەڵ ئەو هەموو داهات و ئەو هەموو سەرچاوە داهاتەی کە لە وڵاتی ئێمە هەیە ئەو وڵاتانەی کە لە قیمەی تەقەدوم و پێشەکەوتندان هەندەی هەرێمی کوردستان داهاتیان نییە، بەڵام بەداخەوە لەبەر دزین و گەندەڵی وای کردووە کەوا خەڵك خۆی بخنکێنێ، خەڵك خۆی بکوژێ من لێرانە دەیخەمە رای بەردەستی هەموو نوێنەرانی گەلی کوردستان ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە کە ئەم حکومەتە بەڕێزە حکومەتی هەرێم یان ئەموەزیرە بەڕێزەی دارایی رای بگەێنێ کە لێرانەوە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان لەرووی داراییەوە ئینهیاری هێناوە، وەڵا لەناو

خەڵکی روومان نییە، برۆین لەبەر مووچە و لەبەر قەیران و پیاوێك سی ساڵی خزمەت هەیە ئێستا دوو سەد هەزاری رەوا نابینن، وەڵلا شەرمم بەخۆمە بچمە ناو ئەو ئاوەدانییە جەنابی وەزیر زۆر سوپاست دەکەم کەوا ئەو راگەیاندنە رابگەێنی بۆ ئەوەی خەڵك بەتەمامان نەبێ کە ئینهیاری هەرێمی کوردستان بەراستی سەدا سەد فەشەلی هێناوە، زۆر سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (عثمان سێدەری)، فەرموون.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان وە هەڤاڵان لە ئەنجومەنی وەزیران دەکەین، دیارە من پێشنیارێکم بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ بۆ وەزیری دارایی وە هەروەها برادەران لە حکومەت هەیە بۆ ئەوەی باجی خانووبەرە لە ئێستادا خەڵکانێکی زۆر هەن باجێکی زۆریان بەسەردا کەوتۆتەوە بەو پێیەی ئەو کاتانەی پێشوو کە ئەو زەمانەی کە عەرەبێکی زۆر لەو ناوچانە بوو کرێ ی خانوو زۆر بەرز بوو وە باجێکی زۆر هاتۆتە سەر کۆمەڵێ خەڵکی زۆر، بەتایبەتی کەس و کاری شەهید و خەڵکی تر لە هەموو چین و توێژەکان کە لەو کاتانەدا باجەکان خەڵك هەیە خانوێکی بە نۆ سەد هەزار یان بە ملیۆنێك کرێ داوە ئێستا هەر هەمان خانووە بەڵام لەبەر ئەوەی باجەکەی پێنەدراوە ئێستا مانگانەکەی سەد و پەنجا هەزارە، دوو سەد هەزارە دەبێ مانگی ملیۆنێك دینار هەر وەکو پێشووتر بدات دەڵێن تاوەکو پارەکە بە تەواوەتی نەدەی کەشف ناکرێتەوە بۆ ئەو خانووەی کەوا کرێ ی تیایە یاخود چۆڵە، لەوانەیە زۆربەی زۆری هەر چۆلیش بێ، لەبەر ئەوەی پێمان وایە پارەی ئاو وە پارەی کارەبا وە هەموو ئەو جۆرە شتانە لە مقابیلی ئەو پاشەکەوتی مووچەی کەوا هەیە ئێستا لەسەر هاوڵاتیانی خەڵکی کوردستان کەوا لەلایەك حکومەت قەرزداری خەڵکە، لەلایەك خەڵك قەرزداری حکومەتە، پێم وایە هاوسەنگییەك بکرێ لەو نێوانەدا حیساب بکرێ بەو ئەو قەرزە لەجیاتی پاشەکەوتی مووچەو لە جیاتی ئەو شتانە وەرگیرێ وە هەروەها پەلە کردن لە رێکەوتنی هەرێم و ناوەندی لە پێناو مووچەی فەرمانبەران کە لە ئێستادا فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان بەراستی رووبەرووی قەیرانێکی زۆر دژوار بوونەوە بەمەش هەموومان وەکو برادەران باسیان کرد رووبەرووی ئیحراجییەکی زۆر بووینەوە لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا هەوڵ بدەین چارەسەرێکی بەپەلە بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانین مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دابین بکەین، بۆ مەسەلەی داهاتیش زۆر جار شت هەیە بۆ نموونە پێویستە ناوچە گەشتوگوزارییەکان بە یاسا رێکبخرێت و وە رسوماتیان لێوەربگیرێ کە لە ئێستادا لەوانەیە زیاتر لە حەفتا هەشتا هەزار بینای گەشتیاری لە هەموو ناوچە جیا جیاکانی هەرێمی کوردستان، ئەمە بەشێوازێکی یاسایی وەکو ناوچەیەکی گەشتیاری رێك بخرێت و رسوماتیان لێوەربگیرێت بەمەش جارێکی تر حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت بە خاوەنی داهاتێکی باشتر، هەروەها مووچەی داهاتووی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئایا لێبڕینی دەبێت؟ یاخود لە ماوەیەکی نزیکدا ئەدرێت؟ تکایە وەڵامێکی ئەم پرسیارانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، لە سێ دەقەی تەواو تەواوی کرد کاك (عثمان )، (ئاشنا) خـان، لێـرە نیـیە، کـاك (جەلال) فەرمووون.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی ستافی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەیـن بـۆ پەرلەمـانی کوردســتان، واللە مــن ئەمەوێ بە پشتبەســت بە مــاددەی (٣٣) بــڕگەی یەکەم لە پەیــڕەوی ئەنجومەنی وەزیران دەستپێبکەم دیارە ئەو پەیرەوە مـولزەمی کـردووە کە ڕێکـار بەرامـبەر ئەو کەسانە دەگیرێتەبەر کە پێشێلی بڕگە و بابەتەکـانی یاسـای چاکسـازی ژمـارە (٢)ی سـاڵی (٢٠٢٠) بکەن، هەر ئەمرۆ ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی کۆبـوونەوەی ژمـارە (٥٩)ی خـۆی ئەنجامـدا بـۆ ئاگاداری بەڕێزتان لەو کۆبوونەوەیە پێشێلی دوو ماددەی ئەو پەیرەوە کـراوە بەوەی سـێ بەڕێـز کە دانەیەکیــان هەر دانەمەزراوە دەنگیــان پێــداوە، بــۆ ئەوەی ببێــتە بەرێــوەبەری نــاحیەیەك، دانەیێکیشـیان مـۆزەفی دەرەجە پێـنجە بـۆ ئەوەی دیسـانەوە ببێـتەوە بەرێـوەبەری ناحیەیێـك دانەیێکیشیان مۆزەفی دەرەجە یەکە بۆ ئەوەی ببێتە جێگری پارێزگاری سلێمانی، ئەمە بۆ خۆتان دەزانـن لەلایەك بـۆ مـاددەی (١٢) (ب) بـڕگەی (٢) و(٣) مخـالفە کە ئێـوە دەبـێ معـالەجەی ئەم هەموو مخالفە بـکەن کە هەیە نەوەکـو خەڵکـی تـر دابمەزرێـنن، لەلایەکەوە مخـالفە بـۆ مـاددەی (٦)ی قانوونی چاکسازی کە بەراستی دەبێ ڕەچاوی سیلەمی وەزیفی بکەن کە ناکرێـت کەسـێك دانەمەزرابێت ڕاستەوخۆ دەرەجە خاصی پێبدرێ، هەر ئەمەوێ بەبیری ئێوەشـی بێـنمەوە بەس تەنهـا نـاحیەی خەلەکـان لە مـاوەی سـاڵ و نیـوێکی ئەمە سـێ کەسـی لێـدابمەزرێت کە لە دانەمەزراندنیەوە ڕاستەوخۆ بـووە دەرجە خـاص وە هەر ئەوەشـتان پێبڵـێم کەسێکیان لەوانە ئیجازەی بدون راتبی کردووە کە کەسێکیان ئیجازەی دیراسی کـردووە ئەمـرۆش کەسـێکی تـری لێدائەمەزرێ بە دەنگدانی ئەنجومەنی پارێزگا، بەراسـتی چاکسـازی نـازانم ئەگەر ئێـوە ئاگـاداری ئەوە بن وە من پاش ئەوەی بەدواداچوونم کرد لە بەڕێزان لە ئەنجـومەنی پارێزگـا ئەڵـێن گـوایە قسەمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری ناوخۆ کردووە وتوویەتی شتێکی نۆرماڵە ئەبێ، باشە ئەو هەمـوو مخالفە بۆ چارەسەر نەکرێ وە لە هەردوو ماددەکەش بۆ خەڵکـی تـازە دابـمەزرێ لە کاتێکـا ئـێمە دەزانین دامەزراندن نییە؟ ئەوە سەبارەت بە ئەو بابەتەی کە باسمان کرد، خاڵێکی تر کە پرسیاری خەڵکە لە ئێمە دەکرێ لە ماوەی رابردووش بـوە جێـی پرسـیاری زۆر لە میـدیاکان وە هەرچەنـدە وتە بێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامـی دایەوە، بەڵام دیـارە لێـرە دەمـانەوێ لەشـوێنی پەرلەمان لە نوێنەرانی خەڵك لە زاری خۆتان ببیستین ئەویش ئەوەیە کە گـوایە لە سـاڵی (٢٠٢٠) لەسەر کولفەی گشتی هەر وەزیرێکی بەڕێز ئوتۆمبێلێکی جۆری (٢٠٢٠)ی بۆ کرابێـت، حەز دەکەم روونکــردنەوە لەســەر ئەوە بــدەن، یەك خــاڵی تــریش زۆر بە کــورتی ئەویــش ئەوەیە کە پاسەوانەکانی بەڕێزتان پێـنج ملیـۆن قەرەبوویـان وەرگرتبـێ لە کاتێکدا بۆخـۆت ئەمە بە قسـە نازانم تا چەنـد راستە، بـۆیە رووی پرسـیارەکەم ئەکەمە ئێـوە ئەگەر لەم کـاتی قەیـرانە دارایـیە حەق نییە وابێت وە ئەگەر واش بێت ئەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان راستە چونکە سـاڵێکی پـێش ئێوە ئەندامانی پەرلەمان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شێخ زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنـاوی خـوای گەورە، سـەرەتا بەخێرهـاتنی میـوانە بەڕێزەكـان دەكەم سـوپاس بـۆ لیـژنەی ئامادەكاری ئەم راپۆرتە، یەكێـك لە خـاڵە گرینگەكـان ئەم راپـۆرتە لە بـابەتی چاكسـازی كـردن لە سەرچاوەكانی داهات لە هەرێمی كوردستان بـڕگەی (ح) ئەم بـڕگەیە ئەگەر جێبەجـێ بكـرێ بـۆ ئێستای هەرێمـی كوردسـتان زۆر گـرینگە، ئەویـش كە مەقاصـە بكـرێ لەنێـوان قەرزەكـانی لای حكـومەت وە حكـومەت كە لەلای خەڵكـی هەیە، لەگەڵ ئەو بـڕە پاشـەكەوتەی كە خەڵـك لەلای حكومەتی هەیە وەكـو قەرزەكـانی حكـومەت وەكـو قەرزی ئـاو، كارەبـا، سـولفەی زەواج، قەرزی بچوك، سولفەی عەقـار هەر قەرزێكـی تـر كە حكـومەت هەیتـی لەلای خەڵـك مەقاصـە بكرێـت و لەگەڵ پارەی پاشەكەوتكراوی فەرمانبەران لەلای حكومەت، خاڵێكی تر پرسیار لە وەزیری دارایی ئایە ئەو بڕە پارەیەی كە لە ئەنجامی جێبەجێكردنی یاسای چاكسازی دەگەرێـتەوە بـۆ خەزێـنەی حكومەت چەندە كە لە ئێستادا ئەو یاسایە لەبواری جێبەجێكردندایە؟ خاڵێكی تریان بۆ وەزیـری هەرێم ئایا لەگەڵ بەغدا گەیشتوونەتە چ قۆناغێك بۆ رێكەوتن و وە ناردنی شایستە داراییەكانی خەڵكی كوردستان؟ خاڵێكی تریان بۆ وەزیـری دارایـی ئایـا حكـومەت بـۆ ئەو قەرزانەی كە لەلای كۆمپانیاكـان هەیە وەرنـاگریتەوە لە كاتێـكدا ئێسـتا حكـومەت وەزعـی دارایـی لەوپەری خراپـی دایە؟ خاڵێكی تریان بەڕێز وەزیری دارایی دەكرێ پێمـان بڵێـی كەی مـووچەی ئەو مـانگە دابەش دەكرێت و وە ئەگەر دابەشیش بكرێ بە لێبڕینەوە دەبێت یـان وەكـو سیسـتمی پێشـوو دەبێـت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.زیدان)، فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهـاتنی وەزیـرە بەڕێزەكـان و سـتافی ئەنجـومەنی وەزیـران دەكەیـن، بـابەتەكەم لە چەنـد خاڵێـك پوخـت دەكەمەوە یەكەمیـان بەڕێـز وەزیـری دارایـی ئەگەر شـاندی دانوسـتكار لەگەڵ حكومەت بەغدا رێك نەكەوتـن چارەسـەر چـی دەبـێ وە چـی دەكـرێ بـۆ دابینكردنـی مـووچە و پێداویستییەكانی حكومەتی هەرێـم؟ دوو ئەگەر هەر بەربەسـتێك و لاری نەبـوونەك هـاتە پـێش یاسای چاكسازی، یاخود جێبەجێكردنی یاسای چاكسازی دەكرێ ئێوە بە روون و بە ئاشكاریی بە خەڵكی كوردستان بڵێن كە لایەنێكیان ئەو بەربەستانە هەیە لە جێبەجێكرنی یاسای چاكسازیدا؟ لە راپۆرتی دارایی ئێمە خـاڵێكی گرینگـی تێـدایە كە پێـداچوونەوەیە بە ئەو كۆمپانیـایەی كە لە خاڵە سنوورییەكاندا كار دەكەن، بەڵام من داوا دەكەم پێداچوونەوە بەو كۆمپانیایانەش بكرێ كە لەلایەن دام دەزگاكـانی حكـومەت وە وەزارەتەكـانەوە راسـتەوخۆ كاریـان لەگەڵ دەكـرێ لەنـاو داخلـی هەرێمـن، پێـداچوونەوەش بەو كۆمپانیایـانەش بكـرێ، وە داواكـارییەكی تریشـم هەیە جیاوازییەكی زۆر هەیە لەپێدانی میزانیەی قەزا و ناحییەكانی سنوورەكانی هەرێمی كوردستان،

بۆ نمونە ئەگەر سەیری قەزای سۆران یان قەزای ئاکرێ یان هەر لایەکی دیکە بەراوورد بکەین یان شارەوانی سۆران لەگەڵ شارەوانێکی دیکەی ئاکرێ دەبینین جیاوازییەکی زۆر هەیە لە پێدانی میزانییەی ئەو شوێنانە وە ئیعتیباری شوێنە جوگرافیەکەش ناکرێ کە چەند گەورە و فراوانە پێداویستییەکانیان چەندە، بۆیە زۆر زەرورە پێداچوونەوە بەو خاڵە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (نزار)، فەرموو.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورەو میهرەبان، لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان ماددەی (٧٧)خاڵی یەکەم باسی دەرکردنی یاسا دەکات، ئێمە لەو پەرلەمانە یاسایەکمان دەرکردووە سەبارەت بە دیاریکردنی خانەنشینی فەرمانبەران و دادوەران، دوێنێش هاوپیشەیێکم ئاماژەی پێدا جەنابیشت ڕوونکردنەوەت دا، بەڵام پرسیاری من لێرە بۆ وەزیری داراییە، بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەی ئێمە گوێبیست بووین چەند دادوەرێك داواکارییەکیان دایتە دەست جەنابتان کەوا داوادەکەن ماوەی وەزیفیان لە (٦٥) ساڵەوە بۆ (٧٠) ساڵ لەبۆیان درێژ کەنەوە لە خزمەت کردن، ئایا ئەمە بە چ یاسایەك ئەمانە دەتوانن داوا بکەن کەوا ئەمەیان بۆ درێژ کرێتەوە؟ داواکارم لە جەنابتان ڕوونکردنەوەمان پێبدەن ئەمەیان خاڵەك، خاڵی دووەم لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کە باس لە کەم کردنەوەی باج و سوودە بانکییەکان دەکەین بەڕێز وەزیری دارایی ئێستا ئەو خەڵکانەی کە دەیانەوێ پێشینەی خانووبەرە بدەنەوە حکومەت ئێوە وابزانم بڕیارێکتان دەرکردووە کەوا حکومەت (١٥%) لەو خەڵکانە خۆش دەبێت لە کۆی گشتی بوژمەکە ئەگەر هاوڵاتیان بیدەنەوە حکومەت، بۆچی تا ئێستا ئەو بڕیارە نەکەوتۆتە بواری جیبەجێکردنەوە یاخود نەکەوتۆتە بانکەکان؟ ڕۆژانە ئێمە ئاگادارین هاوڵاتیان سەردانی بانکەکان دەکەن دەیانەوێ قستەکانیان بدەنەوە، بەڵام تا ئێستا ئەو بڕیارە نەگەیشتۆتە بانکەکان؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (هیڤیدار)، فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیرەکانی حکومەت کە لێرە ئامادەن، ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە قەیرانێکی زۆر گەورەداین وە حکومەتێکی زۆر گەورەمان هەیە دروست ئێستا کاتیەتی کە ئەو حکومەتە تەرشیق بکرێتن ئەو هەموو وەزیرانە زۆر خەرجیەکی زۆرە لەسەر حکومەت، ئێستاش لەم کاتە قەیرانەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان خەریکی دانانی پلە باڵان خەڵك دادەمەزرێنن بە پلەی باڵا کە خەرجییەکی زۆر لە بوودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەباتن، داوا دەکەین پەرلەمانی کوردستان هاوکاری حکومەت بکا وە داوایان لێبکاتن ئەو وەزارەتە گەورەیە، وڵات هەیە بە پێنج ملیۆن کەس بە شارەوانییەك بەڕێوەدەچێت، ئێمە بیست و شتێك وەزیرمان هەیە جگە لەوانەی کە پۆستی وەزیریان هەیە پلە باڵایان هەیە، بەڕێز وەزیری دارایی جەنابتان لێرەنە مانگانە لەم کاتی قەیرانەدا داوا ئەکەین هەموو داهاتە گومرگییەکان ئەگەر لەبەر دەستی

جەنابت نییە لەبەردەم پەرلەمانتاران ئیعلان بکە، داهاتی گومرگییەکان هەمووی دێتە لای جەنابت ئەوەی فەرمی ئەوەی نافەرمی؟ یەعنی گومرگ هەیە فەرمییە ناسراوە لەسەر ئاستی هەموو عیراق و هەیە نافەرمییە ئایا داهاتی ئەو گومرگانە حەز دەکەین بیتە یەك خەزێنەی حکومەت دەستی حکومەت بگرێ حکومەت کاری خۆی بکات، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێزان زیاتر لە سی کارگەی هەیە، ئەم کارگانەی بە هەندێ موستەسمیری داو بەس بە کرێیان گرتووە هەندەکیان کردووە بە مەغزەن بۆ ئەوەی ئیش نەکەن تجارەتی خۆیان و هی هەندێ بەرپرس بەردەوام بێت و نەهێڵن ئەم کارگانە ئیش بکەن خەڵکی ئێمە بە ئیش بکەون، ئەی ئەگەر حکومەت حکومەتداری بکاتن بۆ ناهێڵێ ئەو کارگانە کار بکەن؟ ئەو کابرایەی کە کار ناکات بۆ لێی ناسێنێتەوە؟ داوادەکەین ئەم کارە بکرێتن، حەز دەکەین لەگەڵ بەغدا بە کورتی یەعنی بەغدا چی دەوێ موچە دەیدا یان نایداتن؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کتێبێکی (علی وەردی) هەیە دروست باسی ئەو وەزعەی کوردستان دەکاتن لەسەردەمی خەلیفەکان (ابوبکر) لەسەر حوکم بوو پارە لە خەڵکی وەردەگرت وتی وەکو یەك دابەش دەکەم بەسەر موسلمانان ئەمە علاقەی پێ نییە ئەمە شەری کرد یا نەیکرد کە (عمر) هات نۆزدە ساڵ حوکمی کرد وتی نەخێر دەبێ عەدالەت بکەین پارە وەردەگرین کێ موستەحەقە بەوی دەدەین ئەوەی موستەحەق نییە نایدەینە هەموو کەس، وەکێ دڵسۆزترە وە کێ زیاتر خزمەتی ئەو وڵاتەی کردووە ئەبێ پارەکە بۆ ئەو بیتن سەردەمی (عثمان ) گەندەڵی دەستی پێکرد هەر دەوڵەمەند و فاحیشە ئەو وشەیە هاتە ناو ئەدەبیەتی زماندا لەو سەردەمە وتی کاکە دەوڵەمەندەکان برۆن ئێوە سەرپشکن پارەکەتان خۆتان دابەش بکەن، خۆتان بیدەنە خەڵك ئەوەی حەزی کرد بیداتە (بیت مال) ئێمە دابەشی ئەکەین ئێ ئیستاش تەقریبەن وای لێهاتووە بۆ تا ئێستاش باسی عەدالەتی عمر دەکرێ، چونکە پارەکە وەکو خۆی بە عەدالەتی دابەش کرد داوا لەو حکومەتە بەڕێزە دەکەین ئەو پارەی کە کۆدەبێتەو لە داهات هەمووی بێتەوە دەستی حکومەت ئیتر خەڵك ئیتر سوودمەند نەبێ لە داهاتی ئەم وڵاتە، جەنابی حکومەت لێرەن وەزیرەکان لێرەن کاتی ئەوەیە، کە دەچیە دکتۆر دەڵێ ئەوە نەخۆشیەکەتە دەبێ چارەسەرەکەی بدۆزرێتەوە، هەموومان دەزانین نەخۆشییەکە چییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دیاری) فەرموو، کاك (عبدالستار) فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە زیاتری ئەوێ با جارێ من تەوزیحاتێك بدەم ئەو علی وەردییە کابرایەکی عەلمانی خراپ بووە، من پێم باشە بیزانن.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە لە چوارچێوەی بابەتەکە قسە بکە، تەنها سی سانیە مەجالت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستم ئەوەیە سەبارەت بە تاریخ و مێژووی ئیسلامی لەو پیاوە وەرناگیرێ.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو کاك (عبدالستار)، (د.کاظم)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەنها لە دە چرکە ئەیبرێنمەوە.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی وشەی گەندەڵی خستە پاڵ یەکێك لە خەلیفەکان پێغەمبەر (د.خ) داوادەکەم ئەم وشەیە لە پرۆتۆکۆڵ بسرێتەوە، بۆ ریز گرتن لە زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو باش، کاك (اومید)، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی بەڕێز هێڤیدار خستیتیە روو رەئی خۆی نەبووە، نەقلی رەئییەك بووە ئەوجە هی کێ بیتن، دوو دینی ئیسلام دینی موسلمانانە خەلیفەکان هی هەموومانن هیچ پێویست ناکاتن بکێتە جۆرێکی دیکە، دەکرێ ئەو قسەیە بسرێتەوە، بەڵام ئەوانەی کە خۆیان پێ نوێنەری موسلمانانە ئێمە نوێنەری هەموو دینەکانی پەرلەمانی کوردستان نوێنەری خەڵکی کوردستانین.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (هیڤیدار) بەس ئەگەر یەك تەعقیب، فەرموو.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکان تۆمار کراون نەم وتووە خەلیفەی (عثمان بن عفان) گەندەڵی کردووە، دوو لەسەر دەمی ئەو دەستپێکراوە، پیاوەکی پاك بووە.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (دیاری)، فەرموو.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری دارایی دەپرسم ئەو (٢١%) کە لە مووچە بڕا؟ بە چ یاسایەك برا بۆ لەکاتی بڕیاردان لە پرسێکی ئاوا کە پەیوەندی بە قوت و مووچەی خەڵك و فەرمانبەران و خەڵکی کوردستان هەیە نەگەرانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان؟ خاڵێکی دیکە کە بە لامەوە گرینگە بەڕێز وەزیری دارایی ئەکرێ پێمان بڵێی بەراستی ئێوە دەزانن کەی مووچە دێت و کەی مووچە نایێت؟ ئەزانن ئەو قەیرانە تا کەی بەردەوام دەبێ؟ یەعنی مەنتیقی تێدایە لە هەرێمی کوردستان کەسێك نەبێ بزانێ ئێمە پەرلەمانین نازانین! وەدەمەوێ پرسیار بکەم لە بەڕێزتان لە ئەنجومەنی

وەزیران وەكو وەزیری دارایی و ئابووری ئایا ئێوە دەزانن دەكرێ بۆ نمونە خەڵك لەم وڵاتە نەزانێ كە موچەی ئەو مانگەی وەرگرت مووچەی مانگەكەی دیكە وەردەگرێ! ئەوە جەژنە كەی مووچە وەردەگرێ؟ من دەزانم لە دەسەڵاتی ئێوەدا نییە بۆ نمونە كێشەكە ئەگەر ئێوە نەبن بەس پرسیارەكە ئەوەیە پێم بڵێ كێشەكە لە چیایە؟ ئایا هەرێمی كوردستان ئێستا نەوت دەفرۆشێ؟ نەوت ئێستا بە (٤٣) دۆلار و لەوانەیە ئەگەر بۆ نمونە هەرێمی كوردستان بەپێی ئەوەی كە خۆی دەڵێت حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەگەر چوار سەد و پەنجا هەزار بەرمیلیش بنێرێت ئەگەر بە (٤٠) دۆلاریش بفرۆشرێت، یەعنی ئەو پارەیە بۆ مووچەی هەرێمی كوردستان بۆ فەرمانبەرانی هەرێمی كوردستان رەنگە زیارتر بێت كەمتر نەبێت، لەگەڵ داهاتی خاڵە سنوورییەكان و ناوخۆدا ئەمانە بۆ ناكرێ؟ لە ماوەی ئەو پێنج شەش مانگەی رابردوودا دوو مووچە دراوە ئایا لە پێنج شەش مانگەیا چەند پارەی نەوت و خاڵە سنوورییەكان و داهات هاتۆتە ناو وەزارەتی دارایی؟ ئایا وەزارەتی دارایی و وەزارەتی داراییە یان وەزارەتی دارایی و ئابوورییە؟ ئێوە بەس مووچە دابەش دەكەن؟ یان بەراستی وەزارەتێك هەیە وەزرەتی ئابوورییە پلانی ئابووری ئەم هەرێمی كوردستانە دائەنێن یەعنی ئێوە بەس پارەتان بۆ دەنێرن كاتێك دەڵێن پارە نییە، مووچە نییە، فەرمانبەر چاوەرێی مووچەكەیەتی ئێوە دەڵێن وەزارەتی سامانە سروشتییەكان یان دەڵێن حكومەتی هەرێمی كوردستان پارەی نەناردووە نەهاتۆتە سەر داهاتی وەزارەتی دارایی، ئەی كەواتە كاری وەزارەتی دارایی و ئابووری چییە؟ ئەگەر وەزارەتی ئابووری پلانی ئابووری بۆ هەریمی كوردستان بۆ پێدانی مووچە بۆ ئابووری ئەم وڵاتە چیە؟ سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك (علی حمە صالح)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە سالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی میوانەكان دەكەم، دیارە دۆخی دارایی و ئابووری و گوزەرانی خەڵك لەخراپیە هەمووومان دەزانین ئەمەش تەنها مەربوت نییە لایەكی كە پەیوەندی بە بەغداوە بێت، بەڵكو پەیوەندی بە دۆخی ئیدارەدانی حوكمرانی هەرێمی كوردستانەوەیە هەیە لە بیست و نۆ ساڵی رابردووا نەتیجەی كۆمەڵێك گەندەڵی، زۆر بە كورتی و زۆر بە پوختی من كۆمەڵێك خاڵ لێرە ئەخەمە روو كە بە ئەنجامدانی ئەم چاكسازیانە نزیكەی سێ سەد و پەنجا ملیۆن دۆلار دەگرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت بۆ ناكرێ تەنیا لە ساڵی (٢٠١٩) دا هەشت ملیار دۆلار داهاتی نەوت بووە چواری گەراوەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی ئەمیش بە كۆمەڵێك هۆكار تەنها بە پێداچوونەوە بە خەرجی كۆمپانیاكانی نەوت نزیكەی سی و پێنج ملیۆن دۆلار ئەگەرێتەوە هەر سێ حەقلەكەی ئەو خزمەتگوزاریانەی كە بۆ كۆمەڵێك كۆمپانیا قۆرغ كراوە، مووچەی زۆری كارمەندانی بیانی كە وەك كۆستری كەڤەری بۆیان دەگەرێتەوە لەگەڵ شەریكەكانی سكویرتی، دوو گرفتی گواستنەوەی بۆری تەنیا كرێ ی بۆری ساڵانە نزیكەی شەش سەد ملیۆن دۆلارە و كۆمپانیای وزەی توركیش وەكو باج بۆ باسی ئیتیفاقیەی پەنجا ساڵی

ئەكرێ، چوار سەد و نەوەد و سێ ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە واتا تەنیا کۆمپانیای وزەی تورکی بۆ هەر بەرمیلێك سێ دۆلاری وەرگرتووە، لەگەڵ دروستکردنی بۆری بۆ ئەو کێڵگانەی کە رەبت نەکراون بە کێڵگەی نەوتەوە کە بە تەنکەر ئەروا ئەوە کولفەیێکی زۆرە بە پێداچوونەوەش بەمەش سی ملیۆن دۆلار ئەگەرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، سێ فرۆشتنی نەوت بەپێی راپۆرتی دیلەیت لەساڵی (٢٠١٩)دا نەوت بە (١١) دۆلار کەمتر لە برێنت فرۆشراو لە کاتێکا شەریکەی موعتەبەری عالەمی ئامادەیە بە کەمتر لە (٦) دۆلار بیکرێ بە (٦٢) دۆلار ئەگەرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، گەرانەوەی پارە و ئاڵوگۆری دراو ئەدرێ بە یەك کۆمپانیا ئەگەر مانگانە سێ سەد ملیۆن دۆلاری بدرێتەوە بە سەد و بیست هەزار حکومەت سێ بانکی خۆی دابەشی بکات بەمەش نۆ ملیار دیناری تر ئەگەرێتەوە، پاڵاوتنی نەوت دوو پاڵاوگەی گەورە هەیە توانای پاڵاوتنی سەد و سی هەزار بەرمیل نەوتیان هەیە ئەگەر هەر یەك لەم پاڵاوگانە نەوت بپاڵێوێت تێکرای هەموو نەوتێك کە ئەیفرۆشن موشتەقاتەکانی (١٠) دۆلار زیاتر ئەکا بەمەش چل ملیۆن دۆلاری تر ئەگەرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، خاڵە سنوورییەکان رێگری لە قاچاغی کۆی خاڵە سنوورییەکانمان لەگەڵ رۆژئاوادا کە دوو خاڵن هەم سمێکا هەم وەلی بە تەواوی تەحەکومی لەلایەن کۆمپانیا کۆپیە کراوە کە ئەمە برێکی زۆر پارەی ئەروا تا ئەم ساتەی ئێستا کە قسە ئەکەین هێنانی حەیوان لە دەرەوەی وڵات مەمنوعە، بەڵام ئەم کۆمپانیایە جووتێك حەیوان بە سی و پێنج هەزار داخل ئەکا لێرەوە تەبعەن لەولاشەوە لە هلوبە سەنتەر ئەکەیت و رۆژانە هەزاران حەیوان بە قاچاغ داخل ئەکرێ ئەو کۆمپانیا هەر دوو حەیوان سی و پێنجی لێ ئەسەنێ ئەمە وا ئەکا هەرچی مەرداره تووشی زەرەری گەورە بووە لە کوردستانا، لە باشماغ تەنیا لە خەتی ئاسایشەوە مانگانە بیست و پێنج ملیۆن دۆلار حەجمی قاچاغیە تەنیا لە یەك خەتەوە بیست و پێنج ملیۆن ئێستا لەناو بازارا بە عەلەنی نووسینگەی قاچاغی هەیە کورێکە ناوی (سۆران)ە کە تۆ هەر بارێکت هەیە ئەرۆی لای ئەو سەری خۆت ئەقەبلێنیت و لە گومرگەوە ناو ئەدەیت و رەقەم ئەدەیت و بە خەتی ئاسایشەوە دە و نیوی شەو بۆت داخل ئەکا، تەنیا جیاوازی نێوان شەش مانگی بازرگانی جگەرە لەنێوان (٢٠١٨) و (٢٠١٩) دا لە خەتی باشماخەوە لە یەك ملیۆن و شەش سەد و نەود و دوو هەزارەوە هاتووە بۆ سێ سەد و بیست و دوو هەزار ئێستا بەس جگەرە پەنجا و چوار ملیۆن دۆلار زەرەری گومرگی داوە بۆ بەس رێگری لە قاچاغ شەست و پێنج ملیۆن دۆلار ئەگەرێتەوە هیوادارم ماددەی (٥٤) بەکاربێنن من رەئی نادەم، بیست و نۆ کۆمپانیا لە خاڵە سنوورییەکان.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان رێك کەوتین بیدایەت کە بۆ هەر یەکێکتان بەپێی ماددەی (٥٤) سێ دەقە بێ. کاك (علی) نابێت لە جێی خۆتەوە قسە بکەی، سوپاست دەکەین کاك (علی)، کاك (شەمۆل)، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و نوێنەرانی تری حکومەت دەکەم، جەند پرسیارەکەم هەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك دەقە کاك (شەمۆل)، هەر بۆ زانیاری وا ڕێك کەوتوین وەکو دەستەی سەرۆکایەتی لەم چوار زۆنەی کە هەیە بەڕێزێك لێرە، دوو بەڕێز لێرە، دوو بەڕێز لێرە، بەڕێزێك لێرە ئەوانەی تریش کە ماون قسە دەکەن وا ڕێك کەوتووین بەڕێزان هەوڵ دەدەین هەر جارەکیش بەپێی عەدالەت لە نێوان فراکسیۆنەکان، کاك (شەمۆل)، فەرموو.

**بەڕێز شەمۆل اشین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئایا داهاتی خاڵە سنوورییەکان و داهاتی نەوت چەندە کە دەخرێتە سەر وەزارەتی دارایی؟ ئایا داهاتی ناوخۆ چەندە؟ چونکە بەڕێز سەرۆکی حکومەت لە رابردوودا وتی داهاتی ناوخۆمان بۆ دوو هێندە زیادی کردووە، پرسیارێکی ترم ئەوەیە ئایا بەڕێزتان ئاگاداری ئەو قەرزانەن کە لەسەر حکومەتە؟ ئەگەر ئاگاداری ئەو قەرزانەن لە کوێ قەرز کراوە و بۆچی سەرف کراوە؟ پرسیاری سێیەم ئەوەیە ئەوەی گرینگە پرسی مووچەیە خەڵك بەم نزیکەی کە جەژنە لە چاوەڕێی مووچەکانیانن پرسیارەکە ئەوەیە کەی مووچە دابەش دەکرێ وە چۆن دابەش دەکرێ؟ پرسیارێکی تر ئەوەیە ئایا ئەو حیسابە بانکیەی کە بۆ مووچە خۆر دروست دەکرێ دەتوانێ مامەڵەی پێوە بکات هەر لایەنی کەم مووچە پاشەکەوتکراوەکان بخرێتە سەر حیسابە بانکییەکەو بتوانێ کرێ ی ئاو و کارەبا و سولفەکانی تری لێوە بدات کە لە حکومەت وەری گرتووە، پرسیارێکی ترم ئەوەیە پێویستە مووچەی خانەنشینان ڕێك بخرێتەوە، چونکە ئەگەر ئەمرۆ مۆزەفێك خانەنشین بکرێ دەبێ دوای یەك ساڵ چاوەڕێی مووچەکانی بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك (شومۆل)، کاك (شوان) فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، پرسیارەکەم بۆ بەڕێز وەزیری داراییە دیارە وەزارەتی کارەباش هاوشێوەی وەزارەتەکانی تر فەرمانبەری گرێبەستیان هەیە، بەڵام دیارە تەنها فەرمانبەرانی گرێبەستی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کارەبای هەولێر لە دابەشکردنی مووچەی رابردوو مووچەیان پێنەدراوە پێشیان دەڵێن کە کێشەکە لای وەزارەتی داراییە، بۆیە هیوادارم بەڕێز جەنابی وەزیری وەڵامێکیان هەبێ، لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك (شوان)، کاك (د.صباح) فەرموو.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، ستافی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم، بەراستی بە حوکمی ئیشی خۆم لە لیژنەی کاروباری تەندروستی یەك دوو سوئالێکم هەیە بەراستی خۆتان دەزانن وەزعی کۆرۆنا چۆنە و چۆن نییە، مەوزوعەکی تر هەیە زۆر سەرنجی ئێمەی راکێشایە لە لیژنە ئەویش مەوزوعی سندوقی شێرپەنجەیە بەڕێز (د.دارا رشید) کە برایەکی عەزیزە سەرۆکی ئەو

لیـژنه بـوو تەفاصـلی زۆرتـری لا هەیە ئێسـتا ئەو سـندوقە جاروبـار گلەییـان هەیە کە ئەو پـارە بەشێوەیێکی پێویست ناگاتە دەستی ئەو سندوقە، داوا دەکەین بەراسـتی چـونکە نەخۆشـەکانی شێرپەنجە بەراستی زۆر ئازاریان هەیە، داوا لە وەزیری دارایـی دەکەیـن کە کـار ئاسـانی بـۆ ئەو سندوقە بکرێ وە ئەو پارەی ئەوان کە لەوێیە بە زووترین وەخت بۆ دابەش بکـات، وەکـو کەمـی کارمەندی تەندروستیمان هەیە، هەروەها پزیشکان داوا دەکەیـن بە زووتـرین وەخـت حکـومەت ئەگەر باری ئابووری باش بوو چاوێك بەوان بخشێنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (ازاد) فەرموو.

**بەڕێز ازاد اکرم بهرام:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیارێکم هەیە داواکارم وەڵامم بدرێتەوە لە ستافی ئەنجومەنی وەزیران، یەك بۆ پارەی پاشەکەوتی مووچە حکـومەت هـیچ پرۆژەیێکـی هەیە لە جیـاتی پـارەی پاشـەکەوتی مـووچە بە شێکی تر پاشەکەوتی مووچە تەعویز بکرێتەوە، بۆ نمونە عـارد لە جیـاتی مـووچەی پاشـەکەوت یان هەر شتێکی تر بی؟ حکومەت هیچ پلانێکی هەیە هەر سەرە مانگێك لە کـاتی خـۆی مـووچە دابەش بکـات، سـێ حکـومەت بیـری لەوە کـردووە قەرز لە هـاوڵاتی دەوڵەمەنـدەکانی خـۆی وەربگرێت و هەتا خۆی لەو ئەزمەیە رزگار بکات و لە جیاتی ئەو قەردە هاوڵاتی خۆی بە شتێکی تـر تەعـویز بکـات؟ چـوار حکـومەتی هەرێـم لەگەڵ حکـومەتی فیـدرال ئەگەر لە دانووسـتاندن نەگەیشـتنە حەل بەدیلـی چییە؟ پلانێکـی تـری هەیە؟ هـیچ کـاری لەسـەر ئەو پـلانە کـردووە؟ حکومەت بـۆ بەهێزکردنـی داهـات هـیچ پلانێکی هەیە وە دەسـتی بەو پـلانە کـردووە؟ لیسـتی مووچە خۆران دەرماڵەکان و هەتا ئێستا تەصفیە کراوە؟ ئەوانەی لە یەك معاش زیاتر وەردەگرن ئەوانەی بنـدیوارن و ئەوانەی دەرمـاڵەی زیـاد وەردەگـرن ئیشـیان لەسـەر کـردووە؟ ئەوەی مەعلوماتە کە هەندێ شەریکە باج نـادەن حکومەتیش بڕیـاری داوە لە هەمـوو شـەریکەکان بـاج وەربگرێ ئەو پرۆژەیە دەشتپێکراو چـی کـراوە؟ حکـومەت وا دیـارە لە پلانـی گرینـگ دەدات بە کەرتی تایبەت و کشتوکاڵ و پیشەسازی هەتا دوایی بـۆ بەهێـز کردنـی داهـاتی حکـومەت، هەتـا ئێستا هیچ پرۆژەیەك جێبەجێکراوە؟ سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.کاظم) فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا مـن پرسـیارەکانم چـڕ ئەکەمەوە، بەڵام پـێش ئەوە بیـرم لەوە ئەکـردەوە بڵێـی یەك جـار رووبدات لەو پەرلەمانە جەنابتان تەحەمول بکەن گوێ بگرن لە قسەی ئێمە نەبڕن.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

لە چوارچێوەی پەیرەو نەبێت نەخێر تەحەمول ناکەین.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا پەیام بە جەنابتان گەیشتووە دوێنێ دوو فراکسیۆن بایکۆتی کردبوو، ئەمرۆ فراکسیۆنێکی ئۆپۆزسیۆن بایکۆتی کردووە، ئەوە هەمووی پەیامە بۆ جەنابتان.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوود لە کاتەکەت وەربگرە، چونکە لە کاتی خۆت ئەبەی، فەرموو.

**بەڕێز کاظم فاروق نامق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەپرسم جەنابتان لە حکومەت هەرچەندە دەبوایە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی لێرەبوونایە، لەبەر ئەوەی چەند جارێك یاداشت پێشکەش کراوە، بەڵام لەو ستافە بەڕێزەی حکومەت ئەپرسم ئایا جەنابتان بەنیازن پێش جەژن لە چلەی هاوینا مووچەی سەرەتای بەهاری فەرمانبەران دابەش بکەن؟ ئەمە یەکەم دووەمیان مووچە لە هەرێمی کوردستان چۆنە وەرزییە، مانگانەیە، شەست رۆژ جارێکە، حەفتانەیە ساڵانەیە موچە چۆنە؟ خەڵك سەری لێتێکچووە نازانێ کەی مووچە وەردەگرێ مووچە چۆن دابەش دەکرێ لە هەرێمی کوردستان بەپێی مەزاجە، بەپێی مانگە، بەپێی وەرزە، بەپێی چییە؟ پرسیاری سێیەمم بۆ ستافی حکومەت لە هەرێمی کوردستانا نەوت ئەفرۆشرێ بەردەوام داهاتی نەوت چەندە مانگانە چەند بەرمیل نەوت ئەفرۆشرێت؟ بە چەند ئەفرۆشرێت هەر بەرمیلێك؟ پارەکەی چەندە کۆی گشتی مانگانە کە دێتەوە چی لێئەکرێت بۆ دیار نییە؟ ئەو عەقدانەی کە کراوە بۆ فرۆشتنی نەوت لەگەڵ هەر کۆمپانیایێك و هەر دەوڵەتێکایە بۆ نایهێنن بە شەفافی لەبەر دەمی ئەو پەرلەمانە پێکەوە مناقەشەی بکەین و خاڵە لاوازەکانی دیاری بکەین کە بۆچی ئێمە دۆخی داراییمان وای لێهاتووە؟ ئەڵێی نەوت ئەکرین ناڵین نەوت ئەفرۆشین! بابەتی سێیەمم لەمانگی چوارا نەوت بە (١٦) دۆلار بوو شەست رۆژ جارێك مووچە دابەش ئەکرا مووچە دواکەوتبوو لە مانگی پێنجدا نرخی نەوت بوبە (٣٦) دۆلار هەر مووچە دواکەوتبوو لە مانگی شەشا نرخی نەوت بووبە (٤٠) دۆلار هەر شەست رۆژ جارێك مووچە دابەش کرا و (٢١%)یشیان بڕی، لە مانگی حەوتا ئێستا نرخی نەوت بووە بە نزیکەی (٤٥) دۆلار یەعنی نەوت بێ بە هەر چەنێك ئێوە بە نیازن مووچەی ئەو خەڵکە و موستەحەقات و هینی فەرمانبەران دابەش بکەن، هەتا نرخی نەوت بەرز بێتەوە ئێوە لەم لاوە مووچە دوا ئەخەن لەلاشەوە رێژەیێکیشی لێ ئەبڕن بەراستی ئەمە وازحە گەندەڵی تیایە، پرسیارێکی ترم ئەوەیە کە بەپێی راپۆرتەکانی دیلەیت لە پارساڵا لە ساڵی (٢٠١٩) یا داهاتی نەوت نزیکەی نۆ ملیاردۆلار بووە داهاتی ناوخۆ لەسەر داتا و ئەوانەی جەنابتان راتان گەیاندووە مانگانە دوو سەد و پەنجا ملیۆن دۆلار بووە کە ئەکاتە سێ ملیار دۆلار بۆ ساڵەکە لە بەغدادەوە مانگانە چوارسەد و پەنجا و سێ ملیار دینار هاتووە کە بۆ ساڵەکە ئەکاتە چوار ملیار و نیو دۆلار کۆی گشتی دەکاتە نزیکە شانزە ملیار و نیو دۆلار داهاتی ساڵی (٢٠١٩)ی هەرێمی کوردستان بووە، بەڵام نۆ مووچە دابەش کراوە کە دەکاتە شەش ملیارو نیو.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك (کاظم)، کاك (بالانبو)، فەرموو.

**بەڕێز بالانبو محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان هاوکارەکانیان دەکەم، رەخنەیێکیشم لە راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی هەیە هیوادارم کۆتا خاڵی راپۆرتەکەیان لابەرن، لەبەر ئەوەی لە کۆتا خاڵی راپۆرتەکەیان داوا ئەکەن کە رسوم لەسەر ئاو دابنرێت لە کاتێکا حکومەتی هەرێمی کوردستان باش ئەزانێ ئەو بیرە ئاوانەی کە لێدراون بۆ جوانکردنی ژینگە، بۆ جوتیاران، بۆ وەبەرهێنانی بەرهەمەکانیان لێیان داوە، لەکاتێکدا حکومەت بە هیچ شێوەیەك هاوکاریان نەبووە نە لە وەبەرهێنان وە نە لە ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان ئێستا رسومێکیشیان لەسەر زیاد بکەین، حەق بوو لیژنەی دارایی لەبری ئەوە داوای بکردایە لە لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان لیژنەی لاوەکی دروست بکرایە بۆ رۆیشتن بۆ سنوورەکان بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەیان لەوە بکردایە بەدواداچوونیان بکردایە بیان زانیایە بەهەدەردان لە خاڵە سنوورییەکان هەیە یان نییە؟ بۆ من لێرەوە پێشنیار ئەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە لیژنە تایبەتمەندەکان لیژنەی لاوەکی دروست بکا بۆ رۆشتن بۆ خاڵە سنوورییەکان، بۆ ئەوەی بزانرێ بەهەدەردان هەیە لەو خاڵانەی یان بەهەدەردان نییە، من پرسیارەکانم لێرەوە دەست پێدەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان پاڵپشت بە کام یاسا قەرزی کردووە؟ ئەم قەیرانی بێ مووچەییە تا کەی بەردەوامی دەبێ؟ حکومەتی هەرێمی کوردستان خاوەنی چەند خاڵی رەسمی وە چەند خاڵی نارەسمییە؟ ئایا بەهەدەردان لەم خاڵانە هەیە یان نییە؟ بۆچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کاتی قەیرانەکاندا هەمیشە پەنا ئەباتە بەردەم کەم کردنەوەی مووچە و بڕینی مووچەی فەرمانبەران؟ کە وابزانم ئەمە زۆر نایاساییە ئەمە غەدرێکی گەورەیە کە لەسەرجەم فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئەکرێ، بڕی ئەو پارەیە چەندە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە فرۆشتنی نەوت بە دەستی دەکەوێ؟ چەندی بۆ وەبەرهێنانی نەوت ئەڕوا وە چەندیشی دێتە خەزێنەی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە؟ وە ئەگەر تێچووی بەرهەم هێنان زیاترە لە تێچووی داهاتەکەی باشە پێویست ناکا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم نەوتە کە سەروەتێکە بۆ نەوەکانی ئایندەمان لە ئێستا بەفیڕۆی بدات؟ لە ئەگەری رێك نەکەوتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی پلانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە بۆ بەڕێوەبردنی ئابووری هەرێمی کوردستان؟ من لێرە یەك پرسیارم هەیە لە بەڕێز سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران کە پلە بەرزکردنەوەی هێزی پێشمەرگە رۆیشتۆتە ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ئەوان بە بیانووی ئەوەی کە گوایە ناشایستەی تیایە رایان گرتووە بەس ئەوەی بە دەستی ئێمە گەیشتووە لەبەر مەوزوعی داراییە، بۆیە داوا کارین پلە بەرزکردنەوەی ئەفسەران بە هیچ شێوەیەك رانەگیرێ، لەبەر ئەوەی بەپێی یاسا ئەو ئەفسەرانەی ئەو پلەیەی کە لەسەر شانیانە پلەی ئەوان نییە شایەنی پلەی زیاترن وە ئەگەر ئەشیان زانی کە ئەم ئەفسەرانە دەبن بە بارگرانی بەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، پێویستە لە کاتی شەڕەکان پێیان بوتنایە ئێوە بارگرانین نەك ئێستا، کۆتا قسەم ئەوەیە وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان تا چەند لە عەقدە نەوتییەکان ئاگادارە، ئایا ئاگاداری ئەو عەقدە نەوتیانەن یان ئاگادار نیە؟ من سوپاستان ئەکەم دەستتان خۆش بێ.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاظم) لە جێی خۆتەوە ناتوانی قسە بکەی، بەپێی پەیڕەو ئیحترامی ناو هۆڵەکە ئەگری ئەگەر نا بڕۆرە دەرەوە، یان دانیشە یان بڕۆ دەرەوە، کەواتە دانیشە لەجێی خۆت، ئەوان هەمووی نوێنەری خەڵکن، (د.شایان)، فەرموو.

**بەڕێز شایان کاکە صالح محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەین، لای من ئەوە روون بۆتەوە کە مووچە لەلای ئەنجومەنی وەزیرانە بە بەڵگەی ئەوەی مانگی رابردوو بەکۆی دەنگ وەزیرەکان دەنگیان لەسەر داوە، ئەگەر تەنیا وەزیری دارایی بوایە ئەوا بە تەنیا خۆی بڕیاری دەدا، بەڵام بۆیە پێمان خۆش بوو ئەمرۆ سەرۆکی حکومەت و جێگری سەرۆکی حکومەتیش ئامادەبوونایە بەپێی ئەو یاداشتانەی کە رادەستمان کردبوون تا وەڵامی ئەو پرسیارەنەی کە دەربارەی مووچەن بدرێنەوە، ئەمرۆ نەخۆشخانەی هیوا کە تایبەتە بە نەخۆشییەکانی شێرپەنجە کە خەڵکی داماو و فەقیری هەمیشە رووی تێدەکا مانیان گرتووە هەموو ستافەکەی مانی گرتووە پزیشك و کارمەندانی تەندروستی مانیان گرتووە لەبەر نەبوونی مووچە، دەمەوێ ئەوە روون بکەمەوە کە جگە لە مووچەی بەیانیان ئەوان ئیستیشارەی ئێوارانیشیان هەیە، بەپێی گرێبەستێك لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی ئەوە دیارە مووچە حکومیەکە ئەوەی بەیانیان چۆن چۆنی دابەش دەکرێ دیارە ئەوە هەموومان بەو دەردەوە دەناڵێنین، بەڵام مووچەی ئێوارانەکانیشیان پێنج بۆ شەش مانگە وەرنەگرتووە کە ئەمە بەپێی گرێبەستێکی گرێبەستەکەش تازە نەکرابۆوە، بۆیە پێویستە ئەم مووچەیە لە زووترین کات مووچە دابەش بکرێ مووچەی مانگی دوو وە هەروەها مووچەی گرێبەستەکانیشیان پزیشك و کارمەندانی تەندروستی نەخۆشخانەی هیوا و نەخۆشخانەکانی شێرپەنجە و هەموو نەخۆشخانەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەی جێی سەرنجی من بووە سندوقی شێرپەنجە دیارە لە زووتر گەندەڵی زۆ تێدا کراوە ئێستاش هەر بەردەوامە، هەروەها تەندەری دەرمانەکانیش تاخیر دەبێ واتا دەرمانی شێرپەنجە زوو ناگا ئەوەشی لە سندوقی شێرپەنجەوە دەکردرێ کوالێتیەکەی بەرز نییە، هیوادارم وەزیری دارایی وەڵامی ئەو پرسیارنە بداتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (پێشەوا)، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی پەیرەوی هەیە ئەگەر رێگە بدەن لەسەر دەقەکەم حیساب نەبێ پەیوەندی بە ناوهێنانی پێشمەرگەوە هەبوو، ئەگەر رێگە بدەن بەپێی پەیرەو روونکردنەوەیەك ئەدەم بەس لەسەر دەقەکەم حیسابی نەکەن، بەڕێز (شیرین) خان کە دڵنیام لە نیەت خراپییەوە نییە یەعنی لە نیەتی تێئەگەم، بەڵام باسی ئەوەی کرد کە هێزی پارتی و یەکێتی لابرێ بێ بە هێزی نیشتمانی لەمەرزەکان و لە شوێنەکانی دیکە، دڵنیام تەنها قەصدی ئەوە نییە کە هێزی پێشمەرگە نیشتمانی

نییە، بەڵام هێزی پارتی و یەکێتی هێزی نیشتمانین ئەوەی کە بەرپرسەکانی ئەوان رێك ناکەون یان نەیان توانیوە ئەوان رێك بخەنەوە هەر شتێکی دیکە هەیە پەیوەندی بە هێزەکانەوە نییە، چونکە لە سەنگەرەکاندا ئەوان خوێنیان تێکەڵی یەك بووە هەروەها ئێستا ئەوان لە پلەی گەرمی چل و هەشت چل و نۆ پلەی سەدیا بێ مووچە وەستاون لە سەنگەرەکان پارێزگاری لە خەڵکی کوردستان ئەکەن، دڵنیام ئەویش نیەتی خراپی نەبووە بەس ویستم ئەو روونکردنەوەیە بدەم. بەخێرهاتنی وەزیرانی بەڕێز دەکەم بەڕێز وەزیری دارایی ئەو ئەرقامانەی کەلەسەر مەرزەکان لەسەر گومرگەکان و هەندێ شت هەیە ئەخرێتە روو، پێم وایە ئێستا ئەم پەیامە گەیشتووە هەم خەڵکی کوردستان وە هەم ئێمەش چەندین جار بە بەڵگە بە ڤیدیۆ قاچاغی یەعنی هەرچی شتی خراپە خستمانە روو باسمان کرد وە خەڵکیش ئەو پەیامەی پێگەیشتووە، من ئەمەوێ بەشێوەیێکی نیشتمانیانە بەبێ ئەوەی من بلێم باشماغ چی تیا ئەگوزەرێت، حاجی ئۆمەران چی تیا ئەگوزەرێت، یەعنی با لەسەر ئەمە زۆر نەوەستین روونکردنەوەی لەسەر نەدەین، بەڵام زۆر بە رووی پێمان بڵێ بە صەریحی بەڕێزت لەبەر دەمی نوێنەری گەلدای ئێمە متمانەمان بە جەنابت داوە بە صەریحی پێمان بڵێ کێ ناێڵێت کە ئەم مەرزانە بکەونە ژێر دەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە پارەکەیان بۆ حکومەت بگەرێتەوە، لەبری ئەوەی کە بە قاچاغی بە قۆنتەرات بدرێن و وە چەند کەسێك سوودیان لێوەربگرن ئەم پارەیە بێتەوە سەر خەزێنەی دەوڵەت؟ بەڕێز وەزیری پلان دانان لە هەر وڵاتێکدا کاتێك کە حاڵەتێك دێتە پێشەوە قەیرانە یان تەنگەژەیێکی ئابوورییە هەر حاڵەتێکی دیکەیە گرینگترین رۆڵ لە وانەیە رۆڵی پلاندانان بێت، ئێوە چیتان کردووە؟ ئایا هەر سەیر ئەکەن ئێمە لەگەڵ بەغدا رێك بکەوین یان رێك نەکەوین یان ئایا بەڕێزتان پلانێکی خێرا یان شتێك هەیە فرەکردنی سەرچاوەی داهات یان هەر بابەتێکی دیکە کە لە مێشك و خەیاڵی ئێوە هەیە، یەعنی شتێکی خێرا بێت، نەك ئەوەی کە بلێین لە بەرنامەماندا هەیە شتێکە پلانی خێرا و سەریعی گواری شتێکی دیکەیە، بەڕێز وەزیری دارایی دەمانەوێ بەرچاو روونی بدەن لەبارەی پرۆژە یاسای چاکسازی کە دەوترێ سیستمی مووچە بەپێی پرۆژە یاسای چاکسازی ئەبێت، مووچە بابەتێکی گرینگە بۆ هەموو لایەك وە هەموومان چاوەرێی ئەوەین کە خەڵکی کوردستان بە هەر رێگەیەك بووە مووچەی خۆیان وەربگرن، ئایا دابەشکردنی مووچە بەپێی سیستەمی یاخود بەپێی پرۆژە یاسای چاکسازی چۆن دەبێت؟ دەمەوێت بەرچاوروونیمان لەمەش پێبدرێت، ئێوە چەندین جار بەڕێز وەزیری دارایی چونەتە کۆبوونەوەکان لەگەڵ بەغدا ئەوان وتوویانە کە ئێمە ئەوەمان زانیوە کە ئەوانە کێشەی بەرمیل و رەقەم و هەندێ شتی دیکەیان نییە قەرارێکی سیاسییە، بەڕێز (خالد شوانی) لە قسەکانی دوێنێی هەندێ ئاماژەمان بەدی کرد، یەعنی بەم جۆرەیە بابەتەکە رەبتی نییە کە ئێمە چەند بەرمیل نەوت دەدەن یان نایدەن، ئەم تەوزیحانەش حەقە بۆ خەڵکی کوردیستان بدەن نەك بە جۆرێکی دیکە بیر لەوە بکرێتەوە بۆ ناگەنە رێك کەوتن لەگەڵ ئەوان، یان ئەصلی ئەو مەوزوعەش بگەێنن خەڵك ئایا عیراق بەراستی نیەتی هەیە ئەمە بکات لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان رێك بکەون یان رێك نەکەوێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هیمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (سەروان)، ئەگەر خاڵی پەیرەوییە (شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

خاڵی چوارەم لە ماددەی (٥٤) لە پەیرەوی پەرلەمانی کوردستان خاڵی دووەم دەڵی نابێ ئەندام وەڵامی ئەندامێکی تری پەرلەمانی کوردستان بداتەوە، بۆیە ئەوە وەڵام دانەوە بوو بۆ من وە نییەتەکەی من ئەوەیە دووپاتی ئەکەمەوە بەڵێ یەکێتی و پارتی ئەو هێزەی لە خاڵە سسنورییەکان دانراون ناتوانن رێگری لە قاچاغچیەتی بکەن، پێویستە هێزێك دابنرێ رێگری لەو قاچاغچیەتییە بکرێ.

**بەڕێز سروان محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان ئەکەم، بەتەنها لەو سێ خولەکەی خۆم هەندێ شت هەیە بیلێم بیست و هەشت ساڵە ئێمە حوکمی خۆمان دەکەین وەکو هەرێم، یەعنی لام سەیرە هەمووجار کە مایك دەکرێتەوە کەسەك قسە دەکا باسی گەندەڵی باسی بندیوار دەکا تاکو ئێستا حکومەت یەعنی ئەوە پێنج خولی پەرلەمانە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمە کەسێك ئەگەر ئێشێکی هەبێت ئێشەکەی خۆی کە دۆزیەوە چارە دەکات، ئێمە بۆ تاکو ئێستا چارەمان نەکردووە؟ یەعنی حەزمان لە چارەسەرەکە نییە یان چارەسەر نازانین؟ بەراستی ئەم پرسیارەم بۆ هەموو ستافی حکومەتە ئەوە یەك، دوو بەنسبەت پێشمەرگە دلێر و خۆشمێرەکان ئەوانەی کە دوێنێ بەرگریان کرد، بۆ ئەوەی ئێمە لێرانە دابنیشین و ئازاد و شەرەف و کەرامەتی هەموو میللەتی کوردو لە جیاتی هەموو جیهانیش شەریان کرد، ئەوانەی کە بریندار بوون ئێستاش خەرجی خۆیان بەخۆیان دەکەن، ئەوانەی کە بریندار بوون رەوانەی دەرەوە کران خانووی خۆیانیان فرۆشتووە بۆ ئەوەی چارەی خۆیان بکەن، ئێوە وەکو حکومەت وەکو وەزارەتی دارایی وەکو وەزارەتی پێشمەرگە بەراستی هیچ بۆ ئەوان نەکراوە، یەعنی بە بەڵکەش وا لامانە، ئەوەی تریش نەك دەنگۆ، بەڵکو بڕیاری وابزانم هی ئەنجومەنی وەزیران هەست دەکەم، چونکە پێمان وتراوە لەلایەن زیندانییە سیاسییەکان باشە بۆ زیندانی سیاسی لە حکومەتی عیراق بیست و پێنج ساڵ مووچە وەرگرێ، بەڵام زیندانی سیاسی خۆمان دە ساڵ یەعنی هۆکار چییە؟ بۆ زیندانی سیاسی وان گەورەتر بێت و پیرۆز تر بێت لای حکومەتی عیراق، بەڵام لای حکومەتی ئێمە بەو جۆرە نەبێت! ئەوەی تریش بەڕێز بەنسبەت وەزیری دارایی پێم خۆشە گوێبیستی ئەوە بێت بەراستی پرسیارەکە بۆ جەنابتە خەڵك و مووچە خۆری هەرێمی کوردستان زۆر موراعاتی حکومەتیان کرد یەعنی هەر کاتێك ویستتان مووچە کەم کەنەوە کەم کراوە و مووچە خۆر قەبووڵی کرد خەڵکیش قەبووڵی کرد، بەڵام لەبارگرانی و بارقورسی خەڵك و مووچە خۆرانیش تێبگەن ئێوەش بۆ کارەبا و بۆ ئاو و بۆ سلفەی خانووبەرە بۆ سلفەی زەواج ئێستاش ساڵانە وەك خۆی پارە وەردەگیرێ بۆ ئەو ساڵ لێیان خۆش نابن یەعنی هۆکار چییە؟ ئێوە دەزانن زروفی خەڵك چۆنە لێیان خۆش بن بۆ ئێوە دەبێتە جوانییەك و پیرۆزییەك، هاورای برای بەڕێزم کاك (بالانبو) سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە نسبەت تاخیر بوونی روتبەی ئەفسەرانی پێشمەرگەی کوردستان ئێمە هەموومان قەرزاری پێشمەرگەین بۆ وا دەکەین چوار ساڵ و سێ ساڵ پێ بچێت تاکو روتبەی پێشمەرگە

بەرز بکرێتەوە بۆ وا لە پێشمەرگە دەکەن پیرۆزی و سەروەرییە رقی لەخۆی بێت، بەراستی چیدیکە رەنگە قبوڵ نەکرێ ئەوە روتبەی پێشمەرگە نابێت یەك سەعاتیش تاخیر بکرێ، چونکە پێشمەرگە مرد بۆ ئەوەی ئێمە هەبین، ئەوەی تریش.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتت تەواو، کاك (محسن)، فەرموو.

**بەڕێز محسن حسین مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بخێرهاتنا وەزیرێن بەڕێز دکەم پاڵپشتیا بەڕێز کاك (سروان) هەرکی کاك (بالانبو) دکەم بۆ پلە بەرز کردنەوە ئەفسەرێن پێشمەرگە، براستی داخازیا زۆرا هەروەسا بۆچی حەتا نووکە بۆ پێشمەرگە دەرماڵەی هاوسەگیری منداڵ و شەهادە نائێتە حیساب کرن، ئایا پێشمەرگە موەزەفە یان هەرشتەکی دییە حەز دکەم وەزیرێ بەرسڤ بداتن، بەڕێز وەزیرێ دارایی ئێکێش سەرچاوێت داهاتێ هەرێما کوردستانێ کو لڤێرێ راپۆرتێ لیژنا دارایی هاتە بەحس کرن داهاتێ ناڤخۆیە پرسیارێ جەنابێ تە دکەم ئایا داهاتێ ناڤخۆ یێ پارێزگاین هەرێما کوردستانێ هەمی پارێزگایێ بدروستی دێتە حکومەتێ یێ کیش پارێزگایێ ب دروستی ناگەهی کو هندێ پارێزگا دهاتێ ناوخۆ تەسلیمی حکومەتا هەرێما کوردستانێ، ناکە ئایا ئەڤ دەنگۆ راستە؟ یان هەمی پارێزگایێ دگەهینن؟ پەرلەمانتارەکا عیراقا فیدراڵ راگەهاندنەکا دبێژیتن بەغدا هەمی مووچا هەرێما کوردستانا فرە کری ئایا ئەڤ دەنگۆیە راستە یان نا؟ چونکە ئەڤە ژی گەلەك هاتیە بەحس کرن ئایا بەغدا هەمی مووچە فرە کرنە نە بەس حکومەتا هەرێما دابەش نەکرینە یان ژی دەبیت وەزارەتا دارایی روونکرنەوە بکا بوو ڤی مەوزوعی، ێك ژ بنەمایێ ژیانێ براستی ئەوەیە ئێك ئازادییە دوو نانە سەرەرای دەستخۆشییێ بۆ حکومەتا هەرێما کوردستان ئاوەدانکرنا کوردستانێ بەڵام مللەتێ مە ئەورۆکە ئازادە پشتی ئازادیێ نان دێت پێویستە ئەم خەلکی خۆ برسی تێر بکەین ژبەر هەندێ ژی پێویستە بێرێك لهەندێ بکەن مووچە بە زووترین دەم بێنە دابەش کرن، هەڤالان بەحسێ ژمارە بانکی کر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ژمارا بانکی پێویستە حکومەتا هەرێما کوردستانێ بۆ هەوا هاوڵاتی مووچە خۆرا هەرێما کوردستانێ دروست بکاتن بۆ هندێ بشێن هەم ئەو قەرزەی حکومەت لای هاوڵاتییە هەیە هەم هاوڵاتی لحکومەتا هەی بهێنە دان، بەلێ سەرۆکی پەرلەمان هەر وەکو ستافی حکومەتێ ڤی وڵاتی هەمی حزبا ئیستیسمارا هەی هەمی ئەشخاصا ئیستیسمارا هەی ئایا حکومەت ئیستیسمار نینە؟ ئەشخاصی وی شوقێت وان و ڤیلێت وان و مەزرەعێت وان و حکومەت تشتەك نینە ژبلی نەفت ژبلی دەوازێ ژ بلی داهاتێ ناوخۆ ئایا حکومەت قایل نەهاتییە ئەو ژێرۆژا بۆ خۆ دانێ ئەڤە داهاتێ حکومەتێیە یەعنی سەرچاوێ ڤی زێدەکە ئەوە پرسیارا بوو بۆ حکومەتا بەڕێز، وەکی هەڤالێ مەبەحس کری سوودمەند بوون لە یەك جار زیاتر لە مووچە نازانم حکومەت ئیعترافێت دکات خەلك لمعاشەکی ژ مووچەکی پتر وەردگرن هەڤاڵێت مە ئیعترافێت دکەن کوو خەلکێ ژ موچەکی پتر وەرگرن،

ئایا بۆچی چارەسەر ناکەن ئەم هەمی ئیعترافیت دکەین خەلکی هەی دوو مووچە و سێ مووچە و چوار مووچە وەرگرن بۆچی حکومەت چارەسەر ناکا ڤی بابەتی، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (بەڵین)، فەرمووو.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەبەر ئەوەی بەشدار بووم لە نوسینەوەی راپۆرتەکە، زۆر تەرکیز ناخەمە سەر راپۆرتەکە ئەوەی ئەمەوێ بیڵێم بە ستافی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئێمە ئێستا لە راستیا لە پاڵ قەیرانی داراییان، لە قەیرانێکی زۆردوورا ئەژین کە نەبوونی متمانەیە، هیچ متمانەیەك لەنێوان خەڵك و حکومەت نەماوە بۆیە متمانەی حکومەت لای خەڵکە متمانەی خەڵکە بۆ دەسەڵاتەکان دامەزراوەکانی حکومەت روو لە لاوازییە، ئەرکی ئێمەیە لە پەرلەمانی کوردستان ئەرکی ئەم بەڕێزانەیە لە ئەنجومەنی وەزیران کە ئەو متمانە بۆ خەڵك بگێرنەوە، متمانە بەچی ئەگێردرێتەوە بۆ خەڵك بۆ ئەوەی کارێك بکەی خەڵك لەم سیلکاوە دەری بکەی کە خەڵك هەست بکا فیعلەن ئەو حکومەتە جیاواز لە کابینەکانی پێشووتر ئەتوانێ چاکسازی بکا، ئەمەوێ لەوەوە دەست پێبکەم جەنابی بەڕێز وەزیری پێشمەرگە مەترسییەکی گەورەی خستە روو شاهێدی بەوەدا کە ئێستا خەڵك لە هێزە چەکدارەکانی ئێمە لە هێزی حزبی ئەگەرێن بۆ هێزی شەخصیشی شەخص تەعامول ئەکا، ئەوەی کە ئێستا برای بەڕێزم کاك (پێشەوا) و کاك (علی) باسیانکرد خۆ ئەو قاچاغچییەتیەی لە سنوورەکان ئەکرێ بە هێز دەکرێ، هێزەکە لەژێر دەسەڵاتی هێنەری ئەو شەخصانەیا کە کوری ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییە یا بەرپرسێکی عەسکەرییە هی خەڵکی فەقیر و هەژار نییە من دڵنیام ئەم حکومەتە ئێمە هەست بە نوێتییەکەی دەکەین، بەڵام بەراستی خەریکە ئەوەمان بۆ دروست دەبێ کە ئیرادەێکی بەقووەت نییە بۆ ئەوەی زاڵ بێت بەسەر ئەمە ئەوەی کە باسکرا ئێمە پێویستمان بەوەیە ئێمە هەموو ئەو رێ و شوێنانەی کە سەرچاوەی داهاتن ئێمە رێکی خەینەوە وە ئەبێ هێزە سیاسییەکان بەشدار بن لەمە، بروا بکە من نامەوێ جارێکی تر لەناو قاعە تەشەنوج دروست بێتەوە و مەوزوعەکە بەلارێیا بروا سێیەکی هێزی ئۆپۆزسیۆن وتوویەتی کاکە یەکێتی و پارتی حزبەکانی تر بەشی خۆیان بردووە، منیش بەشی خۆم ئەبەم لەم وڵاتە و ئامادەنیم هەرچیەکم لابێت بیدەمەوە، ئێمە هەموومان بەرپرسین لەم دۆخە، هەرێمی کوردستان لەرووی داراییەوە بەرووی داروخانێکی گەورەوە ئەروا ئەگەر هەموومان هەست بە مەسئولیەت نەکەین لە بەرامبەریا بەراستی بەسەر هەموومانا ئەروخێ و ئیشەکە لە هەموومان تێك ئەچێ، بەڵام مەسئولیەتی ئەساسی هەموومان کە چیمان پێ ئەکرێ لە جەوێکی ئیستقرارا ئەو چاکسازیانەی کە باسکراون ئەو چارەسەرانەی کە دانراون بیان خەینە بواری جێبەجێکردنەوە بێگومان ئەنجامێکی باشی دەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (بدریە) خان، فەرمووو.

**بەڕێز بدريه اسماعيل محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان، وێرای دەستخۆشیم لە لیژنەی ئامادەكاری راپۆرتی دارایی لەناو چوارچێوەی راپۆرتی دارایی لەزۆربەی بڕگە و باتەكاندا ئیشارەت بە گەندەڵی و ناشەفافی دراوە، هۆكارەكانی خراپ بوونی دۆخی دارایی هەرێمی كوردستان ئیدارەدانی گەندەڵی ئیدارەدانی سەرچاوەكان داهات، لەسەرچاوەكانی داهاتدا خاڵی یەكەم و دووەم و سێیەم و چوارەم ئیشارەی پێدراوە كە دەبوو بەرای من دوو خاڵی بۆ زیاد بكرێ كە پێنجەم و شەشەمە ئەویش داهاتی نادیار و شیرینی نەوت، سێ پرسیار ئاراستەی جەنابی وەزیری دارایی دەكەم پێم خۆشە جوابم داتەوە، یەكەم پرسیار بەڕێز وەزیری دارایی گرفتی گەورەی خەڵك ئێستا دابەش نەكردنی مووچەیە بەراستی بارودۆخی ئابووری لە هەرێمی كوردستان زۆر لە حاڵەتێكی خراپدایە خەڵكی هەرێمی كوردستان لە حاڵەتێكی زۆر ناجێگیردان، خەڵك و فەرمانبەران تەنها چاوەڕێی دابەش كردنی مووچە دەكەن، دەمەوێ ئەوەمان بە روونی و بە راشكاوی پێبڵێی كەی مووچە دابەش دەكرێ؟ ئایا هەر شەست رۆژ جارێكە یاخود سیستمی دابەشكردنی مووچە رێك دەخرێتەوە؟ وە ئایا ئەو (٢١%) ی كە بردراوە دەبێتە قەرز لای حكومەت یان تەنها جارێكە و ئیتر جارێكی تر (٢١%)ی مووچەی فەرمانبەران دەستكاری ناكرێت بەشێوەیەكی یاسایی دابەش دەكرێتەوە؟ یەكێكی تر لە پرسیارەكانم كە ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەكەم ئێمە وەكو فراكسیۆنی كۆمەڵەی ئیسلامی دەیان یاداشتمان ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كردووە كە خوێندكاری یەكەم و دووەم و سێیەمەكانی هەرێم كوردستان داوای دامەزراندنیان كردووە، بەداخەوە لە (٧/٧) دا وەڵامێكمان لەلایەن حكومەتەوە بەدەست گەیشت كە لەو كاتەدا داوای دامەزراندن بە هیچ شێوەیەك نەكرێت، لەبەر ئەوەی هیچ كەسێك لەبەر قەیرانی دارایی دانامەزرێت ئەم خوێندكارانە خەریجی (٢٠١٦) و (٢٠١٧) كە بەو وەڵامە جۆرێك لە نیگەرانی رووی تێكردوون، بەراستی ئەمە وادەكات بەهای خوێندن لە هەرێمی كوردستان دا نەمێنێ وە منافەسە لە خوێندندا نەمێنی، ئاستی زانستی لە زانكۆ و پەیمانگاكان بەرەو دارووخان بروات، یەكێكی تر لە پرسیارەكانم بۆ جەنابی وەزیر وابزانم بە بریارێك داوای گەرانەوەی قیستی هاوڵاتیان كراوە ئێمە هەندێك لە هاوڵاتیان جەنابی وەزیر داوای ئەوەیان كردووە بەتایبەت خەزێنەی سولفەی زەواج ئێمە پێمان باشە لەم قۆناغەدا قیستەكانی هاوڵاتیان كەم بكرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەم مووچە كەم كراوەتەوە هەمیش دۆخی دارایی زۆر زۆر خراپە، ئێمە كاتێك كە یاداشتی ئەو هاوڵاتیانەمان بۆ هاتووە بۆ گێرانەوەی سولفەی زەواجی ئێمە ناڵێین نەگێردرێتەوە، بەڵام من پێم خۆشە ئەو میكانیزمانە بخەیتە روو وە بە چ میكانیزمێك قیستەكان بگەرێتەوە بۆ حكومەت بەتایبەت ئەو یاداشتەی لەلایەن ئەو هاوڵاتیانەوە بۆمان هاتووە ئەڵێن ئێمە مووچەی بژێوی ژیانمان رۆژانە سێ سەد هەزارە كرێ نشینین چۆن بتوانین ئەو قستانە بدەینەوە.

**بەڕێز د.رێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس دەست خۆش (بدریە) خان، كاك (عباس)، فەرمووـ.

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەموو وەزیرە بەڕێزەکان دەکەم، کە ئەمڕۆ بۆ مەبەستێکی گشتی کە دەنگ و باسی هەموو راگەیاندن و خەڵکی کوردستانە، لەوانەیە خەڵك گوێبیستی ئەم هەواڵە بێت کە ئێستا لە جەنابی وەزیری وەر دەگرێ کە ئێستا جەنابی وەزیر دەبێ ئەو وەلامانەی پێبێ کە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەشی هەیانە، دەبێ لەرێی جەنابیانەوە لێرە بە ئێمە بوترێ لەوانەیە پێشم وایە ئێستا لای خۆی بیر لەوە ئەکاتەوە کە پرسیارانەی کە ئەم ئێمە دەیکەین هەمووی دەزانێ، بەڵام چ بکا چارەی نییە و چارەسەر ناکرێ، بەڵام ئەمە پرسیارە و دەبێ بە هەموو لایەکمان رێگا چارەیەك بدۆزینەوە نابێ هەتا سەر ئاوا بێت، من پرسیاری یەکەمم لە جەنابی وەزیر ئەوەیە ئەتوانین بزانین داهاتی دەروازە سنوورییەکان بزەبت چەندە لێرە پێمان رابگەیێ؟ وە ژمارەی دەروازە سنوورییەکان چەند دەروازە هەنە؟ ئایا هەموو دەروازەکان داهاتەکانیان دێتە بەر دەستی جەنابی یان بەولا و بەولایا دەروات؟ چونکە قسە زۆر لەسەر دەروازەکان دەکرێ ئەم حزب و ئەو حزب و لێرە هەموومان نوێنەری حزبەکانین هیچ عەیب و عاری تێدا نییە هەرچی هەیە جەنابیشت پێویستە لێرە بۆمان روون بکەیەوە لەسەر ئەمە، ئایا وەزارەتی دارایی ئێستا بەرنامەی کەم کردنەوەی دەرماڵەکانی هەیە ئەمە قسەی ناو خەڵکە جەنابتان ئێستا لەوە بکۆڵنەوە چۆن دەرماڵەی فەرمانبەران کەم بکەنەوە ئەو بەرنامەیە راستە لە چاکسازی هەیە بەڵام ئیشارەتی پێنەدراوە جەنابتان ئەو بەرنامەی هەتانە چیە؟ لێرەوە روونی بکەوە بۆ ئەوەی ئێمەش بۆ فەرمانبەرانی روون بکەینەوە. ئایا داهاتی (٢٠١٩)ی حکومەتی هەرێم چەند بووە؟ ئەگەر جەنابی وەزیر گوێی لێبێ (٢٠١٩) داهاتتان چەند بووە چەندتان سەرف کردووە چەندتان قەرز داوەتەوە؟ ئەگەر قەرزتان داوەتەوە بۆچەی قەرز لەسەر هەرێمی کوردستان کەم ناکات؟ ئایا ئەو داهاتانە لە هەموو وەزارەتەکان هەیە نسبەکەی لێدەگێردرێتەوە باقیەکەی بۆ ئێوەدێ یان باقی هەموو بۆ ئێوە دێ لەرێی ئێوەوە بۆ وەزارەتەکان دەگەرێتەوە؟ ئەگەر هەمووی دەگەرێتەوە بۆ داهاتی هەرێمی کوردستان چونکە لەناو خەڵك بپرسە دەڵێ بەس داهاتی مرور بەشی مووچە دەکات حەقە بەراستی روونکردنەوە بۆ خەڵك بدەین، بەراستی یەعنی هەر ئەوها بەسەرماندا تێنەپەرێ، ئەمە کۆبوونەوەیە پێم وایە حەقە هەموو قسەیێکی تێدا بکەین، سەبارەت بە فەرمانبەرانی گرێبەست جەنابت بە نووسراوی رەسمی ئاراستەی پەرلەمانت کردووە وەڵامی پرۆژەیێکی ئەم پەرلەمانە بەڕێزەت داوەتەوە کە بارگرانی دارایی دروست ناکات بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێچەوانەکەی بارسووکی دروست دەکا، ئەی بۆ دانەمەزران؟ هۆکارەکەی چی بوو راگیرا؟ حەزم لێیە لێرە روونکردنەوەمان بۆ بدەی، سەبارەت بە سولفەی عەقاری و زەواج و هەموو ئەمانە حکومەتی هەرێم پێویستی بە پارەیە پارەکەی کۆ بکاتەوە (١٥%) داشکاندووە دەست خۆشی لێدەکەین، بەڵام تەئکید بە لەوەی بە (١٥%) خەڵك و هاوڵاتی کوردستان بەو بارودۆخەی ئێستا ناتوانێ پارەکەتان بۆ بگێرێتەوە و قەرارەکەشتان داوە قەرارەکە کۆتایی پێدێ نسبەکی زۆر کەم دەگەرێتەوە، زۆربەی ئەوانەی سولفەیان وەرگرتووە بەم دوایە لە برِیارەکە خەڵکی لادێکان سوودمەند بوون هەموو لایەکتان پێشمەرگەبوون لەسەر خەلکی لادێکان بوینە ئەمە موزایەدە نییە باشە فەرموون بۆ ئەوەی

پارەکەشتان دەست کەوێتەوە بۆ ئەوەی بتوانن هاوکاری خەڵکیش بکەن بیکەنە (٥٠%) من پێم وایە بانکەکان بەرناکەوێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستت خۆش بێ کاك (عباس)، کاك (دابان)، فەرموو.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم، چارەسەری دۆخی دارایی ئێستای هەرێمی کوردستان چوار ڕێگا زیاتر و کەمتر نییە ڕێگای پێنجەم هەڵناگرێ ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا، چاکسازی، چاکسازی لە داهاتی نەوت و ناوخۆ، یان ئەوەیە ئەو کۆمپانیایانەی کەلەسەر وەبەرهێنان و لەسەر بواری نەوتی لەسەر خاڵە گومرگییەکان بوون، بە ملیۆنێر بەشێکی ئەو پارە بگێرنەوە بیدەن بە مووچە بۆ فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، من پرسیارێك ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم لە (٧/١)ەوە یاسای چاکسازی چۆتە بواری جێبەجێکردن، بەڵام پێش ئەوە ئەنجومەنی وەزیران خۆی چوار بڕیار و دواتر یازدە بڕیاری لەبواری داهات و خەرجیا هەبووە ئەمە پەیوەست نەبووە بە کاتەوە بۆچی تاوەکو ئێستا جێبەجێکردنی تاخیر بووە؟ بۆچی لەپێش یاسای چاکسازییەوە دەست بەم چاکسازیانە لەبواری داهات و خەرجیەکانا نەکراوە؟ ڕێگریەکان چی بوون لەکاتێکا دۆخی خاڵە سنوورییەکان زۆر زۆر مەترسیدارە بە سێ ڕێگا داهات وە پارەی ئەم میللەتە بۆ کۆمپانیاکان وە بۆ بەرپرسە حکومیەکان ئەڕوا لەو سنوورانە یەکیشیان ئەوەیە زیاتر لە پسولەو کۆمپانیا لە خاڵە سنوورییەکانا هەیە داهات ئەبەن دەیان ملیۆن دۆلار لە خاڵە سنوورییەکان ئەبەن، دووەم ئەوەیە کە قاچاغچیەتی ئێمە تا گەیشتینە سەر ئەوەی بڵێین ئەم کۆمپانیایانە بگەرێنەوە سەر حکومەت سەیر دەکەین قاچاغچیەتی شەرعی تیایە کۆمپانیاکان وە قاچاغچیەتی زۆر زیانێکی گەورەی داوە، خاڵێکی تر ئەوەیە کە بەرپرسانی حکومی لەو سنوورانە دەستیان هەیە لە قاچاغچیەتی کردن لە کاتێکا ئێمە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ڕێگە نادا هیچ بەرپرسێك حزبی کار و کەسابەت و بزنس بکا بوون بە ملیۆنێر و مەڵتی ملیۆنێر، خاڵێکی تر تایبەت بە باج و رسومات یەعنی حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بڕیارێکی دەرکردووە سەبارەت بە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری، سەبارەت بە کۆمەڵێك کۆمپانیا هەڵبەت لەبواری نەوتیا لە کاتێکا لە ماوەی رابردووا بینیمان تەنیا لەسەر گۆرانکاری لە یەك کۆمپانیا لە یەکەیێك لە کێڵگەکان کێشەیێکی زۆ زۆر گەورە دروست بووە حکومەتی هەرێمی کوردستان چی ئەکا بۆ ئەوەی کۆمەڵێك چاکسازی لە بواری داهاتی نەوتیا بکا، لە کاتێکا یەك لەسەر سێ ی داهاتی نەوت ئەگەرێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی بەشێکی ئەروا لە گەران و لە پشکنین و لە دەرهێنان و لە نەقڵکردن و تەنانەت دەڵاڵەشی ئەرواتە سەر یەك لەسەر سێ ی داهاتی نەوت ئەروات بۆ وەزارەتی دارایی، چەند پرسیارێکم بۆ وەزیری دارایی هەیە پرسی قەرزەکان گەیشتووە بە کوێ؟ ئەو قەرزانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لای سەرمایەدارەکانا ئایا تا چەند رۆیشتۆتە پێشەوە لە کاتێکا ئێمە زانیاریمان هەیە عەرقەلە دروست بووە لە هەولێرا عەرقەلە دروست بووە

له وەرگرتنەوەی قەرزەکان وە لە سلێمانیشا بە هەمان شێوە، خاڵێکی تر تایبەت بە یەکەکانی حەفتا و هەشتا ئایا هیچ زانیارییەك لەبەر دەستی وەزارەتی داراییا هەیە کە ژمارەی ئەو هێزانە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس کاك (دابان)، (حسیبە) خان، فەرموو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە هەڤاڵانمان لە لیژنەی دارایی کاروباری ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم بۆ ئەو راپۆرتەی دەربارەی بارودۆخی هەرێمی کوردستان ئامادەیان کردووە، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و سەرۆکی دیوان و سکرتێری ئەنجومەن وەزیران ئەکەم، پرسیارەکەی من لێرەدا سەبارەت بە کۆبوونەوەی (٢٠٢٠/٦/٢١)ی ئەنجومەنی وەزیرانە بە ئامادەبوونی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت، کە تێیدا چەند بڕیار و راسپاردەیەك ئەنجامدران لەوانەش لە خاڵی سێیەك راسپاردنی لیژنەی باڵای دانوساندن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بوو، گەیشتن بە ئەنجام بەئاراستەی دابینکردنی شایستە داراییەکانی هەرێم، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو لیژنەیە بەچی گەیشتوون لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ؟ ئایا هیچ پێشوەچوونێك هەیە؟ ئەگەر بێت و پێش وەچوون نەبێ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ ئەو ڕێژەیەی کە لە مانگی رابردوو کە ڕێژەی (٢١%) بوو بەردەوام لە مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان دەبڕدرێت؟ لە خاڵی چوارەمیشیاندا راسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی رێکاری پێویست جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی ژمارە (٢)ی ساڵی (٢٠٢٠) کە لەسەرەتای مانگی تەموزدا کەوتۆتە بواری کردارەکی، ئایا هەنگاوەکانی پرسی چاکسازی یاخود یاسای چاکسازی چۆن بەرێوە دەچن؟ ئایا لەگەڵ رێکخستنەوەی شایستە داراییەکان مووچە خۆران دەست کراوە بە بڕینی بندیوارەکان و ئەوانەی بە نایاسایی مووچە وەردەگرن؟ چونکە هەموومان دەزانین ئەگەر لە یاسای چاکسازیدا تەنها پلە و ئیمتیازە وەزیفییەکانی شایستەی ئەو کەسانەی ڕێك بخەین کە بەشێوەیێکی یاسایی مووچە وەردەگرن، ناتوانین ئەو مانا پتەوەی کە لەناو یاسایەکەدا هەیە بۆ خەلکی هەرێمی کوردستان بەردەست بکەین، چونکە لەگەڵ یاسای چاکسازی پێویستە پاکسازی بکرێ تاوەکو بتوانین ئەگەر لەگەل حکومەتی عیراق فیدراڵ نەگەیشتینە هیچ رێککەوتنێك لەسەر پرسی دارایی بتوانین داهاتی ناوخۆیی زیاد بکەین و ئەو دۆخە قەیرانە داراییە کۆتایی پێبینین، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەستت خۆش بێ، کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار عیسی سوار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان دەستکەوتەکانی ئێستا لە خەباتی گەلەکەمان بووە و لە پێناو دەستکەوتەکان قوربانییەکی زۆر داوە شك و گومانیشم نییە کە هەموو لایەکان خزمەتکردنی گەلەکەمان درێخی ناکەن، بارودۆخی ئابووری ئەگەر خراپ بی بابەتی نەتەوایەتی و چارەنووسساز لەبار دەچیتن، ئابووری بەهێز ئەگەر گرێتنی سەقامگیری بەهێز دەستکەوتەکانمانە وە پەیوەندی باش

و ئیستیرادی هاوبەش دروست دەکا، پرۆژەی ئیستراتیژی و چارەنووسساز بونیەی ئابووری وڵاتان بەهێز دەکات و وەك پەرەپێدان بە تەکنەلۆژیایی سەردەم فرۆکە خانە، تۆڕی پەیوەندی ئینتەرنێت، ڕێگاوبان، شەمەندەفەر، کە بە شادەماری ئابووری هەژمار دەکرێ بەنداوی ئاو بەندەر وەك بەندەری روتردام، لەبەر ئەوە پرسیار لە وەزیری دارایی و ئابووری دەکەم سەبارەت بە سێکتەرەکان ئایا هیچ بەرنامەیەکی ئیستراتیژیتان هەیە یان نا؟ بەڕێز وەزیری دارایی لە ئێستادا بۆ بەرهەم هێنانی کارەبا ووزەیەکی زۆر سەرف دەکرێ وە داهاتیشی لە ئاستی پێویستدا نییە، وزەی پاك و خاوێن لە دروستکردنی بەنداو بە دەست دەهێتن، بێجگە لە بەرهەم هێنانی وزە فاکتەرەکی بەهێزیش دەبی بۆ کەرتی گەشت وگوزار و کشتوکاڵ و وە سێکتەرەکانی تر، هەروەها لە ئێستا و لە ئایندەشدا پرسی ئاو وەك پرسی نەوت پرسەکی هەستیارە و وە دەتوانێ فاکتەرەکی سەرەکی بی بۆ تەنسیق و پەیوەندی لەگەڵ دەولەتەکانی تر، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری بەپێی زانیارییەکان داهاتی فرۆکەخانەکان وەکو پێویست نینە بەڕێزتان چ زانیارییەکتان هەیە لەم بارەوە پێمان بدەن، لە کۆتایی دەمەوێت ئەمە بڵێم ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بوودجەی لەبەر دەستە و بە ئەنقەست بوودجە دابین ناکاتن! یان ئەمە بۆیتە خاڵەکی لاواز کە زۆر لە کەسانەکی تر ئەم فاکتەرە بۆ شکاندنی هەیبەت و پێگەی هەرێمی کوردستان بەکار دەهێنن؟ وە دڵنیان هەرێمی کوردستان ئەگەر بوودجە و داهاتەکەی لە ئاستی پێویست بی بۆ خزمەتکردن لە گەلەکەمان کە بۆ گەیشتن بەم ئەزموونە خونیان داوە دریخی ناکەن قسوری ناکەن، ئاخر پرسیارم ئایا ئابووری عیراق لە داروخانە ئێمە وەکی هەرێمی کوردستان ئەو بابەتە تەئسیر لە ئێمەش دەکات یەخەی ئێمەش دەگری یان نا؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس لە کاتی خۆیا تەواو بوو، کاك (مم)، فەرموو.

**بەڕێز مم اسکندر مم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

میوانە بەڕێزەکان بەخێربین سەرچاوان، هەوڵ دەدەم قسەکانم لە ماوەی سێ خولەك تەواو بکەم، بە خۆشحالییەوە پرۆژەی چاکسازی لە دەرماڵە و مووچە و مینحەکان لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کرا ڕەوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا وە خۆشحالین لە سەرەتای ئەو مانگە کەوتە بواری جێبەجێکردن، پرسیار ئەوەیە ئایا بە جێبەجێکردنی پرۆسەی چاکسازی لە دەرماڵە و مووچە و مینحەکاندا چەند کاریگەری لەسەر بژێوی ژیانی خەڵك و بەردەوامی لە مووچەدان هەبی لەمەودوا؟ پرسیاری دووەم پێداچوونەوە ڕێکخستنی هێزەکانی یەکەی حەفتا دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە مووچەکانی ئەوانیش هاوتا بکرێ لەگەڵ هێزەکانی تری ئەمنی؟ پرسیاری سێیەم ئەوەیە ئایا ئەگەر ئەم ڕەوشە بەردەوام بێت و لەگەڵ حکومەتی عیراق نەگەیشتینە ڕێککەوتن ئەلتەرناتیك چییە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو؟ داوا لە جەنابتان دەکەین پێداچوونەوە لەو بریارەدا بکرێ ئەو بڕیارەی بە دانەمەزراندنی خەلك لە هەرێمی کوردستان بەهۆی بارودۆخی ئابووری و ڕەوشی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان وە سێ یەکەمەکانی هەرێمی کوردستان بە ئیستیسنا وەرگیرێن دەرفەتەکیان بدرێتێ بۆ ئەوەی ببێتە هاندان بۆ

قوتابیەکانی تر، جەنابی وەزیر ئایا هەموو دەروازەکانی هەرێمی کوردستان فەرمین؟ هەموویان سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستانن دەروازەی نافەرمی هەن کە حکومەت لێی ئاگادار نەبی؟ ئەگەر هەبن حکومەت لێی ئاگادار نەبن هۆکارەکەی چیە؟ پشتگیری لە قسەکانی ئەو برادەرانەش دەکەم کە باس لە پلە بەرزی پێشمەرگەکان دەکرێ لە سالانی خزمەت و مندال و هاوسەرەکانیان دەکرێ پێداچوونەوە لە رەوشی وان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (سەرکۆ)، فەرموو.

**بەڕێز سەرکۆ ازاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەخێرهاتنی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەکەم، بەڵام دەمەوێ بەوە دەست پێبکەم کە ئێمە کێشەیێکمان هەیە لە وەزارەتی دارایی ئەوەیە تاوەکو ئێستا نازانین وەزارەتی سامانە سروشتییەکان پارە ئەدا بە وەزارەتی دارایی یان وەزارەتی دارایی مەسروفاتی سامانە سروشتییەکان ئەکا، ئەوە پرسیارێکە کە لای هەموو خەڵکی کوردستان هەیە، چونکە ئێمە جگە لە یاسا بەپێی رێنماییەك کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەرچووە دەبێت داهاتی هەموو وەزارەتەکان بچێتەوە خەزێنەی وەزارەتی دارایی بەڵام سەیر دەکەین تەنها لە مانگی (٦،٥،٤) پێکەوە بە یەك پارە بە یەك گوژمە دوو سەد و هەشتا و سێ ملیار و چوار سەد و بیست و چوار ملیۆن دینار دراوە بە وەزارەتی دارایی، ئەمە پرسیارێکە کە داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم کە وەڵاممان بداتەوە، زیاد لە شەش سەد کۆمپانیای خزمەتگوزاری نەوتی و سکویرتیمان هەیە بەتایبەتی لەبواری نەوتا کە تاکو ئێستا ئەوە چەند ساڵە نەوت دەردەکەین باجیان نەداوە، یەعنی ئەمە ئەم پارە زۆرە بۆچی تاکو ئێستا هیچ ئیجرائاتێك نەکراوە هەر رێنمایی دەردەچێت بڕیار دەردەچێ، یاسا دەردەچێ بەڵام هیچ کاری پێ ناکرێ، ئەوەی پێویست دەکا دوو شتی زۆر گرینگ هەیە برادەران هەستم کرد باسیان نەکرد ئەوەی کە لە هەرێمی کوردستانا ئەگوزەرێ چەند کەناڵێکی میدیایی گەورە هەیە یەعنی زۆرترین کەناڵی میدیایی لەم وڵاتەیا هەیە، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی دارایی ئەزانێ ئەم کەناڵانە داهاتەکەیان چۆن بۆ خەرج دەکرێ؟ لە کوێوە دێ وە ئێمە لە قەیرانی داراییان مووچە کەمی کردووە وە بە نەوت رۆژ جارێك دراوە تاکو ئێستا هیچ گۆرانکارییەکنەکراوە کەناڵێك دانەخراوە پرسیارێکە کە زیادی کردووە دانەخراوە ئەمە پرسیارێك، هەم لە وەزارەتی دارایی هەم لە ئەنجومەنی وەزیران کە دەبێ ئەو سەرچاوانەی دەست بکەوێ، یەکێکی تر لە پرسیارەکانم ئەوەیە کە چەند رێکخراوێکی گەورەی کۆمەڵگای مەدەنی هەیە کە پرۆژەی زەبەلاح پێشکەش ئەکا هەلی کار دروست دەکا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر ئەوە دەکا کە مووچە و دەرماڵەی پێشمەرگە ببڕێ، یەعنی دەرماڵەی مامۆستا ببڕێ، هی کارەبا ببڕێ، بەڵام سەیر دەکەین چەند رێکخراویکی گەورە دێت ئەمە دەکا، ئەم رێکخراوانە نە لە نەتەوە یەکگرتووەکانا پارە وەردەگرن نە لە حکومەتی عیراقی پارە وەردەگرن، نە لە حکومەتی هەرێم پارە وەردەگرن، ئەم داهاتەیان لەکوێ بوو؟ داهاتی فرۆکەخانەکان بەراستی تاوەکو ئێستا هیچ دیار نییە یەکێکە لە پرسیارەکانم لە بەڕێز وەزیری دارایی ئێمە لە (٢٠١٤)ەوە یاسای بوجەمان بۆ نەهاتووە، گوایە ئێستا ئێمە لە لیژنەی

دارایی هەندێك رەقەممان وەرگرتووە تەنها رەقەممان وەرگرتووە هیچ نە حیسابی خیتامی دێتەوە نە حیسابی مالی دێتەوە لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاوە)، فەرمووو.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامن پێش ئەوەی دەست بە قسەکانم بکەم.

**بەڕێز ڕێواز فائق حسین/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (کاوە) یەکسەر دەست بە قسەکانت بکە دەزانی چییە، یەکسەر ئەم ئسلوبە کەشفە یەکسەر دەست بە قسە بکە.

**بەڕێز کاوە عبدالقادر حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەندەکی کوردی هەیە دەڵێ (هەزار گوفتار یەك کردار ناهێنێ) ئەگەر ئێمە تا ئێوارە لێرانە دانیشین و قسە بکەین ئەگەر بڕیارێك نەدەین لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، باوەر بکە لەلای خەڵکی بە هیچ وەرناگیرێ و هیچ سوودێکیشی نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم بۆ سەرجەم فراکسیۆنەکان بۆ سەرجەم ئەندامانی بەڕێز لێرەوە بڕیارێك بدەین کە حکومەت مولزەم بکەین بە پێدانی مووچەی مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان، فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پێش جەژن، چونکە ئەوە بەراستی ئەوە خەڵك دڵخۆش ئەکا نەك گفتوگۆی ئێمە نازانین نەتیجەکەی کەی ئەبێت، باوەر بکە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەزعی دارایی هاوڵاتیان لە ئێستادا ئەوەندە خراپە رۆژانە دەیان فەرمانبەر دەیان مووچە خۆر تەلەفۆن دەکات کە خەرجی جەژنی نییە کە ناتوانێ جل بۆ منداڵەکانی بکرێ کە ئەمە کارەساتە بەراستی لە وڵاتێکی نەوتی لە وڵاتێکا ئەو سەروەت و سامانەی هەبی هاوڵاتیانی بەو بارو گوزەرانە خراپە بژین، ئەوەی دەمەوێ باسی بکەین لەم وڵاتەی ئێمە لە هەرێمی کوردستان بەراستی کێشە نەبوونی داهات نییە داهات لە هەرێمی کوردستان زۆر زۆرە، بەڵام کێشە ناعەدالەتییە و گەندەڵی و ناشەفافی و ئەو بەهەدەردانە زۆرەیە کە لە هەرێمی کوردستان دەکرێ بەدەر لە یاسا کێشەکە ئەوەیە مانگانە بە سەدان ملیۆن دۆلار لە داهاتی نەوت ناگەرێتەوە خەزێنەی حکومەت، بە دەیان ملیۆن دۆلاری خاڵە سنوورییەکان ناگەرێتەوە خەزێنەی حکومەت چوار مەرزی فەرمیمان هەیە کە دوویان لە سنووری سلێمانییە، دوویان لە سنووری هەولێرە، چەندین مەرزی تر هەیە دەروازەی تر هەیە نا فەرمییە داهاتەکانیان بۆ کەس و حیزب ئەروا، نزیکەی سی کۆمپانیای نایاسایی لەلایەن بەرپرسانی باڵای حزبە دەسەڵاتدارەکان لە هەرێمی کوردستان دروستکراون لە خاڵە سنورییەکان بە نایاسایی پارە کۆ ئەکەنەوە، مانگانە هەر یەکی دەیان ملیۆن دۆلار کۆ ئەکاتەوە داهاتەکە ناگەرێتەوە، من لەبەڕێز وەزیری دارایی دەپرسم ئایا داهاتی نەوت بە تەواوی دەگەرێتەوە خەزێنەی حکومەت؟ ئایا رەسیدی داهاتی نەوت لەسەر ناوی کێیە؟ ئایا لەسەر ناوی حکومەتە یان تا ئێستاش لە بانکی ئەهلی و لە سەر ناوی کەسەکانە؟ سەبارەت بە خاڵێکی تر کە گرینگە باسی بکەین، مەسەلەی چەکی بێ رەسیدە بەڕێز وەزیری دارایی ئێوە پێنج ساڵ ئەبێ حکومەت

چەکی بێ ڕەسیدی داوە بە خەڵکی وەبەرهێن و بازرگان و خەڵکی تر یەعنی بەخۆت دەزانی بە یاسا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەستەکانت خۆش بێ، کاك (عبدالستار)، فەرموو.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من لە خاڵێکی پەیرەوییەوە دەست پێئەکەم، بەپێی ماددەی (٥٤) وە بڕگەی (٤) وە خاڵی دووەمی پەیرەوی ناوخۆ نابێت هیچ پەرلەمانتارێك وەڵامی پەرلەمانتار بداتەوە، ئەگەر بەم ئاراستە دا ببرێت دەبێتە وەڵام و وەڵامکاری ئەو کاتەش وەکو عەرەب (من تدخل مالا یعنیە ویلقی مالا یرضیە) دەڵێن هەر کەسێك تەدەخولی شتێك بکا یا شتێکی دەبیستێتەوە گوێی لێدەبی کە پێی خۆش نییە، تکا دەکەم لە ئیعلام قسەیەك کراوە لە ئیعلام وا وتراوە با بچێ اعلام جواب داتەوە، پەرلەمانتار هەیە قسەی کردووە وتوویەتی پەرلەمانتارمان هەیە سێ مووچەی هەیە، ئاخر بابە لە کوێ سێ مووچەی هەیە، ئەی حکومەت نییە بۆ نایبری وەزیری دارایی هیوادارم پەرلەمانتار نەگاتە ئەو ئاستە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەواو ئێستا کاتت بۆ ئەگرینەوە سەبارەت بە تەوەرەکە قسە بکە.

**بەڕێز عبدالستار مجید قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەراستی پەرلەمانتارەکان زۆر خاڵیان باس کرد، رەخنەیان باس کردوو داتایان باس کرد داوای روونکردنەوەیان کرد، بەڵام من قسەکان پوخت دەکەمەوە لەمە ئەمن پێم وایە داهاتەکانی ئێمە کە سەرچاوەکانی داهات بریتین لە ناوخۆ، نەوت، ئەو پارەی کە لە عیراقەوە دێ، خاڵە سنووریەکان، ئەوەی کە لە هاوپەیمانانەوە بۆ ئێمە هاتووە، ئەمە داهاتی هەرێمی کوردستانە، ئەمن پێم وایە ئەم داهاتانە کۆ بکرێتەوە بەشێوەیێکی رێك و پێك پێم وایە داهات بەشی مووچەی هەرێمی کوردستان دەکات، بە دوو مەرج یەك رێ لە قاچافی بگیرێت قاچاغی نەوت قاچاغی هەر شتێك کە لە سنوورەکان دێ، بێ ئەوەی گومرگ بدات، بەبێ ئەوەی باج بدا، ئەوەی پەیوەندی بەتایبەتی بە وەزارەتی کشتوکاڵیشەوەیە کە ئێمە لە لیژنەی کشتوکاڵین فەرموو حەیوان دێ بەبێ ئەوەی هیچ رسوماتەکی هەبی، بەبێ ئەوەی بزانن کە ئەم حەیوانە نەخۆشە یان نا حەیوانی نەخۆش دێ، کاکە فەرموو جوتیار دەڵێ ئەمن جووتی سەر مەڕم بە ملیۆنەکی کرییە ئێستا شەش سەد هەزار ناکا، بۆ کاکە لەبەر ئەوەی بە لێشاو لە دەرەوە دێ ئەمە زەربەێکی گەورەیە لە بەرهەمی ناوخۆ، کابرا هەیە بە لۆری هێلکەی هێناوە دەڵێ کاکە وەرە کامیرەت بۆ دەکەمەوە ئەمن سەد و پازدە وەرەقەم داوە بەبێ ئەوەی وەرەقەێکم بدەنێ بڵێ کاکە ئەتۆ پارەت داوە بەراستی ئەمە بۆ کوێ دەچێ، ئەمن پێم وایە رێ لە قاچاغی بگیرێ بەرێك و پێکی کۆ بکرێتەوە بەراستی ئەمە داهات زیاد دەکا، دوو ئەو داهاتەی کە هەمانە بەشێوەێکی دادوەرانە دابەش بکرێ، فەرموو باسی چاکسازی دەکەین باسی چاکسازی لە خانەنشینیدا بکەین، لە خانەنشینی نایاسایی با لە دوو مووچە و سێ مووچە و چوار مووچە بکرێ، باس لە

بندیوار بکرێ با لەو لیستانەی کۆمەڵێك گەندەڵی تیایە با بکرێ، ئەمن دڵنیام مووچە و بوجە بەشی هەرێمی کوردستان دەکا، ئەمن پێشنیار دەکەم بەخوا مزایەدە ناکەم حەز دەکەم ئێمە حکومەتێکمان هەبێ پەرلەمانێکمان هەبێ زۆر سەرکەوتووبێ خەڵکی خۆی زۆر چاك بەڕێوەبەرێ وە خزمەتیشی بکا، لە مانگی هەشتەوە با مۆڵەت بدەین بە حکومەت تا (٢٠٢١/١/١) هاوکاریشی بین بۆ هەموو چاکسازییەکان پشتیشی بگرین لە هەموو چاکسازییەکان چاودێری بکەین هاوکاری بین، ئەگەر حکومەت توانی بەراستی ئەو چاکسازیانە بکا، ئەو کێشانە چارەسەر بکا، مووچەی خەڵك دابین بکا بوجەی تەشغیلی دابین بکا، ئێمە دەست خۆشی لێبکەین سوپاسی بکەین، ئەگەر نەیتوانی ئێمە داوا ئەکەین ئەو حکومەتە هەڵبوەشێتەوە کاکە با حکومەتێکی تر تەشکیل کەین خۆ دنیا خراپ نابێ، وڵات هەیە لە ماوەی ساڵ و نیوێکا سێ ئینتیخاباتی کردووە ناکرێ بەراستی ئێمە هەروا تەماشاکەین و مووچە نەبی، بوودجە نەبێ کەسابەت نەت نەبێ هەر بڵێین کاکە نییە هەر بڵێن کاکە ناتوانین ئاخر کاکە ناتوانی ئیشەکەی وازلێبێنە کارەکە تەسلیم کەوە، ئەوەی کاك (هێڤیدار) ئەگەر مەجالم بدەی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر مەرۆرە سەری، جەنابت پیاوێکی ئیمانداری زۆر لەسەر قسە رۆیشتن ئی پیاوی ئیماندار نییە، دوایی چیت هەیە لە دەرەوە پێی بڵێ، سوپاس مامۆستا لەسەر ئەو بابەتە قسە ناکەی، سوپاس مامۆستا، (رۆژان) خان، فەرموو.

**بەڕێز رۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەم، دیارە وەك ئاگادارین لە ساڵی (٢٠١٣) و (٢٠١٤)ەوە قەیرانی دارایی رووی لە هەرێمی کوردستان کردووە وا ماوەی حەوت ساڵە دەرکەوتووە حکومەتی هەرێم لە قەیرانی دارایدا، جگە لە مووچەی مووچە خۆران کە پشتی پێ بەستووە هیچ شتێکی تری نییە لەم حەوت ساڵەدا حکومەت پێویست بوو بیر لەوە بکاتەوە لە رێگەی چاکسازی لە داهاتی نەوت، لە باجەکان، لە خاڵە سنوورییەکان داهات زیاد بکا، نەك دیسانەوە لەم ساڵدا دەست بباتەوە بۆ مووچەی مووچە خۆران کە مووچە کەم بکاتەوە، سەرباری ئەمەی کە ئەمانە نەکراوە لە (٢٠٢٠/٤/٢٣) کە دوای پەسەند کردنی یاسایی چاکسازی بە فەرمانێك کە لە وەزارەتی دارایی وەزیری دارایی دەری کردووە بە لێخۆشبوونی گومرگی، دیارە ئەمە جێگای دەست خۆشییە کە رێگری کردن لە لێخۆشبوونی گومرگی دەرکراوە، بەڵام دوا بەدوای ئەمە فەرمانێکی دیکە لە (٤/٣٠)ەوە دەرکراوە من هەموو فەرمانەکانی بەڕێزیانم لەلایە دەرکراوە کە ئەو لێخۆشبوونە کۆمپانیاکانی نەوت و سەفارات و قونسوڵگەریەکان و هێزەکانی هاوپەیمانان ناگرێتەوە، لە کاتێکا بە بڕوای من ئەمە تەنیا بۆ کۆمپانیاکانی نەوتە، چونکە سەفاراتەکان لە یاسای گومرگی ساڵی (١٩٨٤) ژمارە (٢٣) لە ماددەی (١٥٦)دا رێکی خستووە ئاماژەی پێداوە، ئەمە بۆ ئەم لێخۆشبوونە بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان لەم قەیرانە داراییە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تیایە ئەم دۆخەی کە مووچە خۆرانی پیا تێپەر دەبن، لەسەر یاسای چاکسازی هەر پرسیارێکی دیکە بۆ بەڕێزیان یاسای چاکسازی لە ماددەی (١٣) هاتووە هەژمێرێکی بانکی بکرێتەوە کە وەزارەتی دارایی ئەیکاتەوە بۆ پاراستنی گشت شایستە داراییەکان مەبەستیەتی بۆ پاراستنی گشت شایستە داراییەکانی مووچە خۆرانە لە پەیرەوی

ژمـاره (٤)دا له مـاددەی (٣١) یەکەم هـاتووە کە ئەمە وەزارەتـی دارایـی ڕێنمـایی پـێ دەرکـا وەزارەتی دارایی ڕێنماییەکەی دەرکردووە کە ئاخر ڕێکارە گیراوەتەبەر ئاماژە نەدراوە بەوەی کە ئەم ئەژمارەیە بۆ شایستە داراییەکانی مووچە خۆرانە، تەنیا ئاماژە دراوە بەوەی کە بەس بۆ مـووچە وەرگـرتن بـێ، بەراسـتی ئـێمە ئەمـانەوێ یاسـای چاکسـازی لە (أ)ەوە تـا (ی)ی جێبەجێبکرێت، ئەگەر چاکسازی فعلی بکرێت، ئەمە کەم و کورتییێکە لەوەی کە یاسای چاکسازی وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێ، پرسیارێکی ترم ئەو بڕەی کە لە مووچەی مووچە خۆران ئەبڕێ بۆ خانەنشینی تا ئێستا لەکوێیە ئەو (٧%) کە لە مووچە دەبڕێ چی لێدێ ئەو بڕە؟ پرسیارێکی ترم لە ساڵی (٢٠١٥)ەوە پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەران ڕاگیراوە ئەمە نەك پاڵپشت بوو بە یاسا بەڵکو پێچەوانەی یاساشە، هاوکات ئەوەی کە کاك (بالانبو) ئاماژەی پێدا پلە بەرز کردنەوەی پێشمەرگە ناکرێ بە هیچ بیانوێك پلە بەرز کردنەوەیان ڕابگیرێ.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز وەزیری دارایی، داوا ئەکا دوو دەقە قسە بکا دواتر دەرفەت دەدەین بە ئەندامانی پەرلەمان، فەرموون بەڕێزتان.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕێیان پێخۆشحاڵم بەڕێـز سـەرۆکی پەرلەمـان، بەڕێـز جێگر ئامادەبووانی بەڕێـز، خوشـك و برایان ئەوەی من دیقەتم داوە معەدەل هەر بەڕێزێك لە ئێوە کە دەست پێدەکات لە معەدەل لە بەینی هەشت بۆ دە پرسیار ئەکات هەمووشتان وا قسە ئەکەن کە بێ خەبەرن، بمبوورن کە من ئەو قسەیە ئەکەم ئاگاتان لە وەزعی دارایی نییە، ئاگاتـان لە وەزعـی وڵات نـییە وەکـو وایە ئەو دوو مـانگە فەقەت دوا تـاخیر بـوونی مووچەتـان دیبـێ فەقەت ئەم (٢١%)ە یەکەم جـارە لە تاریخی کوردا نەبووە لە (٢٠١٤)ەوە ئەم موشکیلەیە هەیە تا ئەمڕۆ

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان من ئاگام لە قسـەکانی کـاك (ئاوات)ە، ئەگەر پێویسـت بـێ یەکێـك قسە بکا ئەو دەمی قسە دەکەین، فەرموو بەردەوام بە کاك (ئاوات).

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرنامەکەی ئێوە بۆ ئێمەتاندناوە سوئالتان لەسەر سـەر و لەسـەر چـاو، ئێـوە شەسـت و حەوت ڕەفیق لێرە پرسیار ئەکا، بە معەدەل لە بەینـی شـەش بـۆ حەوت بـۆ هەشـت بـۆ دەپرسـیار ئەکا یەعنـی خۆتـان بـخەنە شـوێنی ئـێمە، ئـێمە شەسـت و حەوت زەربـی شـەش بـکەن ئـێمە چـۆن ئەتوانین سوئال جواب دەینەوە، یەعنی ئەوەی کە مـن پێتـان دەڵـێم تکام وایە ئێـوە کە خۆتـان خەڵکـی ئەم وڵاتەن هەنـدێ لە مەشـاکیلەکانی ئەزانـن دوور مەودایە عـونقی تـاریخی هەیە، کێشـەکانی هەیە، ئـێمە بمـانەوێ بەیەکەوە وەکـو چـۆن قـانوونی چاکسـازیمان پەیـڕەو کـرد لاپەڕێکی تازەمان بۆ ئەو حکومەتە بۆ ئەم نیزامە سیاسییە دەست پێکردووە لەو ئیتارەوە قسـە بکەن، ئێمە کە هاتین قانوونی چاکسازیمان لێرە بەیەکەوە دەرکرد لە دوای ئەوە چیمـان کـردووە لەسەر ئەوە محاسەبەمان بکەن، لەسەر ئەوە لیمـان تـوورە بـن، لەسـەر ئەوە ڕەخنەمـان لێبگـرن، بەڵام هەر یەکێك لە ئێـوە بەلایەنـی کەم شـەش پرسـیار بکـا خۆتـان بـخەنە شـوێنی ئـێمە چـۆن ئەتـوانن شـەش سـەد پرسـیار لەبەر بـکەی؟ چـۆن مـن لەو وەخـتەوە دەمەوێ بیاننوسـم فریـای

نووسینەکەی ناکەوم باوەرتانبێ، ئەوە چوار لاپەرەم نووسیوە فریای نووسینەکەی ناکەوم ئیتر چۆن ئەتوانین جوابی شەش سەد پرسیار بدەیتەوە، تکایە موراعاتی ئەو نوقتەیە بکەن لەگەڵ ئیحترامی زۆرم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز وەزیری دارایی، کاک (مم) ئەبێ ئێمە دەرفەتت بدەین قسە بکەی، ئەگەر ئەو قسانەی ئێمە دەیکەین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان، تۆ ناتوانی تەوزیح بدەی، قسەی خۆم دەکەم ئەگەر ئەوە نەبوو کە ئێوە دەتانەوێ دەرفەتت دەدەم، بەڕێز وەزیری دارایی دەستتان خۆش بێ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە بێخەبەریان نییە کە پرسیار دەکەن هەموو ئەو پرسیارانەی کە دەیکەن، ئەوان لەوە نیگەران بوون.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مەخصەدم ئەوە نییە ئەوان خراپ لەمن گەیشتوون، من دەڵێم هەموومان لەو وەزعەی کە ئێستا هەیە بێ خەبەر نین یەعنی ئاگامان لێیەتی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا قسەکەی جەنابت وازحە هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان لە ئاگاییەوە پرسیار دەکەن مەبەستیانە لە جەنابتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان وەڵامی ئەو پرسیارە جدیانە وەرگرن کە خەڵك لێیان ئەکا، یا لەلای خۆیان دروست بووە، بەڕێزان با بەردەوام بین، کاك (بهمن)، فەرموو.

**بەڕێز بهمن کاك عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان، من پرسیارەکانم زۆرە، بەڵام بۆ هەموو ستافی حکومییە بەخێرهاتنیان ئەکەم، یاسای چاکسازی بە کوێ گەیشت هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی؟ بایۆمەتری جێبەجێ دەکرێ ئەم مانگە یا جێبەجێ ناکرێ، ئەوەی ناوی لە بایۆمەتری نییە مووچە وەردەگرێ یان وەرناگرێ؟ دوو مووچە و سێ مووچە و بندیوار کەی ئەبڕی؟ دوێنێ حاڵەتێك روویداوە کە کەسێك خۆی خنکاندووە ئێستا لە هەموو راگەیاندنەکان بڵاوبۆتەوە دوێنێ هەمووی لێرە کردمان بە هەرا وتمان کاکە لە برسا خۆی کوشتووە ئێستا لە راگەیاندنەکان بڵاوبۆتەوە، وابزانم وتەبێژی پۆلیسیش لێدوانی داوە کە چوارمووچەی هەیە، ئەو کۆمپانیایانەی بەخشراون لە باج بەراستی تەواو ئیتر باجیان لێوەردەگیرێ لێخۆشبوونە گومرگییەکان تەواو ئیتر لەم مانگەوە جێبەجێ دەکرێ لێخۆشبوون نامێنێ؟ قەرزەکانی حکومەت کەی وەردەگرنە؟ بۆ کەی داینەوە وەریگرێتەوە؟ یەکەی حیسابی پێشمەرگە و وەزارەتی پێشمەرگە و یەکەکانی حەفتا و هەشتا لە مانگی چەندەوە یەك دەگرێتەوە؟ کەی خاڵی سنوورییەکان کۆنترۆڵ ئەکەن لە پەروێزخانەوە هەتا ابراهیم خەلیل بەبێ جیاوازی؟ داهاتی ناوخۆی پارێزگاکان هەمووی دێتە لای تۆ جەنابی وەزیری دارایی؟ بەڕێز وەزیری دارایی ئەمە پرسیارە زۆر جار لەسەر شاشەکان هەندێ لە هەڤالانی ئەندام پەرلەمانانیش دەیڵێن، ئایا بەراستی حکومەت پارەی هەیە و نایداتە مووچە، ئەگەر نایدا کێ رێگرە لەبەردەمت نایڵێ تۆ مووچە بدەی؟ داهاتێکی شاراوە هەیە جگە لەلای تۆ ئەگەر هەیە بۆ خەڵکی کوردستانی ئاشکرابکە؟ تکایە بۆ نوێنەرەکانی خەڵکی کوردستان، سەبارەت بە داهاتی نەوت ئەوەی دیلەیت ئەیڵێ تەواوە یان لە پشتی دیلەیتیشەوە شتی تر

هەیە؟ سەبارەت بە دانوستاندنەكان ئێوە ئێستا لەبەردەم خەڵكی كوردستان وابزانم چوار بەڕێزیشتان لە وەفدی دانوستانكارە ئەوەی ئەندام پەرلەمانەكانمان ئەوانەی كورد هەندێك لە بەغدا ئەیڵێ ئایا بەراستی ئێمە هەرێمی كوردستان نەوت و داهات و هەموو شتەكانمان ئەوەندە ناشەفافە، ئێمە تاوانبارین بەغدا وامان لێئەكا ؟ ئایا بەراستی داهاتی ناوخۆ و خاڵە سنوورییەكان و نەوتی عیراق ئەوەندە شەفافە و وەكو سەردەمی عمری كوری عبدالعزیزە لە عیراق؟ ئێمە گەندەڵین وامان لێدەكەن؟ ئایا داهات و لەو غەدرەی لە عیراق لێمان دەكرێ بەڕێزان لە وەفدی دانوستانكار هەم لە بووجەی سیادی غەدرمان لێدەكا هەم لە قەرزەكان كە وەری دەگرێ و لە دانەوە و سوەكەش كە دەچێتەوە سەری لەسەر ئێمە حیسابی دەكا و غەدرمان لێئەكا ئایا لێتان پرسیون ئەرێ داهاتی كەربەلا و نەجەف بەقەد داهاتی مەكە و مەدینە نەبێ كەمتر نییە بۆ كوێ دەچێ؟ ئەی ئەوان بۆ خەریكن ئێستا دێن خەریكن داوای داهاتی گوێزەكانی هەورامان و بەرخەكان و مەڕەكانی كوردستانمان لێ دەكەن بۆ ئێوە ئەمانەیان پێناڵێن؟

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، كاك (ڕێڤنگ) فەرموو، بەڕێزتان ئاخر كەسن قسە دەكەن و پشوویەك وەردەگرین بۆ ماوەی (١) سەعات سەعات (٣) دێینەوە.

**بەڕێز ڕێڤنگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ب ناڤێ خودێ برێز سەرۆكا پەرلەمانی پشتگیریێ هەڤالێ خۆین پێشمەرگە دكەم كاك (بالانبو)، كاك (سروان) و هەڤالێن دی بەحسێ پێشمەرگە كری بۆ پلە بەرزیێ پرۆژە یاسایێ ژمارە (١٩) یاس وەزارەتا پێشمەرگەی ماددەیا شەش هاتیە كو پێدانا پلەیی سەربازی یاسا هاتیە پەیرەو كرن كا بە چ یاسایەك وەزارەتا پێشمەرگە پلەت وانا بلند ناكەن؟ تایبەت ژی یەكەێن حەفتا و هەشتا حەتا ڤێ گاڤێ چەند سالێن یەك وەجبە جلی دایێ دیسان دەرماله بۆ نایێنە گرێدان كە وەزارەتا دارایی چ هیجەتەك هەیە بۆ ناگرێدان دیسان من دڤێتن مەسەلە ئەم هەندە دبێژن گوتنەكا ابن خلدون چەرخێ چاردێ گوتییە بەلك و بسەرما و ئەڤرۆكە تێتن دبێژیتن تەصنیفا دەولەتا دكاتن دەسەڵاتداریێ دكات ئەڤ دەسەڵاتداریا باشە ئەڤ گونجایە بۆ وی سەردەمی ئەم بەحسێ وان ناكەین بەحسێ وی دكەین كیژ نەگونجایە كیژ خراپترین دەسەڵاتە بۆ ڤی سەردەمی ئەڤرۆكە ژ دگونجێتن دبێژیتن ئەو دەسەڵاتداریە یان ئەو دەسەڵاتداریێت بازرگان بن گەل بازرگان بوونە دەسەڵاتدار یا دەسەڵاتدار بوونە بازرگان وی وەختێ بانكێ دەولەتێ دەچنە ئیفلاسێ ڤی وەختێدا هەمی تشتەك رێكا كۆمپانیا وادێ دەرباز بیتن هەر بەرپرسەكی دانەن وەزیرەكی دانەن رێڤەبەرەكی دانەن ئەڤ دی بەرژەوەندی خۆ عەیار كا خودێ بكاتن ئەڤروكە ئەڤە بەری نووكە حەفت سەد سالا هاتیە گوتن لسەر مە نەگونجیتن بەلێ دیسان ئێمە هۆشدار دكاتن كو ئەڤ مەسەلا قەیرانا ئابووری و مەسەلا گەندەلی و مەسەلا دەسەڵاتداری بێكڤە گرێداتن ئەگەر چاكسازییەكا سەراسەرا گشتگیری نەبیتن وی وەختێ بانكی دەولەتێ هەمی دەچنە ئیفلاسێ وەكی نوكە قەیرانێن ئابووری چێ بن خۆ خلاس كر ژ ڤێرێ چاكسازیەكا سەرانسەری دڤێت ئەم دەست پێبكەن، گەلەك سپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەعات (٣) لێرە ئەبین بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان هەموو پشوویەك كە وەری ئەگرین و ئەگەڕێینەوە ناوی ئامادەنەبوان وەردەگرینەوە، زۆر سوپاس.

# پاش پشوو

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دەست بە دانیشتنەکەمان ئەکەینەوە، (لیزا)، خان، فەرمووو.

**بەڕێز لیزا فلك الدين صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەخێربێن، چەند پرسیارێکم هەبوو، پرسیارێکیان لەسەر پرۆژەی یاسای چاکسازییە هەرچەندە هەندێك پەرلەمانتاری بەڕێز باسیان لەو خاڵە کرد ئەویش مەسەلەی قەرزەکانە، بەڕێز وەزیری دارایی لە پرۆژەی یاسای چاکسازی یەکێك لە ماددەکان باس لە وەرگرتنەوەی قەرزەکان دەکا لە رۆژی (٢٠٢٠/٥/٥) ئەنجومەنی وەزیران بڕیاریدا کە وەرگرتنەوەی قەرزەکان دەست پێبکا بەڕێزیشتان لە رۆژی (٢٠٢٠/٥/١٣) داواتان لە بانکی بازرگانی لیژنەیێکی ئەنجومەنی وەزیران و بەشی یاسایی وەزارەتەکان و داواکاری گشتی کرد کە دەست بگرن بەسەر موڵکی خاوەن قەرزەکان، ئەوەی جێگەی پرسیارە ماوەی دوو مانگ بەسەر ئەو بڕیارە دەرچووە جگە لە گەرانەوەی پێنج سەد ملیۆن دینار لە خاوەن قەرزەکان هیچ بڕە پارەیێکی تر نەگەراوەتەوە، ئایا هۆکاری ئەمە چییە؟ پرۆسەکە بۆوا بە سستی بەرێوە ئەچێ؟ پێشنیارێکیشم هەیە ئەگەر هەر خاوەن قەرزێك ئەوانەی کە قەرزیان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، ئامادە نەبن پارەکە بگەرێننەوە یاخود ئەو رەهنانەی کە دایان ناوە بەرامبەر ئەو قەرزەی کە وەریان گرتووە، ئێوە دەتوانن بیانخەنە لیستی رەشەوە، بۆ هەنگاوێکی وا نانێن؟ هەروەها پرسیارێکی دیکەشم بۆ شاندی دانووستاندکارە، حکومەتی عیراق لە مانگی رابردوو لە رێگەی پەرلەمانی عیراقەوە بڕی پێنج ملیار دۆلاری دەرەکی، پانزە ترلیۆن قەرزی ناوخۆی کرد کە بەشی زۆری بۆ پێدانی مووچەیە و بەشێکی کەمیشی بۆ وەبەرهێنانە، هەموو دەزانین ئەگەر بە دەنگی فراکسیۆنە کوردییەکە نەبوایە ئەو یاسایە تێنەئەپەری یاخود ئەو بڕیارە، بۆیە دەکرێ ئێوە فشار بخەن یاخود داواکارییەك ئاراستەی حکومەتی عیراق بکەن بۆ ئەوەی بەشێك لەو پارەی کە قەرز کراوە بدرێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانێ مووچەی خۆی بدات، هەروەها پرسیارێکە تریشم سەبارەت بە فەرمانبەرانی بەنداوەکانە کە ماوەیەکە راستی مانیان گرتووە ئەوان دەڵێن نزیکەی چوار مانگێك دەبێ کە مووچەکانیان لەلایەن حکومەتی عیراقەوە بۆ نەهاتووە، ئەو مووچانەیان لە ساڵی (٢٠١٧)ەوە چۆتەوە سەر حکومەتی عیراق واتا حکومەتی عیراق و وەزارەتی دارایی عیراق ئەو پارەیە ئەنێرێ بۆیان، باشە هۆکار چییە چوار مانگە پارەی ئەو فەرمانبەرانەی بەنداوەکان نانێردرێت؟ کە ئەوان مانیان گرتووە؟ بەڕێزان ئەمە پرسێکی زۆر جددییە چونکە بەنداوەکان پێویستیان بە چاودێری بەردەوامە ئەگەر فەرمانبەرانیان مانبگرن لە هەر ئەگەرێکی کێشەیێکی تەکنیکی ئەوە رەنگە کارەسات روودات بۆ دانیشتوانی دەوروبەری ئەو بەنداوانە، هەروەها پرسیارێکی تریشم لەسەر بایۆمەترییە ئایا قۆناغی دووەمی بایۆمەتری بەچی گەیشت؟ هەروەك دەزانین کە پرسی بایۆمەتری یەکێکە لە میکانیزمەکانی یاسای چاکسازی، بەڵام بەڕای من بایۆمەتری تەنها پرسی.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان**

سوپاس (لیزا) خان، كاك (سیروان)، فەرمووو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆیە ئەڵێم بەخێر بێن، چونكە دەمێكە چاوەڕوانیان دەكەین بەهەموو شێوازێك، لەگەڵ هاوڕێیانا هەوڵماندا كە وەفدی حكومەت بێتە ئێرە، من پرسیارەكانم چڕ ئەكەمەوە لەگەڵ ئەوەش كە خۆشم سەعات را ئەگرم، یەكەم شت پرسیارە جەوهەرییەكە ئەوەیە كە ئایا پێش جەژن خەڵك مووچە وەردەگرێ یان وەرناگرێ؟ پرسیاری دووەمم كەی وەفدی دانوستانكار كوردستان ئەچێت بۆ بەغدا؟ پرسیاری سێیەمم چەند جارێكیش بە نامە لە بەڕێز وەزیری دارایم پرسیوە و ئێستاش ئەیپرسمەوە، بڕیار بوو كە هەژماری بانكی بكرێتەوە، هەژماری بانكی بۆ گرینگە لەبەر ئەوەی كێشەی گەورەی دوو مووچەیی زیاتر حەل ئەكا بەڕێزتان فەرمانتان دەركردووە بۆ جێبەجێ ناكرێ؟ دوای ئەوەش دیسانەوە پرسیارێكی جەوهەری تریش هەیە زۆر شایعە ئەم لیستی ناوانەی كە بڵاودەكرێتەوە كە جەنابتان ئەڵێن پارەمان لەبەردەستایە دابەشی ئەكەین بۆ بە شەش حەفتە و پێنج حەفتە و چوار حەفتە، بۆ بە یەك رۆژ یا دوو رۆژ دابەش ناكرێ؟ بابەتێكی گرینگ لەناو راپۆرتەكە هاتووە هەرچەندە راپۆرتەكە تەواو نییە، كامل نییە، بەڵام من یەك شت ئەڵێم هاوكاری هاوپەیمانان كە بەردەوامە و نووسراویشە شەش مانگە هەیە بۆ هێزی پێشمەرگەی كوردستانە، چ ڕێگرییەك هەیە كە بڵێن هێزی پێشمەرگەی كوردستان هەموو رۆژێك كە هاوكارەكە لەكاتی خۆیا، چونكە لایەنێكی دەرەوەیە ئەو هاوكارییە بۆچی ئەو بڕە پارەیە تەرخان ناكرێ بۆ هێزی پێشمەرگەی كوردستان بەلایەنی كەمەوە ئەمان زامن بن گرێنتی بن هەموو مانگێك پارە دێت و بیان دەن بە وان؟ لەبەشێكی تریشا چی بكرێ بۆ زیاد كردنی داهاتی ناوخۆ؟ برادەران زۆر شتی گەورەیان وت، بەڵام من زۆر شتی بچكۆلە ئەڵێم ئەشكرێت لە بڕیارێكی وەزیرێكی بەڕێزا ئەبێت بە نمونە خانەنشین كردنی ئەو كەسانەی كە چاوەڕێن خانەنشین بكرێن با شایستەێكی باش لەبری ئەوان ئەو دەرچوانەی لە زانكۆ و پەیمانگاكان چەندەها ساڵە چاوەڕێن هەموو ساڵێك سی هەزار كەس دەرچووی سێ كەسی تەعین نابێ، یەعنی ئەوان خانەنشین كەن بەو پاترەی كەمترە لەو پارەیە بەو بەشەی كە زیاد دەبێ، لەو پارەیە خەڵكی پێ دابمەزرێنن خەڵكیش بەوە رازییە یەعنی ئەو دەرچوانە دابمەزرێنن، بەلایەنی كەمەوە بۆ ئەوەی داهاتی ناوخۆ زیاد بێ لێرە، لە دەشتی هەشتی حەسارۆك شانزە هەزار و پێنج سەد عەرزە هەیە، تاپۆ كراوە، حكومەت داویەتی سیانزە ساڵە ڕێگە نادەن ئیشی تیا بكرێتەوە ڕێگەی بدەن پارەی تاپۆكە وەرگرن ملیارات دینارە خەڵك دەبوژێتەوە بەرژەوەندی خەڵك بەكار دەبێ هەلی كاریش دێتە ناو كوردستانەوە داهاتێكی باشیشە، خاڵە سنوورییەكانی كوردستان بە هەمووی دەست تێوەردانی حزبە تیایە من نمونەێك ئەدەم بە بەڕێزتان جەنابی وەزیر نامەكەی منت لایە لە سنووری باشماغ،تەبعەن لە سنوورەكانی تریش هەیە من بەدواداچوونم بۆ كرد، كوری گەنج هەیە بە زۆر سەرانە بە نایاسایی لە دوو دۆلار و نیو بۆ دە دۆلار وەرئەگری لە هەر تەنێك خۆڵ، خۆڵ خۆی بە دوو دۆلارە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك (سیروان)، کاك (جمال)، فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و ستافی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم، سوپاسی خوشك و برایەکانم دەکەم کە بە تێر و تەسەلی ڕەخنەکانیان گرت لە بابەتی ئەو قەیرانە داراییەی کە ڕووی تێمان کردییە دەستیان خۆش بی، بەڵام کەمتر باس لە چارەسەرەکان کرا ڕاستی هەندێك چارەسەر هەنە خۆ هەتا هەتایێ ناکرێ ئێمە حکومەتی هەرێم و میللەتەکەمان لەو قەیرانەدا بژی بەداخەوە ئێمە لەسەر خاکێك دەژین خوای گەورە بە پیرۆزترین خاکی سەر زەمینی وەسف کردییە لە قورئانی پیرۆز، ئەگەر بهاتبا بمانتوانیبا ئەو خاك و ئاوەی خۆمان بە شێوەیکی زانستیانە وەبەربێنین سێ کوردستانی وەکو ئەو کوردستانەی خۆمانمان پێ دەژیاند، ئێستاش نەچووە بچی هەندێك ڕێکار هەنە ئەگەر حکومەتی هەرێم بیانگریتە بەر هەم نەجاتی ئەبی لەو بێ مووچەییە ئەو قەیرانەی کە ڕوومان تێدەکا ئێستا ئێران و تورکیا شەری ئاومان لەگەر دەکەن، پێوان وایە ئەوانە هیچی کەمتر نییە لەگەڵ نەوت، ڕۆژێك دێ ئاو بە قیمەت تریش دەبێ لە نەوتەکە، ئەوا ئێستا زێی دوکان شاهیدە بە لێدانی چەند تونێلێك لە ئێران ڕێرەوەکەشی گۆڕییە، ئەو ئاوەی لەوەتی دونیا هەیە سێ ڕووبارمان سیروان و دوکان و قەندیل، زێر و گەوهەر دەرژێننە قورگی خەڵکانی ناوەراست و باشووی عیراق، خۆمان کەمترین ئیستیفادەمان لێکردییە، لە کاتێکدا دەتوانین بە چەند تونێلێك دەتوانین دەشتی هەولێر دەشتی قەراج و کەندێناوە دەشتی ئاکرێ دەشتی گەرمیان وا لێبکەین چیتر سەوزە و میوە و نیسك و نۆك و مریشك و هێلکە لە تورکیا و ئێران نەینیتن، لە ڕاستی بەڕێز وەزیری دارایی میللەتەکەمان ئەگەر سێو و پرتەقال و مۆز و هێلکە و مریشك و بەرهەمی تورکیا نەخوا لەبرسان نامری، لە کاتێکدا ئەو سەروەتانە لە خاکی خۆمان بە زیادەوە هەیە ئەوەی من ئاگادارم لە وەزارەتی کشتوکاڵ گۆشت و مریشك نەك ئیکتیفای زاتی دەتوانرێ شێست هەزار تەنیش ڕەوانەی دەرەوە بکات بۆ مریشکی بەستوو تا کەی دینینە کوردستان؟ بۆ وا ناکەن ئەو مەنتوجاتانەی لە کوردستان کە خۆمان هەمانە لە ناوخۆ بەکار بێتەوە چیتر جوتیاران و خەڵکی خۆمان تووشی زەرەر نەبن، ئەگەر ئەو ڕێکارانە جێبەجێ بکەن چیتر سەدان هەزار گەنجمان بەبێ ئیشی ناسوورێتەوە، چیتر سێ یەکەمەکانی کۆلێژ و پەیمانگاکان داوای دامەزراندن ناکەن، لە کاتێکدا خەتەرێکی گەورە لەسەر پرۆسەی خوێندن هەیە،،سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (ڕاهی) بیرۆکەکەی تۆ تەواو دەکا، داوای لێبوردن دەکەم یەك پێوەرە بۆ هەمووان، کاك (ڕاهی)، فەرموو.

**بەڕێز ڕاهی ڕاهبر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، ئێمە کۆمەڵێك پرسیارمان هەبوو، بەڵام دیارە برادەران باسیان کرد پرسیارەکانمان دەربارەی مووچە بوو، لە بارەی بوودجە بوو، لە بارەی گرێبەستە نەوتییەکان

بوو، دەربارەی سێیەکەمەکان بوو، بەڵام ئسولیەن و پەیرەویەن دووبارەی ناکەینەوە بۆ ئەوەی کاتی ئێوە نەبەین، بەڵام دوو پرسیارم ماوە بۆ وەزارەتی دارایی بەڕێز وەزیری دارایی ساڵی (٢٠١٧) بۆریە نەوتێك فرۆشرا بە های یەك پۆینت شەش ملیار دۆلار وە دوا بەدوای فرۆشتنیشی بەکرێ گرتمانەوە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز وەزیری دارایی حیکمەت و مەنتیقی فرۆشتنی موڵکێك بە بەهایەك وە لەدوای ئەوەش بە کرێ گرتنی بەهەمان موڵك و بەهەمان بەهایەکی تر، یەعنی حیکمەت لەکوێدایە؟ موڵکێك بفرۆشین دوایی لەبەرامبەردا بەکرێ ی بگرین بە بەهایەکی زیاتر، ئایا وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان بژاردەتان لەبەر دەمە کە ئەم هەڵەیە ئابوورییە راست کەنەوە؟ دوو بەڕێز وەزیری دارایی جەنابتان مانگی (٢) تەشریفتان هێنا بۆ پەرلەمانی کوردستان باسمان لە چاکسازی کرد، باسمان لە کۆمەڵێك بابەت کرد بەتایبەتی لەسەر بابەتی دەرماڵە کە ماددەی (٥)ی یاسای چاکسازییە، جەنابتان لەوێ زۆر مناقەشەی ئەوەمان کرد کە روونبکرێتەوە ئەو ماددەیە بە رستەیەك کۆتایی نەیێت، بەڵام بەداخەوە دەنگی نەهێنا لە ئەنجامدا رستەکە وەکو خۆی دەرچوو ماددەکە بەم شێوازە تێپەری، جەنابیشتان دوا بەدوای ئەوە پەیرەوێکتان دەرکرد پەیرەوەکە باسی دەرماڵەی کرد، ئێستاش بۆ ئێمەی پەرلەمانتار روون نییە، چارەنووسی دەرماڵەکان بەرەو کوێ دەڕۆن تکایە بۆمان روون کەوە؟ بۆ بەڕێز وەزیری پلاندانان بەڕێز وەزیری پلان دانان لە هەرێمی کوردستان بێکاری (١١%) ئەو رێژەیە ئێمە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان (٤٠%) هاوڵاتیانە ئەو رێژەیە رەنگە تا رادەیەك مام ناوەند و ئاسایی دیار بێت، بەڵام ئەگەر لێی بکۆڵینەوە نە ئاساییە و نە مام ناوەندە بەشێوازێکی دیکە لە (١٠%)ی ئەو چلەی واتا لە هەر چوار هاووڵاتییەك توانای کارکردنی هەیە، یەك هاووڵاتی بێکارە بێ ئیش و کارە، من سوپاست دەکەم وەڵامم بدەیەوە پلانی ئێوە چییە بۆ ئەوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، نوقتەی نیزامییە، کاك (اومید)، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر داوای لێبوردن دەکەم خاڵی پەیرەوی نییە، بەڵام لەناچاریدا بابەتەکە ئەوەندە گەورە کرایە وەکو فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان روونکردنەوەیەك دەخەینە روو ئەگەر دەرفەت هەیە بە داوای لێبوردنەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ، فەرموو.

**بەڕێز ئومید عبدالرحمن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تایبەت بەو بابەتەی لە دانیشتنی پێشوو پەرلەمانتاری بەڕێز کاك (هیڤیدار) بابەتێکی خستە روو، بەداخەوە لە دەرەوەی هۆڵ، هەم لە میدیا، هەم لە سۆشیال میدیا هەڵمەتێکی زۆر نارەوا دەرهەق هەم بە ئێمە وەکو فراکسیۆن هەم بە بەڕێزیان دەکرێ، جگە لەوەی قسەکانی کاك (هێڤیدار) گوزارشتە لە بۆچوونی کەسی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو باسی سەردەمێکی کردییە

نەك خوانەخواستە خەلیفەی موسلمانانی باس کردبی باسی سەردەمی خەلیفەی موسلمانانی کردبیە، لە دینی ئیسلامیشدا ئەگەر کفریش بێ قسەیێك کفریش بێ نەقلی کفر، کفر نییە، بۆیە ئەوەی کە کراوە ئێمە بۆ رای گشتی رایدەگەیێنین کە بە داخەوە زۆر بە شەخصی کرا زیاتریش لە شەخصی کردنەکە بە سیاسی کرایە، هەدەف تێدا بە جۆرێك دەبینین کەوا هەڵمەتێکی زۆر گەورە دەرحەق بە ئێمە دەکرێ، لە پرانسیپی ئێمەشدا هاوسەنگی لەنێوان ئادابی گشتی کە دین تێیدا پێوەرە لەگەڵ ئادابی سیاسیەوە ئەو هاوسەنگییە راگیراوە، جارێکی دیکە ئێمە بۆ رای گشتی رایدەگەیێنین ئەو بابەتەی باس کراوە زۆر شێوێندراوە، هیوادارین ئەگەر هەڵەیێك بووبێ بە دڵنیاییەوە قسەمان دەبی لەسەری، بەڵام هیچ هەڵەیەك نەبووە وەکو باسمان کرد تەنها گوزارشتێکی کەسی بووە بە سیاسی کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەزانی کۆتایی پێبینن، هەمووتان کە قسە ئەکەن لە دەرەوە ئەڵێن هیچ شتێك لە مووچە و بوودجە و ژیانی خەڵك گرینگ تر نییە، خەڵك چاوەڕێی ئەوەیە ئەمرۆ جوابی خۆشی پێ بگا قسەی باشی پێبگا، ئەندامانی پەرلەمان چاوەڕێی ئەوەن وەڵامی پرسیارەکانیان بدرێتەوە کە پرسیاری کۆی خەڵکە (بدریە) خان هەموو ئەو کەسانەی کە موسلمانن کە دینەکەیان دینی موسلمانە خۆیان بە موسلمان دەزانن، ئەوەی کە (هێڤیدار) وتوویەتی ئەگەر سەرباری ئەو روونکردنەوانەی کاك (اومید) داویەتی ئەگەر شعوری هەر کەسێکی موسلمانی بریندار کردووە من لەجیاتی (هێڤیدار) داوای لێبوردن لە خەڵکی کوردستان دەکەم، کۆتایی پێ بێنە (بدریە) خان، (خدیجە) خان، فەرموو.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیارەکەم هەیە راستەوخۆ پرسیارەکان دەکەم بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، سەبارەت بە ڕێنمایی وەزارەتی دارایی ژمارە (١٢) بڕگەی پێنجەم خاڵی هەشتەم کە باسی هەڵوەشاندنەوەی خزمەتی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی دەکاتن، ئایا لێرەدا مەبەستتان ئەو خزمەتیە کە خوار (١٦) ساڵ باسکراوە خزمەتەکەیان؟ پێم وایە بەپێی یاسای چاکسازی ئەوانەی لە سەرووی (١٦) ساڵ خزمەتیان هینابیتەوە ئەوانیش تەئسیرەکی لەسەریان نابیتن، پێم باشە جەنابت بە روونی باسی ئەو خاڵە بکەی، بۆ ئەوەی خەڵکی زیاتر دڵنیا ببیتەوە چونکە پرسیارەکی زۆر لەسەر ئەم بابەتە کراوە، پرسیارەکی تریش سەبارەت بە یاسای چاکسازییە ئایا ئەنجامی جێبەجێکردنی یاسی چاکسازی کەی دەرئەکەویت، کە بتوانین وەك سەرچاوەیەك بۆ زیاد بوونی داهات ئیعتیمادی لەسەر بکەین؟ سوئالێکی تر ئایا ئەو مووچەی لە مانگی داهاتوو ئێستا ئیشی لەسەر دەکەن کە بدەن مووچەی مانگی (٧)ە؟ ئەگەر وایە مانگی (٦،٥،٤،٣) چی لێدێتن؟ بڕیارەك هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە بڕیاری ژمارە (٣٣) سەبارەت بە پێداچوونەوەی هەیکەلیەتی وەزارەتەکان، ئایا ئەم بڕیارە بۆ ئەوەیە ژمارەی وەزارەتەکان کەم بکرێتەوە یاخود پێداچوونەوە بەهەیکەلیەتی وەزارەتەکان لە ناوخۆدا بکرێتن؟ چونکە لە راستیدا ئێمە لە هەرێمی کوردستان زۆر وەزارەتمان هەیە، وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا کە هەشتا ملیۆن کەسە تەنها نۆ وەزارەتی هەیە، پرسیارەکی تریش حەز دەکەم بەڕێز وەزیری دارایی زۆر بە روونی ئەگەر پێمان بڵێ وەڵامێکمان

بـداتەوە سـەبارەت بە سـێ یەکەمەکـانە کە بەگشـتی وە بەتـایبەت ئەوانەی کە لە سـاڵی (٢٠١٦)، (٢٠١٧) تەخەروجیـان کـردییە، ئایـا دەتـوانن یـان نیەتتـان هەیە کە دایـان بمەزرێـنن یـاخود نـا؟ پرسـیارێکم هەیە لە بەڕێـز وەزیـری هەرێـم بـۆ دانوسـتاند ئایـا لەسـەر ئاسـتی نێـو دەوڵەتـی کە کێشەکانی نیو هەولێر و بەغدا چارەسـەر بکرێ، چـونکە ئەوەی کە دیـارە وازحە عیـراق نـایەوێ لەگەڵ هەرێمی کوردستان رێك بکەوێ نیەتی نییە چـونکە بەخۆشـی لە وەزعەکـی ئـابووری زۆر خراپدایە؟ نوقتەی نیزامیشم هەیە ئەگەر دەرفەتم بدە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەختەکەت تەواو بووە کاتێکی تر داوای نوقتەی نیزامی بکە، (د.ریبوار)، فەرموون

**بەڕێز ريبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێـزان لە ئەنجـومەنی وەزیـران وێـرای ئەوەی هەنـدەك تێبینـیم هەیە لەسـەر دەقـی راپـۆرتی لیـژنەی دارایـی، بەڵام لەبەر کـات رێـك دێـمە سـەر (بیتـل قصـید) ئەویـش ئەوەیە بەڕێـزان لە ئەنجومەنی وەزیران دەپرسم ئایا کە ئێمە یاسایەکمان دەرکرد بەنـاوی یاسـای چاکسـازی مـن بە میکانیزمێك یا بە سـەرچاوەیەك لە باشـتر کردنـی بـاری دارایـی هەرێمـی کوردسـتانی ئەزانـم لە حکــومەتی هەرێمــی کوردســتان، یەکێــك لە گرینگتــرین برگەکــانی ئەو یاســایە بــریتییە لە وەرگـرتنەوەی قەرزەکـان لەئێـوەی بەڕێـز ئەپرسـم کە هەم ئێوەمانـان و هەم ئـێمەش لەبەردەم مەسـئولیەتێکی ویژدانیـداین بەرامـبەر بە خەڵکـی خۆمـان وەکـو نـوینەرێکی گەلـی کوردسـتان لێرەوە لێتان ئەپرسـم بـۆچی تـاوەکو ئێسـتا ئەو قەرزانەتـان وەرنەگرتـۆتەوە کە ئەگەر بە نمـونە باس بکەین تەنها کۆمپانیای نالیا حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دۆلاری لە ئەستۆیە بـۆچی تـاوەکو ئێســتا وەرتــان نەگرتــۆتەوە؟ لەبەر ئەوەی بە وەرگــرتنەوەی ئەو قەرزانە هەم بــاری دارایــی حکومەتی هەرێمی کوردستان باشتر دەبێ، هەمـیش بـۆ مـووچەی مـانگی (٣) رەنـگە بـاش بـێ، دیسـان ئەپرسـم بەڕێـز وەزیـری دارایـی ئەو دەنگۆیـانەی هەیە کە لەسـەر مەرزەکـان و خـاڵە سنووریەکان و گومرگەکانە جەنابتان لە پۆزشنێکی ئەوتۆدا کە من دڵنیـام زانیـاری وردتـان لەبەر دەست دایە، ئایا ئەوەی دەگوزەرێ لەم مەرزانە راستە؟ بەتایبەتی ئەوەی کە دەنگۆی ئەوە هەیە یـا هەنـدێك لە میـدیاکان باسـی ئەوە ئەکەن کە لە هەنـدێك مەرزدا داهـات نـاێتەوە هەرێمـی کوردسـتان، دەمـانەوێ راسـتی ئەم بابەتەمـان بـۆ روون کەیەوە کە ئایـا مەرز هەیە لە هەرێمـی کوردستان داهاتەکەی نەێتەوە حکومەتی کوردستان و خەزێنەی گشـتی؟ ئەگەر ئەوە راسـتە کە ناێتەوە هۆکارەکانی چین؟ دیسانەوە لە جەنابتان ئەپرسم هەم دیس بۆ بابەتی یاسای چاکسازی جەنابتـان ئەزانـن یەکێـك لە گرینگیەکانیشـی بریتـی یە لەوەی کە مـووچەی خانەنشـینی نـارەوا دەبڕدرێ، ئایا ئەمە بە چ هەنگاوێك گەیشتووە؟ ئەوەی لێـرە و لەوێ گوێمـان لێـدەبێ ئەوەیە کە هەندێ پینە و پەرۆ هەیە بۆ چارەسەر کردنی ئەو بابەتە، ئایا ئەمە راستی بۆ هەیە؟ بابەتێکی تـر هەیە رێك داخوازی ئەو خەڵکەیە کە بە ئێمە گەیشتووە ئەو پاشەکەوتە کە لە ساڵانی رابردوو لە کـابینەی هەشـتەم هەبـوو، ئایا لەئێسـتایا لە هەکـبەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان هەیە بە میکانیزمێکی دیاریکراو بیانداتەوە؟ بابەتی ئەوەی کە بڕینـی (٢١%) لە مـووچەی مـانگی شـوباتا

ئایا ئەمە مەصیرەکەی بە کویێ ئەگا؟ بە پاشەکەوت ئەژماری ئەکەن یان بە صیفەتێکی تر؟ کە پێویستە روونکردنەوەی لەسەر بدەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بۆ بەڕێزت، کاك (کاوە) هەر چیت هەیە بە کاك (سیپان) بڵێ سەرەیەتی با قسە بکا، کاك (سیپان)، فەرموو.

**بەڕێز سیپان سالم حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز سەرۆکا پەرلەمانی پەرلەمانتارێن بەڕێز زۆر بە وردی بەحس لە کێشا دارایێن هەرێما کوردستانێ و قەیرانا دارایی و مەعاناتێن هاوڵاتی هەرێما کوردستان و فەرمانبەرا کر یا وا خەلکی هەرێما کوردستانێ چاوەرێدکاتن ئایا دەرئەنجامێ ڤی رۆنیشتنێ کو هەتاکو ئێستا پتر ژ چوار دەمژمێرا ڤێ رۆنیشتنێدایینە و زۆربەیا پەرلەمانتارا پرسیارێن خۆ ئاراستەی وەزیرێ ناڤبەری کروو راپۆرتا لیژنەی تایبەتمەند ژی هەبوویە ئایا دەرئەنجامی ڤی رۆیشتنێ دی چ بیتن؟ ئەگەر بتەنێ بەحس کرن بیتن مووچە نەهاتە دان و گومرکان گەندەلی تێدا هەیە و دەستی حزبی بالا دەستە لگومرگان و کاربەدەستێ بالایان دێ هەرێمێ داهاتێ ڤێ وڵاتیدا گرتییە خەلکی هەرێما کوردستان هەمی ڤی چەندی دزانیتن، خەلکی هەرێما کوردستانێ چاڤەێدکاتن ئایا دەرئەنجامی ڤی رۆیشتنێ دی چ بیتن؟ ئەگەر هیچ دەرەنجامەك نەبیتن ئایا ئەڤرۆکە لڤێرە بۆ رونیشتین؟ ئەڤە کو ئەم دبێژین زۆربەیا هاولاتێن هەرێما کوردستانێ دزانن، لڤێرێ سێ پرسیار هەنە ژ ئاراستەی وەزیرێ دارایی دکەم جەنابێ وەزیرێ دارایی ئەگەر ئەم بەحس لە نەهێلانا بندیوارا بکەین و نەهێلانا گەندەلیێ بکەین تکایش وەزارەتا جەنابێتە بلا دەست پێبکەین لسنورا پارێزگەها دهۆکێ دەیان فەرمانبەر هەنە لگەنجینان مووچەی خۆیا وەردگرن بێ کو یەك رۆژێ دەوامێ بکەن، ئایا ئەڤرۆکە فەرمانبەری حکومەتێ پێویستی ب چەندینە کو ئەڤ فەرمانبەرێ بهێنە دابەش کرن بسەر وان ئەنوك پێدڤیتن فەرمانبەران و ئەمرێ دامەزراندنێنە بەرسڤێ لسەر ڤێ پرسێ بدەی، هەروەسا ئەم دڤێت ئاماژە بشتێکی ژی بدەم لچەند رۆژێ دەربازبویێدا جەنابێ تە بخۆ سەرەدانەکا مەیدانی ژ بۆ دەروازەیان کر ژوان دەروازا ابراهیم خەلیلا ئایا لڤێرێ دپرسم داهاتێ ابراهیم خەلیل چەندە جەنابی وەزیری؟ ئایا داهاتێ ڤی گومرکێ ی سەرجەم گومرکێن بشێوەیەکی گشتی ڤەگەرێتە خەزینا حوکمەتێ یان دەستێوەردانا حزبی دگومرکان ژی بتنێ (٢٥%) ڤەدگەریتە وەزارەتێ؟ دگەل هەندێدا ژی ئایا دەنگو ئەوێ چەندێ هەیە کوسوڵاتێن تایبەتێ گومرکا ابراهیم خەلیل ناگەهنە بەردەستێ تە بەلکۆ ژلای بریکاری تە دێنە دیتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (رزگار) لێرە نییە کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، هەڵبەت ئێمە لە هەرێمی کوردستان سێ سەرچاوەی داهاتمان هەیە کە داهاتی نەوت و ناوخۆ و وە تەمویلێکی بەغدامان هەیە، بە گوێرەی موازەنەی (٢٠١٩)

من لەسەر هەر سێ تەوەرەکە بە خێرایی قسە دەکەم ئەگەر پێم نەبری سوپاست دەکەم، یەکەم ئێمە هەموو مانگێك شەست ملیۆن دۆلار وە لە ساڵێکدا حەوت سەد و پەنجا ملیۆن دەدەین بە بۆری نەوتی گواستنەوەی نەوت وە لە کاتێکدا خۆمان بۆڕی نەوتی هەرێمی کوردستان وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەمان بووە، بەڵام بە بڕی ملیارێك و شەش سەد ملیۆن دۆلار داومانە بە کۆمپانیایەکی ئەهلی لە هەرێمی کوردستان کە لێرەوە نامەوێ ناوەکەی بێنم، دووەم ئێمە هەموو مانگێك پەنجا ملیۆن دۆلار واتا لە ساڵێك شەش سەد ملیۆن دۆلار دەدەین بە تورکیا وەکو وڵاتێکی خانە خوێ لەوەی کە بۆری نەوتی پێدادەروات وە لە هەمان کاتیشدا هەموو مانگێك سی ملیۆن دۆلار وە ساڵانە سێ سەد و شەست ملیۆن دۆلار هەر بدەین بە تورکیا وەکو قەرزێك کە تا ئێستاش نازانین ئەو قەرزە هۆکارەکەی چییە؟ چۆنە؟ کەی بووە؟ چەندە؟ بۆ کەیە؟ من داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم کە روونی بکاتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەم رەقەمانەی کە من باسیان دەکەم بۆ مانگێك دەکاتە سەد و هەشتا ملیۆن دۆلار لە ساڵێکا دەکاتە ملیارێك و شەش سەد و هەشتا ملیۆن دۆلار، ئایا بەراستی ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی سۆمۆوە نەوت تەصویق بکات ئەم پارانە دەدات؟ ئەمە یەکەم، دووەم هەموو مانگێك نەوتی هەرێمی کوردستان بە حەوت پۆینت بیست و پێنج دۆلار کەمتر دەفرۆشێت، پێنج دۆلاری تری دێتە سەربار کە دوو پۆینت پێنج دۆلار پارەی پرییپیمێنتە، واتا نەوت هێشتا نەفرۆشراوە، پارەکەی وەرگیراوە، کە خەڵکی ئەم کوردستانە باجەکەی دەدا تا ئێستا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وە لە هەمان کاتدا دوو دۆلار و نیو وەکو مەعدەناتی لە نەوتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم دەکرێتەوە کە ئەمە بەراستی خەتەرێکی یەکجار گەورەیە لەسەر هەرێمی کوردستان کە خەڵکی کوردستان دووبارە باجەکەی دەدات، سێیەمینیان ئێمە ئەگەر لە رۆژێك دا چوار سەد و حەفتا وحەوت هەزار بەرمیل نەوت بەرهەم بێنین واتا کۆی گشتی دەکاتە شەش ملیۆن لە کۆی ئەم نەوتە لە رۆژێکدا سەد و چل و چوار هەزار بەرمیل وەکو کۆصل کەڤەری دەروا بۆ حەقی کۆمپانیاکان، کە لە ساڵێکدا دەکاتە سەرووی یەك ملیۆن و شەش سەد و نەوەت و دوو هەزار بەرمیل نەوت کە ئەم پارەیە پارەێکی خەیاڵییە، من دەپرسم لە بەڕێز وەزیری دارایی تەواوی تینی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەری ئەم پاریە تەواو نەبوون! ئایا ئیستسماراتی نەوتی لە هەرێمی کوردستان بە بەهای شەست و پێنج ملیار دۆلار کراوە تاوەکو ئێستا؟ ئایا دامەزراندن لە هەرێمی کوردستان بەر مەبنای ئەم پارەیە دوو سەد و پەنجا هەزار هەلی کار بەرهەم هاتووە لە هەرێمی کوردستان، نەخێر کە نەبووە تەمەنا دەکەم وەزیی دارایی جوابم داتەوە، دووەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ساڵی (٢٠١٥) و (٢٠١٦) و (٢٠١٧) و (٢٠١٨) کورت هێنان بە بڕی پازدە ترلیۆن دینار بووە وە قەرزەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەموو کاتێك دا وەکو ئاماژەی پێدەکرێ بیست و حەوت ملیار دۆلار بووە، لە کاتێکدا داهاتی حکومەتی هەرێم لە ماوەی رابردوو زیارت بووە لە پەنجا ملیار دۆلار وە بڕی مووچە تەنها چل ملیار بووە، دەی من دەپرسم ئەم قەرزانە لە بەهای چی کراوە کەواتە؟ لە کاتێکدا سەقفی قەرزەکان دیار نییە وردەکاریەکەی دیار نییە ئەمەش بەرمەبنای ئەو راپۆرتەیە کە لە دیوانی چاودێری داراییەوە تەصدیق نەکراوە، کە خۆی لە ئەساسدا مەشمولی مناقەشە کردن ناکات، بەڵام ناچارین کە بیکەین بە بنەما، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی

پەرلەمان، بەهای گەندەڵی لە ساڵی (٢٠١٨) بە بڕی دووسە و حەفتا و چوار ملیار و هەشت سەد و چل و دوو ملیۆن هەشت سەد و هەشتا و پێنج هەزار و دوو سەد دینار بووە لەسەر ئەم پارەیە یەك تاکە دینارێك نەگەڕێنراوەتە بۆ خەزێنەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کۆی دووسە و هەشتا و پێنج قەزیەی دادگایی تەنها نەوەت و نۆ قەزیەیان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، هەمان پێوەرە هەیە بۆ هەموان کاك (کاروان) چل پەرلەمانتار پێش ئێوە قسەی کردووە، سێ دەقە قسەیان کردووە کاك (کاروان) تکا مەکە حەقی خۆت سێ دەقەیە تۆ لەمن زیاتر لە پەیرەوەکە دەزانی بێدەنگ بە، بێدەنگ کاك (کاروان) بیدەنگ بە، نزیکەی چل پەرلەمانتار لەپێش تۆ سێ دەقە قسەی کردووە ئیتیفاقمان کردووە لە بیدایەتی کۆبوونەوەکەیا کە هەمووتان یەکی سێ دەقە قسە ئەکەن، ئەو فایلە کە لەبەردەستتایە بیکە بە بیرۆکە بیکە بە شتێك کە لێرە ئەیخوێنینەوە، بێدەنگ بە، کاك (شاخەوان)، فەرموو.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی یەکەم دەست پێئەکەم، پرسیارەکە ئەوەیە، قەرزی کۆمپانیاکان ئەوانەی کە لەلای ئەو شەخصانەن کە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان خەریکی ئیستیسمار و وەبەرهێنانن و کۆمەڵێك پارەی زۆریان وەرگرتووە، یەعنی ئەوە بەلامانەوە گرینگە لە راستیدا لەسەر ئەوە بەرچاو روونییەك هەبێ هەر چەند بەشێك لەو برادەرانە قسەیان لەسەر ئەو بابەتە کردووە، بەڵام پێویست دەکا قسەی زیاتر لەسەر ئەو بابەتە بکرێ، خاڵێکی دیکە ئەوەی کە برای بەڕێزم (د.رێبوار) باسی کرد بە نیسبەت گەرانەوەی داهاتی خاڵە سنوورییەکان بۆ خەزێنەی گشتی، لە خاڵە سنوورییەکان جگە لەوەی کە یەنی ئەوەی کە باس دەکرێ داهاتی خاڵە سنوورییەکان ئەوە جەنابی وەزیری دارایی بە ووردی متابەعەی ئەو بابەتە ئەکات و من دڵنیام ئەوەی کە ئیشی وصوڵات و رەسمییە پارەکە ئەگەرێتەوە بۆ خەزینەی گشتی، بەڵام گرفتەکە لەوەیە ئەوەی کە لە خاڵە سنوورییەکان ئەکرێ مەجموعەیێك شەخصن، باشە ئەم شەخصانە یەعنی بابڵێین خەریکی بردنی باری قاچاغ و پێنەدانی گومرگی رەسمی و یەعنی قاچاغچیەتی سنوورەکان لەسەر ئاستی شەخصا لە مەرزە سنوورییەکان ئەکرێ، خاڵێکی کە ئەوەی کە برای بەڕێز کاك (بالانبو) پێشنیاری کرد من تەئیدی بۆ چوونەکەی ئەکەم، پشتیوانی رایەکەی ئەکەم، ئەوەی گرینگە لە راستیا لە مەرزەکان من تەئکید دەکەم لە مەرزەکان قاچاغچیەتی شەخصی ئەکرێ لەسەر ئاستی شەخص ئەکرێ، لەبەر ئەوە ئەوە داهاتی خاڵە سنوورییەکان ئەگەرێتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، لەبەر ئەوەی جەنابی وەزیر پێشووتر و لە چەند مناسەبەی ترا روونکردنەوەی داوە لەسەر ئەو بابەتە، بەڵام ئەوەی کە ئەکرێ لە خاڵە سنوورییەکان و لە مەرزەکان قاچاغچیەتی شەخصییە داهاتەکەشی بۆ شەخصە. سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، (د.زانا)، فەرموو.

**بەڕێز زانا خالد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێـرای دەسـت خۆشـیم بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران بـۆ بڕیـاری ژمـارە (٧٠٦) لە (٢٠٢٠/٣/٢٠) کە ئەم بریارەی ئەنجومەنی وەزیـران تـایبەتە بە پێداچوونەوە لە وەرگرتنـی بـاج لە کۆمپانیاکـانی بـواری نەوت و گـاز وە ئەو گرێبەسـتانەی کـراون بـۆ بـواری نەوت لە کۆمپانیـا نەوتییەکان وە بواری سکویریتی کۆمپانیاکانی نەوت، دەپرسین لە تیمی ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠٢٠/٣/٢٠)ەوە تاوەکو ئەمرۆ هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەم بڕیـارەی سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران چییە؟ وە خەتەواتەکانیـان بـۆ جێبەجێکردنـی ئەم بڕیـارە چیـیە؟ چـونکە هەموومـان دەزانـین لە هەرێمـی کوردسـتاندا دوو لیـوای نەوت و گـاز هەیە، بەڵام بە داخەوە تـاوەکو ئێسـتا بەشێکی زۆری کۆمپانیا و کێڵگە نەوتییەکـان لەلایەن کۆمپانیاکـانی ئەهلـی سـکویریتی بەڕێـوە دەچن، کە ئەمەشـیان بـارێکی قورسـی دارایـیە لەسـەر حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان، دەسـت خۆشـی بـۆ بەڕێـزان لە لیـژنەی دارایـی بـۆ ئامـادەکردنی ئەم راپـۆرتە هەر بەپێـی راپـۆرتەکەی بەڕێزیان دیارە لە شـەش مـانگی سـەرەتایی سـاڵی (٢٠٢٠) دا بـڕی شـەش سـەد و هەژدە ملیـار و شـەش سـەد و بیسـت و حەفـت ملیـۆن دینـار وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکان داویەتـی بە وەزارەتی دارایی وەك لە راپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێ کردییە، بەڕێزیان کە ئەم بڕە کاك (زیـاد)یـش تیکراری ئەو رەئیەی کـردووە کە ئەم بـڕە تەنهـا ئەم بـڕە دراوەتە وەزارەتـی دارایـی نەك داهـاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، من لێردا بە پێویستی دەزانم بپرسین ئایـا لەم شـەش مـانگەدا داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان چەند بووە؟ بە چ شـێوازێك بڕەکـانی دیـکە لە چیـیەوە دەرهاتین بۆ ماوەتەوە ئەو بڕەی کە تەسلیمی وەزارەتی دارایی کراوە؟ لە کاتی مناقەشەکردنمان لە پـرۆژە یاسـای چاکسـازی ئەم تـیمە بەڕێـزەی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان کە ئەمـڕۆ لێـرە ئامـادەن ئەو کـاتیش لەگەڵمـان بـوون لێـرە گفتوگـۆی زۆرمـان کـرد لەسـەر رێکخسـتنەوەی خانەنشـینی گشـتی لە هەرێمـی کوردسـتان، ئەو کـات بەشـێك لە ئـێمەی پەرلەمانتـاران باسـی خانەنشـینی هێزەکـانی پـۆلیس و ئاسایشـی ناوخـۆمـان کـرد، وا بڕیـار بـوو حکـومەتی هەرێمـی کوردستان پرۆژەێکی تایبەت ئامادە بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا ئامادە نەکراوە دەپرسین کەی ئەم پـرۆژەیە دێـتە پەرلەمـانی کوردسـتان چـونکە تـاوەکو ئێسـتا پلەدارانـی پـۆلیس و هێزەکـانی ئاسایشی ناوخۆ کارمەندانی پۆلیسی هێزەکانی ئاسایشی نـاوخۆ بە دوو سـەد هەزار خانەنشین دەبن، تەئیدی سەرجەم ئەو رەئیانە دەکەم کە زەمیلەکانم لە پەرلەمانی کوردستان باسی داهـاتی گومرگیان کرد، پێویستە لەم دانیشتنەدا بەڕێز وەزیری دارایـی ئەگەر لەلای زەحـمەت نەبـی پـێم وابی هەندێك پێی ناخۆش بوو پرسیارەکان زۆر بـوون، بەڵام ئەگەر بنووسیت لەبیـری ناچیـت، داهاتی خاڵە سنوورییەکانمان بۆ روون بکـاتەوە، چـونکە زەرووره بـۆ ئێمەمانـان بـزانین داهـاتی خاڵە سنوورییەکان بە چ شێوازێکە وە چەندی دێتەوە خەزێنە حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان؟ داویـین خـاڵم تـایبەتە بە فەرمـانبەرانی گرێبەسـت، فەرمـانبەرانی گرێبەسـت لەگەڵ ئەوەی کە حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتان لە دەقـی وەڵامەکەیـان زەمانەتێکیـان بە ئـێمە دا بە پەرلەمـانی کوردستان کە حەقیـان زامـن دەبـێ لە رابـردوودا، بەڵام فەرمـانبەرانی گرێبەسـت نـاکرێ شـەش

مانـگ و حەوت مـانگی هەر سـاڵێك چـاوەروانی لێکـردنەوەی گرێبەسـتەکانیان بـن لە وەزارەتـی دارایی، ئەم گرێبەستانەی لە وەزارەتی داراییەوە دەکرێن تاوەکو ئێستا فەرمانبەرانی گرێبەست مووچەی مانگی (٢،١)ی ساڵی (٢٠٢٠) یان وەرنەگرتییە، هۆکـارەکەش لە هەر وەزیرێکـی بەڕێـزی دەپرسی هۆکارەکە ئەوەیە کە وەزارەتی دارایی گرێبەستەکانی تاوەکو ئێسـتا نـوێ نەکـردیتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حاجی (سفین)، فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان، بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکـان دەکەم، بـۆ وەزیـری هەرێـم بـۆ کاروبـاری دانوسـتاندنی هەرێـم و بەغـدا سـەرۆکی دیـوانی ئەنجـومەنی وەزیـران، سـکرتێری ئەنجومەنی وەزیران، بەپێی پیشەکەم ئەمـن لەسـەر شایسـتەی دارایـی جوتیـاران قسـە دەکەم، دەربارەی قەرزی جوتیاران بەڕێزان نائومێدیەکی زۆر دروسـت بـووە لەلایەن جوتیارەکـان، ئەمە بۆ پێنج تا شەش ساڵ تێپەری تاوەکو ئێستا هیچ ئەمەلێك نییە بۆ وەرگرتنی پارەکەیان، بەڕێزان پێم باشە لێرەوە روونکردنەوەیێکی دروست بدەنە جوتیاران کە ئێوە وەکو وەفدی دانوسـتاندنی حکومەتی هەرێم لەگەڵ بەغدا چیتان کردووە بـۆ پـارەی جووتیـاران؟ ئەگەر هیـچ نەکـراوە ئایـا حکومەتی هەرێم نیازی هەیە شتێك بۆ جووتیارەکان بکا؟ پارەیان بـداتێ وە رەنجـی سـاڵانەیان وە پێـنج سـاڵە ئینتیـزار دەکەن ئەوانـیش حەقـی خۆیـانە داواکـاری هەمـوو جوتیارەکـانە ئەوە خـاڵەك، خـاڵی دووەم قەرەبـووی زەوی کشـتوکاڵییەکان بە بڕیـارێکی ئەنجـومەنی وەزیـران بەشێوەیێکی کاتی وەستێنراوە، داوا دەکەین لە حکومەتی هەرێم بڕیـاری قەرەبـووی جووتیـاران بداتەوە ئەوانەی زەوییان کوژایتەوە، خاڵێکی دیشم ئەوەیە لەسەر قەرزی بانکی کشتوکاڵییە کە ئێستا بڕیارێك دەرچووە عەلاساس نەبوویتە بڕیـار نەچوویتە بـانقی، بەڵام جووتیـار سـەردانی بانقیان کردووە پێیان گووتوونە (١٥%) لێ خۆش دەبین زێدەکەشتان لەسـەر هەڵدەگرین، ئێمە وەکو لیژنەی کشتوکاڵ داوامان کردبوو کە قەرزەکەیان درێژ بکـرێتەوە زێدەکیەکەشـیان لەسـەر هەڵبگیـرێتن وە ئەگەر بکـرێتن عەفـووش بکـرێن، لەبەر ئەوەی لە هەمـوو دونیـادا خەڵـك و حکـومەت هاوکـاری جووتیـارە چـاوی لە دەسـتی جووتیـارە، بەڵام ئەوەی گرینگـی پێـنەدرێ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان جووتیارە پێمان باشە ئـاورەکی لە جووتیـاران بـدەنەوە، خـاڵێکی دیشـم هەیە داوا دەکەیـن مـووچەی پـلە باڵاکـان بە تـایبەتی لیـوا لەگەڵ عمیـد جیـاوازی مووچەکەیان فەرقی زۆرە نـزیکەی دوو ملیـۆن زیـاترە مووچەیـان فەرقەکە لە سێ سـەد هەزار دینار تێنەپەری، لەبەر ئەوە سیستەمی پلە وایە، خاڵێکی تریشم هەیە بەڕێز سـەرۆکی پەرلەمـان داوا دەکەیـن جیـاوازی نەکرێ لە کـاتی پۆسـت دابەش کـردن بە گـوێرەی خـزمەت و شـەهادە و شایستە بوون پۆست دابەش بکرێ، زۆر سوپاس، لەگەڵ رێزتان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس بۆ جەنابت، کاك (عبدالسلام)، فەرموو.

**بەڕێز سلام عبدالله حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای گەورە، بەخێرهاتنی تیمی بەڕێزی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، من وەکو سەرۆکی لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە پەرلەمان دوو کەیسی گرینگ هەیە دمەوێ بیانخەمە روو، داوای روونکردنەوە لە هەردوو بەڕێزان وەزیری دارایی و سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران دەکەم کە لێرە حزوریان هەیە، یەکسان کردنی بروانامەی دەرچوانی زانکۆکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە مودەتێکی زۆرە تەلاعوب بەم کەیسە دەکرێ لە نێوانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و وەزارەتی دارایی و دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە لە کۆبوونەوەکانی رابردووماندا هەم لە دانیشتنی فەرمی پەرلەمان کە بانگێشتی بەڕێز وەزیری خوێندنی باڵا کرابوو هەم لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی ئێمە وەکو لیژنەی تایبەتمەند لەگەڵ ئەنجومەنی وەزارەتی خوێندنی باڵا گفتوگۆ کرا، هەم لەسەر ئەم کەیسە، هەم لەسەر کەیسی سێ یەکەمەکانی سەر ئاستی زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان کە لە (٢٠١٦)ەوە وەکو مافێکی یاسایی خۆیانە دانەمەزراون، هەموو هێلکەکان خراونەتە سەبەتەی وەزارەتی دارایی و ئەنجومەنی وەزیران بە تایبەتیش دیوانی ئەنجومەنە وەزیران کە گوایە وەزارەتی دارایی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران رێگربوونە موافەقەیان نەکردییە، داو دەکەین کە روونکردنەوە لەسەر ئەم بابەتە بدەن لەبەر ئەوەی بە تایبەتیش کەیسی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کە ئەمانە بڕیاری دادگایان هەیە وە بڕیاری ئەنجومەنی شوراشیان هەیە، تاوەکو ئێستا شەهادەکانیان تەعدیل نەکراوە، وەکو ئەندامێکی لیژنەی قانوونی دەمەوێت باسی بابەتێکی دیکەی گرینگ بکەم کە بابەتی کرێ نشینانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەکو لای جەنابیشتان مەعلومە کە بە بڕیاری ژمارە (٣٢)ی ساڵی (٢٠٠٣) پەرلەمانی کوردستان دەسەڵاتی دابوو بە ئەنجومەنی وەزیران کەوا لە حاڵەتێکی وا نەخوازراو وەزعێکی رەها بێتە پێش دەسەڵاتی پێدابوو جگە لەوەی کە دەسەڵاتی هەیە لە کرێ نشینانی خۆی کە وەکو موڵك و ماڵی دەوڵەت لێیان خۆش ببێت، لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی هەبێت لەسەر ئەوەی کە فەرز بکات وە ئیجباری مالکەکان بکات، وە هاوڵاتییان کە ئەوانەی مالکەکانیش کە هاوڵاتین نەك تەنها ماڵ و موڵکی حکومەت کە بتوانێت کرێیەکە کەم کاتەوە، بەڵام هەر لەم پەرلەمان بەڕێزە لە ساڵی (٢٠٠٨) قانوونی ژمارە (٩) دەرچوو کە ئیلغای ئەم قەرارەی کردەوە، واتا بەڕێز ئەنجومەنی وەزیران کە بە سوپاسەوە ئەو قەرارەی داو و دەسەڵاتی خۆی بەکار هێنا لەوەی کە لە موڵك و ماڵی دەوڵەت لە کرێ ی ئەو فەترەیەی کەرەنتین لە کرێ نشینەکانی خۆی خۆش بوو، بەڵام بۆ ئەم بابەتە کە بمانەوێت لە کرێ نشینان خۆش ببن دەبێت ئەنجومەن.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بیرۆکەکە گەیشت، کاك (مسلم)، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و ستافی حکومەت دەکەم، بەڕێزان لای هەمووان ئاشکرایە کە لە هەرێمی کوردستان خەڵك لە بارودۆخێکی زۆر خراپی داراییدایە، مووچەی مووچە خۆران

مووچەی شایستەیان ئێستا لە بارودۆخێکی باشدا نییە، وە پێیان نادرێ لە کاتی خۆی، کە بە هەمان شێوە لێبرینی (٢١%)ی مووچەش بەراستی ئەوە پرسیارێکە ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەین کە بەڕێزیان روونکردنەوە بدەن، کە بە چ یاسایەك کەم کرایەوە؟ ئایا لە داهاتوودا پلانێکی وا هەیە کە دەرماڵە ناجێگیرەکان دەستکاری بکرێ وە تەسبیت بکرێ لەسەر مووچەی فەرمانبەران؟ پرسیارێکی ترم ئەوەیە کە کەی پلە بەرزکردنەوە وە تەرفیع و عەلاوەی فەرمانبەران کە ماوەیەکی زۆرە وەستێنراوە دەست پێدەکاتەوە بۆ فەرمانبەرانی مووچە خۆر؟ پرسیارێکی تریشم ئەوەیە کە ئایا لە ئێستادا داهاتی گشتی مانگانە چەند ئەکا؟ دێتەوە خەزێنەی وەزارەتی دارایی ؟ وە چەندی دەگا بە وەزارەت وە داهاتی ناوخۆی خاڵە سنوورییەکان و خاڵە گومرگییەکان چەندە کە زۆر باسی لێوەکرا؟ چەند خاڵی سنووریمان هەن؟ هەم فەرمی، هەم نافەرمی، روونکردنەوەی بەڕێزیان زۆر زەرورە لە وەیا، لە کاتێکدا ئێمە وەك پەرلەمانی کوردستان لە رابردوودا زۆر قسە و باس لەسەر خاڵە سنوورییەکان کرا وە هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی کە گەندەڵییەکی زۆر هەیە لەسەر داهاتی خاڵە سنوورییەکان، کە پێم وایە جێگای ئەوەیە کە روونکردنەوەی بەڕێزیان لێرە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، ئایا پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران کە ئێستا برێکی زۆری لای حکومەت کۆبۆتەوە وە ماڵە لەسەر حکومەت، بیر لەوە کراوەتەوە بە پلانێك بە میکانیزمێك بکرێتە خزمەتی هاووڵاتیان و فەرمانبەران و مووچە خۆر کە لە بری قەرز بدرێتەوە؟ یان حیساب بکرێت وەکو قەرزی کارەبا، ئاو گێرانەوەی سولفەی عەقار و سولفەی زەواج؟ بابەتێکی تر هەیە بەراستی ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە زۆر ئاراستەمان ئەکرێ ئەو پرسیارە ئەویش ئەوەیە بابەتی دامەزراندنی مامۆستایانی گرێبەست و فەرمانبەرانی گرێبەست کە ئێستا وەستێنراوە هۆکارەکەی چییە بۆ وەستێنراوە؟ بەهەمان شێوە یەکەم و دووەم و سێیەمەکان کە بەراستی ئەوانە رێژەشیان کەمە وە کاریگەری زۆریشیان هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستانا خۆتان ئەزانن ئەوانە مافێکی حەقیقی خۆیانە کە دابمەزرێن، وە پرسیاری کۆتایم ئەویشم ئەوەیە کە پارەیێکی زۆر لەلای کۆمپانیاکانە چ میکانیزمێك گیراوەتە؟ بەر پلانی وەزارەتی دارایی چییە؟ بۆ ئەوەی بە زووترین کات ئەم پارانە وەربگیرێنەوە کاری جدی لەسەر بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شنۆ) خان، فەرموو.

**بەڕێز شنۆ اشقی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارێکم هەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، لەگەل هاورێیانم لە لیژنەی دەستپاکی، دە مانگ بەر لە ئێستا بەدواداچوونمان کرد بۆ خاڵە سنوورییەکان لە رێگەی راپۆرتێکەوە نۆزدە پرسیارمان ئاراستەی حکومەت کرد وە بیست و دوو پێشنیارمان ئاراستە کردن، تاوەکو ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە ئایا تاوەکو ئێستا ئەو راپۆرتە بەدەستیان نەگەیشتووە، لە لای بەڕێز وەزیری هەرێمە بۆ کاروباری پەرلەمان یان ئەوەتە لە دەستەی سەرۆکایەتییە، یەعنی ئەو جۆرە مماتەلەیە چیە بە نووسراوەکانی پەرلەمانتاران ئەکرێ، سەرنجێکی ترم ئەوەیە کە بەشێك لەو بەهەدەردانەی کە لە خاڵە سنوورییەکانا ئاماژەی پێدەکرێ بەرێنماییەکانی وەزارەتی دارایی

کراوە، بە نموونە وەکو دەزانین خاڵە سنوورییەکان ڕێنمایی و بڕیاری وەزارەتی دارایی جێبەجێ دەکا، وەزارەتی دارایی خۆی صەلاحیەتی داوە بە مەرزەکان کە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت بکەن، وەلە گرێبەستەکانیش (٨٠%)ی داهات بۆ کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەتە وە (١٠%)ی بۆ وەزارەتی داراییە (١٠%)ی بۆ وەزارەتی پلان دانانە، یەعنی ئەم جیاوازییە بۆ؟ ئەم ڕێنماییە ئەم بڕیارە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ پرسیارێکی تریشم هەیە هەر لە بەڕێز وەزیری دارایی ڕەنگە تابعی وەزیری پلان دانانیش بێ لەگەڵ (١١) پەرلەمانتاری بەڕێز سەردانێکی دهۆکمان کرد بە مەبەستی بەداواداچوون بۆ کەمی پرۆژەکان لەم پارێزگایە، بەڕێز پارێزگاری پێشووی دهۆك ئاماژەی بەوە کرد کە پارەی پرۆژەکانی دهۆك بە قەرز لەلایەن هەولێرەوە وەرگیراوە، دەیان پرۆژەی ستراتیژی بەردی بناغەی دانراوە لە دهۆك، بەڵام لە هەولێر جێبەجێکراوە، ئەمە بە چ بنەمایەك کراوە بۆچی پارەی پرۆژەکانی دهۆك لەلایەن هەولێرەوە بە قەرز وەرگیراوە؟ ئایا پارێزگای دهۆك پرۆژەی لێ زیادەیە، پارەی لێ زیادەیە لە کاتێکدا هەموومان ئەزانین ڕێژەی بێکاری و هەژاری لە پارێزگای دهۆك لە بەرزترین ئاست دایە، پشتگیری لە قسەکانی هەموو ئەو هاوڕێیانەم ئەکەم کە پرسیاریان کرد لەبارەی مووچە کە مەصیری چیلێدێت پلانی حکومەت چییە؟ بۆ چارەسەر کردنی ئەم قەیرانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەین لەگەڵ ستافی ئەنجومەنی وەزیران، من لەوەوە دەست پێئەکەم دەست خۆشی لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەکەین بۆ ئەو سەردانانەی کردوویەتی بۆ خاڵە سنوورییەکان، وە لەوێ خۆی بە چاوی خۆی بینیویەتی کە چی ئەکرێ هەوڵ ئەدا ڕێگری لەو تاڵانییە بکرێ کە لەو خاڵە سنووریان ئەکرێ، وە لێرەش داوا ئەکەین لە لایەنە بەشداربووەکان لە حکومەت پشتیوانی بکەن لە وەزیری دارایی وە هەوڵبدەن ئەو قاچاغچییەتییەی کە لە خاڵە سنوورییەکان ئەکرێ ڕێی لێبگیرێ، سەبارەت بە قسەکەی (شیرین) خان باسی هێزی یەکێتی و پارتی کرد باسی هێزی پێشمەرگەی نەکرد، باسی ئەو هێزانەی کرد کە لەوێ خۆیان قاچاغی ئەکەن، بە داخەوە ئەوەی کە ئێمە ئەیبینین من لەو دوو هەفتەی پێشووا چومەتە مەرزی پەرویز خان لەوێ پێیان وتووم سی سەیارە شیش ئێستا دەیەوێت بپەڕێتەوە، ڕۆیشتووینە بەڵێ بینیومانە لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگا وە بەرپرسی گومرگمان لەوێ ئاگادار کردۆتەوە وە مودیری مەرزمان لەوێ ئاگادار کردۆتەوە کە ئەو سەیارانە ئەوەتە ژمارەکانیامان وەرگرتووە نەیڵن تێپەڕێ، تێپەڕێ ئێوە لێی مەسئولن، خۆشبەختانە تێنەپەڕییە، بەڵام ئەمە ئێمە جارێك بچین ئەی باشە ئەگەر ئێمە لەوێ نەبین یا بۆ نمونە وەزیری دارایی سەردان نەکا ئەمە بەردەوامە، بۆیە پێویستە وە من پێشنیار ئەکەم ئەو هێزانەی کە لە خاڵە سنوورییەکان هەن وە بە تایبەتی پۆلیسی گومرگ لە بەدیلیەوە هێزێکی تر تەرخان بکرێ بۆ ئەو خاڵە سنووریانە وە بە ئیعاز و وە بە جوڵەی وەزارەتی دارایی تەحاکومی پێوە بکات، ئێمە باسی قاچاغچیەتی دەکەین من بۆخۆم هەر لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەن لە پارێزگای سلێمانی

سەیارەی هێلکە هاتۆتە ناو کەلارەوە خراوەتە ساحەی حیجزەوە دوایی بە تەلەفونێك کە تەلەفونێك لەلایەن شەخصی حزبییەوە کراوە سەیارە ئازاد کراوە، بەداخەوە یەعنی ئەمە کارەساتە، بۆیە پێویستە وەکو وتم لایەنە بەشداربووەکان لەم کابینەیە هەوڵبدەن بۆ ئەوەی ئەو قاچاغچەتییە لە خاڵە سنوورییەکانا نەمێنێ، وە پشتگیری لە قسەکەی کاك (نزار) ئەکەم سەبارەت بە دادوەرە بەڕێزەکان کە ماوەی یاسایی خۆیان تەواو بووە وە کۆتایی بەو هینە بێنن بەردەوام نەبن لە دەوام کردن، پشتگیری لە قسەکەی کاك شێخ (زیاد)یش ئەکەم سەبارەت بەو پاشەکەوتەی کە هەیە بۆ مووچە خۆران حیساب بکرێ بۆ پارەی ئاو و پارەی کارەبا.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شیرین) خان، فەرموو.

**بەڕێز شیرین یونس عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حکومەت دەکەم، وە داواکارم جارێکی دیکەش (شیرین) خان ناوی باوکمان بڵێن هەر یەکە بەراستی زۆر ناخۆشە، پرسیارەکانم لە وەزیری دارایی دەکەم ئایا وەزیری دارایی ئاگادارە حکومەت چەند قەرزدارە، ئەو قەرزانەی کەی و لەکوێ کردووە وە بۆچی کردوویەتی چۆنی بەکار دێنێ؟ ئایا ئەم قەرزانە ماوەکەی چەندە و ساڵانە چەند سووی زیادەی دەچێتە سەر؟ پرسیارێکی دیکەم بەچ یاسا و ڕێنماییەك دەسەڵات بە وەزیری دارایی و حکومەت دراوە مووچەی مووچە خۆران کەم بکاتەوە؟ بۆچی حکومەت کاتێك ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە بە مەبەستی تێپەڕاندنی قەیرانەکە مووچەی فەرمانبەران و مووچە خۆران کەم دەکاتەوە؟ هۆکاری قەیرانەکان بەگشتی بریتینە لە گەندەڵی و خراپ بەڕێوەبردنی، نەك مووچەی فەرمانبەران واتا برین و کەم کردنەوەی مووچەی خۆران مووچەی فەرمانبەران قەیرانەکان چارەسەر ناکات، بەڵکو قەیرانەکان بە چاکسازی ریشەیی لە خەرجی و داهات چارەسەر دەبێت نەك بە کەم کردنەوە، داوا لە وەزیری دارایی دەکەم یەعنی بەراستی حەقە وەڵامێکی مگلق بداتەوە، ئایا مووچەی فەرمانبەران وە مانگانە دەدرێت وە چ کاتێك دەدرێت؟ ئەگەر مووچەیان پێنادرێت بۆچی لە وەزارەتەکەی دەست لەکار ناکێشێتەوە کە مووچەی پێنادرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (باپیر)، فەرموو.

**بەڕێز باپیر کاملا سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی شاندی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم، بێگومان کە باس لەو گیروگرفتانەی ئاڵاون لە هەرێمی کوردستان باسیان لێدەکەین، بریتییە لە قەیرانی دارایی و ئابووری و کارگێری کە بە سێ هۆکار هاتنە ئاراوە، یەکیان بڕینی ئەو شایستەی کە بە بڕیارێکی سیاسی لەلایەن حکومەتی فیدراڵی عیراقەوە بڕاوە وە بە بەرنامە هەموو ساڵێك دووبارە بۆتەوە، هەر لە سەرەتای دروست بوونی عیراقی نوێوە ئەو کێشەیە لەگەڵمان دەژێت، ئەوەی دووەمیشیان خراپ بەڕێوەبردنە لە ناوخۆمان، ئەوەی سێیەمیش کە بەڵای کۆرۆنایە بەسەرمان

هاتووە بەسەر هەموو جیهان هاتووە، بووە مایەی گرفت بۆمان، ئەوەی کە گرینگە لێرە پەیوەندە بە خۆمـانەوە پشـت بە عیـراق نەبەسـتین پشـت بە خۆمـان ببەسـتین، ئایـا دەتـوانین بتـوانین ئیدارەی خۆمان رێك خەین بەم شێوەیە چاکسازی بکەین چاکسازی بەس لە مووچە و دەرماڵە نا چاکسازی لە تەواوی سێکتەرەکان بە تـایبەتی نەوت و داهـاتی تـریش، فـرە چەشـنی لە داهاتـدا دەتوانین بیکەین کەرتی کشـتوکاڵ بـوژێنینەوە بە دروسـتکردنی بـازار و بە پشتراسـتکردنەوەی بەرهەمە کشتوکاڵیەکان، ئایـا وەزارەتـی پلانـدانان ئەو پـلانەی دانـاوە بـۆ ئەوەی بتـوانێ کەرتـی کشـتوکاڵ بـوژێنتەوە؟ ئایـا وەزارەتـی پلانـدانان پلانیـان دانـاوە بـۆ ئەوەی هەمـوو هاوڵاتیـان بەهرەمەند بن نەك تەنها مووچە خۆران؟ ئێمە تەرکیزمان کردۆتە سەر مووچە، ئەی تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا چۆن بەهرەمەنـد دەبـن لە سـەروەت و سـامانی ئەم وڵاتە؟ چـۆن دەتـوانن هەلی کاریان بۆ برەخسێنین؟ چۆن دەتوانین بازار رێك خەین؟ ئەو بـازارەی ئێستا بەنـاو بـازاری ئازادە و بازارێکی قۆرغکراوە لەلایەن چەند کۆمپانیایێك بەرێوە دەبرێ، چۆن دەتوانین ئەو بازارە رێـك خەیـن بیکەیـنە بـازارێکی مـوخطلط ئەگەر لە بەرژەوەنـدی گەلـی کوردسـتانەو بتـوانین عەدالەتی کۆمەڵایەتی تێدا بێتە دی و لەهەمان کاتیشدا هەمـوو خەڵکـی کوردسـتان بەهرەمەنـد بێ لە داهات و لە سـەروەت و سـامانی ئەم وڵاتە پلانیـان چییە بـۆ ئەوە؟ ئەوەی کە لە رابـردوو بووە دیارە هەموو هاوڵاتیان بەهرەمەند نەبوون لە سەروەت و سامان بەرێژەیێکـی زۆر تەفـاوتی تەبەقی جیاوازی چینایەتی تێدا لەدایك بووە، چۆن ئەو جیاکارییە کەم کەیـنەوە؟ مـن پـێم وایە ئەوە ئەرکی حکـومەتی هەرێمـی کوردسـتانە بە تـایبەتیش وەزارەتـی پلانـدانان بتـوانێ تەواوی کۆمەڵگـا بەپێـی مەوقعـی جوگرافیـاش تایبەتمەنـدیەکان بەهرەمەنـد بـن، لە هەمـان کاتـدا مـن پرسیارم هەیە لە وەزارەتی دارایی هەرچەندە ئەنجومەنی نەوت و گازیش سێیان لێـرەن ئێسـتا حاڵـی حـازردا پرسـیاریان لێـدەکەم ئایا داهـاتی غازمـان نییـە؟ ئەو غـازە دەفرۆشـرێت بە مـاڵان چەندە داهاتەکەی چەندە ئەوەی وەکو سوتەمەنی بەکاردەهێنرێت بۆ سەرچاوەی کارەبا و دابین کردنی ووزەی کارەبا بە پارەیە یان بەبێ پارەیە؟ دەدریتە ئەو وەبەرهێنە یان بە پارە دەدرێتەوە چەنـدە؟ بڕیـار بـوو لە سـاڵی (٢٠١٩) وەبەرهێنـانی غـاز ببێـتە بەدیلـی نەوت، ئایـا ئەوە کـراوە هەنگاوی بۆ نراوە؟ ئێستا لە (٢٠٢٠) داین.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سـوپاس، بۆیـان بنووسـە بـا لە سـتانداردەکەی خۆمـان دەرنەچـین، دەسـت خـۆش کـاك (بـاپیر) سوپاس بۆ قسەکانت، (کلیزار) خان، فەرموو.

**بەڕێز کلیزار رشید حاجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی شـاندی حکومەت دەکەم مـن دوو پرسـیارێت هەنە ئەز ئاراسـتەی وەزیـرێ دارایـی دکەم پرسیارێ ژی دێ کورت کەم، پرسیارێ ێکێ حکومەتـا هەرێمـێ مانگـانە پێویسـتی هەشـت سـەد و پێنجـی ملیـار دینـار هەیە بـۆ دابینکرنـا معاشـا ئایـا بەپێـی راپـۆرتی لیـژنەی دارایـی بـۆ چاکسازیکردن لەسەرچاوەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان ئەگەر جێبەجێبکرێـت تەبعەن ئەز دووبارەناکەمەڤە ئەڤە هەمی نڤێسینا لڤێرێ ئایا ئەگەر جێبەجێ بکرێ چەند داهات زیاد دەبـێ؟ هەروەها پرسیارەکا دی هەیە لەوەتی قەیران لە هەرێم سەری هەڵداوە حکومەت باج و رسومات

لسەر هاوڵاتیا زێدە کرە دەبوایە بە پێچەوانە بوایە بە دا جوولەی بازرگانی هەرێمی کوردستان گەشە کردبا، سپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (د.گلاویژ)، فەرموو.

**بەڕێز گلاویژ عبید عثمان :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەم، ئێمە هەموو ئاگادارین بارودۆخی گوزەرانی کوردستان لە بارودۆخێکی خراپدایە بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری ئەم بارودۆخە داراییە، تاکە چارەسەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازییە، بۆیە پێویستە میدیاکانی رۆشنبیران کار بکەن لەسەر برەودان و بەهێزکردنی وتارەکانیان لە راگەیاندنەکان لە رێگای بەهێز کردنی سەروەری یاسا و کلتووری یەکتر قبوڵ کردن بۆ چارەسەری کێشەکان و جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییە بە شێوەیێکی دروست، چەند پرسیارەکەم هەیە، ئایا ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی دارایی و پلاندانان چ بیرێکیان کردۆتەوە بۆ دامەزراندنی یەکەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکان کە مافی خۆیانە دوای جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کە دابمەزرێن؟ چونکە لە ئێستادا زۆربەی بەشەکانی کۆلیژەکان کە قوتابیانی خوێندنی باڵا ماستەر و دکتۆرا وەردەگیرێن پێویستیان بە دامەزراندنی نوێ هەیە وەکو موعید، ئایا پلانی وەزارەتی دارایی و پلاندانان و ئەنجومەنی وەزیران چییە بۆ کەم ئەندامان؟ یاخود بڵێین خاوەن پێداویستی تایبەت کە نزیکەی حەفت ساڵە هیچ کەم ئەندامێك مووچەی بۆ دابین نەکراوە، تۆمار نەکراوە لە مووچە، لەوانەیە زۆربەیان رێژەی کەم ئەندامیەکەیان (١٠٠%) بێتن چارەسەر چییە؟ وەڵامێکمان دەوێ، چونکە زۆر جار بەڵێنیان پێدرایە کە ئەم فەترەیە داخیل دەکرێن بەڵام بەڵێنەکە نەچووە، بۆیە پێویستمان بە وەڵامێکە، وەکو لەو راپۆرتەکەی لیژنەی دارایی هاتییە دەست خۆشیان لێدەکەم کە ئاماژەیان پێداوە کە چەند کەرتێك بدرێتە کەرتی تایبەت وەکو کارەبا بۆیە من پێم باشە کەرتی تەندروستیش ئەگەر بێت و لەگەڵ حکومەت کەرتی تایبەت هاوکارییەك بکرێ بۆ خزمەتکردنی باری تەندروستی هاوولاتیان زۆر باشتر دەبی، وە پاڵپشتی لە قسەکانی بەڕێز (د.صباح) دەکەم بۆ سندوقی شێرپەنجە و بۆ بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستانی تەندروستی و خۆبەخشانی تەندروستی، پاڵپشتی لە هەڤاڵانم دەکەم بۆ چاك کردنی بارودۆخی پێشمەرگە بارودۆخی داراییان لە هەموو رویێکەوە، پاڵپشتی کاك (زانا) دەکەم بۆ خانەنشینان.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان انصات دەڵێن هەر ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان قسە ئەکا ناوی خۆی و بە سیانی بڵێ لەبەر ئەوەی لە پرۆتۆکۆل مشکیلەیان بۆ دروست دەبێ بە بەردەوامی، بەڕێزیان خەڵکیان هەیە لێرە دەنووسێ کاك (مم) بەڕێزت، (مژدە) خان، فەرموون.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەمەوێ ئەوە بڵێم زۆر بەداخەوەم شەرم ئەکەم ئێمە خەمی ئیسراحەتی خۆمان بێ سێ دەقە دانێین بۆ قسە کردن بۆ ئەو بابەتە زەرووڕە کە لە دەرەوە خەڵك خۆی دەکوژێ لەبەر بێ

پارەی و بێ مووچەیی و بێ بازاڕی و بێ ژیانی جێگەی داخە، چی تێدایە با تا (٣) و (٤)ی بەیانی با خەریکی مناقەشە بین، چەند مانگە جەلسە نەکراوە بابەتەکەش زۆر زەرووڕە وەکو کاك (کاروان) ئاماژەی پێدا بابەتەکە ئەوە هەڵدەگرێ، یەعنی چی تێدایە با ئێمە تۆزێك هیلاك بین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان چەند پرسیارێکم هەیە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی سەبارەت بە فەرمانبەرانی گرێبەست کە پێشووتر ئەو بابەتە لە پەرلەمان بوو، فەرمانبەرانی گرێبەست نەك ئەرکن بۆ سەر حکومەت، بەڵکو دامەزراندنیان دەبێتە هۆی لا بردنی بارگرانی لەسەر حکومەت، چونکە هەر فەرمانبەرێکی گرێبەست ئەگەر بێت و دابمەزرێن مووچەی ئسمییەکەی دوو سەد و شتێکە ناگاتە سێ سەد هەزار بڕە پارەیەك لەوە دەمێنێتەوە، ئەگەر ئەو فەرمانبەرە گرێبەستانە بکەین بە هەمیشەیی دەتوانرێ ئەوەی کە لێی دەمێنێتەوە دەرچووی یەکەم و دووەم و سێیەمەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانی پێ دابمەزرێنرێ، زائیدەن ئەوەی کە لە یاسای چاکسازی (٥٠%) داهات دەگەڕێتەوە، پێویستە دەرچووی دانەمەزراو مامۆستای وانەبێژ و مامۆستای گرێبەستی پێدابمەزرێنرێ کە دڵنیام بارگرانیەکی ئەوتۆ تابێ بۆ حکومەت، چونکە هەم بەپێی یاسای چاکسازییەکە کە داهات دەگەڕێتەوە هەم ئەوەی فەرمانبەری گرێبەست دەتوانی بارگرانی لەسەر حکومەت لابدات ئەوە یەك، دووەمیان سەبارەت بە ئەو بابەتەی (بدریە) خان ئەوە بۆ بەڕێزت بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە ڕەوشی چاکسازییەکان پێویستە جەلسەیەك بکرێ تایبەت بە ڕەوشی چاکسازییەکان کە بارودۆخیان زۆر خراپە، چارەنووسی ئەو (٢١%) من پێم وابی (٢١%) فەرمانبەران (٥٠%) پلە باڵاکان ئەوانەی کە باخەوان و هەندێکیان (٣٠%) و شتێکیان لێبراوە، یەعنی حکومەت لە مانگی پێشوو بڕە پارەیێکی کەمی تەوزیع کردووە، یەعنی ئەو بارگرانییە قورسە نییە، سەبارەت بەو پێنج سەد و پێنج ملیار دینارە عیراقیەی کە ئی گومرگ و دەروازە سنوورییەکان کە لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژەی پێدراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان من دڵنیام چەند هێندەیە، بەڵام بۆ کوێ دەبرێ و لەلای کێیە و یەعنی ئەوە وەزیری دارایی لێی بەرپرسە کە بزانێ ئەوە بۆ کوێ دەچێ، من دڵنیام زۆر زیاترە، چونکە باج زیاد کراوە لە مانگی ڕەمەزاندا من بیرمە باج لەسەر بازرگانان زیاد کرابوو، کە داخلی خاڵە سنوورییەکان دەبوون هەر بەو هۆیەوە بازاڕیش یەعنی کەلوپەل گران کرابوو بەو هۆیەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دۆخی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان چارەسەر دەبێ من دڵنیام ئەگەر بێت و حکومەت پلانێکی تۆکمە بە هاوکاری پەرلەمان و دیوانی چاودێری دابنێ ئەو داهاتانەی کە لە خاڵە سنوورییەکان کۆمپانیا حزبییەکان دەیبەن بەناوی سۆنەر و بە چەند ناوێکی تر کە داهاتەکەی بۆ وەزارەتی داراییە ناگەڕێتەوە بۆ کۆمپانیای حزبی دەگەڕێتەوە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش قسەی زۆر باشت کرد (مژدە) خان، (شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا لە خاڵیکی ڕاپۆرتەکەی بەڕێزان ئەندامانی لیژنەوە دەست پێدەکەم، من تێبینیەکم هەیە ئاوی ژێر زەوی تەنیا خاوەنی حکومەت نییە، بەڵکو ئەوەندەی کە دەوڵەت خاوەنداری ئاوی ژێر زەوی دەکا، ئەوەندەش نەوەکانی داهاتوومان ئێمە بەرپرسیارین لەوان، چونکە وەکو کاك

(جمـال) ئامـاژەی پێـدا رۆژگارێـك چاوەرێمـانە كە شـەر لەسـەر ئـاو هەڵدەگیرسـێ وە هەمـوو ململانێیەكان دەبنە ململانێ لەسەر ئاو ئەو برەی كە هەیە بۆیە من پێم باشە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(شادی) خان، یەكێك لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان حادیسەیێكی لێقەوماوە، بۆیە رەفیقەكانمان ئەچـنە دەرەوە، بـۆ ئەوەوی دواتـر بە جەوێكـی تـر كەس و كـاری یەكێـك لە ئەنـدامی بەڕێـزی پەرلەمـان چـۆتە دەرەوە (خۆشـی) یەعنـی شـتێكی دیـاریكراو نیـیە، ئەو چـوونە دەرەوەیە پەیوەندی بە حاڵەتێكەوەیە، (شادی) خان، فەرموو.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە هیـوای سـەلامەتی بـۆ هەمـوو لایەك، ئەوە تێبینـی یەكەمـم بـوو، پرسـیارەكانم بـۆ بەڕێـزان میوانانمان لە وەزارەت.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دانیشتنەكەمان هەڵدەگرین بۆ ماوەی چارەكێك.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارەكەم ئەمێنێتەوە دكتۆرە.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەسەرچاو.

# پاش پشوو

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان دەست بە كۆبوونەوە ئەكەین، فەرموو شادی خان.

**بەڕێز شادی نوزاد وهاب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم خاڵم لە كۆتا خاڵی لیژنەی تایبەتمەندەوە دەست پێ ئەكەم، وەكو كاك جەمال ئاماژەی پێدا منیش تیكراری ئەكەمەوە، سەرچاوەكانی ئاو سەرچاوەیەك نین تایبەت بن بەوەی لەو خاله باس كراون، موڵكدارییەكەی بەس ناگەڕێتەوە بۆ دەوڵەت، بە ڕای من موڵكداری سەرچاوەی ئاو بە تایبەتی ئاوی ژێر زەوی ئەگەڕێتەوە بۆ نەوەكانی داهاتوو و پێش خۆمان و دواتر، پێشنیاز ئەكەم بكرێتە موڵكی نەوەكانی داهاتووی دەوڵەت، ئەو خاڵە بە هەند وەرگیرێ لەلایەن وەزیری پلاندانان كە لە پلانیان هەبێ لە داهاتوو كاری لەسەر بكەن، پرسیارەكانم بەوە دەست پێ ئەكەم ئایا بابەتی دانووستاندنەكان بەتایبەت لەسەر پرسی مووچە لەگەڵ بەغدا بە كوێ گەیشت؟ ئەگەر هەیە دانووستاندنەكان ئەنجامیان نەبێ یان بە كاتێكی نزیك ئەنجامی نەبێ، بەڕێز وەزیری دارایی بەدیل هەیە لەو كورتهێنانەی مووچە بۆ پڕكردنەوەی ئەو كورتهێنانە؟ ئەگەر هەیە چییە؟ سوپاس، لە حاڵەتی تەواو بوونی دانووستاندنەكان تەرخان كردنی بڕێك پارە ئەگەر بەدیل هەیە كەی بە نیازن یاسای بوودجە بێتە پەرلەمانی كوردستان و قسەی لەسەر بكرێ؟ ئەگەر یاسای بودجە لەپەرلەمان نەبێ ئەندامانی پەرلەمان گرانتر ئەتوانن بەدواداچوون بكەن، زۆر گرنگە یاسای بودجە بێتەوە پەرلەمان و كە چەندین ساڵە نەهاتۆتە پەرلەمان، بۆیە ئەوە خاڵێكی گرنگە، ئایا ڕێكاری وەرگرتنەوەی قەرزەكان وەكو ئەندامانی تر ئاماژەیان پێدا لە كۆمپانیاكان بە كوێ گەیشتووە؟ لە یاسای چاكسازی چی كراوە بۆ لابردنی نەهیشتنی دوو مووچە و سێ مووچە لە لیستی مووچەكان، چی كراوە بۆ ئەوە؟ ئایا كەی داهاتی هەرێم ئەگاتە ئەو رادەی كە (٣٠) ڕۆژ جارێك مووچە هەبێ و بێینە سەر ئەو كێشانەی زۆر لە كێشەی مووچە گەورەترە، بەڵام لەبەر زەروریەتی ژیانی هاووڵاتی كێشەی هەرە گەورەمان بۆتە مووچە، كەی وامان لێ دێ بیر لەوە نەكەینەوە (٤٠) ڕۆژ جارێك مووچە دراوە، فەرمانبەرانی هەرێم كەی شایستەی خۆیان وەرگرتووە تا بتوانن....

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەلا ناصر.

**بەڕێز عبدالناصر محمد علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەكان ئەكەین، چەند پرسیارێكمان لە وەزیری دارایی هەیە، پلانی حكومەتی هەرێم چییە بۆ چاككردن و دابەش كردنی مووچە؟ ئایا حكومەتی هەرێم شكستی هێناوە لە دابەش كردنی مووچە، ئەگەر شكستی هێناوە بۆچی لەگەڵ عێراق ڕێكناكەوێ بۆ ناردنی مووچە؟ بەڕێز وەزیری دارایی، كۆی داهاتی نەوت و مەرز و حاڵە سنوورییەكان و زەریبە

و كارەبـا و شـارەوانی و داهـاتی هـاتووچۆ و داهـاتی نـاوخۆ چەنـدە؟ ئەگەر بە شـەفافی کـۆ بکرێتەوە لەوانەیە بەشی مووچە بە زیادەوەش بکات، سەرەرای خراپی وەزعـی فەرمـانبەر لەوە خراپتر دۆخی خانەنشینانی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایشە کە وەزعیان زۆر زۆر خراپە و غەدرێکی گەورەشیان لێ کراوە، لە دوای (٣٠) ساڵ خزمەت بە بـڕی (٢٢٠) هەزار دینـار خانەنشـین ئەکـرێن، بۆیە پێویستە یاسای خانەنشینی هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش لە داهاتوو هەمـوار بکـرێتەوە بـۆ ئەوەی وەزعی خانەنشینی هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ چـاك بکـرێ تـا ژمـارەیەکی زۆر تـریش لە هێزەکانی ئاسایش و ناوخۆ خانەنیشن بن، پرسیاری تر دەربارەی بیـرە نەوتـی خـورمەڵە، بڕێکـی زۆر لە نەوتـی هەرێـم پێکـدێنی ئایـا مانگـانە داهـاتەکەی چەنـدە؟ دەربـارەی دامەزرانـدنی یەکەمەکانی زانکۆ کە پشتیوانی لە سەرجەم هەڤاڵانم ئەکەم، حەقیانە دابمەزرێن، پشـتیوانی لە هەڤاڵانم ئەکەم باسی بەرز کردنەوەی پلەی ئەفسەرانی هێزەکـانی پێشـمەرگەیان کـرد بەراسـتی حەقی خۆیانە، بڕیـاری کەمکـردنەوەی مـووچە لە مـانگی (٦) دەرچـووە، کەچـی بڕینـی مـووچە فەرمـانبەران مـانگی دوو جـێ بەجـێ کـرا، کەچـی فەرمـانبەر بەتەمـای وەرگرتنـی پاشـەکەوتی مووچە بوون لەو ساڵ وەریبگرنەوە، بڕیار وابوو (٣٠) رۆژ جارێك مووچە بدرێ، بەداخەوە کەس نازانی مووچەی مانگی سێ کەی وەریئەگـرن، بەراسـتی غەدری گەورەیە لە فەرمـانبەر، بەڕێـزان حکـومەتی هەرێـم هەر قەرزێـك بکـات پێویسـتە پەرلەمـان دەنگی لەسـەر بـدات و ئاگـادار بـێ، دەربارەی چۆنیەتی قەرز و لە کێی ئەکات و بـۆ چ مەبەسـتێکە، بەپێـی چ یاسـایەك کەس نـازانی حکومەتی هەرێم چەند قەرزارە و هی کێیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران عمر علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میـوانە بەڕێزەکـان ئەکەم، زۆربەی قسـەکانم کـران، بەڵام چەنـد خـاڵێکی تـرم هەیە ئەویش بۆ بەڕێز وەزیری دارایی، کردنەوەی هەژمـاری بـانکی بەکـوێ گەیشـت بـۆ فەرمـانبەر بـۆ زامن کردنی ئەو پارە پاشەکەوتەی لەلای حکومەتی هەرێمە؟ وەرگرتنەوەی قەرزی کۆمپانیاکـان لەو راپۆرتە هاتووە نیسبەیەکی کەم وەرگیـراوەتەوە لەو کۆمپانیایـانە، داواکـارم بەڕێـز وەزیـری دارایـی روون کـردنەوە بـدات لەسـەر ئەوەی بـۆچی تەواوی پارەکـان نەگەڕاوەتەوە؟ لە یاسـای چاکسازی هاتووە و کەوتۆتە بواری جێ بەجێ کردن بۆ حەفت بەڕێوەبەرایەتی خانەنشین کردن کە لە یەك بەڕێوەبەرایەتی خانەنیشن کردن کۆبکرێتەوە چ هەنگاوێك نـراوە؟ سـەرنجێکم هەیە، لە جیهان خەڵکانێك دەوڵەمەند ئەبن کە نـوغبەن، واتە یـاریزانی جیهانییەکـان یـان هونەرمەنـدە جیهانییەکان یان داهێنەر، نـازانم بـۆ لە هەرێـم خـاوەن کۆمپانیـا و مەسـئول و کاربەدەسـت و منـاڵی مەسـئول ئەبـنە ملیـاردێر؟ ئەگەر فرتوفێـل نیـیە لە داهـاتی گشـتی و لە گرێبەسـت و وەبەرهێنان وەرگرتنـی موسـاتەحە و قاچـاغچیەتی، ئەزانـن خـاوەن کۆمپانیـا هەیە تـا ئێسـتاش بـروای بە مەتـرە هەر نیـیە، نـازانم چـۆن بـۆتە ملیـاردێر، لە جیهـان داهێـنەر ئەبێـتە ملیـاردێر، پشتگیری خۆم لە وتەی شێخ زرار ئەکەم بۆ لێخۆش بوونی پـارەی ئـاو و کارەبـا لە هاووڵاتییـان،

پشتگیری لە کاك شێخ رزگار ئەکەم بۆ دادوەرەکان، پشتیوانی کاك باڵامبۆ ئەکەم بۆ خاڵە سنوورییەکان، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەلما خان.

**بەڕێز سلمە فاتح تۆفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەخت ئەکەمەوە لەسەر پێدانی مووچە پێش جەژن، بە تایبەتی مووچەی خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵاکان، بەپێی ئەو راپۆرتەی لیژنەی دارایی ئەو داهاتەی حکومەت پشتی پێ دەبەستی بۆ دابەش کردنی مووچە ئەو پارەیە لە بەغدا دێت و ئەوەی سامانە سروشتییەکان و داهاتی ناوخۆ و هاوپەیمانان، واتە ئەکاتە سێ یان چوار باب، ئایا ئەو پارە ووردە، ووردە بە دەست ئەگات یان بە یەکجار، چونکە بەراستی نەدانی مووچە دیاردەیەکی زۆر ناخۆشە، چەند مانگێکە و زۆر تاخیر نییە ئەوەی رابردوومان بیر چێتەوە، زیاد لە چەند ساڵێکە بە بەردەوامی دواکەوتنی مووچە بووە بە دیاردە، راستە بەڕێزت لەوانەیە نزیکی ساڵێکە بوویتە وەزیر، بەڵام حەز ئەکەم بزانم حیکمەت چییە لەوەی مووچە بە یەك مانگ تەوزیع ئەکرێ، وەزارەتی ناوخۆ یەك هەفتەی پێ ئەچێ تا تەوزیع ئەکرێ، ئەگەر لەسەر بەغدا بێ خۆ بە یەکجار ئەگاتە بەردەست، دابەش کردنی مووچە بۆ یەك مانگی ئەوێ؟ ئەگەر مووچەی لیوایەك تەوزیع بکرێ لیواکەی تر هەفتەیەکی تر وەرئەگرێ، ئەمەوێ بزانم وەزارەتی دارایی کە ئاگاداری هەموو داهاتی وەزارەتی ترە، ئایا ئاگاداری داهاتی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکانە؟ ئەوەی ئەوترێ ئەڵێن ئەو پارەیە کە لە سامانە سرووشتییەکان وەریئەگرن، ئایا داهاتی سامانە سرووشتییەکان تەنیا ئەوەیە ئەگاتە دەست بەڕێزت؟ یان داهاتی تر هەیە و وەزارەتی دارایی ئەگادار نییە؟ جەخت لەسەر پرکردنەوەی پۆستی بەڕێز وەزیری سامانە سرووشتییەکان ئەکەم، چونکە فەراغ بوونی ئەو پۆستە کێشەیە، بەخشین بە ناوی پرۆژەی وەبەرهێنان بۆ ماوەی (١٠) سالە هەیە، وەبەرهێنەرە بەڕێزەکان یەکێ بوون لە هۆکاری ئاوەدان کردنەوەی کوردستان، بەڵام (١٠) ساڵە ئەبەخشرێن لە باج، بۆ پێش (١٠) ساڵ گونجاو بوو، بەڵام ئێستا پێویستە چاوخشاندنەوە بە یاسای وەبەرهێنان بکرێ، خەڵکانێکی زۆر هەن لەبەر ئەوەی یاساکە لە باج ئەیبەخشێ کەل و پەل دێنن لە کاتێك ناچێتە زمنی ئەو پرۆژانە و بۆ وەبەرهێنان بەکارنایەت، ئەبینین باج لەسەر وەرەقە و قەلەم و تەماتە و خەیار هەیە، بەڵام لەسەر کۆمپانیا نەوتی نییە و لەسەر وەبەرهێنان نییە.......

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دکتۆر صباح نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز صباح محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لیژنەی تەندروستی پێمان باشە بڕگەی دوای ئەوە کە خوێندنەوەی دووەمی ماف و ئەرکی نەخۆش بەپێی ماددەی (٤٨) ی بڕگەی دووەم لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەو بڕگەیە بێتە تەئجیل کردن

بۆ پاشی جەژن ئەگەر ئەندامان رازی بن، چونکە ئەو یاسایە زۆر گرنگە، پێویستی بە کات هەیە، ئەمانەوێ شتێکی چاك بێ، لەبەر ئەوە داوا ئکەم ئەندامان رای خۆیان بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئاماژە لە برگەی دووەم لە ماددەی (٤٨) بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تەندروستی بە ناوی لیژنەکە داوا ئەکات ئەمرۆ گفتوگۆی پێشنیازە یاسای ماف و ئەرکی نەخۆش نەکرێن، داوای تەئجیل ئەکات بۆ دانیشتنێکی تر، چ ئەندامێك لەگەل دایە؟ (٥٨) کەس لەگەڵدایە ئەو برگەیە دوائەخرێ، فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی بەڕێزان میوانەکان ئەکەم، پشتگیری هەڤالان ئەکەم سەبارەت بە فەرمانبەرانی گرێبەست انشاللله دائەمەزرێن، پرسیارێك، ئەوانەیی لە کیتاب، حەدبا، قەلەم تەواویان کردووە شەهادەیان ئیعترافی پێ بکرێ، سەبارەت بە مەزرەعە، زۆرجار باس کرایە بۆ تاپۆ ناکرێن؟ سێ ملیار و کەسرێك بۆ حکومەت دێ، ئایا ئاوی بێ حیساب و کارەبای بێ حیساب ئەو پارە زەبەلاحە بۆ حکومەت دێ، ئەوانە تازە هەر داگیریان کردووە، بەداخەوە ئەو قسە ئەکەم زۆر جێ پێیان ئەلێن شوێنی فیرعەونەکان، باشە مادام ئیستیغلالی ئەو جێیە باشەیان کردیە بۆ تاپۆیان لەسەر ناکەن و ئەو پارە زۆرە بۆ حکومەت ئەبێتە واریدێك سێ یان چوار مانگ مووچەی فەرمانبەرانی پێ ئەدرێ، ئەگەر ئێستا چەکێکی بێ رەسید کە ئەندامی پەرلەمانم بنووسم (١٥٠) ملیار، لە رووی یاساییەوە چیم بەسەر دێ ئەگەر رەسیدی نەبێ؟ برادەرم هەیە کۆمپانیای هەیە بۆ وێستگەی کارەبا کە بۆ خزمەتگوزاری گشتییە چەکی بێ رەسیدی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانیان پێداوە چوار، پێنج ساڵە هاوار ئەکات پارەکەی نادەنەوە، چەکی پێ رەسیدی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، مەعقولە چەك بێ رەسید لە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەرچێ؟ سەد و قسور ملیار بێ، سەبارەت بە دوو مووچە، هەیە ئەزانم ئێستا لە پلەیەکی بەرزی وەزارتەکە لە خوارەوەش بن دەستە، هەردوو مووچەشی ماوە، لە وەزارتێکە لەولاش لە وەزارەتێکی تریشە، دوو مووچە وەرئەگرێ، ئەی بابۆ مەتری نالێن چەنجە مۆرە هەمووی دەرئەچی؟ ئەبێ چارەسەر بکرێ، ئەوەی تر تایبەتە بە ئێوە لە وەزیرە بەڕێزەکان هیوادارم زوویر نەبن، بیستیتم ئەلێن (١٥) ملیۆن نەسریە وەرئەگرن، ئێستا ٢١% و ٥٠% براوە، (١٥) ملیۆن ئێوەی بەڕێز وەری ئەگرن لە حکومەت مانگانە، نازانم راستە یان نا، ئەو (١٥) ملیۆنە لەسەر چ ئەساسێك وەرئەگیرێ، هیچ ماددەیەکی یاسایی هەیە، ئەگەر وایە چۆن تەسفیە ئەکرێ مانگانە؟ لە رووی یاساییەوەن ئەلێن هەندێك سەرۆك دەستەکانیش (١٥) ملیۆن وەرئەگرن، کەم بووە یان زۆر بووە ئەگەر وەڵامێك هەبێ سوپاستان ئەکەم.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك حیکمەت.

**بەڕێز حکمت محمد عبو زید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەین، چەند بابەتێك هەبوو، بەس دوو بابەت باس ئەکەم لەبەر ئەوەی قسەکانم کرا، داخاز ئەکەم وەکو پێشنیار، کەی چاکسازی لە پێشمەرگە و خانەنشینی شەهیدان

ئەکـرێ؟ زۆر زەرورە، یەکـێ پێشـمەرگە بـێ و خانەنشـین بـووبێ، یەکێکـیش پێشـمەرگایەتی نەکردبێ و وەکی ئەو خانەنیشن کرابێ حەیفە، بۆ نموونە کوری شەهیدم، ئێستا چۆن لە حەقی خۆم خۆش بم و یەکی تر بە حەیاتی خۆی تفەنگی پێشمەرگایەتی هەلنەگرێ و شەهید حیساب کرابێ، دووەم، زۆر باخ هەنە، پێشنیار ئەکەم حکومەتی هەرێم بیانفرشێ، پارەی کارەبایان لێ وەرگرێ، پشتگیری هەڤاڵانم ئەکەم باسی بەرز کردنەوەی پلەی پێشمەرگەیان کرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەلا جیهاد.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، پێشنیارێکم هەیە بۆ وەزیری دارایی، ئەو راپۆرتە هاتییە چێ کرن ژ بۆ هەندێکەیە عەدالەت هەبی، گەندەلی نەهێتە کرن لە دابەش کردنی داهاتی حکیمەتێ دا، پێشنیار دکەم پەرتووکە هەی گەلەگ موهیمە ئەگەر بێتە خۆندن ب دروست تەقسما مالیە دێتە کرن، پەرتووك ب ناڤە (سیاسە مالیە لی عوسمان بن عەفان)، ئەو پەرتووکە بەحسی دابەش کرنا داهاتێ دکەتن ب سەر خەلکی کە گەندەلی تێدا نەبیتن، پرسیارەکا دی، ئەگەر ئەم نەشین پێش جەژنی راتبێ خەلکی بدەین.........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان بەشی زۆرتان قسەی خۆتان کردووە، هەمووی (٥) یان (٦) هاورێتان ماوە قسەی خۆیان بکەن، با گوێیان لێ بگرین، دوایی دەرفەت بە وەزیرە بەڕێزەکان ئەدەین، فەرموو.

**بەڕێز جهاد حسن ابراهیم:**

......... ئەگەر نەشین حەتا جەژنێ راتبێ خەلکی بدەین خەڵك گەلەکا موحتاجە، تشتەکی وسا بکەین تشتەك بەر دەستی وان هەبی، خەلك موحتاجی سەد هەزار بیتن بەس تشتێ عیدێ پێ بکرن، پرسیارەکا دی، دەنگۆی ئەوەی هەی هندەك پەرلەمانتارا کورد لە بەغدا ئیش ئەکەن لەسەر ئەوەی قەناعەت ب کازمیی دروست بکەن کە کازمی بودجەی هەرێم نەنێرێ لەبەر ئەوەی زوڵم لە خەڵك کوردستان ئەکرێ، ئایا ئەو شتە راستە؟ ژ راپۆرتی هایتە هەرێم ٨٥% ئیعتیمادی ل سەر نەفتێیە، باشە رۆژی نەفتی ل کوردستانێ دەرخستی وەکوی گەلەك دەولەتێ دی ژی ئیعتیما نادەنە سەر نەفتێ، ئەم بێژین زەراعەتێ ژ ب سەر فەلاحێ ئینای، ئەڤ ساڵا بێت جوتیارا مە نەشێت ئڤ بەرهەمێ ئەڤ سالا بەرهەم بینن، یان سیاحەتێ، ئەڤرۆکە سیاحەت گەلەکا موهیمە، بەس موخابن، بەس خەلکێ عێراقێ بێن سەردانە کوەردستانێ بکەن ئەز بێژم وەکی ترکیا بۆمە داهاتەکا گەلەکی باش دێتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا داوا لە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ئەکەم جارێ کاتژمێرەکە راگرێ، چونکە دوو پرسیارم بۆ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هەیە..........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو شتانە بە هەست نابێ، دووەم نابێ قسە لەسەر میستداقیەتمان بکەی، هەمووماں ئەو موبایلە زیرەکەمان پێیە کە کاتی پێ ئەکەینەوە.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

........ جاری پرسیارێکم لە بەڕێزت هەیە، تۆ رەچاوی دادوەری ئەکەی یان یەکسانی ئەکەی؟

**بەڕێز منى نبى قهوجى/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە سەرەتاوە دەست بە قسە کردنی ئەندامان جگە لە کاتژمێر کە سێ دەقە قسە ئەکەن، هەندێکیان لە دوو دەقە و (٥٨) چرکە، بە نووسرایش ئامادە کراوە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە، بۆیە تکا ئەکەم گومانتان نەبێ لە سەرۆکایەتی، لەو پەری بێ لایەنی خۆی پاراستووە.

**بەڕێز مەم بران محمد قانع:**

........ خالێکی تر وەکو گلەیی لە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خالی پەیڕەوی لەسەر چ بنەمایەکی پەیرەوی وەریناگری، یەعنی دەستمان بەرزکردۆتەوە خاڵی پەیڕەوی داوا ئەکەین، پەیرەو لە سەرۆکی پەرلەمان و ئەندامان گەورەترە، بە زۆرینەی ئەندامان پەسند کراوە، ئەبێ وەرگیرێ، روون کردنەوەیەکی تر، پرۆتۆکۆل چاپکراوە، بەشێك لە قسەکانی من بۆ پەرلەمانتارێکی تر رۆشتووە، پرۆتۆکۆل بۆ ١٠٠ سالی تر ئەمێنیتەوە، من لە فلان جەلسە فلان پەرلەمانتار چی وتووە، ئەو مەسەلەیە ئەبێ چارەسەر بکرێ.........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم جەنابیت زۆرترین خاڵی پەیڕەوی داوا ئەکەی زۆترینت لی وەرئەگرم، ئەگەر هەلەش لە پرۆتۆکۆل بووە قابیلە بەوەی کە هەڵە رووبدا، بە بەردەوامی پەرلەمانتار قسە ئەکات و ئەنسات قسەکانی ئێوە وەرئەگرن و تەبع ئەکرێ، شتێ بنووسە بۆ ئەوەی چاك بکرێتەوە، ئێستاش فەرموو قسەکانت بکە.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

بەخێرهاتنی میوانان ئەکەم، لە کابینەی هەشتەم شتێکمان بیست ناوی پاشەکەوتی مووچەیە، لەو کابینەیە شتێکی تر هاتە بەرچاو ناوی بڕینی مووچەیە، ئێستا قسە لەسەر خەواندنی مووچە کرا، ئێستا مانگی دوو نەدراوە مانگی ( ٣ و ٤ و ٥ و ٦) مووچە نەدراوە، مانگی (٧) یاسای چاکسازی ئەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، بە وەزیری دارایی ئەلێم ئایا ئەو چوار مانگە ئەخەوندرێ کە چاکسازی ئەبێ لە مانگی حەوت جێبەجێ بکرێ، ئەو چوار مانگە چی لێ ئەکرێ؟ مەسەلەی پاشەکەوتی مووچە حکومەتی هەرێم تا ئێستا دە مانگ مووچەی نەداوە و (٣٤) مانگیش پاشەکەوتی مووچەی کردووە، ئەو قەرزەییە و ئەو حیسابە بانکیە کە بەپێی یاسای

چاکسـازی ئەگەر قیمەتـی نەمێنـی وەکـو بەشـێ لە پەرلەمنتـارە بەڕێزەکـان وتیـان ئـێمە چـۆن مامەڵەی لەسەر بکەین، خـالێکی تـر، تـا ٩-١ قەرزی خـانووبەرە و هاوسـەرگیری ئەوانە حکـومەت بڕیاری داوە ١٥% خۆش بێ، لە کاتێکدا خەڵکانێکی زۆر و فەرمانبەر و مووچەخۆرن و پارەی لای حکومەتە بۆچی ئەوە ناخرێتەوە ژمارە بانکی و لێ خۆش بوون لەوانە بکرێ؟ مەسـەلەی تەعـین بوونی یەکەمی زانکۆ ئەبێ حکومەت چارەسەری بکا، مەسەلەی خانەنشینی چارەسەر بکرێ، ئایا وەزیری دارایـی و ئەنجـوومەنی وەزیـران ئەتـوانی زامنـی سـی ڕۆژ بـکەن بـۆ پێـدانی مـووچە؟ بەراستی لەگەڵ بەغدا ڕێك ئەکەون ئەوە شەش جارە بچـنە بەغـدا، کێشـە چیـیە؟ بەغـدا داوای هەموو سەرچاوەکانی سنووری و داهاتی ناوخۆ ئەکا، نەوت نیوە یان هەمـووی ئەدەنـێ، بەپێـی ئەو ئیۆرتەی دارایی پێکەشیان کردووە لە مانگی (٤و ٥و ٦) تەنیا (٤٧) ملیار دینـار داهـاتی نەوت بـووە، نـوقتەیەکی تـر ئەمەوێ زیـاتر لەسـەر بوەسـتم پەیوەنـدی بەو (٢٧) ملیـار دینـارەوە هەیە بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران باسی کرد، لە ٢٠١٣ وە پارە نەهاتووە، بوودجە ٢٠١٣ هاتۆتە ئەنجوومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان، لە ٢٠١٣ باسی دینارێك قەرزی حکومەت نەکراوە، کابینەی رابردوو دینارێك قەرزار نەبووە، جگە لە پاشەکەوتی مـووچە نەبێ، بەپێـی یاسـایەك لە پەرلەمان دەرچووە یاسای ژمارە (٧) ی ساڵی ٢٠١٥ یاسای راکێشـانی مـایە، ئەو یاسـایە (٥) ملیـار دیناری بۆ هەرێم کردووە، حکومەت مولزەم نیە زیاتر لە (٥) ملیار قەرز بکات، جگە لەوەی لە نـاو یاسایەکی تر ژمارە (٢) ی ٢٠١٥ ی سەندووقی کوردستان بۆ داتان نەمەزراند؟ لە ناو مـاددەی (١٢) ی یاساکە بـاس لە سـەندوقی نەوەکـانی داهـاتوو بـۆ نەتـانکردووە؟ لە هەرێـم لێشـاوێك بریـار و یاسای هەبووە لە پەرلەمان دەرچووە پێشێل کراوە، لەو کابینە دیسان پێشێل کـراوە، ئەو کـابینە ساڵ و قسورە دەست بەکار بـووە، بـۆیە داوا ئەکەیـن مەسـەلەی ئەوانەی بـاس ئەکەن پێویسـتە مووچە بدرێ، مەنتیق نییە..........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو گولستان خان.

**بەڕێز گولستان سعید حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکـو ئیـزافەیەك بـۆ قسـەکانی کـاك مەم، دیـارە تێبینـیەکەی مـن لەسـەر پرۆتۆکۆلەکـان کە خوێندمەوە راستی زۆر هەڵەی تێدایە، ئەوە مێژووییە، زۆر گرنگە ئەو مێژووە راست بکرێتەوە، داواش لە سەرجەم ئەندامان ئەکەم بە تایبەتی ئەوانەی دوو ناومان هەیە نـاوی باوکمـان بڵێـین، بـۆ ئەوەی بـیکەین بە عـادەت نـاوی باوکمـان بڵێـین بـۆ ئەوەی وتەی خـۆی بە نـاوی خـۆی بـێ، پرسیارم لەسەر ئەو برینی ٢١% ی مووچەیە، هاووڵاتیانی هەرێم ئەو کاتی ئەو مووچەیە دابەش کـرا تەنیـا حکـومەتی هەرێـم و بە تـایبەتی بەڕێـز وتەبێـژی حکـومەتی هەرێـم ئامـاژەی بەوەدا مانگێکە خەڵك بە ئومێدەوە ئەوەی وەرگرت، هیوادارم ئەو نا ئومێدیە بە خەڵـك نەدەیـن بڕینـی مووچە دووبارە بێتەوە، هەوڵ بـدرێ لە کـاتی خـۆی مـووچە بـدرێ، لە کـاتی دەرکردنـی یاسـای چاکسـازی بەڕێزتـان وتـان لە دوای شـەش مـانگی تـر یاسـای خانەنشـینی یەکگرتـوو ئەهێـنە پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی هەموو مووچە خۆرانی هەرێمی کوردستان لەسـەر بنەمـای ئەو یاسایە خانەنشین بکرێ، هیوادارم ئەو یاسایە بە زوترین کات بگات، و پێمان بڵێن بۆچی تا ئێستا

نەهاتۆتە پەرلەمان، لە راپۆرتی لیژنەی دارایی ئاماژە بەوە کراوە کە بڕی رسومات دیار نییە، هیوادارم بڕی رسومات چ بۆ ئەو لیژنە بەڕێزە و سەرجەم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان روون و ئاشکرا و شەفاف بێ، رێنمایەکتان دەرکردووە ژمارە (١٢) ی ٢٩-٦-٢٠٢٠ زۆرێك لەو فەرمانبەرانە پەیوەندیان کردووە کە سەبارەت بە رێکخستنەوەی مووچە و پلەی وەزیفی کە هاتووە هەموو پلە وەزیفییەکان ئەگرێتەوە، هیوادارم روون کردنەوە بدەی بەو پەرلەمانە بزانین لەسەر چ بنەمایەکە بۆ ئەوەی بتوانین چاودێر بین لەسەر ئەو رێنماییە و زانیاری ئەوتۆمان هەبێ کە خەڵك نائومێد نەبێ، هیوادارم بیر لە دامەزراندنی هەموو دەرچووەکان بکرێتەوە تەنیا جەخت لەسەر دامەزراندنی یەکەم و دووەم و سێیەم ناکەمەوە، هەموویان مافی هەلی کاریان هەیە بە تایبەتی لە پلاتفۆرمی هەڵبژاردن وەعدی ئەوە دراوە (٥٠) هەزار هەلی کار برەخسێ، ساڵێ زیاتر لەو حکومەتە رۆیشتووە لەو (٥٠) هەزارە چەند هەزار هەلی کار رەخساوە، کەی فەرمانبەران سوودمەند ئەبن لە پارەی پاشەکەوت؟ بە تایبەتی ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرگرتنەوەی قەرزەکانی خۆی فشار ئەکات، هیوادارم ئەو قەرزە بڕێکی لە بڕی پاشەکەوت بگەڕێتەوە بۆ فەرمانبەران، بۆ ئەوەی ئەو بڕە لەجیاتی ئەوەی لە ١٥% لە فەرمانبەر خۆش ئەبن بکەن بە ٤٠%، بۆ نموونە لە بڕی پاشەکەوت کراو ئەو بڕەیە بگەڕێنیتەوە بۆ حکومەت لە ٦٠% وەرگرن، ئەوە هاندانێکی زیاتر ئەبێ بە پێدانی قەرزی پێشینەکانی، ئەوەی فائیدەی پێششینەی تەئخیریە هیوادارم لێ خۆش بوونی بۆ دەرکەن، چونکە فەرمانبەر لەبەردەم وەزعێکی زۆر خراپە، چەند رێکخراو ئەبینین بە ناوی فاوندەیشنی (س، ص) و نازانم چی، ئەم رێکخراوانە شمولی چاودێری دارایی ئەکەن یان چی؟ چونکە بڕێکی زۆر پارەی سەرسورهێنەر لەبەر دەستیانە کە ئەیبەخشن بە خەڵك و حکومەت و خەلکیش پارەی نییە، ئەوانە ئیستیغلال ئەکرێن بۆ دەنگدانیش.........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان لەگەل کاروبار قسەمان کردووە ئەو پەرلەمانتارانەی ناوەکانیان هاوشێوەیە کاك جەلال هەردووکیان، هەردوو کاك مەم، هەردوو گولستان خان، هەردوو شیرین خان، هەردوو کاك رزگاریش، لەمەودوا بە هیچ شێوەیەك قسە مەکەن بە بێ وتنی ناوی باوکتان، ئەوانیش عەینی موشکیلەیان هەیە و ناتوانن لە یەکتری جیاتان بکەنەوە، کاك هێرش فەرموو.

**بەڕێز هێرش حسن حمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەین، چەند پرسیارێکم هەیە هەرچەند زۆربەیان کران، ئایا دۆخی مووچە خۆر بۆ کۆتایی ئەمساڵ چارەسەر ئەبێ، مووچەخۆر کەی ئەتوانێ هەموو مانگێ لە کاتی خۆی مووچە وەرگرێ، ئەو رێگایانە چین وەزارەتی دارایی و حکومەت بۆ رێکخستنی درەماڵەی مووچە خۆر ئامادەی کردووە؟ ئەوە جۆرێکە لە رێکخستنی دەرماڵە یان بەفیعلی کەمکردنەوەی مووچەیە؟ دەربارەی گرێبەستیە نەوتییەکان لە بواری نەوت کراوە سوودی ئەو گرێبەستانە بۆ هەرێم چییە؟ ئەو گرێبەستانە ئەگەر سوودیان نییە بۆچی حکومەتی هەرێم دەیان ملیار دۆلار قەرزارە؟ ئایا لە لیژنەی دانسوتانکار لەگەل حکومەتی بەغدا چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو گرێبەستانە ئەکرێ؟ ئایا ئامادەیە دان بەو گرێبەستانە بنێ؟ پشتیوانی لە قسەکانی کاك جیهاد ئەکەم

دەربارەی دابین کردنی جەژنانەیەك بە تایبەتی بۆ ئەو مووچە خۆرانەی لە خوار ملیۆنێك وەرئەگرن، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێم لەوانەیە لە توانای نەبێ مووچە دابین بکات، بەڵام خۆ ئەتوانێ جەژنانەیەك بدات بەو مووچە خۆرانەی مووچەیان کەمە بۆ ئامادەکردنی کاری جەژن، پشتیوانی کاك باڵانبۆ ئەکەم کە هیچی تر بەرز کردنەوەی پێشمەرگە و هیزەکانی بەرگری زێرەڤانی رانەگیرێ، لەبەر ئەوەی ئەوانە دیفاع لەو کوردستانە ئەکەن، کاتێ بوون بە پێشمەرگە کەس داوای شەهادەی لێ نەکراوە بۆ ئێستا بۆ بەرزکردنەوەی پلە داوای شەهادە ئەکرێ؟ پشتیوانی لە دامەزراندنی سێ یەکەمەکان ئەکەم ناکرێ پلان نەبێ بۆ دەمەزراندنی ئەوانە، پێویستە دایانبمەزرێنێ، بە هەمیشەیی کردنی گرێبەستەکانیش، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك هاورێ.

**ببەڕێز هاورێ بنا محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆرجار لە ئیعلام ئەبیستین خەڵك نیگەرانە لە پەرلەمان و ئەو حکومەتەی شەرعییەتی لە پەرلەمانی کوردستان وەرگرت، قەناعەتم وایە ئەو پەرلەمان و حکومەتیش بەرهەمی هزری خەڵکە، ئەگەر باش بێ یان خراپ هەڵبژاردەی خەڵکە، پرسیارێك لە وەزیری دارایی، راستە هەموو ئەو حیزبانەی لە حکومەت بەشدارن کۆمەڵێ بەرکەوتە و ئیستیحقاقیان هەیە لە حکومەت ئیدی لە بەرێوەبەری گشتی تا بریکاری وەزیری و وەزیرەکان و کۆمەڵێ پۆستی تر، سەرباری ئەوەی ئیستیحقاقی خۆیانە ئەبێ کەسانێك دابنێن لە رووی پسپۆریەوە تێیان دا هەبێن لە دوای ئەوە یاسای چاکسازی دەرچوو، دوای ئەوە بە مانگێ بریکاری وەزیری ناوخۆ بەشی کاروباری سەربازی موالیدی (٥٧) ە، بریکاری وەزیری پەروەردە (٥٦) ە، بریکاری وەزیری شارەوانی (٥٧)ە، بە قەناعەتی من نازانم بلێم فێلێك لەو جۆرانەیە، لەبەر ئەوەی تەنیا لەو کابینەیە ئەو پۆستە ئەبێ دوو کەس ببینێ، لەبەر ئەوەی موالیدیان تەجاوزی کردووە ئەبێ خانەشین بن، (٦٣و٦٤) ساڵ تەمەنیانە، بە واژووی وەزیری دارایی فەرمانی بەستنی مووچەی بۆ ئەبەسترێ لەگەل سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هۆکار دەمەزراندنی ئەو جۆرە چییە لە کاتێکدا یاسای چاکسازی بەشێ لە هاووڵاتییان پێی دڵخۆش بوون وایان زانی داهاتیان بۆ ئەگەرێتەوە، یەکەم هەدەف ئەوە بوو مووچەی خۆیان کەمبکرێتەوە هەرچەند بە یاسای چاکسازیش نەبووە، داوا ئەکەم لە وەزیری دارایی روون کردنەوە بدات، پێم وابێ کۆتا کەسیشم، دڵنیان لە بیری ناچێ هەرچەند نایناووسێ، لەسەر وەبەرهێنان، سێزدە جۆر وەبەرهێنان هەیە لە هەرێمی کوردستان، حکومەتێکی بچووك کراوەیە لە ناو حکومەت، تەنیا دەست لە کۆمپانیاکانی خۆیان هەڵگرن ئەوانەی لە حکومەتن ئەتوانن زۆربەی کەلێن و بۆشاییەکانی داخوازی هاووڵاتییان پر بکەنەوە لە مووچە و پێداویستی، لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەپرسم نەوتی عەینزالە راستە بەشێکی حەشدی شەعبی ئەبیات، ئایا داهاتی ئەگەرێتەوە بۆ ..........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لە پێشا قسەی خۆش ئەکەی، پرسیارەکان ئەخەیتە ئەخیرەوە، فەرمووو کاك رێڤینگ.

**بەڕێز ریڤینگ محمد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئاخافتنی خۆم خلاس کرد.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەعید.

**بەڕێز سعید مصطفی تەتەرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان ئەکەم، بەپێی راپۆرتی لیژنەی دارایی کە سەرچاوەی وەزارەتی دارایـیە تەرکیز لەسەر جیهاتی هەرێم کراوە، یەکێ لەو داهاتانە خاڵە سنوورییەکانە، ئیشارەت بەوە ئەدات داهاتی شەش مانگ لە ١-١_٢٠٢٠ تا ٣٠-٦ (٥٠٥) ملیار دینارە، یەعنی ئەگەر دابەش بکرێ بەسەر ئەو چوار مەرزەی فەرمین، نازانم هی هەموو مەرزەکانە یان بەس فەرمییەکان، بۆ هەر مانگێك داهاتی یەك مەرز ئەکاتە (٢٠) ملیار دینار، یان داتایەکە دروست نییە، یان داهاتی خاڵە سنوورییەکان بە دروستی ناگاتە خەزێنەی حکومەت، سێ پرسیارم هەیە، ئایا ئەو داتایانەی دراون بە لیژنەی دارایی لە خاڵە سنوورییەکان داتاکان دروستن یان داهاتەکان وەکو پێویست ناگەرێنەوە خەزێنەی حکومەت، حەق بوو داهاتی خاڵە سنوورییەکان بەجیا دەستنیشان کرابوایە، چونکە دەنگۆ هەیە داهاتی کامل نایەتەوە خەزێنەی حکومەت، حەق بوو سنوور بە سنوور ئیشارەت درایە، پێشنیار ئەکەم ئەو کۆمپانیا ئەهلیانەی لە مەرزەکان ئیش ئەکەن حکومەتی هەرێم و بەتایبەت وەزارەتی دارایی خۆی ئەو ئیشانە رایی بکات، چونکە داهاتی خەیالی بەس لە یەك کۆمپانیای کوالێتی کۆنترۆل وەکو لیژنەی دەستپاکی کە سەردانی دەروازەکانمان کرد پرسیمان ئەکرێ داهاتی یەك رۆژمان بدەیە وتی هی چوار سەهاتان ئەدەمی (٣٧) ملیۆن دینار بە چوار سەعات، ئەگەر لەو (٣٧) ملیۆنە (١٠%) بۆ وەزارەتی دارایی بێ، حەقە خۆی ئەوە شیانە بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با لە خۆمان بپرسین هۆکاری سەرەکی بێ مووچەیی تەنیا حکومەتە؟ یان حکومەتی فیدراڵیشە؟ وەکو نوێنەری خەڵك پێویستە لەبەرچاومان بێ، ئایا تا ئێستا حکومەتی عێراق چەند مووچە و شایستەی دارایی کوردستانی قەرزارە؟ ئەگەر ئەو شایستە داراییانە بۆ حکومەتی هەرێم هاتبوایە وەزعی مووچە خەڵك چەند بەرامبەر چاك ئەبوو، ئەو بەڕێزانە وەزیر و میوانەکان لەو دانووستاندنەی لەگەڵ عێراق تاکەی حکومەتی عێراق بە هۆکاری جۆراوجۆر شایستە داراییەکانی کوردستان سەرف ناکات، تاکەی بەو شێوەیە ئەبێ و کاتی ئەوە نییە بەپێی خاڵە دەستوورییەکان حکومەتی عێراق مولزەم بکات و پەنا ببات بۆ کۆمەڵگای نێودەولەتی بۆ وەرگرتنی مافی خەڵکی کوردستان و فشار بکات، مەسەلەی یاسای چاکسازی کە کەوتۆتە بواری جێ بەجێ کردن ئایا پێشبینی ئێوە چییە و کاری لیژنەی چاکسازی کەی کۆتایی دێ، ئەو داهاتەی

ئەگەڕێــتەوە چەنــدە؟ بەو پێــیەی هەزاران شــەهید هەیە داوا ئەکەم لە لیــژنەی چاکســازی ئەولەویەت بــدرێ بە پێــداچوونەوە لە لیســتی شــەهیدان و زینــدانیانی شــەهیدان، (١٨) هەزار زینــدانی چــاوەڕوانی مــووچەن، داوا لە وەزیــری دارایــی ئەکەم کە ســەرۆکی لیــژنەی شــەهیدان داواکاری ئەخەمە بەردەستی وەزیری دارایی کە.........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە نووسراو بینێرە، فەموو.

**بەڕێز احسان محمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەپرسم لە وەزیری دارایی کە گازندەی کر کو خودامە جهێ من ئەگەر یەکێ پرسیار بکات، بەڕێـز وەزیر تۆش جهێ خۆ بدەنە پەرلەمانتاری نەك یەك پرسیار سـەد پرسـیار ئەکەن، چنکـی خەلکـی دەنگی دایە پەرلەمانتاری حەقێ وانە، جەنابیشـت بە دەنگـی پەرلەمانتـار بـوویە وەزیـر، بێـت و تەحەملی بکەی، پێشمەرگە ئەبێ یەکەم لیسـت بـێ مـووچە وەرگرێ، هێڤـی خـازین جارەکـا دی لیستا ئێکەمێ پێشمەرگە بیتن، فروقاتێ مامۆستایەن پەروەردێ ئامادێ غەدرەکا مەزن هـاتییە کـرن، قەزا ئامێـدیێ حتـا نـووکە فروقـاتێ ٢٠٠٣ وەرنەگـرتینە، هێڤـی خـازین چـارەك بێـتە کـرن، جەنابێ وەزیری گوتی (٢١%) سـەدێ مـووچە دێـتە بـڕین لە ٢٠١٤، ڕاسـتە، بەس ئەو پاشـەکەوت بوو خەڵك ئەمەلەکی ب پاشکەوت، بەس ئایا ئەو (٢١%) سـەدی هـیچ ئەمەلەك هەیە بێـتە دان؟ ڕاستە ٥٠% سەدێ حکومەتا هەرێم ڕاتبێ پلە باڵا کێم کر دەست خۆش بن، بەس ئەو (١٥) ملیۆنە مینحە بۆ وەزیرێ دێـتە دان ب چ شـکل؟ ئایـا بـۆچییە؟ ئەگەر هەیە روون کـردنەوە تکـایە، حتـا نووکە پەرلەمانتار هەیە کو هـزر بکـا عەینـزالە ل دەسـتێ مەدایە، تـا نـووکە تەسـلیمێ حەشـدی شەعبی کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك ئاوات کە وەزیری داراییە، بەڕێـز کـاك دکتـۆر دارا کە وەزیـری پلانـدانانە هـیچ کامیـان موختەسی مەجـالی نەوت نـین، پرسـیارەکان هەڵگـرن وەزیـری نەوت و سـامانە سروشـتییەکان دابنرێ ئەوکـاتە داوا ئەکەیـن، ئەو بەڕێـزانە بـۆ مەسـەلەی مـووچە و شایسـتەی خەڵـك هـاتوون، ئەوکات پرسیاری نەك کێڵگە پرسیاری بەرملێك نەوتیش ئەکەین، فەرمووو ئاشنا خـان، دوای ئەوە دوو دەقە ئەدەین بە سەرۆکی لیژنە.

**بەڕێز ئاشنا عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگەی پەیڕەو کە گفتوگۆی لەسەر ئەکەیـن بەپێـی بـرگەی یەکـی مـاددەی (٦٦) ی پەیـڕەوی ناوخۆ کە لەو یاداشتەی پەرلەمانتارانی بەڕێز داواکراوە هەر یەك لە بەڕێزان سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری دارایی ئامادە بن، هیوادارین بۆ جاری داهـاتوو ئەو بەڕێـزانە ئامـادە بـن، کاتێ یاداشتێك پێشکەش ئەکەین، سێ پرسیاری زۆر سادە، یەکەم، پێویسـت ناکـات باسـی ئەوە بکەین ژیانی خەڵك چۆنە، چونکە لە کەوکەبێك نین و خەڵکیش لە کەوکەبێك، ئەزانین بـارودۆخ خراپە، ئەم بارودۆخە تاکەی بەردەوامە و چارەسـەر چییە؟ مەسـەلەی قەرزی حکـومەت ئەوەی بەلای مـن گـرنگە روون نیـیە ئەو قەرزە بە چ میکانیزمێـك ئەدرێـتەوە؟ بـۆ بەڕێـز وەزیـری

پلاندانان، پلان چییە ئەو بارودۆخەی هەرێمی تێدایە تێپەڕی؟ ئەوتریٚ لەلایەن ئابوریناسان ئەوەی کە هەرێمی کوردستان بەس پشتی بە نەوت بەستووە، وەکو وەزارەتی خۆتان پلان چییە گرنگی بدەن بە کەرتی گەشت و گوزار و پیشەسازی و کشتوکاڵ بۆ زیاد کردنی سەرچاوەی داهات بۆ هەرێمی کوردستان، بۆ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری نێوانی هەرێم و بەغدا، گفتوگۆکان بەردەوامن، بۆ نەگەیشتوونەتە ڕێکەوتن؟ ئایا ئومێد هەیە ڕێکەوتن بکریٚ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێش ئەوەی دەرفەت بدەین بە وەزیرە بەڕێزەکان، دەرفەت ئەدەین بە لیژنەی کاروباری دارایی ئەگەر وەلامێکیان هەیە لە دوو دەقە، تەنیا ڕوون کردنەوە، فەرموو.

**بەڕێز زیاد جبار محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە وەزیرە بەڕێزەکان ئەکەم بۆ پێشنیارەکانیان، ئێمە لە ڕاپۆرتی خۆمان پرسیارمان نەکردووە، ویستمان لە ڕێگەی ڕاپۆرتی خۆمان زەمینەی پرسیار لای ئەندامان دروست بکەین، سەبارەت بە ڕسومات زۆر پرسیار کرا، پێمان وایە ڕسومات داهاتی باش بۆ حکومەتی هەرێم پەیا ئەکات، بە سوپاسەوە ئەو ڕۆژانەی کە بە دوای زانیاری ئەگەراین کە داهات لە کوێ دێ، هاوکاری کراین، بەڵام بە داخەوە لە مەسەلەی ڕسومات هیچمان دەست نەکەوت، ئومێد ئەکەین بۆ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی تریش باشتر لە داهاتوو بە دەنگمان بێن، بۆ ئەوەی زانیاری وەرگرین، خاڵێك کە زۆر گرنگ بوو لامان موناقەشمان کرد، دکتۆر ڕێبوار باسی کرد، فرەیی لە سەرچاوەی داهات، هەمەچەشنەیی موناقەشەی زۆرمان لەسەر کرد دیارە لە ڕاپۆرتەکە بیرمان چووە، ئەخیر قسە داوا ئەکەم لە حکومەتی هەرێم کێ ئەتوانی کاریٚ بکات ئیتر دابەش کردنی مووچە نەبێتە هەواڵی گرنگی کەناڵەکان، تەمانا ئەکەین ئەو ڕۆژە بێ ئەو بابەتە نەبێتە هەواڵی گرنگ، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئەرشەد.

**بەڕێز ارشد حسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕوون کردنەوەم لەسەر ئەو تێبینیانەیە هاوڕێیانم لەسەر، یەك لەوانە کاك مەم بورهان پێی وابوو لە ڕاپۆرتی دارایی دیارە (٤٧) ملیار بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان گەڕاوەتەوە، ئەو ڕەقەمە لە ڕاپۆرتەکە نییە، ئەگەر سەیر بکەی لە بەشی سەرچاوە داراییەکان لە خانەی سێیەم نووسراوە ئەو بڕە پارەیەی کە لە مانگی (١-٢-٣-٤-٥-٦) هاتووە بۆ وەزارەتی دارایی، دکتۆر زێدان........

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك مەم گیان قسەکردن و جوابدانەوە ئسلوبی خۆی هەیە، چاوەڕێ ئەکەین کاك ئەرشەد قسەی خۆی تەواو ئەکات ئەگەر پێویست بوو دەرفەت بە بەڕێزت ئەدەین نابێ تۆ لە ناو قسەی ئەوان قسە بکەی.

**بەڕێز ارشد حسین محمد:**

....... دکتۆر زێدان پێشنیارێکی جوانی هەبوو کە پێداچوونەوە لەو گرێبەستانەش بکرێ کە لەگەڵ فەرمانگە و دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێم کراوە، کاك باڵانبۆ لەسەر بیرەکان پێشنیاری هەبوو، ئەوە بۆ نموونە هاتووە، یەکێ لەو نموونانەیە، بەدریەکان خان پێی وابوو ئەبێ لە راپۆرتەکە داهاتە نادیارەکان نووسرابوو، داهاتە نادیارەکان چین لە راپۆرتەکە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەندامانی بەڕێزی لیژنەی دارایی و هاوڕێی بەڕێزم کاك ئەرشەد ئەوە روون ئەکەمەوە قسەکانم لە پرۆتۆکۆڵ هەیە، وتم لە مانگی چوار تەماشای راپۆرتەکە بکەن لاپەرە پێنج خوارەوە ئەڵێ هەروەها لە مانگی ( ٤-٥-٦) دوای دابەزینی نرخی نەوت وەزارەتی سامانە سروشتییەکان (٢٨٣) ملیار و (٤٢٤) ملیۆن دینار بووە، رادەستی وەزارەتی دارایی کردووە، زەحمەت نەبێ (٢٨٣و ٤٢٤) ملیارەکە دابەشی سێ مانگی بکە ئەکاتە (٤٧) ملیار دینار، منیش ئەو سێ مانگەم باس کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بەلێن ئەگەر روون کردنەوەت هەیە.

**بەڕێز بەلێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی گرنگە لە راپۆرتەکە مەلەسەی رێکارەکان چییە؟ ئێمە وەکو راپۆرت ئەخەینە بەردەمی حکومەت بۆ چارەسەر، داوام لە ئەندامانی بەڕێز ئەوەیە ئەوەندەی گوێم لە قسەکان بوو جگە لەو تەرحانەی خستوومانەتە روو لە راپۆرتەکە لەوانەیە لە کاتی گفتوگۆ هەندێ شت ئیزافە بووبێن، بەڵام وەکو بنەما هەمووماں دیاری کردووە، ئەگەر ئەندامانی بەڕێز دوای خوێندنەوەی ئەو راسپاردانەی کردوومانە و ئەو چارەسەرانە دامانناوە ئیزافەیەکی ترتان هەیە ئەوەی باستان کرد هەمووی لە چوارچێوەی ئەو رێگا چارەسەرانە بوو باسمان کرد، بەڵام ئەگەر هەست ئەکەن لە دەرەوە رێگا چارەسەری تر هەیە بە نووسراو بۆمان بنێرن بۆ ئەوەی هەم راپۆرتەکەی پێ دەولەمەند بکەین، هەموو لەو راسپاردانەی کە ئەیدەنەوە بە حکومەت دەوڵەمەند بێ، سەبارەت بە قسەی کاك مەم دەقیقە، بەڵام وتمان ئەو پارەیە بۆ یەك گوژمە وەرگیراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیرە بەڕێزەکان هەر کەس بە پێی ئیختیساسی خۆی وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە، پێش ئەوە هەندێ پرسیار ئاراستەی بەڕێز سەرۆکی دیوانی ئەنجوومەنی وەزیران لەگەل بەڕێز سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران کراوە، بۆ ئەوەی بتوانن قسە بکەن ئەبێ بەڕێزتان رازی بن بە دەنگدان بۆ ئەو بابەتانیە وەڵامتان ئەدەنەوە، ئایا رەزامەندن بۆ ئەو پرسیارانەی ئاراستەتان کردوون بەڕێزیان وەڵامتان بدەنەوە؟ بە کۆی دەنگ، سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز ئاوات شیخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا راست کردنەوەیەك بکەم لەسەر مەوزوعی ئەوەی کە پرسیار مەکەن، من ئومێدم وابوو لە سەرەتاوە دوای ئەوەی راپۆرتەکەی پەرلەمان خوێندرایەوە، رێگە بدرایە پێم وابوو بەشێکی زۆری ئەو پرسیارانە جوابیان وەرئەگیرا، خالێکی تر ژمارەی پرسیارە تیکرارەکان تەمەن درێژ بن زۆر بوو، هی ئەوە نییە بتوانی فریای بکەوی بینووسی، هەندێ ختووتی عام باس ئەکەم پێش ئەوەی بچمە سەر راپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمان، ئینجا ئەوەندەی کات هەبێ جوابی پرسیارەکان ئەدەینەوە، ئەمەوێ بۆ بیرخستنەوە هەندێ شت هەیە عەرزی بکەم، پێش هەموو شتێ فیدباکیك بکەین بۆ وەزعی هەرێم لەو چەند ساڵەی پێشوو، لە تەئریخی زۆر دوور نییە هەرێم مەرحەلەیەك حکومەتی موەحەدی هەبوو لە (٩٢) تا (٩٤) ئینجا لە دوای ئەوە بەداخەوە شەری ناوخۆ بڕوات و نەیەتەوە هات، مەبەستم لەو بیر خستنەوە لە رووی داراییەوە چۆن مەعامەلە کراوە، یەك ئیدارە هەبووە، بووە بە دوو ئیدارە تا ساڵی ٢٠٠٣، ئەو گومرگەی ئەو سنووری ئەولا ئیعتیمادی لەسەر ئەولا بووە، تا ٢٠٠٣ ئیدارە یەکی گرتۆتەوە و بە شانازیەوە بووین بە حکومەتێکی موەحەد، لەگەلیشیا لە ٢٠٠٤ بودجەی عێراق هاتووە تا ساڵی ٢٠١٤ مەصدەری ژیانی ئەو حکومەتە بە تێکرا لە عێراق هاتووە لە نیسبەتێکی کەم کە تەقدیر کراوە بۆ داهاتی ناوخۆ و گومرگ کە باقی لەسەر عێراق بووە، ئیقتیصادی عێراقیش لەسەر لەنوێ دروست بوونەوەیە لە دوای رووخانی رژێم، ئیعتیمادی لەسەر نەوت بووە، کوردستانیش ئیعتیمادی لەسەر نەوت بووە، لەو ماوەی هاتووە تا ٢٠١٤ حیزبەکانی دەسەڵات بە پای پیلان خەڵکیان دامەزراندووە، بیرمە لە ئیدارەی سلێمانی ئەگەر رەقەمەکەم زۆر دەقیق نەبێ مووچەی مانگێکی سلێمانی (٣٥) ملیۆن دینار بوو، ئێستا چەند زیادی کردووە، حیزبەکان دوور لە حیساباتی میلاك و پێویستی خەڵکیان دامەزراند، کار گەیشتۆتە ئەوەی حیزب هەیە بۆ ئەمرۆ رەنگە عەدەدی موەزەف و خانەنشین و پێشمەرگەکانی لە عەدەدی ئەندامە فیعلیەکانی زیاتر بێ، ئەوە حەقیقەتی تاڵە کە مەفروزە بیزانین، لەبەر ئەوە لە ٢٠١٤ بە قەرارێکی زالمانە مووچەی هەرێم بڕاوە، هەرێم بە نەتیجەی سیاسەتی نەوت کە رەنگە بەشێکی بێ کەوتۆتە بارێکی ئابووری زۆر ئالۆز کە مەجبور بووە لە ٢٠١٤ ەوە بەو رێگایە مووچە بدات، بە عینوانێکی زۆر ناخۆش کە هەموومان حەزمان لێ نییە پاشەکەوتی مووچە، ئەو وەزعە تازەیە حەقیقەتێکی نەگۆریوە جارێکی تر ئیعتیمادی ئێمە لەسەر ئیقتیصادی رەئیە، ئەوەی (٤٥٣) ملیار لە عێراقەوە هاتووە لە ئینتاجی نەوتی عێراقەوە هاتووە، ئەوەی لای خۆشمان (٢٩٦) ملیۆن هاتووە لە سامانە سرووشتییەکان دیسان لە نەوتەوە هاتووە، واتە ئیقتیصادی ئێمە بەشی هەرە ئەساسی لە ٧٠% ئیعتیمادی لەسەر نەوت بووە، رۆژگار هاتۆتە پێشەوە تا لە ٢٠١٩ تا رادەیەك نێوانی حکومەتی هەرێم و فیدرالی چاك بووە، گەیشتۆتە ئەو ئیتیفاقەی لە قانوونی موازەنەی ٢٠١٩ هاتووە، لێرە راست کردنەوەیەك پێویستە هەموو کەس بیزانی بەداخەوە بە تایبەتی جەماوەر بیزانێ رەنگە بۆخۆمان و ئێوەش مەسەلەیەکی زۆر ئەهمیەت دار نەبێ، بەڵام ئەبێ خەڵك بزانی بەپێی قانوونی موازەنەی ٢٠١٩ قانوونی بودجەی عێراق مافی بە کورد داوە بەپێی ماددەی (١٠) هەرێم ئەتوانێ نەوتی خۆی ئینتاج بکا و بیفرۆشی ئەگەر پارەی نەوتی تەسلیمی عێراق کرد، ئەوە

بودجەی بە کاملی وەرئەگریٚ ئەگەرنا بە قەدەر کریٚی نەوتی فرۆشتوویەتی بە پیٚی ماددەی (١٠) لە بوودجەکەی ئەبریٚ، وە کردوویەتی، ئەخیر قسەی من بینیمان لە وەفدی مفاوەزاتی کورد پیٚم وابیٚ بەس کاك قوباد نوقسانە بە ئاشکرا وتی بەلیٚ ئیٚمە لە ٢٠١٩ بەلیٚ لە ٥٠% میزانییەی کوردستان لە برِی ئەو نەوتەی فرۆشراوە برِیوە کە مافیٚکی دەستووری هەم ئیٚمە بووە هەم ئەوانیش، کەوایە مەسدەری ئەساسی ئیٚمە کە نەوتی (٤٥٣) ملیارەکەی بەغدا بووە ئینجا (٢٩٣) نەوتی هاتۆتە سەر، ئینجا (١٧) ملیۆنی هاوپەیمانان، ئینجا داهاتی ناوخۆ کە مانگی وا هەبووە (١٠٠) ملیار یا زیاتر و کەمتر، لە ٤٣% لەولاوە هاتووە و لە ٥٧% لەولا هاتووە و باقی بۆ نەفەقاتی تەئغیلی و وەزارەتەکان و دەوائیر و خەستەخانە و کارەبا، ئەوانە مەسدەری ئەساسی مووچەی هەریٚم بوون، ئەوانە حازر بکەن وەکو مووچەی مانگی حەوت تا مانگی دوو بەپیٚی ئەو تەقدیرەی رۆیشتووە کە حکومەت سیٚ مانگ مووچە لە دواوەیە بەر لە مانگی (١٢) ی ٢٠١٩ ئیٚمە (١٢) مووچەمان داوە، کە هاتۆتە ئەولاشەوە ئیٚمە بەپیٚی ئەو مانگانەی لە عیٚراق هاتووە تا مانگی چوار مووچە دراوە، بەڵام بەپیٚی حیساباتی ئیٚمە سیٚ مووچەی چۆتە قالبی پاشەکەوتی ساڵانی پیٚشوو کە میراتییە بۆ ئەو حکومەتە ماوەتەوە، ئەو حکومەتە هیچ دەسەڵاتی لە دروست کردنی سیٚ مووچەی ئەو دوایە نەبووە، حاڵەتیٚکی تر کە لەسەر داهاتەکان باسی ئەکەین، کە باسی داهاتی نەوتی کوردستان ئەکەین فیداباکیٚك دیٚتە خەیاڵمان کە عقودی نەوتمان وامان نەکردبووایە کە قەناعەت وایە سیاسەتی نەوتی کوردستان شکستی هیٚناوە، بە دەلیلی ئەوەی بەریٚز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جیٚگرەکەی ئەوساش بەشیٚ لە ئیٚمە لە رۆژی دەست بەکاربوونی حکومەت چووین بۆ بەغدا، لە دەمی رەئیسی حکومەت بە عیٚراقمان راگەیاندووە ئامادەین کیٚشەی نەوت لەگەڵ هەریٚم بە هەموو شیٚوەیەك چارەسەر بکەین، لە ٢٥-٧-٢٠١٩ هەردوو نائیبی رەئیسی وزەرائی عیٚراقی هاتنە ئیٚرە، ئیتیفاقمان لەگەل کردوون لەسەر مەوزوعی نەوت و بوجەی هەریٚم و هەموو ئەو کیٚشە هەڵپەسەردراوانەی بەینی هەریٚم و بەغدا، کیٚشەی مالی و نەوت بەپیٚی ئەو وەرەقەی بەدەست وخەتی دکتۆر سامر غەزبان ئیمزا کراوە، کیٚشەمان لەو رووەوە لەگەڵ عیٚراق براندەوە، هاتوون جاریٚکی تر بۆ رەسمی بوودجەی عیٚراق جاریٚکی تر لە مانگی (١١) چووینەوە بۆ بەغدا سیٚ جار ئیتیفاقمان کرد کە بەداخەوە کەم کەس لە ناو خۆمان بە حیزبەکانیشەوە غەیری ئەحمدی حاجی رەشید لە سیٚ موناسەبات باسی کرد، وەفدی کوردستان سەرکەوتنی گەورەی کردووە و کیٚشەی نەوتی لەگەڵ عیٚراق حەل کرد لەسەر بوجەی کوردستانیش ریٚکەوت کە مانگی (٩٠٠) ملیۆن بیٚ، چووە ناو ئیتیفاقی ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە حازر کرا بنیٚردریٚ بۆ پەرلەمان بەداخەوە ئیستیقالەی دکتۆر عادلی بەسەر هات، ئەم پیٚشەکییە بۆ ئەوە باسم کرد لە حکومەتی هەریٚم بەعزیٚك لەو هاوریٚیانە باسی دابەش کردنی مووچە ئەکەن، ئەم مەصدەرانەی مووچە ئەوەی بە سابیتی هاتیٚتە لای ئیٚمە بەتایبەتی لە نیوەی سالی ٢٠٠٠ بە موستەقیری هاتبیٚت لە دوای کۆرۆناوە هینەکەی تەحالوف بە موستەمیری نەهاتووە، داهاتی ناوخۆ و عیٚراقیش بەهۆی کۆرۆنا و زروفی عالەمی هەمووی بە نیسبەت ئیٚمە هاتۆتە خوارەوە، یەکیٚ لەو رەفیقانە باسی کرد بە داهاتی وەزارەتی ناوخۆ ئەتوانین بژین، داهاتی وەزارەتی ناوخۆ چەند رۆژ هەبووە هاتۆتە سەر سفر بیٚ هیچ ئیزافەیەکی تر، ئیٚستا ئەو سەرچاوانە حاز بن مووچە سبەینیٚ ئەدریٚ، بە نیسبەتی داهاتی ناوخۆ بەرەئی

زۆربەتـان قسـە دەسـت پـێ ئەکـات یەکسـەر بە گـومرگ دەسـت پـی ئەکـات، ئەمەوێ زۆر بە راسـتگۆیی عەرزی بـکەم هـیچ نەبـێ لەبەر ئەوەی سـوێندم خـواردووە ئەوەی لەبەر گەل و نیشتیمان بێ مـن نەیـکەم، گـومرگ کـۆمەڵی ئیجرائاتمـان لەسـەر کـردووە، بـۆ نمـوونە مەجـالی ترانزێتمان کردۆتەوە، بازرگـانی نەوتمـان لە سنوورەکان ئـازاد کـردووە، هـیچ تەنکەرێکـی نەوت نییە لە حدود بڕوا بێ ئەوەی ئەو پارەی لەسەرییەتی وەرنەگیرێ، ئەو گرێبەستانەی هەبـوون بـۆ زانیاریتان هیچی لەو حکومەت و وەزارەتی مالیە ئیمزا نەکراوە، یەك گرێبەسـت نیـیە لە مـانگی (٧) ی ٢٠١٩ لە وەزارەتی مالیە بەدەر لە یاسا کرابێ، هیچ عەقـدێکیش نەکـراوە بەگشـتی، ئەوەی کراوە پێش ئێمە بووە ئەگەر باش و خراپ، ئەو حکومەتەی ئێمە مەسئولیەتی قانوونی لە مانگی (٧) ی ٢٠١٩ ەوە دەسـت پـێ ئەکـات، لە پـێش ئەوە چـاك کرابـێ یـان خـراپ ئـێمە مەسـئول نـین، وەزارەتی مالیە لە هیچ ئیلتیزاماتی راناکات، ئەو قسەیە بۆ رەئیسی حکومەت و نائیب و هەموو وەزیرە بەڕێزەکان، راستە ئەوەی بە نیسـبەت ئـێمە لە کـوێ توانیبمـان خەلەل راسـت بکەیـنەوە کردوومانە، نمـوونە، زۆرجـار ئەبیسـرا قاچـاغچیەتی کـاك فـڵان و فیسـار، ئەو کاکـانە نەمـاوە بە هیمەتی هەمووڵایەك، یەك تەجاوز هەیە کە وازیـحە و ئەزانـن، رەنـگە بەشـێ لەوانەی لێـرەن کە نەوەی نوێ ئاگای لێی نەبێ یان بەشێ لە گۆران بلێ ئاگامان لێ نییە، لە (٩٢) بۆ ٢٠١٩ بە شێوەیێ بەشـدار بـوون لە حکـومەت، ئەو موزاعەفاتـانەی بـووە هەر کەس بە قەدەری خـۆی تەحەمـولی مەسـئولییەت ئەکـات، ئەو گلەیـیە بـۆ لەوان نـاکرێ؟ لەبەر ئەوەی ئەوان لە حکـومەت نەبـوون، بـۆچی باسـی ئەکەم؟ بـۆ ئەوە نیـیە خۆمـان لە مەسـئولییەت بـدزینەوە، ئەو پەرلەمـانە ئەو ئیلیتزاماتانەی بۆمان هـاتووە بـۆ ئێـوەش هـاتووە، بـۆچی؟ بەشـێکی زۆری ئیعفائـاتی زەریبـی و گومرگی لەو پەرلەمانە قانوونی بۆ کراوە، لەبەر ئەوە کـاتی ئەمـانەوێ ئەمـانە راسـت بکەیـنەوە ئەبێ چـی بکەیـن؟ هەمووومـان بە یەکەوە قـانوونی چاکسـازیمان دەرکـرد، یەك حـالەت لەسـەر قانوونی چاکسازی وەکو ئایەتەکەی لێ نێ (ولا تحمل لنا مالا طاقة لنا بـه)، شـتێ لە تـاقەتی ئەو حکووتـا لە مـاوەی سـاڵێك ئەگەر وورد بـکەیەوە لە هەفتـیەك پێـنج رۆژ چەندیشـی بـۆ عـوتلە رۆیشتووە، رۆژی کارکردنی ئێمە رەنگە لە شەش یان حەوت مانـگ تێـنەپەرێ، لەو حەوت مـانگە یەکێ لەکارەکان قانوونی چاکسازییە، یەکی تر داهاتەکـانی حکـومەت بە وەزارەتـی نەوتیشـەوە دێتە وەزارەتی دارایی، عقودی نەوت کێیە؟ ئۆبالی بە ملی ئەوەیە عقودەکانی کردووە، تا ئەکاتە ئیرادەیەکی موشتەرەك لە ناو حکومەتەیە وەکـو یەك تـیم چـۆن ئـیش لەسـەر ئەو نوقسـتانیانە بکەین، ئێسـتا ئیشـی لەسـەر ئەکەیـن یەکـێ لەوانە جەدوەلـی قەرزی نەوتە، ئەوەی تـر ئیعـادەی نەزەری عقودی نەوتە کە ئێستا لە بواری جێ بەجێ کردنە، دێـمە سـەر راپـۆرتەکە، سـێ سـەبەب دانـراوە بـۆ خراپـی دۆخـی هەرێـم، ئەوەی نووسـیویەتی لە روانـگەی هەسـت بە مەسـئولیەت کردنەوە بووە، چەنی پەیوەندی بە دانووستاندنەکان هەیە، لە دانووستاندنەکان پێم خۆش نیـیە ئەو قسـە بـکەم، بەڵام دانسـووتاندنەکان باوڕتـان بـێ شـەرە لەسـەر مافەکـانی کـورد، لە هەمـوو مفاوەزاتەکان ئەمەوی بیزانن بۆ ٢٠١٩ ئیتیفاقمـان کـردووە بـۆ بـوودجەی (٢٠) یـش، ئیتسـیقالەی دکتۆر عادل نەبووایە ئێستا تەواو ئەبوو، لەسەر مەسەلەی گەنـدەلی حکومەت بە بەرنـامەیەکی چاکسـازی هـاتووە، ئەم بەرنـامەی بـۆ تەقـدیم کـردووە؟ لەبەر ئەوەی گەنـدەلی هەیە، ئەوەی بەڕێزتـان ئەزانـن بـۆ نمـوونە شەخسـێکم لە گـۆرانەوە هـاتووم، تـا هـاتنم و بـوون بە وەزیـر ئەو

قسانەی بەڕێزتان ئەکەن لە ڕێگەیی موعارەزە بوونەوە و بەشدار بـوون لە حکـومەت و جـارێکی تر موعارەزە بوون هەمـوو ئەوانەی وتوومـانە کردوومـانە، بەڵام بەنەزەری ئێسـتای ئـێمە تـاکەی قسە کردن و ئیش کردن دەست پێ ئەکات، پێمان وایە بەشداری کردن پرۆسەی چاککردنە، لەبەر ئەوەی بڕوانـاکەم کەس هەبـێ لەسـەر شـەفافییەت و گەنـدەلی کەس نەمـابێ نەیـزانێن هەزار ڕەحمەتی لێ بێ کاك نەوشیروان پاش چوار ساڵ وتی موجتەمەع وشیار بۆتەوە، ئینجا فەرمـوو بۆ ئیش کردن، زرووفی کوردستان بە داخەوە گەنـدەلی هەیە، کـێ لـێ مەسـئولە وازیـحە، ئەبـێ هەمووومان چاکی بکەین، ئەگەر ئەڵێن وەزارەتی مالیە عەسـای سـحری پێـیە و سـبەینێ مـووچە حازرە، نەخێر مووچە بە عەسای سحری حاز نابێ، بە ئیش کردن حازر ئەبێ، باسی ئەوەتان کـرد چـۆن حەل ئەبـێ؟ ئەم وڵاتە نەبـێ بە سـاحیبی ئـابووری نیشـتیمانی نەجـاتی مەحـالە، ئەوەش مەسـئولیەتی هەمووومـانە، لە حکـومەتی هەرێـم بە پشـت بەسـتن بە قـانوونی چاکسـازی و بەو شـارەزایی و خبـرەی هەیە پلانمـان بـۆ دۆخـی ئـابووری هەیە، بە داخەوە لە سـەرەتای سـاڵ بەو ئیجرائاتانەی کردمان لە زەریبە و گومرگ، توانیمان داهـاتی ئەو حکـومەتە بـۆ ڕەقەمێکـی گەورە بەرز بکەینەوە و ببێ بە بەدیلی نەوت، زۆریش نەمابوو، بەڵام کۆرۆنا هات، کێشـەی ئـێمە لەگەل عێـراق چیـیە؟ تەفاسـیلی نـاو مفـاوەزات جـائیز نیـیە باسـی بـکەم داوای لـێ بـووردن ئەکەم، خولاسەی کەلام پێت ئەڵێ تۆ حەقی قانوون لەگەڵتە، بەڵام پـارەم نیـیە، بـڕۆی لە بەغـداوە داوا ئەکات مووچەخۆرانی هەرێم بەرێتە سەر بەغدا هەیسـەم جبـوریش پێـی ئەڵـێ حاشـە لە رووی ئـێمە قەشـمەری بە عەدەدی مـوەزەفی ئـێمە دێ، ئـێمە ملیـۆن و دوو سـەدو حەفتـا هەزار مووچەخۆرمان هەیەن بەپێی قانوونی بودجەی عێـراق کـورد مـافی (٦٨٢) هەزار هەیە، ئیمکـان نییە عێراق ئەوە قبول بکات، لە هیچ موناسەبەیەك لە شیعارات تێنەپەڕیووە، هەیە ئەڵێ هەرێـم جیائەکاتەوە، هەرێم جیا بکەیەوە و تەقسیم و زائیدی بکەی و بکەی بە چوار عەدەدی مـوەزەفی ئێمە (٦٨٢) هەزارە، چەندی بەر ئەولا و چەنی بەر ئەولا ئەکەوێ، هەر لە زمنی ئەو قسانە........

**بەڕێز هێمن احمد حمه صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

با وەزیر قسەکانی تەواو بێ کاك عەباس، وەڵامی ئێوەش ئەداتەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

........ ئەو تێبینیەی، کێشەکە بە نیسبەتی عێراقەکەوە کەمی سویلەیە، وەکـو ئەڵـێن عـیلاقەی بە مـافی دەسـتووری و قـانوونیەوە نیـیە، لەسـەر هۆکـاری خراپبـوونی دۆخـی دارایـی هەرێمـی کوردستان، ئەو ئەسبابەی داتاناون وەکو ئەوەیە مـن لە سیاغەکە لێـرە بـووبم، ئیختیلافـی تێـدا نییە، لەسـەر ڕەقەمەکـانی سـەرچاوەکانی داهـات تەسـجیلتان کـردووە تیکـراری نـاکەمەوە، هەر کەسیش پێی خۆشە بێ بۆ هەر ڕەقەمێ لەوانە تەفاسیلی ئەدرێتێ، لەسەر یەکـێ لە ڕەفیقەکـان باسـی ئەوەی کـرد وەزارەتـی دارایـی ئاگـای لە عەقـدی نەوت هەیە یـان نـا؟ وەزارەتـی دارایـی وەزیفەی نییە و ئاگای لە عەقدی هیچ وەزارەتێکی تر بێ، حەقی پەرلەمانە موتابەعەی عقودیـان بکـات، حەقـی ئیـدیعای عـام و دەسـت پـاکییە، حەقـی چـاودێرییە، وەکـو چـۆن مافمـان نیـیە موراجەعەی عقودی وەزارەتی سەناعە و تیجارە و زەراعە بکەین، لەسەر ئەوەی داعاتی دێتە لای

ئێمە؟ لە دەستبەکار بوونی ئەو حکومەتە لە مانگی (٨) یا (٩) یە بە بڕیارێك لە ئەنجومەنی وەزیران داهاتی هەموو وەزارەتەکان دێتە وەزارەتی دارایی، ئەو داهاتەی جاران ئەچووە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، لەوێ تەوزیع ئەکرا، بەشێ ئەو وەزارەتە و بەشێکی پترۆ دۆلار و ئەوانە هەمووی دێتەوە وەزارەتی دارایی، بۆ ئەوەی سەریع تر بڕۆین، لەسەر چاکسازی لە سەرچاوەی داهات بەڕێزتان نووسیوتانە، پێداچوونەوە لە گرێبەستەکانی نەوت وەکو عەرزم کردن دەستمان پێ کردووە، پێداچوونەوە بە باج لەسەر کۆمپانیاکانی نەوت، دەستمان پێ کردووە و لە ئەنجومەنی وەزیران هەیئەتێك دانراوە، کاك ئامانج سەرپەرشتی ئەکات، باجیشمان وەرگرتووە بە تایبەتی ئەوانەی خەدەمات، بەشێکیش بۆ کاك ئامانجی جێ دێلم، مەوزوعی قەرز، قەرزی ئاسانکاری کاتی خۆی بێتەوە یادتان لەو پەرلەمانە پێشنیاری ئەوەم کرد لەبەر ئەوەی قەرزی ئاسانکاری ئیجرائاتمان کردووە لەسەری پێویست ناکات بچێتە ناو قانوونی چاکسازییەوە، بەڵام ئیلحاحتان کرد چۆتە ناویەوە، بەڵام لە وەزارەتی دارایی لە ١٣- ٥ دەستمان کردووە بە ئیجرائات بە داخەوە ئیجرائاتێکی موعەقەدی قانوونی سرفە، ئەمە لە ڕێگەی مەحکەمەوە بڕوا پرۆسەیەکی زۆر خاوە، بە تایبەتیش تێیدایە لەو قەرزانە، ئەو ڕەقەمەی بیستووتانە ڕەنگە (٥٠٠) بووبێ بە (٦٠٠) یان (٧٠٠)، بەڵام ئەوەی گرنگە ڕەقەمی ئەساسی بەداخەوە هەندێ لەو دەوڵەمەندانە کە قەرزەکەی وەرگرتووە بۆ فێل وەریگرتووە، بۆ ئەوەی وەرنەگرتووە قەرز بداتەوە، تێیدایە بەشێکی لە قەرز داوەتەوە تووشی زرووفی حکومەت بووە، پرۆژەی کردووە و پارەی وەرنەگرتووە زەرەری کردووە، حوجەیەکی هەیە پارەکەی نەداوەتەوە، هەیە هەر لێی ناپرسێ، بۆچی ئەوەی کردووە؟ یەکێ لەو ڕەفیقانە باسی دەوڵەمەندی فاحیشەی کرد، فێلی لە حکومەت و خەڵك کردووە، موراجەعەی باج لە کۆمپانیا گەورەکان دەستمان پێ کردووە، بۆ باج یەکێ لە ئەسبابی زیادکردنی داهات باجە، لەسەر مەوزوعی گومرگ سیستەمێکی ترانزێتمان باس کرد، تەقریبەن کردوومانە بە ئەلیکترۆنی ئیجرائتیشمان کردووە، هەندێ دەروازەمان داخستووە، مووچەی هەندێ شوێنمان ڕاگرتووە، لەبەر ئەوەی مولتەزیم نەبووە، بەڵام دەرەقەتی ئەو ئیشەی مونەزەمەی پلە بەرزەکان ئەکرێ ئەوە لە سولتەی وەزارەتی مالیە نییە، یەکێ لەو برایانە باسی دروست کردنی هێزی کرد، ئەبێ هێزێك هەبێ ئەوە بکات، بۆچی؟ کێشەیەك هەیە ئەبێ بیزانین، دوو کێشە هەیە بە هەنگاوی هێواش ئەچێتە پێشەوە، ئەویش مەسەلەی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و پارەیە، هێزی پێشمەرگە خەتەوات چۆتە پێشەوە ئێمە لە وەحدەی حیسابی و بایۆمەتری و خانەشینی پێشمەرگە چووینەتە پێشەوە، بەڵام هەندێ لەو حاڵەتانە هەیە ئەبێ پەرلەمانیش هاوکاری ئێمە بێ، لەبەر ئەوەی ئەو ئەزمەیە هاتووە چەند تەعلیماتێکیشمان لەسەر مەوزوعی خەرجییەکان دەرکردووە کە هاتۆتە سەر ئەدنا مستوا، ئەو قسەیەش بڵاوبۆتەوە وەزیر (١٥) ملیۆن دیناری هەیە ئیزافی ئەسلی نییە، باسی سەیارەی مۆدێل ٢٠٢٠ کراوە ئەسلی نییە.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با بەڕێزیان قسەکانی تەواو بکات، هەر قسەیەك هەبێ دەرفەت ئەدەین ئەگەر ڕەقەم هەڵە بێ ڕاستی ئەکەینەوە، فەرموو.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

......... هەندێ لەسەر قەرزی حکومەت باسم کرد، ئەوەی قەرزی ئاسانکارییە باسم کرد، ئەوەی بچووك ئیعفایان بۆ هاتووە تا ٩-١ لە ١٥% کەم ئەکرێتەوە بۆیان، تەرح هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران ئێستا موناقەشەی ئەکەین ئەویش ئەوەیە ئیمکان بێ لە غەرامەی قەرز چەند خۆش بین، موشکیلەی هەرە گەورە ئەوەیە لە هەر سێکتەرێکی ژیان پێی ئەلێن گەندەلی کە هەیە ئەویش بە قانوونی یان بە نیزام یا ئەنجومەنی وەزیران یا بە ڕێنمایی ئەکرێ، باسی دەروازە، چوار دەروازەی فەرمی هەیە، ئەوەی تر دەروازەی مولحەقن بەو چوارەوە، شتێ نییە بلێن نافەرمی چەتەی لێ بێ، پێیم بلێن موخالەفات هەیە، بەڵێ لە هەموو مەرزەکان هەیە، بۆ زیاد کردنی داهات عەرزمان کردن لە سێکتەری گومرگ دەستمان پێ کرد، لە باج ئێمە بە نیزامی مەسکی دەفاتیر ئێستا ئیش ئەکەین، جاران لە ڕێگەی موحاسیبی قانوونی بوو کە زۆر مەجالی فێڵی تیدابوو، ئیستیقتاعی موباشیرمان داناوە، وای لێ کردووین داهات زیاد بکرێ، بەو گلەییەی هەیە بۆ گومرگیش بەو ئیجرائاتانەی کردوومانە توانیوومانە داهاتی گومرگیش بەرز بکەینەوە، لەسەر چاکسازی لە لیستی مووچەی خانەنشینی، ڕێنماییەکانی تایبەتە بە پێشمەرگەوە وەزارەتی پێشمەرگە لەگەڵ خانەنشینی ئێمە خەریکن، بۆم باس کردن هەیکەلێکی موشتەرەکمان بۆ خانەنشینی دروست کردووە کە تەوحیدی خانەنشین بکەین لەگەلیشی ئینجازێکی گەورە بۆ قانوونی چاکسازی و بۆ ئێوە و ئێمەش کە دروست کردنی سەندوقی خانەنشینیە کە لەمەو پێش نەبووە، پێش ئەوە بە مانگی یا دوو مانگ ئیستیقتاعی تەقاعودی وامان کردووە پارەکەی دەستکاری نەکرێ وەکو سیولە بەکار نەیەت، لەسەر دەرماڵە، یەکێ باسی دەرماڵەی وەزارەتی دارایی دەستکاری ئەکات، بەپێی قانوون سەڵاحیەتی وەزیری دارایی نییە دەستکاری هیچ دەرماڵەیەك بکات، یا بە قانوون یا بە تەعلیمات لە ئەنجومەنی وەزیران ئەبێ، ئەوەی گرنگ بێ بەپێی قانوونی چاکسازی ڕێك ئەخرێتەوە، ئەویش حازرە لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ بریار لەسەردان، لەسەر قەرزی خانووبەرە ڕێنمایی دەرچووە (١٥) ڕۆژ زیاتریشە چۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، لەسەر تەمویلی ٢١% باستان کردووە، تەوزیحێك گرنگە بۆ هەمووتان، حکومەتی هەرێم لەبەردەمی چەند ئیختیارێك بوو، یەکێکیان ئەگەر دوو مانگ جارێك مەعاش بدات، مووچە ئەبوو بە ٥٠%، بەو پارەی لەبەر دەست بوو لە نەوت و ئەوەی کۆکرابوویەوە لەگەڵ باقیاتی (٤٠٠) ملیاری بەغدا کە سەیری عیجزمان کرد بووە ٣٤%، ئەگەر لە ٣٤% تەتبیق بکەین بەپێی قەراراتی پێشوو کە ئیستیسنا کراوە بۆ کەسوکاری شەهید و پێشمەرگە و هێزەکانی ناوخۆ و ئاسایش عیجزەکە ئەبوو بە ٤١%، موقتەرەحێك هەبوو هی ئەنجومەنی وەزیران بوو وا بکەین نە ٥٠% بێ و نە ٤١% بێ نە ٣٤% بێ هەوڵ بدەین مەبلەغێکی گەورە لە حدوودی سەد ملیۆن دۆلار قەرز بکەین بۆ ئەوەی عیجز دابەزێ، بەو تەریقە بووە ٢١%، واتە لە حکومەتی هەرێم بۆ تەمویلی مەعاش توانای ناقص ٢١% مان هەبوو،

ناوی ئەو ٢١٪ چییە؟ واتە حکومەت نەیتوانییوە تەمویلی بکات، خۆ گونجاندنە لەگەڵ ئەو واقیعەی دروست بووە، شتێ نییە کەس پێی خۆش بێ، بەڵام تۆ (٤٥٣) ملیار بە یەکجار نەقص بێ و لە نەوتەکە بەو نەوعە دابەزی بێ، پارە لە بەغدا بێ ئەو قاعیدە ئەگۆرێ.........

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

با قسکانی خۆی تەواو بکات دواتر پرسیاری ئیزافی.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی وئابووری:**

...... ئەو پێشنیارەی کرابوو لە مەوزوعی پاشەکەوت پارەی قەرز و ئاو و کارەبا بدرێ، موقتەرەحێکی باشە لە ئەنجومەنی وەزیران باسی لەسەر ئەکرێ، لەسەر گرێبەستی دەروازەکان، لە وەزارەتی مالیە لەلایەن لیژنەیەکی تایبەت لەگەڵ چەند لایەنێکی تر دیراسە کراوە، ئەو ئیقتراحانەی کردتان لەسەری کراوە، چۆتە ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا هەندێ راوێژکاری ئەجنەبیمان هەیە چۆتە بەر دەستی ئەوان و پێم وایە لای ئەوانیش تەواو بووە و ئیحتیمالە ئەو دووشەممەیە تەواو بووبێ، لەسەر مەسەلەی گرێبەستەکان، قسەیەك بۆ هەمووتان، ئیشی گرێبەستەکان بەنیسبەت ئێمە ئیشێکی زەحمەتە لە مانگی هەشت یا دە ی پارەوە ئیشی لەسەر ئەکەین، جیاوازی لەسەر نەسریە، بەداخەوە ئیختیلاف هەبووە، ئەتوانم بەشی زۆری بۆ ئیجتیهادی سنوورەکان بگێرمەوە ئەگەر ئەو عیباراتەی من راست بێ، لە دەستبەکاربوونمان تا رادەیەکی زۆر ئەو ناعەدالییەتەمان راست کردۆتەوە، بەداخەوە کۆرۆنا زۆر ئیشی لێ تێکداین، ئەمانویست یەك ستاندارد دابنێین بەپێی ئەساسی رێژەی دانیشتوان، مەوزوعی نەسریە تەوزیع بکەین بەسەر هەموو لایەك، ئەڵێن لە یاسای چاکسازی چەند ئەمینێتەوە؟ یاسای چاکسازی پرۆسەیەك نییە کە قەرارەکە دەرچوو سبەینی ئەبێ بە مەردودی مالی، خۆی موراجەعەیە، بۆ نموونە باسی خانەنشینی ئەکەین، ئیشمان کردووە و ئێستا (٤٠٠) و کەسرێك خەڵك لەوانەی بێ یاسا کراوە رەنگە لەو مانگەوە لەسەریان تەتبیق بکرێ، بەڵام تۆ وەرە بیهێنە بۆ شەهیدان و کەمئەندام و زیندانی سیاسی و پلە تایبەت و مووچەخۆر و پێشمەرگە، پرۆسەیەکی زەحمەتە و بەئاسانی نەتائیجی دەرناکەوێ، لەسەر وەزعی خانەنشینی، خانەنشینی مەدەنی زیادی هەیە کەمی نییە، موشکیلەی خانەنیشن یان سیستەمی مووچە کێ دروستی کردووە؟ یەکیان لە ٢٠١٤ ەوە دەستی پێ کردووە تا ئەمرۆ، ئەو سیستەمە ئێستا و پار دانەنراوە، بۆ شەش ساڵ ئەچێ هەیە، هەر چۆنێ ئێستا ئەیبەی حیساباتەکە لە چەند وەزارەتێك تێك ئەچێ، من خۆم تموحم ئەوە بوو زۆریش مەراق بووم وابکەین مووچەی خانەشینی بە تایبەتی مەدەنی بێنینە پێشەوە، بەڵام کە سەیر ئەکەی تووشی ئیحتیکاك ئەبێ لەگەڵ واقیعی هەموو فیئەکانی تر، کەس رازی نییە ئەو سیستەمە تێك بچێ، بۆ ئێمە زەحمەتە و حەقیشە، مەوزوعی گرێبەست، هەمووی تازە کراوەتەوە و کەمیان ماوە، بۆ ئاگاداری بەڕێزتان سەبەبەکەی قەراری ئێمە کە قەراری ژمارە (٥٠)یە کە هیچ داهاتێك بۆ هیچ وەزارەتێك نەماوە، ئێستا هەمووی دێتەوە وەزارەتی دارایی، بەشێك لەو وەزارەتانەی ئەم گرێبەستەیان کردووە پێشتر لەسەر ئەو حیسابە تایبەتەی خۆیان کردوویانە، ئەوەش خەریکین چارەسەری ئەکەین، باسی عقودی نەوت، کاك ئامانج باسی ئەکات، دەست کراوە بە موراجەعە کردنی، یەکێ لەو شتانەی حەقە پێتان خۆش بێ قەراری سەر

مەوزوعی نەوتە، یەکیان عقودی نەوتە کە خازیعە بۆ رەقابەی مالیە تەفتیشی بکات، یەکی تر وەکو حکومەت جارێکی تر لەگەڵ شەریکاتی عالەمی ئیعادەی نەزەری ئەکەن، چونکە ئەو عەقدانە بە قانوونی حوکمی ناکات، ئەگەر نیزاعمان هەبێ ئەچێتەوە لەندەن، کە باسی عقودی نەوت ئەکەی ئەگەر زۆر وریا نەبێ تووشی بابەتی داناغاز و ئەوانە ئەبی، چەند کەسێ ئەبینم عەتفی زۆری لەسەر پێشمەرگەیە دڵنیام وەکو من پێشمەرگە بووە، لەسەر مووچەی پێشمەرگە، مووچەی پێشمەرگە کە لە هەرێم دابەش ئەکرێ تەنیا بۆ هێزەکانی (٧٠ و٨٠) (٩٨) ملیار دینار مانگانەیە، ئەوەی لە تەحالوفەوە دێ (٢١) ملیارە، یەعنی ئەو (٢١) ملیارە هی خۆیان نییە، ئەبێ لە حکومەتەوە بۆیان دابین بکرێ، یەك راستیش هەیە لە عێراق مەفروز بوو (٦٨) ملیار مووچەی پێشمەرگە بێ، تا ئێستا نەیاننادرووە، مەفروز بوو وەزارەتی دیفاع ئەو پارەیە بنێرێ، مالیە ئەڵێ ئیختیساسی من نییە هی دیفاعی عێراقییە، دیفاعی عێراق هی من نییە، بیانو بوو بۆ خۆ دزینەوە، ئێستا ئەو مەوزوعە لەگەڵ بەغدا باس ئەکرێ، وەکو عەرزم کردن لەگەڵ دروست کردنی سەندوقی خانەنشینی ئەو لە ٧% بۆم باس کردن کە کیتابمان لەسەر کردووە و پارەیان مەحفوزە ئەچێتە سەر سەندووقی تەقاعودی، قۆناغی دووەمی بایۆمەتری بریاری لەسەر دراوە دەست پێ ئەکرێ، باسی تەعدیلی شەهادە کرا، ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە رێنمایی پێ دەرچووە هەمووی بگەڕێتەوە، بەڵام لە خاریجی ئەو تەعلیماتە دوو بریاری ئەنجومەنی وەزیرانیشی لەسەرە لە وەزارەتی مالییە ناتوانی هیچ تەعدیلی لەسەر بکات، راست کردنەوەیەکیش لەسەر رێنمایی، زۆر جار باسی رێنمایی ئەکرێ وەزارەتی دارایی وای کرد، وەزارەتی دارایی بەبێ بریاری ئەنجومەنی وەزیران ناتوانێ هیچ بریارێك دەربکات، قانوونێك لە ئەنجومەنی وەزیران یان پەرلەمان دەرچێ ئەچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، لە ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئێمە دێ ئێمەش تەتبیقی ئەکەین، زۆر تەلەفۆن ئەکەن، تەلەفۆن ئەکەم وەزارەتی دارایی، بۆ بەڕێزتان مووچە ئیختیصاصی وەزیری دارایی نییە، ئێمە بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاریمان هەیە، لەناو ئەو بەرێوەبەراتییە بەرێوەبەرایەتی جولەی دراو هەیە، ئەوەی تاریخی دابەش کردنی مووچە و جەدوەلەکەش ئەو دایئەنێ نەك وەزیری دارایی، سوپاس، هیودارام بەشی زۆری پرسیارەکان جواب دەمەوە، شتێ هەیە لەسەر حاکمەکان، لەلایەن ئەوان هیچ نووسراوێك بۆ وەزارەتی دارایی نەهاتووە، پێش ئەوە دوو حاکمی بەڕێز داوای شتێکی ئاوایان کرد لە وەزارەتی دارایی قبول نەکرا، هەرچی موتابیقی قانوون نەبێ قبوڵ ناکرێ، ئەو خانەنشینەش بەو نووسراوەی لە دەستپاکی بۆ ئێمە هاتووە یا لە یەکێتی دادوەران هاتووە ئومێدەوارم نێتە لای ئێمە، جێ بەجێی ناکەین. سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمەش بۆمان ناردوون بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، بەشێکی ئەو پرسیارانە وەزیرێکی تری بەڕێز وەڵام بداتەوە، کە هەموویان قسەیان تەواو کرد ئەگەر جوابتان پێ نەگەیشت دڵنیابن دەرفەت ئەدەین، هەر بە گوێرەی ئەو پەیڕەوەی ئێوە باسی ئەکەن سەرۆکی پەرلەمان دەرفەتی داوە بە بەڕێزێك قسە بکات، ئەبێ چاوەڕێ بکەن تا ئەو کەسە قسەی خۆی تەواو ئەکات، دوای ئەوە هەر شتێ هەیە خاڵی پەیرەوی یان هەر قسەیەکە دەرەفەت ئەدرێ، فەرموو دکتۆر ئومێد.

**بەڕێز د. ئومێد صباح عثمان / سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم باشە پێش ئەوەی قسە بکەم هەر دوو برای بەڕێزم وەزیری پلاندانان، وەزیری دانووستاندن لەبەر ئەوەی ئەوان دەرەجەیان وەزیرە پێش من و دکتۆر ئامانج قسە بکەن، جوابیش لای منیش هەیە بەشێ لای دکتۆر دارایە و بەشێکی لای دکتۆر خالیدە، بەڵام لە رووی پرۆتۆکۆلییەوە با وەزیرەکان قسە بکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وایە، بەڵام واتێگەیشتین بەشێ لەو وەڵامانەی پەرلەمانتاران وەریانەگرتووە لای بەڕێزتە، فەرموو دکتۆر دارا.

**بەڕێز د. دارا رشید محمود / وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆشحالم لێرە بە کورتی باسی ئەوانە ئەکەم کە موتەعەلیقە بە خۆم، تەبعەن زۆر پرسیار کرا وەکو ئەندامی وەفدی دانووستانکار، بەڵام هەندەکی بۆ برای بەڕێزم کاك خالید شوانی وەزیری کاروباری هەرێم و بەغدا جێ دێلم، ئەوەی باسی ئەکەم لەسەر بودجەی ئیستسماری زۆر باسمان لە مەوزوعی داهات و خەرجی کرد، خۆتان ئەزانن موستەحەقاتی موەزەفین هەیە، بوودجەی تەئغیلی و ئیستیسماری هەیە، بە حوکمی ئەوەی بوودجەی ئستیسماری لە وەزارەتی پلاندانان بە کورتی باسی ئەکەم، چونکە هەندێ باسی گواستنەوەی بوودجەی ئیستیسماری لە شارێك بۆ شارێك کرا، لەگەڵ دەست بەکاربوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی وەبەرهێنان (١٢٠٧) پرۆژە هەبوون کە راوەستا بوون، گوژمەی ئەو پرۆژانە نزیکی پێنج ترلیۆن دینار بوو، لەسەر گەشەپێدانی پارێزگاکان (١٣٨٨) پرۆژەمان هەبوو کەراوەستا بوون، بە گوژمەی (٤٠٠) ملیار، لە کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم (١٠٦٠) پرۆژەمان خستەوە کار، لەو پرۆژانە رێگاوبان و بەنداو و کارەبا ئەولەوییەتیان هەبوو، ئەوانەی بە ستراتیژیان دادەنێین رێگاوبان بوو، لەو پرۆژانەش نزیکی (٢) هەفتە پێش ئێستا سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە سلێمانی بەردی بناغەی جادەیی سەد مەتری سلێمانی دانرا، هەر لەو پرۆژانە بوو لە کابینەی پێشوو بریاری لەسەر درابوو، بەڵام ئیشکال هەبوو تێیدا، توانیمان لە کابینەی نۆ بیخەینەوە کار، ئەو پرۆژانەی باسم کرد (٦٠) پرۆژە لە پرۆژەکانی وەزارەت بوو، (١٥٠) پرۆژە لە پارێزگاکان بوو، ئەو پرۆژانە بوون ٧٥% یان تەواو کرد وەکو مەرحەلەی یەکەم، دوای ئەو پرۆژانەی ٨٥% تەواو کرابوو بە گووژمەی (٢٠٤) ملیار دینار، ئەو رێژانەی باس کرا هەولێر ٣١% ئەو پرۆژانەی بەرکەوت بە نزیکی (٦٤) ملیار دینار، دهۆك (٥٢) ملیار بوو بە ٢٥%، لە سلێمانی (٨٠) ملیار بوو بە ٣٩.٢%، لەبەر ئەوەی هەڵەبجە وەکو پارێزگا حیساب کرا لە کابینەی نۆ بڕی (٨) ملیار بە رێژەی ٣.٩%، هەر بۆ زانیاری یەکەم پرۆژە لەسەر بوودجەی وەبەرهێنان کە حکومەتی هەرێم و سەرۆکی حکومەت بەردی بناغەی دانا لە دهۆك بوو، وەکو راست کردنەوە بۆ ئەوەی پارێزگای دهۆك باسی گواستنەوەی بوودجەی ئیستیماریان کردبوو، زۆر بەزەحمەت ئەتوانی بیگوازییەوە لە مەشروعێك بۆ مەشروعێکی تر، ئەوجا پارێزگا موستەحیلە، دواین پرۆژەش جادەی سەد مەتری سلێمانی بوو، لەسەر ئەوە وەزارەتی پلاندانان پلانی چییە بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو وەزعانەی کوردستان، بە پاڵپشتی

ئەنجومەنی وەزیران توانیمان ستراتیجیەتی پەرەپێدانی کەرتی تایبەت بکەینە بریار و کۆمەڵی بریاری باشی لێ دەرچوو، یەکیان لە راپۆرتی دارایش ئاماژەی پێدرا هاوبەشی کەرتی تایبەت و گشتییە، ئەو پرۆژەیە هەموو ئەو حکومەتانەی تووشی قەیرانی دارایی ئەبن یان بوودجەی پێویستیان نییە بۆ جێ بەجێ کردنی مەشاریعی ئیستیسماری پەنا بۆ هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت ئەبەن، پێشتر زۆر بە سادەیی قسە لەسەر پرۆژەی هاوبەشی کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت ئەکرا، ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان توانیمان پەیرەوێکی زۆر رێکوپێك ئامادە بکەین، لە دوو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بریاری لەسەر درا و بووە پەیرەوێك کە هەموو وەزارەتەکان ئەتوانن ئیشی لەسەر بکەن، گرنگی چییە؟ هەموو ئەو پرۆژانەی حکومەت ناتوانێ بوودجەی بۆ تەرخان بکات ئەتوانێ پەنا بۆ کەرتی تایبەت ببات، ئەبێتە بووژانەوەی کەرتی تایبەت و ئەو پێویستییانەی خەڵك دابین بکات، مەوزوعی هەلی کاریش بۆ هاووڵاتیان کە بە سەدان پرۆژەی لێ دەردەچێ لە هەموو سێکتەرەکان لە داهاتوویەکی نزیك خۆتان ئەیبینن، هەر لە ئەو ستراتیجیەی باسمان کرد لە پێش کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بریاری لەسەر درا کۆمەڵێ بریار تر بوو، وەزارەتی پلانادان بە هاوکاری وەزارەتی تر جێ بەجێی ئەکات، مەوزوعی کار و بێ کاریمان کرد وەڵامێکی عام ئەبێ، پێداچوونەوە بە بنەمای کار بکرێ لەسەر بنەمایەکی نێودەولەتی، مەوزوعی سنووردار کردنی کرێکاری بیانی، یەك لەو کێشانەی تووشمان بووە خەڵکی ئێمە زیاتر بێکارە هاتنی ژمارەکی زۆری کرێکاری بیانییە، ئەوەی بریارمان لەسەردا سنووردارکردنی کرێکاری بیانییە، تەنیا لەو ئیختیساسانە نەبێ کە یان خەڵکی ئێمە رازی نەبێ، ناکرێ تا هەتا قسە لەسەر ئەوە بکەین لە فلان مجال ئیختیساسمان نییە، ئەوە ئەکرێتە ئەمر هەر شەریکەیەك یان هەر مجالەك خەڵکی خۆمان نییە ئەبێ خەڵکی خۆمان لەو مەجالە فێر بکات، ئەوەی باسم کرد پێداچوونەوە بەو ژمارە زۆرەی کرێکاری بیانی، شتێکی تر فەرز ئەکەین مەوزوعی باجی دەرامەتە لە کرێکاری بیانی و دەستەبەری کۆمەلایەتی، ئەزانن یەکێ لەوانەی لێرە بوون، باسی ئەوە ناکەم یەکێ ئیشێك بە (٣٠٠) یان (٤٠٠) دۆلار ئەکات، هەیە راتبی (٢٠) هەزار دۆلارە، ئەوەی باس ئەکەین باجی دەرامەت وەرگرین ئەبێتە نوقتەیەك ئەوانیش تەشجیع نەبن بێنە ئەو وڵاتە، رووپێوکردنی کرێکاری بیانی لە کۆمپانیاکان بریاری پێدرا، دارشتنی بەرنامەی بیمەی بێکاری، یەك لەو موشکیلانەیە هاووڵاتیان تووشی ئەبن، ئەوەی باسی ئەکەم ئیشی وەزارەتی کارە، بەڵام لەبەر بریاری ئەنجومەنی وەزیران وەزارەتی پلاندانان هاوکار ئەبێ لە دارشتنەوەی پلانەکان، مەوزوعیی زۆر موهیم دارشتنی بەرنامەی خانەنیشنی کەرتی تایبەتە، ئەزانن خەڵکی ئێمە تمووحی هەیە لە دامەزراندنی سێ یەکەمەکان و خەڵکێکی زۆر ئەیانەوێ دابمەزرێن، ئەبێ بزانین حکومەتی هەرێم ئەو ئیستیعابەی نابێ لە داهاتوو بتوانێ هەموو خەڵك دابمەزرێنێ، بەڵام کەرتی تایبەت هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی رێك نەخراوە و حقوق و ئیمتیازاتی کە لە کەرتی تایبەت دائەمەزرێن رێك نەخراوە وای کردیە خەڵك زیاتر رووی لە کەرتی گشتی بێ و کەرتی تایبەت ئیهمال بکرێ، ئەوەی ئەمانەوێ ئیشی لەسەر بکەین دارشتنەوەی بەرنامەی خانەنشینی کەرتی تایبەتە کە پێمان وایە زۆر باش ئەبێ و هاووڵاتی لە کەرتی تایبەت یان گشتی کار بکات حقوق و ئیمتیازاتی وەکو یەك بێ لە مووچە و لێبرینی تەقاعودی لە موستەقبەلیش کە خانەنشین ئەبێ وەکو هاووڵاتیەك کە لە کەرتی گشتییە، لەوانەیە زۆر جار ئیمتیازات لە کەرتی تایبەت زۆر باشتر بێ لە کەرتی گشتی، بەڵام لەبەر ئەوەی

موستەقبەلی نییە کەرتی تایبەت روو لە کەرتی گشتی ئەکات، دامەزراندنی سیستەمێکی بانکی نوێ ئەوەش بە هاوکاری لەگەڵ وەزارەتی دارایی، پلان وایە ئابووری کوردستان لە نەختینەوە بگۆرین بۆ بانکی ئەلیکترۆنی، ئەگەر ئەوە بکرێ زۆر باش ئەبێ، هەر لەو پرۆژانەی باسی هەمەچەشن کردنی سەرچاوەی داهات کرا پرۆژەی بەبازار کردنی گەنمی هەرێمە، بەرێزێك باسی فەلاحی کرد، یەك لە کێشەکان بەرهەمی کوردستان نزیکی یەك ملیۆن تەنە سالانە، حکومەتی عێراق (٤٠٠) هەزار تەن وەرئەگرێ، سالانە (٦٠٠) هەزار تەن ئەمێنێتەوە کە کێشەی گەورە بۆ جووتیار دروست ئەکات، ئەو پرۆژەیە ئەوەیە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك گرێبەست لەگەڵ چەند کۆمپانیاییەکی شارەزا لەو مەجالە کە حازرە و لەوانە دوای جەژن ئیمزا بکرێ، ئەو کۆمپانیایانە دێن بنەتۆ ئەدەنە فەلاح بۆ ئەوەی بتوانێ لەسەر نەوعی ئەو گەنمەی لە کوردستان هەیە زیاتر پەرە بە کوالێتی بدەن، دروست کرردنی سایلۆ و ئاش ئەو بنەتۆیە بە گرێبەست لەگەڵ جووتیارەکە ئەکرێ کە ئەو گۆمپانیایە لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك لێ وەرئەگرێ، هەموو ئارد و موشتەقاتی ئارد دروست ئەکات بە هەموو ئەوانەی پێویستن، لەبەرامبەردا حکومەت بە یاسای وەبەرهێنان هاوکاری ئەکات لە حقوقاتەکانی، بۆ تەشجیع کردنی بەرهەمی ناوخۆ و هەموو ئەوانەی موشتەقاتی گەنم بە ساوار و ئارد حکومەت رێ نادات لە دەرەوە بێ، پێم وایە ئەوە ئەبێتە تەشجیع کردنی پرۆژەی کشتوکالی و پیشەسازی کە یەکێ لە هەمەچەشن کردنی سەرچاوە ئەبێ، ئەزانن زۆربەی زەوییە کشتوکاڵییەکان لە هەرێم کێشەی ئاودێری هەیە، ئاوی ناگاتی بە ئاسانی، ئەو داتایەی هەیە ئیعتیمادی جووتیار لە هەرێمی کوردستان ٥١% لەسەر ئاوی بارانە، ٤١% لە ئاوی ژێر زەوییە، ١% ئیستیفادە لە ئاوی رووبار ئەکرێ کە بە هەرێم ئەڕوا، ئەوە یەکێ لە غەڵەتەکانی سیاسەتی ئاو و ئاودێری بووە لە هەرێم کە بریارمان دایە راستی بکەینەوە بە پرۆژەی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت ئەکەین کە کەرتی تایبەت ئاو ئاودێری رائەکێشێ بۆ ئەو زەوییە کشتوکالییانەی پێویستیان بە ئاوە کە ئەبێتە وەچەرخانێکی نوێ لە بووژانەوەی کەرتی کشتوکاڵ، هەر لەسەر سەرچاوەکانی ئاو مەوزوعی بەنداو کە حکومەتی عێراقی لە کابینەی پێشتر بریاری دا سێ بەنداو لە هەرێم بکات، ئەویش دێرەلوك و باگرمان لە دهۆك لەگەڵ سلێمانی، پاش ئیستیقالەی حکومەت ئەو پرۆسەیە راوەستان، بەڵام لە هەفتەی داهاتوو بەرێز خالید شوانی و ستافەکەی سەردانی بەغدا ئەکەن تا بتوانن ئەو سێ بەنداوە ستراتیجیە بەگەر بخەنەوە، ئیعتیمادمان وایە ئەو سێ یە لە بەغدا بکرێ خۆشمان شەش بەنداوی تر ئەکەین ئەویش مەنداوە و سارتك لە تەقتەق و پاسیە و خێوەتە و بەردە سووریش لە سلێمانی، ئەو شەش بەنداوە لە رێگەیی هاوبەشی کەرتی گشتی و تایبەت ئەکەین کە گرنگی لە کاتی تەواو بوونی هەزار مێگاوات کارەبا ئەدات، (٤٥٣) هەزار ئاو بۆ زەوییەکان ئەبات، هەزاران هەلی کاری دابین ئەکات بە دروست کردنی موجەمەعی سیاحی و تیجاری و سەکەنی، پرۆژەی بەخێوکردنی ماسیش کە ئەبنە فرسەی عەمەل، نوقتەیەکی تر موتەعەلیقە بە بوودجەی وەبەرهێنان هیلی ئاسنینی کوردستانە ئەوەی زۆر باسی لێکراوە، لە هەفتەی رابردوو بەرێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندی دا بە تەرخان کردنی سێ ملیار دینار بۆ پرۆژەی ئاسنینی کوردستان، پێم وایە هەم لەگەڵ عێراق و هەم لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر پێك ئەبەستێتەوە بووژانەوەکی گرنگە هەم بۆ سیاحی و هەم بۆ ئیتیسالات لەگەڵ وەلاتانی دەوروبەر، هەر لە پرۆژەی چاکسازی کۆمەڵێ

لیژنەمان دروست کرد یەکیان لیژنەی تاپۆ بوو، ئەزانن ئەو گوندە سەکەنیانەی باس ئەکرێ ٥% ی ئەو خانووانەی خەڵك کریوویەتی تاپۆ کراوە، (١٦٧) هەزار وەحدەی سەکەنی لەو گوندانە تاپۆ نەکراوە، ئەوەی بریار درا لە لیژنەی تاپۆ هەموو ئەو خانووانە تاپۆ بکرێن، خانوو هەیە دە جار کراوە و فرۆشراوە، بەس ئەو مەکتەب عەقارە یان ئەو شەریکەی خانووەکەی دروست کردووە ئیستیفادەیان کردووە، حکومەت نە لە تاپۆ و نە لە زەریبە موستەفید نەبووە، ئەو پرۆژانە هی سالی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ ە، بریارمان دا هەموو ئەو خانووانە تاپۆ بکرێ، ئەوە ئەبێتە داهات و خەڵکیش زەمانی خانووی خۆی ئەکات، خەڵك هەیە دە ساڵە کڕیویەتی تەملیکی نەکردووە، نوقتەی دووەم، تاپۆ کردنی ئەو کارتانە بوو، هاووڵاتییەکی زۆر پێشتر لە تەعویز کردنی عاردی زراعی کە عاردی سەکەنی وەرگرتییە بە کارەت بووە، ئەو کارتانە تاپۆ ئەکەین، هەم بۆ هاووڵاتی دەستکەوتی باشە و هەم بۆ حکومەتیش، ئەو کارتانەش پەنجا جار کڕایە و فرۆشرایە حکومەت موستەفید نەبووە لە رسوومی تاپۆ و زەریبە، تاپۆ کردنی تەجاوزی ناو شارەکان خەڵکێکی زۆر لەبەر نەبوونی یان ئەو وەزعە تەجاوزی ناو شارەکان هەبووە، ئەوەش بریاری لیژنەی تاپۆ بوو کە ئەو تەجاوزانەی ناو شارەکان بووە تاپۆ بکرێ، لیژنەی باج هەیە لەبەر ئەوەی دکتۆر ئامانج خۆی سەرپەرشتی ئەکات حەزم لێیە خۆی ئیشارەتی پێ بدات، عقودی زراعی، لە ١٩٩١ ەوە گرێبەستی زراعی هەبووە، عارد بە عەقدی زراعی هەبووە، ئەو عەقدە کرین و فرۆشتنی پێ کراوە، زۆرجار لە دەست فەلاحیش دەرچووە، ئەوەی ئێستا بریار درا ئەو گرێبەستانە کڕین و فرۆشتنی پێ ناکرێ، لەسەر باخ و ڤێلا، سیاسەتی حکومەتی ئەوەیە لەگەڵ تەملیك کردنی نین، لەبەر ئەوەی خەڵك هەیە هەموو ئاواتییەتی سەد مەتر عاردی هەبێ، ناکرێ هەبێ دووسەد دۆنم عاردی لەسەر تەملیك بکەین بیکاتە ڤیلا و باخ، بەڵام مەشروعێك هەیە پاش دەست پێ کردنەوەی پەرلەمان بۆ پەرلەمان ئەنێدرێ، هەموو ئەو ڤیلا و مەشروعانە ئیلزام ئەکرێن بە چەند رێکارێك لەوانەیە رەئی تەملیك کردن نەبێ دوایی ئەیزانن، ئەکرێتە بابەتی بەکرێدان، نەوەی داهاتووش حەقی هەیە، بۆیە ئەو عاردانە بەشێکن لەوەی بەکرێ بدرێ، مەوزوعی کارەبا هەرێم ١٠% کارەبای لە سەرچاوەکانی ئاوە، ٩٠% تەولید ئەکرێ لەگەڵ ئەو شەریکانەی کە بە (پ_ پ_ پ) گرێبەستیان لەگەڵ کرایە، موراجەعەی هەموو ئەو گرێبەستانە ئەکرێتەوە، تەولیدی کارەبا کەرتی تایبەت کردوویەتی، بەڵام تەوزیع و کۆکردنەوەی پارە حکومەت بووە کە خەلەلێك گەورە دروست بووە، حکومەت مانگانە (٨١) ملیۆن دۆلار خەرجی هەیە بۆ کارەبا، لە باشترین حاڵەت ئەو پارەیە کۆکرابێتەوە نەگەیشتۆتە (٤٠) ملیۆن دۆلار، ئەوەی ئەمانەوێ گرێبەست بکرێ لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە خۆیان تەولیدی کارەبایەکە ئەکەن، لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك دیارە کێ تەولید ئەکەن، خۆیان پارەکەش وەرگرن، لەژێر رەقابەی حکومەت ئەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانووستان.

**بەڕێز خالید سلام سعید شوانی/ وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دانووستاندن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، هەوڵ ئەدەم زۆر بە کورتی باسی دانووستانی ئێمە لەگەڵ حکومەتی عێراق لە کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم چۆنە و بە چ ئاراستەیەك کار ئەکەین، لە رووی ئالییەت بە پەیوەست بە

مەلەفـی بـودجە و مـووچە و مەسـەلەی نەوت بە دوو ئاراسـتە ئـیش ئەكـرێن ئاراسـتەی یەكەم گەیشتن بە ئالییەتێكی كاتییە لەگەڵ حكومەتی عێراق بۆ دابین كردنی بوودجەی ئەو چەند مانگە تا كۆتایی ٢٠٢٠ و چارەسەر كردنی ئەو كێشە داراییەی رووبەرووی هەرێم بۆتەوە، لە ژێر رۆشنایی بڕینی مووچەی هەرێم دوا بە دوای دەرنەچوونی قانوونی ئیتیحادی موازەنەی ٢٠٢٠ و پەنـا بـردن بۆ قانوونی ئیـدارەی مـالی ٢٠١٩ ی ژمـارە (٦) كە بـاس لەوە ئەكـات ئەگەر بێتـو قـانوونی مـوازەنە دەرنەچـوو و قـانوونی ئیـدارەی مـالی حـاكم ئەبـێ بـوودجە یەك لەسـەر دوازدەی سـەرف ئەكـرێ بەپێی ماددەی (١٣) ی ئەو قـانوونە، ئەوان وەكـو سـزایەك بـۆ هەرێـم ئەو (٤٥٨) ملیـارەی ئەهـات بڕیـان، دەرەنجـام دەسـتمان كـرد بە گفتوگـۆ لە مـانگی دووەوە تـا ئێسـتا بەردەوامە بە مەبەسـتی چارەسەر، گفتوگۆكان قورس و ئالۆزن، بەڵام بێ ئەمەل نییە، قورسە لەبەر ئەوەی عێراق ئاگاداری بارودۆخی ئـابووری هەرێـم، ئەزانـن وەرەقەی گفتوگۆكـانی ئـێمە ئەوەنـدە زۆر نـین، زۆرجـار ئەو پرۆسەیان بە سیاسی كردووە و لە سەرەتای گفتوگۆكان دەستیان پێ كـرد هەوڵیـان ئەدا هەرچـی شـرووتی سیاسـی خۆیـان هەیە فەرزی بـكەن بەسـەر وەفـدی دانوسـتانكاری هەرێـم و تەنـانەت تەجاوزی مافە دەستوورییەكانی هەرێم، وەفدی كورد خۆراگر بوو ئامادە نەبـوو بچێـتە بـن بـاری دەستبەردان لە مافە دەستوورییەكانی خۆمان، چەندین گفتۆ لە سەردەمی بەڕێز عادل عبدالمهدی بۆ حكومەتی بەڕێز كازمی و چەندین هەوڵ هەیە، دوا هەوڵەكانی وەكو هەواڵێكـی نـوێ كاتێـك لە ئیسـراحەت دانیشـتین دوا پێشـنیار لە حكـومەتی ئیتیحـادی گەیشـتۆتەوە ئـێمە و ئـێمەش وەڵامەكانمان ئامادە كـرد و گەڕانـدمانەوە بـۆ حكـومەتی ئیتیحـادی، هیـواییەك ئەبەخشـێ نزیـك بووینەوە لە ڕێكەوتن، هیواییەك ئەگەیەنێ بتوانین بگەیـنە ڕێكەوتـن، ئەگەر گەیشـتینە ڕێكەوتـن بـۆ، تـا ئێسـتا كێشـە مـاوە، بەڵام بەرەوپێشچوونی باشیش هەیە، ئەگەر موقـارەنەیەك لە بەینـی سـەرەتای دەسـت پـێ كردنـی گفتوگـۆ لەگەڵ ئێسـتا خـیلاف زۆر كەم بـۆتەوە، لایەنەكـان كە نێوەندگیری گەیشتن بەو ڕێككەوتـنە ئەكەن هەم لە عێـراق و هەم لە حكومەتی هەرێـم و نەتەوە یەكگرتووەكانیش رۆلی گەورە ئەبینن تـا بگەیـن بە ڕێكەوتـن، هیـوادارم بەو ڕتـمە بـۆ دوای جەژن سەردانی بەغدا بكەینەوە و دەست بە گفتوگۆ بكەیـن لەسـەر چاسـەركردنی كێشـە داراییەكـان تـا ٢٠٢٠، ئەگەر لەوە سەركەوتین بۆ ٢٠٢١ و قانوونی موازەنە دەست ئەكەیـن بە مـوافەوەزاتی دوور و درێژ بۆ حەلێكی درێژخایەن سەبارەت بە بـوودجە، ئەزانـن بـوودجە لە عێـراق رەبـتە بە نەوتەوە، ناتوانی بێ ئەوەی موناقەشەی نەوت بكەی بتوانی موناقەشەی بوودجە بكەی، ئێوە نوێنەری گەلن و متمانەتان پێمان داوە و لەسەر ئەوە سوێندتان خواردووە، ئەو تێبینیانەی هەتانە لەسەر مەلەفی نەوت و ئەو رەخنانەی هەتانە لەسەر مەلەفی نەوت، ئەو پرسیارانەی هەتانە لەسەر نەوت ئـێمە لە ئەنجومەنی وەزیران بە زیادەوە باسی ئەكەین، بەڵام ئەچـین دیفـاع لە مـافی خەڵكـی كوردسـتان ئەكەین، پێویستە جیاوازی بكەین لە نێوان دوو بابەت، بابەتی سـەلاحییەتی حكـومەتی هەرێـم و مافی خەڵكی كوردستان بۆ كۆنترۆل كردنی نەوتی خۆی و سامانە سروشـتییەكانی خـۆی، لەسـەر چـۆنییەتی مـامەلە كردنـی لە حكـومەتی هەرێمـی پێشـووتر، زۆر هەوڵ دراوە بـۆ ئەوەی بتـوانین موراجەعەی سیاسەتی پێشووتری نەوت و ئیـدارەدانی وەزعـی نەوت بكەیـن بـۆ ئەوەی بتـوانین بەشێوەیەك شەفاف بین لەبەرامبەر بەغدا بتوانین رووبەروو بیـنەوە، مەلەفەكـان ئامـادەییە، ئەو رەخنانەی هەتانە ئێمەش هەمانە، بەڵام ئەركی سەرشانی هەمووانە چۆن باشی بكەین و بەرنامەی

کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم بەو ئاراستەییە، ئەوە وای کردووە هیوایەك هەبێ لەسەر مەلەفی نەوتیش کە ئەبێتە یەکێ لە مەلەفەکان و بۆ نیهایەتی سالی ٢٠٢١ ئەگەر بتوانین رێك بکەوین ئەو بابەتەش یەکجاری یەکلایی بکرێتەوە، سەبارەت بە کۆمەلی پرسیاری تایبەت کە کران، لیزا خان وتی پێنج ملیار عێراق وەریگرتووە، قانوونەکە ئەلێ بۆی هەیە پێنج ملیار دۆلار قەرزی دەرەکی و (١٥) ملیار دۆلار قەرزی ناوخۆیی بکات، هێشتان قەرزەکەی نەکردووە، بەڵام بەنکی دەولی و لایەنی تر بەتەمان قەرز بدەن بە عێراق، ئێمە لە خەت بووین لەگەل برادەران لە پەرلەمانی عێراق دەستیان خۆش بێ، بڕگەیەکیان لە ناو قانوونەکە داناوە کە ئەو بڕە قەرزە پێویستە بۆ هەموو عێراق دابەش بکرێ بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە رێککەوتنەکەش ئەوە فەرامۆش نەکراوە ئەگەر بگەینە رێککەوتن لەگەل عێراق رێژەیەکی عادیل بەپێی ئیستیسحقاقی هەرێم لەو قەرزە نێودەوڵەتییانە دێ بۆ هەرێم، سەبارەت بە راتبی ئەو فەرمانبەرانەی لە بەنداوەکانن، تا سالی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ مووچەیان لەسەر هەرێم بوو، بەڵام دواتر لە کاتی قەیرانەکە وەزیری دارایی عێراق هاتۆتە ئێرە و مووچەیانی خستۆتە سەر بەغدا، بەڵام لە نەتیجە هەر لە بوودجەی هەرێم دراوە، ئێستا کە بوودجەی هەرێم براوە ئەوان ئەو راتبەیان بڕیووە، بەراستی ناحەقییە بەرامبەر ئەوان ئەکرێ، لە گۆفتوگۆین لەگەل وەزیری مالییەی عێراق و هەم لەگەل وەزیری مەواریدی مالییەی عێراق و ئەمینداری مەجلیسی وزەرا لە خەتین، بە حیساب دوێنێ یان ئەمرۆ موشکیلەیان کۆتایی پێ بێ و راتبیان سەرف بکرێ، نازانین تا چەند ئەیبنە سەر، دکتۆر ئومێدیش هەندێ هەنگاوی ناوە بۆ ئەوەی کێشەکانیان چارەسەر بێ لە ئاستی ناوخۆی هەرێم ئەگەر هاتوو لە بەغداوە چارەسەر نەکرا، کاك مەم و کام سیروان و کاك هێرش، ئایا ئەمانەوێ لەگەل بەغدا رێککەوین و کەی سەردانی بەغدا ئەکەینەوە، ئەمەوێ بە سەراحەت بڵێم بەلێ ئەمانەوێ رێکەوین، چونکە خەیارات کەمە، ئەگەر بمانەوێ میللەت خۆش گوزەران بژیێ و کێشەکان چارەسەر بکرێ زەرووره لەگەل بەغدا رێککەوین، لەبەر ئەوەی سەرچاوەی داهاتی ئێمە وازیحە چەندە، راستە نەوت ئەفرۆشین، داهات بۆ کەمە، ناچمە سەر تەفاسیل، ئەکرا باشتر بێ، بەڵام وایە، لەگەڵ ئەو واقیعەین، پێویستە ئەو تەنوینە لە عێراقەوە بێ بۆ ئەوەی پێداویستی خەلکی کوردستان دابین بکەین، ئەمانەوێ رێکبکەوین، بەڵام لەسەر پاراستنی مافی خەلکی هەرێم نەك ئەوان بێن شروتی نادەستووری فەرز بکەن و ئەو کیانەی هەرێم بە ئاسانی تەسلیمی بەغدای بکەین، خۆراگر بووین، بەغدا هەنگاوی باشی نایە، هیوادارم لە داهاتووی نزیك بگەینە رێککەوتن بۆ مووچە، کاك هێرش وتی ئایا عێراق رازییە و ئیعتیرافی کردووە بە گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم؟ تا ئێستا بە قانوونی نا، بەڵام بە واقیعی و بە فیعلی مامەڵەی لەگەڵ ئەکەن، ئەو ئیتیفاقانەی کراوە لە نێوان هەرێم و بەغدا ئەوان چ لە تەسلیم کردنی نەوت و داهاتی نەوت بە مانای ئیعتیرافی فیعلییە لەسەری، لەو کۆبوونەوانە ئەو بابەتانە زۆر قسەی لەسەر کراوە، بەڵام نەبۆتە موشکیلە، چارەسەریشی بۆ دۆزراوەتەوە ئەگەر بگەینە رێککەوتن، بۆخۆم هەم بە ئەو بەرنامەی کابینەی نۆی حکومەتی هەرێم دایناوە بۆ مامەڵە کردن لەگەل بەغدا کە بریتیە ئینفیتاح و گەیشتن بە چارەسەر، ئەگەر ببینین سیاسەتمان گۆڕیوە لە سیراعەوە بۆ هاوکاری کردن و تەفاهوم، وەفدەکەش بە باشی ئیدارەی مەلەفی مفاوەزاتی داوە، ئەمەلێکم هەیە هەندێ بەوادیری ئیجابی هەیە بتوانین بگەینە چارەسەرێك بۆ ئەو موشکیلەیە، دوێنێ کۆبوونەوە هەبوو لەسەر ناوچە جێناکۆکەکان و چ موعاناتێك هەیە، زۆر

گلەییتان کرد مەسەلەی جێ ناکۆك و ناوچە کوردستانییەکان بخەینە پێش مووچە و بوودجە، ئەگەر ئەوە تەواو بکەین ئەتوانین تەفەروق بکەین بۆ ئەو کێشانەش، بەو هیوایەی بگەینە ئەو چارەسەرە، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ئامانج.

**بەڕێز ئامانج رحیم/ ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو، سێ شت هەیە لەوە ئەچێ نەمتوانی بێ بە جوانی بیگەیەنن، یەکیان نەمووت قەچاغچیەتی نەماوە، ئەگەر موراجەعەی قسەکانم بکەم باسی ئەوە ئەکەم هەندی ئەو شتە مونەزەمانەی هەندی لایەن ئیش ئەکەن ئەوە ماوە، هێشتان متمانە بەتەواوی نەگەڕاوەتەوە، خالێکی تر، لەسەر داهاتی نەوت، راستی ئەکەمەوە داهاتی نەوت ئەوەی دێ بۆ وەزارەتی دارایی بۆ مووچەیە، باقیاتی (١٤٠) ملیۆنی ئەچێ بۆ قەرز ڕووناکاتە وەزارەتی دارایی، هەر لە فرۆشتنی ئەچێتە سەر ئەو رەقەم حیساباتانە، لەسەر شەریکاتی سکوریەتی بۆ زانیاری لیژنەیەکمان هەیە بە سەرۆکایەتی کاك رێبەر وەزیری ناوخۆ خەریکین بۆ موعالەجەی ئەوانە و چاوەڕێی نەتیجەین، چونکە ئەوەی لای ئێوە هەیە باوەڕتان بێ لە ئەنجومەنی وەزیرانیش رۆژانە باس ئەکرێ، حکومەتی هەرێم پێویستی بە پشتیوانی پەرلەمانە بۆ ئەوەی چاکسازی بکات، بێ دەعمی لایەنەکان بەگشتی بە موعارەزەشەوە، چاکسازی شانسی نابێ، زروفی مەوزوعی ئێستا یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی چاکسازی بکرێ، نییەت هەیە، ئیرادەیەکی دەستە جەمعی هەیە لە ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەی لێی دڵنیام و لە کۆبوونەوەکانی ئەکرێ لە ئەنجومەنی وەزیران مەوزوعێکی خیلافی نییە لەسەر چاکسازی، ئەتوانم بڵێم موتابیقی تەواو هەیە، ئیلتیزامیش هەیە بە بەرنامەی حکومەت بۆ چاکسازی، ئەوەی ماوە پشتیوانی ئێوەیە، ئەگەر نوقستانی هەبوو مەیکەن بە هەڵە، قسەی لەسەر بکەن، حاشا لە رووی ئێوە موزایەدەشمان بەسەر مەکەن، بە تایبەت لەو زروفە کە وەزعی نەفسی خەڵك خراپە، باری ئابووری و سیاسی خراپە، ئەبێ مەسئولییەتەکە تەزاموونی بێ، تەجروبەی دە ساڵ هەیە کە موعارەزە بوون تاقی کرایەوە، ئێستا بڕوا ناکەم هیچ کەسی ئەو قسە و باسانەی ئەکرێ لەو پەرلەمانە نەیبیستێ، بەیەکەوە ئیش بکەین باش ئەبێ، بە سەریعی دووبارەی ئەکەم، ئەگەر ئێمە لە سایەی ئەو بەرنامەیە نەبێ کرانەوە بەرامبەر بەغدا نەدەبوو، گەڕانەوەی داهات بۆ وەزارەتی مالییە نەدەبوو، ترانزیت و بازرگانیمان ئازاد کردووە لە سنوورەکان بەو رادەی ئێستا سەرکەوتووین، هەندێ ئیش هەیە کە عیلاقەی بە (٧٠ و ٨٠) و یەکەی ئیدار و هەیکەلی تەنزیمی هەیە کە مەسائیلی فەنی زۆر ووردن تا ئەو دەقەیە ئیرادەیەك لای (٧٠ و ٨٠)ش هەیە بۆ نزیك بوونەوە بۆ یەکگرتن، لەسەر خانەنشینی ماوە قەرارەکەی بۆ دەمج بکەین، هەموو ئەو ئیشانە نەفەس درێژی ئەوێ، چاکسازی بە بڕیاری کتووپڕ ناکرێ، هەڵەش ئەکەین، رەخنە بگرن، بەڵام مەیکەن بە هەڵا، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد صباح عثمان / سەرۆكی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمەوێ بە حوكمی ئەو ئیشەی لە ناویم لەسەر هەرسێ بابەتی ئەمڕۆ بۆی هاتووین قسە لەسەر بكەین، لەوەی بەغدا دەست پێ ئەكەم، تەبیعی لەسەر مەسەلەی گفتوگۆ لەگەل بەغدا، قسەیەك هەیە ئەیانەوێ رەسمێكی ئاوا دروست بكەن كە هەرێم نایەوێ رێكبكەوێ لەگەڵ بەغدا، عەكسەكەی تەواوە، هیچ بەهانەیەك بۆ عێراق نەماوە، بەڵام عێراق نایەتە پێش، یەك یەك باس ئەكەم چی كراوە، داوای هەرچی كراوە لە چوارچێوەی دەستوور كراوە وتوومانە فەرموو، بەڵام كە دێتە سەر ئیتیفاق پەشیمان ئەبنەوە، ئەبێ لەو چوارچێوەیە تێبگەین حكومەتی هەرێم هەموو مرونەتێكی دەربڕیوە، ئەو كابینەیە لە ٧/١٥ دەستبەكار بووە، لە ٧/١٦ سەرۆكی حكومەت و جێگرەكەی و وەفدێكی گەورە چوون بۆ بەغدا، وتمان كابینەیەكی تازەین و نەفەسی ئێمە ئەوەیە رێكبكەوین، لە ٢٥-٧-٢٠١٩ وەكو حكومەتی هەرێم پرۆپۆزەلی خۆمان تەقدیمی عێراق كرد، هەردوو جێگری سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق هاتنە ئێرە سامر غەزبان و دكتۆر فوئاد حسین، یەكیان تایبەت بە ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم كە چۆن چارەسەر بكرێ، ئەوەی تر تایبەت بە مەسەلەی مالی و نەوتی چۆن چارەسەر بكرێ، ئیستیعدادی هەرێممان دەربڕیووە ئەو بابەتە چارەسەر بكرێ، لە ٧/٢٥ ەوە دوو لیژنەمان دروست كردووە، نوێنەری خۆمان دەست نیشان كرد، لە ٢٠١٩/٧/٢٥ تا ئێستا نوێنەری حكومەتی عێراق دەستنیشان نەكراوە، لە ٩/١ جارێكی تر داوامان كرد ئیتیفاقمان كردووە، جوابی هەرێم بدەنەوە، لە ١٢/١ لە نەتیجەی ئەو جهودانەی سەرۆكی حكومەت و جێگری سەرۆكی حكومەت و جهودی ئومەم موتەحیدە عێراق هاتەوە سەر خەت، گەیشتنیە رێككەوتنێك، هیچ شتێكمان نییە بیشارینەوە، ئێوە نوێنەری گەلن، ئەوكاتە نەوت بە (٦٨) دۆلار بوو، قسەیەكی تر هەیە لەسەر هەرێم ئەلێن ئەوكاتی نەوت گران بوو تەسلیمی ناكات، ئێستا هەرزان بووە تەسلیمی ئەكات، وا نییە، لە ١٢/١ پرۆتۆكۆلێك كراوە ئێمە ئامادەین (٢٥٠) هەزار بەرمیل تەسلیم بە بەغدا بكەین، ئەو (٢٠٠) هەزار بەرمیلەی تر ئەمێنێتەوە بۆ موستەحەقاتی شەریكەكان بێ، بەڵام حكومەتی هەرێم بە چی بژیە؟ ئەی بوودجەی تەشغیلی و ئیستیسماری؟ لەبەرامبەر ئەوە ئیتیفاق كرا (٢٥٠) هەزار بەرمیل بدرێ ئەوانیش مانگانە (٩٠٠) ملیۆن دۆلار بدەن، چووە ناو مەشروعی قانوونی موازەنەی (٢٠) ەوە، بەڵام بەداخەوە عادل عبدالمهدی ئیستیقالەی دا و هاتینەوە سەر سفر، مەسەلەی كۆرۆناش هات، لە ٤/١٦ بێ سەبەبی قانوونی ئەو بەشە بوودجەی ئانادرا بۆ ٢٠١٩ و هەر سێ مانگی ٢٠٢٠ بڕیان، جارێكی تر لە ٤/١٦ جێگەی خۆیەتی دەست خۆشی لە كاك ئاوات و كاك قوباد بكەم هەردووكیان سەرپەرشتی وەفدی ئێمەیان كردووە و زۆر بە پرۆفیشنالانە سەرپەرشتی وەزعی ئێمەیان كردووە و كاتێكی زۆر و ئیلتیزامی زۆریان دەربڕیووە، لە ٤/١٦ كە بوودجەی ئێمەیان بڕی ئێمە لە ٢٠٢٠/٤/١٩ لە بەغدا بووین، لەگەڵیان دانیشتین، بۆ بوودجەی ئێمەتان بڕیووە؟ دوای قسەی زۆر ووتیان ئەوە سیاسیە، دەستوور لەگەڵتانە، موستەعدین بە قانوون، ئەوكاتەی سەرۆك وەزیران عادل عبدالمهدی ویستی لە ئاخیری خۆی ئەو پەیامەی هەیبوو بیچەسپێنێ، ئەو نیەتەی لە دڵیا بوو چەسپاندی بێ سەبەبێكی دستووری و قانوونی هەبێ، لەوكاتەوە تا ئێستا شەش جار چووینەتەوە بۆ گفتوگۆ، مەوزوعێك هەیە عیلاقەی بە پەرلەمانی كوردستانیشەوە هەیە، بە دیقەت قسەی لەسەر بكەین

ئەویش قانوونی ئیدارەی مالییە، گەورەترین زەربەیە لە مافە دەستوورییەکانی هەرێم، بەپێی ئەو قانوونە کە بەسەر نوێنەرانی ئێمە تێپەریوە لە بەغدا بە داخەوە بەسەر وەزیرەکانی کورد لە بەغدا بەپێی ئەو قانوونە رەقەم (٦) ی ٢٠١٩ هەرێمی کوردستان مافی دانانی بوودجەی نییە، وەکو موحافەزەیەك تەعامول لەگەل هەرێم کراوە، تکا ئەکەم ئێمە هەنگاومان ناوە بۆ تەعن دان لەو قانوونە، پێویستمان بە پشتگیری پەرلەمانی کوردستانە، لە ناو قانوونەکە ئەڵێ پەرلەمانی کوردستان حەقی دانانی موازەنەی نییە، ئەبێ پەرلەمانی کوردستان بوودجەکەی ئیعداد بکات لەگەل حکومەت بینێرن بۆ وەزارەتی مالییەی ئیتیحادی ئەویش لەگەل تەختیت موسادەقەی ئەکەن، ئەبێتە بەشێك لە بوودجەی ئیتیحادی، بەو شێوەیە ئێمە گەورەترین مافی دەستووری لە پەرلەمانی کوردستان سەندراوە، کۆمەڵی خروقاتی دەستووری تری تێدایە، یەکێ لەو بابەتانە بەپەلە ئیشی لەسەر بکەین قانوونی ئیدارەی مالییە، لە نەتیجە مەوزوعیك هاتە پێشەوە کە سەرۆك وەزیرانی تازەی عێراق دەست بەکار بوو، ئەو شەوەی حکومەت سوێندی خوارد لە بەغدا بووین، بۆ ئەوەی نییەتی خۆمان دەربڕین، قسەمان لەسەر ئەو بابەتانە کردووە، لەسەر نەوت ئینتاجی هەرێمی کوردستان ئێستا دکتۆر ئامانج بۆتان باس ئەکات ئەو کاتە تەسبیت کرا بە (٤٦٧) هەزار بەرمیل، (٣٠٠) هەزار بەرمیل بۆ ئیستیهلاکی محەلی، (٤٣٧) هەزار بەرمیل مایەوە، (١٩٣) هەزار بۆ کولفە و موستەحەقات بۆ پێنج کولفە، ئیستیخراج، ئەرباحی شەریکات، نەقل کردنی بۆ تورکیا، و فرۆشتنی، لەگەل وەزارەتی نەوتی عێراقی رێککەوتین کە مەزندە ئەکرێ بە (١٩٣) هەزار بەرمیل، واتە (٣٠) هەزار بۆ ئیستیهلاکی محەلی، (١٩٣) بۆ کولفە و موستەحەقاتی شەرکە، (٢٤٤) بەرمیل ئەمێنێتەوە، لەگەل عێراق بە سەراحەت قسەمان کردووە، وتوومانە نەوتان ئەوێ فەرموو، پارەی نەوت فەرموو، هەردوو خیارمان عەرز کردووە، کامیان هیچ مانع نییە، شتێکی تریش هەیە، عێراق تێگەیشتووە کە بوونیەی تەحتی سیناعی لە هەرێم هی قیتاعی خاسە، عێراق خۆی شەریکەی ئینتاجی هەیە، خۆی شەریکەی حەفر و تەسویقی هەیە، کەوایە موڵکداری قیتاعی نەوتی لە عێراق بۆ دەوڵەت ئەگەرێتەوە، بەڵام هی ئێمە ئەگەرێتەوە بۆ خاس، ئەو دوو ئیختیارە هەبوو، لە ئەخیر خۆیان وتیان ئیراداتی نەوتیمان ئەوێ، ئێستاش دووبارەی ئەکەینەوە چ نەوتەکە یان ئیراداتەکەی، بە بەڵگەوە ئەڵێین هیچ بەهانەیەکمان بۆ عێراق نەهێشتۆتەوە، ئەوە تەفاسیلە، ئێستاش دووبارەی ئەکەینەوە، لەلایەنی مالی هێشتان لە گفتوگۆین، بەپێی ماددەی (٢٧) لە قانوونی مالی ئەڵێ، ئێستا هیچ نەسێك نییە حکومەتی هەرێم ئیلزام بکات نەوت تەسلیم بکات، بەڵام موستەعدین، ئەوان ئەڵێن ئیراداتی نەوتی، وتوومانە مانع نییە، لەلایەنی مالی دووبارە لە گفتوگۆین، لەسەر مەسەلەی (٤٠٠) ملیارەکە پرسیاریش کرا، وەکو ئەوەی ئەو (٤٠٠) ملیارە هەموو پێداویستی هەرێمی بۆ دە ساڵ دابین بکات، عینوانی ئەو کابینەیە چاکسازی و شەفافییەتە، ئەگەر قسەکان وازحیش نەبوو پرسیاری تریش بکەن، ئەو (٤٠٠) ملیارە لە مانگی چوار هیچ پارەیەك لە عێراقەوە نەهات، لە مانگی پێنجیش نەهات، لە ٥/٣١ ئەو کاتە مووچەمان دابەش کردبوو، لە پێش جەژن (٤٠٠) ملیارەکەیان نارد، بە دۆلار ئەکاتە (٣٣٣) ملیۆن و (٣٣٣) هەزار، نزیکەی دە ملیاری راستەوخۆ عێراق قەتعی ئەکات، لەبەر ئەوەی ئەو بوودجەی کە دێ لە بەنکی مەرکەزی کاتی خۆی لە ٢٠١٤ حکومەتی هەرێم لەبەر ئەوەی بوودجەی نەما ئیحتیاتی بانکە ئەهلییەکان لە بانکی مەرکەزی هەرێم بووە، ئیحتیاتی ئەو بانکانە حکومەت بەکاری هێناوە، بێ

ئەوەی ئیزن لە خاوەن ماڵ وەرگرێ بۆ ئەوەی مووچە بدرێ، ئەوە قەرزێکە لەسەر هەرێم، لە ٢٠١٦ حکومەتی هەرێم ئیتیفاقی کردۆتەوە لەگەل ئەو بانکانە لە رێگەی بانکی مەرکەزییەوە کە مانگانە برێك پارە بدرێتەوە بەو بانکانەی ئیحتیاتی بەکار هاتووە، بۆیە ئەو پارەی عێراق ئەینارد (٣٨١) ملیۆن دۆلار راستەوخۆ بانکی مەرکەزی خۆی دە ملیۆنی لێ ئەبرِی ئەیدایەوە بەو بانکانە بۆ ئەوەی قەرزەکانیان بدەنەوە، کەوایە (٤٠٠) ملیارەکە (٣٣٣) مایۆن ئەکا، دە ملیۆن راستەوخۆ قەتع ئەکرێ بۆ دانەوەی قەرزی بانکە ئەهلییەکان، ئەمێنێ (٣٢٣) ملیۆن دۆلار، بۆ مووچەی مانگی چوار ئێمە (١٣٨) ملیۆن دۆلارمان قەرز کردبوو، ئەویشمان دایەوە (١٨٥) ملیۆن مایەوە، ئەویش بۆ مووچەی ئەو مانگەی دامان بەکارمان هێنایەوە، ئەوە (٤٠٠) ملیارەکە، بێینە سەر کاتی قەیران ئەگەر بێینە سەر واقیعی مالی مانگی چوار ئێمە سێ سەرچاوەی داهاتمان هەبوو، مەسەلەی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت هەرسێ سەرچاوە نزیك بوویەوە لە سفر، عێراق (٣٨١) ملیۆن دۆلاری ئەنارد کە ٥١% ی داهاتی ئێمە بوو برِی، (٢٤٤) ملیۆن دۆلاری داهاتی ناوخۆ بوو، بەهۆی کۆرۆنا و راگرتنی وەزعی تیجاری نزیك بوویەوە لە سفر، نەوت کە ئێمە بەس بۆ وەزارەتی مالییە (٣٠٠) ملیۆن دۆلارمان تەرخان ئەکرد، ئەویش لە مانگی چوار هاتەوە سفر، لە مانگی چوار تەنیا بۆ مووچە پێویستمان بە ( ٧٥٥) ملیۆن دۆلار بوو، تەنیا (٩٠) ملیۆن دۆلارمان بە دەست بوو، سەد ملیۆن دۆلار نزیکی، نزیکی ٩٠% عەز بوو، ئەی ئەو مووچەی درا لە پێش چەژن چۆن پەیا کرا؟ لە مانگی چوار هەر سێ سەرچاوەی داهات وشك بوو، چۆن مووچە درا؟ سەرۆکی حکومەت موستەحیلی کرد بۆ ئەوەی مووچەیەك پێش جەژن بدرێن یەکەم هەنگاو هەڵسا لەگەل شەریکاتی نەوت کەوتە موفاوەزات بۆ ئەوەی بەشێ لە موستەحەقاتی خۆیان تەئجیل بکەن، لە نەتیجەی ئەو مفاوەزاتە نزیکی (٣٧٥) ملیۆن دۆلارمان وەك داهات بۆ هاتەوە، دوو، جارێکی تر مفاوەزاتی کرد لەگەل شەریکەی نەوت بۆ ئەوەی قەرز بکات، (١٥٠) ملیۆن دۆلاری تریشمان قەرز کرد، لە رێگەی داهاتی ناوخۆ و تەحالوفەوە هەرچۆنێ بێ کۆی گشتی لەگەل ئەو (١٣٨) ملیۆن دۆلارەی لە موستەسمرینی ناوخۆ قەرزمان کرد بووە (٧٥٥) ملیۆن دۆلار، سەرۆکی حکومەت ئەو وەعدەی دابووی پێش جەژن هەرچۆنێ بێ توانی (٧٥٥) ملیۆن دۆلار پەیا کرا، مووچەی مانگی دوای ئەوە تەنیا (٥٠٠) ملیۆن دۆلارمان پێ تەئمین ئەکرا کە عەرزەکەی ئەیکرد ٣٤% بۆ مووچە، ئەویش (١٥٥) هی (٤٠٠) ملیارەکە بوو، بەشێکی داهاتی نەوت بوو، بەشێکی داهاتی ناوخۆ بوو، لە دوای کۆبوونەوەی یەکجار زۆر، لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران باس لەوە کرا ٣٤% ئیستیقتاع کرد زۆرە، بۆیە پێشنیاری ئەوە کرا (١٠٠) ملیۆن تر قەرز بکرێ و بکرێ بە (٦٠٠)، بۆ ئەوەی ببێ بە ٧٩%، سەرۆکی حکومەت تەکلیف کرا کە ئەبێ سەد ملیۆنی تر پەیا بکات، بێمە سەر مەسەلەی چاکسازی ئەوانەی کراون، ئەیانەوێ بڵێن بەس چاکسازی لە مووچەیە، وا نییە، بەبەڵگەی ئەو هەموو بریار و نەتیجە، با باسی چاکسازی لە داهات بکەم، لە نەوتەوە، داهاتی نەوتی و غیرە نەوتی هەیە، داهاتی نەوتی سێ هەنگاوی سەرەکیمان لە مەسەلەی چاکسازی لە نەوت هاویشتووە، بە بریارێکی ئەنجومەنی وەزیران برِیار دراوە موراجەعەی گرێبەستەکانی نەوتی بکرێتەوە لە رووی خەرجی و باج و ئیعفائاتی گومرگی لیژنەشی بۆ دروست کراوە، سوپاسی هەندێ هاورێش لەو پەرلەمانە ئەکەم هاوکاری ئێمە بوون لە رووی بیرۆکە کە چۆن بتوانین پێداچوونەوە بە خەرجی سێکتەری نەوت بکەین، واتە پێداچوونەوە لە رووی خەرجی و باج و

گـومرگ بکەیـن، بەراسـتی خەرجـی نەوت زۆرە، ئەبـێ پێـداچوونەوە بکـرێ، بەڕێـز سـەرۆکی حکـومەت و جێگـرەکەی جـدین، سوپاسـی ئەو بەڕێـزانەش ئەکەم هاوکـاری ئێمەیـان کـردووە لە رووی بیرۆکە و پرۆژە، دووەم هەر لەسەر نەوت، حیسابێکی فەرمی کراوەتەوە بە ناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێش ئەو کابینەیە نەبووە داهاتی نەوت ئەچێتە ناو ئەو حیسابەوە، لە رێگەی موستەحەقاتی شەریکەکان لە رێگەی سامانە سرووشـتییەکان ئەدرێ و ئەوەی تـریش ئەچێـتەوە وەزارەتی دارایی، ئیشیمان لەسەر ئەوە کردووە خودی سێکتەرەکانی ناو سامانە سرووشـتییەکان چاکسازی تێ بکرێ، لە سێکتەری نەقل کردن و فرۆشتنی خودی نەوت ئەمـانەوێ بـۆردی حکـومی سەرپەرشتی ئەو بابەتانە بکات، هەنگاوی گرنگن لە سێکتەری نەوت، تەفاسیلی بـاج و گـومرگ بـۆ دکتۆر ئامانجی جێ دێلم لە مەسەلەی شەریکاتی نەوتـی، مەسـەلەی گـومرگ، بـاش بـاش ئەزانـین خەلەل لە کوێیە، راپۆرتان هەبووە، ناردووتانە بۆ ئێمە، زۆر تەئسیری هەبووە و یارمەتیدەری ئێمە بووە کە چۆن بتوانین مەسەلەی گـومرگ رێکبخەیـنەوە، لە مـانگی دوو کۆبوونەوەیەکمـان کـرد و بڕیارمان دا لەسەر مەسەلەی گومرگەکان بە سێ هەنگاو مەسەلەی خـاڵە سـنوورییەکان کـۆنترۆڵ بکەین، یەکەم، قاچاغچیەتی و زەبتی حدود، لیژنەیەکمان دروست کرد بە سەرۆکایەتی کاك رێـبەر و وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەوەی ئەو دیاردەیە ئەبێ بنبڕ بکرێ، دوو فەریق دروست کراوە، فەریقێکـی عەسکەری، حکومەت بیری لەوە کردۆتەوە تیمێکی عەسکەری و ئیـداری دروسـت کـراوە، لە خـاڵە سنوورییەکان موشکیلەی ئەساسی ئەوەیە پێنج وەزارەت لە خـاڵە سسـنوورییەکان ئـیش ئەکەن، بەڵام هیچ بەستەرەوەك نییە بە یەکەوە، بۆیە فکرمان کـردۆتەوە هەیئەیەکـی مەنـافیزی حـدودی کە هەر پێـنج وەزارەتەکە پـێکەوە ببەسـتێەوە، ئەوە جۆرێـك لەو پەرشـوبڵاوییەی لە مەرزەکـان هەیە چارەسەر ئەکات، نیزامەکەی حازرە ماوەتەوە لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیـران پەسـند بکرێ، دوو، مەسەلەی ئیعفائاتی گومرگی بە قانوون کراوە، دوو قانوون هەیە لەگەڵ سـێ بڕیـار وا ئەکات بەشێکی زۆری داهاتی گومرگی ئیعفا بکرێ، ئەو قانوونـانە ئەبـێ تەعـدیل بکـرێ، قـانوونی ئیستیسمارە، زۆر پرۆژە هەیە ٩٥% تەواو ئەکا ٥% ئەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی بیست سـاڵ و سـی سـاڵ بەش ئیعفائاتی گومرگی پێ داخل بکات، فەرموو یارمەتیمان بدەن، مەشروعێکی قـانوونی حـازر کراوە ئەینێرینە پەرلەمان بۆ مەسەلەی ئیعفائاتی گـومرگی، دوو، قـانوونی ئیستیسـماری سـناعی، ئەو قـانوونە بەزووتـرین کـات ئیعفائـاتی زۆر ئەدرێ بە هەنـدی کەس کە موسـتەحەق نـیـیە، سـێ، قەرارێکـی ئەنجـومەنی وەزیـران عەقـدەکانی نەوت کە کـراوە ئەو کۆمپانیایـانە ئیعفـا کـراون لە زەریبە و گومرگ، لە ئەنجـومەنی وەزیـران بڕیـار دراوە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایـانە گفتوگـۆ بکەیـن، چونکە عەقد کراوە، قەراری (٦٠٧) ی ٢٠١٥ جـارێکی تـر ئەکیـدی لەوە کـردۆتەوە، بڕیارمـان داوە لە مانگی چوار ئەبێ مفاوەزات لەگەل ئەو کۆمپانیایانە بکرێتەوە و پێداچوونەوە بەو بڕگەیە بکـرێ، بەس خۆیان نا، هەموو ئەو کۆمپانیایانەی لەگەڵ ئەو کۆمپانیا نێودەولەتیانەشن ئیعفا کـراون، لە حکومەتی هەرێم بڕیارمان داوەو چۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، لیژنەی ئێمە کاك دکتۆر ئامـانج و وەزارەتی سامانە سروشتییەکان شەریکە بە شەریکە گفتوگـۆ کـراوە، بڕیـارێکی تـر عـیلاقەی بە ژمارە (١٣) و بڕیـاری (٣٨٠) ی لە عێـراقەوە هـاتووە کە عێـراق هەرچـی داخـل بکـات ئـێمە ئیعفـای ئەکەین، ئەو پێنج مەوزوعە دوو قانوون و سـێ بڕیـار ئەگەر ئەو پێـنج کـۆنترۆڵ بکەیـن بەشـێکی زۆری ئیعفـائـاتی گـومرگی ئەهێنیـنەوە خـوارەوە، سـێیەم بـابەت مەسـەلەی گرێبەسـتەکانە، بەو

شێوەیە، حکومەتی هەرێم لە (٩٢)ەوە کە حکومەت دروست بووە تا سالی ٢٠١٦ ع وابزانم ٢٠١٨ ەیە کۆی خەدەماتەکانی تەقدیم کردووە، دوای تەوەجوهێك هەبووە ئەو خەدەماتانەی لە گومرگەکان تەقدیم ئەکرێ بدرێ بە کەرتی تایبەت، گرێبەست کراوە بۆ ئەوەی کۆمپانیای کەرتی تایبەت ئەو خەدەماتە تەقدیم بکات، لە موقابیلی رەسمێك وەرگیرێ بەشێکی بۆ کۆمپانیا و بەشێکی بۆ حکومەتی هەرێم، ئەو گرێبەستانە تا ئێستا (٢١) گرێبەست زیاترە، لە مانگی سێ لیژنەیەك دروست کراوە بۆیان، لەگەل سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و وەزیری مالییە و وەزیری تەختیت و کاك دکتۆر ئامانج لەسەر مەبدەئەکان قسەمان کرد، دوای کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانیش نەتائیج ئەنێرین، لە ناو کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران هیچ کەس دژی ئەوە نییە بلێ ئەبێ ئەو گرێبەستانە وەکو خۆی بێ، ئیرادە هەیە ئەو گرێبەستانە بە شێوازێك لە مەسلەحەتی گشتی چارەسەر بکرێ، گومرگ سێ شتە، لیژنەیەك بۆ زەبتی حدود، بۆ ترانزێت زەوابتمان بۆیان داناوە، زۆر شت بە ناوی ترانزێت هاتە کوردستان، ئەمرێکمان درکرد لە ئەنجومەنی وەزیران چۆتە وەزارەتی مالییە و گومرگەکان کە ترانزێت ئەبێ بڕواتە دەرەوە، ئەجینا غەرامە ئەکرێ، مەسەلەی زەریبە، لیژنەیەکی زۆر باش دروست کراوە و ئیشی کردووە، باج لە کۆمپانیاکانی نەوت و شەریکات وتم با لە داهاتەوە دەست پێ بکەم هەر نەلێن خەرجی و چاکسازی، باج لە شەریکاتی ئیتیسالات، لە شەریکاتی ئینتەرنێت، پرۆپۆزەلێکی زۆر باش بوو، سوپاسی دکتۆر ئامانج و تیمەکەی ئەکەین، زۆر بڕیاری باشیان دا، بڕیارەکانیش لە ئەنجومەنی وەزیران پەسند کرا و دکتۆر ئامانج باسی ئەکات، گومرك و زەریبەم باس کرد، دێمە سەر رسوومات، لە راپۆرتی خۆتانیش باسی رسومات کراوە، کە هاتین بۆ ئەم کابینە ویستمان بزانین چەند رسومات وەرئەگرین، رسومات لە بەرامبەر خزمەتگوزاری وەرئەگیرێ، حکومەتی هەرێم (٤٠٧) خزمەتگوزاری پێشکەش ئەکات، لەبەرامبەر ئەوە رسومات وەرئەگرێ، رسومات نارێکی تێدایە، بۆیە لیژنەیەکی بە سەرپەرشتی بەڕێز جێگری سەرۆکی حکومەت کە زۆر بە جدی ئیشی لەسەر ئەو بابەتە کردووە، کاك قوباد زۆر شارەزایی پەیا کردووە لە فەرمانگەی بەدواداچوون لەوێ بووە و دواتر بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت، بە دیقەت ئیشی کرد و سوودی بۆ ئێمەش هەبوو، لە هەندێ شوێن ئەو رسوماتەی وەرئەگرین ناگونجی لەگەڵ خزمەتگوزارییەکە، لە هەندێ شوێن خزمەتگوزاری زۆرە و نرخ کەمە و هەندێ بە عەکسەوە، ئەبێ رێك بخرێ، زۆربەی ئەو رسوماتانە دراوەتە کەرتی تایبەت، کاك قوباد ئێستا ئیش لەسەر ئەو بابەتە ئەکات، مەسەلەی کۆکردنەوەی رسوماتی ئاو دراوەتە کەرتی تایبەت، موراجەعەی ئەو بابەتە ئەکەینەوە، ئیشەکانی لە کۆتایدایە، راپۆرتەکەی پەسند ئەکرێ و نوسخەیەکیش بۆتان ئەنێرین، ئەگەر بێین کۆی بکەینەوە وتمان نەوت و زەریبە و گومرگ و رسومات، دێینە سەر مەسەلەی چاکسازی لە خەرجی، مەسەلەی مووچە پێنج دەرماڵە و خانەنشینیە، (٧٥٥) ملیۆن دۆلار مانگانە بۆ مووچەیە، ئەو (٧٥٥) ملیۆن دۆلارە دابەش ئەکرێ بەسەر (١٢٥٥٠٠٠) کەس دابەش ئەکرێ، بۆیە یاسای چاکسازی دێت ئەو (٧٥٥) ملیۆن دۆلارە بە عادیلانە دابەشی ئەکاتە سەر ئەو (١٢٥٥٠٠٠) کەسە، یاسای چاکسازی مامەڵە لەگەل پێنج شتی گرنگ ئەکات، حەز ئەکەم باسی هەنگاوەکان بکەین چی کراوە، یەکەم، مەسەلەی سلکی سەربازی، مانگانە زیاتر سەد ملیۆن بۆ سلکی سەربازییە، رێکخستنەوەی یەکەکانی (٧٠و٨٠) یەکێکە لەو هەنگاوە زۆر گرنگانەی حکومەتی هەرێم، لە کۆبوونەوەی ئەخیری بۆردی باڵای پێشمەرگە بریار

درا ئەبێ هەیکەلیەت و میلاکاتی وەزارەتی پێشمەرگە و(٧٠ و ٨٠) یەك هەیكەل بێ، لە رووی میلاکیشەوە ئەبێ تەنزیم بکرێتەوە، لە ناو وەزارەتی پێشمەرگە بڕیار لەسەر ئەوە دراوە زۆرلا سێکتەر هەیە ئەبێ بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتەکانی تر، بۆ نموونە خانەنشینی پێشمەرگە، لە وەزارەتی پێشمەرگەیە، لە ناو یەکەکانی (٧٠ و٨٠)یە، ئەبێ بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی مالییە، شەهیدان تا ئێستا لە وەزارەتی پێشمەرگە پارە وەرئەگرن، ئەبێ بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتی شەهیدان، پەکەوتە ئەبێ بگوازرێتەوە بۆ کاروباری کۆمەڵایەتی، رێکخستنەوەی سێکتەری سەربازییە، دوو، مەسەلەی حیمایە، پەیرەوێك ئامادە کراوە و بڕیار وایە دوای جەژن پەیڕەوی رێکخستنەوەی پاسەوانیش رێك بخرێتەوە، مەسەلەی خانەنشینی سەندووقەکەی ئیقرار کراوە، نیزامی داخیلیشی ئیقرار کراوە، تەئسیسی سەندووقیش ئیقرار کراوە، هەیکەلییەتی مودیرعامی تەقاعودیش پەسند کراوە، بۆ ئەوەی ببرێتە ئەو شوێنەی کە هەموو تەقاعودی هەرێم لەوێ کۆببێتەوە، رێکخستنەوەی پلە بەندی موەزەفین وەزارەتی مالییە دەستی پێ کردووە، چاکسازی لە بوودجەی تەشغیلی ئیشمان لەسەر کردووە، نزیکەی (٢٠٠) ملیۆن دۆلار لە پێش ئەو قەیرانە بۆ بوودجەی تەشغیلی وەزارەتەکان بووە، بەڵام سیستەمێکی ئەلیکترۆنی نەبووە، بۆ ئەوەی بوودجەی تەشغیلی رێکبخاتەوە، جاران داواکاری وەزارەتەکان ئەهاتە دیوان، بەڵام ئێستا راستەوخۆ وەزارەتەکانمان بە وەزارەتی مالییە رەبت کردووە بە سیستەمی ئەلیکترۆنی کە وا ئەکات بوودجەی تەشغیلی باشتر و رێکتر و سەریع تر سەرف بکرێ، ئەم سیستەمە رێگە بە هەدەر دان و گەندەلی نادات، بوودجەی ئیستیسماریش ئیشی لەسەر کراوە، پردێکی باڵا دروست کراوە بۆ مەسەلەی بوودجەی ئیستسماری ئومێد ئەکەم لەگەل باش بوونەوەی دۆخی دارایی هێواش هێواش دەست بە پرۆژەکان بکەین، بابەتی چاکسازی لە هیکەلیەت و میلاکات، عەشوائییەتێك هەیە لە دامەزاندن، نموونەیەکتان ئەدەمێ، (٣٣) هەزار خزمەتگوازار هەیە، بەڵام (١١) هەزار موهەندیس هەیە، ئەگەر رێکیان بخەیتەوە زۆر زەحمەت ئەبێ، شتێکی ترمان کرد بۆ ئەوەی دیراسەتی ئەوە بکەین چۆن ئەو عەدەدە زۆرە مامەڵەی لەگەل بکەین، ئەزانن زۆربەی فەرمانبەران تەمەنیان لە نێوانی (٣٠ بۆ ٤٠) ساڵە، ئەوەی گرفتە، بۆیە بریارێکی ترمان دا دووبارە هەیکەلییەت و میلاکاتی حکومەتی هەرێم رێکبخەینەوە کە مەسەلەی لیژنەی (٣٣)یە، تەقریبەن کۆی گشتی چاکسازییەکانە، دوو پرسیاری مووحەدەد ئەگەر جوابی دەمەوە، مەسەلەی تەرقیاتی عەسکەری کە قسەی لەسەر کرا، حەز ئەکەم ئەگەر بکرێ بە تەفسیل قسە بکەم لەسەر...............

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان**

بەڕێزان زۆربەتان پرسیارتان کردووە لەسەر تەرقیات، فەرموو.

**بەڕێز ئومێد صباح عثمان /سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

...... ئێمە هاتین بۆ کابینەی نۆ لیستی ٢٠١٦ پەسند کرابوو، هەموو ساڵێك دوو لیستی تەرقیات هەیە، تا ٢٠١٦ پەسند کرابوو، ئێمە هاتین بۆ کابینە لە ٢٠١٩ هی (٧١ و ١٨ و ١٩) پەسند نەکرابوو، (٢٠) یشی هاتە سەر، هەستاین لە دیوان لیژنەیەکمان دروست کرد بۆ دیراسە و حەسم کردنی ئەم بابەتە، ئەو بابەتە عیلاقەی بە دوو شت هەیە، یەك، تا ئێستا لە وەزارەتی پێشمەرگە تەقاعودی ئیجباری ناکرێ، گرفتە، تۆ تەقاعودی نەکەی چۆن ئەتوانی تەرقییە بکەی، ئەو کەسەی تەقاعودی

نەکەین لە پاییەکەی خۆی هەر ئەمێنێتەوە، تەرقیـیە رەبتـی بە پـاییەوە هەیە، بـۆیە تەرقیـیەی و تەقـاعود رەبتـی بە یەکەوە هەیە، لەگەڵ وەزارەتـی پێشـمەرگە قسـەمان کـرد وتمـان تەقـاعودی ئیجباری دەسـت پـێ بـکەنەوە، زرووفـی داعـش وای کـردووە تەقـاعودی ئیجبـاری نەمێنـێ، بەڵام ئێستا بریـاری حکومەتی هەرێـم ئەبـێ تەقـاعود دەسـت پـێ بکەیـنەوە، نـاکرێ تەرقیـیە بکـرێ و پایەکەی لای کەسێکی تر بێ، موشکیلەی وەزارەتی پێشـمەرگە لیستـی تەرقییـاتی نـاردووە، بەڵام لیستی خانەنشینی نەناردووە، پێمان وتوون لیسـتی تەقـاعودیش بـۆ ئەوەی بتـوانین تەرقیـیەش بکەین، نوقتەی دووەم، ئەو لیستەی نێردراوە خۆشم هیچ شتێ تەوقیع نـاکەم نایاسـایی بـێ، ئەو لیستەی نێردراوە بە قسە کردن لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگەش وتم حالەتی نایاسایی تێدایە، بـۆیە لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە رەفـز کـرایەوە، وتمـان ئەو لیسـتە پـاك بـکەنەوە و لیسـتی تەقاعودیش بنێرن بۆ ئەوەی یەکلایی بکەینەوە، سێیەم، هەر پـلەیەك لە رائیـد بـۆ سـەرەوە بـێ لە سلکی عەسکەری پێویستی بە پاییە هەیە، ئەو تەرقیاتانەی بۆ ئێمە نێردراوە تەرقیـە کـراوە، بەڵام پاییەی نییە، چۆن بتوانم تەرقییە بکەم بێ پاییە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو لیستە قانوونی نیـیە، لە رائید بۆ سەرەوە ئەبێ پاییەی هەبێ نییەتـی، دووەم، لە یەکەکـانی (٧٠ و ٨٠)، ئەلـێن دیـوان نایکـا، قسەکە روو بەرووی من ئەکرێ، ئەبێ پایەی هەبێ، باسی ئەوە کراوە جەنەراڵی ئێمە لە وڵاتان زۆر زیـاترە، ئەبـێ تەقـاعودی ئیجبـاری دەسـت پـێ بکەیـنەوە و پـایە هەبـێ ئینجـا تەرقیـیە ئەکـرێ، مەسەلەی زانکۆکانی حەدبـا و قەڵەم ئیشـکالیەتیان هەبـووە لەگەڵ وەزارەتـی خوێنـدنی بـاڵا، ئەو زانکۆیـانە لە نـاوچە کوردسـتانییەکانی دەرەوەی ئیـدارەی هەرێمـن، ئەو زانکۆیـانە وەزارەتـی خوێندنی باڵا بە دوو مەعیار تەعامولی کردووە لەگەڵیان، ئیعترافی بە هەندێ وەجبەیان کـردووە، ئیعتیرافی بە وەجبەکانی تر نەکردووە، ئـێمە ئەمـانەوێ ئەوەتـان پـێ بلێـین بە سـەراحەت، ئەوان ئەلێن ئیعتیراف بەوەندە وەجبە ئەکەین و بەوەندە نـاکەین، ئەبـێ یەك مەعیـار هەبـێ، یـان ئەبـێ ئیعتیراف بە هەمووی بکەی، بۆیە کیتابێکی ترمـان بۆیـان کـردووە و وەکـو ئەنجـومەنی وەزیـران هیچ مانیعات نییە ئەگەر لە رووی عیلمیەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەو زانکۆیانە پەسند بکـات و ئیعتیرافیان پێ بکات ئـێمە لە ئەنجـومەنی وەزیـران هـیچ مانیعاتمـان نیـیە بـۆ ئەوەی مامەڵەیـان یەکسان بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دەرفەت ئەدەین، سێ تەعقیبمان هەیە، یەکەم لەسەر قانوونی ئیدارەی مالی، پێمان وایە قانوونی ئیداری ژمارە (٦) ی ٢٠١٩ تەجاوز کراوەتە سەر سەلاحییەتەکانی پەرلەمانی کوردسـتان و لەسەر ئەو ئەساسە لائیحەی خۆمان حازر کردبوو، بۆ ئەوەی سکاڵا بکەین، بەڵام ئەزانن بە گوێرەی قانوونی مەحکەمەی ئیتیحادی ئەوەی قانوونێك نەچێتە مەجـالی جێ بەجـێ کـردنەوە نـاتوانێ تەعنـی لـێ بـدرێن لە کـاتی خـۆی مەحـکەمەکە هـیچ موشـکیلەی نەبـوو پـێش ١-١-٢٠٢٠ بـوو، مەحکەمەکە کێشەی نیسابی بۆ دروسـت بـوو، بـۆیە داواکـارییەکە وەسـتاوە، پشـتیوان و هاوکـار ئەبین بە یەکەوە بۆ تەعندان لە قانوونی ئیدارەی مـالی، ئەگەر دکتـۆر ئامـانج هاوکـارم بـێ لەوەی کاتێ سەرۆکی لیـژنەی دارایـی بـووین لە پەرلەمـانی کوردسـتان گروپێکمـان هەبـوو وابـزانم کـاك هێڤیداریشی تێدا بوو لە بیرمە وەکو ئێستا ئەندامانی کورد لە لیـژنەی مـالی عێراقـی نووسـیویان هەموو داواکارییەکانی حکومەت نـاردوویەتی بـۆ ئـێمە جـێ بەجـێ کراوە،ـ بەڵام کە موقـارەنەی

قانوونەکە ئەکەی لەگەڵ ئەو قانوونەی حکومەت حازری کردبوو ناردبووی بۆ نوێنەری کورد لە پەرلەمانی عێراق جیاوازی زۆرە، دووەم شت بەڕێزتان ئیعلانی ئەوەتان کرد ژمارەیەکی زۆر قەرارتان دەرکردووە بەشی هەرە زۆری لەلای ئێمە هەیە، ژمارەیەکی زۆریش لەلاتان هەیە لەبەر ئەوە ئەبێ حکومەتی هەرێم بە دیاری کراوی لەو بەشەی لێرە ئاماژەی پێدا کراوەبێ بە رووی لیژنەکانی پەرلەمان، بۆیە هەم هاوکارتان بن لە جێ بەجێ کردنی ئەو قەراراتانەی داوتانە و هەم چاودێریتان بکەن، چونکە رەنگە لە چەند مانگێکی تر پەرلەمان حەقی خۆی بێ لە ئاستی کارایی و ئینجازی ئەو لیژنانە و جێ بەجێ کردنی ئەو قەراراتانە بپرسێتەوە، ئێستا دەرفەن ئەدەین بە دکتۆر ئامانج، فەرموو.

**بەڕێز د.ئامانج رحیم/ ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە ناوی خوای گەورە:**

ئیوارە باش، پێم خۆشە دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان بکەم بۆ ئەو راپۆرتەی پێشکەشیان کردن ماندوو بوونی پێوە دیارە، وەکو حکومەت پێویستە متمانە بڕە وپێ بدەین لەگەل پەرلەمانی کوردستان، ئەو متمانە لە خۆرایی دروست نابێ، ئەو متمانەیە بەو جۆرە کۆبوونەوە و هەماهەنگی نێوان ئێمە و ئێوە دروست ئەبێ، خۆشحالم لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەی پێم دراوە زۆر بە پوختی لەسەر چەند خاڵێك قسە بکەم، قسەکانی منی کاك دکتۆر صباح کردی وابزنم هیچی بۆم نەیەشتەوە، هەول ئەدەم دووبارە نەکەمەوە و زیاتر قسە لەسەر چارەسەر بکەم وەکو لەوەی بێم شەرحی قانوونی چاکسازی بکەم، ئەو بابەتانەی باستان کرد پێم وایە چارەسەری بنەرەتی دابین کردنی شەفافییەت بوونی یاسای بوودجەی گشتی هەرێمە، بەداخەوە لە ٢٠١٣ ەوە تا ئێستا یاسای بوودجە نەبووە، ئەگەر یاسای بوودحە بێتە پەرلەمان ئەزانن داهاتی کوردستان چەندە، ئەگەر سەیری قانوونی عێراقی بکەن نووسراوە داهاتی عێراق چەندە، نەوت بە چەند ئەفرۆشرێ، تەقدیراتیان بۆ نەوت چەندەن دواتر بە جەدوەلێك پێت ئەلێ باج و گومرگ و رسوومات چەندە، لە حکومەت دێتە پەرلەمان و لیژنەی دارایی و قانوونی پەرلەمانیش دیراسەی ئەکەن و دواتر دەنگی لەسەر ئەدرێ، پێت ئەلێ خەرجیت چەندە، ئینجا بەینی داهات و خەرجی عادەتەن عیجز هەیە، ئەو کورت هێنانە لە قانوونی موازەنە پێت ئەلێ چۆن تەختیەی ئەکەی، بەشێکی تەختیە کردنی بە قەرز ئەکرێ، کەوایە ئەبێ قەرزی هەرێم بە نسووسی قانوونی و وازیح مورفەقی قانوونی موازەنە بن، دوای ئەوە شتێکی تر وابەستەیە بە مووچە خۆران ئەویش میلاکە، سەیری قانوونی موازەنەی عێراقی بکەن جەدوەلێکی لەگەڵە پێی ئەلێن (جدول قوه عامله)، واتە میلاکات، پێت ئەلێ لە پلەی یازدە تا ئەگاتە یەك پلە تایبەتەکانی حکومەتی عێراقی چەندە، چونکە مووچەخۆر ئەبێ عینوانی وەزیفی و تەخسیسی مالی و دەرەجەی وەزیفی هەبێ، ئەوەی باسم کرد لەو قانوونی بوودجەی گشتی کۆئەبێتەوە لە هەرێمی کوردستان، یەکێ لە قانوونی چاکسازی باسی ئەوە ئەکات کار ئەکەین لە پناوی ئەوەی قانوونی بوودجەی گشتی هەبێ، بۆیە ئەبێ لە ئێستاوە پەرلەمان و حکومەت کار بکەن بۆ سالی ٢٠٢١ بەرچاو روونی بدەینە پەرلەمانی کوردستان، ئەوکات حکومەت بێ بوودجە و قانوونی بوودجە پارە سەرف ئەکات، ئەشزانن سەرف کردن ئەبێ لە چوارچێوەی یاسا بێ، دووەم، مەسەلەی باج کە

من سەرپەرشتیار و سەرۆکی ئەو کۆمیتەیە بووم کە بەڕێزتان ئاماژەتان بە فەرمانێك دا ژمارە (٧٠٦) لە ٢٢-٣-٢٠٢٠ وابزانم کاك سەروان و دکتۆر رێبوار بوو، ئەو بریارە پێکهێنانی لیژنەکەیە، سێ مانگ ئیشمان کرد، لە ١-٧-٢٠٢٠ پرۆپۆزەلی خۆمان لەسەر باج بردە ئەنجومەنی وەزیران و موسادەقە کرا، لە کوێ دەستمان پێ کرد؟ کەسێك ئەگەر دارتاش یا بەقال بێ ساڵانە ئەبێ باج بدات، بەڵام ئەوانەی گەورە باجدەرەکانن باج نادەن، پێشی هەموویان کۆمپانیاکانی نەوت، ماددەیك هەیە لە دەستووری عێراقی ماددەی (٢٨) بڕگەی یەکەم ئەڵێ سەپاندنی باج و عەفو کردنی و تەعدیل کردنی بەس بە یاسا ئەکرێ، لە چوارچێوەی یاسایی بۆ باجی کۆمپانیاکانی نەوت قانوونێکمان هەیە قانوونی نەوت و گاز ژمارە (٢٢) ی ٢٠٠٧ لەو پەرلەمانە ئیقرار کرا، ماددەی (٤٠) ی ئەو یاسایە ئەڵێ بەڵێندەر و کەسی رێپێدراو و هەرکەسێ پەیوەندی بە پرۆسەی نەوت هەبێ پێویستە باجی داسەپاو لەلایەن هەرێمەوە بخەنە ئەستۆی خۆیان، نەسێکە قابیلی ئیجتیهاد نییە، پێشنیاری ئێمە ئەبێ شەریکاتی نەوت باج بدەن و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران پەسند کراوە، بەڵام عقودەکانی کراون کە پێیان ئەوترێ عقودی موشارەکە لە ئینتاج لەگەڵ شەریکاتی عالەمی کراوە، ناتوانی بێی قەراراتی سوڵتانی بدەی و فەرزی بکەی لەسەریان، لەناو ئەو عقودانە چاپتەرێك هەیە بە ناوی ئیعادەی تەفاوز لەسەر شروتی مالی، ئەوان هاتوونەتە پێشەوە و ئێمەش خەریکین دلنیاتان ئەکەم سیاسەتی ئێمە ئەوەیە یاسای نەوت و گاز جێ بەجێ بکرێ، دووەم، جگە لە شەریکاتی نێودەولەتی جۆرێك لە شەریکات هەیە پێی ئەڵێن شەریکاتی لۆکەڵ، شەریکاتی وەکو شیفرۆن و دیئێن ئۆ کە دێ عقودی موشارەکەتی ئینتاج ئەکات نایەت مەسائیلی درێلین بکات، کادیرەکانی پێویستیان بە ئیقامە هەیە و ئەو شەریکەیە نایکات، کێ ئەیکات؟ ئەریکەی لۆکەڵ، هەیانە شەریکاتی موحامات و فیزا و موحاسەبەی عالەمی و سیکوریتی، حکومەتی هەرێم هیچ عەقدی لەگەڵیان نییە، لە ناو قانوونی نەوت و گازیش باس نەکراوە، خازیعن بۆ قانوونی ئێمە، بێ مەرج وتمان ئەو شەریکاتانە کە ژمارەیان (٨٢٢) شەریکەی خەدەمات لەو هەرێمە، مەلەف بە مەلەف کاری لەسەر کراوە، خاڵێکی گرنگ کە کێشە بووە نەتوانین باج وەرگرین، بەداخەوە ئەو ئالییەتەی دائیرەی باج بەکاری هێناوە لە گۆترە بووە، ئێستا دوو پەیڕەو دەرچووە، پەیڕەوێك لەمەودوا لە باج ئیعتیماد ئەکرێتە سەر دەفاتیری تیجاری، بەداخەوە زۆرجار حیساباتی خیتامی ئەو هەموو مەشروعە یان بە خەسارەت دەرچووە یان دەخلەکەی ئەوەندە کەم بووە زەریبەکەی کەم بووە، ئەو دوو پەیڕەومان بردە ئەنجومەنی وەزیران و موسادەقە کرا، لەمەودوا لەسەر ئەساسی دەفتەری حەقیقی باجدەر باج ئەدا، دووەم، موحاسیبی قانوونی کە تەنزیمی حیساباتن باسی شەریکاتی گەورە ئەکەم، چونکە پیشەکان هەموویان زەریبە ئەدەن، ئەگەر سەیری شەریکاتی گەورە بکەی چەند باجدەرێکمان هەڵبژاردووە، بانکەکان، شەریکاتی چیمەنتۆ، مەحەتاتی کەرەبا، نەوت، ئینتەرناشینالەکان و لۆکەڵەکان، مەعمەلی ئاسن و تیلۆکۆنۆمینیکەشین، ئەوانەی ئینتەرنێت و مۆبایل، بۆ مەسەلەی مۆبایل ئەزانن لە دەستوور رەبتی بە سی ئێم سی هەیە کە لە بەغدا هی ئیتیسلات و ئیعلامەن، بەڵام ئەوانەی عەقدیان لەگەل هەرێمە هیچ رەبتی بە حکومەتی مەرکەزی نییە، بۆیە لەو کۆبوونەوە کە بڕیاری ژمارە (٦٤) ئیمزا کراوە نوسخەش ئەنێرم، پێم وایە دەستوورێکی باشی داناوە بۆ چاکسازی بنەرەتی لە مەسەلەی باج، خاڵێکی تر دوای جەژن انشاللە تەعدیلی قانوونی ئیستیسمار دێتە

بەردەستان، فرسەتە لە ناو قانوونی ئیستیسمار ئەو هەڵانەی لە دوای ٢٠٠٦ ەوە کە قانوونی (٤) دەرچووە ئێوە رێکی بخەنەوە، مەسەلەی باج بە تایبەتی، لەوانەیە خەلەلی تێدا نەبێ، بەڵام لە تەتبیقات خەلەلی هەیە، ئیستیسماری سەکەنی نییە زەوی بەلاش وەرگرێ، لە کرپار پارە وەرگرێ، حکومەت لە سەندوقی نیشتەجێ بوون پارەی بداتی و دە ساڵ عەفوی بکات لە زەریبە و بێی هەرچی مەواد ئەهێنێ بێ گومرگ بێ، ئیستیسمار کوا، ئەبێ پارەی خۆت تەوزیف بکەی، ئیستیسماری عوملەی سەعب لە دەرەوە بینی ئیستیسماری بکەی، بە رەئی من تەعدیل کردنەوەی قانوونی ئیستیسمار لە دوای جەژن دێتە بەردەستان گرنگە، بابەتی تر ئیستیسماری مەعدەنیە، تەواو بووە، هەولمان داوە ئەو خەلەلانەی کە لە ناو قانوونی نەوت هەبووە لە ناو قانوونی ئیستیسماری مەعدەنی دووبارە نەبێتەوە، یەکێکە لەو رێگایانەی کە لە بەردەمی حکومەتی هەرێمە تا بتوانی داهاتێکی تازە بێنێ کە پێی ئەلێن فرەچەشن کردنی داهات، شارەزان لە جیۆلۆجی ئەزانن ئەوان ئەو وڵاتە چەند دەوڵەمەندە بە مەسائیلی کانزایی، ئەگەر زوو بە خۆی کەوین و شەریکاتی ئەجنەبیش ئامادەن ئیستیسمار بکەن، بەڵام ئەو کەموکورتییانەی لە کەرتی نەوت بووە نابێ لە ئیستیسماری مەعدەنی دووبارەی بکەین، شتێکی تر عیلاقەی بە یاسای وەبەرهێنان هەیە بەداخەوە ئەو یاسایە زۆرجار خراپ بەکارهێنراوە، زۆر مەشروع هەیە دە ساڵ تەواو بووە تا ئێستا ئیستیفادە لەو ئیجازە وەرئەگرێ، خەڵك هەیە ئیجازەی وەرگرتووە بۆ مەشروعی ئیستیسماری لایەزال مەواد داخل ئەکات لە سنوور بە ناوی مشروعەی تەواو بووە، ئەوانە هەموویان خازیع ئەبن بۆ زەریبە، لە ناو وەزارەتی مالیە دائیرەیەك دروست بووە خاس بەو سێکتەرانە کە دائیرەی گەورە باجدەران، ئەوەی باسم کرد پیشەیەکی بچووکی هەیە ساڵانە زەریبەی لێ وەرئەگیرێ، بەڵام خەڵك ئەڵێ بۆ باج لەو هەموو مەشروعە وەرناگیرێ، ئەو بڕیارە (٤) لاپەرەیە، بەڵام کاتم نییە هەمووی بخوێنمەوە جیامان کردۆتەوە، بەشێکی بۆ نەوت و گاز، بەشێکی بۆ مۆبایل و ئینتەرنێت و بەشێکی بۆ پرۆژەکانە، دیسانەوە ئەوە شتی سەریعن ئەگەر شتی نوێ بکەین ئەبێ تەعدیلی قانوونی زەریبە بکەین، وەزارەتی مالیبە قانوونی سالی ١٩٨٢ ی گۆڕیووە و دێتە پەرلەمان، پێم وایە ئەوانە دەوری ئەساسی هەبێ ئیتر بەربگرین لە خۆ دزینەوەی باج، مەسەلەی نەوت ئەزانن خەرجی زۆرە، راپۆرتی سالی ٢٠١٩ ی شەریکەی دیلۆیت ئەگەر سەیری بکەی بە ئاشکرا ئەلێ خەرجیتان زۆرە خەڵکی کوردستان راپۆرتی دیلۆیت بوو، وتی ئێوە هەشت ملیار و نیو داهاتان بووە چوار و نیوی چۆتە وەزارەتی مالییە، چوار ملیار چۆتە خەرجی، تەوسیەی ئێمەی کرد چۆن وا بکەین ئەو خەرجیانە موراجەعە بکەین، ئێستا ئامازە درا لە ئەنجومەنی وەزیران تیمێکی فەنی ئەجنەبی لە مەکتەبی سەرۆك وەزیران و تیمێکی دیلۆیت و وەزارەتی مالییە دەست کراوە بە مفاوەزات، ئەو پرۆسانە هەمووی قیتاعی خاص ئەیکات، عەکسی بەغدا، بەدواداگەڕان و دۆزینەوەی نەوت و بەرهەمهێنانی و عەمبار کردنی و گواستنەوەی و پالاوتن و هەناردە کردنی هیچی لە دەستی حکومەتی هەرێم نییە، هەمووی خەرجییە، بەچی ئەتوانی نەجاتت بێ؟ ئەبێ ئەو چوار شەریکەیە دروست بکەین لە قانوونی نەوت و گاز هاتووە، چۆن شەریکەی سۆمۆ هەیە لە عێراق ئەبێ لە کوردستانیش شەریکەیەکی کۆمۆ دروست بێ، ئێستا قیتاعی خاس ئەیکات، ئەو شەریکاتەی لە بەغدا بوونییەی تەحتی نەوتی عێراق ئەگەڕێتەوە بۆ سالانی بیستی سەدەی پێشوو، لە هەرێمی کوردستان لە دوای ٢٠٠٧

ەوە کە قانوونی نەوت و گاز موسادەقە کراوە لەو وڵاتە بوونییەی تەحتی نەوت و گاز دروست بووە، ئەو خاڵانەی باسم کرد پێویستە ئیعادەی مفاوەزە بکەینەو لەگەل ئەو شەریکاتانە، بۆ ئەوەی بتوانین خەرجی نەوت کەم بکەینەوە تا داهاتی نەوت زیاد بکات، بەڵام تۆ چەند داهات زیاد بکەی ئەگەر بەو سیستەمە سەقەتەی کەرتی وەزیفەی گشتی و چاکسازی نەکەی هەرچی داهاتی دونیا هەیە بەو گەندەلی و کەموکوڕییە ناتوانی ئیدارەی خەلك بکەی، بۆیە دەست کراوە بە سەندوقی نەوت، لە عێراق وەزارەتی نەوت ئەوەندە علاقەی بە نەوتە تا نەوتەکە ئەخاتە سەر باخیرە، دوای ئەوە دەبێتە پارەی ئەبێتە ئیشی وەزارەتی دارایی، لە قانوونی موازەنە پارەکە هەمووی داهاتە، مەفروزە لە قانوونی بودجەی هەرێم داهات بێتە ئەوێ دوایی خەرجی جارێکی تر لە قانوونی موازەنە ئیعادەی تەخسیس بکرێتەوە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، ئەوانە پلانی بۆ دانراوە، ئەکید ئەکەمەوە هێنانی قانوونی بودجەی گشتی ساڵی ٢٠٢١ بۆ پەرلەمان وەڵامی زۆر لەو پرسیارانەی ئێوە ئەداتەوە، بەتایبەت لە داهات و خەرجی و میلاك و کورتهێنان و قەرز، ئاخیر شت باسی بکەم مەسەلەی قەرزە، بەپێی دەستووری عێراق ئەگەر سەیری ماددەی (١١٠) بکەن بڕگەی یەکەم سیاسەتی قەرز وەرگرتن و ئیمزا کردن لەسەر قەرز، ئیبرام کردن لەسەر قەرز دەستەڵاتێکی فەرمی حکومەتی فیدرالییە، نەسێکی وازیحە، لەوانەی تر ئەلێ سیاسە، حکومەتی فیدرالی نزیکی (٦٤) ملیار دۆلار بەس قەرزی ئەجنەبی قەرزارە، بەڵام ئەگەر سەیری جەدوەلی قروز بکەن بۆ قانوونی موازەنەی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ تیایەتی سەیر بکەن فائیدەی قەرزی عێراق لە نیوانی ٠.٢% تا ٢%، بۆ؟ چونکە بانکی نێودەولەتی دەعمێکە ئەتوانێ زەمانی سیادی بدات، هەرێم ئەوەی نییە، بۆیە ئەبێ لەگەڵ بەغدا رێك بکەوین، قانوونێك دەرچووە قانوونی ئیقتیرازی ئەجنەبی و داخیلی بۆ سەدی عیجزی موازەنەی ٢٠٢٠، عێراق پێنج ملیار دۆلار قەرز کرد و (١٥) ترلیۆنیش داخیلی، ئەگەر لەگەڵ بەغدا رێك بکەوین ئیستیحقاقی خۆمان ئەبێ بە (١٢) یە (١٦) یە یا (١٧) لەو قەرزەن، چونکە لە ماددەی (١٠٦) ی دەستوور نەسەکە ئەڵێ ئەبێ هەموو قەرزێك بدرێ بە هەرێمیش، بۆیە رێککەوتن لەگەل بەغدا بەس بۆ مووچە نییە، بەڵکو ئەتوانی سوود لەو تەسهیلاتانەش بکەی لەبەردەمی عێراقە ئەوانێ لە مەسەلەی قەرز هاوکاریت بکات، خالێکی تر ئیحتیاتی بەنکی مەرکەزییە، حکومەتی عێراقی دوای ٢٠١٣ هەموو مانگی مووچەی سی رۆژ جارێك داوە ئیحتیاتی مەرکەزی بەکارهێناوە، ئەشزانن یەك بانکی مەرکەزی هەیە لە عێراق لە بەغدایە، رێککەوتن لەگەل بەغدا ئەتوانی سوود لە ئیحتیاتی بەنکی مەرکەزیش وەرگری، بەنکی رافیدەین و رەشید ئێستاش (٢٠ تا ٢٥) ملیۆن دینار بە فائیدەییەکی زۆر کەم ئەدەن بە قەرز، ئەو رێککەوتنە بکەین لەگەڵ بەغدا ئەو تەسهیلاتانەی بانکی مەرکەزیش ئەبێ، دووەم، ئیشکالییەتێك هەیە لە مەسەلەی قەرز، کاتێ بەڕێز سەرۆك وەزیران لەو هۆڵە لە ٧/١٠ باس کرد هەرێم (٢٧) ملیار دۆلار قەرزارە، رۆژێکیش پێش جەژن بەڕێزیان دیسانەوە ئەو رەقەمەی لە راپۆرتی خۆی خستەڕوو، ئەمەوێ روونی بکەمەوە (٢٧) ملیار دۆلار قەرز نییە، قەرز ئەوەیە بەپێی یاسایەك وەرگیرێ لەو پەرلەمانە دەرچووە، پێی ئەلێن یاسای راکێشانی مایە لە رێگەی قەرز کردن ژمارە (٧) ی سالی ٢٠١٥، ئەوانەی ئیقتیسادین ئەزانن قەرز ئەبێ بە ئیتیفاق بێ، ئەبێ لە بانك و فائیدەی دیار بێ و سالانی گەڕانەوەشی دیار بێ، ئەو (٢٧) ملیارە هەمووی ناچێتە ئەو چوارچێوەیە، خەڵك وا تێگەیشتووە (٢٧) ملیار دۆلار لە گۆلماساکسۆ بانکی تر بە تەیارە وەرگیراوە و بە سەد دۆلار بووە و بەکار

هاتووە، ئەوە بەشێکی زۆری پابەندی داراییە، مەسەلەن نزیکەی (٩) بۆ (١٠) ملیار دۆلاری بریتییە لە پاشەکەوت، بەڕێزێك باسی چەکی تەعاهودی کرد، نزیکەی سێ بۆ چوار ملیار چەکی تەعاهودە، خەڵك وەری گرتووە و وتوویەتی پارەم ناوێ تا بارودۆخی دارایی باش ئەبێ، ئێمە بەرپرس نین لە قەرز هیچ رۆڵێکم نەبووە لە وەرگرتنی یەك دیناری ئەو قەرزە، بەڵام هەستاین دائیرەیەکمان دروست کرد ئەو قەرزانەمان کۆکردەوە، لە یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەن دوای پشووەکانی جەژنی رەمەزان بڕیار درا ئەو جەدوەلە بدرێ بە دیوانی چاودێری دارایی بە نووسراوی ژمارە (٣٣٦٨) لە ٢٠٢٠/٦/٤، بە فەرمانی دیوانی سەرۆکایەتی دیوانی چاودێری دارایی دەستەیەکیان دروست کرد (١٣٧) لە ٦/٨ بە سەرۆکایەتی جەبار عبدالفتاح کە بەڕێوەبەری گشتییە، لە ٧/٥ سەرۆکی ئەنجومەن ئاماژەی پێدا راپۆرتێکی سەرەتاییان پێشکەشی پەرلەمان کردووە، بەڵام ئێستا چەند دۆکۆمێنتێکی تازەیان داوا کردووە، بۆ ئەوەی نامەوێ پێش دیوانی چاودێری دارایی بکەوم و رەقەمتان بدەمێ، لە داهاتووی نزیك دیوانی چاودێری دارایی راپۆرتی خۆی لەسەر ئەو قەرزانە پێشکەش بە پەرلەمان ئەکات، وەکو باسیشتان کرد ئەبێ ئەو قەرز و پابەندە داراییانە لە ناو قانوونی بوودجەی ساڵی ٢٠٢١ جێ بکرێتەوە و ئیلتیزاماتە مالییەکانیش کە بەشی زۆری عیلاقەی بە شەریکەی ماس گلۆبەڵە، لە ٢٠٠٧ عەقدێك کراوە و وتوویانە کارەبا چەند ئینتاجی کرد ماڵە لەسەرت بەکاری بێنێ یا نا، ئەو عەقدە ئەبێ موراجەعە بکرێتەوە، مادام عەقدە لە نێوانی حکومەت و مقاوەل بۆتە ماڵ لەسەرمان، چەند ملیارێکی عیلاقەی بەو بابەتە هەیە، لەگەڵ عێراق لە زمنی مفاوەزات ئەوەی کاك ئاوات و دکتۆر ئومێد باسیان کرد لە ١٢/١ قبوڵییان کرد ئەو قەرزانەی ئێمە بچێتە ناو دەینی ئەوان، لەبەر ئەوەی لە ٢٠٠٥ەوە تا ٢٠٢٠ خیدمەی دیونی عێراق لە نەفەقاتی سیادی دایان ئەنان، واتە وەك هەرێم بە بەردەوامی بە حیسەیەك دیونی عێراقمان داوەتەوە، بەڵام ئێمە ئیستیفادەمان لە دەینەکان نەکردووە، یەکەمجار قبوڵییان کرد، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی و دەستلەکار کێشانەوەی بەڕێز عادل عبدالمهدی، ئومێد هەیە لە مانگی نۆ کە دەست پێ ئەکەن بە ئامادە کردنی قانوونی بوودجەی ٢٠٢١ دیسان ئیتیفاقی ٢٠١٩/١٢/١ بێنین بۆ ساڵی ٢٠٢١ کە پێم وایە ئیتیفاقێکی متەوازین بوو، هەرێم نەوتی تەسلیم ئەکرد موقابیل ئیستیحقاقی خۆی وەرئەگرت، ساڵانی پێشووە بەغدا پارەی نەئارد موقابیلی ئەوە بوو نەوتت تەسلیم نەکردووە، ئێستا سیاسەتی ئەو کابینە چ نەوت تەسلیم بکا کێشەی نییە، ئەوەی باس ئەکرێ ئیجرائیکی موئەقەتە تا کۆتایی ٢٠٢٠، بەڵام بۆ ٢٠٢١ ئەبێ ئیتیفاقی کۆنکرێتی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان پێ ئەچێ وەلامی بەشێك لە پرسیارەکان نەدرابێتەوە، ئەوە پرساندن نیە تا لەسەر جوابی ئەوان، ئەگەینە حەلێك ئەگەر هاوار نەکەن، ئەگەر پرساندن بوایە لە پەیرەو رەسم کراوە، بەڵام ماددەیەکمان هەیە (٦٣) لە پەیڕەوی ناوخۆ ئەڵێ ئەو ئەندامەی پرسیاری ئاراستە کردووە ئەتوانێ تەعقیب بکا، ئەگەر یارمەتی یەکتری بدەین لەوانەیە نیوە زیاتر ئەوە بێ ئایا پیش جەژن حکومەت ئەتوانێ مووچە بدات؟ فەرموو وەزیری دارایی.

**بەڕێز ئاوات شێخ جەناب/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر لە بەغدا بێ بەڵێ.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە ئەو وەڵامەی پێیە.

**بەڕێز د. ئومێد صباح عثمان / سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەوزوع ئەوە نییە کاك شێخ ئاوات پارەی لابێ و نەیدات، مووچە (٦٠٠) ملیۆن دۆلاری پێویستە، ئەو (٦٠٠) ملیۆن دۆلارە ٥١% ی لە عێراق ئەهات، ئەو (٧٥٥) ملیۆن دۆلارە موقارەنەی بکەی بە داهاتی هەرێم یەك ناگرێتەوە، کە ئەڵێین هەرکات سەرچاوەی داهات لەبەر دەست بوو مووچە دابەش ئەکەین، باسی هەموو شتمان کرد، وەزارەتی مالییە لەنەتیجەی ئەو ئیسلاح و هەوڵە ناوخۆییانە ٥١% مووچەی بڕدراوە، چۆن دابینی بکەین، ئەگەر هەموو ئەوانەی تریش لەبەر دەست بێ و کۆرۆنا و سعری نەوتیش نەبێ ٥١% عیجز هەیە، چۆن پڕی بکەینەوە، هەماهەنگی پێویستە بۆ ئەوەی دابینی بکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامی، تکایە ناوی ماددەش بلێن، کاك پێشەوا، فەرموو کاك ئاوات.

**بەڕێز ئاوات شیخ جەناب/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بیدایەتەوە قسەمان کرد کە بە شەفافی قسە بکەین و واقیعی بین، مووچەی کوردستانم باس کرد، دڵنیان عێراق نایینرێ، ئەشزانن داهاتی ناوخۆ بەهۆی کۆرۆناوە دابەزیووە، ئەشزانن سعری نەوت دابەزیووە، لەگەڵ ئەوەش ئەتەوێ پێت بڵێم سبەینێ (٨٩٥) ملیار دینار حازر ئەبێ مووچە ئەدرێ، نە ئەمەوێ درۆ لەگەڵ خۆم و نە لەگەل میللەتیش بکەم، ئەمەوێ بزانن سێ لایەنی سەرەکی ئەو حکومەتە مەسئولییەتی تەئمین کردنی مووچە، بۆ ئەوە قەیرانەش شانەیەك دروست بووە بە ناوی شانەی قەیران، جەنابی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و بەندەشی تێدایە، قەرز ئەکەن و ئیش ئەکەن تا مووچە تەئمین بێ، حکومەت دانەنیشتووە پێی بڵێن ئەو ئیشە بکە بمبورن بۆ ئەو قسەیە، موستەمیرە، واجبی خۆیتی جێ بەجێ بکات، بەڵام ئەگەر ئێوە بەتەما بن ئەو ئەنجومەنی وەزیرانە، مولاحەزە بکەن، کێشەی موراجیعی عقودی نەوت لە مەجلیسی وزرا ئەکرێ، مفاوەزاتی بەغدا لە ئەنجومەنی وەزیران ئەکرێ، قەرزی مووچە، داهاتی ناوخۆ کۆناکرێتەوە، نەوت بە وەجبات کۆ ئەفرۆشرێ، ئێستا دابەزیووە بۆ (٤١٠) هەزار بەرمیل یەکسەر بە یەك رۆژ نافرۆشرێ و بە یەك رۆژیش پارەکەی نایە، ئەوەی منیش پێتان نەڵێم لە رێگەی وەزیرەکانتان ئەیزانن، ئەگەر هەبێ بڕواناکەم کاك قوباد و کاك مەسرور خۆیان بدزنەوە لێی، دڵنیام ئەو رەفیقانەش هەموویان ئەزانن چی هەیە، ئەو دەقەی من و ئێوە قسە ئەکەین سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی لە سەفەریشە لەسەر خەت لەگەڵ حکومەتی عێراق لە رێگەی قەنەواتی شەخسی و دەولییەوە، تەسەور نەکەن ئەوەی ئێوە ئەگاتان لێیە خەڵکی تر

ئاگای لێ نییە بمبورن ئەو قسە ئەکەم، بەقەدەر ئەوەی ئێوە مەسئولن ئێمەش فەرزە لەسەرمان بیکەین.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا طاهر مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەل ڕێزی زۆرم بۆ وەزیرەکان و کاك ئاوات بەو جۆرە هەندێ وەڵامەکان ئەداتەوە وەك ئەوەی یاسی شتێك بکەین بۆ خۆمان، مەسئولییەتمان لەسەر شانە وەکو ئەندامی پەرلەمان، نوێنەری خەڵکین، خەڵکی کوردستان ئێمەی ناردووە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو بابەتانە پرسیار بکەین، هەر حزبێك بێ نەهاتووین داواکان ڕووبەڕووی حیزب بکەینەوە، ڕووبەڕووی حکومەت ئەکەین کە حکومەتی ئەو نیشتیمانەیە، باوکی من ئەگەر منداڵێکی بچووکی هەبێ حەقی لەوە نییە چۆن شیری بۆ پەیا ئەکەی، شیری ئەوێ، حکومەت باوکە و خەڵکیش ڕۆڵەکەییەتی، لە هەموو شتێك تێ ئەگەین و بێ ئاگا نین وەك ئەوەی کاك ئاوات چەند جارێك دووبارەی ئەکاتەوە، کەس ئیشی بەخۆ دەرخستن نییە، فشارێك لەسەر هەر هەموومانە، من و هاوڕێیان بۆمان دەرنەکەوت چی ڕوو ئەدات، ئەمەوێ بزانم ئەو داهاتەی لەبەر دەستە بۆ نادرێتە ئەو توێژانەی زۆر پێویستن، مەعقول نییە تۆ لە ماوەی (٣٥) ڕۆژ (١٠٠) ملیۆنت لەبەر دەست نەبێ، بدرێتە ئەو کەسانەی زۆر زەروورن، خانووشی نییە (١٥٠) هەزار مووچەیەتی، ئەوانەی پلە باڵا و مووچە بەرزن پێیان مەدەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەلی.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددەی (٦٣) وەڵامی خۆم وەرنەگرتەوە، ئەزانم وەزیری سامانە سروشتییەکان نییە، بەڵام ئەو بەڕێزانە بە سیفەتی قەراردەری حکومەت بۆ ئەو پرسە حزووریان هەیە، پرسیاری سەرەکی ئەوە بوو لە مانگێك لە ڕابردوو لە بەرمیلێك نەوت پێنج دۆلار ماوەتەوە، بۆ خەرجییە یا بۆ قەرزە یا بۆ خەدەماتە؟ کێ قەراری ئەو خەرجیە ئەدات؟ وەزارەتی دارایی یا وەزیری سامانە سروشتییەکان یا یاریدەدەری حکومەت، دوو، هیچ قانوونێك لە دونیا و کوردستان ڕێگا بەوە نادات بڕیاری فرۆشتنی نەوت و داشکاندنی نەوت پارەکە بچێتە هەژمارێکی هاووڵاتی پاکستانییەوە، خاڵێکی تر ڕێگری لە قاچاغی زۆر ئاسانە، یەك قەراری حکومەتی ئەوێ، ئەوەی قاچاغی بکات و ئاسانکاری بۆ بکات هێزە ئەمنییەکانی حکومەت هەر بازگەیەك بێ وەسلی گومرگ قاچاغی داخل کرد بە موسئولی بازگە و ئەفسەر و ئاسایش فەصل، بۆ نەکراوە؟

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەگەر جارێکی تر دەست پێ بکەینەوە ئەبوو.

**بەڕێز علی حمه صالح:**

ئاخیر پرسیار، مووچە نییە، خەڵك برسین بێ زەحمەت ئەو کۆمپانیایانەی هی حیزب و بەرپرسن ساڵانێکە سەدان ملیۆنیان خڕ کردۆتەوە بۆ دەست ناخەنە باخەڵیان لەو جەژنە بیدەن بە خەڵك.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك کاروان.
**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بە داوای لێبوردنەوە چاوەڕێم ئەکرد وەڵامی پرسیارم بدرێتەوە، بەڵام دیارە بەڕێزیان خۆیان ئامادە کردبوو بۆ ئەو شتانەی خۆیان لە خەیاڵیان بوو، جەنابی کاك ئاوات چەند جارێك ئاماژەی بەوە کرد ئێمە بێ ئاگاین، ئێمە بێ ئاگا نین لە راستی، ئەنجومەنی وەزیرانە بێ ئاگایە لە حاڵی خەڵك و پەرۆشی خەڵك و دۆخی خراپی دارایی و بێ مووچەیی، نوێنەری گەلین و پرسیارمان ئاراستە کردووە، ئەوان بێ ئاگان.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك مەم.
**بەڕێز مەم بورهان محمد قانع:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پاڵپشت بە ماددەی (٦٣) و بڕگەی دوو ئەو پرسیارانەی من کردوومە بەشێکی زۆری دکتۆر ئامانج وەڵامی داوەتەوە، ئەو لێشاوی پرسیارە، ئەزانین پرسیار و جواب نییە، ئەگەر کات هەیە دیسان ئەیخوێنمەوە بۆ ئەوەی وەڵاممان دەست کەوێتەوە، نوێنەرانی حکومەت وەڵامیان نەداوەتەوە، پێویستە حەلێکی بۆ بدۆزرێتەوە.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
فەرموو کاك سەروان.
**بەڕێز سەروان محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەپێی ماددەی (٦٣) کە پرسیارم کرد وەلامی سێ پرسیارم وەرگرت پێنج پرسیار بوو، بەڵام دوو پرسیاری ترم دیسان ئەکەم بە کورتیش، یەکەم دەربارەی زیندانیانی سیاسی کوردستان، دوو پێشمەرگە بریندارەکانی شەری داعش، داوام لە بەڕێز دکتۆرە، دەربارەی رووتبە بەرزکردنەوەی پێشمەرگە ئەڵێ من نایکەم، ووشەی من نایکەم جوان نییە بۆ پیرۆزی پێشمەرگە، حکومەت نایکات جودایە لەوەی من نایکەم.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
دیسان دەست بە عەینی پرۆسە بکەینەوە؟ فەرموو.
**بەڕێز د.ئومێد صباح عثمان / سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
کاك سەروان ئێمە لە خزمەتین، خزمەتکاری پێشمەرگەشین، کە وتم من یەعنی حکومەت، داوا لێبوردن ئەکەم ئەگەر بە غەلەت تێگەشتبێتی، بەڵام قەصدم لە حکومەت بوو، دووەم، ئێمە با ئایەتی نیقاش چاك بکەینەوە، پێشنیار ئەکەم لە دەرەنجامی راپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووینەتە ئێرە، لە چوارچێوەی ئەو راپۆرتە هاتووینە ئێرە و پرسیارەکانیش وەڵام دراوەتەوە، لە دەرەوەی ئەو راپۆرتەش پرسیاری تر کراوە، ڕێگا هەیە بەپێی پەیرەوی ناوخۆ پرسیار بنێرن بۆ حکومەت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان باسـی پەیـڕەو ئەکەن کەچـی قسـە ئەکەن لە شـوێنی خۆتـان، بـێ ئەوەی سـەرۆکی پەرلەمان ئیزنتان بدات، شکاندنی پەیڕەوە، قسەتان تەواو کرد، ئەتانەوێ دیسان ئەو (٦٧) کەسـە قسە بکاتەوە، زۆر زەحمەتە، بەگوێرەی ماددەی (٦٣) لەبەردەستانە ئەو کۆبـوونەوەیە بەگـوێرەی ماددەی (٦٣) نییە، حکومەت ئەتوانێ جوابی ئەوەندە بداتەوە، ئەوەی تری ئەتوانێ داوا بکـات و بە نووسـراو وەڵام بـدرێتەوە، بـۆ ئەوەی بتـوانین جـارێکی تـر هـاوهەنگی بکەیـن و بتـوانین حکومەت بانگ بکەین، ئێستا تێگەیشتین پرسیاری ئەساسی ئەوە بوو حکومەت ئەتـوانێ پـێش جەژن مووچە بدات، وەزیری دارایی ئەڵێ ناتوانم، بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران دامەزرانـدنی یەکەمەکان داواکارییەکی تر بوو، زیـاتر لە سـی کەس بـوو، حکـومەتی هەرێـم ئەوانێ لە ئێسـتا دایانبمەزرێنێ؟ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم بەڕێـزانەی نـاردووە بـۆ ئەوەی وەڵامـی ئێـوە بدەنەوە، وەڵامی هەر پرسیارێك نەدراوەتەوە رەنگە لە دەسـەڵاتیان نەبـێ، رەنـگە وەڵامیـان پـێ نەبێ، کۆتایی بە کۆبوونەوەکە ئەهێنین.

| | | |
|---|---|---|
| **د. ڕێواز فائق حسین** | **هێمن هەورامی** | **منی نبی قهوچی** |
| **سەرۆکی پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سکرتێری پەرلەمانی** |
| **کوردستان - عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** |